# تیۆرەکانی ڕاگەیاندن

# تیـۆرەکانی راگەیاندن

نووسینی

**ملڤین ل.دیفلیر**

**ساندرا بۆل- رۆکیتچ**

وەرگێڕانی

**د.سەنگەر حاجی**

MUKIRYANI
ESTABLISHMENT FOR RESEARCH & PUBLICATION

هەولێر ٢٠١٢

**خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە**

- **تیــۆرەکانی راگەیاندن**
- **نووسینی:** ملڤین ل. دیفلیر| ساندرا بۆل-رۆکیتچ
- **وەرگێڕانی:** د. سەنگەر حاجی
- **چاککردنی هێلکارییەکان:** عومەر شەهاب
- **بەرگ:** جێگر عەبدولجەبار
- **نرخ:** ١٠٠٠٠ دینار
- **چاپی یەکەم ٢٠١٢**
- **تیراژ: ١٠٠٠** دانە
- **چاپخانە:** خانی (دهۆك)
- **لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردنی (٦٦٨)ی ساڵی (٢٠١١) پێدراوە.**

**زنجیرەی کتێب (٦٩٤)**

**ماڵپەڕ:** www.mukiryani.com

**ئیمەیل:** info@mukiryani.com

# ناوەرۆك


پێشەکی.............................................................. ٦

**پاژی یەکەم: شوێنی سەرهەڵدانی هۆکارەکانی راگەیاندن .................. ٧**

بەشی ١: چەند قۆناغێك لە پێشکەوتنی گەیاندنی مرۆییدا ...................... ٧

بەشی ٢: پەیدابوونی رۆژنامەی جەماوەری ........................................ ٧٥

بەشی ٣: پێشکەوتنی سینەما ........................................................ ٩٧

بەشی٤: گەشەسەندنی ئێزگە ......................................................... ١٢٩

بەشی ٥: هۆکارەکانی راگەیاندنی جەماوەریی وەك دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی .... ١٨٣

**پاژی دووەم: شوێنەواری هۆکارە راگەیاندنە جەماوەرییەکان .................. ٢٠٩**

بەشی ٦: کۆمەڵگەی جەماوەری و تیۆری هاوێژەری جادوویی ..................... ٢٠٩

بەشی ٧: تیۆری کاریگەری ئیختیاری ................................................ ٢٤٠

بەشی ٨: پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و تیۆرەکانی کاریگەری ناڕاستەوخۆ ........... ٢٨٧

بەشی ٩: هۆکارەکانی راگەیاندن و بنیاتی واتا .................................... ٣٢٩

بەشی١٠: ستراتیژییەکانی تیۆری قەناعەت پێکردن ................................ ٣٩٤

**پاژی سێیەم: هۆکارەکانی راگەیاندن لەکۆمەڵگای هاوچەرخدا .................. ٤٢٨**

بەشی ١١: تیۆری پاشکۆیی سیستەمی هۆکارەکانی راگەیاندن ...................... ٤٢٨

بەشی ١٢: سیستەمی ئەو هۆکارە راگەیاندنانەی دەرکەوتوون ...................... ٤٧١

# پێشەکی

من هەمیشە نووسینم لە وەرگێڕان پێ خۆشتربووە و لەگەڵ یەکەمیاندا زیاتر هاتوومەتەوە، چونکە ئەو کێشانەی لە نووسیندا بەرەورووی نووسەر دەبنەوە زۆر کەمتر و جوداترن لەو کێشانەی دێنە ڕێی وەرگێڕ. دیارترین کێشە دۆزینەوە و هەڵبژاردنی گونجاوترین وشەیە لەبەرانبەر ئەو وشەیەی، کە دەمانەوێ وەریبگێڕینە سەر زمانەکەمان و لە دوو توێی ڕستەیەکدا جێگایەکی دروست و شیاوی بۆ ببینینەوە.

ئەو کتێبەی لەبەر دەستە، بەرهەمی چوارساڵ کارکردنی منە، ئەگەرچی لەگەڵیدا نووسین و وەرگێڕانی دیکەم ئەنجامداوە، بەڵام هەمیشە ئەو کاتەی بۆ وەرگێڕانی ئەم کتێبە تەرخانمکردووە پشکی شێری ئەو کاتە بووە، کە هەم بووە و تێشیدا هەوڵمداوە جێی گونجاوترین وشە لەناو گونجاوترین ڕستەدا بکەمەوە تا سەرەنجام واتادارترین کۆپلە بخەمە بەر چاوی خوێنەران، بەڵام توانیومە ئەمە بکەم؟!

ڕەنگە لەهەندێك باردا وەڵامی ئەمە بەڵێ بێ و لەهەندێکی دیکەدا نەخێر و لەهەندێك باریشدا تا ئێستا خۆشم نازانم ئایا ئەو وشەیەی بەکارمهێناوە لەجێی خۆی بووە یان نا. یەکێك لەو وشانەی گرفتم بۆ دروست بوو لەکاتی وەرگێڕانیدا دووەمین وشەی ناونیشانی ئەم کتێبەیە، مەبەستم وشەی (وسائل) ە کە دەکرێ (هۆکار)، (هۆ) یان (ئامراز)ی بۆ بەکاربهێنرێ و یانیش دەسبەرداری هەموو ئەوانە ببم و ناونیشانی کتێبەکە بکەمە (تیۆری گەیاندنی جەماوەری)، کە ئەمە وەرگێڕانی ڕاستەوخۆی ناونیشانە ئینگلیزییەکەی ئەم کتێبەیە. من ناونیشانە ئینگلیزییەکەم لەبەر ئەوە پەسند نەکرد، چونکە (تیۆری گەیاندنی جەماوەری) لەکوردیدا واتایەکی ئەوتۆ ناگەیێنێ.

لەخوێندنەوەی تەواوی کتێبەکە ئەوە دەردەکەوێ، کە گونجاوترین ناونیشان بۆ ئەم کتێبە (تیۆرەکانی ڕاگەیاندن) ە، چونکە ژمارەیەکی زۆری تیۆرەکانی ڕاگەیاندنی تێدا خراوەتە ڕوو، بۆیە منیش ئەو ناوەم پەسندکرد.

**سەنگەر حاجی**

## پێشەکی:

ئەمە چاپی پێنجەمینی کتێبی ((تیۆرەکانی ڕاگەیاندن))ە، زۆر دەستکاری کراوە. هەرچەندە ئەو بەشانەی پەیوەندییان بەپێشکەوتنی مێژووی هۆکارەکانی ڕاگەیاندنەوە هەیە، وەکو چاپە یەکەمییەکانی کتێبەکەن و گۆڕانیان تێ نەکراوە، بەڵام بەشەکانی دیکە تا ڕادەیەکی زۆر دەستکاری کراون، یان بەشی نوێن و بۆ ئەو چاپە زیادکراون.

هەروەها زۆر چەمکی تیۆری نوێ خراونەتە سەر ئەم کتێبە بۆ شیکردنەوەی کاریگەری هۆکارەکانی ڕاگەیاندن لەسەر تاك و کۆمەڵگە و ڕۆشنبیری. بۆ نموونە، بەشی یەکەم تیۆرێك لە خۆدەگرێ لە بارەی کرداری گواستنەوە لە گەیاندنی مرۆییدا. ئامانجیش لێی کەمکردنەوەی کەلێنە لەنێوان لێکۆڵینەوەی گەیاندنی مرۆیی وەکو کردارێکی گشتی و لێکۆڵینەوەی تایبەتی لە هۆکارەکانی ڕاگەیاندن. ئەو تیۆرە بە شێوەیەکی فراوان تەرکیز دەخاتە سەر ئەوەی بەسەر خەڵك و کۆمەڵگەدا دێ کاتێك بەتەواوی ڕووبەڕووی هۆکارێکی نوێ دەبنەوە لە بواری گەیاندندا. چەکی نوێی دیکەش هەن، کە بەشەکانی دیکە لە خۆیان دەگرن.

لە بەشەکانی ((دووەم و سێیەم و چوارەم)) دا ئەو زانیارییە ژمارەییانە نوێکراونەتەوە، کە پەیوەندییان بە لەخۆگرتن و بڵاوبوونەوە و بەکارهێنانی هۆکارە ڕاگەیاندنە تەقلیدییە جیاوازەکانەوە هەیە. هەروەك زانیاری نوێ بۆ وەسفکردنی ڕەگ و پێشکەوتنی هۆکارە ڕاگەیاندنە نوێکان، وەکو ((تەلەفزیۆنی کێبڵ)) و ئامێری ڤیدیۆ، ئەو دووە لە سەردەمی ئێستادا پێکهێنەری گرنگی سیستەمی ڕاگەیاندنن.

هەرچی بەشی پێنجەمە هێشتا وەکو سیستەمێکی کۆمەڵایەتی لە هۆکارە ڕاگەیاندنە جەماوەرییەکان دا ورد دەبێتەوە. پێکهاتە و ئەرکی خۆی بە چەمکی ئەو تیۆرە دەبەستێتەوە کە لە بەشی یەکەمدا پێشکەشمانکرد، ئەوە دەسەلمێنێ، کە ڕاگەیاندنی جەماوەری و هۆکارە زۆرەکانی ئێستا لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا کاردەکەن سیستەمێك لە دامەزراوە پێکدێنن، کە بە قووڵی لەگەڵ هەموو کۆمەڵگەی ئەمریکایی یەکیگرتووە. بەتایبەتی، شیکارەکە دەریدەخات، کە چۆن وەستانی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن لە بەرهەمهێنانی ڕۆشنبیری جەماوەری شیمانە بۆ کراو نییە، هەروەك لە وردبوونەوە لە بارەی ناواخنی ئاستی تا ڕادەیەك نزمیش ناوەستێ لە داهاتوویەکی نزیك .

پێداچوونەوەی بەشی شەشەم تەواو بوو، وەك ئەوەی لە چاپە بەراییەکانی دیکەدا هەیە. ئەو پاشخانێکی گرنگمان پێشکەش دەکا بۆ تێگەیشتن لە جۆری ئەو کۆمەڵگەیەی هۆکارەکانی راگەیاندنی تێدا دەرکەوتووە. بۆچی لێکدانەوە بەراییەکان بۆ نفووز و کاریگەرییەکانی ئەو ئاراستەیان وەرگرت، کە بۆی چوون. هەروەك بیرۆکەی کۆمەڵگەی ((راگەیاندن)) هێشتا رۆڵێکی گرنگ دەگێڕێ لە بیرکردنەوە لە هۆکارەکانی راگەیاندن. هەرچەندە چەمکی تیۆرە بەراییەکانە، کە لەو ئیعتیباراتانەوە وەرگیرابوون کەمتر پەیوەست بوون بە شیکاری نوێ. سەرەڕای ئەوە، ئەو بەشە خاڵێکی دەسپێکردنی گرنگ دەڕەخسێنێ بۆ تێگەیشتن لەو پێشکەوتنەی کە لە تیۆری راگەیاندندا روویدا و لە چوارچێوەی زانستە کۆمەڵایەتییە بنەڕەتییەکان و لە خودی سیستەمی گەیاندن دا ئەنجامدرا.

هەرچی بەشی پێنجەمە چەمکێکی نوێ پێشکەشدەکا، کە لە سێ بابەتدا ئامادەکراوە، ئەوانیش:[1] لێکۆڵینەوەی جیاوازییە تاکییەکان کە وەکو ئەنجامی وردبوونەوە لە سەرەتای لێکۆڵینەوە لە دەروونناسیدا روودەدا[2] جیاوازی لە خەسڵەتە کۆمەڵایەتییەکان لە پێکهاتەی خاوەن تایبەتمەندی گۆڕاو بۆ کۆمەڵگە پیشەسازییە هاوچەرخەکانی شارەکان[3] وای لێهات کاریگەری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە سالانی بەرایی لێکۆڵینەوە لە خودی کرداری راگەیاندن بەروونی دەرکەوت. هەر یەك لەم هۆکارانە- جیاوازییە کۆمەڵایەتیی، و تاکییەکان، و پەیوەندی لەناو کۆمەڵگەدا- هێشتا رۆڵێکی گرنگ لە تێگەیشتنی دەستنیشانکردنی ماوە کورتی کرداری راگەیاندن دەگێڕێ.

بەشی هەشتەم تەرکیز دەخاتە سەر رۆڵی راگەیاندن لە کرداری پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیدا لە ماوەیەکی درێژ. تێیدا گفتوگۆی نموونەی وەرگیراو لە دەروونناسی دەکەین، و ئەو رێیەش دەخەینەڕوو کە بەهۆیەوە راگەیاندن بووە سەرچاوەیەك بۆ وەدەستهێنانی نموونەی نوێی ئاکار، هەروەك لە هۆکارەکانی راگەیاندن دەرکەوت. تاکەکان دەتوانن ئەو نموونانەی ئاکار لە خۆبگرن وەکو پێناوێك بۆ گونجان لەگەڵ ئەو ژینگەیەی تێیدا دەژین. هەروەها ئەو بەشە چەمکێکی تیۆری نوێش پێشکەش دەکا ئەویش تیۆری پێشبینییە کۆمەڵایەتییەکانە. ئەو لە گرنگی راگەیاندنی جەماوەری ورد دەبێتەوە وەکو سەرچاوەیەکی زانیاریی هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی ئاسایی، و لەسەر رۆڵ و پلە و چاودێری

کۆمەڵایەتی. هەروەها لەو لایەنە دەروونی و کۆمەڵایەتییانەی ناواخنی راگەیاندن ورد دەبێتەوە، لە کرۆکی ئەرکی کۆمەڵایەتی ناراستەوخۆی راگەیاندندا هەیە.

ئەم کتێبە بەتەواوی چەمکێکی نوێ لە بارەی تیۆری پێکهێنانی واتا لە بەشی نۆیەمدا پێشکەش دەکا. ئەوە دەردەکەوێ کە سەرەڕای وردبوونەوە لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی واتا تا رادەیەك بەنوێ دادەنرێ لای لێکۆڵەرانی هۆکارەکانی راگەیاندن، بەڵام کۆنترین بایەخدارێی رۆشنبیرییە، لە کۆمەڵگەی رۆژئاواییدا. لە سەردەمی ئەفلاتوونەوە تا ئەمڕۆ، فەیلەسووفەکان، و خاوەنی تیۆرەکان، و لێکۆڵەران لە بواری جودادا ئەو بابەتانە دەدۆزنەوە، کە پەیوەندییان بە سروشتی حەقیقەتەوە هەیە، چۆن ئەو حەقیقەتە بناسین، و چۆن چەمکە خودییەکانمان لە بارەی جیهانی بابەتی دەوروبەرمان کاری لە ئاکارمان کردووە. هەروەك تیۆرە تایبەتمەندەکان بۆ تێگەیشتن لە رۆڵی هۆکارەکانی راگەیاندن لە بنیاتی کۆمەڵایەتی تاك، و لەو واتایانەی کە ئەوانی دیکە بەشداری تێدا دەکەن ئێستا بەرەو پێشەوەی لێکۆڵینەوەکانی راگەیاندن دەچێ.

بەشی دەیەم ئەو چەمکە تیۆرییانەی لە بەشی ٧ و ٨ و ٩ پێشکەشکران دەبەستێتەوە بە نمایشکردنی رۆڵی تیۆرە بنچینەییەکان لە پێشخستنی ستراتیژیی پراکتیکی بۆ دەستکاریکردنی ئاکاری جەماوەر لە بیسەران و بینەران. ئەوەش یەکێکە لەو بابەتانەی تا ئێستا لە لێکۆڵینەوەکانی هۆکارەکانی گەیاندن تێی نەگەیشتوون، رەنگە تا ئێستا قورسترین کێشە بێ، کە یاخی دەبێ لە تێگەیشتن لە چوارچێوەی هۆکارەکانی راگەیاندنی جەماوەریدا. رۆژانە بڕە پارەی زۆر لە جیهانی رێکلام و بانگەشەکانی راگەیاندندا و هەوڵی قەناعەتپێکردنی رای گشتی خەرج دەکرێن. لەگەڵ ئەوەدا تەنیا گەیشتووینەتە بڕێکی کەم لەو رێنوێنیانەی کە دەکرێ پشتییان پێ ببەسترێ لە پێشبینیکردنی مەودای سەرکەوتن یان شکستهێنانی ستراتیژی دیاریکراو بۆ قەناعەتپێکردن ئەوەش لە رێی لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی و تیۆرەکانی راگەیاندن. هێشتا بەتەواوی ئەو بوارە لە جیهانی لێکۆڵینەوەی راگەیاندن لای لێ نەکراوەتەوە.

هەرچی بەشی یازدەیەمە بەشێکی نوێیە و تێیدا ئەوە پێشکەش دەکەین، کە ئێستا ناوی نراوە تیۆری پشت بەستن بەهۆکارەکانی راگەیاندن. ئەو چەمکە بنچینەییەکان، و بیردۆزەکان، و لێکدانەوە

شیمانە بۆ کراوەکانی ئەو تیۆرە، کە بۆ ژینگە دەگەڕێتەوە، و بنچینەی تیۆرەکان لە نموونەی تیۆرە بنچینەییەکانی لە بەشی یەکەمدا باسمانکرد شیدەکاتەوە. هەروەك گفتوگۆکردن لەسەر سروشتی تایبەتی ئامێری راگەیاندن وەك پێناوێك بۆ گواستنەوەی زانیاری زاڵدەبێ بەسەر ئەو توخمانەی، کە تاکەکان و کۆمەڵە و رێکخراوەکان و کۆمەڵگەکان هەوڵی وەدەستهێنانی دەدەن بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان، بەردی بناغە دادەنێ بۆ هەڵسەنگاندن و پشکنینی کردارە مەزن و بچووکەکانی کاریگەری هۆکارەکانی راگەیاندن.

لە سەرووی ئەمانەشەوە، ئەوە دەردەخات، کە بۆچی ئەو توخمانەی هۆکارەکانی راگەیاندن بەسەریاندا زاڵن پەیوەندی پێکبەستیی پشت پێ بەستن لە هەموو ئاستەکانی کۆمەڵگەی هاوچەرخ دروست دەکەن. ئەو پەیوەندییانەش هۆکاری رۆڵ و رۆڵە ناوەندییەکان، کە سیستەمی هۆکارەکانی راگەیاندن لە رێکخستنی ژیانی کەس و کۆمەڵەکان و هەروەها ژیانی کۆمەڵایەتی دەگێڕن بۆمانی دەردەخەن. ئەم قسەیە بە تیۆری پشتبەستن بە هۆکارەکانی راگەیاندن دەگوازرێتەوە بۆ شتێکی لەوە دوورتر لە پراکتیکدا وەکو تیۆرێك بۆ کاریگەرییەکانی راگەیاندن، و دەیکاتە تیۆرێك بۆ هۆکارەکانی گەیاندنی جەماوەری یان تیۆرێك بۆ راگەیاندن.

ئەو تیۆرە تێگەیشتنێکمان پێشکەش دەکا بۆ ئەو بابەتەی، کە راگەیاندن چۆن بووەتە پێویستییەکی ژیانمان، و خەباتی کۆمەڵگە بۆ ئەوەی تێ بگات، و هەڵسوکەوت بکا، و هەتا بۆ ئەوەی رۆڵی خۆی لەو جیهانە ئاڵۆزەدا بگێڕێ کە بەردەوام دەگۆڕێ. بەواتایەکی دیکە ئەو تیۆرە هەوڵدەدا هەمان ئەو تێڕوانینە پشکێنەرەمان پێشکەشبکا، کە دەکرێ وەدەستبهێنرێ ئەگەر رۆژێك لە خەو بەئاگا هاتین و بینیمان بەهۆی هۆکارێکی نەزانراوەوە هۆکارەکانی راگەیاندن ون بوون و بۆ ئێمە و کۆمەڵگەکانمان کێشەی رێکخستنی ژیانی رۆژانەیان بەجێهێشت، ئەوەش لە پاڵ کرداری مانەوە لە ژیان بەبێ راگەیاندن.

هەرچی بەشی دوازدەیەمە ئەویش بەشێکی نوێیە، چونکە پەیوەستە بەهەندێك پێشکەوتنی گرنگ لە تەکنەلۆژیای راگەیانندا، کە بە راستی سروشتی راگەیاندنی گۆڕی، و شیمانە بۆ کراویشە، کە لە داهاتوودا هەمان گۆڕان بەردەوام بێ. لەو بەشەدا لەبارەی کاریگەرییەکانی ئێستا و داهاتووی

کۆمپیوتەر و تەکنەلۆژیای کێبڵ و ئەو هۆکارانەی پەیوەندیکردن، کە خاوەن کاریگەری ئاڵوگۆڕن دەدوێین. هەروەك پشکنینی هەوڵە جیاوازەکان دەکەین ئەوانەی کە سەرکەوتووبوون و ئەوانەش، کە شکستییان هێنا بۆ پێشکەشکردنی ئەو تەکنەلۆژیایە تا لە سیستەمی راگەیاندن بەکاربێ. ئەو پشکنینە سیستەمی پەخشی راستەوخۆ لە مانگە دەستکردەکانەوە، و سیستەمی ئاڵوگۆڕی تەلەفۆنی و تەلەفزیۆنی بەهۆی ئەو مانگانەوە، هەروەها سیستەمی ڤیدیۆتێکسیش لەخۆدەگرێ.

هەروەها بەشی دوازدەیەم گفتوگۆ لەسەر بایەخی سیستەمی راگەیاندنی نوێ لە چوارچێوەی خزمەتگوزاری زانیاری دەکات لە بواری ئابووری کە بەردەوام دەگۆڕێ، هەروەها چۆن ئەو پێشکەوتنانە ئەو ئامێرە راگەیاندنانەی ئێستا زاڵن، ناچار دەکرێن خۆیان پێشبخەن لە بەرانبەر ئەو ژینگە گۆڕاوانە تا مانەوەیان مسۆگەر بکەن.

ئەم گفتوگۆیانە بازنەیەکی تەواو رووە و پشتەوەمان دەگەڕێنەوە رووە و مێژووی گەشەسەندنی راگەیاندن، و چۆن سیستەمی راگەیاندنی کۆن وەکو هۆکارە راگەیاندنە نوێکان پێویستە بەردەوام خۆی بگۆڕێ، نەك تەنیا لە چۆنیەتی وەدەستهێنانی ئەو تەکنەلۆژیایە، بەڵکو بەگۆڕینی ئەوەی پیشکەشیکردووە لە پێناو رۆڵەکەیدا وەکو هۆکارێکی گەیاندنی جەماوەری لە رێکخستنی ژیانی تاکەکان و کۆمەڵگەدا.

ساندرا بۆل- رۆکیتچ ملڤین ل.دیفلیر

لۆس ئەنجلۆس- کالیفۆرنیا سیراکیوز- نیویۆرك

# پاژی یەکەم
# شوێنی سەرهەڵدانی هۆکارەکانی راگەیاندن

## بەشی یەکەم
## چەند قۆناغێك لە پێشکەوتنی گەیاندنی مرۆییدا

لەکاتی ئێستادا توانامان لە پەخشکردنی پەیامەکان بە شێوەیەکی راستەوخۆ و لە رووبەری فراواندا، جێی سەرسوڕمانە. لای ئێمە وروژاندنی مانای وێکچوو لەلایەن ملیۆنان کەس لە یەککاتەدا، کارێکە پێی ئاشناین، بە شێوەیەك بە ئاسانی دەکرێ بە بێ بایەخ سەیری بکەین. لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەی ئەمڕۆ دەیکەین، کاتێك، کە رۆژنامەیەك هەڵدەدەینەوە یان میلی رادیۆیەك دەسوڕێنین یان دەچینە سینەما یان تەماشای تەلەفزیۆن دەکەین، بە راستی ئەمانە نموونەی گۆڕانی گەورە و نا ئاسایین لە ئاکاری گەیاندنی مرۆییدا، ئەگەر هاتوو لە چوارچێوەی ژیانی مرۆیی و ئەوەی لە سەردەمی پێشینەکاندا باو بوو چاومان لێکرد.

لەگەڵ هەبوونی لێکۆڵینەوەی سەخت و، خۆماندوکردنی شیکاریی نایاب، ئەوانەی زاناکانی گەیاندن لەماوەی نیو سەدەی ئەم دواییە ئەنجامیانداوە، بەڵام ئێمە دڵنیا نین لەوەی ئەم گۆڕانانە چ مانایەك دەدەن ..چۆن کاریگەریان بەسەرمانەوە دەبێ لە هەردوو ئاستی تاك و کۆمەڵگە، یان چۆن شێوەی داهاتوومان دیار دەکەن. بەمانایەکی دیکە، ناوەڕۆك و کاریگەری و ئاکامی ئەو پێشکەوتنە مەزنەی ناوەندەکانی راگەیاندن ئێستاشی لەگەڵدابێ بە تەمێکی لێڵ دەورەدراوە، بەڵام لەم قۆناغەدا بە روونی دەردەکەوێ، کە ناوەندەکانی راگەیاندن کاریگەریی زۆریان لە سەر جەماوەر هەیە، هەروەك بە گشتی کاریگەریان لەسەر کۆمەڵگەدا هەیە، بەڵام ئەوەی ئێمە بەتەواوی لێی تێناگەین ئەوەیە، ئەم کاریگەرییە چۆنە و تا کوێ بڕ دەکات. مەبەستی بنەڕەتی ئەم کتێبە پێشکەشکردنی تێڕوانینێکی گشتییە بۆ ئەم دوو کێشەیە: (١) راگەیاندن چۆن دەدوێ.

(٢) ئەنجامەکانی بۆ هەر یەك لە تاك و رێکخستنی کۆمەڵایەتی چۆنە.

یەکێك لە رێگا سەرەتاییەکانی دەسپێکردنی ئەم کارە دەستبەکاربوونە لە خستنەڕووی بۆچوونێکی فراوان بەهۆی کاتەوە، تا لەو چوارچێوەیەدا بتوانین لە دەرکەوتنی خێرای

نێوەندەکانی راگەیاندنی ئێستامان بگەین، بەوەی وەك یەکێك لەو بوارە فراوانانە هەژمار دەکرێن لە پێشکەوتنی کرۆکی، ئەوەی لە توانای مرۆڤ گۆڕانکاری بەسەر هات وەکو بوونەوەرێکی زیندوو لە پەیوەندی کردندا.

هەروەك لەمەو دوا گۆڕانی شۆڕشگێڕیی توانای کەسەکان لە بەشداریکردن لەگەڵ خەڵکی تردا بۆ تێگەیشتن لە واتاکان دەیبینین، بەراستی کاریگەری بە هێزی لەسەر پێشکەوتنی هزر و ئاکار و رۆشەنبیریی هەبوو. تێگەیشتنیش لەو کاریگەریانە دەبێتە هۆکار بۆ ساناکردنی کرداری هەڵسەنگاندنی لایەنێکی گرنگ لە ناوەندەکانی راگەیاندنی هاوچەرخماندا، ئەگەر چی درەنگ پێمانگەیشتووە، بەڵام خاوەنی گرنگییەکی کرۆکییە بۆ ژیانی رۆژانەمان، بەشێوەیەك لە وانەیە لە داهاتوودا یارمەتی دیاریکردنی دوارۆژی مرۆیی بدات.

هەرچەندە لێزانیی پێشینە نابێ وەکو بەڵگەیەکی دڵنیاکەر بۆ داهاتوو هەژمار بکرێ، بەڵام لێرەدا نرخ و سوود گەیاندن لە بەدواداچوونی رابردوو دایە، بۆ ئەوەی بزانین چی لە چەند قۆناغێکی گرنگ و دیاریکراودا روویداوە، بەوەی خەڵکی توانای پەیوەندیکردنیان هەیە بە گەلێ ناوەند لە هۆکارەکانی پەیوەندی کردندا. بۆیە ئاساییە لە سەرەتاوە دەست پێبکەین و بە دوای ئەوە دا بچین پەیوەندی کردنی مرۆیی کەی و لە کوێ دەستی پێکردووەو، ئەو بازدانانەی لە چەرخە جیاوازەکان دا لەماوەی رێڕەوی درێژی مێژوو، و پێش مێژوو چۆن روویانداوە.. شوێنەوارە قووڵەکانی کاریگەری ئەم پێشکەوتنانە لەسەر ژیانی مرۆیی بە شێوەیەکی گشتی چۆن بووە؟

### سەرەتاکان:

بە پێی تۆمارە هەڵکۆڵراوەکان، ئەوانەی بە ماندوبوونی زانایانی بنچینەی مرۆڤ بەماوەی زیاتر لە سەدەیەك کۆکراونەتەوە. پێشکەوتنی مرۆیی ئەوەی، کە لە کۆتاییدا بووە هۆی دروستبوونی رەگەزی مرۆیی هاوچەرخ، بۆ حەفتا ملیۆن ساڵ بەر لە ئێستا دەگەڕێتەوە. ئەو زانایانە بوونەوەرێکی بچووکیان دۆزییەوە، کە لە مشك دەچێ (پرۆکۆنسۆل proconsul) لە چەرخی دەیناسۆرەکان دەژیا، ئەم بوونەوەرەیان بە پێشینەی بەرز دانا بۆ مرۆڤ لەسەر ئەم سەرەتا شکست خواردووەوە، رێکخستنی گیانلەبەرە گەورەکان دامەزرا: شیردەرە خاوەن دەست و پێ نەرمەکان کە هەریەکەیان پێنج پەنجەی هەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا ملیۆنەها ساڵ

تێپەڕین، پێش ئەوەی یەکەمین گیانلەبەر، کە لە تاکی ناوچەی بیابانی ئەفریقی دەچێ نیشتەجێ بێ، ئەو شوێنەی شیمانەی ئەوەی لێدەکرێ خێزانی مرۆڤایەتی لەوێ دروستبووبێ.

شێوە جیاوازەکانی سەرەتا گۆڕانی یەك بەدوای یەکیان لە چەرخە سەرەتاییەکان بەسەر داهات. زۆرینەی ئەو شێوانەش بچووك بوون و لە ناو دارەکان دەژیان. دوای چەند پشتێك شێوەیەك بە قەوارەی پشیلەیەك دروستبوو. لەگەڵ ژیانی سەر زەوی ناو دارستان دەگونجا. ئەمەش بەتەنیا تاکە جۆر نەبوو، کە بتوانێ لە سەر زەوی بجولێ، بەڵکو تایبەتمەندییەك یان خەسڵەتێکی گرنگی هەبوو. رێژەی مێشکی لە چاو لاشەی گەورەتربوو بە بەراورد لەگەڵ گیانلەبەرە هاوچەرخەکانی دیکەی سەردەمی خۆی. ئەم شێوازەی توانای پێوەستانی مێشکیش پەیوەستە بە توانای فێربوون، ئەمەش هۆکارێکی زیندو بوو لە پێشکەوتنی رەگەزی مرۆیی.

زۆرێك لە شێوە سەرەتاییە کۆنەکان بۆ ماوەیەك ژیان، بەڵام لە کۆتاییدا بە هۆی رکابەریکردن لەسەر خواردن و زەوی تووشی فەوتان بوون، بەڵام لە قۆناغێك لە قۆناغەکان، رەگەزی مرۆیی هاوچەرخ لەگەڵ گیانەوەرە باڵا نوێکانی وەکو شامپانزی و گۆرێلا لەیەك بنەچەی هاوبەشدا پەیدابوون، زاناکان پێی دەڵێن dry opithecus، ئەم گیاندارە لەسەگێکی ئاسایی گەورەتر نەبوو، بەڵام بازو و قاچ و دەست و پێی هەبوو، ئەم شتانەش هەموویان هاوشێوەیان هەبوو لای نیناس و خێزانی مەیموونەکان، ئەوانەی ئێستا دەیانناسین.

لەو ماوەیەی دەکەوێتە نێوان ١٤ ملیۆن ساڵ و ٥ ملیۆن ساڵی رابردوو، گیاندارێك ژیاوە لە مەیموون دەچێ و زاناکان ناویان ناوە (ramapithicus) لەو ناوچانەی ئێستا پێیان دەڵێن ئەفریقاو ئەوروپا. بۆ ئەم خاڵە بەڵگەی یەکلاکەرەوە نییە و، لەبەر یەکڕاچوون هەیە لە نێوان زاناکان لەسەر دەرکەوتن و ئاکاری گیانلەبەرەکە. ئێمە لەوە دڵنیاین، کە ئەو دەیتوانی بەشێوەیەکی رێك و راست لەسەر پێیەکانی بڕوا. لەگەڵ ئەوەشدا لەوانەیە ئەوە یەکەمین گیانلەبەر بێ لە خێزانی بوونەوەرەکان کە وێکچوونی لەگەڵ مرۆڤدا هەیە و بە Hominidae ناسراوە. لەبەر یەکڕاچوونێکی کەمتر هەیە لەسەر پەیدابوونی بوونەوەرێکی دیکە لە قۆناغی دوای ئەو ئەویش (Australopithecus africanus) ە، ئەوەی لەم دواییانە لە ئەفریقادا پاشماوەکانی دۆزرانەوە. ئەم بوونەوەرە بەر لە ٥ ملیۆن ساڵ ژیاوە، دەکرێ بەشێوەیەکی گشتی ئەوە پەسند بکرێ ئەوە یەکەمین شیردەرە، دەشکرێ واپۆلینی بکەین، کە پەیوەندی لەگەڵ مرۆڤدا هەیە — لەناو خێزانی مرۆڤایەتیدا.

ئەوەی لە بارەی ژیانی ئەو بوونەوەرەوە دەیزانین کەمە، کە دەڕۆیشت سەری وەپێش خۆی دەخست و بالآیەکی مامناوەندی هەبوو لە پەناگە بەردییەکان و لەناو یەکەی خێزانی دەژیا، لە وانەشە درێژییەکەی لە سێ پێ کەمتر بێ، بەلآم بەپێی شێوە گشتییەکەی مامناوەندی بووە و، لە مەیمون دەچوو. راوکەرێکی شەڕەنگێز نەبوو، لەوانەشە بە هۆی بەروبوومە خۆرسکەکان یان گەڕان بەدوای خواردنێك بەبێ ماندوێتی راوکردن ژیابێ. لەگەڵ ئەوەی هیچ شتێك رێگر نییە لە شیمانەکردن لەوەی بەرد یان زیادە هێسکی تیژی بۆ پارچەکردنی گۆشتی ئەو گیاندارە مردووانە بەکارهێناوە، کە دەستی دەکەوتن، بەلآم هیچ بەڵگەیەکمان نییە لەسەر دروستکردنی ئەو جۆرە ئامرازانە.

ئەو بوونەوەرەی بەناوی australopithecus تێکەڵیش بووە لەگەڵ زنجیرەیەك لە بوونەوەری مرۆیی بەرایی، کە خاوەنی دوو قاچ و بالآ مامناوەندی بوون. ئەو جۆرە بوونەوەرانە لە ئەفریقاو رۆژهەلآتی دوور بۆ ماوەی زیاتر لە ملیۆنێك ساڵ ژیاون. هۆکارەکانی پەیوەندی کردنیش لەنێوان ئەو بوونەوەرانەدا، ئەگەر هاتوو هەر هۆکارێك هەبێ بۆ پەیوەندی کردن لەنێوانیاندا، ئەوەلای ئێمە بە تەواوی نادیارە، لەگەڵ ئەوەشدا توانای عەقڵی ئەو جۆرە بونەوەرە سەرەتاییانە بە تێپەڕبوونی کات زیادی کردووە.

لە کۆتاییدا یان لە نزیکەی ملیۆنێك ساڵ، یەکێك لە بنەچەکانی ئێمە پەیدابوو، کە بە (homohabilis) ناسرابوو یان ئەو مرۆڤەی کە خۆی دادەپۆشێ. ئەم جۆرە بوونەوەرانە زۆر گەورە نەبوون، ئەو پاشماوانەی لەم دواییەدا دۆزرانەوە، کە هی ئافرەتێکی پێگەیشتوو بوون، ئاماژە بەوە دەکەن، کە درێژی ئەو بوونەوەرە سێ پێ و نیو بووە (نزیکەی مەترێك و پێنج سەنتیمەتر).

هەروەها بازووەکانی تا ئەژنۆکانی دەهاتن، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی ئەم بوونەوەرە دەیتوانی لەناو دارەکان و بە هۆیانەوە هاتووچۆ بکا، هەروەك لە سەردەمی ئێستاماندا مەیمون و شامپانزی وا دەکەن. سەرەڕای ئەوەش، جیاوازییەکی گرنگ لەنێوان ئەو بوونەوەرانەدا هەبوو، ئەویش ئەوەیە ئەمانە دەستیان بە دورستکردنی ئامرازەکان کرد! لەماوەی ملیۆنێك ساڵ یان شتێکی نزیك لەوە توانای بەسەر ئاگر زاڵبوون پەیدابوو ..یەکەمین بەڵگەش دۆزینەوەی ئاگردان بوو لە چین. ئەو پێشکەوتنەش گرنگ بوو، چونکە جیاکردنەوەی نێوان ژیانی مرۆڤی سەرەتایی و شێوازی ژیان لای شیردەرە سەرەکییەکانی دیکە، ئێستا سنووردارتر و روونترە. دەکرێ دوان لەسەر ئەم ئامرازە سەرەتاییانەی وەکو ئامرازە بەردینە

سادەکان و هەڵکردنی ئاگر وەکو هەنگاوی نارێکی سەرەتایی لە پێشکەوتنی شارستانییەتی مرۆڤایەتی دابنێین .

بەم شێوەیە، ئەگەر چی بەشێوەیەکی کاتیش بێ، دەتوانین پێناسەی شارستانییەت بە شێوەیەکی گشتی بکەین بەوەی، چارەسەری گرفتەکانی ژیانە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە دەگوازرێتەوە .

بەراستی پیشەسازی ئامێرەکان و بە کارهێنانی ئاگر بووە هۆی جیاکردنەوەی بنەچە سەرەتاییەکانمان لەتەواوی گیانلەبەرانی دیکەی چەرخەکەیاندا. لە کۆتاییدا شارستانییەتی مرۆڤایەتی بەو شێوەی کە ئێستا ئێمە دەیناسین، ئەو ئەنجامەیە، کە لەسەر ئەو بنکە بنەڕەتییە رێکخراوە .

دواتریش بە شێوەیەکی زۆر هێواش چەند چاکسازییەك و خستنە سەرێك بۆ شارستانییەتی ئامێرەکان کران، بەڵام لە ١،٦ملیۆن ساڵی رابردوو مرۆڤێکی دیکەی سەرەتایی هەبوو (lomo erectus) باڵا جێگیر تەوری سەرەتایی بەکاردەهێنا دوو سەری هەبوون و بە ئاگاییەوە تیژکرابوون لەگەڵ چەند ئامرازێکی دیکەی بڕین کە لە بەرد و دوای ئەویش لە جۆرە بەردێکی رەق دروستکرابوون.

ئەو بوونەوەرە مرۆییە سەرەتاییانە گەورەتربوون —نزیکەی وەك ئێمە بوون — بازووی کورتی وەکو ئێمەیان هەبوو، پەنجەکانیشیان راست بوون. نەیاندەتوانی بە ئاسانی لەنێو دارەکاندا هاتووچۆ بکەن. لەمەش زیاتر رێژەی نێوان مێشك و جەستە زیادی کردوو رێژەی مێشك لای مرۆڤی باڵا جێگیر homo erectus گەیشتە ٦٠٠سم³، لەکاتێکدا قەبارەی مێشکی کەسێکی ناوەندی سەردەمی ئێمە دەگاتە ١٥٠٠سم³، ئەم جۆرە بوونەوەرانە بە پێی شێوازەکانی ژیان پێشکەوتن و جۆرەکانی دیکە توانای ئەم جۆرە پێشکەوتنەیان نەبوو. ئەو جۆرەیان توانایەکی سەیری هەبوو لە راوکردن و کۆکردنەوەی خۆراك. بێجگە لەمە شتێکی کەم نەبێ هیچی لە بارەوە نازانین.

دوای ئەمە، رەنگە نیو ملیۆن ساڵ بەر لە ئێستا بێ، زنجیرەی پێشینەکان بوون بە دوو هێڵی لێك جودا. یەکێکیان خەڵکی کورتە باڵا، جەستە و بازوو پتەوی لێکەوتەوە، کە هێزی زۆر لەوە زیاتر بوو، کە ئێستا ئێمە هەمانە، هەرچەندە ئەوان لە کەسی ناوەندی ئێستای ئێمە کورتتر بوون. خاوەنی ددانی گەورە و بەهێزبوون کە توانای قەپگرتنیان لە گۆشتی بەستوو هەبوو. هەروەها خاوەنی مێشکی قەبارە گەورە و برۆی پڕو نێوچاوانێکی بچووك یان

نەبوونی نێوچاوان و چەناگەیەکی بچووك بوون. لەم هێڵەوە ئادەمیزادی ئەشکەوتەکانی ناسراو بە نیاندرتال پەیدابوو (Neanderthal)[1]. ئادەمیزادی نیاندرتال ئەوەی هێسك و پروسکەکانی لە نزیك شاری دوسلدرولفی ئەڵمانی دۆزرانەوە، لە داگیرکردنی ناوچە ئەوروپییەکان و پاژێك لە رۆژهەڵاتی دوور لە ١٥٠ هەزار یان لە ١٢٥هەزار ساڵی رابردوو دەستیپێکرد، لەوێشەوە بەشێوەیەکی فراوان لە ئەمریکاو ئاسیا بڵاو بۆوە. ئادەمیزادی ئەشکەوت (نیاندرتال) لە هەموو جۆرەکانی دیکە پێشکەوتوو تر بوو.

ئەم جۆرە مرۆڤە تەنیا راوکەرێکی لێهاتوو نەبوو، بەڵکو مردووەکانی خۆی لە چوارچێوەی بۆنەیەکی دیاریکراو دەناشت، و ئاگاداری نەخۆش و بە پیرەکان دەبوو. بوونی ئەم جۆرەش تا ٣٥ هەزار ساڵی رابردوو بەردەوام بوو، دواتر بەشێوەیەکی نادیار نەما !! هیچ کەسیش هۆکاری ئەمە نازانێ، هیچ بەڵگەیەك نییە لەسەر هەڵگیرسانی شەڕێك یان بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەك یان هەر شتێکی دیکە ببێتە هۆی ئەم جۆرە لەناو چوونە لەماوەیەکی کەمدا. دەتوانین زۆر بە سانایی بڵێین ئەم جۆرە ونبوو.

بەڵام هێڵی دووەم وا دەردەکەوێ کەمێك دواتر پێشکەوتبێ. هیچ کەس نازانێ ئەمە چۆن روویداوە، هەموو ئەوەی دەیزانین جۆرێکی دیکەی ئادەمیزاد لەو ناوچانە پەڕینەوە، کە مرۆڤی ئەشکەوتی ناسراو بە (نیاندرتال) داگیری کردبوو، ئەم جۆرەشیان بە (cromagnon) یان مرۆڤ بە مانا بایلۆجییەکەی ناسراوە، لە سەرەتادا لە پارچەکانی ئەوروپا و رۆژهەڵاتی دوور پەیدابوو، لەماوەی نێوان ٩٠ هەزار و ٤٠ هەزار ساڵی رابردوو. لە کۆتاییدا ئەم جۆرە مرۆڤە تەواوی جیهانی کۆن و ئاسیای داگرت، مەزەندەی ئەوە دەکرێ وەچەکانی ئەم جۆرە مرۆڤە بەر لە دە هەزار ساڵ لە پرد پەڕیبنەوە یان بە هۆی درێژبوونەوەی زەوی سروشتی، ئەوەی لەو سەردەمەدا هەبوو، پەڕینەوەو گەیشتنە ئەو شوێنە کە ئێستا بە هەردوو ئەمریکا ناسراوە. لە وانەشە زیاتر لە جۆرێك ئادەمیزاد بە چەمکی ئەورۆ هەبووبن، بەڵام رەگەزی ئادەمیزادی هاوچەرخ راستەوخۆ دەبێتە وەچەی ئەم جۆرە مرۆڤە (cromagnon) ئەوەی کە لە ئەشکەوتەکان و پەناگە کاتییەکان دەژیا، راوکەرێکی لێهاتوو کۆکەرەوەیەکی سەرکەوتووی خۆراك بوو. هەروەك ئامرازی ئاڵۆزیشی دروستکردن، رێکخستنێکی کۆمەڵایەتی پتەویشی بە شێوەیەکی رێژەیی هەبوو. ئەو جۆرە ئادەمیزادانە توانای ژیانیان لەناو ژینگەیەکی تووش هەبوو، ئەمەش لە رێگای دروستکردنی پۆشاکی گونجاو و فێربوونی ئەمبارکردنی خۆراك. بەم شێوەیە لە لەژیان مانەوەیاندا سەرکەوتن،

ژیانیان لە نزیك ئەو رووبارە بەستوانەی لە سەردەمی بەستەڵکەکاندا هەبوون بەسەر دەبرد، ئەمانە شوێنێك بوون ئاووهەواکەیان لە ئاووهەوای سیبیریای ئێستا دەچوو. لە قۆناغی سەرەتایی بوونیدا مرۆڤی (cromagnon) بنچینەی کلتووری و هونەری لە رێگای هەڵکەندنی وێنە لەسەر دیواری ئەشکەوتەکان دانا. لە کۆتاییدا بە ماڵی کردن و بەخێوکردنی ئاژەڵان و، بەکارهێنانی کانزاکان هەڵساو فێری کشتوکاڵ بوو، و کۆمەڵگەیەکی جێگر و لەباری دروستکرد. لە راستیدا ئەم جۆرە مرۆڤە وێنەیەکی بنچینەیی مرۆڤی هاوچەرخ بوو، لەوەی کە پەیوەندی هەیە بە روخسار و توانای مێشك لە وەرگرتنی شتەکان، هەروەك بەهێزی و تۆکمەیی ماسوولکەکانی زیاتر بوو، و هۆکاری ئەمەش لەوانەیە بگەڕێتەوە بۆ شێوازی ئەو ژیانەی، کە خەسڵەتی زبری تێدابوو، لەگەڵ جۆری ئەو خواردنەی کە زۆر لە خواردنی ئێستا تەندروستتر بوو. ئەگەر بهاتبا ئەم جۆرە مرۆڤە کۆنە لەکاتی ئێستاماندا هەبووایە و پۆشاکی ئێستامان لەبەر بکردبا، ئەوا هیچ جیاوازییەك لەنێوان ئەو و کەسێك کە لە شەقام دەیبینی بەدی نەدەکرا.

بە کورتی ئەو مرۆڤە بەرهەمی کۆتایی حەفتا ملیۆن ساڵ بوو، کە پێیدا تێپەڕی.

## تیۆری گۆڕانکارییەکان:

ئەم هەموو گرنگیدانە بە پێشکەوتنی رەگەزی ئادەمیزادی، تەنها پێشەکییەك بوو، بۆ پرسیارێکی گرنگ و سنووردار و تەوەرەیی بە پێی گرنگی دانەکانی ئەم کتێبە. هەروەك پێشووتر بینیمان، ئامانجی کۆتایی و بنەڕەتی ئێمە، هەوڵدانە بۆ وەرگرتنی ئامانجی گۆڕانە گەورەکان لە پەیوەندی کردندا، ئەوەی لەم کۆتاییانەدا روویدا، وەکو ئەنجامێك بۆ دروستکردن و داهێنان و بڵاوبوونەوەی هۆکارەکانی راگەیاندن. هەروەها هەروەك پێشووتر بینیمان، یەکێك لەو هۆکارانەی لە رێگەیەوە دەکرێ هەڵسەنگاندن بۆ شۆڕشی گەیاندنی ئێستا بکرێ، تێڕوانینە لەوەی لە کاتەکانی پێشووتر روویداوە، ئەو کاتانەی گۆڕانکاری راماڵەر لە بواری توانای دابەشکردنی واتاو هاوبەشی کردن تێیدا روویدا.

هەروەها تاقیکردنەوەی سەرەتایی بۆ جۆرە مرۆییەکان لەسەر هەسارەکەمان، هەمیشە لە لایەن شوێنەوار ناسان و ئەوانی دیکە لە پسپۆڕان لە چوارچێوەی چەرخی جیاواز وەسفدەکرێ، وەکو کۆن و ناوەندی و برۆنز و ئاسنین. ئەم ناوانەش هەموویان ئاماژەن بۆ چەرخ و ماوە، کە هەندێکیان کورتن و هەندێکیشیان بۆ چەند سەدەیەك درێژەیان کێشاوە، و مرۆڤی کۆن بە

هۆیانەوە توانی ئامێر، بە بەکارهێنانی کانزا جیاوازەکان، دروستبکات، یان پەرەپێدانی تەکنەلۆژیای جیاواز بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکان و بەرهەمهێنانی خۆراك و پیشەسازی چەك. ئەم ماوانە و دابەشکردنە جۆراو جۆرەکانیان (وەکو چاخی بەردینی کۆن، چاخی بەردینی ناوەڕاست، و چاخی بەردینی نویٚ .....هتد) بێگومان یارمەتیدەر دەبیٚ لەبەدواداچوونی پێشکەوتنی پیشەسازی ئامراز و ئامێرە تەکنیکییەکانیان، بەڵام بەتەواوی دەستە وەستان دەبیٚ لە رووناکی خستنە سەر لایەنێکی زۆر گرنگ لەلایەنەکانی بوونی مرۆڤایەتی، ئەویش توانای پەیوەندی کردنە.

لێرەدا هۆکارێکی گرنگتر هەیە، لە رێگەیەوە دەتوانریٚ تەماشای پێشکەوتنە مرۆییەکان بکریٚ، ئەویش دیارکردنی زنجیرەی چاخی پێشینەکانی ئێمەیە، لە بەرایی و نوێیەکان، کە توانیویانە بە هۆی بازدانە یەك لەدوای یەکەکانیان بە پێی توانا ئاڵوگۆڕی و تۆمارکردن و گێڕانەوە و بڵاوکردنەوەی زانیاریان بەدەستیان هێناوە. ئەم بازدانانەش، بەر لە هەر شتێکی دیکە، وایان لەو جۆرانەی ئادەمیزاد کرد، کە لەماوەی چەند سەردەمێك پەیدابوون توانای پێشکەوتنیان لە تێهزرین و داهێنان و کۆکردنەوەی ئەو چارەسەریانە هەبیٚ، کە بەهۆی گرفتەکانی ژیان پێیگەیشتبوون و دوای ئەوە توانای گواستنەوەیان بۆ ئەوانی دیکە هەبیٚ.

تێڕوانین لە پێشکەوتنی رەگەزی مرۆیی لە سۆنگەی سەردەمی گەیاندن و زیادکردنی ئاڵۆزییەکانی، مانای ئەوە ناگەیەنیٚ، کە بابەتەکانی دیکە گرنگ نین. زانیاری پەیداکردن لەسەر ئەو سەردەمەی کە مرۆڤ یان جۆرێك لە مرۆڤ توانیویەتی بەبەرد لە گیانلەبەرەکان بدات لەبری ئەوەی بە جۆرە بەردێکی رەق لێیان بدات، یان لێدانی هەندێکیان بە داسی دروستکراو لە برۆنز نەك لە ئاسن کارێکی سوودبەخشە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو پێشکەوتنە گرنگ و بەرچاوەی شارستانییەت، ئەوەی کە مرۆڤی کۆن لە ماوەی چل ساڵی دوایی پشتی بەست بە دەسەڵات شکانی بەسەر دەزگاکانی پەیوەندی کردن، زیاتر لەوەی پشت ببەستیٚ بەو توخمانەی بەکاریان دێنیٚ لە دروستکردنی ئامێرەکان، لە هەمانکاتدا خستنە بەر چاوی دەستهاتەکان لە بارەی بارودۆخی شارستانییەتی مرۆیی کارێکی ئاسان نییە بە پشت بەستن بە ئێسك و پروسکی کۆن و پاشماوەی شتە ماددییەکان. لەوەش گرانتر دیارکردنی چۆنیەتی پەیوەندی کردنی ئادەمیزادەکانە بە یەکەوە، و گرنگی ئەم جۆرە پەیوەندی کردنانە و ماناکانیانە بۆ شێوازی ژیانیان. لەگەڵ ئەوەشدا دەسەڵات شکان بەسەر دەزگاکانی پەیوەندی کردن، ئەوانەی بۆ ئەمبارکردن و گۆڕینەوە و وەرگرتنی زانیاری بەکاردێن، ئەمەیە دەبێتە

نوێنەری خاڵەکانی پێشکەوتن وگۆڕانی ناخۆش و گرنگ لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، یان هەتا لە قۆناغەکانی پێش مێژووش دەسەڵات شکانی زۆر بەسەر پەیوەندی کردنی تەواو و ورد بووەتە هۆی بەرزبوونەوەی پێشکەوتنی تەکنیکی ئاڵۆز، هەمان شتیش بۆوەتە هۆی کۆکردنەوەی ئەفسانە و خورافات و لێکدانەوە و لۆجیك و داب و ڕێساکانی ئاکاری ئاڵۆز، ئەوەی وا لە شارستانییەت دەکا ببێتە کارێکی کردەنی.

بەم شێوەیە، لێکدانەوەی بوونی مرۆیی بە هۆی تیۆری ئاڵوگۆڕەکان، یا لێکدانەوەی زمانی قۆناغە دیارەکانی پێشکەوتنی مرۆیی زۆر گونجاوە، ئەوەی کە بۆ هەر قۆناغێکی ئەنجامی قووڵی هەبوو، چ بۆ تاك یان بۆژیانی کۆمەڵایەتی بەشێوەیەکی گشتی.

بەکورتی ئەم چاخ و قۆناغانە پەیوەست بوون بە جووڵە و نووسین و چاپ و پەیوەندی کردن بە هۆکارەکانی ڕاگەیاندن ئەوانەی ئێمە ئەمڕۆ پێیان ئاشناین. تێگەیشتن لە ئەنجام و ئاکامەکانی ئەم گوێزانەوانە لە قۆناغی پێشین بۆ قۆناغی نوێ، پاشخانێکی گرنگ بۆ پێشکەوتن و درککردن و گرنگی و ئەنجامەکانی ئەو قۆناغەی ڕەگەزی ئادەمیزاد لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا چووە ناوی دەرەخسێنێ. لە وانەیە یەکەمین قۆناغ لەم قۆناغانە سەردەمی جووڵە و نیشانەکان بێت ئەوانەی زۆر زوو دەستیان پێکرد لە سەرەتای سەردەمی بەر لە مرۆڤ و سەرەتای ژیانی مرۆڤی بەرایی، زۆر پێش ئەوەی پێشینە باڵا مامناوەندییەکانمان فێری ڕۆیشتن بن. لەسەرەتادا پەیوەندی کردن لەنێوان ئەو بوونەوەرانەی پێشووی بەر لە مرۆڤ، بە هەمان ئەو ڕێگایەبوو کە لای شیردەرەکان روویدەدا. کاردانەوە بۆماوەیی و غەریزییەکان ڕۆڵێکی گرنگیان لە وەدەست خستنی ئەم پەیوەندی کردنەدا بینی، لە کاتێکدا فێربوونی ئاکاری پەیوەندی کردن لە نزمترین ئاستی دابوو. لەگەڵ زیادکردنی لەسەر خۆیی توانای ئەقڵیش ئەم گرنگیدانە کەم بووەوە. بە ملیۆنەها ساڵ تێپەڕین بەر لەوەی توانای ئەوە هەبێ هەندێك بڕیار لەسەر ئاماژە و دەنگ و جووڵەی پێوەری بدرێ، بەو واتایەی ئەوەی لە هاوبەشی کردندا فێری بووین لە درککردن بە ماناکانی جیا دەکرێتەوە، و نەوەی داهاتوو بۆ وەدەستهێنانی ئاڵوگۆڕە بنەڕەتییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی داوای دەکات و بەکاری دێنێ، بەڵام هەموو ئەمانە نەقسە و نە گفتوگۆ نەبوون، زۆرێك لە گیاندارەکان پەنایان دەبردە بەر هاوار و بانگکردن و بەکارهێنانی جووڵە جەستەییەکان بۆ ئاماژەکردن بە مەترسییەك، یان بۆ هەبوونی خۆراکێك، یان شیمانەی پێکهێنانی خێزان، یان ڕێکخستن و گونجاندنی کرداری ڕاوکردن. لەگەڵ پێشکەوتنی توانای فێربوون بە تێپەڕینی ملیۆنان ساڵی پێشکەوتن لە قۆناغی بەر لە مرۆڤ،

وای لێهات دەزگاکانی پەیوەندی کردنی وەستاو لەسەر نیشانە و جووڵە زۆر ئاڵۆزتر و پتەو ترو پەیوەست تر بوون بە ڕێسا جێگیرەکان، هەروەها کاریگەریان زیاتر و کردارەکانیشیان توندتربوون .

کاتێك کە ڕەگەزی ئادەمیزاد چووە نێو سەردەمی وشە و زمان، پێشکەوتنێکی ریشەیی ڕوویدا، یان دەکرێ بڵێین پێشکەوتنێکی لە پڕ بوو بە پێی ئەو ماوە کاتییەی ئێمە مەبەستمانە. لێرەدا بەڵگەیەکی یەك لا کەرەوە هەیە لەسەر ئەوەی ئەم سەردەمە کەمێك درەنگ دەستی پێکردووە و لەگەڵ وەدیارکەوتنی لەپڕیCromagnon ئەمەش شێوەیەکی نوێ بوو لە بوونەوەرە ئادەمیزادییەکان، و نزیکترین پێشینیش بوو لێمان. قۆناغی قسەکردن لەماوەی نێوان ٩٠هەزار ساڵ و ٤٠هەزار ساڵی رابردوو دەستیپێکرد. بەر لە **٣٥**هەزار ساڵیش زمان وەك هۆکارێکی پەیوەندی کردن بەکارهاتووە. لەراستیدا مانای ژیانمان لا نامۆ نییە لە کۆمەڵگەیەك، کە قسەکردن تێیدا هۆکاری سەرەکی پەیوەندی کردنە. تائێستاش و، لەسەردەمی ئێستاماندا کۆمەڵگە هەن بە نەخوێندەواریی جیا دەکرێنەوە و تەنها پشت بە قسەکردن و دوان دەبەستن، وەکو نێوەندێك بۆ پەیوەندی کردن. لە راستیدا خەڵك هەموویان ئێستا لە کۆمەڵگەیەکی دوانی زارەکی دەژین، بەڵام زۆرینەیان بە هۆی نووسین و چاپکردن و هۆکارە ڕاگەیاندنە هاو چەرخەکان ئەو سنوورەیان تێپەڕاندووە .

ئەم ئاوازەش لە سەردەمە نوێیەکاندا بە خێراییەکی زۆر ڕوویدا، چونکە ڕەگەزی ئادەمیزاد تەنها ٥هەزار ساڵە چووەتە ناو سەردەمی نووسین، و داهێنانی ئەم ئامرازە گەورەیەش بەشێوەیەکی سەربەخۆ لە زیاتر لە پارچەیەکی جیهان بۆ پێشخستنی توانا مرۆییەکان بوو. بەشێوەیەکی تایبەت، چینییەکان و خێڵەکانی مایا بە شێوەیەکی سەربەخۆ پێشیان خستووە، بەڵام هەنگاوی یەکەم لە سەردەمی نووسین لەنێوان سۆمەری و میسرییەکاندا لە ناوچەی مانگی نیوە تەواوی کۆن کەچەند پارچەیەك لە تورکیا و عێراق و ئێران و میسری ئێستا دەگرێتەوە.

دوای ئەوە بەماوەیەکی زۆر تێپەڕی ئەوجا چووینە ناو سەردەمی چاپ. دەتوانین مێژوویەکی دیاریکراو دەستنیشان بکەین (ساڵی ١٤٥٥لە شاری مینزی ئەڵمانی ) هەروەك دەکرێ بەدواداچوونی شێوە سەرەتاییەکان، ئەوانەی کە لە چاپکردن دەچن، لەماوەی پێشووتری مێژوو بکرێ. بەڵام یەکەم کتێب کە چاپخانە بەرهەمی هێناوە بە بەکارهێنان و داڕشتنی کانزا بۆ دروستکردنی پیتەکان بە چەند وەچەیەکی کەم بوو بەر لەوەی کریستوڤەر

کۆلۆمبسی گەشتیار بە گەشتەکەی هەڵبستێ. تەکنەلۆجیای چاپکردن بەشێوەیەکی خێرا بەهەموو ناوچەکانی ئەوروپا بڵاو بۆوە لەوێشەوە گوێزرایەوە بۆ ناوچەکانی دیکەی جیهان و شۆڕشێکی بەرپاکرد لەرێگای پێشکەوتنی شارستانییەتمان و پاراستنی .

لە کۆتاییدا، چووینە ناو سەردەمی هۆکارەکانی راگەیاندن ئەمەش هەنگاوێك بوو سیماکانی بەشێوەیەك لە شێوەکان لە سەرەتای سەدەی نۆزدەدا دەستیپێکرد، بە دەرکەوتنی هەندێك رۆژنامە، ئەوانەی کە لەگەڵ مرۆڤی ئاسایی و گشتی دەدوێن، هەروەها هۆکارە راگەیاندنە کارەباییەکانی وەکو تەلەگراف و تەلەفۆن، رۆژنامەکانیش درێژکراوەی سەردەمی چاپ بوون، هەروەك هۆکارە راگەیاندنەکانی دیکە بۆ هەموو خەڵکی نەڕەخسابوون و نەبوون و لەلایەن خەڵکێکی زۆرەوە بەکار نەدەهێنران و ئەم هۆکارانەی راگەیاندنیش بوونە هۆی ئەو گوێزانەوە گەورەیەی ئێستا ئێمە بەردەوامی پێ دەدەین.

ئاکام و ناوەڕۆکی ئەم گۆڕانکارییە کۆتاییانەش لە کردارەکانی گەیاندنی مرۆیی، کەرەستەی سەرەکی و بنەڕەتی ئەم کتێبەن، بەڵام پێشکەوتنی مرۆڤ و زیادبوونی رۆشنبیری بەردەوام دەبێ، بۆیە ئەگەرچی لەوانەیە بێ ئامادەکاریش بووبێ، خزاینە ناو سەردەمی کۆمپیوتەر. هیچ کەسیش ناتوانێت بە باوەڕ بەخۆبوونێکی تەواوەوە ئەوە دیاریبکا، کە ئەم سەردەمە چی بۆ گەیاندن پێیە، بەڵام بەراستی ئامێری کۆمپیوتەر ئێمەی گۆڕی بۆ ئەو کۆمەڵگەیەی کە پێی دەگوترێ کۆمەڵگەی راگەیاندن. لەوەش زیاتر، ئامێرەکانی کۆمپیوتەر و ئەو تەکنەلۆژیایانەی پەیوەندیان بەوەوە هەیە، سیمای هۆکارەکانی راگەیاندنی ئێمە و فراوانی چوارچێوەکەی دیار دەکەن. بێگومان گۆڕانکاری لە کردارەکانی گەیاندنی مرۆیی لە ساڵەکانی داهاتوودا بەردەوام دەبێت. لەگەڵ ئەوەی ناوەڕۆکی ئەم گۆڕانکارییانە بەهیچ شێوەیەك لەکاتی ئێستادا روون نییە، بەڵام ئێمە بە پێی توانا لەم کتێبەدا هەوڵی چارەسەری دەدەین.

دەبێ ئەمە بە هەند وەربگیرێ کە تیۆری ئەم گۆڕنکارییانە بابەتی و کۆکردنەوەیە زیاتر لەوەی کرداری راگەیاندن بێ لە هەندێ ماوەی بە دوای یەکدا هاتوو، بەڵام تایبەتمەند و جیاواز. بەواتایەکی دیکە پێشینەکانی ئێمە بەکارهێنانی نیشانە و ئاماژەکانە کە لە کاتێکی زۆر زووەوە فێری بووین. لەگەڵ ئەوەشدا، تائێستاشی لەگەڵ بێ ئێمە ئەم نیشانە و ئاماژانە بە شێوەیەکی فراوان بەکاردێنین و دواتر زمان و ئاخاوتن و نووسینمان بۆی زیاد کرد. دوای ئەمەش چاپکردن و هۆکارەکانی راگەیاندن و دواتریش کۆمپیوتەر بڵاو بۆوە. بەم شێوەیە،

مێژووی گەیاندنی مرۆیی پێکهاتووە لە تێکەڵەیەك یان پێکهاتوویەك لە سیستەمی گەیاندن، نەك گوێزانەوەیەکی ئاسان بێ لە دەزگایەکەوە بۆ یەکێکی دیکە. بۆ ئەوەی تێگەیشتنێکی باشترمان هەبێ بۆ ئەو شوێنەوارە قووڵانەی سیستەمەکانی گەیاندن لەسەر بوونی مرۆڤایەتی دروستیان کردووە لە قۆناغی یەك بەدوای یەکدا، وا پێویستە گفتوگۆی هەریەکەیان بە جۆرێکی روون درێژ بکرێتەوە، هەروەك دواتریش روون دەبێتەوە، چالاکی ژیانی رۆژانەی ئادەمیزاد لە سەردەمێکدا کاریگەرییەکی قووڵی ئەو سیستەمی گەیاندنەی لەسەر بۆوە کە لەسەردەمی ئەودا هەبووە، یەکێك لەو پرەنسیپە گرنگانەی پێویستە تێی بگەین ئەوەیە، سروشتی کرداری گەیاندن لە کۆمەڵگەیەکدا پەیوەندییەکی تەواوی هەیە لەگەڵ لایەنەکانی ژیانی رۆژانەی خەڵك لەو کۆمەڵگەیەدا. ئەم پرەنسیپەش بۆ چەرخی تەلەفزیۆن دروستە، هەروەك بۆ چەرخی بەر لە مێژووش دروستە، کاتێك کە پێشینەکانمان گیانداری ماموسیان (جۆرە گیاندارێکە لەناوچووە وەکو فیلی ئێستابوو لە نیوەی باکووری گۆی زەوی دەژیا) لە رۆخی رووبارە بەستەڵکە گەورەکان بە تیر راو دەکرد.

بەشێوەیەکی روونتر، ئێمە مەزەندەی ئەوە دەکەین، لەگەڵ پێشکەوتنی رەگەزی مرۆیی، توانای مرۆڤیش لە پەیوەندی کردندا پێشکەوتبێت، هەرچەندیش توانای زاڵبوونی بەسەر کارەکەی زیاتر دەبوو، نوێکاری و داهێنان و تێئاخنینی وەرگرتنی چارەسەری لەوانی دیکە ساناتر دەبوو. لەگەڵ خستنە سەر و کۆکردنەوەی برێکی زۆری ئەو زانیاری و زانست و هونەرانەی کە یارمەتیانداوە تا لە ژیان بمێنێتەوە. لەلایەکی دیکەوە، ئێمە مەزەندەی ئەوە ناکەین، کە کردارەکانی پێشکەوتن لە گەیاندندا ئاسان بووبن، شێوەی زنجیرەی هەبووە و پلە بە پلە بەسیستەمێکی سەرەتایی لە دەنگ و جووڵە دەستیپێکردووە و دواتر گەیشتۆتە بەشداری پێکردنی ملیۆنان کەس بۆ تەماشاکردنی یەکێك لە یارییە وەرزشییەکان لە تەلەفزیۆن و لە رێگای مانگە دەستکردەکان. هەر بەو رێگایەی کە شێوە بایۆلۆجییە نوێیەکان لە شێوەی خاڵی دیاریکراو دەرکەوتن، بە هەمان شێوە بازدانی لە پڕو رێژەیی لە توانای مرۆڤ هەبوو لە پەیوەندی کردندا. بەر لەوەی هەوڵی وەسفکردنی ئەو گوێزانەوانە بدەین، پێویستە روو بکەینە خاڵێکی گرنگ ئەویش ئەوەیە، ئەو بەڵگە بەهێزەی لەسەر ئەو دەستهاتە هەیە، کە ئێمە بەدوای دادەچین لەباری ناوەڕۆکی دەروونی لە سەردەمی گەیاندندا، لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دیکە جیاوازە. بەڵگەی لەم شێوەیە نییە، یان لاوازە بە پێی قۆناغە سەرەتاییەکان، بەڵام بۆ قۆناغەکانی کۆتایی بە هێز و یەکلاکەرەوەیە، بۆیە بە ناچاری لایەنی زۆری شیکاریی

ئێمە خوێندنەوەیی و وەدەستهاتن دەبێت لە سەرچاوە جۆر بەجۆرەکان و سیستەمی زانستی جیاواز. پۆلینکردنێکی ورد و دڵنیا بۆ هەندێك لەو ئەنجامانەی پێیان دەگەین، بەتایبەتی ئەوانەی پەیوەندیان بە مرۆڤی کۆنەوە هەیە کارێکی ئاستەنگ لەبەر دەبێ. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم ئەنجامانە بە پێی بەڵگەی وەرگیراو لە وێنە هەڵکۆڵراوەکان و دۆزینەوەی زانایانی کیمیای ئەندامی و فیزیایی و ئەوانی تر لە تایبەتمەندەکان، دەوەستێ. هەندێکیش لەو دۆزینەوانەی پشتیان پێ دەبەستین زۆر نوێن. لەلایەکی دیکەوە، مەبەستی ئێمە پێشکەشکردنی تۆمارێکی درێژ و روون و وردی سیستەمی گەیاندنی مرۆیی نییە، بەشێوەیەك لەگەڵ هەموو کاتەکاندا بگونجێ، بەڵکو بە سادەیی ئامانج بریتییە لە پێشکەشکردنی لێکۆڵینەوەیەکی گشتی یان تیۆرێك بۆ ئەو گوێزانەوانەی بەراوردی نێوان ئەوەی ئێستا هەمانە لە جیهانی گەیاندندا و لە نێوان شێوەی بەرایی گەیاندن و، ئەو شێوەیەی گەیاندن سەپاندوویەتی لەسەر بارودۆخی مرۆڤی کۆن.

## سەردەمی جووڵە و نیشانەکان:

پێشتر ئەوەمان خستەڕوو، کە یەکەمین و دێرینترین جۆری مرۆڤ، هەتا بەر لەو جۆرانەی کە ئامێرەکانیان دروستکردووە، لەوانەیە کرداری گەیاندنیان بەهۆی هۆکارگەلێك ئەنجامدابێ هاوشێوەی ئەوەی ئێستا بێ، کە گیاندارە باڵاکان ئەنجامی دەدەن. واتا لە رێگای ئاخاوتنی ناحاڵی و هەستان بە جووڵە گەلی جەستەیی کە جووڵە و نیشانەی درکپێکراو لەلایەن رەگەزەکەی خۆی دروست دەکات. لە قۆناغێك لە قۆناغەکان، فێربوون وای لێهات بەبێ گومانی رۆڵێکی زۆر گرنگ لە وەدەستخستنی توانا بۆ تێگەیشتن و هاوبەشی کردن لە سیستەمی ناوچەیی جووڵە و نیشانەکان، بگێڕێ. ئەوەی کە هەموو خێزانێك یان کۆمەڵگەیەك پێی دەگەیشت. توانای فێربوونیش زیادی کرد، لە هەمان ئەو کاتەی قەبارەی مێشکی ئادەمیزاد بەپێی قەبارەی جەستەی زیادیکرد، بەڵام سنووری نوێکاری و خستنە سەری شارستانی پێشینە بەراییەکانی ئێمە هەرچۆنێك بێ، بەڵگە هەن ئەوە دووپات دەکەنەوە، ئەوان زمانی گفتوگۆیان بەکارنەهێناوە کە پێویستی بە کامڵی پێکهاتەی دەنگی ورد و لێهاتوو هەیە[٢].

شیمانەی سەرەکیش بەپێی ئەو بەڵگەی لامانە و لەسەری کۆکین ئەوەیە، جۆرەکانی مرۆڤی بەرایی، کاری گەیاندنیان لە رێگای چەند دەنگێکی دیاریکراو ئەنجامداوە، ئەو

دەنگانەی مرۆڤ لە توانای دابووە لەلایەنی جەستەیی و سروشتی دەریان ببڕێ، وەك ژاوە ژاو و هاوار و لاواندنەوە و قیژەکردن لەگەڵ زمانی جەستە، ئەوەی شیمانەی ئەوەی لێدەکرێ جووڵەکان دەست و بازو و دۆخ و جووڵە گەورەکانی دیکە بگرێتەوە. دوای ئەمە بە تێپەڕبوونی کات ئەم توانایانە باشتر پێشکەوتن رووەو شێوازی ئاڵۆز و زیاتر رووە و کارەکی و وردی لە گەیاندندا چوون، لەسەر بنچینەی بنەمای هاوبەش بۆ روونکردنەوە و تێگەیشتن. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم شێوازانە پێش نەکەوتن و پەرەیان نەسەند بۆ سیستەمی گفتوگۆی زمانی لەو جۆرەی ئێستا ئێمە پێی ئاشناین، لەوەش زیاتر ئەگەر دەستهاتەکانمان راستبان، ئەم شێوازانە ریگایان بە پەیوەندی کردن و بە پێشکەوتنی شارستانی گەورە و خێرا نەدەدا. ئەو پەیامە ئاڵۆزانە کە ئادەمیزادی پێشین دەیانتوانی لە نێوان خۆیان ئاڵوگۆڕی پێبکەن سنووردار بوون، لەوانەشە گرنگییەکەی زیاتر لەوە دابێ، ئەو ئادەمیزادانە توانایەکی سنوورداریان هەبوو لەوەی پەیوەندی بەو رێگایەوە هەبوو، کە بتوانێ ئەم جۆرە سیستەمە بۆ پێویستی ((پەیوەندی کردنی ناوخۆیی )) یان ئەو وێنە زەینییانەی دەیان ورووژێنێ و ئەو هزرانەی لای خاوەنەکانیان دروستدەبن بەکاربێنێ.

بۆ ئەوەی توانای زیاترمان لە وێنا کردن هەبێ، ئەمە روونە، کە توانای گەیاندن لە رێگای جووڵەکانی دەست و بازو هەبوو بەبێ پشت بەستن بە وشەی دەربڕدراو ئێمەش ئەمە بە درێژایی کات لە تەلەفزیۆندا دەبینین، کاتێك کە ناوبژیوانی یاری بە دەستەکانی بۆ ئاماژەکردن بۆ ئۆفسايد، یا بوونی گێچەڵێك، یان کۆتایی هاتنی کاتی یارییەکە هێمامان بۆ دەکات، بەم شێوەیە مرۆڤیش دەتوانێ زۆر بە سانایی خەیاڵی ئەو خەڵکانە بکا، کە لە پێش مێژووەوە ژیاون، کاتێك کە جووڵەی هاوشێوەیان بۆ گونجاندنی کرداری راوکردن و روونکردنەوەی ویست و بیروباوەڕەکانیان بەکاردەهێنا.

بەڵام مرۆڤ پێویستە پرسیار بکا: بۆچی ئەو خەڵکانە بە ئاسانی نە ئاخاوتن؟! لەگەڵ ئەوەی دەیانتوانی دەنگەکان دەربکەن، لەم دواییانەشدا ئەم پرسیارە بووە رۆژەڤ لە رێگای لێکۆڵینەوەی لێکۆڵەرەوان لە زانستی بنچینەی مرۆڤی کۆن، ئەوانەی لێکۆڵینەوەیان لەسەر کەللە سەرەکان و پاشماوەکانی دیکەی مرۆڤی پێش مێژوو کردووە. گرنگترین شتیش کە پێی گەیشتوون ئەمەیە، مرۆڤی کۆن هاوبەشی هەبووە لەگەڵ تەواوی شیردەرە سەرەکییەکانی دیکە لە هەندێ خەسڵەتی شیکاری وەکو قوڕگ یان سندووقی دەنگ، چونکە قوڕگی مرۆڤ لەگەڵ هاوشێوەکەی لای مەیمون وەکو یەکە. پێوانە وردەکان بۆ کەللە سەری مرۆڤی بەرایی

لەو نموونانەی کۆمپیوتەر پێیگەیشتووە بە پێی درێژی زمان و وێناکردنی ئەو شێوەیەی کە شانە نەرمەکانی چواردەوری لەسەر بووە، ئەوە ڕووندەکاتەوە کە شوێنی قوڕگ و سندووقی دەنگ ڕێگایان بە پێشینە بەراییەکانمان نەدەدا تا ئەو هەموو دەنگە زۆرانە دەربڕن، کە پێویست بوون بۆ پێشخستنی قسەی مرۆیی [٣]. بە مانایەکی دیکە، ئەو ئادەمیزادە پێشینانە، بۆیە قسەیان نەکردووە، چونکە لەلایەنی ئەندامی و جەستەیی نەیانتوانیوە ئەم کارە بکەن. هەمان شتیش لەسەر گیانلەبەرە باڵاکان (شیردەرەباڵاکان)ی ئەمڕۆ پەیڕەو دەکرێ. مەیمون و شامپانزییەکان ناتوانن فێری لاساییکردنەوەی قسەی ئادەمیزاد بن، چونکە پێکهاتەی دەمارییان و شیکاری جەستەیان لەگەڵ ئەم ئەرکەدا ناگونجێ. ئەمەش مانای وانییە لەم سەردەمەدا مەیمونەکان ناتوانن پەیوەندی بکەن، یان مرۆڤی کۆن لە سەردەمی خۆیدا نەیدەتوانی ئەم کارە بکا، هەردووکیان بەشێوەیەکی ڕێژەیی ئاکاری گەیاندنیان ئەنجامداوە.

هەرچۆنێك بێ، ئادەمیزادە پێشینەکان زاڵبوون و سنووری گەیاندنیان بەزاند، ئەوەی کە پلەی گیانداری باڵای وەکو مەیمون و شامپانزی لێی دەوەستن لە سەردەمی ئێستاماندا. ئەوان دەیانتوانی دەنگ دەربکەن و جووڵەی دەست و دەربڕینی دەموچاو و جووڵەی جەستە و بارە جیاوازەکانیان هەبوو، بۆ مانادان بە هزرەکان بەپێی ڕێساو چەمکە هاوبەشەکانی ماناو وردەکارییەکان، بەڵام ئەمە، هەتا لە چاکترین باریشدا، نموونەیەکی بەرایی و لەسەر خۆی گەیاندنە بەبەراوردکردن لەگەڵ قسەی مرۆڤی وەستاو لەسەر زمان. ئەمەش زیاتر گەیاندنی ئاڵوگۆڕ و دوور و درێژ و لە تواناداا نەبووە بەهۆی چەند هۆکارێك کە دواتر لێیان دەدوێین.

بۆ ڕوونکردنەوەی هەندێك سیستەمی وەستاو لەسەر نیشانە و جووڵکان، بەسادەیی دەتوانین وێنای دوو جۆر بوونەوەری مرۆیی کۆن بکەین، کە هەوڵی گەیاندنی ناوەڕۆکی یەك پەیام دەدەن. یەکێك لەو کۆمەڵانە توانای بەکارهێنانی دەنگ و جووڵەی جەستەی هەیە. کەسێك لە کۆمەڵەی یەکەم بەباڵا دەستی تەواوی لەسەر قسەکردن دەتوانێ پەیامەکەی بگەیەنێ و ئەوەی لە خوارەوە دێ لە هەشت چرکە تێناپەڕێ کە دەیڵێ:

ئێوارە ڕاوکەرێکی گەنجم بینی

پۆشاکێکی فەرووی لەبەر بوو، کێردێکی درێژیشی پێ بوو

بەدوای مامزێك ڕووە و چاڵێکی ئاو ڕایدەکرد

ئەو گوێگرەی وشە و بوونیادی ڕستە و ڕێزمانی زمان دادەنێ، هیچ ئاستەنگێك لە ڕاستەوخۆ وەرگرتنی مانای مەبەستدار نابینێ، لەم پەیامەدا هەتا لە دەمی دەربڕینی

قسەکەدا بەبێ وەستان تێدەگا. بەو مانایەی ئەو وەری دەگرێ و تێیدەگا، لە هەمان ئەو کاتەی قسەکەرەکە دەیگوازێتەوە.

بە پێچەوانەی ئەمە، کەسانی خاوەن گەیاندن و پەیام لە کۆمەڵەی دووەمدا، ئەوانەی هێشتا لەسەردەمی نیشانە و جووڵەکان دەژین دەبێ هەمان پەیام بگەیەنن بە ڕێگایەکی پتر ماندووکەر و ...نیشانە و جووڵەکانی جەستەو گرژی دەموچاو و دەنگەدەنگی هاوار وەکو نیشانەیەك بۆ هەموو هزرێکی دابڕاو بەکاردێنێ. لەوانەیە لەسەر ئەو کەسەش دابەشکردنی ناوەڕۆك بۆ هەنگاوی لێك جودا پێویست بێ. لەو کاتەشدا گواستنەوەی پەیامەکە لە پەند نزیك دەبێتەوە، کە وێنای پارچەی دیاریکراو دەکات و وەکو ((پانتومیوم)) وایە، کە داوا لە کەسی بەشداری یارییەکە دەکات پێی بڵێ کامە هەوە. گەیشتنی پەیامەکەش بە قۆناغ و هەنگاوی لەیەك جودا دەبێ و دواتر هەموو کردارەکە تەواو دەبێ، لایەنی کەم لەسەر ئەم شێوەیەی دێ لەگەڵ هاوار و جووڵەی تایبەت بە هەر بەشێك و وەستان لەسەر هەر بەشێك بۆ ئەوەی بزانرێ ئایا ئەوەی دەیڵێ روونە:

راوکەرێکم بینی
ئێوارە بینیم
پۆشاکێکی فەرووی لەبەر بوو
کێردی گەورەی پێ بوو
راوکەرەکە رایدەکرد
رووەو مامزێك رایدەکرد
مامزەکە لە نزیك چاڵێکی ئاو بوو

بۆیە هیچ گومانی تێدا نییە، کە هەر سیستەمێکی پێشکەوتووی جووڵە و نیشانەکان دەتوانێ ئەم پەیامە لە خۆ بگرێ، بەڵام دەبێ تێبینی ئەوە بکرێ گواستنەوە یان پێگەیشتنی هەر بەشێك، بۆ هەر نۆرەیەك ماوەیەکی زۆر زیاتر دەخایەنێ و لە هەمانکاتیشدا کۆی ناردن و وەرگرتنەکان بەشێوەیەکی گشتی هێواشتر دەبن. ئەمەش بە گوێرەی پەیامەکەی پێشوو گرفت نییە، چونکە تا رادەیەك کورت بووە، بەڵام پەیامی درێژ و ئاڵۆز و راپۆرت و چیرۆك دەبنە ئاریشەی راستەقینە و ماندووکەر بۆ هەر سیستەمێکی گەیاندن کە لەسەر ئەم ڕێگا پارچە پارچەیە بڕوا، بەتایبەتی لە چوارچێوەی بیرهات کە خۆی بۆخۆی دەبێ بە ئاریشە. دەروونناسان ئەمڕۆ دەزانن خەڵکی ئاستەنگیان دێتە پێش (هەمان شتیش لەسەر مرۆڤی

سەرەتایی پەیڕەو دەکرێ، ئەوەی کە مێشکێکی بچووکی هەبوو) لە وەبیرهاتنەوەی سەرەتای پەیامە درێژ و هێواشەکان، چونکە لەو کاتەی کە پاژی کۆتایی لە پەیامەکە دەگا، ئەم خەڵکانە لە وەبیرهاتنەوەی پارچە سەرەتاییەکان ئاستەنگ دەبینن. هەرچەندیشە پەیامەکە درێژتر بێ، ئاستەنگەکە زیاتر دەبێ.

بەشێوەیەکی گشتی، ئەوانەی ناتوانن قسە بکەن سنووردارییەکی گرنگیان هەیە لەوەی پەیوەندی بەتوانای ناردن و وەرگرتنی پەیامی درێژ و خاوەن واتای لێکدراو و ئاڵۆزەوە هەیە. لە راستیدا ئەم کەموکوڕییە زۆر گرنگە، چونکە ئەو جۆرە پەیامانە ئەوانەن کە ئەفسانە و بیروباوەڕی پوچ و زانیاری ئاڵۆز و روونکردنەوەی جیهانی ماددی دروستدەکەن، و بەم شێوەیە. ئەمەش مانای وایە، بەشێوەیەکی رێژەیی پێشکەوتنی هەر شارستانییەتێکی هاوچەرخ کارێکی نەکراو بوو لەسەردەمی جووڵە و نیشانەکان دا.

دەتوانین ئەو هزرە دوربخەینەوە کە سیستەمی جووڵە بە هۆی دەست و پەنجەکان، ئەوەی کە کەڕولاڵەکان لە سەردەمی ئێستادا دەیکەن، لەسەردەمی مرۆڤی کۆندا وەکو جێگرەوەیەك بۆ زمانی ئاخاوتن بەکارهاتبێت. ئەم سیستەمە جووڵەییەش چاککردنێکی هاوچەرخە و دەوەستێتە سەر تیپی هیجا و وشە و رێزمانی پێکهاتنی رستە و رێزمانی زمانی درێژکراوە لە زمانە زیندووەکان دا. لە سەرەتادا قسەکردن و زمان هاتن، دواتر زمانی جووڵەکان وەکو ئەلتەرناتیڤێك لەکاتێکی دیکە و بۆ یارمەتیدانی خەڵکانی دەستەوەستان لە قسەکردن و گوێگرتن هات.

مانای ئەوەش بەگشتی ئەمەیە، خەڵکی لەسەردەمی جووڵە و نیشانەکاندا وایان لەسەر پێویست بوو پەیامەکانیان سادە بن و ئەو پەیامانەش بە رێگایەکی سادە و ئاسان بگوازنەوە.

بەم شێوەیە، هەروەك چۆن ئامێرەکانی مرۆڤی کۆن سەرەتایی بوون، نموونە و رێگاکانی پەیوەندی کردنیشیان قەناعەت پێنەکراو و دڵگربوون ئەگەر بێت بەراورد بکرێن لەگەڵ هۆنینەوەی زمان و گفتوگۆدا. بوونی ئەو توانا کەمەش لە پەیوەندی کردندا کاریگەرییەکی زۆری هەبوو لەسەر سروشتی ژیانی کۆمەڵایەتی (ئەوەی کە نەدەکرا پێشکەوێ) بەتایبەتی بۆ کردارەکانی تێهزرین. ئەوە چەسپاوە و جێی گومان نییە ئەو هۆکارانەی بەکاری دێنین بۆ پەیوەندی کردن لەگەڵ ئەوانی تردا هەمان ئەوانەن، کە ئێمە بۆ پەیوەندی کردن لەناو دەروونی خۆماندا بەکاری دێنین. بەواتایەکی دیکە، رێسای تێهزرین پارسەنگ دەبێ لەگەڵ رێزمانی قسە و گفتوگۆدا، چونکە هزر و تێهزرین شێوەی ناو خۆیین لە شێوەکانی زمان (٤).

بەم شێوەیە، وا پێ دەچێ هیچ ڕێگایەك نەبێ لە داننان بەوەی ئەو خەڵكانەی دەستەوەستان بوون لە پەیوەندی كردن بەزمان و قسە بە مەبەستی تێگەیشتن لەگەڵ ئەوانی تردا، لە هەمانكاتدا دەستەوەستان بوون لە ئەمباركردن و ڕاگرتنی شێوازی ئەو هزرانەی پێویستیان پێی بوو لە پەیوەندی كردنیان بەوانی تر و تێگەیشتنی ناوخۆیی بۆ واتاكان و پۆلینكردن و خوێندنەوە و بەرهەمهێنانیان و كورتكردنەوەی گشتی لە تایبەتەوە و گەیشتن بە ئەنجامی لۆجیكی و گونجاو. بەم شێوەیە، ژیانی هۆشمەندی بۆ مرۆڤ هەر بە تەنیا لە چەمكە بنەڕەتییەكان كورتكرابووەوە، ئەوانەی لەسەر سیستەمی تایبەتی جووڵە و نیشانەكان دەوەستن. بەڕاستی ئەمەش بەستنەوەیەكی ترسناكە و كلیلێكی گرنگە بۆ ئەو هۆكارەی بە هۆیەوە پێشینەكانی ئێمە بەو شێوە هێواشە پێشكەوتوون. بەم جۆرە، لەوانەیە ماوەیەكی زۆر بێ، دەشێ چەند ملیۆن ساڵێك بێ لەو ماوەیەدا جۆری جیاوازی بوونەوەری مرۆیی، ئەوەی كە بەر لە سەردەمی مرۆڤایەتی لەناو سیستەمی پەیوەندی كردنی پەیوەست بە جووڵە و نیشانەكان گەمارۆدران.

ڕەگەزەكانی شارستانییەتی مرۆییش لەو ماوە درێژەدا پێشكەوتن، بەڵام ئەم پێشكەوتنانە بە پێی پێوەری نوێ بێ مانا بوون، هەروەك بە ئاوازێكی هێمن و هەنگاوی ئاگادارەوە هاتن.

هەتا دێرینترین بوونەوەری لە مرۆڤ چوو، جیاواز بوون لە تەواوی گیانلەبەرانی دیكە، ئەو دەست و پەنجە و پەنجەی گەورەی هەبوو، كە بەرانبەر پەنجەكانی تر دەوەستا، بێجگە لەوەش مێشك یان هۆشی هەبوو، كە هەمیشە زیادی دەكردو و سەردەكەوت لە توانای فێربوون، لایەنی كەم بەبەراوردكردن لەگەڵ گیانلەبەرەكانی دیكە.

وردە وردە ...ئامێر و تەكنیك داهێنران چارەسەرەكانیشیان گوێزرانەوە بۆ نەوەكانی داهاتوو، هەروەك دەستە نزیكەكان لێیان وەرگرتن و گوێزایانەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم كارە پێویستی بە چەندین ساڵ هەبوو تا كرداری گۆڕانكاری خاوەن مەژگە ڕووبدەن.

لێرەدا ئێمە كۆنترین كاریگەری گەیاندن دەبینین. لەگەڵ ئەو جیاوازییە زۆرەی لەنێوان مرۆڤ و شێوە گیاندارییەكانی دیكەدا هەبوو، بەڵام كردارەكانی گەیاندن ئەوانەی لە سنووری دەنگ و ئاماژەی سەرەتایی و زمانی جەستە و وێكچووی ئەوان تێنەدەپەڕین، كۆت و بەندی گەورە و نەبڕاوەی دانا لەسەر تێهزرین و نوێكاری و توانای مرۆڤی كۆن. ئەنجامەكەشی ئەوە بوو بەراستی ئاواز و بواری پێشكەوتنی شارستانی زۆر هێواش بوو.

**سەردەمی گفتو گۆ و زمان:**

ئەوەی ئێمە لەبارەی مرۆڤی Cromagnon دەیزانین، یان مرۆڤی ئەشکەوت، ئەوەی کە لە قۆناغی پێش مێژوو ژیاو ئێسك و پروسکی لە ئەشکەوتی کرۆمانیۆن لە فەرەنسا دۆزرایەوە، زۆر زیاترە لەوەی ئێمە لەبارەی هەر شێوەیەکی دیکەی مرۆڤی کۆن، ئەوەی گفتوگۆمان لەسەر کرد، دەیزانین. ئەم جۆرە مرۆڤە لە سەردەمە کۆنەکەیدا بە لێهاتوویی و جوانی و وردەکاری لەبەرد و جۆرە بەردێکی زۆر رەق ئامێرەکانی خۆی دروستکرد. هەروەك هەڵکۆڵینی نموونەی وردی ئەنجامدا بۆ گیانلەبەر و ئادەمیزاد لە ئێسك و بەرد و عاج و کەرەستەی دیکە. لەوەش گرنگتر ئەو تابلۆیانەن لەسەر دیواری زۆرێك لە ئەشکەوتەکان مرۆڤی کرۆمانیۆنCromagnon لەو شوێنانەی لێی ژیاوە، بەجێیهێشتوون. لە ئیسپانیا و باشووری فەرەنسا هەزارانی لێ دۆزرایەوە، کە بەراستی هەندێکیان پارچەی هونەری دڵرفێنن لە بارەی شێوەکاری و رەنگ، بە پلەیەك دەکرێ بەراورد بکرێن لەگەڵ گەورەترین داهێنانی هونەرمەندە هاوچەرخەکان. هەروەها مرۆڤی کرۆمانیۆن گیانلەبەری (بیسون)ی وێنە کێشاوە، کە گیانداریکی کێوی ئەمەریکییە و لە گا دەچێ. هەروەها گیانداری ئاسکی کێوی، کە جۆرێکە لە نێرییەکان و جیا لەوانەش گیانداری تر هەبوون، کە راوی دەکردن. هەروەك پۆشاکەکانی خۆی لە پێست دروستکردبوو، و تەکنیکی وەدەستهێنانی قوڕی سوورکراوەی بە بەکارهێنانی ئاگر دۆزییەوە.

لەوانەیە وێنەکانی کرۆمانیۆن یەکەمین هەنگاو بووبن بۆ ئەمبارکردنی زانیاری، ئەو وێنانەی لە شێوەی یەکەمی نووسین دەچوون.

لەوەش گرنگتر مرۆڤی کرۆمانیۆن ئێسکە پەیکەری کەللەی سەر و زمان و قوڕگ و (سندوقی دەنگ)ی هەبوو، کە بەتەواوی لەوە دەچێ، کە مرۆڤی هاوچەرخ هەیەتی. روونیشە توانای قسەکردنی هەبووە، گومانێکی بچووکیش دەکرێ کە قسەی کردبێ.

بەم شێوەیە، دەردەکەوێ کە زمان یان گفتوگۆ، لەماوەی نێوان **٣٥**هەزار ساڵ تا ٤٠هەزار ساڵی رابردوو لە نێوان بوونەوەرە مرۆییەکان و ئەوانەی لە لایەنی جەستەییەوە لە رەگەزی ئادەمیزادی ئێستا دەکەن سەریهەڵداوە.

ئێستاش با بزانین ئەو ئەنجامانە چین، کە لەسەر گواستنەوە بۆ سەردەمی قسەکردن و زمان داندراون ؟ پێشتر تێبینی ئەوەمان کرد کاتێك کە مرۆڤی کرۆمنیۆن بۆ یەکەم جار لە ناوچەیەك وەدیارکەوت، لە راستیدا مرۆڤی ئەشکەوتی ناسراو بە نیاندرتال لە هەمان شوێندا

هەبوو لەلایەنی جەستەییشەوە، مرۆڤی نیاندرتال زۆر بە هێزتر بوو، بۆیە سروشتی بوو ئەگەر رکابەری یان ململانێ لەنێوانیاندا لەسەر مانەوە دروستبووبێ. گومانێکی بچووکیش هەیە کە هەردووکیان لەیەککاتەدا راوکەری لێزان و زیرەك بوونە. ئامێری زۆر چالاکیشان دورستکردبوو. هەردوو لاش مردووەکانی خۆیان کە هەندێك شتیان لەگەڵدابوو لە گۆڕنا (ئەمەش ئاماژەیە بۆ بەشداری لە بیر و باوەڕیان بە بوون و ژیانی کۆتایی دوای مردن). بە کورتی هەردوو جۆرەکە لەسەر رێگایەکی نەخشە بۆ کێشراو بوون رووەو زنجیرەیەك لە پێشکەوتن، بە ئاسانیش دەکرا بێن بە مرۆڤی پێشین بۆ مرۆڤی هاوچەرخ. بەڵام مرۆڤی نیاندرتال لەناوچوو .

ئێستا پرسیارەکە ئەمەیە... بۆچی مرۆڤی کرۆمانیۆن گەشەی کردوو پێشکەوت و مرۆڤی نیاندرتالیش لەناوچوو ؟ هەندێك دەڵێن پێکهێنانی خێزان لەنێوان کرۆمانیۆن و نیاندرتال روویداوە، بەڵام بەڵگەیەکی دڵنیاکەر لەسەر ئەم بابەتە نییە. هەروەك لەوانە نییە جەنگ لەنێوانیاندا بەشێوەیەکی رێکخراو هەڵگیرسابێ، لەو رووەی کە هیچ بەڵگەیەك نییە ئاماژە بە روودانی جەنگ بکا. لێرەدا دەستهاتێکی زۆر چاکتر هەیە ئەویش ئەمەیە توانای مرۆڤی کرۆمانیۆن لە پێشخستنی زمان و ئاخاوتنەکەی جوداکەرەوەیەکی گەورەی پێ بەخشی لەسەر هاوسێکەی. زمانەکەشی هانی دانانی پلان و راوکردنی بەشێوەیەکی چاکتر و بەرگریکردن لە خۆی بە چالاکییەکی زیاتر و قۆستنەوەی چاکترین شوێنی راوکردنی پێبەخشی کە پێشتر تایبەت بوو بە مرۆڤی نیاندرتال. کرۆمانیۆنەکان رێگاکانی پاشەکەوت کردنی خۆراك و گەرمکەرەوەیان لە زستاندا و زاڵبوون بە سەر ئاستەنگەکانی ژیان لەو ژینگە ناخۆشەدا داهێنا و دواتریش بۆ نەوەی دوای ئەوان گوێزرایەوە. لە هەمان کاتیشدا مرۆڤی نیاندرتال بەردەوام بوو لە ژیان لەسەردەمی جووڵە و نیشانەکان بە هەموو ئەو مانایەی هەیەتی لە کۆت و بەند و سنووورداری. دواتر کە لە کۆتایی چاخی بەستەڵەك گۆڕانی گەورە لە ئاووهەوا روویدا، مرۆڤی نیاندرتال نەیتوانی لەگەڵ بارودۆخی نوێ خۆی بگونجێنێ.

بە تێپەڕینی سەدەکان، کرۆمانیۆن لە گەشەکردن بەردەوام بوو. وشکیش لەو ناوچەیە زیادیکرد، کە ئەو جۆرە مرۆڤەی تێدا دەژیا. وای لێهات ژیانی راو و کۆکردنەوەی ئەو بەروبوومەی لەسەری دەژیا قورستر بێ، بۆیە کرۆمانیۆن گەڕایەوە بۆ ناوچەی مانگی نیوە تەواو بە درێژایی هەردوو روباری دیجلە و فورات لە رۆژئاواوە تا بە کەنارەکانی دەریای ناوەڕاست دەکا و لە باشووریشەوە تا دەگاتە رووباری نیل. لە سەرەتادا مرۆڤی کرۆمانیۆن

دەستیکرد بە کۆکردنەوەی دانەوێڵەی کێوی و لەسەر بەروبوومە خۆرسکەکان دەژیا هەروەك پێشتر لەسەریان راهاتبوو، بەڵام زیاتر گۆڕانی ئاووهەوا ئەم شێوازەی ژیانی ئاڵۆزتر کرد. دواتر بە شێوەی پلەیی، کرۆمانیۆن دە هەزار ساڵ بەر لە لەدایکبوونی عیسا ئەو رەگەزە جیاوازانەی دۆزییەوە، کە پێویستی پێیان بوو، بۆ ئەوەی وەکو شینایی کەرێك یان جوتیارێك بژیی. لە سەرەتادا مەسەلەکە جۆرێك لە کشتوکاڵ کردنێکی سروشتی بوو، واتە چاندنی تۆو دواتر لە کاتێکی تردا گەڕانەوە بۆ رنینی ئەوەی لە شیناییەکان پێگەییوە. لە هەمانکاتیشدا بەخێوکردنی گیانداران و راگرتنیان پەیدابوو، ئەمەش هەر کردارێکی هەڕەمەکی بوو. سەگ یەکەمین گیانلەبەر بوو، کە راگیرا و دواتر وڵاخەبەرزە و مەڕ و بزن و دواتریش پەلەوەر. لە ماوەی پاژی یەکەمی ئەم قۆناغە، مرۆڤی کرۆمانیۆن لەنێوان کشتوکاڵ و کۆچکردن دابوو. لە ساڵی ٦٥٠٠پێش زایین، ژیانی کشتوکاڵی بەردەوام و گوندی چەسپاو دەستیپێکرد و بوونی مرۆڤیش پتر ئۆقرەی گرت و ئاسایش و رێکوپێکی پتر بوو. خەڵکی تەمەنیان درێژتر و رووبەری کۆمەڵگە جێنشینەکان زیاتر بوو.

هەرچی پێشکەوتنی شارستانییە، ئەوا بە ریتمێکی خێرا روویدا، ناوچەی مانگی نیوە تەواو بە شاری کۆن و پاشماوەی شارستانییەتەکانی پێش مێژوو داپۆشرابوو. خەڵکیش هەر بەتەنیا فێری کارکردن لە زەوی و راگرتنی ئاژەڵان و پەرستنی خواوەندەکان نەبوون، بەڵکو تەکنیکی خاوەن وردەکاری زیادیان داهێنا، لەوانە بەکارهێنانی کانزاکان و چنین و دروستکردنی عەرەبانە و پیشەسازی قوڕی سوورکراوە. ئەو خەڵکەش کاتی بێ کاریان هەبوو بۆ داهێنان و نوێکاری و تێهزرین، بەڵام ئەوان هێشتا نەیاندەتوانی بنووسن. کەچی خودی زمان زیاتر رەنگاو رەنگییەتی بە خۆیەوە بینی. بە چەسپاندنی رێگای نوێش بۆ قسەکردن زمان پێشکەوت، لەو کاتانەی کە لە ناوچەی نوێ بڵاودەبوونەوە و دووچاری کێشەی نوێ دەهاتن و بەسەریدا زاڵدەبوون. نەوە دوای نەوەش دەسکاری زمانی پێشینەکان دەکراو، زماننـاسانیش بە ژمارەیەکی زۆری وشە گەیشتن کە نزیکە ٥٠ وشەی بەر لە مێژوون، لە زۆرێك لە زمانە نوێکان کە توانرا بە دواداچوونی بۆ دواوە بۆ بکرێ تا ٥ هەزار ساڵ پێش زایین ((واتا لە ٧هەزار ساڵی رابردوو)) بۆ گەیشتن بە چاوگە هاوبەشەکەی(٥).

ئەوەش بنەچەی خێزانی هیندۆ ئەوروپییە بۆ زمانەکان. دەتوانین بڵێین ئەم چاوگە هاوبەشە لە کۆتاییدا بوو بەو زمانەی، کە کرۆمانیۆنەکان لە بنچینەدا پێشیان خست. هەر چۆنێك بێ

هیچ دەمەقالێیەك لەسەر ئەوە نییە، کە پێشکەوتنی ئاخاوتن و زمان وایان کرد ڕوودانی بازدانی گەورە لە پێشکەوتنی مرۆیی کارێکی کردەنی بێت.

بە کورتی .. ئەو وانە گرنگەی کە پێویستە فێری ببین لەو چاوخشاندنە خێرایەی سەر پێشکەوتنی ئاخاوتن و زمان، ئەوەیە ئەم شێوەیە لە ئاکاری مرۆییدا ئەنجامی قووڵی هەبوو جا چ بە پێی تاکەکان بێ یان بەپێی کۆمەڵگە. توانای بەکارهێنانی زمانیش نەبووە هۆی گۆڕانی گەورە، بەڵام بە دڵنیاییەوە یارمەتی بوونی مرۆییدا بۆ ئەوەی هەنگاوی گەورە بۆ پێشەوە بهاوێژێ.

لە ڕاستیدا وشە و ژمارە و هێماکانی دیکە، لەگەڵ ڕێزمانی زمان و لۆجیك، یارمەتی دەری ڕەگەزی ئادەمیزاد بوون لە تواناداری ئەم ڕەگەزە بۆ گونجان لەگەڵ ژینگە سروشتیی و کۆمەڵایەتی، بە هۆکارگەلێك کە بەهیچ شێوەیەك لە سەردەمەکانی ڕابردوو، کە سەردەمی جووڵە و نیشانەکان بوون نەخرابوونە بەر چاو. لەکاتی توانادارێش بۆ دروستکردنی هێماکان تاکەکان توانای پۆلێنکردن و وەرگرتن و شیکردنەوە و داهێنان و وردی بیرکردنەوەیان پەیداکرد. هەروەها وایان لێهات بتوانن شتیان بیربێتەوە و بیگوازنەوە و بیگەیەنن، یان وەریبگرن، هەروەها توانیان لە پەیامی درێژو ئاڵۆز بگەن بە پلەیەك پێشتر وێنەی نەبووە و، بە بەکارهێنانی شێوەکانی پێشوو پەیوەندی کردن کارێکی نەکردە بوو. بە کورتی، گۆڕانی پەیوەندی کردن لە هۆکارەکانی ترەوە بۆ پەیوەندی کردن بە هۆی گفتوگۆکردن و زمان، بواری ڕوودانی دەسکاری سەرنجڕاکێشی بۆ بوونی مرۆیی ڕەخساند، وەك ئەوەی زۆرێك لە کۆمەڵگەی پارچە جیاوازەکانی جیهان لە شێوازی ژیانی ڕاوکردن و کۆکردنەوەی بەروبووم گوێزایانەوە بۆ گەشەپێدانی شارستانییەتی گەورە. هەرچەندە زمان بەتەنیا هەموو ئەمانەی ئەنجامنەداوە، بەڵام ڕوودانی گۆڕانکاری لەم جۆرە بەبێ زمان کارێکی نەکردە بوو.

### سەردەمی نووسین:

ملیۆنان ساڵی ویست تا ڕەگەزی مرۆیی توانای پەیداکرد زمان بەکاربێنێ، چەندین سەدەشی ویست تا وای لێهات نوسین بوو بە یەکێك لە ڕاستییەکانی ژیانی مرۆڤ، ئەم ماوەیەش لەڕووی ڕێژەییەوە زۆر کورتتربوو لەوەی پێشوو.

چیرۆکی نووسین، چیرۆکی گوێزانەوەیە لە نووسینی وێنەیی یان وەسفکردنی وێنەیی بۆ ڕێکخستنی زانستی دەنگەکان و گواستنەوەیە لە دەربڕینی هزرە ئاڵۆزەکان بەهۆی دەربڕینی

وێنە یان هێلکارییەکان بۆ بەکارهێنانی تیپی سادە بۆ دەربڕینی چەند دەنگێکی دیاریکراو. کۆنترین هەوڵدانیش بۆ تۆمارکردنی زانیارییەکان تا بتوانرێ دواتر بیربهێنرێنەوە ئەو هێلکارییە وردانە بوون، کە بۆ گیانداران کێشرابوون، لەگەڵ دیمەنی راوکردن لەسەر بەردەکان، کە یەکەمین نێوەند بوو زانیاری لەسەر تۆماربکرێ. پێشتر تێبینی ئەوەمان کرد، کە مرۆڤی کرۆمانیۆن لەسەر دیواری ئەشکەوتەکان وێنەی سەرنجڕاکێشی داهێناوە و رەنگە نێوەندی دیکەشی بەکارهێنابن، بەڵام نەیانتوانیوە بمێننەوە و بە ئێمە بگەن.

## نووسینی وێنەی زانراو (زاراوەیی)؛

وێنەی رووداوەکان نوێنەری پێشڤەچوونن بە گوێرەی ئەوانەی پێش خۆیان، مادامەکی توانیویانە لە هێماکان بکۆڵنەوە و لێیان تێبگەن، کە ئامانج لێی گەیشتنی زانیارییەکان بووە پێیان، بەڵام ئەم بیرۆکەیە بەئاسانی نەهاتۆتە دی، بەڵکو لەوانەیە هەزارانساڵی خایاندبێ. لە راستیدا وێنەکان خاوەنی هێماو ئاماژەیەك نەبوون، کە هەموو لەسەری کۆك بن و نرخەکەی سنوورداربێ وەکو توخمێکی یارمەتی دەر لە کرداری گەیاندندا. راستییەکەی، کلیلی ئەو هۆکارە نوێیە بۆ گەیاندن پەرەپێدانی واتای پێوانەیی یان زاراوەیی بوو، کە هەموو لەسەری کۆك بوون بۆ ئەوەی بە نووسینی وێنەیی دەری ببڕن.

دواتر، ئەوە هەنگاوی یەکەم بوو لە پەرەپێدانی نووسیندا، بەڵام تادوای ماوەیەك لە جێگیربوونی پێویستی خەڵك بوو، بۆ تۆمارکردنی سنووری زەوی و موڵکەکان و چالاکی بازرگانیش بووە هۆی زۆربوونی پەیوەندی کردن لە نێوان میللەتە جیاوازەکاندا، لێرەشەوە بۆ کردارەکانی کڕین و فرۆشتن لەنێوانیاندا پێویستیان بە تۆمارکردن بوو، هەروەها کۆمەڵێ کەلوپەلی دیکەش پێویست بوو بپارێزرێن لە بواری کشتوکاڵ دا و نووسینیش یەکێك بوو لە پێویستییەکان بۆ دابینکردنی ئەو کەلوپەلانە. بۆ نموونە بەدواداچوونی سەرچاوەی ئاوی رووبارەکان وەکو رووباری نیل و بزاڤی زەنگی ئاسمانی کە چارەنووسی وەرزی کشتوکاڵ و داهات دیاریدەکات پێویستی بوو، بۆیە کارێکی لەپڕ نەبوو، کە نووسین بۆ یەکەمجار لەلای سۆمەری و میسرییە کۆنەکان دەستپێبکات کە ئەمانە یەکەمین ناوچەن کشتوکاڵیان تێدا کراوە.

لە دەوروبەری (٤٠٠٠) ساڵ پێش زایین، ئەو نەخشانە دەرکەوتن، کە واهەست دەکرێ بە مانایەکەوە پابەند بن، ئەمەش لە وڵاتی نێوان دوو رووباران و میسر روویدا. بە شێوەیەکی

گشتی ئەو نەخشانە عیبارەت بوون لە وێنەی سەرەتایی کێشراو یان هەڵکەنراو لەسەر دیواری ماڵ یان رووی هاوشێوەی ئەو، لە ماوەیەکی کورت و رێژەیی لە کاتەدا، بوو بە دارِشتنی واتا، یان بە دانانی شێوازێکی زاراوەیی یا هاوەدەنگ لەسەری بوو بە حەقیقەتێکە هەڵکەوت. بۆ نموونە وێنەیەکی سادەی هەڵاتنی خۆر مانای رۆژ، وێنەی تیر و کەوان واتا راوکردن و وێنەکێشانی مرۆڤ واتا پیاو، و چەماوە واتا دەریاچە یان رووبار.

تەواوی ئەو هێلکاری و نەخشانە نموونە بوون بۆ هێمای وێنە بۆ کراو، کە نووسین لێیەوە پەرەی سەند. بەم شێوەیە، بوونی پەیوەندی لەنێوان چەند هێلکارییەك دەتوانێ چیرۆکێکی وەك :((پیاوەکە چۆتە دەرەوە بۆ راوکردن لە نزیك رووبار)). خاڵی سەرەکی ئەوەیە رێساکان داهێنران و دارێژران(یان بوون بە زاراوە)تا ئەو هێلکاری و نەخشانە واتای دیاریکراو ببەخشن.

ئەو واتایانە بواریان بە ئەمبارکردنی زانیاری داو وای لێهات وێناکردنی هزرەکان لە لایەن کەسێکەوە ئەنجامبدرێت و کەسێکی دیکە وەریبگرێت. هەتا مەودا و کاتیش وایان لێهات توانای زاڵبوون هەبێ بەسەریاندا. لەگەڵ نووسینی وێنەی پێوانەیی یان زاراوەیی، وای لێهات کردنەوەی هێمای پەیامەکان ئەوانەی کە لەلایەن خەڵکانی دوورەوە دەنێردران یان هەتا ئەوانەی مردووشن کارێکی کردەنی بێ. هەروەها هیچ سەرسورِمانی تێدا نەبوو، کە بە ترس و بەزەیی لە نووسین بروانێ.

میسرییە کۆنەکان پەرەیان بەسیستەمی نەخشی بەرچاوی ورد یان هێمای کەسیان پەرەپێدا. لە سەرەتادا ئەو هێمایانە هەڵکۆڵین بوون لەسەر بەرد، بەڵام بە تێپەرِینی کات وایان لێهات وێنەیان بکێشرێت و رەنگ بکرێن. هەروەها نەخشی میسری بەرچاو پەیوەست بوو بە رێسای کارتێکەری واتای پێوانەیی ئاڵۆز. سیستەمی نووسین و وێنە لای میسرییە کۆنەکان وەکو زمانی هاوچەرخی چینی وابوو، و هەبوو هێمایەك نوێنەری هزرێکی دیاریکراو یان شتێك یان چەمکێکی سنوورداربوو. بۆ ئەوەی پەیوەندی کردن بە شێوەیەکی ئاڵۆز ئەنجامبدرێ، لەسەر ئەو کەسەی، کە دەینووسی و ئەوەی پەیامەکەشی دەخوێندەوە پێویست بوو توانای خوێندنەوەی ژمارەیەکی زۆری نموونە و هێماکانی هەبێت، بۆیە لە سەرەتادا زانینی خوێندن و نووسین لە تایبەتمەندەکان کورتکرابۆوە و نووسەری نووسراوە کۆنەکان چەندین ساڵ دەیانخوێند بۆ شارەزابوون لە هەزاران هێما کە پێویستیان بوو، بۆ نووسینی نامەکان بە زمانی هیرۆگلیفی یان بۆ کردنەوەی هێماکانیان بۆ دەوڵەمەند و دەست رۆشیتووین.

## نووسین لەسەر بنچینەی گۆکردن:

سۆمەرییەکان کە میللەتێك بوون، لە باکووری کەنداوی عەرەبی دەژیان پەرەیان بە شێوەی دیکەی نووسیندا، لە وێنەی بچووکی کێشراوی سەر تەختەی نەرمی بەچڕك دەستیانپێکرد بۆ دەربڕینی هزرەکانیان. لەبەر ئەوەی کێشانی وێنە بە هەموو وردەکارییەکانییەوە کارێکی ئەستەم بوو، بۆیە ئاراستەی سۆمەرییەکان رووە و شێوازێکی یەکگرتوو لە دەربڕین بەهۆی وێنەوە زیادی کرد. بەر لەوەی کاتێکی زۆری بەسەردا تێبپەڕێ، پەنایان بردە بەر بەکارهێنانی گۆپاڵ بۆ ئەوەی وەکو ددانی کەلێن کەلێنی لێ بێ و بۆ دروستکردنی نیشانە لە چڕکەکە. بەرهەمهێنانی وێنەیەك لەو رێگەیەوە، کە بکرێ بە ئاسانی بناسرێتەوە کارێکی کردەنی نەبوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو رێگایە رێگایەکی خێراو سادە بوو، بۆ دروستکردنی وێنەی تایبەت، کە دەکرا واتای دیاریکراو لەخۆ بگرن، لێرەدا بە شێوەیەکی کارەکی وێنەی شتەکان گرنگ بوو، ناویش لەم رێگەیە نرا نووسینی بزماری(cuniform) ئەوەش هەمان ئەو ناوەیە کە ئێستا پێی دەناسرێتەوە، نموونەیەکی زۆری ئەم جۆرە نووسینەش بە ئێمە گەیشتوون بەهۆی لەبەرگرتنەوەی تەختەی لەسەر نووسراو و گۆڕینی بۆ شتێك کە لە قوڕی سوورکراوە بچێ.

گرنگترین شتێك کە وای لە سیستەمی سۆمەری کرد لە نووسیندا لەگەڵ ئەوانی دیکە جیاوازبێت ئەوەبوو، کە لە دەوروبەری ساڵی (١٧٠٠)ی بەر لە زایین سۆمەرییەکان گەیشتنە ئەوەی، کە هەر هێمایەکی پێوەری بچووك دەربڕی دەنگێکی دیاریکراو بێت لەبری ئەوەی دەربڕی هزرێك یا شتێکی دیکە بێت. نرخی ئەم داهێنانەش یەکجار گەورەبوو، و لەبری هەزاران هێمای جیاواز (هێما بۆ هەر شتێك یان هزرێك) وای لێهات هێمای کەمتر پێویست بوون، بۆ دەنگی ئەو بڕگانەی کەوشەکانیان لێ پێکدەهات. (نووسینی ئێمە کە تێیدا هەر دەنگێکی بزوێن یان نەبزوێن خۆی دەپارێزێ زۆر سادە ترە لەوەی سۆمەرییەکان پێی گەیشتبوون).

لەگەڵ ئەوەشدا بەکارهێنانی هێماو وێنە بۆ دەربڕینی بڕگەی دەنگی وشە هەنگاوی یەکەم بوو، بۆ پەرەپێدانی نووسینی دەنگی، و داهێنانێکی گەورەش بوو لە بواری پەیوەندی کردنی مرۆییدا. ئەم پێشکەوتنەش بە پلە یەك یارمەتی ئاسانی و ئاسانکاری لە زانینی خوێندن و نووسیندا. وای لێهات تەنیا پێویستی بە زانینی سەد هێمایەك یان لەو ژمارەی نزیك بوو، بۆ زانینی تەواوی بڕگە دەنگییەکانی زمان.

لەماوەی کەمتر لە هەزار ساڵ، نووسینی ئەلف و بێیی سەریهەڵداو بە خێراییەکی ڕێژەیی بە هەموو ناوچەکانی جیهاندا بڵاوبووەوە. دوای چەند سەدەیەکیش گەیشتە وڵاتی گریك (یۆنان). لەو کاتەشدا هزری بەکارهێنانی هێمای تیپەکان بۆ دەبڕینی دەنگە بزوێن و نە بزوێنەکان لەبری بڕگەی دەنگی بە تەواوی پەرەی سەندبوو. ئەوەش پێشکەوتنێکی گەورە بوو، چونکە بابەتەکە تەنیا پێویستی بە سەد هێمایەك هەبوو. ئەمڕۆش، بۆ نموونە (٢٦) تیپی هیجاییمان هەیە لە زمانی ئینگلیزیدا.

هەندێ کۆمەڵگە تووشی شکست هاتن، چونکە لەو ماوەیەدا لەسەر هەڵبژاردنێکی هەڵە وەستان. بۆ نموونە میسرییە کۆنەکان هێڵکارییەکانی خۆیانیان خۆشدەویست و لەبەکارهێنانی تیپە هیجاییەکاندا دوودڵ بوون. ماوەیەکیش میسرییە کۆنەکان تەنیا بۆ تیپە نەبزوێنەکان هێمایان بەکاردێنا، بەڵام لەسەر مرۆڤ پێویست بوو وشەکە بزانێ تا لەمانا دەنگییەکەی تێبگا بەبێ بوونی تیپی بزوێن، بۆ نموونە ئێمە لە زمانی ئینگلیزیدا دەنووسین (bidg)، و دەڵێین(building) ئەگەر ئەوەشمان لەگەڵ هەموو وشەکانی تردا کرد ئەوە کارەکە زۆر زەحمەت دەبێت. لەبەر ئەم هۆیەش بوو نووسینی میسری کۆن بە زەحمەتی مایەوە و نەیتوانی وەکو پێویست کێبرکێی شێوەکانی دیکە بکات. لە کۆتاییشدا نەوەکانی دیکەی میسر توانیان پەرە بەنووسین بدەن لەسەر بنچینەی گۆکردن، بەڵام دوای ئەوەی کارەکەیان لەدەست دەرچوو بوو.

دوای هەمە جۆرییەکی زۆر لەنێوان میللەتانێکی زۆردا، گریك (یۆنان)ەکان چاکترین کەس بوون لە پێشخستنی سیستەمی زاراوەی چالاك و سادە بۆ نووسین. لە دەوروبەری (٥٠٠) بەر لە زایین تیپی نووسینیان هەبوو لە بواری زۆر فراواندا بەکار دەهات. دوای ئەوەش تیپی نووسینی گریکی بۆ ڕۆما گواسترایەوە کە زۆر دەسکاری کراو چاکتر کرا. ئەمڕۆ ئێمە تیپی ڕۆمانی گەورە (majusculao) و بچووك (minscule). پاش چەند سەدەیەك، وامان لێهات ناویان بنێین تیپی بەرز و تیپی نزمبە پێی شوێنی لەسەر تەختەی کلیلەکانی ئامێری چاپکردن.

وای لێهات ئامێری تیپی نووسین بوو بە گرنگترین داهێنانی ڕەوگەزی مرۆیی لە هەموو چاخەکاندا، لەپاڵ داهێنانی ئامێرەکان و دۆزینەوەی ئاگر و خودی زماندا. ئەگەر ئەو تیپانەی نووسین نەبوونایە، زۆرینەی هەرە زۆری خەڵکی جیهان بەدەست نەخوێندەوارییەوە دەیانناڵاند. هەروەها ئەو پێشکەوتنە مەزنانەی زانست و هونەر و دانانی یاسا و باوەڕ وایان لێهات

بەدەست هێنانیان شیمانە داربێت، چونکە خەڵك وای لێهات بتوانن بخوێننەوە و مێژووش دەستی بە نووسینی تۆماری نووسراو کرد، بەڵام ئەمە تەنیا لەدەوری (٢٥٠) پشتێك دەبێت، ئەم ماوە کاتییەش ماوەیەکی زۆر کورت دەبێت بە بەراوردکردنی لەگەڵ حەفتا ملیۆن ساڵدا.

**-گرنگی هۆکارەکانی گواستنەوەی زانیاری هەڵگیراو.**

بابەتی گرنگ بۆ نووسینی هیرۆگلیفی و تا رادەیەکیش بۆ تابلۆ قوڕین و سوورکراوەکانی تایبەت بە نووسینی بزماری، بابەتی هەڵگرتنی نامەی نووسراو یان هەڵگرتنی لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر بوو. بەشێوەیەکی تایبەتی بەرد وەکو نێوەندێك توانای بەرگەگرتنی زەمانەی هەبوو، بەڵام گواستنەوەی ئەگەر کارێکی مەحاڵیش نەبووبێ ئەوا ئاستەنگ لەبەر بووە. لەگەڵ ئاڵۆزی کۆمەڵگە کۆنەکان وای لێهات گەڕان بەدوای نێوەندێك بۆ بەئاسانی گواستنەوەی نامە نووسراوەکان بوو بە کارێکی پێویست.

لە دەوروبەری ساڵی (٢٥٠٠) ی پێش لە دایکبوونی عیسا، میسرییەکان رێگایەکیان بۆ دروستکردنی پەڕ لەگەڵای رووەکی زەل دۆزییەوە و پەڕی (زەل)یش بەبەراورد کردن لەگەڵ بەرد زۆر سووك بوو، هەروەها نووسینیش لەسەری بەهۆی فلّچە و مەرەکەب زۆر ئاسانتر بوو لە هەڵکۆڵین لەسەر بەرد. رووەکی زەلیش تەنیا لە دەلتای نیل دۆزراوەتەوە. کە قەدی رووەکی زەل سەوزی تەڕ دەڕوتێنرایەوە و کەرتدەکرا و دواتر بە درێژی پارچە پارچە دەکراو پاشان هەر پارچەیەك دەخرایە سەر ئەوی تر و لێی دەدرا تا هەموویان دەبوون بە یەکپارچە دواتریش دەپەستێوراو وشکدەکرایەوە. دەشکرا گلۆڵی درێژ لە پەڕی زەل دروستبکرێ بە بەستنەوەی هەر پارچەیەك بە ئەوی تر. نووسەری نووسراوە میسرییەکانیش دوو جۆر مەرەکەبیان بەکاردەهێنا (رەش و سوور)، لەگەڵ فلّچەی دروستکراو لە جۆرێکی دیکەی رووەك و وێنە و هێماکانیش ئاسانتر بوون، چونکە نووسەرانی نووسراوەکان شێوەی ئاسان و سووکیان بۆ نووسینی خێرا پێویست بوو.

لە نێو خێڵەکانی مایاشدا گۆڕانکاری هاوشێوە سەریهەڵدا بە گوێرەی ئەو نێوەندەی نامە نووسراوەکان هەڵدەگرێ، ئەوەیان دۆزییەوە کە شریتی نوێ لە بەرگی داری رەنگا و رەنگ دەکرێ لە هەندێ رووەك بەدەست بێت. لە راستیشدا، توانیان ئەو شریتە درێژ و پاکانە لە بەرگی ناوخۆیی دارەکان وەدەستبێنن، کە پانییەکەی لەنێوان شەش تا هەشت بۆسە (١٥تا٢٠ سەنتیمەتر) دەبوو، و درێژیەکەشی دەگەیشتە بیست پێ (نزیکەی ٦مەتر). شریتی بەرگی کە دەخرێتە ناو ئاو و لێیدەدرێ بۆ ئەوەی رێکبخرێ و نەرم و نیانییەکەی زیاتر بێت،

پاش ئەوەی بەرگی نەرمی بە چاو لێبوونەوە شێوەی کتێبی دوو لاپەڕەی وەردەگرت، لە کۆتایی هەر لاپەڕەیەکیشدا پارچە دارێك دادەنرا تاوەکو بتوانرێ وەکو ئامێری ئۆکۆردیۆنی مۆسیقی دابخرێ. نووسینەکەش لە هەردوو لادا دەنووسراو زۆرینەی کاتیش بەوێنەی جوان نە دەرازێنرایەوە. کاتێکیش داگیرکارانی لبیرۆی ئیسپانی لەسەدەی شازدەیەم خەڵکی جیهانی نوێیان بینی لەناو ماڵی بەردینی رێکوپێك دروستکراو کە هەریەکەیان کتێب و کتێبخانەی تێدابوو، تووشی سەرسووڕمان هاتن، لە بەخت رەشیش سەربازە ئیسپانییەکان هەزاران کتێبیان سووتاند لەکاتی داگیرکردندا بەو ئامانجەی بتوانن کەمێك لە کاریگەری کاهین و سەرۆکەکانیان لەسەر هاوڵاتیانیان کەم بکەنەوە، بۆیە رێژەیەکی کەم نەبێ لەم کتێبانە ئەوانی دیکە لەناوچوون.

گرنگترین خاڵ لەو گۆڕانە لەبەردی گرانەوە بۆ هۆکاری گەیاندنی سووك ئەوەی دەکرێ بە ئاسانی هەڵبگیرێت ئەوەبوو، کە دەرگای لەبەردەم شیمانەی روودانی گۆڕانی گەورە لە سیستەمی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری کۆمەڵگەو شارستانییەتەکەی ئاوەڵاکرد. هەروەها بارودۆخ پێویستی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری رەخساند بەهۆی گەیشتنی بە تەکنەلۆجیای پەیوەندی کردن، کە پشت بە بەکارهێنانی نێوەندی سووك دەبەستێ، کە دەتوانرێ بە ئاسانی بگوازرێتەوە، سەرەڕای هێمای نووسین کە نووسەری نووسراوەکان دەتوانن بە ئاسانی بینووسن و بیخوێننەوە.(٦) تەواوی پەیکەری دەزگا کۆمەڵایەتییەکانیش بەو پێشکەوتنە کاریگەربوون، بۆ نموونە لە میسری کۆن لە ساڵی (٢٠٠٠)ی بەر لە زایین زەل بە شێوەیەکی فراوان بەکاردەهێنرا بۆ گواستنەوەی فەرمانە نووسراوەکان و تۆمارکردنی زانیاری لە بواری جیاوازدا لەبەر ئەم هۆیەش بەڕێوبەرایەتی ناوەندی لەشکرێکی بۆ نووسین بەکاردەهێنا. وای لێهات زانیاری خوێندنەوە و نووسین تایبەتمەندییەکی گەورە کە دەرگاکانی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی لەبەردەم ئەو کەسانە دەکردەوە کە خاوەنی بوون، وای لێهات نووسەران چینێکی کۆمەڵایەتی بەرزیان داگیرکردتێیدا بژاردەکانی کۆمەڵگەی میسری کۆن باڵادەست بوون، هەروەك گۆڕانکاری گەورە لە دەزگای سیاسی و ئایینی وەکو ئەنجامێك بۆ باڵا دەستی لەسەر نووسین و تۆمارکردن روویدا و کتێبخانەی گشتی کرانەوە، هەروەها زانیاری و دەقی ئایینی تۆمارکران و قوتابخانە بۆ خوێندنەوە و نووسین دامەزرێنران، هەتا زانست و هونەرەکانیش دەستیان بە پێشکەوتن کرد. توانادادی تۆمارکردنی هۆکارەکانی چارەسەرکردنی سەرکەوتوو بۆ نەخۆشییەکان و تێبینی جۆراوجۆر لەبارەی بارودۆخی سروشت و شیکارییەکانی

پەیدابوو. هەروەها هۆشی مرۆیی لە تەواوی کەموکورتی پاراستن و بیرهاتنەوەی شوێنەواری شارستانییەت و دووبارە دارِشتنەوەی لە هۆش و بیری نەوە نوێیەکان رزگاری بوو. وای لێهات توانای تۆمارکردنی هزر و کەڵەکەبوونی رەسیدی مەعریفەی مرۆڤ نەوە دوا نەوە هەبێت. ئەوەش هەنگاوێکی گەورە بوو رووە و پێشەوە لە رۆیشتنی رەگەزی مرۆیی بە ناو چاخی نووسیندا.

## چاخی چاپکردن:

لە پاڵ لایەنی نووسین، چاپکردن یەکێك بوو لە گەورەترین داهێنانەکانی رەگەزی مرۆیی لە تەواوی چاخەکاندا. بەر لەسەدەی پازدەهەم خەڵکی لە ئەوروپادا کتێبیان هاوشێوەی دروستکردنی نووسراوەکان لەبەر دەگرتەوە یا لەبەر گرتنەوەی ئەو نووسینانە لەرێی بەدەست نووسینەوەبوو. لەگەڵ ئەوەی رێژەیەکی زۆری ئەو کتێبانە شاکاری هونەری سەرنجراکێش بوون، بەڵام کرداری لەبەرگرتنەوە زۆرینەی کاغت چاوەروانی هەڵەی لێدەکرێ. لەوەش گرنگتر ئەوەبوو رێژەی کتێبە بەردەستەکان دیاریکرابوو، و کرِینی لە توانای رێژەیەکی کەمی خەڵکدا نەبێت نەبوو. چاپکردن گۆرِانێکی مەزنی دروستکرد کە وای لێهات سەدان یا هەزاران دانە لە کتێبێك بە وردییەکی زۆرەوە چاپ بکرێن. بەراستی چاپکردن داهێنانێك بوو، کە هۆش قەبوولّی نەدەکرد و شوێن پێیەکی یەکجار مەزنی لە نێوەندی خوێندەوارانی ئەو سەردەمدا هەبوو.

ترسناکترین قۆناغ هات، کە لە کۆتاییەکەی بووە هۆی دروستبوونی چاپ لە جیهانی رۆژئاوا و کاتێك کەوای لێهات پەرِ جێگای نووسراوی سەرپێست بگرێتەوە لە جیهانی ئیسلامیدا لەماوەی سەدەی هەشتی زایینی (پەرِ زۆر بەر لەوە لە چین هەبوو). لە جیهانی ئیسلامیدا پەرِ هەنگاو بەهەنگاو رووە و ئەوروپای مەسیحی رۆیشت و بڵاوبوویەوە بەتایبەتی دوای داگیرکردنی ئەندەلوس (ئیسپانیا). لەگەڵ ئەوەشدا، لەگەڵ ئەوەشدا پیاوانی ئایینی و دەسەڵاتدارە سیاسییەکان و زانایان و نووسەرانی نووسراوەکان قۆرخکردنی خوێندنەوە و نووسینیان لەدەست نەدا تا داهاتنی ئامێری چاپ لەسەدەی پازدەهەم. لەگەڵ بڵاوبوونەوەی زانیاری خوێندن و نووسین تەنیا رێژەیەکی کەمی خەڵك دەیانتوانی پێشبینی ئەو کاریگەرییە قووڵە بکەن، کە ئامێری چاپ لەسەر مێژووی مرۆڤایەتی دەیبێ.

### چاپکردن بە کۆکردنەوەی تیپەکان:

هزری بەکارهێنانی مۆر بۆ جێهێشتنی شوێنەوار لەسەر جێگایەك یان چاپکردنی وێنەیەك لەسەر زەلی تەڕ بەبەکارهێنانی شریتی دار، کە دەسووڕێتەوە و چەند هێمایەکی لەسەر هەڵکۆڵراوە، بیرۆکەیەکی کۆنە. هەتا کرداری چاپکردنی پەڕێکی تەواو لە تیپەکان لەرێی فشار خستنە سەری بە هێزێك لە پانایی دارکەکە بۆ ئەوی وێنەیەکی پێچەوانەی، کە مەرەکەب لێدان و چاپکردنی وەکو مۆرکردن لەسەر پەڕ یان هەر پاناییەکی دیکەیە، ئەوەش ماوەیەکی زۆربوو زانرابوو. چینییەکان ئەو رێگایەیان بەکارهێناوە و کتێبی بەرزی وەکو سوترا یان گفتوگۆکانی بوزایان پێ چاپکردووە کە یەکەمین کتێبە لە جیهاندا و دەگەڕێتەوە بۆ دەوروبەری (٨٠٠)ی بەر لە زایین. ئەوەش بەر لە دەرکەوتنی ئامێری چاپ بوو لە ئەوروپا بەسەدان ساڵ. ئەو رێگایەش دوور بوو لە سیستەمی چاپکردنی تایبەت بە بەکارهێنانی تیپی تاکی پۆلینکراوی لە کانزا دروستکراو.

چاپکردن وەك ئەوەی ئێستا ئێمە پێی ئاشناین کارێکی کردەنی نەبوو هەتا دارێژەرێکی بێناو لەشاری ((مینز))ی ئەڵمانیا بەناوی (جوهان گۆتەنبێرگ) رێگایەکی ناوازەی بۆ چاپکردن دۆزییەوە. دوای تاقیکردنەوەیەکی زۆر گۆتەنبێرگ کرداری مۆری دروستکراوی لە پۆڵا پەرەپێدا بۆ هەموو تیپێك، بەجۆرێك هەر تیپێك بەشێوەیەکی دیاریکراو و بە وردییەکی زۆرەوە هەڵکەندرابوو. دواتر هەڵسا بە چاپکردنی وێنەی ئەو تیپە لەرێی فشار خستنەسەر پارچە کانزایەکی نەرمتر، بۆ نموونە قوڕقوشمی زەرد. هەروەها هەڵدەستا بە دانانی قاڵبێك لە قوڕ لەدەوری ئەو جێیەی تیپە لە رەق دروستکراوەکە لەسەر قوڕقوشمەکە جێهێشتبوو تا دواتر بتوانێ قوڕقوشمی رەقی تێدا بچەقێنێ بۆ دروستکردنی بۆتەیەکی داغبووی پیتەکان ئەو قاڵبەش دەتوانرێ زیاتر لە جارێك بەکاربێ بە پێی ئەو رێژەیەی کرێکارێك پێویستی پێیەتی بۆ چاپکردن. دوای ئەوەی دەتوانرێ تیپەکان دابنرێن و کۆبکرێنەوە لەسەر تابلۆیەك بۆ پێکهێنانی وشە و رستە. ئەو تیپانەش بە تۆکمەیی دەچەسپێنرێن تا نەجوولێن و بەمەرەکەب دەکرێن، دواتر پارچەیەك لە پێست یان پەڕی بە هێزەوە دەخرێتە سەر و وێنەیەکی تەواو روونمان بۆ دەردەچێت. واش دەرکەوتووە، کە کانزای قوڕقوشمی زیاد، لە پێویست نەرم و تەڕە، بەڵام گۆتەنبێرگ لە کۆتاییدا رێگای تێکەڵکردنی قوڕقوشم لەگەڵ کانزاکانی تردا دۆزییەوە بۆ دروستکردنی جۆرێك لە کانزای راست، کە ئەنجامی زۆر نایابی لێکەوتەوە.

تاكە گرفتێك کەمابوو ئامێری چاپ بوو، چونكە نموونەی چاپخانەی بەردەست ئەوەی، كە بەفشاری لولەیی كاری دەكرد كۆن بوو، و بەكارهێنانی ئەو نموونەیە وەكو ئامێرێك بۆ فشار چەند سەدەیەك لە بوارەكانی كوشینی زەیتوون بۆ دەرهێنانی ڕۆن و كوشینی ترێ بۆ دەسكەوتنی عەرەق باو بوو. گۆتەنبێرگ ئامێرێكی گەورەی كوشینی شەرابی دەسكەوت و دەسكاری زۆری تێداكرد، وەكو دانانی ڕوویەك، كە تەختەی تیپەكانی لەسەر دەربكەوێ و ڕوویەكی بەرجەستە بۆ فشار خستنە سەر ئەو پەڕەی، كە چاپكردنەكەی لەسەر ئەنجامدەدرێ. لەبەر ئەوەی هەموو ئەو شتانەی كە دەگەیشتنە بەشێك لەو ئینجەی پێویستی بە پۆلینكردن و ڕێكخستنێكی ورد هەبوو، بۆیە پێویست بوو تاقیكردنەوەی ورد ئەنجامبدرێ. لە كۆتاییشدا گۆتەنبێرگ توانی سەركەوتووانە ئیش بە چاپخانەكەی بكات، دوای ئەوەی مەرەكەبی لەسەر تیپەكان داناو بەربەستی گونجاوی بەكارهێنا بۆ دڵنیابوون لە چەسپینی تەختەی تیپەكان لە ناوەوەدا. ئەنجامەكەش دڵخۆشكەربوو، كە تیپەكان بە ڕوونی و بە خاوێنی دەركەوتن، هەروەها ئەو هەڵانەشی تێدا نەبوو، كە لەرێگای چاپكردن بەدەست باوبوون.

لەگەڵ ئەوەشدا گۆتەنبێرگ هەستی بە دڵەراوكێ دەكرد، چونكە دڵنیا نەبوو لەوەی ئەو داهێنانەی ئەو كە تەواوبوونی ماوەی(٢٠) ساڵی خایاندووە بە شێوەیەكی فراوان بڵاودەبێتەوە. هەروەها گۆتەنبێرگ لەوەش دوودڵ بوو، كە ئەو كەسانەی توانای كڕینی كتێبی بەدەست نووسراویان هەیە ئەوان پەسەند بكەن و داهێنانەكەی ئەویش بەلاساییكردنەوەیەكی سووك سەیر بكەن. ئەمە یەكەمین هۆكاربوو كەوا لە گۆتەنبێرگ بكا یەكەمین پرۆژەی چاپكردنی ئینجیل بێ، كە بەكۆمەڵێك شێوە ڕازێنرابوویەوە و وای هەستدەكرد دەتوانێ بیفرۆشێتە دەوڵەمەندەكان. ڕۆژگاریش ئەوەی سەلماند، كە تاقیكردنەوەی گۆتەنبێرگ سەركەوتنێكی گەورە بوو، و ئەو ئینجیلەی كە گۆتەنبێرگ چاپیكرد بەرەهایی سەرنجڕاكێشترین نموونەی هونەری چاپكردن بوو لەوەی كە پێشتر چاپكرابوو.

كارێكی دڵتەزێنە كە گۆتەنبێرگ بواری ئەوەی بۆ نەرەخسا چێژ لەبەرهەمی لێهاتوویی و توانای خەیاڵكردنی خۆی ببینێ. پارەیەكی زۆری لە پارێزەرەكەی قەرزكرد لەكاتی پەرەپێدانی داهێنانەكەی، لە كاتێكیشدا لە قۆناغی كۆتایی پرۆژەی یەكەمی دابوو- چاپكردنی ئینجیلی بەناوبانگ- پارێزەرەكەی داوای دانەوەی قەرزەكانی لێكرد و داوایەكی لە دادگا لە دژی بەرزكردەوە و خاوەندارێتی شوێن و چاپخانە و هەموو ئەو شتانەی پەیوەندییان بە داهێنانەكەیەوە هەبوو، لەناو ئەوانەشدا (٢٠٠) دانەی چاپكراوی ئینجیل و تەواوی شتەكانی

دیکەی لێ سەندرا. دوای چەند ساڵێك گۆتەنبێرگ بە هەچاری و نەبوونی مرد، و هەرگیز نەیزانی بەهۆی داهێنانە مەزنەکەیەوە چ خزمەتێکی گەورەی پێشکەش بە مرۆڤایەتی کردووە.

**بڵاوبوونەوەی خوێندنەوە و نووسین:**

لەگەڵ داهاتنی سەدەی شازدەیەم، ئەو چاپخانانەی لەرێی کۆکردنەوەی دەستی تیپەکان کاریان دەکرد هەزاران دانەی کتێبی چاپکراوی سەرپەڕیان بەرهەم دەهێنا، ئەو کتێبانەش بە هەموو زمانە ئەوروپییەکان چاپ و بڵاودەکرانەوە. بەم شێوەیە وای لێهات هەموو کەسێك بتوانێ بە زمانی رەسەنی خۆی کتێبەکە بخوێنێتەوە و بڵاوبوونەوەی ئەو کتێبانەش بووە هۆی زیاتر گرنگیدان بە فێربوونی خوێندنەوە.

یەکەمجاربوو کتێبی پیرۆز بێجگە لە زمانی لاتینی دەستبکەوێت. ئیدی کڵێسای رۆمانیش نەیدەتوانی سەرپەرشتیار یان دەسەڵات بە دەست بێت لە دەرکردنی کتێبی پیرۆز لەرێی بەکارهێنانی زمانی کۆن. دەسکەوتنی کتێبی پیرۆز لای هەموو خەڵکی بەزمانی خۆیان بووە هۆی دەرکەوتنی سەرەرۆیی لەبەرانبەر دەسەڵاتی رۆما و قۆرخکردنی وەرگێڕانەکانی ئینجیل. بەم شێوەیە دەرکەوتنی هۆکارێکی گەیاندنی نوێ لەبەرانبەر رووبەڕووبوونەوەی پەیکەری ئایینی و کۆمەڵایەتی ئەو سەردەم رەخساند. هەروەها دەرکەوتنی ئایینزای پرۆتستانتی بووە هۆی گۆڕانی قووڵ کە کاریگەری تا بەو رۆ دەگات لەسەر کۆمەڵگەی رۆژئاوایی هەبووە.

بیرۆکەی بنەڕەتی رۆژنامە تا رادەیەك لە زووەوە لە کیشوەری ئەوروپا و ئینگلتەرا و جیهانی نوێ دەرکەوت. رۆژنامەی داگیرکارانی ئەمەریکا بەر لە دروستبوونی ویلایەتە یەکگرتووەکان وەکو وڵاتێکی نوێ بنیاتنرا. رۆژنامەی داگیرکەرەکان بەسەردەستەی خوێندەواران لەشێوەی پەڕی بچووك و نووسراوەکاندا دابەشدەکرا. هەروەك لە بەشی دووەمدا بەدرێژی دەیبینین، ناوەڕۆکی ئەم رۆژنامانە لە ئاستێکی ئاڵۆز و بەرزدا بوون لەسەرووی تواناو گرنگیدانی هاوڵاتی ئاسایی بوو.(٧)

لەگەڵ ئەوەشدا ئەو رۆژنامانە بەشێوەی بنەڕەتی هەژماردەکران کە لێیانەوە جۆری رۆژنامەی دیکەی نوێ دروست بوون، کە لەگەڵ بناغەیەکی رەسەن لە پیشەگەر و کرێکار و بازرگان دەدوا ئەوانەی کە هەردوو چینی ناوەڕاست و کرێکاریان پێکدەهێنا، کە ئەو دوو چینەش گرنگترین چینی کۆمەڵگەی شاری پیشەسازیین، کە رووخسارەکانیان لەو سەردەمدا دەردەکەوتن. کاتێکیش بواری دەرکردنی رۆژنامە بە نرخێکی زۆر کەم رەخسا بۆ بڵاوبوونەوەی

له چوارچێوەیەکی فراواندا، هەروەها کاتێك لایەنە هونەرییەکانی تایبەت بە خێرایی چاپ و دابەشکردن پەرەی پێدرا، یەکەمین هۆکاری راگەیاندنی جەماوەری لەدایکبوو، کە بەناوی (رۆژنامەی بنس) ناسرا ئاماژە بەوەی، کە نرخەکەی لە بنسێك تێناپەڕێت ئەمەش لە ناوەڕاستی سییەکان لە شاری نیۆیۆرکدا روویدا. ئەم رۆژنامە جەماوەریەش سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەستهێنا و لەماوەی چەند ساڵێکدا لە ناوچەیەکی زۆری جیهاندا بڵاوبووەوە. دوای ئەمەش لەگرێی سێیەمی سەدەی نۆزدەدا پێشکەوتنی تەکنەلۆجیای چاپخانە خێرایی بەخۆیەوە دی و هزری بنەڕەتی رۆژنامە بەسترایەوە بە یەکەمین هۆکاری راستەقینە لە جیهانی گەیاندندا.

لەم رووداوانەدا دوو خاڵی گرنگ هەن: یەکەمیان ئەوەیە رۆژنامەی جەماوەری خەڵکی وەکو ئەو رۆژنامانە بوو، کە دوای خۆی هاتن، داهێنانێك بوو دەرکەوت لەناو کۆمەڵێك توخمی شارستانی ئاڵۆز ئەوانەی، کە لەکۆمەڵگەدا دەرکەوتن و کەڵەکەبوون. دووەمیشیان ئەو داهێنان و دروستکردنە وەکو هەموو داهێنانەکانی دیکە نوێنەری تێکەڵبوونی ئەو رەگەزانە بوو لە هەڵوێستی کۆمەڵایەتی یەك شێوە، کە رێگەی بە قایل بوون و بڵاوبوونەوەی رۆژنامە دەدا وەکو پرۆژەیەکی شارستانی. رۆژنامەش وەکو ئامێرێکی تەکنیکی هونەری لەگەڵ دەزگای شارستانی و رۆشنبیری دیکەی ئەو سەردەمەدا تێکەڵبوو بوو، و شیمانەی هەیە لەلایەن ئەو دەزگایانەشەوە داواکراوبێ. پەیکەری دەزگاکان ئەوانەی لەبواری ئابووری و سیاسی و رۆشنبیری و نیشتەجێبوون و ژینگەییەکان پەیوەست بوون بە بابەتی رۆژنامەگەری لە کۆمەڵگەدا، بواری دەرکەوتن و پێشکەوتنی بۆ ئەو رەگەزانە رەخساند کە (رۆژنامەی بنس) ی جەماوەری تەعبیری لێدەکردن.

### چاپکردن و బارودۆخی مرۆیی:

له کۆتایی سەدەی نۆزدە بۆ سەرئامەدانی بواری کۆمەڵایەتی لەو سەردەمەدا روون بوویەوە کە هۆکارە راگەیاندنە نوێکان (رۆژنامە و کتێب و گۆڤار) کە هەر هەموویان لە کۆمەڵگەدا بەر بڵاون، بە رووداوی گۆڕانکاری گەورە هەڵدەستن لە بارودۆخی مرۆیی. ئەم هۆکارانەی راگەیاندن نوێنەری شێوەیەکی نوێ بوون لە شێوەکانی پەیوەندیکردن کە بە تەنها کاریگەری نەبوو لەسەر نموونەی کارلێکردنەکان لە کۆمەڵگەدا، بەڵکو کاریگەری هەبوو لەسەر تێڕوانینی دەروونی (سایکۆلۆژی) کەسەکان. بۆ نموونە کۆمەڵناسی ئەمەریکی (چارلز هورتن کولی) لە

سالّی (١٩٠٩) جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە، کە چوار هۆکار وایان لە هۆکارەکانی ڕاگەیاندنی نویّ کردووە لیّهاتووتر و چالاکتر بن لەچاو هۆکارەکانی گەیاندن لە کۆمەڵگەکانی پیّش ئەو سەردەمە. (چارلز هورتن کولی) گوتی هۆکارە ڕاگەیاندنە نویّکان کاریگەریان زیاتر بوو بە تواناداریان لە:

دەربڕین و ئەوەی هەڵدەگیریّ لە هزر و هەستی ئاڵوگۆڕکراو و ئاقار فراوان.

ڕۆژنامەکان توانیان بەسەر کاتدا زاڵبن بەدانانیان بە تۆماریّك کە نە لەناو دەچیّت و نە ون دەبیّت.

هەروەها ڕۆژنامەکان توانیان بەسەر مەودای دووریدا زاڵبن لەریّی ئەو خیّرابیەی لەگەیشتن بە خویّنەر هەیانبوو. هەروەها لەریّی تایبەتمەندی بڵاوبوونەوە، کە دەگەیشتە هەموو چینەکان.[٨](کولی) ئەوەشی روون کردەوە، کە رووکاری هۆکارە ڕاگەیاندنە چاپکراوەکان، کە لە سەدەی نۆزدە هاتە ناوەوە بۆ هەتا هەتایە هەڵویّستی هۆشی ئەوانەی گۆڕی کە سەودایان لەگەڵدا دەکرد.

دەکریّ تەعبیر لە خەسڵەتی بۆ ئەو گۆڕانە لە دوو وشەدا کە (گەورەکردن) و (وروژاندنی گرنگیدان)ن بکەین. چوارچیّوەی پەیوەندی کردنی کۆمەڵایەتی لە رووی رووبەڕوو خیّراکردنی لە رووی کاتەوە فراوان بوو. بەهەمان پلەش ئەو یەکە هۆشییەی کە ئەو پەیوەندییانەی لیّوە دەهات چالاکیان زیاتر و ژیانیان تیّدا پتر بوو. هەروەها بوار بۆ تاك کرایەوە لە پەیوەندی کردنی لەگەڵ گەورەتر و جۆراو جۆرتر...و بە پەیوەندیداریش مایەوە، لەوانەیە هەندیّ جار ئەمە زیادە ڕۆیی تیّدا بیّت، لە جۆرا و جۆری هەڵویّستە گۆڕاوەکان ئەوانەی کە ژیان بۆی ڕەخساندبوو.[٩]

بەم شیّوەیە تا پیّش ڕەخسانی بناغەی هۆکاری ڕاگەیاندن، کە تا ئەو کاتەش هەر نویّ بوو، وا دەردەکەوت، کە چەرخی ڕاگەیاندن و گەیاندنی جەماوەری گۆشەگیری نیّوان خەڵکی جیهان ناهیّڵیّ، هەروەك گۆڕانکاری گرنگ لە ریّکخستن و کاری کۆمەڵگەدا روودەدەن. یان هەروەك (کولی) گوتی: ((ڕاگەیاندنی نویّ نویّنەری شۆڕشە لە هەموو قۆناغەکانی ژیان، لە بازرگانی و سیاسەت و فیّربوون، هەتا لە کارەی کۆمەڵایەتی و چەنەبازیدا ...))[١٠]

**چاخی ڕاگەیاندن:**

لەگەڵ دەرکەوتن و سەرکەوتنی ڕۆژنامەگەری جەماوەری، ڕیتمی چالاکی گەیاندنی مرۆیی بە شێوەیەکی فراوان دەستی بە زیادبوون کرد و بە داهاتنی نیوەی سەدە تەلەگراف بوو بە حەقیقەت. هەرچەندە تەلەگراف هۆکارێکی گەیاندنی جەماوەری نەبوو، بەڵام ڕەگەزێکی گرنگ بوو لە تەکنەلۆجیای گەیاندن، کە دواتر هۆکارە ڕاگەیاندنە ئەلیکترۆنییەکانی لێکەوتەوە.[١١] دوای چەند گرێیەك چەند تاقیکردنەوەیەکی سەرکەوتوو لەسەر داهێنانی گرنگی وەکو وێنەی جووڵاو (سینەما) و تەلەگرافی بێتەل ئەنجامدران. لەبەرەبەیانی سەدەی بیستەمدا، کۆمەڵگەی ڕۆژئاوایی لەسەر ئەوەبوو پێشکەوتنێك لە تەکنیکەکانی گەیاندندا ببینن کە نەدەکرا خەیاڵاویترین کەسی سەدەی ڕابردوو پێشبینی بکا. لە ماوەی گرێی یەکەمی سەدەی بیستەمدا سینەما بووبە یەکێك لە شێوەکانی ڕابواردنی خێزانی و لە بیستەکانی هەمان سەدەدا ڕادیۆ لە ناو ماڵان جێگای ئەوی گرتەوە و لە چلەکانیشدا تەلەفزیۆن هات. لە سەرەتای پەنجاکانیشدا ڕادیۆ لە هەموو ماڵێکی ئەمەریکادا هەبوو، و ئاقاری بەکارهێنانیشی فراوانتربوو و دواتر لە ناو ئۆتۆمبێلیش بەکارهات و ڕادیۆ لە زۆر لایەندا چووە ناو ژیانی مرۆڤ و لە ژووری نووستن و ناندینیشدا دەبینرا، هەروەها ژمارەی ئامێری ترانزستەری بچووکیش زیادی کرد. لە کۆتایی پەنجاکان و سەرەتای شەستەکاندا وای لێهات تەلەفزیۆن هەمان بڵاوبوونەوە بەخۆیەوە ببینێت. لەگەڵ هاتنی دەیەی حەفتاکانیشدا لە ویلایەتە یەکگرتووەکان گەیشتە پلەی تێری و لە ناوچەکانی تری جیهانیشدا بەخێرایی بڵاودەبووەوە. دوای ئەمە هۆکاری ڕاگەیاندنی نوێی دیکە دەرکەوتن وەکو تەلەفزیۆنی کابل (CABLE T.V) و تۆمارکاری سەر ئامێری ڤیدیۆ و ڤیدیۆ تکس و وای لێهات ڕاگەیاندن بووبە گرنگترین دەسکەوت، کە لە ژیانی هاوچەرخدا ناکرێ دەسبەرداری بین.

ئەم پوختە خێرایە بۆ گرنگترین قۆناغەکانی گوێزانەوە لە مێژووی گەیاندنی مرۆیی دوو ڕاستی بنچینەیی ڕوون دەکاتەوە: یەکەمیان، شۆڕشەکانی ڕاگەیاندن لە قۆناغی جیاوازی بوونی مرۆیی ڕوویانداوە. هەر شۆڕشێکیش هۆکارێکی پێشکەشکردووە، کە دەکرێ لە ڕێگەیەوە گۆڕانی گەورە لە هزری مرۆیی و ڕێکخستنی کۆمەڵگە و کەڵەکەبوونی بلانسی شارستانییەتی مرۆیی ڕووبدەن. دووەمیشیان پێشکەوتنی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن لە قۆناغێکی زۆر درەنگدا ڕوویدا بەجۆرێك زۆرینەی ئەو پێشکەوتنە گەورانە لەسەر دەستی نەوەیەك ڕوویدا، کە تا ئێستا بەشێکی زۆریان لە ژیاندا ماون. ئێستاش خەڵکێکی زۆر هەن

ئەو کاتەیان لە بیرە کە کۆمەڵگە بەبێ ئامێری رادیۆی ناو ماڵ دەژیان. هەروەها بەساڵاچوانیش هەن، کە لە ماوەی پێش پەیدابوونی سینەما ژیاون و بە گەنجێتی لە توانایاندا نەبووە هەموو شەوانی یەکشەممە بەدیار فیلمێك ببەنەسەر. هەر هۆکارێك لەو هۆکارانەی راگەیاندن بواری زیاتری بۆ بەکارهێنانی زمان لای کەسانی ئاسایی رەخساند، بەم شێوەیە زیادبوونی ئەم هۆکرانە لە ماوەی مێژووی هاوچەرخدا زیادبوونی بەرچاوی لە بەزاندنی ئاکاری راگەیاندن کاران بەخۆوە بینی بە گوێرەی رەشەخەڵکی زۆرینە لە کۆمەڵگەدا. تائێستاش کاریگەری ئەو چاخە نوێیە بەشێوەیەکی تەواو و کامڵ پێویستی بە هەڵسەنگاندن هەیە.

ئێمە لە کۆمەڵگەیەکدا دەژین بەردەوام لە گۆڕاندایە، هەندێکجاریش زۆر زەحمەت دەبێ ئەوە دیاربکەین، کە کامە گۆڕانکاری لە هەموویان گرنگترە. لە راستیدا یەکێك لە ئامانجەکانی ئەم کتێبە دەرخستنی ئەوەیە، کە هاتنی رۆژنامە و رادیۆ و تەلەفزیۆن بۆ ناو ماڵی مرۆڤی سادە نوێنەری گۆڕانێکی تەکنەلۆجی زۆر بەبایەخترە لە هەر داهێنانێکی زانستی دیکە، کە بەو شێوە راستەوخۆیە ناچێتە ناو ژیانیانەوە. لەگەڵ مانگە دەستکردەکان و گەشتەکانی مەکۆك کە ئاسمانی بڕی، لەوانەیە بینینی راستەقینەمان لێ دەربکەوێت، کە ئەم داهێنانانە دوورن لە ژیانی رۆژانەی رۆتینی زۆرینەی خەڵکی. لەگەڵ ئەوەشدا تەلەفزیۆن وەکو ئامێرێکی تەکنەلۆجی دەمێنێتەوە، کە کاریگەری تەڕدەست و راستەوخۆی لەسەر خەڵکی هەیە. منداڵانی کۆمەڵگەی هاوچەرخی ئێمە (لە ناوەندی) کاتی زیاتر لە بەرانبەر تەلەفزیۆن دەبەنە سەر لەوەی لە قوتابخانەکانیان بەسەری دەبەن. بەم شێوەیە ئامێری تەلەفزیۆن و جودا هۆکارەکانی دیکەی راگەیاندن داهێنانێکن، کە مرۆڤ ژیانی خۆی بەشێوە و نموونەی جیاواز لە دەوردا رێکخستوون لەوەی، کە لە پشوودا روویدەدا واتا لە قۆناغێك لە قۆناغەکانی پێشکەوتن.

### هەڵسەنگاندنی سروشتی و کاریگەری راگەیاندن:

لەگەڵ نەگەیشتنی زانایانی لێکۆڵینەوە گەیاندنییەکان لە تێگەیشتنی تەواویان و لەو شوێنگانەی هۆکارەکانی راگەیاندن لەسەر لایەنی دەروونی و ئاکاری و ئابووری و سیاسی و رۆشنبیری و فێرکاری ژیانی تاکە ئاساییەکان جێی دەهێڵێت، بەڵام ئەم زانایانە دەستیان بە کۆکردنەوە و خڕکردنەوەی بناغەیەك لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان کرد، کە یارمەتیدەر دەبن بۆ تێگەیشتن لەو بابەتانە. پێشکەوتنی زانستی کۆمەڵناسی روویدا بە شێوەیەکی بنەڕەتی لە

سەدەی ئێستادا بەتەواوی وەك بارودۆخی هۆكارەكانی راگەیاندن خۆیان. لەو ماوە كورتەدا رێژەیەكی دیاریكراو لە كۆمەڵناسان و پسپۆرانی دەروونناس و رۆژنامەنووسان و زانایانی گەیاندن داندران بۆ گفتوگۆكردن لە لێكۆڵینەوەیەكی لەسەرخۆ لەسەر رۆڵی هۆكارەكانی راگەیاندن لە كۆمەڵگەكەماندا. لەگەڵ زیادبوونی رێژەی لێكۆڵەرە تایبەتمەندەكان لەو بوارەدا، بۆمان هەیە پێشبینی ئەوە بكەین، كە ئەنجامی لێكۆڵینەوەكانیان بە شێوەیەكی گشتی بۆ خستنە بەرباسی تێگەیشتنێكی كاملتر لەو پەیوەندییەی لەنێوان هۆكارەكانی راگەیاندن و ئەو كۆمەڵگەیانەی كە ئەو هۆكارانە رۆڵی خۆیان تێدا دەگێڕن دا هەیە.

لە رابردوودا گفتوگۆی درێژخایەن لە چوارچێوەیەك كە زۆر دوورە لە چوارچێوەیەكی لەسەرخۆ و بابەتی لەسەر ئەو پەیوەندییەدا ئەنجامدراوە. هەر هۆكارێكی راگەیاندنی گەورە لە كۆمەڵگەكەی ئێمەدا سەری هەڵبدابا دەبووە بابەتی دەمەقاڵێ و جیاوازی لەبیرو بۆچووندا. ئەو دەمەقاڵێیە لەو كاتەدا روویدا، كە ژمارەی یەكەمی (رۆژنامەی بنس) دەرچوو لە شەقامەكانی نیویۆرك لە ساڵی (١٨٣٤). ئەو دەمەقاڵێەش تا بە رۆژی ئەمڕۆمان دەگا بەردەوامە لەوەی كە پەیوەندی هەیە بەرۆڵی رادیۆ و كتێب و تەلەفزیۆن و سینەما و كتێبی گاڵتەجاری و گۆڤار لەبارەی جیاوازی بابەتەكان. یەكێك لە ئەركە بنەڕەتییەكانی قوتابیانی راگەیاندن لەكاتی هەڵسەنگاندنی چەرخی راگەیاندنی ئێستا و ئەو دەمەقاڵێیەی، كە دروستیكردووە ئەوەیە ئەو ئەنجامە زانستیانە كۆ بكاتەوە، كە لەسەر ئەو كاریگەریانە، كە هۆكارەكانی راگەیاندن لەسەر ئەو كەسانەی سەودایان لەگەڵدا دەكەن لە خوێنەر و بینەر و بیسەر جێی دەهێڵن. لەسەرمان پێویست دەبێت گۆڕینی پێشبینی سۆزداری بەبەڵگەی یەكلاكەرەوە وەكو بنچینەیەك بۆ گفتوگۆیەكی گشتی لەسەر راگەیاندن و هۆكارەكانی راگەیاندنیش تۆمەتباركراون بەوەی بەرپرسن لە:

(١) تێكدانی ئاستی چێژی رۆشنبیری گشتی.(٢) زیادبوونی رێژەی گرنگی ئەوان و رووە و بەزاندنی یاسا رۆیشتن. (٣) هەوڵدان بۆ داتەپاندنی ئاكاری گشتی. (٤) هاندانی جەماوەر لەسەر رووكاری سیاسی. (٥) لەناوبردنی توانای ئەفراندن و داهێنان. بێگومان ئەو لیستە نەفرەت لێكراوە، بەڵام ئەگەر هۆكارەكانی راگەیاندن بەرینی ماڵەكانمان بەو تۆمەتانە تاوانباربن ئەوا لەو بارەدا كارێكی ئاساییە، كە بە خۆپارێزی و گومانەوە سەیری بكەین. گرفت ئەوەیە بەرگریكاران لە بۆچوونەكانی دیكە پێمان دەڵێن، كە رۆژنامەكانمان و ئەو ئامێری رادیۆ و تەلەفزیۆنانەی هەمانە و هۆكارەكانی دیكەی راگەیاندنیش هۆكاری زوڵم نین،

که دووچاری شەڕببنەوە، بەڵکو لە راستیدا وەکو ناو ماڵێکی بێ زیان و دەستپاك وان و بگرە رزگاریشمان دەکەن، چونکە: (١) خراپە دەدۆزێتەوە و پەردە لەسەر گەندەڵی هەڵدەماڵێ. (٢) بەرۆڵی رێنیشاندەر یان ئێشکگر هەڵدەستێ لەوەی کە پەیوەندی بە ئازادی رادەربڕینەوە هەیە. (٣) هەوڵی رۆشنبیرکردنی ملیۆنان خەڵك دەدات. (٤) رابواردنێکی بەردەوام پێشکەشی جەماوەری ماندوو دەکات و زیانی پێ ناگەیەنێت. (٥) زانیاریمان لەبارەی هەواڵ و رووداوەکانی جیهان پێدەدات. (٦) وا لە ئاستی گوزەرانی ژیانمان دەکا زۆر رەخساوتر بێ بەهۆی پێداگرتنی بەردەوامی لەسەر کڕینی کاڵاو بەکارهێنانی بۆ چالاککردنەوەی دەزگا ئابوورییەکانمان. ئەگەر باوەڕت بەم بانگەشانە کرد ئەوا رەتکردنەوەی ئەو هۆکارانەی چاکی سوودمەندن، یان هەتا گومان کردن لەوەی، کە لەخۆی دەگرێ مانای رەتکردنەوەی روون و ئابڕوبەرە بۆ هەمووان. ئەو دەمەقاڵێیە لەبارەی ئەم بابەتەوە بەردەوام دەبێت هەتا لێکۆڵینەوە زانستییەکان دەگەنە کۆمەڵێك ئەنجام، کە دەکرێ پشتیان پێ ببەسترێ، کە وەڵامێکی یەکلاکەرەوە و بۆچوونێکی کۆتایی هەڵدەگرێت، کە کۆتایی بە کێشەی نێوان رەخنەگرانی هۆکارەکانی راگەیاندن و بەرگریکارانی دێنێ.

ئەرکی گرنگی دووەم، کە چاوەڕوان و رووبەڕووی لێکۆڵەرانی زانستی گەیاندن دەبێتەوە شرۆڤەی سروشتی مرۆییە بۆ کرداری گەیاندنی مرۆیی. لە راستیدا زۆرێك لە ئاماژەی موژدەبەخش هەن و بوارەکانی: واتاناسی دەربڕینەکان و پێشکەوتنی زانستی بنەچەی مرۆیی، کۆمەڵناسی، دەروونناسای کۆمەڵایەتی، بواریان بۆ رەخساوە. ئەو وا پێویست دەکا ئەو ئاماژانە بخرێنەوە سەریەك بۆ وەدەستهێنانی وەسفێکی ورد و سنووردار بۆ گەیاندنی مرۆیی بەشێوەیەکی گشتی، دواتر دەتوانین پێگەی راگەیاندن و هۆکارەکانی گەیاندن دیاربکەین. هەروەها لەم کتێبەدا گفتوگۆی تێروتەسەل لەسەر گەیاندنی مرۆیی هەن ئەوە رووندەکاتەوە، کە گەیاندنی مرۆیی کارێکی کۆمەڵایەتی زیندووە، تەنیا پشت بەبیرهاتی مرۆڤ نابەستێ، بەڵکو پشت بە هۆکاری دیکە دەبەستێ وەك درککردنی هەست و توانای تێگەیشتن و کارلێك کردنی هێمایی و زاراوەی هاوچەرخ بۆ زمانێکی دیاریکراو. هەروەك ئەم کتێبە گفتوگۆ لەسەر ئەو رێگایە دەکا، کە هۆکارەکانی راگەیاندن پشتیان پێ دەبەستێ.

ئەرکێکی گرنگیش لەسەر ئەوانەیە، کە تایبەتمەند دەبن لە لێکۆڵینەوەی زانستی هۆکارەکانی راگەیاندن، ئەویش پێشکەشکردنی بەخشراوی گونجاوە، کە دەکرێ بەهۆیەوە ئەنجامی کاری هۆکارەکانی گەیاندن جەماوەری راگەیاندن لەبارودۆخی جیاواز و خاوەندارێتی و

بالاَ دەستبووندا هەڵبسەنگێندرێ. واتە لە چوارچێوەی پەیکەرە سیاسی و رێکخراوە ئابووری و پێگە مێژوویی و ژیارییە جیاوازەکاندا، رەنگە پەیکەری هۆکاری راگەیاندن بۆ خۆی شێوەیەکی جیاواز وەربگرێت. بەرهەم هێنان و دابەشکردن و بەکاربردنی هۆکارەکانی راگەیاندن ناواخنیان بەو بابەتە کاریگەر دەبن ئاخۆ لەکۆمەڵگەیەکی دیموکراتی و بازاڕی ئازاددا یان کۆمەڵگەکە کۆمەڵگەیەکی هەمەلایەن و دیکتاتۆرییە، یان نێوەندێکە لەنێوان ئەو دوانە. ئەو کۆمەڵگەیانەی کە رێکخراوی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و راگەیاندن لەژێر بارودۆخی خاوەنداریەتی و دەسەڵاتداریدا کاری تێدادەکەن و لە هاوشێوەکەیان لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا جیاوازن، دەکرێ بکرێن بە بنچینەیەك بۆ لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکاری. بەهەمان شێوە لێکۆڵینەوەی پێشکەوتنی مێژوویی بۆ هەر پێشکەوتنێکی مێژوویی دەتوانێت ببێتە هۆکارێك بۆ خوێندنەوەی گشتاندنەکان لەسەر ئەو رێگایانەی کە جۆرە جیاوازەکانی هۆکارەکانی راگەیاندن لە بارودۆخی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری ئاڵوگۆڕکراودا بەهۆیەوە پێشکەوتن.

**پرسیاری بنەڕەتی:**

ئەرکی هەڵسەنگاندنی سروشتی و کاریگەری راگەیاندن وەك دەردەکەوێ ئەرکێکە خاوەنی چەندین رەهەندی زۆر گرنگە. ئەو بەو هەموو روونییەوە ئەوانە لەخۆ دەگرێ کە تەنیا هەوڵدانێك نین بۆ دۆزینەوەی ئەو رێگایانەی ناواخنی پەیامەکەی پێ کاریگەر دەبێ، جا ئەو پەیامە چاپکراو یان بینراو یان بیستراو بێ، لەسەر باوەڕی ئەو کەسانەی پەیامەکە وەردەگرن. هەروەها ئەو ئەرکە پرسیاری رێکوپێك و بەردەوام لەبارەی سروشتی رووداوە مێژووییەکان و بایەخی ئەو رێکخراوەی هۆکارەکانی راگەیاندنی لە یەکێك لە کۆمەڵگەکانی دروستیکردووە و وای لێکردووە بگات بە بەرهەمهێنانی نموونەی تایبەتی خۆی دەگرێتەوە. هەروەها بەدواداچوونی کرۆك و سروشت و گەیاندنی مرۆیی لەسەر ئاستی تاك لەخۆوە دەگرێ بۆ زانینی ئەوەی ئاخۆ هاتنە ناوەوەی هۆکارەکانی راگەیاندن بۆ ناو ئەو کارە گۆڕانێکی گەورەی دروستکردووە. لە کۆتاییشدا ئەو ئەرکە لێکۆڵینەوەی ئەو رێگایانە دەگرێتەوە، کە دەکرێ راگەیاندن لە رێگەیانەوە بارودۆخی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و رێسا و یاسای کۆمەڵگە و زمانەکەی دووبارە دابڕێژێتەوە، لەگەڵ دووبارە داڕشتنەوەی ئەو رۆڵەی کە هەر تاکێك لە کۆمەڵگە لەوەی تر چاوەڕوانی دەکات.

به شێوەیەکی زۆر وردتر و کورتتر، هەڵسەنگاندنی سروشتی کاریگەری راگەیاندن چاو دەخاتە سەر سێ پرسیاری تەوەرەیی:

١- کاریگەری کۆمەڵگە لەسەر هۆکارەکانی راگەیاندن چییە؟ ئایا ئەو بارودۆخە سیاسی و ئابووری و رۆشنبیریانە کامانەن، کە وایان لەهۆکارەکانی راگەیاندن کردووە کارەکانیان بەو شێوەیە ئەنجامبدەن کە ئێستا تێیدان؟

٢- راگەیاندن چۆن روودەدات؟ ئایا لە کرۆك و پرەنسیپدا لەنێو تاکەکان لە وردەکاری تایبەتی گەیاندنە زیاتر راستەوخۆکان جیاواز دەبن؟

٣- هۆکارەکانی راگەیاندن چی لە خەڵك دەکەن؟ ئایا لە رووی دەروونی و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری کاریگەریان لەسەریان دەبێ؟

بەهۆی چەند هۆکارێك لێکۆڵینەوەکانی راگەیاندنی رابردوو تەرکیزیان خستبووە سەر پرسیاری سێیەم. هەرچی پرسیاری یەکەمە لەگەڵ بوونی گرنگی بنەڕەتی، بەڵام سەرنجی زانایان و لێکۆڵەران و شرۆڤەکارانی زۆر رانەکێشاوە. لەو سۆنگەیەوە کە گەردەلوولی رەخنە و تێکهەڵچوون لە بارەی هۆکارەکانی راگەیاندن تەرکیزیان لەسەر پرسیاری سێیەمی ئەم پرسیارانەدا کردبۆوە، بۆیە شیمانە هەیە، کە لێکۆلەرانی زانستی گەیاندن رەخنەیان لێگیرابێ نەوەك لەسەر گرنگی تیۆرەکەیان، بەڵکو لەسەر گرنگی دان بە بیروبۆچوونی گشتی. بە چاوپۆشین لە هۆکارەکانی ناو هاوسەنگی لەنێوان ئەم سێ بابەتەدا دەبینین پرسیاری یەکەم و دووەم کەمتر لە پرسیاری سێیەم لەلایەن لێکۆڵەران بایەخی پێدراوە. لە بەشەکانی داهاتووی ئەم کتێبەدا گرنگییەکی تایبەت بەو گفتوگۆیانە دەدەین، کە لەسەر ئەو نێوەندانەدا کراون کە لە رێگەیانەوە بارودۆخی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا رۆڵیان هەبووە لە پێکهێنانی هۆکارەکانی راگەیاندندا. جگە لەوەش گرنگییەکی زۆر بە پرسیاری یەکەم دەدەین لەو پرسیارە بنچینەیی و تەوەرەییەدا.

### نموونەی کۆمەڵایەتی رێکخستنی کۆمەڵگە:

پەیوەندی لەنێوان هۆکارەکانی راگەیاندن و کۆمەڵگە و تاکەکان، هەروەك لە سێ پرسیارە تەوەرەییەکەی پێشوودا خرانەڕوو، ناتوانرێ لە بۆشاییەکی تیۆریدا لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێ. لێکۆڵینەوە لە کردار و کاریگەری راگەیاندن پێویستە بەپێی کۆمەڵێك بیردۆز لەبارەی سروشتی کۆمەڵگە و تاك و پەیوەندی لەنێوان ئەو دوانەدا بەڕێوە بڕوات. زاراوەی (نموونە)ش

هەندیکێجار بەکاردێ بۆ ئاماژەدان بۆ کۆمەڵێك لەو بیردۆزە بنەڕەتیانە. ئەو زاراوەیەی ئێستاش بەکاری دێنین ((paradigm)) لە بنچینەدا وشەیەکی لاتینییە ((paradigma)). لە چاخە کۆنەکاندا، واتە بەر لە پێشکەوتنی زانستە نوێکان، ئەم وشەیە مانای هەر جۆرە نموونەیەکی دەدا، کە بتوانرێ لەبەری بگیرێتەوە یان بەهۆیەوە بپێورێ یان شتێکی لەگەڵ بەراورد بکرێ. بۆ نموونە تۆماری ژیانی مرۆڤی پەسند جۆرێك بوو لە نموونە یان لە (paradigm) دەشکرێ ژیانی ئەو مرۆڤە وەکو پێوەرێك بۆ ئاکاری چاك بەکاربهێنرێت، هەروەك دەکرێ ژیانی هەر کەسێك بەوەوە بەراورد بکرێ.

لە زانستی گەیاندنی ئەمڕۆدا زاراوەی (paradigm) پەیوەندی دروستدەکات لەنێوان هزری نموونە و هزرێکی ئاڵۆزتر لەو کە چەند بیردۆزێکی بنەڕەتین بۆ سروشتی لایەنێك لە هەڵکەوتی کۆمەڵایەتی و دەروونی. بۆ نموونە دەکرێ تێڕوانینی فرۆید بۆ دەروونی مرۆڤ بە نموونە یان (paradigm) دابنێین، بیردۆزە بنەڕەتییەکانی فرۆید لەبارەی راستییەکانی دەروونناسی مرۆیی و بارودۆخ و پەیوەندییەکان وا دەناسێنێ کە ئەوان سنووری نواندنی دەروونی یا سایکۆلۆژی رەگەزی مرۆیی دیاردەکەن. هەرچەندە زاراوەی نموونە (paradigm) لە لێکۆڵینەوەکانی گەیاندندا زۆر بەفراوانی بەکارنایێ، بەڵام هەندێك لە لێکۆڵەران لایەنی کەم ئەو وشەیەیان وەکو چوارچێوەیەکی تیۆری فراوان کە لێکۆڵینەوەکان بەرەو بواری بڕیاری بەکارهێنراوە پەیوەندیدارەکان بە رێکلام یان شتێکی هاوشێوەی ئەو دەبا.

لە راستیدا ئەو بیردۆزانە نموونە یان (paradigm) پێکدێنین بەراستی بابەتێکە پشتی پێ دەبەسترێ. بەو مانایەی ئەمانە کۆمەڵە بیردۆزێکن خاڵی دەرچوون دەرەخسێنن بۆ دەرهێنانی شیکردنەوەی تیۆری بۆ لایەنە وردترەکان لە دیاردە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکان. ئەو بەراییانە بۆ خۆیان ئامادە نین بۆ تاقیکردنەوە و هەڵسەنگاندن، چونکە کۆکردنەوەی زانیاری و ماددەی تاقیکاری، کە دەکرێ پەنای بۆ ببرێ بۆ وەرگرتن یان رەتکردنەوەی بیردۆزە پشت پێ بەستراوەکان. لەبری ئەوە بەراییەکان چۆنن ئاوا وەردەگیرێن ئەمەش بەو مانایە نا کە وەکو حەقیقەتی جاوید سەیریان بکرێ، بەڵکو تەنیا وەکو بیردۆز لێیان دەڕوانرێ. بە واتایەکی دیکە بەراییەکان بڵاوکراوە زانیارییێکن ئەو پەیوەندی و بارودۆخە دیاردەکەن، کە مرۆڤ هەڵیدەبژێرێ بەوەی شتێکی راستی و راستەقینەی تێدایە و بەو ئامانجەی پاڵپشتی بەهانەکەی خۆی و بەهێزکردنی بۆچوونی خۆی دەکا یان بەئامانجی تێڕوانینی ئەوەی لە لایەنە لۆجیکییەکەی پێی دەگا. خۆدانە دەست تەندروستی و پەیوەندی دیاریکراو یان بارودۆخێك

وەك ئەو نموونەیەی، کە بڵێین ((وای دابنێ ئەمە راستە، کە ئەو پەیوەندییە یان ئەو بارودۆخە حەقیقەت بە وردی دەناسێنێ)).

ئێستا واتا یان کاریگەری ئەمە بۆ ئەو کردارانە چییە، کە ئێمە لێیان دەکۆڵینەوە؟ ئەو واتایە یان ئەو ناوەڕۆکە ناوی زۆری لێدەنرێن وەکو ئەنجامی سروشتی یان تیۆری یان هەتا پێشنیاریش. ئەو واتا و ناوەڕۆکانە ئەوانەن، کە وەکو بیردۆزێکی جەدەلی دەکرێ تاقیبکرێنەوە و دڵنیاکاریان لەبارەوە بکرێ لەژێر رۆشنایی زانیاری یان ماددەی زانستی، کە بۆ پڕۆژەی لێکۆڵینەوە کۆ دەکرێنەوە. بەم شێوەیە و بەشێوەیەکی گشتی نموونە یان paradigms بە شێوەی تیۆری بەرین دابنرێن. ئەوەش کۆمەڵێك بەرایی و بیردۆزن، کە دەکرێ مرۆڤ بۆ لێڕوانیان هەڵیانبژێرێ روون دەکاتەوە وەکو ناساندنێکی حەقیقەت بە ئامانجی گەیشتن بە بیردۆزەی جەدەلی نوێ.

گرنگترین نموونەو paradigm ی رەخساو بۆ زانایانی راگەیاندن دەستەیەك لە بیردۆزەی لە بنەڕەتدا و لە کۆمەڵناسی و دەروونناسی و زاستی دەروونی کۆمەڵایەتی وەرگیراون. لەناو ئەو بوارانەشدا دەستەیەکی زۆری شتی بەرایی هەن لەوانە دروستکراون، کە پەیوەندییان بەسروشتی کۆمەڵگە و سروشتی مرۆڤایەتییەوە هەیە. بەگوێرەی کۆمەڵناسیش دەبینین ئەو سێ بیردۆزانەی، کە گرنگییەکی یەکجار زۆریان بە لێکۆڵینەوە لە پەیوەندی هۆکارەکانی راگەیاندن و کۆمەڵگە و کرداری راگەیاندندا بەخشیبوو هەمان ئەو بیردۆزانەن، کە رۆڵی تەوەرەیی دەدەنە هەریەك لە (١) ئەو کردارانەی کە کۆمەڵگە جێگیری کۆمەڵایەتی پێ دەپارێزێ. (٢) ئەو کردارانەی، کە کۆمەڵگە بەتێپەڕینی رۆژگار بەهۆیانەوە دەگۆڕێ. (٣) سروشت و مەژگەی ململانێی کۆمەڵایەتی. (٤) شێوەی سەوداکردن لەنێوان خەڵکیدا کە لەرێگەیەوە بەشداری واتا دەکرێ.

هونەریترین زاراوەی پەیوەندی داریش بەو نموونانە-paradigms بریتین لە:stractural functionalism (ئاینزای کارەکی بنیاتی) یان پیشەی پێکهاتەیی social evolution: پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی.The social conflect model: نموونەی ململانێی کۆمەڵایەتی. Symbolic interactionism: کارلێککردنی هێمایی. ئەگەریش بناغەی لێکۆڵینەوە لە زانستی گەیاندن لەسەر ئاستی هەڵس و کەوتی تاك بێ، وەکو هەڵبژاردن یا تێگەیشتن یا کاریگەربوون بە پەیامی راگەیاندن لەو کاتەدا و بە شێوەیەکی گشتی یەکێك لە نموونە دەروونییەکان- psychological paradigms

بەکاردێ. لەمانەشدا زۆر هەن، کە دەکرێ هەڵبژێردرێن و لەنێوان تیۆرە فێرکارییە ئاکارییەکان و شێوازی شیکاری دەروونیpsaychonalytic formulation دێن و دەچن. بە شێوەیەکی گشتی باوترین و بەکارهێنراوترین شێوازی شیکاری دەروونی لە لێکۆڵینەوەکانی گەیاندن نموونەی درککردن یان (cognitive paradigm)ە کە جەخت لەسەر چەمکی وەك هەڵوێست و باوەڕ و تێگەیشتن و پێویستی وتێربوون دەکاتەوە. لە بەشەکانی داهاتووی ئەم کتێبە گرنگترین بەرابیەکانی نموونە"paradigms" کۆمەڵایەتی و دەروونییەکان یەکجار کورت دەکرێنەوە[١٢]. لەو بەشانەی کە لەو کتێبەشدا ماون گرنگییەکەیان لە لێکۆڵینەوەی راگەیاندن پوخت دەکرێتەوە.

### ئایینزای کارەکی یان پیشەیی پێکهاتەیی:

هزری رێکخستن یان بناغە دانان بۆ هەر کۆمەڵگەیەك وەکو سەرچاوەیەك بۆ جێگیربوونی کارێکی نوێ نییە هەروەك فەلسەفەی کۆمەڵایەتی، ئەفلاتوون لە کۆمارەکەیدا پێوەرێك دەخاتە بەرچاو لەنێوان کۆمەڵگە و بوونەوەری ئەندامی کە هەردووکیان وەڵامی سیستەمێك دەدەن لە پاژی بەیەکەوە بەستراو لە هاوسەنگی گۆڕاو. لەو کۆمەڵگە نموونەیەش کە ئەفلاتوون باسیکردووە هەر دەستەیەك لە بەشداربووانی پەیکەری کۆمەڵایەتی هەڵدەستێ بە داهێنانی ئەو چالاکییانەی کە هەوڵدەدا بۆ وەدەستهێنانی گونجانی کۆمەڵایەتی گشتی[١٣]. ئەم هزرە گشتییە کاری لە هزری رۆژئاوایی کردو وای لێهات بووبە چوارچێوەی ناوەندی بۆ شیکاری کۆمەڵناسە بەرایی و پێشینەکانی کۆمەڵگە. ئۆگست کومت پێوەر و لێکچوونی ئەندامی کرد بە بنچینەیەك بۆ تێگەیشتن لە کۆمەڵگە، هەروەها هربت سبنسەریش تەواوی فەلسەفەی کۆمەڵایەتی خۆی لەسەر هەمان بیرۆکە رێکخست[١٤]. کۆمەڵناسە بەراییە هاوچەرخەکانی وەکو ئیمیلی دۆرکهایمیش لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا ئەو ئاراستەیەیان پێشخست و بیرۆکەکە وای لێهات، کە کۆمەڵگەی سیستەمی گۆڕاو لەچالاکی دووبارەبووەوە هزرێکی گرنگی لە شیکاری کۆمەڵگە سەرەتاییەکان لەلایەن زانایانی بنەچەناسی مرۆڤی وەکو برۆنیلاڤ مالینۆڤسکی و دوای ئەویش رادکلیف براون[١٥]. لە چاخە نوێکانیشدا دەستەیەك یان کۆمەڵێك بیردۆزەی ئاینزای کارەکی بنیاتی یان پەیکەری بەردەوام بوو و رۆڵێکی گرنگی دەگێڕا لە پێشخستنی کۆمەڵناسی نوێ لەرێگەی نووسینەکانی رۆبەرت میرتۆن و تالکۆت بارسۆنز و زۆری دیکەش.

زاراوەی پەیکەر یان بنیات structure بێگومان ئاماژە دەدات بەو ڕێگایەی کە چالاکی دووبارەبووەوەی لە کۆمەڵگەداپێ ڕێکدەخرێ. لەراستیدا ئاکاری خێزان، و چالاکی ئابووری، و چالاکی سیاسی، و باوەڕ، و جادوو، و شێوەی جودا لەوانەش لەچالاکی کۆمەڵایەتی لەلایەنی ئاکارییەوە، ئەمانە بە پلەیەکی بەرزی ڕێکخستن دادەنرێن. هەروەها زاراوەی ڕۆڵ یان کار function، ئاماژە بە هەوڵی شێوەیەکی دیاریکراوی چالاکی دووبارەبووەوە دەدا لە پاراستنی جێگیری و هاوسەنگی کۆمەڵگە. وێنەی دیکەش لەسەر ئەو ئاراستە تیۆرییە گشتییە سەریهەڵدا لە لێکۆڵینەوەی کرداری کۆمەڵایەتی. تا رادەیەکیش هەر وێنەیەك یان هەر نموونەیەك دەستەیەکی جیاوازی لە بیردۆزەکە دیاریکردووە گفتوگۆیەکی زۆریشی لەسەر ئەوە لەخۆگرتووە، کە کامە لەو نموونانە سوودیان زیاترە. تا ئێستاش زانایانی رەچەڵەکی مرۆیی و کۆمەڵناسە هاوچەرخەکان دەمەقاڵێیانە لەسەر ئەوەی کامە نموونە چاکترە و تایبەتمەندی و کەم و کوڕیەکانی ئاینزای ئەرکی و پەیکەری یان بنیاتی stractural functionalism بە هەموو شێوەکانییەوە.

لەوانەیە روونترین زانیاری لەبارەی بیردۆزی دیالێکتیکی بۆ ئاینزایەکی کلاسیکی ئەوەبێ کە رۆبەرت میرتۆن لەساڵی ١٩٥٧ پێشکەشی کردووە[١٦]. بە هەموو ئەو نموونانەدا چووەوە کە هەبوون و لە زانیارییەکی کورت، بەڵام پتەو و لێهاتوو کۆی کردنەوە. لەگەڵ ئەوەی کە میلتۆن خۆی رەخنەی ترسناك و پێداگیری لەسەر ئەو رەوتە کلاسیکییە هەبوو، بەڵام هەڵسا بەکورتکردنەوەی بەرایی تایبەت بە کرداری بنیاتی بۆ سروشتی کۆمەڵگە وەك ئەمەی خوارەوە:

(١) چاکترین ڕێگە بۆ روانین لەکۆمەڵگە، دانانییەتی بە سیستەمێك کە لەپاژی پەیوەندیدار پێکدێت. هەروەها ڕێکخستنێکە بۆ چالاکی پەیوەندیدار و دووبارەبووە، کە هەریەکێك ئەوی دیکە دەگێڕێتەوە.

(٢) کۆمەڵگەی لەم جۆرە بە شێوەیەکی سروشتی رووە و حاڵەتێك لە هاوسەنگی گۆڕاو دەڕوات. ئەگەریش هەر گونجانێك لە ناوەوەیدا روویدا، لایەنی دیاریکراو چالاك دەبن بۆ ئەوەی هاوسەنگییەکە بگێڕنەوە.

(٣) هەموو چالاکییە دووبارەبووەکان هەوڵێکیان هەیە بۆ هاوسەنگی لە کۆمەڵگەدا. بەواتایەکی دیکە، هەموو شێوەکانی نموونە رۆڵ دەگێڕن لە پاراستنی سیستەمدا.

(٤) لایەنی کەم هەندێ چالاکی هاوشێوە و دووبارەبووە لەکۆمەڵگەدا ناتوانرێ لەبەردەوامی بوونیدا دەسبەرداری بین. واتا داواکاری بنچینەیەیی پیشەیی هەن، کە پێویستییەکانی سیستەم دابین دەکەن و بەبێ ئەوان ئەو سیستەمە ناتوانێ بژیێ.

بەڵام ئایە چ پەیوەندییەك هەیە لەنێوان ئەو بیردۆزانە و هۆکارەکانی راگەیاندن؟ هۆکارەکانی راگەیاندن و کرداری گەیاندنی جەماوەری بە چالاکییەکی دووبارەبووە وە و هاوشێوە دادەنرێت لە سیستەمی کۆمەڵایەتی ئەو کۆمەڵگەیەی کاری تێدا دەکات. بەبەدواداچوونی پشت پێ بەستنی بنیاتی، کە لەنێوان هۆکارەکانی راگەیاندن و رێکخستنە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەدا هەن تەنیا کاریگەری نابێ لەسەر کاری رۆژانەی کۆمەڵگەکەمان، بەڵکو کاریگەری دەبێ لەسەر ئەو رێگایانەش لەسەر چۆنیەتی بەکارهێنانی هۆکارەکانی راگەیاندن لەلایەن تاکەوە لەژیانی رۆژانەماندا، ئەمەش لەبەشی یازدەمدا دەبینین. هەروەها هەوڵدەدات بۆ دەستەبەرکردنی هاوسەنگی کۆمەڵایەتی بۆ ئەم کۆمەڵگەیە. بە واتایەکی دیکە ئەنجامەکان بەگوێرەی تەواوی کۆمەڵگە لەسەر ئەودا رێکدەخرێن. بەم شێوەیە دەکرێ بڵێین راگەیاندن یەکێکە لە پێکهێنەرە سەرەکییەکان کە ناکرێ دەسبەرداری بین لە پەیکەری کۆمەڵایەتی و بەبێ ئەو کۆمەڵگەی هاوچەرخی ئێمە بەو شێوەیەی کە دەیناسین نەیدەتوانی بەردەوام بێت. لەلایەکی دیکەوە دەکرێ راگەیاندن ببێتە یەکێك لە هۆکارەکانی کەم و کورِی کار و هەوڵی نەشازی و لەگەڵ یەك نەگونجانی بدات لەبری جێگیری، ئەگەرهاتوو کاریگەرییەکەی وروژاندنی خەڵك و هاندانیان بوو، بۆ ئەنجامدانی شێوە جیاوازەکانی ئاکاری لەرێ لادەر، لە بەشەکانی دیکەدا چەند نموونەیەك بۆ ئەم بابەتە دەهێنینەوە.

### - تێروانینی پێشکەوتنخوازی:

یەکێك لە بەربەستەکانی نموونەی کاری بنیاتی ئەوەیە پێ لەسەر هاوسەنگی کۆمەڵگەدا بگرێ کاتێك، کە بۆ ئەو چاودێرانەی، کە زۆریش گرنگی نادەن روون دەبێتەوە، کە کۆمەڵگە مەدەنی و پیشەسازییەکان گۆرِانێکی بەردەوامی بەخۆوە دەبینن. یەکێکیش لە کۆنترین دەستەی بیردۆزەکان لەبارەی سروشتی بنەرِەتی کۆمەڵگە ئەوانەن، کە بەشێوەیەکی سەرەکی تیشك دەخەنە سەر گۆرِان. نموونەی پێشکەوتن خوازیش شێوازی دارِشتنەکەی تەواو بووە و رەهەندەکانی دیاریکراون لە ساڵەکانی بەراییدا کە تێیدا لەرێیەوە پاڵپشتی کۆمەڵناسی رەخسان. ئەو بەکارهێنانەش بۆ زاراوەی پێشکەوتن (evolution) لە گۆرِانە

کۆمەڵایەتییەکان ورد دەبێتەوە نەك لە گۆڕانە بایۆلۆجییەکان، کە لەپاژە بەراییەکانی ئەم کتێبەدا گفتوگۆیان لەسەر کراوە.

نموونەی پێشکەوتنخوازی (evolutionary paradigm) لە بنەڕەتدا لایەنی کەم لە شێوە لاساییە کلاسیکییەکەیدا لەسەر ئەوە دروستبووە، کە ناوی نراوە پێوەری ئەندامی. هزرەکە لێرەدا ئەوەیە کۆمەڵگە لە بوونەوەری ئەندامی دەچێ لە رووی رێکخستن، هەروەها لەرووی پێشکەوتنیشەوە. ئەمەش مانای ئەوە نییە، کە زانایانی پێشکەوتنخوازی لە کلاسیکی هاوچەرخ پێ لەسەر ئەوەدا بگرن، کە کۆمەڵگە بوونەوەرێکی ئەندامی بایۆلۆجییە، بەڵکو بیرۆکەکە ئەوەیە، کە کۆمەڵگە بەڕاستی لە بوونەوەری ئەندامی دەچێ لەلایەنی بنیات و پەیکەر، هەروەها لەو کردارە گۆڕانکارییەی، کە دوچاری دەبێت. بیردۆزی دیکەش هەن، کە دەکرێ بخرێنە پێش چاو، بەڵام ئەوە دەوەستێتە سەر نموونەی پێشکەوتن evolutionary paradigm، کە ئێمە مەبەستمانە و سەودای لەگەڵدا دەکەین.

شێوەی کلاسیکی ئەو نموونەیەی کە (هربرت سبنسر) خستییە بەرچاو بنەڕەتی رێبازی سیاسی ناسراو بە خۆتێهەڵقورتاندنە laissez-faire ئەوەش ئەو پرەنسیپەیە، کە بەرهەڵستی دەستێوەردانی حکوومەت دەکات لەلایەنی ئابووری تەنیا لە حاڵەتی پێویستدا نەبێت و بۆ پاراستنی ئاسایش و مافی موڵکی کەسی نەبێت. ئەو سیاسەتە ئەوە بەگەمژەیی دەزانێ هەوڵی گۆڕانی کۆمەڵگە بدرێ بەهۆی یاسا و رێسای پرۆگرامی چاودێری کۆمەڵایەتی و شتی هاوشێوەی ئەوانە، چونکە رێسا چەسپاوەکان بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی بێگومان کۆمەڵگە رووە و بارودۆخێکی چاکتر دەبن(١٧). زۆرینەی هزرەکانی نموونەی پێشکەوتن پێکهاتبوون بەر لەوەی (داروین) بیردۆزە بەناوبانگەکەی لەبارەی رەچەڵەکی جۆرەکان بخاتەڕوو. لەگەڵ ئەوەشدا بە تێڕوانین لەو وێکچوونە زۆرەی لە هزرەکاندا لەنێوان ئەم دوو دەستەیەدا هەیە وای لێهاتووە بەزۆری ناوی داروینی کۆمەڵایەتی social darwinism ی لێنراوە.

ئەمڕۆ جۆراوجۆریەتییەکی زۆر بۆ نموونە پێشکەوتووەکان هەیە(١٨). ئەوەش بە پێویستییەوە هەوڵی وێناکردنی شیکاری گۆڕانی کۆمەڵایەتی دەدات لە چوارچێوەی یەکێك لە دەستەی رێسا سروشتییەکان (بەپێچەوانەی گەڕانەوەی گۆڕانکاری لەو جۆرە لە تێهەڵقورتاندنی ئاسمانی و رووداوی هەڕەمەکی و شتی لەم جۆرە). شێوەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی کە زۆرجار لە نموونەکانی پێشکەوتندا دەردەکەون بەجۆرێك لە چڕبوونەوەی سروشتی دادەنرێن وەکو مانەوە بۆ چاکترین و بۆماوەی سیفەتی وەرگیراو. ئەمەش وا دەردەکەوێ، کە زۆر نزیك بێ لە

بابەتە بایۆلۆجییەکان و هەروەك وەکو تۆمارێکی بایۆلۆجی وردی پێشکەوتن دەردەکەوێ، بەڵام تێڕوانینی کۆمەڵایەتی هەن سەبارەت بەوەی لە جیهانی پێشکەوتنی بایۆلۆژیدا روودەدات، بۆی هەیە بۆ بیرکردنەوە تێکدانی شێوە پێوەرییە نوێکان بەکاربێنێ بۆ ئاکاری هەر کۆمەڵگەیەك لەگەڵ ونبوونی شێوە پێشینەکان لەو رۆشنبیرییەی لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکەی دوای خۆی گوازراوەتەوە. هەروەك روونیشە کۆمەڵگە نوێکان بەردەوام هەڵدەستن بە لێکدانی شێوەی کۆمەڵایەتی نوێ کە لەنێوان پێ هەڵسانی مومارەسەی خێزانی و جۆرە نوێکانیش لە رێکخستنە بازرگانی و ئابوورییەکان (وەکو کارگە فرە رەگەزەکان) دێ و دەچێ. ئەو جۆرە نوێکاریانەش رازی بوونیان لەبەرانبەر دەکرێ، چونکە لایەنی کەم بوار بە هەندێك کەس دەدا بۆ بەدەستهێنانی چەند ئامانجێك، کە وای دادەنێن کاریگەری و چالاکی زۆر زیاترە لەو شێوە ئاکارەی، کە پێشتر بۆیان رەخسابوو، بۆیە هەندێك لە کردارەکانی چڕبوونەوەی سروشتی، مانەوە بۆ چاکترین و گوێزانەوەی شێوەی کۆمەڵایەتی نوێ بە یەکێك لە بنچینەکان دادەنرێ بۆ کرانەوەی بەردەوامی کۆمەڵگە لەبەردەم نموونەی ئاکاری زۆر جیاواز و جوداکەرەوە. ئەگەریش ئەو جەربەزەییەمان بۆ شیمانەی کەوتنە ناو هەڵەی زیادەڕۆیی لە سادەبووندا قەبووڵکرد، لەو کاتەدا دەتوانین نموونەی پێشکەوتن evolutionary paradigm کورتبکەینەوە، بەو پێیە ئەو بیردۆزانەی خوارەوە لەخۆ دەگرێ:

(١) چاکترین رێگە بۆ لە کۆمەڵگە روانین ئەوەیە وەکو کۆمەڵێك یان دەستەیەك لەپاژی پەیوەندیداری دابنێین، کە رێکخستنێکە چالاکی پەیوەندیدار و دووبارەبووە وە و نموونەیی لەخۆوە دەگرێ.

(٢) کۆمەڵگەی لەم جۆرە هەموو کات دووچاری گۆڕان دەبێ وای لێدێ شێوە کۆمەڵایەتییەکانی جیاواز و جوداکەروەبن بەشێوەی بەردەوام.

(٣) شێوە کۆمەڵایەتییە نوێکان داهێنران یان لە کۆمەڵگەکانیتر گوێزرانەوە لەرێگەی ئەو تاکانەی بەدوای هۆکاری پتر کاریگەردا دەگەڕێن بۆ بەدەستهێنانی ئەو ئامانجانەی کە زۆر بەگرنگیان دەزانن.

(٤) هەروەها ئەو شێوە کۆمەڵایەتییانەی، کە بەڕاستی یارمەتی دەری خەڵك دەبن بۆ وەدەستهێنانی ئامانجەکانیان بە چالاکییەکی زیاترەوە و لەگەڵ دابە باوەکانیشدا دژ نین، خەڵك پێیان رازی دەبێت و دەبنە پاژی جێگیر لە کۆمەڵگەی پێشکەوتوو. بە پێچەوانەی ئەمەش شێوە کەم چالاکەکان دەردەکرێن و خەڵکی دەستبەرداریان دەبێت.

ئەو پرسیارەی، کە پێویستە بگوترێ: چۆن ئەو جۆرە بیردۆزانە لەبارەی گەشەی کۆمەڵگە لە لێکۆڵینەوەی راگەیاندندا بەگرنگ دادەنرێن؟ لە راستیدا گرنگی ئەم بیردۆزانە لەکاتێکدا روون دەبێتەوە، کە مرۆڤ لە مێژووی هۆکارەکانی راگەیاندن دەکۆڵێتەوە، لەرێی ئەو مێژووەوە گەلێك خەڵك دەرکیان بەپێویستی هەبوونی دەزگایەکی پەیوەندی خێراکردووە، کە بتوانێ بگاتە رێژەیەکی زیاتر لە پێشوازیکاران و وەرگران. بۆ بە ئەنجامگەیاندنی ئەم دوو ئامانجە زۆرێك لە شێوە کۆمەڵایەتییە نوێکان تاقیکراونەتەوە وەکو نێوەندێك بۆ سوود وەرگرتن لە پێشکەوتنەکانی تەکنەلۆژیا. هەندێك لەو شێوانە دوورخراونەتەوە و دەسبەرداریان بوون، لە کاتێکدا هەندێك شێوەی دیکە هەڵبژێردران تا بمێننەوە و بگوازرێنەوە بۆ نەوەکانی دیکە. بەواتایەکی دیکە گەشەی راگەیاندن هەمیشە کردارێکی پێشکەوتن بووە، چ لەلایەنی تەکنەلۆژی زانستی و میکانیکی یان لەلایەنی شێوەی کۆمەڵایەتییە پێویستەکان بۆ بەئەنجامگەیاندنی سوود وەرگرتنی بەرچاو لەو تەکنەلۆژیایە، ئەمەش بەمەبەستی بەدەستهێنانی ئامانجەکان کە ئەوانەی بە دروستکەری ئامانجەکان دادەنرێن بە ئامانجی گرنگیان دادەنێن.

## نموونەی ململانێی کۆمەڵایەتی:

نموونەی سێیەم هەیە، کە کۆمەڵناسان بەشێوەیەکی بەرفراوان بەکاری دێنن، وادادەنرێ، کە ململانێ نەوەك جێگیری و پێشکەوتن گرنگترین کرداری کۆمەڵایەتییە. لێرەدا هزرەکە ئەوەیە کە کۆمەڵگە لە توخمی کۆمەڵایەتی ململانێکار پێکدێ. ئەمەش بۆ خۆی هزرێکی نوێ نییە، بەڵکو لایەنی کەم لە تەمەندا دەگاتە ئەو باوەڕەی دەڵێ رێکخستنە کۆمەڵایەتییەکان بنچینەی جێگیری کۆمەڵایەتین، بەڵام بیرۆکەی ئەوەی کە ململانێی کۆمەڵایەتی کرداری سەرەکییە لە کۆمەڵگەدا بە شێوەیەکی بەکێشکەر ئەلتەرناتیڤی ئەو بۆچوونەیە، کە دەڵێ هاوسەنگی بنچینەی کۆمەڵگەیە، پاڵنەری ئەو بە کێشکردنەش، هەروەك لە نموونەی پێشکەوتنیشدا بەهەمان شێوە بوو، بۆ راستییەکی روون دەگەڕێتەوە، کە گۆڕانی کۆمەڵایەتی ئاستەنگ لەبەرە بتوانرێ لە چوارچێوەی ئاراستەی پیشەیی بنیاتی یان سوودمەندی پەیکەری لەخۆ بگرێت و سەودای لەگەڵدا بکرێ. بۆ فەیلەسووفانی پێشووش روون بووەوە، کە زۆر جۆری گۆڕان وەکو ئەنجامی دەستەیەکی بەرهەڵستکار و دژ روویانداوە. زۆرینەی بیرکردنەوەکانی ئەو فەیلەسووفانەش لە چوارچێوەی چەمکگەلی وەك راستەقینە و قەڵب.. چاکە و خراپە.. دابوون، بەڵام ئەوان لە جیهانی هزرەکاندا شێوەی نوێیان دۆزییەوە، کە لە کارلێکی نێوان لایەنە

بەرهەڵستکارەکان دروست دەبێ. ئەم چەمکەش، واتا ململانێ بۆ بەدەستهێنانی شتێکی نوێ ناوی کرداری دیالێکتیکی Dialectic process لێنرا. ئەفلاتوونیش شێوازی دیالێکتیکی لە گفتوگۆکانی لەسەر زۆر بابەتی جیاواز لە کتێبی ((کۆمار)) بەکارهێناوە. بۆ چەند سەدەیەکیش ئەو هزرە وەکو پاژێك مایەوە لە لێکۆڵینەوە لە لۆجیك و وەسفی ئەو رێگایەی کە دەکرێ بە هۆیەوە زانیاری بەدەست بهێنرێ لە رێگەی کرداری گفتوگۆ و تاقیکردنەوەی بۆ بۆچوونی بەرهەڵستکاران. هەروەها ململانێی کۆمەڵایەتیش وەکو کردارێکی مرۆیی بنچینەیی لە فەلسەفەی کۆمەڵایەتیدا رۆڵێکی گرنگی گێڕا. هۆبزی فەیلەسووف کردی بە تەوەرێك بۆ شیکاری رەگی دەسەڵاتی سەرۆکایەتی لە کتێبی لڤیاتان leviathan یان ((دەوڵەتی دکتاتۆری))[١٩]. دواتر ئەمە بوو بە نامەی بنەڕەتی بۆ خاوەنانی تیۆری پەیماننامەی کۆمەڵایەتی. سەرەڕای ئەوەش کتێبەکانی هیگل و کارل مارکس و فریدریك ئەنگلز بوون، کە بە کۆکردنەوەی هزری ململانێ کۆمەڵایەتییەکان و کرداری دیالێکتیکی هەڵسان و خستیانە سەر وێنەیەکی شیکاری بۆ گۆڕانی کۆمەڵایەتی[٢٠]. کۆمەڵناسانی هاوچەرخیش بەشێوەیەکی گشتی وەکو باوك، بۆ نموونە ململانێی گۆڕانی کۆمەڵایەتی لە مارکس دەڕوانن. لە راستیدا تیۆرە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان ئەوانەی کە کارل مارکس خستنییە بەرچاو، شیکارێکی ناسراو پێشکەش بەو رێگایە دەکەن، کە بەهۆیەوە کۆمەڵگەی نوێ دروستدەبن بەوا دانانی بەوەی لە ململانێی ئەوانەوە گەشە دەکات کە هەبوون یان نەبوون، بەڵام لەسەر مرۆڤ پێویست نییە ئایدیۆلۆژیای مارکسی لەخۆبگرێ  تا بتوانێ ئەو بیرۆکەیە قەبووڵبکات، کە پێیوایە ململانێی کۆمەڵایەتی هۆکارێکی گرنگە بۆ گۆڕانی کۆمەڵایەتی.

ئەو نموونەیەی رالف داندرۆفیش لە ساڵی ١٩٥٨ [٢١] لەبارەی ململانێی کۆمەڵایەتی خستبوویە بەرچاو روونترین لێکۆڵینەوەیە لەو بوارەدا هەڵساوە بە پێداچوونەوەی کێشە و گفتوگۆکان و دانانی نموونەیەك بۆ کۆمەڵگە کە ململانێ و گۆڕان وەکو دوو بابەتی بنەڕەتی لەخۆ دەگرێ. لە چاخە نوێکانیشدا گفتوگۆکان لەسەر چۆنیەتی پێکهێنانی ئەو نموونەیە لە باشترین حاڵەتیدا هەروەها چۆنیەتی بەکارهێنانی بۆ داهێنان و بیردۆزە و تیۆرەکان لەبارەی کرداری کۆمەڵایەتی پتر سنووردار لەناو ئەوانەشدا شیکاری گەیاندن بەردەوام بوون. سەرەڕای ئەوەش نموونەی ململانێی هاوچەرخ دەکرێ سادە بکرێتەوە لەو بیردۆزە بنچینەییانەی خوارەوە:

(١)   چاکترین وێناکردن بۆ کۆمەڵگە ئەوەیە، کە پێکبێت لە دەستە و کۆمەڵی مرۆیی، کە بەرژەوەندییەکانیان بە توندی لەگەڵ یەکتری جیاوازن.

(٢)  هەموو پێكهاتەكانی كۆمەڵگە هەوڵی بەدەستهێنانی بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان لە كێبڕكێ كردن لەگەڵ ئەوانی دیكە دەدەن، یان بۆ پاراستنی ئەو بەرژەوەندییانەی لە رێگەی بەرگریكردن توانای كێبڕكێ كاری لای ئەوانی دیكە.

(٣)  كۆمەڵگەی لەم جۆرە كە بەم رێگەیە رێكخراوە بەردەوام دووچاری ململانێ دەبێتەوە، ئەمە لە كاتێكدا كە پێكهێنەرەكانی هەوڵی بەدەستهێنانی دەستهاتوویی دیكە دەدەن بۆ ئەو یان ئەوانەی بەدەستی هێناون بۆی دەپارێزن، ئەمەش مانای وایە ململانێ لە هەموو كات و شوێنێكدا هەیە.

(٤)  لە میانی پێداهەڵگوتنی كرداری دیالێكتیكی بۆ بەرژەوەندییەكانی كێبڕكێكار و بەرگریكار كرداری گۆڕانی بەردەوام پێكدێ. بەم شێوەیە كۆمەڵگەكان لە حاڵەتی هاوسەنگی دانین، بەڵكو هەموو كات لەباری گۆڕاندان.

پرسیار لێرەدا ئەمەیە بۆچی ئەو نموونەیە بە گرنگ دادەنرێت لە لێكۆڵینەوەی راگەیاندندا؟ هۆكارەكانی راگەیاندن لە ئەمریكادا پڕۆژەی كێبڕكێی كاران خۆی تەرخاندەكا بۆ بەدەستهێنانی سەرمایەی زیادە. هەمووشیان لەگەڵ یەكتردا لە كێبڕكێدان، هەروەها هەوڵی بەدەستهێنانی بەرژەوەندییەكانی دەدا لە ناوەندی تۆڕێك لە كۆتی ئەوانەی، كە دادگا و بریكارە فیدرالییەكان و یاسا و داب و ئاكارییەكان لە كۆمەڵگەدا دەیسەپێنن، هەروەها پەیكەری رێكخستنی تایبەت و هەموو پڕۆژەیەكی راگەیاندن و ئەوانەشی كە راگەیاندووە پاڵپشتی و سەودای لەگەڵدا دەكەن .جگە لەوەش مێژوویەكی درێژی دوژمنكاری هەیە لەنێوان حكوومەت و رۆژنامەگەریدا .هەروەك هەرێمی دیكەش هەن بۆ ململانێی وەكو دەمەقاڵێ لەسەر مافی رۆژنامەگەری لە رووبەڕووبەنەوەی مافی تایبەتییەكانی هاوڵاتیان ومافی حكوومەت لە پاراستنی نهێنییەكانی لەكاتی باری نائاسایی نەتەوەیی، هەروەها مافی هاوڵاتیان لە دادگایەكی یەكسان و مافی بەكارهێنەران كە بپارێزرێن لە هەندێك بانگەشەی درۆ كە لەریكلامەكان دەكرێن ...هتد بەم جۆرە، لەڕێی رووبەڕووبوونەوە و ململانێی یاسای لە بارەی ئەو بابەتانەوە كردار و نموونەكانی گەیاندن لە كۆمەڵگەی ئەمریكی بەردەوام دووچاری گۆڕان دەبێ، ئەمەش نە ئێستا و نەهیچ كاتێكی دیكە لە حاڵەتێكی ئارامی و وەستاویدا نەبووە. بە واتایەكی دیكە نموونەی ململانێی كۆمەڵایەتی نموونەیەكی تیۆری سوودمەندمان پێشكەشدەكات بۆ وێناكردن و لێكۆڵینەوە لە بابەتە گرنگە پەیوەندیدارەكان بە سیستەمی راگەیاندنی گۆڕاومان.

کارلێك کردنی هێمایی ڕێگایەکی دیکەی هەیە بۆ تێگەیشتن لە سیستەمی کۆمەڵایەتی ئەویش جەختکردنە لەسەر ئەو ڕۆڵە گرنگەی زمان، کە چ لە پێشکەوتنی کۆمەڵگەو پارێزگاریکردن و چ لە پێکهێنانی چالاکی زەینی تاکەکان دەیگێڕێ. ئەو دەروازەیە یان ئەو شێوازە زیاتر پەیوەندی هەیە بە دەروونناسی کۆمەڵایەتی یان دەروازەیەکی دەروونی کۆمەڵایەتییە، کە جەخت لەسەر پەیوەندی چالاکی زەینی و هۆشی تاك لەلایەك و کرداری گەیاندنی کۆمەڵایەتی لەلایەکی دیکەوە دەکاتەوە. ئەو چەکەش لەسەر دەمە نوێکاندا لەسەر دەستی پسپۆڕانی دەروونناسی ئەوانەی، کە لە کۆمەڵناسی مەشقیان پێکرابوو پێشکەوت. سەرەڕای ئەوەش پەیوەندی لەنێوان عەقڵ و واقیع لە ڕێگەی زمانی کۆن، کە فەیلەسووفانی گریك درکیان بەو پەیوەندییە کردبوو، چەند سەدەیەکی درێژ ڕۆڵی واتاکان لە لایەنە مرۆییەکان لە بەکێشکردنی سەرنجی فەیلەسووفان بەردەوام بوو. لەکۆتاییەکانی سەدەی حەڤدەدا جۆن لۆك کە کتێبەکەی کۆمەڵێك وتار بۆ تێگەیشتنی مرۆیی essay on human undrstanding وەسفی پەیوەندی لەنێوان وشەکان واتا ناوخۆییەکان لای تاك و پێکبەستەکانی نێوان خەڵکی، کە کۆمەڵگە پێکدێنن، کرد. جۆن لۆك گوتی: زمان ئامرازی گەورە و پێکبەستی گشتی کۆمەڵگەیە[٢٢]. لەماوەی سەدەی هەژدەشدا نووسەری وەك ئیمانوئێل کانت هەڵسان بە پەرەپێدانی ئەو بۆچوونەی کە دەڵێ ڕەگەزی مرۆیی لەناخی یان لە حەقیقەتی بابەتی خۆیدا وەڵامی وشە ناداتەوە، بەڵکو وەڵامەکە لەو جیهانە دەبێ، کە گەورەی دەکا و توندی دەکا لەزەینی مرۆڤ. ئەو جیاکردنەوەیەش لەنێوان ئەو جیهانەی دەوری داوین و ئەو واتا و بنیاتانەی لەناو مێشکماندا هەن، لەکۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەمدا پێداچوونەوە پەرەی پێدرا لەڕێگەی کتێبی پراگماتیکییە ئەمریکاییەکاندا یان ئەو نووسەرانەی کە باوەڕیان بە فەلسەفەی کارەکی پراگماتیکی هەبوو وەکو جۆن دیوی و ولیام جێمس و چارلز بیرس[٢٣] ئەمانەش بۆچوونێکیان داهێنا، کە خەڵکی بەشێوەی کۆ ئەو هزرانە دادەنێن لە دەوری ئەو ژینگەیەی لەگەڵی دەگونجێن. یەکێك لە گرنگترین گریمانە بنەڕەتییەکانی ئەو نووسەرانەش ئەوەیە، کە مەژگەی شت و هەڵوێستەکان لە سروشتی ماددی و بەرهەستی خۆی تەواو نابێ، بەڵکو لە ئاکاری خەڵك و کاردانەوەیان لەبەرانبەریدا تەواو دەبێت.

لەو سەدەیەشدا دوو نووسەر زۆر بەرچاون بەوەی بەدانەری بناغەی کارلێکی هێمایی هاوچەرخ دادەنرێن، ئەوانیش کۆمەڵناس چارلز هالتۆن کولی و جۆرج هربرت میدی

فەیلەسووفن[٢٤]. کولی گرنگترینی ئەو لێکۆڵەرانەبوو، کە لە کۆتاییدا گەیشتنە چارەسەرێك بۆ ئەو دەمەقاڵێیە کۆنەی لەنێوان سروشتدا هەبوو، کە بەڵگەیەکی رازیکەری خستە بەرچاو لەبارەی تێڕوانینی نوێ، ئەوەی کە وای دەبینێ خەڵکی سروشتی مرۆییان وەدەستدێنن و لە رێگەی بۆهێلە بۆ ماوەییەکان بۆیان نامێنێتەوە. هزرەکانی کۆلیش یەکجار گرنگ بوون لەبارەی سروشتی خودی بۆ ژیانی کۆمەڵایەتی و ئەو کردارانەی، کە خەڵکی لە رێگەیانەوە باوەڕەکانیان بۆ خۆیان و خەڵکی دیکەش وەکو نیشاندەری ئاکاری کۆمەڵایەتی پەرپێدەدەن. گرنگی ئەو هزرانەش لەو رۆڵەوە دێ، کە لەگۆڕانی سەرنخوون کردنی هزری باودا لەبارەی رۆڵی ئارەزووەکان لە ئاکاری مرۆڤدا بینیویەتی، بەڵام جۆرج هربرت مید بە شیکارێکی سەرنجڕاکێش و پتە و گەیشت لەبارەی سروشتی ناوەندی هێما زمانییەکان لەژیانی مرۆڤدا بۆ تاك و کۆمەڵەکان. تا ئەم رۆش ئەو نموونەیە هەر گرنگە و تەوەری گفتوگۆ و پێداچوونەوە و پەرەپێدانە. زۆر بۆچوونی هاوچەرخی دیکەش هەن لەسەر ئەوەی کە پێویستە گریمانەکان بۆ کارلێکی رەمزی چۆن بن و دەکرێ ئەم بۆچوونانەش لە زنجیرە بەرهەمەکانی جیروم مانیس و برنارد میلترزدا بدۆزینەوە[٢٥]. لەگەڵ رازیبوون بەو ترسناکییەش بە شیمانەی زیادەڕۆیی لە سادەکردندا، دەکرێ گریمانە بنچینەییەکان بۆ ئەو نموونەیە وا دیاری بکرێن:

(١) چاکترین رێگە بۆ لە کۆمەڵگە روانین دانانییەتی بە سیستەمێك بۆ واتاکان. بۆتاکیش هاوبەشیکردن لەواتای هاوبەشی پەیوەست بە واتای زمانی وەکو چالاکییەك بە پەیوەندی نێوان کەسەکان بەستراوەتەوە و پێشبینی نەگۆڕ و روونی لای هەمووان لێیەوە سەرچاوە دەگرێ و ئاکاری مرۆیی رووە و ئەو نموونانە دەبات کە دەکرێ پێشبینیان بکرێ.

(٢) لە تێڕوانینی ئاکاریدا راستییە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکان بە دروستکراوێکی بەرزی لەواتا دروستکراو دادەنرێن. وەکو ئەنجامێکیش بۆ بەشداریکردنی خەڵکی بە شێوەی تاك و کۆ لە کارلێککردنی هێمایی، لێکدانەوەکانیان بۆ واقیع دەبێتە زاراوەیەك لەلایەنی کۆمەڵایەتییەوە لەسەری کۆکن و لەلایەنی تاکیش خاوەنی ئاوازێکی دیاریکراون.

(٣) ئەو پێکبەستانەی کە خەڵکی و ئەو هزرانەی کە لەبارەی ئەوانی ترەوە هەیانە و باوەڕەکانیان لەبارەی خۆیانەوە یەك دەخەن، هەر هەموویان بە بناغەی کەسی لەواتا هەڵقوڵاوەکان لەکارلێکی هێمایی دادەنرێن، بەم جۆرەش ئەو باوەڕە خودیانەی خەڵکی هەیانە لەبارەی خۆیان و ئەوانی دیکەشەوە گرنگترین راستەقینەی ژیانی کۆمەڵایەتین.

(٤)   ئاکار تاك لە هەڵوێستێکدا دەوەستێتە سەر ناواخن و ئەو واتایانەی کە خەڵکی بەو هەڵوێستەوە دەبەستنەوە. بەم شێوەیە ئاکار کاردانەوەیەکی ئۆتۆماتیکی یان وەڵامێکی ئامێری نییە بۆ کارتێکەرە دەرەکییەکان، بەڵام بەروبوومێکە لە بەروبوومەکانی بنیاتی خودی لەبارەی دەروون و ئەوانی دیکە و داواکاری کۆمەڵایەتی بۆ هەڵوێستەکە.

ئێستا: ئەو مەسەلانە چ پەیوەندییەکیان بە لێکۆڵینەوە لەراگەیاندن هەیە؟ ئاشکرایە کە هۆکارەکانی راگەیاندن پاژێکی سەرەکین لە کردارەکانی گەیاندنی کۆمەڵگە نوێکان، کە بە وێنە و دەنگەوە لێکدانەوەی واقیع پێشکەش دەکات و ئەوانەی پەیامە راگەیاندنییەکەش وەردەگرن شێوازێکی خودی پێدەبەخشن. دەکرێ خەڵکیش بناغەی خودی و هاوبەشی بۆ مانای هەڵکەوتی ماددی و کۆمەڵایەتی لەرێی ئەوەی، کە دەیخوێننەوە یان گوێبیستی دەبن یان دەیبینن، هەڵدەسەنگێنن. پاشان دەکرێ ئاکارە کەسی و کۆمەڵایەتییەکانیان بەشێوەیەکی پاژی لەرێی ئەو روونکردنەوانەی کە هۆکارەکانی راگەیاندن بۆ رووداوی کۆمەڵایەتی و ئەو بابەتانەی، کە جگە لەو هۆکارنە هیچ سەرچاوەیەکی دیکە نییە، زانیاری لێوەربگیرێ دیاریدەکرێن. ئەمەش یەکێك لە ئاڵۆزترین یان گرنگترین نموونەی بەکارهێنراو لە لێکۆڵینەوەکانی گەیاندن، ئەمەش لەبەشی نۆیەمدا رووندەکەینەوە. ئەمەش پێویستە بۆ تێگەشیتن لە ئاماژە نا راستەوخۆ و دوور بڕەکان بۆ راگەیاندن جا ئەمە بۆ تاکەکان بێ یان بۆ تەواوی کۆمەڵگە.

**نموونە سایکۆلۆژییەکان: مرۆڤی تاك**

لە سیستەمی ئاڵۆزی دەروونناسیدا کۆمەڵێك نموونەی رکابەر دێن، کە بۆ ناساندن و شرۆڤە گونجانی ئاکاری مرۆیی تاکی پێکهاتوو. نموونە سایکۆلۆژییەکانیش لەبنەڕەتدا سوود بەخشن بەگوێرەی لایەنە تاکخوازییەکانی پرسیاری بنەڕەتی ژمارە سێ کە پێشتر ئاماژەمان پێدا، ئەویش ئەوەبوو، کە هۆکارەکانی راگەیاندن چی لەخەڵکی دەکەن؟ ئەم نموونانەش گرنگن لەدانانی چەمك بۆ لێکدانەوە شیماندنەکان لە پەیوەندی لەنێوان ئەو پەیامەی کە هۆکاری راگەیاندن پەخشی دەکات و هەندێ دیاردەی وەکو هەڵوێست و نموونەکانی دەرك کردن و لاسایی ئاکاری و دروستکردنی بڕیار و ئاکارە راگەیەنراوەکان وەك دەنگدان لە هەڵبژاردنەکان و کڕین. نموونە سایکۆلۆژییەکانیش گرنگیان کەمترە لە لێکۆڵینەوەی بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی وەك پێشکەوتنی مێژوویی هۆکارەکانی راگەیاندن و رێکخستنی بیرۆکراتی یان پیشەیی و کارەکانی رۆژانەیی و ململانێ لەگەڵ دامەزراوەکانی دیکەدا لەکۆمەڵگە یان

لەکردارەکانی گۆڕانکاریدا. لەگەڵ ئەوەشدا لەبەر ئەوەی پەیامەکانی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن دەتوانن کاردانەوە لای تاکەکان دروست بکەن، ئەوا نموونە سایکۆلۆژییەکان گریمانەییەکانی بنچینەیی لە بواری سروشتی سایکۆلۆژی ڕەگەزی مرۆیی ئەوەی، کە یارمەتی دەر دەبێ لە تێگەیشتنی ئەو هۆکارەی لەوانەیە ورووژێنەرێك شێوەیەکی دیاریکراوی وەڵام بورووژێنێ، دەخاتە بەرچاو. دواتر ئاماژە بە چەندین نموونەی لەم جۆرە دەکەین بۆ دەرخستنی مەودای دەوڵەمەندی دەروونناسی وەکو بوارێك، کە بووە هۆی پێشخستنی زۆرێك لە نموونەی ڕوون و ورد لە شێوەکانی ئاکاری تاك دا.

لەلایەن دەروناسانیشەوە تەرکیزی بەردەوام لەسەر دەروازەی بایۆلۆژی دەماریی هەیە. ئەو نموونەیەش مۆخ و تەواوی بەشەکانی دیکەی کۆ ئەندامی دەمار وەکو گرنگترین پێگە دادەنێ کە دەکرێ لەوێوە دەست بە لێکۆڵینەوەی لێکدانەوە لەئاکاری مرۆیی بکەین(٢٦). ئەو دەروازەیەش زۆر بە هێزە و بە تێڕوانینی بەراوردکاری بەستراوەتەوە، کە بۆچوونێکە لە سروشتی مرۆیی و جەخت لەسەر بەردەوامبوون و پێکەوە بوونی ڕەمزی مرۆیی و شێوەکانی دیکەی ژیانی گیانداران دەکاتەوە. ئەو زانایانەی لە چوارچێوەی تێڕوانینی بەراوردکاری comparative perspective کاردەکەن هەست بەوە دەکەن، کە نموونە ئاکارییەکان لای گیانداران شیمانەی ئەوەیان لێدەکرێت، کە لای ڕەگەزی مرۆیی هەبن و بە پێچەوانەشی ڕاستە(٢٧). ناوەڕۆکی ئەمەش ئەوەیە، کە ئەو وێکچوونانە لە بنەماکانی زیندەورە زانییەوە سەرچاوە دەگرن، کە هەموو بوونەوەرە زیندووەکان تێیدا بەشدارن، بەڵام نموونەی لەم جۆرە خاوەنی گرنگی تەوەریی نین لە لێکۆڵینەوەی کاریگەرییەکان و ڕاگەیاندندا.

**لە ئاکارخوازییەوە بۆ شیکاری دەروونی.** دەروازەی ئاکاری بە ناوەندی دەروونناسی هاوچەرخ دادەنرێ و بۆچوونی زۆریش لەبارەی ئەم بابەتەوە هەن(٢٨). لێرەدا تەرکیز لەسەر دیاردەی دەرەکی دەبێ، کە دەکرێ وەکو هەمبەر لە کرداری هۆشی ناوخۆیی تەماشای بکرێ. زانایانی ئاکاریش شارەزانین لەو لێکدانەوانەی، کە پێویستە تێیاندا پشت بە گریمانەکان ببەسترێ لەبارەی پەیکەری هزر و باوەڕ و چالاکی و کردارە ناو خۆییەکانی دیکە، کە ناتوانرێ تێبینی بکرێن.

ئاکارخوازی دەروونناسی هاندەر و وەڵامدەرەوەیە stimulus-response psychology. ئەوەش لەو بەرگریانەی هاندان و ئاماژانە دەکۆڵێتەوە، کە شێوەیەکی دیاریکراو لە وەڵام دروست دەکەن (یان ئەو کاردانەوە ڕوونەی، کە دەکرێ تێبینی بکرێ).

هەوڵی تێگەیشتنی نموونەی خەڵات و سزاکانیش دەدات ئەوانەی لەسەر ئەو وەڵام و چاکسازییانەی لە ئاکاردا ماونەتەوە، کە لەو کاتەدا روودەدەن کاتێك، کە گۆڕانێك لە خەڵات و سزاکەدا روودەدات، رەوشتخوازی ژمارەیەکی زۆر لە گریمانە بنچینەییەکانی تێڕوانینی بەراوردکاری کۆ دەکاتەوە، کە بەشێوەیەکی گشتی لەگەڵ دەروازەی بایۆلۆژی neurobiological approach گونجاوە.

بە پێچەوانەی تیۆری ئاکاری، کە تەرکیز دەکاتە سەر ئەو کردارانەی، کە دەکرێ تێبینی بکرێن، نموونەیەکی دیکەی شیکاری دەروونی psychoanolyyic هەیە، کە لە جۆری جیاوازی دیکە دروست دەبێت[٢٩].بە شێوەکی گشتیش ئەو هەمەڕەنگییە گرنگییەکی ناوەندی بە چالاکی زەینی و هۆشی تاك دەدا و تیشك دەخاتە سەر ئەو کردارانەی کە لە نەستدا روودەدەن. سیستەمی دەروونی مرۆیی چەند پێکهاتەیەکی وەك ((من و منی باڵا)) لەخۆ دەگرێ و دەپارێتەوە بۆ زاڵبوون بەسەر ئاکاردا. لەم نموونەیەدا ئاکاری دیار و ئاکاری گەیاندن گرنگیان کەمترە لەوەی وەکو ماددەی زانستی بۆیان بگەڕێینەوە بەمەبەستی مانادان بەوەی کە پەیوەندی هەیە بەلایەنەکانی نەستی کەسێتی، کە ئاکاری تاك دیاری دەکات. نموونە دەروونناسییەکانیش لە بنچینەدا وەکو هۆکاری چارەسەرکردنی ئەو کەسانەی بەدەست نارێکی دەمارییەوە دەناڵێنن و کێشەکانی دیکەی عەقڵیش پەرەیان پێدرا. لەگەڵ ئەوەی، کە ئەو نموونانە وەکو شێوە گشتی بۆ بنیاتنان و نواندنی دەروونی تاکی مرۆڤ خرانە بەرچاو و پەرەیان پێدرا، بەڵام تا ئێستا بابەتێکە گفتوگۆ و دەمەقاڵێ لەسەرە. جارێکی دیکە دەیڵێمەوە، کە نە تیۆری ئاکاری کلاسیکی و نە نموونەی شیکاری دەروونی ناتوانن سوودێکی تایبەتییان هەبێ لە بواری لێکۆڵینەوەکانی راگەیاندندا.

**نموونەی مەعریفی یان درککردن**. ئەو نموونانەی زۆر گرنگن لە لێکۆڵینەوەی گەیلاندندا ئەوانەن کە پێگەیەکی ناوەندی و شوێنێکی بنچینەیی بۆ چالاکی هۆشیی مرۆڤی سادە بۆ دیاریکردنی شێوەی ئاکارەکەی دیاردەکەن. بۆ ئەم چەمکەش زیاتر لە تێڕوانینێك هەیە، بەڵام هەر هەموویان دەکرێ ناوی نموونەی مەعریفی و درککردنیان لێبنرێ cognitive paradigm[30]. لە بنچینەشدا ئەو تێڕوانینەی سروشتی مرۆڤ لەسەدەی ئێستا پەرەی پێدرا لەسەر دەستی پسپۆڕانی دەروونی کۆمەڵایەتی ئەوانەی، کە مەشقیان زیاتر لەبواری دەروونناسی دیتبوو لەوەی لەبواری کۆمەڵناسی. زۆرێکیش لە چەمکی ئەو نموونانە لەرێی لێکۆڵینەوەی زانستی تاقیکاری گەشەیان کرد. سەرەڕای ئەوەش بە پێچەوانەی کارلێکی

هێمایی، نموونەی مەعریفی بە هێزەوە تیشك ناخاتە سەر زمان و واتاکان، بەڵکو تیشك دەخاتە سەر وشەیەك لەو چەمك و کردارانەی، کە دەگوترێ بەشێکن لە دروستکردنی کەسێتی و تەواوی بوونەوەرە مرۆییەکان. پرسیاری گرنگ ئەوەیە ئەو چەمك و کردارانە جا بە هاوسەنگی بێ یان ململانێ چۆن بۆ دیارکردنی شێوەی بەرسڤی ئاکاری کاردەکەن. دەشڵێن گریمانەکانی دەروازەی مەعریفی یان درککردن سوودبەخشن بۆ تێگەیشتن لە زۆر لایەنی کرداری گەیاندن. دەکرێ بنچینە سەرەکییەکان بۆ ئەو دەروازەیە لەمانەی خوارەوە کورت بکەینەوە:

(١) چاکترین رێگە بۆ روانین لە ئەندامانی هەر کۆمەڵگەیەك ئەوەیە، کە وەکو پێشوازیکار یان وەرگری چالاك یان زانیاری هەستی چاویان لێبکرێ.

(٢) کردارە مەعریفییەکان توانا بە تاکەکان دەبەخشن بۆ گواستنەوەی ئەو زانیارییانەی بە هەستەکانەوە دەرکیان پێدەکرێ بەرێگەی جیاواز وەکو دارشتنی بەوێنەی هێمای کۆدی یان ئەمبارکردن یا لێکدانەوەی بە شێوەیەکی لە خۆوەیی یان بەشکردنی یان گەراندنەوەی بۆ بەکارهێنانی لەکاتێکی دیکەدا لەپێناو دانانی ئەو بریارانەی پەیوەندییان بە ئاکارەوە هەیە.

(٣) ئەو کردارە مەعریفیانەی کە رۆڵی گرنگ دەبینن لە دیاریکردنی ئاکاری تاکدا، درککردنی هەستی و خەیاڵکردن و باوەر و هەڵوێست و داب و لاگیری رووە و یەکسانی لە هۆکاری لەم جۆرەی دەگرێتەوە، سەرەرای بیر هاتنەوە و بیرکردنەوە و زۆرێکی دیکە لە چالاکییە هۆشییەکانی دیکە.

(٤) پێکهێنەرە مەعریفییەکان بۆ رێکخستنی عەقڵی تاك تەنیا بەروبوومی شارەزایی فێرکاری خۆیەتی، کە یان بەلێکۆڵینەوە یان بە رێکەوت، یان لە چوارچێوەیەکی گشتی یان تاکی پێی گەیشتووە.

دەروازەی مەعریفی زۆر بەکارهێنانی هەیە لە لێکۆڵینەوەی کاریگەری گەیاندندا لەسەرەتاکان بەتایبەتی لە هەوڵدا بۆ چۆنیەتی وەرگرتنی پەیامەکانی راگەیاندن و چۆنیەتی فێربوونی نموونەی کرداری لەو وێنانەی، کە هۆکارەکانی راگەیاندن دەیگوازنەوە و چۆنیەتی گۆران هەڵوێست و زانیاری و داب و شیمانەی ئاکاری لە رێگەی بەئاگابوون و رازیکردن. ئەو لێکۆڵینەوە هاوچەرخانەی بۆ تێگەیشتن لەو پێویستییانەی کە ناوەرۆك و ناواخنی راگەیاندن و لایەنی تێرکردنی ئەوەی، کە هۆکارەکانی راگەیاندن پێشکەشی بەوانە دەکات، کە وەرگرن و

وەڵامی داواکارییەکە دەدەنەوە، هەروەها دەبنە نوێنەری لایەنێك لە لایەنەکانی سوود وەرگرتن لەو نموونانە.

بوونی رێژەیەکی ئاوا زۆر لە نموونە تیۆرییەکاندا، کە دەکرێ نموونەیان لەناودا هەڵبژێردرێ تایبەتمەندی گەورەی بۆ زانایانی گەیاندن رەخساندووە. هەموو نموونەیەك کۆمەڵێك گریمانەی بنچینەیی لەبارەی بارودۆخی مرۆیی، جا چ لەسەر ئاستی تاك بێ یاگشت پێشکەش دەکا، هەروەها وەسفی هەمەلایەنیشی بۆ رێکخستنی نواندن یان کرداری گۆڕانکاری لە کۆمەڵگەدا یان سنوورداری هۆکارە دەروونییەکان((سایکۆلۆژییەکان))، کە ئاکاری مرۆڤی تاك بەرێوەدەبەن پێشکەش دەکا. ناشبێ وەکو سەرچاوەی کرۆکی و دوودڵی لە حەقیقەتی رکابەری لەنێوان ئەو نموونانەدا بکەین، کە یەك شت رووندەکەنەوە هەروەك لەحاڵەتی تیۆری رکابەری لە رووبەڕوو بوونەوەی مەعریفی بۆ لێکدانەوە و شرۆڤەی ئاکاری تاك لێیدەڕوانرێ. لە راستیدا مرۆڤ ناچار نییە لەوەی کامە نموونە لەمانە بەراست بزانێ، بەشێوەیەك دەکرێ هەموویان بە راست دابنرێن و لەو بارەیەوە کە ئەو دەستەیەکی گونجاو لە ئامرازی تیۆری پێشکەش دەکا، کە دەکرێ لە رێگەیەوە روونکردنەوە و پێکهێنانی چەمکی دیاریکراوی دیکە بۆ شرۆڤەی دیاردەیەکی گەیاندنی دیاریکراو سوودی لێببینرێ. بۆ نموونە لەبەشی پێنجەمدا چەمکی کارەکی یان دروستکردن بۆ دەرهێنانی لێکدانەوەی بۆ بوونی ئاستی هۆشی نزم و داتەپیو لەناو ناوەڕۆکی هۆکاری راگەیاندندا لەگەڵ هەموو ئەو هەوڵانەی، کە رەخنەگران داویانە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆکارەکانی راگەیاندن. لە شیکردنەوەی مێژووی هۆکارەکانی راگەیاندن لە بەشەکانی دووەم و سێیەم و چوارەمدا نموونەی پێشکەوتن و نموونەی ململانێ وەکو چوارچێوەیەك بۆ تێگەیشتن. لەبەشی یازدەیەمیشدا نموونەی پیشەیی و ململانێی و هێمایی و کارلێکی مەعریفی لەبارەی دیاردەی کاریگەری هۆکارەکانی راگەیاندن دەبنە تەواوکەری یەکتری.

زۆرێك لە لێکۆڵەران لە رابردوودا تووشی شکست هاتن لە وروژاندنی پرسیار لەبارەی ئەو نموونە تیۆریانەی لەسەریان پێویستە بۆ دروستکردنی گریمانەکان و نەخشەسازی لێکۆڵینەوەکانیان بۆی بگەڕێنەوە. سەرەڕای ئەوەش گرنگی روونکردنەوەی گریمانە تیۆرییە سەرەکییەکان زیادی کرد ئەوانەی کە جڵەوی باسەکەیان لە دەستە جا چ بە شێوەیەکی روون و راستەوخۆ بێت یا بەشێوەی ناوەڕۆکی. کۆمەڵێك هۆکاریش بۆ ئەو گرنگییە هەن، کە هەندێك لێکۆڵەر قووڵدەبنەوە لە کۆکردنەوەی ماددەی زانستی و بەبێ سیستەم سوود لەو چەمکانە

وەردەگرن، کە درێژەی چەند نموونەیەکی تیۆرین. ئەو شێوازە سادەیەش بە پلەیەکی سنووردار دەتوانێ یارمەتی دروستکردنی بلانسی ئەو بیردۆزانە بدا، کە بەباشی تاقیکراونەتەوە و دەتوانێ ئەو دیاردەیە لێکبداتەوە، کە وەکو حاڵەتی تایبەتی لێیان دەکۆڵدرێتەوە لە بیردۆزە پتر گشتییەکان. لەوەش خراپتر ئەو لێکۆڵەرانەن، کە خۆیان تەنیا بۆ نموونەیەکی دیاریکراو تەرخان دەکەن و بە تاکە حەقیقەتی دادەنێن بەسادەیی وای دادەنێن، کە ئەو تاکە رێپیشاندەری رێ پێدراویان بۆ گریمانەکان و کێشەی لێکۆڵینەوە گرنگەکان پێشکەش دەکات. زۆرینەی کاتیش ئەوانە دەرك بەوە ناکەن، کە نموونەی دیکە لەبری ئەوان هەن. هەروەها لێکۆڵەری دیکەش هەن کە سوود لە پێکهێنراوی تیۆری وەردەگرن، کە ئەو تیۆرانە خۆیان لە هەندێ نموونەی بنچینەیی بواردووە، کە ئەو لێکۆلەرانە بەباشی لێیان تێناگەن. لە ئەنجامی ئەوەشدا هەندێ پێکهێنراوی دیاریکراوی وەك تیۆری نەگونجانی مەعریفی cognitive dissonance theory لە کاتێکدا بوون بە گرفت، کە نەدیاریکراو بوون نە بەهیچ شێوەیەکیش مەبەست ئەوان بوون. بێگومان نێوەندی هەرە باش ئەوەیە دەست بە رێکخستنی ستراتیژی لێکۆڵینەوە بکرێ لەسەرەتادا لە بناغەی نموونەی دیاریکراو یان کۆمەڵێك لەو نموونانەی پەیوەندییان بەو بابەتانەوە هەیە، کە لێکۆڵینەوەیان لەسەر دەکرێ دەستپێبکرێ، دواتر لە ئاستێکی کەمتردا تیۆرێك دروست بکرێ بە ئامانجی ئەوەی، کە لەسەرەتادا دەمانویست ناساندن و لێکدانەوەی بابەتی قبوولکراو ئەنجامبدەین.

ئەم بەشە تێڕوانینێکی زۆر فراوانی لەبارەی گوێزانەوە گەورە یان سەرەکییەکان لە شێوە و شێواز و ئامادەکارییەکان و تەکنیکەکانی ئاکار پێشکەش کردووە ئەوانەی رەگەزی مرۆیی بۆ گەیاندن بە کاریان دێنێ. ئەم تێڕوانینەش ملیۆنان ساڵ بۆ دواوە دەگەڕێتەوە، بۆ ئەو سەردەمانەی کە بوونەوەرەکانی بەر لە مرۆڤ دەستیان بە بەکارهێنانی هێماکان کرد بۆ گونجاندنی ژیانی کۆمەڵایەتی لەگەڵ زیادبوونی توانای ئەو بوونەوەرانەش لەماوەی چاخ و سەردەمەکاندا، لە کۆتاییدا وای لێهات توانای داهێنان و بەکارهێنان و گواستنەوەی شێوازەکانی دروستکردنی ئامێرە سەرەتاییەکانی هەبێت و پێویستی هۆکارەکانی گەیاندنیش پتر پەرەی سەند. ئەو بوونەوەرانە هەڵسان بە پەروەردە کردنی منداڵ و یارمەتی دانی یەکتری لە راو و گونجانیان لەگەڵ ژینگە قورسەکەیان و بەرگریکردن لەخۆیان لە دژی دوژمنەکانیان. ئەگەر لەنێو ئەوانیشدا سیستەمی گەیاندن شکستی بهێنابا ئێمە ئێستا لێرە نەدەبووین. سەرەڕای ئەوەش گەیاندن لای ئەو بوونەوەرە کۆنانەی، کە لە مرۆڤ دەچوون بە سترابۆوە بە

چاخی هێما و ئاماژەکان ئەوەش بە هۆی هۆکاری فسیۆلۆژییەوە بوو، کە پەیوەندی هەبوو بە پێکهات و شێوەی کەللە سەر و زمان و قورگ. بەم شێوەیە سیستەمی گەیاندن لای ئەو بوونەوەرانە زیاتر لەو سیستەمە دەچوو، کە لەچاخی ئێستاماندا لای مەیموونەکان بەکاردێت زیاتر لەوەی لای مرۆڤ بەکاربێت، کە زۆرێنەی هەرە زۆریان پشت بە گۆکردن دەبەستن. ئەنجامی ئەوەش ئەوەیە، کە توانای لەسەر دیاریکردنی چەمکەکان و لێکدانەوە و داهێنان و ئالوگۆڕی پەیامە ئالۆزەکان تا رادەیەکی یەکجار زۆر بەکەڵك بوو.

لە یەکێك لە کاتەکان لە دەوروبەری ٤٠ هەزار ساڵ، جۆرێك لە بوونەوەرە مرۆییەکان توانیان پەرە بە توانای قسەکردنیان بدەن. زمانیش بۆ پێشینەکانی ئێمە دەرفەتێکی دروستکرد، کە پێشینەی نەبووە لە رکابەری لەسەر شتەکان و مانەوە لە ژیاندا. هەروەها ئەمانە تواناداری مەعریفییان یەکجار زیادی کرد، کە لەگەڵ چاخی قسەکردن و زمان بۆ پێشینەکانی ئێمە هاتبوو، هەروەها تواناداری بیرکردنەوە بە شێوەی تەجریدی و دەست بە داهێنانی شارستانییەتی مرۆڤایەتی ئالۆزی بۆ رەخساندن، کە لە هەموو شتێکی جیاوازی مەملەکەتی گیاندارآندا جیاوازە. بەم شێوەیە تەکنەلۆژیای پتەو دەستی پێکرد و کشتوکاڵ و عەرەبانە و قوڕی سوورکراوە و کانزاکان و غەیری ئەوانەشی کۆدەکردەوە.. ئەمەش وردە وردە زیادیکرد هەتا بەوە گەیشتین کە ئەمڕۆ ئێمە تێیداین. لە کاتێکی دیکەشدا نهێنی نووسین دۆزرایەوە و وای لێهات نووسین لێهاتووتر و چالاکتر بوو بە دەرکەوتنی نێوەندە هەڵگیراوەکان، واتە ئەوەی دەکرێ دوای نووسین بگوازرێتەوە، بە دەرکەوتنی تیپەکانی ئەلف و بێش پتر دەرکەوت. وای لێهات پێشکەوتنی شارستانییەتی مرۆڤایەتی بە بەردەوامی توانای زیادی و کۆبوونەوەی بە ئاوازێکی زۆر خێرا هەبێت. بوونی مرۆڤایەتیش بەهۆی ئەو گۆڕانەی گەیاندن گۆڕانێکی زۆری بەسەردا هات.

لە چاخە نوێکانیشدا ئامێری چاپ بوو بە حەقیقەتێکی راستەقینە لە ماوەیەکی کورتی رێژەیشدا وای لێهات کتێب زۆر دەست دەکەوتن. دەرکەوتنی ئەدەب و هونەر و زانستەکان و تەواوی زانیارییە مرۆییەکان روویدا. لە کۆتایشدا دەرکەوتنی ئامێری چاپ بووە هۆی دەرکەوتنی رۆژنامەی هەڵبژاردە و دواتریش دەرکەوتنی رۆژنامەی جەماوەری لە سەدەی رابردوودا. لەگەڵ داهاتنی سەدەی بیستەمدا ئاوازی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا بە شێوەیەکی مەزن زیادی کرد و سەردەمی گەیاندنی جەماوەری و راگەیاندن دەستی پێکرد. هەروەك رووداوەکان لەچاو تروکانێکدا روویاندابێ سینەما هات، دواتر رادیۆ و ئێستاش تەلەفزیۆن،

لەگەڵ چەندین تەکنیکی دیکە کە پەیوەندییان بە ڕاگەیاندن و گەیاندنەوە هەیە. ئێمە ئێستا لە ناوەڕاستی چاخێکی نوێداین و ڕەنگە لە قۆناغی گواستنەوەدا بین بۆ چاخی کۆمپیوتەر.

لە ڕاستیدا تەنیا بەشێکی کەمی نەبێ ئێمە هیچ لە مانای ئەو گۆڕانانە تێناگەین، کە لەم دواییانەدا ڕوویاندا. بەتایبەتی لێکۆڵینەوە لە بارەی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن و گەیاندن تا ئێستا لە قۆناغی سەرەتا دایە. سەرەڕای ئەوەش دەتوانین ئەو کاریگەرییە زۆرەی ڕاگەیاندن و گەیاندنی هاوچەرخ لەسەر بیرکردنەوەی تاکەکەسیمان و ژیاری کۆمەڵگەکەماندا ببینین. ئێستا زانایانی گەیاندن بنچینەیەکی پتەویان لە پێکهاتەی تیۆر و ڕێبازی ئەو لێکۆڵینەوەیە لەبەر دەستدایە، کە لە ڕێگەیەوە هەوڵدەدەن بگەن بەو چەمکەی کە ئێمە بەهۆیەوە پشت بە هۆکارەکانی ڕاگەیاندن دەبەستین. ئەو نموونانەی کە لەم بەشەدا باسکران کۆمەڵێکی زۆر دەوڵەمەندیان لە ئەلتەرناتیڤ هەیە، کە دەکرێ بۆ پێشخستنی تیۆری دیاریکراو لە زۆر لایەن و گۆشەی کردار و کاریگەری ڕاگەیاندن بەکاربهێنرێن.

## پەراوێزەکانی بەشی یەکەم


1. W. W. Howells, "Neanderthal Man: Facts and Figures," in *Proceedings of the Ninth International Congress of Anthropological and Ethnographical Sciences*, Chicago, 1976. See also E. Trinkhaus and W.W. Howells, "The Neanderthals," *Scientific American* 241 (1979): 118–133.
2. Robert Finn, "Origins of Speech," *Science Digest*, August 1985, pp. 52–55.
3. Philip Lieberman, "The Evolution of Human Speech: The Fossil Record," *The Biology and Evolution of Language* (Cambridge, Mass.: Harvard University Press, 1984), pp. 287–329. Many of the inferences set forth in our present chapter have been drawn from this source.

4. The relationship between language and thought has been deeply established in such fields as anthropology, linguistics, philosophy, psychology, and sociology. See, for example: Benjamin L. Whorf, *Language, Thought, and Reality*, ed. J. B. Caroll (Cambridge, Mass.: M.I.T. Press, 1956); George Herbert Mead, *Mind, Self and Society*, ed. Charles Morris (Chicago: University of Chicago Press, 1934); and J. Bronowski, *The Origins of Knowledge and Imagination* (New Haven, Conn.: Yale University Press, 1978).
5. Charles F. Hockett, "The Origin of Speech," *Scientific American* 203 (1960): 89–96.
6. An excellent discussion of media and change in ancient societies is found in Harold A. Innis, *Empire and Communications* (Toronto: University of Toronto Press, 1972). See especially p. 14.
7. Edwin Emery, *The Press and America* (Englewood Cliffs, N.J.: Prentice-Hall, 1972).
8. Charles Horton Cooley, *Social Organization* (Boston: Charles Scribner's Sons, 1909), p. 63.
9. Ibid., p. 64.
10. Ibid., p. 65.
11. For detailed definitions and discussions of the distinctions between *media, mass media, human communication* and *mass communication*, see Melvin L. DeFleur and Everette E. Dennis, *Understanding Mass Communication* (Boston: Houghton Mifflin, 1981), pp. 6–23.
12. These brief summaries do little more than sketch the central ideas of each paradigm in an introductory manner. Each is, in fact, a complex set of propositions that has generated wide controversy. The references cited in connection with each provide entry points for exploring the substantial literature associated with each paradigm.
13. *The Republic of Plato*, trans. Frances M. Cornford (London: Oxford University Press, 1954).
14. Auguste Comte, *The Positive Philosophy*, trans. Harriet Martineau (London: George Bell and Sons, 1915); see vol. 2, Herbert Spencer, *The Principles of Sociology* (New York: D. Appleton, 1898).
15. Bronislaw Malinowski, "Anthropology" *Encyclopedia Britannica*, First Supplementary Volume (London and New York, 1926), pp. 132–33; A.R. Radcliffe-Brown, *Structure and Function in Primitive Society* (Glencoe, Ill.: Free Press, 1956).
16. Robert K. Merton, *Social Theory and Social Structure* (Glencoe, Ill.: Free Press, 1949), Chapter 1, pp. 19–84.
17. Spencer, *The Principles of Sociology*.
18. J.D.Y. Peel, "Spencer and the Neo-Evolutionists," *Sociology*, May 1969, pp. 173–91; reprinted in R. Serge Penisoff et al., *Theories and Paradigms in Contemporary Sociology* (Itasca, Ill.: F.E. Peacock, 1974), pp. 188–209.
19. Thomas Hobbes, *Leviathan* (Oxford: James Thornton, 1881). First printed in 1651.
20. Karl Marx and Friedrich Engels, *The German Ideology* (New York: International Publishers, 1947); Herbert Marcuse, *Reason and Revolution: Hegel and the Rise of Social Theory* (Boston: Beacon Press, 1960).
21. Ralf Dahrendorf "Toward a Theory of Social Conflict," *Journal of Conflict-Resolution* 2, no. 2 (June 1958): 170–83.

22. John Locke, *An Essay Concerning Human Understanding*, ed. Peter Nidditch (Oxford: Clarendon Press, 1975), p. 402. First published in 1690.
23. "Intellectual Antecedents and Basic Propositions of Symbolic Interactionism" in Jerome G. Manis and Bernard N. Meltzer, *Symbolic Interactions: A Reader in Social Psychology* (Boston: Allyn and Bacon, 1978), pp. 1–9.
24. Cooley, *Social Organization*, George Herbert Mead, *Mind, Self*, and *Society*, ed. and with an Introduction by Charles W. Morris (Chicago: University of Chicago Press, 1934).
25. Manis and Meltzer, *Symbolic Interaction*.
26. For example, see H. J. Eysenck, *The Biological Basis of Personality* (Springfield, Ill.: Charles C. Thomas, 1967); and M.D. Schwartz, *Physiological Psychology* (Englewood Cliffs, N.J.: Prentice-Hall, 1973).
27. One of the classics is Wolfgang Köhler, *The Mentality of Apes* (New York: Harcourt Brace Jovanovich, 1925). A provocative treatment is R. Audrey, *The Territorial Imperative* (New York: Atheneum, 1966); more typical of contemporary works is D. N. Daniels, M. F. Gilula, and F. M. Ochberg, *Violence and the Struggle for Existence* (Boston: Little, Brown, 1970).
28. The classics include John B. Watson, *Psychology from the Standpoint of a Behaviorist*, 2nd ed. (Philadelphia: Lippincott, 1919); Ivan P. Pavlov, *Conditioned Reflexes* (New York: Oxford University Press, 1927); and B. F. Skinner, *Behavior of Organisms* (New York: Appleton-Century-Crofts, 1938). More contemporary are H. Rachlin, *Introduction to Modern Behaviorism* (San Francisco: Freedman, 1970); Albert Bandura, *Principles of Behavior Modification* (New York: Holt, Rinehart and Winston, 1969); and a work more significant for students of communication: Albert Bandura, *Social Learning Theory* (Englewood Cliffs, N.J.: Prentice-Hall, 1977).
29. The classic source is Sigmund Freud, *Outline of Psychoanalysis*, standard ed. (London: Hogarth Press, 1970). More contemporary are G. S. Blum, *Psychodynamics: The Science of Unconscious Mental Forces* (Belmont, Calif.: Wadsworth, 1966); and K. Menninger and P. S. Holzman, *Theory of Psychoanalytic Technique*, 2nd ed. (New York: Basic Books, 1973).
30. The cognitive paradigm is an outgrowth of the gestalt psychology of the 1920s, field theories advanced during the 1930s, and a large contemporary literature in experimental social psychology. Among the more significant works of later decades are Leon Festinger, *A Theory of Cognitive Dissonance* (Stanford, Calif.: Stanford University Press, 1957); J. W. Brehm and A. R. Cohen, *Explorations in Cognitive Dissonance* (New York: Wiley, 1962); R. P. Abelson et al., eds., *Theories of Cognitive Consistency: A Sourcebook* (Chicago: Rand McNally, 1968); D. J. Bern, *Beliefs, Attitudes, and Human Affairs* (Belmont, Calif.: Brookes-Cole, 1970); and L. Berkowitz, ed., *Advances in Experimental Social Psychology* (New York: Academic Press, 1974).

# بەشی دووەم

## پەیدابوونی ڕۆژنامەی جەماوەری

یەکەمین پرسیاری تەوەریی یا بنچینەیی، کە لە بەشەکەی پێشوودا خرایەڕوو لەبارەی سروشت و کاریگەری ڕاگەیاندن لە کۆمەڵگەی هاوچەرخدا ئەوەبوو: کاریگەری کۆمەڵگە لەسەر هۆکارەکانی ڕاگەیاندن چۆنە؟ یان بەدەربڕینێکی دیکە، ئەو بارودۆخە سیاسی و ئابووری و ڕۆشنبیرییانە کامانەن، کە وایان لە هۆکارەکانی ڕاگەیاندن کردووە بەم شێوەیە کار بکەن، کە ئێستا تێیداین؟ ئەمە ڕوونە کە ئەم پرسیارە زۆر ئاڵۆزە، لەبەر ئەوەی: یەکەم، لەبەر ئەوەی ئەو هێزە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەی کە شێوەی هۆکارەکانی ڕاگەیاندنی لە جیهاندا دیاریکردووە لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکە یەکجار جیاوازە.

دووەم، لەبەر ئەوەی ئەو هێزە هەمان هێز نییە، کە کاریگەری لەسەر تەواوی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن هەبووە لە کۆمەڵگەیەکدا. سێیەم، ئەو هێزە لە قۆناغە جیاوازە مێژوویەکاندا گۆڕانی زۆری بەسەردا هاتووە. لەبەر ئەم هۆیەیە کە وەڵامێکی سادە و تەواو بۆ ئەو پرسیارەی پێشوو دەست ناکەوێ، لە جێگای ئەوەدا لەسەر مرۆڤ پێویستە لەبارەی گەشەی ڕۆژنامەگەری و سینەما و ئێزگەکان لە کاتێکی گونجاو لە هەر کۆمەڵگەیەك بە جودا بەدواداچوون بکا. ئەمەش کتومت ئەرکی بەشی یەکەمی ئەم کتێبەیە لە هۆکارەکانی ڕاگەیاندنی ئەمەریکی و پێشکەوتنی لەناو کۆمەڵگەی ئەمریکاییدا وردەبێتەوە.

بەشێوەیەکی سنووردارتر، لەم بەشە و لە دوو بەشەکەی دوای ئەودا بەدواداچوون لەبارەی پەیدابوونی ڕۆژنامە و فیلمی سینەمایی و ئێزگە لە چوارچێوەی کۆمەڵگەی ڕۆشنبیری بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ئەنجامدەدەین. ڕوونیش دەبێتەوە، کە زۆرێك لەو ڕووداوانەی، کە کاریگەریان لەسەر هۆکارەکانی ڕاگەیاندنی ئەمریکیدا هەبووە یان لەکاتێکدا ڕوویانداوە، کە هێشتا کۆمەڵگەی ئەمەریکی دروست نەبووە، یان ئەوەتا لەدەرەوەی سنووری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا ڕوویانداوە. سەرەڕای ئەوە، گفتوگۆی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن لە گۆشەنیگای بەراوردکاری یان نێو نەتەوەیی بۆ خەڵکانی دیکە جێ دەهێڵین، کە ئەرکێکە گرنگییەکی زۆری هەیە.

دوو نموونەی کۆمەڵایەتی گشتی هەن، کە وەکو دوو چوارچێوە سوودیان هەیە بۆ بەدواداچوونی پێشکەوتنی هۆکارەکانی راگەیاندن. ئەم دوو نموونەیەش تێڕوانینی پێشکەوتن خوازی (لە شێوە کۆمەڵایەتییەکەیدا) و نموونەی ململانێی کۆمەڵایەتین لە تێڕوانینی پێشکەوتن خوازیدا، وەکو نموونەیەکی گشتی هەوڵی شرۆڤەکردن و لێکدانەوەی زیادەکانی ئالۆزکردنی کۆمەڵگە یا بەشێکی دیاریکراو لەو کۆمەڵگە (وەکو بەشی راگەیاندن) دەدا، لە رێگەی گونجانی لەگەڵ ژیانی کۆمەڵایەتی رێکخراو. پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی کرداری گۆڕانە. لەم چوارچێوەیەشدا گۆڕانەکان دووبارەبووە وە و نموونەی هاوشێوەی پەیوەندی کارلێکی نێوان خەڵکی دەبن لەوانەشە لەوە گرنگتر ئەوەبێ، کە کرداری پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی، کردارێکە تێیدا گۆڕانکارییە بچووکەکان لە وێنەی نوێ بوونەوە و داهێناندا بەدەستدێ تا گەیشتن بە ئامانجەکان بە چالاکی زیاتر. بەشێوەیەکی ریتمی و پلە بە پلە ئەم گۆڕانانە دەبنە هۆی گۆڕانی کرۆکی لەو رێگەیەی کە هەندێك لە لایەنە کارەکییە کۆمەڵایەتییەکانی پێ تەوا و دەکرێت.

گۆڕانی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی کردارێکی شێلو نییە. خاوەنی توانا لەرادەبەدەرەکان پێشنیاز دەکەن و پێشدەخەن و رێگای نوێ بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان پەیرەو دەکەن. دەکرێ ئەمەش ببێتە نوێنەری کێشەیەکی تایبەتمەند لە ئاکار و چارەسەری گرفتە میکانیکییەکان یان رێکخستنە کۆمەڵایەتییە پتر چالاکەکان کە ئەنجامدانی کاری چاکتری لێدەکەوێتەوە. هەندێك لەو رێگایانەش پێشنیازکراون تاقیکراونەتەوە و لەسەریشیان ماونەتەوە بۆ ئەوەی ببن بە پاژی بنچینەیی لە رۆشنبیری کەڵەکەبوو، کە نەوەکان لەگەڵ یەك کۆ دەکاتەوە. لە هەمانکاتیشدا راستەوخۆ هەندێك لەو رێگایانە رەتدەکرێنەوە یان دوای تاقیکردنەوەی رەتکردنەوەکە دەردەبڕدرێ یان ماوەیەك لەسەری بەردەوام دەبن و دواتر بە رێگەیەکی چالاکتر دەیگۆڕنەوە. بەم شێوەیە رەگەزی مرۆیی وەك هەر گیانلەبەرێکی دیکە بەبەردەوام هەوڵی چاککردنی بواری مانەوە دەدا لە رێگەی کۆمەڵە کردارێك، کە لە تاقیکردنەوە و لە چڕبوونەوە ناوەستن لەم جۆرە کردارانەشدا نموونەی خاوەنی چالاکی زیاتر لە رووی ئاکاری و میکانیکی و کۆمەڵایەتی دەردەکەون ئەمەش بە پێشکەوتنی شارستانی مرۆیی ناو دەبرێ.

هەروەك نموونەی ململانێ سوودبەخشە لە تێگەیشتنی هۆکارە راگەیاندنە هاوچەرخەکاندا. ئەم نموونە کۆمەڵایەتییەش لێکدانەوە بۆ گۆڕانی کردار و رێکخستنە کۆمەڵایەتییەکان بە پێی پرەنسیپە جیاوازەکان پێشکەش دەکا، ئەو وای دەبینێ، کە کۆمەڵگە لە دەستە و کۆمەڵە خەڵك پێکدێ، کە بەرژەوەندییەکانیان لە کەسێکەوە بۆ یەکێکی دیکە جیاوازە، ئەوانەشی کە

هەوڵی بەدەستهێنانی ئامانجەکان دەدەن زۆرینەی کات تایبەتی دەکەن بەخۆیان. لە سیستەمی کۆمەڵایەتی لەم جۆرەدا ململانێ لەهەر کات و شوێنێکدا کارێکی حەتمییە. گۆڕانیش کاتێك روو دەدات، کە لایەنەکە دەیگرێتەوە، یا لەکاتێکدا دەبێت، کە دەگەنە چارەسەرێك، کە بۆ هەردوولا گونجاوە. لە هەردوو باریشدا گۆڕان روودەدا. ئەمەش چوارچێوەیەکی گرنگە بۆ تێگەیشتن لە خەسڵەتی دیاریکراو بۆ هۆکارە راگەیاندن هاوچەرخەکانمان. لەبەر ئەوەی دەستە جیاوازەکان لە ململانێدا بوون وا پێویست بوو، کە بگەنە چارەسەرییەك و ئێستا هۆکارەکانی راگەیاندنی ئێمە بە کۆمەڵێك خەسڵەتی گرنگ جود دەکرێنەوە، کە رەگەکەیان لەم کردارە سەرچاوە دەگرێ. ئەم خەسڵەتانەش ئازادی رۆژنامەگەری و پاڵپشتی لەرێی ریکلام و پاراستنی سەرچاوە و خاوەندارییەتی تایبەت دەگرێتەوە. هەموو ئەو خەسڵەتانەش سەردەمێك لەسەردەمەکان هۆی کێشە و دەمەقاڵێ بوون.

بەشێوەیەکی گشتی و وەکو ئەنجامێك بۆ کرداری پێشکەوتنی لەسەرخۆ و بوونی رێژەیەکی زۆری ململانێ لەسەر رێگاکەدا، وای لێهات بۆ هۆکارەکانی راگەیاندن ئەوەی ئێستا پێی گەیشتووە پەیکەرێکی ناوازە بۆ دەسەلاتداربوون وەربگرێت و کۆمەڵێکی زۆر لە دابەکانی بۆ رەخساون کە بە جەماوەر و خوێنەرەکانییەوە دەبەستنەوە و وای لێهاتووە شێوەی تایبەتی لە ناوەڕۆکەکەیدا وەها هۆکارەکانی راگەیاندن گەیشتنە رێگای دیاریکراو لە پاڵپشتی ماڵی و بەروونیش پەیوەندی هەریەکەیانی لەگەڵ ئەوی دیکە و لەگەڵ دامەزراوە کۆمەڵاتییە گرنگەکانی وەکو حکوومەت دیارکرد. لەکۆتاییدا هۆکارەکانی راگەیاندن بە پلەیەك یان یەکێکی دیکە بە تاقیکردنەوەی رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ زنجیرەیەك لە ململانێ دووبارەبوونەوە تێپەڕیون لەنێوان ئامانجەکانی و ئارەزوویی و خولیای ئەو کەسانەی ئاستی چێژی رۆشنبیری و فێربوونیان بە پلەیەکی بەرز لە ئاستی زانراوی هاوڵاتییەکی ئاسایی بەرزتر دەبێتەوە.

## نموونەی دووبارەبووەکان لە پێشکەوتنی هۆکارەکانی راگەیاندن:

لە بۆچوونی خێزانێکی ئاساییدا هەموو هۆکارێك لە هۆکارەکانی راگەیاندن لەکاتی دەرکەوتنی هۆکارێکی نوێ دەکرێ قەبووڵبکرێ یان رەتبکرێتەوە وەك هەر شێوەیەك لە شێوەکانی تەکنەلۆژیا لەناو ماڵ یان لایەنی کەم لە خێزان داوا دەکا، کە شێوەی نوێ لە ئاکاری دروست بکا. ئەو پرەنسیپە پێشکەوتووانەی، کە زاڵن بەسەر قایل بوون یان رەتکردنەوەی راهێنانە نوێکان لەناو خێزاندا ئێستا زیاتر ناسراون. هۆکارەکانی راگەیاندن

ڕۆڵی کرۆکی لە نوێکردنەوەی ڕەوشی داهێنان کاریدا دەگێڕن و لە هەمانکاتیشدا دەکرێ خودی خۆیان بە راهێنان دابنرێن، دەشکرێ هەندێ نێوەند بناسرێن، کە بە هۆیانەوە کۆمەڵگە کاریگەری لەسەر هۆکارە راگەیاندنەکانی دەبێت و لەرێگەی لێکۆڵینەوەی نموونە و هەبوونی و بەکارهێنان و ئەو هۆکارانە و گۆڕانکارییە کۆمەلایەتی و رۆشنبیرییە پەیوەستەکان بە بلاوبوونەوەی لەناو خەڵکدا شێوەکانی لێ دیاری دەکات.

ئێمە پێویستمان بەوە نییە بەناو مێژووی ئەمریکادا روو بچین بۆ ئەوەی لەبارەی کۆمەڵگەیەکی بێ هۆکارەکانی راگەیاندن قسە بکەین زیاتر لە نیو سەدەش پاش ئەوەی زێدە داگیرکراوە رەسەنەکان ئازادی خۆیان لە ئینگلتەرا راگەیاندبوو، کەچی رۆژنامەیەکی جەماوەری نەبوو هەواڵێك بگەیەنێتە کەسێکی ئاسایی. تەنیا ئەو رۆژانە هەبوون، کە زۆر بە سنووری دابەش دەکران و ئەوانەش لە رووی ناوەڕۆك و بەخشراو و خوێنەرەکان و هۆکارەکانی دابەشکردن و قەوارەی بلاوبوونەوەکەیان زۆر لەو رۆژنامە جەماورەیانە جیاواز بوو، کە دوای ئەمانە دەرکەوتن. بۆ سینەما و ئێزگە(رادیۆ و تەلەفزیۆن) هەردووکیان لە لایەنی هونەرییەوە مێژوویەکی درێژیان هەیە، بەلام هەردووکیان مەیلیان بۆ لای داهێنانەکانی سەدەی ئێستایە وەکو دوو نێوەند کە رۆڵ دەگێڕن لەسەر ئاکاری گەیاندن بۆ خێزانێکی ئاسایی.

تێگەیشتنی تەواو بۆ چۆنیەتی پەیدابوونی هۆکارە راگەیاندنە جۆراوجۆرەکان لەو کاتە دیارکراوانەی تیایدا سەریان هەڵداوە پێویستییان زۆر لەوە زیاترە، کە تەنیا دۆزینەوە و داهێنانەکان لەبواری ئامێرە تەکنیکییەکاندا بکرێن بە لیست لەگەڵ هەندێ لە مێژوو، و ناو، لێکۆڵینەوەی مێژوویی بۆ هۆکارەکانی راگەیاندن لەناو هەر چوارچێوەیەکی کۆمەلایەتی بەمەبەستی رەخسانی ئەو نموونە دووبارەبوونەوانە، کە لەکاتی گەشەکردنی ئەو هۆکارانەدا دەردەکەوتن پێویستیان بە وردبوونەوە هەیە لەسێ پرسیاری گرنگ:

١- ئەو توخمە تەکنەلۆژیانە یان ئەو خەسڵەتە رۆشنبیریانە چین، کە لە نموونەیەکی پەیوەست بە تێکەڵیەکی رۆشنبیری ژیاری نوێی وەکو دروستکردنی رۆژنامەی جەماوەری یان فیلم یان رادیۆ یان تەلەفزیۆن دا کۆبوونەتەوە؟

٢- بارودۆخی کۆمەلایەتی و رۆشنبیری ئەو کۆمەڵگەیە چۆن بووە، کە لەناخیدا ئەو کۆبوونەوە یان ئەو کەڵەکەبوونەی دروستبووە، و ئەو بارودۆخە چۆن کەشێکی لەباری بۆ دەرکەوتن و بلاوبوونەوەی ئەو داهێنانە ئەفراندووە؟

٣- نموونەی بڵاوبوونەوەی داهێنراوەکان لەناو کۆمەڵگەکەدا، ئەو بارودۆخە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییانەی چین، کە پەیوەستن بە سەرەنجام و نموونەی گەشەکردنیان؟

ئەوە روونە، کە هەر پرسیارێکی ئاڵۆزی لەو جۆرە ناکرێ وەڵامێکی پڕ بە پێستی بدرێتەوە لەسێ بەشی کتێبێکی بچووکدا، بابەتی لەم جۆرە پێویستی بە هەوڵدانێکی زۆر هەیە لەلایەن ئەو لێکۆڵەرانەی خاوەنی بیری جیاوازن و بەکارهێنانی نموونەی زۆر لێکۆڵینەوە لە زۆرێك لە زانستە کۆمەڵایەتییەکان، و لێکۆڵەرەوانیش خۆیان بۆ هەر هۆکارێکی گەیاندن بەپێی پێویست تەرخاندەکەن. دواتر ئەرکی ئێمە ئەوەیە بەکورتی خەسڵەتە سەرەکییەکانی ئەو پێشکەوتنە مێژووییانە دیاری بکەین لە هەوڵی وێناکردنی ئەو شوێن پەنجانەی، کە دەکرێ کۆمەڵگە لەسەر دیاریکردنی شێوەی هۆکارەکانی راگەیاندن جێی هێشتبێ، ئەمەش لە چوارچێوەی کۆمەڵگەی ئەمریکیدا. هەروەها زۆر بەکورتیش باس لە هەندێ رووداو و دەستەی کۆمەڵایەتی گەورە دەکەین، کە پەیوەست بوونە بەهەر هۆکارێك لە هۆکارەکانی راگەیاندن لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا.

### رۆژنامەگەریی جەماوەری:

خەسڵەتە رۆشنبیری و سیاسییەکانی رۆژنامەگەریی جەماوەری بۆ ناو قووڵایی مێژوو درێژ دەبنەوە. رۆژنامەی نوێش نوێنەری کۆبوونەوەی چەند رەگەزێکە لە کۆمەڵگەکەماندا و لە ماوەی کاتی جیاوازدا. تا بەر لە لەدایکبوونی عیساش رۆمانییەکان لە شوێنە گشتییەکاندا بڵاوکراوەیان هەڵدەواسین و ناویان نابوون ئەکتا دیۆرناactadiurna، چینی و کۆریەکانیش بەر لە پەیدابوونی ئامێری چاپ جۆرێك لە داری هەڵکۆڵدراو و پەڕیان بۆ چاپکردن بەکاردێنا، لە سەدەی شازدەمینیشدا، واتە دوای پەیدابوونی ئامێری چاپ لە ئەوروپا، حکوومەتی ڤاڵێنسیا بڵاوکراوەیەکی هەواڵی بچووك یان بڵاوکراوەیەکی رۆژنامەیی چاپ کرد، کە دەتوانرا بە gazeta یەك کە پارەیەکی ئاسنی بچووك بوو بکڕدرێ، تا ئەمڕۆش وشەی ((گازیتا)) بەمانای رۆژنامە بەکاردەهێنرێ.

لە سەرەتاکانی سەدەی حەڤدەمیش لە ئەڵمانیادا ئەوە سەریهەڵدا، کە ئێستا لە هزری ئێمەوە نزیکە بەرانبەر بە رۆژنامە. شارەزایە تایبەتمەندەکانی مێژووی رۆژنامەگەری دەڵێن: زۆرێك لە خەسڵەتەکانی رۆژنامەی نوێ، وەکو وتاری دەسپێك و وتاری وەرزشی و وێنە و

ستوونی سیاسی و هەتا وێنە کاریکاتێرییەکانیش لێرە یا لەوێ بەماوەیەکی زۆر بەر لە پەیدابوونی رۆژنامەی جەماوەری بەرهەم هێنراون.

**نموونە بەراییەکانی رۆژنامە:**

هەرچەندە ئامێری چاپ لە کۆتاییەکانی سەدەی پازدەم بردرا ئینگلتەرا، بەڵام نموونە بەراییەکان یان وەچە راستەوخۆکانی رۆژنامە، ئەگەر بتوانین وا بڵێین، تا دوای سەدە و نیوێك و بە دروستی تا ١٦٢١ پەیدا نەبوو، و ناوی کۆرانتسcorants ی لێنراو ناوەڕۆکەکەی تیشکی دەخستە سەر زانیاری دەرەکی و بە رێك و پێکی چاپدەکرا، وەکو ئەو رۆژنامانەی، کە دوای ئەو دەهاتن. هەر لە سەرەتاشدا حکوومەت ئەو یاسا و رێسایانەی دارشتن، کە دەبنە هۆی بە وردی دەرکردنی کۆرانتوس. سەدەی حەڤدەیەم بەشێوەیەکی گشتی سەدەیەك بوو لایەنی کەم هەوڵدانی بۆ رێکخستنی تەواوی جۆرەکانی چاپکردن ئەو نموونە درەوشاوانەی، کە دەکرێ مێژووی رۆژنامەگەریدا تێبینی بکرێ بەخۆیەوە بینی. لەو حکوومەتانەی کە خاوەنی حکوومەتێکی ناوەندی بەهێز بوون رۆژنامەکانیان بێ سەرو بەرو ناڕێك بوون و زۆر بە هێواشی پێش دەکەوتن. هەرچەندە دەسەڵاتی حکوومەتە ناوەندییەکان بێ هێز بووایە، رۆژنامەکان لەژێر کۆتی کەمتر پتر پێش دەکەوتن. بەشێوەیەکی گشتی هەرچەندە مەودای پاڵپشتی کردنی کارەکی حکوومەت بۆ رای گشتی زیادبا، لایەنگیری حکوومەت و ئازادی رۆژنامەگەری پتر دەبوو. لە کاتێکیشدا کە هاوڵاتیانی ئاسایی رۆڵێکی گرنگ لە دیاریکردنی چارەنووسی سیاسی خۆیان دەگێڕن، بڵاوکردنەوەی هەواڵ و بۆچوونی سیاسی دەبێتە کارێکی گرنگ. رێکخستنە خاوەندارییەتییەکان و ئەو کۆمەڵگەیانەی خاوەنی دەسەڵاتی ناوەندی بەهێزن ئارەزووی گفتوگۆکردنی گشتی ناکەن لەبارەی پاراستنی ئەو کێشانەی کە دەبێ هاوڵاتیان بۆچوونی رۆشنکەرەوەیان لەبارەیانەوە هەبێ.

خەباتکردن بڵێسەی سەند لە پێناو رەخسان و پاڵپشتی پرەنسیپەکانی ئازادی رۆژنامەگەری بەبایەخ لە ماوەیەکدا کە تیایدا رێکخستنی خاوەنداریەتییە دەرەبەگایەتییەکان هێرشیان دەکرایە سەر و چەمکی نوێ بۆ دیموکراتییەتی سیاسی لەبری ئەو دەرکەوتن. ئەم دەربڕینانەش راستەوخۆ رووە و ئەوەمان دەبەن، کە گرنگترین ئەو گۆڕانانەی لە کۆمەڵگەی رۆژئاواییدا روویانداوە، کە وەستانی بووە هۆی پەرەپێدانی شێوەیەکی نوێی راگەیاندن، ئەمەش گۆڕانی دەزگای سیاسی بوو، ئەوەی کە لەکۆتاییدا بووە هۆی دانی دەسەڵات و هێزی

دەنگی هەڵبژاردن بە زۆرینەی هاوڵاتییان. ئەم گۆڕانە درێژ و ئاڵۆزانەش بوونە هۆی رەخسان و پاڵپشتی لاسییکەرەوەی رۆژنامەگەری، ئەوەی، کە هەر لە سەرەتادا وای لە رۆژنامە کردووە ببێ بە گۆڕەپانی گفتوگۆ و رووبەڕووبوونەوە و لێدوانی سیاسی. لەو کاتەی کە هۆکاری راگەیاندنی دیکەی گەورە پەیدابوون، ئەو گۆڕانە سیاسییانە تا رادەیەکی زۆر بەدەست هاتبوون. لایەنی کەم لە ئەمریکادا سینەما و ئێستگە هەمان ئەو رۆڵەیان نەبوو، کە رۆژنامە بۆ پێشخستنی قووڵی سیاسەت لەماوەی سەرەتای ساڵانی سەرهەڵدانیدا گێڕای. ئەمەش روونە، کە گۆڕان و هۆکارەکانی گۆڕانکاری پەیوەستن بە نموونەی جیاواز لە وڵاتانی دیکە.

لەو ماوەیەی کە پێش چوزەڵەکردنی هەریەك لە شۆڕشی فەرەنسا و ئەمریکا دەکەوێت، تەواوی چینەکانی کۆمەڵگەی رۆژئاوایی بە قۆناغی گۆڕاندا تێدەپەڕین، بەو هۆیەی چاخە تاریکەکان رێگایان بۆ سەردەمی بووژانەوە خۆش کرد، کۆمەڵگەی دەرەبەگایەتی کۆن بە نموونە چینایەتییە بەستووەکانیشەوە بە پلە لەناو دەچوو بۆ ئەوەی پەیکەرێکی کۆمەڵایەتی نوێ جێگای بگرێتەوە، کە تێیدا چینی ناوەڕاست بەهێزەوە نێوەندی بڕیاربێ. کارێکی نەکردەبوو، کە ئەم گۆڕانانە لە گەشەی رۆحی بازرگانی ئەوەی، کە لە لوتکەیدا گەیشتە شۆڕشی پیشەسازی دابڕین. ئەم رۆحە بازرگانیانەش پێویست بوو پشت بە جۆرە جیاوازەکانی هۆکارەکانی گەیاندن ببەستێ، زۆریش پێویستی بە پێشکەوتنی رێگای تەکنیکی هەبوو لەپێناو گونجاندنی کردارەکانی دروستکردن و هەڵگرتن و بەرهەمهێنانی کەرستەی خاو و سەودای دارایی و وەبەرهێنانی بازاڕەکان و قۆستنەوەیان.

### رۆژنامە لە کۆلۆنیالە ئەمریکییەکاندا:

هاتنی هۆکارە راگەیاندنە خێراکان، ئەوانەی، کە بۆ ماوەی درێژ بڵاودەکرانەوە سستیان پێوە دیاربوو. لە هەمانکاتیشدا چینی ناوەڕاستی تێکۆشەر بۆ خۆی دەستی بە کۆکردنەوەی جەماوەر کرد، نەك تەنیا بۆ دوایین هەواڵەکانی سەودای بازرگانی، بەڵکو بۆ دەربڕینی سیاسی و وتار و لایەنە ئەدەبییەکانیش بوو. لە ئینگلتەرادا ئەم جۆرە پێویستییانە لەرێی نووسەران و رۆژنامەنووسانی وەك ئەدیسۆن و ستیل و ساموێل جۆنسن و دانیال دیڤۆ دابین دەکران، بەڵام لە کۆلۆنیا ئەمریکاییەکاندا چینی ناوەڕاست زۆر بە خێرایی پێشکەوت، کە خاوەنی بەرژەوەندی و گرنگیدان بوون بە بازرگانی. نیو ئینگلاندیش شوێنێك بوو، بۆ کەشتی و بەندەری بازرگانی بە هەموو جۆرەکانی. لەماوەی پاژی دووەمی سەدەی هەژدەدا چەند

ڕۆژنامەیەکی بچووك دەرکەوتن و زۆرینەشیان دووچاری شکستی دارایی بوون، بەڵام هەندێکیان توانیان بۆ چەند ساڵێك بەردەوام بن، بەڵام بڵاوکراوەکانیان هەرگیز فراوانی زۆریان بەخۆوە نەبینی بەجۆرێك تیراژیان لە هەزار دانە تێنەدەپەڕی. لەو کاتەی دانیشتنی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی تەواو بوو، نزیکەی سی و پێنج ڕۆژنامەی بچووکی لەم جۆرە هەبوون ئەوانەی، کە بەشێوەیەکی سەرەتایی لە سێزدە کۆلۆنیادا چاپدەکران. بەگوێرەی زۆرینەی بڵاوکەرەوە و خاوەنانی ئەم ڕۆژنامانە ڕاهاتبوون لەسەر ژیانی فرۆشتنی ڕۆژنامەکانیان لەسەر بنچینەی هاوبەشی کردن (کە تا ڕادەیەك بەرز بوو) لە ڕێی بڵاوکردنەوەی هەندێك ریکلام. ڕێژەی ئەو پارەیەی بۆ دەرکردنی ڕۆژنامەیەك دەخرایەگەڕ زۆر نەبوو ئەگەر بڵاوکەرەوە یان خاوەنی ڕۆژنامە بەڕێوەبەری وێستگەیەکی پۆستە با یان لەگەڵ حکوومەت گرێبەندی چاپکردنی هەبا.

ڕۆژنامەگەری کۆلۆنیالی، هەروەك ئەم ناوە بەسەر تەواوی ڕۆژنامەکاندا دبڕابوو، لەلایەن کەسانێکەوە چاپ و بڵاودەکرایەوە کە ناکرێ بە هێمای ئەدەبی دیار دابنرێن، بەبەدەرکردنی هەندێ ڕۆژنامەنووسی دیار ئەوانەی، کە ناویان بە ڕۆژنامەگەری کۆلۆنیالی پەیوەست کرابوو لەوانە بنیامین و فرانکلین. ئەو ڕۆژنامانەش هەمان بنچینەی چاپکردنی تەکنیکیان بەکاردەهێنا، کە گۆتەنبێرگ بەر لە سێ سەدە بەکاری هێنابوو، و جەماوەرێکی زۆری خوێندەوارانیش لەدەوری کۆ نەببوونەوە. هەروەها نێوەندی شارستانیش نەبوون، کە لەرووی دانیشتووانەوە چڕبن و ببنە بازاڕ بۆ ئەم جۆرە ڕۆژنامانە. جودا لەوەش ڕۆژنامە کۆلۆنیالەکان بناغەی گونجانیان بۆ پاڵپشتیکردنی ڕۆژنامەگەری جەماوەری نەبوو. سەرەڕای ئەوەش بەلانسی خەسڵەتی ژیاری لە کۆمەڵگەدا بەتەکنەلۆجیا و چاپکردنی بنەڕەتی و خاوەنداریەتی تایبەتی بە ڕۆژنامەکانیشەوە پرەنسیپی ڕۆژنامەگەری ئازاد وەك پێشتر باسمانکرد کەڵەکەبوون.

### ڕۆژنامە بۆ هەمووان:

بەر لەوەی پێشکەوتنی ڕۆژنامەگەری کردەنی بێ پێویست بوو لە کۆمەڵگەی ڕۆژئاواییدا گۆڕانکاری ریشەیی روو بدەن. پێشتریش لەبارەی گۆڕانی ڕۆڵی سیاسی هاوڵاتییانی ئاسایی دواین. هەروەك ئاماژەمان بە گەشەی ڕۆحی بازرگانی کرد، کە بووە هۆی نموونەی گۆڕاو لە چینایەتی کۆمەڵایەتی و گەشەی چینی ناوەڕاست لە کۆمەڵگەدا. دەکرێ بۆ ئەمە پێشکەوتنی پێویست بخرێنە سەر ئامێری چاپ و تەکنەلۆژیای پەڕ کە زۆر پێشکەوت بەهۆی داهێنان و دروستکردنە میکانیکییەکان لەسەرەتای شۆڕشی پیشەسازیدا. لەکۆتاییدا وای لێهات گۆڕەپان

بۆ لێکدانی هەموو ئەو توخمانە لە شێوەی رۆژنامەیەك بۆ خەڵکی ئامادە کرا، بەتایبەتی لەکاتێکدا کە خوێندن- بەشێوەیەکی فراوان- بوو بە حەقیقەتێکی راستەقینە بە دروستکردنی یەکەمین سیستەمی قوتابخانەی گشتی لە ویلایەتی ماساشوسیتس لەماوەی سییەکانی سەدەی رابردوودا.

هەندێك لە کرێکارانی بواری چاپ و بڵاوکردنەوە هەوڵی ئەوەیان دا بیر لە بیرۆکەی رۆژنامەی هەرزان بکەنەوە ئەوەی، کە هەر تەنیا لەرێی بەشداربوونی ساڵانەدا نەفرۆشرێ، بەڵکو بەدانە بدرێ بەخەڵکی شارەکان. تاقیکردنەوەی ئەم بیرۆکەیەش لە ئینگلتەرا و ویلایەتە یەکگرتووەکان بەشێوازی جودا بوو، بەڵام سەرنەکەوت. یەکێك لە پیاوانی چاپکردنی نەناسراو لەنیۆیۆرك کە بەدوای شێوەیەکی سەرکەوتووی ئەم لایەنەدا دەگەڕا بنیامین دای بوو. رۆژنامە بچووکەکەی بەناوی نیۆیۆرك سەن ((The New york Sun)) بە شێوەیەکی خاکی لە ٣سبتمبری ١٨٨٣ لە ژێر ناونیشانی ((بۆ هەمووان دەدرەوشێتەوە)) " It shines for all"، دواتریش رووداوەکان سەلماندیان، کە بەراستی بۆ هەمووان دەدرەوشێتەوە، دوای ئەوەی، کە بنیامین دای سەردەمێکی نوێی رۆژنامەگەری دەستپێکرد، دوای چەند ساڵێکی کەم شۆڕشی رۆژنامەی گەورە دەستپێکرد.

رۆژنامەی (نیۆیۆرك سەن) گرنگی بە هەواڵی ناوخۆیی و چیرۆکی مرۆیی و هەتا راپۆرتی سەرنجڕاکێش و رووداوی ترسناك دەدا. بۆ نموونە بنیامین دای نووسەرێکی بۆ رووداوەکانی رۆژ بەکرێ گرت، کە رووداوەکانی بەشێوەیەکی گاڵتە ئامێز دەنووسی بە ئامانجی راکێشانی خوێنەران بۆ خۆی ئەم شێوازەش جەماوەرێکی بۆ خۆی دۆزییەوە، کە ئامادەی وەرگرتنی بوون ئەوانیش چینی کرێکاران بوون کە تازە فێرە خوێندەواری دەبوون. ئەم رۆژنامەیە بە دانە دەفرۆشرا- بۆ هەر دانەیەك یەك بنس- لە رێگەی کچانەوە لە شەقامەکان دابەشدەکرا. ئەو کچانەش دەچوونە سەر ئەو رێیانەی، کە کڕیارەکان پێیدا تێپەڕ دەبوون. لەماوەی دوو مانگدا دابەشکردنی رۆژنامە بوو بە ٢٠٠٠ دانەو شێوازی دابەشکردنی چالاکانە بووە هۆی بەرزبوونەوەی ئەو ژمارەیە بۆ ٥٠٠٠ لەماوەی چوار مانگ و بۆ ٨٠٠٠ هەزاریش لەشەش مانگدا. سەرکەوتنی مەزنی ئەو رۆژنامە گفتوگۆ هەڵگرە بووە هۆی بەرزبوونەوەی دەنگی خاوەن و بڵاوکەرەوەی رۆژنامەکانی دیکە. لەو کاتەشدابوو، کە بزوێنەری هەڵمی بۆ ئامێری چاپی رۆتاری زیادکراو ئامێری چاپی Hoe cylinder press لەو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا دەست دەکەوێت لەگەڵ بوونی پەڕی رۆژنامەی زۆر هەرزان، کە

لەدارکی دار دروست دەکرا. کێشە هونەرییەکانیش لەبواری بەرهەم هێنان و بڵاوکردنەوەی ژمارە زۆری دانەی رۆژنامەی رۆژانە چارەسەرکران و رۆژنامەگەری جەماوەری بوو بەکارێکی واقیعی.

هەروەها گۆڕانکاری پێشکەوتووی دیکەش روویاندا، رۆژنامەی (سەن) دابەشکردنی گەورەی خۆی لەرێی ئەو خوێنەرە نوێیانەوە بەدەستهێنا، کە پێشتر هیچ رۆژنامەیەکیان پێنەگەیشتبوو. یەکێك لە گرنگترین ئەو خەسڵەتانەی، کە رۆژنامەی بنس کە بنیامین دای و ئەوانی لەسەر رێی ئەو دەرۆیشتن دەریان دەکرد هەڵسان بە دووبارە پێداچوونەوەی شێوەی هەواڵەکان بۆ ئەوەی لەگەڵ چێژو بەرژەوەندی و تواناو ئاستی ئەو کەسانە بگونجێ، کە خوێندەواریان کەمە. تا ئەو کاتەش ((هەواڵ)) بە شێوەیەکی گشتی مانای ئەو راپرسانە بوو کە لەسەر رووداوە سیاسییە بەبایەخەکان یان ئەو رووداوانەی گرنگی زۆریان پێدەدرا، بەڵام بنیامین دای رۆژنامەکەی خۆی تەژی کرد لە هەواڵی جۆراوجۆری دیکەی وەکو: راپۆرت لە بارەی تاوان و چیرۆکی خراپەکاری و بەسەرهات و نەهامەتییەکان. ئەمانەش هەواڵی گرنگ و خۆش بوون بۆ ئەوانەی لە شەقامەکان بوون. هەروەها سەرنووسەر و بنیامین دای پەنایان بۆ فرت و فێڵی پتەو برد لەوەی پەیوەندی بە دۆزینەوە زانستییە نوێکان و ژیان لەسەر مانگدا هەبوو.

کاتێکیش رۆژنامەیەکی دیکە ئەو فێڵە ئاشکرا دەکرد خوێنەران بە گاڵتەیەکی خۆشیان دادەنا. ئەو رۆژنامەیە بازاڕی و هەرزان و سەرنجڕاکێش بوو...و راستەوخۆش ئاراستەی ئەو جەماورە دەکرا، کە تازە فێری خوێندەواری ببوون و سەرەتای بەشداریشیان بوو لە شۆڕشی پیشەسازی بڵاوبووەوە. ئەگەریش بمانەوێ بەوردی قسە بکەین هەندێ کەرستەی رشتیش لەناو رۆژنامەکەدا هەبوون، بەڵام دەسپێك و راپۆرتە سیاسی و گرفتە کۆمەڵایەتییەکانی زۆر سادەتر بوون لە رۆژنامەکانی پێش خۆی کە لەلایەنی سیاسیەوە زۆر بەئالۆزی دەگەیشتنە خوێنەران. بە هاتنیساڵی ١٨٣٧ رۆژنامەی ((سەن)) رۆژانە ٣٠ هەزار دانەی دابەش دەکرد، کە رێژەکەی لە هەموو ئەو رۆژنامانەی، کە لە نیۆیۆرك لە سەردەمی دەرچوونی رۆژنامەی یەك بنسدا بڵاو دەکرانەوە زیاتر بوو.

ئەوانەی کە لاسایی بنیامین دایان دەکردەوە راستەوخۆ دەستیان بەدەرکردنی رۆژنامەی کێبڕکێ کەر کرد لەگەڵ ئەو رۆژنامەیە. رۆژنامەگەری بنسیش پرۆژەیەکی ماڵی سەرکەوتووبوو، چونکە توانیبووی سەرنجی ئەو کەسانەی کە ریکلام بڵاو دەکەنەوە بەتەواو

رابکێشێت. لەراستیدا پارەی گەڕاوەی ریکلامەکان تاکە سەرچاوەی راستەقینە بوو، بۆ پاڵپشتی ماڵی، چونکە ئەو بنسەی، کە رۆژنامەکەی پێدەکڕا نەیدەکردە پارەی پەڕەکانی رۆژنامەکە، بەڵام کاڵاو خزمەتگوزارییە تایبەتییەکان بە بەکارهێنانی جەماوەری دەکرا بەسەرکەوتوویی لە رۆژنامەی بنسدا رابگەیەنرێت. ئەو ریکلامانەش دەگەیشتنە رێژەیەکی زۆر لە کڕیارەکان و رێژەکەشی زیاتربوو لەو رێژەیەی ئەگەر بهاتبا ئەو ریکلامانە لە رۆژنامەی دیکەی خاوەن بڵاوکردنەوەی سنووردار بڵاو بکرابانەوە. هەروەها ئەو دەرمانە تۆمار کراوانەی پێکهاتەکانیان نهێنی بوو، و مافی دروستکردنی تەنیا بۆ بەڕێوبەرایەتییە حکوومییەکان دەگەڕایەوەو بوو بە یەکێك لە نموونەی ئەو کاڵایانەی، کە بە بانگەوازی وەکو ((بۆ مرۆڤ و دێوەکان)) بڵاو دەکرایەوە، کە رۆڵێکی دیاری هەبوو لە پێشکەشکردنی پاڵپشتی دارایی بۆ رۆژنامە بنسی نویێ. هەروەك نێوەندە گەورەکانیش بۆ فرۆشتنی کاڵاکانیان رویان تێدەکرد.

بۆ ئەو کەسانەی ریکلامەکەشیان بۆ دەکرا قەوارەی دابەشکردنی رۆژنامەکە ئاماژەیەکی گرنگ بوو، بۆ ئەو سوودەی کە دەیانتوانی پێشبینی بکەن لە بڵاوکردنەوەی ریکلامەکەیان لەو رۆژنامەیەدا. ئەو رۆژنامەیە بوو، کە دەیتوانی پەیامی ریکلامەکان لەبەردەم دەیان هەزار خوێنەر دابنێ، کە رای دەکێشان بۆ دۆلاری ریکلام کردن یا ئەو بڕەی دیاریکرابوو بۆ ریکلام تێیدا. ئەوەش یاسایەکی سادە بوو ((یاسای ئامادەکاری گەورە))، کە بووە هۆی هەڵگیرساندنی بڵێسەی کێبڕکێ لەنێوان رۆژنامەکاندا بەمەبەستی راکێشانی خوێنەری نوێ بۆ خۆیان. بۆ ئەم شێوە ململانێیەش پاداشت و سزای گرنگ هەبوون بۆ پێشکەوتنی رۆژنامەگەری جەماوەری لەماوەی نیوەی کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا. بەراستیش پاداشت و سزا هەبوون لەسەر ئەو هۆکارانەی راگەیاندن، کە تا دوای سەدەیەك دەرنەکەوتن. بنچینە گرنگەکانی نموونەی بەردەستی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ئەوانەی لەنێوان کەمی ریکلام بۆ کراو و ئەوانەی لە هۆکارە راگەیاندنەکاندا کاریان دەکرد لەگەڵ جەماوەر، هەموویان بەیەکەوە سیستەمێکی کرابان بۆ بەرهەم هێنانی جۆرێکی دیاریکراو لە ناواخنی راگەیاندنیدا پێکدەهێنا، ئەوەی کە لەساڵانی پێشکەوتنی رۆژنامەگەریی جەماوەری دانرابوون.

لە هەمانکاتیشدا یەکێك لە دیارترین و سەرکەوتووترین کێبڕکێ کارانی بنیامین دای، جێمس جۆردن بوو، کە ئیمپراتۆریەتە رۆژنامەییەکەی خۆی و ئۆفیسێکی خاکی لە تونێل تەنیا بە ٥٠٠ دۆلار دروستکرد. بینیت سکۆتلەندییەکی توند و رەق بوو. بە دەرکردنی رۆژنامەی هیراڵد "The herald" لە نیۆیۆرك دەستیپێکرد و گاڵتەی بەو داب و نەریتە

پارێزکارییانە دەکرد، کە لەو سەردەمەدا باو بوون، هەروەها راپۆرت و هەواڵی سەرنجڕاکێشی زۆری دادگاییکردنەکانی لەبارەی تاوانەکانی کوشتن کوشتن و دەستدرێژی کردن و گوناه و دوو روویی و خراپەکردن بڵاو دەکردەوە. لە هەمانکاتیشدا گرنگییەگی زۆری بە سیاسەت و لایەنی دارایی و هەتا لایەنی کۆمەڵایەتی و هەواڵی کۆمەڵگەی بەرز دەدا. ئەم ناوەڕۆکە فراونەش کێش کردنێکی گەورەی بە هیراڵد بەخشی و وای لێکرد سەرکەوتنێکی گەورەی دارایی بەدەست بێنێ. لە هەمانکاتیشدا بینیت بە هۆی راپۆرتە توندەکانییەوە کە زۆرینەیان گاڵتەجاری و هەڵبەستراوبوون دوژمنایەتی و ململانێیەکی زۆری بۆ خۆی دروست کرد. بۆ نموونە لە ساڵی ١٨٣٦ دا نووسی: کتێبەکان رۆژی خۆیان هەبوو.. شانۆکانیش رۆژی خۆیان هەبوو.. پەرستگای باوەڕیش رۆژی خۆی هەبوو.. رۆژنامە دەتوانێ پێش ئەمانە هەموویان بکەوێ بۆ بزاوتی گەورە لە هزری مرۆڤ و شارستانییەتی مرۆڤایەتی. رۆژنامە دەتوانێ رۆحی زیاتر بنێرێتە ئاسمان و رۆحی زیاتریش لە دۆزەخ ئازاد بکا. هەر دەتوانێ ئەم ئەرکە لە هەر دێرێکی نیۆیۆرك باشتر رابپەڕێنێ، لە هەمانکاتیشدا دەست هاتی ماڵی بەدەست بێنێ.[1]

هەرچەندە پێشبینییە ترسناکەکەی بینیت نەهاتەدی، بەڵام رۆژنامە لەسەر ئەوەبوو دەست بە بڵاوبوونەوە بکات لە کۆمەڵگەی ئەمریکی تا دەورێکی زۆر گرنگ لە کاروباری رۆژانەدا بگێڕێ.

### قۆناغی بڵاوبوونەوەی خێرا:

هەرچەندە رۆژنامەگەری جەماوەری لە سییەکانی سەدەی نۆزدەدا پەیدابوو، بەڵام هەر بە سنووورداری مایەوە لەوبوارانەی پەیوەندییان بە هەواڵ و تەکنەلۆژیای چاپکردن و دابەشکردنەوە هەبوو. بەر لەوەی رۆژنامە بەشێوەیەکی فراوان لە هەموو ماڵێکی ئەمریکیدا بڵاوببێتەوە، زۆر گرفتی گرنگ هەبوون بەسەریدا سەپابوون. ئەو دەیانەی، کە راستەوخۆ پێش جەنگی ناوخۆیی هاتن پڕ بوون لە پێشکەوتنی میکانیکی و زانستی و هونەری ئەوەی کە وایان لە رۆژنامەگەری جەماوەری تازە لەدایك بوو کرد گەشە بکات بۆ ئەوەی بڕسکێ. رێگای ئاسنین لەنێوان شارە گەورەکانی پاژی رۆژهەڵاتی وڵات دروستکران و کەشتی هەڵمی لەدوای ساڵی ١٨٤٠ وەکو هۆکارێکی گواستنەوە پەیدابوو، ئەدورت سوودی تەلەگراف وەکو هۆکارێکی خێرای گواستنەوەی هەواڵەکان لە شوێنی رووداوە گرنگەکانەوە بۆ دەزگای

دەرکردنی ڕۆژنامە زیادیکرد. ئەم پێشکەوتنانەش بوونە هۆی زیاتر ڕاکێشانی خوێنەر بەلای ڕۆژنامەکانەوە و بووە هۆی ئەوەی ئەو خەڵکەش زیادبن کە ڕۆژنامەیان لەنێودا بڵاو دەبێتەوە.

**پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای کۆمەڵایەتی و میکانیکی:**

وردە وردە وای لێهات ڕۆژنامەکان بەدوای هەواڵدا دەگەڕان و ڕۆڵی نووسەری هەواڵ زیاتر پێشکەوت بۆ ئەوەی ئالۆزتر و تایبەتمەندتر بێ، هەروەك ڕۆژنامەکان پەیامنێر و کەسانی تایبەتییان بۆ کۆکردنەوەی هەواڵەکان لە خۆگرت و هەواڵنێران نێردرانە گۆڕەپانەکانی جەنگ و ئەوانی دیکەش لە واشنتۆنی پایتەخت مانەوە بۆ گواستنەوەی ڕووداوە سیاسییەکان. وای لێهات ڕۆڵی ڕۆژنامەگەری بوو بەحەقیقەتێکی بەرچاو.[٢]

زیادبوونی داواکاری لەسەر هەواڵی تازە و نوێ بەرانبەربوو بەدانانی ئاژانسی یارمەتی دانی تایبەتمەند لە کۆکردنەوەی هەواڵ، کە سوودی لە بێتەل و تەلەگراف وەرگرت بۆ ئەم مەبەستە. ئەو ئاژانسانە بەپێی ڕێکەوتنە مۆرکراوەکان بابەتەکانیان بۆ هەموو ناوچەکانی وڵات دەنارد، دەستەی دەرکردنی ڕۆژنامەیەك لە نزیك شوێنی ڕووداوەکە دەبوو، و هەڵدەستا بە گواستنەوەی ڕووداوەکە بۆ زۆرێك لە ڕۆژنامەکانی دیکە، کە ئەمە بووە هۆی کەمبوونەوەیەکی زۆر لە بەخشینی پارە لە پێناو کۆکردنەوەی هەواڵ. ئەم پێشکەوتنەش بووە هۆی گەیشتنی ڕۆژنامە بەشارۆچکەکان و هەتا دەگەیشتە شارە تازە دروستکراوەکانی ڕۆژئاوای ئەمەریکا.

تەکنەلۆژیای چاپکردن گۆڕانێکی خێرای بەدەستهێنا و بە شێوەیەکی زیاتر ڕووە و پشت بەستن بە ئامێر و ئامرازەکان دەڕۆیی. وای لێهات ئامێری چاپی سووڕاو " Revolving presses " توانای چاپکردنی ١٠ هەزار یان ٢٠ هەزار لاپەڕەی هەبوو لە کاتژمێرێکدا.

شەڕی ناوخۆش جۆرێك لە پێگەیشتنی بە ڕۆژنامە بەخشی، بەجۆرێك ئەو چەمکەی پەرەپێدا، کە دەیگوت کاری سەرەکی ڕۆژنامە کۆکردنەوە و دەرکردن و بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانە. لە بایەخی ئەو بۆچوونە کۆنەی هێنایە خوارەوە، کە لەبارەی ڕۆژنامەوە هەبوو. دەیگوت ڕۆژنامە لایەنێکی لەگەڵ سیاسەتدا ڕۆیشت، ڕۆژنامەکانی دوای جەنگ ڕۆڵی خۆیان بەشێوەکی ڕونتر دیاری کرد، کە وایان دانا ئەوان بەدوای ڕووداودا دەگەڕێن و هەواڵ کۆدەکەنەوە و مەیلیان بەلای هەواڵەوە هەیە، یان هەواڵەکان دەگەیەننە خەڵکی دیکەlocators, assemblers, and purveyors. ئەمەش مانای ئەوە نییە، کە

ڕۆژنامەکان گرنگی نادەن یان بێ لایەنن یان ئەوان هیچ بۆچوونێکیان نییە سەبارەت بەو شتانەی پەیوەندییان بەسیاسەتەوە هەیە، بە پێچەوانەوە زۆرینەی کات بڵاوکەرەوەکان و نووسەران ڕۆژنامەکانیان بۆ گەورە کردنی کێشەکان بە شێوەیەك لە شێوەکان بۆ هێرشکردنە سەر ڕکابەرە سیاسییەکانیان بەکارهێناوە، بەڵام لە هەمانکاتیشدا هەر هەموویان بە کۆکردنەوەی هەواڵ سەرقاڵ بوونە.

## لوتکەی جەماوەریی ڕۆژنامە:

ڕۆژنامە لە وەدەستهێنانی جەماوەر بەردەوام بوو. لەساڵی ١٨٥٠ لەنێوان دە ماڵدا دوو دانە لە هەر ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە لە ویلایەتە یەکگرتووەکان دەکڕدرا. ڕێژەی دابەشکردنی ڕۆژنامەکان بەشێوەیەکی ڕێکخراو زیادیکرد، بەڵام ئەو زیادکردنە زۆر نەبوو هەتا هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو. لەماوەی نێوان ١٨٩٠-١٩١٠ دا، ڕێژەی دابەشکردنی ڕۆژنامە بۆ هەر ماڵێك زۆر زیادیکرد. ئەو گەشەیەش نزیکە تا ماوەی جەنگی جیهانی یەکەم بەردەوام بوو، دواتر لە بیستەکانی سەدەی ڕابردوودا ئاستەکەی دابەزی. لەگەڵ ئەوەشدا دەیەی کۆتایی سەدەی نۆزدە بەماوەیەکی گرنگ دادەنرێت لەگەشەکردنی ڕۆژنامەگەریدا. هەرچەندە ئەو ڕۆژنامەگەرییە نوێیە بەشێوەیەکی هەمیشەیی نەڕەخسا، بەڵام جێی پەنجەی خۆی لەسەر ڕۆژنامەی ئەمریکیدا جێهێشت. ئێستا با فراوانتر لە وردەکارییەکانی ئەو پێشکەوتنە بڕوانین، لەبارەی گرنگی لە پێگەیشتنی نموونەکانی و گەشەی هۆکارە ڕاگەیاندنەکانی دیکە کە دواتر پەیدا بوون.

## ململانێ و ڕۆژنامەی گۆڕاو:

لە کاتێکدا کە ڕۆژنامە گەشەی دەکرد و پێشدەکەوت، ماوەی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە گۆڕانێکی خێراو ململانێی بەخۆوە دەدیت و ماوەی گواستنەوە بوو لە کۆمەڵگەی ئەمریکیدا، ئەم ماوەیە سەردەمێك بوو زۆر بە خێرایی و بەفراوانی سنوورەکان و جەنگی ناوخۆیی لەناو بەر و پاشماوەکانی و گەیشتنی شەپۆلی دوای شەپۆلی کۆچکەران لەگوندەوە بۆ شار و گوێزانەوەیەکی زۆر خێرای ڕووە و کۆمەڵگەی پیشەسازی بەخۆوە بینی. کاریگەری ئەو گۆڕانانەش زۆر بەقووڵی هەستی پێدەکرا، نەریتە نوێکان جێگای کۆنەکانیان گرتەوە و واز لەو دابانە هێنرا، کە پێشتر باو بوون و ڕێگاکانی ژیانی کۆن ڕێگایان بۆ سیستەمی کۆمەڵایەتی نوێ خۆشکرد. ئەگەر هەر کۆمەڵگەیەکیش بەماوەی کۆدێتا و گواستنەوەی ژیاری هەمەلایەن تێپەڕ بووبێ، ئەوا بێگومان کۆمەڵگەی ئەمریکیی لەماوەی پێنج دەیەی کۆتایی سەدەی نۆزدەدا تێپەڕی.

**ڕۆژنامەگەری زەرد:**

ئەو چوارچێوە کۆمەڵایەتییەی ڕۆژنامەگەری جەماوەری تێدا بڵاو بووەوە و پێگەیشت، بە ململانێی ڕۆشنبیری جیاکرایەوە. لەسەر هۆکاری ڕاگەیاندنی نوێ پێویست بوو، بنەمای دەستووره بنەڕەتییەکان دیاری بکا، کە بەرپرسیارییەتی لەبەردەم ڕای گشتی ڕێکدەخات، کە ئەو خزمەتگوزاریی و سنوورەکانی بەپێی ئەو ناواخنە تێیدایە دیاری دەکا. لەکاتێکدا کە پەیکەری خودی کۆمەڵگە گرفتی هەبوو، کارێکی نامۆ نەبوو، کە ڕۆژنامەگەری جەماوەری توانا پەیدا بکا لە داڕشتنی ((یاسا و دەستووره ڕۆژنامەییەکان)) پاش ئەو ماوە گەردەلوولیەی لە سەردەمی هەرزەکاریدا پێیدا تێپەڕی.

قۆناغی ((ڕۆژنامەگەری زەرد)) یەکێك بوو لە گرنگترین قۆناغەکانی پێشکەوتنی ڕۆژنامەگەری، لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا ڕۆژنامە بڵاوبوونەوەیەکی فراوانی لەناو ماڵی ئەمریکاییدا بەدەستهێنابوو، زۆریش زەحمەت بوو لە دابەشکردندا زیادەی مەزنی دیکە وەدەستبێن.. لە هەمانکاتیشدا، ڕۆژنامەگەری وەکو پرۆژەیەکی دارایی سەرکەوتوو جێگیر بوو، مادام دەتوانرێ پارێزگاری لە نزمترین ئاستی دابەشکردن بکرێ. لە چوارچێوەی کێبڕکێی نێوان ڕۆژنامەکان، ململانێی وەحشیگەری لەنێوان بەرپرسە ململانێ کارەکانی ڕۆژنامە گەورەکان لەسەر زیادبوونی ڕێژەی خوێنەر ڕوویدا. لە نیویۆرك، بەتایبەتی، ململانێ لەنێوان ویلیام ڕاندۆلف هیرست و جوزیف بولیزر هەڵگیرسا و هەموو هۆکارێکیان لەدژی یەك بەکارهێنا لە پێناو زیادکردنی ژمارەی دابەشکردنەکان، کە بێگومان کلیلی پارەی گەڕاوە و ڕیکلام و قازانجەکان بوو. هەر لایەنێکیش پەنای وەبەر هۆکارە جۆراو جۆرەکان و فێڵ و هزرەکان دەبرد، بۆ ئەوەی وا لە ڕۆژنامەکەی بکات لەلایەن خوێنەرانەوە سەرنجڕاکێش بێ. ڕۆژنامەکانی ئەمڕۆمان زۆرینەی ئەو هۆکارانەیان تێدایە، کە لە ڕاستیدا بەرهەمی کێبڕکێی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوون. لەنێوان ئەو هۆکارانەشدا، وێنەی گاڵتەجاری ڕەنگاو ڕەنگ، کە یەکێك لە کەسایەتییەکانی ئەو وێنانە ناوی کیدی زەرد Yellow kiddی لێنرابوو، و دەڵێن ڕۆژنامەگەری زەرد لەو ناوەوە وەرگیراوە.


بە هەڵگیرسانی ڕکابەری دیکە و گۆڕانیان بۆ ململانێی ئاشکرا، ڕۆژنامەکان هەنگاو بەهەنگاو ڕووە و هەر هۆکارێك دەچوون، کە زیاتر خوێنەرانی بۆ خۆی ڕابکێشابا، بەبێ لەبەرچاو گرتنی دوولایەنی و سەرپێیی بوونی. لەسەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا ڕای گشتی ئەمریکا دووچاری گەردەلولێك بووەوە لەلایەن ڕۆژنامەگەری زەردەوە. لەبارەی ڕۆژنامەگەری زەرد ئەمە لە کتێبی ((ڕۆژنامەگەری ئەمریکا)) دا هاتووە:

رۆژنامەنووسە زەردەکان هەموو کەناڵە هەواڵییەکانیان داخست، ئەو کەناڵانەی، کە هاوڵاتی ئاسایی پشتی پێ دەبەستن، بە پشت گوێخستنێکی ئاشکراو راستەوخۆ بۆ داب و بەرپرسیاریەتییە رۆژنامە نووسییەکان. هەموو ئامانجێکیان (ختوکەدانی بێ ناوەڕۆك و بێ چێژ بێ.. تەنیا شەیتان بوو ئەو جۆرە رۆژنامەگەرییەی پەروەردە دەکرد، کە بە هەموو هۆکارەکان خوێنەریان لە خشتە دەبرد. رۆژنامەگەری زەرد بەکارهێنانی شێوازەکانی نووسین و وێنە و چاپکردنەکە جێی شانازی رۆژنامەگەری نوێ بوو ئەو بەخراپی قۆستییەوە و لە ئامانجە سەرەکییەکەی لایدا و وەکو هۆکارێك بۆ گەندەڵی و شاردنەوە بەکاریهێنان. ئەو رۆژنامەگەرییە زەردە شانۆگەری پلەیەکی گۆڕی بۆ میلۆدرامایەکی هەرزان، بەگەرووی راستەقینەکان هەڵسا، بۆ ئەوەی بیانگۆڕێت بۆ هەر شێوەیەك کە دەبێتە هۆی زیادبوونی رێژەی فرۆشتنەکانی رۆژنامە فرۆشە بچووکەکان، ئەوانەی لە نزیك شەقامەکان و جێگای پەڕینەوە هاواریان دەکرد. لەوەش خراپتر، ئەم رۆژنامانە لەبری بەخشینی سەردەستەیەکی چالاك و کاریگەر تەنیا هێورکەرەوەی گوناه و سێکس و توندوتیژی پێ بەخشین.(٣)

رۆژنامەگەری زەرد ناوی زۆرێك لە کۆمەڵە و تاکەکانی زڕاند، بەجۆرێك گەردەلوولی رەخنە لە دژیدا دەستی پێکرد، بۆ ئەوەی لای بەرپرسانی رۆژنامەگەری جەماوەری روون بێتەوە، کە ئەوان ئەو سنوورەیان تێپەڕاندووە، کە دەکرێ کۆمەڵگە قبووڵی بکا یان پێی رازی بێ. رۆشنبیران بەشێوەیەکی گشتی و ئەدیبان بەتایبەتی زەرەرمەندی رۆژنامەگەری زەردبوون، کە بینیان هۆکارە گەیاندنە نوێ و مەزنەکان کە لەگەڵ خۆیان شیمانەی دروستبوونی راپەڕینی رۆشنبیری و ئەدەبی گشتی لێدەکرا، لەبەرچاویان گۆڕان بۆ هۆکاری کاریگەر لە داتەپاندنی کۆمەڵگە.

## پەیدابوونی دامەزراوەی هەڵسوڕاندن و ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی:

پیاوانی ئایینی و زانایان و مافناسان و حکوومەت نارەزایی توندیان دەربڕی. وای لێهات خوداوەندی رۆژنامەگەری و نیشتەجێکانی رووبەڕووی لە دەستدانی باوەڕی رای گشتی دەبوونەوە، لەگەڵ دانانی رێساو دەستوور لەسەریان لەدەرەوە. ئەمە وای لەرێژەیەکی زۆر لە بڵاوکەرەوەکان کرد، کە نێو ماڵی خۆیان رێکبخەنەوە و یەکلاکردنەوە ململانێکان دەرکەوتنی دامەزراوە و رێکخەری کۆمەڵایەتی نوێی لێکەوتەوە. پلە بە پلە رۆژنامەگەری مەیلی بۆ ختوکە دان کەم بووەوە و زیاتر هەستی بە بەرپرسیارێتی دەکرد. پێ بە پێش کۆمەڵێك یاسا و رێسا و داب کە سنوور و بەرپرسیاریەتییەکانیان دیاریدەکرد روون دەبوونەوە. یەکێتییە پیشەییەکانیش بۆ سەرنووسەر و بڵاوکەرەوەکان ((رێسای یاسای))ی رۆژنامەنووسییان دانا، کە وەکو رێپیشاندەر و رێبەرێك بوو بۆ ئەندامەکانیان. هەرچەندە ئەمڕۆ پەیوەست بوونی رۆژنامەگەری جەماوەری بەو رێسایانە تا رادەیەکی زۆر جیاوازە، بەڵام سنوور بەزاندنەکانی رۆژنامەگەری زەرد ئێستا بووە بە شوێنەوارێك لەرابردوودا. بەشێوەیەك زیاتر لە گشتاندن




لەخۆ بگرێت، دەتوانین

**شێوەی (٢-١) ئەم هێڵکارییە نوێنەرایەتیی دابەشکردنی رۆژنامە و هاوبەشییە ماڵییەکان دەکات لە ئەمریکادا لەماوەی ١٨٥٠ تا ١٩٨٦.**

بڵێین لە تاقیکردنەوەی رۆژنامەنووسیدا کۆمەڵێك بنەمای رەخساو هاتن، کە بەشێوەیەك لەشێوەکان یارمەتی دەربوون لە روونکردنەوەی رۆڵ و بەرپرسیاریەتی و سیاسەتی هۆکارەکانی راگەیاندن کە دواتر دەرکەوتن.

**دوارۆژی رۆژنامەگەری جەماوەری:**

لە خشتەی (٢-١) زانیاری دەربارەی دابەشکردنی رۆژنامەکان هەیە، ئەو ژمارانەش هەریەك لە دابەشکردن و رێژەی گەشەی ئەو خێزانانەی تێدایە، کە لەماوەی ١٨٥٠-١٩٨٦ ئەو رۆژنامانەیان دەکڕی. ستوونی کۆتایی لە خشتەکەدا کۆی دابەشکردنەکانی بۆ هەر خێزانێك لەخۆ دەگرێت. ئەو نموونەیەی، کە ئەو سەرەنجامانە -بەتێپەڕینی کات- دروستی دەکەن لە شێوەی (٢-١) دا روون کراونەتەوە. کەوا دەردەکەوێ سەرەنجامی دابەشکردنی رۆژنامەی رۆژانە بۆ هەر خێزانێك لەسەر شێوەی تیپی S یان خۆ چەماندنەوە دەبێ و بۆ خۆی وەکو ئەو نموونانەیە کە داهێنانی رۆشنبیری جیاوازییان لەسەر داناوە و لەگەڵ رۆشنبیری و ژیاری دەستەیەکی دیاریکراو لە خەڵکی کراون بەیەك.(٤) هەتاساڵی ١٨٧٠ رێژەیەکی زۆر کەمی دانیشتووان ئەم داهێنانەیان قبووڵ کرد. بۆ ئەمەش چەند هۆکارێك هەبوون لەوانە:

**خشتەی (٢-١) دابەشکردنی رۆژنامە رۆژانەییەکان لە ویلایەتە یەکگرتووەکان**

| ساڵ | دابەشی گشتی رۆژنامە رۆژانەییەکان بە هاوێر کردنی ژمارەی رۆژانی یەك شەممە (بە هەزار) | ژمارەی تەواوی خێزانەکان (بە هەزار) | دابەشکاری بۆ هەر خێزانێك |
|---|---|---|---|
| ١٨٥٠ | ٧٥٨ | ٣.٥٩٨ | ٠.٢١ |
| ١٨٦٠ | ١.٤٧٨ | ٥.٢١١ | ٠.٢٨ |
| ١٨٧٠ | ٢.٦٠٢ | ٧.٥٧٩ | ٠.٣٤ |
| ١٨٨٠ | ٣.٥٦٦ | ٩.٩٤٦ | ٠.٣٦ |
| ١٨٩٠ | ٨.٣٨٧ | ١٢.٦٩٠ | ٠.٦٦ |
| ١٩٠٠ | ١٥.١٠٢ | ١٥.٩٩٢ | ٠.٩٤ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٩١٠ | ٢٤.٢١٢ | ١٧٨٠٦ | ١.٣٦ |
| ١٩٢٠ | ٢٧.٧٩١ | ٢٠.٦٩٧ | ١.٣٤ |
| ١٩٣٠ | ٣٩.٥٨٩ | ٢٩.٩٠٥ | ١٣٢ |
| ١٩٤٠ | ٤١.١٣٢ | ٣٤.٨٥٥ | ١.١٨ |
| ١٩٥٠ | ٥٣.٨٢٩ | ٤٣.٤٦٨ | ١.٢٤ |
| ١٩٥٥ | ٥٦.١٤٧ | ٤٧.٧٨٨ | ١.١٧ |
| ١٩٦٠ | ٥٨.٨٨٢ | ٥٢.٦١٠ | ١.١٢ |
| ١٩٦٥ | ٦٠.٣٥٨ | ٥٧.٢٥١ | ١.٠٥ |
| ١٩٧٠ | ٦٢.١٠٨ | ٦٢.٨٧٥ | ٠.٩٩ |
| ١٩٧٥ | ٦٠.٦٥٥ | ٧١.١٢٠ | ٠.٨٥ |
| ١٩٧٦ | ٦٠.٩٧٦ | ٧٢.٨٦٧ | ٠.٨٤ |
| ١٩٧٧ | ٦١.٤٥٩ | ٧٤.١٤٢ | ٠.٨٣ |
| ١٩٧٨ | ٦١.٩٨٩ | ٧٦.٠٠٠ | ٠.٨١ |
| ١٩٧٩ | ٦٢.٢٢٣ | ٧٧.٣٠٠ | ٠.٨٠ |
| ١٩٨٠ | ٦٢.٢٠١ | ٨٠.٧٧٦ | ٠.٧٧ |
| ١٩٨١ | ٦١.٤٣٠ | ٨٢.٤٠٠ | ٠.٧٤ |
| ١٩٨٢ | ٦٢.٤٨٧ | ٨٣.٥٢٧ | ٠.٧٤ |
| ١٩٨٣ | ٦٢.٦٤٤ | ٨٣.٩١٨ | ٠.٧٤ |
| ١٩٨٤ | ٦٣.٠٨١ | ٨٥.٤٠٧ | ٠.٧٣ |
| ١٩٨٥ | ٦٢.٧٦٦ | ٨٦.٧٨٩ | ٠.٧٢ |
| ١٩٨٦ | ٦٢.٤٨٩ | ٨٨.٤٥٨ | ٠.٧٠ |

سنووردارێیەتی فێربوون و گواستنەوە و ئاسانکاریی چاپکردن رۆڵیان هەبوو لەسەر رێژەی ئەوانەی بەم داهێنانە رازی بوون. سەرەڕای ئەوەش لەماوەی ١٨٨٠ تا ١٨٩٠ رۆژنامە بەخێرایی لەنێوان دانیشتووانی ئەمریکی بڵاوبووەوە بە پلەیەك گەیشتە پلەی تێربوونێکی نوێ بەداهاتنی سەدەی نۆزدە هەندێك هۆکار رۆڵێکی گرنگیان لەم گۆڕانە لەپڕدا گێڕا وەکو چاك

بوونی تەکنەلۆژیای چاپکردن و پێشکەوتنی گواستنەوە و بڵاوبوونەوەی فێربوونی خوێندنەوە. بەهاتنی ١٩١٠، واتە بەر لە دەستپێکردنی جەنگی جیهانی یەکەم بۆ هەر خێزانێك زیاتر لە رۆژنامەیەك هەبوو. بەم شێوەیە لە دەیەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا رۆژنامە وەکو سەرچاوەیەکی سەرەکی هەواڵ لە کۆمەڵگەی ئەمریکیدا لە ترۆپکی خۆی نزیك بووەوە.

لە دابەشکردنەکانی ساڵی ١٩١٠ دا هێواشی روویدا پاشان رۆژنامەی ئەمریکی خاڵێکی بەرزی لە دابەشکردن لە ساڵی ١٩٢٠، واتا راستەوخۆ دوای جەنگی جیهانی یەکەم بەدەستهێنا. لەو سەردەمیشەوە ئەو هۆکارەی راگەیاندن بەدەست پشێویەکی بەردەوام و هەستپێکراو دەناڵێنێ هەتا چاکسازییە نوێکانی تەکنەلۆژیا و کۆکردنەوەی هەواڵ و چاپکردن و بڵاوکردنەوە و نەهێشتنی نەخوێندەواری دادیان نەبوو لە سنوور دانان بۆ ئەو پشێوییە. هەرچەندە ئێستا زۆرێك لە رۆژنامەکان بە رەهایی دەفرۆشرێن و هەرچەندە دەسهاتی رۆژنامەکان هەر بەرزە، بەڵام رۆژنامەکان نەیانتوانی رێژەی خێزانی ئەمریکاییەکان بۆ کڕین زیاد بکەن.

ئێستا بنەماکانی ئەو پشێوییە چین؟ پێشتر بینیمان، کە دوو نموونە هەن (تێڕوانینی پێشکەوتنخوازی و نموونەی ململانێ) لە توانایاندایە تێڕوانینی ناوخۆیی لە پێشکەوتنی ئەو هۆکارە راگەیاندنە (رۆژنامەگەری) پێشکەش بکەن، بەڵام تیۆری گونجاو بۆ پەیوەندی نێوان کۆمەڵگەو هۆکارەکانی راگەیاندنی دەبێ توانای روونکردنەوەی هۆکارەکانی نزمبوونەوەی ئاستی هەبێ لە پێشوازی کردن هەروەك روونکردنەوە لەبارەی گەشەی هۆکارەکانی راگەیاندن دەدات. لەلایەکی دیکەوە شیکاری داهێنان و وەرگرتن و خستنە بەردەستی هۆکارێکی رۆشنبیری وەکو رۆژنامە و ئەو ئامرازە رێکخەرەی دەری دەکا، کەموکورتی تێدابێ، ئەگەر ئەو گۆڕانانە بەهەند وەرنەگرین، کە لەوانەیە ببنە هۆی پشێوی. ئەوەی، کە پەیوەندیشی بە رۆژنامەوە هەیە، ئەو هۆکارانەی کە بوونەتە هۆی پشێویەکەی تا ئەو رادەیەی کە تێیدایە، ئەوا ناسینیان زۆر قورس نییە، شێوەکانی دیکەی هۆکارەکانی راگەیاندن دەستیان بە دابینکردنی ئەو پێداویستیانەی مرۆڤ کرد، کەپێشتر لەرێگەی رۆژنامەوە بۆی جێبەجێ دەکران و ئەمانەش لە بیستەکانی ئەم سەدەیە دەرکەوتن. پاش ماوەیەکی کورتیش، واتە لە سییەکاندا، گۆڤارە هەواڵییە هەفتانەییەکان دەستیان بە وەدەستهێنانی بڵاوبوونەوەیەکی هەستپێکراو کرد، هەتا سینەماش لەو بوارەدا گۆڕا. لەکۆتایی چلەکان و پەنجاکاندا تەلەفزیۆن کۆمەڵگەی ئەمریکی داگیرکرد. بە پلەی جیاوازیش هەریەك لەو ئەلتەرناتیڤە ئەرکییانەی

ڕۆژنامە بەشێکی دابەشکردنی ڕۆژانەی ڕۆژنامەکانی پیشەگەر، هەموویان بەجۆرێك لە جۆرەکان هەواڵ و بابەت و یاریان پێشکەش دەکرد، کە لەو دەمدا بەخراپە بەسەر ڕۆژنامەدا دەشکایەوە.

ئێستا چی بڵێین لەبارەی دوارۆژی ڕۆژنامەوە؟ بێگومان ڕۆژنامە لەگەڵ هەندێ لە دابەزینی نوێ لەبەشی خۆی لەبازاڕ دەمێنێتەوە. گۆڕانی کەم هەن لە نەهێشتنی نەخوێندەواریدا یا ئەو هۆکارانەی کە پەیوەندییان بە پتربوونی شیمانە بۆکراو هەیە لەزیادبوونی ڕێژەی خوێندەواران کەوا چاوەڕوان دەکرێ لە داهاتوویەکی نزیکدا ڕوودات لەگەڵ ئەوەشدا ئەو لێکۆڵینەوانەی کە لەسەر خزمەتگوزاری و تێربوون و ئارەزووەکان کراوە کە ڕۆژنامە ڕۆژانەییەکان بۆ خوێنەران دەستەبەری دەکەن ئەوە ڕوون دەکەنەوە، کە ڕۆژنامە بووە بەشێك لەژیانی ڕۆژانەی خەڵکی ئاسایی و ڕۆژنامەی ڕۆژانە خزمەتگوزاریی بێ هاوتا و دیاریکراو پێشکەش دەکەن و ئارەزووی خوێنەرانیان تێردەکەن. کاتێکیش ڕۆژنامەکە لەخوێنەرانی دادەبڕێ زۆربیری دەکەن. ڕوونە، کە ئێستا وازی لێهاتووە ڕۆڵێکی وا لەسیستەمی گەیاندنی هاوچەرخدا دەگێڕێ لایەنی کەم لەکاتی ئێستاماندا هیچ ئەلتەرناتیڤێك نییە لە جێگای ڕۆژنامە ئەو ڕۆڵە بگێڕێت.(٥) بەم شێوەیە، لە کاتێکدا کە هۆکاری ڕاگەیاندنی نوێ پێکدێن، لەوانەیە ئەوەی کە لەداهاتوو دادێ، ڕکابەری ڕۆژنامە بێ، بەڵام تا ئێستا ڕۆژنامە نوێنەری دەزگایەکی ڕۆشنبیری ڕەگی ڕەخساوە وەکو هۆکارێکی گەیاندنی سەرەکی لە سەردەمەکەماندا.

تێڕوانینی خێراو کورت کەمن لەبارەی ڕۆژنامە و نموونەی پێشکەوتن ڕوون بووەوە لە سەرەتاکانەوە لەڕێگەی ڕۆژنامەی بنس لە سییەکانی سەدەی ڕابردوو، و تا زنجیرەیەکی ئاڵۆز لە ڕۆژنامەکان لە سەردەمی ئێستاماندا. ئەم پێشکەوتنە لەکاتێکدا ڕوویدا، کە زۆرێك لە دۆزەرەوان و داهێنەران چارەسەری تەکنەلۆژی و کۆمەڵایەتییان بۆ چارەسەرکردنی کێشە کۆنەکان لەبەرهەم هێنان و بڵاوکردنەوەی هەواڵ پەیامەکان پێشکەش کرد. بەم شێوەیە ڕۆژنامەکان زیاتر جۆراوجۆر و جیاکراوە و تایبەتمەندبوون لەلایەنی بەڕێوەبردن و ستوونەکان و بابەتەکان، کە هەموو چێژێك لەهەموو لایەنێك لەلایەنەکانی ژیان ڕازی دەکەن. لە هەمانکاتیشدا کاریگەری ململانێی کۆمەڵایەتی لەمێژووی ڕۆژنامەگەری ڕێکلامکەردا ڕوون بووەوە. ململانێ لەنێوان دەسەڵاتداران و چاپکەران لە زووەوە دەستیپێکرد و خەسڵەتەکانی پاشخانی مێژوویی دیارکرد، کە باوکانی دامەزرێنەری بەرهەم هێناو وای لێکردن یەکەمین گۆڕانکاری لەدەستووردا ئەنجام بدەن. ململانێش لەنێوان ڕۆژنامەگەری حکوومەتدا بەردەوام

بوو، بۆ دیاریکردنی دوارۆژی رۆژنامە لەو کارەی کە گۆڕانی یەکەم لە دەستووردا و رۆڵی دادگاکان لە کرداری دیالێکتیکی، کە لەنێوان ئەوانەی خاوەنی جەماوەرن و دەسەڵاتی چوارەمدا یەکلایی بووەوە. بەهەمان رێگاش ئەو رکابەرییە توندەی لەنێوان رۆژنامەکاندا هەبوو ((رۆژنامەگەری زەردیان)) لێ بەرهەم هات، دواتریش یاساکانی کاری رۆژنامەنووسییان ئەنجامدا، کە بڵاوکردنەوە لەویلایەتە یەکگرتووەکان بەڕێوە دەبا. لە کۆتایشدا، رکابەری ململانێکان گۆڕان لەنێوان رۆژنامەکان و هۆکارە راگەیاندنە نوێکاندا، لەبەکارهێنانی رای گشتی بۆ رۆژنامە و پاشانیش بۆ پێگەی رۆژنامە لە سیستەمی گەیاندنی ئەمریکیدا.

## پەراوێزەکانی بەشی دووەم

1. Eric Barnouw, *Mass Communication* (New York: Holt, Rinehart, and Winston, 1956), p. 7.
2. For an excellent summary of functions of mass communication today, including "surveillance," see Charles R. Wright, *Mass Communication: A Sociological Perspective* (New York: Random House, 1959), pp. 17–23.
3. Edwin Emery and H. L. Smith, *The Press and America* (Englewood Cliffs, N.J.: Prentice-Hall, 1954), pp. 415–16.
4. See, for example, H. Earl Pemberton, "The Curve of Culture Diffusion Rate," *American Sociological Review* 1, no. 4 (August 1936): 547–56; Stuart C. Dodd, "Diffusion Is Predictable: Testing Probability Models for Laws of Interaction," *American Sociological Review* 20, no. 4 (August 1955): 392–401; Everett M. Rogers, *Diffusion of Innovations* (New York: Free Press of Glencoe, 1962), pp. 152–59.
5. The following two research studies bear directly on this point: Bernard Berelson, "What Missing the Newspaper Means," in *Communication Research, 1948–1949*, ed. P. F. Lazarsfeld and F. N. Stanton (New York: Harper & Brothers, 1949), pp. 111–29; Penn Kimball, "People Without Papers," *Public Opinion Quarterly* 23, no. 3 (Fall 1959): 389--98.

# بەشی سێیەم

## پێشکەوتنی سینەما

دەکرێ لە پێشکەوتنی سینەما تێبگەین، بەهەمان شێوەی رۆژنامە، لە چوارچێوەی نموونەی پێشکەوتنخوازی و نموونەی ململانێ بەیەکەوە. کرداری کۆکردنەوەی شارستانی روویدا کە تەکنەلۆژیای سینەمای لێ پەیدابوو، بە شێوەیەکی سەرەکی لە وێنەی کۆکردنەوەی پلە بە پلە لە دەستەڵاتە زانستییەکان لە زۆر بواردا کەوا دەردەکەوێ یەکجار دوورن لەم بوارەدا. هەموو ئەو تەکنەلۆژیانەش لە کۆتاییدا بەیەکەوە کۆبوونەوە لە وێنەی هۆکارێکدا کە توانای لە ئەفراندنی وەهمی بزاوتی بەردەوامدا هەیە لە رێگەی زنجیرەیەك لە سێبەر، کە لەسەر شاشەدا نمایش دەکرێن. هەروەها کرداری پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیش لە ئارادابوو، کە پیشەسازی سینەما لەبەراییدا لەلایەنی پووچ و نمایشی نائاکاریدا پێشکەوت، بۆ ئەوەی ببێتە سیستەمێکی ئابوور گەورە و بەرێز و ئاڵۆز، بۆ بەرهەمهێنان و دابەشکردن و نمایشکردنی فیلمی سینەمایی وەکو هۆکارێکی خۆشگوزەراندن و رابواردنی گشتی.

بەدرێژایی ئەم رێ رۆشتنەش ململانێ پاژێك بوو لە کرداری پێشکەوتن، ململانێی گەورە روویاندا ئەمەش نەك تەنیا لەنێوان چەند بەرژەوەندییەکی جیاواز کە هەوڵیان دەدا ببنە خاوەنی ئەو هۆکارە نوێیە و دەستی بەسەردا بگرن، بەڵکو لەنێوان زۆرینەی ئاکاری لە کۆمەڵگەداو لەنێوان ئەوانەی هەوڵیان دەدا قازانجی زیاتر بەدەست بخەن پەنا بردنیان بۆ هۆکاری تێرکردنی کەمتر بەرێز و ئاکاری لەکاتی ئامادەکردنی ناوەڕۆکی فیلمی سینەماییدا. ئەم جۆرە ململانێیانەش رۆڵێکی بنچینەییان لە دیاریکردنی شێوەی سینەما لە ئەمریکادا گێڕا.

رەگە مێژوویەکانی سینەما لە قووڵایی زەمەندا تا بەبەراییەکانی زانست دەگا لێدەدەن. دیارترین ئەوانەی رۆڵیان هەبوو لەو تەکنەلۆژیا بنەڕەتییەی سینەمای لەسەر دروستکرا تا رادەیەکی زۆر، ئەو کەسانە بوون، کە دۆزینەوەکانی خۆیان گەیشتن یان ئامێرەکانی خۆیان پەرەپێدا لەکاتی گەڕانیان بەدوای چارەسەری کێشەکی دیاریکراو، کە پەیوەندی راستەوخۆ لەنێوان ئەو کێشانە و سینەمادا نەبوو. بێگومانیش لەمەدا بەدەرکردن هەبوو، بەڵام بە

شێوەیەکی گشتی، بایەخدانی ئەو کەسانەی کە بوون بەدامەزرێنەرانی سینەما تیشکی نەدەخستە سەر پێشکەوتنی هۆکارێکی نوێ بۆ رابواردنی خەڵك، بەڵکو زیاتر گرنگییان بەدۆزینەوەی شتی دیکە دەدا وەك دەستووری فیزیایی بۆ شکانەوەی رووناکی و بنەچە دەمارییەکان بۆ بینین لای مرۆڤ یا ئەو رێگایەی بەهۆی بینین و درککردن و وەهمی جووڵە دروست دەبێت. سەرەڕای ئەوەش، لەماوەی مێژووی داهێنان و پێشکەوتندا، ئاماژە هەبوون لەسەر گرنگی دانی گشتی و گەورە و چاوەڕوانکراو بەهۆکاری رابواردن لەسەر بنەمای نمایشکردنی وێنە سێبەرییەکان. هاوڕێ داهێنەرەکان بوون، بەبێ زانایان، بەهۆکار و کاریگەری نامۆ کە ئەم داهێنەرانە بەرهەمی دێنن.

دەتوانین بەراورد لەنێوان پێشکەوتنی سینەما لە چوارچێوە سونەتییەکەی زانستدا و لەنێوان پێشکەوتنی رۆژنامەدا بکەین، کە لە بەشی پێشوودا لێکدانەوەیەکی کورتمان بۆی کرد. بینیمان کە مێژووی رۆژنامەگەری جەماوەری بە شێوەیەکی توند بە پێشکەوتنە گرنگەکانی ناوخۆی دامەزراوە ئابووری و سیاسییەکان لە کۆمەڵگەی رۆژئاواییدا بەسترابۆوە. ململانێی بازرگانی بۆ قازانج و بەشداریکردنی سیاسی گرنگترین خەسڵەتی بوون، کە بە پەیوەندییان بە شێوەی یەکەمی رۆژنامە و شێوەی پتر گەشەکردوو لە رۆژنامەوە هەبوو. کاتێکیش رۆژنامە دەستی گەیشتە پەیکەرێکی دارایی چاك بۆ پراکتیزەکردن و بەردەوام بوون، ئەم پەیکەرە زۆر بە توندی پشتی بە ریکلامە بازرگانییەکانەوە بەست. هەرچەندە رۆژنامە زیاتر لە جارێك پەیوەندی خۆی لەگەڵ لایەنی سیاسیدا نوێ کردۆتەوە، بەڵام چالاکی سیاسی وەکو ناوچەیەکی بەرپرسیارێتی سەرەکی رۆژنامە مایەوە، لایەنی کەم بۆ بڵاوکردنەوە و دەرکردن، ئەگەر ئەمە بۆ ئاراستەکردن و رێنوێنیش نەبێ.

لە لایەکی دیکەوە، سینەما بە مانا راستەوخۆکەی بەهیچ شێوەیەك پەیوەست نەبوو بە بڵاوکردنەوەی ریکلامی بازرگانی تەنیا بە شێوەیەکی پەراوێزی نەبێ. هەرچەندە سینەما لە دەمێکەوە بۆ دەمێکی دیکە هزری سیاسی و کۆمەڵایەتی گرنگ لەخۆ دەگرێ، بەڵام لایەنی کەم لە کۆمەڵگەی ئەمریکیدا بۆ برەودانی روون و راستەوخۆی ئایدیۆلۆژیای سیاسی بەکارهاتووە نەقۆستراوەتەوە. تێگەیشتنی تەواوی کاریگەری کۆمەڵگە لەسەر هۆکارەکانی گەیاندنیدا، داوامان لێ دەکا لەوە تێبگەین بۆچی لە ویلایەتە یەگگرتووەکاندا هۆکارە راگەیاندنە گەورەکان لە بنەڕەتدا بۆ خۆش رابواردن دانراون نەك بۆ رۆشنبیرکردن و رووناکبیری و هەوڵدان بۆ قەناعەت پێهێنان بە باوەڕێکی دیاریکراو. هەروەك ئەم تێگەیشتنە داوای

ئەوەشمان لێ دەکات، کە تێبگەین بۆچی نرخی پلیتی چوونە ژوورەوەی سینەما گرنگترین هۆکاری داراییە نەك ریکلام و پاڵپشتی حوکومی. ئەم گفتوگۆیە ناتوانێ وەڵامی تەواوی ئەو پرسیارانە بداتەوە، بەڵام دەتوانێ — لە ناو چوارچێوەی ئەمەریکیدا- ئەوە روون بکاتەوە، کە چۆن لایەنە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان رۆڵیان گێڕاوە لە پێکهێنانی سینەما وەکو سیستەمێکی گەیاندن یان هۆکارێکی راگەیاندن. شیکارییە بەراوردکارییەکانیش بۆ کۆمەڵگەکانی دیکە، کە نموونەی جیاوازی لە بارەی پەیکەری دەزگای سیاسی و چالاکی سیستەمی ئابووریدا رێی خۆی گرت، ئەوە روون دەکاتەوە بۆچی ناوەڕۆکی سیستەمی سینەما لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە جیاوازە.

## پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا:

بە وردی مێژووی بەرایی سینەما چیرۆکی پێشکەوتنی بەندە بە سێ گرفتی زانستی و تەکنیکی کە پێویست بوو چارەسەر بکرێن بەرلەوەی هیچ کەس و دروستکردنی ئامێری نمایشی سینەمایی بەخەیاڵیدا بێت. لە سەرەتادا پەیداکردنی توانا بوو لە نمایشکردنی پرەنسیپەکانی وێنە سێبەرییەکان دووەمیشیان دەسکەوتنی جووڵەی بەردەوام بۆ نمایشی خێرای وێنە و هێلکارییەکان، سێیەمیشیان خودی وێنەگرتنەکە بوو. ئێمە پێویستمان بە روانینە لەم سێ گرفتە لەگەڵ هەندێ هۆکاری تەکنیکی کە دواتر بوونە هۆی چارەسەرکردنی. چیرۆکی ئەم هۆکارانە و چارەسەرەکانیان ناتوانرێ لەو مرۆڤانەدا دابڕێ، کە پێیگەیشتوون هەروەك داهێنانەکانی ئەو کەسانەش بە تەواوی پەیوەستە بە چوارچێوەی کۆمەڵایەتی رۆشنبیری کە سەرکەوتنەکانی خۆیان لە ناودا بەدەستهێنابوو.

## نمایش و کامیرای تاریکی:

یەکەمین گرفتی گەورە پێشخستنی هۆکارەکان بوو، بۆ نمایشکردنی وێنەی تاریکی بە بەکارهێنانی projector، کە ئامێرێکە بۆ دانانی رووناکی و وێنەی لەسەر شاشەی سپیدا، کە رووناکییەکە لە کونەکەوە دەچێتە دەرەوە و وێنەکە بە شێوەی پێچەوانە لە ژوورێکی تاریکدا دەردەکەوێ. ئەوە روونە، کە لیستی ئەو رەگەزانەی ئەو سیستەمە پێکدێنن درێژ و درێژ بووەوەن، بەڵام بنچینەی سیستەمی ئامێری نمایشکرنی وێنە یان ((پرۆجیکتۆر)) دەوەستێتە سەر تێگەیشتن لە هەندێ بنەمای بینین. هەروەها بەکارهێنانی ئاوێنە و هاوێنکۆ

و ئاوێنەی بەدەسك، كە هەڵدەستێ بە ئاراستەكردنی رووناكی لە سەرچاوەیەكی رووناكی دەستكرد، بۆ ئەوەی بەناو هاوێنكۆدا تێپەڕێ بەوردییەكی گونجاوەوە. لەوانەیە هاوێنكۆ كۆنترین ئامێر بێت كە بۆ ئەم مەبەستە بەكارهاتووە. كۆمەڵێ دەستنووسیش هەن، كە هێشتا ماون ئاماژە بۆ ئەوە دەكەن، كە زانایان لە سەردەمی گریكیدا ((شووشەی سووركراوەیان)) ناسیوە[1].

بۆ نموونە ئەرخەمیدس كە لە ساڵی ٢٨٧ پێش زایین لە دایك بووە، هەوڵیدا هاوێنكۆی گەورە ببەستێ بەو ئامانجەی توانای ئەوەی هەبێ لە مەودایەكی دووردا ئاگر لە كەشتییەكان بەربدا لە رێی ئاراستەكردنی تیشكی رۆژ بۆیان. كێش مەكێشێك لەسەر ئەوە هەیە، داخۆ ئەو ئامانجە وەدەست هاتووە یان نا، بەڵام سینەمای سەرەكی روون و ئاشكرا بوو. پێشكەوتنی زیاتریش لە زانستی بینین روویاندا لە رێی كارەكانی فەیلەسووف و زانای عەرەبی حەسەنی كوڕی هەیسەم كە لە ساڵی ٩٦٥ ی زایینی لە دایك بووە، كە گەیشتە هەندێ روونكردنەوەی سەرەتایی لە بارەی شكانەوەی رووناكی و تیشكدانەوەی لە رێی ئاوێنە و هاوێنكۆكاندا. لە قۆناغی یەكەمیشدا ئاوازی داهێنان و كۆكردنەوەی ژیاری بە پلەیەكی ئازاردەر هێواش بوو. تا سەردەمی رۆجێر بیكۆنیش كە لە ساڵی ١٢١٤ لە دایك بووە، فەیلەسووف و زانایان جگە لە دۆزینەوەی هەندێ رێگای جیاوازی بەكارهێنانی ئاوێنە لە ئامێری وەكو (بیرسكۆب) یان ئەو دووربینانەی، كە لە ژێر دەریاییەكان و سوپەرەكان بەكاردێن لە پێناو ئاوەژووكردنەوەی وێنەكان بە رێیەك كە سەرنجڕاكێش بوو، بۆ هەمو خەڵك لەو سەردەمدا، هیچی دیكەیان نەكرد.

كامیرای ژووری تاریك "camera obscura" بە گرنگترین توخمی ئەو قۆناغە سەرەتاییە لە داهێنان و دۆزینەوەدا دەژمێردرێت. بیرۆكەی بنەڕەتیشی هەمان بیرۆكەی كامیرای ناسراو بە ((ئەمباركەری كون)) pinhole cameraیە كە دەتوانێ بەهۆیەوە وێنەیەكی لاوازی هەڵگەڕاوەی پێچەوانەی دیمەنێكی دەرەكی لەسەر دیواری رووبەڕووی ئەم دیاردانە لە قۆناغێكی زۆر زووی لێزانی مرۆییدا تێبینی كراون، بەڵام بنەماكانی كارییان بە شێوەیەكی رێكوپێك لێكۆڵینەوەیان لەسەر نەكراوە، تا سەردەمی لیۆناردۆ داڤنشی كە لە ساڵی ١٤٥٢[3] لە دایك بووە. لیۆناردۆ لە ژوورێكی بچووكی بەتەواوی لە رووناكی دابڕاو كاری دەكرد، تیشكی رووناكی لە دەرەوە دەهات لە رێگەی كەلێنێك كە بەقەد پێنووسێكی دار دەبوو، دەتوانرا لەسەر دیوارەكە وێنەیەكی تەواو بە روونی ببینرێ و دیمەنە دەرەكییەكان

به ڕەنگەکانەوە هەستی پێ بکرێ هەرچەندە لە هەندێك کاتدا لاواز و شێواو دەهاتە بەرچاو. لەگەڵ فراوانکردنی قەوارەی کەلێنەکە و زیادکردنی هاوێنکۆیەکی گونجاو بۆ ئاراستەکردنی تیشکی ڕۆژ و ئاوێنەکە بۆ پێچەوانەکردنەوەی وێنەکە، وای لێهات کامێرای ژووری تاریك بوو بە ئامێرێکی سوودبەخش بۆ ئەو هونەرمەندانەی گرنگیان بە گرفتەکانی وێنەی تێڕوانینی persepective و ڕەنگی وێنەی دیمەنە سروشتییەکان دەدا. ئەم کامێرایە چاوی زۆرێك لە هونەرمەندانی بەرەو ڕووی خۆی ڕاکێشا و بۆ چاودێریکردنی خۆرگیران بەکارهات و ڕێی لەو زیانانە گرت، کە لەکاتی چاودێریکردنی ئەم دیاردەیە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ تووشی چاو دەهاتن هەرچەندە چاویلکەی تاریکیشیان بەکاردەهێنا.

ئەو کامێرایە کەوتە دەستی جادووگەران و دەجالان و فێڵبازان ئەوانی دیکەش، کە نەزانینی خەڵکیان لەو سەردەمەدا دەقۆستەوە و خۆیان بەوە هەڵدەدایەوە، کە ئەوان توانای جادووییان هەن، کە لەسەر ئەو بنەمایانە دروستبوون، کە ئەوان دەتوانن وەدەستی بێنن. زانایان و کەسانی خاوەن تاقیکردنەوەی زانستی بەردەوام هەستییان بە دڵتەنگی دەکرد لە بەستنەوەی کاری جادوویی و فێڵ لەگەڵ کارە زانستییەکانی ئەواندا. ناوە ناوەش هەوڵی ڕاگەیاندنی نهێنییەکانی ئەو سەیر و سەمەرانە دەدرا بەئامانجی خزاندنی تاوانبارکردنی لەو جۆرە. ئەمە بەڕاستی نەك تەنیا لە کارە بڕواییەکاندا ڕوویدا، بەڵکو بۆ تەواوی زانستەکانی دیکەش وابوو. بەهێزترین هەوڵی زوو درابێ بۆ دەستخۆشی لێکردن لە بڵاوکردنەوەی نهێنییەکانی زانست بۆ خەڵك ئەو کتێبە بوو، کە جیاما تیستا دی لابورتا یان جیۆڤانی باتیستا دیلا بورتا کە لە دەوروبەری ١٥٣٥ لە دایك بوو داینا. لە بەشی حەڤدەیەمی کتێبە بەناوبانگەکەیدا ((جادووی سروشت)) nutural magic کە لە ١٦٨٥لە ئینگلتەرادا وەرگێڕدراو بڵاوکرایەوە، دی لابورتا بابەتی ((شوشە نامۆکان)) و هاوێنکۆ و ئاوێنەکانی لەوێدا باسکردبوو.(٤) دوای گفتوگۆکردنیش لەسەر تەکنیکەکانی کامێرای ژووری تاریك، چووە سەرباسێکی دیکە بۆ ناساندنی چۆنیەتی بەکارهێنانی بۆ پێشکەشکردنی شانۆکەری و هۆکارەکانی دیکەی ڕابواردن، دەڵێ:

چۆن دەتوانی لە ژوورێکی تاریکدا ڕاو و جەنگی دوژمنان و خەیاڵی دیکە ببینین.

....هیچ شتێك لەوە پتر نابێتە مایەی خۆشحاڵی لای گەورە پیاوان و زانایان و داهێنەران لە بینینی ئەمانە. مرۆڤ دەتوانێ بە ئاسانی و بە ڕوونی ببینێ، هەروەك ئەوەی دەیبینێ بە ڕاستی لەبەرچاویدا ڕوودەدات، شتی وەك: ڕاو و خوان و سوپای دوژمنان و شانۆگەری و هەموو

ئەو شتانەی ئارەزوو دەکرێن ببینرێن. یان لە رووبەری ئەو ژوورەدا هەندێ شت هەبن لەوانە تاڤگەی تۆقێنەر کە رۆژ دەتوانێ بەبێ کۆت و بەند بەسەریدا پەرش بێتەوە لە ولاتریش دەتوانین درەخت بە سیستەمی دوانە دابنێین لەگەڵ دارستان و چیاو رووبار و شتی دیکەش..دەتوانین منداڵی بچووکیش لەناو هەمان چوارچێوە دابنێین، کە راهاتبووین لە کۆمیدیاکاندا بیانبینین. هەروەها دەتوانین بوونەوەری دیکەش دابنێین، کە دەردەکەون خۆشحاڵت دەکەن، وەکو ئەوەیە لە مەبەست و شوێنی خۆیان رووە و تاڤگەکان هاتبنە دەرەوە. دواتر راوچییەك خۆی و تەورێك و تۆرێك و شتی دیکەش، کە هەر راوچییەك بۆ راوکردن پێویستی پێیانە دەردەکەوێ. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا دەنگی کەرەناو ئامێری دیکەی مۆسیقیش دێن. ئەو کەسانەی کە لە ژوورەکەشدان و درەخت و گیاندار و دەم و چاوی راوچییەکان و هەموو شتەکان زۆر بەروونی دەبینن بەپلەیەك وایان لێ دەکا نەزانن ئایا ئەوەی دەیبینن راستەقینەیە یان خەیاڵی، شمشێرەکان دەبریقێنەوە بە شێوەیەك لەوانەیە ترس بخاتە دڵی بینەران، بەڵام من ئەم دیمەنانەم بۆ هاورێکانم گێرایەوە زۆر پێی سەرسام بوون و خۆشحاڵ بوون بە بینینی فیڵمی لەم جۆرە.[٥]

لەگەڵ ئەوەی دیلا بۆرتا زانابوو، بەڵام دەردەکەوێ، کە ئەو گرنگییەکی زۆری بە بەکارهێنانی هۆکار و کاریگەرییەکان دەدا بۆ سەرنجراکێشانی هاورێکانی. دواتریش وێنەی جووڵاوە لە ژوورێکی تاریکدا سەرچاوەی خۆشبەختی و رابواردن بوو، بۆ دەوڵەمەندان و کەسانی ناسراوی ئەوروپی. لە رێی رێورەسمی مێژووی هۆکارە تەکنەلۆژییەکان ئەوانەی، کە پێویستی سەرەکی سینەمای نوێ بوون، دەتوانین جگە لە زاناکان سەیر پێهاتن و سەرسوڕماوی ئەو کەسانە ببینین، کە وێنە پیشاندراوەکانیان دەبینی.

بێگومان کامێرای ژووری تاریك وێنەکانی خۆی لە رێی رووناکی ئاوەژووی شتەکان لە ژێر رووناکی رۆژدا بەرهەم دەهێنا. تا رادەیەك رووداوێکی گرنگ روویدا بە بەکارهێنانی رووناکی دەسکرد لەبری رۆژ و تێپەڕاندنی ئەو رووناکییە بە نێوەندێکی روون لە بری پشت بەستن بە رووناکی ئاوەژوو. بەهۆی ئەپاناسیوس کیرشیریشە (لە ساڵی ١٦٠١لە دایك بوو) ئامێری نمایشکردن یان برۆجێکتۆری رووناککردنەوە پەیدابوو کە دەتوانێ وێنەکان لەسەر شاشە دابنێ بە بەکارهێنانی هەمان ئەو بنەمایانەی کە ئامێری برۆجێکتۆری هاوچەرخ کاری پێدەکرێ، کە پێکهاتەکانی فیلم نیشاندەدا.[٦] کیرشر مەسیحییەکی ئەڵمانی بوو، دۆزینەوە زانستییەکانی شوێنێکیان لە کۆلێژی رۆمانی Collegio Romano بۆ رەخساند، لەوێشدا بە پاڵپشتی

پاپا ئۆربانی هەشتەم و بەرپرسەکانی دیکەی کڵێسە و کیرشەر توانی لە لێکۆڵینەوە بیرکاری و زانستییەکان بەردەوام بێ، لە پێشکەشکردنی ئامێری نیشاندان ((پرۆجێکتۆر))یش سەرکەوت کە لە بەردەم کۆمەڵێك کەسایەتی دیار پێگەیشت، کە وێنەی پەرشوبلاوی دەرکەوتووی بەهۆی بەکارهێنانی پێکهاتەی روونی بە دەستکێشراودا بینی. وای لێهات کیرشەر بوو بەئامانجێك بۆ تاوانبارکردنی نارێك و قسەی هەڵبەستراو بەهۆی داهێنانەکەیەوە، و بە بەستنی هاوپەیمانێتی لەگەڵ شەیتان و جادووی رەش و هێنانی رۆحەکان تاوانبارکرا. هۆکاری ئەرکەش یان تێنەگەیشتنی زۆرانێك بوو لەو بنەمایانەی دەبنە هۆی دەرکەوتنی ئەو وێنانە، کە وەکو تارمایی وان لەسەر شاشەی پیشاندان، یان ئەوەتا لەلایەن دوژمنانی کیرشەرەوە هەتا لە نێو تاکەکانی چینی خاوەن زانیاریش کارەکە بە ئەنقەست خراپ خوێندرایەوە. کیرش لەسەر پەرەپێدانی ئامێرەکەی بەردەوام بوو، کە شێتی شتە دراماتیکییەکان بوو. ئەو نێوەندانەشی رێکخست، کە دەکرێ لەکاتی پیشاندانی پێکهاتەکان بە پرۆجێکتۆری چیرۆکەکانیش بگێڕدرێنەوە. دوای ئەمەش هەندێ لە داهێنەران چاکسازی و زیادکردنی پارچەیان بۆ چرای جادوویی "The magic latntern"زیادکردوو هەندێکی دیکەش بەردەوام بوون لە بەکارهێنانی وەکو هۆکارێك بۆ رابواردن. بەمشێوەیە توانرا کێشەی هونەری یەکەمی بنەڕەتی لە سینەما لە ساڵی ١٦٤٥چارەسەر بکرێت.

### وەهمی جووڵەی بەردەوام:

دووەمین کێشەی گەورە، کە چارەسەری دەویست دۆزینەوەی هۆکارێك بوو، کە دەکرێ مرۆڤ بەهۆیەوە هەست بەوەهمی جووڵەی بەردەوام بکات. بەپێچەوانەی کێشەی پرۆجێکتۆر، گرفتی دووەم بە شێوەیەکی رێژەیی بە ژمارەیەکی زیاتری تونخمەکان پەیوەست بوو. هەر دەبوو بگەنە هەندێ دۆزینەوەی ئاڵۆز لە تیۆرەکانی بینین و درککردنی بینینی مرۆیی. گرفتەکەش دۆزینەوەی چۆنیەتی نمایشکردنی زنجیرەیەك لە هێلکاری یان شتی دیکە بوو بەخێراییەکی زۆر لەبەردەم چاوی ئادەمیزاد بە شێوەیەك وێنەکە بنوێنێنێت after images، کە دوای بزر بوونی وێنە رەسەنەکە دەمێنێتەوە، لەگەڵ فێڵی چاو visual lag، کە لەماوەی کرداری دەماریدا روودەدات بۆ دەرخستنی وێنەی یەك بە دوای یەك هەروەك ئەوە، کە یەك وێنە بێ و بەنەرمی بجوڵێ.

لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەیەمدا، منداڵان لە لەندەن و پاریسدا یاریان بە ئامرازێك دەکرد، کە ناویان نابوو دروستکەری پەرجووەکان Thaumatrope، کە خەپنەیەکی بچووك بوو و تیرەکەی وەکو کوپی چا بوو، کە لەسەر ستوونێك دانرابێ، وێنەیەکی لە پێشەوە دانرابوو و ئەوی دیکەشیان لەبەرانبەری. بە سوڕاندنی ئەو یارییە بەیارمەتی پەت و داوی کورت مرۆڤ دەیتوانی وێنەی جیاواز دروست بکات. شێوەی زۆر لەم یاریە بە شێوەیەکی نموونەیی ئامادەکراون بە شێوەیەك لە شێوەکان. هەندێ کێشمەکێشیش لەسەر بنچینەی ئەو گەمەیە دروست بوو، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی گەڕێنرایەوە بۆ یەکێك لە پزیشکەکانی شاری لەندەن کە جۆن پاریسە و لە ١٧٨٥ لە دایك بوو. دیڤۆ پتریۆسیش کە لە کۆکردنەوەی ڕووناکی کۆڵیوەتەوە kaleidoscopeی داهێناوە لە یەکێك لە کارە زانستییەکانی ئەم یارییەی ناساندووە و گفتوگۆی لەسەر کردووە. لە ڕاستیدا ئەم یارییە لە پارچەیەکی جووڵاوە لە شووشەی ڕەنگا و ڕەنگ پێکدێ، کاتێك، کە بارەکەی دەگۆڕێ کۆمەڵەیەکی بێ کۆتایی بە شێوەی ئەندازەیی بەرەنگی جیاواز دەداتەوە. ئەوەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی وەهمی جووڵە دەتوانرێ وەدەستبخرێ بە پیشاندانی خێراو یەك بەدوای یەکی ئەو وێنانەی خاوەنی گۆڕانی کەمن.

زانای بەلجیکی جۆزیف بلاتۆ، کە لە ساڵی ١٨٠١ لە دایك بوو و یەکێك بوو لە لێکۆڵەرە گەورەکانی ئەوەی ناوی نراوە فێلی بینین.[٧] لە سەرەتای ژیانی کارەکیدا بایەخی بە جۆرە جیاوازەکانی لایەنی بینیندا بەتایبەتی ئەو ڕێگایەی کە مرۆڤ بەهۆیەوە جووڵە و ڕەنگەکان دەبینێ. لەوانەیە جۆزێف بلاتۆ شایەنی نازناوی ((باوکی سینەما)) بێ.

ئەو نامە دکتۆرایەی کە بلاتۆ پێشکەشی زانکۆی (لبیج)ی کردبوو، ئەو گرفتانەی بینین، کە دەکرێ لەبەرچاویان بگرین، بۆ وەدەست خستنی وەهمی جووڵە لای مرۆڤە بینەرەکان دیاری دەکا لە: یەکەم: هەر شێوە یان هێلکاری یان وێنەیەك کە بەبەدوا یەکداهاتنێکی خێرا نمایش دەکرێ، پێویستە بۆ ماوەیەکی کورت بێ بزاوت بێ و نەجووڵێ، بەڵام ئەو کاتە بەسە بۆ ئەوەی کرداری درککردنی دەماریی بە ڕوونی وێنە بگرێ، چاو بە شێوەیەکی ڕەها ڕاستەوخۆ کار ناکات، بەڵکو پێویستی بەکاتێکی دیاریکراوە هەیە، کە لەو ماوەیەدا دیمەنێکی دیاریکراوی بۆ نمایش دەکرێ بۆ ئەوەی بۆچوونێکی لەبارەوە تۆمار بکات. زانراوە، کە پەڕی پەروانە، کە بەخێرایی دەسوڕێتەوە بەهۆی ئەو تایبەتمەندییەی چاوی ئادەمیزاد دیار ناکەوێ. خاڵی دووەمیش هۆکارێکە پەیوەستە بەدەم یان کات، ئەو بۆچوونەی لە ڕێگای میکانیزمی

درککردنی دەکاریی بۆ بینین تۆمارکراوە، لە ساتێکی لە پڕ کە تێیدا کارتێکەرە دەرەکییەکان ون دەبن، ناوەستێ. ماوەیەکی دابڕاوی گرنگیش Lag هەیە، بەهۆیەوە بۆچوون و کاریگەری دەمێنێتەوە ئەمەش ماوەیەکی کورتە. سادەترین بەڵگەش لەسەر ئەم بنەمایە دەکرێ لە ڕێی ئامێری دروست کردنی پروشکەکان sparkler وەدەست بخرێ، کە منداڵان لە ئاهەنگەکاندا وەکو هۆکارێکی یارییە ئاگرینەکان بەکاری دێنن. ئەگەر ئەم ئامرازەش لە تاریکیدا لە شێوەی ژمارە (٨) بجوولێنرێ، ئێمە ئەو ژمارەیە بەتەواوی بە ڕووناکی دەبینین نەك بە شێوەی چەند خاڵێکی ڕووناك کە بەخێرایی دەجوولێنرێن. ئەمەیە مەبەستمان لەماوەی دابڕ و بەردەوامبوونی کاریگەری بینین دوای نەمانی کارتێکەرەکە.

لەگەڵ بوونی ئەو بنەمایانە لە زەیندا، پلاتۆ گەیشتە ئامێرێکی پتر ئاڵۆز کە لەقایش و باڵی سوڕێنەر و خلۆکە و خەپنە و ئەو دەرگایانەی، کە دەکرێنەوە و دادەخرێن لە پێش زوومی کامێراوە بۆ هاتنە ژوورەوەی ڕووناکی یان نەهاتنە ژوورەوەی. ئامانجی پلاتۆ لەو ئامێرەدا ئەفراندنی وەهمێکی سادەبوو لە ڕێی جووڵە، کە لەسەر بنچینەی نمایشی خێرا و یەك بە دوای یەکی هێلکاری و وێنەکان وەستابوو. پلاتۆ ئەو ئامێرەی پێشخست و کردییە خەپنەیەکی گەورە و زنجیرەیەك وێنە لە پانتاییەکەیدا ڕێکدەخران و هەر وێنەیەکیش جیاوازییەکی کەمی لەگەڵ وێنەی پێش خۆیدا هەبوو، بە شێوەیەك هێلکاری بنچینەیی لە وێنەکەدا وا دەردەکەوت کە پلە بە پلە دەچووە پێش یان دەگۆڕا بۆ بارێکی جیاوازی وێنەیەکی دیکە. کاتێکیش ئەم وێنانە بە شێوەیەکی گونجاو نمایش دەکرێن ئەوا وەهمی جووڵە دەبەخشن. ئەم ئامێرە ناوی phenakistiscope یان fantascopeی لێنرابوو، و یەکەمین ئامێری ڕاستەقینەی نمایشی سینەمایی بوو. بەم شێوەیە سیستەمێك داهات، کە لەسەر بنەمای بینینی زانراودا دامەزرابوو، بۆ ئەوەی لە ڕێی نمایشی یەك بە دوای یەکی وێنەکان هەستی وەهمی جووڵەی نەرم و بەردەوام بۆ بینەران بڕەخسێنێ. پرۆفیسۆر ((بلاتۆ)) لەسەر لێکۆڵنەوەکانی لە بارەی بنەماکانی بینین بەردەوام بوو، بەپلەیەك تاقیکردنەوەکانی لەسەر خۆی ئەنجام دەدا بۆ زانینی کاریگەری بە بەردەوامی وردبوونەوە لە بەهێزترین — ڕووناکی کە تیشکی ڕۆژ بوو- بۆ ماوەیەکی درێژ، لە ئەنجامی ئەو تاقیکردنەوانەش تووشی مەرگەساتی لە دەستدانی بینایی هات. دوای کوێربوونیشی پێویست بوو زۆرێك لە کارە گرنگەکانی بگەیەنێتە ئەنجام. ئەمەش دژە یان گاڵتەجارییە- زانایەکی کوێر بەدانانی بنەماکانی بینینی سینەما یان وێنەی جوولا و هەڵبستێ- ئەمە تەنیا مەرگەساتەکەی بتهۆڤن لەگەڵیدا هەمبەرە، ئەو مۆسیقارە کەڕەی

دوای لە دەستدانی هەستی بیستن هەندێك لە مەزنترین کاری مۆسیقای سەمفۆنی لە جیهاندا دانا. مەرگەساتی تۆماس ئەدیسۆنیش زانراوە کە فۆتۆگرافی داهێناو خۆشی تووشی کەڕی ببوو. جۆزێف پلاتۆ هەنگاوێکی مەزن تەکنەلۆژیای سینەمای رووە و پێش برد، رووە و ئەو رۆژەی کە سینەما دەبێتە مایەی خۆشی جەماوەری.

## وێنەگرتنی کامێرای ژووری تاریك:

تەنیا گرفتێك ماوە لە سێ گرفتە داواکراوەکەی تەکنەلۆژیا بەسەریدا زاڵبێن، بەر لەوەی سینەما وەکو شێوەیەك لە شێوەکانی هۆکارەکانی راگەیاندن بەکاربێت. تەکنەلۆژیای وێنەیی بە شێوەیەکی گشتی و وێنەگرتنی خێرا و یەك بە دوای یەکی شتە جووڵاوەکان بە شێوەیەکی تایبەتی وەکو مەرجێکی بنەڕەتی لە سینەمادا مانەوە دە ناتوانێ دەسبەرداریان بێ.

شەکەت بوونی زانستی بۆ گەیشتن بە کرداری وێنەگرتنی چالاك کردەنییە، لە خۆیدا چیرۆکێکە پڕە لە بەربەستی گەورە و ئاڵۆز و مەزن و دەرکەوتنی توند. ئەم خۆ ماندوکردنانە پشتییان بە پێشکەوتنی زانستی کیمیا بەست، بە شێوەیەکی تایبەتیش بەو پاژەی کە پەیوەندی هەیە بە گۆڕانە کیمیاییەکان لەو کەرەستانە کە گۆڕانەکانیان بەهۆی رووناکییەوە لێ روودەدات. کاتێك کە قەبارەی ئەو کامێرایە بچووکرایەوە و زووم و رووکاری پێچەوانەکەری جووڵاوەی داپۆشراو بەچینێکی تەنکی ماددەی کیمیایی هەستیاری بۆ زیاد کرا، بوو بەو کامێرایەی کە ئێمە ئێستا وێنەی ئاوەژووی دیمەنە هەڵگەڕاوەکانی لەناویدا پێ دەگرین. کاتێکیش ئەمە دەکەین ئەوا لە راستیدا هەمان ئەو بنەمایانە بەکاردێنین، کە لە سەردەمی داڤنشی زانراو بوون.

بەمجۆرە، گرفتەکە کامێرا نەبوو، بەڵکو هەڵبژاردنی کرداری کیمیایی و شێوازێکی تەکنیکی کە دەکرێ لە پێناو چەسپاندنی وێنە و چاپکردنی بەکاربێت، بوون. هەتا بۆ ئەم خاڵەش زانیاری بە پلەیەکی باش پێشکەوتبوو لە سەرەتای سەدەی نۆزدەدا. لە سەرەتای سەدەی هەژدەمیشدا، تاقیکردنەوەکان ئەوەیان سەلماند، کە پێکهاتەی سیمیایی هەن وەکو جۆرە جیاوازەکانی خوێی زیو گۆڕانی خێرایان بەسەردا دێ ئەگەر کەوتنە بەر رووناکی. ئەم حەقیقەتەش بواری پێشبینی کردنی شیمانەی دەسکەوتنی وێنەی چەسپاوی لە کامێرای ژووری تاریك رەخساند. سەرەڕای ئەوەش، تا دەیەی سێیەمی سەدەی نۆزدەم نەگەیشتنە شێوازی

میکانیکی و کیمیایی بۆ ئامادەکردن و پەرەپێدان و چەسپاندنی وێنەی راستەقینە لەو کامێرایەدا.

وێنەگرتن بەتابلۆی بەزیو داپۆشراو (رێگای داگیر) The Daguerreotype. چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە لایەنی کەم لەسەر دەستی سێ کەس روویدا. هەر یەکێکیش لەو سێیانە بەبێ ئاگاداربوون لە دووەکەی دیکە کاری خۆی کردووە، هەریەکەشیان شێوازێکی جودای بەکارهێناوە و دۆزینەوەکانی خۆشیان بە نزیکەیی لەیەك کاتەدا راگەیاندووە (لەنێوان مانگی یەنایەر و مارسی ١٨٣٩). ئەم سێ کەسەش لویسی داگیر لە فەڕەنسا و ویلیام تالبۆت لە ئینگلتەرا و جۆن هێرشیل لە ئینگلتەرا بوون. هەموویان لە بەرهەمهێنانی وێنە سەرکەوتوو بوون بە پشتبەستن بە هەمان بنەمای کیمیایی گشتی، بەڵام بە شێوازی میکانیکی تا رادەیەك جیاواز.[٨] رێگای داگیر وێنەی تەواو خاوەن وردەکاری وردی بەرهەم هێنا لەسەر تابلۆی بەبریق لە قورقوشمی بەچینێك لەکانزای زیو داپۆشراو کە هەڵمی یۆدی لێدرابوو بۆ دروستکردنی ماددەی یۆدیدی زیو silver iodid. کاتێکیش رووناکی دەکەوێتە سەر ئەو تابلۆیە ئەگەر بە شێوەیەکی دروست لە کامێراکە دانرابێ ئەوا دەبێتە هۆی روودانی گۆڕانکاری گەورە لەیۆدیدە زیوییە تایبەتەکە، کە رووناکییەکەی زۆر دەردەچێ، بەڵام ئەو بەشانەی رووناکیان بەرکەوتووە کەمتر چڕییان تێدایە بێ ئەوەی بە شێوەیەکی رێژەیی کاریگەری هەبێ. ئەو رێگایەی وێنەگرتنیش بەوێنەگرتنی ((داگیری)) ناسراوە لەبەر ناوی دۆزەرەوەکەی کە لویس داگیری بوو، ئەو وێنەیەی کە لەو حاڵەتەشدا دەگیرێ نایابە و خاوەنی تایبەتمەندی تیژ و روونە. لەم رێگایەدا وێنەی نەرێنی ((نێگەتیڤ)) نییە، بەڵام هەر جارێك تەنیا یەك وێنەمان دەست دەکەوێت، بەڵام هەردوو زاناکانی دیکە، تالبۆت و هیرشیل، ئەو پەڕانەیان بەکارهێنا، کە بەتوخمی کیمیایی بە رووناکی هەستیار کاریان لەسەر کرابوو، ئەم رێگایەش دەبێتە هۆی دەسکەوتنی نەرێنی، یان وێنەی نێگەتیڤ، بۆیە چاپکردنی وێنەی ئەرێنی ((پۆزەتیڤ)) پێویست بوو. هەر چەندە ئەم رێگایەی دوایی بە تێپەڕینی کات سەلماندی ئەو زۆر چاکترە، بەڵام لە شێوە کۆنەکەیدا روون نەبوو، بێزار کەربوو، و پشتی پێ نەدەبەسترا، لەوەش زیاتر، ئەو وێنانەی لەپەڕی ئەو سەردەمدا پەرەیان پێدا، تیژی ئەو وێنانەیان تێدا نەبوو، کە لە رێگەی داگیرەوە بەدەست دەکەوتن، بۆیە وێنەگرتنی ((داگیری)) سەرکەوتنێکی راستەوخۆی بەدەستهێنا و ناوی لویس داگیری ناسرا، ئەو جۆرە وێنەگرتنەش بەو رێگایە داهێنانێکی سەرسووڕهێنەر بوو لە جیهانێکدا کە هێشتا ئاشنایەتی لەگەڵ

وێنەگرتندا پەیدا نەکردبوو. وێنەی لەم جۆرەش کە بەوردی و ئاگا لێبوونەوە بەرهەم دێنران وێنای چاکترین و رازاوەترین وێنەیان لەو سەردەمدا دەکرد. دواتر بەکارهێنانی تابلۆیەکی کانزای بریقەداری تیشکدەرەوەی مەزن و تیژی سەرسوڕهێنەری بۆ زیاد کرا. ئەو دەنکانەی ئێستا ئێمە لە وێنەکانی ئەمڕۆماندا دەیبینین لە وێنەکانی داگێر زۆر کەمتر بوون، کە وردەکارییەکانی زیاتر دەردەکەوتن لەسەر باشترین جۆری پەڕ کە لەو سەردەمدا بۆ چاپکردنی وێنە بەکار دەهاتن. ئەوەی کە سەرسوڕماوی و دڵخۆشی جیهان لەبارەی ئەو داهێنانە زانستییە دەردەخات ئەو دەقەیە، کە نووسەرێك لە گۆڤارە ئەمریکییە زۆر بلاوەکان لە ساڵی ١٨٣٩دا دوای بینینی چەند وێنەیەك لەو نموونانەی بەرێی داگێرکراون نووسیویەتی و دەڵێ:

ئەو وێنانەمان بینی، کە لە پاریس بە رێگەی داگێرکراون. بەبێ دوودڵی بڕیاری ئەوە دەدەین، کە ئەمە چاکترین شێوەی هونەری شایەنی رێز و سەرسوڕمانە کە ئێمە دیومانە، کەماڵەکەی زۆر جوانە و سنووری باوەڕپێکردنی واقیعی دەبەزێنێ. با هەوڵ بدەین بۆ خوێنەر بۆچوونێك لەبارەی کەسایەتی خۆی بگوازینەوە، با خوێنەر خۆی لە ناوەڕاستی شەقامی برۆدوای دابنێ، کە ئاوێنەیەکی بە شێوەی ستوونی لە دەستگرتووە و لەسەر شووشەکە وێنەی تەواوی شەقامەکە بە تەواوی مەوداکەی و لە دووری میلێك یان سێ میل دەبینرێ، لەو کاتەی پێشکەی تێدا زۆرن. با دواتر خوێنەر ئاوێنەکە بباتەوە ماڵەوە و ببینێ، کە وێنەی شەقامەکە بە هەموو وردەکرایيەکانییەوە بە رووناکی سێبەریەوە لەسەر ئاوێنەکەیە، ئەمە بە وێنە گرتنی ((داگێری))(٩).

رێگای داگێری بۆ وێنەگرتن بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو پێشوازی لێکرا. دواتر چاکسازی لە تەکنیکدا تێدا ئەنجامدراو وای لێهات بتوانێ لە هۆڵ و شوێنە داخراوەکان وێنە بگرێ. وێنەگرەکان سەری بەهێزی ئاسنینیان بەکاردێنا بۆ خۆ نەجووڵاندنی کەسەکان لەکاتی وێنەگرتندا و رووناکیش لە کەلێنەکانی باندا دەشکایەوە. یەکەمین وێنە لە ویلایەتە یەکگرتووەکان لەسەر شێوەی داگێر گیرابێ لە ساڵی ١٨٣٩ دا بوو، ئەمەش هەمان ئەو ساڵەیە کە لە پاریسیشدا رێگای وێنەگرتنەکە راگەیەنرا. ساموێل مۆریس یەکێك بوو لە ئارەزوومەندە سەرەکییەکانی ئەو رێگایە. هەرچەندە ناوی مۆریس لە بنەڕەتدا بەتەلەگرافەوە بەندە، بەڵام لە راستیدا ئەو وێنەگرێکی نایاب بوو. هەروەها مامۆستای هونەری نەخشەکێشیش بوو لە شاری نیۆیۆرك. وێنە گرتنی داگێریش بەهەردوو لایەنی بەسترایەوە، کە مۆریس گرنگی پێدان. مۆریس لە ساڵی ١٨٣٩ سەردانی داگێری کردوو بوو بەو وێنەگرەی

ڕێگای داگیری لە نیۆیۆرك بۆ وێنەگرتن بەکاردەهێنا. دەڵێن مۆریس بژێوی ژیانی لە ڕێی وێنەگرتن و مەشقپێکردنی قوتابیان لەسەر وێنەگرتن وەدەست دەهێنا، ئەمە لەو قۆناغەدا بوو کە مۆریس چاوەڕوانی دان پێدانانی لە حکوومەتی ئەمریکی دەکرد لەبارەی داهێنانە بەناوبانگەکەی — تەلەگراف- و بەخشینی دارایی بۆ ئەو داهێنانە.

**داواکاری لەسەر وێنە**. وێنەگرتن برەوێکی ڕاستەخۆی دەستەبەرکرد و داواکاری وێنەگرتن بەزویی تێر بکرێت. لەم بوارەشدا پیشەیەکی نوێ دەرکەوت، کە پێویستی بە مەشقێکە هونەری کورت و بەخشینی دارایی کەم هەبوو بۆ پێویستییەکان، کە دەکرێ بە پرۆژەیەکی سەرکەوتوو دابنرێ لەلایەنی داراییەوە. ماوەی چلەکانی سەدەی رابردوو قۆناغی داتەپین و دابەزینی ئابووری بوو لە وڵاتە یەگکرتووەکاندا و دەستەیەك لە وەبەرهێنەران و پیاوانی کاری گەنج بەدوای هەلێکدا دەگەڕان بۆ چوونە ناو پرۆژەیەك کە قازانجی لیچ بکەن بێ ئەوەی پێویستییان بەرێژەیەکی زۆری پارە هەبێ، یان پێویستیان بە دەستخستنی خوێندنی زانکۆ و مەشقکردنی پیشەیی بۆ ماوەیەکی درێژ هەبێ. پیشەی وێنەگر بە ڕێگەی ((داگیری)) بۆ ئەم داواکارییە گونجاو بوو. گوند و شارۆچکە و شار لە تەواوی ئەو شوێنانەی لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا خەڵکیان تێدا نیشتەجێ کرابوو شارەزای ئەو ڕێگا نوێیەی وێنەگرتن نەبوون. برە پارەی وێنەیەکی یەك کەسی -بەتایبەتی قەوارە بچووك- زۆر نەبوو، و خێزانە ئاسایی و چینی ناوەندیش دەیانتوانی بە ئاسانی ئەو برە پارەیە بدەن. کەرستەکانی وێنەگرتنیش بەگالیسکە و بەلەم و ئەو گالیسکانەی گا و رەشەوڵاغ رایان دەکێشا هەڵدەگیران و هونەری وێنەگرتن لە هەموو بەشەکانی وڵات بڵاوبووەوە. لە هەموو شارە گەورەکانیشدا هۆڵ و ستۆدیۆ بۆ وێنەگرتن بەرێگەی داگیر دروستکران و کار لە بواری وێنەگرتندا بە شێوەیەکی ڕێکخراو پەرەیسەند و جۆری کارەکە بە شێوەیەکی فراوان دەرکەوت. ئەو وێنەگرە گەڕۆکەی خاوەنی لێهاتوویەکی دیاریکرابوو مەشقێکی سادەی بیستبوو، گۆڕا بۆ خاوەن پیشەیەکی ترسناك، کە بایەخی بەبار و چۆنیەتی جەستەی ئەو کەسەی مەبەست بوو وێنەی بگرێت و وردی هونەری لە بەرهەمهێنانی تابلۆکاندا نەدەدا. هەندێکیشیان لەگەڵ پیشەی وێنەگری کاری دیکەی وەکو ئاسنگەری و پینەدۆز و سعاتچی و دکتۆری ددان ئەنجام دەدا. مرۆڤ دەیتوانی پێڵاوەکەی چاکبکاتەوە و کاتژمێرەکەی خاوێن بکاتەوە و رۆنی لێبدا، (سوپەرەکەی بپۆشێ و سواری ئەسپەکەی بێ)، وێنەی خۆشی لە پیاسەیەك و لە یەککاتەدا بگرێ.[١٠]

لەلایەکی دیکەشەوە هۆلّی رازاوە و جوان هەبوون، کە لە ناوەندی نیشتەجێبوونی سەرەکی پەرەیان پێدرابوو. بە ماوەیەکی زۆریش بەر لەبەرپابوونی جەنگی ناوخۆیی ماپیۆ براون ناوبانگێکی جیهانی وەکو وێنەگرێکی هونەرمەند و داهێنەر لەواشنتۆنی پایتەخت وەدەستهێنابوو.[11] لەنێوان ئەو دوو دژەشدا دامەزراوەی گەورە و بچووك هەبوون، کە لە ساڵێکدا ٣ ملیۆن وێنەیان بەرهەم دهێنا، ئەمەش لە پەنجەکانی سەدەی رابردوودا بوو.[12]

ئەوەی گومان هەڵنەگرە ئەوەیە، کە داواکاری لەسەر وێنە پەیوەست بوو بە کۆمەڵە خەسڵەتێك لەو سەردەمەدا باوبوون. ویلایەتە یەکگرتووەکان کۆمەڵگەیەکی پەرەسەندوو و پێشکەوتوو بوو، بەتەنیا بەنیشتەجێبوونی هەندێ خەڵکی لەسەر سنوورێك خەڵك دیکە دەهاتن لەپاڵ ئەوان جێنشین دەبوون و سنووری دیکەیان دروست دەکرد و بەم شێوەیە. وەکو دابێك پیاوەکان خێزانەکانی خۆیان لەو ناوچانە جێدەهێشت، کە خەڵکی تێیدا نیشتەجێببوون و خۆشیان بەدوای بار و ژیانێکی چاکتردا دەگەڕان. بزاوتی نیشتەجێبوونیش بەسترابووەوە بە گەڕان بەدوای زێڕ و زەوی و دەرکەوتنی نەفت و شتی دیکە، کە ببوونە هۆی دوورکەوتنەوەی ژن و مێرد و باوك و منداڵەکان لە یەکتری. بەدرێژایی کەناراوی ئەتلەنتی یان دانیشتوانی هەرێمە باکوورییەکان خەڵکی دەریایی بوون، کە پیاوان هەڵدەستان بە کاروانی راوکردنی نەهەنگەکان یان کارکردن لە خوێ و بازرگانی جیهانی.

قۆناغی گەرمبوون و جووڵانەوەی کەسەکان لەماوەی جەنگی ناوخۆییدا بواری گەشەکردنێکی گەورەی بۆ وێنەگرەکان رەخساند و وێنەکان ببوونە هۆکارێك بۆ سووککردنی خەمەکانی جودابوونەوە. لە هەندێ کاتیشدا وێنە ببووە پردێك، کە بەهۆیەوە هەستەکان لەنێوان زیندوو و مردوان دەردەبڕان.

هەروەها لە خۆگرتنی وێنە وەکو دابێکی قووڵ وابوو وەکو رەمزێك لە پێگەی کۆمەڵایەتی. لە راستیدا ئەگەر کەسێك بیتوانیبا وێنەیەکی باوانی خۆی نمایش بکا، ئەو مانای ئەوەی دەگەیاند، کە خێزانەکەی بەناو و دەنگ بوونە. لەودەمیشدا کۆمەڵگە لە قۆناغێك دابوو، کە پەیوەندی لەنێوان رەچەڵەکی ئۆرستۆکراتی و مێژووی خێزان لەلایەك و دەسەڵاتی ماڵی لە لایەکی دیکەوە لە کاڵبوونەوەدا بوو. سەرەڕای ئەوەش کاردانەوەیەکی ژیاری هەستپێکراو هەبوو رێگایان بەنەوە باڵا دەستەکانی پێشوو دەدا شوێنێکی کۆمەڵایەتی بەرزیان هەبێ بەچاو پۆشین لەو ماڵەی ئێستا هەیانە. ئەو پێگەیەی، کە هەر کەسێك دەیتوانی وەدەستی بێنێ زۆر گرنگ بوو، بەڵام پێوەری بنەچە و رەچەڵەك بە تەواوی بایەخی خۆی

لەدەست نەدابوو.  لەماوەی یەکەمی شۆڕشی پیشەسازیدا، دەڵێن هەندێك لە دەوڵەمەندە نوێکان وێنەکێشیان بەکرێ دەگرتن بۆ ئەوەی وێنەی هەندێك کەسایەتی بەڕێزیان بۆ بکێشن بەو پێیەی ئەوانە رەچەڵەك و بنەچەی ئەوانن. بەگوێرەی چینی کەمتر پارەدار و هەروەها بۆ چینی ناوەڕاست و چینی کرێکاریش، تابلۆی یۆدی زیوین و وێنەگرتن بەرێگەی داگێر ئەلتەرناتیفی بەکارهێنراوی مەزن بوون، بۆ ئەو وێنەکێشانەی  وێنەی دەوڵەمەندەکان دەگرن.

دەکرێ نیشاندەری بڵاوبوونەوەی ئەو داهێنانە لە رێگەی لێکۆڵینەوەی پێشکەوتنی رێژەی وێنەگرەکان بەگوێرەی دانیشتووان وەدەست بخرێ. خشتەی داهاتوو ژمارەی وێنەگران لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بۆ هەر سەد هەزار کەسێك  لەماوەی ساڵانی ١٨٤٠ و ١٩٣٠ روون دەکاتەوە. هەروەها ئەو ژمارانەش بڵاوبوونەوەی خێرای وێنەگرتن وەکو داهێنانێکی شارستانی  لەماوەی ئەو چواردەیەدا ١٨٥٠-١٨٩٠ روون دەکاتەوە. بەهاتنی دەیەی کۆتایی لە سەدەی نۆزدەمدا، گومانێك نەمایەوە لەسەر ئەوەی کە هاوڵاتی ئاسایی ئەمریکی لەسەر وێنەگرتن و وێنە راهاتووە. گواستنەوەش لە وێنەی جێگیر بۆ ئەو کە وەهمی جووڵە دەبەخشێ هەنگاوێکی نەکردە نەبوو، بۆ خەیاڵی خەڵك بە گشتی.

**پێشکەوتنی وێنەگرتن**. تەکنەلۆژیای وێنەگرتن بەردەوام بوو لە پێشکەوتن و زیاتر ئاڵۆز بوو، وەکو بەشێکیش لە دامەزراوەی پیشەسازی بوژاوە رۆژ دوای رۆژ گرنگییەکەی لە کۆمەڵگەدا زیادی دەکرد و کارگە بۆ پیشەسازییە کیمیاییەکانی وێنەگرتن و ئامێرەکان و تابلۆکانی وێنەگرتن دامەزرێنران. لە نێو ئەو کارگانەش ناوی جۆرج ئیستمان،

**خشتەی (٣-١) گەشەی ژمارەی وێنەگرە پیشەگەرەکان لە ویلایەتە یەکگرتووەکان لە ١٨٤٠ تا ١٩٣٠**

| ساڵ | ژمارەی دانیشتووان (بە هەزار) | ژمارەی وێنەگران | وێنەگرەکان بۆ هەر (١٠٠) هەزارێك |
|---|---|---|---|
| ١٨٤٠ | ١٧.٠٠٠ | سفر | سفر |
| ١٨٥٠ | ٢٣٠٠٠ | ٩٣٨ | ٤ |
| ١٨٦٠ | ٣١٠٠٠ | ٣١٥٤ | ١٠ |
| ١٨٧٠ | ٣٩٠٠٠ | ٧٥٥٨ | ١٩ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٨٨٠ | ٥٠.٠٠٠ | ٩٩٩٠ | ٢٠ |
| ١٨٩٠ | ٦٣٠٠٠ | ٢٠٠٤٠ | ٣٢ |
| ١٩٠٠ | ٧٦٠٠٠ | ٢٧٠٢٩ | ٣٦ |
| ١٩١٠ | ٩٢٠٠٠ | ٣١٧٧٥ | ٣٥ |
| ١٩٢٠ | ١٠٦٠٠٠ | ٣٤٢٥٩ | ٣٢ |
| ١٩٣٠ | ١٢٣٠٠٠ | ٣٩٥٢٩ | ٣٢ |

خشتەی

بەزەقی دیارە کە لەوانەیە ناودارترینیان بێ. وێنەگرتنی ((داگیری))ش رێگای لە بەردەم شێواز و رێگەی دیکەی وێنەگرتن خۆش کرد. جەماوەری وێنەگرتن بە رێگەی ئیمپرۆتیپ amprotype زیادی کرد، بەلاَم هەر زوو پشێوی تێکەوت و پاشان لەماوەی جەنگی ناوخۆییدا بە شێوەیەکی بەرفراوان رێگای تنتایپ tintypeبەکارهات، بەلاَم دوای پەیدابوونی تەکنەلۆژیای نوێ ئەوەش وەستا. پاشان سالاَنێکی دوور و درێژ رێگای تابلۆی تەرکراو بەکارهات، کە کەرستەی کیمیایی بە رووناکی هەستیاری بەفیلم هەلْواسراو لە ماددەی ئۆکۆردیۆنی سەرشووشە ئەنجام دەدرا. لەگەلْ ئەوەشدا تابلۆی وشك بوو دەرفەتی ئامادەکاری پێشینی بۆ وێنەگرتنی شووشەیی رەخساند. ئەمەش بووە هۆی دروستبوونی ئەو تابلۆیانە و دابەشکردن و فرۆشتنیان بە شێوەیەکی بازرگانی. کاتێکیش ئەو تەکنەلۆژیایە لەبەردەست بوو، کامێرای بچووك miniature camera و کامێرای ئارەزوومەندان amateure camera بلاَوبوونەوە و جۆرج ئیستمان لە سالْی ١٨٨٠ هاتەناو مەیدانی دروستکردنی تابلۆی فۆتۆگرافی. پرۆژەکەش بەبڕە پارەیەك دەستی پێکرد، کە لە ٣ هەزار دۆلار تێنەدەپەڕی، دوای ٣٤ سالْ ئەم پرۆژەیە گۆڕا بۆ ئیمپراتۆریەتێك، کە بۆ مافی قۆرغکردنی رێگای پیشەسازی تابلۆ فۆتۆگرافییە نەرمەکانی بەفیلمی نیترۆ سیلیلۆز ٥ ملیۆن دۆلاری دەستکەوت، لە راستیدا پێشخستنی فیلمی نەرم لە زۆر شوێندا لە هەمانکاتەدا روویدا.(١٣) لە فەڕەنسادا لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی رابردوودا پەرەی بەجۆرێك لە جۆرەکانی فیلم دا. لە هەمانکاتیشدا، یەکێك لە کیمیاگەرەکان لە کارگەکانی ئیستمان هەولْی بەدەستهێنانی خاوەندارێتی داهێنانیدا لە فیلمی نەرم. باوکە هانیپالْ یەکێك بوو لە پیاوە ئاییینییە قالْبووەوەکانە . هەموو ئەو فیلمانە بە شێوەیەك لە شێوەکان لەسەر یەك کردار

دەرۆیشتن لەگەڵ هەندێك گۆڕانی كەم لە فیلمەكاندا سەرەڕای ئەوەش چەندین ساڵ بوو داواكاری قەزایی ئاڵۆز هەبوون، كە نووسینگەی خاوەندارێتی داهێنان دووبارە بە داواكارییە جیاوازەكان دا چووەوە. لە كۆتاییدا جۆدوین پاكی داهێنانی بەدەستهێنا، بەڵام لە هەمان كردار پێش دەیەیەك دەستی بە بەرهەمهێنانی فیلمی نەرم كردبوو. هەروەها فیلمی پێچراوەشی دروستكرد بۆ بەكارهێنانی لە كامێرایەكی سادە، كە هەموو كەسێك دەتوانێ بەكاری بێنێ (fool proof box camera) بە شێوەیەكی گشتیش بە kodak ناسرابوو. لەگەڵ بوونی فیلمی نەرم هەنگاونان بۆ پێشخستنی سینەما و وێنەی جووڵاوە نزیك ببوو. ئەدیسۆن گڵۆپی رووناكییەكەی بەرهەمهێنا و چوارچێوەی تێگەیشتن لە تەكنەلۆژیای كارەبای فراوان بوو. لێكۆڵینەوەی شتە جووڵاوەكانی بە بەكارهێنانی وێنەگرتنی هەمان كاتی جێگیر پێشكەوت. هەروەك بینیمان، هزری نمایشكردنی وێنە بە پرۆجێكتۆر زۆر لە مێژبوو زانرابوو، فسیۆلۆژیای دەماریش بۆ فێڵی بینین تا رادەیەكی باش زانرابوو، و هیچ نەمابووەوە تەنیا بەستنەوەی ئەو دوو رەگەزە بۆ ئەوەی بگەینە وێنەی جووڵاوە. وامان لێهات گەیشتینە سەر پەیوەندی بە دروستكردن لەنێوان كامێرای ژووری تاریك و چرای جادوویی لە رێگەی هەندێ هۆكارەوە، كە بێگومان كیرشەر و دیلابۆرتا و داڤنشی سەریان لێی سوڕدەما.

**سینەما دەبێتە راستی:**

تۆماس ئەدیسۆن بوو گەیشتە لێكدانی ئەو تەكنەلۆژیایەی كەوای كرد سینەما ببێتە كارێكی شیمانەدار، بەڵام سەرانی دیكە لە شوێنە جیاوازەكانی دونیا دەستیان هەبوو لە گەیشتن بەو ئامانجە.(١٤) لە كارگەی ئەدیسۆنەوە كامێرای سینەمایی و ئامێری نمایشی سینەمایی بەرهەم هێنران، ئەمەش لە كاتێكی زووی دەیەی كۆتایی سەدەی نۆزدەدا بوو.

ئەدیسۆن باوەڕی بە هەوڵی دارایی یان ئابووری نمایشی بازرگانی وێنەی جووڵاوە نەبوو لەسەر ئەو بنچینەیەی، كە ئەوە شتێكی نوێیە و خەڵكیش هەر زوو دەسبەرداری دەبن. تێگەیشتنی ئەدیسۆن بۆ قۆستنەوەی ئەو ئامێرە بۆ بازرگانی پێكردن لە پێشخستنی ئامێرێكدا بوو، كە بەتەنیا هەر جارەی یەك كەس بەكاری بێنێ و پارە بدا بۆ بینینی چەند وێنەیەكی جووڵاوە لە چەند دەقیقەیەكدا. وای لێهات سندوقی جیهان بەكارهێنانی ئامێری ئەدیسۆنی ناسراو بە كینیتۆسكۆپ kineto scope لە ساڵی ١٨٤٩ لە شوێنە گشتییەكان و بەدانی پارە كەوتە بەردەست. لەو ساڵەشدا یەكێك لەوەبەر هێنەرەكان هۆڵێكی نمایشی بۆ

کینیتۆسکۆپ کردەوە، وای لێهات دە ئامێری نمایش لە شەقامی برۆدوێی لە نیۆیۆرك داندران. سەرەڕای ئەوەش، سنوورەکانی کینیتۆسکۆپ بەر تەسك بوون. هەندێك خەڵك لە ویلایەتە یەگگرتووەکان و لە ئەورووپاش دەبینی، کە دەکرێ چرای جادوویی بۆ نمایشی وێنەی جووڵاوە بەکاربهێنن. هەرچەندە ئەدیسۆن خاوەنی پێگەی یەکەمە لە دەرکەوتنی سینەما لە ڕێی گەیشتن بە پەیوەندی دروستکردنی تەکنەلۆژیا لە نێوان توخمە بنچینەییە جیاوازەکاندا، بەڵام دەرگا هەر بەکراوەیی مایەوە لەبەردەم خەڵکێکی زۆر بۆ گەیاندنی ئەم تەکنیکە بەقۆناغی کەماڵ و گۆڕینی بۆ هۆکارێکی گرنگ بۆ خۆشگوزەرانی خەڵك.

لە ساڵەکانی کۆتایی سەدەی رابردوودا، خەڵکێکی زۆر لە زۆر وڵاتدا داوای مافی داهێنانیان دەکرد، هەمووشیان بەدوای پاڵپشتی دارایی و دانپێنان بەکامێرای وێنەگرتن و ئامێرەکانی نمایشی سینەماییدا دەگەڕان. بانگەشە و راپۆرتی دژیش لە ئینگلتەرا و فەرەنسا و ئەڵمانیا و ویلایەتە یەکگرتووەکان دەهاتن و جەختیشیان لەسەر داهێنانی ئامێرێك یان چاککردن یان پێشخستن یان تەواوکردنی دەکردەوە. لە راستیدا، ئەو ماوەیە ماوەیەکی زۆر سەرنجڕاکێش بوو، و چالاکی چڕی بەخۆیەوە بینی کە دەکرێ ناوبنرێ تای داهێنان. دەرهێنەرە شانۆییەکان وەکو ئەمیل رینیۆ لە پاریس چیرۆکی سینەماییان نمایش دەکرد، کە لەسەر بنەمای وێنەی جووڵاوە دەوەستا، ئەو نمایشانەش سەرکەوتنێکی مەزنیان بەدەستهێنا. بابەتەکەش پێویستی بەکۆ خەیاڵ نەبوو تا پێشبینی ئەوە بکات، کە نمایشی بازرگانی ئەو وێنە جووڵاوانە سەرکەوتنێکی دارایی گەورە بەدەست دێنن.

**پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی: سینەما وەکو هۆکارێکی راگەیاندن**

لە ساڵی ١٨٩٥دا، لە پاریس دەزگایەك دامەزرێنرا بەناوی سینەماتۆگراف – cinema tograph، لەبەرانبەر یەك فرەنکدا لە موشتەرییەکانیان دەگەڕا بچنە ناو هۆڵەکە کە دەتوانن رێژەیەکی کەم لە فیلمی کورت ببینن. لەماوەی چەند رۆژێکدا، ئەو نمایشانە جەماوەرێکی زۆریان بەدەستهێنا بەجۆرێك هەزارەها بینەری بۆ خۆی راکێشا، کە لە پێوە سەیریان دەکرد.

هەر زووش نمایشەکانی سینەما تۆگراف گەیشتە نیۆیۆرك و لە زۆر شوێنی دیکەش لاسای ئەو سیستەمە کرایەوە. لە هەمانکاتیشدا کامێرای سینەمایی لە ئینگلتەرا تیشکی خستە سەر رووداوەی وەکو پێش برکێیەکی دەربی (Derby ساڵی ١٨٦٩) و نمایشی ئەو فیلمانەش هەرایەکی گەورەی دروستکرد. ئەو نمایشانە و زۆرێکی دیکەش لە هەوڵدان بۆ نمایشی گشتی

بوونە هۆی وروژاندنی گرنگی دانی زیاتر بە بیرۆکەی نمایشی فیلمی سینەمایی بە ئامانجی خۆش رابواردنی بە کۆمەڵ و گشتی. ئەوەش روون بوو، کە دەکرێ لە پەنای سینەما وەکو پرۆژەیەکی بازرگانی پارە کۆ بکرێتەوە.

لەو دەمەدا ئەدیسۆن بەماندووبوونی سینەمایی وەکو پرۆژەیەکی بازرگانی رازی بوو، و ئامادەکارییەکانی خستە پاڵ ئامادەکارییەکانی داهێنەری گەنجی ئەمەریکی کە ناوی تۆماس ئەرمات بوو، ئەو داهێنەرە مافی داهێنانی لە زۆر بواری دیاریکراوی وەکو پێشکەوتنی پرۆجێکتۆر و ئامێری نمایش بەدەستهێنابوو. ئەدیسۆن و ئەرمات توانیان ڤیتاسگکۆپ vitascope یان ئامێری نمایشی ئەرمات و ئەدیسۆن دروست بکەن، کە لە سەرکەوتووترین هەوڵە بەراییەکانی نمایشی سینەمایی گشتی بەکارهێنرا.

لەگەڵ داهاتنی بەیانی سەدەی بیستەم، تەواوی گرفتە تەکنەلۆژییەکانی پەیوەندیدار بەو بابەتە چارەسەرکرابوون. سینەما و وێنەی جووڵاوە رێگەیەکیان بڕیبوو، کە مەوداکەی دوو هەزار ساڵ دەبوو، بەڵام ئێستا ئامادەیە بۆ ئەوەی پێگەی خۆی وەکو دووەمین هۆکاری راگەیاندن و گەیاندنی جەماوەری ببینێت و رۆڵی خۆی لە کرداری گوێزانەوەی راگەیاندنی مەزندا بگێڕێ.

### ناوەڕۆك و بینەرانی فیلمە بەراییەکان:

لە سەرەتادا، لە رووی ناوەرۆکەوە وێنەی جووڵاوە یان سینەما بایەخی بە ئاستێکی رۆشنبیری کز دەدا. هەتا فیلمە بەراییەکانیش لەنمایشی کینیتوسکۆب ئەدیسۆن لە دەوری کاری سەرنجڕاکێشی وەك ((فاتیما و سەدای لەرزاندی کەمەر)) fatima and her dance duventre دەسوڕایەوە. فاتیما یەکێك بوو لە رووداوە سەرنجڕاکێشەکانی یەکێك لەنمایشەکانی گەلەری شیکاگۆی نێودەوڵەتی لە ساڵی ١٨٩٣. بۆ بینەرانی ئەو سەردەمیش کۆمیدیای پوچ و سادە جەماوەرێکی زۆریان هەبوو. دیمەنی منداڵێکی چەتوون، کە رووی سۆندەی ئاو لە پیرێکی ترسناك دەکا، گەرموگوڕی و سەرسوڕمانێکی لەرادەبەدەری لای سەر ئامەدانی نمایشی کینیتۆسکۆپ دروستکردبوو. هەمان شتیش لەدیمەنە رووتەکان (لە سنووری پێوەرەکانی ئەو سەردەمدا) هەبوو وەکو ئەو کورتە فیلمەی کە ناونیشانەکەی ((بریجیت چۆن بەرووتی قاپێك زەڵاتەی پێشکەش کرد))[١٥]

دەکرێ ئەو فیلمە بەراییانە، کە یارییەکانی مستەکۆڵە و کۆمیدیای داتەپیو و ئەو سەمایانەی جەستەی سەماکەرانی تێدا دەلەرییەوە، بەراورد بکەین لەگەڵ ئەو ماندوو بوونانەی پیاوانی بەرایی چاپکردن ئەنجامیاندا. یەکەمین کاری گۆتەنبێرگ گرنگترین هزری سەردەمەکەی بوو. کتێبەکانیش لە قۆناغە بەراییەکاندا لە بوارەکانی فەلسەفە و زانست و هونەر و سیاسەت و کورتکرابوونە. لەلایەکی دیکەوە، سینەما لە قۆناغە بەراییەکاندا بایەخی بەشتی پووچ و ئەو شتانە دەدا، کە هیچ نرخێکیان نییە. ناوەڕۆکی فیلمیش بەلای کەسەوە گرنگییەکی ئەوتۆی نەبوو.. و جووڵە وەکو شتێکی نوێ هۆکاری سەرەکی بوو. بینەرە سەرەتاییەکان لە هەر وێنەیەکی جووڵاوە وردبوونەوە و دەمیان لەسەرسامییەوە دەکرایەوە، بەڵام لە نێو بینەرانی هۆڵەکانیشدا رێسای گرنگ دەرکەوتن، فیلمی وەکو ((سمۆرە یاری دەکا)) Beavers at play یان ((شەپۆلە شکاوەکانی دۆڤەر)) The surf at Dover پارەی کەمتریان لێی دەست دەکەوت لە فیلمی سەرنجڕاکێشی وەك سەمای لەرزاندنی کەمەر و فیلمی گاڵتەئامێزی وەك ((پێڵاو و سڕەوە چی بینی)) what the bootblack saw. پیشەسازی فیلمیش شتی زۆری بەخۆیەوە نەبینیوە بابەتەکانیشی گەرموگوڕیەکی ئەوتۆیان پێوە دیار نەبوو. ناوەڕۆکی ئەو فیلمانەی کە لە بنەڕەتدا ئامانجی رازیکردن و تێرکردنی بینەران بوو سەرکەوتنی دارایی مەزنیان بەدەست دێنا. بەو شێوەیە، لە سەرەتاوە پەیوەندییەکان لەنێوان زەوقی بینەران و پەیکەری دارایی پیشەسازی تازەپێگەیشتوو رێکخرابوو و ئەو بوو بەرهەمهێنانی فیلمی بەڕێوە دەبرد. بینەرانیش ئازادی هەڵبژاردنیان هەبوو لەوەی کە دەیانەویست ببینن، بۆیە بەرهەم هێنەرانیش ئەوەیان هەڵدەبژارد، کە بەرهەمیان دەهێنا.

لەوانەیە شیکاری تایبەتمەندی و جیاکەرووەکانی سەرئامەدانی شوێنی نمایشی سینەمایی لەو کاتەدا کارێکی سەرنجڕاکێشبێ، کە لەو ناوچانەی ناوەندی شارەکاندا نەبوو، کە بواری نەگونجانی رەگەزییان تێدا زۆر بوو. لەوانەیە مرۆڤ لە کورتەی ئامانجەکانی نواندندا بگاتە ئەوەی کە پشێوی چێژی رۆشنبیری لای بینەرانی ئەو رۆژگارە بووەتە هۆی جێهێشتنی جوداکەرەوەیەکی بەردەوامی داتەپینی رەسەنایەتی لەسەر فیلم. گرفتەکە ئەوەیە فیلم بەخێراییەکی زۆر لە ژینگەی نمایش و هۆڵە خراپەکان دەرکەوت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لایەنی چێژ و رشتی هونەری نەبوونە هۆی بەرزبوونەوەی ناوەڕۆکەکەی. فیلم لە هۆڵەوە گواسترایەوە بۆ هۆڵەکانی ڤۆدفیل یان شانۆگەرییە گاڵتەجاڕییەکان کە وەکو داهێنانێکی زانستی لەنێوان

بەشەکانی شانۆکەدا نمایش دەکرا. وای لێهات جارێکی دیکە چێژی شانۆی گاڵتەجار ناوەڕۆکی فیلمەکان بەڕێوە ببات.

### سەردەمی رۆڵی سینەما ((نیکولۆدیۆن)):

لە دەوروبەری ساڵی ١٩٠٠دا هەندێك لە خاوەنانی گەلەری نمایشی سینەمایی و بەڕێوەبەرانی پێشووی سێرك، پیاوانی بەردەرگا و بانگەوازکەران (ئەو کەسانەی لە بەردەم شانۆکاندا دەوەستان و بەدەنگی بەرز بانگەوازیان بۆ دەکرد) و خەڵکی دیکەش دەستییان بە بەکرێگرتنی کۆگای فەرامۆشکراو کرد و بەشێوەیەکی هەرزان کورسی و شوێنی دانیشتنیان لێ دروست کرد و بەبەکارهێنانی ئامێری لەنگەشدا فیلمیان لە ناویدا نمایش کرد. پارەی ئەو کەسانە زۆر کەم بوو و بلاّنسیان لە فیلمەکاندا لە خراپترین باری دابوو، دامەزراوەکانیشیان خەمۆك و دڵتەنگ کەربوون، بەڵام لە سەرووی هەموو ئەوانەوە زۆر هەرزان بوون. لەبەرانبەر تەنیا یەك نەکلەدا (٥ سەنت) یان نیکل هەروەك ئەمریکاییەکان ناوی دەبەن، بینەر دەیتوانی کۆمەڵێك کورتە فیلمی سەرنجڕاکێش ببینێ. ئەو فیلمانەش یان ئەوەتا فیلمی فێڵی کورت بوون، یان دیمەنی کورتی رووداوە درامییەکان بوون، وەکو پیاوانی ئاگرکوژێنەوە، کە بەپیر بانگەوازەکانەوە دەچن. زۆر ناو بۆ قسەکردن لەسەر ئەو بارودۆخە بەکارهاتوون، بەڵام زاراوەی نیکۆلۆدیۆن یا خانەی نمایش لەبەرانبەر پێنج سەنتدا، ئەوەیان وەکو دەربڕینێکی میللی بۆ ئەو پرۆژانە بەردەوام بوو لەبەکارهێنان. گرنگترین خەسڵەتی ئەو پرۆژانەش ئەوەبوو جەماوەری بوون، و پڕ دەبوون لەو خەڵکەی لە قووڵایی کۆمەڵگەدا دەژین، هەروەك قازانجی ماڵیشی هەبوو. دوای ئەمە، شوێنی نمایشی نیکلۆدیۆن، کە پارەی چوونە ژوورەوەی لە نیکل و سەنت تێنەدەپەڕی لەژوورەوە پاکیان دەکردەوە و لە دەرەوەش دەرازێنرایەوە. لە شارە گەورەکاندا رێژەی زۆر بوو و دەیەی یەکەم لە سەدەی بیستەمدا بڵاوبوونەوەی شێوەیەکی نوێی لە شێوەکانی گەیاندن بەخۆوە بینی. وای لێهات سینەما لەسەر ئەوەبوو ببێتە هۆکارێکی راگەیاندنی راستەقینە.[١٦]

بەخێرایی ناوەڕۆکی فیلمەکان گۆڕانیان بەسەردا هات، وای لێهات لە رووی هونەرییەوە درێژتر و ئاڵۆزتربوون. لە سەرەتادا فیلمەکان لە رووی چێژ و رشتییەوە زۆر بەرز نەبوون.. فیلمی سەرکەتووی ناسراو بە ((دزینی شەمەندەفەری گەورە)) The great Train Robberyنموونەیەك بوو، کە بینەرانی شانۆ و خانەی نمایشەکانی نیکۆلۆدیۆن لە ساڵی

۱۹۰۳دا دەیانویست. لە ماوەیەکی کورتدا، فیلمە چیرۆك ئامێزەکان بوون بە باو. شوێنەکانی رابواردنیش گەشانەوەیەکی باشیان بەخۆوە بینی لە ناو هەمان ناوەندی شارەکاندا کە پێشتر هۆڵی نمایشی سینەمایی تێدا بڵاودەبۆوە. لە کاتێکدا، کە سینەما جێی پێی خۆی دەکردەوە، گۆڕانێکی گەورە لە جۆری بینەران روویدا و وای لێهات زۆرینەی بینەران ئەو کۆچکردوو و هەژار و لادەر و دانیشتوانی پەراوێزخراوی ناوچەکانی دەوروبەری شاربوون. کۆچکردووەکانیش لە رووی ژمارەوە گرنگترین دەستە بوون. لە دە ساڵی یەکەم لە سەدەی بیستەمدا شەپۆلی کۆچکردنی وا روویاندا، کە هاوشێوە و وێنەیان نییە لە سەردەمی هاوچەرخدا. خەڵکی زیاتر دەهاتنە ویلایەتە یەکگرتووەکان و بە جیاوازی رۆشنبیری و ژیاری بەتایبەتی لە رۆژهەڵات و باشووری ئەوروپا. ناوچە و شوێنی ژیانی رەگەزییان بۆ خۆیان دروستکردوو بە ملیۆنان لە چوارچێوەی پەیکەری ژینگەی کۆمەڵایەتی شار لەناویدا ژیان. یاساکانی کۆچکردنیش وەکو ئێستا توند نەبوون، هەروەك زۆرینەی ئەو هاوڵاتییە نوێیانە نەخوێندەوار بوون هەتا لە زمانەکەی خۆشیاندا. رێژەیەکی زۆریشیان هیچ شتێکییان لەبارەی ئینگلیزییەوە نەدەزانی. هەروەك ژمارەیەکی زۆر لە کۆچکردووان رێنجبەر و جووتیاربوون لە وڵاتی خۆیاندا. بۆ ئەو کەسە خاڵییانەی کە کۆمەڵگەیەکی پیشەسازی ئاڵۆز و سەرنجڕاکێش دەوری دابوون و لێی تێنەدەگەیشتن، فیلمە بەراییەکان سەرچاوەیەك بوون بۆ ئارامبەخشی و خۆش رابواردن. گرێی چیرۆکی فیلمەکان سادە بوو و شێوازی نواندنی شێوەیی پێویستی بە زانینی زمان نەبوو، بۆ ئەوەی لە بیرۆکەکە تێبگەن. لەراستیدا، بینەران ئێستا هەست بە دەربڕینی خۆشی دەکەن بەبینینی دەربڕینەکان لەسەر دەموچاوی بە شێوەی دووبارەبووەوە ئەو جووڵە جەستەییانەی زیادەرۆییان تێدا دەکرا، کە ئەکتەرانی فیلمە بەراییەکان ئەنجامیاندەدا. ئەم شێوازانەش زیاتر روون بوونەوە کاتێك کەوا دەرکەوت بینەران هیچییان نەبوو جگە لە چەند سەردێرێکی ناوەندی تا بەهۆیەوە چاودێری چیرۆکی فیلمەکەی بکات، ئەمانەش لەژێر هەندێك دیمەندا دەنووسران. زۆرینەی ئەو بینەرانەی بە ئینگلیزی قسەیان دەکرد زۆر بەزەحمەت دەیانتوانی بخوێننەوە، ئەوە ئەگەر توانای خوێندنەوەیان هەبا..کەچی زۆرینەی هەرە زۆری بێگانەکانەکان وشەیەکیشیان لە زمانی ئینگلیزی نەدەزانی.

بەم شێوەیە، کۆچکردووان لە پاڵ لایەنی گشتی ئەو ئەمریکاییانەی تازە هاتبوونە شارە گەورەکان، گرنگترین جۆری بینەر بوون، کە لە فیلمە کۆنەکان ئاراستە دەکران، کە لە شانۆکانی نیکۆلۆدیۆن ناسرابوون. بەهۆی کۆمیدیای هەرزان و گاڵتەجاڕی ئاست نزم، ئەو

خەڵکانە گاڵتەیان بەو فیلمانە دەکرد و وایان لێدەکردن هەتا بەخۆیان پێبکەننەوە. دەشتەکییە سادەکان و کۆچکردووەکان بەزۆری لەو فیلمانەدا دەردەکەوتن.. بەپێی سەردەمەکەش کەسایەتی هەموو فیلمەکان لە ئەفسەر و دز و ئافرەتی جوان و مێردی دڵ پیس و بەرێوبەری کار خۆیان دەنواند. ئەمەش بەراستی بەس بوو، بەئاسانی لە ئاکارە نامۆکانیان دەگەیشتین، بە شێوەیەکی دیاریکراو دەتوانین بڵێین ئەو شێوازە و گاڵتەجارییە بووە هۆی دەرکەوتنی کۆمەڵە شتێك لە فیلمی سینەمایی، وەکو دیمەنی ئاڵوگۆڕی پێدانی شیرینی و خواردن.

**فیلمە رسکاوەکان:**

لە ماوەیەکی کورتدا شوێنی نمایشی (نیکل) بۆ دەوروبەری شارەکان پەلی هاوێشت، وای لێهات فیلمەکان بوون بە شێوەیەك لە شێوەکانی رابواردنی خێزانی. ئەو فێڵە کۆتایی هات، کە تەنیا بەبینینی وێنەی جووڵاوەوە دروست دەبوو و کۆمپانیا بەرهەم هێنەرەکان کەوتنە چالاکی بۆ دابینکردنی داواکاری زیادبوو لەسەر فیلم. وای لێهات ئەوانەی کارییان لە بواری سینەمادا دەکرد دوو دڵ بوون لەسەر گۆڕانی وێنی خراپی ئەو بوارە. بەراستیش کۆمەڵێ گۆڕانکاری ئەنجامدران و ئەو هۆکارەی خۆش رابواردنە گەشەکردووەش رێگای خۆی گرت. دوای ئەوە سیستەمی ئەستێرە The star system هات و سینەمای کلاسیکییەتی دۆزییەوە و شێوازی نەرمتر بۆ وێنەگرتن دەرکەوتن. فیلمەکانیش درێژتربوون و درێژیەکەیان دەگەیشتە فیلمی دیکۆمێنتی سەردەمی ئێستامان. ئەم زیادەیە لێهاتوویی هونەریش بە شێوەیەکی پاژی دەگەڕێتەوە بۆ پتربوونی گەرموگوڕی بینەرانی سینەما. لە سەرەتای بیستەکانی ئەم سەدەیە، سەردەمی بێ ئومێدی نیکی کۆتایی هات و رێگا خۆش بوو، بۆ کردنەوەی نمایشی سینەمایی گەورەتر و گونجاوتر. هەندێك لەو شوێنانە هێندە بەجوانی رازێنرابوونەوە وەکو پەرستگا بۆ پەرستنی خواوەندی نوێی شاشە وابوو. ئەو ئەستێرانەش سەرنجی ملیۆنان ئافرەتی کرێکاری دووکانەکانی کرێ و کرێکارەکانی کارگەکانیان بۆ خۆیان راکێشا.. هەروەك ئەو ئەستێرانە مووچەی زۆری وایان وەردەگرت وای لە هۆلیۆد کرد ببێتە هاوشێوەی گەورەبوون و دەوڵەمەندبوونی بێ ئابڕوانە.

**کاریگەری جەنگی جیهانی یەکەم.** جەنگی گەورە بوارێکی بۆ پیشەسازی سینەمای ئەمریکی لە رووی پێشکەوتنەوە رەخساند کە پێشتر وێنەی نەبوو. دوای ساڵی ١٩١٤ بەرهەمهێنانی فیلم لە ستۆدیۆکانی ئەوروپادا وەستا، بەڵام بە شێوەیەکی یەکجار فراوان داواکاری لەسەر فیلم لە تەواوی جیهاندا زیادی کرد. ئەمەش بووە هۆی بەخشینی تایبەتمەندی

گرنگ بە فیلمە ئەمریکاییەکان لە بازاڕی ناردەنیدا، ئەمریکاییەکانیش توانیان بۆ چەندین ساڵ ئەم تایبەتمەندییە لە دەست خۆیاندا بهێڵنەوە. دەرهێنەر و بەرهەم هێنەرەکان، کە خۆیان لە کۆچکردووەکان بوون هەڵدەستان بە بەرهەمهێنانی فیلمی بێدەنگ، کە گفتوگۆکان لە ژێر دیمەنەکاندا دەنووسران. وەرگێڕانی ئەو گفتوگۆ کورتانەش بۆ سەر هەر زمانێك کارێکی زۆر ئاسان بوو. بەمشێوەیە فیلم بوو بەکاڵایەکی خاوەن خاسیەتێکی تایبەت لە هەناردەنییەکان بۆ وڵاتانی بێگانە. بازاڕی چێژی کرانەوەکە هەرگیز تێرنەدەبوو کاتێك کە هەرێمە دوورەکانی جیهان نمایشی فیلمەکانیان دەکرد دوای ئەوەی گفتوگۆکان وەردەگێڕدرانە سەر زمانی ئەوان وەکو: ئوردویی، هیندی، چینی، و عەرەبی و زۆر زمانی دیکەی ناوچەییش. ئەگەر ئەوانەی سەیری فیلمەکانیشیان دەکرد خوێندەوارییان نەبا کەسێکیان بۆ گێڕانەوی رووداوەکان دادەنا تا شرۆڤەی ئەو دیمەنانەیان بۆ بکا، کە لە فیلمەکەدا دەیاندی. زۆربەی کاتیش ئەو لێکدانەوانەی گێڕەرەوەکە دەیکرد لەگەڵ ئەوی سینەماکاران لە فیلمەکەدا مەبەستییان بوو زۆرجار بەرێکەوت لە مەبەستدا یەکترییان دەگرتەوە. بەم شێوەیە هەڵوێستی سیاسی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە جەنگی جیهانی یەکەمدا گەورەترین کاریگەری هەبوو لەسەر سینەمای ئەمریکی وەکو هۆکارێکی راگەیاندن و وای لێهات ئەو هۆکارە بایەخێکی جیهانی پێدرا.

هەروەها رووداوەکانی جەنگی گەورە هێزی زیاتریان بەو هۆکارانە بەخشی، کە کۆمەڵگە لە رێیانەوە کاریگەری زیاتری لەسەر هۆکارەکانی راگەیاندن هەبێ. کاتێکیش جەنگ لە ئەوروپادا تەشەنەی کرد گەلی ئەمریکی دەستی بەوردبوونەوە کرد لە دوو ئاراستەی جیاوازەوە: ١- لایەنگرانی ئاشتی هەوڵیاندەدا وڵاتەکەیان نەچێتە ناو جەنگی ئەوروپی و خۆیان بەدوور بگرن لە جموجۆڵی سەربازی فراوان، کە لە کۆتاییدا ببێتە هۆی بەشداربوونی ئەمریکا لە جەنگ. ٢- بەڵام ئەو کەسانەی کە پاڵشتی ئامادەکاری و هەڵچوونیان دەکرد، بەتەواوی هەستییان بەوە دەکرد، کە ویلایەتە یەکگرتووەکان ناچارە لە قۆناغێك لە قۆناغەکاندا بچێتە ناو جەنگ، بۆیە لەسەری پێویستە لە رووی سەربازییەوە ئامادەکاری هەبێ بۆ ئەوەی ئەرکەکەی ئاسانتر بێ، کە دەچێتە ناو جەنگ. ئەم بابەتانەش گرنگی تایبەتییان هەبوو لەماوەی ئەو ساڵانەی دەکەوتنە پێش راگەیاندنی جەنگ لەلایەن ئەمریکاوە لە دژی ئەڵمانیا. کاتێك جەنگ راگەیەندرا هێشتا رێژەیەکی زۆری خەڵکی ئەمریکا خەریکی پەروەردەکردنی هەست و بۆچوونی دژی پابەندبوونی تەواو بەجەنگ و


بەشداریکردنی لە هەوڵەکانی جەنگدا بوون. بەمەبەستی کەمکردنەوەی ئەو هەستە ئاشتیخوازیانەش ((ناراستە)) جۆرج کلیلی سەرۆکی لیژنەی راگەیاندنی جەماوەری (کە وەکالەتێکی فەرمی ئەمریکییە بۆ ریکلامی ناوخۆیی ) سینەمای بەکارهێنا وەکو پاژێکی هاریکاری جەماوەری ((بۆ فرۆشتنی جەنگ بەڕای گشتی ئەمریکا)). ئەمە هەڵکوتانە سەرێك بوو لە رۆڵی سینەما بۆ ریکلام کە پێشتر ئەم رۆڵەی نەبینیبوو.(١٧) لایەنی کەم سینەما لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا تەنیا هۆکارێك بوو بۆ خۆشرابواردن و یاری کردن، هیچ پێشینەیەکیشی نەبوو لە چوونە ناو بوارە رشتەکان و پەرەپێدانی ئاراستەی سیاسی یان بۆ بەرزکردنەوەی ورە یان لە ئەستۆگرتنی بەرپرسیاریەتییە کۆمەڵایەتی و رۆشنبیرییەکان. بە شێوەیەکی گشتی، سینەما بەدوای چێژ و هەڵوێستە گشتییەکاندا دەڕۆیشت لەبری ئەوەی جڵەوی ئەم شتانە لە دەست ئەودابێ. هەندێك باوەڕیان وایە، کە خیبرەی جەنگ هەل و ئامانجی نوێی بۆ بۆ فیلمی سینەمایی وەکو نێوەندێکی هەستانەوە و باوەڕپێهێنان رەخساند. لە راستیدا، سینەما وەکو هۆکارێکی خۆشرابواردن هەرگیز نەبوو بەهۆکارێکی بەهێز و یەکلاکەرەوە بۆ دوان لە بارەی سیاسەت و کۆمەڵگە. هەرچەندە هۆلیوۆد یارمەتیدەر بوو لەماوەی جەنگدا و ماوە ماوە فیلمێکی بەرهەمدەهێنا، کە پەیامێکی کۆمەڵایەتی هەڵگرتبوو، بەڵام ئەو حاڵەتانە تەنیا دەرچوون بوون لە رێساکان. لەم بوارەدا، پێگەی فیلمی سینەمایی جیاواز بوو لە پێگەی رۆژنامە کە خۆی یەکلاکردبووەوە لەوەی دەبێ رۆڵی هەبێ لە کاری سیاسیدا.

فیلمی دەنگدار لەماوەی پاژی کۆتایی بیستەکانی ئەم سەدەیەدا، دەستکرا بەدانانی کاریگەرییە دەنگییەکان بۆ فیلم. لەو کاتەدا سینەما وەکو شوێنێکی رێز لێگیراو بۆ رابواردنی خێزانی ئەمریکی شوێنی خۆی گرتبوو. لەلایەنی بازرگانیشەوە بەرهەمهێنان و دابەشکردن و نمایشکردنی فیلمی سینەمایی پێگەیەکی بەرزی لە ئابووری ئەمریکادا گرتبوو. وەکو داهێنانێکی ژیاری و هاوچەرخ، وای لێهات سینەما بوو بەدابێکی هەفتانەی هاوڵاتییە ئەمریکاییەکان. تۆماری زۆر ورد هەن لەبارەی چوونە سینەما لەویلایەتە یەکگرتووەکاندا لەسەر ئاستی میللەت لە ساڵی ١٩٢٢بەدواوە. لەو دەمەدا جەماوەری فیلمی سینەمایی بەرزببووەوە بە پلەیەك ژمارەی ناوەندی پلیتە براوەکان بۆ چوونە سینەما لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا لەماوەی هەفتەیەکدا لە ٤٠ ملیۆن پلیت رەتدەبوو. لە دەوروبەری جەنگی دووەمی جیهانیدا بەرهەمهێنانی فیلمی رەنگا و رەنگ دەستی پێکرد و ئەو بوو بە فیلمی

باو. لەچلەکاندا سینەما گەیشتە ترۆپك لەو کاتەی ڕێژەی بڕینی پلیتی سینەمایی لە هەفتەیەکدا گەیشتە ٩٠ ملیۆن پلیت.

**نموونەی چەندێتی:**

سینەما وەکو داهێنانێکی ڕۆشنبیری خێرا و فراوان لە هەمانکاتدا بنیاتدەنرا بۆ ئەوەی هەموو خەڵك بەکاریبێنن. ویلایەتە یەکگرتووەکان گۆڕا بۆ میللەتێك کە سەرئامەدی سینەما بوون لەماوەی ١٩٠٠ تا١٩٣٠. ئەم خشتەیە ڕێژەی ناوەندی چوونە سینەما روون دەکاتەوە لەماوەی ١٩٢٢تا ١٩٨٦ لەگەڵ ژمارەی خێزانەکان لەهەمان ماوەدا. هەرچەندە ئەو ژمارانە لەبەردەستدا نین، کە ڕێژەی چوونە سینەما لەماوەی نێوان ١٩٠٠ و ١٩٢١ ڕووندەکەنەوە، بەڵام بەتەواوی شیمانەی ئەوەی لێدەکرێ کە ئەو قۆناغە سەرەتاییەی سینەما وەکو هێلکاری ٣-١ بووە.




**شێوەی (٣-١) هێلکاری بڵاوبوونەوەی کەڵەکەبووی سینەما-مامناوەندی دووبارەبووەوەی هەفتانەی بۆ هەر خێزانێك لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا (١٩٠٠-١٩٨٦)**

ڕەنگە گرنگترین ئەو نموونانەی پەیوەندییان بە سینەماوە هەبووبێ هەردوو سینەمای گۆڕان و ئاوەژووبوونەوەی بووە. بەشێوەیەکی تایبەتی ئەمە لە پاژی ناوەندی هێلەکە رووەو نزمبوونەوەیە لە هێلکارییەکدا کە ژمارەکان بەشێوەیەکی زۆر توند دژی سەر ئامەدانی سینەما هەڵدەگەڕێنەوە. ئەمەش لەماوەی ساڵانی کەمبوونەوەی ئابووری گەورەدا روویدا. ماوە دژوارەکان لە سەرەتای سییەکاندا کاریگەری زۆری لەسەر رێژەی چوونە سینەما هەبووە، نرخی پلیتی چوونە ژوورەوە بەرێژەی زیاتر لە ٣٠ لەسەد هاتە خوارەوە لەماوەی نێوان ساڵانی ١٩٣٠-١٩٣٢ دا. سەرەڕا ئەوەی کۆتایی سییەکان و لەماوەی دەیەی چلدا بۆ سینەما بەساڵانی زێڕین دادەنرێت هەرچەندە ئەلتەرناتیڤەکانی سینەما وایان لێهاتبوو بەشێوەیەکی ئاسان دەست دەکەوتن. لەگەڵ زیادبوونی رێژەی ئەو جێگرەوانەوە.

خشتەی (٣-٢) چوون بۆ سینەما لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا (١٩٢٢-١٩٨٦)

| ساڵ | تێکڕای هەفتانەی چوون بۆ سینەما (بە هەزار) | ژمارەی گشتی خێزانەکان (بە هەزار) | دووبارەکردنەوە هەفتانە بۆ هەر خێزانێك |
|---|---|---|---|
| ١٩٢٢ | ٤٠.٠٠٠ | ٢٥.٦٨٧ | ١.٥٦ |
| ١٩٢٤ | ٤٦٠٠٠ | ٢٦٩٤١ | ١.٧١ |
| ١٩٢٦ | ٥٠٠٠٠ | ٢٨١٠١ | ١.٧٨ |
| ١٩٢٨ | ٦٥٠٠٠ | ٢٩١٢٤ | ٢.٢٣ |
| ١٩٣٠ | ٩٠٠٠٠ | ٣٠٠٠٠ | ٣.٠٠ |
| ١٩٣٢ | ٦٠٠٠٠ | ٣٠٤٣٩ | ١.٩٧ |
| ١٩٣٤ | ٧٠٠٠٠ | ٢١٣٠٦ | ٢.٢٤ |
| ١٩٣٦ | ٨٨٠٠٠ | ٣٢٤٥٤ | ٢.٧١ |
| ١٩٣٨ | ٨٥٠٠٠ | ٣٣٦٨٣ | ٢.٥٢ |
| ١٩٤٠ | ٨٠٠٠٠ | ٣٥٠٠٠ | ٢.٢٩ |
| ١٩٤٢ | ٨٥٠٠٠ | ٣٦٤٤٥ | ٢.٣٣ |
| ١٩٤٤ | ٨٥٠٠٠ | ٣٧١١٥ | ٢.٢٩ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٩٤٦ | ٩٠٠٠٠ | ٣٧٩٠٠ | ٢.٣٧ |
| ١٩٤٨ | ٩٠٠٠٠ | ٤٠٥٢٣ | ٢.٢٢ |
| ١٩٥٠ | ٦٠٠٠٠ | ٤٣٤٦٨ | ١.٣٨ |
| ١٩٥٤ | ٤٩٠٠٠ | ٤٦٨٩٣ | ١.٠٤ |
| ١٩٥٨ | ٤٠٠٠٠ | ٥٠٤٠٢ | ٠.٧٩ |
| ١٩٦٠ | ٢٨٠٠٠ | ٥٢٦١٠ | ٠.٥٣ |
| ١٩٦٥ | ٢١٠٠٠ | ٥٧٢٥١ | ٠.٣٧ |
| ١٩٧٠ | ١٥٠٠٠ | ٦٢٨٧٥ | ٠.٢٤ |
| ١٩٧٥ | ٢٠٠٠٠ | ٧١١٢٠ | ٠.٢٨ |
| ١٩٨٠ | ١٩٦٠٠ | ٨٠٧٧٦ | ٠.٢٤ |
| ١٩٨١ | ٢٠٥٠٠ | ٨٢٤٠٠ | ٠.٢٤ |
| ١٩٨٢ | ٢٢٦٠٠ | ٨٣٥٢٧ | ٠.٢٧ |
| ١٩٨٣ | ٢٣٠٠٠ | ٨٣٩١٨ | ٠.٢٧ |
| ١٩٨٤ | ٢٣١٠٠ | ٨٥٤٠٧ | ٠.٢٧ |
| ١٩٨٥ | ٢٠٣٠٠ | ٨٦٧٨٩ | ٠.٢٣ |
| ١٩٨٦ | ١٩٦٠٠ | ٨٨٤٥٨ | ٠.٢٣ |

وایلیێهات بەتەواوی سەرسام بوون بە سینەما لە کارەسات نزیك بووەوە. روونە، کە دەرکەتنی تەلەفزیۆن لە کۆتایی چلەکاندا و لە دەیەی دوای ئەویش بەردەوام بوو، قوولترین کاریگەری لەسەر بەپیرەوە هاتنی جەماوەری بۆ سینەما هەبوو. لەگەڵ ئەوەی کۆمەڵگە بەگشتی رووە و ئابوورییەکی وا دەڕۆیی کە پێشتر وێنەی نەبووە، بەڵام ناوەندی هەفتەیی بۆ سەرسامی رۆڵی سینەما بۆ هەر خێزانێك لە ٢,٣٧ لەساڵی ١٩٤٦ بۆ ٠,٥٣ لە ساڵی ١٩٦٠ کەم بووەوە ئەم نزمبوونەوەیەش بەردەوام بوو تا لە ساڵی ١٩٨٦گەیشتە ٢٣.

پیشەسازی سینەما مەحاڵی ئەنجامدا، تێکۆشا بۆ وەستاندنی رێژەی پشێوی. لەگەڵ زیادبوونی رکەبەری لەگەڵ تەلەفزیۆندا، هەوڵی پتری دا. لە یەکێك لە قۆناغەکاندا پێشڕەوانی سینەما چاویلکەی تایبەتییان دەست دەکەوت تا بتوانن وێنە بەهەرسێ دوورییەکانییەوە

ببینن ((وێنەی بەرجەستە)). شاشەی نمایشی سینەمایی فراوان بوو هەندێ جار دەگەیشتە پلەیەك كە باوەڕ نەدەكرا. كاریگەرییە دەنگییە تایبەتەكان هێنرانە ناو سینەما و مایكرۆفۆن لەشوێنی جودای ناو هۆڵی نمایشداندران. هەموو ئەو فێڵانە زۆر یارمەتی دەر نەبوون... و پشێوییەكانیش زیادیان كردو بەردەوام بوون، پێوەرە ئاكارییە كۆنەكان ئەوانەی، كە زاڵبوون بەسەر ناوەڕۆكی فیلمدا رووخان. لە سەرەتادا ئەو فیلمانەی نیشانی بینەرە ئەمریكییەكان دەدران چاك و بەرزبوون، وەك گەشتێكی قوتابخانەی رۆژانی یەكشەممان وابوون. چینی ناوەڕاستی بەهێزی ئەمریكی پێویستییان بە هیچ كەس نەبوو، بۆ ئەوەی تانیان لێ بدەن بۆ بیرخستنەوەی قەدەغە و بارنج تا لە پەنجەرەكانەوە پلیتی چوونە ژوورەوە ببڕێن، بەڵام ئەمڕۆ ئەگەر فیلمێك پەیمانی گۆمی خوێن و سێكسی ئاشكرا بە بینەرانی نەدا، ئەوا دەستهاتی دارایی بەدەست ناهێنێ. ئەو گۆڕانكاریانەش هاوتابوون بە زۆرێك بینە و بەردەی یاسایی و دەعوا قەزاییەكان. دەمەقاڵی زۆریش لەبارەی ئازادی رادەربڕین و رووبەڕووبوونەوەی كاری خراپ و بەرەڵایی كە پەیوەندییان بە سینەماوە هەبوو كرا. لەكاتی ئێستاشماندا بەرپرسان بەتوندی رەخنە  لە توند و تیژی سینەما و سێكسی ئاشكرا دەگرن. بەواتایەكی دیكە ململانێكان بەردەوام بوون، بۆ دیاریكردنی شێوەی ئەو پێشكەوتنانەی لە سینەمادا روودەدەن.

هەرچەندە نرخی كۆتایی ئەم بابەتانە لە چوارچێوەی سینەمادا بێ، بەڵام ئەو روون و لۆجیكییە كە فشاری راستەقینە بۆ گۆڕان دەبێ فشارێكی ئابووری بێ. نزیكترین پێشبینیش بۆ دوارۆژ ئەوەیە، كە سینەما هەرگیز ئەو جەماوەرەی نابێتەوە، كە لە سییەكاندا هەیبوو. ئەمەش مانای ئەوە نییە، كە ئیدی فیلم بەرهەم ناهێندرێن، تەلەفزیۆن وەكو نوێنەری داواكارییەكی تێگەیشتوو تا ئێستا بەخراپترین فیلمەكانیش تێر نابێ. لەوەش زیاتر، هەروەك لەو بەشەیدا هاتوودا دەیبینین، زیادبوونی بەكارهێنانی ڤیدیۆ و شریتی فیلمە بەكرێدراوەكان لەماڵەوە هەموویان كۆمەڵێك هۆكارن، كە ئاماژە بۆ ئەوە دەكەن،  سینەما بەدۆخێكی دژوارتردا تێدەپەڕێ. بەم شێوەیە دوای ئەوەی پیشەسازی سینەما لە ژیاندا كرایەوە، یان سەریهەڵدا، ئەوا شێوازی ئاكاری بەكارهێنەرەكانی شیمانەی ئەوەی لێدەكرێ بەهەمان ئەو ئاراستەیەدا بڕۆن كە ئێستا پێیدا دەڕۆن. شیمانەی ئەوەش هەیە كە بایەخدانی گەلی ئەمریكی بۆ گۆڕانی سینەما، كە لە دوای ساڵی ١٩٦٠دا روویداوە، رووە و شاشەی تەلەفزیۆن، رووە و دانانی ئەو رێسایانەی بەسەر ناوەڕۆكەكەیدا زاڵن بەردەوام بێ. رەنگیشە ئەو رێسایانە لە كۆتاییدا بگەنە ئەو رێسایانەی، كە تایبەتن بە سینەمای هاوچەرخ.

بارودۆخ و هۆکارە پەیوەندیدارەکان بەپشێوی شێوازی ئاکاری دیاریکرا و لەناو سیستەمی کۆمەڵایەتیدا تا رادەیەکی زۆر لەو هەڵچوونەی دوایی پشتگوێ خرا لە گرنگیدان بەکرداری داهێنان و نوێکاری توانەوە و لەناوچوون هاوواتای ئاسایی نوێبوونەوەن و ئاماژەیەکی پێویستی تیۆری گونجاوی گۆڕانی کۆمەڵایەتین. گومانی تێدا نییە بنەمای ریکخراو هەن زاڵن بەسەر ئەو رێگایانەی وا لەخەڵك دەکەن تا دەستبەرداری شتێك یان خەسڵەتێك یان دەستەیەکی رۆشنبیری ببنەوە. ئێمەش ئێستا سوودێکی زۆر لە بنچینەی نووسین و ئەو گومەزانە نابینین کە دەکرێ بگۆڕدرێن، لەگەڵ سوکانی کۆنی ئۆتۆمبێل و هاوڕێی ئاسایی ئەوەی، کە هاوڕێیەتی مێردمنداڵانی دەکرد بۆ چاودێریکردنیان لە ئاهەنگەکاندا. ئەم شێوانەش بەبێ گومان بەدوای پشێوی بەکارهێنانی نموونەی پێچەوانەدا هاتن. گونجاو لەشێوەدا لەگەڵ چەماوەیی تیپی S ئاسایی بۆ لە خۆگرتنی شتێك و پێوە پەیوەست بوونی. سەرەڕای بایەخی روونی نموونەی تواوە و لەناوچوو بۆ تێگەیشتن لە گۆڕانی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری، هیچ تیۆرێکی گۆڕا و بۆ ئەو بارودۆخانە لە ئارادا نییە، کە ئەوان بۆی دەچن.

بۆ سینەماش هۆکارەکانی لەناوچوون و ونبوون بەشێوەیەکی تایبەت لێڵ نین. خراپی باری ئابووری و کۆچکردنی شارنشینان بۆ دەوروبەر و گەشەکردنی هۆکارە ئەلکترۆنییەکان... هەموو ئەوانە بە نەرێنی بەسەر پلیتی چوونە ژوورەوەی سینەمادا کەوتنەوە. دەکرێ کەڵەکەبوونی لە ناوچە بازرگانییەکانی ناوەڕاستیشا، کە زۆرینەی سینەما کۆن و گەورەکان دەکەونە ئەو شوێنانە بخەینە سەر هۆکارەکانی پێشوو. هەروەها باری بەخشینی کرێکاران لە سینەمادا هەبوو، کە بەبەردەوامی دەبووە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی پلیتی چوونە ژوورە، لەبەرانبەریشدا رێژەی سەردەستە و کڕیارەکان کەم دەبووەوە. هەتا نموونەی دانیشتنی تایبەت کە زیاتر لە شاشەیەك و هۆڵێکی نمایش کردنی هەیە، هیچی لەو بارودۆخە گشتییە نەگۆڕی کە سینەما تێیدابوو.

ئەم شیکردنەوەیەمان پێشکەوتنی درێژ و ئاڵۆزی سینەمای روونکردەوە. ئەو پێشکەوتنەش بە کۆکردنەوەی خەسڵەتە رۆشنبیری و داهێنانە تەکنەلۆژییەکان دەناسرێتەوە، کە پێویست بوون، بۆ دەرکەوتنی فیلم وەکو هۆکارێکی راگەیاندن. ئەم لێکدانەوەیە ئاماژەی بەوە کرد کە زۆرێك لە بارودۆخە کۆمەڵایەتی و رۆشنبیرییەکان وەکو جەنگ و کۆچکردنی دانیشتووان و ململانێ لە دامەزراوەی ئابووری، ئەوانەی کە ئەوانەش لە لەناوچوونی سینەما وەکو نوێکردنەوەی ئاکار لەلایەنی خەڵکی ئەمریکاوە بە تەواوی بەبڵاوبوونەوە بەسترابوونەوە.

کاریگەری کۆمەڵگە لەسەر یەکێك لە هۆکارەکانی گەیاندن ناکرێ روونتربێ لەوەی کە لەسەر سینەمادا هەیە. بێگومان سینەماش وەکو تەکنەلۆژیا و پیشەسازی بەردەوام دەبێ بۆ داگیرکردنی پێگەی خۆی لە سیستەمە کۆمەڵایەتییەکەماندا. سەرەڕای ئەوەش گومانی زۆر گەورە بۆ مانەوەی سینەما بەو شێوەیەی، کە لەسەرەتادا تێیدا بوو هەیە بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بەو بەپیرەوە چوونە مەزنەی ئەمریکییەکانەوە هەیە رووە و سینەما.

## پەراوێزەکانی بەشی سێیەم


1. Martin Quigley, Jr., *Magic Shadows: The Story of the Origin of Motion Pictures* (Washington, D.C.: Georgetown University Press, 1948), pp. 18–20.
2. Helmut Gernsheim and Alison Gernsheim, *The History of Photography from the Earliest Use of the Camera Obscura in the Eleventh Century Up to 1914* (London: Oxford University Press, 1955). See especially Chapter 1, "The History of the Camera Obscura," pp. 1–19.
3. Quigley, *Magic Shadows*, pp. 29–35.
4. A reproduction of this famous work has recently been made available. See John Baptista Porta, *Natural Magick*, ed. Derek J. Price (New York: Smithsonian Institute for Basic Books, 1957).
5. Ibid., pp. 364–65.
6. Quigley, *Magic Shadows*, pp. 48–61.
7. Ibid., pp. 85–97.
8. Josef M. Eder, *History of Photography* (New York: Columbia University Press, 1945), pp. 209–45, 263–64, 316–21.
9. Robert Taft, *Photography and the American Scene* (New York: Macmillan, 1938), p. 3.
10. Ibid., p. 48.
11. Ibid., pp. 55–62.
12. Ibid., p. 76.
13. Ibid., pp. 384–404.
14. Quigley, *Magic Shadows*, see especially Chapters 15 and 16.
15. Richard Griffith and Arthur Mayer, *The Movies* (New York: Simon and Schuster, 1957), pp. 1–8.
16. Ibid., p. 19.
17. Ibid., pp. 113–19.

## بەشی چوارەم

## گەشەسەندنی ئێزگە

ئەمڕۆ ئێزگە نوێنەری ئەو بەرهەمە هاوچەرخەی کرداری پێشکەوتنی هاوچەرخە درێژ و بەردەوامەیە کە ڕێژەیەکی زۆری داهێنانە تەکنەلۆژییەکان و دەسهاتە زانستییەکان شێوەی ئابووری و کۆمەڵایەتییە نوێکان دەگرێتەوە. ئێزگە وەکو هۆکارێکی ڕاگەیاندنە ململانێی جۆراوجۆر کاریگەر بوو، کە ئەمە لە هۆکارە ڕاگەیاندنەکانی دیکەشدا هەبوو. ئەو ململانێیانەش خەسڵەتەکانی ئێستای رادیۆییان دیاری کرد، کۆمپانیا گەورەکان لەسەر مافی بڵاوکردنەوە دەستییان بە شەڕکرد و لایەنەکانی پەخشی رادیۆییش ململانێیان بوو لەسەر فریکوانسی- شەپۆلی- دیاریکراو بەشێوەیەك وای لە حکوومەتی فیدراڵی کرد، کە لە کۆتاییدا بەشێوەیەکی نوێ بێتە ناو کێشەکە بۆ ئەوەی دەسەڵاتی بەسەریاندا بشکێ، کە ئەو هاتنە ناوەوەیەش بۆ ئەم هۆکارەی راگەیاندن کارێکی نوێ بوو.

هەروەك رادیۆکان ململانێی رۆژنامەکانیان دەکرد و لەگەڵیان دەجەنگان لەسەر مافی بڵاوکردنەوەی هەواڵەکان، هەروەك ئەوان خەریکی بانگەشەکردن بوون لەلایەن بەرپرسەکانی رێکخستنیان بە کردنی قسەی قۆڕ و بانگەشەی درۆ تاوانبار دەکرد. لەوماوەی دواییشدا جەنگ لە دژی بڵاوکردنەوەی دیمەنە تۆقێنەرەکان لە تەلەفزیۆن دەستی پێکرد، بۆیە هەریەك لە نموونەی ململانێی کۆن evolutionary paradigm چوارچێوەیەکی کرۆکیی پێشکەش دەکەن بۆ لێکدانەوەی ئەو رێگایەی، کە رادیۆی لێ دروستبوو تا گەیشتە ئەو رادەیەی بووە بەو هۆکارە راگەیاندنەی ئەمڕۆ ئێمە دەیناسین.

### پێشکەوتنی گەیاندن:

لەکاتی بەدواداچوونی ئەو هۆکارە بنەڕەتیانەی، کە کۆمەڵگە کاریگەری پێ لەسەر رادیۆ وەکو هۆکارێکی راگەیاندن دروست کرد، دەبینین سێ بابەتی دیاریکراو هەن، کە پێویستییان بە روون کردنەوە هەیە!

یەکەمین: کۆمەڵێك هۆکاری کۆمەڵایەتی جۆراوجۆر و ئاڵۆز هەن وایان کردووە پێویستییەکی زۆر لە هەمانکاتیشدا بەدواگەڕان هەبێ بۆ دۆزینەوەی هۆکاری خێرا بۆ گەیاندن کە بتوانێ بەسەر زەریا و کیشورەکان تێبپەڕێ.

دووەمیان: زنجیرەیەك داهێنانی زانستی و تەکنیکی هەبوون، کە لەسەر یەك کرۆك بوون، کە هەر داهێنانێکی تر بەدوادا دەهات لەکاتی دابینکردنی ئەو کەرستانەی کە پێویست بوون، بەڵام بابەتی سێیەم و کۆتایی پەیوەندی بەو رووداوانەی کە ئاڵوگۆڕی تەکنەلۆژیاو تەلەگراف و بێتەل ((ناردنی بروسکەیی)) کە بەهۆیەوە دەتوانین بەرنامە بۆ تەواوی ئەو گوێگرانە پەخشبکرین کە لەماڵەکانی خۆیانن. دەکرێ لێرەدا ئەوە زیاد بکەین، کە تەلەفزیۆن لەژێر چەتری رادیۆ وەکو ئەنجامێکی ناوەنجی هاتە ئاراوە، هەروەك ئەمە دواتر روون دەبێتەوە، بەڵام ئەم هۆکارە نوێیە تەنیا لەگەڵ رادیۆ هاوبەشی نەکرد، بەڵکو بنچینە داراییەکان و دابەکان و پەیکەری بەڕێوەبردن و دەسەڵاتدارێتی تایبەتمەند ئەویشی برد، لەگەڵ بردنی زۆرێك لە موڵك و تواناکانیشی.

## پتر بوونی پێویستییەکانی پەیوەندی کردن:

لەگەڵ زیادبوونی بەیەکداچوون و ئاڵۆزبوونی کۆمەڵگەکان پێویستە خەڵك بۆ هۆکاری پەیوەندی کردن خێرا، کە پشتیان پێ دەبەسترێ بۆ ماوە دوورەکان زۆر زیادی کرد. کاتێ کە چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان لە سنوورێکی دیاریکراو یا دەستەیەکی بچووك چڕ کرابوونەوە، کە بەیەکەوە کۆچییان دەکرد یا لە گوندێکی دیار نیشتەجێ دەبوون، لەو دەمەدا توانای دەنگی مرۆڤ بەس بوو، بۆ سەرکەوتن بەسەر گرفتەکانی پەیوەندی کردن. بۆ ماوە دوورەکانیش راکەری راهاتوو کە ئەو ماوانە بەکورتی دەبڕێ وەك نێوەندێك دادەنرێ بۆ بە ئەنجامگەیاندنی هەمان مەبەست، بەڵام لەگەڵ داهێنانی رێکخستنە کۆمەڵایەتییە ئاڵۆزەکان بۆ مەبەستی سەربازی و بازرگانی حکوومەت، ئەم رێکخستنە بەبەردەوام دووچاری گرفتی بەیەکەوە گونجاندنی چالاکییەکانیان هەبوو بەهۆی نەبوونی رێگایەکی راست تا پشتی پێ ببەسترێ بۆ گواستنەوەی زانیارییەکان بەخێرایی لەنێوان ماوە دوورەکاندا. داهێنانی مرۆڤ سنووری نییە. مرۆڤەکانیش لە هەموو تەمەنەکان توانایکی لەرادەبەدەرو باڵادەستییەکی گەورەیان بۆ بەخشینی تەکنەلۆژیای سەردەمەکەیان و پەیڕەوکردنی بەرێگەیەکی بێ وێنە دەرخست تا چارەسەری کێشەی داراییەکانی پێ بکەن. بارودۆخی پەیوەندی کردن بۆ شوێنە دوورەکان بەم شێوەیە بوو.

تۆمارە کۆنەکان هەواڵمان لەبارەی سەرکردە سەربازییەکان پێ دەڵێنن، کە زانیارییان لە شەودا لەرێی هێماوە ناردووە لەسەر شوێنە بەرزەکان بە بەکارهێنانی ئەو مەشخەڵانەی کە پۆل پۆل رێکدەخران بە پێی ئەو سیستەمە کۆدییەی کە پێشتر لەسەری رێککەوتبوون.

وشەی تەلەگراف telegraph لە زمانی گریکی بەر لەدایکبوونی عیسا بەسەدان ساڵ وەرگیراوە کە لە دوو بەش پێکهاتووە، یەکەمیان بەواتای (لەدوورەوە) tele دووەمیشیان مانای (نووسین) graph. لە شارستانییەتەکانی گریکی و فارسی و رۆمانیدا رێکخستنە کۆمەڵایەتییەکان لەلایەن سەرباز و حکوومەت و بازرگانەکان زۆر پێشکەوتووتربوون لە تەکنەلۆژیای گەیاندن. دەستەوەستانیش لە گونجاندنی چالاکییە ئالۆزەکان هەمیشە سەرچاوەی تەنگەژەی زۆربوون. لەشکرەکان دەشکان و کەشتییەکان نقووم دەبوون حکوومەتەکان هەرەسیان دەهێنا و ماڵ بەفیڕۆ دەچوو هەر لەبەر ئەوەی وشەیەك لەکاتی خۆیدا نەدەگەیشت.

### گەڕان بەدوای چارەسەری:

رێژەیەکی زۆر لە ئامێری تەکنیکی داهێنران و ئەو ئامێرانەش سەدە دوای سەدە بەکارهاتن بۆ دۆزینەوەی رێگا چارە بۆ کەموکورپییە شارستانییەکان. بۆ میللەتە سەرەکییەکانیش بە هەمان شێوە ئەوانەی پێویستییان بە پەیوەندی کردن هەبوو، بەڵام ئەوان نەیاندەتوانی پێی بگەن بەهۆی ناشارەزاییان لە تەکنەلۆژیا. ئەو توانی نیانی دارەکان بسووتێنێ و پێی گیاندارەکان بخاتەسەر لێوارەکانی و تەپڵی لێ دروست بکا. بەسوود وەرگرتن لەو تەپڵانەش ئەو مرۆڤە سەرەتاییانە توانییان ماوەی زۆر دوور ببڕن بە بەکارهێنانی دەنگی کۆددار. هەروەها ئاماژە دووکەڵیەکانیش هۆکارێکی دیکەی ناسراوبوون، هەروەها کۆتری نامەبەر، کە ئێستاش لەسەدەی بیستەمین بەکاردێ بۆ گواستنەوەی نامە. هەروەها ئاوێنەی پێچەوانەکەر و گلۆپی ئاماژە و دەنگی تۆپ و منارەکان کە هەر هەموویان بەکاردەهاتن بۆ سەرکەوتن بەسەر کێشەی دووری و کات. سەرەڕای ئەوەش، ئەم هۆکارە بەراییانەی پەیوەندی کردن زۆر سنووردار بوون. زۆرینەیان بەشێوەیەکی زۆر خراپ توانیان بەکارهێنانیان هەبوو، و بۆ مەودایەکی دوور سوودییان لێ وەرنەدەگیرا. هەروەك زۆرینەیان پێویستییان بە کەش و هەوایەکی لەبار هەبوو.

لەسەردەمە نوێکانیشدا، رێژەیەکی زۆر لە دامەزراوەی پەیوەندیکردن داندران، هەر هەمووشیان پێویستییان بە سێرەی چاو هەبوو لەنێوان نێرەر و وەرگردا. دوای پەیداکردنی توانا

بۆ گواستنەوەی نامەکان لەرێی چەند ئێزگەیەکەوە، وای لێهات مرۆڤ بتوانێ نامەی ئالۆز بۆ شوێنی یەکجار دوور بنێرێ. لەکاتی حوکمی ناپلیۆن لە فەرەنسادا، لەو وڵاتەدا ٢٢٤ ئێزگەی راگەیاندنی بە ئاماژە semaphore هەبوون، ئەمەش بە بەکارهێنانی هەردوو دەست و دوو ئاڵا لە بارودۆخی جیاوازدا، ئەم وێستگانەش بە درێژایی هەزارەها میل درێژ ببوونەوە.[١] ئەم جۆرە دەزگایانەی پەیوەندیکردنیش چاکترین دەزگای پەیوەندی کردن بوون و زۆرترین بەکارهێنانیان هەبوو لەوەی کە بەسێرەی چاوان دەبینرا. سیستەمی گەیاندنی لەرێی هێما – اشارات- ەکانەوە بەرهەمی بیرۆکەیەکی سادە بوو، کە سێ قوتابی فەرەنسی بۆ ئاڵوگۆڕی نامە لەنێوانیاندا بەکارییان دەهێنا. ئەم بیرۆکەیە پشت دەبەستێ بە دانانی دوو باڵی داری گەورە لەسەر لوتکەی تاوەرێك بەشێوەیەك بتوانرێ لە رێگەیەوە ئاماژە بنێردرێ، کە لەجیاتی تیپە هیجاییەکان بەکاردەهێنرێن بەو شێوەیەی، کە پێشتر لەسەری رێککەوتبوون. ئەم هێمایانە دەکرێ لەرێی کەسی وەرگرەوە بخوێندرێنەوە، کە لە تاوەرێکی دیکەدایە لە دووری چەند میلێك. دواتر ئەو وەرگرەش پەیامەکە بۆ ئێزگەیەکی دیکە دەنێرێ و بەم شێوەیە. ئەو کردارە پارەی زۆری تێدەچوو و بێزارکەریش بوو، بەڵام هەمان ئەو سیستەمە تا داهاتنی تەلەگرافی کارەبایی لە زۆرێك لە وڵاتانی ئەورووپی بەکاردەهات. تا ئێستاش سیستەمی گەیاندنی هێمادار بەهۆی دەستەکانەوە بەکاردێ بەتایبەتی لەناو کەشتییەکان لەکاتی وەستانی ئامێری رادیۆدا.

لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمدا، پێویستی بەدەستهێنانی هۆکاری پەیوەندی کردنی خێرا هەتا ئەوانەشی، کە توانای بڕینی کیشوەرەکانیان هەیە دەستی پێکرد. ئاوازی سەودا بازرگانییەکان لەنێوان نەتەوەکان بەپلەیەکی بەرز زیادی کرد لەگەڵ شۆڕشی پیشەسازیدا. بەریتانیای گەورە ئیمپراتۆرێکی گەورەی داگیرکاری فراوان و بەرینی بنیاد دەنا بەشێوەیەك دەیتوانی شانازی بەو ئیمپراتۆرییەوە بکا، کە رۆژی لێ ئاوا نابێ. بەریتانیا تەنیا شاژنی دەریا نەبوو، بەڵکو بەشێکی گەورەی وشکانی و رێژەیەکی زۆری دانیشتوانی جیهانی لەژێر دەستدا بوو. هەروەها وڵاتانی دیکەش کەشتی جەنگی بەهێز و کەشتی بازرگانی گەورەیان دروست دەکرد. ئەم وڵاتانە پاڵپشتی دەزگا سیاسییە نوێکان و پێشکەوتنی بازرگانی کۆلۆنیالەکانی دەکرد و سەرچاوە نوێکانی کەرستەی خاویشیان دەقۆستەوە. لەپاڵ هەموو ئەمانەشدا، گۆڕانی بنەڕەتی گەورە لە رێکخستنی کۆمەڵگەی رۆژئاواییدا روویدا. کۆمەڵناسانیش ئەو گۆڕانەیان بەجۆری جیاواز لێکداوەتەوە وەکو وێکچوونی پێشکەوتنی ئۆرگانی ئالۆز و گوێزانەوە لە

کۆمەڵگەی جیمانچافت Gemeinschaft بۆ کۆمەڵگەی جیزلچافت Gesellschaftی ئاڵۆز و پتر تایبەتمەند. لەگەڵ گۆڕان لەچوونە ناو یەکی میکانیکی بۆ بەیەکەوە بوونی ئۆرگانی گۆڕان لە کۆمەڵگەیەکی ئایینییەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی عیلمانی. زۆر گۆڕانی دیکەش، کە بوارەکە رێگە بەباسکردنیان نادا. هیچ گومانی تێدا نییە لەکاتی بەرەنگاربوونەوەی ئاڵۆزییە کۆمەڵایەتییە پەرەسەندووەکان پێویستییەکی زۆر هەبوو، بۆ هۆکارێکی پەیوەندی کردنی وەك تەلەگرافی کارەبایی، بەجۆرێك دەکرا بخرێتە بواری بەکارهێنانی ئێستایی و کرداری گرنگ دوای ماوەیەکی زۆر لە گۆڕانی بۆ هۆکارێکی باو و لەبەردەست بۆ کۆمەڵگە.

**خەونی پەیوەندی کردنی راستەوخۆ**. بیرۆکەی تەلەگرافی وەستاو لەسەر بنەمای زانستی موگناتیس تا ماوەیەکی زۆر بەشێوەی جودا قسەی لەسەر دەکرا. گیوڤانی دیلابۆرتای خاوەنی کتێبی جادووی سروشتی nutural magic گفتوگۆی لەبارەی جۆرێکی زۆر تایبەتی بەردی موگناتیسی کردووە (جۆرێکە لەو ئاسنەی خەسڵەتی موگناتیسی تێدایە)[٢]. گوتراوە ئەگەر دوو چوارچێوەی هاوشێوە لەو کانزایە دروست بکرێن، کە بۆ موگنەکارکردنی دەرزی چوارچێوەی موگناتیسی بەکاردێن ئەوا بەهۆی هێزێکی نادیار بەیەکەوە دەمێننەوە. بەجۆرێك ئەگەر ئێمە یەکێك لەپارچەکانی ئەو چوارچێوەیەمان جووڵاند بۆ ئاراستەیەکی دیاریکراو ئەوا ئەوەی تریان دەمودەست و بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی بەرەو هەمان ئاراستە دەجووڵێ بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەو ماوەیەی لەنێوانیاندایە. بەنووسینی تیپە هیجاییەکانیش لەسەر چوارچێوە، ئەوا توانای تەلەگرافی روون دەبێتەوە، کە ئەو سیستەمە دەتوانێ بیرەخسێنێ، بەڵام بەداخەوە لێکۆڵینەوەی زانا و فەیلەسووف و خوێندەواران نەیانتوانی بگەنە ئەو جۆرە بەردە موگناتیسییەی، کە پێویست بوو، بۆ دروستکردنی تەلەگرافێکی پەرجو ئاسای لەمجۆرە. دەسکەوتنی بەردە موگناتیسی لەمجۆرەش وەکو خەونێکی دوورە دەست مایەوە، بەهەمان شێوەی بەردی فەیلەسووفەکان کە دەیتوانی کانزا ئاساییەکان بگۆڕێت بۆ زێڕ و زیو، یان وەك نافورەی ئەو گەنجانەی کە روانین و ژیانی پیرەکان دەگەڕێنێتەوە.

## پێشکەوتنی زانستی بۆ تێگەیشتن لە کارەبا:

هەرچەندە ئەفسانەی بەردی موگناتیسی هەرەسی هێنا لە گۆڕینی خەونی تەلەگراف بۆ واقیع، بەڵام لێکۆڵینەوە زانستییە کارەکییەکان لەکۆتاییدا گەیشتنە چەند هۆکارێك کە سنوور هەموو ئومێد و خەونەکانی زانا پێشینەکانی بڕ دەکرد. لەماوەی سەدەی نۆزدەیەمدا توانرا

هەندێ زانیاری لەسەر کارەبا بەدەستبهێنرێن، لە چوارچێوەی رێرەوی گشتی لەبەدەستهێنان و پێشکەوتن لەبواری زانستی فیزیاییدا. رادیۆ یەکێك بوو لەبەرهەمە لاوەکییەکانی ئەو لێکۆڵینەوە درێژ و بەردەوام و بنەڕەتیانەی لەبارەی سروشتی هێزی کارەبایی دەکران.

هەروەك ئەو لێکۆڵینەوە زانستی و بەدواداچوونانەی، کە بوونە هۆی پەیدابوونی ئەو هۆکارەی پەیوەندیکردن خەڵکێکی زۆری لەوبوارەدا سەرقاڵ کرد، بەڵام ناوبانگ و سەرکەوتن و پارە و هەتا وەرگرتنی خەڵاتی زانستیش تەنیا درایە رێژەیەکی زۆر کەم لێیان. لیستی ئەو گرفتانەی ئەو خەڵکانە توانیان چارەسەرییان بکەن، بەکورتی، سەرنجڕاکێش بوون. ئەو مێرمنداڵانەی میلی رادیۆکانیان دەبردە سەر ئەو بەرنامە مۆسیقیانەی پێیان خۆش بوو، ئەو کرێکارانەی، کە ئێواران دەسانەوە و سەیری نمایشی زۆرانبازییان دەکرد، کە پێیان خۆش بوو. هەموو ئەمانە سوود لە بەرهەمی سەدەیەك لەداهێنانی زانستی وەردەگرن، کە بەتواناترین مێشك لەداهێنان باشترین و لێهاتووترین کرێکار هاتۆتە دی لەماوەی دوو سەدەی رابردوودا. ئەو سەر ئامەدانە بێ سنوور دڵەقبوون لەو کێشانەی پەیوەستن بە چەمکەکانەوە، لەگەڵ کێشە تیۆری و میکانیکی و تەکنیکییەکان کە چارەسەرییان بووە هۆی رەخساندنی گەیشتن بە دەزگای رادیۆ کە ئێمە ئەمڕۆ سوودی لێ دەبینین.

لەنێوان ئەو کێشانەی کە پێویستییان بەچارەسەری هەبوو، بەر لەوەی رادیۆ ببێتە واقیع، تیۆری بنەڕەتی کارەبا و دامودەزگا کارەباییە سەرەکییەکان و لەناویاندا وەبەرهێنان و گەیاندن و پێوانی شەپۆلە کارەباییەکان بوون. هەروەك کێشەکان تیۆری بوارە کارۆموگناتیسییەکان و فایل و تیشکی کارۆموگناتیسی و ئاراستەی لەرەلەری فریکوانسی بەرزی لەخۆ گرت. هەروەها کۆمەڵێکی دیکە لە کێشەکان بایەخیان دەدا بەگۆڕینی شەپۆلە کارەباییەکان وەکو گۆڕینی شەپۆلی فریکوانسی بۆ شەپۆلی بەردەوام و گەورەکردن یان بەهێزترکردنی. پاشانیش پێویستی هەردوو دەرکەوانی ئەلیکترۆنی دووانە و سیانە هاتنە ئارا بۆ بەستنی دەنگە ناردراوەکان بە سیستەمی خاڵ و کەلێنی تایبەت بەتەلەگرافی بێتەل. لەکۆتاییدا، هەندێك گرفتی تایبەت بە تەلەفزیۆن هەبوون، کە خۆی بەرهەمی رادیۆ بوو و پەیوەست بوو بەناردنی نموونەی تاریك و رووناك و دواتریش پێشوازیکردنیان لەسەر شاشەی بینین. داهێنانی بنەڕەتیش بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە دەرکەوانی فۆتۆ ئەلیکترۆنی photoelectron tube هەستیار بە رووناکی بوو، کە لە ناواخنی کامیرای تەلەفزیۆنیدا هەیە، هەروەها کینسکۆپ

kinescope ئەو بۆرییەیە، کە وێنە بینراوەکانی لەسەر دەردەکەون. ئەو دوو دەرکەوانە دەرگایان لەبەردەم بەکارهێنانی بازرگانی و بڵاوبوونەوەی تەلەفزیۆن کردەوە.

**<u>توخمەکانی تیۆری کارەبایی.</u>** ئەو بنەمایانەی، کە دەنگ و رووناکی بۆ ئەو شەپۆلە کارۆموگناتیسیانەی کە دەتوانرێ لەهەوا بڵاوبکرێنەوە و دواتر دووبارە بڵاوبکرێنەوە بە دەنگ و رووناکی بەرێوەدەبەن، پەیوەندییان بە کرۆکی بنەماکانی زانستی فیزیاوە هەیە. هەندێك لەو بنەمایانەش سروشتی رووداوەکان بەرێوە دەبەن.

ئەلیکترۆن کلیلی ناردن و وەرگرتنی رادیۆیی و تەلەفزیۆنییە بەشێوەیەکی زۆر سادە، زانایانی فیزیایی ئەلیکترۆن لە شێوەیەکی تابڵێی بچووك دەبینن، کە تایبەتمەندی هەڵگرتنی بارگەی سالبی هەیە. لە راستیدا، ئەلیکترۆنەکان بەشێکی سەرەکین لەو پاژەی کە ناوك پێکدێنن. جۆری دیکەی پرۆتۆنەکان و جۆرە پەیوەندیدارەکان بەوانەوە هەن، کە ناوەرۆکی ناوکیش پێکدێنن. ئەو پاژە ناوکییە وردانە بارگەی کارەبایی موجەب هەڵدەگرن، کە دەبنە نوێنەری بارگەی سالبی ئەلیکترۆنەکانی ناوك هاوسەنگی هێزە کارەباییە جیاوازەکانیشە کە پاژەکان و ناوك بەیەکەوە کۆ دەکاتەوە.

ناوك هەر توخمێکە لەو توخمانەی ژمارەیەك لە ئەلیکترۆن و پاژەکانی دیکە هەڵدەگرێ، کە بنیاتی کۆتایی پێکدێنن. هەرچەندە چڕی توخمەکە زیاتر بێ، ئەوا ژمارەی ئەلیکترۆنەکان لەناو ناوکدا زیاد دەبێ. هەروەك ناوك هەر توخمێکە، کە پەیکەرێکی زۆر رێك و پێکی هەیە لە پاژی هاوسەنگی کارەبایی، کە هەریەکەیان بەرەنگاری سیستەمی ئەویدیکە دەبێتەوە بە سیستەمێکی ورد، بەڵام هەندێك توخم هەن ناوکییان تێدایە ئەلیکترۆنە دەرەکییەکانیان بەهۆی هەندێك هۆکاری جیاواز کەمتر پەیوەندییان بە پەیکەری ناوکەکەوە هەیە.

بۆ هەندێك توخمیش (وەکو قورقوشم و ئاسن و هەندێ کانزای دیکە) دەکرێ ئەلیکترۆنەکانیان وەربگیرێن یان بخرێنە سەر بەشە دەرەکییەکانی دەزگاکە لەرێی چالاکی کیمیایی یان کارۆموگناتیسی، کەوا لە گەردیلە دەکات بارودۆخێکی کاتی هەبێ لە نەبوونی هاوسەنگی کارەبایی. کاتێکیش ئەمە روو دەدات، گەردیلەی ئەلیکترۆن لە گەردیلەکەی تەنیشتی وەردەگرێ، کە بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو ئەلیکترۆنەی لە دەستی داوە، بەڵام ئەگەر لە گەردیلەیەکدا زیاتر لە ئەلیکترۆنێکی زیادە هەبوو، ئەوا یەکێك لە ئەلیکترۆنەکانی دەچێتە گەردیلەی تەنیشتی. دوای ئەمە، ئەو گەردیلەیە هەمان کار بەرانبەر گەردیلەکانی پاڵی

دەکات و بەم شێوەیە بەردەوام دەبێ. ئەگەر توخمەکە گەیەنەرێکی باش بێ good conductor بۆ کارەبا لەشێوەی تەلێکی پلە بەرز و درێژ بێ، ئەنجامەکەی تێپەڕینی شەپۆلێکی کارەباییە بە تەلەکەدا. لە راستیشدا شتێك نییە پاڵنەربێ، بەڵام نەبوونی هاوسەنگی کارەبایی بەردەوام لە گەردیلەکانی تەلەکەدا، کە بازنە کارەباییەکە پێکدێنن دەکرێ وا بێنرێتە بەرچاو. پاتری مۆلیدە و تاقە شەمسییەکان و ئامێرەکانی دیکەش توانای دروستکردنی تێکدانی لەجۆرەیان هەیە لە هاوسەنگی کارەبایی لەلایەکی تەلەکەوە. لەلاکەی تریشییەوە ئەو ناهاوسەنگییە دەبێتە سەرچاوەیەکی وزە لەشێوەی بارگەی کارەباییدا. لەم دیاردەیەدا بەکارهێنانە زانراوەکانی ئێمە بۆ وزە دێنە ئاراوە، کە بەکاردێ بۆ دەسکەوتنی بوارە موگناتیسییەکان و گەرایی و رووناکی و دەرکەوتەی دیکەی وەکو رادیۆ و تەلەفزیۆن. ئەگەر ئەوەی گوترا ئاڵۆز دەربکەوێ، ئەوا بۆ خوێنەر ئەو قورسییە روون دەکاتەوە، کە توانراوە بەسەریدا زاڵبن لە چوارچێوەی هزر و تەکنەلۆژیا بەر لەداهێنانی رادیۆ.

**<u>تەکنەلۆژیای کارەبایی: پراکتیزەکردنی تیۆرەکە.</u>** کارەبا بۆ ماوەیەکی زۆر بووە مایەی سەرسوڕمانی زانایان، کە ماوەکە لەنێوان سەردەمی فەیلەسووفانی گریکی کۆن تا پاژی کۆتایی سەدەی هەژدەیەم دەگرێتەوە. کارەبای نەگۆڕ (ئیستاتیکی) دەتوانرا زۆر بە ئاسانی لەرێی بەریەککەوتن بەدەستبهێنرێ. بەلەبەرچاوگرتنی ئەو بنەمایە، زانایان و خاوەن تاقیکردنەوە زانستییەکان هۆکاری گەورەتریان دروستکرد بۆ بەرهەمهێنانی بارگە کارەباییەکان. گریکە کۆنەکان بە پارچەیەك قوماش مسیان لە گۆپاڵ بەست، کە ئەمە بووە هۆی بەرهەمهێنانی شەپۆلی ئەلیکترۆ ئیستاتیکی کە کاریگەرییەکەی کەم بوو، بەڵام لە توانایدا بوو تۆپێکی هەڵواسراو لەکۆتایی داوەکە بۆ خۆی رابکێشێ. دوای چەند سەدەیەك، زانا ئەوروپییەکان لایەنی میکانیکی ئەو کردارەیان پەرەپێدا بەپلەیەك توانیان وزەی بەرز لە کارەبای ئیستاتیکی بەدەستبێنن بە بەکارهێنانی ئامێری لێکخشاندنی گەورە. خەپنەی گەورەی جووڵاویان دروستکرد، کە بەقوماش داپۆشرابوو، بۆ وەرگرتنی بارگە کارەباییەکان. ئەم زانایانە هاوڕێکانیان سەرسام کرد بەوەی وایان دەکرد ئەو بارگانە بە هێز و توندییەکی زۆرەوە لەنێوان دوو خاڵە کانزاییەکە دەربچن، کە هەر لە بروسك دەچوو لە دووری چەند پێیەك. ئەو ئامێرانە توانای راکێشانی شتیان هەبوو لەسەر داو یان شتی دیکە لە دووری ٣٠ پێ. سەرەڕای ئەوەش ئەو زانایانە لەلایەنی کارەکییەوە هەمان ئەو بنەمایانەیان بەکاردێنا، کە سەرنج و سەرسوڕماوی گریکە کۆنەکانی بۆ خۆی راکێشا، هەروەکو لە راستیدا لە

چۆنیەتی کارکردن نەگەیشتبوون. لە کاتێکیشدا کە ئەو ئامێرە درامیانە بەشێکی گەورەی رابواردنی بۆ رەخساندبوون، بەڵام لە تواناییاندا نەبوو چارەسەری کێشەی زیندووی تایبەت بە ئەمبارکردنی کارەبا بکەن تا بتوانن لە کات و شوێنی گونجاودا بەکاری بێنن.

وادەردەکەوێ، کە زۆرێك لە خەڵکی لەیەککاتەدا گەیشتوونەتە چارەسەرێکی بەرایی ئەم گرفتە، بە بەکارهێنانی گۆزەیەك کە تا نیوەی ئاوی تێدایە و سەرێکی داخەر لە فلینە گیراوە و تەلێکی بەناودا تێدەپەڕێ. ئەوە هۆکارێك بوو، بۆ ئەمبارکدنی کارەبا، کە سەرێکی لەناو ئاوەکەدا دادەنرا و سەرەکەی تری دەگەینرایە لایەکی ئامێری لێکخشاندنەکە، کە کارەبای نەگۆڕی بەرهەم دەهێنا. ئەو کەسەی کە چاوەڕوانی  فێڵی نەدەکرد و دەستی دەدایە ئەو تەلەی کە لە گۆزەکە هاتبووە دەر تووشی راچڵەکین یان ئازار دەبووەوە و دەلەرزی، ئەگەر بهاتبا و ئەو بڕە کارەبایەی لە ناو گۆزەکەدا ئەمبارکرابوو زۆربێ. ئەو ناوەی بەسەر ئەم ئامێرە دابڕبوو ((گۆزەی لیدن)) بوو بەهۆی ئەو شوێنەی کە داهێنانەکەی تێدا ئەنجامدرابوو. بنیامین فرانکلین لە تاقیکردنەوە بەناوبانگەکەی خۆیدا فڕۆکەی لەپەڕ دروستکراو بەکاریهێنا. بنیامین فرانکلین سەرکەوتووبوو لەبارگاویکردنی گۆزەی لیدن Leyden Jar بە بەکارهێنانی فڕۆکەیەکی لەپەڕ دروستکراو کە توانای فڕاندنی هەیە لە گەردەلوولێکی کارەباییدا. دەڵێن یەکێك لەلایەکانی (تەلەکە) بە داوی فڕۆکەکە بەسترابوونەوە بە کلیلێکی نقوومی ئاو کراو. تاقیکردنەوەکە دەریخست، کە ئەو کارەبایەی لە بروسکدا هەیە هەمان ئەو کارەبایەیە، کە لە کارگەکەدا بەدەست دەهێنرێ، بەڵام لەبەرچی بەرێز فرانکلین رووبەڕووی بروسکەیەکی کارەبایی لەپڕ نەبووەوە، ئەمەیان تا ئێستا نەزانراوە. بە دڵنیاییەوە کەسیش ئامۆژگاری ناکرێ، کە ئەم تاقیکردنەوە قورسە دووبارە بکاتەوە. لەدواییدا پاژی ئەلیساندرۆ ڤۆڵتا شوێنی گۆزەی لیدنی گرتەوە. مایکل فارادای و زانایانی دیکەش هەڵسان بە پەرەپێدانی هۆکاری گونجاوتر بۆ بەرهەمهێنانی شەپۆلی کارەبایی.

### تەلەگراف:

موگناتیسی کارەبایی توخمێکی سەرەکی بوو لە بزووتنەوەی تەکنەلۆژیای سەرەرۆ و بەردەوام رووە و داهێنانی تەلەگرافی کارەبایی. لەسییەکانی سەدەی رابردوو داواکراوە تەکنیکی جیاوازە پێویستەکان بۆ تەلەگرافی کارەبایی کەوتنە بەردەست لە چوارچێوەی توانای زانستی لەو سەردەمەدا و هیچی تر نەمایەوە تەنیا کۆکردنەوەی پارچەکان نەبێ بۆ گەیشتن

بەنموونەی داواکراو. بیرۆکەی تەلەگراف وەکو هۆکارێکی پەیوەندی کردن خەیاڵی خەڵکی بۆ چەند سەدەیەك سەرسام کرد. پێویستیش بۆ بەدەستهێنانی هۆکاری لەجۆرە زۆربوو. بنکەی تەکنەلۆژیا کۆبووەوە بە پلەیەك هیچ کێشەیەك نەمایەوە بەرەنگاری چارەسەرکردن ببێتەوە.

وادەردەکەوێ زیاتر لەکەسێك و لەیەککاتەدا دەستییان بەو پرۆژەیە کردووە، کە وا دەکات تەلەگرافێکی کارەکی دابنێن، بەڵام داهێنەری ئەمریکی سمویل ف.ب. مورسی سەرکەوت و ئەو رێکخستنەی دروستیکردبوو باوبوو, موریس زانا نەبوو، بەڵکو وێنەکێشی پۆرترێت بوو. لەچوارچێوەی سادەیی زانستەکەیدا، وا دەردەکەوێ بەرێکەوت گەیشتبێتە چارەسەرەکانی داهێنانی تەلەگراف، زانایان ئەو چارەسەرانەشیان بەبەرگە نەگیراو داهێنا. مورس وەرشەیەکی لەیەکێك لە باڵەخانەکانی زانکۆی شاری نیۆیۆرك دروستکرد، کە خۆی لەوێدا وەکو مامۆستای ئەدەب و دیزاینی هونەری کاریدەکرد. لەو وەرشەیەدا، موریس هەڵدەستا بەئەنجامدانی زۆر شت بەمەبەستی بەسەربردنی کات. دەم نادەمێکیش داوای رێنوێنی لە زۆرێك لە زانایانی هاوڕێی دەکرد، ئەوانەی کە گومانیان هەبوو لەوەی دەیکرد.

لە کۆتاییدا، مورس لە وەرشەکەیدا گەیشتە سیستەمێك بۆ تەلەگراف و بواری رەخساند بتوانێ پەیام لەنێوان ١٠ میلدا بگوازێتەوە، ئەوەش بە بەکارهێنانی تەلێکی لولدراو لە دەوری خۆی.

دەم و دەست مۆرس داوای یارمەتی حکوومی کرد تا ئامێرەکەی تەواو بکات. دوای لەسەرخۆیی و دوودڵی و دواکەوتن، لە کۆتاییدا حکوومەتی فیدراڵی هێڵی تەلەگرافی لەنێوان واشنتۆن و (پایتەخت) و بولتیمور دانا. ئەو پەیامە مێژووییەشی گواستەوە (خودا چی دروستکردووە what hath god wrought) لەنێوان هەردوو شاردا لە ٢٤ی مایۆی ساڵی ١٨٤٤. دەم و دەستیش جیهان چووە ناو دونیای گەیاندن. وای لێهات خەونی گیۆڤانی دی لابورتا پلە بە پلە دەبووە راستی و هەموو ئەوەی پێویست بوو وازهێنان بوو لەتەلەکان و تورهەڵدانیان.

**بنەمای خاوەنداریەتی تایبەت.** دوای ماوەیەکی کەم لە ئاستەنگ و دوودڵی و لە دەستدانی ماڵی، وای لێهات تەلەگرافی کارەبایی پلە بە پلە لای پیاوانی کار و سوپا و کۆمەڵەکانی دیکە وەردەگیرا. زۆر زوو تەل لە هەموو ناوەندە جێنشینە گەورەکان بڵاوبووەوە. حکوومەتی فیدرالی، ئەوەی کە هەڵسا بوو بەدابینکردنی هێڵی تەلەگرافی رەسەنی ماوە دوور، رێکەوتی دەستبەسەرداگرتنی مافی داهێنانی لە دەستدا و لە هەموو مافەکانی خۆی

خۆشبوو، بۆ ئەوەی ئەو داهێنانانە ببنە موڵکی کۆمپانیا تایبەتەکان، مورسیش گەورەترین ڕێژەی بەشداری و پشکی تێدا هەبوو. بەرپرسیاریەتی پەرەپێدانی هۆکاری گەیاندنیش بۆ پرۆژە تایبەتەکان جێهێڵدرا. روونیشە، کە سەرکەوتنی حکوومەت لەمانەوەی لەبواری تەلەگرافدا پێشینەیەکی چەسپاند دوای ئەوە لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا لاسایی کرایەوە، بۆ خۆی خاوەنداریەتی تایبەتی بۆ هۆکارەکانی راگەیاندنی گشتی وەکو مەرجێکی بنەڕەتی لە دیاریکردنی جۆری ئەو ناوەڕۆکەی، کە جەماوەر هۆکارەکانی راگەیاندنی بیینراوی ئێستا سوودی لێدەبینن. ئەو گۆڕانە لێڵ و ناروونە بۆ ئەو شتانەی کە روویاندا، ئەوە بوو بازنەیەکی گرنگی لە زنجیرە پێشکەوتنەکانی هۆکارەکانی راگەیاندن لەو وڵاتەدا (ویلایەتە یەکگرتووەکان) پێکهێنا، دوای ئەمە تەلەفزیۆن دەرکەوت و پاشان تەلەگرافی بێ تەلە و دواتر تەلەفۆنی بێ تەل، لەکۆتاییشدا رادیۆ، بەڵام حکوومەتی فیدراڵی هەرگیز نەبوو بە رکابەرێکی بەهێز بۆ دەسەڵاتداربوون لەسەر ماف و تایبەتمەندییەکانی ئەو هۆکارنە (هەرچەندە رۆژێك لە رۆژان مافی خاوەنداریەتی رادیۆی بەدەستهێنا، بەڵام دەسبەرداری بوو). ئەوەی گومان هەڵنەگرە ئەوەیە ئەو بارودۆخە لە وڵاتانی دیکەدا باو نەبوو.

**بڕینی کیشوەرەکان**. دوای زاڵبوون بەسەر کێشەی دارایی و تەکنیکییە گەورەکان، لە سەردەستی سایرۆس فیلد راکێشانی کێبلەکان لە رێی زەریای ئەتلەنتی تەواوبوو. لە ٢٧ یولیۆی ساڵی ١٨٨٦، پەیامێك بە خێراییەکی بێ وێنە دەریا گەورەکەی بڕی. لە ماوەیەکی زۆر کورتیشدا تۆڕی کێبڵ لەژێر ئاوی زەریاکانەوە گەیشتە هەموو ناوچە سەرەکییەکانی نیشتەجێبوون لە جیهاندا. بەداهاتنی ساڵی ١٨٧٦ ئەلیکسەندەر بیل و یارمەتیدەرە لێهاتووەکەی سەرکەوتن لە گواستنەوی دەنگی مرۆیی لە رێی تەلە کارەباییەکان. ئاوازی کۆکردنەوی شارستانی لە بواری تەکنەلۆژیای گەیاندن بەخێرایی زیادیکرد. لەو کاتەشدا قەڵشی شارستانی لەنێوان تەکنەلۆژیای گەیاندن و رێکخستنی کۆمەڵایەتییە ئاڵۆزەکان بەرتەنگ بووەوە. لە تەلەگراف و تەلەفۆنیشەوە هەنگاوێکی کورت و سروشتیی دەویست رووە و لابردنی تەلەکان و گەیشتن بە تەلەگرافی بێ تەل و لە کۆتاییشدا تەلەفۆنی بێ تەل.

## تەلەگرافی بێ تەل:

لە ماوەی پەرەپێدانی تەلەگراف و تەلەفۆن، زانایانی وەکو ڤۆڵتا و ئەمپێر و هێنری و فارادای و ماکسویل و هێرتز بەردەوام کاریان بۆ تێگەیشتن لە سروشتی بنەڕەتی کارەبا دەکرد.

گەشەی تیۆری زێدە ئاڵۆز ڕێگەی دا بەگەیشتن بە تەکنەلۆژیا، کە بەشێوەیەکی بەرچاو پێش دەکەوت بۆ بەرهەمهێنان و ئەمبارکردن و پێوان و گواستنەوە و گۆڕینی وزەی کارەبایی و بەسەردا زاڵبوونی بۆ بەکارهێنانی جیاواز. بەدرێژایی ماوەی جەنگی ناوخۆیی ئەمریکی، جیمس ماکسویل لە سکۆتلەندا گەیشتە تیۆرێکی بیرکاری بۆ شەپۆلە کارۆ موگناتیسییە لێڵەکان کەوا پێویست بوو بەخێرایی ڕووناکی بگوازرێتەوە. لە ساڵی ١٨٨٨ هنریش هێرتز گەنجێکی ئەڵمانی بوو هەبوونی ڕاستەقینەی ئەو شەپۆلانەی سەلماند و ئامێرێکی کارگەیی بۆ بەرهەمهێنان و دۆزینەوەیان دروست کرد. وای لێهات جیهانی زانستی زۆر بایەخی بەم دیاردەیە دەدا و تاقیکردنەوەی زۆر بەهۆی شەپۆلە هێرتزییەکان لەزۆر کارگەی دەوڵەتان ئەنجامدرا.

**ئامێری مارکۆنی**. لە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو، جولیلۆ مارکۆنی لە ئیتالیا کە ئەو کات لە تەمەنی بیست ساڵی دابوو، لێکۆڵینەوەی تاقیکاری بۆ شەپۆلە هێرتزییەکان و ئامێری بەکارهێنراو بۆ بەرهەمهێنان و دۆزینەوەی دروستکرد. مارکۆنی بەشێوەیەکی لۆجیکی بیریکردەوە و وای دانا ئەگەر بتوانێ مەودای ئەو شەپۆلانە بۆ چەند سەد پێیەك درێژبکاتەوە کە بەهۆی هۆکارە کارگەییەکان پێی دەگا، ئەوا هێما ئاماژە دارەکان یان کۆدییەکان دەتوانێ لەگەڵیدا بگوازرێتەوە، کە دەکرێ ئەمە بەوە بناسێنرێ کە تەلەگرافێکی بێ تەلە. بەبێ کەم تەرخەمی و دوودڵی مارکۆنی ئامێرێکی کڕی و دەستی بەتاقیکردنەوەکانی کرد و هێماکانی لەرێی باخچەی موڵکی باوکی نارد. هەرچەندە مارکۆنی زانا نەبوو، بەڵام زۆری تاقیکردنەوە ئەنجامدابوون و شوێنی خەیاڵ بوو و سەرکەوت لە چاککردن و پەرەپێدانی ئامێری کارگەیی و بەهێزکردنی بەشێوەیەك توانای ناردنی پەیامی بەخاڵی کەلێنی هەبوو لە دوورییەك، کە دەگەیشتە نزیکەی میلێك. ئەو ئامێرەشی بوو بەیەکەم تەلەگرافی بێ تەل.

بەهیچ شێوەیەك ئامانج لە ئامێری مارکۆنی پێشکەوتنی زانستی یان هاندانی زانستی ڕووت نەبوو بۆ پێشەوە، بەڵکو مەبەست لە تاقیکردنەوەکانی ئامانجی کرداری و بازرگانی دەم و دەست بوو، تیۆر و زانستی تێدا نەبوو. مارکۆنی لە ساڵی ١٨٩٧ بەپەلە چووە ئینگلتەرا بۆ ئەوەی بەرائەتی داهێنانە تەلەگرافییە بێ تەلەکەی تۆمار بکا، کە بۆ خۆی سیستەمێك بوو، بۆ هۆکار و ئامرازە کارگەییە زانراوەکان کەوا ڕێکخرابوون بەشێوەیەکی فراوان توانای

ناردن و وەرگرتنی شەپۆلە هێرتزییەکانیان بەخاڵ و بە مەرجی تایبەت بە تەلەگرافی مورسی هەبێ.

سەرسوڕمانێکی گەورە لەنێوان زانایان دروستبوو کاتێك زانیان کەرەستەکانیان لە کارگە ڕێگای خۆی دۆزیوەتەوە بۆ نووسینگەی بەرائەتی داهێنان. زۆر کەمیش لەو زانایانە بیریان لە سوودی کرداری تەلەگرافی بێ تەل کردەوە، لەوانە: کروکس، و سیر ئولیفیە لودج، و ئارنست ڕەزەرفۆرد.

**دەست خستنی خەونێکی کۆن**. هەر زوو مارکۆنی ئامێری گەورە و گەورەتری دروست دەکرد بۆ ئەوەی ماوەی زیاتر ببڕن. لە کۆتاییدا، بەهۆی پەیامە بێ تەلەکانییەوە توانی لە ئەتلەنتا بپەڕێتەوە. هەرچەندە ئەوەی مارکۆنی کردی زۆر ناخاتە سەر زانستی رووت، بەڵام لە راستیدا یەکێکە لە گرنگترین ئەو هەنگاوانەی بۆ پێشخستنی رادیۆ نراون وەکو هۆکارێکی دەم و دەست بۆ پەیوەندی کردنە دوورەدەستەکان. بەم شێوەیە، خەونی دیلابورتا بوو بەراستی. مارکۆنی بەروبوومی کۆتایی زیاتر لە سەدەیەکی تەواوی لێکۆڵینەوە زانستییەکانی لە کارگەوە دەرهێنا و دایە دەستی ئەو دەستانەی زۆر پێویستیان بە هۆکارێکی گەیاندنی خێرا هەبوو لەنێوان مەودا دوورەکاندا.

مارکۆنی بۆیە لە ئیتالیاوە چووە ئینگلتەرا، چونکە پێی وابوو ئیتالیا بەهۆی کەشتییە بازرگانییەکانی، دەبێتە باشترین بازاڕ بۆ ئەو دۆزینەوانەی پێیان گەیشتووە.(٤) چونکە بێتەل لەو سەردەمەدا هۆکارێکی پەیوەندی کردنی باو نەبوو. بەداهاتنی دەیەی نوێ لەسەدەی نوێ (١٩٠٠-١٩١٠) دا، نێوەندە بازرگانی و سەربازی و حکوومییەکان هۆکارێکیان بۆ گواستنەوەی زانیارییە نهێنییەکان کەوتە بەردەست. بەتایبەتی تەلەگرافی بێ تەلیش زۆر گونجاو بوو، بۆ ئەوەی لەسەر کەشتییەکان بەکاربێ، کە توانای هەڵگرتنی ئامێرە گەورە و گرانەکەیان هەبوو، بەڵام بۆ رەشۆکییان لەرێی خوێندنەوەی ناوە ناوەی رۆژنامەکان ئاشنای تەلەگرافی بێ تەل بوون. هەرگیز ئەوەیان بە خەیاڵدا نەدەهات، کە رۆژێك لە رۆژان ئەو ئامێرە لە ماڵەکانی خۆیان بەکار دێنن یان ژیانی رۆیشتنی رۆژانە و خێزانیان دەگۆڕی.

## لەتەلەگرافی بێ تەلەوە بۆ تەلەفۆنی بێ تەل:

کاتێك رادیۆ توانی توانای خۆی لە بەجێگەیاندنی ئەو ئەرکەی، کە مارکۆنی و ئەوانی دیکە لێیان چاوەڕوان دەکرد بسەلمێنێ، بەرێوبەرایەتییە ئابوورییە بەهێزەکان دەستییان بە

پاڵپشتی و گرتنەبەری بەرپرسیاریەتی و پەرەپێدانی کرد. هەرزوو رکابەر بۆ هەردوو کۆمپانیای بەریتانی و ئەمەریکی مارکۆنی پەیدابوون.

دامەزراوە دەریاییەکانی وڵاتە بەهێزەکانیش هیچ کاتیان بەفیڕۆ نەدا لە بەکارهێنانی بێتەل. لە کۆتاییدا کۆمپانیا کەشتیوانییەکان هۆکاری بەردەوام پەیوەندی کردنیان بەو کەشتییانەی، کە لە ناوەڕاستی دەریادان کەوتە دەست. کاتێك ئەو کەشتیانەی بەر چیا بەفرینەکان دەکەوتن یان جۆرە کێشەی دیکەیان بۆ دروست دەبوو، پەیامی بەهانا هاتنیان بۆ ئەو کەشتییانە دەنارد کە هەمان ئامێریان لەسەر بوو، بۆ ئەوەی بەهانایانەوە بێن. رووداوی لەمجۆرەش بەتەواوی سەرنجی خەڵکی بۆلای خۆی راکێشابوو. لە هەمانکاتیشدا، تەکنەلۆژیای رادیۆ لە پێشکەوتنی خۆی بەردەوام بوو. کێشە یاساییەکانیش لەبارەی داهێنانە یەك لەدوای یەکەکان دەستیپێکرد، لەکاتێکدا سەرئامەدانی رادیۆ هەڵدەستان بە چاککردنی توانا دارییەکان و هێز و زیادکردنی ئەو ماوەیەی، کە رادیۆ دەیگاتێ لەگەڵ روونترکردنی پەیامە بێ تەلەکان. کۆنگرە نێو دەوڵەتییەکانیش هەوڵی دانانی رێسای ناردن و وەرگرتنی پەیامەکانیان دەدا. لایەنە دەریایی و بازرگانییەکانیش سەدان ئێزگەی کەنارییان بەدرێژایی رۆخی دەریاکان دروست کرد. لەماوەی ئەو ساڵانەش، کە دەکەوتنە پێش جەنگی جیهانی یەکەم، تەلەگرافی بێتەل بووبە هۆکارێکی بازرگانی زۆر فراوان، بەجۆرێك بەراستی دەستی بە بەربەستی کراوەی شارستانی گەورە کرد لەنێوان تەکنەلۆژیای گەیاندن و پێشکەوتنی رێکخستنی کۆمەڵایەتی ئاڵۆز بەشێوەیەکی فراوان بڵاوبۆوە. سەرەڕای ئەوەش، هیچ کەس وەکو هۆکارێکی راگەیاندن بیری لەو هۆکارانە نەدەکردەوە، کە تاکە ئاساییەکانی کۆمەڵگە وەکو هۆکاری پەیوەندی کردن بەکاری بێنن.

**گواستنەوەی دەنگی مرۆیی**

هەنگاوی دواتر گواستنەوەی دەنگی مرۆیی بوو، بەبێ تەل، کە هەندێك لە داهێنەر و زاناکان هەوڵی بەئەنجام گەیاندنی بیرۆکەکەیان دەدا. لە راستیشدا، گواستنەوەی دەنگی مرۆڤ گرفتێکی ئاڵۆز نەبوو نەتوانرێ چارەسەر بکرێ. سیستەمی بێتەل خاوەنی خاڵ و کەلێن ئەوەی لەبەردەست بوو، بەشێوەیەك پەرەی پێدرا، کە لە رووی تەکنیکییەوە توانای وەرگرتنی ئەو پەخشانەی هەبێ ئەگەر بەشێوەیەکی گونجاو لەگەڵ هێمای نێردراو لەیەك بدرێن. لەبەرەبەیانی کریسماسی ساڵی ١٩٠٦، بەرپرسانی بێ تەلی سەر کەشتییەکان، کە شەپۆلەکانی دەریای ئەتلەنتیان دەجووڵاند بەرانبەر کەناراوەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان یەکەمین دەنگی مرۆییان

گوێ لێ بوو لەرێی دەنگدەرەکانەوە قسەی لەگەڵ دەکردن و ئەوانیش باوەڕیان بە گوێی خۆیان نەدەکرد.

ریناڵد فیسندن ئامێرێکی ئامادە کردبوو رێگای بەپەخشکردنی هێما دەدا بەبێ کۆتایی و زۆر ئالۆزتریش بوو لەو هێمایانەی، کە یەك ئاوازیان هەبوو تایبەت بوون بە خاڵ و کەلێن. هەروەك ئامێرێکی دیکەی زۆر بەهێزی دروستکردبوو، بۆ ئەوەی لە تاقیکردنەوەکاندا بەکاری بێنێ. لەم ئێوارە جەنجاڵەدا خەڵکێکی زۆر بەهۆی بێ تەلەوە قسەیان کرد. یەکێکیان دواندنێکی داو ئەوی دیکەیان شیعرێکی خوێندەوە و سێیەمیشیان کەمانی ژەند. ئیدی تەلەفۆنی بێ تەل بوو بەواقیع.

سەرەڕای سەرکەوتنە زووەکەی فیسندن لەتەلەفۆنی بێتەل، بەڵام ماوەیەکی زۆری خایاند تا وای لێهات ئەمریکاییەکان بەشێوەیەکی رێکوپێك لە ماڵەکانیاندا گوێیان لەبەرنامە رادیۆییەکان بێ. خەڵکی بایەخێکی لەرادەبەدەریان بە رادیۆ دەدا. لەهەمان ساڵی (١٩٠٦)دا، ئەوە دۆزرایەوە، کە ژمارەیەکی زۆر لەتوخمە کانزاییەکان توانای وەرگرتنی نێردراوەکانی رادیۆیان هەیە ئەگەر لە بازنەیەکی زۆر سادە بەکاربهێنرێن. توانرا ئامێری وەرگری رادیۆیی زۆر بە هەرزان دروست بکرێ کە ((ئامێری وەرگرتنی پوازی بوو))، کە لەتوانای هەر کەسێکدا بوو دروستی بکا، بە بەکارهێنانی سادەترین لێهاتوویی و زانیاری تەکنیکی و میکانیکی، تێچووی ئەم ئامێرە هێندە کەم بوو ناگوترێ. ئەمەش مانای وابوو خەڵکی لە سەرتاپای جیهان، هەتا منداڵەکانیش، دەیانتوانی گوێ لە هێمای کۆداری نێردراو لەرێی هەوا بگرن. تەنیا بەزانینی کۆدەکەش یارییەکە چێژێکی زۆری دەبەخشی و نەیاندەزانی لەچ کاتێکدا گوێیان لێ دەبێ یان هێماکەیان لە کەشتییەکەوە بۆ دێ، کە لە ناوەڕاستی زەریا نقووم دەبێ.

بەم شێوەیە، لە کاتێکدا وا پێویست بوو خەڵك فێری شیمانەکانی رادیۆ بکرێن، ئامێرێکی کریستالی یەکسان پەیدابوو، کە شەپۆلە کارۆموگناتیسییەکانی دەدۆزییەوە بۆ ئەوەی سەرکەوتنی دروست کردنی رادیۆ زیاتر بکا. هێماکانی مۆرسیش توانای راکێشانی کوڕ و کچی زۆری هەبوو ئەوانەی دەیانتوانی مۆسیقا یان وشەیەکی پەخشکراو لەهەوا وەربگرن. بەم شێوەیە سوپایەکی راستەقینە لە هەوادارانی زانستی نوێ گەشەی کرد. منداڵەکان گاڵتەیان دەکرد و ئارەزوویان دەکرد تاقیکردنەوەی کیمیا و میکانیکیان ئەنجامدەدا، رادیۆش دەرفەتی ژیانی بۆ دەرەخساندن.[٥]

دەیەی یەکەمی سەدەی نویٚ کۆمەڵێك لە چاکسازی و پەرەپێدانی  بیرۆکە نوێکانی لەگەڵ خۆیدا هێنا، بەڵام یەکێك لەو شتانە شۆڕشی لەبواری پەخش و رادیۆ داهێنا، هەروەها بناغەی هەموو ئەو پیشەسازییە ئەلیکترۆنییانەی دروست کرد، کە دوای ئەو هاتن. خاوەنی داهێنانەکە دی فورست بوو، کە ناوی لە داهێنانەکە نابوو ئۆدیۆن  audion. بەزمانی ناهونەری ئەو سەردەمە رادیۆش ناوی لێنرابوو ((پەلکە))، بەڵام ئێمە ئەمڕۆ پەلکەی بەتاڵی پیٚ دەڵێین. هەر لەو سەردەمیشەوە گۆڕدرایەوە بە هۆکاری بیٚ دەنگ کە هەمان ئەرك دەگێڕیٚ solid state devices. پەلکەی دی فۆرست ((ئۆدیۆن)) توخمی سەرەکی بوو لەدەنگ گەورەکەری ئەلیکترۆنی کە لەتوانای دابوو دەنگ گەورە بکا و هیماکانی رادیۆ وەربگریٚ و بنێریٚ. دوای پەرەپێدانیشی بوار رەخسا بۆ گواستنەوەی دەنگی مرۆیی بۆ تەواوی ناوچەکانی گۆی زەوی. وای لێهات ئامێری وەرگری رادیۆ تا رادەیەك زۆر پشتی پیٚ ببەستریٚ و توانای وەرگرتنیشی چاکتر بوو. پاشان چاکسازی و پەرەپێدانی دیکەی بەدوادا هات. بازنەی هتروداین heterodyne circuit و بازنەی سوپەر هیترۆداین super heterodyne بوونە هۆی گۆڕانکاری گەورە لە وەرگرتندا. رادیۆش سووك و بچووك بووەوە و لەماوەی جەنگی یەکەمی جیهانی، بە سەرکەوتوویی ئامێری تەلفۆن لەناو فرۆکەدا چەسپێنرا، ئەمەش لەپێناو راگەیاندنی مەودای وردی لە پێکانی ئامانجەکان بە تۆپە دوور هاوێژەکان.

## خاوەنداریەتی تایبەت و پاڵنەری قازانج:

بەشێوەیەك لە شێوەکان، خاوەنداریەتی تایبەت و پاڵنەری قازانج ئەو لایەنە کۆمەڵایەتییانە بوون، کە دەوری دەرکەوتنی رادیۆیان دابوو مایەی لەسەر وەستان بوون ((سەرسامکەر بوون)). هەردووکیان کاریان لەسەر ئاسانکاری کرد دواتریش ئاستەنگ دانە بەر هۆکاری گەیاندنی تازە دەرنەکەوتوو. هەموو داهێنانێك، گەورە یان بچووك، دەمودەست لە ویلایەتە یەکگرتووەکان و بەریتانیا و وڵاتانی دیکەش تۆمار دەکرا. وای لێهات ئاستەم بوو بتوانی چاکسازی داواکراو لە پێکهێنەرەکانی رادیۆ یا فرۆشتنی ئەو پارچە یەدەگانەی چاکسازییان تێدا کرابوو بەبیٚ تووش بوون بەکێشەی یاسایی لەبارەی مافی ئیمتیاز و بەرائەتی داهێنان بەسەربچیٚ. لە راستیدا هەموو سەرئامەدە گەورەکانی رادیۆ، لە مارکۆنییەوە بگرە خۆیان لە ململانیٚ کردن لەگەڵ یەکتردا دۆزییەوە لە دادگاکان. ((لی وی فۆرست)) یەکێك بوو لە داهێنانە سەرەکییەکانی پێکهاتەی بنچینەیی رادیۆ دەسگیرکراو تۆمەتی دەستبڕی درایە

پاڵ. لە راستیدا کێشەکە ئەوەبوو لەپشت بێتەلەوە سەروەت و سامان هەبوو دەتوانرا کۆبکرێتەوە. رکابەریش لەسەر مەزراندن و وەبەرهێنانی داهێنانی گرینگەکان لەوپەڕی دابوو بۆ دەست خستنی مافی سوود لێوەرگرتن.

لە هەمانکاتیشدا، بەملیۆنان دۆلار لەلایەن تاکەکان و دامەزراوەکانەوە بەخشرا بۆ یارمەتیدانی داهێنەران بەمەبەستی چاکترکردنی بیرۆکەکانیان بەپلە یەك وای لێهات بتوانرێ بفرۆشرێن. لە شیکردنەوەی کۆتایشدا، ئەو پاڵپشتانە وەکو قەرەبووکردنەوەیەك وابوون بۆ زۆرێك لەو ململانێیانەی، کە بۆ رادیۆ هاتبوونە ئارا لەوانە چەمکی خاوەندارییەتی تایبەت و قازانجی هاوبەش و قۆستنەوە ی بازرگانی.

جەنگی یەکەمی جیهانی بووە هۆی دەرکەوتنی پێویستی سەربازی زۆر بۆ چاکترکردنی دەزگای رادیۆ. لەم جەنگەشدا تەنیا رێکخستنی نوێ و توانای مرۆیی و داریی پێویست بۆ چارەسەرکردنی گرفتە تەکنیکییەکان بەرهەم نەهات، بەڵکو کاریگەرییەکی دیکەی زۆر گرنگیشی هەبوو.. هەموو داوا قەزاییەکان، کە تایبەت بوون بەبەرائات و داهێنان راگیران بەدرێژایی جەنگ. حکوومەتی فیدراڵی دەسەڵاتی تەواوی بەسەر پیشەسازی نوێدا دا هەبوو، ئەو دەسەڵات شکانە ناوەندییەش بووە هۆی یارمەتی هاوبەشی نوێ لە بواری پێشکەوتنی تەکنیکی، کە ئەگەر لەماوەی ئاشتیشدا با، ئەوا کاتی زیاتری پێویست بوو.

## سندوقی مۆسیقا یان رادیۆ:

ئەستێرە و ئەندازیارێکی رادیۆیی گەنج بەناوی دێڤد سارنۆڤ لەناو کۆمپانیای مارکۆنی ئەمریکی بەخێرایی دەرکەوت. ناوبانگێکی زۆری پەیداکرد لەکاتی نقوومبوونی کەشتی خێرنەدەری ((تایتانیك)) کاتێك چیایەکی بەفر پارچەی کرد و ئەویش لە ناوەڕاستی زەریای ئەتلەنتی دابوو. سارنۆڤ بەدیار کلیلی تەلەگرافەکەی، کە لە یەکێك لە ئێزگەکانی رادیۆی شاری نیویۆرکدا بوو مایەوە، بەمەبەستی تێگەیشتن لەو کۆدانەی لە شوێنی کارەساتەکەوە دەهاتن. بۆ ماوەی سێ شەو و سێ رۆژ، رای گشتی کە تووشی شۆك ببوو لەدوا هەواڵەکانی ئەو رووداوە مەرگەساتبارە ئاگادار دەکردەوە. پاشان لە کۆمپانیادا لەشوێنی خۆی بۆ شوێنی گرنگتر لەناو هەمان کۆمپانیادا گوازرایەوە. لە ساڵی ١٩١٦ سارنۆڤ نووسراوێکی بۆ سەرۆکەکانی بەرزکردەوە. کاریگەری ئەو نووسراوە، کە ئێستا بەناوبانگە، هاوشێوەی ئەو کارەیە، کە بنیامین دای پێش چەند سەدەیەك لەبەرانبەر ئامێری چاپدا کردی. هۆکارێك

پەیدابوو لەرووی ئابوورییەوە قازانجی هەیە و دەکرێ لە ڕێگەیەوە رادیۆ وەکو هۆکارێکی گەیاندنی جەماوەری بۆ خێزانە ئاساییەکان بەکاربێ. هەرچەندە کۆمپانیا راستەوخۆ بەقسەی سارنۆڤی نەکرد، بەڵام لە پێشبینی کردن لە ئادگارە سەرەکییەکانی بێتەل وەکو هۆکارێکی پەیوەندی کردنی جەماوەری سەرکەوتووبوو کاتێك نووسی:

پلانێك لە مێشکمدا بۆ ئەو پەرەپێدانە وا دەکات بێتەل ببێتە ئامرازێکی ماڵەوە وەکو پیانۆ و فۆتۆگراف. بەکورتی بیرۆکەکە گەیاندنی مۆسیقایە بۆ ماڵەکان بەهۆی بێتەلەوە.

هەرچەندە هەوڵدانی لەمجۆرە لە رابردوودا کراون بەبەکارهێنانی تەلەکان، بەڵام هەرەسیان هێناوە، چونکە تەلەکان گونجاونەبوونە بۆ ئەو پرۆژەیە. کەچی لەگەڵ رادیۆدا ئەم کارە بەتەواوی دەکرێ ئەنجامبدرێ. بۆ نموونە، ئەگەر مەودای ناردنی ئامێری تەلەفۆنی بێتەل بگاتە ماوەیەك کە لەنێوان ٢٥ و ٥٠ میل دابێ، ئەوا دەتوانرێ لەسەر خاڵێکی دیاریکراو دابنرێ، کە مۆسیقای ئامێری یان دەنگی یان هەردووکیان بنێردرێن، بەڵام ئامێری وەرگر دەکرێ لەسەر شێوەی سندووقێکی مۆسیقای بێتەل (رادیۆ) Radio Music Box دروست بکرێ و ئامادە بکرێ بۆ وەرگرتنی چەندین شەپۆل کە لە درێژیدا جیاوازن و دەکرێ بەهۆی کلیلی گۆڕینەوە یان بەهێز خستنەسەر دوگمەیەك بگۆڕدرێن.

دەکرێ سندوقی مۆسیقای بێتەل (رادیۆ) پەلکە و مایکرۆفۆنی بەمەبەستی گەورەکردنی دەنگ بۆ زیاد بکرێن، کە هەر هەموویان لە سندوقێکدا جێگایان دەبێتەوە. دەکرێ ئەو سندووقەش لە ناندین یان ژووری دانیشتن دابنرێ کە دەتوانێ مۆسیقای پەخشکراو وەربگرێ.

دەکرێ هەمان بنەما بۆ زۆر بواری دیکەی وەك وەرگرتنی وانەکان لەماڵەوە کە دەتوانرێ لەرێی دەنگدەرەکانەوە بەروونی ببیسترێ، پەیڕەو بکرێ. هەروەها ئەو رووداوانەی گرنگی نەتەوەییان هەیە دەکرێ رابگەینرێن و دەمودەستیش وەربگیرێن. هەروەك لە توانادایە گۆڵەکانی یاری بیسبۆڵ لە رێی بێ تەل بە بەکارهێنانی یەکەیەکی ناردن لەناو یاریگادا بگوازرێنەوە. هەمان شتیش لەسەر شارەکانی دیکە پراکتیزە دەبێ، کە ژیان تێیاندا ئاسان نییە بەتایبەتی جوتیاران و ئەوانی دیکەش، کە لە دەرەوەی شارەکان دەژین، بەڵام دوای کڕینی سندووقی رادیۆ دەتوانن چێژ لە ئاهەنگی مۆسیقا و وانە و مۆسیقا و رۆمانەکان..هتد، وەرگرن. هەرچەندە من کەمێك لەو بوارانەم روون کردەوە، کە شیمانەی زۆریان لێدەکرێ بەبەکارهێنانی ئەم هۆکارە، بەڵام بواری زۆری دیکەش هەن، کە دەکرێ هەمان ئەو بنەمایانەیان لەسەر پەیڕەو بکرێ.[٦]

ئەگەر سارنۆڤ ریکلامی بازرگانی و نواندنی بۆ رادیۆ زیادبکردبا، ئەوا وەسفەکە بۆ رادیۆ وەکو هۆکارێکی پەیوەندی کردنی جەماوەری تا رادەیەك کامڵ دەبوو. لەماوەی دە ساڵدا، رادیۆ بوو بە هۆکارێکی پەیوەندی کردن بۆ بەکارهێنانی لەماڵدا، ئەوەش یەکجار نزیك بوو لەو پێشبینییەی، کە دێڤد مارنۆڤ بۆ رادیۆی کردبووی. پێشنیازەکەی سارنۆڤ لەسەر پراکتیزەکردن تەکنەلۆژیای رادیۆ لەسەر ئەو بەکارهێنانە خەیاڵی و نوێ و کارەکییە لەیەککاتەدا، لە دووربینی و ئەودیوبینی دەگاتە پلەی هزری مارکۆنی تایبەت بەدەرهێنانی هۆکارە کارگەییەکان و بەکارهێنانی وەك تەلەگرافی بێتەل. سارنۆڤ خۆشی رۆڵێکی گەورەی هەبوو لەو گۆڕانکاریانەدا. لە ماوەیەکی کورتیش بوو بە بەڕێوەبەری کۆمپانییایەکی نوێ لەبواری رادیۆ و لە توانایدا بوو خەونەکەی بگۆڕێت بۆ حەقیقەت.

### کێشەی باڵادەست بوون:

هەوڵی لاواز دران بۆ درێژەدان و بەردەوام بوونی باڵادەستی حکوومەت لەسەر بێتەل و بەرلەوەی جەنگی گەورە کۆتایی پێ بێ، بەڵام هەوڵەکان بەبا چوون لە رووبەڕووبوونەوەیان لەگەڵ هاوارەکانی بەرژەوەندی تایبەت. هەروەك حکوومەتی فیدراڵی رێگەی دا بەوەی دەسەڵاتی تەلەگراف لە دەستی کەرتی تایبەتدا بێ، بەهەمان شێوە هۆکارە نوێیەکەی پەیوەندی کردنی جەماوەریش (رادیۆ) دایەدەست بەرژەوەندی بازرگانی. بەم هەنگاوە، رادیۆ وا ناسێنرێ، کە گۆڕپانی رکابەری بازرگانییە بەپێچەوانەی ئەوەی، کە پێشتر وەکو هۆکارێکی پەیوەندی کردنی جەماوەری لێی دەڕواندرا، کە حکوومەت هەڵدەستا بەئیش پێکردنی و لەژێر چاودێری دامەزراوە حکوومییەکاندا بوو. ئەو بڕیارەش شوێنەوار و باجی دووری لێکەوتنەوە کە وا ئەمڕۆش ئێمە تیایاندا دەژین. هەروەك کۆمەڵگەکانی دیکەش ناساندنی جیاوازییان بۆ باڵادەست بوون لەسەر رادیۆ دانان. هەروەك دامەزاروە رادیۆییەکان، کە لە وڵاتانی وەکو بەریتانیای گەورە و یەکێتی سۆڤیەت و وڵاتانی دیکەش پەرەیان پێدرا بەتەواوی پێچەوانەی ئەوەبوون کە لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا پراکتیزە کرا. ئەمە مانای وانییە، کە ئەو دامەزراوانە چاکتربوون، بەڵکو بەهۆی بڕیار و رووداوە سیاسییەکان زۆر جیاواز بوون.

هەرکە باڵادەستی حکوومی لەسەر رادیۆ نەما، دامەزراوە بازرگانییە ئەمریکی و بەریتانییەکان، ئەوانەی لەماوەی جەنگدا دەرکەوتبوون، دەستییان بەجەنگان کرد داخۆ کامەیان ئەو باڵادەستییە دەبەنەوە. لە کۆتاییدا، کۆمپانیای جەنەڕاڵ ئەلکتریك پشکە

بەریتانییەکەی لە کۆمپانیای مارکۆنی ئەمریکی کڕییەوە و کۆمپانیایەکی نوێی بەناوی وڵات دامەزراند (روونە کە باڵادەستی کۆمپانیا بیانییەکانی دەرەواندەوە) کۆمپانیای ئەمریکاش بۆ رادیۆی نوێ (R.C.A ) سەرکەوتوو بوو لە لێکدانی چەند دامەزراوەیەکی بەرائاتی داهێنانی ململانێکار و باڵادەستی لەسەر تەلەگرافی بێتەل و رادیۆی لە ویلایەتە یەکگرتووەکان بەچەند پشکێکی ئەمریکی بەخشی. لەساڵی ١٩١٩دا، دێڤد سارنۆڤ، کە خاوەنی بیرۆکەی سندووقی مۆسیقای رادیۆ بوو، وەکو یەکەمین بەڕێوبەری بازرگانی ئەو کۆمپانیایە دانرا.

## دەستپێکی رادیۆی پرۆگرام بۆ دارێژراو:

ماوەیەکی کورت دوای جەنگی جیهانی دووەم، کۆمپانیای ویستنگهاوس کە کۆمپانیایەکی ئەمریکی گەورەیە بۆ دروستکردنی ئامێرە کارەباییەکان، هەوڵیدا بچێتە ناو بواری تەلەگرافی نێو دەوڵەتییەوە. ویستنگهاوس بەشێوەیەکی تایبەتی یان بەدەر سەرکەوتوو نەبوو، هۆکاری سەرەکی ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ رکابەرەکەی کۆمپانیای رادیۆی ئەمەریکا (R.C.A) کە زۆرینەی بەرائاتی داهێنانەکان هی ئەو بوون. سەرەڕای ئەوەش هەندێك لە بەڕێوبەرەکانی گرنگییان بەبواری تەلەگراف و بێتەلی نوێ دەدا. کۆمپانیاش لێکۆڵینەوەی مەزنی لەو بوارانەدا ئەنجام دا. دکتۆر فرانك کونراد بەرپرس بوو لەسەر تاقیکردنەوەکان لە بواری ئامێری ناردنی میللی و نوێی لەمجۆرە. بۆ کارەکەشی، ئەو تەنیا ئامێرێکی ناردنی بەمەبەستی تاقیکردنەوە لە کارگەکانی ویستنگهاوس دروست نەکردبوو، بەڵکو دانەیەکی لەسەر گەراجی ئۆتۆمبێلەکەی قایمکردبوو تا بتوانێ لە شەویشدا لەکارکردن بەردەوام بێ. دوای ساڵێکیش لە ئەپریلی ١٩٢٠دا مۆڵەتی فەرمی بۆ ئامێری ناردنەکەی وەرگرت لەژێر ناوی ئێزگەی ٨ ئێکس کەی (xk٨). کونراد دەستی بەپەخشکردنی هێماکردن لە ئێوارەدا لەکاتی کارکردن لەسەر ئامێرەکەی بۆ ئەو چاکتری بکات. هەر زوو دەرکەوت کە خەڵکی ناوچەکە گوێیان لە هێماکانی دەبێ بە بەکارهێنانی ئامێری وەرگرتنی ئاریەل کە لەلایان هەبوو. ئەمەش لە سەرەتادا وەکو بەخششێك وابوو، چونکە قسەکردن و پسوولە و پەیوەندیی تەلەفۆنیی گوێگران، ئەو دووریەی بۆ روونکردەوە کە پەیامەکەی ئەوی دەگاتێ لەگەڵ روونکردنەوەی پلەی روونی پەیامە گەیشتووەکە. سەرەڕای ئەوەش، دوای تێپەڕینی کاتێکی زۆر، بازنەی گوێگرەکان ئاریەلەکانی بۆ وەرزکردن گۆڕا. وای لێهات گوێگرەکانی داوای پەخشکردنی گۆرانییە تایبەتییەکانیان لێدەکرد، هەروەك لەکاتی سەیر و نەگونجاو داوایان

لێدەکرد ئەو تۆمارانە پەخش بکات، کە لای ئەوان پەسندبوون. دکتۆر کۆنراد ئەو کێشەیەی لە ڕێی ڕێکخستنی رادیۆ کەی چارەسەرکرد. بەیارمەتی یەکێك لەو کرێکارانەی لە بواری فۆنۆگراف لە ناوچەکەدا کاری دەکرد، توانی لە هەفتەی دووجار هەموو ئێوارەیەك دوو کاتژمێری بەردەوام مۆسیقا پەخش بکا. ژمارەی گوێگران بەخێرایی زیادی کردوو خانەوادەی دکتۆر کۆنرادیش بە گەرمییەوە هاتنە ناو ئەو گەمەیە تابن بەیەکەمین یانەی مۆسیقا.

**چالاککردنی فرۆشتنی ئامێر**. هەموو ئەو چالاکییانەی بوونە هۆی زیادبوونی داواکاری لەسەر ئامێری وەرگرتن لە ناوچەکەدا. ئەوەش روون بووەوە، کە پیشەسازی ئامێری لەو جۆرە دەتوانرێ قازانجی دارایی لێ وەدەست بێ. ئەو توانا بازرگانیانە لەهۆشی بەرپرسانی کۆمپانیای ویستنگهاوس ئامادەییان هەبوو و بڕیاریاندا ئێزگەیەکی ناردنی گەورە لە ((ئیست پیتسبیرگ)) دروست بکەن بەمەبەستی چالاککردنی فرۆشتنی ئامێری وەرگرتنی ماڵەوە کە خۆیان دروستی دەکەن، لەگەڵ فرۆشراوی پارچە یەدەگەکان ئەوانەی کە ئارەزوومەندان بۆ کارپێکردنی ئامێرە تایبەتەکان بەکاریان دەهێنا. ئەمەش ئەو ڕێگەیە بوو، کە بەهۆیەوە ئێزگەی کەی. دی. کەی. ئەی (K.D.K.A) لە پیتسبیرگ لە ساڵی ١٩٢٠ دروستبوو.

لەگەڵ ئەوەی دێڤد سارنۆڤ بوو بەر لە چەند ساڵێك پێشبینی سندوقی مۆسیقا رادیۆی کردبوو، بەڵام بڕیاری هاری دیڤیزی جێگری سەرۆکی کۆمپانیای ویستنگهاوس بەتەواوی وەکو شهادەی لەدایك بوون بوو، بۆ بەکارهێنانی بازرگانی ئامێری رادیۆ لە ماڵدا. وای دەبینی کە بنیاتنانی ئێزگەی ناردنی ڕێکخرا و کە ئەو کۆمپانیایە بەڕێوە دەبات، کە خۆی ئامێری وەرگرتن دروست دەکات، دەبێتە هۆی دەسکەوتنی قازانجی زۆر لە فرۆشتنی ئامێری وەرگرتن بۆ پڕکردنەوەی پەخشکراوەکانی کارپێکردنی ئێزگەکە. هەرچەندە ئەو بنچینە داراییەی رادیۆ ماوەیەکی زۆر گۆڕابووەوە بەفرۆشتنی پەخشی رادیۆیی بۆ ریکلام، بەڵام ئەو لەم کاتەوە بەهەموو مانای وشەکە بنچینەیەکی کارەکی بوو، بۆ ئەوەی رادیۆی وەکو هۆکاری راگەیاندن بۆ بەکارهێنان لە ماڵدا لێ دروستبێ.

لەو کاتەدا راگەیەنرا، کە ئەو ئێزگە رادیۆییە بەشێوەیەکی راستەوخۆ ئەنجامی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ساڵی ١٩٢٠ پەخش دەکا. ئامانجیش لەوە چالاککردن و هاندان و گرنگیدان بوو بە ئێزگە نوێکە، بێگومانیش بۆ برەو دان بوو بۆفرۆشتنی ئامێری وەرگرتن. ئێزگە هەواڵە گرنگەکانی بەهۆی تەلەفۆنەوە لە یەکێك لە رۆژنامە نزیکەکانەوە وەردەگرت و ئەنجامەکانیشی هەرکە پێی دەگەیشت لە ئێوارەی ١١ی نۆڤێمبەر پەخش دەکرد . جەماوەرێك کە رێژەکەیان

نزیکەی هەزار و پێنج سەد گوێگر دەبوو بەشێوەیەکی راستەوخۆ گوێبیستی سەرکەوتنی دوایین هاردینگ بوون وەکو سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا. ئەو رووداوەش سەرکەوتنێکی یەکجار گەورە بوو، بۆ رادیۆ.. و خەونی دێڤد سارنۆڤ گۆڕا بۆ حەقیقەت.

**پتربوونی بایەخدانی گشتی**. کارەکەی پیتسبیرگ بەشێوەیەك سەرکەوتوو بوو هانی ئەوانی دیکەشیدا بۆ بەخێرایی دانانی ئێزگەی دیکە. ئێزگەی پەخشی پێشکەوتنی رادیۆ رێکخراوەکانی نیویۆرك لە ساڵی ١٩٢١ دەستی پێ کرد. ئێزگەی دیکەش لە نیو ئارك و شارەکانی دیکەی ئەمریکا بەدوای داهاتن. بەم شێوەیە، هەر زوو زۆر رکابەر بۆ ویستنگهاوس پەیدابوون و بایەخی خەڵکی بۆ رادیۆ زیاتر بوو و بڵێسەی وەرگرتنی هێمای نوێ ئەوانەی بەهەوادا بڵاودەکرانەوە پەرەی سەند، بە لەبەرچاوگرتنی درەوشانەوە و کاریگەری مێژووی کورتی رادیۆ. چیرۆکە درامییەکان و حاڵەتەکانی رزگارکردنی لە دەریا و گەشتە فرۆکەوانییە چاو نەترسەکان بەسەر بیابان بە بەکارهێنانی تەلەفۆنی بێتەل و ململانێی کۆمپانیا گەورەکان بۆ دەست گرتن بەسەر تەلەگرافی بێتەل، رۆڵیان هەبوو لەو گرنگی پێدانە زۆرەدا. ئەو بایەخدانە شاراوەیەش بەرادیۆ لەپڕ گۆڕا بۆ هستریایەکی راستەقینە کاتێك، کە ئێزگە نێرەرەکان لەکاتی دیاریکراودا ئەو مۆسیقاو گۆرانیانە یان پەخش دەکرد، کە خەڵکی دەیانتوانی لە شارەکانی خۆیان وەریان بگرن. ئیدی دەنگی خەڵك بۆ داواکردنی رادیۆ بەرزدەبووەوە. بەهاتنی ساڵی ١٩٢٢، کۆمپانیاکانی دروستکردنی ئامێری پێشوازیکردن لە توانایدایە نەما داواکاری هەموو ئەو خەڵکەی داوای ئەو ئامێرەیان دەکرد پڕبکاتەوە. لەماوەی پێوانەییدا ئێزگەی نوێی دیکەش بنیاتنان. لەماوەی نیوەی کۆتایی ساڵی ١٩٢١، رێگەدرا بە بنیاتنانی ٣٢ئێزگەی نوێ، بەڵام لە نیوەی یەکەمی ساڵی ١٩٢٢دا، ئەم ژمارەیە بۆ ٢٥٤ ئێزگەی بەرزبووەوە!! رادیۆ وەکو هۆکارێکی راگەیاندنی جەماوەری هاتە مەیدان، هەرچەندە کۆمەڵێك کێشە هەبوون پێویستییان بە چارەسەری هەبوو، لەوانە کەلو پەلە ماڵییەکان و ناوەڕۆکی بابەتەکانی رادیۆو جێبەجێکردنی تەکنیکی و هونەری ئەو ئامێرە.

## گرفتەکانی چوونە ناوو تەمویل:

یەکێك لە کێشە بەراییەکانی دووچاری ئامێری رادیۆی ماڵی بووەوە بەهۆی جەماوەرەکەیەوە بوو، چونکە رێژەیەکی دیاریکراو لەلەرەری بەردەست و گونجاو هەبوون بۆ رادیۆ لە سەرەتادا، هیچ هەوڵێك لەلایەن حکوومەت یان دەستەی تایبەت نەدرا بۆ

ڕێکخستنی لەلەرەکان (شەپۆلەکان)کە ئێزگەکانی پەخش و ناردن لە ناوچەیەکدا بتوانن بەکاری بهێنن. یاسای رادیۆش کە لەساڵی ١٩١٢ دەرچوو بوو ئەو لەرەلەرانەی دیارنەکردبوو، کە ئێزگەی رادیۆ تایبەتەکان بەکاری دێنن. وەزیری بازرگانی، ئەوەی کە ڕێگای بەئێزگە نوێکانی ناردن دەدا، هەردوو لەرەی ٧٥٠ کیلۆ سکیلی و ٨٣٣ کیلۆ سکیل هەڵبژاردبوون و یەکێك لەو دوو لەرەلەرانەی بۆ هەموو ئێزگەکان دیاریکردبوو.

**ململانێ لەسەر کەناڵە رادیۆییەکان و رکابەری لەنێوان ئێزگەکانی ناردن.** لەگەڵ زیادبوونی خێرایی وێستگەکانی ناردن، نموونەیەکی بێزارکەر دەرکەوت لە چوونە ناویەکی ئێزگەکان، کە پەخشی ئێزگەیەك دەچووە سەر پەخشی ئێزگەیەکی دیکە کە لە نزیك خۆی کاری دەکرد. ئەو جۆرە چوونە سەر یەکەش ئاسان نەبوو دەستی بەسەردا بگیرێ. زۆرێك لە ئێزگەکان بە ڕێککەوتنی نافەرمی ڕێککەوتن لەسەر دیاریکردنی کاتی پەخش. هیچ دەسەڵاتێکی یاسایی نەبوو پێگەی جیاواز لە چوارچێوەی لەرەلەر یان درێژی شەپۆلە رادیۆییەکان بۆ هەر ئێزگەیەك دیاری بکا و پابەندبوون بەو سنووردارییەش دیاری بکا. روونە کە کێشەی لەم جۆرەی بە لایەنێکی بەوەك حکوومەت نەبا بەکەس چارەسەر نەدەبوو، بەڵام هیچ بڕیارێك نە لەکۆنگرێس و نە لە دەوڵەت نەبوو، بۆ پێکهێنانی ئەم لایەنە چاودێرییە. وەزارەتی بازرگانیش تەنیا ڕێگەی دەدا بەکارپێکردنی ئێزگەی ناردن و هیچی دیکەی نەدەکرد. بەم شێوەیە، پشێوی بەهۆی نەبوونی چاودێری یان باڵا دەستی لەسەر ئەو گرفتە تەکنیکە وردە وردە زیادی دەکرد.

لە هەمانکاتیشدا، رادیۆ بەئاوازێکی زۆر خێرا پێش دەکەوت. لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٢٢دا، ئێزگەی دەبلیو. جی. زێت (W.j.Z) لەنیو ئارك بەسەرکەوتوویی یارییە وەرزشییە گرنگەکانی پەخش کرد. ئێزگەکانی دیکەش دەستییان بەپەخشی ئۆپێراو ئاهەنگی مۆسیقا و هەواڵی مۆسیقا و سەماو وانەکات و خزمەتگوزای کڵێساکان زۆر ڕووداوی دیکە کرد. هەندێك تاقیکردنەوەی خۆبەخشی ئەنجامدران بۆ دوورکەوتنەوە لە کەوتنە سەریەکی پەخشی ئێزگەکان، بەجۆرێك ئێزگە لەیەك نزیکەکان بەرنامەکانی خۆیان لەسەر شەپۆلی درێژی لەیەك جیاواز کە مەودای نێوان هیچ کامیان لە ٢٠ مەتر کەمتر نەبوو پەخش دەکرد. سەرەڕای ئەوەش کەڵەکەبوونی گرفتەکە بەردەوام بوو.

هەروەها تاقیکردنەوەی سەرکەوتوو لەسەر تۆڕی رادیۆییەکان ئەنجامدرا، دەرکەوت زۆرێك لەو ئیزگانەی بەهۆی تەلەوە بەیەکەوە بەستراونەتەوە دەتوانن لەیەککاتدا هەمان بەرنامە پەخش بکەن. هەڵچوونیش رووە و بنیاتنانی ئێزگەی ناردنی نوێ بەردەوام بوو. بەهاتنی ساڵی

١٩٢٣ ئەو ئێزگانەی لە زۆربەی شارە گەورەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا بڵاوببوونەوە.

**نرخی رادیۆ**. هۆکاری راگەیاندنی نوێ بەهۆی دوو گرفتی سەرەکییەوە بەردەوام دەیناڵاند.. گرفتی هونەری تایبەتی کەوتنە سەریەکی رادیۆکان لەتوانادا نەمابوو دەسەڵاتی بەسەردا بشکێ.. لە هەمانکاتیشدا گرفتی دانی نرخی رادیۆکان لەئارادا بوو. لە کاتێکدا کۆمپانیا بەرهەمهێنە گەورەکان ئامێری کارەبایی دەیانتوانی یارمەتی ئەو ئیزگانە بدەن کەسەر بەوانەوەن بەپێی فرۆشراوی ئامێرە کارەباییەکان، بەڵام ئەوە وەکو ئەم وەکو ناوەندێکی سنووردار وابوو لە چاکترین شیمانەیدا و هەرگیز بۆ کەڵکی بۆ خاوەن ئێزگەکان نەبوو، و کەڵکەکەی تەنیا بۆ کۆمپانیای بەرهەمهێنەکانی ئامێرە کارەباییەکان هەبوو.

بەهاتنیساڵی ١٩٢٣، گەرموگوڕیەکەی سەرەتا، بۆ دانانی ئێزگەی ناردنی رادیۆیی، دەستی بە زیندووبوونەوە دوای ئەوەی راستی دارایی ئاستەنگ لەبەر روون بوونەوە و لەسەر هەموو ئێزگەیەکیش پێویست بوو رووبەڕووی ببێتەوە. بەکورتی، هیچ قازانجێکی دارایی لەپشت کارپێکردنی ئێزگانە لەئارادا نەبوو، و ئیدی زۆرینەیان توانای کارکردنیان نەما، تەنیا ئەوانە نەبێ کە سەرچاوەی دارایی دیکەیان هەبوو.

دوای ئەوەی پەخشی رادیۆیی لەسەرتاسەری ئەمریکادا ساڵێکی تەواوی تێپەڕکرد، هاوینی ١٩٢٣بواری رەخساند بۆ پێداچوونەوەی بەوەی کە چی روویداوە. ئەمەش بەراستی تاقیکردنەوەیەکی بێزارکەر، بەنزیکەیی دەفتەری دارایی هەموو ئێزگەکان زیانی ماددیان دەردەخست و هەموو سامانەکان بەشەپۆلێکی هەڵچوونی شێتانە بەباچوون. لەسەرەتاکانی مانگی دیسێمبەری ساڵی ١٩٢٢ دا وەزارەتی بازرگانی ئاماژەی بەوەستانی ٢٠ ئێزگەداو تەنیا لەو مانگەدا. لەگەڵ داهاتنی هەر مانگێکی دیکەش ئەو ئیزگانەی کە پەخشییان رادەگرت بەشێوەیەکی بەرچاو لەزیادبووندا بوون. لەنێوان ١٩ی مارچ و تا ٣٠ ئەپریلی ١٩٢٣ چل و دوو ئێزگە دەستبەرداری ئەو مۆڵەتە بوون کە پێیان درابوو. لە مانگی مایۆ ٢٦ ئێزگە لە کارەکانیاندا هەرەسییان هێنا. مانگی یونیوی ساڵی ١٩٢٣ پێش پەنجا ئێزگە لەکاروەستان و بێ دەنگ بوون. لە مانگی یولیوشدا بیست و پێنج ئێزگە روخسەتەکانی خۆیان گەڕاندەوە. بەم شێوەیە، ماوەی نێوان نۆزدەی مارچ تا ٣١ی یولیوی ئەم ساڵە، وەستانی ١٤٣ ئێزگەی بەخۆیەوە بینی[٧].

**هەوڵەکان بۆ گەیشتن بەچارەسەر**. سەرەڕای بوونی ئەو گرفتانە، خەڵکی بێ بەش نەبوون لە رادیۆ. ساڵانی ناوەڕاستی بیستەکان لە سەدەی ئێستاماندا ساڵانی خۆشگوزەرانی ئاسوودەیی بوو بۆ زۆربەی ئەمریکاییەکان. یادەوەرییە ناخۆشەکانی جەنگی گەورەش وردە وردە دەسڕانەوە. نەتەوەی ئەمریکا دەستی بەچوونە ناو گەشەی پیشەسازی دارایی کرد. وای لێهات شێوازی کڕینی بەقست بووە پاژێکی فراوان لە بواری قەردەکان، کە دەستی گرتنی پێگەیەکی رەخساو کردبوو لە پەیکەری ئابووریدا. هیچ کەس پێشبینی ئەو داڕمانەی نەدەکرد، کە لە مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٢٩ دەستییپێکرد. کڕینی بەقست بۆ ئەو خێزانانەی پارەی کەمیان دەست دەکەوت کاری ئاسان کردبوو، بۆ شتومەکی وەك ئامێری وەرگرتنی رادیۆ. جەماوەری گوێگری رادیۆ زیادی کردوو وەزیری بازرگانی هربرت هوفی تووشی فشارێکی زۆربووەوە بۆ دۆزینەوەی رێگە چارەیەك بۆ نەکەوتنە پەخشی رادیۆکان. بەراستی هوفی گەیشتە سیستەمێك بۆ دیاریکردنی درێژی شەپۆلە جیاوازەکان بۆ ئێزگە جۆراوجۆرەکان، بەڵام هەوڵەکان بۆ جێبەجێکردنی ئەو سیستەمە بەتەواوی سەرنەکەوتن. ئەم بیرۆکەیەش لای ئەوانە پەسند نەبوو ئامێرێکیان هەبوو، کە تەنیا توانای وەرگرتنی یەك لەرە لەری سەرەکی هەبوو. هەروەك نێوەندێکی کارەکی نەبوو، بۆ پابەندبوون بە درێژی شەپۆلە دیاریکراوەکان.. هەندێك لە رادیۆکانیش بەتەواوی پلانەکەیان پشتگوێ خست: لەلایەکی دیکەوە، زۆرێك لە ئێزگە گەورەکان، کە بەرنامەکانیان بەشێوەیەکی رێکوپێك پەخش دەکرد پابەندبوون بە درێژی شەپۆلەکان، کە وەزیری بازرگانی دایانبوون. بەراستیش لەو لایەنەدا سەرکەوتنی بەدەستهێنا.

پیشەسازیش فشاری یەکجار گەروەی دەخستە سەر وەزارەتی بازرگانی، نەتەنیا بۆ رێکخستنی لەرەلەرەکان، بەڵکو بۆ سنووردانان بۆ رێژەی ئەو ئیزگانەی کە دەتوانن مۆڵەتی کار لەیەك ناوچەدا وەربگرن هەروەها خەڵکی هەستییان بە بێزاری و داهێزران دەکرد لەدەست ئەو دەنگە نەشازانەی شەوانە لە ئامێرەکان دەردەچوون. وای لێهات کێشەی کەوتنە سەر یەکی شەپۆلەکان بەرگەی نەدەگیرا. ئامێرە کۆنەکانی ناردن، کە لە رادیۆ دەریاییەکان بەکاردەهات و ئەوانەی، کە کۆدی مۆرسیان بەکاردێنا و ئێزگە بەهێزەکانی ناردن ئەوانەی کە بەرنامەکانیان بە رێك و پێکی پەخش دەکرد، لە رێی شەپۆلەکانی هەواوە جنێو و لەعنەتییان بۆ یەکتری دەنارد.

لەماوەی نێوان ١٩٢٢ تا ١٩٢٥ چوار کۆنگرەی گەورە بۆ تاوتوێکردنی گرفتەکانی رادیۆ لە واشنتۆن بەستران. هەڵوێستی حکوومەت ئەوەبوو، کە پیشەسازی خۆی بەرپرسە لە پاککردنەوەی ماڵی خۆی. رۆژنامەکان رێگای خۆیان گرتبووە بەر بەبێ چاودێری حکوومەت و

لە راستیشدا لە دژی حکوومەت دەجەنگان. پیشەسازی فیلمیش بەرهەمەکانی خۆی یادکردەوە. هەستی باو لای زۆربەی بەرپرسە حکوومییەکان ئەوەبوو، کە لە چوارچێوەی سیستەمی سیاسی جەخت لەسەر رێزگرتن لە موبادەرەی تایبەت دەکاتەوە، دانانی چاودێری فیدراڵیش لەسەر رادیۆکان دەبێتە پێشینەیەکی ترسناك. لە راستیدا کۆنگرێس بەردەوام رەتی دەکردەوە چاو لەو پرۆژانە بکا لەسەر ئەو بابەتەبوون. تاکە یاسایەك کە بۆ رادیۆ لە ئارادابوو یاسای کۆنی رادیۆی ساڵی ١٩١٢ بوو کە زۆرکۆن ببوو دەستی لێ شۆردرابوو.

چارەسەری ئەو گرفتە بەسەپاندنی دەسەڵاتی حکوومەتیش کارێکی ئاسان نەبوو، چونکە سزا و ئاڵۆزیی نێودەوڵەتی تێدابوو بەلەبەر چاوگرتنی  ئەوەی تەلەگرافی بێتەلیش پێویستی بەرێکخستن هەبوو. سەرەڕای ئەوەش هەزاران ئارەزوومەندی هەبوو پێویست بوو مافیان بپارێزێ، چونکە تەنیا ٥٠٠ رادیۆی نەبوون بەشێوەیەکی رێك کاریان دەکرد، بەڵکو نزیکەی ١٤٠٠ ئێزگەی بچووك خاوەن هێزی کارەبایی دابەزیو هەبوون، کە تەنیا ئەو کاتانە کاریان دەکرد، کە خاوەنەکانیان دەیانەویست. بەمەبەستی وەرگرتنی ئەو هێما تیکچرژاوانە، ئەمریکاییەکان ١٣٦ ملیۆن دۆلاریان تەنیا لە ساڵی ١٩٢٣ بەخشی(٨).

هوفری وەزیری بازرگانی ئازایانە تێدەکۆشا بۆ گەیشتن بەچارەیەك. هەوڵیدا هێزی کاتژمێرەکانی پەخشی هەندێك لەو ئیزگانە دیاری بکا، کە دەتوانن یەك لەرەلەری دیاریکراو بەشداربن. بەهاتنی ١٩٢٥ هەموو حاڵێکی سەر شەپۆلی لەرەلەرەکان گیران، زۆرێکیش لە ئێزگەکان لەسەر یەك لەرەلەر پەخشییان دەکرد. فراوانکردنی چوارچێوەی شەپۆلە رادۆییەکان بەشێوەیەکی گونجاو بەبێ بەزاندنی سنووری جۆرە گرنگەکانی دیکەی وەك رادیۆ و بێتەل کردەنی نەبوو، ١٧٥. ئێزگەی داوای مۆڵەتی کارکردنییان دەکرد بەبێ ئەوی لە توانادا بێ ئەوە جێبەجێ بکرێ.

**خاوەنداریی گشتی شەپۆلە رادیۆییەکان**. لە ساڵی ١٩٢٦، ئەو سیستەمە زۆرداریيە هەرسیهێنا، یەکێك لەدادگا فیدرالییەکان بڕیارێکی دا، کە وەزیری بازرگانی مافی ئەوەی نییە هیچ کۆتێك لەسەر هێزی ئێزگە یان کاتژمێرەکانی کارکردن یان ئەو لەرەلەری کە بەرنامەی لەسەر پەخشدەکات دابنێت. هەروەها لەهەمان ساڵدا، داواکاری گشتی بڕیارێکی دەرکرد و تێیدا گوتی تاکە یاسای رادیۆی ساڵی ١٩١٢ یە ئەویش هیچ بنچینەیەکی یاسایی بۆ ئەو لوا شیمانەی وەزیری بازرگانی بەکاریان دێنێ پێکناهێنێ. بەکورتی، پێویست بوو

لەسەر هوفر بەبێ ڕەزامەندی خۆی واز لە هەوڵەکانی بێنێ. بەیاننامەیەکی گشتی دەرکرد تێیدا داوای لە ڕادیۆکان کردبوو خۆیان ڕێکبخەن، بەڵام ئەوە لە توانای ئێزگەکاندا نەبوو.

بەبەرەنگاربوونەوەی ئەو پشێوییە چەق بەستووەی بەدوای ئەوەدا هات، سەرۆك کۆلریج داوای لەکۆنگرێس کرد یاسایەکی گونجاو بۆ ڕێکخستنی ڕادیۆ دابڕێژێ و بەندی تایبەتیشی تێدابن بەمەبەستی جێبەجێکردنی. کۆنگرێس لە سەرەتادا بڕیاری لەسەر بنەما گرنگدا بەوەی شەپۆلە هەوایییەکان موڵکی گەلن و تاکەکان تەنیا ئەو کاتانە دەتوانن بەکاریانبێنن، کە مۆڵەتییان لە حکوومەت وەرگرتبێ، ئەو مۆڵەتەش دەبێ سنووردار و ماوە کورت بێ. مۆڵەتەکان بەپێی پەیوەندییان بە بەرژەوەندی گشتی و سوود و زیانەکانی بەخەڵك دەدران لێیان دەستێنرانەوە. ڕاستەوخۆش هەموو ئەو مۆڵەتانە، کە ئێزگەکان پێشتر وەریانگرتبوو کاریان پێ نەکرا. لەسەر هەمووان پێویست بوو بگەڕێنەوە خاڵی سەرەتا و پێشکەشکردنی داوا بۆ دەسکەوتنی ئیمتیاز یان مۆڵەتی کار و پێشکەشکردنی بەیاننامە و ڕوونکردنەوەی پێویست، کە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە بەرژەوەندی تایبەت دەخوازێ ئەو مۆڵەتی پێ بدرێ.

**یاسای پەیوەندی کردنی فیدراڵی بۆ ساڵی ١٩٣٤**. یاسای ڕادیۆ بۆ ساڵی ١٩٢٧ چارەسەرێکی کاتی بوو. دوای چەندین ساڵ لە تێبینی و هەوڵدان و دەسکاری کردن، داڕشتنەوەی دەستەیەك لە یاسای نوێ. وردتر بۆ بەردەوام بوون و مانەوەی تەواو بوو. لیژنەی فیدراڵی بۆ پەیوەندی کردن بۆ جێبەجێ کردنی ئەو یاسایانە دامەزرا. لەوکاتەشەوە یاسای پەیوەندی کردنی فیدراڵی ساڵی ١٩٣٤ بوو بە ئامێری ڕێکخستنی سەرەکی بۆ پیشەسازی ڕادیۆ لە وڵاتە یەککگرتووەکاندا، لەگەڵ دەستکاری کردنی گونجاو هەرکات، کە پێویست بوو.

**پاڵپشتی دارایی**. لە هەمانکاتدا، پیشەسازی نوێی بەهێز و گەرم و گوڕ بەردەوام بوو و بەدوای هۆکاری پاڵپشتی دارایی گونجاو دەگەڕا. تا ناوەڕاستی بیێتە کانیشی ئەو کرێکارانەی لەو بوارانەدا کاریان دەکرد هێشتا لەگەڵ ئەو کێشەیەدا لەململانێدابوون. لیژنەیەك لە پیاوانی ڕادیۆ لە نیویۆرك هەوڵیاندا بۆ کۆکردنەوەی بەخشراوەکان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە گوێگران بەمەبەستی بەکارهێنانی چاکترین و باشترین ئەو ئەزموونانەی لەو بوارەدا هەبوون، بۆ ئەوەی کار بە یەکێك لەگەورەترین ئێزگەکانی ناوچەکە بکەن. لەکاتێکدا، کە ئەو بەخشراوانە گاڵتە پێکەر و یەکجار کەم بوون، زۆرینەی گوێگران بڕیاری ئەوەیان دابوو، کە واچاکە ئەوانە ئەو شتانە پەسند بکەن، کە بە ئازادی و بەرێکەوت لە ئێزگەکانەوە گوێیان لێ دەبێ لەبری

پارەدانی راستەوخۆ و بۆ مسۆگەرکردنی بەرنامەی رادیۆیی، کە لە رووی چۆنیەتییەوە چاکتر بێ. ئەو هەڵوێستەش بەوردی رەنگدانەوەی هەستی باوی زۆرینەی خەڵکییە تا بەرۆژی ئەمڕۆمان دەگا. تا رادەیەك روونە، کە خەڵکی بۆچی لە کۆتاییدا قایلبوون بە پەیمانی ریکلامەکان وەکو دابین کردنی دارایی رادیۆ. ئەوان بەرگەگرتنی ئەو ریکلامانەی بۆیان پێشنیاز دەکرا پەسندتریان دەکرد لەپارەدان بەشێوەیەکی راستەوخۆ لەبری ئەو خۆش رابورادنەی رادیۆ پێشکەشی دەکردن.

**پرۆژەی دیکەش داهێنران**. دێڤد سارنۆڤ پێی وابوو پێویستە فێرخوازانی دەوڵەمەند وەك پارە دەبەخشنە ئەوەی زانکۆ و نەخۆشخانە و کتێبخانەکان دەبێ ئاواش پارە بەرادیۆ بدەن. هەندێکی دیکە پێشنیازی ئەوەیان کرد فەرمانە لەسەر ئامێری وەرگرتن دابنرێ و بڕە پارەی گەڕاوەی ئەو فەرمانەیە بەسەر ئێزگەکاندا دابەش بکرێ. زۆربەشیان وایان هەست دەکرد، کە دروستکردنی رادیۆ خۆی کێشەکە چارەسەر دەکا. گوتییان کۆمپانیا گەورەکانی دروست کردنی ئامێری وەرگرتن پەیوەستن بە پێشکەشکردنی شتێك کە لە رێی ئەو ئامێرەی ئەوان دروستی دەکەن گوێ بیستی بن. باوەڕیش وابوو ئەو ئاراستەیەی لە کۆتاییدا دەبێتە هۆی دەرکەوتنی رێژەیەکی یەکەم لە تۆڕی بڵاوکردنەوەی کە کۆمپانیایەك یان کۆمەڵێ کۆمپانیا کاریان پێ دەکەن، وای لێدێ تەنیا ژمارەیەکی کەمی ئێزگەی سەربەخۆ دەمێننەوە ئەگەر هەمووشییان ون نەبن.

## رادیۆ و ریکلام:

لە کاتێکدا، کە ئەو گفتوگۆیانە لەگۆڕێ بوون، رێکلام وەکو سەرچاوەیەکی پارەپەیداکردن بەهێواشی رووە و رادیۆ دەخشی. لە راستیدا لە ساڵی **١٩٢٢** دا ئێزگەی (WEAF) کاتی پەخشی فرۆشت، کە ماوەکەی دە دەقیقە بوو و تێیدا باس لە کۆمپانیای لونگ ئایلندی بۆ فرۆشتنی زەوی و زار دەکرا، کە کاری فرۆشتنی پارچە زەوییەکان بوو. پاشان کۆمپانیا گەورەکانیش پارەیان بە بەرنامەکەدا. یەکێك لە شوێنە بازرگانییەکان پارەی بەرنامەیەکی مۆسیقایدا، کە ماوەکەی یەك کاتژمێربوو. یەکێك لە کۆمپانیاکانی جگەرەش پاڵپشتی بەرنامەیەکی هەمەرەنگی کرد و یەکێك لە کۆمپانیاکانی شیرنەمەنیش پشتی دوو ئەکتەری کۆمیدی گرت. ئەو بەرنامەیە گوێگرێکی زۆری بۆ خۆی راکێشا و ئەوانیش داوای زیاتریان دەکرد. لە سەرەتادا، ئەو کۆمپانیا پاڵپشتانە پەیامێکی ریکلامی راستەوخۆیان نەبوو

لەبارەی بەرهەمەکانی خۆیان، بەڵکو ناویان زۆر بەسادەیی وەکو کۆمپانیایەکی چاودێر یان پاڵپشتی کەر بۆ بەرنامەکە دەهات، یان ناوی بەرهەمهێنەری تایبەت بە کۆمپانیاکە لەبەرنامەکە دەنرا. ئەو شێوازە ناراستەوخۆیەی ریکلام بەرێژەیەکی زۆر کەم رەخنەی لێگیرا. ئامانجی سەرەکی لە پاڵپشتیکردنی بەرنامەی لەو جۆرە دروست کردنی نیيەت پاکی بوو لەنێوان گوێگران.

وەزیری بازرگانی سەرسەختترین بەرهەڵستکاری بڵاوکردنەوەی ریکلامی راستەوخۆبوو لە رادیۆدا. گوتی ((من تێناگەم چۆن رێگا بدەین ئەو تواناداریيە لەرادەبەدەرەی خزمەتگوزاری و هەواڵ و گاڵتەمان پێشکەش دەکا و بۆ پێویستییە بازرگانییەکانی رۆژانەمان بەکاری دێنین چۆن رێ بدەین لەناو دەریای چەنەبازی ریکلام نوقم ببێ[9])). زۆر دەنگی دیکەش هەبوون پاڵپشتی بۆچوونی وەزیری بازرگانیان دەکرد و بەرپرسە فەرمییەکانی حکوومەت و بەرێوەبەرانی پیشەسازی و رێژەیەکی زۆر لە گوێگرانیش پاڵپشتییان کرد.

سەرەرای ئەوە، لە کۆمەڵگەی ئەمریکاییدا هەڵوێستی نموونەیی لەمجۆرە هەر لەسەرەتاوە مەحکوم دەکرا. لەگەڵ پەسندکردنی گاڵتەی بەبەلاش لەسەر بەرنامە رادیۆییەکانی دیکە و لەگەڵ بوونی کەم و کوری لەرۆڵی حکوومەت لەسەر لایەنی هونەری و لەسەرووی هەمووشیيانەوە تێکەڵبوونی لەرەلەری رادیۆکان، و لەگەڵ بوونی خاوەنداریەتی هۆکاری راگەیاندنی رادیۆیی لەدەستی ئەو کۆمپانیا و دام و دەزگایانەی بەدوای قازانجدا دەگەران، بۆچوونی وەزیری ئابووری و پاڵپشتی کەرانی لەگەڵ سیستەمی بایەخ و بنیاتنانی سیاسی و دام و دەزگای ئابووری کۆمەڵگە، کە رادیۆ لەناویدا گەشەی دەکرد نەدەگونجا. بەم شێوەیە، بۆ رادیۆش هەمان هێزی ئابووری و کۆمەڵایەتی کە وای لە رۆژنامەکان کرد بەشێك لە رۆژنامەکان بفرۆشن بەوانەی ریکلامیان دەکرد تا بتوانن بەرهەمەکەکانیان بفرۆشنە جەماوەرێکی زۆر، دووبارەبوونەوە. خۆدانە دەست ریکلام تا رادەیەك بەرگەی گیرا، بەڵام لە کۆتاییدا بوو بەکارێك کە گەرانەوەی نەبوو. ئەمە تا رادەیەك بەئەنقەست بۆ ماوەیەکی کورت دواخرا بەهۆی سیاسەتی کۆمپانیای تەلەفۆن و تەلەگرافی ئەمریکی کە دەسەڵاتی گرتبوو بەسەر زۆرینەی برائاتی داهێنان و هێڵەکانی پەیوەندی و ئامێری رادیۆ، کە بێژەرەکان بەکرایێ دەهێنا، بەڵام ئەم بەرهەڵستکارییەش دواتر ئارامم بووەوە و وای لێهات دەرگا کرایەوە بۆ تەوژمی لافاوێك لە پەیامی ریکلامی کە ئێستا پاژێکی گرنگ لە راگەیاندنی ویلایەتە یەکگرتووەکان پێکدێنێ.

له سەرەتادا ریکلام رێکوپێك بوو رێزی هەبوو، بەلآم هەرزوو ئاراستەکردنی دیاریکراو راستەوخۆ رووە و ئامانجەکە رۆیی. هەڵەیە ئەگەر بڵێین رای گشتی پێشوازی لە ریکلام کرد، بەلآم ئەوەی گومانی لێناکرێ ئەوەیە خەڵکی پێشوازیان لەوشتانە کرد، کە بەهۆی پارەی ریکلامەکان ئەنجام دەدرا. خەڵکی حەزیان دەکرد گوێیان لە هەلآی ریکلامی ریکلامکەران بێ تا بتوانن گوێ لەو بەرنامەیە بگرن، کە پەسندی دەکەن. یەکێك لە هۆیەکانی ئەو هەڵوێستەش ئەوەبوو بەرنامەکان بەخێرایی ئامادە دەکران بۆ ئەوەی سەرنجی جەماوەر رابکێشن. پارەی ریکلامەکان وای کرد لە تواناادا بێ خەڵکی لێهاتوو و دیار لە رادیۆدا بەکاربهێنرێن و دابمەزرێن. ئەکتەری کۆمیدی و گۆرانبێژ و تیپی مۆسیقی میللی سەرکەوتنی گەورەیان لای گوێگران بەدەستهێنا. هەروەها بەرنامە بۆ مندالآن بەرهەم هێندران و رادیۆ وەرزشییەکان رێژەیەکی زۆریان لە گوێگران بۆ خۆیان راکێشا. ئامانجیش لەو جۆراوجۆریە زۆرەی لە ناوەڕۆك و کڕۆکی رادیۆدا هەبوو راکێشانی پێکهاتەی گەورەی دانیشتوان بوو.

بەهاتنی کۆتایی پیتەکانی ئەم سەدەیە، کێشە گەورەکانی رادیۆ وەکو هۆکارێکی راگەیاندنی گەورە و پەیوەندی کردنی جەماوەری چارەسەرکرابوون. وای لێهاتبوو هەموو کەسێك بتوانێ ئامێرێکی رادیۆ بەقستێك کە بەدڵی خۆی بێ بکڕێ. بەرپرسانی رادیۆش لە فرۆشتنی ماوەی پەخش بۆ ریکلام کردن قازانجێکی زۆریان دەستکەوت، ئەو کۆمپانیانەی، کە ریکلامیشیان بۆ خۆیان دەکرد و چاودێری چەند بەرنامەیەکیان دەرکرد توانیان برەو بەفرۆشتنی بەرهەمەکانیان بدەن لە رێی هەوا و بازاڕی گشتییەوە. لە نەخوێندەوارەکانیشدا ئەوانەی خاوەن بەهرەبوون بایەخی گوێگرانیان بەرەو خۆیان راکێشا. لە پشت هەموو ئەمانەش، یاسای فیدراڵی نوێ سەرکەوتوو بوو لە ئاڵوگۆڕکردنی پشێوی بۆیان لەوەی کە پەیوەندی بە کەوتنە سەر یەکی رادیۆ جیاوازەکانەوە هەبوو. تەنیا داتەپینە بێودمەکەی ساڵی ۱۹۲۹ بوو هەڕەشەی شێواندنی وێنەکەی دەکرد، بەلآم هەروەك دواتر روون بووەوە، ئەو داتەپینە کاریگەرییەکی نەرێنی سنووورداری لەسەر گەشە و پێشکەوتنی رادیۆ هەبوو.

### ماوەی زێڕینی رادیۆ:

رادیۆ، لە سی و چلەکانی ئەم سەدەیەدا کە زەحمەتترین و قورسترین دوو دەیە بوون بۆ کۆمەڵگەی ئەمریکی، پێشکەوتنی بەدەستهێنا. قۆناغی داتەپینی ئابووری گەورە و جەنگی

جیهانی دووەم کاریگەری لەسەر دوا رۆژی هەموو هاولاتییەك هەبوو، بەلام کاریگەرییەکەی لەسەر رادیۆ سنووردار بوو.

دەتوانین لە بارەی گەشەی رادیۆ لە کۆمەلگە ئەمریکاییدا تێڕوانینێکی گشتگیرمان لە ڕێی خشتەی ژمارە (٤-١) دەست بکەوێ، کە تێیدا ژمارەی ئامێرەکانی وەرگرتن لەماوەی چەند سالێکی دیاریکراو روون دەکاتەوە. لە کۆتایی سییەکاندا، زیاتر لە یەك ئامێر بۆ هەموو خێزانێکی ویلایەتە یەککگرتووەکان هەبوو. ئەو پێشکەوتنە بەرچاوەش لە بەکارهێنانی ئامێری وەرگرتنی روویدا سەرەڕای دابەزینی ئابووری لە دە سالی کۆتاییدا، کە لە سالی **١٩٢٩** بووە هۆی داتەپینی بۆرسە. پێویستە بۆ ئەو کەسانەی کە لەو مەرگەساتەدا نەژیاون جەخت لەوە بکرێتەوە، کە ئەو رۆژگارانە بۆ خێزانی ئەمریکی وەکو کارەساتێکی گەورە وابوو. ملیۆنان کرێکار کاریان دەست نەدەکەوتوو رێژەیەکی کەمیش لە وەکالەتە گشتییە تایبەتمەندەکان یارمەتی و هاوکاریان پێشکەش دەکرد. لە راستیشدا شۆکی وا گەورەە ناتوانرێ بەبێ ئەوەی لە ناویدا بژی درك بەرەهەندەکانی بکەی. لەو قۆناغەدا خەلکی ویلایەتە یەککگرتووەکان زۆر بەتوندی مانای دابەزینیان بەمانای ئابووری و مەعنەوەیەکەی چێشت.

**خشتەی (٤-١) گەشەی وەدەستخستنی ئامێری رادیۆ لە ویلایەتە یەککگرتووەکان**


**١٩٢٢-١٩٨٥**

| سالّ | خێزان (بە هەزار) | مامناوەندی ژمارەی ئامێرەکان |
|---|---|---|
| ١٩٢٢ | ٢٥.٦٨٧ | ٠.٠٢ |
| ١٩٢٥ | ٢٧.٥٤٠ | ٠.٢ |
| ١٩٣٠ | ٢٩.٩٠٥ | ٠.٤ |
| ١٩٣٥ | ٣١.٨٩٢ | ١.٠ |
| ١٩٤٠ | ٣٤.٨٥٥ | ١.٥ |
| ١٩٤٥ | ٣٧.٥٠٣ | ١.٥ |
| ١٩٥٠ | ٤٣.٤٦٨ | ٢.١ |
| ١٩٥٥ | ٥٢.٦١٠ | ٢.٥ |
| ١٩٦٠ | ٥٧.٥٢١ | ٣.٧ |

| | | |
|---|---|---|
| ١٩٦٥ | ٦٢.٨٧٥ | ٤.١ |
| ١٩٧٠ | ٧١.١٢٠ | ٥.١ |
| ١٩٧٥ | ٨٠.٧٧٦ | ٥.٦ |
| ١٩٨٠ | ٨٢.٤٠٠ | ٥.٥ |
| ١٩٨١ | ٤٣.٥٢٧ | ٥.٥ |
| ١٩٨٢ | ٨٣.٩١٨ | ٥.٥ |
| ١٩٨٣ | ٨٥.٤٠٧ | ٥.٥ |
| ١٩٨٤ | ٨٥.٧٨٩ | ٥.٥ |
| ١٩٨٥ | ٨٣.٤٠٠ | ٥.٥ |

**نموونەی چەندیەتی**. سەرەڕای چەڵەمەکانی ئەو سەردەمە، بەڵام رادیۆ توانی بەسەر قەیرانی ئابووریدا زاڵ بێ. بڕە پارەی ریکلامەکان لەبری ئەوەی کەم بکا و هەروەك چاوەڕوان دەکرا، بە شێوەیەکی بەردەوام زیادی دەکرد. لە هەر پێنج ساڵێکیشدا رێژەی ئەو ئامێرە وەرگرانەی ئەمریکاییەکان هەیانبوو دوو هێندە بوون.. ئەو خێزانانەی باری داراییان رێی نەدەدا ئامێرێکی رادیۆی نوێ بکڕن پارویان لە دەمی خۆیان دەگرتەوە تا رادیۆکەیان پێ چاك بکەنەوە ئەگەر تێکچووبا. ئەو خێزانانە پێیان چاکتربوو شتەکانی دیکەی ناوماڵ بفرۆشن یان درەنگ کرێی خانووەکەیان بە خاوەنەکەیان بدەن، نەك دەستبەرداری ئامێری رادیۆکەیان بن.

رادیۆ پێویستییەکانی ملیۆنان خەڵکی لەو ماوەیەدا رایی دەکرد. مۆسیقای پێشکەش بەرۆح و ورە دابەزیوەکان دەکرد و ئەکتەری کۆمیدیشی بۆ هێنانە پێکەنینیان هێناو، هەواڵی گرنگ و ترسناکیشی پێدەدان بۆ گۆڕینی تێڕوانینەکان بۆ دوور لە گرفتە کەسییەکانیان. گوێگرانیش بە رێکوپێکی گوێیان لە بەرنامە رادیۆییە جیاوازەکان دەگرت و شەونخونییان لەدیار شانۆگەری و نواندن و زنجیرەکان و سەرەرۆییەکانی رۆژئاوای ئەمریکا و بەرنامە هەمە رەنگەکان دەکرد. لە شەوانی هاوینیشدا، خەڵکی دەیانتوانی بەشەقامەکان دابڕۆن و گوێش لە بەرنامەیەکی کۆمیدی سەرکەوتوو بگرن لە رێی پەنجەرەی کراوەی خانووەکانی سەر شەقامەکان، کە هەر هەموویان گوێیان لە بەرنامەی لەمجۆرە دەگرت.




**شێوەی (٤-١) هێلکاریی گشتی بڵاوبوونەوەی کەڵەکەبووەی رادیۆ، مامناوەندی ژمارە وەرگرتن بۆ هەر خێزانێك لە ئەمریکا ١٩٢٢-١٩٨٥**

کاتێکیش دابەزینی ئابووری ئارامی بەخۆیەوە دیت و جەنگی دووەمی جیهانی لە ترکزە بوو رووبدا، رادیۆ بڵاوو ببووەوە و گەیشتبووە هەموو گوێیەك لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا. لە ناوەڕاستی چلەکاندا، بۆ هەر ماڵێك ١,٥ ئامێری وەرگرتن بۆ هەر خێزانێك لە ویلایەتە یەکگرتووەکان هەبوو. لە هەمانکاتیشدا رادیۆ.لە رووی تەکنیکی و هونەرییەوە لە هەموو لایەنەکانییەوە زیاتر پێشکەوت.

نایاب بوو.. وای لێهات بتوانرێ بە شێوەی راستەوخۆ پەخشی رادیۆکان وەربگیرێن و بۆ گوێگران کە لەماڵەکانی خۆیان بوون لە هەر کونجێکی سەر زەمین بگوازرێنەوە. هەروەها هەواڵی رادیۆکان بوون بە هونەرێکی پێشکەوتوو، رۆژنامەنووسی دیاری لەناو ئەو هۆکارە راگەیاندنە نوێیەدا لەبەردەستبوون..رۆژنامە و رادیۆ فێری بەیەکەوە ژیان بوون دوای ئەوەی

ماوەیەکی زۆر دژایەتیان لەنێواندا هەبوو، رادیۆ بەتەواوی چووە ناو بواری خزمەتگوزاری تەلی جیهانی.

لەماوەی جەنگی جیهانی دووەمدا رادیۆ تەواوی توانایەکانی خستبووە ژێر دەستی حکوومەتی فیدرالی و گەلێك خزمەتگوزاری ژیانی وەکو پەخشکردنی پەیامە راگەیاندنییەکان لەبارەی جەنگ و بانگەشەی ناوخۆیی و فرۆشتنی قەوالەکانی جەنگ و دەسپێکردنی هەڵمەت بۆ وشیارکردنەوەی خەڵکی لەسەر رێنوێنی بەکارهێنانی کەرەستە گرنگەکان، کە چالاکییە جەنگییەکان پێویستییان بوو زۆرێکی دیکەشی لە خزمەتگوزاری و ئەرك پێشکەشکرد. دەبێ ئاماژە بەوە بکەین، کە دروست کردنی ناوخۆی ئامێری وەرگرتن بەتەواوی وەستا لەماوەی ساڵەکانی جەنگدا. خشتەی (٤-١) و شێوەی (٤-١) ی تایبەت بەلادەری بڵاوبوونەوەی کەڵەکبووی ئامێری رادیۆ روونی دەکەنەوە، کە لەماوەی ١٩٤٠ تا ١٩٤٥ ئەمریکاییەکان رێژەیەکی زۆر کەمیان لە ئامێری نوێی رادیۆ کڕی. سەرەڕای ئەوەش، تێبینی ئەوە دەکرێ بەرزبوونەوەی بەردەوام لە خاوەنداریەتی ئامێری رادیۆ هەیە، دوای کۆتایی هاتنی ململانێ کاتێك کەلادەری بڵاوبوونەوەی کەڵەکەبووی بەرزبوونەوە و ئاستی گەشەی رێکی خۆی گەڕاندەوە دوای تێکچوونی لەماوەی ساڵەکانی جەنگدا.

رکابەری لە تەلەفزیۆندا ساڵانی دوای جەنگ گرنگ و مەژگە داربوون، رادیۆ دووچاری رکابەرییەکی توندی تەلەفزیۆن بووەوە. لێرەوە بەروونی دەبینین چۆن ململانێ دەبێتە هۆی گۆڕانی رووداوی کۆمەڵایەتی، ئەگەر بهاتبا رادیۆ شێوە و ناوەڕۆکی بنچینەیی خۆی پاراستبا، ئەوا وەك رکابەرێکی راستەوخۆی هۆکارە راگەیاندنە نوێکە دەمایەوە کەوا دەردەکەوت پێویستییە گرنگەکانی جەماوەر بە شێوەیەکی چالاکتر رایی دەکا. لە سەرەتادا، رادیۆ هەوڵیدا ئەوە لە رێی بیرۆکەیەکەوە بکا، کە تا رادەیەك گەشبینی بەسەردا زاڵە وای بۆ دەچوو، کە خەڵکی پەیوەستن بەرادیۆ و چەند ساڵێك وەلایان بۆ رادیۆ دەبێ و رادیۆ خزمەتگوزاری پێشکەشکردوون و ناتوانرێ بەئاسانی رووە و شتێکی دیکەی رۆشنی وەکو تەلەفزیۆن ببرێن. سەرەڕای ئەوەش، روون بووەوە، کە جەماوەر بەتەواوی دەگۆڕێ و هەر ئەوەندەی، کە خێزانێك بیتوانیبا ئامێرێکی تەلەفزیۆن بکڕێ، دەمودەست ئەو خێزانە دەستبەرداری رادیۆ دەبوو و رووە و ئامێری نوێ رای دەکرد. ئەگەر بە زمانی پەیکەری کاری قسە بکەین، دەتوانین بڵێین رادیۆ پێویستی دیاریکراوی بۆ کۆمەڵگەی ئەمریکی وەکو سیستەمێکی کۆمەڵایەتی دەستەبەر دەکرد، کاتێکیش کە جێگرەوەیەکی کاری زیاتر کاریگەر و بە شێوەیەکی زۆر

فراوانتر دەست دەکەوت، بێگومان دەبووایە هۆکارە راگەیاندنە کۆنەکە بگێڕدرابووایەوە و دوو هێندکرابا.

بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم لایەنە، رادیۆ ناچار بوو بەدوای ئەو پێویستییانەدا بگەڕێ، کە جەماوەر پێویستیەتی و تەلەفزیۆن بەچڕی سەودایان لەگەڵدا ناکا تا دەستەبەریان بکات. رادیۆ سەرکەوتوو بوو لە دەستکەوتنی پێویستی لەو جۆرە و دووبارە خۆی لەگەڵ رێسا نوێکاندا گونجاندەوە. لەماوەی سییەکان و چلەکان و هەتا پەنجاکانیشدا رادیۆ سەرنجی خێزانی ئەمریکایی لە زۆرینەی کاتژمێرەکانی ئێوارە رووە و خۆی راکێشا. خەڵکی لە دەوری رادیۆ کۆبوونەوە بۆ گوێگرتن لە باشترین ئەکتەرەکانی وڵات. لەگەڵ گەشەی تەلەفزیۆندا توانی دەست بەسەر ئەو ئەکتەرانە و لەگەڵیشیاندا دانیشتنە خێزانییەکاندا بگرێت. رادیۆ لە شوێنی ئاسایی خۆی، کە ژووری دانیشتن بوو ناچاربوو و وای لێ کرد بچێتە ژووری نووستن یان چێشتخانە یان ئۆتۆمبێل یان کەنار دەریا. ترانزستەر و پاتری، ئەو دووەی کە بازاڕێکی گەورەیان بۆ ئامێرە بچووکەکان کردەوە، یارمەتی رادیۆیاندا لە دەرچوونی لە قۆناغی داتەپین وەك ئەوەی بەسەر سینەما و شانۆدا هات لە بارودۆخی دوای جەنگدا بەهۆی تەلەفزیۆن(شێوەی ٣-١).

لەکاتی ئێستادا، وادەردەکەوێ رادیۆ گەیشتبێتە شێوازێکی کارەکی و ئەو کاتانە ئاراستەی جەماوەر دەکرێ، کە بۆ تەلەفزیۆن نەگونجاوە، خەڵکی لەگەڵ بەئاگاهاتنیان و لەکاتی کار یا لێخوڕینی ئۆتۆمبێل یان بەپیادە رۆیشتن و گەمە کردن و شتی لەمجۆرە گوێ لە رادیۆ دەگرن، بەڵام کە ئێوارە دادێ و لە ژووری دانیشتن کۆ دەبنەوە رادیۆ دادەخەن و تەلەفزیۆن پێ دەکەن. سەرەڕای ئەوە رادیۆ لەوەی کە پەیوەندی بە خاوەنداریەتی ئامێرەکەوە هەیە یەکێکە لەو هۆکارە راگەیاندنە جەماوەرییانەی زۆرترین رێژەی جەماوەری هەیە. خشتەی (٤-١) ئەوە روون دەکاتەوە، کە نیشاندەری بڵاوبوونەوەی رادیۆ لە کۆتاییدا جێگیر بووە. پێویستیش بەوە ناکا بڵێین ئەو رێژە زۆرەی ئامێری رادیۆ، کە ئەمریکییەکان هەیانە مانای ئەوە نییە، کە ئەوان کاتێکی وا لەگەڵ گوێگرتن لەبەرنامە رادیۆییەکان بەسەر نابەن.

### پێشکەوتنی پیشەسازی تەلەفزیۆن:

تەلەفزیۆن زۆرێك لەدابەکانی رادیۆی بۆ مایەوە. زۆر هۆکاریش هەبوون وایان کرد پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای تەلەفزیۆن و بڵاوبوونەوەی لە کۆمەڵگەی ئەمریکی کارێکی خێرا بێت و پشێویشی زۆر کەمتر بێ لەوەی کە بەسەر پێشینەی خۆی، کە رادیۆ بوو هات. لە

راستیدا تەکنەلۆژیای تەلەفزیۆن ئالۆز بوو بەر لە فراوانبوونی دروستکردنی ئامێرەکان و پێشکەشکردنی لە ئاقارێکی فراواندا بۆ فرۆشتنی لە بازاڕەکاندا. لەو بوارەدا ماوەیەك نییە بەراورد بکرێ لەگەڵ سەردەمی تەلەفزیۆن لە فراوانی بڵاوبوونەوەیدا. هۆکارە راگەیاندنە نوێکە پێویستی بە گەیشتنە رێکەوتنێك نەبوو، بۆ باڵادەستی و چاودێری لەگەڵ حکوومەتدا، چونکە یاسا گەیاندنە فیدراڵییەکان ئەوەی، کە لیژنەی گەیاندنی فیدراڵی (FCC) رێسا تەواوکارەکان دایاننابوو بە ئاسانی لە رادیۆدا دەستییان بەسەردا گیرا. بنەما داراییەکانی تەلەفزیۆن هەر لە سەرەتاوە ئاشکرابوون، هەروەك جەماوەریش لەسەر ریکلامی بازرگانی راهاتبوون و هیچ کێشەیەکی چاوەڕوانکراو بۆ راکێشانی پارەی ریکلامەکان لەئارادا نەبوو. هەروەك قۆناغی دژایەتی لەگەڵ رۆژنامە و هۆکارەکانی گەیاندنی بێ تەل لەئارادا نەبوو، و ئەو رێکخستنانە هەموویان لە رادیۆوە بۆ تەلەفزیۆن چوون. بیرۆکەی تۆڕەکان (شبکات) جەماوەرێکی زۆری لە رۆژگاری رادیۆدا بەدەستهێنا. هەروەك تەکنەلۆژیای کێبڵی چەند سەرە (coaxial- cable) لەبەردەست بوو، هەموو ئەوەی پێویست بوو دانانی دامەزراوەی دارایی بوو. جەماوەر لەسەر وێنەی جوولاوە راهاتبوو و قەبووڵکردنی ئاسان بوو دوای پەخش و بڵاوکردنەوەی لە تەلەفزیۆن، بۆیە جگە لە بەرەنگاربوونەوەیەکی کەمی جەماوەر بۆ ئەو هۆکارە راگەیاندنە نوێیە چاوەڕێی چیتر نەدەکرا.

## ئامێری تەلەفزیۆن وەکو هێمایێك بۆ بارودۆخی کۆمەڵایەتی:

بەراستی ئامێری تەلەفزیۆن بوو بە هێمایەك بۆ پێگەی کۆمەڵایەتی. لە ساڵانی سەرەتای بڵاوبوونەوەیدا ئەو خێزانانەی لە توانایاندا نەبوو تەلەفزیۆن بکڕن، پارویان لە زاری خۆیان دەگرتەوە بۆ کڕینی. رێژەیەکی زۆر لەو خێزانانەی دەستهاتی مانگانەیان سنوورداربوو چوونە ناو شێوازی پارە دان بەقیست- ئەو شێوازەی ببووە یەکێك لە خەسڵەتە بنچینەییەکانی ئادگاری ئابووری ئەمریکی- تا بتوانن ئامێرێکی تەلەفزیۆن بکڕن. ئارەزووی چوونە ناو ئەو دەستەیەی، کە تەلەفزیۆنیان هەبوو زۆر هەستپێکراو بوو لە قۆناغی یەکەمی بڵاوبوونەوەیدا، بەپلەیەك دەڵێن هەندێك لە خێزانەکان ئاریەلی تەلەفزیۆنیان کڕیوە و لەسەربان چەقاندوویانە بەر لەوەی ئامێری تەلەفزیۆن بکڕن، ئەو جۆرە چیرۆکانەش لە کۆتایی چلەکاندا بە شێوەیەکی فراوان دەگێڕدرانەوە. دانان بەبوونی تەلەفزیۆن وەك بەڵگەیەك بۆ دەوڵەمەندی و هێمایێك بۆ پێگەی کۆمەڵایەتی دەم نادەمێك دەبووە هۆی تووڕەیی خەڵکی کاتێك دەیانبینی ئەو

کەسانەی یارمەتییە کۆمەڵایەتییەکان یان جۆرەکانی دیکەی یارمەتی وەردەگرن و خاوەنی ئامێری تەلەفزیۆنیشن. روون بوو، کە ساڵانی داتەپینی ئابووری لە بیر دەکرا، ئەوەش ئەو ساڵانەبوو، کە ئامێری رادیۆ جۆرێك لە دڵارامی پێشکەشی ئەو کەسانە دەکرد، کە بەبارودۆخی ئابووری بەرگە نەگیراو تێدەپەڕین.

## بەربەرستەکانی بەردەم گەشەکردن:


لە راستیدا تەلەفزیۆن لەوانە بوو ببێ بە ئامێرێکی گەیاندنی ماڵەوە ئەگەر دوو هۆکار نەبووبان، کە بوونە هۆی دواکەوتن، ئەوانیش جەنگی دووەمی جیهانی و ئەو راگرتنە بوون، کە حکوومەت سەپاندی لەسەرتەکنەلۆژیای تەلەفزیۆنی ئەلیکترۆنی لە ساڵانی بیست و سییەکاندا تاقیدەکرایەوە. لە ساڵی ١٩٣٩دا، پەخشی تەلەفزیۆن لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا دەستی پێکرد، ئەو پەرجوە زانستییە نوێیە لە پێشانگایەکی نێودەوڵەتی نمایش کراو سەرۆك رۆزفیلت وتارێکی لە رێی ئەم هۆکارە نوێیەی گەیاندندا پێشکەشکرد. ئەو پەخشە تەلەفزیۆنییەش تەنیا خەڵکێکی زۆر کەم نەبێ نەیان بینی، چونکە دروستکردنی بازرگانی بۆ ئامێری تەلەفزیۆن بە شێوەیەکی فراوان دەستی پێنەکردبوو. لە ساڵی ١٩٤١، لە پەراوێزی جەنگی دووەمی جیهانی، بڕیار لەسەر تەلەفزیۆنی ماڵەوە دراو پیشەسازی گەیاندن بۆ تاقیکردنەوەی چەند رێیەکی دیاریکراو بۆ پێشخستن دەستی پێ کرد. لەو ماوەیەشدا، نزیکەی ٥ هەزار ئامێری تەلەفزیۆن (زۆرینەیان لە ناوچەی نیۆیۆرك) لای کەسانی تایبەت بوون لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر ئێزگەی بچووك ئەوانەی کە هەموو رۆژێك بەرێك و پێکی بەرنامەکانیان بۆ ماوەی دوو یان سێ کاتژمێر پەخش دەکرد.

**جەنگی دووەمی جیهانی**. جەنگ لەو ماوەیەی، کە تێیدا بەردەوام بوو پەرەپێدانێکی نوێی راگرت. بە شێوەیەك لە شێوەکان لەوانەیە ئەو وەستانە بووە هۆی گەشەی خێرای تەلەفزیۆن، کاتێك وڵات گەڕایەوە بۆ ئابووری ئاشتی. لەماوەی جەنگدا، تەکنیکەکانی پیشەسازی ئەلیکترۆن ئەوانەی یارمەتی دەر بوون بۆ زاڵبوون بەسەر کێشەکانی بەرهەمهێنانی ئامێری وەرگری تەلەفزیۆن، پەرەی پێدرا. لەوەش زیاتر جەنگ هەموو ئەو داتەپینە ئابووریانەی لە پێش خۆیدا هەبوون کۆتایی پێ هێنان. لە راستیدا وڵات چووە ناو قۆناغێکی پێشکەوتنی ئابووری بەردەوام لەگەڵ بوونی هەندێك گۆڕانی سنووردار، ئەو قۆناغەش دەیان ساڵ بەبێ وەستان بەردەوام بوو. توانای کڕین لای خێزانە ئاساییەکان بەرز بۆوە و بەردەوام بوو تاوای

لێهات لە توانای هەموو کەسێکدا بوو ببێ بە خاوەنی تەلەفزیۆن . لەگەڵ بوونی تاقیکردنەوە بەردەوامەکانی گەنگەشەی کەوتنە سەریەك لە رۆژە بەراییەکانی رادیۆدا، حکوومەت سوودی لەو وانانە وەرگرت و رۆڵی زۆر چالاکتری بینی بۆ باڵادەستبوون بەسەر لەرەلەری ناردنی تەلەفزیۆن. لە ساڵی ١٩٤٨دا نزیکەی حەفتا کەناڵ کاریان دەکرد لەگەڵ بەکارهێنانی چەند ملیۆن تەلەفزیۆنێك. هەرزووش داواکاری دەسکەوتنی روخسەتی کار کەڵەکەبوون. بە روانین لەوەی کە ١٣ کەناڵی تەلەفزیۆنی (VHF) لە هەموو وڵاتدا هەبوون، پێویست بوو هۆکاری توند هەبن بۆ باڵادەست بوون لەسەر چوونە سەریەکی کەناڵەکان. خۆشبەختانە شەپۆلە تەلەفزیۆنییەکان بەدوای لاربوونەوە و کەوانەیی گۆی زەویدا ناچن هەروەك شەپۆلە رادیۆییەکان دەیکەن. ئەمەش مانای وایە دوو کەناڵ ئەگەر لەسەر هەمان شوێندا بن تێکەڵ نابن ئەگەر ماوەیەکی باش لەنێوانیاندا هەبێ. پێویست بوو پلانێکی هەمە لایەن لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا دابنرێت تا بتوانرێ پێگەی کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان بە شێوەیەکی دادوەرانە دابەش بکرێ. هەروەك لێکۆڵینەوە لە دامەزراوە جۆراوجۆرەکان پێویست بوو، بۆ زانینی ئەو گرفتانەی پێیەوە پەیوەستن. سەرباری ئەوانەش، رێژەیەکی زۆر لە کەناڵی تەلەفزیۆنی (UHF) هەبوون و پێویست بوو بەپێی بەرژەوەندییە رکابەرەکان دابەش بکرێن. لەگەڵ بوونی ئەو کێشانە و کێشەی دیکەی هونەری چاوەڕوانکراودا حکوومەتی فیدراڵی لە ساڵی ١٩٤٨ پێدانی مۆڵەتی نوێی بۆ کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان راگرت، بەڵام ئەو کەناڵانەی لە کاردا بوون، رێگەیان پێدرا بەردەوام بن، بەڵام هەندێك کاتی ویست تا بتوانرێ پلانە هەمەلا یەنەکە تاقیبکرێتەوە، تابتوانرێ بەسەر زۆرترین رێژەی گرفتەکان زاڵ بن کاتێك کە تەلەفزیۆن دەگاتە قۆناغی رسکان. پێگەی کەناڵە کارکردەکان لە ناو شارەکان دیاریکراو (نزیکەی حەفتا کەناڵ) زیاتر تیشك خرایە سەر دوورترین شوێنی رۆژهەڵات، کە زۆرترین رێژەی دانیشتووانی تێدابوو. بەو شێوەیە فرۆشتنی ئامێرەکان بەردەوام بوو ئەگەرچی کەناڵی دیکەی نوێ دانەدەنران.

**پێشوازی خێرا لە تەلەفزیۆن:**

کاتێك لە ساڵی ۱۹٥۲دا کۆتایی بەبڕیاری ڕاگرتنی دامەزراندنی کەناڵی تەلەفزیۆنی نوێ هات، داواکاری زۆر پێشکەشکران بۆ دانانی کەناڵ لەو ناوچانەی ویلایەتە یەکگرتووەکان، کە پەخشیان تێدا نەبوو. لەگەڵ پراکتیزەکردنی پلانی




**شێوە (٤-٢) هێڵکاری بڵاوبوونەوەی کەڵەکەبووی تەلەفزیۆن-ڕێژەی سەدی بۆ هەر خێزانێك تەلەفزیۆنی هەیە لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا ١٩٤٦-١٩٨٥**

نوێدا، مۆڵەت درایە ئەو کەناڵانە و دەکرێ بڵێین پەخشی تەلەفزیۆنی لە هەموو ویلایەتە یەکگرتووەکاندا بڵاوبوونەوە و پێشوازیکردنی زۆر بەرزبووەوە. شێوەی (٤-٢) ئەوە روون دەکاتەوە، کە ماوەی سەرەتای پەنجاکان بۆ هۆکارە راگەیاندنە نوێکە ماوەیەکی زۆر خێرای بڵاوبوونەوەی بوو. لە ساڵی ١٩٦٠ دا لە ٨٧ لە سەدەی خێزانەکان لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا تەلەفزیۆنێك هەبوو. هەروەك لە خشتەی (٤-٢) و شێوەی (٤-٢) روون دەبێتەوە ئەو گەشەکردنە هێواشتر دەبێتەوە، بەڵام لە ساڵی ١٩٨٠دا بازاڕ دەگاتە پلەی تێربوون و لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا تەنیا رێژەیەکی کەم نەبێ لە ماڵەکان هەموو ماڵەکانی دیکە ئامێرێکی وەرگرتنی تەلەفزیۆنی تێدابوو. بازاڕی فرۆشتنی ئامێری تەلەفزیۆن گۆڕا بۆ بازاڕی گۆڕینەوە و نوێبوونەوە. هەروەها خشتەی (٤-٢) ئەوەش روون دەکاتەوە، کە ئامێری تەلەفزیۆنی رەنگاورەنگ بە شێوەیەکی بەردەوام باوبوو و لە ساڵی ١٩٧٥ دا وای لێهات زۆرینەی خێزانە ئەمریکاییەکان ئامێرێکی لەجۆرەیان هەبوو.

ئەوەی لەو زانیاریانەی پێشوو روون نەکراوەتەوە پێشکەوتن و گەشەسەندنی بەردەوامی تەکنەلۆژیایە، کە لەو ماوەیەدا رووی داوە. ئامێری سەرەتایی یان کۆنەکە پەلکەی بەتاڵی بەکاردەهێنا و بەرێژەیی شاشەی بچووکی هەبوو. لە ساڵی ١٩٥٠دا، ئامێرە تەلەفزیۆنییە باوەکە قەبارەکەی زۆر لە نیوەی پەڕێکی ئەم کتێبە زیاتر نەبوو. نرخی ئەو ئامێرەش نزیکەی سێ سەد دۆلار دەبوو، کە دەکاتە نزیکەی هەزار دۆلار یان زیاتر بۆ ئێستا. ئەوانەی کە دەوڵەمەندیش بوون دەیانتوانی مۆدێلێکیتر کە شاشەی گەورەتربوو و پانتایی بینین تێیدا دەگەیشتە نزیکەی قەوارەی پەڕێکی ئەم کتێبە. نرخی ئەو ئامێرەش دەگەیشتە نیوەی بەهای ئۆتۆمبێلێکی نوێ. لەماوەی ئەو دوو دەیەی، کە بەدوایەکدا هاتن قەوارەی شاشە بە شێوەیەکی هەستپێکراو گەورە بوو و وەرگرتنی رەنگەکان و تواناداری ئامێری تەلەفزیۆن بە شێوەیەکی گشتی زیادی کرد. بە نزیکەیی دوای ساڵی ١٩٧٥ ژاپۆنییەکان دەستییان بەسەر بازاڕی ویلایەتە یەکگرتووەکاندا داگرت بەئامێرێك کە لە رووی جۆرەوە باش بوو و نرخیشی کەمتر بوو. دوای ئەوەش پێشکەوتنی تەکنەلۆژی دیکە هەبوون.

**خشتەی (٤-٢) گەشەی وەدەستهێنانی ئامێری تەلەفزیۆن لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا (١٩٤٦-١٩٧٧)**

| ساڵ | تەواوی خێزانەکان بەملیۆن | ئەو خێزانانەی تەلەفزیۆنیان هەیە بە ملیۆن | ئەو خێزانانەی تەلەفزیۆنی رەنگاورەنگیان هەیە (بە ملیۆن) | رێژەی سەدی | رێژەی تەلەفزیۆن |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٩٤٦ | ٣٧.٩ | ٠.٠٠٨ | - | - | ٠.٠٢ |
| ١٩٥٠ | ٤٣.٥ | ٣.٩ | - | - | ٩.٠ |
| ١٩٥٥ | ٤٧.٨ | ٣٧.٤ | - | - | ٧٨.٠ |
| ١٩٦٠ | ٥٢.٦ | ٤٥.٨ | ٠.٣ | ٠.٧ | ٩٣.٠ |
| ١٩٦٥ | ٥٧.٥ | ٥٢.٧ | ٢.٨ | ٥.٠ | ٩٥.٠ |
| ١٩٧٠ | ٦٢.٩ | ٥٨.٥ | ٢٠.٩ | ٣٦.٠ | ٩٧.٠ |
| ١٩٧٥ | ٧١.١ | ٦٨.٥ | ٤٦.٩ | ٦٨.٠ | ٩٨.٠ |
| ١٩٨٠ | ٨٠.٨ | ٧٦.٣ | ٦٣.٤ | ٨٣.٠ | ٩٨.٠ |
| ١٩٨١ | ٨٢.٤ | ٧٩.٩ | ٦٦.٦ | ٨٣.٠ | ٩٨.٠ |
| ١٩٨٢ | ٨٣.٥ | ٨١.٥ | ٧١.٤ | ٨٨.٠ | ٩٨.٠ |
| ١٩٨٣ | ٨٣.٩ | ٨٣.٣ | ٧٣.٩ | ٨٩.٠ | ٩٨.٠ |
| ١٩٨٤ | ٨٥.٤ | ٨٣.٨ | ٧٥.٨ | ٩٠.٠٠ | ٩٨.٠ |
| ١٩٨٥ | ٨٥.٨ | ٨٤.٩ | ٧٧.٧ | ٩٢.٠ | ٩٨.٠ |

### پەیدابوونی تەلەفزیۆنی کێبڵ:

کێبلە دوو جەمسەرەکان تەلی بەپلاستیك داپۆشراون و پۆشەرێکی کانزایی دەوری داون بۆ لە دەستنەدانی پەخش و چوونە ناو یەك. ئەو کێبلانە بەخێرایی چوونە ناو بواری بەکارهێنان و بۆ پەخشی بەرنامەی تەلەفزیۆنی لەنێوان ماوەی درێژ بەکارهاتن و ئەرکەکەی خۆیان بەرێکی جێبەجێ کرد. بەکارهێنانی کێبڵ بۆ گواستنەوەی پەخشی تەلەفزیۆنی بۆ ماڵەکان (لەبەرانبەر

پارەیەکی دیاریکراو) پراکتیزەکردنێکی روونی ئەرکی یەکەمی بوو. لە قۆناغی یەکەم زۆربەی کات ئەمە بۆ تەلەفزیۆنەکان پێویست بوو بەهۆی سروشتی ناردنی تەلەفزیۆنی پەخشکەر. لە کۆتایی چلەکاندا، کاتێك خەڵکی دەستییان بەلەخۆگرتنی ئامێری وەرگرتنی تەلەفزیۆنی کرد، زۆریان نەیاندەتوانی وێنەیەکی روون وەربگرن. ئەوەش کارێکی زۆر ناخۆش بوو، بۆ ئەو کەسانەی ئامێرێکی گرانبەهایان کڕیبوو. هۆکارەکانی خراپ وەرگرتنی وێنەکەش ئاشکرابوون. لەلایەك کەناڵەکانی پەخش لە سەرەتادا زۆر بەهێز نەبوون. کەموکورتی وەرنەگرتنیش سنووردارادەبوون ئەگەر ماڵی ئەو کەسەی تەلەفزیۆنی هەبوو لە نزیك کەناڵەکە با، بەڵام بۆ ئەوانەی کەناڵەکانیان لێ دوور بوو، ئەوا وەرگرتنەکە لاواز دەبوو، زۆربەی کاتیش وێنەکە لێڵ و شێواو و بێ هێز بوو. هەتا ئەو ئۆتۆمبێلانەی بەناوچەکەدا تێدەپەڕین لەوانەبوو ببنە هۆی هاتنە ناوەوەی کارەبایی و ئەوەش دەبووە هۆی دەرکەوتنی وێنەیەك، کە لە پارچە سەهۆڵێك دەچوو یان دەبووە هۆی ئاوەژووبوونەوەی وێنەکە. جگە لەوەش راستی ئەوەی کە شەپۆلی تەلەفزیۆنی بەهێڵێکی راست دەگوازرێتەوە لە کوالیێتی وەرگرتنی یان هەتا وەرگرتنیش لە پشت باڵاخانە بەرزەکان یان لەلای شاخ و چیا بەرزەکان مەحاڵ بوو.

کێشە هەیە لەسەر ئەو شوێنەی، کە بۆ یەکەمجار کێبڵیان بەکارهێنا بۆ وەرگرتنی پەخشی تەلەفزیۆنی ماڵەوە. یەکێك لە بۆچوونەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئەمە لە ناوچەی لانسفۆردی ویلایەتی پەنسلڤانیای ئەمەریکی روویداوە. رۆبەرت تارلتۆن کە خاوەنی (ورشە) یەکی ئامێری رادیۆ و تەلەفزیۆن بوو، زۆر سکاڵای لەسەر وەرگرتنی تەلەفزیۆن پێگەیشت. خاوەنی ئامێرەکان ئامێرەکانیان دەهێنا لای و وای بۆ دەچوون کێشەکە لە ئامێرەکانەوە پێویستی بەچاککردنەوە هەیە، بەڵام ئارلتۆن لە کێشەکە گەیشت. ئەو شارە تەنیا ٦٥ میل لە فیلادلفیاوە دووربوو، بەڵام دەکەوتە پشت چەند چیایەك کە رێگایان لە پەخشەکە دەگرت. تارلتۆن بڕیاریدا رێگەیەکی نوێ تاقی بکاتەوە. ئاریەلێکی گەورەی داناو کێبڵی بۆ هەموو ماڵەکان راکێشا لەبری بڕە پارەیەکی مانگانەی دیاریکراو. ناویشی لە پرۆژەکەی نا کۆمپانیای پانسرڤالی بۆ تەلەفزیۆن Panther Vally Television company بەوەش توانی بۆ ئەو خەڵکەی نەیاندەتوانی تەلەفزیۆنەکانیان پێ بکەن وێنەیەکی نایاب بگوازێتەوە. تارلتۆن هیچ بەرنامەیەکی نوێی دانەهێنا، هەموو ئەوەی کردی وەرگرتنی ناردنی تۆڕی تەلەفزیۆنی بوو بە بەکارهێنان ئاریەلێکی تایبەت بەخۆیی و دواتر گواستنەوەی ئەو هێمایانە بۆ ماڵەکان لە رێی ئەو سیستەمەی خۆی دایهێنابوو.

ئەم بیرۆکەیە باو بوو و زوو بڵاوبووەوە پرۆژەی ئاریەلێکی تەلەفزیۆنی گشتی '' CATV Community Antenna Television" هەموو ناوچەکانی وڵاتی گرتبووەوە. زۆرینەشیان پرۆژەی بچووك بوون لەناوە دوورە دەستەکان کە ژمارەی خەڵکەکەی لە چەند سەدێك تێنەدەپەڕی. هەتا دوای دە ساڵیش و لە ساڵی ١٩٦٠دا، تەنیا ٢ لە سەدی خێزانە ئەمریکییەکان ئەوانەی، کە تەلەفزیۆنیان هەبوو بەم جۆرە پەخشی تەلەفزیۆنیان وەردەگرت. لە کاتێکدا ژمارەی ئەو کۆمپانیایانەی خزمەتگوزاری کێبڵیان پێشکەش دەکرد دەگەیشتە ٦٤٠ کۆمپانیا.

سەرەڕای ئەوەش، لەگەڵ فراوانبوونی ئەو دامەزراوەیە، زیاتر و زیاتر خەڵکی بەکرایان دەهێنا. ئەو کەناڵانەی هێما تەلەفزیۆنییەکانیان پەخش کرد ناڕەزاییان دەربڕی. ئەوان ئەو کۆمپانیایانەیان بە بوونەوەری مشەخۆر دادەنا کە هیچ پارەیەك نادەن لەبڕی ئەو پەخشانەی دابەشی دەکەن و سەرەڕای ئەوەش قازانجی ماڵییان دەست دەکەوێ. لەوەش زیاتر ئەوەیە، لەگەڵ پتربوونی ئاڵۆزی تەکنەلۆژیا، وای لێهات کێبڵەکان ئەو پەخشانە بۆ هاوبەشەکانی خۆیان بگوازنەوە، کە لە شارە دوورەکانی دیکەوە پەخش دەکران. ئەوەش بۆ کەناڵە ناوخۆییەکان کارێکی نا یەکسان بوو حەزیان لێی نەدەکرد. ئەنجامی ئەوەش کۆمەڵێك داواو سکاڵای یاسایی بوون.

لەو ململانێیەدا، ئەو بنەمایە هاتە گۆڕێ، کە کێبڵی تەلەفزیۆنی دەبێ وەکو پەخشکردنی هێماکان لە رێی بێ تەل بچێتە ژێر فەرمانی لێژنەی پەیوەندی کردنی فیدراڵی FCC ئەو یاسایەش لە رووی کارەکییەوە پێشکەوتنی کێبڵی تەلەفزیۆنی راگرت. لیستێکی ئاڵۆزیشی بۆ ئەو شتانەی، کە دەکرێ یان ناکرێ لە رێی ئالیەری تەلەفزیۆنی ناوخۆیی گشتی (CATV) یان هەر دامەزراوەیەکی دیکەی کێبڵی پەخش بکرێ دانا. سەرەڕای ئەوەش بەهاتنی ساڵی ١٩٧٩ لیژنەی پەیوەندی کردنی فیدراڵی FCC زۆرێك لەو کۆت و بەندانەی سووك کرد، دەسەڵاتی رێ پێدانیشیدا بە حکوومەتە ناوچەییەکان تا ئیمتیازاتی تایبەت بدەنە کۆمپانیاکانی کێبڵ تا لە ناوچەکانیاندا دامەزراوەکانیان کار پێ بکەن. لە بەرانبەر ئەمەشدا، حکوومەت مافی دانانی مەرجی جۆراوجۆر و باڵا دەستی ئەو شتانەی، کە لە رێی بێ تەلەکانەوە دەگوازرێنەوە بۆ خۆی هێشتەوە. ئەمرۆش بە بەردەوام ئەو هەڵوێستانە دەگۆڕێن لەژێر تیشکی ئەو کێشانەی دادگاکان لێیان دەڕوانن.

لە هەشتاکاندا، بەخێرایی رێژەی ئەو شار و شارۆچکە و وڵات و ناوچانە زیادیان کرد، کە کێبڵی تەلەفزیۆنی تێیدا خزمەتی دەکرد. لە سەرەتای ئەو دەیەدا، زیاتر لە ٤ هەزار

دامەزراوەی کێبڵ هەبوون و نزیکەی ٢٠ لە سەدی ماڵە ئەمریکاییەکان شەپۆلە تەلەفزیۆنییەکانیان لەو ڕێیەوە وەردەگرت. لە ساڵی ١٩٨٧یشدا، ڕێژەی ئەوانەی پەخشی تەلەفزیۆنیان لە ڕێی تەلەوە وەردەگرت گەیشتە ٤٥ لە سەد. وای لێهات ئەو دامەزراوانەی کە لە شارەکاندا کاریان دەکرد خزمەتگوزارییان پێشکەش بەملیۆنان هاوبەش دەکرد.

کێبڵ لە زۆر ڕووەوە لە وەرگرتنی بێتەل جیاوازە، بەڵام بەدڵنیاییەوە زۆر جۆر هەن، کە دەکرێ لەناویاندا یەکێك هەڵبژێردرێ. مرۆڤ دەتوانێ خزمەتگوزاری سەرەکی لە ڕێی فەرمانەی ((هاوبەشی مانگانە)) وەربگرێ. ئەوەش بەگشتی تێکەڵەیەك لەو بەرنامانە دەگرێتەوە، کە پەخش دەکرێن لە ناویاندا کەناڵەکانی ناو تۆڕەکە لەگەڵ کەناڵی تایبەتی دیکەی وەك کەش و هەواو وەرزش و بەرنامەی ئایینی و هەواڵەکان و ریکلامی تایبەت بەخزمەتگوزاری گشتی و مۆسیقای ڕۆك و شتی دیکەش. هەروەها مرۆڤ دەتوانێ کەناڵی فیلم و خزمەتگوزاری تایبەتی دیکە زیاد بکا لەبەرانبەر بڕە پارەیەکی زیاتر.

هەندێك باوەڕیان وابوو دامەزراوەی کێبڵ دەبێتە هۆی پێکەوتنی بەرنامەکان، بەڵام ئەوە ڕووی نەداو ڕوون بووەوە، کە ئەو ناوەڕۆکەی دامەزراوەی کێبڵ پێشکەشی دەکرد زۆرێك لە بینەرانی دووچاری بێزاری کردبوو. تەلەفزیۆنی کێبڵ هەمان ئەو بەرنامانەی پێشکەش دەکرد تەلەفزیۆنەکانی دیکە پێشکەشیان دەکرد.. زنجیرە و زۆرانبازی و هەڵوێستی کۆمیدی و فیلمی کۆن و یارییە وەرزشییەکان و هەواڵ و مۆسیقای ڕۆك و شتی لەوجۆرە. هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی بەرنامەکان دەگەڕێتەوە بۆ تەلەفزیۆنی کێبڵ بەهەمان سیستەمی پاڵپشتی دارایی دەبەستێ کە ریکلامە ئەمەش لە بنچینەدا ئاراستەی چینی کۆمەڵایەتی ئابووری چینی ناوەڕاستی نزم دەکا، کە (توانای کڕینی تاکەکانی جیاوازە لە ئاستی چینە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە). ئەوەش هەمان بارودۆخ بوو، کە تۆڕە تەلەفزیۆنییەکان لەسەری دەڕۆیشتن. بەم شێوەیە ئەوەی تەلەفزیۆنی کێبڵ لە ڕووی ناوەڕۆکەوە پێشکەشی دەکرد بۆ ئاستی چێژ وەرگرتن جیاوازی نەبوو. هەموو ئەوەی ڕوویدا تەنیا زیادبوون بوو لە ڕێژەدا.

دەرکەوتنی تەلەفزیۆنی کێبڵ بووە هۆی ڕوودانی هەندێك ئازار، بەڵام زیانی زۆر گەورەی لێنەکەوتەوە. پەخشی تەلەفزیۆنی ئاسایی بەردەوام بوو، بەڵام مەحاڵە ئەو ڕاستییە بشاردرێتەوە، کە کێبڵ ڕکابەرییەکی ڕاستەقینەی دروستکردووە. یەکێك لە ترسەکان ئەوەبوو، کە تەلەفزیۆنی کێبڵ دەبێتە هۆی دروستکردنی جۆرێك لە بینەری تایبەتمەند بەهەمان ئەو شێوەیەی لەگەڵ بوارە هاوچەرخەکانی تردا ڕوویدا. بەر لەتەلەفزیۆن زۆر بواری دیکە هەبوون

ئاراستەی کۆمەڵێکی زۆر لە خوێنەران دەکران. ئەو بوارانە بە شێوەیەکی کرداری لە بڵاوکردنەوە وەستان و بواری ئامانج دیاریکراوی دیکە جێگایان گرتنەوە، لەوانە دوان لەگەڵ دەستەیەك لە خەڵکی کە لە بایەخدان یان چێژ وەرگرتن لە یەك دەچن. ئێمە ئێستا هەزاران گۆڤارمان هەیە، کە کەم دابەش دەکرێن کە بایەخدان بەکۆمپیوتەر و ماسی گرتن و ئۆتۆمبێل و وەرزشی بەلەمەکان و جل و بەرگ و رجیمی خۆراکی.. هتد لە خۆدەگرن بەواتایەکی دیکە، خوێندنەوەی گۆڤارەکان تا رادەیەکی زۆر بووە بە مەسەلەیەك خەسڵەتی تایبەتمەندبوونی وەرگرتووە، بەڵام سەرەڕای پێشبینی خێرا، زۆربوونی کەناڵە تەلەفزیۆنییە بەکێبڵەکان نەبووە هۆی دابەشبوونی بینەران بۆ چەند دەستەیەك کە لە گرنگیدان یان چێژ وەرگرتن وەك یەك بن و خەڵکێکی یەکجار زۆریش مانەوە، کە سەیری بەرنامەی تەلەفزیۆنە ئاساییەکانیان دەکرد.

لەکاتی ئێستاشماندا، تۆڕە تەلەفزیۆنییەکان لە هەوڵی بەردەوام دان بۆ هێشتنەوەی بینەرانیان. لە قۆناغی پێشوودا تەنیا سێ تۆڕی سەرەکی جەماوەری هەڵوەدایان بە شێوەیەك لە شێوەکان دابەشکرد، بەڵام ئەمڕۆ، لایەنی کەم هەندێك لە بینەران رووەو ئەوە دەچن، کە تەنیا لە رێی کێبڵەوە پەخشی تەلەفزیۆنیان دەست بکەوێ. ئەوەی رەشبینییەکەش پتر دەکا ئەوەیە ئەو بینەرانە هۆکارەکانی تۆمارکردن بەکاردێنن تا بتوانن فیلم یان شریتی دیکە ببینن کە دەتوانن بەکرێی بێنن و بەهۆی تەلەفزیۆنەوە لە ماڵەوە بیخەنە کار.

### ئامێری تۆماری ڤیدیۆ کاسێت:

لە کاتێکدا تەلەفزیۆن لە خێراترین قۆناغەکانی بڵاوبوونەوەیدا دەبینرا، کۆمپانیای ((ئەمبکس)) لە نیۆیۆرك هەڵدەستا بە پەرەپێدانی هۆکارێك کەوای بۆ رێککەوتبوو ببێتە خاوەنی قووڵترین کاریگەری لەسەر هەریەك لە پیشەسازی تەلەفزیۆن و سینەما. لە ساڵی ١٩٥٢دا، چارلز جنسبرگ و پێنج لە ئەندازیارانی کۆمپانیای (ئەمبکس) پەرەیان بە رێگای تۆمارکردنی بەرنامەی تەلەفزیۆنی لەسەر شریتی موگناتیسی دا، بەکارهێنانی ئەوجۆرە شریتانەش لە تۆمارکردنی بەرنامەی بیستراو بە شێوەیەکی فراوان باوبوو، بۆیە بیرۆکەی تۆمارکردنی وێنە شۆڕشێك نەبوو. لەوەش زیاتر تەکنەلۆژیا یەك هەبوو بەناوی کینیسکۆپ kinescope و کارەکیی بۆ تۆمارکردنی بەرنامە تەلەفزیۆنییەکان بەکاردەهات، بەڵام هێواش و بێزار کەربوو بەهۆیەوە دانەیەکی جۆرباشمان لەبەرنامەکە دەست نەدەکەوت.

دوای چەند جار دواکەوتن، ئامێری تۆمارکردن پەرەی پێدراو لە ساڵی ١٩٥٦دا هاتە ناو پیشەسازی تەلەفزیۆن. ئەو ئامێرەش ناوی ((ڤی.تی.ئار))ی لێنرابوو، کە کورتکراوەی چەمکی "Video Tope Recorder" ئامێرەکە لە قەوارەی جانتای گەشتکردن دابوو و چوار سەری تۆمار، کە بۆ تۆمارکردن لەسەر کاسێتەکە دەجووڵانەوە، کە پانییەکەی دەگەیشتە دوو (پێ) بەکرەی کاسێتی تۆمارکردنیش زۆر گەورەبوو (لە چاو ئەمڕۆ) بازنەکەی دەگەیشتە دوازدە بۆسە.(١٠)

هەر زوو پیشەسازی تەلەفزیۆن دانی بە سروشتی کاری ئامێری تۆمارکردنی نوێدا دانا. کۆمپانیای سی.بی.ئێس (C B S) یش بووە یەکەمین تۆڕ، کە تەکنەلۆژیای ڤیدیۆ (VTR) بەکاردێنێ. لە٣٠نوڤەمبری ١٩٥٦دا، ئەم تۆڕە نمایشی ((دۆگلاس ئەدواردز و هەواڵەکان))ی بەتۆمارکراوی پەخش کرد.. کۆمپانیای ((ئەمبکس))یش، ئەوەی کە ئامێری تۆمارکردنی ڤیدیۆی بەرهەمهێنابوو خەڵاتی ((ئیمی)) ساڵی داهاتووی وەرگرت، بۆ نرخدانان بۆ ئەو پەرەپێدانە نوێیەی پێیگەیشتبوو. ئەگەر بهاتبایەو و تۆڕە تەلەفزیۆنییەکان پێشبینی ئەو لەمپەرانەیان بکردبایە، کە ئامێری ڤیدیۆ لە کۆتاییدا دووچاریان دەکا، لەوانەیە بیربان لە گۆڕینی هەڵوێست بکردباوە بەرانبەر داهێنەرەکە و خودی ئامێرەکەش.

ئامێری ڤیدیۆ VTR بەخێرایی لە هەموو کونجێکی پیشەسازی تەلەفزیۆن بڵاوبووەوە ئەگەرچی لای خەڵکی رەشۆکی بەنەناسراوی مایەوە. بەراستی ڤیدیۆ بۆ ستۆدیۆی تەلەفزیۆنەکان وەکو دیارییەکی ئاسمانی وابوو. توانای تۆمارکردنی بەرنامەکانی بەشێوەی تۆمارکراو (ناراستەوخۆ) پەیداکرد و دواتریش لە کاتێکی گونجاو و بەبێ ڕوودانی ئەو هەڵانەی لە پەخشی راستەوخۆ دەبینران پەخش دەکران. لەوەش زیاتر کاسێتی تۆمارکردن بەئاسانی دەتونرا لێی لابرێ و درێژییەکەی کورت بکرێتەوە بۆئەوەی گونجاوبێ لەگەڵ کاتی دیاریکراوی پەخش کردنی. ژمارەیەك خەڵك دەستیان بەدانان بە بایەخی کرداری بابەتی تۆمارکراو لە ڕێی ڤیدیۆ کرد، بۆ ئەوەی جارێکی دیکە لێبدرێتەوە. هەروەك بەکارهێنانی ڤیدیۆ لە بواری مەشق بەبەرفراوانی دەستی پێکرد.

قوتابخانەکانیش ئەو تەکنەلۆژیایە نوێیەیان بەکارهێنا و زۆریان باوەڕیان وابوو، کە شۆڕشێك لە فێرکردن دێنێتە ئارا. توانرا وانە و موحازەراتی مامۆستاکان تۆمار بکرێن تا دواتر لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن پیشانبدرێنەوە. هەروەك هۆڵی وانە و موحازەرەکان لە ژمارەییێك لە کۆلێژ و زانکۆکان ئامێری تەلەفزیۆنیان بۆ دانرا تابتوانرێ لە هەر شوێنێکی

هۆڵەکەدا وانەکان ببینرێن. ئیدی وانەکان تەنیا مامۆستا و تەختەرەش و پارچە تەباشیر نەمانەوە، بەڵکو توانرا وانەکان بەشێوەیەکی چاکتر و مەودا زیاتر پێشکەش بکرێن بە بەکارهێنانی هۆکاری روونکردنەوەی بینراوی وەکو هێلکاری و وێنە و برگە لەفیلمی دیکە یان شتی دیکەی لەو جۆرە. لەسەرووی هەموو ئەوانەشەوە، بەرپرسانی بەرێوەبردنی کۆلێژەکان باوەڕیان وابوو فێرکردن بەڤیدیۆ لەوانەیە لە رووی داراییەوە کەمتری تێ بچێ، هەموو ئەوەی پێویستییانە ژمارەیەکی کەمە لە مامۆستاو ئەو کاسێتانەی، کە دەتوانن لە کۆمپانیاکانی دابەشکردن بیانکرن و ئەو وانانەی تێدایە کە لە کۆلێژەکان دەخوێندرێن. پێویستیمان بەوە نییە، بڵێین شتەکان ئاوا ئاسان نەبوون، چونکە ئارەزووی قوتابیان لەسەر ئەوەبوو مامۆستایەکی راستەقینە و بوونەوەرێکی زیندوو هەبێ لە هۆڵی وانەگوتنەوە لە بەرانبەریان بوەستێ. هەتا ئەو مامۆستایەی بێزاری دروستکا پێیان لە ئامێری تەلەفزیۆن باشتربوو.

بەکارهێنانی دیکەی تەلەفزیۆنیش پەیدابوون. بەکارهات بۆ مەشق پێکردنی کرێکاران وەکو هۆکارێکی ریکلام کردن و بۆ تۆمارکردنی وشە و ئاکاری ئەو کەسانەی، کە بەتۆمەتی لێخوڕینی ئۆتۆمبێل بەسەرخۆشی دەسگیر دەکران بەکارهات. بەکارهێنانی ڤیدیۆ گەیشتە ئاستی تۆمارکردنی شایەتی لە دادگاکان. هەتا بەر لە ساڵی ١٩٦٠ ئامێری ڤیدیۆ (VTR) هەر پشتی بەشریتی بەکرە دەبەست و هەڵگرتن و گواستنەوەی لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە ئاسان نەبوو.

**شێوازی کاسێت**. لەگەڵ دەستپێکی ساڵی ١٩٧٠دا قەوارەی ئامێری ڤیدیۆ (VTR) بچووك کرایەوە. زۆر نموونەش پەیدابوون، کە شریتی بچووکیان بۆ بەکاردەهات. لەوەش گرنگتر، ئەوەی کاریان لەسەر پێشخستنی ڤیدیۆ دەکرد توانیان کاسێتی تۆمار بخەنە ناو قەپێلکێکی بچووك، وای لێهات هەموو ئەو کارەی لەسەر ئەو کەسەی، کە ئامێرەکەی بەکاردێنا ئەوەبوو بیخاتە ناو دەروازەی ئامێرەکە و پاڵ بەدوگمەیەك یان دوانەوە بنێ بۆ ئەوەی بابەتە داواکراوەکە تۆمار بکا یان لێی بداتەوە. وای لێهات مرۆڤ بتوانێ ئەو بەرنامە تەلەفزیۆنییەی دەیەوێ تۆماری بکا دوای ئەوەی ڤیدیۆ بەتەلەفزیۆنەکە بگەیەنێ تا بتوانێ لەهەرکاتێك، کە ئارەزووی لێیە بیبینێتەوە. لەو ماوەیەدا، تەلەفزیۆنی کێبڵ بۆ زۆرینەی خەڵکی نەرەخساو بوو. ئەوەش روون بووەوە، کە ئامێری ڤیدیۆی نوێ کە ناوی Video Cassette Recorder (VCR) (تۆمارکەری ڤیدیۆ کاسێت)ی لێنرابوو، دوارۆژێکی پرشنگداری دەبێ.[١١]

گەرم و گوڕی بەپیرەوە هاتنێکی مەزن لەسەر تۆمارکردنی زۆرترین بابەتی بینراو لەسەر شریتی ڤیدیۆ کاسێت روویدا. بە پێشبینی ئەوەی داواکاری بەکارهێنەران زۆر دەبێ، هەموو شتێك تۆمارکرا.. وانەی چێشت لێنان و شانۆگەرییەکانی شکسپیر و یاری مستەکۆڵە و ژمارەیەکی بێ کۆتا لە فیلمی سینەمایی کۆن. سەرەڕای ئەوە، پێشوازی گەورە نەهاتەدی. لەلایەك نرخی ئامێری ڤیدیۆ زۆر بەرزبوو، لە سەرەتای حەفتاکاندا ئەو نرخە دەگەیشتە نزیکەی ٨٠٠ دۆلار ئەوەش بڕێکی یەکجار زۆربوو بە پێوەرەکانی ئەو سەردەم. تەنیا لە دەسەڵاتی هەندێك دەوڵەمەنددا بوو ئامێری ڤیدیۆ بکڕن، بەڵام زۆرینەی بەکاربەران ئەمەیان لە تواناداا نەبوو.

توخمێکی دیکەی گرنگ بووە هۆی بڵاوبوونەوەی ڤیدیۆ ئەویش ئەو پشێوییە بوو، کە پەیوەندی بەلایەنی تەکنەلۆژیی ئەو ئامێرەوە هەبوو، چونکە کۆمپانیا بەرهەمهێنەرە جیاوازەکان نەگەیشتنە رێکەوتنێك لەسەر پێوەری هاوبەش و دیاریکراو. لە ناوەڕاستی هەفتاکاندا، پێنج جۆری جیاوازی ڤیدیۆ کاسێت لە بازاڕدا هەبوون و هەریەکەیان تەکنەلۆژیایەکی هەبوو، کە لەهی ئەوانی دیکە جیاوازبوو. بەرهەمهێنەرەکان هەوڵیاندا هەموو شتێك بەکاربێنن لە فیلمی ٨ مللیمەترییەوە بگرە تا کاسێتی بچووك بۆ تۆمارکردنی بەرنامە لەسەریان. ئەو هەڵوێستەش لەوە دەچوو، کە پێشتر لەم سەدەیەدا روویدا لە بواری ئێزگەی بیستراو یان رادیۆ. سەرەڕای ئەوە، حکوومەتی فیدرالی هیچ دەسەڵاتێکی بەسەر ڤیدیۆدا نەبوو بۆ سەپاندنی پێوەری دیاریکراو.(١٢)

لە کۆتاییدا، دوای ئەوەی کۆمپانیا بەرهەمهێنەرەکان بەهۆی ئامێری ڤیدیۆوە بەملیۆنان پارەیان لە دەستدا، لەسەر پێوەری پێوانەیی رێککەوتن، بەڵام لە ناوەڕاستی هەفتاکان ژاپۆنییەکان هاتن و دەستیان بەسەر ئەو تەکنەلۆژیایەدا گرت، کە کۆمپانیای ئەمبکس و کۆمپانیا ئەمریکییەکانی دیکە پەرەیان پێدابوو. ژاپۆنییەکان هەندێك چاکسازی سنووردارییان لەسەر ڤیدیۆ کرد و دەستیان بەبەرهەمهێنانی بەرهەمی کێش سووك و تا رادەیەك هەرزانیش کرد و ناویان نا سیستەمی بێتامێکس. لە ساڵی ١٩٧٧دا زیاتر لە ٢٠٠هەزار ئامێر لەو سیستەمەدا فرۆشرا. ئەمریکاییەکانیش لەسەر ئەوەبوون، کە ئامێری ڤیدیۆی ماڵەوە بکڕن. لە بەخت رەشی بڕی زۆری قازانجی ئامێری ڤیدیۆ وای بۆ نووسرابوو بچێتە ژاپۆن.

**ململانێی یاسایی.** چوونە ناو بازاڕی ئەمریکی لەلایەن ژاپۆنییەکانەوە بەئاسانی تێنەپەڕی و پیاوانی کاری ئەمریکی خۆیان بەدەستەوە نەدا. چوونە دادگاکان و جەنگی

یاسایی لە بارەی فرۆشتن یان هەتا هەبوونی ئامێری تۆمارکردنی ڤیدیۆ و ڤیدیۆ کاسێت دەستی پێ کرد. دوو لە بەرهەمهێنەرە سینەماییەکان سکالایان لە دژی کۆمپانیای ((سۆنی)) ژاپۆنی بەرزکردەوە و تۆمەتباریان کرد بەپێشێلی مافی لەبەرگرتنەوە و خاوەنداریەتی و خۆهەڵقورتاندن لەفرۆشتنی بەرنامەی تۆمارکراو بۆ نمایشی تەلەفزیۆنی و دەوڵەمەندبوونی نایاسایی و کۆمەڵێك تۆمەتی دیکە، کە هەندێك لە پارێزەرەکان بڵاویان دەکردەوە. بابەتی سەرەکیش لە هەموو ئەو کێش مەکێشەدا ئەوەبوو، ئامێری ڤیدیۆ کاسێت دەتوانرێ بەکاربهێنرێ بۆ لەبەرگرتنەوەی بەرنامەی بینراو بەشێوەیەکی نایاسایی، ئەوەش دەبێتە هۆی راگەیاندن بەبەرهەمە یاساییەکانی بەرنامەی تەلەفزیۆنی.

ئەمریکاییەکان ئەو جەنگەیان لە رووی یاساییەوە دۆڕاند. دادگاش حوکمێکی بەرایی دەرکرد بەوەی خەڵکی مافی ئەوەیان هەیە هەر شتێك دەیانەوێ تۆمار بکەن و ببینن مادام ئەوە بەکارهێنانی کەسییە.[١٣] کێشەکە پێداچوونەوەی بۆ کرایەوە و لە کۆتاییدا گەیشتە دادگای باڵا. هەتا کۆنگرێسیش بەشداری لەو بابەتدا کردوو چەند دانیشتنێکی گوێگرتنی لە بارەی ئەو یاسایانەی، کە پێویستە لەو بوارەدا جێبەجێ بکرێن ئەنجامدا. ئاشکراش بوو، کە کێشەی سەرەکی ئەوەیە بەرهەمهێنەرانی هۆلیود نایانەوێ خەڵکی لە ماڵەوە ڤیدیۆ کاسێت ببینن. هەستیان بەوە کرد خەڵکی فیلمی ڤیدیۆیی لە ماڵەوە دەبینن ئەوەش دەبێتە گرفت بۆ پەنجەرەی پلیت بڕینی سینەماکان[١٤]. هەتا ئەوانەی ریکلامیشیان لە تەلەفزیۆن دەکرد هەڵوێستی نەرێنیان بەرانبەر ڤیدیۆ هەبوو، داوای قەدەغەکردن یان بەلایەنی کەم بەرزکردنەوەی نرخی کڕین و بەکارهێنانیان دەکرد لە رێی سەپاندنی فەرمانە و شتی دیکە. ئەوانەی کە ریکلامیان دەکرد لەماوەی یەك شتەوە زۆر هەستیان بەدوودڵی دەکرد ئەویش دوگمەی تایبەتی خێراکردنی کاسێتی ڤیدیۆ بوو لەو شوێنانەی ریکلامیان تێدا بوو ئەوەش وای دەکرد ریکلامکردنی ڤیدیۆ کاریگەری زۆری نەبێ.[١٥]

لە کۆتاییدا، دوای حەفت ساڵ لە ململانێی یاسایی کێشەکە چارەسەر کرا. لە ساڵی ١٩٨٤دا دادگای باڵای ویلایەتە یەکگرتووەکان بڕیاریدا بەکارهێنانی ئامێری ڤیدیۆ کاسێت بۆ تۆمارکردنی بەرنامەکان لە ماڵەوە کارێکی یاساییە و هیچ پێشێلی نییە بۆ یاسای لەبەرگرتنەوە و مافی خاوەندارێتی.[١٦] ئەوەش بنەمایەکی گرنگ بوو رێگای لەبەردەم هەموو پیشەسازییەکی نوێدا والاکرد.

ئەوەی جێگای گاڵتەجارییە ئەوەیە لە کاتێکدا، کە کۆمپانیای سۆنی لە جەنگە یاساییەکانی لە دادگای ئەمریکیدا سەرکەوتنی بەدەستهێنا، بەڵام باڵادەستبوونی لەسەر بازاڕی ڤیدیۆ کاسێت لەبەرانبەر یەکێك لە کۆمپانیا ژاپۆنییە رکابەرەکانی دۆڕاند. کۆمپانیای ماتسۆشیتای مەزن گەیشتە ئەوەی پێدەگوترێ سیستەمی ڤیدیۆی ماڵەوە Video Home System(VHS)، ئەوەی بواری رەخساند بۆ تۆمارکردنی شەش کاتژمێر لەسەرکاسێتی (وات) لەبەرانبەر سێ کاتژمێری سیستەمی بێتاماکسی ژاپۆنی ئەوەی کۆمپانیای سۆنی بەرهەمی هێنابوو. ماتسوشیتا مۆڵەتی بەکۆمپانیاکانی دیکەشدا، لەوانەش کۆمپانیا ئەمریکییەکان، بۆ بەرهەمهێنانی داهێنانەکانیان لە سیستەمی (VHS). ئیدی لە ساڵی ١٩٨٧ لافاوێك دەوری ئامێری ڤیدیۆی بێتا ماکسیدا، کە کۆن ببوو و خەڵکی دەستبەرداری ببوون.

**گەشەسەندنی خاوەندارێتی.** لەگەڵ روون بوونەوەی هەڵوێستی یاسایی لە بەرانبەر ڤیدیۆ، ئەم تەکنەلۆژیایە رێژەی پێوانەیی بەدەست دێناو دابەزاندنی گەورەشی لە نرخی ڤیدیۆدا کرد. ئەمریکاییەکانیش بە رێژەی زۆر دەستیان بەکڕینی ڤیدیۆ کاسێت کرد. خشتەی (٤-٣) ئەوە روون دەکاتەوە، کە بەهاتنی ساڵی ١٩٨٦،

**خشتەی (٤-٢) گەشەی وەدەستهێنانی ئامێری تەلەفزیۆن لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا (١٩٤٦-١٩٧٧)**

| ساڵ | ژمارەی گشتی ئامێری ڤیدیۆی فرۆشراو (بە هەزار) | ژمارەی گشتی خێزانەکان (بە هەزار) | ئامێری ڤیدۆی کڕدراو بۆ هەر خێزانێك | بەرزبوونەوە رێژەی وەدەستخستنی ڤیدۆ لای خێزانەکان |
|---|---|---|---|---|
| ١٩٧٧ | ٢٠٠ | ٧٤.١٠٠ | ٠.٠٢ | — |
| ١٩٧٨ | ٤٥٩ | ٧٦٠٠٠ | ٠.٠٠٦ | ٠.٨ |
| ١٩٧٩ | ٥٠٧ | ٧٧٣٠٠ | ٠.٠٠٦ | ١.٤ |
| ١٩٨٠ | ٧٦٣ | ٨٢٧٧٦ | ٠.٠٠٩ | ٢.٣ |
| ١٩٨١ | ١٣٦١ | ٨٢٤٠٠ | ٠.٠١ | ٣.٣ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١٩٨٢ | ٢٣٠٠ | ٨٣٥٢٧ | ٠.٠٢ | ٥.٣ |
| ١٩٨٣ | ٤٠٩١ | ٨٣٩١٨ | ٠.٠٤ | ٩.٣ |
| ١٩٨٤ | ٧٠١٦ | ٨٥٤٠٧ | ٠.٠٨ | ١٧.٣ |
| ١٩٨٥ | ١١٨٥٣ | ٨٦٧٨٩ | ٠.١٣ | ٣٠.٣ |
| ١٩٨٦ | ١٣١٧٤ | ٨٨٤٥٨ | ٠.١٤ | ٤٤.٣ |

٤٠ لە سەدی ماڵە ئەمریکییەکان ئامێری ڤیدیۆکاسێتیان هەبوو. ڕێژەی هەبوونی ئامێری ڤیدیۆ کاسێت زۆر زیادی کرد بەپلەیەك هاوسەنگ بوو لەگەڵ ئەو ڕووداوەی لە پەنجاکان لەگەڵ ئامێری تەلەفزیۆن ڕوویدا.

بڵاوبوونەوەی بەردەوامی یانەی بەکرێدانی کاسێتی ڤیدیۆ یەکێك بوو لەو پاڵنەرە گەورانەی وای کرد خاوەنداریەتی ئامێری ڤیدیۆ زیادبێ. یاسای مافی لەبەرگرتنەوە و چاپکردن، کە لە ساڵی ١٩٧٦ دا دەرچوو بڕگەی یەکەمین فرۆشتنی لە خۆگرتبوو، بڕیار لەسەر ئەوە دراوە، کە کڕیار تەنیا بەکڕینی کارێکی تۆمارکراو دەبێتە خاوەنی و مافی ئەو تاکەیە چی لێ بکا، ئەو بەکرێگرتنەشی دەگرێتەوە. بەم شێوەیە بازرگانە پاژییەکانی فیلمی سینەمایی تۆمارکراو لەسەر کاسێتەکان لە ستۆدیۆی سینەماکان یان لە دابەشکارەکانیان بکڕن و دواتر لەبەرانبەر کرێیەکی زۆر کەم بیدەنە ئەو کەسانەی ئامێری ڤیدیۆیان هەیە.[١٧] مرۆڤ ئێستا لە توانایدا هەیە کاسێتێکی ڤیدیۆ لە بەرانبەر پارەیێکی کەم بەکرێ بگرێ. ئەو کاسێتانەش تەنیا لە دەزگا تایبەتمەندەکاندا نین بۆ بەکرێدان، بەڵکو لە سوپەر مارکێتەکان و کۆگای دەرمان و هەتا لە بواری وردەواڵەشدا هەن. لە ئەنجامی ئەوەشدا جەماوەری فیلمی سینەمایی جارێکی دیکە زیادی کردەوە، بەڵام بەملیۆنان فیلمەکانیان لە ماڵەوە دەبینی نەك لە سینەما.

ئامێری ڤیدیۆ کاسێت یەکێکە لە جەماوەریترین داهێنان لە مێژوودا. بەپیرەوە هاتنی گەرم بۆ کڕینی ئەو ئامێرە لە هەموو وڵاتەکاندا هەیە. ڤیدیۆ زۆر بە بەرفراوانی وەکو هۆکارێکی ڕابواردنی ماڵەوە بەکاردێ لای ئەوانەی توانای کڕینیان هەیە لە هەندێك لە ناوچەکانی جیهاندا و شوێنی سینەماو یانەی شەوانە و بارەکان دەگرێتەوە (وەکو زۆرێك لەوڵاتە ئیسلامییەکان)، ئەوەش بووە هۆی پەیدابوونی بازاڕی ڕەش و کرداری چەتایەتی بۆ لە بەرگرتنەوەی فرۆشتنی فیلمی ئەمریکی هێنراو (زۆربەی کاتیش قەدەغەکان)، بۆ نموونە لە

یەکێتی سۆڤیەت داواکاری لەسەر کاسێتی ڤیدیۆیی وەکو مەشقی وەرزشی جین فۆنداو فیلمی هاوچەرخ  یەکجار زۆربوو.

## تێڕوانینێکی گشتی:

لە کۆتاییدا، بەشەکانی پێشوو لە بارەی رۆژنامەگەری و سینەما و ئێزگە و تەلەفزیۆن هەندێك وردەکارییان لەبارەی کاریگەری کۆمەڵگە لەسەر هۆکارەکانی راگەیاندن پێگوتین. لە راستیدا لێکۆڵینەوە لە هۆکارەکانی راگەیاندن لەو چوارچێوەیەدا جەخت لەسەر کەڵەکەبوونی شوێنەواری شارستانییەتی تەکنەلۆژی دەکاتەوە و ئاماژە دەدات بەداهێنانی هۆکاری راگەیاندن وەکو بەرجەستەکەرێکی ئەو شوێنەوار و ئادگارە شارستانیانە. هەروەك ئەوە بەدوای گۆڕانی هۆکارە تەکنیکی و هونەرییە ناسراوەکان لای خەڵکێکی زۆر کەمدا دەچێ تادەگاتە شێوەیەك، کە دەکرێ هەموو خەڵك بەکاری بێنن. لە هەمانکاتیشدا، شوێنپێی نموونەی بڵاوبوونەوەی هۆکارەکانی راگەیاندن لە کۆمەڵگەدا هەڵدەگرێت و لێکۆڵینەوە لە لادان و دەرنەکەوتن  و نادیاری دەکا بۆ ئەوەی ئەرکی دیکە جێگای بگرنەوە. ئەو جۆرە شیکارییە زۆرکەم زانیاری لە بارەی کرداری سایکۆلۆژی لای تاکەکان ئاشکرا دەکات، کە ئەوانن بڕیار لەسەر ئەو هۆکارەی راگەیاندن دەدەن و هەڵیدەبژێرن، یان ئەوانن کاریگەری وەرگرتنی ناوەڕۆکی راگەیاندنیان لەسەر دەبێ.

هەروەها شیکاری لەم جۆرە جەخت لەسەر ململانێی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی فراوان دەکاتەوە، کە تایبەتمەندی کۆمەڵگە لە رێی پێشکەوتنی هەر هۆکارێکی راگەیاندن دەخاتەڕوو. هەبوونی هۆکاری وەکو جەنگ و قەیرانی ئابووری و رابواردن و کۆچکردن و گۆڕانی گوند بۆ شار و بڵاوبوونەوەی فێربوون و هەبوونی توخمی تەکنەلۆژی دیاریکراو لە شارستانییەتی هەر کۆمەڵگەیەکدا کاریگەریان دەبێ لەسەر پێشکەوتن و بڵاوبوونەوەی هۆکاری راگەیاندن. بەم شێوەیە، ئەو هۆکارە زۆرانەی کە مێژووی هۆکارەکانی راگەیاندنی ئێمە دروست دەکەن و پێکدێنن ناتوانرێ لە بۆشاییەکی تیۆریدا لێکدانەوەیان بۆ بکرێ. تێڕوانین لەو رووداوانە وەك پاژێك لە کرداری پێشکەوتنی ئاڵۆز کاتێك روودەدا، کە کۆمەڵگە جوداکاری زیاتر دەبێت و تواناداراتر دەبێت لە دیارکردنی پتر تایبەتمەندبوون لە ئەرکەکاندا و لە چوارچێوەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی دایدەنێ. بەم شێوەیە، دەرکەوتنی هۆکاری راگەیاندن وەك بەشێك لەکرداری پێشکەوتنی لەدروستکردن و بەشارستانی کردندا بەرفراوانە، بەڵام لەنێوان

خۆی و ئەو دوو ئاراستە سەرەکییەدا لە کۆمەڵگەی هاوچەرخ پەیوەندی دروست دەکا. لە راستیدا، ئەو بۆچوونەی پێشوو هەبوو، کە هۆکاری راگەیاندن هێزێکی سەربەخۆیە و شێوەی کۆمەڵگە وادیاردەکا کە خۆی دەیەوێ، نوێنەرایەتی باوەڕێکی لاواز دەکا. هەروەك ئەوە هزرێکی کۆنە زەمەنێکی بەسەردا تێپەڕیوە. هۆکارەکانی راگەیاندن بەپێی رووداوەکانی دیکەی کۆمەڵگە پێکدێن. زۆریش بەکرداری جەدەلی ململانێی نێوان هێزە بەرهەڵستکارەکان و هزر و پێشکەوتن لەنێوان ئەو هۆکارانە و لەنێوان دامەزراوەی دیکەی کۆمەڵگە کاریگەر دەبێ. بەواتایەکی دیکە، زۆر هۆکار هەن کۆمەڵگە بەقووڵی کاریگەریان پێ لەسەر هۆکارەکانی راگەیاندن دروست دەکا.

# پەراوێزەکانی بەشی چوارەم


1. Gleason L. Archer, *History of Radio to 1926* (New York: American Historical Society, 1938).
2. John Baptista Porta, *Natural Magick*, ed. Derek J. Price (New York: Smithsonian Institute for Basic Books, 1957).
3. Monroe Upton, *Electronics for Everyone*, 2nd rev. ed., (New York: American Library Association, 1962), p. 137.
4. S. G. Sturmey, *The Economic Development of Radio* (London: Gerald Duckworth, 1958), p. 17.
5. Archer, *History of Radio*, p. 91.
6. Ibid., pp. 112–13.
7. Ibid., p. 312.
8. Girard Chester, Garnet R. Garrison, and Edgar Willis, *Television and Radio*, 3rd ed., (New York: Appleton-Century-Crofts, 1963), p. 24.
9. Alfred N. Goldsmith and Austin C. Lescarboura, *This Thing Called Broadcasting* (New York: Henry Holt, 1930), p. 279.
10. *Billboard Magazine*, February 22, 1986, p. 32.
11. *Newsweek*, July 10, 1970, p. 42.
12. *Time*, July 10, 1970, p. 40.
13. *Time*, October 15, 1979, p. 86.
14. *Newsweek*, April 26, 1982, p. 72.
15. *Consumer Reports*, May 1982, p. 236.
16. *Newsweek*, January 30, 1984, p. 57.
17. *Forbes*, November 19, 1984, p. 41.

# بەشی پێنجەم

## هۆکارەکانی ڕاگەیاندنی جەماوەریی
## وەك دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی

بەشەکانی پێشتر پاشخانە مێژوویی و تەکنەلۆژی و نموونەی هەڵبژێردراوی بۆ هەموو هۆکارە ڕاگەیاندنە جەماوەرییەکان ڕوون کردەوە، ئەوانەی لە بواری گواستنەوەی زانیاری خزمەت پێشکەشی جەماوەری ئەمریکی دەکەن. هەروەك پێشتر پێی گەیشتین، هەر هۆکارێك لەو هۆکارانە ڕووبەڕووی کۆمەڵێکی بێ وێنە لە بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی بووەوە، کە نموونەی تایبەتی خۆی لە کۆمەڵگەدا پێکهێنا. بەهۆی ئەو خەسڵەتانەی لەو سەردەمەدا میللەتی ئەمریکا هەیبوو، بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامە بۆ ماوەی سەدەیەك بەشێوەیەکی ڕێژەیی هێواش بوو تا بەگوێرەی تاکەکان لەماوەی جەنگی یەکەمی جیهانی گەیشتە ترۆپك.. بەڵام بەشێوە ئاساییەکەی بەخێراییەکی زیاتر بڵاوبووەوە، بەتایبەتی لەماوەی چڵ ساڵدا و لەماوەی نێوان سی و چلەکاندا گەیشتە لوتکەی سەرکەوتن. هەرچی ئێزگەیە، نموونەیەکی جیاواز بوو، لەسەرەتادا بەخێرایی بڵاوبووەوە دواتر بۆ ماوەی نیو سەد بەشێوەیەکی پتر جێگیر بڵاودەبووەوە و لەم کۆتاییانەشدا گەیشتە لوتکە. لەلایەکی دیکەوە، لە کورتترین ماوەدا لەناو کۆمەڵگەی ئەمریکاییدا تەلەفزیۆن هاتە ناوەوە، ڕێژەی هەبوونی ئامێری تەلەفزیۆنی ماڵەکان لەماوەی دە ساڵدا ١٠ ٪ بۆ ٩٠٪ زیادیکرد، وەك هەر هۆکارێکی پەیوەندیکردنی نوێ، لەسەر تەلەفزیۆن پێویست بوو پێگەیەکی شایستە لەنێوان هۆکارە ڕاگەیاندنەکانی دیکە بۆ خۆی بدۆزێتەوە، ئەنجامی ئەو پێگەیەش تا ڕادەیەك درامی بوو. بەبێ دوودڵی ئێزگە بەشێوەیەکی ترسناك لە بواری لە خۆگرتنی نوێترین هەواڵ لەگەڵ ڕۆژنامەدا ڕکابەری دەکرد، هەروەك بەکارهێنانی تەلەفزیۆن بووە هۆی بەربەستێکی ڕوون لە چوون بۆ سینەما، دواتر کە تەلەفزیۆن دەرکەوت ئێزگە بەدوای پێداویستی نوێدا گەڕا تا پێشکەشی کۆمەڵگە بکا. مێژووی ڕاگەیاندن لەویلایەتە یەکگرتووەکاندا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە مێژووەکەی گەورەترە لە مێژووی پارچەکانی. بۆیە، ناکرێ بەشێوەیەکی گشتی

له دامەزراوەی پەیوەندیکردنی تایبەت بە کۆمەڵگەی ئەمریکایی بگەن لە ڕێی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی فراوان لەسەر تاکە هۆکارێك و دابڕینی لە هۆکارەکانی دیکە. هەروەك وا دەبینین هەموو هۆکارێك بەتەنیا شیبکرێتەوە، ئەوەش پێویستە لەوە تێبگەین تا چ ڕادەیەك هۆکارەکانی پەوەندیکردن نوێنەرایەتی سیستەمێکی گشتی دەکەن، کە لەکۆمەڵگەی ئەمریکی جودا نابێتەوە.

ئاشکرایە لەکاتی ئێستاماندا هۆکارەکانی پەیوەندیکردنی جەماوەری پاژێکی بنەڕەتین لە پەیکەری دامەزراوەکانی ئێمە. ئەمەش مانای وایە، لەو کاتەی کە دەبێتە نوێنەری دروستکراوەکانی خۆی، بەقووڵیش چۆتە ناو هەر پێنج دامەزراوەکەی کۆمەڵگەی ئێمە. بۆ نموونە هۆکاری ڕاگەیاندن لە ڕێی وردبوونەوە لە خزمەتگوزاری بەرهەمی دامەزراوە بازرگانی و پیشەسازییەکانمان بەبەشێکی بنەڕەتی لە دامەزراوەی ئابووری دادەنرێ. هۆکاری ڕاگەیاندن لە ڕێی ئەنجامدانی ڕۆڵێکی زیاد لە کرداری هەڵبژاردندا و بەکارهێنانی لە دانیشتنە جیاوازەکانی لیژنەی کۆنگرێس و تیشك خستنەسەر چالاکییەکانی حکوومەت لە ڕێی بڵاوکراوەی هەواڵەکان بووە سیمایەکی تایبەت لە دامەزراوەی سیاسیماندا. وردبوونەوەی توندیشی لە بارەی خۆش ڕابواردنەکان و ڕۆشنبیری میللی، کە زۆربەیان وەکو بابەتی ڕابواردن لە ماڵەکان بەکاردێن بۆتە هۆی ئەوەی ببێتە هۆکاری گرنگ لە بنیاتی خێزاندا. زۆر خەڵکیش هەن وای دەبینن، کە بووە بەبەشێکی گرنگ لە دامەزراوە ئایینییەکان، هەروەك هۆکارەکانی ڕاگەیاندن تا ڕادەیەك بوونە بەشێك لە دامەزراوە فێرکارییەکانمان. بەکورتی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن هاتنە ناو کۆمەڵگە تا گەیشتە قووڵایی دامەزراوەکانی تا ئەو ڕادەیەی ژیانی ئەمریکاییەکان - وەك ئەمڕۆ دەزانین- بەبێ هۆکارەکانی ڕاگەیاندنی جەماوەری مەحاڵە.

ئەو لایەنەی دامەزراوەکانیش لە دامەزراوەی ڕاگەیاندنماندا زیاتر بەهاوسەنگییەوە پەیوەستە وەك بەئاڵوگۆڕ و گۆڕان. تا ئێستا ئێمە لەگۆڕان وردبووینەتەوە، لەبەر ئەوەی ڕوونترین لایەنی هۆکارەکانی ڕاگەیاندنە.. ئەوەی گرنگە —لەم بەشەدا- ئەوەیە بۆچوونی خۆمان دەربڕین، ئەوە دیاری بکەین، کە سیستەمی ئێستامان لە کۆمەڵێك پێکهاتە پێکدێ لەوانەیە جێگیری زیاترمان بۆ دابین بکا. ئەم لایەنەش بۆ تیۆری گۆڕانکاری هەمە لایەنە گرنگە هەروەك لە بەشەکانی پێشوماندا ڕوونمان کردەوە..ئەم تیۆرەش ڕوودانی پێشکەوتنی بەردەوامی پێویست نییە، بەڵکو ماندووبوونی چەند قۆناغێکە کە تیایاندا شێوەی بنچینەیی پەیوەندیکردنی مرۆیی گۆڕانی خێرای ڕێژەیی بەسەردا هات و لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی

دیکە خۆی دەگواستەوە. لە قۆناغێکی دیاریکراودا دەبینین تەکنەلۆژیای بنچینەیی یاخود کرداری پەیوەندیکردن بەشێوەیەکی بەردەوام چاك بووە، بەڵام گۆڕانەکەی گۆڕانێکی ریشەیی نەبووە، لەوانەیە ئێستا ئێمە بەهەمان بارودۆخدا تێپەڕین لە کاتێکدا لە کۆتایی سەدەی بیستەم داین.

دواتر -بێگومان- چاکسازی دیکە لە دامەزراوەی راگەیاندنی ئێمەدا روو دەدا، ئەوەی دەکرێ ئێمە لێرەدا ئاماژەی پێ بکەین ئەوەیە، ئێمە ئێستا سیستەمێکی پەیوەندیکردنی جەماوەریمان لەناو کۆمەڵگەدا هەیە و لەوانەیە بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ بەردەوام بێ. ئەم سیستەمەش وەکو ئەو پەنجا ساڵی دوایی کار دەکا بەچاوپۆشین لە پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا، کە بێگومان روودەدات. هۆکارە راگەیاندنەکانمان وەکو سیستەمێکی جێگیر دەمێننەوە بەهۆی ئەو ئەرکانەی پێشکەشی تەواوی کۆمەڵگەی دەکەن. ئەمەش مانای وایە سیستەمی راگەیاندن کاریگەری لەسەر جەماوەر هەیە، کاریگەرییەکانیش گرنگن، مادامەکی هۆکارە راگەیاندنەکانمان پێویستییە گرنگەکانی کۆمەڵگە دابین دەکەن، کەواتە ئەو سیستەمەی ئەو پێویستییانە تێردەکات لە شوێنی خۆی بەردەوام دەبێ.

لەوەی گوتمان دەتوانین بڵێین گۆڕان و لایەنە تاکییەکان لەناو هۆکاری راگەیاندنی دیاریکراودا تا رادەیەك لەژێر سێبەری تێڕوانینی تایبەتی دامەزراوەکە گرنگییەکی ئەوتۆی نییە. ئەگەر خوێنەری رۆژنامەکان زیاد یان کەم بێ، ئەگەر جەماوەری کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان بەرزبێتەوە یان دابەزێ، ئەگەر شەپۆلی ئێزگەی لەرەلەری AM بۆ بەرژەوەندی شەپۆلە بەردەوامەکانی FM ون بێ، ئەوا ئەو ئەرکانەی پەیوەستن بەهۆکارەکانی پەیوەندیکردن لە پێشکەوتنی خۆی بەردەوام دەبێ جا بەهەر چ شێوەیەك بێ. هەتا ئەگەر لەپڕیش هۆکارێکی نوێی دیکە داهێنرا و لەماڵەکانی ئێمەدا شوێنێکی بۆ خۆی کردەوە، ئەوا سیستەمی پەیوەندیکردن بەشێوە گشتییەکەی بەنزیکەیی نەگۆڕ و جێگر دەبێت، چونکە ئەو ئەرکانەی پێشکەشییان دەکات هەر دەمێننەوە.

لەم بەشەدا، لە رێی ئەو گۆشەنیگایەوە هۆکارەکانی پەیوەندیکردنی جەماوەری لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا دەخەینە بەرچاو، ئەمەش ئاراستەیەکی تیۆری زۆر جیاوازی پێویستە، لەوەی کەپێشتر بۆ تێگەیشتنی هۆکارەکانی پەیوەندیکردنی جەماوەری کاریگەرییەکانی بەکاردەهات. بۆ ماوەیەکی درێژیش لێکۆڵینەوەی زۆر بەدواداچوونیان لەسەر شوێنەواری پەیوەندی جەماوەری لە چوارچێوەیکی سایکۆلۆژیدا دەکرد. بەدرێژایی چەند

دەیەیەکیش شێواز یان نموونەی درککردنی زانیارییەکان یان زانینیان بنچینەی ئەو لێکۆڵینەوانە بوون، کە تایبەتبوون بەهۆکاری راگەیاندنی ئامانجدار بۆ تێگەیشتنی کاریگەری ناوەڕۆکی پەیوەندیکردنی جەماوەری لەسەر ((درککردن))ی عەقڵیی تاکەکانی جەماوەری بینەر یان بیسەر. بیردۆزەکە بەو شێوەیە بوو، کە تەنیا بە درککردنی تاکەکان بە مەژگەی ئەو زانیارییانەی، کە هۆکارەکانی راگەیاندن پێشکەشیان دەکا، ئەوا ئەم زانیارییانە هۆکارەکانی مەعریفە دەگۆڕێ وەکو بۆچوون و پێداویستی و ئاراستە و باوەڕەکان. لەوانەشە ئەو گۆڕانانە گۆڕان لە ئاکاری تاکەکانی جەماوەر –بینەر یان بیسەر- دروست بکەن.

ئەگەر چاوێك بەتیۆرە تایبەتەکانی کاریگەری هۆکارەکانی راگەیاندن لە رێی چوارچێوەی تیۆری بەشەکانی پێشوو بخشێنینەوە، ئەوا ئامانج لەو شیکارییەی ئێستا بەتەواوی جیاوازە. لێرەدا لە تاك ورد نابینەوە، بەڵکو هەموو سیستەمی راگەیاندن و پەیوەندی بەکەرتی فراوان لەو کۆمەڵگەیەی کە لە رێی ئەوەوە کاردەکات ورد دەبینەوە. پێویست دەکا وەکو سیستەمێکی کۆمەڵایەتی سەیری هۆکارەکانی راگەیاندن بکەین، کە پێکدێت لە پێکهێنەرە (توخمەکان) جۆراوجۆرەکان کە لەناو سیستەمێکی کۆمەڵایەتی فراوانتر کار دەکا، پێویست دەکا بیردۆزی تەواو جیاواز و شێوەی شیکاری یەکگرتووی بۆ دابندرێ. لەگەڵ ئەوەشدا، لەو رێگایەدا، دەتوانین کار لە خەسڵەتە گرنگەکانی هۆکارەکانی راگەیاندن ئەوەی لەناو کۆمەڵگەی ئەمریکی کار دەکا، بکەین. لە بەرایی ئەم کتێبەدا زۆر نموونەمان بۆ پێشکەوتنی شیکارییە تیۆرییەکان روونکردەوە.. لایەنی کەم باسی سێیانمان کرد، ئەوانیش: ئایینزای بنیاتنانی سوود گەیەن، و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی، و نموونەی ململانێ. بۆ هەر یەکەشیان خاڵی وردبوونەوەی تایبەت و ململانێ هەن. پێویستە لەسەرمان بچینە ناو چوارچێوەیەکی لەم جۆرە بۆ تێگەیشتن لە زۆر بابەت، لەوانە: رێکخستن، جێگیری، گۆڕانی پیشەسازی هۆکارەکانی پەیوەندی کردن لە کۆمەڵگەکەماندا زیاتر لەوەی تیشك بخرێتە سەر کاریگەرییە دەروونییەکان لەسەر تاکەکاندا. لەو شرۆڤەکارییانەی دێن تیشك دەخەینە سەر چەسپاوی سیستەمی راگەیاندنمان بۆ ئەمەش بەدوای ((نموونەی ئەرکی بۆ بنیاتنان)) وەکو تێڕوانینێکی بنچینەیی دادەگەڕێین.

## چەسپاوی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن لە کۆمەڵگەی ئەمریکیدا:

گرنگترین بابەت، کە پەیوەندی بە دامەزراوەی پەیوەندیکردنی جەماوەرییەوە هەیە توانا‌داری هۆکارەکانی ڕاگەیاندنە لەسەر بەردەوامی لە گەیاندنی کارەکەی لەناو کۆمەڵگەدا بەدرێژایی ماوەیەکی زۆر. تێگەیشتنی ئەم دیاردەیە زۆر قورس نییە لە کۆمەڵگەیەك کە حوکمی تاکی (دکتاتۆری) تێدایە و حکوومەت بەڕێوەبردنی ئەو هۆکارانە بەمەبەستی چاودێریکردن لەسەر تەوژمی زانیاری و دروستکردنی ڕای گشتی و پێشکەشکردنی لێکدانەوەی هەمەلایەنی پەسند لای دەسەڵات دەگرێتە ئەستۆ. کۆمەڵگەی لەو جۆرە پێویستی بەوەیە هۆکارەکانی ڕاگەیاندن تێیاندا پاڵپشتی و وەڵامدانەوەی داواکاری جەماوەر بپارێزن، بەڵام بۆ کۆمەڵگەیەکی دیموکراتی، کە حکوومەت ڕۆڵێکی سنوورداری هەیە، چەسپاوی دامەزراوەی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن و بەردەوام بوونی کارێکە لێکدانەوەی قورسە، بەتایبەتی لە کۆمەڵگەیەکی وەکو کۆمەڵگەی ئەمریکی، کە بژاردەی دیار هەموو کات هۆکارەکانی ڕاگەیاندن بێ کەڵك یان هەتا بەمەترسی ڕوون تاوانبار دەکەن. ئەوان هەموو کات هۆکارەکانی پەیوندیکردنی جەماوەری بەوە تۆمەتباردەکەن، کە هۆکاری کاریگەرن بۆ زیادبوونی ڕێژەی ئەنجامدانی تاوانەکان و لادانی سێکسی و پشێوی خاوەنداریەتی هزری ولەسەر (( دەنگدانەوە))ی پێوەرە ئاکارییەکانی کۆمەڵگە بەشێوەیەکی گشتی.

گفتوگۆی بەردەوام لەنێوان نوێنەرانی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن و کۆمەڵێك وەسیەتکار، کە خۆیان دەستنیشانکردبوو، بۆ پارێزگاریکردن لە ئاکاری هەموو میللەت و پێشکەوتنی هزری و چێژی ڕۆشنبیری (شارستانی). ئەم گفتوگۆیە زۆر بابەتی لە خۆگرتبوو لەوانە وێنە و کاری لەشفرۆشی و توندوتیژی، ناواخنی گاڵتە ئامێز و ناواخنی پڕوپووچ، بڵاوکردنەوەی هەواڵی سەرپێیی، سەرقاڵبوون بە وەرزش، دەرکەوتنی سیاسی، ئەو ریکلامانەی دەبنە هۆی خەمۆکی، ئەو مۆسیقایەی کە هیچ مانای نییە، دەکرێ بڵێین هەموو ئەو بابەتانەی دیکە دەکرێ بەوە وەسف بکرێن، کە ((پڕوپووچ)) یان ((هیچ نرخێکیان نییە))، یان خاوەنی ((چێژی داتەپیون)).

زۆرینەی ئەوانەی هێرش دێننە سەر هۆکارەکانی ڕاگەیاندن دەیانەوێ لە بەرهەمهێنان و پێشکەشکردنی ڕۆشنبیری جەماوەری یان (بابەتی خاوەن چێژی داتەپیو) بووەستێ و ڕێژەیەکی زیاتر لە هونەر و ئەدەب و شرۆڤەی سیاسی قووڵ و مۆسیقای نوێ و درامای بەرز و شێوەی دیکە لە ڕۆشنبیری ئاست بەرز پێشکەشی جەماوەر بکا. ئەم بابەتە بەهۆی بەچاکتر زانینی

ڕۆشنبیری بەرز لە ڕۆشنبیری گەل یان جەماوەر دەمەقاڵییەکی توندی لەبەرزترین دامەزراوەی سیاسی و فێرکاری و ئایینی و یاساییەکانی دەوڵەت دروست کرد، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە هۆکارە ڕاگەیاندنە جەماوەرییەکان لە ئەمریکادا — سەرەڕای زۆری ڕەخنەلێگرتن یان پڕۆتستۆکردن یان هێرشکردنە سەری- بەردەوام بوو لە تیشك خستنەسەر نمایشی سادە و ڕۆشنبیری جەماوەری و ناوەڕۆکی خاوەن چێژی داتەپیو. پرسیار ئەمەیە: ئەوە بۆ ڕوودەدا، و چۆن گرنگیدان بەو ڕەنگە تێکۆشانە دەبێتە هۆی جێگیری دامەزراوەی هۆکاری ڕاگەیاندنی ئەمریکی؟ بۆ تێڕوانین لەو پرسیارە لە گۆشەنیگایەکی دروستەوە پێویستمان بەتێڕوانین لە ((نموونەی ئەرکی بنیاتنان))ی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن دەبێ. ئەمەش ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە، کە هۆکاری ڕاگەیاندن لە کۆمەڵگەی ئەمریکاییدا نوێنەری سیستەمێکی دامەزراوەیی ڕەخساوە پێداویستی گرنگ پێشکەش بە کۆمەڵگە دەکا، بۆیە ناکرێ بەئاسانی هیچ گۆڕانێکی گرنگی تێدا ڕووبدا.

## مێژووی درێژی کێشەکە:

ماوەیەکی زۆر بەر لە داهێنانی هۆکارە ڕاگەیاندنە جەماوەرییەکان، لەوانەیە ئەفلاتوون بێ خولی کردنەوەی گفتوگۆکردنی لە بارەی قازانج و زیانی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری جەماوەری کردبێتەوە. قسەکردنیشی لەسەر مەشقپێکردنی منداڵان، ئەوانەی مەشقیان پێدەکرا بۆ وەرگرتنی دەسەڵات لە کۆمارە نموونەییەکەیدا تێڕوانینی ئەفلاتوون ئەمە بوو، کە ڕۆشنبیری جەماوەریی لە ڕۆژگاری خۆیدا مەترسی لەسەر هۆشی منداڵاندا دروست دەکا.

کەواتە ئایا دەتوانین بەئاسانی ڕێ بەمنداڵەکانمان بدەین بۆ گوێگرتن لەهەر چیرۆکێك، کە هەر کەسێك لە بیری خۆی داڕشتووە، بەمەش هۆشیان ئەو هزرانە وەردەگرێ، کە بەزۆری پێچەوانەن لەگەڵ ئەو هزرانەی ئێمە وا هەست دەکەین کاتێك گەورە دەبن پێویستە بیزانین؟

نا هەرگیز نا.. ئەمە وەڵامی ((جلوکون))ە.

کەواتە کاری یەکەمی ئێمە چاودێریکردنی نووسین و چیرۆك و ئەفسانەکان دەبێ بەشێوەیەك هەموو ئەو شتانە ڕەت بکەینەوە، کە ناماقووڵن. بەدایەن و دایکەکانیش دەڵێین تەنیا ئەو حیکایەتانە بۆ منداڵەکانیان بگێڕنەوە، کە ئێمە ڕەزامەندیمان لەسەر داون، بەڵام زۆرینەی ئەو چیرۆکانەی ئێستا دەگێڕدرێنەوە پێویستە توڕ هەڵبدرێن[1].

ئەو بابەتە —((گاڵتەجاری میللەت زیان بەهۆشی بچووکان دەگەیەنێ))- وەکو بابەتێکی چەسپاو لە سەرەتای دەرکەوتنی هۆکارەکانی پەیوەندیکردنی جەماوەری بەردەوام بوو. دەم نادەمێکیش قسەلۆك هەبوون دەیانگوت دەکرێ راستی ئەو تۆمەتانە بەبەڵگەی زانستی بسەلمێنرێن، بەڵام زیاتر لە جارێك روون بووەوە، کە ئەم بەڵگەیە لێکدانەوەی قورسە، بۆیە جێی قسە لەسەرکردنە[٢]. کۆمەڵناسان پێ لەسەر پێویستی هەبوونی بەڵگەی جێگیر دەگرن بۆ پاڵپشتی کردن لە هەر ئەنجامێکی گرنگ، کە پەیوەندی بەکاریگەری هۆکارەکانی راگەیاندنەوە هەیە. بەهۆی پێ داگرتنیان لەسەر بەیاننامەی پاڵپشتی نەك سۆز زۆرجار خۆیان لە بارودۆخی تێکەڵدا دەبینییەوە، کە بەراستی وا دەردەکەوتن، کە بەرگری لە هۆکارەکانی راگەیاندن دەکەن لەکاتێکدا زۆر بەسادەیی رەتی قەبوولکردنی قسەلۆکی بێ بەڵگەی رەخنەگریان دەکردەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا، مکوڕبوون لەسەر پێویستی بنیاتنانی ئەنجام لەسەر رێگەی تەواو هەرگیز رێی لە رەخنەگری ئەدەبی نەگرت بەتۆمەتبارکردنی هۆکارەکانی راگەیاندن، کە بەرپرسیاری قووڵی کێشەکانی کۆمەڵگەی لەسەرە. زۆرینەی نووسەرانی سەدەی نۆزدە لە ئەمریکادا لەکاری پیشەیی خۆیاندا ماوەیەکی درێژیان تەرخانکردبوو بۆ رەخنەلێگرتن و پرۆتستۆی رۆژنامە بەهۆی سادەیی شێواندنی راستییەکان. ئەو کۆپلانەی دێن لە کتێبی کەسایەتییە گەورە ئەدەبییە کاریگەرەکان وەرگیراون و نموونەن بۆ ئەو کەشەی، کە ناوەندە ئەدەبییەکانی داگرتبوو کاتێك رۆژنامەگەری جەماوەری دەستی بەبڵاوکردنەوە کرد لە کۆمەڵگەی ئەمریکی:

هێنری دێڤد تورو (ئەمەی بەر لە ساڵی ١٨٥٠ دا نووسی):

ئەمڕۆ بوونی ((ئەرکی یەك بنس)) یان ((دەستخستنی بنسێك لەبەرانبەر هەر دێڕێك لە رۆژنامەگەری)) باوبووە لە دەزگایەك، کە لە رێیەوە ئەو ((بنسانە)) دەدرێنە کەسێك لەبەرانبەر ئەو هزرانەی دەریاندەبڕێ، ئەویش هەست بەئارامی دەکا. من دڵنیام لەوەی هەرگیز هەواڵێکم نەخوێندۆتەوە شایەنی ئەوەبێ لە مێشکی خۆم هەڵیگرم. ئەگەر شتێکمان خوێندەوە لەبارەی کەسێکەوە کە دزی کردووە، یان کوژراوە یان لە رووداوێکدا ژیانی لە دەستدا، یان ماڵێك سووتا، یان کەشتییەك تێکشکا یان کەشتییەکی هەڵمی تەقییەوە، یان شەمەندەفەرێك لەسەر رێڕەوی هێڵی ئاسنین لایدا، یان کوشتنی سەگێکی هار، یان هاتنی لافاو لە زەلکاو لە وەرزی زستاندا، ئەوا ئێمە پێویستیمان بەخوێندنەوەی هیچ شتێکی دیکە نابێ. ئەگەر تۆ دڵنیای لەبنەماکان، ئەو هەموو نموونە پراکتیز کردنەت بۆ چییە؟ .. ئەو هەوڵانە بۆ

فەیلەسووفێك وەكو چەنەبازی و زیادەڕۆیی وان، هەموو ئەوانە كە دەیانخوێنینەوە و بڵاویدەكەینەوە، ئافرەتی بەتەمەن لەكاتی چایە خواردنەوەدا ئەنجامی دەدەن.(٣)

ساموێل كلیمنز (لە ساڵی ١٨٧٣):

ئەم دەسەڵاتە مەترسیدارە، یان رای گشتی ئەم میللەتە كۆمەڵێك لە سادەیی و نەزانی و لەخۆ رازیبوونی بۆیان پێكهێناوە، ئەوانەی لە دروستكردنی پێڵاو سەرنەكەوتن و لەسەر رێی خۆیان لای رۆژنامە وەستان، كە بەرەوە هێتیمخانەی هەژارەكان دەرۆیشتن.(٤)

هەروەها ستیڤن كرین لە ١٨٩٥دا دەڵێ:

رۆژنامە كۆمەڵە ویژدانێكی زاڵمن..
كە منداڵەكان لە خوویەكەوە بۆیەكێكی دیكە بانگ دەكەن..
بەم شێوەیە بۆچوونە نامۆكەی خۆی بڵاودەكاتەوە..
بۆ ملیۆنان پیاوی بەبەزەیی و ماندوو..
لە كاتێكدا خێزانەكان چێژ لە گەرمبوونی سۆپا وەردەگرن و..
بەچیرۆكی ئازاری درێژ كاریگەر دەبن..
رۆژنامە دادگایە..
لەبەردەمیدا هەموو تاكێك بەرێز و بێ دادپەروەری دادگایی دەكرێ..
بەهۆی دەستە یەك لە پیاوانی دەست پاك..
رۆژنامە بازاڕە..
كە تێیدا حیكمەت ئازادی خۆی دەفرۆشێ و ..
بەهۆی جەماوەریشەوە گندۆرە خەڵات دابەش دەكرێ..

رۆژنامە یارییە..
كە تێیدا یاریزانی هەڵە سەردەكەوێ و..
بەڵام پاداشتی یاریزانی لێهاتوو مردن دەبێ..

رۆژنامە رەمزە..
ئەو تۆمارێكی پشت گوێخراوی ژیانە..
هەروەها كۆمەڵێك چیرۆكە، كە خاوەن دەنگی بەرزن..

لە گەمژەیی تا هەتایە ورد دەبنەوە..
ئەو کە بەبێ وەستان لەزەمانە دوورەکان دەژیا و ..
بەدوای جیهانێکی بێ پەرژیندا دەگەڕێ.[٥]

ئەوەی تێبینی دەکرێ لەو دەربڕینانە ئەوەیە، کە بەئاسانی دەتوانی وشەی (تەلەفزیۆن) بە وشەی (ڕۆژنامە) بگۆڕیەوە بۆ ئەوەی تێڕوانینێکی تا رادەیەك هاوشێوەت بۆ دژایەتی و هێرشی ئاراستەکراو بەشێوەیەکی بنچینەیی بۆ سەر تەلەفزیۆن لەلایەن رەخنەگرانی ئەمڕۆ بۆ روون ببێتەوە.

## لایەنە بنچینەییەکانی شیکاری ئەرکی:

بەشێوەیەکی گشتی خۆڕاگرتن و چەسپاوی هۆکارەکانی راگەیاندنی جەماوەری لە رووبەڕووبوونەوەی مێژووی درێژی رەخنەگرتن لەلایەن دەنگە بەرزەکانەوە، پێویستی بەلێکدانەوەیە. لە سەرەتادا کێشەکە بە شێوەیەکی فێڵاوی و لێڵ سادە دەردەکەوێ، چونکە هۆکارەکانی راگەیاندن سەرنجی جەماوەر رادەکێشن، جەماوەریش ئەو ناوەڕۆکەیان دەوێ، کە دەستیان دەکەوێ، بۆیە هۆکارەکانی راگەیاندن بەردەوام دەبن لەسەر پێشکەشکردنی ئەو جۆرە بەرنامانە.

زۆرێك لە کۆمەڵناسانی وەکو سکۆرنیا[٦] نەبوونی وردییان لەو لێکدانەوەیە دیارکردووە و ئاماژەی بەگرفتی هێلکە و مریشکی کۆن کردووە.. لە چاکترین بارودۆخیشدا، زۆر زەحمەتە بزانین ئایا زەوقی جەماوەر بابەتەکانی هۆکارەکانی راگەیاندن دیاری دەکا یان بابەتەکانی هۆکارەکانی راگەیاندنن، کە زەوقی جەماوەر دیاری دەکەن. لەوانەیە وەڵامەکەی هەردوو لا بگرێتەوە، چونکە زەوقی جەماوەر و بابەتی راگەیاندن هەردووکیان هۆو ئەنجامن. پەیوەندی نێوان زەوقی جەماوەر و ئەو بابەتانەی هۆکارەکانی راگەیاندن پێشکەشیان دەکەن بووە بە پەیوەندییەکی بازنەیی —بە بەراوردکردن لەگەڵ نموونەی مریشك و هێلکە- وەکو کرداری بەردەوام هێلکەکردنی مریشك و ئەو هێلکەیەی جووجکەی لێ دروست دەبێ وایە.

وا دادەنرێ ئەو رێگایەی دەکرێ سەرکەوتوو بێ لە تێگەیشتنی پەیوەندی ناوەڕۆکی هۆکارەکانی راگەیاندنی جەماوەری و زەوقی جەماوەر، بۆ پێشکەشکردنی لێکدانەوەی —تا رادەیەك- بەردەوامی هەستپێکراوی ئاستی رۆشنبیری (دابەزیو)ی ناوەڕۆکی هۆکارەکانی

راگەیاندن، ئەو ڕێگایەی، کە ((نموونەی ئەرکی بنیاتنان)) پێشکەشی دەکا. ئەم نموونە شیکارییەش بەبینینی هۆکاری راگەیاندن وەکو سیستەمێکی کۆمەڵایەتی کارکردوو لە چوارچێوەی سیستەمێکی دەرەکی دیاریکراو — یان چەند بارودۆخێکی رۆشنبیری کۆمەڵایەتی- یان خودی کۆمەڵگەی ئەمریکی دەستپێ دەکات. زیادبوونی بایەخپێدانیش بەشیکردنەوەی دیاردەی کۆمەڵایەتی نوێنەرایەتی دەکرێ هەروەك لە سنووری دامەزراوەی کۆمەڵایەتی نوێبوونەوەیەك روودەدات بۆ بایەخپێدانی تیۆری بەستراتیژیی رابردووی وەکو ستراتیژیی ((سبنسر)) و ((تونیز)) و ((دورکهایم))، کە لە بەشی شەشەمدا گفتوگۆیان لەسەر دەکرێ.

لە راستیدا شرۆڤەی ((پێکهاتەی ئەرکی دامەزراوەی کۆمەڵایەتی)) (یان بۆ کورتکردنەوە: شیکاری ئەرکی) خۆی گرنگی دەدا بە نموونە و شێوازی هەڵسوکەوت، کە لە تاك و دەستەی بچووکی پەیوەندیدار بەیەکەوە لە ناو ئەو دامەزراوەیەدا گەشە دەکا. لەبەر ئەم هۆیەیە سیستەمی کۆمەڵایەتی بە فکرێکی دابڕاو abstraction دادەنرێ، بەڵام تاك زۆر لەو هەڵسوکەوتە تێبینیکراو و دەستهاتانەوە دوورناکەوێتەوە، کە بەهۆی تاقیکردنەوەی ئەو تاکانەی ئەو ئاکارانەیان هەیە وەدەست هاتن. کەواتە، سیستەمی کۆمەڵایەتی کۆمەڵەیەکی تێکچرژاوی هەڵسوکەوتی جێگیر و دووبارە بووەوە، کە تا رادەیەك دەبێتە دەربڕی رۆشنبیری ئەوانەی تێیدا رۆڵ دەگێرن، تا رادەیەکیش دەبێتە دەربڕی ئاراستەی دەروونی بکەرەکان (ئەوەی کە بۆ خۆی لەناو ئەو رۆشنبیرییە گەورە دەبێ). بۆیە، لەسیستەمی رۆشنبیری و سیستەمی کۆمەڵایەتی و دامەزراوەی کەسی (ئەوانەی لەو سیستەمەدا بەشدارن) و بەیاننامەکان بەجۆری جیاوازی هزری ئەبستراکتدا دادەنرێن، کە لەناو هەمان ئەو بەیاننامە سەرەکییانەوە گەشەیان کردووە، بەتایبەتی هەڵسوکەوتی رەمزی و ئاشکرای بوونەوەرە مرۆییە تەنیاکان. ئەمانە هەموویان بەیەکسانی بەهزری ئەبستراکت و یاسایی دادەنرێن و هەموویان بنچینەیەك بۆ جۆری جیاواز لە لێکدانەوە و پێشبینی کردن پێشکەش دەکەن. ئەگەر بەشێوەیەکی گشتی بدوێین، زۆر زەحمەت یان نیمچە مەحاڵ دەبێ بەبێ ئاماژەکردن بەبۆچوونی دیکە دیاردەی ئەبستراکت شیبکەینەوە یان بەتەواوی تێیبگەین.

لەگەڵ ئەوەشدا، داننان بەوەی زاراوەی ((سیستەمی کۆمەڵایەتی)) بریتییە لە هزرێکی دابڕاوی زانستی راستەقینە، ئەو ستراتیژییەتە چۆن یارمەتیدەر دەبێ بۆ تێگەیشتن و وەرگرتن و درککردنی گشتی لە تێگەیشتنی هۆکاری پەیوەندیکردنی جەماوەری؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەو

پرسیارە ناچارین بەوردی ئەوە روون بکەینەوە، کە مەبەستمان لەو زاراوەیە چییە و جۆری شیکاری بەردەستیش چۆنە. بۆ ئەوەی یارمەتیدەریش بین بۆ روونکردنەوەیەکی لەم جۆرە، بەکورتی چەند بۆچوونێك دەخەینەڕوو، کە نوێنەرایەتی لایەنە گرنگەکانی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی دەکەن. لەوانەیە گرنگترین هۆکاری چەمك ((ئەرك))ی دیاردەیەکی دووبارەبووەوەی دیاریکراوبێ (کۆمەڵێك هەڵسوکەوت) لەناو ئەو سیستەمەدا. ئەم بەشەمان بە پیشاندانی چەند پرسیارێك لەسەر دیاردەی دووبارەبووەوە و دیاریکراو (پێشکەشکردنی بەردەوامی ناوەڕۆکیکی خاوەن رۆشنبیرییەکی دابەزیو لەلایەن هۆکارەکانی راگەیاندن) دەستی پێ کرد. ئەوە دەگوترا، کە مانەوەی ئەو ناوەڕۆکە بۆ ماوەیەکی درێژ، سەرەڕای رەخنەی رەخنەگرە کاریگەرەکان، پێویستی بە لێکدانەوە هەیە. یەکێك لە شێوەکانی لێکدانەوە دەخەینە روو بەئاماژەکردن بۆ ((ئەرك)) ی دیاردەیەکی دووبارەبووەوەی لەمجۆرە لە چوارچێوەی سیستەمێکی ئاکاری جێگیر. زاراوەی ((ئەرك)) لەم چوارچێوەیەدا ماناکەی شتێك کەمترە لە وشەی ((ئەنجامەکان)) consequences. بۆ ئەوەی ئەمەش بە کورتی روون بکەینەوە، وای دادەنێین، کە ئەنجامدانی دووبارەکردنەوەی لە دەستکردنی ئەڵقەی مارەبڕین لەلایەن ژن و مێردێکی دیاریکردووە ئەرکێك (ئەنجامێك)ی هەیە. ئەڵقەکە بیر — ئەوان و ئەوانی دیکەش- دێنێتەوە، کە ئەوانە بەیەکەوە بەکۆمەڵێ پەیوەستی و پەیوەندییەوە گرێدراون، کە هاوسەرگیری پێویستییەتی. دواتر، کارێکی لەمجۆرە بەشێوەی ناراستەوخۆ هەوڵی بەردەوام بوونی ئەو ژن و مێردایەتییە دەدا — واتە چەسپاندنی ئەو سیستەمە کۆمەڵایەتییە تایبەتە دەکرێ ئەم کارە تا رادەیەك- بەتێبینی هەوڵدان لە چوارچێوەی تایبەتی خۆی لێکبدرێتەوە. بەشێوەیەکی گشتی بەراوردکردنی ژمارەیەك لە دامەزراوەی هاوشێوە، جا ئەگەر بەم زاراوەیە بێ یان بەیەکێکی دیکە (بەڵام بەمەرجێك لایەنەکانی دیکە بگونجێن) لەوانەیە یارمەتی دەر بن لە تاقیکردنەوەی دڵنیابووندا.

لەو نموونەیەی پێشوودا، تا رادەیەك سیستەمی کۆمەڵایەتی بەسیستەمێکی سادە دادەنرێ، دوو ((پێکهێنەر)) ئەو سیستەمە پێکدێنن و وا رووەدا هەریەکەیان نموونەیەکی هەڵسوکەوتی تایبەتیان هەبێ. شێوەی هەڵسوکەوتیان لەگەڵ یەك لە پێکهاتەی سایکۆلۆجی تاکی هەردوولا و بناغەی رۆشنبیری تایبەت بە هاوسەرگیری باو لە کۆمەڵگەو، چینە کۆمەڵایەتییەکان، و کۆمەڵگە وەردەگیرێن، ئەوەش سیستەمێکی بچووککراوەیە چەسپاوییەکەی پەیوەستە بە تێرکردنی ((پێداویستییەکانیان)). بۆ نموونە، ئەو سیستەمە ئەو

ڕۆڵەی هەریەکەیان لەوەی دیکە چاوەڕوانییەتی بەپێوستی دەزانێ، دەبێ ئەوەش بەجێ بگەیەنن، کە کۆمەڵگە لە هەردوو هاوسەرەکە چاوەڕوانی دەکا. دەکرێ واش لەمە بڕوانین، کە ((پێویستییەکە بۆ بەجێگەیاندنی ڕۆڵێکی گونجاو بەبێ ئەوەش جێگیری سیستەمە دووچاری مەترسی دەبێتەوە)). دەکرێ ئاماژە بەپێداویستی دیکەش بکەین، کە پەیوەندییان بەلایەنی ئابووری و تێرکردنی سۆزدارییەوە هەیە.

دەتوانین بەئاسانی ئاماژە بەوێنەی روونکاری پتر ئاڵۆز لە سیستەمی کۆمەڵایەتی بکەین، کە هەڵسوکەوتی کەسەکان پێکهاتەکانی سیستەمەکە دروست ناکەن، بەڵکو ڕێکخستنی لقی —کەرتی- دروستی دەکەن. بۆ نموونە، دەبینین، کە فرۆشگایە گەورەکان بەشی زۆریان تێدایە و بریتین لە سیستەمی کۆمەڵایەتی ئاڵۆز و لەهەڵسوکەوتی تاکەکانی کارگێڕی و کڕیار و فرۆشیار و چەند فەرمانبەرێك و کڕیار و کرێکارانی گواستنەوە و کرێکارەکان و دەرکەوانەکان و ئاسایش پێکدێن. هەموو ئەو پێکهاتانەش بریتین لە سیستەمێکی ئاکاری بچووکتر لە چوارچێوەی کاری فرۆشگایەکە، ئەویش بۆ خۆی سیستەمێکی ئاڵۆزی کارکردنە، کە لە چوارچێوەی بارودۆخی کۆمەڵایەتی دەرەوەی کۆمەڵگە ئەنجامی دەدا. سەرەڕای ئەو ئاڵۆزییەش دەکرێ شیکاری هەر دەستەیەکی دیاریکراو لە کاری دووبارەبووەوە بکەین لە چوارچێوەی هەوڵدانی بۆ پارێزگاری کردن لەسەر ئارامی سیستەم یان تێکدانی ئەو سیستەمە. لەوانەیە ئامان و زەمانی مافی کڕینی شت و مەك بۆ ئەو فەرمانبەرانەی لەناو ئەو فرۆشگایەی کاری تێدا دەکەن لەگەڵ دەسکەوتی داشکانی نرخ، ئەرکەکەی یان (ئەنجامەکە)ی پارێزگاری کردن دەبێ لەلایەنگیری و پاڵپشتییان. بەمەش بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ هەوڵی پارێزگاری کردنی خودی سیستەمەکە دەدرێ، بەڵام مکوڕبوون لەسەر پەیڕەوکردنی ڕێبازی بێ مانای وەك بڕینی پارەی ئەو کرێکارەی تەنیا لە یادە دەگمەنەکان دوا دەکەوێ دەبێتە هۆی داتەپینی ورە و کاریگەریشی دەبێ لەسەر لایەنگیری دواتر هەوڵەکانی دەبنە هۆی ڕوودانی ناتەواوی ئەرکی لەکاردا و لەبری ئەوەی هەوڵی پارێزگاریکردنی سیستەمەکە بدا، دەبێتە هۆی ناجێگیری. ئەنجامی لەو جۆرە، کە بەشێوەیەکی داهێنانی پێیان دەگەین لەوانەیە بەربەست بن لەبەردەم تاقیکردنەوەی ڕاستیەکەی، بەڵام شرۆڤەی ئەرکیی لەوانەیە ببێتە هۆی ئەو بیردۆزەی،کە دەکرێ ڕاستییەکەی تاقیبکرێتەوە (ئەمەش ئەرکێکی گرنگی تیۆرەکەیە).

## پەیکەر و ئەرك لەدەزگای راگەیاندندا:

شیکاری ئەرکی لە دیاردەیەکی دیاریکراو، کە لەناو سیستەمی کۆمەڵایەتی روودەدا، دەکۆڵێتەوە. تێدەکۆشێ بۆ ئەوەی روونی بکاتەوە، کە ئەم دیاردەیە کۆمەڵێك ئەنجامی هەن بە گشتی دەبنە مایەی ئارامی و مانەوەی سیستەمەکە. بێگومان ئەو دیاریدەیە کاریگەری نەرێنی دەبێ لەو بارەشدا لەوانەیە بڵێین ((کەموکورپیەکی ئەرکی)) هەیە زیاتر لەوەی بڵێین ئەو چەند ((ئەرکێك))ی هەیە. شرۆڤەی ستراتیژی دەبێتە هۆی داهێنان یان دیاریکردنی بیردۆزە، کە دەکرێ تاقیبکرێتەوە، (واتە بە تاقیکردنەوە) لە رێی لێکۆڵینەوەی بەراوردکاری یان رێگای لێکۆڵینەوەی گونجاو.

شیکاری دامەزراوەی کۆمەڵایەتی کارێکی زۆر قورسە بەلەبەرچاو گرتنی نەبوونی بنەمای راست و دروست، کە بتوانن بەوردی چۆنیەتی دیاریکردن و ناساندنی وردی سیستەمی کۆمەڵایەتی دیاری بکا، بەتایبەتی ئەگەر تا رادەیەك ئاڵۆزیش بێ. تا ئێستا هیچ پێوەرێك نییە بەتەواوی کۆك بین لەسەری بۆ دیاریکردنی ئەو پەیوەندییەی لەنێوان پێکهێنەرەکانی سیستەمێکدا هەیە و هیچ شێوازی پێوانەییش ناتوانێ رووپۆشی سەر ئەو هەوڵدانە وردانە، کە شێوەیەکی ئاکاری دووبارەبووەوەی دیاریکراو بۆ جێگیری سیستەمەکە پێشکەش دەکا هەڵبماڵێ، چونکە شیکاری ئەرکی هەوڵدانی توخمێك بۆ تا رادەیەك بەئارامی هێشتنەوەی سیستەمێك وەکو بەدواداچوونێکی زۆر ورد دادەنرێ، بەڵام سەرەرای ئەو رەخنە بەهێزەش ئەم ستراتیژییەتە سەلماندی ئەوەی پێویستە بۆ هەوڵدانی هاوێشتن یان خوێنی ئێمەیە بۆ تێگەیشتنی دیاردە کۆمەڵایەتییە ئاڵۆزەکانی وەك دیاردەی هۆکارەکانی راگەیاندنی جەماوەریی.

## ناوەرۆکی زەوقی دابەزیو وەك دیاردەیەکی دووبارەبووەوە:

چۆن دەکرێ شیکارێکی لەمجۆرە لەسەر هۆکارەکانی راگەیاندنی جەماوەری پراکتیزە بکرێ؟ لە بەراییدا دەکرێ ئەو پاژەی هۆکارەکانی راگەیاندن بکەین بەبابەتی لێکۆڵینەوەکەمان، کە دەکەوێتە ناو زەوقی رۆشنبیری ((دابەزیو)) یان ئەوەی جەماوەر تێردەکا بەشێوەیەك هەندێك — بەشێوەیەکی فراوان- وای دەبینن، کە لە رووی ناوەرۆکەوە لە توانای چێژ دێنێتە خوارەوە، بەوەی (تا رادەیەك نیشانە یان ململانێیەکی بەردەوامە)[٧] بۆ هۆکارەکانی راگەیاندنی جەماوەری. لە وانەشە زۆر قورس بێ — لەلایەنی زانستییەوە- کۆمەڵێك جۆر و پلە لەژێر

سێبەری ئەو چەمکەدا دیاری بکەین لە شیکارکردنی هۆکارەکانی راگەیاندن، تا شیکاری دیاریکردنی زەوقی رۆشنبیری دابەزیو ئاسان بێ. توندوتیژی زیاد و وێنەگرتن بەوێنە یان بەدەربڕین بۆ شێوازەکانی تاوانکاری، و بابەتی تۆقین وەحشیگەری و وێنە و بەرنامەی رووت و قوت و مۆسیقای چێژدار، و میلۆدرامای ترسناك، هەموویان پلەی رەسەنن بۆ ئەو ناوەڕۆکە بێزارکەرەی رەخنەگران دەبزوێنێ. لەوانەیە جیاوازییەکی زۆر هەبێ لەسەر ناوەڕۆکی وردی بابەتەکە لەسەر ئەوەی لەکام جۆرە بە چ پلەیەك پۆلین بکرێ. هەروەك جەدەلێکی زۆریش لەسەر ژمارەی ئەو ((پلە))انەی بەکاردێن دروست دەبێ. لەگەڵ ئەوەشدا، لەلایەنی تیۆری دەتوانین ئەوە روون بکەینەوە، کە ناوەڕۆکی هەر پێناوێکی دیاریکراو تووشی رووبەڕووبوونەوەیەکی بەهێز دەبێتەوە لەلایەن رێژەیەکی زۆر لە رەخنەگران. —بەهۆی کاتی پێویست و بوونی سەرچاوە- لەگەڵ بەکارهێنانی تەکنیك (شێواز) و پێوەری جیاکەرەوە و هۆکاری پێوەر و ئاراستە و بەدواداچوونی ئەو لێکۆڵینەوانەی ئێستا لەبەردەستن- وای دادەنێین ناوەڕۆکی هەر پێناوێکی دیاریکراو دەکرێ دابەشی سەر ئەم سێ پلەیەی خوارەوە بکرێن:

ناوەڕۆکی دابەزیو لەوانەیە ئەو جۆرەی ناوەڕۆك، ناواخنێکی راگەیاندنی بێت و لە چوارچێوەیکی فراواندا دابەشکرا بێت و خەڵکێکی زۆر بینیبێتیان، لەوانەشە بەردەوام ببێتە هۆی نائومێدی رەخنەگران. بۆ ئەمە چەند نموونەیەك دەهێنینەوە: درامای تاوانکاری تەلەفزیۆنی، کە جەخت لەسەر توندوتیژی دەکاتەوە یان بەرنامەی سێکسی بێ ئابروو، کە دەگاتە پلەی لەشفرۆشی و تەلەفزیۆنی بەکێبڵێش پەخشی دەکا، جا ئەمە لە رێی کاسێتی ڤیدیۆ بێ یان فیلمی سینەمایی یان زنجیرەی رۆژانە، کە بەرۆژ پەخش دەکرێ یان گۆڤارەکانی دانپێدانان یان کۆمیدیای تاوانکردن یان مۆسیقایەکی سەرنجڕاکێش یان هەر ناوەڕۆکیکی دیکە کە -بەشێوەیەکی فراوانتر- دەبێتە هۆی هەوڵدان بۆ دابەزاندنی ئاستی چێژ و تێکدانی ئاکار و هاندان بۆ ئەنجامدانی هەڵسوکەوتی پەسندکراو لەلایەن کۆمەڵگەوە (جا ئەم تاوانبارکردنانە راست بن یان نا).

ئەو ناوەڕۆکەی کێشمەکێش دروست ناکا: لەوانەیە ئەم جۆرەیان لەناو هۆکارەکانی راگەیاندنی جەماوەریدا بێ و بە بەرفراوانی بڵاوکرابێتەوە و بینرابێ، بەڵام رەخنەگران زۆر کەم قسەیان لەبارەوە کردووە. ئەم جۆرەیان دەمەقاڵێ لەسەر کاریگەری هۆکارەکانی راگەیاندن لەسەر خەڵك دروست دەکا.. بۆ نموونەی ئەمەش راپۆرتەکانی کەش و هەواو ناوەڕۆکی هەواڵێکی دیاریکراو، و ئەو مۆسقایەی کە نەسەمفۆنیایە و نە میللی، و ئەو گۆڤارانەی لە

بایەخپێدانە تایبەتییەکان ورد دەبنەوە و فیلمی سینەمایی، کە بابەتی تایبەت بەتەندروستی بەکاردێنیّ، زۆر نموونەی دیکەش هەن. بێگومان ئەم جۆرە ناوەڕۆکە ئاستی زەوق نەبەرز دەکاتەوە نەنزم هەروەك واش چاوی لێناکریّ، کە مەترسی هەبیّ لەسەر ئاستی ئاکاری.


ناوەڕۆکی زەوقی بەرز: لەوانەیە ئەو جۆرە لە چوارچێوەی ناوەڕۆکی راگەیاندن بەشێوەیەکی بەرفراوان دابەشکرابیّ، بەڵام مەرج نییە خەڵکی سەیری بکەن. ئەوە ناوەڕۆکێکە، کە رەخنەگرانی راگەیاندن وا هەست دەکەن دەکەوێتە ناو چوارچێوەی زەوقی پەسند و بەرز و ئاکار و فێرکاری تێدایە و تا رادەیەکیش گرنگە. نموونەش بۆ ئەمە مۆسیقای رشت و درامای ئاڵۆز و گفتوگۆی سیاسین. رەخنەگران خۆیان پاڵەوانی ئەم ناوەڕۆکەن، چونکە ئەو لایەنی بەرانبەرە بۆ بابەتەکانی زەوقی دابەزیو، کە زۆر بەروونی شیمانەی بەر پێگرتنی دەبینین.

بێگومان ئێمە ئارەزوو دەکەین زۆرینەی بایەخی خۆمان ئاراستەی جۆری یەکەم بکەین، چونکە ئەو دیاردەیە دووبارە بووەوەیە، کە ئێمە پێویستیمان بەهەوڵەکانی دەبیّ لە بواری راگەیاندندا (بەوەی سیستەمێکی کۆمەڵایەتییە). دەتوانریّ لێکۆڵینەوە لەسەر دوو جۆری دیکەش بکرێن لە چوارچێوەی تێڕوانینێکی تا رادەیەك هاوسەنگ، بەڵام ئەو دوو جۆرە تا رادەیەك لەناو گفتوگۆکاندا بایەخی کەمتریان پیّ دەدریّ.

## پێکهاتە و سنووری سیستەمی کۆمەڵایەتی:

ئێستا پێویستیمان بەوەیە دەست بەدیاریکردنی توخم و سنووری سیستەمی کۆمەڵایەتی بکەین، کە لەناویدا ناوەڕۆکی زەوقی دابەزیو روودەدا، تا لە کۆتاییدا بتوانین بیردۆزێکی تایبەت بە هەوڵەکانی ئەو سیستەمە دابنێین.

لەبری ئەوەی سیستەمێکی وەسفی رووت دابنێین، کە تەنیا لەسەر یەك پێناو یان هۆکارێکی راگەیاندن پراکتیزە دەبیّ، ئەوا زۆر بەسوودترە ئەگەر چەمکێکی گشتی دابنێین، کە لەژێرییەوە هەر یان هەموو هۆکارەکانی راگەیاندن بنووسرێنەوە، لەگەڵ ئەنجامدانی هەندێك چاکسازی کەم لە وردەکارییەکان. ئەم چەمکە گشتییەش جەخت لەسەر لایەنی وێکچووی هۆکارەکانی راگەیاندن دەکاتەوە، بەتایبەتی لەلایەنی پەیوەندی نێوان پێکهێنەرەکانی ئەو




**شێوەی (٥-١) هێڵکاریی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن وەك سیستەمێکی کۆمەڵایەتی**

سیستەمە. ئەو توخمانەی ئەو سیستەمە پێکدێنن و پەیوەندی نێوانیشیان کورتکراونەتەوە، بریتین لە:

**جەماوەر**. یەکەمین توخمی بنچینەیی سیستەمی کۆمەڵایەتی تایبەت بەپەیوەندی کردن جەماوەرە. ئەو توخمە زۆر بەئاڵۆز دادەنرێ، جەماوەر دابەش دەبێتە سەر چینی کۆمەڵایەتی جیاواز، کە لەنێوانیاندا پەیوەندی تێکچڕژاو هەیە .

لە زۆر بواردا کەوایان لە کۆمەڵناسان کردووە بەدرێژایی چەندین ساڵ لێیان بکۆڵنەوە. لەنێوان ئەو گۆڕانکارییە گەورانەی کە رۆڵیان هەیە لە چۆنیەتی ئەم توخمە بنچینەییە لەناو سیستەمەکەدا. دەتوانین باس لە پێداویستییە گەورەکان و بایەخی تاکەکانی جەماوەر و چەند چینێکی کۆمەڵ بکەین، کە جەماوەر نوێنەرایەتییان دەکا لەگەڵ سروشتی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان تاکەکانی ئەو جەماوەرە. ئەو گۆڕانانەش ئاماژە بەچۆنیەتی کارکردن یان (میکانیزم) هەڵسوکەوت کردن دەکەن، کە شێوازی بایەخپێدان و لێکدانەوە و وەڵامدانەوەی جەماوەر بۆ ناوەڕۆکی شێوازێکی دیاریکراو دیاری دەکەن.

**دەستەی لێکۆڵینەوە**. لێکۆڵینەوەی چەق بەستوو  بۆ هێماکانی لێکۆڵینەوەی ناوەڕۆك، کە زوو لەم بەشەدا باسکرا تا رادەیەك بەئادگارەکانی ئەو جەماوەرەوە پەیوەستە. ئەو دەستانەی ماندووبوونەکانیان پڕدەکەنەوە لە لێکۆڵینەوە و پێوەری شتە بەراییەکانی جەماوەری هۆکارەکانی راگەیاندن شێوازی جیاواز لە وەرگرتن رای هەرەمەکی، زانیاری پێشکەش بەبەرپرسان دەکا لەکاتی هەڵبژاردنی جۆرەکانی ناوەڕۆك، کە بەسەر جەماوەردا دابەش دەکرێن.

کەواتە پەیوەندی هەیە لەنێوان جەماوەردا ((وەکو توخمێکی پێکهێنەر)) لەناو کۆمەڵگەدا. بەزاراوەیەکی تیۆری رووتی دیکە، ئەو دوو توخمە وەکو دامەزراوەیەکی ئەرکی دادەنرێ. بەم شێوەیە، ئەو دووە بەسیستەمێکی لقی دادەنرێن، تا رادەیەکیش ئەو پەیوەندییە بەبێ لایەن لە قەڵەم دەدرێ. تاکە هەڵبژێردراوەکانی جەماوەر بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر کردن- دەسکەوتی پاداشتێکی کەسی بچووك (زۆرجاریش هیچی پێ نادرێ)- بەیاننامە لەبارەی خۆیانەوە پێشکەشی ئەو دەستانە دەکەن، بەڵام بەشێکی بچووکیان لێ دەگەڕێنرێتەوە.

**دابەشکاران**. ناوەڕۆك — هەر چ جۆرێك بێ- لە دابەشکەرێکەوە دەگاتە جەماوەر. سیستەمی ئەرکی لە پاژی تایبەت بەدابەشکەرەکە لە وردەکارییەکاندا لە پێوەند (هۆکارێکی راگەیاندن)ەوە بۆ هۆکارێکی دیکەی راگەیاندن دەگۆڕێ. سەرەڕای ئەوەش، دامەزراوەی لقیی

نایاب هەن —تا ڕادەیەك- لە ناو ئەو پێكهاتە گشتییەدا. لەبەرایيدا دەروازەی ناوخۆیی هەن لەوانەیە پەیوەندی ڕاستەوخۆ و گەورەیان لەگەڵ جەماوەردا هەبێ. ڕۆژنامە ناوخۆییەكان و شانۆی ناوخۆیی و ئێزگەی ناوخۆیی ڕۆڵێكی ڕاستەوخۆیان هەیە لە گەیاندنی پەیامەكان بەجەماوەر. لەگەڵ ئەوەشدا، دامەزراوەی لقیی دیكەش هەن پەیوەستن بەو پێكهاتە گرنگە بە شێوەیەك لێی جودانابنەوە.. لە ڕاستیدا، ڕۆڵی ڕۆژنامەگەری گەورە و بڵاوەكان و سەندیكاكان و تۆڕی ئێزگەكان و دابەشكەری گۆڤار و ڕۆژنامەكان و كۆمەڵێك شانۆگەری گەڕۆك، هەڵدەستن بەگواستنەوەی ناوەڕۆك بۆ جێبەجێكارە ناوخۆییەكان. ئەو دوو سیستەمە لقییە بەیەكەوە دەبەستێتەوە و پێكبەستێكی دووسەرەیە. جێبەجێكارە ناوخۆییەكان پارە بەدەست دێنن لەكاتێكدا دابەشكەرە گەورەكە هەڵدەستێ بە پێشكەشكردنی ناوەڕۆك، لەوانەیە پەیوەندییەكەش ئەوەبێ، كە جێبەجێكارە ناوخۆییەكە خزمەتگوزاری پێشكەش دەكا، لە كاتێكدا دابەشكەرەكە (كە لەهەر شوێنێكی تردا پارەی پێ دەدرێ) پارەدەدا.

زۆرینەی كات —لە سەرەتادا- پەیوەندی لەنێوان دابەشكەر و جەماوەر پەیوەندییەكی بێ لایەنە. دابەشكەر ناوەڕۆكێكی گاڵتە ئامێز (زۆربەی كات ریكلامییە) بەجەماوەر دەدات، بەڵام جەماوەر — سەرەڕای گرنگی پێدانەكە- بەشێوەیەكی ڕاستەوخۆ شتێكی كەم بەو دەدا. لە ڕاستیدا، بایەخدانی جەماوەر ئەو شتەیەكە —بەتەواوی- دابەشكەرەكان بەدوای بەدەستهێنانیدا دەگەڕێن. بۆ ئەو هۆكارە ڕاگەیاندنەش، كە ریكلام پشتیوانی دەكا، ئەوا ئەو بەشێوەیەكی ڕاستەوخۆ (كاڵاكە) دەفرۆشێتە كڕیارەكانی. سەرەڕای ئەوەش جەماوەر زانیاری پێویست بۆ توخمی لێكۆڵینەوە دابین دەكا، ئەوەش بەشێوەیەكی ناڕاستەوخۆ دەدرێتە دابەشكەرەكان بەشێوەی زانیاری گەڕاوە یان هاتووەوە feed back، تا بتوانن پێوەر و مەودای ئەو كارانە دیاری بكەن، كە دروستی دەكەن.

هۆكانی پەیوەندی كردن لە نێو توخمەكاندا كاتێك زیاد دەبێ بۆ ئەوەی ئاڵۆز تربێ، كە لێكۆڵینەوە لەسەر سنووری سیستەمی كۆمەڵایەتی دەكەین.

بەرهەمهێنەران و پارەداران دەتوانن سیستەمی ئەركی بەرهەمهێنەری ناوەڕۆك بۆ جەماوەر و لێكۆڵینەوە و توخمەكانی دابەشكردن زیاد بكەین. ئەو پێكبەستە یەكەمینەی ناوەڕۆك لەگەڵ توخمی پارەدەر و دابەشكەر كاردەكا، كەلەوەوە پارەی پێویستی دەست دەكەوێ بۆ بەرهەمهێنانی شێوازی جیاوازی ناوەڕۆكی گاڵتە ئامێز. ڕێژەیەكی زۆریش دامەزراوەی لقی لەناو توخمی بەرهەمهێنەردا هەن، كە پشت بە پێناوێكی تایبەت دەبەستن. نموونەش بۆ ئەمە،

ئەکتەر و دەرهێنەر و بەرهەمهێنەرانی تەلەفزیۆنی و هونەرییەکان و پەیامنێرانی بیانی سەرۆك بەشی هەواڵە جیهانییەکان لە دەزگا هەواڵییەکاندا و بەرهەمهێنەرانی فیلم و سەرۆکی یەکێتی (سەندیکا) جیهانییەکان و بڵاوکەرەوەکان و سەرنووسەران و بەشەکانی پێداچوونەوەی دابی رۆژنامەیی و دەستەی نووسەران و چاپگەران (سکرتاریەت)، زۆرێکی دیکەش لە خەڵکی.

**وەکالەتەکانی ریکلام کردن**. پارەدەر و دابەشکەر و دەرهێنەر و دەستەی گەڕان پەیوەستن بە وەکالەتەکانی ریکلام کردن. ئەو پێکهاتەیەش — کە سپۆنسەر یەکەمین جار هەڵدەستێ بەدانانی نرخەکەی- هزر و خزمەتگوزاری دیاریکراو پێشکەش دەکا. رۆڵێکی هەرە گەورەش پاڵپشتی دابەشکەرە بە پەیامی ریکلامی، لەوانەیە ئەمەش پەیوەندی بە توخمی گەڕانیشەوە هەبێ.

**دامەزراوەی چاودێری ((لقی))**. لەپاڵ ئەو دەستە ئاڵۆزەی کە لە پێکهاتەی پەیوەست بەیەك پێکهاتوون، دامەزراوەی لقی دیکەش هەڵدەستن بەچاودێری کردن. دەستە تەشریعییەکان —لەسەر ئاستی حکوومی و نشتیمانی- کە لیستی رێککارییە تایبەتەکانی هۆکارەکانی راگەیاندنی دادەنێ. پاژێکی گرنگ لە پێکهاتەی (توخم) چاودێریکردن پێکدێنێ. بەشێکی دیکەی گرنگیش هەیە لە سیستەمی لقیدا، کە دەستەی رێکخستنی فەرمین و ئەو سیاسەتانە جێبەجێ دەکەن، کە پێشتر دارێژرابوون. پەیوەندیش لەنێوان دەستەی یاسادانان (توخمی چاودێری) و جەماوەر —بێگومان- نوێنەرایەتی رای گشتی دەکا، کە ئەو سیستەمە گرنگە پشتی پێ دەبەستێ هەروەك وادەردەکەوێ. ((هێلەکانی)) زانیاری نێوان جەماوەر و دەستەکانی یاسادانان و دەستە رێکخراوەکان تا رادەیەك بە بەیەکەوە بەستراو دادەنرێن.

لە پاڵ ئەو رێککاریانەی، کە پێناسە ئەرکییەکانیان لە لیستی یاسایی روون دەبێتەوە، دەتوانین یەکێتی یە تایبەتییەکانیش زیاد بکەین، کە ((کۆمەڵێك یاسا))ی تایبەت بەخۆی دادەنێت و تا رادەیەکیش وەکو توخمێکی چاودێریکردن دەبێ لەسەر دابەشکەرەکان. ئەو دابەشکەرانەش پارەیان پێ دەدەن. ئەو سەندیکایانەش ئەرکیان چاودێریکردن و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری دیکەیە.

## مەرجە دەرەکییەکان:

دەزگای لقیی بەرپرسی ڕێکخستن هەڵدەستێ بە دیاریکردنی ناوەڕۆکی بیستراو و ناوەڕۆکی نەبیستراو لە ڕێی کۆمەڵێك مەرجی دەرەکی، کە ئەو سیستەمە زۆر ئاڵۆزە لە چوارچێوەیدا کاردەکا. یاسا گشتییەکانی تایبەت بەکۆمەڵگە، ئەوانەی پەیوەندییان بە زەوق و ئاکار و دەربڕینە هاتووەکان هەیە لە یاسای فەرمی بۆ لە خۆگرتنی پەیکەری دەرەکی کۆمەڵگە. دەتوانین هەمان شتیش لەبارەی بناغەی ڕۆشنبیری گشتی و بیروڕا تایبەتەکانمان بڵێین هەر چەندە شیمانەی ئەوەی لێناکرێ بخرێتە ناو یاسا، بەتایبەتی ئەو ناوەڕۆکەی ئەمریکاییەکان دڵخۆش دەکا، یان ئارەزووەکانیان تێر دەکا. بۆیە ئێمە زۆر بەکەمی ((ئۆپێرا)) ی باوی چینی دەبینین، بەڵام زۆرکات ئۆپێرا خراپەکانی ڕۆژئاوا دەبینین، هەروەها زۆر بەکەمی ئاوازی مۆسیقای پەرستگای هیندۆسییەکانمان گوێ لێ دەبێ، بەڵام بەزۆری گوێبیستی ((ئاواز)) و ژاوەژاوی نوێترین ئەستێرەی مۆسیقای ڕۆك دەبین، کە مێرمنداڵان حەزیان لێیە. ئەگەر لە سنووری خۆمان دەرنەچین، ئەوا لەوانەیە لە ڕێژەیەکی کەمی مۆزیکژەنە ئەورووپی و ئەمریکاییەکان بگرین ئەوانەی، کە بۆ ماوەی سێ سەدە بەرهەمیان داهێناوە. لەوانەشە ((بالێ)) یان ئۆپێرا یان شانۆی ڕێژەیەکی کەمی ئەو هونەرمەندانە ببینین، کە کۆمەڵگەی ئێمە بەکلاسیکی و کاری نوێ و داهێنەر وەسفی کردوون. هەر یەکێك لەو هۆکارە ڕاگەیاندنانە لە چوارچێوەی ئەو نموونە شتییەی سیستەمی کۆمەڵایەتی بنووسرێ بەشێوەیەك بەرادەیەکی کەم جیاوازیان دەبێ. ئەگەر بەشێوەیەکی ورد باس لە هەموو هۆکارەکانی ڕاگەیاندن بکەین، ئەوا هەست بەبێزاری دەکەین، چونکە هەرەیەکەیان بەتەنیا پێویستی بە کتێبێکە. زیاتر لە بیست ساڵ ((ئۆپۆتۆڤسکی)) Opotowsky هەوڵی ئەو شیکردنەوە درێژدادڕییەی دا بۆ دروستکردنی تەلەفزیۆن هەرچەندە ئەو چەمکی سیستەمی کۆمەڵایەتی بەکارنەهێنا.(٨)

ئەوەی زیاتر ئەو چەمکەی ئاڵۆز کردووە ئەوەیە، سەرەڕای ئەوەی هەر پێناوێك نوێنەرایەتی سیستەمێکی کۆمەڵایەتی جیاواز دەکا بۆ خۆی، بەڵام هۆکارەکانی ڕاگەیاندن لەلایەنی ڕێکخستن و پۆلێنکردنەوە بەیەکەوە بەستراونەتەوە. بەم شێوەیە، دەتوانین قسە لەسەر ئامێرێکی تەواوی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن بکەین لەناویشیاندا ئەو هۆکارنەی بەشێوەیەکی جۆری شیکراونەتەوە، وەکو سیستەمی پەیوەندی کردنی جەماوەری لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا.

سیستەمی پەیوەندی کردنی جەماوەری بەتوندی بەبارودۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و رۆشنبیری کاریگەربوو، کە لەماوەی پێشکەوتنی هۆکارە راگەیاندنەکانماندا باوبوون، ئەو سیستەمە هەموو کات وەکو هێزێکی رۆشنبیری-کۆمەڵایەتی گرنگ لە کۆمەڵگەدا دەمێنێتەوە. بەهۆی گرنگی لە تێگەیشتنی هۆکارە راگەیاندنەکانی ئێستاماندا، شیکاری ئەو بارودۆخانە —تا رادەیەك- بەدرێژی لە بەشەکانی پێشووش کراونەتەوە. باوەڕی دامەزراوە ئازادەکانمان و تێڕوانینی تایبەتی بۆ شەرعییەتی قازانج و چاکەکاری تایبەتی بە چاودێریکردنی ئۆرستۆکراتی (سەرمایەداری) و دابە گشتییەکانمان لە بواری ئازادی رادەربڕین، نوێنەرایەتی مەرجی دەرەکی دیکە دەکەن (لەگەڵ ئەو مەرجانەی پەیوەندییان بەسنووری ئاکاری و چێژی رۆشنبیرییەوە هەیە)، کە سیستەمی گەیاندنی ئەمریکاییە لە چوارچێوەیدا کاردەکا.

## پارێزگاری کردن لە جێگیریی سیستەم:

کارێکی ئاساییە، کە دابینکردن مەرجێکی ناوخۆیی بنەڕەتی ئەم سیستەمە بێ. زۆرینەی پێکهێنەرەکانی سیستەمەکە بریتین لە توخمی کارەکی، کە پارە تاکەکانی دەجوولێنێ. بۆ ئەوەی پارەیان دەسکەوێ، ئەوا هەموویان لە کۆتاییدا پشت بەتوخمێکی هەرە گرنگ کە جەماوەرە دەبەستن. ئەگەر بڕیارەکانیشیان لە بەرژەوەندی بایەخدان بەجەماوەر و کڕین و شتی لەو جۆرە، کە سەرنجی جەماوەر رابکێشێ نەبێ، ئەوا سیستەمەکە تووشی ((کفتبوون)) ێکی توند دەبێ و لە کۆتاییدا لەناو دەچێ.

هەر گۆڕانێکی ((درامی)) لە ئاکاری جەماوەر دەبێتە هۆی روودانی لێکترازانێکی توند لە سیستەمی هەر هۆکارێکی راگەیاندندا. لە بەشی پێشوودا، چۆنیەتی لەخۆگرتنی خێرای جەماوەری سینەمامان بۆ ئامێری تەلەفزیۆن روونکردەوە.

ئەو لێکترازانەش باو نییە، بەڵام بەراستی روودەدات. لەوانەیە کلیلی لەناوبردنی گۆڕانکاری درامی لە هەڵسوکەوتی جەماوەر لە پێشکەشکردنی ناوەڕۆکی گاڵتەئامێز دابێ کە زۆرترین رێژەی جەماوەر تێر دەکا و کاریگەریشی لەسەر زۆرترین رێژە دەبێ بۆ ئەوەی بەپێی پێویستی سیستەمەکە بەکاری خۆیان هەڵبستن، بەواتایەکی دیکە ئەو ناوەڕۆکە پارێزگاری لە جێگیریی سیستەمەکە دەکا. سیستەمیش وای دەبینێ، کە ناوەڕۆکی نموونەیی ئەو ناوەڕۆکەیە سەرنجی جەماوەر رادەکێشێ و رازیان دەکا تا کاڵا بکڕن، بۆ ئەوەی لە هەمانکاتیشدا لە

چوارچێوەی سنووری ڕێسا ئاکارییەکان و ئاستی چێژدابێ، بۆ ئەوەی نەبێتە هۆی هەڵس و کەوتی نالەبار لەلایەن تاکەکانی سیستەمەکە.

ناوەڕۆکی گاڵتە ئامێز، ئەوەی کەوا دەردەکەوێ توانای هەیە زۆرترین ڕێژەی تاکەکانی جەماوەر ببزوێنێ، ئەوا ئەو ناوەڕۆکە دابەزیوە زۆر درامییەیە، کە پاژێکی گەورە لە ڕۆشنبیرییە میللییەکەمان پێکدێنێ. بەو تێڕوانینەی، کە ئامانجی سەرەکی سیستەمی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن قازانجی ئابوورییە، ئەوا سێکس و توندوتیژی یان هەر ناوەڕۆکێکی دیکە کە سەرنج ڕادەکێشێ یان وادەکا لەتەماشاکردن بەردەوام بێ، هەتا ئەگەر زەوقێکی داتەپیویشی تێدابێ، ئەمە هەمووی هەوڵی زیادبوونی ژمارەی ئەو جەماوەرە دەدا، کە ریکلامەکان دەبینن. بەشێوەیەکی گشتی، هەرچەندە ڕێژەی جەماوەر زیاد بکا، ڕێژەی دەستهاتی دابەشکەر و بەرهەمهێنەر و بەرپرسانی ریکلام زیاد دەکا. بۆ نموونە، بڕی پارەی ریکلام لەکاتی ترۆپکی بینینی جەماوەری تەلەفزیۆن زۆر زیاترە لەوکاتەی، کە بەشێوەیەکی ڕێژەیی ژمارەی بینەران کەمتر دەبێتەوە، بۆ نموونە لەکاتی بەیانی زوودا.

ڕێژەیەکی زۆر لە ڕەخنەگران داخ لەوە دەخۆن، کە هۆکارەکانی ڕاگەیاندنی ئەمریکایی پشت بەریکلام دەبەستن، ئەگەرچی ئەو پشت پێبەستنە کارێك بێ توانای تێگەیشتنی هەبێ، چونکە ئەو تاکەی، کە خاوەن زەوقێکی بەرزە وای دەبینێ زۆر بابەتی ریکلام دەبنە هۆی داخ خواردن و بگرە گاڵتەجاریش، هەر تاکێك بۆ نانی ئێوارە لەبەرانبەر تەلەفزیۆن دادەنیشێ بۆ زانینی دوایین هەواڵەکانی ئێوارە، بازرگانە چالاکەکان دەبینێ، کە تایبەتمەندی پێکهێنەرە پزیشکییەکانی تایبەت بە نەخۆشییەکانی سك ئێشە و قەبزی و سکچوون و بۆنی بن هەنگڵ و نەخۆشی دیکە، کە تووشی مرۆڤ دێن و توند دەبن، ئەم تاکەش بەشێوەیەکی ئاسایی ڕەنگدانەوەی هاوشێوەی دەبێ. ئەمەش هۆکاری لە خۆگرتنی ئامێری ڕاگەیاندنی جەماوەرییە کەلەسەر ریکلامکردن دروستبووە. لەلایەکی دیکەوە، ئەو دەسهاتانە کە دەکرێ لەو ئامێرەوە بەدەستبێن لەژێر تیشکی ئەلتەرناتیڤی دروستکراو پێویستیان بەهەڵسەنگاندن هەیە. چۆن دەکرێ ئامێرێکی پەیوەندیکردنی جەماوەری بەشێوەیەکی دیکە دروست بکەین؟ لەوانەیە ئەوە پەسند نەکرێ، کە حکوومەت ئەو ئامێرە بەڕێوەببا، لەوانەشە ڕێگە بدرێ پشت بەدامەزراو و بەخشراوی خێرخوازی ببەسترێ بەبەخشینی چەند ئامێرێکی دیاریکراو بە هاوڵاتییان. لەوانەشە شون هەڵگرتنی ئامێری تەلەفزیۆنی بەکێبڵ ڕێی پێ بدرێ بەپێشکەشکردنی

ئامێرێکی تایبەت بەبژاردەی کۆمەڵگە، کە ناوەڕۆکەکەی ئامانجی بەدەستهێنانی سامانی زیاترە.

سیستەمی ئێستا، کە بەتوندی پشت بەریکلام کردن دەبەستێ بۆ وردبوونەوە لە پێشکەشکردنی ناوەڕۆکێکی گونجاو لەگەڵ چێژی چینی ناوەڕاست هەوڵدەدا.[٩] ئەو چینەی گەلیش ڕێژەی زیاتر لەوانە پێکدێنن، کە توانای شت کڕینیشیان هەیە لە کۆمەڵگەدا چینی ناوەڕاستە زۆرینەی ئەو بەرهەمانە دەکڕێ، کە لە هۆکارە ڕاگەیاندنەکان دا ریکلامی بۆ کراوە، بەڵام چینی توانادار بۆ کڕینی زیاتری شت و مەك، چینی خوارەوەی کۆمەڵ دەگرێتەوە، واتە کرێکاری لێهاتوو و نیوەی لێهاتوویی لەوانەی یاخەی کەسکیان هەیە.. بڕە پارەی هاتووی ئەم دەستەیە ئەگەر هی تەنیا تاکێك هەژمار بکرێ زۆر کەمە، بەڵام ئەگەر بڕە پارەی دەسهاتی بەکۆمەڵیان هەژمارکرد، زۆر بەروونی دەبینین ڕێژەکە گەورەیە. ئەو دوو ئاستەی کۆمەڵگەش زۆرینەی زۆری گەل پێکدێنن، کە بەرهەمی دروستکەر و هاوردە و بازرگانی پارچەکان دەکڕن. کەواتە سەیر نییە، زەوقی ئەو چینە کۆمەڵایەتییانە بەتوندی کاریگەری لەسەر ئەوانە هەبێ، کە ناوەڕۆکی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن دادەنێن.

هۆکارێکی دیکەش هەیە، کە بایەخی ئەو دوو چینە دەخاتە بەرچاو، کە چینەکانی خوارەوە و ناوەڕاست ئەوانەن، کە بەشێوەیەکی گشتی گرنگی بەهۆکارەکانی ڕاگەیاندنی جەماوەری دەدات. بەڵگەیەکی گەورەش هەیە، کە نەخوێندەوارەکان کاتێکی زیاتر لە خوێندەوارەکان لە بەدواداچوونی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن بەسەر دەبەن.[١٠] هەڵەشە ئەگەر ئەوە وەکو ئەنجام تەماشا بکەین، کە ئەوان ئەو کارە تەنیا لەبەر ئەوە دەکەن کە لێیان قبوڵبکرێ و زۆرینەی نەخوێندەوارەکان بەشێوەیەکی ڕێژەیی دەستهاتەکەیان کەمە ئەمەش مانای وایە دەرفەتیان لە خوێندەوار و دەوڵەمەندەکان لە چۆنیەتی بەسەربردنی کاتژمێرەکانی دوای کار کەمترە. زۆریش هۆکارە ڕاگەیاندنە جەماوەرییەکانیان پێ خۆشە، چونکە هۆکاری ڕاگەیاندن یەکێکە لە شێوەکانی چێژ وەرگرتنی تا ڕادەیەك پارە نەویست. لەگەڵ ئەوەشدا، هەروەك بیکرۆپۆل روونی دەکاتەوە لێکدانەوەیەکی رووکار نییە ئەگەر باوەڕمان وابێ، کە تاکە پاساوێك پاڵ بەخەڵکییەوە دەنێ بۆ ئەوەی کاتی خۆیان لەگەڵ هۆکارەکانی ڕاگەیاندن بەسەر ببەن، بۆیە دەبێ چ ڕاگەیاندن ببێتە وەڵامدەرەوەی هەست بزوێنی ناوەڕۆکی کەسەکە.[١١] هۆکارەکانی ڕاگەیاندن زۆرێك لە داواکارییەکان پێشکەش دەکات و ئارەزووی تاك تێردەکا

هەروەك هۆكاری خۆش رابواردن و زانیاریش پێشكەش دەكا. نموونەیەك بۆ ئەمە دەهێنینەوە: دانیشتن لەگەڵ منداڵ و هاوڕێیان (هەتا ئەگەر ئەو دانیشتنە ئەلیكترۆنیش بێ).

لەگەڵ هەموو ئەوەی گوترا، تا ئێستا ناوەڕۆكی چێژی باوە. بەڵام ئەو راستییە وا لەو ناوەڕۆكە دەكا ببێتە تۆخمێكی سەرەكی لە سیستەمی كۆمەڵایەتی هۆكارەكانی راگەیاندنی جەماوەری. ئەو ناوەڕۆكەش پارێزگاری لە بەردەوام بوونی پەیوەندی تەواو دەكاتەوە لەگەڵ پارێزگاریكردنی لە جێگیری دارایی سیستەمەكە. هەندێك لەو رەخنەگرانەی —بایەخپێدانی جەماوەر دەبزوێنن بەرەخنەگرتن لە ناوەڕۆكی هۆكارەكانی راگەیاندن یان بانگەشەی بوونی پەیوەندییەكی هۆ و هۆكاری دەكەن لەنێوان ناوەڕۆكی راگەیاندن و هەڵسوكەوتی كۆمەڵایەتی وەرنەگیراو- بەشێوەیەكی كاتی كەمێك رێزیان لێ دەگیرێ، هەروەها هەندێك بەگژیەكداچوونەوەی كاتی لەناو سیستەمەكەدا دروست دەكەن، یان لەوانەیە شێوەیەكی دیاریكراو لە ناوەڕۆكی چێژی داتەپیو بگۆڕن ئەگەر بەشێوەیەكی چڕ لەسەر رەخنەكانیان بەردەوام بن. بۆ ئەمە نموونەیەك لە رابردوو دەهێنینەوە ئەویش بەرنامەی پێشبركێی و پرسیار بوو، كە خەڵاتی تێدابوو دواتر بینرا، كە ((پێشتر ئامادەكراو یان قەڵبە)) لەگەڵ پیشكەشكاری كاسێتی گۆرانی و مۆسیقای میللی لە رادیۆدا كە ((بەرتیل)) یان بڕە پارەیەكیان وەردەگرت لەبەرانبەر لێدانی بەردەوامی گۆرانییەكە تا جەماوەر و رێژەی دابەشكردنی زۆربێ. لە بارودۆخی لەمجۆرەدا لەوانەیە جەماوەر بەشێوەیەكی كاتی بێزار بووبێ.

لەگەڵ ئەوەشدا، ناوەڕۆكی چێژی داتەپیو لەگەڵ كۆمەڵێكی جۆراوجۆردا دێ، بۆیە ئامادەنەبوونی كاتی —یان هەتا بەردەوام- شێوەیەك كە كەمتربێ لە وێنەی گشتی هەرە گەورە ناگۆڕێ. رەخنەگران بۆ ماوەی یەك سەدە گومانیان لە تیشك خستنە سەری رۆژنامەگەری هەبوو لەسەر هەواڵی تاوانكارییەكان، لەگەڵ ئەوەشدا هیچ دابەزینێكی لە ناكاوی تێبینی كراو نەبوو لەو چیرۆكانەدا. رەخنەگرانی زنجیرە درێژەكانی soap opera رادیۆ و تەلەفزیۆن پشییان هاتەوەبەر كاتێ بەرنامەی لەمجۆرە بەو دواییانە لە ئێزگەكاندا نەمان. بەدڵنیاییەوە دڵخۆشییەكەیان زۆری نەخایاند كاتێك دەركەوت ئەو زنجیرانەی بەرۆژ پێشكەش دەكرێن جەماوەرێكی زۆریان لەناو بینەرانی تەلەفزیۆندا هەیە، ئەمەش جەماوەرێكی زۆر گەورە بوو، بەپلەیەك ئەو زنجیرە درێژانە ئێستا لە كاتژمێرە بەراییەكانی ئێوارەدا پیشاندەدرێن. شیكاری ئاستی ناوەڕۆكی توندوتیژی لە تەلەفزیۆنەوە ئەوە دەردەخا، كە ناوەڕۆكەكە زۆر نزم دەبێتەوە پاش لێكۆڵینەوە تایبەتییەكانی حكوومەتی فیدرالی لەسەر

کاریگەری توندوتیژی تەلەفزیۆنی یان ئەو هەڵمەتە فراوانانەی یەکێتییەکان ئەنجامیدەدەن ئەوەی هەندێك لە ئەندامی خۆبەخش لەخۆ دەگرن ((نموونەش بۆ ئەمە یەکێتی P.T.A)) یا یەکێتی باوکی قوتابیان و مامۆستایان بۆ ئەوەی دوای ماوەیەکی کورت لە هێمنی دووبارە توندوتیژی بگەڕێتەوە.(١٢)

کاتێك ڕێگایەك دۆزرایەوە، کە ڕێگەی دابەزاندنی بایەخ و بڕیاردانی کڕینی کاریگەر لە هەر بەشێکی فراوانی ناو خەڵك، ئەوا هۆکارەکانی ڕاگەیاندن بەئازارەوە دەستبەرداری دەبن، ئەمەو ئەگەر ئەوە نەڵێین، کە هەرگیز دەستبەرداری نابن. یاری تۆپ، کە ئێزگە و تەلەفزیۆن دەیگوازنەوە لەگەڵ فیلمی جەنگی و کۆمیدیای درەوشاوە و کۆمیدیای باری خێزانی و نواندنی چێژ بەخش و چیرۆکی پۆلیسی و سەرەڕۆیی پۆلیسی نهێنی و درامای هۆڵی دادگا —هەموو ئەمانە وایان لێهاتووە لەناو شێوازی کۆندا پێگەی خۆیان وەربگرن، وەکو چیرۆکی خۆشەویستی و بەرنامەی گاڵتە ئامێز، کە دەبێتە هۆی پێکەنین و ڕۆمانی تاوانکارییە سێکسییەکان و لاپەڕەی وەرزش و بڵاوبوونەوەی گەندەڵی لەنێو چینە باڵا دەستەکان، کە سەرنج ڕادەکێشێ و دەتوانێ چاو یان گوێی بیسەر نزیکتربکاتەوە لە پەیامی ڕاگەیاندن.

بەکورتی، وای لێهاتووە سیستەمی کۆمەڵایەتی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا بەقووڵییەکی زۆر جێگیر بێ. دەتوانرێ پێشبینی ڕوودانی گۆڕانکاری کەم بکرێ لە دوارۆژدا لە جۆری ناوەڕۆکدا ئامانجی پارێزگاریکردن لە جێگیری سیستەمەکە. واپێویستە ((ناوەڕۆکی چێژی داتەپیو)) هەروەك ناومان ناوە، پارێزگاری لە جێگیری دارایی سیستەمی کۆمەڵایەتی بنچینە قووڵ بکا، کە سیستەمێکە بەشێوەیەکی گونجاو لە هەموو دامەزراوە کۆمەڵایەتییە ئەمریکییەکان پێکدێ. وادەردەکەوێ شیمانەی گۆڕانی سیستەمی تایبەت بە گەیاندنی جەماوەری بەهۆی شۆڕشی فراوانی ڕەخنەگران شیمانەیەکی لاواز بێ.

ئەگەر بەراستیش گۆڕانەکە ڕوویدا، ئەوا شیمانەی ئەوە ناکرێ، کە پێشکەوتنی دوارۆژی سروشتی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن سادەبێ. یەکێك لە بنەما سەرەکییەکان لای ((ئیمیل دۆرکهایم)) (بڕوانە بەشی شەشەم) ئەوەیە کاتێك دەستەو ڕێکخراوەکان گەشەدەکەن لەوانەیە ئاڵۆزی و جیاوازی زیاتری تێبکەوێ.(١٣) کاتێکیش ئەو بیردۆزانە دەبینین و لەگەڵ دەستکەوتە تەکنەلۆژییە گەورەکان، ئەوانەی لەماوەی ئەو چەند ساڵەی کۆتایی تەکنەلۆژیای پەیوەندیکردنی ئەلیکترۆنیدا بینینمان، ئەوا دەتوانین بڵێین دامەزراوەی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن زیاتر تایەبەتمەند دەبن. بۆ نموونە هەندێك لە دەستەکانی ڕاگەیاندن تایبەت دەبن بە

پێشکەشکردنی ناوەڕۆکی چێژی داتەپیو، هەندێکی دیکەش تایبەتمەندی وەردەگرن لە مەعریفە و زانیاری هونەری، لە کاتێکدا هەندێکی دیکە لە ناوەڕۆکی هەواڵی تایبەتمەند دەبن و هەندێکی دیکەش دەبنە تایبەتمەندی ناوەڕۆکی چێژی بەرز... پێشکەوتنە تەکنەلۆژییەکانی وەك مانگی دەستکرد و تەلەفزیۆنی بەکێبڵ و تۆڕی کۆمپیوتەر و ڤیدیۆ تێکس بواری ئەوەیان رەخساندووە ئەو تایبەتمەندبوونانە پێشکەش بکرێن.

لە بەشی داهاتوودا، هەڵدەستین بەلێکۆڵینەوەیەکی کورت لەسەر ئەو پێشکەوتنە تەکنەلۆژییانە و ئەوە دەخەینەڕوو، کە چۆن لەگەڵ گۆڕانی سیستەمی ئابووری دەکرێ گۆڕانی گەورە لەناوەڕۆك و پەیکەری سیستەمی راگەیاندنی جەماوەری رووبدا.

## پەراوێزەکانی بەشی پێنجەم

1. *The Republic of Plato*, trans. Frances M. Cornford (London: Oxford University Press, 1954), pp. 68–69.
2. Examples of such claims are Herbert Blumer and Philip Hauser, *Movies, Delinquency and Crime* (New York: Macmillan, 1933), and Frederick C. Wertham, *Seduction of the Innocent* (New York: Rinehart, 1954). The latter is a bitter denunciation of comic books.
3. Henry David Thoreau, *Walden, Or Life in the Woods* (Boston and New York: Houghton Mifflin, 1854), 2:148–49.
4. Samuel Clemens, *Mark Twain's Speeches* (New York: Harper & Brothers, 1923), p. 47.
5. Quoted in Milton Ellis, Louise Pond, and George W. Spohn, *A College Book of American Literature* (New York: American Book, 1939), 1:704.
6. Harry J. Skornia, "Television and the News: A Critical Appraisal," in *Mass Media and Mass Man*, ed. Alan Casty, 2nd ed. (New York: Holt, Rinehart & Winston, 1973), pp. 214–24.
7. Carl G. Hempel, "The Logic of Functional Analysis," in *Symposium on Sociological Theory*, ed. Llewellyn Gross (New York: Harper & Brothers, 1959), p. 280.
8. Stan Opotowsky, *T.V.: The Big Picture* (New York: Collier Books, 1962).
9. Melvin L. DeFleur and Everette E. Dennis, *Understanding Mass Communications*, 3rd ed. (Boston: Houghton Mifflin, 1988), pp. 500–501.
10. See, for example, Bradley S. Greenberg, "The Content and Context of Violence in the Mass Media," in *Violence and the Media*, ed. Robert K. Baker and Sandra J. Ball (Washington, D.C.: Government Printing Office, 1969), pp. 423–49.
11. Baker and Ball, *Violence and the Media*, pp. 330–33.
12. Ibid., pp. 151–59.
13. Emile Durkheim, *The Division of Labor in Society*, trans. George Simpson (New York: Free Press of Glencoe, 1964).

## پاژی دووەم

## شوێنەواری هۆکارە راگەیاندنە جەماوەرییەکان

## بەشی شەشەم

## کۆمەڵگەی جەماوەری و تیۆری هاوێژەری جادوویی

بەشەکانی پێشووی کتێبەکەمان باسیان لە پێشڤەچوونی گەیاندنی مرۆیی کرد هەر لە چاخە زووەکانەوە تاکاتی ئێستامان. ئەوەشمان گوت، کە بوونەوەری مرۆیی بەزنجیرەیەك لەگەیاندنی جیاواز تێپەڕیوە لە قۆناغەکانی گەشەکردنیدا. لە هەر هەنگاوێك لە هەنگاوەکانی ئەو پێشکەوتنە، بوونەوەری مرۆیی لە سەردەمی جوولە و نیشانەکان چووەتە قۆناغی دیکەی بەدوای یەکدا هاتوو و بەهۆیەوە قسەکردن و زمانی دەسکەوتووە. لە کۆتاییشدا مرۆڤ توانی بنووسێت و دواتریش توانای چاپکردن دابهێنێ، توانیشی کات و شوێنی سەردەمی ئێستامان ماندوو بکا کەبەهۆکاری پەیوەندی کردنی نوێ دەناسرێتەوە.

ئەنجامی گرنگی ئەو گۆڕانکارییانە ئەوەیە هەر قۆناغێك کاریگەری پڕ واتای خۆی هەیە: یان گۆڕانکاری زۆری لە تێهزرینی مرۆیی لەسەر ئاستی تاك و پێشکەوتنی رۆشنبیری لەسەر ئاستی گشتیدا دروست کردووە. بەم شێوەیە، پێشکەوتن لە قسەکردن تایبەتمەندییەکی گەورەی بەباوانی ئێمە بەخشی بوو لەچاو بوونەوەرە ئادەمیزادییەکانی دیکەی لە پێش ئەوان بوون. هەروەها دۆزینەوەی نووسین و چاپکردن و هاوتای ئەوانە لە هۆکارەکانی راگەیاندن تایبەتمەندی بەمیللەتانی ئەو سەردەمە بەخشیوە لە چاو ئەو گەلانەی پێش ئەوان هەبوون. بەهۆی کاریگەری هەر سەردەمێك لەسەر سەردەمەکەی دوای خۆی، مەعریفەی مرۆڤایەتی زۆر پێشکەوتووتربووە و رۆشنبیری مرۆڤایەتی ئاڵۆزتربووە.

بەڵام کێشەی پێشکەوتنی تەکنەلۆژی و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری کێشەیەکە کۆتایی نییە، ئێمە بەردەوامین لە پەرەپێدانی هۆکارە تەکنەلۆژییەکانمان، هەروەك تواناشمان لەسەر پەیوەندی کردن بەردەوام زیاد دەکا. لە بەشەکانی پێشوودا، قسەمان لەسەر ئەو شێوازەکرد، کە هەر هۆکارێك لە هۆکارە پەیوەندیکردنە سەرەکییەکانی ئێمە گرتبوویە بەر لەمەودای

دەستڕۆیشتوویی ڕاگەیاندندا لە ڕێگەی بنچینەی زانستی و تاقیکردنەوەی کارەکی، کە بووە مایەی ژمارەیەکی بێ کۆتا لە داهێنان بووە هۆی گۆڕانی ئەو شێوازەی پێشتر لە کرداری پەیوەندیکردندا کاری پێدەکرا. ئەو داهێنانە بەتیپی چاپکردنەوە، کە گۆتەنبێرگ دەستیپێ کرد تا گەیشتە تۆڕی مانگە دەستکردە تەلەفزیۆنییەکان، کە ئەمە دوایین شتە پێی گەیشتبێ و سەرکەوتنێکی مەزنە، ئاشکراشە هۆکارەکانی پەیوەندیکردن بەردەوام دەبێ لە پشت بەستن بە نوێکاری تەکنەلۆژییەوە.

لەهەمانکاتیشدا، کۆمەڵگەکان بەردەوام دووچاری گۆڕانکاری بەردەوام دەبنەوە، ئەوانەش گۆڕانێکن بۆ خۆیان بەدامەزراوەی کۆمەڵایەتی جێگیر دانانرێن، بۆیە ڕێگا کۆنەکان لە دوارۆژدا نموونەی کۆمەڵایەتی پێکدەهێنن، بەڵام باڵادەستی داب و نەریتەکان لە کۆمەڵگە پیشەسازییە هاوچەرخەکاندا چەقی نەبەستووە و داهێنانەکان لەو کۆمەڵگەیانەدا ڕێگای خۆیان دەدۆزنەوە و دژەکان دەردەکەون و لەناو دەچن. هەروەك دابونەریتەکان پشکەکانیان بەرز و نزم دەبنەوە، بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی بەتێڕوانینی نوێوە دێنە مەیدان، هەروەها گرفتە کۆمەڵایەتییەکان پێش دەکەون و هەوڵی چارەسەرکردنیشیان دەدرێ لەگەڵ هەریەك لەو کاریگەریانەشدا سیستەمی کۆمەڵایەتی دەگۆڕێ. هیچ نەوەیەکیش لەنەوەی پێش خۆی ناچێ، چونکە هەموو نەوەیەك تایبەتمەندی دەروونی و سروشتی کۆمەڵایەتی خۆی هەیە.

لەبەر ئەوەی هەریەك لە تەکنەلۆژیای پەیوەندیکردن و سیستەمی کۆمەڵایەتی لە کرداری گۆڕانی بەردەوام دان، بۆیە زۆر هۆ هەن وای لە هەندێك کەس کردووە وای بۆبچن، کە کاریگەری هۆکارەکانی ڕاگەیاندن لەسەر کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو لە هەموو کاتەکان بەهەمان ئەو پلەیە نابێ، بەڵکو لەکاتێکەوە بۆ کاتێکی دیکە دەگۆڕێ، بۆیە قورسە بتوانین تیۆرەکان وەسف بکەین یان لێکدانەوەی دیاریکراو لەسەر کاریگەری هۆکارەکانی پەیوەندیکردن پێشکەش بکەین، کە بۆ هەموو هاوڵاتیان و لە هەموو سەردەمێکدا گونجاوبن. تائێستاش بنچینەی زانست گەڕانە بەدوای ڕاستی هەمیشەیی، لێکۆڵینەوەی زانستی هەوڵی وەسفکردنی پەیوەندییە ڕێکخراوەکان دەکا لەنێوان دەرکەوتەکان و پێشکەشکردنی لێکدانەوە لەسەر چۆنیەتی کاریگەری هەندێك لە ڕووداوەکان، کە دەبێتە هۆی پێکهێنانی هەندێك نموونەی دووبارەبووەوە. بەواتایەکی دیکە، دەتوانین بڵێین لێکۆڵینەوەی زانستی هەوڵدەدا بەدوای ئەو بنەمایانە دابگەڕێ، کە ناگۆڕێن. بەکورتی، ئەم ئامانجە ئەرکێکی ئاسان نییە، بەتایبەتی ئەگەر کارەکە پەیوەندی بەکاریگەری هۆکارەکانی پەیوەندی کردنەوە هەبێ لەسەر

خەڵکی، ئەوەش لەبەر پێشکەوتنی سروشتی هۆکارەکانی راگەیاندن لەلایەك و پێشکەوتنی کۆمەڵگە لەلایەکی دیکەوە.

سەرەڕای ئەو بەربەستانە قوتابی و لێکۆڵەرەوان لە سەرەتای سەردەمی هۆکارەکانی پەیوەندیکردن هەوڵی زۆریان دا بۆ تێگەیشتن لە کاریگەری هۆکارەکانی راگەیاندن لەسەر خەڵکی، ئەنجامی ئەو لێکۆڵینەوانەش زنجیرەیەك لە ناساندنی دەرخست، کە بەڵگە بوون بۆ لێکدانەوە و پێشبینی کردنی ئەوەی کاتێك لەرێی یەکێك لە هۆکارەکانی پەیوەندیکردنی جەماوەری پەیامێك و ناوەرۆکێکی راگەیاندنی هەڵگرتبێ و بەسەر هەندێك لە چینەکانی کۆمەڵگە بسەپێنرێ چی روودەدا.

بەشەکانی داهاتووی کتێبەکەمان لێکۆڵینەوەیەکی کورت بۆ ئەو ناساندنانە پێشکەش دەکا. ئەوەش ئەرکێکی ئاسان نییە، چونکە پێشکەوتنی تیۆری هۆکارەکانی پەیوەندیکردن بەپلانێکی رێکخراودا تێنەپەڕیون. لە راستیدا، ئەوەی ئێستا بۆ ئێمە دەرکەوتووە لە رێی لێکۆڵینەوەی تێکچڕژاو و پەرت و بڵاوەوە هاتوون لە جۆری جیاوازی ئەو بنچینانەی لێکۆلەرەوەکان لە بنەما جیاوازەکاندا کورتییان کردوونەتەوە لەگەڵ ئەوانە هۆکارەکانی پەیوەندیکردنیان بۆ ئامانجی جیاواز دەپشکنی.

لەوانەیە تاکە پەیوەندی لە رێی ئەو لێکدانەوە جیاوازانەی میراتی دەرکپێکردنی ئێمە پێکدەهێنن لە لێکۆڵنەوە لە هۆکارەکانی راگەیاندن ئەوەبێ، هەموو تیۆرە گەورەکان بەرێگەی راستەوخۆ یا ناراستەوخۆ لەسەر چەمکی تاك و کۆمەڵ دروستبوونە، کە لە رێی زانستی کۆمەڵایەتی جیاواز پێکی هێناون، بۆیە تیۆرمان هەن بەکاریگەری نموونەی هزری و فەلسەفی و کۆمەڵایەتی و ئەنترۆپۆلۆژی جیاواز پێکهاتوون، سەرەرای بەشداریکردنی مێژوونووسان و ئابووری ناسان و سیاسەتمەداران و یاساناسان، ئەوانە هەموویان کاریگەریان دروستکردووە لەسەر تێگەیشتنی هاوچەرخمان لەهۆکارەکانی پەیوەندی کردن.

هەرچەندە لێکدانەوەی کاریگەری هۆکارەکانی پەیوەندیکردن لەوانەیە لە رێی نموونەی گشتی زانستی کۆمەڵایەتییەکانەوە بێ، بەڵام هێڵەکانی کاریگەری نێوان ئەو دووانە روون نین.(1) بەزۆری لێکۆڵینەوەکانی راگەیاندن دەستیان بەدوورکەوتنەوە کرد لەو هێڵەکاتێك کە شێوەیەکی تایبەت لە هەڵسوکەوتی لەرێی زانستی کۆمەڵایەتی جیاواز لێکۆڵینەوەی لەسەر کرا بەدەستنەهات. لەلایەکی دیکەوە، کۆمەڵناسان بەزۆری رۆڵی هۆکارەکانی پەیوەندیکردنیان لە بەدواداچوونی ئەو تیۆرانە دەگەڕێنەوە بۆ هێما و پەیوەندیکردن و

سیستەمی کۆمەڵایەتی و تاکی تایبەت پشتگوێ خست. لێرەدا کارێکی قورسە بتوانین بەدوای هێڵەکانی کاریگەریدا بچین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەوێدا هەیە. لە پێناو گەیشتنیشمان بەئامانجەکانی ئێستامان، زۆر گرنگە هەندێك لەو شێوازانەی لێکۆڵەرەوانی هۆکارەکانی پەیوەندیکردن پێی کاریگەربوون روون بکەینەوە لە رێی زۆرترین رێژەی نموونەی گشتی، ئەوانەی پەیوەندییان بەبوونەوەری ئادەمیزادی- دەروونی و کۆمەڵایەتییەوە هەیە. هەرچەندە ئەو کاریگەرییە لە هەندێ باردا کاریگەری لاوەکی ناڕاستەوخۆی هەبوو، ئەوا بەدواداچوونی ئەو پێك بەستانە لەوانەیە ئەوەمان بۆ دیار بکا، بۆچی لێکۆڵەرەوانی هۆکارەکانی راگەیاندن لە چەمك و لێکۆڵینەوە و بابەتی دیاریکراو وردبوونەتەوە کاتێك لەبارەی بنچینەی تیۆری هۆکارەکانی پەیوەندیکردنی کۆن و نوێدا قسەیان دەکرد.

ئەم بەشە، بەشێوەیەکی تایبەت گرنگی دەدا بەو لێکدانەوە بەراییانەی بیرکردنەوەی لەسەر کاریگەرییەکانی هۆکارەکانی راگەیاندن بەرجەستەکرد. هەرچەندە ئەو لێکدانەوانە ئێستا بە چروك دادەنرێن، بەڵام ئەمانە تیۆری خاوەن گرنگی تایبەتین زیاتر لەوەی لە رووی مێژوویەوە سەرنجمان رابکێشن. ئەمانە یارمەتیمان دەدەن لەسەر تێگەیشتنی تیۆرە بەراییەکانی هۆکارەکانی پەیوەندیکردن —ئەمە کارێکە لە بەشەکانی داهاتوودا لێکدەدرێتەوە- زۆرینەی کات کاردانەوەبوون لە دژی پێناسە بەراییەکان. بۆ ئەوەی لە پێناسەکانی ئێستا بگەین، پێویست بوو لەسەرەتاوە دەست پێ بکەین.

### نموونەی پێشکەوتوویی و چەمکی کۆمەڵگەی جەماوەری:

کۆمەڵگە فراوان و رێکخراوە، وەك دەریش دەکەوێ لە پێشکەوتنیدا پتر ئاڵۆزتر دەبێ. ئەو دوو تێبینییە بەراییە ئەو بنچینەیەن، کە دامەزراوەی هزری دامەزراوەیی کۆمەڵناسی لە پێشکەوتنی خۆیدا پشتی پێ دەبەست. هەروەك پێشبینییەکان لەبارەی سروشتی سیستەمی کۆمەڵایەتی (ئەو شێوازەی دەیگرێتەبەر بۆ گۆڕان یان ئەو چۆنیەتییەی بەهۆیەوە دەکرێ چاکی بکاتەوە) هەر لە سەرەتای تۆمارکردنی تاقیکردنەوەی مرۆیی بابەتی کتێبە فەلسەفییەکان بوون. هەرچۆنێك بێ، تا ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەم زانستی کۆمەڵناسی وەکو رێبازێك کە خۆی تەرخان بکا بۆ لێکۆڵینەوەی ئەو کارانەی لە کۆمەڵگەدا روودەدەن دانەمەزرا، ئەوەش نزیکەی هەمان ئەو مێژووە بوو، کە بنیامین دای دەستی بەفرۆشتنی رۆژنامەکەی کرد لە شەقامەکانی نیویۆرك بەیەك سەنت بۆ هەر دانەیەك.

## چەمکی کۆنت بۆ بوونەوەری کۆمەڵایەتی:

بەشێوەیەکی ئاسایی لە بەخشینی بواری نوێدا گەورەیی بۆ ئۆگست کۆنت دەگەڕێتەوە، هەروەك بەرگری لە پراکتیزەکردنی شێوازی کرداری (ئەرێنی) لە بواری لێکۆڵینەوەی کۆمەڵگەدا کردووە. لەگەڵ ئەوەی مەزنترین هەوڵەکانی کۆنت بۆ لێکۆڵینەوەی زانستی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان زیاتر مەیلی بەلای لایەنی فەلسەفییەوە بوو لەوەی بەلایەنی واقیعییەوە بێ، بەڵام ئەو لە نووسینە زۆرەکانیدا ناوەوەی چەمکی ئەندامی کۆمەڵگەی هێنایە ناوەوە. ئەم چەمکەش سەرئامەدانی کۆمەڵناسی بەکاریان هێنا.

لەگەڵ ئەوەی چەمکی کۆمەڵگە وەکو بوونەوەرێك چەمکێکی نوێ نەبوو لای کۆنت، بەڵام ئەو یەکێك لە بنەچە بنچینەییەکانی لێ دروست کرد. لە راستیدا گرنگی ئەو هزرە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ئەنجامانەی لێیانەوە لە دایك بووە. زۆر بەکورتی دەکرێ وەکو نموونەیەکی تایبەتی بوونەوەرەکان تەماشا بکرێ، بەتایبەتی بوونەوەری کۆمەڵایەتی. ئەوە بۆ کۆنت تەنیا مانای ئەوەی نەدەگەیاند، کە بەراوردێکی نزیکەیی بێ لەنێوان سیستەمی تایبەتی جۆرێك لە بوونەوەری زیندووی تاك، وەکو جۆرێکی دیاریکراو لە رووەك یان گیاندار و نێوان کۆمەڵگەی مرۆیی، بەڵام کۆنت بەراستی وای دانا کۆمەڵگە بریتییە لە بوونەوەری زیندوو. وای بینی ئەو بنیاتێکی هەیە و پاژە تایبەتمەندەکانیشی لەگەڵ یەك کاردەکەن، هەموو شتێکیش زیاترە لە دەستەیەك لەو پاژانەی لێی پێکهاتووە، هەروەك دوچاری گۆڕانی هەڵبژێردراو دەبێتەوە. ئەم خەسڵەتانە بەشێوەیەکی گشتی ئەو خەسڵەتانەن، کە بوونەوەرە زیندووەکان جودادەکاتەوە. لەو رووەوە، دەکرێ وەسفێکی دروستی کۆمەڵگە بکرێت بەوەی، کە بوونەوەرێکی زیندووە لەگەڵ دانانی بەوەی جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ جۆرایەتی جودا هەیە لەگەڵ بوونەوەرە زیندووەکاندا.

**ئەو رۆڵەی کەسی پسپۆر دەیگێڕێ.** کۆنت سەری سوڕمابوو لەو جۆرایەتییە گەورەیەی کار و ئامانج و ئەرکانەدا هەبوو کۆمەڵگەیان پێ وەسف دەکرێ. هەروەك قسەشی لەبارەی هەموو تاکێکی تەواوی دەستەکان دەکرد، هەروەك ئەوەی هەوڵی بەدەستهێنانی مەبەستی تایبەتی بدا. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەنجامی گشتی ئەنجامی سیستەمێکە لە چوارچێوەی گشتیدا کاردەکا. یەکێك لە بنەما گرنگە تایبەتەکان بەرێکخستنی کۆمەڵگە سەرنجی راکێشاوە بەوەی بوونەوەرێکی زیندووە. لەو بارەشدا دەبێتە خاوەن تایبەتمەندییەکی گرنگ، ئەم بنەمایەش بنەمایەکی پسپۆرییە. وای هەست کرد دابەشکردنی ئەرکەکان ئەوەی کە خەڵکی بەخۆبەخشی

ئەنجامی دەدەن، دەروازەیەکی بنچینەییە نەك تەنیا بۆ جێگیری بەردەوامی کۆمەڵگە، بەڵکو بۆ شیمانەی دوچاری کەموکوڕیِ تێکەوتنیشی.

هۆی سەرکەوتنی بوونەوەری کۆمەڵایەتی بەسەر بوونەوەری تاك بەپێی یەکێك لەو یاسایانەی لەبەر دەستە ئەو تایبەتمەندییە جوداکەرەوەیەی ئەرکی جیاوازە، لەوانەی کە ئەندامی تەواو لەیەکتری جیاوازە، بەڵام پەیوەندیدار بەیەك ئەنجامی دەدەن. لەوەوە یەکەی ئامانج لەگەڵ جۆراوجۆربوونی هۆکارەکان یەکبوونەکەی زیاتر دەبێ. بێگومان، ئێمە ناتوانین بەتەواوی یەکێك لەو دیاردانەی، کە لەبەرچاوماندا بەتەواوی روودەدەن ، بەشێکی لێ پێشبینی بکەین، بەڵام ئەگەر خۆمان لە رووی فیکرییەوە لە سیستەمی کۆمەڵایەتی کێشایەوە و لە دوورەوە پێشبینی ئەو سیستەمەمان کرد، ئایا دەتوانین دیمەنێکی داهێنەرانەتر بێنینە پێش چاومان، لەنێوان هەموو دیاردە سروشتییەکان وەرگرتنی رێك و پێك و بەردەوام بۆ ژمارەیەکی زۆری بوونەوەری مرۆیی هەیە بۆ هەمووشیان تا رادەیەك بوونێکی تایبەتمەند و سەربەخۆیان هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا، سەرەڕای نەگونجانی لێهاتوویی و هەڵسوکەوتیان لەگەڵ یەك، بەردەوام مەیلیان لەسەر گونجان هەیە بەشێوازی جیاواز لەسەر پێشکەوتنی گشتی بەبێ رێککەوتن یان هەتا بوونی هۆشیاری لەلایەن زۆرینەیان کە ئەوان باوەڕیان وایە بەدوای پاڵنەرە تایبەتییەکانی خۆیان کەوتوون؟! ئەو رێکەوتنە لەنێوان تاکێتی کار، لەگەڵ یارمەتی ئەو هەولانەی لەگەڵ زیادبوونی پلەی ئاڵۆزی کۆمەڵگەو فراوانبوونی پتر روون دەبنەوە، ئەوەش سیفەتێکی سەرەکی کردارە مرۆییەکان ( لە ناو کۆمەڵگە) پێکدێنێ.[٢]

لەمەوە کۆنت وای دەبینێ، کە رێککەوتنی گەورە و جێگیری لەشیمانەی تایبەت بەو کارە تایبەتمەندانەی کە تاکەکان پێی هەڵدەستن پەرەدەگرێ. ئەو وای دەبینێ ئەو دامەزراوە تایبەتەمەندانە بێگومان هەوڵی بەدەست هێنانی هاوسەنگییەکی گشتی کۆمەڵگە دەدەن. بۆیە، هەموو رێکخراوە کەسییەکان، هەتا ئەوانەی زۆر خراپ و ناکامڵن (لەگەڵ نەبوونی خراپیشدا) لەوانەیە لەکۆتایی بۆ بەرژەوەندی گشتی سوودیان لێ ببینرێ.[٣]

ئەنجامی تایبەتمەندی زیاد لە پێویست. کۆنت وای دەبینێ مەترسی لە تایبەتمەندی زیاد لە پێویستیش هەیە. دەبێ لێرە ئەوە زیاد بکەین، کە ئەم خاڵە بۆ ئەو قوتابییانەی راگەیاندن دەخوێنن گرنگییەکی زۆری هەیە، چونکە هەمان بیرۆکە بوو خاوەنی ئەو تیۆرانەی دواتر هاتن بۆ پەرەپێدانی چەمکی کۆمەڵگەی جەماوەری، ئەم چەمکەش بایەخێکی زۆری هەبوو لەسەرەتای بیرکردنەوە لەبارەی هۆکارەکانی راگەیاندن. گرنگترین توخم لەو بیرۆکەیەدا ئەوەیە

ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی ناچالاك لەدابینکردنی پێکبەستی تەواو لەنێوان تاکەکان بەمەبەستی پارێزگاریکردن لە سیستەمێکی جێگیر و کامڵ بۆ بەڕێوەبردنە کۆمەڵایەتییەکان سەرنەکەوت، کۆنت زۆر بەروونی لەسەر ئەو بابەتەی نووسیوە و دەڵێ:

هەندێك لەئابووری ناسان بەشێوەیەکی ناتەواو ئاماژەیان بەخراپییەکانی تێکەڵکردن کردووە لە دابەشکردنی دارایی، منیش لەبوارێکی پڕ بایەختردا ئەوەم روون کردۆتەوە، ئەویش بواری کاری زانستییە، ئەنجامی فیکری خراپ ئەوەی، کە لەرۆحی تایبەتمەندی باوی ئێستا بەرهەم دێ. پێویستیشە بەشێوەیەکی راستەوخۆ ئەو بنەمایەی ئەو کاریگەرییەی لەسەر دامەزراوە مەزندە بکەین بۆ ئەوەی لەئەنجامی سیستەمی لەخۆوەی داواکارییە بنەڕەتییە پێویستەکان بگەین بۆ بەردەوام مانەوەی کۆمەڵگە. لەبەریەك هەڵوەشانەوە هەموو کات دەبێتە هۆی لەیەك دوورکەوتنەوە هەروەك کاری مرۆیی بێگومان دەبێتە هۆی دابەشبوون و دوورکەوتنەوەی تاکەکان لەهەردوو لایەنی هزری و مەعنەوی، ئەوەشە داوای بوونی سیستەمێکی بەردەوام دەکا بۆ ئەوەی لەچوارچێوە سنووری دیاریکراو بیانپارێزێ، بەشێوەیەك ئەگەر جوداکردنەوە لەنێوان ئەرکە کۆمەڵایەتییەکان بووە هۆی پێکهاتنی رۆحی تایبەتمەندی بەسوود لەلایەك، ئەوا لەلایەکی دیکە مەیلی خامۆشکردن و سنووردارکردنی ئەوە دەدا، کە ئێمە ناومان ناوە رۆحی گشتێتی یان رۆحی هەمووان.(٤)

کۆنت بەشێوەیەکی تێروتەسەل و بەرۆحێکی هێرشکارانە بەردەوام بوو لەسەر گفتگۆکردنی ئەنجامە شیمانە بۆ کراوەکان لەفراوانبوونی زیاد لەپێویستی دابەشکردنی کار. ئەو هەستی بەوە کرد، کە هەرچەندە جیاوازی تاکەکان لەگەڵ یەك زیاتر بێ بۆ بارودۆخیان لە سیستەمی کۆمەڵایەتی ئەوەندەش کەموکوڕیان لەتێگەیشتنی ئەوانی دیکە زیاتر دەبێ. ئەو وای دەبینێ ئەو تاکانەی هەمان پسپۆریان هەیە پەیوەندییان لەنێواندا دروستدەبێ، بەڵام لەدەستەکانی دیکەدا دووردەکەونەوە. بۆیە تاکە ڕێگایەك کە دەکرێ کۆمەڵگە بەهۆیەوە پێشبکەوێ و فراوانبێ، لەلایەکی دیکەوە دەبێتە مەترسی بۆ لەبەریەك هەڵوەشانەوەی کۆمەڵگە بۆ چەند دەستەیەك کە هیچ پەیوەندییەکیان بەیەکەوە نییەو وا دەردەکەون لەیەك رەگەزیش نین.(٥)

لەگەڵ پێشکەوتنی کۆمەڵگە وەکو بوونەوەرێك (بەپێی ئەم نموونەیە)، کۆمەڵگە پلە بەپلە گونجان و جێگیری لەرێی دابەشکردنی کاردا بەدەستدێنێ. لەهەمان کاتیشدا، شیمانەی ئەوە هەیە پێشکەوتنی زیاد لەپێویست ببێتە هۆی تێکەڵکردن و گەڕانەوە وەکو ئەنجامێك بۆ لەتبوونی ئەو بنچینەیەی، کە پەیوەندیکردنی چالاك لەنێوان بەشەکانی کۆمەڵگە لەسەری

دروستدەبن. ئەگەر بنەمای وەرگیراو لەسروشتی ئەندامێتی کۆمەڵگە لەبەرچاو بگرین، ئەوا چەمکی پسپۆڕێتی ئەرکی وەکو پێویستییەك و بەپێی ناساندن بەدوای ئەوەدا دێ، بەڵام پلەی زیادکراو لەپسپۆڕیەتی لەمجۆرە دەبێتە هۆی جوداییێکی کۆمەڵایەتی زۆر ئەگەر جوداکارییەکەش گەیشتە پلەیەك بوو بەمەترسی لەسەر هەبوونی پەیوەندی چالاك لەنێوان بەشەکاندا، ئەوا لەو بارەدا هاوسەنگی و گونجاوی ئەو بوونەوەرە زیندووەش دەکەوێتە مەترسییەوە. باسکردنی ئەم بابەتە لەکتێبەی ئەو خەڵکانەی دوای ئەم بابەتە هاتوون دووبارە کراوەتەوە، ئەوە لەخاڵە بەراییە بنەڕەتییەکانی گفتوگۆی کۆمەڵگەی جەماوەری دەژمێردرێ و پەیوەندی نێوان ئەو بۆچوونەو پەیوەندیکردنی جەماوەریش رووندەکرێتەوە.

لەو شتانەی پێویستە لێرە باسبکرێن ئەوەیە کۆنت بۆچوونەکانی لەسەر سروشتی کۆمەڵگە لەماوەی دەیەی سییەکانی سەدەی نۆزدەم دانا، بەرلەوەی شۆڕشی پیشەسازی کاریگەریەکی زۆر لەسەر ئەوروپا دروستبکا، کۆنت هەستی بەجۆرێك لەمەترسی کرد بەهۆی شیمانەی بەرزبوونەوەی ئاستی پسپۆری لەو کۆمەڵگەیەی کەدوای ئەو سەردەمە دێ، بەڵام ئەو تیۆرداریژانەی دوای ئەو هاتن، رووبەرووی واقیعی راستەقینەی زیادبوونی گەورەی دابەشبوونی کار بوونەوە، کە بەهۆی ئاراستەیەکی نوێ رووەو پیشەسازی هاتبووە ئارا، بۆیە شتێك نییە جێگەی سەرسوڕمان بێ لەوەی  ئەوان کاریگەریەکی زۆری ئەو ئەنجامانەیان لەسەر بوو کە بەهۆی کرایگەرییەکانەوە دروستببوون.

## پێوەری ئەندامی لای سبنسەر:

هزرەکان لەبارەی سروشتی ئەندامێتی کۆمەڵگە و ئەنجامەکانی پاژێکی بچووکی لەکارەکانی کۆنت پێکدەهێنا، بەڵام هربرت سبنسەری دامەزرێنەری دووەمی زانستی کۆمەڵایەتی نوێ، چەمکی ئەندامی بەچالاکییەکی پتر و بەشێوەیەکی زیاتر قووڵ بەدواداچوو. سبنسەر وەکو کۆنت فەیلەسوفێکی گرنگ بوو و بایەخی بەزانست دەدا وەکو نێوەندێك بۆ بەدەست خستنی زانیاری دروست. ئەو بایەخپێدانەشی وای لێکرد ئەو بنەمایانە دابڕێژێ کە پێی وابوو لەهەموو زانستەکاندا هەن. یاسای پەرەگرتنی بەناوبانگ، کە سبنسەر  ناساندی و (داروین بۆچوونەکانی خۆی لێوەرگرت) لەیەکەمین کتێبیدا ((بنەما بەراییەکان)) کە لە ساڵی ١٨٦٣ بڵاوبۆوە شێوەی تەواوی خۆی وەرگرت. ئەوەش دوای بیست ساڵ لە هەڵسانی کۆنت بەبەئەنجام گەیاندنی فەلسەفەی ئەرێنی یان زانستی یان پۆزەتیڤیزمییەکەی خۆی.

تێگەیشتنەکانی لەبارەی پەرەسەندن لەسەر لێکۆڵینەوەی کۆمەڵگە و کتێبی بنەماکانی کۆمەڵناسی پراکتیزەکران لە چوار بەشدا لەنێوان ساڵانی ١٨٧٦و١٨٩٦ دا. لێکچوونێکی زۆریش لەنێوان هزرەکانی هەردوو نووسەردا هەیە، بەڵام سبنسەر بانگەشەی ئەوە دەکا، کە بۆچوونەکانی ئەو کاریگەرنین بەبۆچوونەکانی کۆنت. هەرچۆنێك بێ، ئەو تیۆری کۆمەڵگەیەی سبنسەر لە لێکدانەوەکەیدا بە روونکردنەوەیەکی دوورودرێژ داینا، تیۆرێکی ئەندامی رەسەن بوو، دوای ئەوەی کۆمەڵگە زانی ئەوە سیستەمێکی کارکردەیە، سیستەمی کۆمەڵایەتی بەجۆرێك لە قووڵبوونەوە، لەوەی پەیوەندی بەپێشکەوتن و پێکهاتە و ئەرك و دامەزراوەی ئەندامەکانییەوە هەیە و تاوتوێ کرد و، بەم شێوەیە... بەشێوەیەك گەیشتە بەراوردێکی تەواو بەپلەیەکی زۆر لەنێوان کۆمەڵگەو بوونەوەری زیندوو.

دابەشکردنی کار پاژێکی گرنگ لەو شیکارییەدا دەنوێنێ بەوەی توخمی یەکگرتوویی بنەڕەتییەکە کۆمەڵگە وەکو تاکە پلەیەك دەپارێزێ:

لە بەراییدا زانایانی ئابووری سیاسی دابەشکردنی کاریان بەدیاردەیەکی کۆمەڵایەتی دانا، بەپێی ئەوەش زانایانی زانستی بایۆلۆژی (زیندەوەرزانی)، کە دیاردەیەکە تایبەتە بەبوونەوەرە زیندووەکان. ئەوەی ناویان نا ((دابەشکردنی کاری فسیۆلۆژی)) ئەوەش ئەو کارەیە، کە حاڵەتی کۆمەڵگە وەکو حاڵەتی هەموو بوونەوەرە زیندووەکان دادەنێ. زۆر زەحمەتە دڵنیاییەکی تەواو بدەینە حەقیقەتی گوتراوی ئەو تایبەتمەندییە بنەڕەتییە، لەبەر ئەوەی بوونەوەری کۆمەڵایەتی و بوونەوەری تاك زۆر لە یەك دەچن.

کۆمەڵگە هەموو کات دوچاری گەشەی بەردەوام دەبێتەوە و لەکاتی گەشەکردنیشیدا پاژەکانی وێکچوونەکانیان لەدەست دەدەن و پێکهاتەکانیان فراوانتر دەبن. پاژە لەیەك نەچووەکانیش لەیەککاتەدا چالاکی جیاواز ئەنجام دەدەن، بەڵام ئەو چالاکییانە تەنیا جیاواز نین، چونکە جیاوازییەکانی پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە بۆ ئەوەی هەموو چالاکییەك یارمەتی ئەنجامدانی چالاکییەکی دیکە بدا. بەم شێوەیە، ئەو یارمەتیدانە ئاڵوگۆڕانەی روودەدەن دەبنە هۆی پشت پێ بەستن لەنێوان پاژەکاندا، هەروەك ئەو پاژانەی پشت بەیارمەتی دانی یەکتری دەبەستن –بەشێوەیەك بۆ یەك و لە پێناو یەکدا دەژین- دەبێتە کۆڵەگەیەك لەسەر هەمان ئەو بنەما گشتییانەی بوونەوەری تاکیان لەسەردا دادەمەزرێ(٦).

سبنسەر هەنگاوی دواتری نەهاوێشت بۆ ئەوەی پێشبینی ئەو بەربەستانە بکا، کە شیمانەیان لێدەکرێ کۆمەڵگە رووبەڕوویان ببێتەوە لە کاتێکدا کە پلەی پسپۆریەتی گەیشتە

ئاستی پەسندنەکراو. ئەو باوەڕی بەوە هەبوو کە گرنگترین ئەو کارانەی سروشت ئەنجامی دەدا کرداری پێشکەوتنە، پێشکەوتنی کرداری سروشتیش لە بەرژەوەندی کۆمەڵگەدایە. ئەو گۆڕانە گەورانەی، کە لەسەر کۆمەڵگەی ئینگلیزی لەگەڵ هاتنی سیستەمی پیشەسازی تێبینی کرد کرانەوەی پلە بەپلەی کۆمەڵگە بوو بەپێی یاسای پێشکەوتنی سروشتی، بەڵام ئەو گوتەیەی دەڵێ شیمانەی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان ئەوانەی، کە پێشکەوتنی سروشتی هێناونی ئەمانە کۆمەڵە گۆڕانێکن پێشوازیان لێناکرێ، ئەوە کارێك بوو شایەنی بیر لێکردنەوە نەبوو سبنسەر باوەڕێکی قووڵی بەو بۆچوونانە هەبوو بەپلەیەك باوەڕی بەوە هێنابوو، کە هەر دەست تێوەردانێك لە پێشکەوتنی سروشتی کۆمەڵگە کارێکی نەکردەیە و بێگومان ئەنجامی خراپیشی لێدەکەوێتەوە. سبنسەر دژی هەر یاسایەك دەوەستایەوە، کە ئامانجی چاککردنی کۆمەڵگە بووایە بەهەر شێوەیەك لە شێوەکان، بەو بیانووەی ئامانجی سروشتی مانەوەی چاکترینە، لە ماوەیەکی دووریشدا کۆمەڵگە سوود لەوە دەبینێ. لە کاتێکدا کۆنت گۆڕانی کۆمەڵایەتی پلان بۆدانراوی سەرخست، سبنسەر زۆر بەتوندی پاڵپشتی لەسیاسەتی دەستێوەرنەدانی نیوە چڵ کرد.

سەرەڕای ئەوە روونە، کە ئەو دوو مامۆستا گەورەیەی دامەزرێنەرانی کۆمەڵناسی گەیشتنە دانانی شێوازی هاوشێوە سیستەمی کۆمەڵایەتی کە بە پێشکەوتنی ئەندامی وەسفدەکرێ. هەروەك هەردووکیان گریمانەی کردارێکیان کرد، کە دەبێتە هۆی پتر بوونی جیاکاری کۆمەڵایەتی. لای یەکێکیان خۆپارێزییەکی ترسناك هەبوو، بۆ ئەنجامی شیمانە بۆ کراو بۆ زیادبوونی پسپۆریەتی، ئەوەی دیکەشیان هەوڵێکی هەبوو، بۆ دەستێوەردان، کە بەپێشکەوتنی سروشتی کۆمەڵگەی دادەنا، بەڵام لای هیچ یەکێکیان تواناداری تەواو نەبوو بۆ گۆڕانە بنەڕەتییەکان لە پەیکەری سیستەمی کۆمەڵایەتی، کە رەنگە لەگەڵ هاتنی سەدەی بیستەمدا روویان بدابا. نووسینەکانی کۆنت نە ئەوانەی کەمێك بەر لە هاتنی شۆڕشی پیشەسازی بوون و نە ئەو نووسینانەی سبنسەر کە لە قۆناغی یەکەمی شۆڕش هاتن پێشبینی ئەوەیان نەکرد، کە پێکهاتەی کۆمەڵگە بۆ خۆی بەهۆی ئاوەژووبوونەوەی ترسناك لە شێوازی ئابووری ئەوەی، کە سیستەمی دروستکراو و سیستەمی کۆمەڵایەتی نوێ لەگەڵ خۆی دێنێ، پێکدێ. هەروەك هەمان پێشکەوتنی نوێ ئەوەی، کە لە زانستدا روویدا و دەرکەوتنی هۆکارەکانی راگەیاندن لە بورای گەیاندن بەهۆی ئەوەوەبوو، بەراستی هەر ئەوەش بوو پاڵی بەو دوو فەیلەسووفەوە نا کۆمەڵناسی دابنێین، لە هەمانکاتدا بووە هۆی دەرکەوتنی هێزی

ڕێکخستنی پیشەسازی نوێ لە کۆمەڵگە. کاریگەری ئەو سیستەمە نوێیەش کاریگەرییەکی هەستپێکراو بوو لە هەموو کونجێك لە کونجەکانی ئەم جیهانە.

### تیۆری تونیز لە بارەی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی:

لە هەرێمی شلسویج –هولستین لە ئەڵمانیا لەساڵی ١٨٨٧ شێوازێکی نوێ لە تیۆری کۆمەڵگەدا روویدا، کاتێك مێرمنداڵێك، کە لەو ناوچەیە بوو و ناوی تۆنیز بوو، گەیشتە شیکاری کۆمەڵایەتی تیۆری لەژێر ناونیشانی جیمنشافت و جیزلشافت. لەوەدا تۆنیز دوو نموونەی پێچەوانەی لە ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی خستەبەر چاو: یەکێکیان نوێنەرایەتی ماوەی بەر لە شۆڕشی پیشەسازی دەکا و دووەمیشیان بەپلەیەکی زۆر ئەنجامی شۆڕشی پیشەسازییە. تۆنیز لە شیکارییەکەی بۆ سروشتی کۆمەڵگە کەمتر شتێکی خستەسەر پێوەری ئەندامی و ئەنجامی شیمانە بۆ کراوی پسپۆریەتی. بایەخدانەکەی لە جۆرەکانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان چڕکردەوە، کە لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵ و دەستەکاندا هەن لەدوو نموونەی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی، کە زۆر لەیەکتر جیاوازن.

**جیمنشافت دژی جیزلشافت**. ئاسان نییە گوتەی جیمنشافتی ئەڵمانی بۆ ئینگلیزی وەربگێڕین، بەڵام زۆر جار ((دەستە- الجماعە)) وەك هاوواتای ئەو بەکاردێ، بەڵام چەڵەمە و ئاڵۆزی لەو واتایەی، کە تۆنیز مەبەستیەتی لە وەرگێڕانێکی سادەدا دەستناکەوێ. باشترین ڕێگا بۆ روونکردنەوەی هزری جیمنشافت پێشکەشکردنی هەندێك نموونەی هاوشێوەیە لەنێوان تاکەکان کەواتای وشەکە لەخۆ دەگرێ. بۆ نموونە پەیوەندی و هەست و سۆزە کەسییەکان، کە لەنێوان ئەندامەکانی خێزانی ئاسایی، بەڵام هزرەکە زۆر فراوانترە لە سنووری خێزانێك، لە توانایدایە بگاتە ئەندامەکانی گوندێکی دیاریکراو یان هەتا کۆمەڵگەیەکی بچووك کە رۆحی ئەو وشەیەیان تێدایە. دەکرێ ئەم جۆرە پەیوەندییە هەبێ، چونکە تاکەکان لە ڕێی پەیوەندی خوێنییەوە پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە، هەروەك ڕێزگرتنێکی ئاڵوگۆڕیشیان هەیە، دەشکرێ ئەم پەیوەندییە پەرەی پێ بدرێ، چونکە تاکەکان بەهۆی دابەوە بەشوێنێکەوە دەبەسترێنەوە و تا رادەی نزیکبوونەوە لە کەماڵیش دەژێین، بەپلەیەك دەکرێ ((جیمنشافت)) لە هزریشدا هەبێ. هەروەك ئممە لەکاتی کەرتبوونی سیستەمی ئایینیش روودەدا، کە پابەندبوونێکی قووڵیان رووەو دەستەیەکی دیاریکراو لە باوەڕەکان هەبوو ئەوانەی دەبنە پاڵپشتی سیستەمی کۆمەڵایەتی بەهێز. بەکورتی، ڕێکخستنی جیمنشافت ڕێکخستنێکە بەهەبوونی پەیوەندی

لەنێوان تاکەکانی دەناسرێتەوە بەپلەیەکی بەرز لەرێی دابەکانەوە یان لە رێی خزمایەتی و ناسیاوەتی یان بەهۆی توخمی دیکە ئەوانەی پەیوەستن بەکۆمەڵگەوە. رێکخستنی کۆمەڵایەتی لەمجۆرە تاك دەخاتە ناو بازنەیەك لە سیستەمێکی توندا لە هەڵسوڕاندنی کۆمەڵایەتی نافەرمی. بەکورتی جیمنشافت ئاماژە بە هەستکردنی ئاڵوگۆڕ دەکا لەو پەیوەندییەی رەگەزی مرۆیی کۆدەکاتەوە وەکو ئەندامێك لەهەر تاکێکیان.[٧] هەموو یەکێك جا خێزان بێ یا خێڵ یان گوند یان سیستەمێکی ئایینی یان هەتا ئەگەر تەواوی کۆمەڵگەیەکیش بێ پاڵپشتییەکی هەیە لە پێناو یەکگرتووە هاوبەشەکەی، ئەوەش ئەو جۆرە تایبەتییەی پەیوەندی کۆمەڵایەتییە لەنێوان تاکەکانیدا.

وادەردەکەوێ ئەو کۆمەڵگەیانە کەم بن، کە پەیوەندی کۆمەڵایەتییان لە هەست و سۆزی بەهێزی لەمجۆرەی دەستەکان ورد دەبنەوە بەو واتایەی جیمنشافت هەیەتی، بەڵام ئەگەر بەبنیاتێکی دابڕاویشی دابنێین، ئەوا دەکرێ ئەم نموونە، نموونەییە وەکو چوارچێوەیەك لە پێناو گفتوگۆکردن لەسەر ئەو گۆڕانکارییانەی دەردەکەون لەسەر رێکخستنی کۆمەڵایەتی و جۆری نوێ لە پەیوەندی لەنێوان تاکەکاندا بەکاربێ، ئەوەی رەنگە ئەگەر کۆمەڵگە بۆ شێوەیەکی دیکە لە شێوەکان بگۆڕێ دەربکەوێ. بۆ نموونە: کاتێك دابەشکردنی کار لەژێر کاریگەری دروستکردن دەبێ بەپلەیەکی بەرز لە رێی پسپۆریەتی زیادبوو: ئایا گەڕانەوە لە جیمنشافت بەدیدەکرێ؟ تونیز تێبینی ئەوەی کرد، کە کۆمەڵگەکەی بەشێوەیەك لە شێوەکانی گۆڕاندا تێپەڕ دەبێ، کە لە کۆمەڵگەیەکی کشتوکاڵییەوە دەبێتە کۆمەڵگەیەکی شارستانی و پیشەسازی بەشێوەیەکی زێدەتر. ئەو پێشنیازی ئەوەی نەکرد، کە پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی بەسادەیی گواستنەوەیە لە جیمنشافتەوە لە پەیوەندی کۆمەڵایەتی بۆ شێوەیەکی دیکە ئەوەی لا روون بوو کە شێوەیەکی دیکە، دژ بایەخەکەی زیاد دەکا بۆ ئەوەی وەسفەکەی گونجاوبێ لەگەڵ سیستەمە تەواو جیاوازەکەی دیکە لە پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەنێوان ئەندامەکانی کۆمەڵگەیەکی نوێتر.

لایەنی دووەم لە بنیاتی توینزی تیۆری جیزلشافتە. مەرجی بنەڕەتی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لە جیزلشافتدا (عقد- پەیماننامە) یە، پەیماننامە بەمانا فراوانەکەی پەیوەندییێکی کۆمەڵایەتی خۆبەخشانەیە و رێککەوتنێکی عاقڵانەی لەسەر دەکرێ. لەو پەیوەندییەدا هەر لایەنێك پابەندبوونی دیاریکراوی هەیە لەبەرانبەر ئەویتردا، یان دەبێ کاڵایەك لەدەست بدا، ئەگەر هاتوو مەرجی پەیماننامەکەی پێشێل کرد. تارادەیەکیش

پەیماننامە پەیوەندییەکی فەرمییە زۆرینە کات دەنووسرێ و زۆربەی کات سیستەمێکی ئامێری ناتایبەت لە دەسەلاَتداریەتی کۆمەڵگە پاڵپشتی دەکات، پەیوەندی کۆمەلاَیەتی لە جیمنشافت پەیوەندییەکی نافەرمییە. لەو کۆمەڵگە نوێیەی، کە جووڵەیەکی سیقەی مەزن و بازاڕی جیهانی و یەکێتییە فەرمییە گەورەکان و دابەشکردنی فراوانی کاری تێدایە، دەبینین پەیوەندی پەیماننامەی فراوان لەنێوان تاکەکاندا هەیە. کڕیار و فرۆشیار هەمان ڕێگا بەیەکەوەیان دەبەستێتەوە، بەتەواوی وەك خاوەن کار و ئەو فەرمانبەرەی لەلای ئەو کاردەکا. لەراستیدا، پێکبەستە کۆنەکە پێکبەستی جیمنشافتە کە لەسەر هەستی ئاڵوگۆڕکراو دروست دەبێ بە پەیوەندییە پەیماننامەییەکان لە تەواوی دامەزراوە گەورەکان سیستەمی فێرکاری و ئاین هەیە، لە هەندێك حاڵەتیشدا لەناو خێزانیش هەیە. لە هەندێك بواری ئاڵوگۆڕی کۆمەلاَیەتی جیزلشافت دەبێتە تاکە پەیوەندی، کە دەکرێ لەنێوان دوو لایەن دروست بێ (بۆ نموونە کڕین یان بەکرێگرتنی خانووێك) هەروەك بەکەمی لە هەندێ بواری دیکەدا (بۆ نموونە لەناو خێزاندا) دەبیندرێ.

لە کاتێکدا ئەمە روو نادا، کە کۆمەڵگەیەك هەبووبێ یان پەیدابێ، کە بەتەواوی پشت بە پەیوەندی بەڵێننامەیی نێوان تاکەکان ببەستێ، بەلاَم ئەوە روونە، کە ئەو جۆرە پەیوەندییانە وایان لێهاتووە بوونی هەمەکی و باویان هەبێ. هەروەك رونیشە، کە جیزلشافت مانای تیۆرێکی تەواو جیاوازە بۆ تاکەکان لە بەرانبەر ئەندامەکانی کۆمەڵگە لە بارەی تیۆرەکەیان لە حاڵەتی جیمنشافت:

لە جیزلشافتدا هەموو تاکێك بۆ خۆیەتی و دوورەپەرێزە و لە حاڵەتی دوودڵێدایە بەرانبەر هەموو ئەوانی دیکە، هەروەك بواری چالاکییە جیاوازییەکانیان بە دابەشبوونێکی تەواو دابەشبوون. لێرەوە، هەموو کەسێك پەیوەندیکردن و هاتنە ناوەوەی هەرکەسێکی دیکە بۆناو بوارەکەی رەت دەکاتەوە. بۆ نموونە، هاتنە ناوەوە و بەزاندن لەکارە دوژمن کارییەکان دەژمێردرێن. ئەو ئاراستە نەرێنییەش دەبێتە ئاراستەی هەموو تاکێك بەرانبەر ئەوی دیکە ئەوەش ئاراستەیەکی سروشتییە، کە هەموو دەوری ئەو تاکانە دەدا، کە نفوزیان هەیە. هەروەك ئەمەی جیزلشافت لە پێکبەستەکانی دیکە جودادەکاتەوە، هیچ کەسێك ئارەزووی بەخشین یان وەرگرتنی هیچ شتێك ناکا بەکەسێکی دیکە یان مەیلی بەخشینی هەبێ بەهۆی چاکەکارییەوە ئەگەر لەبەرانبەر دیارییەك یان کارێکی بەرانبەر نەبێ بەشێوەیەك لایەنی کەم وای دابنێ، کە بەرانبەر شتەکەی ئەوە.(٨)

کۆمەڵگەیەك هی کەس نەبێ، یان کۆمەڵگەی ناو بزر. بەپێی ئەوەی پێشکەشکرا، جیزلشافت (یان سیستەمی پەیماننامە) تاك دەخاتە ناو سیستەمی کۆمەڵایەتی، کە بەوە دەناسرێتەوە ناکەسییە و ناسنامەی بزرە، ئەمە حاڵەتێکە تاکەکان تێیدا بەپێی سیفەتە کەسیەکانیان کار ناکەن یان دانامەزرێن، بەڵام هەڵسەنگاندنەکەیان تێیدا بەپێی پەیوەست بوونیان بەوەفاو ئەو ((پەیوەستی)) یانەی، کە لەسەری رێککەوتوون. جیزلشافت سیستەمێکە لەسەر پەیوەندی رکابەرایەتی دروستبووە، تاکەکانیش هەوڵی بەدەستهێنانی چاکترین شت دەدەن، کە دەتوانن بەدەستی بێنن لە پەیوەندی ئاڵوگۆڕ و نزمترین پلە بۆ ئەوەی دەیبەخشن، لەهەمانکاتیشدا پێویستمان بە چۆنیەتی خۆپاراستنە لە ئەوانی دیکە.

خوێنەر هەست دەکا ئەم دوو تیۆرە بۆ رێکخستنە کۆمەڵایەتییەکان بە ئەنقەست زیدەرۆیی لە وێناکردنی لە پێناو ئامانجەکانی تیۆرەکە دەکەن. لەگەڵ ئەوەشدا، جیاوازی لەنێوان جیمنشافت و جیزلشافت چوارچێوەیەکی بەسوود پێشکەش دەکا لە پێناو لێکدانەوەی کاریگەری بارودۆخی کۆمەڵایەتی لەسەر تاك لە سیستەمی پیشەسازی پەرەگرتووی ئەو کات. دەکرێ جیمنشافت بەئاسانی پێگەیەکی نموونەیی پێ ببەخشرێ، کە دەبێتە هۆی ئاسوودەیی و پاڵپشتی دەروونی، بەڵام زۆر ئاسانە جیزلشافت بەوە تۆمەتبار بکرێ، کە دەبێتە هۆی دڵە راوکێ و ئازاری دەروونی. لێکدانەوەی لەمجۆرەش لە ئەدەب و هزری میللی زۆرە، هەتا لە کۆمەڵناسیشدا، کاتێك ژیان بۆ ئەو دەستانەی لەکۆمەڵگە پێشینەکان هەبوو زۆر سادەبوو، یان زیاتر مەیلی وەلای دەشتەوە هەبوو و وا سەیری دەکرا، کە ((چاکە)) یە، لەکاتێکدا پەیوەندی ناتایبەت بۆ بەڵێننامەکە هەیە لە ناوچەی شارستانی و وا ناسراوە، کە ((شەڕ))ە، هەرچەندە لە کاتێکدا زۆرکەس لەم بارەیەوە بیریان کردەوە، کەچی ئەرکی ئێستای ئێمە ئەوەیە خۆمان لە نووسەری لەمجۆرەی سەدەی نۆزدە رزگار بکەین، لەوانە، تۆنیز. ئەو هزرانەی کاریگەریان لەسەر ئەوانە هەبوو، کە بایەخپێدانی خۆیان گۆڕی بۆ رێزگرتن لە کاریگەری هۆکارە نوێکانی راگەیاندن لەسەر کۆمەڵگە. بەتەواوی بەو شێوەیەی زۆری تیۆرەکان و داهێنانەکان لە زانستە سروشتییەکان بۆ ئەو بنچینە داراییە بووە هۆی دەرکەوتنی خودی هۆکارەکانی راگەیاندن، کەڵەکەبوونی هزری کۆمەڵایەتی لەبارەی سروشتی سیستەمی کۆمەڵایەتی هاوچەرخ بنچینەیەکی هزری پێشکەش کرد، کە هۆکارەکانی راگەیاندن کارەکانی خۆی لێیەوە دەستپێ کرد، کە بوو بە حەقیقەت و واقیع.

**شیکارەکانی دۆرکهایم لە بارەی تیۆری دابەشکردنی کار:**

بەر لەوەی لەسەر چەمکە جیاوازەکان ڕێکبکەوین، پێویستە لەسەرمان هەندێك لێکۆڵینەوەی تیۆری لەسەر چەند نووسەرێکی نوێ بکەین، کە خاوەنی کۆمەڵێ بۆچوون بوون، کە مانای تایبەتییان هەبوو و لە کۆتایی دەیەی نۆیەمی سەدەی ئێستا دەرکەوتن. بەر لە کۆتایی هاتنی ئەو ماوەیە، لە ساڵی ١٨٩٣، ئیمێل دۆرکهایم کتێبی ((دابەشکردنی کار لە کۆمەڵگەدا))ی بڵاوکردەوە. لەو کتێبەدا، توانی چەمکی نوێ بخاتە سەر ئەوانەی ئاماژەمان پێکردن لەوانە نووسینەکانی کۆنت و سبنسەر تۆنیز.[٩]

**پەیوەستبوونی ئامێری و پەیوەستبوونی ئەندامی.** ئامانجی کۆتایی لە شیکارە هەمە لایەنەی کە دۆرکهایم ئەنجامیدا، ڕوونکردنەوە بوو، بەوەی دابەشکردنی کار لە کۆمەڵگەیەك هۆی سەرەکییە بۆ بەیەکەوە گرێدرانی کۆمەڵایەتی لەو کۆمەڵگەیە، لەوانەیە دابەشکردنی کار بگۆڕێ (وەك ئەوەی لە ڕێی کرداری پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی ڕوودەدا) لەوانەشە هێزی یەکگرتوویی کۆمەڵگەش بگۆڕێ. بەیەکەوە گرێدرانەکان دەگەڕێنەوە بۆ پەیوەندی دەروونی و کۆمەڵایەتی، کە تاکەکان یەك دەخا لەگەڵ ئەوەی دۆرکهایم زاراوەی هونەری زۆر جیاواز بەکاردێنێ، بەڵام خۆی بۆ خودی گرفتی گشتی تەرخان دەکا. هەروەك تۆنیزیش ئەمەی دەکرد. مەبەستی دۆرکهایم لە دابەشکردنی کار لەوە زیاتر بوو تەنیا پسپۆری بێ لە دامەزراوەیەکی ئابووری.

لەسەرمان پێویست دەبێ پرسیاری ئەوە بکەین: دابەشکردنی کار لە کۆمەڵگە هاوچەرخەکان گەیشتۆتە ئەو ئاستە پێشکەوتووەی کە هەیە —ئایا یەکێك لە کارەکانی بنیاتی کۆمەڵگە نییە بۆ ئەوەی ببێتە گرەنتی مانەوەی ئەو یەکەیە؟ زۆر مەنتیقییە ئەگەر وا دابنێین کە تەنیا کۆمەڵگە سیاسییەکان دەتوانن هاوسەنگی خۆیان بپارێزن بەهۆی تایبەتمەندییەتییان لە ئەرکەکان، یان لایەنی کەم دابەشکردنی کار هۆی سەرەکییەتی، ئەگەر تاکە هۆ نەبێ بۆ بەیەکەوە گرێدانی کۆمەڵگە. کۆنت ئەو بۆچوونەی داهێنا. یەکەمین کۆمەڵناسیش بوو — بەپێی زانیارییەکانی ئێمە- لەوانەی لە دابەشکردنی کار شتێکیان دۆزییەوە جیاواز لەوەی تەنیا دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی ڕوون بێ. وای دەبینی، کە ئەوە گرنگترین مەرجە لە ژیانی کۆمەڵایەتی بەشێوەیەك تاکەکە هەست بەو مانا لۆجیکیانە بکا، کە وشەکە دەیگەیەنێ، یا تاك لەسەر هەموو کردارە جیاوازەکانمان جا بەهەر جۆرێك بێ پراکتیزەی بکا لەبری ئەوەی بۆی بگەڕێنێتەوە—ئەمەش کارێکی باوە- بۆ سوودە مادییە ڕووتەکان.[١٠]

بەهۆی ئارەزووکردنی لە روونکردنەوەی ناواخن و واتای کۆمەڵایەتی شاردراوە لەپشت دابەشکردنی کار، دۆرکهایم هاوسەنگییەکی لەنێوان پێکەوە گرێدرانی ئامێری و پێکەوە گرێدرانی ئەندامی ئەنجامدا، ئەوەی دۆزییەوە، کە پێکەوە گرێدرانی ئامێری ئەو پێکەوە گرێدرانەیە، کە لەنێوان خەڵکە وێکچووەکان لەلایەنی کرۆکییەوە یەکێتی دروست دەکا. تاکەکانی میللەتێکی دیاریکراو —لە رێی ژیانیان و کاری رۆژانەیان و بەهۆی دابەشکردنی کارەوە- دەگەنە کۆمەڵێك باوەڕ و داب و نەریتی دیکە، دواتر بەقووڵی و بەگشتی تەسلیمی دەبن. لەگەڵ ئەوەی ئەو نەریتانە دەبنە جوداکەرەوەی راستەقینەی هەر تاکێك، ئەوا بۆ پێشکەوتنی کەسایەتییەکی تاکی هەمە لایەن بناغەیەکی سنووردار هەیە. دۆرکهایم وای دەبینێ مادامەکی دابەشکاری کەمی کار هەیە، یان مادام کار پێویستی بەوە هەیە، ئەوا خەڵکی تەنیا وەکو یەك هەڵسوکەوت ناکەن، بەڵکو بیرکردنەوە و هەستکردنیشیان بەشێوازێکی لێکچووە. لە کۆمەڵگەیەکدا، کە بەم شێوەیە بەرێوە دەچێ، لەوانەیە پتەوبوونی پەیوەندی گونجانێکی دژی لەگەڵ کەسایەتیدا هەبێ، چونکە کەسایەتییەکە تاك لەوانی دیکە جیادەکاتەوە. ((ئەگەر بهاتابا ئارەزوو بەهێز و نوێکار بووایە لە بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتکردنمان بەتەنیا، ئەوا نەماندەتوانی بەپلەیەکی زۆر بەلای بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتی ئەوانی دیکە لابدەین))(١١). لەبارە ناوازەکاندا، لەوانەیە کەسایەتی بەتەواوی ون ببێ و تاکەکانی کۆمەڵێش بەتەواوی لەگەڵ یەك بگونجێن لە سیستەمی ئاکاری عەقڵ و کەسیەتیاندا، لە بارودۆخی ئەم تیۆرە جێگرەدا تەواوی تاکەکانی کۆمەڵگە لە ئاکاریاندا هاوشێوە دەبن.

دەکرێ پاژەکانی (توخمەکانی) کۆمەڵگە، ئەوانەی رەنگە بەم شێوەیە بەیەکەوە گرێدرابن، لەگەڵ یەکدا جووڵە بکەن بەشێوەیەك بزاوتی تاکی بەهۆی ئەوەی بەسەر پاژی بوونەوەرە نائەندامییەکان دێ لە دەست بدا. ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی پێشنیازی ئەوە بکەین ناوی ئەو جۆرە بنرێ ((پەیوەندی ئامێری)). ئەو زاراوەیە ئەوە ناگەیەنێ ئەم پەیوەندییە لە رێی هۆکارە میکانیکییەکان (ئامێرییەکان) یان پیشەسازییەکان دروست دەبێ، بەڵکو ئێمە پەنامان بردۆتە بەر بەکارهێنانی ئەمجۆرە ناوانە بەهۆی لێکچوونیان لەگەڵ بەیەکەوە نوسان و ئەو گونجانەی دەبێتە هۆی کامڵبوونی ئەنجام بۆ بزاوتی توخمەکان یان پاژی بوونەوەری زیندوو.(١٢)

روونە کە هیچ کۆمەڵگەیەك بەو جۆرە تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتییە چاکناکرێتەوە. هزری پەیوەندی ئامێریم خستەڕوو وەکو بنچینەیەك بۆ بەیەکەوەبەستنەوەی تاکەکانی دەستەیەکی دیاریکراو بە هەموو دەستەکانی دیکە، بەوەی ئەوە تەنیا زاراوەیەکی رووتە لەوەی وەسفێك بێ بۆیان، بەو واتایەی ئەوە دانراوە بۆ وێناگرتنی واقیع بەوردییەکی یەکجار زۆرەوە. دەتوانین هەمان شتیش لەسەر چەمکی دۆرکهایمی دووەم بڵێین ئەویش: ((پەیوەندی ئەندامی)) یە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەگەر هاتوو هەردوو زاراوەکەمان بەیەکەوە زیادکرد، دەتوانین سێیەمین چوارچێوەی روونکاری پێشکەش بکەین، کە بۆ دەرکەوتنی کۆمەڵگەیەکی هاوچەرخ بەسوودە.

لە راستیدا، لەو کاتەی دەبینین پەیوەندی ئامێری لە ((لێکچوونی ئەندامەکان )) homogeneity دروست دەبێ، دەبینین پەیوەندی ئەندامی بنچینەکەی ((جیاوازی ئەندامەکانییەتی)) heterogenety. لە راستیدا، لەو کۆمەڵگەیەی کار بەشێوەیەکی پێشکەوتوو تێیدا دابەش دەکرێ، هەموو ئەو تاکانەی کارێکی دیاریکراو ئەنجام دەدەن پشت بەوانە دەبەستن، کە چالاکییەکانی خۆیان لەگەڵ ئەنجام دەدەن. سبنسەر سەرکەوتنێکی بەرچاوی بەدەستهێنا لەدیاریکردنی خاڵی هاوبەش لەنێوان بوونەوەری زیندوو و کۆمەڵگە بەوەی کۆمەڵگەی وەك دامەزراوەیەکی یەکگرتوو دانا، کە کارەکە پشت بە گۆڕینەوە دەبەستێ.

بەڵام دۆرکهایم درکی بەوەکرد، کە زانیاری ئاڵوگۆڕکراو لە پسپۆڕییەوە وەرگیراوە و ئەوەشی بە جۆرێك لە گرووپێکی کۆمەڵایەتی دانا کە توخمەکانی کۆمەڵگە بەیەکەوە دەبەستێتەوە بۆ پێکهێنانی تەواوی کۆمەڵگە کە بەشێوەی نیمچە چووە پاڵ یەك پشتی پێ دەبەستێ، بەڵام هۆی بنەڕەتی ئەوەیە، کە دابەشکردنی کار لە رێی پەیوەندی ئەندامی — بەرێژەیەکی زۆر- دەبێتە هۆی زیادبوونی پلەی کەسێتی تاکی و جیاوازی کۆمەڵایەتی لەناو کۆمەڵگەدا:

لە کاتێکدا جۆرەکەی پێشوو لە پەیوەندی مانای ئەوە دەدا، کە وێکچوون لەنێوان تاکەکاندا هەیە، دەبینین ئەو جۆرە وای دادەنێ جیاوازی لەنێوانیاندا هەیە. ئەگەر جۆری یەکەم تەنیا ئەو کاتە مومکین بێ کاتێك، کە کەسایەتی تاك لەناو کەسایەتی کۆمەڵدا دەتوێتەوە، ئەوا جۆری دووەم ئەو کاتە مومکین دەبێ ئەگەر تاکێك بواری بۆ رەخساندی لە بوارێك کە پەیوەندی بەوەوە هەیە، یان پەیوەندی بەکەسایەتی ئەوەوە هەیە. دواتریش، ئەوە پێویستە کە ویژدانی گشتی بوارێکی کراوە بۆ ویژدانی تاك بەجێبهێڵێ تا بتوانێ هەندێك

ئەركی تایبەت جێبەجێ بكا، ئەویش ئەو ئەركەیە، كە ویژدانی گشتی ناتوانێ رێكیبخا. هەروەك مەودای ئەو بوارە زیادی كرد، تێكچڕژانی پەرەسەندووش لەوجۆرە بەیەكەوە بوون و پەیوەندیدارییە زیادی كرد.[١٣]

**پەراوێزی دەروونی.** دۆركهایم لە روونكردنەوە بەردەوام دەبێ بەوەی گەشەی دابەشكردنی كار پشت پێبەستنی هەركەسێكی پسپۆر بەئەوانی دیكە زیاتر دەكا، بەڵام ئەوە مانای ئەوە ناگەیەنێ ئەو جیاوازییە زۆرە دەبێتە هۆی هاوڕابوونی فیكری، بەڵكو بەپێچەوانەوە ((هەموو تاكێك بەشێوەیەكی بەردەوام شێوازی تایبەتی خۆی بەدەستدێنێ لە بیركردنەوە و هەڵسوكەوت كردندا، بەتەنیاش خۆی ناخاتە ژێردەستی یەكەیەكی هاوبەشی باو))[١٤]. بەمشێوەیە، لە كاتێكدا دەبینین تاكە پسپۆرەكان پسپۆرییەكی بەرزیان هەیە دەتوانین تا رادەیەك لە چوارچێوەیەكی پشت پێبەستندا لەگەڵ ئەوانی دیكە كۆیان بكەینەوە، ئەوان لە هەمانكاتەدا لەناو مانای سایكۆلۆژیدا پەراوێزن، چونكە پسپۆرییەكەیان وایان لێدەكات كەسایەتییان بەشێوەیەكی رێك پەرە پێ بدەن.

دۆركهایم تێبینی ئەوەی كرد، كە پێشكەوتنی كۆمەڵگە بۆ شێوەیەكی پتر ئاڵۆز دەبێتە هۆی زیادبوونی پەیوەندی كۆمەڵایەتی لەسەر هەمان ئەو شێوازەی تۆنیز ناوی جیزلشافتی لێنابوو ((بەدڵنیاییەوە پەیوەندییە بەڵێنامەییەكان كە لە بنچینەدا زۆركەم بوون یان هەر نەبوون، لەكاتی دابەشكردنی كاری كۆمەڵایەتی دوو هێند دەبن))[١٥] بەم شێوەیە ئەنجامی زیادبوونی دابەشكردنی كار نەوەستایە سەر زیادبوونی جیاوازی تاكەكان بەتەنیا، بەڵكو بووە هۆی هێنانەناوەی ژمارەیەكی زۆر لە پەیوەندی رووكاری و پاژی لەنێوان تاكەكانی گەلدا.

**نائاسایی بوون.** لە كۆتاییدا دۆركهایم لەوە تێگەیشت، كە لە هەندێك بارودۆخدا دابەشكردنی كار لەوانەیە ببێتە هۆی ئەوەی، كە ناوی لێنراوە ((شێوە قایل كەرەكان)). ئەو گوتی: ((لەگەڵ ئەوەی كارێكی ئاساییە دابەشكردنی كار ببێتە هۆی پێكبەستی كۆمەڵایەتی، بەڵام لەوانەیە ئەنجامی جیاواز یان هەتا پێچەوانەش رووبدەن))[١٦]. ئەگەر بهاتبا فەرمانی كۆمەڵایەتی —واتە پاژەكانی پەیكەری ئەندامی- زۆر بەپتەوی بەیەكەوە نەبسترابانەوە، ئەوا شیمانەی ئەوە هەبوو پێكبەستی كۆمەڵایەتی لە یەكتری جوداببنەوە. گرفتە بازرگانییەكان و داتەپینی بازرگانی و كێشمەكێش لەنێوان كرێكاران و سەركاراندا و شۆڕشی هاوڵاتیان و كرداری تێكدەرانە و خۆپیشاندان و بەیەكدادانی هەندێ لە دەستەكان باشترین بەڵگەن بۆ ئەمە.

دواتر، دابەشكاری گەورە بەشێوەیەكی زیادەڕۆ بۆ كار، كە تا رادەیەك دەبێتە هۆی دروستكردنی بەیەكەوە گونجان، ئەو بۆ خۆی رەگی جیاوازی كۆمەڵایەتی لەخۆدەگرێ ئەگەر ئەمە خاڵێكی دیاریكراوی بەزاند. هەروەك دۆركهایمیش روونی كردەوە –بێگومان- ئەوە تیۆری ئۆگست كۆنت بوو. دۆركهایمیش ناوی لەو بارە نەگونجاوە نا ((نائاسایی بوون)) Anomie. ئەو لادانە یەكێكە لە نەخۆشییەكانی بوونەوەری كۆمەڵایەتی، ئەوەش لە كاتێكدا روو دەدا، كە دابەشكردنی كار بگاتە خاڵێك تێیدا تاكەكان لە توانایاندا نامێنی پەیوەندییەكی چالاك لەگەڵ ئەوانی دیكەدا دروست بكەن.

هەمەجۆری ئەركی دەبێتە هۆی هاتنە ئارای هەمەجۆری واتایی، كە هیچ شتێك ناتوانێ رێی لێ بگرێ. ئەمەش تا ئەو رادەیە كارێكی حەتمیە وا لەسەر تاك پێویست دەكا گەشە بكات وەك ئەوەی ئەوانی دیكە دەیكەن. جگە لەوەش، ئێمە هۆكاری پێشكەوتنی ئەو دوو دیاردەیە وەكو یەك دەزانین. بەمەش هەستی جەماوەری گرنگی پتر پەیدا دەكا لە یەكخستنەوەی مەیل و ئارەزووەكانی كاردا ئەوەی، كە دەڵێن دابەشكردنی كار دەبێتە هۆی پەیدابوونی. لەبەر ئەوەی ئەو جۆرە مەیلانە كاتێك زیاد دەبن، كە دابەشكردنی كار زۆردەبێ، لە هەمانكاتیشدا مەشاعیری جەماوەری لاواز دەبێ.(١٧)

بەكورتی دەڵێین: كاتێك كۆمەڵگە بەشێوەیەكی بەردەوام ئاڵۆز دەبێ، و لە هەمانكاتیشدا تاكەكانی كۆمەڵگە پتر دوودڵ دەبن لەسەر پیشەكەیان و پێشكەوتنی، ئەوا ئەو تاكانە توانای گونجانیان لەگەڵیدا لەدەست دەدەن، واش لەخۆیان دەكەن، كە ئەوانیش هاوبەشن لەگەڵ هەستەكانی ئەوانی دیكەدا. لە كۆتاییدا، ئەو تاكانە دەبنە دەستەیەكی دابڕاو لە رووی دەروونییەوە و لەگەڵ یەكیش سەودا دەكەن، بەڵام بەهۆی پاڵنەرێك، كە لەناویاندایە و بەشێوەیەكی سەرەكیش لەگەڵ یەكدا لە رێی پێكبەستە بەڵێننامەییەكان پەیوەندییان لەگەڵ یەكدا دەبێ.

## گەشەكردنی تیۆری كۆمەڵگەی جەماوەری:

لەگەڵ كۆتایی سەدەی بیستدا وێنەی كۆمەڵگەی نوێ ئەوە بوو، كە لەگەڵ سیستەمی كۆمەڵایەتی باوی جێگیر، كە خەڵكی تێیدا بە پەیوەندییەكی باوەڕ پێكراو بەیەكەوە بەسترابوونەوە، دەگۆڕا بۆ كۆمەڵگەیەك كە بە ئاڵۆزی زیاتر دەناسرایەوە، كە تێیدا تاكەكان لە رووی كۆمەڵایەتییەوە زیاتر لەیەك دوور دەكەونەوە. بەشێوەیەك لە شێوەكان بنیاتی

پێشکەوتوو و کەڵەکە بوو، بۆ تیۆری کۆمەڵایەتی، سەرەڕای ئەوەی نا گونجاو و بەڵکو بەرهەڵستیشی دەرکرد، وا دەردەکەوت، کە پێی لەسەر ئەو هزرە سەرەکییانە دادەگرت. کۆمەڵگەی گەورە و ئاڵۆز دەگۆڕا بۆ کۆمەڵگەیەکی ئاڵۆزتر. لای هەندێك زانایان دەبینی، کە ئەو ئاڵۆزییە نوێنەرایەتی ((پیێشکەوتن)) دەکا لە ڕێی یاسای پێشکەوتنی ئاسایی بۆ سیستەمێك کە زۆر پەسند ترە و لە کۆتاییشدا لە پێشینەکانی خۆی زۆر گونجاوترە. ئەوانی دیکە وایان دەبینی، کە ئەوە نوێنەرایەتی بزاوتێکی ((زۆردار)) دەکا رووە و ئامادەگییەکی خەمۆك و دوورە پەرێز بۆ تاکێك، کە کەمێك بایەخ بە پیشە تایبەتییەکان دەداو بە هەڵنەکردن لەگەڵ کەسانی دیکە جودادەکرێتەوە. دەمەقاڵییەکی گەورە لەسەر دروستی دەستێوەردان لە گۆڕینی کۆمەڵگە لە ڕێی دانانی یاسادا، هەروەك بانگەشەی دیکەی وروژاند لەسەر ستراتیژییەتی نموونەیی لە توانادا بوو بۆ بەبەرگەگرتنی هاتوو لە تیۆرە پەیوەندیدارەکان بەو گۆڕانە گەورانە. لەگەڵ ئەوەشدا، لەگەڵ جیاوازی بیروڕا لەبارەی ستراتیژییەکان و ئەنجامەکان، ئەوە لای زۆرینەی لێکۆڵەرانی سیستەمی کۆمەڵایەتی روون بوو، کە جیهانی رۆژئاوایی لە قەبارەی جیاوازییەکان و تاکبوون زیادی بەخۆیەوە دەبینیێ، هەروەها نزمبوونەوەش لەو پلەیەی کە کۆمەڵگە دەتوانێ لە ڕێی هۆکارە نا فەرمییەکان چالاکانە دەسەڵاتی بەسەر تاکەکانیدا هەبێ، لەگەڵ گۆڕانێکی زۆری تاکەکان لە ڕێی ئەو گونجانە بەهێزەی لەگەڵ تەواوی کۆمەڵگەدا هەیانبوو. لەگەڵ گەشەکردنی پەیوەندی پاژی و کۆمەڵایەتی بە بەڵێننامە و زیادبوونی گۆشەگیری دەروونی بۆ ئادەمیزاد (تاك).

دەگوترا، کە ئەو وەرچەرخانە کۆمەڵایەتییە گشتییانە دەبێتە هۆی دەرکەوتنی کۆمەڵگەی جەماوەری. هەرچەندە فیکرەی کۆمەڵگەی جەماوەری mass society واتای کۆمەڵگەی زەبەلاح ناگەیەنێ massive، کە ئەم دەربڕینە واتاکەی کۆمەڵگەیەکی ژمارە زۆرە. لە جیهاندا زۆر کۆمەڵگە هەن، بۆ نموونە هیند ژمارەی دانیشتووانەکەی گەیشتۆتە ژمارەی گەردوونی، بەڵام لە ڕێکخستندا هێشتا تەقلیدین. لە کاتێکدا کۆمەڵگەی جەماوەری ئاماژە بە پەیوەندی نێوان تاکەکان و سیستەمی کۆمەڵایەتی پەیوەست پێیەوە دەکا. هەروەك لەو تیۆرانەی پێشتر باسمانکردن ئەوە دووپات کرایەوە: (١) وادادەنرێ، کە تاکەکان لە کۆمەڵگەی جەماوەری بەوە دەناسرێنەوە، کە دوورەپەرێزی دەروونیان هەیە لە ئەوانی دیکەدا. (٢) دەگوترێ لەدەستدانی هەستە کەسییەکانە، کە لەکاتی سەوداکردنیان لەگەڵ ئەوانی دیکەدا باڵادەستە. (٣) هەروەك دەگوترێ ئەوان تا رادەیەك ئازادن لەو داواکاریانەی پەیوەندیان بە

پابەندبوونی کۆمەڵایەتی گشتییەوە هەیە. ئەو بۆچوونانە لە ڕێی هەندێك کۆمەڵناسەوە لەکاتی خۆیدا لە دەستپێکی سەدەی بیستەمدا هاتن، تا ئێستاش گرنگی خۆی پاراستووە لە پاڵ هەندێك فیکرەی دژ و ئەو گۆڕانانەی بەسەریدا هاتوون.(١٨)

دوای ئەوەی هەربەك لە برۆم و سیلزنیك گفتوگۆیان لەسەر بابەتی ڕێکخستنی سیستەمی کۆمەڵایەتی پیشەسازی لە شارەکانی جیهانی ڕۆژئاوای هاوچەرخدا کرد، هێڵە سەرەکییەکانی فیکرەی کۆمەڵگەی جەماوەریان لێهاتووانە کورتکردەوە لەم کۆپلەیەی کە دێ:

کۆمەڵگەی نوێ لە جەماوەر پێکدێ بەو مانایەی ((جەماوەرێکی فراوان لەتاکە جودابووە و دابڕاوەکان دەرکەوتن ئەوانەی پشت بەیەکتری دەبەستن لە هەموو هۆکارە تایبەتمەندکراوەکان، هەرچەندە بایەخ یان ئامانجێکی سەرەکییان نەبوو کۆیان بکاتەوە)). لاوازی پێکبەستە تەقلیدییەکان و گەشەکردنی عەقلانی و دابەشکردنی کار بووە هۆی هێنانە کایەی کۆمەڵگەگەلێك، کە لەکۆمەڵێك تاك پێکدێ پەیوەندییەکی زۆرکەم بەیەکەوەیان دەبەستێتەوە. لەم بارەیەشەوە، وشەی جەماوەر mass واتایەکی تا رادەیەك نزیك دەدا لە وشەی ((خڕبوونەوە)) an aggregate لێیەوە بۆ مانای دەستەی کۆمەڵایەتی کە بەهێزەوە بەیەکەوە بەستراونەتەوە.(١٩)

ئەو بۆچوونە سروشتییە کۆمەڵایەتییەی بوونەوەرە مرۆییەکان بەراوردکران بەنموونە گشتییە پێشکەوتووەکان لە سروشتە دەروونییەکەیاندا. بەکورتی، ئاکاری مرۆیی — بەپێی چارەسەری کۆمەڵایەتی بایۆلۆژی دەماری و بەراوردکردن- تا رادەیەك دەستهاتی لێهاتووییە سروشتییە بۆ ماوەییەکان بوو، بەو واتایەی پاڵنەرەکانی ئاکار لەناو پێکهاتەی بایۆلۆژییەوە هاتوون. واپێویست بوو، کە ئەو هێڵە فیکرییە واتای گرنگی هەبن بەهۆی لێکدانەوەکانی پێشووی هۆکارەکانی ڕاگەیاندنی جەماوەری نوێ. لە بەشەکانی داهاتوودا سروشتی ئەو نموونە دەروونییە گشتییانە و بایەخیان لە لێکدانەوەی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن روون دەکەینەوە.

### کۆمەڵگەی جەماوەری و تیۆری دەرپەڕینی جادوویی:

ئەو بابەتانەی، کە ڕووبەڕووی ئەو پاشینە فیکرییە دەبوونەوە ئەوەبوو هۆکارەکانی گەیاندنی جەماوەری لەماوەی ساڵە بەراییەکاندا لە کۆمەڵگە ڕۆژئاواییە گەورەکاندا بڵاوبۆوە. بۆ بەهەندگرتنی ئەو کاریگەرییەی لێکدانەوە گشتییەکان دروستیان کرد ((بۆ سروشتی سروشتی مرۆیی)) لەسەر هەندێك شێوازی بیرکردنەوەی بەرایی لەبارەی هۆکارەکانی

راگەیاندن، ئەوا ئێمە پێویستیمان بەوەیە بەکورتی، لەو ماوەیەی راگەیاندنی جەماوەری هێشتا دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی نوێ بوو دەبووایە جیهان بەرەو رووی ببێتەوە، بڕوانین.

**بانگەشە لەماوەی جەنگدا و باوەڕ لە دەسەڵاتی راگەیاندندا:**

دە ساڵی یەکەم لە سەدەی بیستەم تازە تێدەپەڕین و ئەوروپاو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا چوونە ناو جەنگی گەورەوە. دابەشکردنی کار و گۆڕانەکان (جیاوازی) و تاکی پەرەسەندوو ئەوەی کەوای کرد دەرکەوتنی کۆمەڵگەی پیشەسازی نوێ شیمانە بۆ کراوبێ، لەو کاتەدا بوو بەکێشە. بەراستی جەنگی یەکەمی جیهانی یەکەمین کاری تێکۆشانی هەمەلایەن بوو، کە میللەتەکان رۆڵی کامڵ و گونجاویان لە هەوڵدان لە دژی دوژمنەکانیان گێڕا. لە زۆربەی جەنگەکانی پێشوودا هێزە سەربازییەکان کاری خۆیان بەشێوەیەکی تا رادەیەك سەربەخۆ و دوور لە هاوڵاتیان ئەنجام دەدا. ئەگەر جەنگەکان لەوناوچانە روو نەدەن، کە نزیکن لێیان خەڵکی لە ماڵەوە دادەنیشتن و بەشداریان لەو جەنگانەدا نەدەکرد و بەقووڵی نەدەچوونە ناویەوە. ئەوەش بەشێوەیەکی تایبەت لە ئینگلتەرا حەقیقەتێك بوو، کە لەدوای داگیرکاری نۆرماندی (فەرەنسی)یەکان دوژمن داگیری نەکردووە. ئەوە بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش راستە، کە دوایین جار سەربازە بیانییەکان هاتبنە کەنارەکانی لەماوەی شۆڕشەکاندا بووە، هەرچەندە شەڕی ناوخۆ بووە هۆی دەرکەوتنی ماندووبوونێکی لەرادەبەدەر لە هەندێك ناوچەدا.

راستییەکەی ئەمەیە، ئەو جۆرە جەنگانە تاقیکردنەوەی توانای پیشەسازی میللەتێك بوون لە دژی توانای میللەتێکی دیکە. پاڵپشتی کردنی سوپا لە گۆڕەپانی جەنگدا روویدا و بەتەواوی پشتی بە کۆمەڵگە پیشەسازییە گەورەکانی نیشتیمان دەبەست، ئەو هەوڵە پیشەشازییە مەزنەش پێویستی بە هاریکارییەکی راستگۆ و گەرم و گوڕی ئەو هاوڵاتییانەوە هەبوو، کە کاریان تێدا دەکرد. ئەو جەنگە گشتگیرە پێویستی بە ئیستیغلالی تەواوی کەرستەکانی میللەت بوو. پێویست بوو هۆکارەکانی ئاسوودەیی ماددی بەخت بکرێن، و رۆحی مەعنەوی بپارێزرێ، و قەناعەت بە خەڵك بکرێ بۆ ئەوەی خێزانەکانیان جێبهێڵن و پەیوەندی بە سوپاوە بکەن. کارکردنیش لە کارگەکان لەوە کەمتر نەبوو، چونکە وەدەستهێنانی پارە پێویست بوو بۆ پاڵپشتی کردنی جەنگ.

**بانگەشە و پێویستی کۆمەڵگەی بێ کەموکوڕی ((جیمنشافت)).** لەگەڵ ئەوەشدا، میللەتانی کۆمەڵگە پیشەسازییە جۆراوجۆر و جیاواز و لەیەك نەچوو بەوە بەیەکەوە نەبەسترابوونەوە ((هەستکردن بەبەیەکەوە بەسترانەوەی دوو سەرە... کەوا لەتاکەکان دەکا وەکو تاکی دەستەیەکی کامڵ بەیەکەوە ببەسترێنەوە))[٢٠] لە راستیدا ئەوانە کۆمەڵگەی کامڵ Gemeinschaft نەبوون، بەڵام وەکو کۆمەڵگە جەماوەرییەکان بوون ئەوانەی، کە ئەو جۆرە پێکبەستە چالاکانەیان تێدا نەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو پێکبەستە هەستییانە بوون، کە پێویستییان پێی هەبوو بۆ کۆکردنەوەی ئەو میللەتانەی لە چوارچێوەی پێکبەستییەکی چالاك کە دوای هەوڵەکانی جەنگ هات. بەو پێیەی هەموو وڵاتێك لە رووی سیاسییەوە پەیوەست بوو بەجەنگ، ئەوا پێویستییەکی بەپەلە و یەکلاکەرەوە پەرەی سەند بۆ دۆزینەوەی پێکبەستی بەهێزتر لەنێوان تاك و کۆمەڵگەدا، بۆیە، بزواندنی هەست و سۆزی وەڵام بۆ چاندنی رك و ترس بەرانبەر دوژمن لە ناخی هاوڵاتیان بوو بەکارێکی پێویست. بۆ ئەوەی رۆحی مەعنەوی بەبەرزی بمێنێتەوە سەرەڕای بارنجی بوون، و بۆ ئەوەی تواناکانیان لە هەوڵەکانیان بەشێوەیەکی چالاك بۆ بەرژەوەندی میللەت چڕبکەنەوە.

بانگەشە هۆکاری بەئەنجام گەیاندنی ئەو ئامانجە پێداگیریانە بوو. هۆکارەکانی بانگەشە دیزاینێکی وردیان بۆ پەیوەست بوون بەمیللەت دارشت بەرووداوی هەواڵەکان و وێنە و فیلم و قەوانی فۆتۆگراف و گوتار و کتێب و گوتاری ئایینی و پەیوەستەکانی راگەیاندن و هێماکانی بێ تەل و قسەوقسەلۆك و ریکلامی تابلۆی ریکلامەکان و ئەو ریکلامانەی بەسەر خەڵکیدا دابەش دەکرێن. لە دەستدانی سیاسەتی بەرز تەقریبەن رێگەی بە هەموو هۆکارێك دا، چونکە گرەوەکان گەورەبوون و مەبەستەکان زۆر مەزن بوون. لەسەر خەڵکی پێویست بوو رکیان لە دوژمن ببێتەوە و وڵاتی خۆیان خۆشبوێ، و تواناکانیان بۆ ترۆپکی تواناکان زیاد بکەن لە هەوڵە جەنگییەکانیاندا. نەدەتوانرا بۆ ئەنجامدانی ئەوە پشتییان پێ ببەسترێ، کە خۆبەخشانە ئەو کارە بکەن. لەوکاتەدا، ئەو هۆکارە راگەیاندنانەی لەبەردەستدا بوون ئامرازی سەرەکی بوون بۆ قەناعەت پێکردنی خەڵکی بۆ ئەو کارە.

پاش کۆتایی هاتنی جەنگ، ژمارەیەك لەو کەسانەی بەشدارییەکی گرنگیان لە دروستکردنی بانگەشەدا کرد گاڵتەیان پێ دەکرا، تاوانەکەشیان ئەوەبوو، کە هەڵخەڵەتاندنی بێ ئابڕویان بەکارهێنابوو. درۆیە بێ ئابڕووەکان لەوکاتەدا لەلایەکەوە بۆ لایەکەی دیکە دەگوازرانەوە. کاتێکیش دەخرایە بەردەم جەماوەر لە رێی هۆکارەکانی راگەیاندنەوە بەزۆری

باوەڕیان پێ دەکرد. لە راستیدا، هیچ کەسێك پێشتر ئەو جۆرە قەناعەت پێکردنە بەرفراوانەی نەبینی بوو، کە قەناعەت پێکردنی هەموو گەل لە رێی هۆکارەکانی راگەیاندنەوە بوو. لەمەشدا شێوازێکی گونجاو و ورد بەکارهاتبوو. سەرەڕای ئەوە، ئەو خەڵکانە لە سەردەمێکدا دەژیان، کە بەبێ تاوانی تەواو دەناسرێتەوە، تەنانەت وشەی ((بانگەشە)) واتاکەی لای هاوڵاتی ئاسایی روون نەبوو. پاش جەنگ، جەماوەر پتر زانست و جەستە بوو کاتێك، کە پسپۆرەکانی بانگەشەکردن لەوکاتەدا زنجیرەیەك لە راپۆرتی سەرنجڕاکێشیان لەسەر هەڵخەڵەتاندنە گەورەکان بڵاوکردەوە، کە لەماوەی جەنگدا بەکارهێنرابوون.

بۆ ئەوەی بەکورتی ئەو شێوازە روون بکەینەوە، کە پسپۆرەکان بەراستی لەبانگەشەدا دیتبوویانەوە، لەگەڵ ئەو وەڵامانەی، کە تێدەکۆشان بۆ ئەوەی وەدەستی بێنن لەسەر خاڵەکانی ورووژاندن stimuli ئەوەی، کە بەکاریان دەهێنا، ئەوا ئێمە ئەم کۆپلەیەی دێ دەخەینەڕوو کەلە یەکێك لەو راپۆرتانە وەرگیراوە ئەوەی کە دوای جەنگ بەشێوەیەکی فراوان بۆ خوێندنەوە خراوەتە روو:

((چیرۆکە وەحشییەکان)) هۆکاری گەورەبوون لە بانگەشەی ئینگلیزەکاندا. زۆربەی ئەو چیرۆکانە، جەماوەر وەریگرتن، دەبا ئامادەیی کەمتری تێدابا بۆ وەرگرتنی چیرۆکە تۆقێنەرە ئەڵمانییەکان ئەگەر بەچاوی خۆی لە دایکبوونی ((چیرۆکی وەحشی)) پڕ خەمۆکی دیتبا لە باڵەخانەی دەزگای هەواڵگری ئینگلیزی لە بەهاری ساڵی ١٩١٧دا.

عەمید ج.ف. شارترز بەراورد لەنێوان دوو وێنە دەکا، کە لەپێگە ئەڵمانییەکاندا وێنەیان گیراوە، وێنەی یەکەم وێنەیەکی زیندووی دیمەنێکی تۆقێنەربوو، کە راکێشانی لاشەی سەربازە ئەڵمانییەکانی بۆ ناو ئەو گۆڕانەی لەپشت هێڵەکانەوە بوون روون دەکردەوە. هەرچی وێنەی دووەم بوو وێنەی ئەسپی مردوو بوو، کە بۆ ئەو کارگەیە دەبران کە داهێنەرە ئەڵمانەکان تایبەتیان کردبوو بەدەرهێنانی سابوون و رۆن لە ئێسقانەکانیان. لە پڕ جەنەراڵ شارتەرز بیرۆکەیەکی جهەنەمی بۆ هات هەروەك تیشکێکی رفێندراو بێ، بیری لە گۆڕینی دەربڕینی سەر هەردوو وێنەکە کردەوە، بەلێهاتووییەوە مەقەسی بەکارهێناو ئەو دەربڕینەی پێکهێنا ((لاشەی ئەڵمانەکان لە رێگەدا بۆ کارگەی سابوون)) لەژێر وێنەی سەربازە کوژراوەکانی ئەڵمان، لەماوەی بیست و چوار کاتژمێردا، وێنەکە خرایە ناو جۆرکی ئەو نامەبەرەی رووە و شەنگهای دەچوو.

جەنەڕاڵ چارتەرز هەمان وێنەی بۆ چینیش نارد بۆ ورووژاندنی رای گشتی دژی ئەڵمانەکان.. بۆ ئەم مەبەستەش، ئاماژەکە وابوو، کە چینییەکان مردووەکانیان تا ئاستی بەخواکردن بەرز رادەگرن، بێ رێزی نواندن بەرانبەر مردووەکان، کە بۆ ئەڵمانەکان دەگەڕایەوە یەکێك بوو لە هۆکارە سەرەکییەکان کە پاڵی بەچینەوە نا بۆ راگەیاندنی جەنگ لە دژی هێزی وڵاتانی ناوچەکە.

بەلامانەوە گرنگ نییە داخۆ پسپۆڕەکە لەو بانگەشەیەدا لە هەڵسەنگاندنەکەی بۆ کاریگەری ئەو وێنە قەڵبە پێکاویەتی یان نا، بەڵام ئەو نموونەیەی کە نیشاندراو کاریگەرییە خوازراوەکە روونکردنەوەیەکی نایاب لەسەر شێوازی تیۆری گەیاندنی جەماوەری پێشکەش دەکەن، کە هەوڵی بانگەشەی لەسەر دادەمەزرێ. تیۆرەکە تا رادەیەك سادە بوو، لەگەڵ وێنەی کۆمەڵگەی جەماوەری دەڕۆیی، کە میراتێکی فیکری سەدەی نۆزدەیەم بوو. وا دادەنرا کە کارتێکەرەکان (خاڵەکانی کاریگەری) بەلێهاتوویی دروستکرابن، کە بگەنە هەموو تاکێك لە کۆمەڵگەی جەماوەری لە رێی هۆکارەکانی راگەیاندنەوە، و هەموو تاکێك پێویستە بەهەمان رێگەی گشتی درکی پێ بکا، وا شیمانە دەکرا، کە وەڵامی تا رادەیەك هاوشێوە لە هەموو تاکەکاندا رووبدا.

**پەیامەکانی راگەیاندن وەك هاوێژەری جادوویی.** پاش کۆتایی هاتنی کارەساتی جەنگ باوەڕێکی گشتی بەتواناداری یەکجار زۆری هۆکارەکانی گەیاندنی جەماوەری پەرەی سەند. باوەڕ وابوو، کە هۆکارەکانی راگەیاندن توانای پێکهێنان و دروستکردنی رای گشتی و وا لە جەماوەر بکا بۆ ئەوەی بۆچوونی خۆی بگۆڕێ بۆ هەرلایەك، کە هەواڵ گەیەنەکە دەیەوێ پێشکەشی بکا. سیاسەتوانی ئەمریکایی — هەوڵیدا شیکارێکی بابەتی بۆ کاریگەری بانگەشە بکا لەماوەی جەنگ و رۆڵی هۆکارەکانی راگەیاندن دەربخا لە کۆمەڵگەی جەماوەری — بۆ ئەو ئەنجامانە:

کاتێك هەموو بارودۆخەکان رەخسان، و هەموو هەڵسەنگاندنەکان بەتەواوی دابڕێندران، ئەو راستییە روون بووەوە کە بانگەشە یەکێکە لەهۆکارە هەرە بەهێزەکان لەجیهانی نوێدا. ئەو بانگەشەیە گەیشتە ترۆپکی ماوەکەی بۆ وەڵامدانەوەی کۆمەڵەیەکی ئاڵۆز لە بارودۆخە گۆڕاوەکان ئەوانەی کە سروشتی کۆمەڵگەیان گۆڕی. هۆزە بچووکە بەراییەکان توانیان پەیوەندی لەنێوان تاکە جیاوازەکانیان دروست بکەن و بیانگۆڕن بۆ کۆمەڵێك شەڕکەر بەهۆی لێدانی دەهۆڵ و ریتمی سەمای بەهەڵا. لەماوەی سروتی ماری نێر (سروتی نهێنی بوون لە

جەژنی خواوەندەکانی گریك و رۆمان ئەنجامدەدرا و بەگۆرانی گوتن و سەرخۆشی و سەمای ماری نێر دەناسرایەوە) ژمارەیان زۆربوو، گەنجەکان دەچوونە ئەو ناوچانەی شەڕیان تێدا گەرم بوو.. گەنج و پیر، پیاو و ژن زۆر بەهێزەوە بە ئامانجە هۆزەکییەکانیانەوە بەسترابوونەوە.

بەڵام لە کۆمەڵگەیەکی گەورەتردا، نەدەتوانرا تاکە یاخیبووەکان لێکبدرێن لەوەی لە سەمای جەنگ هاتووە، بەڵکو پێویست بوو هۆکارێکی نوێ و جێگرەوە بەکاربێ بۆ لێکدانی هەزاران بگرە ملیۆنان مرۆڤ لە کۆمەڵەیەکی جەماوەری پڕ لەرك و ئیرادە و هیوا، بێگومان دەبێ گەرم و گوڕییەکی نوێی گڕگرتوو لە کەموکوڕی یاخیبوون و ئاکاری ((رەق)) بۆ گەرم بوون بۆ ئەوەی شەڕ بهێنرێتە ئارا. بانگەشە چەکوشی نوێ و سندانی پێکبەستی کۆمەڵایەتی بوو.[٢٢]

ئەو تیۆرە بنەڕەتییەی گەیاندنی جەماوەری، کە ئەو ئەنجامانە چەسپاندبوویان، وا بە ئاسانی نامێنێتەوە هەروەك بۆ بینەرانی دەردەکەوێ. بێگومان ئەوە تیۆرێکە تا رادەیەك پشت بە وەڵامدانەوەی کاریگەری راستەوخۆ دەبەستێ، بەڵام تیۆرییەکە راستی کۆمەڵەیەکی دیاریکراو لە بیردۆزە نازارەکییەکان دەسەلمێنێ، ئەوەی کە تەنیا پەیوەندی بەرێکخستنی کۆمەڵایەتییەوە نییە، بەڵکو درێژ دەبێتەوە بۆ ئەوەی پێکهاتەی دەروونی بوونەوەری مرۆیی بگرێتەوە کە بەرەورووی کارتێکەرەکان دەبێتەوە و وەڵامی پەیامی ئاراستەکراو دەداتەوە جەماوەر. گرنگە مەودای تەواوی ئەو بیردۆزە ناواخنیانە بزانین، چونکە لە رێی کرداری ئاڵوگۆڕی و دەستکاریکردنی رێکخراو تیۆری نوێی گەیاندنی جەماوەری دەرکەوتن. کاتێك تواندرا زانیاری لەسەر چەمکە نوێیەکان پەیدابکرێ ئەوانەی پەیوەستن بە سروشتی بوونەوەری مرۆیی و سروشتی کۆمەڵگە، ئەو چەکانە بۆ دەستکاریکردنی تیۆری بنەڕەتی گەیاندنی جەماوەری بەهێنانە ناوەوەی کۆمەڵەیەکی جیاواز لەو گۆڕانکارییانەی لە هەردوولای هاوکێشەکەدا دروستبوون، کە کارتێکەر و وەڵامدەرەوە بەیەکەوە دەبەستێتەوە.

بە راستی، لەوکاتەدا ئەو کۆمەڵە سەرەتاییەی باوەڕە تایبەتەکان بەسروشت و هێزی گەیاندنی جەماوەری دەربڕینێکی جێگیر، یان پسپۆر لەراگەیاندنیان پێکنەهێنا، بەڵام کاتێك رووداوەکانی رابردوو گەڕێندرانەوە و لێی وردبوونەوە وا روویدا کەناوی لێبندرێ ((تیۆری هاوێژەری جادوویی)). (هەروەك ناوی سەرنجراکێشی دیکەشی لێندران لەوانە ((تیۆری دەرزی ژێر پێست)) و تیۆری ((رۆیشتنی گوێزانەوەی جووڵە)). ئەو چەمکە بنەڕەتییەی، کە لەسەری دروستبووە، ئەوەیە هەموو تاکەکان بەیەك شێوە پەیامەکانی راگەیاندنیان پێدەگا و

وەڵامدانەوەی دەمودەست و راستەوخۆ وەکو ئەنجامێك بوو، کە بە رووبەڕووبوونەوەی ئەو کارتێکەرانە دێتە ئارا.

ئەو تیۆرە نوێیانەی  لە سەردەمی ئێستاماندا داندراون لەبارەی کرداری گەیاندنی جەماوەری (کە دواتر گفتوگۆی لەسەر دەکەین) تیڕوانینیان ئەوەیە تیۆری هاوێژەری جادوویی هەرچەندە وا دەردەکەوێ  سادە و ئاسانە، بەڵام زۆرخاڵی گرنگ لە بیردۆزەکانیدا هەن لەپاڵ ئەوەی  هەردوو نووسەر کاتز و لازارشفیلد روونیان کردەوە: ((ئەو تیۆرە راگەیاندنانەی خاوەن هێزی رەهان هەڵدەستن بە ناردنی پەیامەکانیان لەلایەك، و جەماوەری بڵاوبووە و چاوەڕوان لەلایەکەی دیکە وەریدەگرێ)) بێ ئەوەی گوێزەرەوەیەك هەبێ لەنێوانیاندا.[٢٣] بیردۆزی یەکجار سنووردار هەبوون، کە پەیوەندییان بەوە هەبوو، کە لەنێوانیاندا روویدەدا لە چوارچێوەی دەروونناسی تاك (سایکۆلۆژیای کەسی) هەرچەندە ئەو بیردۆزانە دارِشتنەکەیان یان شێوەکەیان لەوکاتەدا روون نەبوو، بەڵام تا رادەیەك لەو تیۆرانە وەرگیرابوو  کە تایبەتن بە سروشتی مرۆڤ، هەروەها بە سروشتی سیستەمی کۆمەڵایەتی (کە پێشتر باسمانکرد). ئەو تیۆرانەش بوون، کە بیرکردنەوەی ئەوانەی ئاراستەکرد، کە وایان دەبینی تیۆرەکانی راگەیاندن هێز و کاریگەرییان هەیە.

**تیۆری هاوێژەری جادوویی وەك ئەنجامی سروشتی بەرایی ناواخنین:**

کەواتە، ئەو بیردۆزانە چی بوون، کە تیۆری هاوێژەری جادوویی لێیەوە گەشەی کرد یان لێی وەرگیرا؟ راستییەکەی ئەوەیە ئەو بیردۆزانە لە کۆمەڵێك نموونەی دەروونی هەڵێنجراون کە لە بەشی یەکەمدا باسمان کردن. بۆ نموونە، سایکۆلۆژیای غەریزەکان  لەماوەی جەنگی یەکەمی جیهانیدا لە ژێرکاریگەری داروین لە لوتکەدابوو. تا کۆتایی بیستەکانیش، راستییە تایبەتەکان بەتواناداری دەستکاری و گۆڕینی بوونەوەری مرۆیی نەبوو بەشێوەیەك وا دەرکەوت، کە دەکرێ بە بەکارهێنانی هەڵسەنگاندنی عەقڵی نوێ و شێوازی هونەری نوێی دیکە بسەلمێندرێ. وەکو ئەنجامی ئەوەش، چەمکی سەرکردەکانی مرۆڤ، کە لە کتێبەکانی زیلیەم ماکدۆگال و هاوسەردەمەکانی روون دەبێتەوە ئاریشەیەکی ترسناك دروستدەکەن. بەرلەوە وادادەندرا، کە ئاکاری تاکێکی دیاریکراو — تا رادەیەکی زۆر- ئالیەتی بایۆلۆژی بۆماوە و ئاڵۆزی دیاردەکرد کە کارتێکەرەکان و وەڵامەکان تێکەڵ دەکا. وەکو ئەنجامی ئەوە، باوەڕ وابوو، کە سروشتی بنەڕەتی بوونەوەری مرۆیی تا رادەیەك هاوشێوەی بوونەوەرێکی

دیکەی مرۆییە. ئەو تیۆرە سوودی هەیە لەو لایەنەوە کە خەڵکی تەقریبەن هەمان ئەو کۆمەڵە تەواوەیان لە ئالیەتی بایۆلۆژی ناوەوەیی وەرگرتووە، کە پاڵنەر و وزەی پێویستییان پێدەبەخشێ بۆ وەڵامدانەوی کارتێکەرە پێشنیازکراوەکان بەرێگەی دیاریکراو. زۆرێك لە لایەنەکان لە سروشتی نالۆجیکی یان سۆزداری ئەو سیفەتە بۆماوەییانە هەڵهێنجراون بەتایبەتی لەلایەن دانەرانی تیۆرەکانی لادانی شیکاری دەروونی، بەڵام ئەو سیفەتانە لە شیکاری کۆتاییدابوون، هێزی بۆماوە (بۆ نموونە: لبیدۆ) هەموو تاکێك لەگەڵ لەدایکبوونی بەپلەی تا رادەیەك یەکسان وەری دەگرێ، بەڵام ئەو دەروونناسییەی لێکۆڵینەوە لەسەر جیاوازییە تاکییەکان (کەسییەکان) دەکا، نەهاتە سەر ئەو خاڵەی، کە بایەخی پسپۆرە دەروونییە ئەکادیمییەکان تێیدا پێش دەکەوێ بۆ ونبوون لە لێکۆڵینەوە بۆشیکارکردنی ئەو جیاوازییانە.

تیۆری هاوێژەری جادوویی – لەسەر شێوازی S-R بۆ غەریزەکان و وروژاندن و پاشانیش بەرەڵاکردن (Suspense-Release) باوەڕبوونیش بەوەی، کە هۆکارەکانی راگەیاندن – بەتەواوی وەکو هۆکاری بەهێز و تەندروست دەردەکەوتن بەتایبەتی لەژێر سێبەری ئەو بۆچوونەی وای دەبینێ، کە سروشتی بنەڕەتی لە یەکچووە لەگەڵ دووپاتکردنەوە کردارە نا لۆجیکییەکان لەپاڵ بۆچوونی تایبەت لەبارەی سیستەمی کۆمەڵایەتی: دەگوترا کە کارتێکەرە بەهێزەکان وەکو یەك پێشکەشی هەموو تاکەکانی جەماوەر دەکرا. ئەو کارتێکەرانەش پاڵنەرە ناوخۆییەکان و سۆزەکانیشیان دەگرتەوە یان ئەو لایەنانەی، کە تاك توانایەکی سنوورداری هەیە بۆ زاڵبوون بەسەریدا بەشێوەیەکی ویستراو. بەهۆی ئەو سروشتە بۆ ماوەییەی لەو ئالیەتانە وەرگیراوە، تا رادەیەك هەموو کەسەکان بەشێوەیەکی زۆر نزیك لە یەك وەڵامیان دەدایەوە. سەرەڕای ئەوە، پێکبەستی کۆمەڵایەتی بەهێز هەبوون کاریگەری ئەو ئالیەتانەی هەڵدەزڕاند، چونکە تاك لە رووی دەروونییەوە (لە رووی سایکۆلۆژییەوە) دابڕابوو لەو پێکبەستە کۆمەڵایەتییە بەهێزانە و چاودێرییە کۆمەڵایەتییە نافەرمییەکان. ئەنجامەکە ئەوەبوو توانرا بۆچوونی تاکەکانی جەماوەر و کاریگەریان لەسەری لەلایەن بەرپرسانی هۆکارەکانی راگەیاندن بگۆڕدرێ، بەتایبەتی لەرێی بەکارهێنانی وروژاندنی سۆزداری.

بەم شێوەیە تیۆری هاوێژەری جادوویی بەتەواوی لەسەر تیۆرە گشتییەکان دروست دەبوو لە بواری دەروونناسی و کۆمەڵناسی بەپێی پێشکەوتنیان تا ئەوکات. جگەلەوەش نموونەیەکی روون هەبوو ئەویش ئەو کاریگەرییە مەزنەی بانگەشەبوو لەماوەی جەنگدا. وادەردەکەوێ

ئەو بانگەشەیە بەڵگەی راستی پێشکەش دەکردن بەوەی، کە هۆکارەکانی راگەیاندن بەهێزبوون لەسەر هەمان ئەو شێوەیەی کە لۆزوێل وەسفە درامییەکەی بۆ کردبوو، کە ئەوەی هەڵێنجا کە ((چەکوشی نویێ و سندانی پێکبەستە کۆمەڵایەتییەکان))[٢٤]. هەروەك كۆمەڵێك راستیش هەن وا دەردەکەون کێشمەکێش قبوولناكەن، لە راگەیاندنی جەماوەری ئەو سەردەمدا ئەوە گەشەی سەند، کە هۆکارەکانی راگەیاندن توانای قەناعەت پێکردنی خەڵکیان هەیە بەکڕینی کاڵاکان بەڕێژەی زۆر و هەمەجۆر، کە هیچ کەس تا ئێستا خەونی پێوە نەدیوە. ئەو باوەڕە سەرەڕای باوەڕهەبوون بە هێزە مەزنەکەی هاتە ناوەوە، و بووە هۆی دووبارە پاڵپشتی کردنی راستیی هاوێژەری جادوویی وەك دەردەکەوێ[٢٥].

بێگومان بانگەشەی جەنگی یەکەمی جیهانی چالاك بوو. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەمە مانای ئەوە نییە، کە تاکە تیۆرێك دەتوانێ ئەو کاریگەرییە شی بکاتەوە. ئەگەر لێکۆڵەرانی ئەمرۆمان ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانیان لەبەردەست با و لە پەیوەندیکردنی جەماوەری وردببانەوە، کە لەو کاتەوە کەڵەکە بووە، ئەوا رەنگ بوو لێکدانەوەی جیاواز هەڵبژێرن بۆ هۆیەکانی شەڕکردن بە گەرموگوڕی گەلی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، و بیریان لە زنجیرەی بیروباوەڕی ناراست لەبارەی دوژمن. بەم شێوەیە هۆکارەکانی راگەیاندن رۆڵیان هەبوو لە پێکهێنانی ئاکاری خەڵك و باوەڕەکانیان.

ئەو تیۆرانەی تایبەت بوون بەسروشتی مرۆیی بە چەقبەستوویی نەمانەوە لەلایەنی کۆمەڵایەتی و رێکخستنی کەسی. لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا، بەهێزەوە پاڵپشتی لە بنەماکانی دەروونناسی و کۆمەڵناسی دەکرا، لەوکاتەدا بەشێوەیەکی فراوان بەردەوام لە دەسەڵاتی رێگاکانی بیرکردنەوەی شێوازە ئەوروپییەکان دووردەکەوتنەوە. ئەو دوو بوارەش بەهێزەوە بایەخیان بەلێکۆڵینەوەی تاقیکاری دەدا. ئەنجامی ئەوەش، تیۆرەکانیان ناچاربوون تاقیکردنەوە ئەنجامبدەن بۆ دەرخستنی مەودای راستبوون و واقیعی بوونیان ئەنجامی ئەوەش دەستبەرداربوون لە زۆرێك لە فیکرەکانی پێشوو، و پێشکەوتنی زۆرێك لە فیکرە نوێکان. بێگومان دەبووایە ئەو تیۆرە نوێیانە کاریگەرییان لەسەر ئەو کەسانە هەبا، کە هەوڵی تێگەیشتنیان دەدا لە هۆکارەکانی راگەیاندنی جەماوەری. تیۆری هاوێژەری جادوویی لەسەر هەندێك بیردۆز دامەزرابوو کەوا نەمابوونەوە وەکو تیۆرە تەماشایان بکرێ و بەرگریان لێ بکرێ لەرێی دانەرانی تیۆرە گشتییەکان، پاشان تا رادەیەك دەبووایە لێکۆڵەرانی هۆکارەکانی راگەیاندن ئەو تیۆرە لەسەر ئازار بەجێبێڵن. لەو رێیەشەوە، زۆر کەم بوون ئەوانەی دەیانتوانی

جێگای بگرنەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، لە هەمان ئەو ساتەی نموونەی گشتی هەرە نوێ دادەهێندران بۆ وەسفکردنی سروشتی مرۆیی و سروشتی کۆمەڵایەتی بەشێوەیەکی وردتر، بواری گەیاندنی جەماوەری خۆی بنکەیەکی جەماوەری وەدەستدەهێنا. لە کۆتایی بیستەکان و سەرەتای سییەکاندا، بایەخدان بە هۆکارەکانی راگەیاندن پەرەی سەند بەوەی بابەتی لێکۆڵینەوەیە. دەستییان بەوەکرد لە تەنیا بۆچوونێکەوە دەگۆڕان بۆ لێکۆڵینەوەی رێکخراو لە کاریگەری ناواخنی گەیاندن لەسەر جۆری دیاریکراو لە خەڵکی. بەو پێیەی زۆرێك لە ئامرازەکانی لێکۆڵینەوە ئێستا لەبەردەستدان، ئەوا بیرۆکەکانیان لەسەر گەیاندنی جەماوەری بە وردی تاقیدەکرانەوە بۆ زانینی راستی ئەو دۆزینەوانە لە رووی تاقیکارییەوە. بەم شێوەیە وای لێهات بواری گەیاندنی جەماوەری ژمارەیەکی بەردەوام لە زیادبوونی دیکۆمێنەتەکانی دەست دەکەوت، کە توانرا بەشێوەی هەڵێنجان هەندێك چەمك و بیردۆزەیان لەسەر دابڕێژرێن. لە بەشی داهاتوودا، فیکرەی پتر هاوچەرخ لە بارەی هۆکارەکانی راگەیاندن پێشکەش دەکەین، کە وردتر تەماشای هۆکارە کۆمەڵایەتی و رۆشنبیرییەکان دەکا، کە رێچکەی ئەو هۆکارانە و مەودای هێزییان دیاردەکا.

## پەراوێزەکانی بەشی شەشەم

22. Harold D. Lasswell, *Propaganda Technique in the World War* (New York: Alfred A. Knopf, 1927), pp. 220–21.
23. Elihu Katz and Paul Lazarsfeld, *Personal Influence* (Glencoe, Ill.: Free Press, 1954), p. 20.
24. Lasswell, *Propaganda Technique*, p. 221.
25. Katz and Lazarsfeld point out that those who feared the media as potentially insidious devices if controlled by evil men and those who hailed them as beneficial means to improve democracy were assuming a similar great degree of media power. See Katz and Lazarsfeld, *Personal Influence*, pp. 15–17.

1. Shearon A. Lowery and Melvin L. DeFleur, *Milestones in Mass Communication Research*, 2nd ed. (White Plains, N.Y.: Longman, 1988). See Chapter 1.
2. Auguste Comte, *The Positive Philosophy*, trans. Harriet Martineau (London: George Bell and Sons, 1915), 2:289. First published in France between 1830 and 1842.
3. Ibid., p. 292.
4. Ibid., p. 293.
5. Ibid.
6. Herbert Spencer, *The Principles of Sociology* (New York: D. Appleton, 1898), pp. 452–62. First published in England in 1876.
7. Ferdinand Tönnies, *Community and Society (Gemeinschaft und Gesellschaft)*, trans. and ed. Charles P. Loomis (East Lansing: Michigan State University Press, 1957), p. 47. First published in German in 1887.
8. Ibid., p. 65.
9. Emile Durkheim, *The Division of Labor in Society*, trans. George Simpson (New York: Free Press of Glencoe, 1964). First published in France in 1893.
10. Ibid., pp. 62–63.
11. Ibid., p. 129.
12. Ibid., p. 130.
13. Ibid., p. 131.
14. Ibid., p. 137.
15. Ibid., p. 206.
16. Ibid., p. 353.
17. Ibid., p. 361.
18. See, for example, the well-known treatment of the "mass" by Herbert Blumer, which is still regarded as the classic modern statement of the concept: Herbert Blumer, "Elementary Collective Behavior," in *New Outine of the principles of Sociology*, ed. Alfred McClung Lee (New York: Barnes and Noble, 1939), pp. 185–89.
19. Leonard Broom and Philip Selznick, *Sociology*, 2nd ed. (Evanston, Ill.: Row, Peterson, 1959), p. 38. The quotation within the passage is from Kimball Young, *Sociology* (New York: American Book, 1949), p. 24.
20. Tönnies, *Community and Society*, p. 47.
21. George Sylvester Viereck, *Spreading Germs of Hate* (New York: Horace Liveright, 1930), pp. 153–54.

# بەشی حەفتەم

## تیۆری کاریگەری ئیختیاری

لە بەشەکەی پێشوودا ئەوەمان روونکردەوە، کە دوو رووداو هەن لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم روویانداوە، لە کۆتایدا, وایان کرد وازهێنان لەو هزرەی دەیگووت رووبەڕووبوونەوەی تاك لەگەڵ پەیوەندی جەماوەری (هۆکارە کانی راگەیاندن) کاریگەری دەمودەست بگرە راستەوخۆی هەیە لە سەرجەماوەر. یەکەمیان دەستپێکردنی لێکۆڵینەوەی تاقیکاری هەمەلایان بوو لەسەر کرداری پەیوەندیپێکردنی جەماوەر و کاریگەریی ئەنجامە کورتکراوەکان. ئەو لێکۆڵینەوانە بەهێواشی ئەو وێنەیان روونکردەوە کە لەگەڵ تیۆری بازدراو یان هاوێژەری جادوویی دژدەوەستیێ، بەڵام رووداوی دووەم، گەیشتنی زانایانی دەروونناسی وکۆمەڵناسانە بەچەند دەستهاتێکی نوێ و گرنگ، پەیوەندی بەتاك و هەوڵدانی کۆمەڵایەتی بوونە وەرە مرۆییەکانەوە هەیە. ئەو دەستهاتانەش لە دووبارە پێداچوونەوەی ریشەیی تیۆرە بنچیینەکانی تایبەت بە هەموو سەرچاوە و خەسڵەتێك کە سروشتی مرۆییان هەیە وەرگیراون.

ئەو هزر و نموونە نوێیانە ناوەڕۆکی روونیان هەبوو یارمەتیدەربوون بۆ تێگەیشتن لە کاریگەری هۆکارەکانی پەیوەندیکردن، هەمووشیان بە تەواوی دژبوون لەگەڵ ئەو تیۆرە بنەڕەتیانەی، کە تیۆری هاوێژەری جادوویان لێوەرگیرابوو. ئەو دوو رووداوە وایان کرد پێداچوونەوەی دارِشتنەوەی ئەو هزرانەی پەیوەندییان بەتاك و کاریگەری کۆمەڵایەتی هۆکارەکانی راگەیاندن هەیە کارێکی پێویست بێ. لەم بەشەدا، تیشك دەخەینە سەر ئەو گۆڕانکارییانە لە بواری لێکۆڵینە وەو تیۆردا، تا روونی بکەینەوە چۆن ئەو گۆڕانکاریانە بوونە هۆی دەرکەوتنی شێوەی نوێ بۆ کاریگەری هۆکارەکانی راگەیاندن.

لێکۆڵینەوەی تاقیکاری تایبەت بە کاریگەری هۆکارەکانی پەیوەندکردنی جەماوەری (هۆکارەکانی راگەیاندن) لەماوەی سەدەی بیستەمدا و لەگەڵ ئەو لێکۆڵینەوانەی (باین فاند) ئەنجامیدان دەستی پێ کرد، ئەوەش بەرنامەیەکی هەمەلایەن بوو کاریگەری فیلمە سینەماییەکانی لەسەر منداڵان روون دەکردەوە. ئەو فیلمانەش هۆکارێکی نوێ بوون لەگەڵ

سەدەی نویٚ دەرکەوتن وریٚژەی داوکاریشیان زیادیکرد، بەتایبەتی لە دەمی جەنگی یەکەمی جیهانی دا. لە ماوەیەکی زۆر کورتدا کە جیٚی باوەڕ پیٚکردن نییە (کەمتر لە بیست ساڵ)، فیلمە سینەماییەکان لە شتیٚکی نویٚ (داهیٚنانیٚکی نویٚ) گۆڕان بۆ یەکیٚك لە شیٚوە گرنگەکان، کە بۆ رابواردنی خیٚزان بە کاردیٚ. لە هۆڵ و شانۆ ((نیکلیە)) ( nickelodeons) سەرەتاییەکان کە لە سەرەتادا لە سینەمای رازاوە و قەشەنگ پیشاندەدرا، گۆڕاو بووبە هۆکاریٚکی خۆشرابواردنی پەسەند لای زۆرینەی تاکەکانی کۆمەڵ. لە ناوەڕاستی بیستە کاندا ملیۆنان خیٚزان هەموو هەفتە یەك ئەو فیلمانەیان دەبینی و ٤٥ ملیۆن منداڵی خوار تەمەنی ١٤ ساڵی لەناو ئەو بینەرانە دابوون. دەتوانین درك بەوە بکەین، کە دایك و باوکان گرنگییەکی قووڵیان بە کاریگەری زیانبەخش و شاردراوەی بینینی ئەو فیلمانە دەدا.

لیٚکۆڵینەوەکانی باین فاند بەدوای کاریگەری فیلمە سینەماییەکاندا دەگەڕا لەسەر فیکر و ئاکاری هەزاران تاك. ئەو لیٚکۆڵینەوانەش سەرسوڕهیٚنەربوون، چونکە زۆر بەوردی لەلایەن گەورە لیٚکۆڵەرەوانی ئەو سەردەم ئەنجامدرابوون..ئەنجامی ئەو لیٚکۆڵیینەوانەش بایەخیٚکی جەماوەری گەورەیان بەدەستهیٚنا، بەڕاستی بوونە هۆی رووداني پەستکردنی بەرچاو. سەرەتا بەوە دەستیپیٚکرد، کە پاڵپشتی ئەو بیرۆکەیە دەکا، کە دەڵیٚ فیلمەکان کاریگەری زۆر بە هیٚزیان لە سەرجەماوەر هەیە[1]. لەسەرەتادا وا دەرکەوت کە بە راستی فیلمە سینەماییەکان کاریگەری راستەوخۆ و دەمودەست و فراوانیان لەسەر ئەو منداڵانە هەیە، کە بینیویانن. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو بەرهەمهیٚنانانە نەوەستان، چونکە هۆکاری دیکە بەشداریان لە کرداری لیٚکۆڵینەوەدا کرد. بەشیٚوەیەکی گشتی, کاتیٚك وردی لیٚکۆڵینەوەکان زیادی کرد و ریٚژەیەکی زۆر لە دەستهاتەکان بە سەریەکەوە کەڵەکەبوون، بەشیٚوەیەکی بەردەوام ئەوە روون بووەوە، کە چەمکی هاویٚژەری جادوویی دژایەتی نییە، لەگەڵ ئەو راستیانەدا.

بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی سنووری شیٚوازی تیۆری هاویٚژەری جادوویی وای لیٚهاتووە بە شیٚوەیەکی چاکتر لیٚی تیٚدەگەین، وای لیٚهاتووە ئەوە روون بیٚ، کە تیۆرە نویٚیە تایبەتەکان بە هۆکارەکانی پەیوەندیکردنی جەماوەری پیٚویست بوون بۆ ئاراستەکردنی لیٚکۆڵینەوەکە بە شیٚوەیەکی پتر واقیعی. هەروەك لە بارەی تیۆرەکانی رابردوودا روویدا, چەمکی نویٚ لە هزری بنچینەیی وەرگیران، کە لە بواری زانستی دەروونناسی و کۆمەڵناسی پیٚکهاتبوو. ئەو دووبوارەش هەوڵیٚکی زۆریان دەدا تا لەلایەك لە تیٚڕوانیٚنیکی کەسیی لە سروشتی مرۆڤ تیٚبگەن و لەلایەکی دیکەش لە تیٚروانینی کۆمەڵ یان کارلیٚکراو، ئامانجیش لەوە ئاکاری تاکی

وگشتی بوو لە هەموو لایەنەکانییەوە، لە ناویشیاندا ئەو ئاکارەی بە هۆی رکابەری هۆکارەکانی راگەیاندن دروست دەبێ.

لەو بۆچوونە دەروونی و کۆمەڵایەتییە بنەڕەتییە پەرەسەندوانە، لێکدانەوەی نوێ بۆ کاریگەری هۆکارەکانی راگەیاندن دروستبوون. لە بەرئەم هۆیە پێداچوونەوەی کورت و پوختی بەرەوپێشچوونی تیۆری هەریەك لەو دوو زانستە کۆمەڵایەتییە بەکارێکی پێویست دادەنرێ بۆ تێگەیشتن لە هۆکارەکانی پێداچوونەوەی شێوەی بیرکردنەوەکە پەیوەندییان بەسروشتی هۆکارەکانی گەیاندنی جەماوەری و کاریگەرییەکانی و ئەو هۆکارانەی بوونەتە هۆی پەرتبوونی ئەو بۆچوونانە و کاڵبوونەوەیان بە ئاراستەی دیاریکراو.

دەتوانین هەندێك ئامادەکاری یان پێداویستی (یەدەگ) بۆ لێکدانەوەی ئەو مێژووە هزرییە بکەین. لەکاتێکدا وادەردەکەوێ هەندێك ئەنجامی تایبەت بە پێشکەوتنی تیۆری بنچینەیی و وەرگرتنی ئەو فیکرانەی پەیوەندییان بە هۆکاری راگەیاندنی جەماوەری روون و زۆر لۆجیکییەوە هەیە، پەیوەندی لەنێوانیاندا _لەوکاتەدا_ رێکخراو نەبوو هەروەك ئەوەی ئێستا روونە. لەماوەی سالآنی سەرەتای دەرکەوتنی لێکۆڵینەوەی تایبەت بە هۆکارەکانی راگەیاندن (بەر لەجەنگی دووەمی جیهانی)، بوارێکی ئەکادیمی یەکگرتوو نەبوو، کە ناوی ((پەیوەندی جەماوەری)) یان ((راگەیاندن لەسەر هەمان شێوە کە ئەو زانستی تێدا بوو و ناوی ((مێژوو) ) یان ((کۆمەڵناسی)) یان ((دەروونناسی)) یان زانستی لێکۆڵینەوەی مێژووی مرۆڤ ((ئەنترۆپۆلۆجی)) بێ و بەم شێوەیە بوو بە عادەت، کە ئەو کەسانەی لێکۆڵینەوەی لەسەر هۆکارەکانی راگەیاندن دەکەن لە لێکۆڵەرانی زانستی کۆمەڵایەتی بنەڕەتی یان لەو کەسانەن کەپاشخانێکی ئەکادیمیان هەیە، ئەوانەی کە ئاکاری جەماوەری هۆکارەکانی راگەیاندن وەکو بوارێکی گونجاو بۆ لێکۆڵینەوە و تاقیکردنەوەی چەمکەکان و بیردۆزەکان و ئەو تیۆرانەی، کە بەڕاستی لەوچەمکە تایبەتییانەوە وەرگیرابوون. بۆ نموونە، مامۆستا لە چوارچێوەی پەیوەندیکردنی جەماوەری لەوە تێگەیشتن، کە چۆن مندالآن وانەکانی خۆیان لە فیلمە سینەماییەکان وەردەگرن، هەروەها سیاسەتمەدار توانی رۆڵی رۆژنامە لە دەنگداندا کاریگەر بکا. کەچی دەروونناس، توانی گۆڕانی ئاراستەی یان ئەو هەڵوێستەی، کە گوێگرتن لە رادیۆ دروستیکردبوو و لێی بکۆڵێتەوە، زانای کۆمەڵناسیش توانی لایەنەکانی گونجان، کە بەهۆکارەکانی راگەیاندن کاریگەربوون، شیبکاتەوە. هەر بەکۆتاهاتنی لێکۆڵینەوەکە ئەو خەڵکە پسپۆرە دەگەڕانەوە بواری کارکردنی خۆیان بۆ بەردەوام بوون لە لێکۆڵینەوەکانیاندا بێ

ئەوەی هەوڵی لێکدانەوەی ناوەڕۆکی دۆزینەوەکانیان بدەن بۆ ئەوەی لێکدانەوە بۆ خودی هەڵسوکەوتی هۆکارەکانی راگەیاندن بکەن.

سەرەڕای پاشخانی جۆراوجۆر بۆ لێکۆڵەرە پێشوو و سروشتی نە گونجاوی لێکۆڵینەوەکانیان، بەڵام بەڕاستی زانیاری لەسەر یەك کەڵەکەبوون، توانرا بگەنە رێژەیەکی زۆر لە چەمك بیردۆزە و گشتاندنی تایبەت بە کرداری پەیوەندیکردنی جەماوەری و کاریگەرییەکانی لە رێی کۆمەڵە لێکۆڵینەوەیەکدا. لە هەمانکاتدا پەیکەری بواری بەرهەمهێن — یان بەواتایەکی وردتر نەبوونی پەیکەر بەبێ بنچینەیەکی راستەقینە ئەو چەمکانە بە یەکەوە کۆدەکاتەوە پاڵپشتیان دەکات و شێوازی وایان لێ پێکدینێ، کە بتوانرێ ناویان لێ بنرێ ((تیۆری پەیوەندیکردنی جەماوەری)) یان تیۆرەکانی راگەیاندن. کەواتە پێشکەوتنی تیۆرەکان لە ساڵانی بەراییدا نەگونجاو و بگرە بێ سەروبەریش بوون، بۆیە نەیانتوانی نموونەیەکی ورد و رێکخراو لە هەموو ئەوەی ئەوانەی پێشووشیان هێنابوو وەربگرن.

بەم شێوەیە، هەندێك لە تیۆرەکان _ئەوەی کە لەو چوارچێوەیەوە ئاماژە بە ((هاوێژەری جادوویی)) و ((کاریگەری ئیختیاری )) و ((جیاوازی تاکیی )) و ((جیاوازی کۆمەڵایەتی)) سەرەڕای تیۆرەکانی دیکە دەکا، کە دواتر ئاماژەیان پێدەکەین، زۆربەی کات بریتی بوون لە کۆمەڵە داهێنانێك کە بۆ رابردوو دەگەڕانەوە، لایەنی کەم هەندێك لەو ناونراوانە لە هەندێك لە لێکۆڵینەوە بەراییەکانی ئەو سەردەمەدا لە ئارادانەبوون. لەگەڵ یەك کۆکرانەوە ولە یەکدران و دواتر رێکخران و ناویان لێنرا بە تایبەتی لەلایەنی نووسەرەکانی ئێستادا، بەڵام ئەوە لە لایەن هەندێکی دیکەی بێجگە لەوان, تەواو کرا بۆ ئەوەی تێگەیشتن لەوەی لێکۆڵەرانی پێشوو کردوویانە کارێکی ئاسان بێ. کارێکی نائاشناش نەبوو، بۆ لێکۆڵەرەکانی پێشوو هەولْبدەن بۆ هەوڵدانەکانی لێکۆڵەرەکانی پێشوو و پۆلینکردنی بە شێوەیەکی نوێ و لە ژێر ناوی نوێدا. لە بواری فەلسەفەدا, بۆ نموونە, رێژەیەکی زۆری لێکۆڵەران پۆلین دەکرێن، کە عەقڵانی تەجریبین (لایەنگرانی تاقیکردنەوە و تێبینییەکان) پراگماتین یان کارەکین و بەم شێوە ..لەودەمدا, بۆچوونەکانی خۆیان بڵاودەکردەوە ئەو پۆلینانەش لەئارادا نەبوون، بەڵام بەکارهێنانی ناونراوەکان لەورۆژانەدا ئەو رێگایانەی فەلسەفە لێیانەوە پێشکەوتووە ئاسان دەکات، لەگەڵ یارمەتیدان بۆ تێگەیشتن لە هەوڵەکانی ئەو خەڵکە زۆرە. بەم شێوەیە، ئەوە توانی تیۆری گەیاندن پێشبخا.

سەرەڕای سروشتی نارێکخراوی لێکۆڵینەوەکانی گەیاندنی جەماوەری لە ساڵانی پێشوودا، بەلام ئەو لێکۆڵینەوانە پلەبەپلە یارمەتی کۆبوونەوەی کۆمەڵێك لە زانیاری پەیوندیدار بە هۆکارەکانی راگەیاندن و کاریگەرییەکانی دا، هەروەك یارمەتی دروستکردنی رێکەوتنی بە کۆمەڵیدا لە بارەی چۆنیەتی بوونی لێکۆڵینەوەکاندا.. سەرەڕای ئەو زانیارییە ((کەڵەکەبووانە)) زانستێك بەناوی زانستی ((پەیوەندیکردنی جەماوەری)) سەریهەڵدا لە کۆتاییدا _دوای چەند دەیەیەك لە هەڵسانی کۆلێژەکان و بەشەکانی خوێندنی باڵای تایبەتمەند، لە راگەیاندن بە پێشکەشکردنی پرۆگرامی رێکخراو بۆ دەسکەوتنی بڕوانامەی تایبەت لە لێکۆڵینەوەی تایبەت بەراگەیاندن. ئەو زانستە کەوتە بواری جێبەجێکردن کاتێك کە ئەو دامەزراوانە دەستیان بە مەشقپێکردنی تایبەتمەندییەکان لە پلەی دکتۆرا لەسەر لێکۆڵینەوەی زانستی تایبەت بە هۆکارەکانی راگەیاندن کرد. ئەو هەولانەش تا رادەیەك دواکەوتن (دوای جەنگی یەکەمی جیهانی). تا ئێستاش ئەو کێشمەکێشە هەیە ئەگەر هاتوو لێکۆڵینەوەی راگەیاندن وادابنرێ، کە زانستە یان تەنیا بوارێکی رێکخراوە بەرێکخستنێکی ناپەیوەست لە بایەخپێدانە رێکخراوەکاندا، ئەم کێشمەکێشە گەرمەی تائێستا لە ئارادایە, ئەگەر هاتوو ئەو بابەتە هەستیار نەبێ، کە بنچینەیەك هەیە یارمەتیمان دەدا بۆ دەستهات یان بەوەی دوو هۆکاری راگەیاندن هەن: دەستەیەکی ناوەندی هەیە بۆ لێکۆڵەران کە بەتەواوی خۆیان تەرخان دەکەن بۆ لێکۆڵینەوە لە هۆکارەکانی راگەیاندن, بەلأم دەستەکەی دیکە — لەپاڵ لایەنی یەکە ئەکادیمیەکان و کۆمەڵگە پیشەییەکانیان و تۆمارە هونەرییەکانیاندا- شتێك پێکدێنن، کە تا رادەیەکی زۆر لەو سیستەمەی بەشێوەیەکی رێکخراو زانیاری تایبەت بەکرداری پەیوەندیکردنی جەماوەری و کاریگەرییەکانی دەچێ. لەگەڵ ئەوەشدا، رێژەیەکی زۆر لە کۆمەڵناسان و وانە بێژانی زانستی رۆژنامەگەری تایبەتمەندەکانی راگەیاندن، و ئەوانەی دەم نادەم هەوڵ بۆ ئەو زانیارییە کەڵەکە بووانە دەدەن, بایەخپێدانە بنەڕەتییەکانیان پەیوەست بە زانستە رەسەنەکەیان دەمێنێتەوە.

بە شێوەیەکی گشتی، دەتوانین چاو بەپێشکەوتنی تیۆری گەیاندنی جەماوەریدا بخشینینەوە بەپێی یەدەگی ناوبراو و پێشتریش لەگەڵ زانستی زۆرینەی ئەو تاوانانەی لەسەر چەمکەکان پراکتیزەیان دەکەین لەو سەردەمدا. لەو نەبوون هەروەها بە وردی شێوازەکەی دانە رێژرابوو لەوماوەیەدا هەر وەك ئێمە ئەمڕۆ هەوڵدەدەین ئەنجامی بدەین. چاو بە دەستەیەك لە لێکدانەوەی پەیوەست بە کرداری پەیوەندیکردنی جەماوەریدا دەخشێنینەوە، ئەوەی کە دەکرێ

ناوی بنێن-ئەگەر بە یەکەوە کۆمان کردنەوە ((تیۆرەکانی کاریگەری ئیختیاری)) کەلە سێ شێوەی تایبەتمەند و پەیوەست پێکدێ کەلە ناسینەوەی زانایانی کۆمەڵناسی بەردەوام لەسەر نموونەی هەڵسوکەوتی تاکەکان و دەستەکان گەشەی کردووە. کاتێك ئەو نموونانە بەکارهێنران بۆ یارمەتیدانمان لە تێگەیشتن چۆنیەتی بایەخپێدانی خەڵکی و کاریگەریان بەهۆکارەکانی راگەیاندن, ناوی نرا ((تیۆری جیاوازیی تاکی)), تیۆری جیاوازیی کۆمەڵایەتی وتیۆری پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان. هەموو ناونانێکیش —هەروەك روون دەبێتەوە- لەسەر بیردۆزی بنەڕەتی دادەنرێ، کە پەیوەندی بە هەڵسوکەوتی مرۆڤی پێشکەوتوو هەیە لەو سەردەمەدا وەکو سەرەنجامێکی زانستی کۆمەڵایەتی بنەڕەتی.

## تیۆری جیاوازیی تاکی:

دەروونناسی لە کۆتایی سەدەدا تا رادەیەك بە گۆڕانێکی گەورەدا تێپەڕی(٢). لە سەرەتادا دەروونناسی رەگەزەکانی خۆی لەناو فەلسەفەدا درێژدەکردەوە، بەڵام بەتێپەڕبوونی سەدەی نۆزدەیەم ئەو زانستە وای لێهات بە دوو خەسڵەتی بنەڕەتی دەناسرایەوە و هەر دەشبووایە دواتر کاریگەری لەسەر پێشکەوتنیدا هەبا. ئەم خەسڵەتەش بە بناغەی دەروونی ئاکاری پەیوەست بوون بە بەکارهێنانی رێگەی تاقیکاری، بەوەی هۆکارێکی یاساییە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری دروست، بە سترابوونەوە. وای لێهات ئەوخەسڵەتانە بوون بە چەند بەندێکی جێگیر لە باوەڕی باو لە لقەکانی مەعریفەدا. لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا، گفتوگۆی فراوان دەستپێکرد((سروشت لە دژی سروشت))، وای لێهات ئەو گفتوگۆیانە تەرکیزیان دەخستە سەر سەرچاوەکانی گۆران یان تاك بوون (**uniqueness**) لە کەسایەتی(مرۆییدا). لەبەرچاوگرتنی، ئەوەی کە زانایانی دەروونناسی دەستیان بە لێکۆڵینەوەی تایبەت کردبوو بەفێرکردنی مرۆڤ و پاڵنەرەکان(شتە کاریگەرەکان)، بە شێوەیەکی بەردەوام ئەوە دەرکەوت، کە خەڵکی هەموویان لە رووی بنیاتی دەروونییەوە لە یەکتری جیاوازن. ئەوە دۆزرایەوە، کە کەسێتی هەموو بوونەوەرێکی زیندوو وەکو پەنجە مۆر لەوی دیکە جیاوازە. لەگەڵ ئەوەی هەموویان هاوبەشن لە شێوازی ئاکاری کۆمەڵایەتی تایبەت بە رۆشنبیرییەکەیان، بەڵام هەموو تاکێك بنیاتێك (پێکهاتە) یەکی درککردنی جیاوازی هەیە لە رووی پێویستی و چۆنیەتی درککردن و باوەڕو داب و نەریت و لێهاتوویی بەم شێوەیە... بۆیە_لە کۆتاییدا _

لێکۆڵینەوەی جیاوازیی تاکی کەوتە ناو ئەو هۆکارانەوە و دابەشکردنیشی بەسەرخەڵکدا بووبە کاکڵێکی گرنگ بۆ تەرکیزکردنی لیکۆڵینەوەی دەروونی.

## فێربوون بۆ رووبەڕووبوونەوەی خەسڵەتە بۆماوەییەکان وەکو سەرچاوەیەك بۆ جیاوازی تاکی:

پرسیاری هەستیاری پەیوەندیدار بە بنەڕەتی سروشتی مرۆیی ئێمە بەم شێوەیە بوو ئایا پێکهاتەی درککردنی تاکی خۆمان بە شێکە لەو پێکهاتەیە لە بۆماوەوە بۆمان ماوەتەوە، یان شتەکان بەو شێوەیەن، کە ئێمە وەکو ئەنجامی ژیانمان لە ژینگەی کۆمەڵایەتیمان وەریاندەگرین؟ لە بارەی ئەو بابەتەوە بەتایبەت گفتوگۆی زۆرکران ئایا درککردنی ئێمە کاریگەری هۆکارە بۆماوەییەکانی لەسەرە یان کاریگەری هۆکارە ژینگەییەکان؟ یان کاریگەرە بەوەی کەناوی نراوە ژینگەی بۆماوەیی؟

بەراستی ژمارەیەك لە دەروناسە بەراییەکان کۆمەڵناس بوون، ئەو زانایانە بە دوای رێگاکانی کاریگەری ئاکاری مرۆڤ بەپێکهاتەی جەستەیی تاکدا دەگەڕان. دوای ساڵی ١٨٦٠، ئەو شەپۆڵە نوێیە زۆر بە تیۆرەکەی ((داروین)) لە بارەی گەشەکردن و پێشکەوتنی کاریگەربوون لەو پاژەی کە بەپەیوەندی هۆکارە بایۆلۆجییەکان وگونجانیان لەگەڵ ژینگەدا هەیە. بەخێرایی، زانایانی دەروونناسی ئەوەیان گوت، کە بوونەوەرە مرۆییەکان زیندەوەرانێك نین بەتەواوی جیاوازبن، هەروەك بیرمەندە ئایینییەکان باوەڕیان وابوو، بەڵکو بۆ رێکخستن لەناو جۆرە ئاژەڵەکاندا دەکەونە دوایین بازنە لە بازنەکانی پێشکەوتنیاندا، هەروەکو داروین لە تیۆرەکەی خۆی گوتبووی. پاشان تێگەیشتن لە بوونەوەرە مرۆییەکان و لیکۆڵینەوە لە ئاکاری گیانداران بە شێوەیەکی گشتی کارێکی پێویستە. بەم شێوەیە و لە هەوڵێکدا بۆ داهێنانی بنچینەی ئەو ئاکارەی، کە لەسەر تەواوی زیندەوەرانداو لە ناویشیاندا مرۆڤیش پراکتیزە دەبێ، زانایانی دەروونناسی بە گەرموگوڕییەوە گۆڕان بۆ لێکۆڵینەوە لە گیانداران. باوەڕیان وا بووکە هەڵسوکەوتی زیندەوەران ئەنجامی تواناداری و ئاراستەکان و نموونەی بۆماوەییە لە رێی کرداری گەشەکردن و پێشکەوتنە درێژە لایداوە تا نەوەی ئێستا. هەروەها دەروونناسی بەراوردکاری ئەوە لە خۆ دەگرێ و دەشیسەلمێنێ، کە هەڵسوکەوت رەگەکانی خۆی لە پێکهاتەی فیسۆلۆژی دەشارێتەوە و خەڵکیش لەلایەنی دەمارییەوە پیشتر بەرنامەیان بۆ دارێژراوە بەزۆر رێگە بە

هۆی هۆکارەکانی گونجان، ئەوانەی کە سروشتەکەیان دیاریکردووە لە ڕێی کرداری هەڵبژاردنی سروشتی.

لەبەر ئەم هۆیانەش غەریزە یەکێك بوو لەباوترین هزرەکان لەو سەردەمەدا و لێکدانەوەی تەواوی هەڵسوکەوتە مرۆیی و ئاژەڵییەکانیش وەکویەك بەکاردەهات. وای لێهات ئەو گشتاندنەی دەیگوت هەڵسوکەوت بە هۆی غەریزەوە بڕیاری لێدەدرێ لەگەڵ کردارەکانی تێبینیکردنی هەڵسوکەوت لەگەڵ بەشێکی گەورە لە جۆرەکانی مەملەکەتی ئاژەڵان. لەبەرئەوەی مرۆڤ بەتەواوی لە ئاژەڵ دەچێ، زاناکان وایان دانا، کە ئەو لێکدانەوەیە لەگەڵ شێوە کانی هەڵسوکەوتی مرۆییش دەگونجێ. بەواتایەکی دیکە، وای لێهات لەگەڵ لۆژیکی ئەو وتەیە دەڕۆیی پێی وابوو ئەو بنەمایانەی کە هەڵبژاردن و هەڵسوکەوتە مرۆییەکان لێکدەدەنەوە دەکەونە ناو ئەو چوار چێوە بایۆلۆژییەی بەدەستهاتووە. لەلایەنی بەرانبەری ئەو بینەوبەردەیەشدا ئەوانە وەستابوون پێیان لەسەرئەوە دادەگرت، کە مرۆڤەکان کەسایەتی و تواناداری تاکییان لە ڕێی ئەو پسپۆرانەی لەو ژینگەیەی تێدا دەژین دەستیان دەکەوێ. ئاماژەشیان بە سروشتی شێوازی ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی مرۆیی کردووە، و ڕۆشنبیری مرۆڤیش ئەوەی، کە زانایانی ئەنترۆپۆلۆژیا باسی دەکەن ئالۆزکردووە، هەروەها ئاماژەشیان بەوەداوە، کە بوونەوەرە مرۆییەکان کەسایەتی کۆمەڵایەتی خۆیان لە ئاووهەوایەکی دیاریکراو بەدەستدێنن، کە تێیدا بچووکەکان لێی فێری نەریتی خۆیان دەبن و ئارەزوو و لێهاتویی و کەسایەتی خۆیان لێ وەدەستدێنن، ئەوەش لایەنی ژینگەییە لە گفتوگۆکاندا.

لە هەندێك لایەندا نەگەیشتنە چارەسەری یەکلاکەرەوە، هەندێك بواری وەکو ئەنسرۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی هێشتا هەوڵدەدا ئاکاری مرۆیی و ئارەزووە بۆماوەییەکان ئەوانەی کە وا دادەنرێ تائێستا مابن لە سەردەمی (سەعیقییەکان)ەوە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا بەیەکەوەیان ببەستێتەوە. لەڕاستیدا بابەتی لەم جۆرە جیاوازی میزاجی لەنێوان نێر و مێدا و ڕێسا تەقلیدییەکە دەڵێ ئەوە درێژەی ئەو شێوانەیە، کە بوونەوەرە مرۆییەکان تێیاندا گەشەیان کردووە لەژێر سێبەری ڕۆشنبیری کۆمەڵگەی ڕاوکردن، ئەمەش بەر لەمێژووی نووسراوی مرۆیی و هەتا دەگاتە ئەو سەدانەی بەرێژەیی نزیکن لەو چوارچێوەیەدا، دەگوترێ کوڕان مەیلێکی بۆماوەییان هەیە بۆ گەڕان بەدوای زۆریدا و ئەندامی قسەرۆیی و ناوماڵ بن و دەشڵێن ئافرەتان ئارەزووی پەروەردەی منداڵ و ئەرکە ماڵییەکان وگێڕانی ڕۆڵی ناوەنجی لە ناو خێزاندا دەبینن، ئەوانەی لە بەری دژی ئەو بۆچوونەن ئەمڕۆش بەردەوامن

لەسەر ئەوەی بڵێین ئەو جۆرە رۆڵ میزاجانە ئەنجامی جیاوازیکردنی کۆمەڵایەتییە لەنێوان کوڕان و کچاندا لە دامەزراوە ژینگەییە فەرمی و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیرییەکاندا.

لە کۆتاییەکانی سەدەی رابردوو یان لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا، دەروونناسی بەخێرایی لە رووی قەوارە و پێکەوە دەرکەوت و تیۆرە سەرنجڕاکیشەکانی فرۆید لە جیهانی فیکر ئاگریان کردەوە و ئەو مەیدانەش بوارێکی مەزنی بەتێڕاونینەکان بەخشی. ئەو لێکۆڵینەوانەی تایبەتن بە بەڕێوەبردنی زانستی ئەوەی، کە سەرئامەدانی دەروونناسی پیشەسازی ئەنجامیاندا لای ئەمریکییەکان ئەوانەی ئارەزووی کرداریان هەبوو، سەرنجی راکێشان وەرگیرا. وا دیاربوو کرداری تاقیکردنەوەی زیرەکی ئەوەی، کە بە شێوەیەکی بەرفراوان لەنێوان هەزاران سەرباز کە ناویان نووسرابوو، بۆ کەشتیگەلی لەماوەی جەنگی یەکەمی جیهانی، ئەوە دووپات دەکاتەوە دەروونناسی یەکێکە لە و بوارە گرنگانەی لێکۆڵینەوە، کە دەتوانێ یارمەتیدەربێ لە چارەسەری زۆریك لە کێشە کارەکییەکان.

لەگەڵ ئەوەشدا پێویست نەبوو دەروونناسان هێشتا هەر خۆیان پەیوەست بکەن بەو بیرۆکەیەی دەیگووت سروشت سەرچاوەی هەموو خەسڵەتەکانی مرۆڤە. لەگەڵ دەستپێکی ئەم سەدەیەدا، لقێکی نوێ لە لقەکانی دەروونناسی دەرکەوت. باوەڕێك پارێزگاری لە تەرکیزکردن لەسەر ئاژەڵان بکا و پەیوەست بێ بە ستراتیژیی تاقیکاری. لەگەڵ ئەوەشدا، ئامانجی سەرەکی تێگەیشتن بوو لەوەی چۆن ئاکاری تاك لەرێی ژینگەی کۆمەڵایەتی وەکو ئەنجامێکی کرداری فێربوون پێکدێ. پسپۆرانی ئەولقە نوێیەی دەروونناسی هەوڵیاندا ئەوە بدۆزنەوە کە چۆن خیبرە و تاقیکردنەوەی فێرکاری وەدەستهاتوو لەژینگەی کۆمەڵایەتی کاریگەری بەردەوامیان دەبێ لەسەر تاك. بایەخەکانیان بەشێوەیەکی تایبەت لە چۆنیەتی پێکهاتنی بنیاتی درککردنی (سیستەمی سایکۆلۆژی ناوەوە ئەوەی کە تاك وەدەستی دینێ) و جۆرەکانی وەڵامدانەوە ئەوەیە، کە لە کەسێکەوە دەردەچێ رووە و ژینگەی کۆمەڵایەتی چڕکرد بۆوە.لە کۆتاییدا، ((سایکۆلۆژیای فێرکاری)) بووە گرنگییەکی بنەڕەتی بۆ لێکۆڵەرانی کاریگەریەکانی هۆکارەکانی پەیوەندیکردنی جەماوەری. هۆکارەکانی راگەیاندن ببوونە هۆکارێك، کە لە رێگەیانەوە بیرۆکەکان بۆ ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی دەگوازرانەوە، کە ببوونە جەماوەری راگەیاندن. واش دەردەکەوت و روون بوو ئەو بیرۆکانە کۆمەڵێك گۆڕانکاری لە پێکهاتەی سایکۆلۆژی (بنیاتی درککردن) ئەو کەسانە دروست دەکەن، کە وەرگری پەیامەکانی راگەیاندنن. شیمانە بۆ کراویشە، کە ئەو فێرکارییە توانیویەتی هەڵسوکەوتی ئەو خەڵکە

بگۆڕێ بۆ پێشکەوتنی تیۆری فێرکاری. هەوڵدان بۆ مەزندەکردنی توانای عەقڵی مرۆڤ دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژگاری فەیلەسووفە گریکەکان. بەهاتنی سەدەی حەڤدە( ١٦٠٠ بەدواوە) توانرا بگەنە ئەوەی بایەخێکی دیاریکراو بەکرداری فێرکاری بدەن (لە ڕێی پەیوەندییەوە)، ئەوەش کاتێك بوو، کە تیۆری فێرکاری دەربڕینی لە بارەی خۆی لە کتێبەکانی جۆن لوك و دیڤدهیر و فەیلەسووفەکانی دیکە لە بەریتانیا دۆزییەوە، بەڵام تاقیکردنەوەی کردارەکی لەبارەی هۆشی مرۆڤەوە هەتا ساڵی١٨٨٠ و بەدواوە دەستی پێنەکرد. زانای دەروونناسی ئەڵمانی هیرمان ئیبنجاوز تاقیکردنەوەی فراوانی ئەنجامدا لەسەر خۆی وەکو کەسێك کە فێردەبێ و هەوڵیش دەدا ((کۆپلەی دەنگی هەندێك وشەی پروپوچ))ی بیربکەوێتەوە. ئیبنجاوز ئەوەی سەلماند، کە کاریگەری کرداری فێربوون لە سەر گۆڕاوە سەربەخۆکانی وەکو درێژی ماددەی بەکارهاتوو، ژمارەی دووبارەکردنەوەی لەکاتی دانی بە ئەو کەسەی تاقی دەکرێتەوە سەلماند. لە لێکۆڵینەوەی ئەوەشدا، کە چۆن بیر کاریگەر دەبێ و لەکار دەوەستێ. زانای ئەڵمانی گەیشتە ئەوەی، کە بە((هێزی لە بیرچوونەوە)) بەناوبانگە، کە پەیوەندی نێوان کات وردی لە تەرکیزدا دەسەڵمێنێ. ئەو لێکۆڵینەوە سەرەتاییانە بەشتێکی نوێ و ورد دادەنران، بەڵام بەکارهێنانی مرۆڤ لەو تاقیکردنەوانەدا سنوورێکی هەبوو، کە کاری لە تاقیکردنەوەکە دەکرد. زۆر زەحمەت بوو کەسانێك بدۆزیتەوە، کە خۆیان ئارەزووی ئەوەیان هەبێ تاقیکردنەوەیان لەسەر ئەنجام بدرێ. هەروەك دەسەڵات بەسەرداشکانیان لە بارودۆخێکی دەرەوەی بابەتەکە کارێکی زۆر زەحمەت بوو. وەك نەشدەکرا ئەگەر لە سنوورێکی دیاریکراو نەبێ مرۆڤ بخرێتە ناوبارودۆخی تاقیکردنەوەوە. توانرا بگەینە ڕێگایەك بۆ لێکۆڵینەوەی فێرکاری ئەوەش بەتەرکیز کردن لەسەر ئاژەڵان. بەم شێوەیە توانرا مەترسییەکانی پێشوو، کەلە تاقیکردنەوە لەسەر مرۆڤ هەبوون وەلابنرێن. تێبینی ئەوەشمان کرد، کە باوەڕبوون بە دەروونناسی بەراوردکاری زیادی کرد بەوەی ئەو کردارانەی ئاژەڵی پێ وەسف دەکرێ دەتوانین لە مرۆڤیشدا بیانبینینەوە و بەپێچەوانەشەوە. لە دە ساڵی یەکەمی سەدەی بیستەمدا(١٩٠٠-١٩١٠) چەمکی فێربونی عەقڵانی بۆماوەیی تیروانینی دەروونناسانی بۆلای خۆی ڕاکێشا بۆ لێکۆڵینەوە لە فێربوون لای گیانداران وەکو ڕێگەیەك بۆ دۆزینەوەی بنەما بنەڕەتی و باوەکان لەکرداری فێرکاریدا. هەروەکو ئەوەی ئاژەڵان لە تاقیکردنەوە پزیشکییەکان بەکاردێنین، کە دەبێتە هۆی دەستکەوتنی چەند ئەنجامێك، کە دەکرێ لەسەر مرۆڤیشدا پراکتیزەی بکەین، زانایانی دەروونناسی بەراوردکاری ئەوەیان لا دەرکەوت، کە

لێکۆڵینەوەی فێرکاری لای ئاژەڵان رەنگە ئەو کلیلەمان بداتێ، کە چۆن مرۆڤ شێوەی نوێی هەڵسوکەتی دەست دەکەون لە رێی فێربوونەوە. ئاژەڵەکان لەبەردەستبوون و هەروەك بارودۆخێکی نا جەوهەریشیان پێشکەش نەدەکرد، کە هیچ پەیوەندی بە بابەتی لێکۆڵینەوە (وەکو زمان) نەبوو، تا لێکۆڵینەوەکە تێکبدا هەروەك دەتوانرێ ئاژەڵەکان لە هەندێك تاقیکردنەوەدا بەکاربێن، کە ئەنجامدانی ئەو تاقیکردنەوانە لەسەر مرۆڤ مەحاڵە. بەر لە کۆتایی هاتنی سەدە. ئیدوارد. ل. سوراندایك (کە لەو کاتەدا قوتابی خوێندنی باڵا بوو) تاقیکردنەوەی زیرەکی ئەنجامدا. لەسەر پشیلە تا بزانێ چۆن لەناو سندوقی مەتەڵەکان رادەکا تا خواردنی وەکو دیاری سەرکەوتنی پێبدرێ، کە توانیویەتی بەربەستەکانی ناو سندوقەکە ببڕێ. سۆراندایك ئەوەی دۆزییەوە، کە ئەگەر دیارییەکان خێرا و بەدڵنیاییەوە بدەین، ئەوا پشیلەکان خێراتر فێردەبن. لە تاقیکردنەوەکانی بە رێگای ((تاقیکردنەوە هەڵەکردن))ی بەناوبانگ، سۆراندایك هەڵسوکەوتی جوجکەکان لەناو سندوقەکانی ئەو نووسراوانەی لەپاڵ یەکدا دانرابوون کۆڵییەوە، توانی وێنەی لادەری فێرکاری بکێشێ و گەیشتە ئەنجامی گرنگ لە بارەی پەیوەندی فێرکارییەوە ئەوەی دواتر زانایان ناویاننا ((پاڵپشتی)) یان پێشکەشکردنی دیاری بۆ وەڵامە راستەکان.

ئەو تاقیکردنەوە جیاوازانە بوونە هۆی ئەوەی سۆراندایك یاسا ناسراوەکانی خۆی بەناوی ((یاسای کاریگەری)) دابنێ ئەوەش دەستکارییەك بوو بۆ پرەنسیپی پێشوو، کە بە ناوی ((چێژ و ئازار)) ناسرابوو. دواتریش ئەنجامەکانی سۆراندایك بوونە هۆی ئەوەی ببنە بناغەیەك بۆ تیۆری بی .ئێف.سکینەر و بۆ تیۆرەکانی دیکەش، کە زیاتر روونکرابوونەوە لە کرداری گونجان ئەو کەسەی لەژێر تاقیکردنەوەدایە، وەستانی وەڵامدانەوە، پێکهێنانی هەڵسوکەوتی لە رێی کردارەکانی پاڵپشتی خولاوە.

تەقریبەن لە هەمانکاتەدا و دوای کۆتایی هاتنی سەدەی رابردوو، زانای فسیۆلۆژی روسی ئیڤان باڤلۆڤ توانی دەستکەوتێك لەو کاتەدا لەسەر ئاژەڵان بەدەستبێنێ، کە باوەڕ ناکرێ. باڤلۆڤ توانی ئاکاری کسۆکێکی ئاسایی و لیك و ئاگادارکەرەوەیەکی دەرەکی (زەنگ یان لیك) بەیەکەوە ببەستێتەوە. ئەوە دەرکەوت، کە هیچ سەگێك لیك ناکا لە بارودۆخی ئاساییدا کاتێك گوێی لە دەنگی زەنگ دەبێ، بەڵام باڤلۆڤ لە تاقیکردنەوەکەیدا توانی پەیوەندییەك لەنێوان ئەو دووانەدا (یاری و زەنگ) دروست بکا وەکو نموونەیەکی جێگیری هەڵسوکەوت. تاقیکردنەوەکانی باڤلۆڤ دانسقە بوون و زانست بە هۆیەوە زۆر پێشکەوت و بووە هۆی دووبارە

پێداچوونەوە بە بیرکردنەوەکان لە بارودۆخی گرنگی هۆکارە بۆ ماوەییەکان لە بارەی فێرکاری لە ژیانی ئاژەڵە ئاڵۆزەکاندا تاقیکردنەوە نایابەکەی باڤلۆڤ بناغەی پێشکەوتنی کۆمەڵێك تیۆری دانا ئەوەی کە ناوی کرداری ((گونجانی کلاسیکی ))لێنرا.

گرنگی ئەو تاقیکردنەوە بەراییانە ئەوەی چەسپاند، کە چۆن ئاژەڵان لە ڕێی کرداری فێربوون دەتوانن نموونەی هەڵسوکەوت لەو ژینگەیەی دەوروبەری داون وەدەستبێنن، وەدەستهێنانی ئەوانە لە ڕێی هۆکارە بۆماوەییەکانە، کە لە دایکبوون لێیەوە ئاسان نەبوو. ئەگەر ئاوڕێك لە پشت خۆمان بدەینەوە، ئەوە وەکو بیرۆکەیەکی روون دەردەکەوێ، بەڵام کاتێك باڤلۆڤ تاقیکردنەوە بەناوبانگەکەی ئەنجامدا وانەبوو. لەو ماوەیەدا زانایانی دەروونناسی قەناعەتیان بەوە هەبوو، کە هەموو گیانلەبەرەکان _لەناویشیاندا مرۆڤ ئەو هۆکارانەی، کە هەڵسوکەوتی بەڕێوەدەبەن بۆی ماونەتەوە. لەپڕ شێوەی جوداجودا دەرکەوتن لە گونجان و فێربوون، کە بوونە هۆی دووبارە پێداچوونەوەیەکی بەهێز بەو بۆچوونە باوانەی لە بارەی ئاکاری ئاژەڵان و مرۆڤدا هەبوو بەیەکەوە بەتایبەتی لەوڵاتە یەگکرتووەکەندا. تاقیکردنەوەی لێکۆڵینەوەی فێرکاری لای ئاژەڵان بازیدا بۆ دەستپێکی بایەخی لێکۆڵەرەوان. ئەو باوەڕە بڵابووەوە، کە لێکۆڵینەوەی چۆنیەتی فێربوون لەوەی ئاژەلەکان لە بارودۆخی جیاوازدا ڕەنگە لە کۆتایدا ببێتە هۆی ڕەخساندنی کۆمەڵێك هۆکار بۆ زانین و تێگەیشتن لەکرداری فێربوون لەلای مرۆڤ لە ساڵەکانی دوایدا، پێشکەوتن لە ژمارەیەك تیۆری رکابەر لە بارەی فێربوونەوە روویدا. ئەو تیۆرانەش کردارەکانی گونجانی کلاسیکی و ئامێری لەخۆگرت، بەڵام ئەلتەرناتیڤی دیکەشی لەخۆگرت، وەك فێربوون لە ڕێی مەعریفەوە، فێربوونی کۆمەڵایەتی لە ڕێی نموونەکانەوە ئامانجی هەموو ئەو تیۆرانە ئەوە بوو، کە بسەلمێنێ چۆن بوونەوەرە زیندووەکان (لەناویشیاندا مرۆڤ) دەتوانرێ لەلایەنی دەروونییەوە چاککردن و دەستکاری بکرێ لە ڕێی ئەو تاقیکردنەوانەی لەناو ئەو ژینگەیەی دەوریداوە ڕێیان تێی دەکەوێ. گۆڕانیش بە ڕێگەیەك روویدەدا دەتوانرا لەگەڵ نموونە چەسپاوەکانی هەڵسوکەوت و ئاکار لە بارودۆخێکی دیاریکراو بڕەخسێ، بەڵام ئەمڕۆشی لەگەڵ دابێ ئەرکی تێگەیشتنی کرداری فێربوون لای مرۆڤ کۆتایی پێ نەهاتووە. هێشتاش گفتوگۆیەکی گەرم لەبارەی راستی ئەو تیۆرەوە هەیە، کە دەڵێ ئەو تیۆرانەی کە توانرا لەبارەی فێربوونەوە پێیان بگەین، ئەوەش لە ڕێی ئەنجامدانی تاقیکردنەوە و لێکۆڵینەوەکان لەسەر ئاژەڵان لە کارگەکاندا وەکو مشك و پشیلە و مەیمونەکان، دەتوانرێ لەسەر ئەو مرۆڤە بەکاربێ کە زمانی قسەکردن بەکاردێنن.

هەندێك پێ لەسەر ئەوە دادەگرن، کە لەسەر مرۆڤ جێبەجێ نابێ. سەرەڕای ئەوەش، هیچ ڕێگایەك نییە بۆ هەڵاتن لەوەی  مرۆڤ توانایەکی نا ئاسایی هەیە بۆ فێربوون، ئەوەش بە چەند ڕێگەیەکی جیاواز ئەنجامدەدا.

ئەگەر پرەنسیپەکانی بەڕێوەبردنی کرداری فێربوون و مەودای ڕاستییەکەی بۆ مرۆڤ هەرچۆنێك بێ، ئەوا ئەو بایەخدانە مەزنەی زانایان تەرکیزیان لەسەر کردووە، دەریخستووە، کە بۆچی مرۆڤەکان هەموویان لە پێکهاتەی دەرەوەیاندا لەیەکدی جیاوازن هەر چەندە لەیەك کۆمەڵگەشدا دەژین. سەرەڕای ئەوەی تەواوی ئادەمیزادەکان میراتی بایۆلۆژیان لە بۆماوەوە بۆ دەمێنێتەوە، توانای پێشکەوتنی جیاوازیان پێدەدا، ئەوا ڕێگەی هەڵسوکەتەکانیان دەتوانرێ بەچەندین ڕێگا دەستکاری بکرێن بەبێ گەمارۆدان ئەوەش بەهۆی ئەوەوە یە، کە لە کۆمەڵگەو رۆشنبیرییەکەیان وەریدەگرن. بەم شێوەیە و بۆ ئەوەی لە خەڵکی تێبگەین، پێویستە لەوە تێبگەین، کە هەر یەکێکیان لە رووی سایکۆلۆژییەوە (دەروونی) لەوەی دیکە جیاوازە. دووکەس نابینییەوە لە جیهاندا  بەهەمان تاقیکردنەوە لە کرداری فێربووندا تێپەڕیبن، بۆیە دووکەس نابینینەوە کۆتایەکەیان ئەوە بێ هەردووکیان هەمان نموونەی ناوەکیان هەبێ ئەوەی کە لە ڕێگەی گونجانی لەگەڵ جیهانی دەوروبەریدا فێری دەبێ، بۆیە دەتوانین بڵێین جیاوازییە تاکییەکان (لە پێکهاتەی تایبەت بە مەعریفەدا) ڕەگی خۆی هەیە لە کرداری خودی فێربووندا.

**فێربوونی راوێژکاری**. لە چاکی دانان بەگرنگی فێربوون، بایەخێکی بەکۆمەڵ بەکرداری بەئاگاهاتن و راوێژکاری سەریهەڵدا. لێکۆڵینەوەی بەدواداچوونە بێزراوەکان لە ژینگەی لێکۆڵینەوە کارگەییەکاندا پێگەیەکی دیاری لە تاقیکردنەوە لەسەر ئاژەڵان بەدەستهێنا، سەرەڕای تەرکیزکردنیش لەسەر فێربوون. ئەو دووچەمکەش پەیوەندییەکی توندوتۆلیان بە یەکەوە هەبوو. جۆری جیاواز لە چێژ و پاداشتەکان پێشکەشی ئاژەڵان کران، یان رووە و چەشتنی جۆری جیاواز لە بارنجی کردن و ئازار پاڵنراون، بۆ ئەوەی بزانن ئایا ئەو ئاژەڵانە لەژێر ئەو کاریگەریانە دا خێراتر یان هێدی تر فێربوونە. لیستێکی دوور و درێژ لە هۆکارەکان لەماوەی تاقیکردنەوە لەسەر ئاژەڵان لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە. بەکارهێنانی تاکەکانیش لە زۆربەی لێکۆڵینەوەکاندا کارێك بووە بیری لێنەکراوەتەوە .. جۆراوجۆر، مشك و سەگ و مەیمون و چەندین جۆرە بوونەوەری دیکە تووشی شۆککردنیان و سووتان و لە دەستدانی مێشك و زیادەرۆیی لە تیژکردنیان یان بارنجی کردنیان لە ئاو یان نووستن یان سێکس یان شووشتن،

مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو ئاژەڵانەدا بەزۆر ڕێگە بووە بۆ ئەوەی بتوانرێ کلیلەکانی گەیشتن بەراوێژ یان نەبوونی راوێژ دەستەبەر بکرێن لە رووداوەکانی وەڵامدانەوە جۆرییەکانی کارتێکەرەکان. ئەنجامی کۆتایی ئەوە بوو درککرا بەوەی، کە پێوستییە بایلۆژییەکان لای ئاژەڵان و لای مرۆڤیش دەتوانرێ ببن بەکارتێکەری بەهێز. رەنگە گرنگترین دەستهاتیش ئەوە بێ، کە زۆرێك لە کردارەکانی کاریگەری کە پاڵ بە هەڵسوکەوتی مرۆڤەوە دەنێن و ئاراستەی دەکەن پاڵنەر (کارتێکەرەکان)ە بەدەستهاتووەکانن. ئەوەش مانای ئەوەیە ئێمە ((فێردەبین)) پێویستیمان بە کەرەستەی دیاریکراو و هەڵوێست و ئەو تاقیکردنەوانەی کە لەپڕبوونیان وەئاگاماندێنێ بۆ پەیوەست بوون بەجۆری دیاریکراو لە هەڵسوکەوت. لە کاتێکدا کارتێکەرە بایۆلۆژییە بۆماوەییەکان (برسییەتی و تینوێتی و ئارەزووی سێکسی) رەنگە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە هاوشێوەبن، دەبینین کارتێکەرە دەستهاتووەکان یان ((فێرکارییەکان)) لە ئەنجامی پسپۆری و تاقیکردنەوە کۆمەڵایەتییەکانمان پەیدا دەبن. بەلەبەر چاوگرتنی ئەوەی هەموو تاکێك دەستەیەکی جیاوازی لە خیبراتی فێرکاری هەیە لەماوەی ژیانی لە ژینگەیەکی دیاریکراو و رێکخراو، ئەوا لەو پاڵنەرانەی، کە تاکێك وەدەستیان دێنێ ژمارەیەکی زۆر لە جیاوازی تاکی بۆ دەرخستین. ئەو درککردنەش بە تێپەڕینی کات بووە هۆی دەرکەوتنی رێگای نوێ لە بیرکردنەوە لە لێکۆڵنەوەی کاریگەرییەکانی هۆکارەکانی راگەیاندن.

**لە غەریزەکانەوە بۆ ئاڕاستەکان.** وشەی ((غەریزە)) دەربڕینێکی کلاسیکی ئاشنایە بۆ هێزی کاریگەری ئەوەی، کە زانستی زیندەوەرزانی لەسەر دروست دەبێ. ئەو چەمکە لە فسیۆلۆژیای دەروونناسی لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا پەیدابوو. باشترین سیفەتی ناسراویش ئەو سیفەتەبوو، کە ویلیام ماکرۆگال داینا، ئەوەی زیاتر لە غەریزەی بنەڕەتی خستەڕوو کەپاڵ بەمرۆڤەوە دەنێ و دەسەڵاتی بەسەر هەڵسوکەوتەکانیدا هەیە بە رێگەی ئاڵۆز[٩]. وای لێهات ئەو چەمکە لە تیۆرەکانی شیکاری دەروونیش دانرا. فرۆید زۆرێك لەو بیرۆکانەی قۆستەوە بۆ نموونە غەریزەکانی ژیان و مردن و پاڵنەرە فیکرییەکان بۆ تێربوونی سێکسی، کە وا لە هەڵسوکەوت دەکا ئاڵۆزبێ. لەگەڵ ئەوەشدا لەماوەی سەدەی بیستەمدا زانایانی دەروونناسی کۆمەڵایەتی دەستیان بەوە کرد بەشێوەیەکی بەردەوام لەو فیکرەیەی، کەئاماژە بەوە دەکا مرۆڤەکان ئامێری پاڵنەری ئاڵۆز و هەمەگیریان بۆ دەمێنێتەوە، دەیانڕوانی. بەڵگە زۆرەکان لەسەر تواناداری مرۆڤ بۆ گۆڕان و بایەخدانی بەردەوام بەگرنگی تێکەڵبوونی کۆمەڵایەتی و کرداری رۆشنبیرکردن و فێربوون وەکو کێشەیەك، کە کەسایەتی دروست دەکا، بەتەواوی دژی

بیرۆکەی غەریزە بوو. ئەنجامی کۆتایش ئەوە بوو لەگەڵ کۆتایی هاتنی دەیەی بیستەکان زانایانی دەروونناسی کۆمەڵایەتی وازیان لە چەمکی غەریزە هێناو ئەو چەمکە راستی خۆی لە دەستدا و ئەو بەڵگانەی لەسەر ئەو هەبوون داتەپین. لە زۆرێك لە کۆمەڵگەکاندا، نموونە و بیرۆکەکانی هەریەك لە ماکدۆگال و فرۆید پێشتر ئاماژەیان پێکرا زمان یان هەتا بە هۆی سروشتی رۆشنبیرییەوە پێچەوانەش بوونەوە، بەڵام ئەمڕۆ، لە کاتێکدا کە هێشتا چەمکەکە لە بواری تێگەیشتن لە هەڵسوکەوتی گیانلەبەراندا گرنگە، دەبینین تیۆرەکانی غەریزە مرۆییەکان تەنیا شتێکی مێژوویین.

لەگەڵ ((مردن)) ی چەمکی غەریزە، دەروونناسی کۆمەڵایەتی خۆی لە بۆشاییدا بینییەوە دوای بەتاڵکردنی بڕێك لە ناوەڕۆك و ناواخنەکەیدا. ئەوەی ئێمە پێویستمانە ئەو چەمکە تیۆرییەی، کە دەکرێ وەکو چەمکێکی کاریگەری فراوان بیری لێبکەینەوە تا ئەو رادەیەی دەیکاتە بزوێنەری یەکەمی کۆمەڵێك هەڵسوکەوت. سەرەڕای ئەوەش، دەبووایە ئەو چەمکە واش ببایە یەکێك لە ئەمانجەکانی فێربوون.

ئەو چەمکە دەرکەوت بۆ ئەوەی ناوەندی ناوەنجی بخاتە کار، چەمکەکە ((ئاراستە یان هەڵوێست))بوو، هات بۆ ئەوەی ناوەندی ناوەنجی داگیر بکات، ئەوەی کە چەمکی غەریزە کاری پێ دەکرد. ئەو چەمکەش لەوکاتەدا نموونەیی بوو، تەرکیزی خستەسەر جیاوازی نێوان هەڵسوکەوتی بوونەوەرە مرۆییەکان ئەوانەی، کە لە رێگەی کرداری فێربوون و وێکچوون، کە بۆ پێکهاتەی بایالۆجی دەگەڕێتەوە. لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا بایەخی ئەو چەمکە زیادی کرد بەوەی هۆکارێك بوو، بۆ شرۆڤەی ئاراستەی هەڵویستە جیاوازەکان و توندی هەست و سۆزە پەسندکراوەکانی مرۆڤ خۆشەویستی و رك لێبوونەوە، پێ رازیبوون و رەتکردنەوە. ئەو ئاراستەیە چەمکێکی درککردنبوو زۆرێك لە زانستە جیاوازەکان زانیان لێکۆڵینەوە و چەمکەکانیان بەپێی ئەوەوە تەواو بکەن.

چەمکی(( ئاراستە))یان هەڵوێست وا پێشکەشکرا، کە ئامێرێك یان هۆکارێکی بەرنامە بۆ دارێژراوە بۆ شیکارکردن لە نووسینەکانی کۆمەڵناسانی وەك ویلیام تۆماس و فلوریان لە کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانی ئەو زانایانە پێناسەی ((ئاراستە))یان هەڵوێستیان کرد، کە (کرداری درککردن لای تاك کە چالاکییە راستەقینە شیمانە بۆ کراوەکان لە جیهانی کۆمەڵایەتیدا دیار دەکا)). دوای ماوەیەکی کەم، سەدان پێناسەی هاوشێوە خرانە روو زۆرینەیان پارێزگاریان لەوە دەکرد، کە ئاراستە و هەڵوێستەکان جگە لە ((ئامادەیی پێشینە))

ی فێرکراو یان وەدەستهاتوو شتێکی دیکە نییە، ئەو ئاراستە و هەڵوێستانەش ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە پێکهێنانی ئاکاردا. بەزوویی وای لێهات ((ئاراستە))یان هەڵوێست بووە یەکێك لەو چەمکە تییۆرانەی، کە زۆرترین چەسپاندنی هەبوو لە دەروونناسیدا، لایەنی زۆری ئەو چەمکەش تا ئەمڕۆش وەکو خۆی ماوەتەوە.

لەماوەی دەیەی بیستەکاندا، کە ژمارەیەك لە تەکنیکی ورد و ئاڵۆزی بیرکاری بۆ پێوانی (ئاراستە ))یان هەڵوێست بەخۆ دەبینیێ، پێناسەیەکی دیکەی سنووردار بۆ واتای چەمکی ((ئاراستە)) لای دەروونناسی کۆمەڵایەتی دەرکەوت لەگەڵ ڕەخسانی تەکنیکیانە، وای لێهات پێویست بوو لێکۆڵینەوە لەسەر هۆکارەکانی پەیوەندی ئەنجامی ئاراستەکانی خەڵك و هەڵوێستەکانی بەیەکەوە ببنە ئەنجامی بەیەکەوە بوو. لەماوەی دەیەیەکدا وای لێهات سەدان_بەڵکو هەزاران لە وتار و نامەی زانستی کەوتنە بەردەست لە بارەی چەمکی ((ئاراستە))یان هەڵوێست، چونکە ئەو تەوەری تەرکیزی سەرەکیان بوو.

لایەنی کەم سێ هۆ هەبوون بۆ ئەو بڵابوونەوە بەرفراوانەی ئەو چەمکە. هەروەکو پێشتریش رونمان کردەوە، ڕێژەیەکی زۆر لە پێوەرەکان لە بەردەستدا بوون و ڕەخساندنیشیان تا ڕادەیەك ئاسان بوو (هەرچەندە تائێستاشی لەگەڵدا بێ یەکێکە لە ئامێرە هەرە خراپ بەکارهێنراوەکان بە شێوەیەکی بەربڵاو لە کۆمەڵناسیدا). ئەو ئامێرانە نموونەیی بوون وەکو هۆکاری پێوان لە کردارەکانی ڕوپێویدا، کە دەتوانرێ دەستەی لێکۆڵینەوە فۆڕم پڕ بکەنەوە. بەهەمان ڕادەی گرنگیش لەو کردارانەدا زانیاری ژمارەیی گەشەیان کرد کە ڕاستەوخۆکردنی بەیەك بەهۆی شیکاری ئاماری، کە هەر زوو بووە شێوازی پەسند لەکرداری وەسفی زانستیدا و بنچینەی دەرکردنی ئەو بڕیارانەی بە پێویستی نەوەوە پەیوەستن. لە کۆتاییدا بەکارهێنانی چەمکەکە لە تاقیکردنەوە لە جۆری (پێشتر /پاشتر) ئاسان بوو، بۆ ئەوەی زانایان بزانن ئایا تاقیکردنەوە تەنگە تاوەکو گۆڕانێکی لە ئاکاری تاکەکان دروستکردووە یان نا. لە ئەنجامی ئەوەشدا تاقیکردنەوەکانی تایبەت بە ((ئاراستە)) و کردارەکانی ڕوپێوی ئەوانەی لە سییەکاندا لە هەموو بوارەکاندا بە ڕێژەیەکی زۆر زیادانە ئەنجامدران. هەوڵەکان بۆ لێکۆڵینەوە لە ئاکاری تاکەکان تەرخانکران. ئاسایشە، کە لە ناو ئەمانەدا لێکۆڵینەوە لە هۆکارەکانی پەیوەندی جەماوەری هاوێر نەکرێن.

دوو لایەنی دیکەش لە چەمکی ((ئاراستە)) دا هەبوون هەرزوو پاڵیان پێوە نا بۆ کاکڵەی لێکۆڵینەوەی شوێنەوارەکانی هۆکارەکانی پەیوەندی جەماوەری: لایەنی یەکەم بەر لە

هەڵگیرسانی جەنگی دووەمی جیهانی، باوەڕێکی توند بڵاوبووەوە، کە هۆکارەکانی پەیوەندیکردن_ بەوەی هۆکاری گواستنەوەی پەیامی راگەیاندنی قەناعەت پێکەرن_ دەتوانن ئاراستە یان هەڵوێستەکان بگۆڕن. لەژێر سێبەری ئەو چەمکە دەروونییە دینامێکییەدا (لە پەیوەندیدارییە کردارە عەقڵییەکان یان سۆزدارییەکان کە لە قۆناغی سەرەتایی منداڵیدا گەشەی کردووە و پەیوەندی بەکاریگەری لەسەر ئاکار و بارودۆخی عەقڵیدا) پێشبینی جێبەجێکردنی پرۆژەی لێکۆڵینەوەی زۆر و پرۆگرامی زەمەنی دەکرا(بە تێڕوانین لەوەی ئەو هۆکارانەی درککردن ئاکار پێکدێنن). بەشێوەیەکی تایبەت لێکۆڵینەوە لەسەر سوودەکانی فیلم بۆ مەشق پێکردنی سەربازان لەماوەی جەنگدا، هەروەها پرۆگرامی زانکۆی بیل بۆ لێکۆڵینەوەی تایبەت لە گەیاندن و گۆڕینی ئاراستە یان هەڵوێست تەرکیزێکی راستەوخۆی خستە سەر کاریگەری و ناواخن پەیام و بارودۆخە کاریگەرەکانی دیکە، کە دەکرێ بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەو گۆڕانکارییانە بەکاربهێندرێن، بەڵام لایەنی دووەم لەو چەمکەدا گرەنتی هەبوو بە -بەبێ هێنان و بردن_ ئاراستە و هەڵسوکەوتەکان پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوانیاندا هەیە، ئەو بیرۆکەیەی ئەو کات لە ئارادا بوو، ئەوە بوو کە ئاراستەکان بەپێی ئەوەی لە پێناسەی یەکەمی ئەو چەمکەدا هاتووە هەڵسووکەوتەکان پێکدێنێ. دواتر ئەگەر تاکێك توانی ئاراستەی تاکەکانی دیکەی جەماوەر لە رێی بە کارهێنانی پەیامە قەناعەتپێکەر بگۆڕێ، ئەوا بەپێی ئەمە دەتوانێ بەدڵنیایەوە گۆڕان لە ئاکاری ئاشکراو روونیان بکا. ئەم جۆرە چەمکانە بوون، کە وایان کرد چەمکی ((ئاراستە)) وادەربکەوێ کە زۆر گرنگە لە بواری توێژینەوە گەیاندنییە جەماوەرییە لە دایکبووەکان. ئێستا و دوای قۆناغی رسکان دەبینین ئەو بیردۆز و گرێنتیانەی، کە لە سییەکانەوە تا شەستەکان بێ بنەچەبوون، چونکە ئاراستە و هەڵسوکەوتەکان زۆر کەم بە شێوەیەکی لەیەکچوو لەگەڵ یەکدا دەگونجێن. کۆمەڵەی بنەڕەتیش لە توێژینەوەکەدا ئەوەی دەرخست، کە بێگومان ئەوانەی عادەتەن بە یەکەوە نابن[١٣] لەگەڵ ئەوەشدا سەرەڕای ئەو توێژینەوە دژە هێشتا زۆرێك لە لێکۆڵەرانی بواری گەیاندن بەدانانی بیردۆزە بەوەی گۆڕان لە ئاراستە یان لە هەڵوێستدا لە رێی رووبەڕووبوونەوەی پەیامە قەناعەت پێ کەرەکان بە پێی ئەوە هەڵسوکەوتەکان دەگۆڕێ.

هەرچۆنێك بێ لەو رۆڵی جیاوازی تاکی لە پێکهێنانی بەرسڤەکانی هۆکارەکانی گەیاندن گەورەترین شەپۆل بوو لەو توێژینەوانەی تایبەت بوون بەهۆکارەکانی راگەیاندن هەر لە سەرەتای ماوەی پێشوو راستەوخۆ بۆ جەنگی دووەمی جیهانی و تا سەرەتای شەستەکان،

بیرۆکەی بنچینەیی ئەوە بوو، کە جیاوازی تاکی لە بنیاتی دەروونی یان درککردن بۆ تاکەکانی جەماوەر کلیلی پێکهێنانی گرنگیدانیانە بە هۆکارەکانی راگەیاندن و هەڵسوکەوتیان رووەو ئەو لایەن و بابەتانەی گفتوگۆیان لەسەرکراوە. بەم شێوەیە دەبینین ئاراستەیەك یان هەڵەیەك بۆ خۆی لەم بیرۆکەیەدا نییە، ئەگەرچی کەموکوڕی هەرە گەورەی لەوەدا کۆدەبێتەوە، کە وێنەیەکی ناتەواومان لە پەیوەندی نێوان مرۆڤ و هۆکارەکانی گەیاندنی جەماوەری پێ دەدا.

## بەیاناتە دەروونییەکان و دابەشکردنی بازاڕ:

لەو کاتەی بایەخی جیاوازی تاکی لە تێگەیشتنی هەڵسوکەوتی ئەوانەی پەیامەکەیان پێ دەگات دەستکەوت، لەگەڵ ئەوانەشدا چەسپا، کە بەشێوەیەکی کارەکی سوود لە ماددەی پێشبینی وەردەگرن، کۆمەڵە مەزنەکان و ئەو کۆمەڵانەی نموونەیان لە کۆمەڵگەدا هەیە بەرپرسبوون لە دەرکەوتنی ئەو ئەنجامانەی پەیوەندیان بەریکلام و پەیوەندییە گشتییەکان و کارە خێرخوازییەکان و هەڵبژاردنی سیاسییەکان و کێشمەکێشەکانی بەدەستهێنانی رای گشتی. ئەگەر ئامانجەکە فرۆشتنی رێژەیەکی زۆرتری شۆربا یان هەڵبژاردنی پاڵێوراوێك یان پاراستنی دارستان بێ لە ئاگر، ئەوا هەموو ئەو هەوڵدانانە لە یەك ئاراستەدا هاوبەشن ئەویش: چۆن ئەو بوارە دەرەخسێ بۆ مرۆڤێك لەکاتی بەکارهێنانی هۆکارەکانی راگەیاندندا سەرکەوتووبێ، لە گەیاندنی ئەوەی دەیەوێ لە پەیامی راگەیاندنەکەدا بیڵێ؟ یەکێك لە ستراتیژەکان یان هۆکارەکان زەمانی دەستکەوتنی رووبەڕوو یان کاتی لە هۆکارەکانی راگەیاندن بۆ رادیۆ دەکا بۆ ئەوەی دەیەوێ بیڵێ، جا ئەوە ماددەیەکی ئیعلانی بێ یان بانگەواز بێ لە سەر ئەو بنچینەیەی (پەیامێك بۆ هەمووان بگونجێ )، واتە پەیامێکی گشتی ئاراستەکرابێ بۆ تەواوی بینەران بەو هیوایەی بگەنە باشترین ئەنجام.، بەڵام تێگەیشتنی قووڵ لە جیاوازییە تاکییەکان لەنێوان مرۆڤەکاندا لە پێکهاتەی و درککردنیاندا، ئەوانەی کە رێسا بنەڕەتییەکانی دەروونناسی گرەنتیان هەبوو، ئاماژە بەوە دەکا، کە هەبوونی ستراتیژ بەشێکی جیاواز رەنگە پتر شوێنی خۆی بگرێ و کاریگەری زیاتر بێ. ئەمەش لەلایەنی لۆژیکییەوە، واتە پەیامە قەناعەتکەرەکە دەبێ زۆرچاك لەگەڵ بەرژەوەندی و پێویستی و داب و نەریت و باوەڕە سنووردارەکاندا بگونجێ. ئەو شێوازە یان ئەو رێگە پاژی یان کارەکییە، رەنگە نسیبی لە سەرکەوتن و وەدەستهێنان ئامانجی داواکراوەکان گەورەتربێ لە رێگەی ((پەیامێك بۆ هەمووان بگونجێ)). دواتر بەر لە ئەنجامدانی هەڵمەتەکانی قەناعەتپێکردن، پێویستە ئەو

کەسایەتیانە بناسرێن، کە ئەو هەڵمەتانەیان ئاراستە دەکرێ. بۆ زەمانی ئەوەش، کە ئەو پەیامە کاریگەرییەکی گەورەتر دروست بکا، ئەوا بانگەواز و گفتوگۆ و هوتاف و هۆکارەنی دیکەش دەبێ لە چوارچێوەیەکدا دابڕێژرێن رێگە بەسەرنجڕاکێشانی ئەو خەڵکە بدا، بۆ ئەوەی رێگە بەنوێکردنەوەی کاریگەری داواکراو بدا.

بۆ ئەوەی بیرۆکەی بنەڕەتی بۆ دابەشکردنی باوەڕ وەکو بنەمایەك بۆ تێگەیشتن و پێشکەوتنی ستراتیژی داواکرا و بۆ رەواجدان بەکالاًکان و بانگەشە بۆ سیاسییەکان و چاککردنی ئاکاری کۆمەلاًیەتی لەنێوان زۆرترین وەرگرانی پەیامە راگەیاندنییەکە تەواوبوون ئەم رێگەش لەلایەن خۆیەوە جەخت لەسەر پێویستی ئەوە دەکاتەوە، کە ناوی نراوە توێژینەوەکانی بازاڕ، بە ئامانجی دیاریکردنی جۆری ئەوانەی کالاًکان رەواجی لەلایان هەیە، یان لە رێگەیانەوە بانگەشە بۆ سیاسەتمەدارێك دەکرێ یان بە واتایەکی دیکە دیاریکردنی پاڵنەر و بەرژەوەندی و ئاراستەو باری دەروونیان. ئەو جۆرە توێژینەوانە ((دەروونناسی قەناعەتپێکەر)) لە ریکلام و هەڵمەتی پەیوەندییە گشتییەکان و فرۆشتن بەکاردێن و دەبێتە هۆی بەکارهێنانی ((شێوازی رێبازی)) (زانستی رێبازەکانی لێکۆڵینەوە ) لە تاقیکردنەوە و بە پێوەرە دەروونییەکان لە توێژینەوەکانی بازاڕدا. هەرچی پێوەرە گۆڕێنەوە دەروونییەکانن وەکو لایەنی بەباش زانین و هەڵبژاردن و ئاراستە و پێویستی و دابونەریتەکان، ئەوا بووەتە زانینی پاڵنەرەکانی بەکاربەر یان ئەوەی مافی دەنگدانی هەیە، لەم رێگەیەوە شێوازی شێوەی تاقیکاری کە زانایانی دەروونناسی بە بەرفراوانی بەکاریانهێنا لە لێکۆڵینەوەکانیاندا لەسەر هۆکارەکانی فێربوونی ئاژەلاًن و کرداری پێوانە دەروونییەکان ئەوەی سەلماند، کە سوودێکی زۆری هەیە لە پێوانی گۆڕانکارە دەرەکییەکان، دواتریش پشت پێ بەستن و بەکارهێنانی بۆ پێوانی هۆکار وەکو دیاریکردنی خەسڵەتە جوداکەرەوەکانی بەکاربەر و هەڵبژاردنی کاندیداکان و هۆکارەکانی جیاکردنەوە لەنێوان بانگەشە جیاوازەکان یان شتێ لەو جۆرە. ئەوەش مانای ئەوە نییە، کە لە ساڵی ١٩٣٠ هیچ کەسێك لە جیهاندا بیری لەمە نەکردۆتەوە، هەندێك هەن کە بیریان لەوە کردۆتەوە، بەلاًم نەیانتوانی بەشێوەیەکی کامڵ کارەکانیان پێشکەش بکەن. پسپۆرەکانی ریکلام و بەڕێوەبەرانی بانگەشە ریکلامییەکان ئەوانەی بایەخیان بە پرەنسیپی ((دابەشکردنی بازاڕ)) دەدا و زۆر پێویستیان بە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی بەردەوام هەبوو لە سەر بازاڕدا، ئەوەیان بەشێوەیەکی تاکەکەسی ئەنجامدا بەبێ پەیوەندی هەبوون بەوەی بەشێوەیەکی هەمیشەیی لەگەڵ تیۆرە بنەڕەتییەکانی دەروونناسی پێی گەیشتوون.

دواتر، بەکورتی، ئەو پێشکەوتنە گەورەیەی لە تیۆری فێربوون و پاڵنەرەکانی دەروونناسی بنچینەیەکی پتەوی دایە پرەنسیپی ((دابەشکردنی بازاڕ))، ئەمەش بە رۆڵی خۆی بووە هۆی بەکارهێنانی فراوانی ئەو لێکۆڵینەوانەی لەسەر بازاڕ دەکران لە لێکۆڵینەوە لە پەیوەندی نێوان پێکهاتەی سایکۆلۆژی تاك و گۆڕانکارییە پێویستەکان لە ئاکاردا. هەروەك ئەوانەی چ بۆ کارەکانی راگەیاندن بەمەبەستی قەناعەتپێکردن ((بۆ ئامانجی قەناعەتپێکردن)) بەکاردێن ئارەزووی دەکەن. سەرەڕای ئەوەی بایەخی تیۆری جیاوازی تاکی لە هەڵسوکەوتی پەیوەندیکردنی جەماوەری روونبووەوە، بەڵام ئەوە قسەی یەکلاکەرەوە نییە. سوود وەرگرتن لە کۆمەڵناسی هێڵی نوێی لە فیکر دۆزییەوە، کە کاریگەری قووڵی لەسەر چەمکە بنەڕەتییەکان و پراکتیزەکراوەکان دەبێ، ئەوانەی پەیوەندییان بەهۆکارەکانی راگەیاندنەوە هەیە. ئەم هێڵەش لەسەر لێکۆڵینەوەی تاقیکاری کۆمەڵگە و دەستەکانی دیکەدا دامەزراوە، کە قەوارەی مەزنیان هەیە، ئەمە سەیری پێکهاتەی (دەروونی تاکەکان ناکا، بەڵکو تەماشای پێکهاتەی کۆمەڵایتی کۆمەڵگەیەکی هاوچەرخی پیشەسازی نوێ دەکات.

**تیۆری جیاوازییە کۆمەڵایەتییەکان**. پلەبەپلە لای کۆمەڵناسان لە سەدەی رابردوودا بیردۆز دەرکەوتن ئەوەیان دەگوت، کە خەڵکی لە کۆمەڵگە نوێیەکاندا وەکو یەکن و لە یەکدەچن و پەیوەندی کۆمەڵایەتییان هەیە، ئەو کارەی بە پێویستی گۆڕانی ئەو شێوازانە ئەنجامدەدرێ، بەڵام لێکۆڵینەوە دروستەکان بەشێوازی لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی دیار و لێکۆڵینەوەی مەیدانی پێشکەوتوو، بەهێواشی وێنەیەکی دیکەی جیاوازی دۆزییەوە، روون بووەوە، کە خەڵکی لە کۆمەڵگە پیشەسازییە نوێکاندا تەنیا یەك بۆتە نین و لە یەکیش ناچن، بەڵکو دەکرێ لە چەند پۆلبەندییەکی کۆمەڵایەتی دیاریکراودا رێکبخرێن، هەرچەندە لە هەندێك خەسڵەتیشدا هاوبەشن وەکو چینی کۆمەڵایەتیان و ئایین یان ناسنامەی رەگەزی یان ئاینزایی و شوێنی نیشتەجێبوونیان لە گوندبێ یان لە شاردا ...هتد، بەڵام لێکۆڵینەوە لەو پۆلینانە ئەوەی دەرخستووە، کە مرۆڤ لەناو هەر کۆمەڵێکی دیاریکراو بێ وەك چینی ناوەڕاست و جوتیار و ئەمریکییە کاسۆلیکەکان یان ئیتالییەکان لە زۆر رووەوە لەیەك دەچن و کاریگەری گەورەی لەسەر هەڵسوکەوتیان هەیە، ئەو وێکچوونەش بایەخێکی مەزنی هەیە لە لێکۆڵینەوەی زانستیدا لە بواری پەیوەندی کردنی جەماوەری نوێدا.

کۆمەڵناسی لە سەدەی بیستەمدا بە میراتێکی دەوڵەمەند لە شێوازی تیۆری فراوانی تایبەت بەسروشتی کۆمەڵگەی نوێ و بە میراتێکی سنووردار لە هۆکارەکانی لێکۆڵینەوەی مەیدانی تاقیکاری هاتە ناوەوە. هەروەك لە بەشی شەشەمدا بینیمان لایەنێکی گەورە لە دەستهاتی ئەو تیۆرانەی، کە زانایانی وەکو کۆنت و سبنسر توینز و دۆرکهایم پێیگەیشتبوون بناغەی ئەو کارە بوون، کە بووە هۆی هێنانە ئارای جۆرێکی نوێی پەیوەندی بابەتی لەنێوان خەڵکیدا لە سیستەمی کۆمەڵایەتی نوێدا. لە کۆمەڵگە کشتوکاڵییەکاندا تێبینی ئەوەیان کرد، کە پەیوەندی تۆکمە لەنێوان خەڵکیدا هەیە، کە لە سەر چەند بنچینەیەکی دیاریکراو بنیاتنراوە لەوانەیە پەیوەندی خێزانی و پرۆژەی هاورێیەتی و وەلامی سوننەتی و جێنشینی بۆ ماوەیەکی زۆر لە شوێنێکی دیاریکراو، هەروەك تێبینی ئەوەیان کرد، ئەو جۆرە پێکبەستانە خەڵکی بەتوندی بەیەکەوە دەبەستنەوە. بە پێچەوانەی ئەوەش، لە کۆمەڵگە پیشەسازییە نوێکاندا ئەو پەیوەندییە سوننەتیانە و پەیوەندی کەمتر پێکەوە بەستراو کەس شوێنی گرتۆتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو پەیوەندییانە بەلێهاتووییەوە توانیان تانوپۆی کۆمەڵگە بپارێزن. نموونەش بۆ ئەمە ئەو پەیوەندییە ئاوێتەیە، کە دەسەلاتی ولات یان بیرۆکەی پشت پێبەستنی کارەکی ئاڵوگۆڕ وەکو پەیوەندی باوەڕپێکراوی نێوان جووتیاران ئەوانەی کە خۆراك بەرهەم دێنن وکرێکاری کارگەکان کە ئەو خۆراکە بەکاردێنن لە بەرانبەریشدا یارمەتی جووتیاران دەدەن بەو پارەیەی، کە دەتوانن بەهۆیەوە ئەو بەرهەمانە بکڕن، کە کرێکاران بەرهەمی دێنن، پاڵپشتیان دەکات. بەم شێوەیە رێکخستنی کۆمەڵگە بەگۆڕانکاری بنەڕەتی جیاوازدا تێدەپەڕێ.

ئەو پەیوەندییە نوێیە بەرهەمی گۆڕانە کۆمەڵایەتییە دیاریکراوەکان بوو، کە بۆ خۆی لە ژێر سایەی خێرایی رێڕەوی پیشەسازی روویدەدا ئەستەم بوو دیاری بکرێ، بەلام ئەو وێنەیەی کە وەدیارکەوت تەرکیزی لەسەر چەند شێوەیەکی گرنگ کرد بۆ گۆڕان خرایە سەر ئالۆزییەکانی دیکەی کۆمەڵگە. ئەو شێوازەش بریتییە لە پێشکەوتن و شارستانی بوون و نوێبونەوە و کۆچ و زۆر بوونی پسپۆری و دابەشکردنی کار و زیادبوونی دابەشکردنی کۆمەڵگە بۆ چینەکان و پتر بوونی بزاوتی گوێزانەوە لە نێو کۆمەڵەکاندا. پێشکەوتن و شارستانی بوون: گەشەکردنە لە شار و ناوچە شارستانییەکان کە ئەنجامی حەتمی بوون و بۆ دروست کردن. ئەوە ئاراستەیەکی بەردەوام بوو لەگەڵ کۆتایی سەدەی حەڤدە دەستی بە زیادبوون کرد و تا ئێستاش بەردەوامە و بووە هۆی نیشتەجێبوونی خەڵکی جیاواز لە ناوەندە

شارستانییەکان، کە هاتبوون بۆ وەدەستخستنی ئەرك لە کارگە نوێکاندا و لە پیشەسازییە خزمەتگوزارییەکان کە بۆ خۆی رایکێشابوون. پلە بە پلە ئەو ئاراستەیە بووە هۆی ئەوەی خەڵکی شارستانی بەو شێوەیە بژین کە کۆمەڵگە پیشەسازییەکان پێی دەژین.

نوێبوونەوە: لەگەڵ بەردەوامبوونی کرداری دروستکردن و شارستانی بوون و بەرهەمی سیستەمی کۆمەڵایەتی هاتە ئارا، بەڵام نیشتەجێکردنی خەڵکی لە شار و ناوچە شارستانییەکان بە تەنیا نەبووە هۆی دەرکەوتنی تەکنەلۆژیایی نوێ، بەڵکو بووە هۆی ئەلتەرناتیڤی نوێ لەلایەنە مرۆییە گرنگەکاندا، هەنگاو بە هەنگاو وایلێهات توخمی کات حوکم بە سەر خەڵکیدا بکا و وایان لێ بکا واز لە شێوازە تەقلیدییەکانیان بێنن و ئەو ئامێرانە بەکاربێنن، کە باشن لە هەموو لایەنەکاندا لە هۆکارەکانی پەیوەندیکردنەوە بگرە تا دەگاتە شتەکانی ناو ماڵ. وایلێهات خێزانەکان لە یەکەی بەرهەمهێن لە گونددا بگۆڕێن بۆ یەکەی بەکاربەر لە شاردا. بنەما بنەڕەتییەکان گۆڕان دژی ئەوەی پێناسەی ژیانی خۆش دووبارە دارێژرایەوە بۆ ئەوەی چێژ لە هۆکارەکانی پشوودانی هاوچەرخ وەربگرێ و بەرەکانی سیستەمی کۆچ: فراوانبوون لە دروستکاریدا هاوڕێ بوو لەگەڵ بزاوتێکی فراوانی خەڵکی هەمە جۆر، کە بووە تێکەڵبوونی جۆری جیاواز لە خەڵکی، کە وەکو ریشەی جیاوازیان هەبوو لە ناوچەی نوێدا نیشتەجێکران، ئەوروپا بۆ ماوەیەکی درێژ لە زەمەن لە دواوەبوو، بەڵام لە سەدەی نۆزدەدا دونیای نوێ (ئەمریکا) پێشوازیکردنی لە بارنجی و کۆچکردوو بێ نەواکان کردەوە، وای لێهات خەڵکی پێویستییەکی خێرایان بە دروستکردنی کێڵگە و هەڵکەندنی نۆکەند و بڕینەوەی دارستان و کارکردن لە کارگەکان و لێخورینی شۆڤڵ و گەڕان بەدوای خەڵوز هەبوو لەگەڵ بەکارخستنی کارگە رەقەکان و ئەنجامدانی کاری قورسی دیکە ،کە ئەو کۆمەڵگەیەی پێ دەناسرێتەوە، کە لە بارودۆخی جوولەی بەردەوام دایە. بەملیۆنان خەڵك لە هەموو لایەکەوە هاتنە شوێنە ئاوەدانییەکان ئەوەش نەك تەنیا بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و کەنەدا، بەڵکو بۆ ئەرژەنتین و بەرازیل و دەیان وڵاتی دیکەی نیوەی رۆژئاوای گۆی زەوی کە تێیدا قۆناغی دروستکردن بەپلەیەك لە پلەکان دەستپێکردبوو. لەناو خودی وڵاتە یەکگرتووەکانیشدا خەڵکی بەشێوەیەکی رێکوپێك لە رۆژهەڵاتەوە دەچوونە رۆژئاوا، لە باشوورەوە دەچوونە باکوور و لە گوندەوە دەچوونە شار و بەدوای ژیانێکی خۆشتردا دەگەڕان. ئەو بزاوتانەش بەرۆڵی خۆیان تێکەڵبوونی ئەو کەسایەتیانەیان زیاد کرد، کە خەسڵەتی جیاوازییان هەبوو بەشێوەیەکی دیار دەرکەوتنی شێوەی نوێی دابونەریتەکانی دواخست.

لەگەڵ گەشەی بزاوتی دروستکردندا پسپۆری و دابەشکردنی کار زیادی کرد و کارگە نوێکان وپرۆژە بازرگانییە مەزنەکان بە پشتبەستنیان بەپسپۆری بەرزی کارکەران فراوانی بەخۆیەوە بینی وای لێهات کۆمەڵگە پیشەسازییە نوێکان و دامەزراوە بازرگانییە مەزنەکان پێویستیان بەجۆری جیاواز لە پسپۆر و بەڕێوەبەر و کارگەی لێهاتوو هەبوو ئەو هێزە کرێکارییە پێویستی فێربوون و مەشقی تایبەتمەند زیادکرد، کە بووە قالدرمەی بنەڕەتی کە خەڵکی بۆ سەرکەوتن بۆ سیستەمی چینایەتی نوێ بەکاریدێنن.

سیستەمی چینایەتی: ئەو سیستەمەیە، کە کۆمەڵگە بۆ دیاریکردنی پۆلینی ( قادرمە)ی کۆمەڵایەتی لە خۆی گرتووە، ئەو سیستەمەش بە ماوەیەکی گوێزانەوەی گرنگدا تێپەریوەو وایلێهات سیستەمی جینایەتی لە کۆمەڵگە پیشەسازییە شارستانییەکاندا زیاتر کرانەوە و پتریش ئالۆزبوون هێڵی نێوان چینە تەقلیدییەکانی کۆمەڵگە کە مرۆڤەکان لە یەکتری جیا دەکاتەوە —خوارەوە و ناوەڕاست سەرەوە —بووبە نادیار یەکلاکەرەوەش نەبوو. ئەوانەی کەوتبوونە یەکێك لەو چینە دیاریکراوانە لە سیستەمی کۆمەڵایەتی کۆندا، ئێستا وایان لێهاتووە دەچنە سەرەوەو دادەبەزن. هەتا پێوەرەکانی بۆ دیاریکردنی چینە کۆمەڵایەتییەکانیش بەکاردەهات گۆڕانیان بەسەرداهاتووە. هەرچی واتای ناوەندی خێزانی میراتگرە، لەگەڵ داتەپینی چینی ئۆرستۆکراتی لە کۆمەڵگەی ئەوروپی ئەویش داتەپی.

بەواتایەکی دیکە وایلێهات سیستەمی چینایەتی نوێ بەپلەیەکی کەمتر لە پێوەرە میراتگرییەکان و بەپلەیەك بەرزتر لە پێوەرە وەرگیراوەکانی وەکو ئاستی زانستی و باری فەرمانبەری بنیاتدەنرا.

بزاوتی بەرزبوونەوەی پێگەی کۆمەڵایەتی بووبە ئامانجێکی هاوبەش هەروەکو ئەفسانەی ((هوراشیو)) ئەوەی لەسەر بەدەستهێنانی سەرکەوتن لە رێگەی پشتبەستن بەخۆ و کارکردنی زۆر، نوێنەرایەتی تێڕوانینێکی خاوەن بایەخێکی زۆری دەکرد بۆ ڕێژەیەکی زۆر لە خەڵکی، کە هەموویان هەوڵی بڕینی رێگایان دەدا رووە و سەرەوە، ئەو کارەی کە لە سیستەمە بەستووەکاندا، ئەوەی کە کۆمەڵگە سونەتییەکان لە خۆیان دەگرت، رەخساو نەبووە راستە ئەوانەی هەوڵی جووڵانیان رووەو بەرزی دەدا هەموویان سەرنەکەوتن، بەڵام خەون بینین بۆ بە دەستهێنانی ئەوە بووە خەونێکی هاوبەش لەنێوان هەمواندا و پێشکەوتنی راستەقینەش لەباری کۆمەڵایەتیدا بووە پێویستییەك بۆ ئەوەی لە نازناوی((شکست خواردوو)) دوورکەوێتەوە. وایلێهات سیستەمی رۆشنبیری کۆمەڵگە پیشەسازییە شارستانییەکان پێ لەسەرسەرکەوتن دابگرن وەکو توخمێکی سەرەکی لە نموونەی ژیان و بیرکردنەوەی ملیۆنان کەس.

## هەمەڕەنگی یان جیاوازی کۆمەڵایەتی:

بەهۆی ئەو گۆڕانە کۆمەڵایەتییە گەورانەی پێشتر باسمان کرد، کۆمەڵگە پیشەسازییە شارستانییەکان بەتایبەتی لە نیوەی رۆژئاوای گۆی زەویدا، پێکهاتەی کۆمەڵایەتییەکان تا رادەیەکی زۆر پێشکەوتن، روونتر بڵێین هەمەڕەنگی یان جیاوازی کۆمەڵایەتی واتا ئاڵۆزی کۆمەڵایەتی لەو جۆرە کۆمەڵگەیانەشدا خەڵکی دەستەی کۆمەڵایەتی جۆراوجۆر و جیاواز پێکدێنن لە پۆلێنکردنیان لەسەر بنچینەی خەسڵەتی هاوبەشی دیاریکراو. توانرا بۆ نێر و مێ، پیر و گەنج گوندانی و شارنشین جودابکرێنەوە، بەڵکو دەتوانرا بۆ کۆمەڵێك ژمارە جودابکرێنەوە کەوای لێهاتووە ئەو ژمارانە بێ کۆتابن لە پۆلێنی دیاریکراو لەسەر بنچینەی بنەچەی رەگەزی وئینتیمای ئایینی و رەگەز و لایەنگیری سیاسی و داهات و پیشە و ئاستی زانستی، ئەمانەش مشتێکن لە خەروارێك.

حەقیقەتی هەمەرەنگی کۆمەڵایەتی کەموکورتییێکی گرانی خستنە سەر بیرکردنەوەی کۆمەڵناسان بۆ هەوڵدانیان بۆ تێگەیشتن لە وەسفکردنی کۆمەڵگە لە سەرەتای ئەو سەدەیەدا. بارودۆخێکە بۆ هەندێکیان سەرەتای نەهامەتی بووە سەردەمی نوێ هەروەکو گۆستاڤ لی بۆن گوتی سەردەمی کۆبوونەوە یان قەرەباڵغی یان هەڵاو هۆریا بوو، کە تێیدا سۆزەکان زۆر زیاتر لە هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتیدا حوکمیان هەبوو. لی بۆن وای دەبینی کە ئەو سەردەمە ئەو کاتەیە، کە خەسڵەتە کەسییە تاکەکان رێگەپێدانی رەها و بگرە عەقڵانیشن ئەوە هۆکاری دیاریکراوی شارستانییەتن زیاتر لەوەی پەیوەندییە جێگرەکانی سیستەمی کۆمەڵایەتی دیاری بکەن(١٤). هەرچەندە مێژوو هەڵەکەی لی بۆنی سەلماند. بڕیاری رەشبینی کۆتایی —بەوەی کۆمەڵگە لە چەند تاکێك پێکهاتووە، کە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە هاوئامانجەکانیان لەگەڵ ئەوانی دیکەدا لە دەستداوە کەوایان لێکردووە ببنە دیلی بەڕێوەبردنی لایەنی ناعەقڵانی سروشتی مرۆییان— لە ترکزە بوو، بۆ والاکردنی رێگا بۆ بۆچوونێکی دیکە، کە توێژینەوە کۆمەڵناسییەکان پێی گەیشتبوون. لە کاتێکدا کۆمەڵگە زۆر ئاڵۆزببوو هێشتا زۆرێك لە پەیوەستەکان لەنێوان خەڵکیدا مابوون.

## سەرهەڵدانی لێکۆڵینەوەی تاقیکاری لە کۆمەڵناسیدا:

لەگەڵ ئەوەی لێکۆڵینەوەی چەندی لەبارەی بواری جێنشینی بەدرێژایی مێژوو ئەنجامدران، بەڵام لێکۆڵینەوەی تاقیکاری بنەڕەتی یان ئەوانەی لەلایەن تیۆرە زانستییەکانەوە سەرپەرشتی

دەکرێن لەگەڵ لێکۆڵینەوە کلاسیکییەکەی دۆرکهایم (( لەبارەی خۆکوژی )) دەستی پێ کرد (١٥). کرۆکی لێکۆڵینەوەکەش کاریگەری دەستە کۆمەلآیەتییەکان بوو لەسەر ئارەزووی تاکەکان بۆ هەڵبژاردنی دوایین بڕیار لە ژیانیاندا. ڕێژەکە لەناو خێزاندارەکان کەمتربوو لەوانەی خێزانیان پێکنەهێناوە و ڕێژەی خۆکوژی لە نێو کاسۆلیکییەکاندا کەمتربوو لە پرۆتستانەکان. ڕێژەکانیش لەنێوان سەربازەکان و خەڵکی ئاسایی جیاوازبوو، بەمجۆرە لە ئێستاشدا تیۆرەکەی لەبارەی پەیوەندی لەنێوان لایەنگیری چینایەتی و شیمانەی خۆکوژی بەگرنگی ماوەتەوە. هەرچۆنێك بێ، تیۆرەکەی خالی وەرچەرخان بوو، بۆ گۆڕینی کۆمەڵناسی لە بواری داڕشتنی تیۆری گشتی کە پەیوەندییان بەپێکهاتەی گشتی کۆمەڵگەوە هەیە، بۆ زانستێك کە تێیدا لێکۆڵینەوەی تاقیکاری چەندی  لێبکرێ بۆ لێکۆڵینەوە لە شێوەی دیاریکراو لە ئاکاری کۆمەلآیەتی کە بناغەیە بۆ وەدەستهێنانی زانیارییەکی نوێ.

لە کاتێکی زووی سەدەی ئێستاماندا کۆمەڵناسان دەستیان بە پەرەپێدانی کرداری ((تاقیکردنەوە بە عەیینات)) کرد، وەکو شێوازێکی مەنهەجی سەرەکی بۆ لێکۆڵینەوەکانیان. ئەوە پشتی بە تێکەڵەیەك و بیرۆکەی کۆن و نوێ دەبەست، ((هیرۆدۆت)) لە سەدەی پێنجەمی پێش زایین گوتوویەتی بەرپرسەکان زۆر لە زووەوە، کە دەگاتە ٣٠٥٠ ساڵ بەر لە زایین ژماردنی پۆلینیان ئەنجامداوە لەگەڵ ڕوپێوێکی تەواوی دانیشتووان و سامانی میسر. ئەو زانیارییانەیان بۆ دروستکردنی هەرەمەکان پێویست بوو.

بەرپرسی دیکەش هەبوون لەوانە زۆرێك لەبەترانەکانی ڕۆمان ولیەمی ئازادکەر*، کرداری ڕوپێوی دانیشتووان و ئەو سامانەی کە هی باجە ئەنجامداوە (بۆ نموونە کتێبی ڕۆژی**) لە ڕاستیدا، بیرۆکەی پۆلێنکردن لە سەردەمی پەیدابوونی ولاتی نوێ باوبوو[١٦].

بەر لەهەر شتێك، شێوازی مەنهەجی نوێ بوو بەهۆی لەبەر دەستبوونی هۆکارەکانی ئاماری هونەری گونجاو بۆ شرۆڤەکردنی ئەنجامی کردارەکانی ڕووپێوی. بەداهاتی کۆتایی سەدەی نۆزدە، ڕێباز و تیۆرە ئامارییە هەموو کات کەمێك پەرەسەندووەکان لەبەردەستدابوون.  لەماوەی دەیەیێکدا، کە سێ سەدەی گرتەوە ئەو چەندە لەسەر دەستی کۆمەڵێك لە فەلەکناس و قومارکەر و زانایانی کشتوکاڵی و زانایانی فیزیا پەرەی پێدرا[١٧].

ئێستا ڕێگاکانی دروستکردنی عەیینات و شێوازە هونەرییەکان بۆ لێکدانەوەی ئاماری، کە لە لێکۆڵینەوە ئامارییەکان بەکاردێ هەندێك جیاوازە لەوانەی کە لە بیستەکانی ئەم سەدەیەماندا (سەدەی بیستەم) لەبەر دەست بوون.

دوو خەسڵەت هەن وادەکەن شێوازی هونەری نوێی ئامار جیاوازبێ لە بیرۆکەی کۆنی ئاماری تەواو. یەکەمیان، پشت دەبەستێ بە عەینەیەك لەناوچە خەڵك نشینەکان، کە لێکۆڵینەوەکەی لێدەکرێ، ئەوەش بەباشتر دەزانێ لەوەی پشتی پێ ببەستێ. دووەمیان، ئەو لە پێوەرەکاندا پرۆگرامی چاوپێکەوتنە رێکخراوەکان بەپێی لایەنی بابەتییەوە بەکاردێنێ. بەم شێوەیە ئەو چەمکی ئامار و رێگای دیزاینی شیمانەیی عەینی و تیۆرە ئامارییەکان بۆ چەندیەتی گۆڕانی دانیشتووان و شێوازی هونەری بۆ پێوانی چەندیی ورد لە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکاندا بەیەکەوە کۆ دەکاتەوە. هەمیشە باوەڕ وایە کە شێوازە نوێکانی ئاماری بەم شێوەیە لە ساڵی ١٨٥٥ دا دەستی پێکرد، لە لێکۆڵینەوەی ((فریدریك لی بلیە)) لەسەر ئەو خێزانانەی لە کانی خەڵوزی فەڕەنسیدا بوون(١٨). دوای هاتنی سەدەی نوێ بەکارهێنانی روپێوی عەینەکان لە کۆمەڵناسیدا بەشێوەیەکی بەردەوام باوبوو. لەوکاتەشدا لە چوارچێوەیەکی فراواندا بڕیاری لەبارەوە درا. لە کۆتاییشدا بووبە ئامرازێکی سەرەکی بۆ شیکاری چەندیی لە لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتیدا.

لەگەڵ دەرکەوتنی لاساییکردنەوەی لێکۆڵینەوەی ئاماری، بەراوردکردنی ئامارەکانی ئاکاری مرۆڤەکان لەسەر بنچینەی دەستە کۆمەڵایەتییەکان بوو بە ستراتیژییەتێکی باو. ئەنجامی کۆتاییشی، کە پێگەیشتنی دووبارە دەبووەوە ئەوە بوو ((هەمەڕەنگی کۆمەڵایەتی گونجانێکی دیاری هەیە لە ئاکاردا))، بەشێوەیەکی دیکە، ئەوانەی کە بەزمانی لایەنگیرییەوە هەمان ناسنامەی کۆمەڵایەتی یان چینایەتیان هەیە زۆربەی کات بەشێوازی وێکچوو هەڵسوکەوت دەکەن. ئەو بنەمایەش بایەخێکی گرنگی هەبوو لە پێشکەوتنە تیۆرییەکانی کۆتاییدا لە لێکۆڵینەوە لە گەیاندنی جەماوەریدا (راگەیاندن).

## ئەو کۆمەڵانەی خاوەنی شێوەی ئاکاری تایبەتن:

بەکەڵەکەبوونی زانیارییە پەیوەندیدارەکان بەپێکهاتەی ئاڵۆزی کۆمەڵگە هاوچەرخەکان وجوداکەرەوە کۆمەڵایەتییە مەودا فراوانەکان، لە رێی لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتییەکاندا چەمکی بایەخداری دووەم دەرکەوت. ئەوچەمکەش ئەو کۆمەڵانەن، کە خاوەنی شێوەی ئاکاری تایبەتن. بەبەکارهێنانی رێگەیەك کەناویان نابوو ((تێبینی بەشداریکردن)) و لە رێگاکانی لێکۆڵینەوەی مەیدانی لە ئەنترۆپۆلۆژیا (مرۆڤناسی) وەرگیرابوو، لە ناو خەڵکیدا لە هەموو چینێك تێبینیکارانی زۆر ورد هەن، کە دەکرێ لە ژیان و ژینگەی کۆمەڵایەتیدا هەبن.

دانیشتووانی گەڕەکە هەژارەکان، زیندانییەکان، قوتابیانی کۆلێژی پزیشکی، ئەوانەی خۆیان بەمادده هۆشبەرەکانەوە گرتووە، کرێکارەکان، دەستە رەگەزییەکان، سەربازەکان لە مەیدانی جەنگدا، لادەرە سێکسییەکان، دانیشتووانی دەوروبەری شار، جووتیاران، پزیشکان، کرێکارانی دروستکردنی ئۆتۆمبێل، ئاپۆرایەك لە چین و دەستەی دیکە. ئەو لێکۆلەرانە هەمووکات رووبەڕووی ئەو راستییە دەبوونەوە، کە مرۆڤەکان لەناو ئەو چینانەدا شێوازی دیاریکراو لە ژیاندا دابەش دەکەن، کە جۆرێك لە ((دەستەی لقی خاوەن ئاکاری تایبەتی )) پێکدێنن، کە لە تەواوی کۆمەڵگە جیادەکرێنەوە[١٩]. بۆ نموونە ئەندامەکانی زمانی تایبەتی ئارگۆتیان بەکارهێناوە ئەوەش زمانێکی تایبەتە و عادەتەن چەتەکان بەکاریدێنن و بەشێك نییە لە زمانی سەرەکی، هەڵوێست و داب و نەریتی باوەڕە جوداکەرەوەکانیان دابەش دەکرد لەگەڵ دابەشکردنی ئەو لێهاتوویانەی پەیوەستن بەپێگەکەیان و چالاکیان لە بنیاتی کۆمەلایەتیدا. سەرەڕای ئەوەش، هەردەستەیەك دووچاری چەند کێشەیەك بووە، کە لەگەڵ کێشەکانی گشتی کۆمەڵگەدا یەك نەبوون.

بۆ نموونە کرێکارانی پیشەسازی لە سەرەتاکانی ئەو سەدەیەدا ببوونە روونکەرەوەی باوەڕ بەو شێوازەی هونەری ئەو دەستانەی خاوەنی ئاکاری تایبەتین لە چارەسەرکردنی کێشە تایبەتییەکان. باوەڕی نەرێنی بەهێزیان لەبارەی بەڕێوەبردنەوە دەرخست و سەندیکاکانیان دامەزراندن بۆ زاڵبوون بەسەر هەژاریان لە رووی نفوز و پێگەی دیاریکراویان و دەستهاتی کەمیان. ئەو دەستانەی خاوەنی ئاکاری جیاوازی تایبەتین بۆچوونی هاوبەشیان هەیە لەبارەی کارەکانیان و لەبارەی یەکتریش، هەروەها لەبارەی بەکارهێنەرانیشیان و لەبارەی سەندیکاکانیان و لەبارەی شەرعییەتی مانگرتن و زۆرێك لە باوەڕە پەیوەندیدارەکانیان بەیەکەوە. ئەو ستراتیژییەتەش بەشێوەیەکی رێژەیی سەرکەوتوو بوو، لە ماوەیەکی کەمدا زۆرینەی کێشە سەرەتاییەکانیان چارەسەر بوون.

بەخێرایی ئەوە روون بووەوە، کە هەموو دەستەیەکی دیکەی گرنگ لە خەڵکی لە کۆمەڵگەدا نموونەیەکی جیاکەرەوەی لە لێهاتوویی و باوەڕ و بایەخ و زمان و دابونەریتەکان هەبوو، هەندێکیان لەوەدەستهێنانی گۆڕانکاری سەرکەوتووبوون و هەندێکی دیکەش شکستیان خوارد. هەرچۆنێك بێ ئەو دەستانەی خاوەن شێوەی ئاکاری تایبەتین و لە شێوەی گشتی یان سەرەکی جودادەکرانەوە، بەراستی لە هەموو گۆشەیەك لە گۆشەکانی کۆمەڵگەدا هەبوون. بەشێوەیەکی گشتی ئەو کۆمەلانە لە رابردوو و لە ئێستاشدا ئەنجامی هەمەڕەنگی و

جیاوازی کۆمەڵایەتی بوون و دەبن، ئەمەش رۆڵێکی گرنگ لە پێکهێنانی شێوەی ئاکاری تاکەکانی هەر دەستەیەك دەگێڕێ. پراکتیزەکردنی ئەو گشتاندنە لەسەر راگەیاندندا هەنگاوێکی زۆر زەحمەت نەبوو. تەقریبەن بەبێ درککردنی ئەو توێژینەوانەی لێکۆڵینەوەیان لەسەر کاریگەری هۆکارەکانی راگەیاندن دەکرد لەسەر خەڵکی، دەستیان بەهاوێشتنی ئەو هەنگاوە کرد لە چوارچێوەی جیاوازییە کۆمەڵایەتییەکاندا هەتا بەر لە جەنگی دووەمی جیهانیش، بەراوردکردنی شێوە جیاوازەکانی ئاکاری کەسانی راگەیاندنکار ئەوەی دەرخستووە کە جەماوەری خوێنەر و گوێگر، کە لایەنگری دەستە کۆمەڵایەتییە دیاریکراوەکانن زۆربەی کات ناواخنێکی جیاواز لە هۆکارەکانی راگەیاندن هەڵدەبژێرن، هەمان پەیامیش بەشێوەیەکی جیاواز لێکدەدەنەوە لە رێگەی دەستە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەدا و پەیامەکانیش بەرێگەیەکی ئیختیاری باس دەکەن، وەکو ئەنجامی خستنەرووەکەش بەتەواوی بەشێوەیەکی جیاواز هەڵسوکەوت دەکەن.

## تێڕوانینی سوود و چێژەکان:

لەماوەی چلەکاندا، درککردنی ئەنجامەکانی جیاوازی تاکی و جیاوازی کۆمەڵایەتی لەبارەی ئاکاری پەیوەست بەهۆکارەکانی راگەیاندن بووە هۆی تێڕوانینێکی نوێ لە پەیوەندی نێوان جەماوەر و هۆکارەکانی راگەیاندندا. ئەوە وەرچەرخانێك بوو لە تێڕوانینی جەماوەر لەوەی، کە ئەو توخمێکی نەرێنی ناچالاکە و گۆڕانی بۆ ئەوەی چالاکی ئیختیاری تاکەکانی بۆ پەیام وناوەڕۆکە پەسەند دەکا لە راگەیاندندا. تیۆرە بەراییەکان (لەوانە: داڕشتنی بازدانی جادوویی) جەماوەر وای دەبینی، کە بەشێوەیەکی رێژەیی چاك، چاوەڕێی نەرێنی هۆکارە راگەیاندنەکانی دەکا بۆ ئەوەی زانیاری بۆ بگوازێتەوە تا بتوانێ دەرکی پێ بکا) وەکو بیردۆزەش -ئەو لەسەر بنەماکانی ئەودا و وەکو ئەو هەڵسوکەوت دەکا، بەڵام دواتر کە رۆڵی بەهێزی گۆڕانگارەکان لە مەعریفە و درککردن و ئەو دەستانەی خاوەنی شێوەی ئاکاری تایبەتن روونبووەوە، ئەوا لە جەماوەر تێگەیشتن بەو شێوەیە مومکین نەبوو.

هەر لە زووەوە لێکۆڵینەوە لە جۆرەکانی ئەو پێویستیانەی کە ناوەڕۆکی راگەیاندن دەیانڕەخسێنێ، هەروەها ئەو چێژ و تێربوونەی کە پێشکەش دەکا دەستی پێ کرد. لە سییەکاندا لێکۆڵینەوەی زۆر لەو رووەوە لەسەر خوێندنەوەی کێش و زنجیرە رادیۆیی و تەلەفزیۆنییەکان و مۆسیقای میللی و فیلمی سینەمایی ئەنجامدران، ئەمەش بۆ بە دواگەڕانی

هۆكارەكانی بایەخدانی خەڵكی بە بەرهەمەكانی راگەیاندن و ئەو ئەنجامانەی ئەو بەدواگەڕانە پێشكەشی رای گشتی دەكا. لەگەڵ داهاتنی ساڵانی جەنگی دووەمی جیهانی، ریژەیەكی باش لە دۆزینەوەكان لەبارەی پێویستییەكان و تێربوون لە گۆڕێبوون [٢٠]. ئێستا لێكۆڵینەوە لەو هۆكارانەی كە بایەخی خەڵكی بۆ راگەیاندنی بۆ دەگەڕێتەوە و ئەو پاداشتانەی كەوا هەست دەكەن ئەو بایەخدانانە پێیان دەبەخشێ، وایلێهاتووە بووە بە ستراتیژییەتێكی جێگیر بۆ تێگەیشتن لە رۆڵی كاریگەری جەماوەر، ئەگەرچی ئەمە تا رادەیەك بگرە و بەردەی لەسەر بوو [٢١].

هەندێ لە رەخنەگران وای بۆ دەچن كە شێوازی سوود و تێربوونەكان كەمترە لەوەی بۆ خۆی تیۆرێكی سەربەخۆیی، تەنیا دارشتنەوەیەكی دووبارەكراوەی دیاریكراوی لایەنە دیارەكانی تیۆرەكانی كاریگەری ئیختیارییە.

ئاماژە بەو راستییە دەكەن، كە بیردۆزەی سەرەكی لێرەدا ئەوەیە، كە پێویستی تاكەكان و ئەو پاداشتانەی دەستیان دەكەوێت كاریگەری دەبێ لەسەر شێوەی بایەخدانی خەڵكی بەناواخنی راگەیاندن و ئەو سوودانەی بەكارهێنانی ئەو زانیارییانەی دەستیان دەكەوێت وەدەستیدێنن.

ئەو بنچینەیەش گێڕانەوەیەكی سادەكراوی تیۆری جیاوازی تاكی یان پشت بەستن بە ئیعتیباراتەكانی پێكهاتنی مەعریفە.

لێكدانەوەیەكی دیكەشی هەیە بەوەی لێكۆڵینەوە بەبەكارهێنانی تێڕوانینی سوود و تێربوونەكان هێشتا لە دایك نەبووە تەنیا هەندێك لیست نەبێ لە هۆكارەكانی جۆرە جیاوازەكانی ((پێویستی))، كە پێناسەی تاكیان هەیە، ئەوەی كە مرۆڤەكان ئیختیار وبایەخەكانی خۆیان بۆ ناوەڕۆكە جیاوازەكانی راگەیاندنی دێننەوە وەكو: رۆژنامەكان، كتێبەكان، تەلەفزیۆن، هتد یان لیستی تێربوونەكان وەكو: ئەو تێربوونانەی پێناسەی تاكیان هەیە) خەڵكی دەڵێن ئەمانە لە رێی بایەخدانیان بەراگەیاندن ئەوانەیان دەست دەكەوێ. ئەو تێڕوانینەش زۆر ناخاتە سەر رێگای لێكدانەوەی رێكخراو كە لە پشت ئەوەدا هەیە. ئایا ئەو هۆكارانەی، كە پێناسەی خودیان هەیە هۆكاری تێربوونی راستەقینەن، كە دەبنە هۆی بایەخدان بەراگەیاندن؟ ئەم پرسیارە بەكراوەیی دەمێنێتەوە. بەم شێوەیە لە كاتێكدا كە ئەو شێوازە و ئەو ستراتیژییەی لێكۆڵینەوە لەگەڵیدایە رەنگە لە داهاتوودا ببنە شێوازێكی پتر رێكخراو، تێڕوانینی پێویستی وتێربوونەكان ئێستا سنووردارن و بەیەكەوە نەنووساون.

لێکۆڵینەوە ئامارییەکانی دانیشتووان دیمۆگرافیا وەکو بنکەیەك بۆ دابەشکردنی بازاڕ و کەڵەکەبوونی زانیاری لەبارەی خەسڵەتە جۆراوجۆرەکان و شێوازە ئاکارییە پەیوەستەکانی خەڵکی لەناو دەستەیەکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو بنچینەیەکی دیکە دروست دەکات، کە لەسەر ئەو بنچینەیە بناغەی مانای بازاڕ لە بواری کاری بازرگانی و حکوومی پیشەسازی دابەش دەکرێ. ئەو زانیارییانە پێویستیی بەکارهێنانی ڕێگەی ڕوپێویان تێرکرد لە لێکۆڵینەوەی کۆکەرەوەکانی ئارەزوو پەسەندکردن و غەیری ئەوانەشیان لە ئاکاری بەکاربەران یان بژاردەکان کە لەنێوان جۆرەکانی خەڵکدا جیاواز بن. بۆ نموونە، زۆر بەخێرایی بوو بە خوویەك کە جیاوازی گرنگ لەنێوان دابەکانی کڕین و ئاکاری بەکار بەرەکان هەبێ لای خەڵکە جیاوازەکان لە دەستهات و تەمەن و ئاستی فێربوون و پاشخانی ڕەگەزی و بەم شێوەیە. ئێستا بەکارهێنانی شێوازی ئاسایی هونەری لە لێکۆڵینەوەی ئاماری دانیشتووان بەگوێرەی بازاڕ بۆوە بەشتێکی رۆتینی.

## پەیوەندی نێوان لێکۆڵینەوە بنچینەیی و پراکتیکییەکان:

پێشکەوتنەکانی دەروونناسی و کۆمەڵناسی و ڕێکخستنی پەرەگرتووی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن مانایەکی گرنگ لەخۆ دەگرێ، کە دەبێ بدۆزرێتەوە. ئەوەمان باسکرد، کە چۆن چەمکەکانی جیاوازی تاکی و جۆرا و جۆری کۆمەڵایەتی، ئەوەی کە لە کارگەی تاقیکاری و لە لێکۆڵینەوەی توێژینەوە ئامارییەکاندا لەدایکبوو، بنچینەیەکی بۆ تیۆرەکانی کاریگەری ئیختیاری پەیوەستی بە کاریگەری ڕاگەیاندن لەسەر جەماوەر دروست کرد. باسی ئەوەشمان کرد چۆن ئەو بیرۆکانە وەرگیراون و لە جیهانی کارەکی ئەو پیشەسازییانەی پەیوەستن بەراگەیاندنەوە بەکارهاتوون لە پێناو تێگەیشتنی چاکتر بۆ دابەشکردنی بازاڕ و لێکۆڵینەوە لە بازاڕ.

ئەوەی ئەو پێشکەوتنانە سەلماندوویانە ئەوەیە، کە ((پەیوەندییەکی پاشکۆیی)) لەنێوان کۆمەڵناسی ئەکادیمی و بایەخدانی پیشەسازی هەیە بە پێشخستنی زانیاری بنچینەیی نوێ و لێکدانەوە و ڕێبازەکانی لێکۆڵینەوە، کە پەیوەندییان بە هەڵسوکەوتی مرۆڤەوە هەیە.

ئەو جۆرە پەیوەندییە پشکۆییانە لە پیشەسازیدا باش ناسراون لەوەی کە پەیوەندی بەو ئێوارانەوە هەیە، کە زانستی فیزیا و بایلۆژی بەرهەمیان دێنن، چونکە چەمکە بنچینەییە بەرهەمهاتووەکان لە لقی جۆراوجۆرەوە پەرەپێدانی زۆرێك لە بەرهەمە بەکاربراوەکان کارێکی

شیمانە بۆ کراوبێ، بەڵام لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا بە شێوەیەکی گشتی و لە بواری ڕاگەیاندندا بەشێوەیەکی تایبەتی، ئەوا ئەو جۆرە پاشکۆیی بوونە لەسەر ئازار ناسراوە ئەگەر بەراستی ناسرابێ.

ئەوانەی کە لەو پیشەسازییانەدا کاردەکەن، کە قازانجی تێدایە بەبێ ئۆقرەیی و بەشێوەیەکی ڕوون لەبارەی لێکۆڵینەوە لەبارەی ئاکاری کۆمەڵایەتی وەسف دەکرێن، لەسەر ئەو بنەمایەی زۆربەی کات ناکارەکی دەردەکەوێ. ئەوان یان شکست دێنن لە تێگەیشتن لە حەقیقەتێکی گرنگ، یان دوودڵ دەبن لە بایەخپێدانی یان وەلای دەنێن، ڕاستییەکەش ئەوەیە بەرپرسیاریەتی سەرەکی لە هەموو لقێك لە لقە زانستییەکاندا ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەیەکی بنەڕەتییە هەوڵدەدا لێکدانەوەی هۆ و هۆکار پێشبخا- ئەوەشە ناوی دەنرێ تیۆر. زۆرێك ئەو ڕاوەدونانەی زانیاری بۆ خۆی بەشتێکی زۆر نامۆ و خێرا لەناوچوو و گەمژە دادەنێن. هەندێکجار ئەوە لەسەر زۆربەیان پراکتیزە دەبێ، بەڵام ئەوانەی هەموو ئەو لێکۆڵینەوانەیان پشتگوێ خست بەوەی، کە شتێکی گەمژەیە، زۆربەی کات و بەئاسوودەیی قازانجی زۆر بەکارهێنانی لێکدانەوەی تیۆری و ڕێبازەکانی لێکۆڵینەوە بەدەستدێنن، ئەوانەی لە بنچینەدا لە ڕێی هەمان ئەو لقانەوە پەرەیان پێدراوە، کە ڕەخنەیان لێ دەگرت. ئەمەش لەکەلێنی تێگەیشتندا ڕوون دەبێتەوە بەتایبەتی لە بارودۆخی لێکۆڵەرە ئەکادیمییەکان لە بواری ڕاگەیاندن و پیشەسازی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن. بێگومان ئەمانە لە بواری لێکۆڵینەوەی ڕاگەیاندندا زۆربوون سەرەڕای کاریگەری ناوەڕۆك لەسەر جەماوەر و ئەو هۆکارانەی پاڵیان پێوەدەنێن بۆ ئەوەی بایەخ بە ڕێگەی ئیختیاری بدەن. بەداهاتنی چلەکان ئەو هۆکارانەی، کە گرنگ بوون لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکرێ: سیفەتەکانی بێژەر، ناوەڕۆکی خودی پەیامەکە، ئەو کەناڵانەی، کە خەڵکی لە ڕێیانەوە زانیارییەکانیان پێ دەگا. بەهاتنی ساڵی١٩٤٨((هارولد.لاسویل ((ئەو هۆکارانەی لەوتە بەناوبانگەکەیدا کۆکردەوە: ڕێگای گونجاو بۆ وێناکردنی کرداری ڕاگەیاندن خۆی لەوەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەدا دەبینێتەوە:

کێ؟

چ دەڵێ؟

لەڕێگەی چ کەناڵێکەوە؟

بۆ کێ؟

لە ژێر چ کاریگەرییەکدا؟(٢٢)

بەهۆکاری ((بۆکیٚ؟)) بەکورتکراوە بەسوودەکەی ((لاسویل)) دەبەسترێنەوە. لەم بوارەدا ئەوانە دوو تیۆری هەمەگیر یان کۆکراوەنین بۆ کرداری پەیوەندیکردنی جەماوەری بەشێوەیەکی گشتی. سەرەڕای ئەوەش ئەوانە توخمی گرنگ زیاددەکەن بۆ ئەوەی لە چۆنیەتی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لەبارەی هۆکارەکانی راگەیاندن بگەین، بەو واتایەی پێویستە کامە هۆکار بەهەند وەربگرین ئەوەش یەکێکە لە گرنگترین ئەرکەکانی تیۆرەکە. بەمجۆرە، پێشکەوتنی تیۆرەکانی جیاوازی تاکی و جیاوازی کۆمەڵایەتی لایەنی کەم کاریگەری روونیان لەبارەی هەندێك لەو هۆکارانەی پێویستە لەکاتی پەرەپێدانی تیۆرە بنچینەییە پتر هەمەڕەنگەکان کە پێویستە لەبەرچاو بگیرێن یان لەکاتی نەخشەکێشانی ستراتیژییە چالاکەکان و بەکارهێنانی پراکتیکی هۆکارەکانی راگەیاندن بۆ قۆستنەوەی ئاکاری بینەران ئەو کاریگەریانەی بە لێکۆڵەری زانکۆکان وئەوانەی لە پیشەسازی پەیوەست بە هۆکارەکانی راگەیاندن دەکۆڵنەوە، داوە.

سەرەڕای ئەوەش ئەو دوو شێوەیەی خرانە بەرچاو وێنەیەکی تەواویان لەسەر بنچینەی ئاکاری ئیختیاری لەنێوان جەماوەر و هۆکارەکانی راگەیاندن بە دەستەوە نەدا. هەموو تیۆرێك بەبایەخ دەبیٚ و بەبایەخیش دەمێنێتەوە بەپێی خۆی، بەڵام ئیعتباری سێیەمیش وەکو ئەنجامی دوای ئەوە زۆربەی کات دەردەکەویٚ ئەو ئیعتبارەی سێیەم پەیوەندی کۆمەڵایەتییە لەنێوان تاکەکانی جەماوەردا. دۆزینەوەی پەیوەندی خەڵکی و هاوڕێیان و برادەرانی کار و شتی دیکەی بێجگە لەوانەش، کە دەکریٚ کاریگەری بەهێزیان لەسەر ئەو ئاکارە هەبیٚ، کە لەسەر راگەیاندنی جەماوەری بەرهەم هاتووە، بووەهۆی داڕشتنی تیۆری سێیەم بۆ کاریگەری ئیختیاری.

## تیۆری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان:

وەکو زۆرێك لە دۆزینەوە گرنگەکانی دیکە لە بواری زانستدا، وادەردەکەویٚ ئەو رۆڵەی کە پەیوەندییەکانی دەستەیەك لە کرداری راگەیاندنی جەماوەریدا دەیگێڕیٚ بەزۆری بەرێکەوت دۆزراوەتەوە، هەروەها وەکو زۆرێك لە بیرۆکە گرنگەکانی دیکە، وادەردەکەویٚ، کە زیاتر لە لێکۆلەرێك و هەریەك بەجودا دۆزیویەتییەوە. لە کلاورۆژنەی لێکۆڵینەوەی راگەیاندنی جەماوەری لەسەر چۆنیەتی پێشوازیکردنی خەڵکی و وەڵامدانەوەیان بۆ راگەیاندن، وەکو لێکولێنەوەیەك دەردەکەویٚ، کە ئەو چوارچێوەیەی، کە لەناوخۆیدا گرنگی پەیوەندی کۆمەڵەکانی هەڵگرتووە بەو پێیەی برێکی لێکدراوە لە گۆڕانکارە خۆ تێهەڵقورتێنەکان و

لەنێوان راگەیاندن و کاریگەری جەماوەری. لە ساڵی ١٩٤٠ دا و بەر لەوەی تەلەفزیۆن وەك هۆکارێکی راگەیاندن بێتەئارا، هەریەك لە (لازارسفیلد) و (ئیبیریلسون) و (جودیت) پەرەیان بە پلانی لێکۆڵینەوەیەکی ورددا بۆ لێکۆڵینەوە لە کاریگەری هەڵمەتی راگەیاندنی سەرۆکایەتی لەو ساڵەدا لە رێی هۆکارەکانی راگەیاندنەوە لەسەر دەنگدەران. لە سەرەتادا گرنگیان بەچۆنیەتی هەڵبژاردنی دەستەیەکی کۆمەڵایەتی دەدا بۆ مادەیەکی راگەیاندن، کە پەیوەندی بەهەڵبژاردنەوە هەبوو، وچۆنیش ناوەڕۆکەکەی رۆڵی لە مەبەستەکانیان هەبوو لە کرداری پێکاندا[٢٣]

ئەو لێکۆڵینەوە لە (تیری کاونتی) لە ویلایەتی ئۆهایۆ ((کە ناوچەیەکی نموونەییە لە ناوەڕاستی ئەمریکادا)) ئەنجامدا، وەکو تەواوی میللەت لەماوەی چەندین دەیەدا دەنگیان دابوو. ئەو ناوەڕۆکەی راگەیاندن کە لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرا گوتارەکانی هەڵمەتەکە و ئەو پەیامە سیاسییانەبوون، کە لەرۆژنامە و گۆڤارەکاندا لەماوەی رکابەری نێوان (ویندل ویلکی) ((پاڵێوراوی کۆماری و (سەرۆك فرانکلین د.روزفلت) پاڵێوراوی دیموکراتی )) پێشکەش دەکران ئەو کەسانەی لێکۆڵینەوەشیان لەسەر دەکرا نموونە بوون کە نوێنەرایەتی دانیشتوانی ناوچەکەیان دەکرد.

بۆ یەکەمین جار دەستەیەك بۆ روپێوێکی رووبەر فراوان بەکارهات کە نموونەی سەرەکییان لەبەر دەست بوو بۆ ماوەی نێوان مانگی یۆنیۆ تامانگی نۆڤێمبەر چاویش بەنموونەی نوێ دەکەوت کە هەریەکەیان لە٦٠٠کەس پێکدەهاتن ئەوەش بەچەند مانگێك کە دەکەوتنە ناوماوە دیاریکراوەکە بەراوردی ئەنجامەکان دەکرا لەنێوان ئەو ئەنجامانەی، کە لە نموونە نوێیەکان پێی دەگەیشتن لەگەڵ ئەو ئەنجامانەی کە لە ئەنجامی دووبارەبوونەوەی چاوپێکەوتن دروست دەبوون، ئەوەش بۆ ئەوەی بزانین داخۆ هیچ جیاوازییەك لە ئەنجامی چاوپێکەوتنی دووبارەبووەوەکان لەگەڵ لێژنەی سەرەکیدا دروستبووە. تێبینی ئەوەیان کرد، کە ئەو جیاوازییانە دروستنەبوون.

هەندێك لە شوێنەوارەکان، کە جێی لێکۆڵینەوەبوون لە بانگەشەکەدا، تێکۆشان بۆ داواکردنی زانیاری لەبارەی پاڵێوراوەکان و بابەتەکان و داڕشتنی خوێندنەوەی هەڵبژاردن وەکو ئەنجامێك کە دووچاری هەڵمەت بووە و چوونی کرداریی بۆ سەرسندووقەکانی دەنگدان بۆ دەنگدان. هەروەك روون بووەوە، جۆری دیکەش لە شوێنەوار دۆزرانەوە: هەندێك لەوانە ئەو لێکۆڵینەوەیە دەیگرتنەوە، کە بانگەشەی راگەیاندن چالاکی کردبوون. بەو واتایەی ئەوان ئارەزووی شاردراوەیان هەبووە بۆ دەنگدان لە ئاراستەیەکی دیاریکراو (بەهۆی لایەنگیریان بۆ

دەستەیەکی کۆمەڵایەتی) پەیامەکانی ئەو بانگەشەیە ئەو ئارەزووانەیان تا پلەیەك بەرجەستەکرد، کە وایلێهات یەقینی هەبێ. ئەوانی دیکەش تەقریبەن بڕیاری خۆیان لە دەستپێکی بانگەشەکە دابوو، ((بەهێزکردنی)) ئەو بڕیارانەی هەڵبژاردنیش لە ڕێگەی ئیختیاری لایەنگیری و بەردەوام بۆ ناواخنێکی زیادکراوی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن کرا. لە ڕێگەی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن تەنیا لە ڕێژەیەکی یەکجار کەم ئەو بڕیارە سەرەتاییانە گۆڕابوون، کە پێشتر درابوون. بەم شێوەیە ((وەرچەرخان)) کاریگەرییەکی چوارچێوە فراوانی نەبوو.

تیۆری جیاوازی کۆمەڵایەتی زۆربەی ئەنجامەکانی بەشێوەیەکی زۆرچاك شیکردەوە. کاریگەری دەستە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان لەسەر مەبەستەکانی هەڵبژاردن و ئاکاری ڕاگەیاندن لە زۆر حاڵەتدا دەردەکەوێ. تەمەن و لایەنگری حیزبی و ڕەگەز و نیشتەجێبوون لە گوند لە بەرانبەر نیشتەجێبوون لەشار و بارودۆخی کۆمەڵایەتی و فێربوون هەموو ئەمانە لە گۆڕانکارییە بنەڕەتییەکان بوون. ئەو لایەنگیرییە دەستەییە کۆمەڵایەتییانە ڕووی بایەخپێدانیان دیاردەکرد، بووە هۆی بڕیاری لە پێشینە یان بڕیاری پاشینە. بەهۆی ئەو کارە گونجاوە ئەو بڕە گۆڕانکارە تەنیا لەسەر پلە و ئاراستەی دووچاربوونی خەڵکی نەبوو بۆ ماددەی بانگەشەی ڕاگەیاندن، بەڵکو کاریگەری هەبوو لەسەر هەموو ئەو جۆرە کاریگەرییانەی ناوەڕۆکی لەمجۆرە لەسەریان بەجێدێڵێ.

لە لێکۆڵینەوەکەدا بایەخێکی کەم بەرۆڵی پشتپێ بەستراوی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە نافەرمییەکان درا، وەکو، ئەوەی کە ڕەنگە چەمکی کۆمەڵەی (یەکەمین) لە خۆبگرێ (ژمارەیەکی کەم لە خەڵکی پەیوەندییەکی کاریگەر و تایبەت بەخۆیان بەیەکەوەیان دەبەستێتەوە وەکو خێزان و برادەرە نزیکەکان) لەگەڵ ئەوەشدا باوەڕێکی بەهێز هەبوو بەوەی ئەو جۆرە لە پەیوەندی کۆمەڵایەتیدا دەرنەکەوتنی پەرەگرتنی کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتووی پیشەسازی. ((ئەلیهۆکاتز))ە لەم چەند دەربڕینەدا ئەو بارودۆخەی بەشێوەیەکی قەناعەت پێکەر ڕوون کردۆتەوە:

تا بەر لە ماوەیەك وێنەی کۆمەڵگە لە زەینی زۆربەی قوتابییەکانی ڕاگەیاندندا بریتیبوو لە تاکی لە یەکجودا، پەیوەست بە هۆکارەکانی ڕاگەیاندن نەك بەیەکەوە. وا سەیری کۆمەڵگە -یان جەماوەر- دەکرا، کە چەند کۆمەڵەیەکن لەسەر بنچینەی تەمەن و ڕەگەز و چینی کۆمەڵایەتی، یان شتی لەمجۆرە، بایەخێکی کەمی بە پەیوەندییەکاندا، لەناویشیاندا پەیوەندییە نافەرمییەکان. مەبەست ئەوە نییە، کە قوتابییەکانی ڕاگەیاندن نەیاندەزانی

تاکەکانی خێزان و هاوڕێیان هەن، بەڵکو مەبەست ئەوەیە ئەوان باوەڕیان وا نەبوو کاریگەرییان لەسەر بانگەشەکە هەبێ. بەم شێوەیە پەیوەندییە ناکەسییەکان بۆ دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی نوێ بەبێ بایەخ سەیر دەکرێن.(٢٤)

بەڵام کاتێك ئەوانەی لێکۆڵینەوەکەیان ئەنجام دەدا لە ((ئێری کاونتی)) قسەیان لەگەڵ خەڵکی کرد، هەروا مانەوەکە وەڵامی چاوەڕواننەکراویان دەست دەکەوت لە یەکێك لەو شارانەی پرسیاریان لە خەڵکەکەی دەکرد:

کاتێك داوا لەو کەسانە کرا، کە لێکۆڵینەوەکە دەیگرتنەوە باسی ئەو دواییانە بکەن، کە رووبەڕووی جۆری جیاوازی هۆکارەکانی گەیاندن و ئاڵوگۆڕی بۆچوونی تایبەت بەبانگەشەکە بوونەتەوە، باسی ((مشتومڕی سیاسی)) یان دەکرد زیاتر لەوەی باسی رادیۆ یان ماددەی چاپکراو بکەن.(٢٥)

لە راستیدا، لە رۆژێکی ئاسایی لەماوەی بانگەشەی راگەیاندندا ١٠٪ دەکەوتنە ناو ئاڵوگۆڕی نافەرمی بۆچوونەکانی لەگەڵ خەڵکانی دیکە زیاتر لەوەی راستەوخۆ بەرەو رووی ماددەکانی بانگەشەی هۆکارەکانی راگەیاندن ببنەوە. لە نیوەی پرۆژەکەدا، لێکۆڵەرەکان بە ستراتیژیەتی خۆیاندا چوونەوە لە چاوپێکەوتنەکاندا. دەستیان بەوە کرد، کە بەشێوەیەکی پتر رێکخراو ئەو پەیوەندیکردنە نافەرمییانە وەکو سەرچاوەیەك بۆ کاریگەری کەسی دەربکەن. ویستیشیان لە ماهەیتی ئەو پاژە تێبگەن، کە ئەو شێوەیە لە شێوەکانی پەیوەندیکردنی تاك بەتاك دەیگێڕێ لەدەستکاریکردنی شوێنەوارەکانی هۆکارەکانی راگەیاندن.

## تەوژمی دووسەرەی راگەیاندن و کاریگەری:

ئەنجامی کۆتایی ئەو دۆزینەوەیەی، کە بەرێکەوت روویدا لە رۆڵی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە نافەرمییەکان لە ((ئێری کاونت))دا داڕشتنی تێڕوانینێکی نوێیە لە کرداری راگەیاندنی جەماوەرین. دوای تەواوکردنی لێکۆڵینەوەکە بەروونی دەرکەوت، کە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە نافەرمییەکان رۆڵیان هەبووە لە دەستکاریکردنی شێوازی دەستنیشانکردنی تاکەکان لە ناوەڕۆکی بانگەشەی هەڵبژاردندا و کاریگەربوونیان بەو ناوەڕۆکە.

تاکی خێزانەکان و هاوڕێکان و ئەوانی دیکەش کۆمەڵێك هزریان لە هۆکارەکانی راگەیاندنەوە گواستەوە بۆ بازنەی بایەخپێدانی دەنگدەران، ئەوانەی بەشێوەیەکی راستەوخۆ رووبەڕووی ببوونەوە، لەوانیشەوە بۆ خەڵکی دیکە کە پەیامە رەسەنەکەیان نەخوێندبووەوە یان گوێیان لێ نەببوو.

بەم شێوەیە، باسەکە بۆ زانیاری لە دوو ڕێگەوە پێشنیازی بزاوتی کرد: یەکەمیان لە هۆکارەکانی راگەیاندنەوە بۆ ئەو تاکانەی تا رادەیەك ئاگاداریان هەبوو و بایەخی بەردەوامیان بەهۆکارەکانی راگەیاندن دەدا. دووەمیان، ئەو کەسانە و لە ڕێی کەناڵەکانی پەیوەندیکردنیان بە ئەوانی دیکە زانیاری بۆ ئەو تاکانە دەگوازرێتەوە، کە راستەوخۆ ناکەونە بەر هۆکارەکانی راگەیاندن و پشت بەکەسانی دیکە دەبەستن بۆ دەسکەوتنی زانیاری. ئەو جۆرە پەیوەندیکردنەش ناوینراوە (( تەوژمی دووسەرەی راگەیاندن)).

ئەوانەی پەیوەندی گەورەتریان بە هۆکارەکانی راگەیاندن هەبوو ناویانرا ((سەرکردەی بۆچوونەکان)) هەر زوو ئەوەیان دۆزییەوە، کە ئەوان تەنیا گوێزەرەوەی بێ لایەنی زانیارییەکان نەبوونە، بەڵکو رۆڵێکی گرنگیان لە پێکهێنانی مەبەستی هەڵبژاردن دەگێڕا لای ئەوانەی زانیارییەکانیان بۆ دەگواستنەوە. هەر زوو ئەو شێوەیە لە ((کاریگەری کەسی)) وەکو کردارێکی هاتنە ناوەوەی گرنگ ناسراو لای زۆربەی خەڵکی ڕێڕەوی خۆی وەرگرت لەنێوان پەیامەکانی راگەیاندن و وەڵام بۆ ئەو پەیامانە.

ئەو دۆزینەوەیە کۆششێکی چڕی بۆ پشکنینی سروشتی سەرکردایەتی کردنی فیکر و کرداری کاریگەری کەسی تەقاندەوە. کەڵەکەبوونی زۆری بەرهەمی فیکری ئەوەی روون کردەوە کە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە نافەرمییەکان بەراستی هۆکاری هاتووی گرنگ بوونە، شێوازی هەڵبژاردنی خەڵکیان بۆ ناوەڕۆکی راگەیاندن و لێکدانەوەیان بۆی و هەڵسکەوتیان بەپێی ئەو پێکهێنا. بەم شێوەیە تیۆری ((پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان)) بۆ تێگەیشتنی گەشەکردنی بنچینەی دەستنیشانکردن زیاد کرا، ئەوانەی کە تاکەکانی جەماوەر وەکو وەڵامێکیان بۆ هۆکارەکانی راگەیاندن مومارەسەی دەکەن.

## لە خۆگرتنی داهێنان:

پێشتر ئەوەمان خستەڕوو کە رۆڵی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە نافەرمییەکان لە کرداری راگەیاندنی جەماوەریدا بە شێوەیەکی سەربەخۆ بەهۆی زیاتر لە تیمێکی لێکۆڵینەوە دۆزرایەوە کە لە یەککاتەدا کاریان دەکرد. لەکاتی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی ((ئیری کاونتی)) قوتابیانی کۆمەڵناسی گوندیی لەسەر ئەوەیان دەنووسی کە چۆن جووتیارەکان بەرهەم و هۆکارە هونەرییە نوێکان بۆ زیادکردنی بەرهەمی کیڵگەکانیان بەکاردێنن. بەپێچەوانەی قوتابیانی راگەیاندن، زۆر لە مێژبوو دەیانزانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە نافەرمییەکان ئەوەی

کە ئەوان لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکەن رۆڵێکی گرنگ لە پێکهێنانی بڕیارەکاندا دەبینن. بەشێوەیەکی تایبەت هەستییان بەوەکرد، کە کاریگەری جووتیار لەسەر هاوڕێ جووتیارەکەی دەبێتە هۆکارێکی گرنگ لە بڕیارەکانی هێنانە ناوەوەی داهێنانێکی کشتوکاڵی دیاریکراو. کۆمەڵگەی گوندی یەکێك بوو لەو کۆمەڵگەیانەی تێیدا خێزان پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی بەهێزی لەگەڵ دراوسێکانی هەبوو پارێزگاری لێ دەکرد. کاتێکیش بیرۆکەی نوێی لە دەرەوە هات، ئەوا لێکدانەوەی هاوسێکان دەشێ خاوەن بایەخێکی یەکلاکەرەوە بێ لە دیاریکردنی شیمانەی هێنانەناوەوەیدا.

قایل بوون بە شێوازی هونەری کشتوکاڵی نوێ وا دەردەکەوێ بابەتێکی زۆر جیاوازە لە کاریگەربوون بەبانگەشەکانی هەڵبژاردن لە رێی هۆکارەکانی راگەیاندنەوە، بەڵام ئەگەر لەسەر چەمکەکان قسەمان کرد، ئەوا زۆر خەسڵەتی هاوبەش لەنێوان ئەو دووەدا دەبینینەوە. بیرۆکە نوێکان یەکەمجار لە رێی پێناوێکی راگەیاندن پێشکەشی جووتیاران دەکرێن، ئەویش رەنگە بەرنامەیەکی رادیۆ بێ، کە بۆ جەماوەری جووتیاران دانراوە، یان بڵاوکراوەیەکە وەکیلی فرۆشتنەکان لە هەرێمەکەدا بڵاویدەکاتەوە یان گۆڤارێکی تایبەتە بەئێزگەی تاقیکردنەوە کشتوکاڵییەکان، لەوانەشە نووسراوێکی راگەیاندن بێ لە یەکێك لەو کۆمپانیایانەی تایبەتن بە بەرهەمە کشتوکاڵییەکان. پرسیار ئەوەیە ئایا جووتیار وەڵامی ئەو پەیامە راگەیاندنیانەی دەدایەوە بەو شێوازەی کە ئەوانەی پەیامەکەیان رەوانە کردووە دەیانەویست؟ یان: ئایا جووتیار ئەو ماددەیە بەکاردێنێ، کە پاڵپشتی کراوە؟ بەپێی ئەو چەمکە کردارەکە لە قەناعەتپێهێنان دەچێ لە بوارەکانی دیکەدا. ئەو بارەی، کە جووتیارێك تێیدایە لەکاتی بەکارهێنانی دەرمان پرژێنێکی نوێ بۆ لە ناوبردنی مێرووەکان یان جۆرێکی نوێ لە رەگەکان لە ئەنجامی بانگەشەیەکی قەناعەتپێکردندا جیاوازی نییە لەگەڵ ژنێکی ماڵەوە، کە دەگۆڕێ بۆ خاوێنکەرەوەیەکی نوێ یان خۆراکێکی نوێ بەهۆی ریکلامەوە. هەردووکیان داهێنان لە خۆدەگرن و بەکاری دێنن یان لە دژی دەوەستنەوە، رەنگە هۆکارە شاراوەکان لەپشت ئەوەش بن لە هەردوو حاڵەتدا تەواو وێکبچن.

هەرزوو لێکۆڵینەوەی زانستی ئەوەی چەسپاند، کە لە خۆگرتنی داهێنان کردارێکی کۆمەڵایەتی هاوشێوەی ئەوەبوو، کە لەماوەی بانگەشەی هەڵبژاردندا روویدا. لێکۆڵینەوەی چڕیش بۆ دیاریکردنی ماهییەتی سەرکردایەتی بۆچوون و سروشتی کاریگەری کەسیان لە کۆمەڵەیەکی جۆراوجۆر لە ژینگەی کۆمەڵایەتی و پیشەییدا ئەنجامدرا. بینرا کە تەوژمی

دووسەرە و کاریگەری تەقریبەن لە هەموو پێگەیەکدا هەیە، کە پێویستە لەسەر خەڵکی لەبارەی کرداری کڕین و پاڵێوراوان و بابەتەکان و شتی دیکەش، کە زانیاری راستەوخۆیان لەسەر کەمە بڕیار بدەن. عادەتەن ئەوانە دەگۆڕێن بۆ ئەوانی دیکە، کە باوەڕیان بەبۆچوونەکانیان هەیە و داوای ئامۆژگارییان لێدەکەن، کە لەکۆتاییدا کاریگەریان لەسەر بڕیار و هەڵسوکەوتەکانیان دەبێ.


بەشێوەیەکی گشتی سەرکردایەتی کردنی بۆچوونەکان، کە کاریگەریان لەسەر کرداری لە خۆگرتنی داهێنانەکان هەیە تا رادەیەکی زۆر لەوانە دەچن، کە پێیانەوە کاریگەرن. ئەوانە بەپلەیەکی زۆر لایەنگیری لاساییکردنەوەی بنەما ئاکارییەکانی کۆمەڵەکەی خۆیانن و ئارەزوو دەکەن لە بوارێکدا زانیارییەکی باشیان هەبێ و هەبوونی ئەو زانیارییانە لە بوارەکانی دیکە بەپێویست نازانن.(٢٧) سەرکردایەتی کردنی بۆچوون پێویست ناکا لە پێگەیەکی بەرزەوەبێ بۆ ئەوانەی کاریگەریان لەسەریان هەیە. وادەردەکەوێ کاریگەرییەکە لەنێوان ئەوانەدا روودەدا، کە تا رادەیەك لە یەك ئاستدان، هەرچەندە مەرج نییە ئەمە هەموو کات راستبێ.

لە لێکۆڵینەوەیەکی ناساندنی بابەتەکەدا ((کاتز)) و ((لازار سفیلد)) ئەوەیان دۆزییەوە، کە بارودۆخی کەسێك لە بازنەی ژیاندا گۆڕاو یەکلاکەرەوە بوو کێ کاریگەری لەسەر کێ دەبێ و لە چ بوارێکدا. بۆ نموونە، کچە کرێکارەکان، ئەوانەی پەیوەندی زیاتریان بەجیهانی جلك و بەرگ و شێوازی پرچ و ئامرازەکانی جوانکارییەوە هەیە لە رێی سەرچاوەکانی راگەیاندن، ئەوانە وەکو سەرکردەن لەلایەن ژنانی ماڵەوە، کە زانیاری کەمتریان لەسەر ئەو بابەتانە هەیە. لەلایەکی دیکەوە لە شوێن و سۆپەرمارکێتەکاندا ئامۆژگاری ژنانی شووکردوو و خاوەن خێزانی گەورە دەکرێ لەبارەی ئەو شتانەی پەیوەندییان بەبەرهەمەکانی ماڵەوە هەیە. بەو شێوەیە ئیعتیباراتی دەستەیەکی کۆمەڵایەتی وەکو تەمەن، و باری کۆمەڵایەتی و قەبارەی خێزان و پیشە وا لە هەندەکان دەکەن ئارەزووی چاودێری کردنی هۆکارەکانی راگەیاندن بکەن بەشێوەی دەستنیشانکردن بۆ ئەوەی زانیارییان لەسەر چەند بابەتێکی دیاریکراو هەبێ. لە ئەنجامی ئەوەدا ئەوانە وەکو سەرچاوەی چاکی ئامۆژگاری وان بۆ ئەو بابەتانە بۆ ئەوانەی هەژارن لە رووبەڕووبوونەوەکانی هۆکارەکانی راگەیاندن.

بە گشتی سەلمێندراوە، کە نموونەی پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی تاکەکان هۆکاری گرنگن و کاریگەریان لەسەر چۆنیەتی گەیشتنی زانیارییەکان لە سەرچاوەکانی راگەیاندنەوە بۆ ئەو تاکانە و ئەوەی دواتر لەبارەیەوە کردیان هەیە. هەندێکیان راستەوخۆ کەوتنەبەر راگەیاندن و

ئەو زانیاریانەیان وەرگرت، کە لەگەڵ بنیاتی دەروونیان دەگونجا. هەندێکی دیکەشیان بایەخیان بەهۆکارەکانی راگەیاندن دا بەشێوازی کتومت بۆ غەیری خۆیان لە دەستە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە، کە پێی کاریگەربوون. هێشتاش هەندێك ماون زانیارییە هەڵبژێردراوەکانی خۆیان لە رێگەی لێکدانەوەی ئەوانی دیکە پێگەیشتووە و لە هەمانکاتیشدا کاریگەری سەرکردایەتی کردنی بۆچوونیان لەسەر بووە بەهەمان ئەو رێژەیەی کاریگەری خودی هۆکارەکانی راگەیاندن لەسەریانی هەبووە.

بە گشتی، هەر سێ تیۆرەکانی کاریگەری دەستنیشانکردن تا رادەیەکی زۆر وێنەیەکی جیاوازی پێشکەش کرد لەوەی بیردۆزە سەرەتاییەکان لە بارەی سروشتی راگەیاندنی جەماوەری و کاریگەری لەسەر خەڵکی کێشابوویان.




**شێوەی (٧-١) شێوازەکانی کاریگەریی خۆپارێزی و گرنگی هاوچەرخبوون بۆ تیۆرەکانی کاریگەری دەستنیشانکردن**

وەرچەرخان لە تیۆری هاوێژەری جادوویی بۆ چەمکی تیۆرەکانی کاریگەری دەستنیشانکردن بەشێوەیەکی رێژەیی وەرچەرخان بوو، لە چەمکە سادەکانەوە بۆ چەمکە لێکدراوەکان. لەپڕ هەموو هۆکارەکان – دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان- ئەوانەی خەڵك لەتاکێکەوە بۆ یەکێکی دیکە لەیەکتر جودادەکەنەوە، بوون بەگۆڕانکاری هاتووە ناوەوە. ئەو

هۆكارانه لەنێوان هۆ و هۆكاری ئاگادارکردنەوە (S) لە یەك لایەن كاری لەسەر كردن- واتە ئەو ناوەڕۆكەی هۆكارەكانی راگەیاندن پێشكەشی دەكەن- لەگەڵ وەڵامدانەوە (R) – یان گۆڕانكاری لە هەست یان بیركردنەوەیان. ئەو هەڵسوكەوتەی لەنێوان تاكەكانی جەماوەردا روودەدا ئەوانەی رووبەڕووی ئەو ناوەڕۆكە دەبنەوە. لە باتی حاڵەتی(ئاگادارکردنەوە و وەڵامدانەوە)S-R ی ئاسانی داڕشتنی دەرپەڕینی جادوویی، كە هیچ هۆكارێك نابێتە پێناوی هۆكارەكانی راگەیاندن و جەماوەر، ئێستا دەستەی جوداجودا لە گۆڕانكارە هاتووە ناوەوەكان پەیدابوونە، كە شێوەی پەیوەندییەكە دەگۆڕن.(شێوە ٧-١)

لە كاتێكدا دەست بەوەكرا ئەو شێوانە وەكو بەڵگە بۆ ئەنجامدانی لێكۆڵینەوەكان بەكاربهێنرێن، روون بووەوە، كە هەموو كۆمەڵە هۆكارێك بەرێگەیەك لە رێگەكان هەوڵیدەدا بۆ ئەو دەستنیشانكردنەی، كە تاكەكانی جەماوەر لە رێگەیەوە گرنگیان بەبینینی هۆكارەكانی راگەیاندن دەدا، و ئەوەیان روونكردەوە، كە تووشی هاتوون و ناوەڕۆكەكەشیان بیركەوتەوە و دواتریش لە هەڵسوكەوتەكانیاندا كاریگەری لەسەریان هەبوو. بەواتایەكی دیكە ئەو كۆمەڵەیە لە هۆكارە هاتووە ناوەوەكان، كە تاكەكانی جەماوەری پێ جودا دەكرێتەوە دیاركرابوو، بەڵام كاریگەرییەكانی تا رادەیەك هاوشێوەبوو لە كرداری راگەیاندنی جەماوەریدا. دەتوانین بەباشترین شێوە لەو بیرۆكەیە بگەین ئەگەر لە چوار بنەمای بنەڕەتیمان روانی كە هەڵسوكەوتی تاكەكانی جەماوەر ئەوانەی كە دەكەونە ژێر كاریگەری ئەو سێ كۆمەڵە گۆڕانكارە هاتووە ناوەوە بەڕێوەدەبات. ئەو بنەمایانەش پەیوەستن بە بایەخدانی دەستنیشانكردن و درككردن و بیركەوتنەوە و هەڵسوكەوت، دەشكەونە ناواخنی كاكڵەی تیۆرەكانی كاریگەری دەستنیشان كردن.

(١) بنەمای بایەخپێدانی دەستنیشانكردن: یەكەم: جیاوازییە تاكییەكان لە پەیكەری مەعریفەدا دەبنە هۆی نموونەی تایبەت لە بایەخدان بەناوەڕۆكی راگەیاندن. هەروەك كۆمەڵگە راگەیاندنییەكانی ئێمە پڕن لە پەیامی ركابەر بەپلەیەك خەڵكی ناتوانن گرنگی بەهەموو ئەوشتانە بدەن، كە ئاراستەیان دەكرێ. ئەگەر هەوڵی ئەوەشیان دا، ئەوا زۆربەی كات تووشی بارێكی زیاتر دەبن. بۆ ئەوەی لەوە دووربن، خەڵكی دەگەنە حاڵەتی ((هەڵبژاردنە عەقڵییەكان)) و بڕێكی زۆر لە زانیارییەكان دەپاڵێون. بایەخەكەیان لە بەشێكی دیاریكراو ئەوەی، كە رۆژانە بۆیان رەخساوە چڕی دەكەنەوە. بەتەواوی وەكو ئەوانەی كە نامەی پووچیان بۆ دێ و بەبێ ئەوەی بیكەنەوە فڕێی دەدەن و وتارە پلە یەكە پڕ بایەخەكانیش هەڵدەگرن، خەڵكی ئەو ناوەڕۆكە راگەیاندنەی، كە زۆر بایەخی پێنادەن یان هەر بایەخی پێنادەن پەراوێزی دەخەن و ئەوەی كە پێشیان خۆشە بایەخی پێدەدەن. بۆ

نموونە، ئەوانەی بایەخ بەبەدواداچوونی ئەو رووداوانە دەدەن، کە روودەدەن بایەخی زیاتر بەهەواڵەکان دەدەن لەو کەسانەی خۆشویستن و درککردنی کەمتریان هەیە. بۆ نموونە، ئەوانەی کە خەمی قووڵیان هەیە لەبارەی تەندروستییانەوە گرنگی زۆر بەو ناوەڕۆکانە دەدەن، کە لەسەر بابەتە پزیشکییەکانە لەچاو ئەو کەسانەی کە لە رووی تەندروستییەوە لە تەندروستی خۆیان رازین.

دووەم: بەشێوازێکی هاوشێوە، لایەنگیری بۆ دەستەیەکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو، کاریگەری دەبێ لەسەر بایەخدان بە پەیامێکی راگەیاندنی دیاریکراو. بۆ نموونە، کەناڵە ئایینییەکان بایەخی زۆر کەمیان پێدەدرێ لەلایەن جەماوەری سکۆلاریزمەوە، بەڵام بەدینەکان بەگەرموگوڕییەوە پێشوازی لێ دەکەن. رەنگە ئەوانەی کە خوێندەواری و دەسهاتێکی دیاریکراویان هەیە بەگەرموگوڕییەوە تەماشای دیمەنی زۆرانبازی بکەن لە تەلەفزیۆندا، لە کاتێکدا زۆربەی کات ئەوانەی خاوەنی پلەی خوێندەواری بەرزن و پارەدارن سەیری ئەو جۆرە بەرنامانە ناکەن. بەهەمان شێوە، دەشتەکی و شارنشین و نێر و مێ و ئەوانەش، کە لایەنگیری دەستەیەکی کۆمەڵایەتی ناوەنجیان هەیە لە رووی رۆشنبیرییەوە شێوەی ئاکاری تایبەتیان هەیە و بەروونیش جیاوازییە دیارەکانی خۆیان لە بایەخپێدانیان بەشێوە جیاوازەکانی ناوەڕۆکی راگەیاندن دیاری دەکەن.

سێیەم: ئەوانەی کە پەیوەندی کۆمەڵایەتی پتەو یان دامەزراندووە زیاتر شیمانەی ئەوەیان لێ دەکرێ بایەخ بەو ناوەڕۆك و بابەتانە بدەن، کە زۆر پەیوەندییان بەو لایەنانەوە نییە. لەوەش زیاتر، دەکرێ نموونەی هاوڕێیەتی کاریگەری بەهێزبن لەسەر خەڵکی لە ئاراستەکردن یان هەتا لە دووبارە پێداچوونەوە بەعادەتی خوێندنەوەیان و تەماشاکردنی تەلەفزیۆن و گوێگرتن لە رادیۆکان. بەڵکو لەوانەیە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ببنە هۆی بایەخدان بە ناوەڕۆکێکی راگەیاندنە کە تاك حەزی لێی نەبێ! چەندن ئەو ئافرەتانەی توندن بۆ بینینی ((یاری تۆپی پێ لە ئێوارەی دووشەمماندا)) بۆ ئەوەی مێردەکەی دڵخۆش بکا و چەند پیاو زنجیرەکانی ((دالاس)) یان بینیوە تەنیا بۆ ئەوەی ئاشتی لەناو خێزاندا بپارێزن.

بەم شێوەیە، بنەمای بایەخپێدانی دەستنیشانکردن و لایەنگیری دەستەیەك و ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانەی مەژگەیەکیان لەخۆگرتووە دەبنە هۆی نموونە لە بایەخپێدان بە ناوەڕۆکی دیاریکراو لە هۆکارەکانی راگەیاندن، کە پەیوەندییان بەو هۆکارانەوە هەیە.

(٢) بنەمای درککردنی دەستنیشانکردن: بنەمای بنچینەیی دووەمیش هەیە، کە تا رادەیەکی زۆر بەهەمان شێواز ئیش دەکا. بەهۆی جیاوازیی لە هۆکارە پەیوەستەکان بەمەعریفە وەکو بایەخپێدان و بیروباوەڕەکان و زانیاری پێشینە و هەڵوێستەکان و شتە پێویستەکان و دابەکان،

تاکەکان درك بەوەدەکەن یان ماناکە دەگەڕێننەوە — بەراستی بۆ هەر هۆیەکی لێکدراو بەرێگەیەکی جیاواز لە درککردنی ئەوانەی پەیکەری مەعریفەی جیاوازیان هەیە. بۆ نموونە، وتارێکی دیاریکراوی رۆژنامەیەك، یان فیلمێکی سینەمایی، یان بەرنامەیەکی رادیۆیی، یان نمایشێکی تەلەفزیۆنی.. رەنگە ژمارەیەك ببینن و هەریەکەشیان بەپێی ئەوەی رووبەڕووی بوونەتەوە دەکەنە لێکدانەوەیەکی جیاواز. درککردن هێما بۆ چالاکی دەروونی دەکا، کە تاکەکان لە رێیەوە لێکدانەوەی خاوەن مانا کاریگەرەکان و ئاگادارکەرەوە هەستییەکان رێکدەخەن، کە لە ژینگەکەیانەوە پێشوازی لێدەکەن. گۆڕانەکانی پەیکەری مەعریفە تاکەکان رووە و کۆکردنەوەی نموونەی جیاواز بۆ واتاو لێکدانەوەی هەر نموونەیەکی دیاریکراوی کاریگەرەکان یان ئاگادارکەرەوەکان، بۆ نموونە وەکو نمایشێکی راگەیاندن پاڵ پێوەدەنێ.

لەسەر هەمان رێ، ئەندامەکانی دەستەیەکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو ئەوانەی کە پاڵپشی هەڵسوکەوتە تایبەتییەکان دەکەن نموونەی تایبەت لەواتا بۆ ناوەڕۆکی راگەیاندنی دیاریکراو دەگێڕنەوە. بۆ نموونە رەشپێستەکان بەزۆری چیرۆکی هەواڵەکان لەبارەی سزای لە سێدارەدان و ئیشکردن لە کارە دونیاییەکان لە چێشتخانەکاندا و وازهێنان لە قوتابخانە زۆری دیکەش لەو بابەتە کۆمەڵایەتیانەی، کە کاریگەریان لەسەر رەشپێستەکان هەیە لێکدانەوەی جیاوازیان بۆ دەکەن لەو لێکدانەوانەی کەسپی پێستەکان دەیکەن. هەروەك جەنگاوەرە بەراییەکانی جەنگی دووەمی جیهانی مانای وا لەبارەی پەیامەکانی راگەیاندن لەبارەی ئەڵمانەکان و ژاپۆنییەکان دەخوێننەوە، کە جیاوازە لەو مانایانەی ئەو گەنجانە دەخوێننەوە، کە بەشدارییان لەو ململانێیەدا نەکردووە.

هەروەها درککردنی دەستنیشانکردن و رێژەی واتاش کاریگەری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان لەسەرە. ئەو باوکانەی منداڵیان هەن، رەنگە بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی دیاریکراو، کە توندوتیژی یان سێکسی تێدابێ بەکۆمەڵێك هەستیارییەوە بەرنامەکە لێکبدەنەوە، کە جیاوازە لە لێکدانەوەی ئەو دایك و باوکانەی منداڵیان نییە. رەنگە عاشقەکان واتای قووڵ و هاوبەش لەناو گۆرانی و فیلمە سینەماییەکاندا بخوێننەوە، کە رەنگە خەڵکانی دیکە تووشی بێزاری بکەن.

بەم شێوەیە بنکەی درککردنی دەستنیشانکردن ئەوەیە، کە ئەوانەن کە خەسڵەتی دەروونی تایبەتمەندییان هەیە و خاوەنی ئاراستەی ئاکاری تایبەتن بەدەستەیەکی دیاریکراو و لایەنگیری تۆڕی کۆمەڵایەتی ناوەڕۆکێکی راگەیاندن بەشێوازی جوداجودا لێکدەدەنەوە. درککردنی دەستنیشانکردن بەو کۆمەڵە گۆڕانکارییانە بەستراونەتەوە لە هەزارەها لێکۆڵینەوەی بابەتی کە

کۆمەڵناسان ئەنجامیانداوە و یەکێکە لە گرنگترین هۆکارەکان بۆ تێگەیشتن لە تیۆرەکانی کاریگەری دەستنیشانکردن.

(٣) بنەمای بیرکەوتنەوەی دەستنیشانکردن: بارودۆخێکی هەڤبەر هەیە لەوەی کە پەیوەندی بە لە بیرمانەوە هەیە.. جۆری دیاریکراوی ناواخن (پەیامی راگەیاندن) هەن، بۆ جۆرە خەڵکێکی دیاریکراو کە تا ماوەیەکی دوور زۆر بەخێرایی بیریان دەکەوێتەوە. بۆ ئەوانی دیکەش، ئەوانەی پەیکەری مەعریفەی جیاواز لایەنگیری دەستەیی و پێکبەستە کۆمەڵایەتییەکانیان هەیە، ئەوا هەمان ماددەی راگەیاندن رەنگە بەخێرایی لە بیریان بچێتەوە. بەم شێوەیە، بنەمای لە بیرمانی دەستنیشانکردن پارسەنگی هەردوو بنەمای بایەخپێدان و درککردنی ئینتیقائین. ئەو بنەمایەش لە رێگەی لێکۆڵینەوەکان و لەماوەی دەیان ساڵدا جێگیربوو.

(٤) بنەمای هەڵسوکەوتکردنی دەستنیشانکردن: لە کۆتاییدا، هەموو تاکێك بەیەك شێواز هەڵسوکەوت ناکا لە ئەنجامی رووبەڕووبوونەوەی پەیامێکی راگەیاندنی دیاریکراودا. هەڵسوکەوتیش ئەڵقەی کۆتایی زنجیرەکەیە. بەر لەوەی کە روودانەکەی شیمانە بۆ کراوبێ، ئەوا یەکێك لە تاکەکانی جەماوەر پێویستە گرنگی بەنمایشی راگەیاندن بدات و لەماناکەی تێبگات و ناوەڕۆکەکەی لە بیر بێ. هەموو ئەو وەڵامدانەوانەش پشت بەکاریگەرییە هاتووە ناوەکان و گۆڕانکارە ناسراوەکان دەبەستن لە ناویشیاندا دەستەکان و شێوازە ئاکارییە تایبەتییەکانیان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان لەگەڵ ئەوانی دیکەدا.

ئەو کورتکراوەیەی پشتەوە ئەوە دەردەخات، کە تیۆرەکانی کاریگەری دەستنیشانکردن دەکرێ لە دوو رێگەدا کۆ بکرێنەوە. یەکەمیان: بە زمانی سروشتی بارودۆخی هاتووە ناوەوە ئەوەی کە لەناو ناوەڕۆکی راگەیاندن و وەڵامدانەوەی خەڵکدا هەیە. دووەمیان: بە زمانی هەر چوار بنەمای دەستنیشانکردنەکان، کە پاڵ بەتاکەکانەوە دەنێ بۆ گرنگی دان بەپەیامەکانی راگەیاندن و لێکدانەوەیان و لە بیرنەکردنیان و هەڵسوکەوت کردن لەسەر یەکێك لەوانە بەرێگەی جیاواز. ئەگەر خۆمان خستە مەترسییەوە بۆ پتر سادەکردنەوەی، ئەوا دەتوانین ئەو بیرۆکانە رێکبخەین و گریمانە بنەڕەتییەکانی تیۆرەکانی کاریگەری دەستنیشانکردن لە زمانی ئەو گریمانانەدا کۆ بکەینەوە:

(١) گۆڕانەکان لە پەیکەری مەعریفە لای ئەو کەسانە بەرهەم دێن، کە فێری تاقیکردنەوە بوونە لە ژینگەی رۆشنبیری کۆمەڵایەتیدا.

(٢) دەستە کۆمەڵایەتییەکان لە کۆمەڵگە ئاڵۆزەکاندا پەرەیان بە کۆمەڵە بچووکەکان داوە ئەوانەی، کە خاوەنی شێوەی ئاکاری دیاریکراون، کە تاکەکانی خۆیان دروست دەکەن و بیروباوەڕ و

هەڵوێستەکان و ئەو نموونانەی هەڵسوکەوتیش، کە پێویستییەکانیان بۆ دەستەبەردەکا و یارمەتییان دەدا بۆ زاڵبوون بەسەر کێشە تایبەتییەکان دابەش دەکەن.

(٣) خەڵکی لە کۆمەڵگە هاوچەرخ و پیشەسازییەکاندا پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە گرنگەکان لەگەڵ خێزان و هاوڕێیان و دراوسێکان و هاوڕێیانی سەرکار دەپارێزن.

(٤) جیاوازییە تاکییەکان لە پەیکەری مەعریفە و کۆمەڵە خاوەن شێوە ئاکارە تایبەتەکان لە هەموو دەستەیەکدا و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەنێوان تاکەکانی جەماوەردا دەیانکاتە هۆی نموونەی دەستنیشانکردن لە بایەخپێدان و دڕککردن و وەبیرهاتنەوە و هەڵسوکەوتکردن لەو شتانەی کە پەیوەندییان بەشێوەیەکی دیاریکراو هەیە لە ناوەڕۆکی ڕاگەیاندندا.

بەلەبەر چاوگرتنی ئاڵوگۆڕی وێنەی کاریگەری ڕاگەیاندن ئەوەی، کە تیۆرەکانی کاریگەری دەستنیشانکردن پێشکەشی دەکەن، سەرسوڕمانمان کەم دەکەنەوە لەوەی، کە پێشبینی کردن لە وەڵامدانەوەی تاکەکانی جەماوەر بۆ شێوە جیاوازەکانی ناوەڕۆکی ڕاگەیاندن ئەرکێکی زۆر قورس و جێگیرە. هەروەها سەرسوڕمانمان لەوەش کەم دەبێتەوە، کە بنەما کاریگەرەکان لەسەر چۆنییەتی قەناعەتکردنی خەڵکی بە پابەندبوونیان بە شێوەی ئاکاری دیاریکراو لە ڕێگەی ئەو لە خشتە بردنانەی لە ڕێگەی هۆکارەکانی ڕاگەیاندنەوە پێشکەش کراون لە دڕککردنەکانی لێکۆڵەرە بەراییەکاندا بوونیان نەبووە و بەراستی ئەوە تا ئێستاش بەزۆر شێواز

**روو دەداتەوە.**

سەرەڕای ئەوە و سەرەڕای ئالۆزییەکانی، تا ئێستا تیۆرەکانی کاریگەری دەستنیشانکردن بەڵگەی دروست دەدەن سەبارەت بەوەی پەیوەندی بەجۆرەکانی ئەو هۆکارانەوە هەیە، کە پێویستە بەتەواوی لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکرێ، بەرلەوەی ئەو توانایەمان هەبێ لە چەمك و پێشبینییەکان بە کاریگەرییەکانی هۆکارەکانی راگەیاندنی جەماوەری لەسەر تاکەکانی جەماوەر. ئەوەش تا ئێستا بەڵگە(وەسیقە) ی پەیوەندییە بە لێکۆڵینەوەی کاریگەرییەکانی هۆکارەکانی راگەیاندنی ئەمڕۆ هەروەکو بەڵگە بوو لەو ماوەیەی پەرەی پێدەدرا. ئەوە شتێکی راستەقینەیە ئەوان لیستێکی درێژ لەو گۆڕانانەی هاتنە ناوەوە لەنێوان هۆکارەکانی راگەیاندن و جەماوەر دادەنێن. لە بەدبەختیشدا، سەدان لە تاقیکردنەوە و پشکنینە دابەزیوەکان لە رابردوودا ئەو گۆڕانکارییانەیان گوێ لێ بوو لایەنی کەمیش لە هەندێك لە کاریگەرییەکان تێگەیشتن. روون بوو کە لێکۆلەران لە بەدواداچوونی ستراتیژییەتی تیۆری بەردەوام بن بۆ ئەوەی لە توانادا بێ ئەو تیۆرانە بەرێگەیەکی پتر چالاك پێکبهێنرێن.

هەرچەندە تیۆرەکانی کاریگەری دەستنیشانکردن هێشتا موژدە بەخشن، هەروەها تیۆری ستراتیژی بەتەواوی موژدە بەخشیش هەن، بەهەمان پلەی بایەخپێدان لە گۆڕانکارەکان ورد دەبنەوە. هەروەك لە دووبەشی داهاتوودا دەیبینین، ئەوا هەریەك لە کرداری گونجانی کۆمەڵایەتی و رۆڵی واتا لە کرداری راگەیاندنی جەماوەری بۆچوونی زۆرجیاواز پێشکەش دەکەن لەسەر چۆنیەتی کاریگەری هۆکارەکانی راگەیاندن لەسەر جەماوەرەکەی.

# پەراوێزەکانی بەشی حەوتەم


1. W. W. Charters, *Motion Pictures and Youth* (New York: The Macmillan Company, 1934). This is a summary and overview of the Payne Fund studies, a large-scale research program conducted during the late 1920s.
2. R. J. Hernstein and E. G. Boring, *A Source Book in the History of Psychology* (Cambridge, Mass.: Harvard University Press, 1965).
3. Edwin G. Boring, *A History of Experimental Psychology* (New York: The Century Company, 1929). This is the most thorough work of its kind that sets forth the philosophical foundations of the discipline.
4. Hermann Ebbinghaus, *Memory*, trans. H. A. Ruger and C. E. Bussenius (New York: Teacher's College, 1913). First published in German in 1885. The learning and forgetting curves uncovered in this work are still regarded as valid guides to the functioning of human memory.
5. Edward L. Thorndike, "Animal Intelligence: An Experimental Study of the Associative Processes in Animals," *Psychological Monographs* 2, no. 8 (1898).
6. B. F. Skinner, *The Behavior of Organisms* (New York: D. Appleton Century, 1938). The title of this work reveals the comparative framework within which much of the early research on learning was conducted. The goal was to uncover laws of learning that applied to all living organisms, including human beings.
7. R. M. Yerkes and S. Margolis, "The Method of Pavlov in Animal Psychology," *Psychological Bulletin* 6 (1909), 257–73; See also Ivan R. Pavlov, *Conditioned Reflexes*, trans. G. V. Aurep (London: Oxford University Press, 1927). First published in Russian.
8. For a good summary of this area of psychology, see J. W. Donahoe and M. G. Wessells, *Learning, Language, and Memory* (New York: Harper & Row, 1980).
9. William McDougall, *Introduction to Social Psychology* (London: Methuen, 1908).
10. William I. Thomas and Florian Znaniecki, *The Polish Peasant in Europe and America*, 2nd ed., Vol. I (New York: Knopf, 1927), p. 22.
11. Melvin L. DeFleur and Frank R. Westie, "Attitude as a Scientific Concept," *Social Forces* 42 (October 1963), 17–31.
12. The World War II film experiments are presented in Carl Hovland, Arthur A. Lumsdaine, and Fred D. Sheffield, *Experiments on Mass Communication* (Princeton, N.J.: Princeton University Press, 1949); the Yale program of research is fully reported in Carl Hovland, Irving Janis, and Harold H. Kelly, *Communication and Persuasion* (New Haven, Conn.: Yale University Press, 1953).
13. See Allen E. Liska, *The Consistency Controversy: Readings on the Impact of Attitudes on Behavior* (New York: John Wiley and Sons, 1975).
14. Gustave Le Bon, *The Crowd: A Study of the Popular Mind* (New York: The Viking Press, 1960). Originally published in French in 1895, translated in 1896, the work had undergone twenty-nine editions by 1922.
15. Emile Durkheim, *Suicide* (New York: The Free Press, 1951). First published

in French in 1897. This work represented an important turning point in sociology. It was the first large-scale quantitative study of a specific form of action.

16. George A. Lundberg, "Statistics in Modern Social Thought," in *Contemporary Social Theory*, ed. H. E. Barnes and F. Becker (New York: Appleton-Century, 1940), Chapter 6.
17. For a readable account of the development of major statistical techniques and theories during the nineteenth century, see James W. Tankard, *The Statistical Pioneers* (Cambridge, Mass.: Shenkman Publishing Company, 1984).
18. Frederic Le Play, *Les Ouvriers Europeens* (Paris: 1879) An English version appears in C. Zimmerman and M. Frampton, eds., *Family and Society* (New York: Van Nostrand, 1935).
19. For a more detailed explanation of the nature and importance of subcultures in modern societies, see Melvin L. DeFleur et al., *Sociology: Human Society*, 4th ed. (New York: Random House, 1984), pp. 164–72.
20. Examples of the early studies are: Douglas Waples, Bernard Berelson, and Franklin R. Bradshaw, "Why They Read," in *What Reading Does to People* (Chicago: University of Chicago Press, 1940); Bernard Berelson, "What Missing the Newspaper Means," in Paul Lazarsfeld and Frank Stanton, eds., *Communications Research, 1948–49* (New York: Harper and Brothers, 1949); Herta Herzog, "Motivations and Gratifications of Daily Serial Listeners," in Paul Lazarsfeld and Frank Stanton, *Radio Research, 1942–1943* (New York: Duell, Sloan, and Pearce, 1944). These studies and a number of other works from the 1940s based on selective influence factors and important in the uses and gratifications perspective are reprinted in Wilbur Schramm, *The Process and Effects of Mass Communication* (Urbana, Ill.: University of Illinois Press, 1954).
21. A good summary of this perspective, its literature, and its limitations is presented in Werner J. Severin and James W. Tankard, Jr., *Communication Theories*, 2nd. ed. (New York: Longman, 1988), pp. 300–310.
22. Harold D. Lasswell, "The Structure and Function of Communication in Society," in *The Communication of Ideas*, ed. Lymon Bryson (New York: Harper and Brothers, 1948), pp. 37–51.
23. Paul F. Lazarsfeld, Bernard Berelson, and Hazel Gaudet, *The People's Choice* (New York: Duell, Sloan, and Pearce, 1944)
24. Elihu Katz, "Communications Research and the Image of Society: Convergence of Two Research Traditions," *American Journal of Sociology* 65, no. 5 (1960), 436.
25. Lazarsfeld, Berelson, and Gaudet, *The People's Choice*, p. 150.
26. A excellent summary of this process is contained in Elihu Katz, "The Two-Step Flow of Communication: An Up-to-Date Report," *Public Opinion Quarterly* 21, no. 1 (Spring 1957), 61–78.
27. A definitive work on opinion leadership and related issues is Everett M. Rogers and F. Floyd Shoemaker, *Communication of Innovations: A Cross-Cultural Approach* (New York: The Free Press, 1971).

## بەشی هەشتەم

## پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و تیۆرەکانی کاریگەری ناڕاستەوخۆ

یەکێك لەناسەرەوە گەورەکانی تیۆری کاریگەری دەستنیشانکردن، ئەوەی کە لە بەشی پێشوودا باسمان کرد، ئەوەیە لەبەربەستەکانی کات و شوێن ورد دەبێتەوە. بەواتایەکی دیکە ئەو تا رادەیەك هەوڵدەدات ئەوە شرۆڤە بکا، کە بەسەر خەڵکی دادێن لە چوارچێوەی کاتی ئێستادا و لەوکاتەی کە هۆکارەکانی راگەیاندن جۆری دیاریکراو لەبەرنامە و زانیاری و هەواڵ یان ناوەڕۆکی دیاریکراو، کە سیفەتی تایبەتی هەیە پێشکەش دەکا. ئەو تیۆرانە بۆیە دانەندراون تا کاریگەری درێژخایەن لەسەر کەسەکان شرۆڤە بکەن، یان بۆ لێکدانەوەی کاریگەرییە ناڕاستەوخۆکانی هۆکارەکانی راگەیاندن لەسەر کۆمەڵگا و لەسەر رۆشنبیری دانەندراون.

چەند هۆکارێك هەن وامان لێدەکەن باوەڕمان بەوە هەبێ، کە بایەخ و مەژگەی راستەقینەی هۆکارەکانی راگەیاندن لە کۆمەڵگادا لە کاریگەری راستەوخۆیان لەسەر جەماوەرێکی دیاریکراو تەواونابن. گرنگی هۆکارەکانی راگەیاندن لەکاریگەرییە ناڕاستەوخۆکەی دایە لەگەڵ لێهاتوویی لە ماوەیەکی دوورودرێژ بۆ رۆشنبیری مرۆیی، هەروەها کاریگەریشی لەسەر کرداری رێکخستنی ژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە و رۆشنبیر لە کرداری پەرەپێدان  گۆڕانکاری بەردەوام دادەنرێن بەهۆی رووداوە یەك لە دوای یەکە مێژووییەکانی وەکو جەنگ و حاڵەتەکانی داتەپینی بازرگانی و پێشکەوتن لە هۆکارە تەکنیکییەکان (تەکنەلۆژیا). ئەوەش لە گۆڕانکاری لەو باوەڕانەی، کە تاکەکانی کۆمەڵگە لە خۆیان دەگرن و لە رەوشتییان رەنگدەداتەوە و لە هەندێ حاڵەتیشدا پێی کاریگەر دەبێ. لە هەردوو ئاستی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیریشدا گەشەسەندنی بنەمای نوێ بۆ کارلێکردنی کۆمەڵایەتی یان دەستکاریکردن و گۆڕینی بنەما کۆنەکان، دەبنە هۆی دەرکەوتنی ئاراستەی نوێ لە هەڵسوکەوت.

رەنگە ئەو شێوە تیۆریەی  لە بەشی پێشوودا شیمانکردەوە نرخێکی زۆری نەبێ لە گەیشتن

بە تێگەیشتنێکی وردی کاریگەرییە خاوەن ماوە دوورودرێژەکان بۆ هۆکارەکانی ڕاگەیاندن. تێبینی ئەوەمان کرد، کە ئەو تیۆرانە تەرکیز لەسەر ئەنجامە ئێستاییەکان دەکەنەوە، کە دەمودەست ڕوودەدەن. هەروەك ئەو تیۆرانە لە ڕێگەی بەکارهێنانی ڕێبازە لێکۆڵینەوە خوازراوەکان لە زانستە مرۆییەکان — یان زانستەکانی مەعریفەی مرۆیی، کە شێوازی پان و بەرین بۆ گۆڕانە سەربەخۆکان و ناسەربەخۆکان لە ڕەوشتی مرۆڤ گریمانە دەکا- پێیان گەیشتووین. ئەو چوارچێوەیەش بەتەواوی گونجاوە بۆ لێکۆڵینەوەی پەیوەندییە ڕاستەوخۆکان و ئێستاییەکان لە نێوان هۆ و ئەنجامەکاندا، بەڵام وەکو ڕوونە ئەوە تەنیا چوارچێوەیەکە، کە تەنیا لە مەودایەکی کورتدا واتا دەدا. بەداخەوە ئێمە تائێستا دەستمان بەهۆکاری زۆر پێشکەوتوو نەگەیشتووە بۆ ناسینی ئەنجامە دوورەکان و ناڕاستەوخۆکان، هەروەها هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەی ئەو ئەنجامانەی لەسەر بەشداریکردن لە ڕێکخستنی جیاوازی پەیوەندیکردنی مرۆیی پلەبەندکراون وەکو ئەوەی کە لەو کۆمەڵگایانەدا هەیە، کە پشت بەپەیوەندیکردن بەقسە دەبەستن بەبەراورد لەگەڵ ئەوەی پشت بەهۆکارەکانی ڕاگەیاندن دەبەستێ.

بەر لەوەی چاو بە هەندێك لەو ئەنجامە پلەبەندانەدا بخشێنینەوە، کە لە ڕووبەڕووبوونەوە دوور و درێژەکەی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن دانراون، کارێکی سوودمەندە بەوردی لەوە تێبگەین بۆچی ڕێگاکانی لێکۆڵینەوەی پشت پێ بەستراو لە زانستە مرۆییەکان و ڕێبازەکانی لێکۆڵینەوە، کە لە زانستە سروشتییەکان وەرگیراون بوونە ستوونێکی نەگۆڕ لە لێکۆڵینەوەی ئەنجامی کاریگەرییەکانی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن. ئەو زانیارییەکی بنچینەییمان بۆ دەڕەخسێنێ تابتوانین لە دوا ڕۆژدا لە پێشەوە بڕوانین.

لە سەرەتاشدا دەبێت لەوە تێبگەین، کە کارێکی قورسە وێنای جۆرەکانی ڕێبازەکانی لێکۆلینەوە بکەین، ئەوانەی کە لە دوا ڕۆژدا بۆ لێکۆڵینەوەی کاریگەرییە ماوە دورو درێژەکان و ناراستەکان و زیرەکەکانی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن پێویستیمان پێ دەبێ ئەوەی کە پشت بە هۆکارەکانی ڕاگەیاندن دەبەستێ بەلایەنی زۆریش ئێمە لەو نمایش و پێداچوونەوەیە تەواو نابین تەنیا لەو ڕێباز و پلانانەی لێکۆلینەوە نەبێ، کە بۆ ئێمە زۆر بەسوود نین لەو کاتەی هەریەك لە تیۆرەکە و لێکۆڵینەوەکە ڕووەو پێشەوە دەڕۆن.

## تێڕوانین لە ماوەی کورت لە ڕووبەڕووبوونەوەی تێڕوانینی ماوە درێژدا:

دوو هۆکاری سەرەکی لە پشت پەیوەستبوونی تیۆرەکانی کاریگەری دەستنیشانکردنی هۆکارەکانی راگەیاندن بە پەیکەری زەمەنی ماوەکورت هەن لە باتی تێڕوانینی ماوەدرێژ.

هۆی یەکەم ئەمەیە ئەو تیۆرانە لەوانەیە لە چوارچێوەی نموونەی درککردنی بنچینەی دەروونناسیدا لە دایك بووبن. ئەو شێوازەش زۆر بایەخ بەو گۆڕانکارییانە نادا، کە لە چالاکی کۆمەڵایەتی مرۆڤەکان لە ماوەیەکی دوورودرێژی کاتدا روودەدەن.

هۆی دووەم ئەوەیە ئەو تیۆرانە لە رێگەی بەکارهێنانی ئەو هۆکارانەی لێکۆڵینەوە دۆزراونەتەوە، کە بە تەواوی گونجاون لەگەڵ دۆزینەوەی کاریگەرییە دەمودەستە سەربەخۆکان لەسەر هۆکاری ناسەربەخۆ لە کاتێکی دیاریکراودا، بەڵام هەوڵنادا ئەو کەڵەکەبوونە ماوە درێژانەی دواتر لە کاتێکی دیکەدا کاریگەریان دەبێ دیار بکا.

## کۆتەکانی نموونە:

لە بەشی حەفتەمدا گفتوگۆمان لە بارەی ئەو بناغەیەی، کە تیۆرەکانی جیاوازی و جیاوازییە تاکییەکان و کاریگەرییەکانی لە کاریگەری دەستنیشانکردنی راگەیاندنی هۆکارەکانی راگەیاندنی لەسەر جەماوەر دامەزراندبوو، کرد.

لە بنچینەدا دەستهاتەکەی لەسەر نموونەی بنچینەیی دەرککردن ئەوەی، کە لە چوارچێوەی دەروونناسی پێشکەوت تەواوبوو. ئەو نموونەیە بۆخۆی لە تێڕوانینی بنەڕەتیدا (کاریگەری و وەڵامدانەوە) S-R  بەگۆڕاو دادەنرێ لە هەڵسوکەوتی مرۆییدا، کە بەبنچینەیەك دادەنرێ بۆ تێگەیشتن لە دەروونناسی مێژوویی و هاوچەرخ. ئامانجی سەرەکی دەروونناس زیاتر لە سەدەیەك مایەوە و درێژەی کێشا هەوڵی تێگەیشتنی ئەوەیاندا بۆچی تاکەکان وەڵام دەدەنەوە، یان شوێنی رەوشێکی دیاریکراو دەکەون یان لەگەڵ کۆمەڵێك رێگا دەگونجێن، کە وەکو نموونەیەك وان کاتێك رووبەڕووی کاریگەرییەکان دەبنەوە لە ژینگە سروشتی یان کۆمەڵایەتییەکەیان.

لە کاتێکدا دەروونناسی دوای تێپەرینی دەیان ساڵ لێکدانەوە تیۆرییەکانی گۆڕی، زانایان وایان دانا  رەنگی جیاواز هەن لە هۆکارە کاریگەرەکان کە لە نێوان هەردوو لایەنی هۆ و وەڵامدانەوەیدا لە کاتی دەربڕینی دا کاری لێ دەکا. لە مێژووی دەروونناسیدا زانایان گریمانەی بوونی سێ کۆمەڵەی جیاوازیان لەو هۆکارانە کردووە، کە دەچنە ناو  دەرککردنی هۆکاری، کە بەهۆی هەستەکانەوە و لە نێوان هەڵبژاردنی کەسەکان بۆ ئەو وەڵامەی  بە گونجاوی دەزانێ بۆ

کاریگەری لەمجۆرە. یەکەمین کۆمەڵە لەو هۆکارانەی پێکهاتەی هێزی عەقڵییە لە دەرککردن یان هەستەکانی تاك. ئەوەش بووە هۆی لیستێکی درێژ لە غەریزە بۆ ماوەییەکان، ئەوەی کە لێکۆڵەران گریمانەیان دەکرد، کە تا رادەیەك لای هەموو تاکەکان هاوشێوەیە. لە زەمەنە نوێکاندا ئەو کۆمەڵەیە لە هۆکارەکان و گۆڕدراون بە کۆمەڵەیەکی دیکەی هۆکار کە ناویان نراوە هۆکارەکانی رێکخستنی مەعریفە و دەرککردن. بە واتایەکی دیکە، کۆمەڵێك خەسڵەتی تاك (بوونەوەر) هەن دەچنە نێوان کاریگەری وەڵامدانەوە S-R کاریگەریشی دەبێ لەسەر ئەو رێگەیەی، کە تاك بە هۆیەوە دەگونجێ و وەڵامی ئەو کاریگەرییەشی دەداتەوە، کە وەری گرتووە.

بەم شێوەیە دەروونناسی گەیشتە گریمانەیەکی نوێ کە پشت بەهێڵێکی بنچینەیی دەبەستێ: کارتێکەر – دواتر تاك – پاشان وەڵامدانەیان (S-O-R) تاك لێرەدا (O) نوێنەرایەتی تایبەتمەندییەکانی بوونەوەر دەکا. بەم شێوەیە دەکرێ لێکدانەوە بۆ وەڵامدانەوە جیاوازەکانی تاکەکان بکرێ لە بارەی چەند کۆمەڵێکی دیاریکراو لە کارتێکەرەکانی.

بینیمان تیۆرەکانی کاریگەری دەستنیشانکردن بە هەمە جۆری دادەنرێن بۆ ئەو شێوە دەرککردنە. ئەو بڕیار دەدا، کە سیفەتە دەرککردنییەکان و رۆشنبیری ژێرخان و کۆمەڵایەتییەکانی تاك هەموویان هۆکاری تایبەتی توخمی تاکن (S) ئەویش وەکو کارتێکەری هاتووە ناوەوە. لە وەڵامدانەوەی تاك بۆ کارتێکەرەکە کار دەکا. دەگوترێ کە ئەو هۆکارانە نموونەی دەستنیشانکردن، پێکەنین یان بۆ ئاگادارکردنەوە یان دەرککردن یان وەبیرهاتنەوە یان هەڵسوکەوتی ئاشکرای تاکەکانن. لە کاتی وەڵامدانەوە هۆکارەکانی راگەیاندن زۆرینەی لێکۆڵینەوە بەراییەکانی هۆکارەکانی راگەیاندن هەوڵی ئەوەیاندا ئەو سیفەتە تاکییانە بۆ شیکردنەوەی وەڵامدانەوە دەمودەستەکانی ئەو کەسانەی بە فیلمێکی دیاریکراو یان بە پەیامێکی چاپکراو یان بە بەرنامەیەکی رادیۆی کاریگەر دەبن بەکاربێنێ.

## کۆتەکانی رێبازی لێکۆڵینەوە:

هۆی دووەم، کە جەخت دەکاتە سەر تیۆرەکانی کاریگەری دەستنیشانکردن لە بنچینەدا گرنگی بە کاریگەریی ماوە کورتی هۆکارەکانی راگەیاندن دەدەن. ئەو تیۆرانە لە ڕێگەی بەکارهێنانی رێبازەکەیان لێکۆڵینەوە پێگەیشتوون، کە لەگەڵ لێکۆڵینەوەی کاریگەری

دەموودەست و راستەوخۆدا دەگونجێن، نەك پەیوەندییە ماوە درێژەکان و ناڕاستەوخۆکان لە نێوان هۆکارە گۆڕاوەکاندا. بەشێوەیەکی دیاریکراو تاقیکردنەوە لە بنچینەدا بنەمای ڕێبازی لێکۆڵینەوەی پەسندکراوە لە دەروونناسیدا. هەروەك نموونەیەك لەو تاقیکردنەوەیە بۆ هەمان مەبەست لە کۆمەڵناسیدا بەکارهاتووە.

پەسندکردنی ئەو تاقیکردنەوەیە (کارتێکەر و وەڵام) S-R لە دەروونناسیدا لە رۆژە بەراییەکانی ڕێکخستنی لێکۆڵینەوە دادێ. زانستە دانپێدانراوەکانی ئەو کاتیش بە گومانێکی گەورەوە لە دەروونناسان دەڕوانی، چونکە بابەتی ئەو زانستە دیاردە ((عەقڵی)) یەکانی وەك ((فیکرەکان)) و ((هەست و سۆزەکان )) و ((بیر)) و ناوبانگ زڕاندن. لەو کاتەشدا ئەو بابەتانەی لێیان کۆڵدرایەوە زۆر قورس بوون تەنیا ڕێژەیەکی کەم لە لێکۆڵەران لێیان تێدەگەیشتن، هەروەك زوو لە ناو دەچوو زۆر نەدەمایەوە. بەهۆی زانا رشتەکانیش نەدەبوونە ئامانجی ڕێگەپێدراو بۆ لێکۆڵینەوە. لە راستیدا ئەوەی کەوا بانگەشەی دەکرد، کە ئەو بابەتانە دەکرێ بخرێنە ژێر پشکنینی زانستی لە هەندێ لە بازنە زانستییەکاندا وای سەیر دەکرد، کە ئەو مومارەسەی جۆرێك لە فاڵگرتنەوەی ترسناك دەکا و جیاوازیش نییە لە مامەڵەکردن لەگەڵ دێوەزمە و رۆحەکان و جادوو، ئەوەی جادووگەرەکان مومارەسەیان دەکرد.

بۆ زاڵبوون بەسەر ئەو کەموکورتییەیدا، زانایانی دەروونناسی پێیان داگرت دوو شت بکەن: یەکەمیان، وەکو پێناوێك بۆ تۆلەسەندنەوە پەنایان بردە بەر تاقیکردنەوە، چونکە باوەڕیان وابوو ئەو تاکە هۆکاری راستە بۆ گەیشتن بە دەستهاتەکان کە دەکرێ باوەڕیان پێ بکرێ لە بارەی بابەتی لێکۆڵینەوەوە. تاقیکردنەوە ڕێگایەکی پەسندبوو لە زانستە سروشتی و بایۆلۆژیە جێگرتووەکاندا. بەم هۆیەشەوە، تاقیکردنەوە بووە هۆکارێکی گرنگ، کە دەروونناسەکان شەرعییەت بدەنە مەیدانی لێکۆڵینەوەکانیان لە چوارچێوەی سیستەمی لێکۆڵینەوەی زانستیدا. تا ئەمڕۆشی لەگەڵ دابێ ئەو باوەڕە بەشێوەیەکی فراوان هەر باوە.

شتی دووەم، لە سەرەتاکانی ئەو سەدەیەداو بەهۆی چەند هۆکارێکی زۆر لە یەکچووەوە، (جۆن واتسن) پێشنیازی پابەندبوونی تۆکمەی کرد بە بنەماکانی رەوشت. مەژگەی ئەو باوەڕەش تاکە زانیارییە ڕێگە پێدراوەکان، کە دەکرێ لە ڕێگەیەوە ئەو تیۆرانە روون بکرێنەوە، کە رەوشتی مرۆڤەکان روون دەکەنەوە بێگومان دەبێ لە ڕێگەی تێبینیی راستەوخۆی هەڵسوکەوتە دیارەکانی تاکەکانەوە دەبێ، هەر لێکدانەوەیەکیش کە چەمکە

((عەقڵییەکان)) (ئەگەر راستەوخۆ تێبینی نەکرابن)، بۆ شیکردنەوەی هۆکارەکانی هەڵسوکەوتی مرۆیی یە راستەوخۆ بەوەر نەگیراو لە قەڵەم دەدرێن، ئەو جۆرە هەڵوێست و بۆچوونانە بوونە هۆی وەدەستهێنانی رەزامەندییەکی زۆر لە دەروونناسیدا.

لە زۆر نەوەوە تیۆری پابەندبوونی تۆکمە لە چاودێریکردنی رەوشتدا بووە هۆی چاکسازی لە تیۆردا یان ئەوەی ناوینراوە تیۆری رەوشتی نوێ. بەڕاستیش ئەو ئاماژانەی ئەو چەمکانەوە وەردەگرێ، کە دەکرێ لە نزیکەوە بە تێبینییە راستەوخۆکانی ( وەکو هۆکارەکانی مەعریفە) ببەسترێنەوە. سەرەڕای ئەوەش زۆرێك لە زانایانی دەروونناسی تا ئێستاش گومانیان هەیە لە هەر دەستهاتێك لە تێبینی راستەوخۆدا هەڵنەهێننجرابێ. بۆ نموونە لە دەیە یەکەمینەکاندا راپۆرتی زارەکی تاکەکان لە بارەی بارودۆخە دەروونییە، ناخییەکانیان ناوی نرابوو نهێنی پاراستن یان (تەماشاکردنی ناوەوە) واش دادەنران، کە بایەخی زانستیان نییە. تا ئەمڕۆش، ئەو جۆرە راپۆرتانە لای هەندێك لە دەروونناسان بڕێکی زۆر کەم لە باری زانستییەوە دەبەخشن بۆ نموونە، تائێستا ئەو مقۆمقۆیە لە بارەی نرخی تێبینی (کلینیك) بەردەوامە، کە لە چوارچێوەی تاقیکاریدا ئەنجام نادرێ. هەتا (تاقیکردنەوە عەقڵییەکان وەکو دیاریکردنی ئادگارەکانی تاك یان هەڵسەنگاندنی پێوانی ئاستی زیرەکی (IQ) ، کە داوا لە کەسەکان دەکا باوەڕەکانی خۆیان بپشکنن و راپۆرتی کەسی لە بارەوە بدەن، تائێستا لە هەندێ بنکەدا شوێنی قسە لەسەرکردنە. بۆیە، تێبینی راستەوخۆ بۆ رەوشتی کەسی و ئاراستەی تاقیکاری بۆ لێکۆڵینەوە لەو رەوشتە، تا ئێستا دوو پێناوی رێگە پێدراون بۆ گەیشتن بە زانیاری راست.

زۆرینەی دەروونناسان لەو جۆرە بیر و بۆچوونانەیان هەیە، هەرچەندە لە چاولێکردنی یەکەمدا لایەنە وێکچووەکانیان وەدیار ناکەون. گرفت لە کۆمەڵناسیدا ئەوەیە زۆر زەحمەتە ((یان بەکورتی دانانی پلانی هەڵسەنگاندن بۆ لێکۆڵینەوەی تایبەتمەندییەکان و هەڵسوکەوتەکانی کۆمەڵە گەورەکان مەحاڵە، هەروەها ئەو کۆمەڵگایانەی کە زۆرینەی کات بەو یەکانە دادەنرێ، کە گرنگیان هەیە لە تێبینیدا لای کۆمەڵناسان. بۆ لێکدانەوەی ئەو کێشە کۆمەڵناسان دەسبەرداری ستراتیژییەتی تاقیکردنەوە نەبوون، بەڵام رێبازی لێکۆڵینەوەی جێگرەوەیان پێشکەش کرد، کە هەمان لۆجیك لەخۆ دەگرێ. بەهۆی ئەم رێگایەوە کۆمەڵناسان هەستیان کرد، کە دەتوانین پارێزگاری لە داواکارییەکەی خۆیان بکەن، کە بارودۆخی زانستی بوو بۆ لێکۆڵینەوەکانیان.

توانرا ئەو کێشەیە بەم ڕێگایەی خوارەوە چارەسەر بکرێ: ئەو داوا کراوبوو بە دوای ئەلتەرناتیڤێکی تاقیکراوەدا بگەڕێ، لەهەمانکاتیشدا ئەو ئەلتەرناتیڤە پارێزگاری لە خەسڵەتەکانی تاقیکردنەوەدا بکا، ئەوەبوو کاریگەری گۆڕانکارییە نا جەوهەرییەکان دەتوانرا دەستیان بەسەردابگیرێ، هەروەك دەکرا تێبینی تاقیکاری لە بارەی پەیوەندی نێوان گۆڕانکارییە سەربەخۆ و ناسەربەخۆکان ئەنجامبدرێ. دەشتوانرێ پلەیەکی بەرزی چاودێریکردن فەراهەم بکرێ، چونکە لێکۆڵەر دەتوانێ ڕاستەوخۆ ئەو بارودۆخەی، کە کەسەکان لە تاقیکردنەوەدا دووچاری دەبن بخاتە ژێر دەست و دەتوانێ یان بە تەواوی دووری بخاتەوە یان ئەو هۆکارانەی کەم بکاتەوە، کە کاریگەریان لەسەر ئەنجامەکان دەبێ و دەبنە هۆی ئەنجامی نادروست.

بۆ ئەوەی کۆمەڵناسان بتوانن ئەو خەسڵەتانە وەدەست بێنن گەیشتنە تاقیکردنەوەی نموونەکە وەکو ڕێگایەکی تاقیکاری تێبینییەکان. دواتر ستراتیژیی ئاماری ئاڵۆزیان لە خۆگرت — وەکو شیکاری گەڕاوە بۆ دواوە، و پێگەیشتی پاژی و گشتی، و شیکاری گۆڕاو، و زۆر ئاماری دیکە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی چاودێری و دەست بەسەرداگرتن. ئەو هۆکارە ئامارییانە وایان کرد دەرهێنانی پەیوەندی چەندی لە نێوان گۆڕانکاری سەربەخۆ، گۆڕانکاری پاشکۆدا لە مەزندە و زانینی کاریگەری هۆکارەکانی دیکە کردەنی بێ.

لە ستراتیژییەکانی ڕێبازی تاقیکاری، و چەندی، و ئاماری، وەکو بنەمای ڕێبازەکانی لێکۆڵینەوەی تەوەری کۆمەڵناسان تێیدا ئەوە هەڵدەبژێرن، کە بۆیان گونجاوە. هەندێك لە کۆمەڵناسانیش (چۆنیەتی ) لێکۆڵینەوەی گۆڕانە کۆمەڵناسییەکان بەکاردێنن. بۆ نموونە لێکۆڵینەوە لە ڕێگای (تێبینی کردن بە بەشدرای کردن) و (لێکۆڵینەوەی مەیدانی)، بەڵام ئەو لێکۆڵینەوانە تائێستاش جێگای گفتوگۆ لەسەرکردنن، چونکە ئەو ڕێژەی تێدا نییە، کە لە لێکۆڵینەوە چەندییەکاندا هەیە، هەروەك ئەو لە ناو ڕێبازی لێکۆڵینەوە سەرەکییەکانی کۆمەڵناسیدا نییە. لە ترۆپکی سەرگەرمیاندا تا (زانستی ) بن کۆمەڵناسان و ئەوانی دیکەش، کە وەرگرتنی ڕا بەکاردێنن پرسیارە دێرینەکانیان لە بارەی سروشتی دۆزینەوەی تێبینییەکانیان لە بیرکرد. شێوە ئاڵۆزەکان، ئەوانەی کە گۆڕانی زۆریان تێدایە و ئەو ئامارەی ئێستا بەیارمەتی کۆمپیوتەرەکە وزەیەکی مەزنی هەیە ئەنجامدەدرێ، کاریگەری دەردەکەوێ و تا ڕادەیەکی زۆریش (زانستی)یە، بەڵام ئەو زانیارییانەی لەو پرۆگرامە ئامارییانە وەردەگیرێن تائێستاش لەسەر بنەمای دیاریدەی نهێنی پارێزی یان تێڕوانین بۆ ناوەوە دادەنرێن،

واتە لەسەر بنچینەی پرسیارکردن لە خەڵکی لە چاوپێکەوتنەکاندا، لەوەی کە هەست بە چ دەکەن یان باوەڕیان بەچ هەیە، یان پێشتر چیان کردووە، یان لە داهاتوودا پێشبینی چ دەکەن.

ئامانجی ئێمە لەو تێبینییەی کە دەروونناسان تا رادەیەکی زۆر تاقیکاری پەسەند دەکا و کۆمەڵناسی ئەلتەرناتیڤی ئاماری ئاڵۆز بەباشی دەزانێ، ئەوەیە ئەوە دیاربکەین، کە هەردوو ستراتیژیەکە لە رێبازەکانی لێکۆڵینەوەدا تەنیا بۆ لێکۆڵینەوە لە هەڵسوکەوت بەکاردێن، ئەویش لە تێڕوانینێکی ماوە کورتدا، چونکە تاقیکردنەوە ئەوە دەدۆزێتەوە، کە خەڵك ئەنجامی دەدەن لە چوارچێوەی ئەو بارودۆخە دیاریکراوەی پلانی تاقیکردنەوە دەیسەپێنێ. بۆ نموونە، ئامار، یان تاقیکردنەوەی وەسفێکی هەڵسوکەوتی مرۆڤمان پێشکەش دەکا، کە یەکجار پراکتیزە دەبێ ئەویش لە ژێر ئەو بارودۆخەی لە کاتی چاوپێکەوتنەکەدا لە ئارادابووە، زەحمەتیشە یەکێك لەو دوو رێگایە بۆ لێکۆڵینەوە لە گۆڕانەکان لە هەڵسوکەوت لە دەمی ماوەیەکی درێژی کات بەکاربهێنرێ، بەم شێوەیە، ئەو نموونە تیۆرییەی کە تیۆرییەکانی کاریگەری دەستنیشانکردن پشتیان پێدەبەستێ و ئەو رێبازە لێکۆڵینەوانەی بۆ پێشخستنی بەکارهاتن، رێڕەوی ئەو تیۆرییانەی لە چوارچێوەی روانینێکی ماوە کورتدا سنووردار کرد بۆ گەڕان لەکاریگەرییە راستەوخۆ و دەموودەستەکان بۆ رووبەڕووبوونەوەی هۆکارەکانی راگەیاندن. کاتێك ئەو لێکۆڵینەوەی لەسەر بنچینەی ئەو نموونانە دامەزرابوو، هەروەها رێبازەکانی لێکۆڵینەوەکەشی شکستیان هێنا لە گەیشتن بە کاریگەرییە دەمودەستە گرنگەکان بۆ رووبەڕووبوونەوەی ناواخنی هۆکارەکانی راگەیاندن، رێژەیەکی کەم لە لێکۆڵەران هەوڵیاندا تا گرنگییەکانیان بۆ سروشتی تیۆرەکان گێڕایەوە، کە لەکاتی لێکۆڵینەوەدا لەسەری دەڕۆیشتن، یان ئەو رێبازە لێکۆڵینەوانەی کە بەکاریان دێنا. لەبری ئەوە، گەیشتنە ئەو ئەنجامەی، کە دەڵێ هۆکارەکانی راگەیاندن کاریگەرییەکی زۆر کەمیان هەیە لەسەر هەڵسوکەوتی مرۆییدا. زانایان تا بەم دواییانە دەرکیان بەوە نەکرد، کە تیۆرەکانی کاریگەری هەڵبژاردە تەنیا باسی رێژەییەکی کەم لەو کاریگەرییە ماوە درێژانە دەکا، کە لەسەر کەسەکاندا هەن لەبارەی دووچاربوونی بەردەوام لە کەڵەکەبوونی ناواخنی راگەیاندن، لەبارەی کاریگەری ناڕاستەوخۆ لەسەر رۆشنبیری کۆمەڵگا. لە کۆتاییدا توانرا تەنیا دەرك بە جۆری ئەو کاریگەریانە بکرێ بە تەواوی ئەوانە جۆری ئەو کاریگەریانەی، کە دەکرێ بەهێزترین کاریگەری بن لە ماوەیەکی درێژدا. لە بەشەکانی دواتردا پاشخان و سروشتی ئەو تیۆرانەی پەیوەندییان بە چەمکە ماوە درێژەکان هەیە دەیخەینەڕوو، لەگەڵ ئەو کاریگەرییە

ناڕاستەوخۆیانەی  بۆ تاك و كۆمەڵگا بەدەستدێن یەكێك لەو چەمكانەی خراونەتەڕوو، و چوارچێوەیەكی رێكخراومان بۆ دەڕەخسێنێ، كە دەتوانین لەو چوارچێوەیەدا لێكۆڵینەوە كاریگەرییە ماوەدرێژەكان و ناڕاستەوخۆكانی هۆكارەكانی راگەیاندن بكەین، چەمكی پێشكەوتنی كۆمەڵگا دەربڕینێكە لە سێبەر دەچێ، زۆر لایەنی ئەو كردارە لە خۆدەگرێ، كە لە رێگەیەوە بیروباوەڕ و هەڵوێست و هەڵسوكەوتی ئەندامەكانی كۆمەڵگا پێكدێن، ئەویش لە رێگای سیستەمی (كۆمەڵایەتی و رۆشنبیری) كە بەشداری تێدادەكەن یەكێك لە لایەنەكانی بەشداریكردن لە چالاكی كۆمەڵایەتی راستەوخۆ لە ئامێری وەلامدانەوەی كەسی تاكە كە ورد دەبێتەوە- ئەو كەسە چۆن شێوەی نوێی هەڵسوكەوت وەردەگرێ، یان بیرۆكەی نوێ، كە رێگەی خو پێوەگرتووەكەی بۆ وەلامدانەی ژینگەی ماددی یان كۆمەڵایەتی چاك دەكا یان دەگۆڕێ. لایەنێكی دیكە هەیە، كە تیۆری كۆمەڵایەتی لە رێیەوە لە تاكەكان دەڕوانێ لە چوارچێوەی بازنەیەك لە كارلێكی  كۆمەڵایەتی، ئەوەش بۆ تێگەیشتن لەوەی  چۆن خۆیان ئامادە دەكەن بۆ چوونە پاڵ كۆمەڵەی رێكخراو و بەشداربن لە چالاكییەكانیدا، و چۆن بگەنە ئاڵوگۆڕی كەسیان لە رێگای خولی ژیانیاندا.

**هۆكارەكانی راگەیاندن وەكو هۆكاری یاریدەدەر بۆ گەشەسەندنی كۆمەڵایەتی تاك.**

ئەفلاتوونی فەیلەسووف یەكەم كەس بوو، كە لێكۆڵینەوەیەكی درێژی كرداری گەشەسەندنی كۆمەڵایەتی پێشكەشكردین. لەكتێبەكەیدا (كۆمار) پلانێكی پێشكەشكردین بۆ ئانوزەمانی ئەوەی  سەركردەكانی كۆمەڵگا باشترین سیفەت بەدەستدێنن، ئەوەش لە رێی مەشق پێكردنی رێبازی و رێكخراو بۆ سەركردە نموونەییەكانی كۆمەڵگاكەی.(1) لەسەردەمە زووەكاندا تەركیز لەسەر گەشەسەندنی ماوەی درێژی مرۆڤ و لە منداڵییەوە تا دەگاتە ئەو تەمەنەی  پەیدای دەكا ئەوەش لەو لێكۆڵینەوانەی هەموو زانستە بنچینەییە كۆمەڵایەتییەكاندا هەیە لەو كاتەی كە سەرەتاكانی ئەو زانستە لە سەدەی نۆزدەدا وەدیار دەكەون.

## سروشتی گەشەسەندنی كۆمەڵایەتی تاك:

پێشتر تێبینی ئەوەمان كرد، كە گەشەسەندنی كۆمەڵایەتی لە چەمكێكی بایۆلۆجی، هەڵسوكەوتی لێی دەڕوانرا. ئەمرۆش زانایان وایدادەنێن، كە ئەو دوو سەرچاوەی سروشت هەر یەكێكیان پشت بە ئەوی دیكەیان دەبەستێ. لە كاتێكدا  تاكەكان لە رووی بایۆلۆجییەوە لە قۆناغی منداڵییەوە بۆ هەراش و دواتریش بۆ قۆناغی كاملی لە تەمەندا دەگۆڕێ، هەروەها لە

رووی دەروونی کۆمەڵایەتیش گۆڕانیان بەسەردا دێ. لە کاتێکدا تاکەکانی قۆناغەکانی ژیان تێدەپەڕێنن، دەبینن، کە پێویستە رۆڵی نوێ بگێڕن و، بارودۆخی نوێی ژیان قبووڵ بکەن و بەرپرسیاریەتییەکەیان بگۆڕن، و چاکسازی لە شێوازی بیرکردنەوەیان لەبارەی خۆیانەوە بکەن .

لە کۆمەڵگا تەقلیدییەکاندا، قۆناغەکانی ژیان بەو سروتە جیاوازانە دەناسرێنەوە، کە پێیدا تێدەپەڕن خێزانیش ئەوە دیاری دەکا، کە هەر قۆناغێکی ئەو سروتە لەخۆ دەگرێ. رەنگە هۆز یان کۆمەڵگا بەشێوەیەکی گشتی دیاری بکا ئەو سیستەمە وەرچەرخانێکی رێکخراو و ئامادەکارییەکی شایستە بۆ تاك دەرەخسێنێ بۆ گواستنەوە لە قۆناغێکی ئەو کردارەی هێشتا بە تەواوی روون نییە. سەرچاوە زانیارییە رکابەر و بەرهەڵستکارەکان، ئەوەی کە لە نێوان گەورەکان و کۆمپانیاکاندا هەیە، رکابەری دەکەن لە پێشنیازی راکێشانی سەرنجی تاك بۆ پێناسە و ئاراستەی پێویستی پێبدەن تا لاسایی ئەم هەڵسوکەوتە یان ئەو بکاتەوە، و بزانێ کیهان بنەما بۆ هەڵسوکەوت گرنگە، دەکرێ کام واتا بۆ رووداوەکان بگەڕێنرێتەوە: هۆکارەکانی راگەیاندن بە روونی لە نێوان ئەو سەرچاوە رکابەرانەی زانیاری، کە کاریگەریان لەسەر تاك هەیە دەردەکەون. لە کۆمەڵگا نوێیەکانیشدا، هۆکارەکانی راگەیاندن وایان لێهاتووە لێیان دەرباز نابی و لە هەموو شوێنێکدا هەن، و سەرچاوەیەکی ناچارین بۆ دیاریکردنی ئەوەی تاکەکان چۆن هەڵسوکەوت دەکەن. بەم هۆیەوە لێکۆڵینەوە لە کاریگەرییە ماوە درێژەکان لەسەر کرداری گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی هەردەبێ ئەنجامبدرێ.

گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی چییە بەتەواوی؟ دەتوانین دەست بەوەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە بکەین بەبیر خستنەوەی کێشمەکێشی پێشوومان، گفتوگۆی کلاسیکی لەبارەی سروشت و چاودێریکردن. پرسیارەکەش ئەوەبوو: ئەو سەرچاوانە چی بوون، کە تاکەکان ئەو سیفەتانەیان لێدەستکەوتوون کەوای لە مرۆڤ کردووە لە گیانلەبەرەکانی دیکە جیاوازبێ. بەتایبەتی، پرسیارەکە لە دەوری ئەو تەوەرە دەخولایەوە: ئایا ئێمە فێری سیاسەتی مرۆیی بووینە یان بۆمان ماوەتەوە — ئەو رێکخستنە ناخییە دەروونییە ناوازەی دەچێتە ناو پێکهاتەی مرۆیی هەموو تاکێك. هەرچەندە گفتوگۆ لە بارەی ئەو بابەتە تا رادەیەك ساردە بۆ ئەوەی تیژییەکەی کەم بێتەوە، و نیشانەکانی رۆڵی زیندووبوونی فێربوون روونبوونەتەوە، بەڵام ئەو پرسیارە تا ئێستاش دەکرێ، چونکە تاکێك ئامادە دەکرێ بۆ ئەوەی ببێتە ئەندامێکی تەواو و بەشداربێ لە کۆمەڵگاداو تێیدا بمێنێتەوە؟ بەواتایەکی دیکە: ئەو سەرچاوانە چین، و ئەو تاقیکردنەوانە کیهانن، کە وایان لە ئێمە کردووە ئەو هەموو ئاراستە کردنە ناو خۆیانە وەربگرین، و دەسەڵاتمان

بەسەر دەروونمان بووبێ و لەو شتانە تێبگەین، کە لە دەوروبەرماندا لە جیهاندا روودەدەن و لێکیان بدەینەوە، ئەو رێنمایانە، مەژگەی خۆیان هەیە، و لەگەڵ ژینگەی ماددی خۆمان بسازێین، و بە رێگەیەکی رەزامەند بگەڕێینەوە سەر ئەوانی دیکە لە چاوەڕێی مرۆڤەکانمان؟ وەڵامی ئەوەیە کە ئەوە هەمووی لە رێگەی چالاکی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی ئەنجام دەدرێ.

بۆیە دەربڕی گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی دەربڕینێکی فرەواتایە. ناوێکە بۆ شتێکی ئالۆز، و کۆمەڵێك ئالوگۆڕی گەیاندنی ماوەدرێژ و دووری هەمەجۆر لە نێوان تاکەکان و هۆکارە جیاوازەکانی کۆمەڵگا دەبێتە هۆی ئامادەکردنی تاك بۆ ژیان لە ژینگەیەکی ((کۆمەڵایەتی رۆشنبیری)) [٢] دا. لە تێڕوانینی تاکدا، گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی هۆکارێکمان بۆ زیاد دەکا بۆ ئەوەی پەیوەندی بە ئەوانی دیکەوە بکەین، و بۆ ئەوەی بیربکەینەوە و کێشەکانمان بە بەکارهێنانی رێگای پەسەند لە کۆمەڵگاکەماندا چارەسەر بکەین. بەگشتی، ئەو هۆکارەمان بۆ زیاد دەکا بۆ ئەوەی بەتەواوی لەگەڵ ژینگە کەسییەکەی خۆماندا بگونجێین! لە تێڕوانینی کۆمەڵگاشدا، گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی، تاکەکان کۆدەکاتەوە تا رادەیەکی باش وەڵامدەرەوەی بنەماکانی کۆمەڵگابن تا بتوانرێ پارێزگاری لە سیستەمی کۆمەڵایەتی بکرێ، و پێشبینی ئەوە بکرێ، کە دەکرێ رووبدا و بە بەردەوامیش.

## گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی و تاك:

هەموو زانستە کۆمەڵایەتییە گەورەکان بایەخیان بە پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی داوە لە گۆشەنیگای جۆراوجۆر و جیاواز، بەڵام هەموویان یەکدی تەواو دەکەن .[٣] هەریەك لەو بۆچوونانە بە گرنگ دادەنرێ بۆ زانینی ئەوەی هۆکارەکانی راگەیاندن چۆن لە کرداری گەشەسەندنی کۆمەڵایەتیدا تێدەکۆشن:

زانایانی زانستی مرۆڤ دەربڕینی (ڕۆشنبیرکردن) بەکاردێنن بۆ ئاماژەکردن بەکرداری وەرگرتنی ئەوەی، کە تاکەکانی کۆمەڵگایەکی نوێ دەتوانن لەو رێگەیەوە لە ناوەوە هەموو لایەنە رۆشنبیرییەکانیان پەرەپێبدەن، ئەو داب و نەریتانەش تەنیا لە چوارچێوەی خێزانەکەی خۆیاندا نابێ، بەڵکو زمان و بەکارهێنانی ئامراز، باوەڕە سادەکان، و هەموو ئەفسانەکان، و بیروباوەڕە هاوبەشەکان، و فۆلکلۆریان بۆنە میللییە هاوبەشەکان دەگرێتەوە. ئەگەر خەڵکی لە کۆمەڵگایەکەوە چوون بۆ کۆمەڵگایەکی دیکە، و دووبارە گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی یان گونجان لەگەڵ کۆمەڵگای نوێدا تەواو بوو، ئەوا لێرەدا ئەو کردارە ناوی دەنرێ (وەرگرتن).

لێرەدا هۆکارەکانی راگەیاندن دەتوانن رۆڵ بگێڕن لە روونکردنەوەی سروشتی سیستەمی کۆمەڵایەتی نویێ بۆ منداڵ یان بۆ رەوەند تا لە هۆکارەکانی ئەو کۆمەڵگایە تێبگا کە میوانداری کردووە.

دەروونناسان مەیلی ئەوەیان هەیە، وا لە کرداری گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی بڕوانن، کە (ئەوە فێری مرۆڤ دەکا، کە چۆن دەست بەسەر توانا فیکرییەکەی خۆیدا بگرێ) ئەوەی کە ئەگەر بەبێ هیچ بنەمایەك ئاراستە بکرێ دەبێتە هۆی هەڵسوکەوتێکی ناکۆمەڵایەتی و لەکار وەستاو. وەکو نموونەیەکی روونکردنەوەش بۆ تێڕوانینی دەروونناس بۆ گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی، دەتوانین لە تیۆرەکانی شیکاری دەروونی زانای دەروونناس سیگمۆند فرۆید بیدۆزینەوە. فرۆید کەسایەتی مرۆڤی بەپێوەری سێ رەگەز یان پێکهاتە شیکردۆتەوە، کە ئەمانەن: من، و منی باڵا، و ئەو یان نەست. فرۆید بڕوای وابوو ئەو سێ رەگەزەی سروشتی مرۆڤایەتی بەردەوام رکابەریانە بۆ ئەوەی دەست بەسەر هەڵسوکەوتەکانی تاکدا بگرن [٤] بەپێی تیۆرەکەی فرۆید، (ئەو) (ID) یان نەست ئەو بەشەیە کە بە دوای چێژدا دەگەڕێ کە فرۆید ناوی ناوە دەروون (PSYCHE). نەست لە پاڵنەری (فیتری-فکری) پێکدێ، لە ناویشیاندا پاڵنەری رازی کردن یان تێرکردنی سێکسی هەیە، بەڵام منی باڵا (SUPEREGO)، ئەو بەشەی کەسایەتی مرۆڤە، کە لێیەوە بنەما رەوشتییەکانی کۆمەڵگا پێکدێنی، عادەتەن بە وشەی (ویژدان) ئاماژەی بۆ دەکرێ، بەڵام من (EGO)، ئەو بەشەی کەسایەتییە، کە دەرککردنی هۆشمەندانە بەرانبەر ئەو رەوشتەی پێشکەشی دەکا دەرەخسێنێ و لەگەڵ ئەوەی کە رێنماییەکان بۆ ئەو رەوشتە دەردەکا. لە کاتی ئاراستەکردنی ئەو هەڵسوکەوتەدا، ئەو بەشەی دەروون دەبێتە پێناو لە نێوان داواکارییەکانی نەست، کە خۆیان لە (ID) دەبیننەوە، لەگەڵ ئەو کۆتانەی، کە منی باڵا(SUPEREGO)، بەسەر هەڵسوکەوتەکاندا دەیسەپێنێ تا هەڵسوکەوتەکە پەسندبێ لە کۆمەڵگادا. دەڵێن من (EGO) دەگاتە چارەسەرێك بۆ بوون بە بەربەست لە نێوان هەردووکیاندا —بۆ نموونە تواناکانی (ئەو) یان نەست (ID) دەکاتە شێوەیەك لە هەڵسوکەوت، کە ببێتە هۆی سەرزەنشت کردنی لەلایەن کۆمەڵگایەوە. لە چوارچێوەی ئەو چەمکەدا، گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی و، بەشداری تاك لە چالاکی کۆمەڵگادا، زانیاری پەسندی لە بارەی هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی پێدەدا و هەڵسوکەوتی لادەریشی بۆ دیاری دەکا، کە پێویستە لێی دووربکەوێتەوە. لەسەر ئەو بنچینەیە، بایەخی شارستانی یان ژیار لە کاتی مەشقپێکردنی

منداڵدا- هەروەك فرۆید دەڵێ —ئەوەیە کە (ئەژدیهاکەی ناوناخی مرۆڤ زیندانی بکەی)، بە واتایەکی دیکە، پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی هانی تاك دەدا بۆ ئەوەی بە پێوەرەکانی کۆمەڵگا، کە بۆ چاك و خراپ دانراون رازی بێ، و دەست بەسەر ئارەزووە فیترییە شاردراوەکەیدا بگرێ کە داوای تێرکردنی چێژی لێ دەکا، و رەنگە ببێتە هۆی پشێوی و سەرکۆنەکردن لەلایەن کۆمەڵگاوە.

دەروونناسان هەموویان نە بەلێکدانەوەکانی فرۆید قایلن و نە بەهیچ شێوەیەکی دیکەی تیۆری شیکاری دەروونی. سەرەڕای ئەوەش، بنەما بنچینەییەکان بۆ دیاریکراوە دەروونییەکان بۆ کرداری گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی بۆ تاك بەم شێوەیە روونکراوەتەوە: پاڵنەرە ناپەسندە کۆمەڵایەتییەکان بێگومان دەبێ دەسەڵاتیان بەسەردا هەبێ، ئەوەی کە کۆمەڵگا و بنەمای رەوشتی هەیەتی پێویستە فێری ببن، هەروەك هەڵسوکەوتەکانی تاك هەموو رۆژێك دەبێتە هۆی لێك جودابوونەوەی جووتێك چارەسەرەکەشیان بە رێگەیەك کە کۆمەڵگا پێی رازی بێ.

ئێستا پرسیار ئەوەیە: ئەو رۆڵەی کە هۆکارەکانی راگەیاندن وەکو هۆکارێك لە کرداری گەشەسەندنی کۆمەڵایەتیدا دەیگێڕن چییە، بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەو ئامانجە هەستیارانە؟ ئایا رووبەڕووبوونەوەی ناواخنی راگەیاندن یارمەتی تاکەکان دەدا بۆ ئەوەی دەسەڵاتیان بەسەر ئارەزووەکان و ئارەزووە فیترییەکانیاندا هەبێ، یان هانیاندەدا بۆ ئەوەی هەوڵدەن ئارەزوو چێژەکانیان بە رێگای ناپەسەند تێر بکەن؟ ئایا هۆکارەکانی راگەیاندن پێوەرە رەوشتییەکان، ئەوانەی کە کۆمەڵگا پەسندیان دەکا، فێری خەڵکی دەکەن، یان شێوەی شێوێندراوی هەڵسوکەوتیان پێشکەش دەکا، کە رەنگە ببێتە هۆی رووبەڕووبوونەوەی تاك لەگەڵ زۆرینەی لەیەکچوو بۆ بنەماکانی کۆمەڵگە؟ .

ئەو لێکۆڵینەوانەی لەسەر هۆکارەکانی راگەیاندن ئەنجامدراون و لە وێنای توندوتیژیی زیاد لە پێویست، و هەڵسوکەوتی سێکسی لادەرانە، و چالاکی تاوانکاری و ماددەهۆشبەرە رێ پێنەدراوەکان و بابەتە نەرێنییەکانی دیکەی کۆمەڵگا وردبوونەتەوە، بە تایبەتی ئەوانەی کاریگەریان لەسەر منداڵ هەیە. ئەو لێکۆڵینەوانە بە رێگەیەکی پێوانەیی دادەنرێت بە هەوڵدان بۆ زانینی کاریگەری کۆمەڵایەتی بۆ ماوەیەکی درێژ لەسەر هۆکارەکانی راگەیاندن.

بەڵام کۆمەڵناسان، تەرکیز لەسەر ئەوە دەکەن، کە کرداری گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی داوا لە تاکەکان دەکا (بەشداری لە ژیانی بەکۆمەڵ بکەن). لێرەدا دەبینین ئەو تەرکیزە گرنگی بەدوو بابەت دەدا: یەکەمیان ئەو رێگەیەی خەڵکی لە رێیەوە ئەو زانیارییانەیان

دەستدەکەویٚ، کە بەڕاستی پێویستیانە تابنە ئەندام لە کۆمەڵەیەکی دیاریکراوی وەکو خێزان یان قوتابخانە، یان دەریاوانی، یان یانە، یان کۆمەڵەیەك کە کاردەکەن... بەم شێوەیە. دووەمیان پشتگیری کردنی تاکەکانە بۆ تێگەیشتنێکی فراوانتر بۆ جۆرە جیاوازەکانی دەستەکان، کە کۆمەڵگەیان لیٚ پێکدیٚ. ڕەنگە هەرگیز نەبنە ئەندام لە هەندێك لەو دەستانە، بەڵام لە هەندێك بۆنەی جودادا پێویستە مامەڵەی لەگەڵدا بکەن بۆ نموونە: نەخۆشخانە و بانك و بریکارییە حکوومییەکان، و کۆمپانیاکانی دڵنەوایی و تیپەکانی تۆپی پیٚ و بەڕێوەبەرایەتییەکانی پۆلیس، و کۆمەڵەی دیکەش. ئەم وانانە ئاڵۆزن. ئەوەش مانای ئەوەیە بۆ ئەوەی تاکێك بچێتە ناو شلەژانی کۆمەڵەیەك، هەتا بۆ کۆمەڵگاش بە گشتی، پێویستە لەسەر هەریەکەمان لە مێشکیدا چەند کۆمەڵەیەکی روونکاری دابنیٚ، لەوەی کە پێشبینی دەکا کاتێك مامەڵە لەگەڵ ئەو شێوە هەمەجۆر و جیاوازانە دەکا لەو کۆمەڵانەی کە کۆمەڵگەیان لیٚ پێکدیٚ. ناتوانین بچینە ناو بانکێك یان سۆپەرمارکێتێك یان پەرستگایەك، یان ئەو شوێنەی کاری لیٚ دەکەین، یان هەتا خێزانەکانی خۆشمان، تەنیا ئەگەر ئەو پێشبینیانەمان وەرگرت ئەوانەی کە یارمەتیدەرمانن لە زانینی، ئەوەی خەڵکی ڕەنگە چی بکەن و لەوەی کە بە ئاسانی بەشداری لە نموونەی تایبەت بکەین لە هەموو کۆمەڵەیەك لە چالاکی کۆمەڵایەتیدا.

خەڵکی پێویستیشیان بەوەیە بزانن لە ناوخۆیاندا چ ڕوودەدا. ئەوان لە منداڵێکەوە دەگۆڕێن بۆ هەرزەکارێك، و لەگەنجێکەوە بۆ لاوێك و لە کامڵە پیاوێکی چالاك لە رووی کۆمەڵایەتیشەوە بۆ کەسانێك کە لە ساڵانی دوایی تەمەنیاندان. هەموو قۆناغێك لەو قۆناغانەی پێویستی بە تێگەیشنێکی نوێی دەروونی هەیە. ئەگەر وانییە چ مانایەکی هەیە لە کۆمەڵگایەکی دیاریکراودا گەنج بیٚ یان لە ناوەڕاستی تەمەن دابیٚ یان پیرببوبیٚ؟ ئەو هەمەجۆری و تێڕوانینە لە دەروون، لە قۆناغە جیاوازەکاندا دەکریٚ لە ڕێگەی کرداری گەشەسەندنی کۆمەڵایەتیدا وەدەستبهێنریٚ. ئەوە پێشتر وەکو پاژێك لە رۆشنبیری گشتیاندا هەبووە و هەموو قۆناغێکی نویٚ دەکریٚ تاك وەربگریٚ کاتێك لێی نزیك دەبێتەوە و دەچێتە ناویەوە.

هۆکارەکانی ڕاگەیاندن لە کۆمەڵگە نوێکاندا رۆژانە وانەی جۆراوجۆر لە بارەی ئەو بابەتانەوە پێشکەش دەکەن. وێنەی گەنجان، وبەساڵاچووان، وێنەی ژن و پیاو- ڕاستەقینە بن یان قەڵب، شێوێنرابیٚ، لەسەر حەق بن یان هەڵە — لەو ناواخنی ڕاگەیاندندا پێشکەش دەکرێن

و دووباره دەكرێنەوە، كە بە بەردەوام رۆژ دوای رۆژ خەڵكی رووبەڕووی دەبنەوە كاریگەری ماوە درێژ بۆ ئەو جۆرە رووبەڕووبوونەوە و تاقیكردنەوانە بۆ تاك دەبێ بەڕوونی لێكۆڵینەوەی لە سەربكرێ و لێی تێبگەین.

## گەشەسەندنی كۆمەڵایەتی و كۆمەڵگە:

كرداری گەشەسەندنی كۆمەڵایەتی تاك بە بنچینە دادەنرێ بۆ مانەوەی كۆمەڵگا وەكو سیستەمێكی جێگیر و بەردەوام. سەرەڕای گۆڕانە جێگیر و بەردەوامەكەی بۆ بەئەندامبوونی ئەو كۆمەڵگەیە لە رێگەی لە دایك بووان و مردووان، ئەو سیستەمە بەردەوامە. ئەوەش شیمانە بۆ كراوە، چونكە بنچینەی رێكخستنی كۆمەڵایەتی، و رۆشنبیری گشتی رێگەی كرداری گەشەسەندنی كۆمەڵایەتی تاك و بەشداریكردنی لە چالاكییەكەیدا دەگوازرێتەوە بۆ نەوە یەك لە دوایە یەكەكان.

مەشقپێكردنی ئەندامانی كۆمەڵگایەكی نوێ بۆ بەكارهێنانی زمان و دیاریكراوەكانی بۆ ماهییەتی كۆمەڵگا، ئەو ئەندامانە والێ دەكا سازشبكەن لە لێكدانەوە هاوبەشەكان یان تەقلیدییەكانی جیهانی واقیعی دەرەكی. لە رێی ئەو توانایەی پەیوەندیكردنیش، ئەندامە نوێكان لەسەر ئەو رێگەیە دەڕۆن، كە خەڵكی عادەتەن لە هەڵسوكەوتەكانیان لەسەری دەڕۆن، و ئەو دابانە فێردەبن كە لەسەری رێككەوتوون، لەگەڵ ئەو حیكمەیەی هەموو پێی رازین، و بیروباوەڕە باوەكان كە خەڵكی دەتوانن لە هەڵوێستە كۆمەڵایەتییە خوپێوەگرتووەكان بۆی بگەڕێنەوە. بەواتایەكی دیكە، كرداری گەشەسەندنی كۆمەڵایەتی تاك دەبێتە هۆی ئەوەی ئەندامەكانی كۆمەڵە لە شتی جۆراو جۆر بڕوانن و وەكو شتێكی گرەنتی وەریبگرن.

هەروەك ئەوان دەگەنە هەمان بیردۆزە لەبارەی لایەنی جۆراوجۆر لە سیستەمە كۆمەڵایەتییەكەیاندا، و كاتێكیش مامەڵە لەگەڵ یەكتریدا دەكەن هۆكاری قایلكردن بەكاردەهێنن. ئەگەر ئەوە وانەبوو، و خەسڵەتەكانی ئەو ژیانە كۆمەڵایەتییە روون نەبوو یان شێوا، ئەوا كارلێكە كۆمەڵایەتییە پێشبینی كراو، و راستەكە شیمانەكەی زۆر كەم دەبێتەوە. بۆیە، گرنگە ئەو هۆكارانە بدۆزینەوە، كە هۆكارەكانی راگەیاندنی جەماوەری لە رێگەیەوە دەتوانێ بنچینە هاوبەشەكانی نموونە جێگرەكانی كارلێكی كۆمەڵایەتی گەشەپێدراو چاكسازی تێدا بكا.

لێکۆڵینەوەکەی پێشوو لەبارەی گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی تاك، و بایەخەکەی بۆ تاك و بۆ کۆمەڵگە، و ئەو رۆڵە گرنگەی دەکرێ هۆکارەکانی راگەیاندن بیگێڕن، وێنەیەکی ئاڵۆزمان پێشکەش دەکا سەرەڕای ئەوەش، خەسڵەتی دیاریکراوی هاوبەش و هەبوو هەن لەو رێگەیەی کە هەموو زانستێك لە زانستە کۆمەڵایەتییەکانی لێیەوە لە کرداری گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی تاك دەڕوانێ. ئەگەر تەرکیزەکە لەسەر دەسەڵاتداری تاك بێ لەسەر ململانێ دەروونییە ناخییەکانی، یان مەشقپێکردنی بێ بۆ تێگەیاندنی کۆمەڵەکان، یان وەرگرتنی رێگای ژیانی تەواوی کۆمەڵگەبێ، ئەوا پێنج توخمی سەرەکی هەن، کە لێرەدا دەردەکەون، لە راستیدا ئەو وێنانەی کرداری گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی بایەخ بەو رێگەیە دەدا، کە لەو رێیەوە ئاڵوگۆڕی شێوە جیاوازەکانی رۆشنبیری ئەنجامدەدرێن و بە توخمی دەرەکی دادەنرێن بۆ تاك وەکو بیروباوەڕە هاوبەشەکان، و رێگا تەقلیدییەکانی ژیان، و زمان، بنەماکانی ژیانێکی بەڕەوشت، شێوە جیاوازەکانی لێهاتوویی.. پاژی ناوخۆیی لە چوارچێوەی رێکخستنی دەروونی تاکدا چۆن دەگۆڕێن. هەروەك زانستێك لە زانستە کۆمەڵایەتییەکان وا دادەنرێ، کە ئەوە لە رێگەی کرداری فێرکردنەوە دەبێ، جا بەمەبەست بێ یان هەڕەمەکی بێ. ئەو فێربوونەش وەکو ئەنجامی هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان دەبێ، کە کار لە تاك دەکەن. بەواتایەکی دیکە، جۆری جیاواز هەن بۆ هۆکارە یارمەتیدەرە فەرمی و نافەرمییەکان، کە وەکو مامۆستا کاردەکا رەنگە تاك هەستی پێ بکات و رەنگیشە هەستی پێ نەکا. ئەو هۆکارە یاریدەدەرانە رەنگە بەرنامە بۆ دارێژراونەبن، هەروەك لە بارودۆخی نفوزی ئاسایی خێزاندا لەسەر منداڵ هەستی پێدەکرێ. رەنگیشە بەمەبەستەوە پێداگری بکا بەهۆی کۆمەڵگەوە وەکو لەباری قوتابخانەدا دەیبینین. بێجگە لەوەش، هۆکاری دیکەش هەن بەرێکەوت مومارەسەی ئەرکەکەی خۆیان دەکەن وەکو مامۆستای تاك، و بەبێ راگەیاندن و بەبێ پێکردن لەلایەن تاکەوە.

خاڵی گرنگ لێرەدا ئەوەیە لە نێوان ئەو هۆکارە بێ مەبەستانەدا و فێرکردنی تاك لە کۆمەڵگەی نوێدا، هۆکارەکانی راگەیاندنی جەماوەری وادەردەکەون، کە رۆڵێك دەگێڕن بایەخەکەی بەردەوام زیاد دەکا لەو بوارەدا. تا ئێستا لێکۆڵەرەوان زۆر لەو رۆڵە تێنەگەیشتوون، هەروەك رەنگە رێزی رۆڵی هۆکارەکانی راگەیاندنیش خراپ بکات ئەمەش کارێکی مەترسیدارە. لێکۆڵینەوەکانی پێشوو کە لەسەر بنچینەی ئەو رێبازە لێکۆڵینەوەیە بنیاتنرابوون، کە پشتی بە (هۆ و ئامانج) دەبەست، بە بیردۆزە ماوە کورتەکان، شتێکی زۆر کەمی کرد بۆ روونکردنەوەی هەڵوێستەکە. بەم هۆیەوە، شیمانەیەکی بەهێز هەیە، کە لە

داهاتوودا لێکۆڵینەوەکان ئیتر رووەو وردبوونەوە بڕۆن لەو بابەتانەی پەیوەندییان بەکاریگەرییە خاوەن ماوە درێژەکان و ناڕاستەوخۆکان هەیە لەسەر تاك و کۆمەڵگادا. بەڕاستیش سەرەتایەکی بەهێز روویدا، ئەوەندەی لەو بەشە ماوە هەندێك لەو سەرەتایانە دەخەینەڕوو.

## تیۆری نموونە:

تیۆری نموونە تێکۆشانێکی گەورەبوو لە تێگەیشتنی ئەو رێگەیەی، کە هۆکارەکانی راگەیاندن لەو رێیەوە دەتوانن رۆڵبگێڕن لە کرداری گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی تاکدا. هەرچەندە ئەلبێرت باندۆڕای خاوەن ئەو تیۆرە ئەم ناوەی لێنەنابوو، خۆی و یاریدەدەرەکەی لە شەستەکانی ئەو سەدەیەدا (١٩٦٠) وەکو پاژێك لە تیۆرێکی گشتگیرتر لە فێربوونی کۆمەڵایەتیدا پێیگەیشتن [٥] .

تابتوانین لە رەهەندەکانی تێبگەن و پراکتیزەی بکەین لەسەر لێکۆڵینەوەی هۆکارەکانی راگەیاندنی جەماوەری، ئەوا پێویستە بڕێکی بنچینەیمان لە زانیاری لەبارەی خودی تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتی بۆ بڕەخسێ.

## تیۆری فێربوون یان تێبینی کۆمەڵایەتی:

تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتی (یان تێبینی کۆمەڵایەتی) بە دیاریکراوی گێڕانەوەیەك نییە بۆ رێگەی رووبەڕووبوونەوەی هۆکارەکانی راگەیاندن، بەڵکو شیکارێکی گشتییە لە چۆنیەتی وەدەست شێوەی نوێی رەوشت لەلایەن خەڵکییەوە. ئەمە ناوینرا تیۆری (کۆمەڵایەتی).

چونکە هەوڵدەدا ئەوە شیبکاتەوە، کە چۆن تاکەکان تێبینی هەڵسوکەوتی ئەوانی دیکە دەکەن، و چۆن ئەو نموونانەی هەڵسوکەوت وەکو رێگەیەکی کەسی بۆ وەڵامدانەوەی کێشەکان یان بارودۆخ یان ئەو رووداوانەی لە ژیانیاندا تووشیان دێ لەخۆ دەگرن.

سەرەڕای سروشتییە گشتییەکەی، تیۆری فێرکاری کۆمەڵایەتی بەتایبەتی گونجاوە بۆ لێکۆڵینەوە لە هۆکارەکانی راگەیاندنی جەماوەری، چونکە وێنە گرتنیان وەسفی ژیانی کۆمەڵایەتی بە بابەتێکی زۆر باو دادەنرێ لە زۆرینەی ناواخنە راگەیاندنییەکاندا. ئەو ئەکتەرەی رۆڵەکان دەگێڕێ کەسی راستەقینە وێنەکان دەگرێ لە هۆکاری راگەیاندنی بینراو و بیستراودا، یان ئەوەی لە هەڵسوکەوتەکانی لە رۆژنامەگەری چاپکراودا وەسف دەکرێ، ڕەنگە

ببێتە نموونەیەك بۆ ئەوانی دیکە و لاسایی بکەنەوە. لە بارودۆخێکی تایبەتدا دەخەینە بەرچاو، ئەو تاکانەی جەماوەر کە چاودێری ئەو جۆرە نموونانە دەکەن رەنگە هەوڵ بدەن ئەو هەڵسوکەوتە وەربگرن، کە لە ئەکتەرەکە بینیویانە لەسەر بنچینەیەکی تا رادەیەك هەمیشەیی. دوای ئەوەی بەشێوەیەکی گشتی لە تیۆری فێرکاری کۆمەڵایەتی دەکۆڵێتەوە لە تێڕوانینی ئەو رێگایە ورد دەبینەوە، ئەوەی کە تیۆری نموونە دەڵێ ئەو شیکارێکی بەسوودمان لە چۆنیەتی بەکارهێنانی هۆیەکانی راگەیاندن وەکو هۆکاری یارمەتیدەر بۆ گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی تاك بۆ دەرەخسێنێ .

بۆ لێکدانەوەی کرداری وەدەستهێنانی شێوەی نوێی رەوشت بەشێوەیەکی گشتی، دەتوانین بڵێین تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتی بەشداری خەسڵەتی زۆر دەکا بۆ ئەو لێکۆڵینەوانەی لەبارەی فێربوونەوەی پێشکەش دەکرێن، بەڵام خەسڵەتیشی وای لێدەکەن بە تەواوەتی لە لێکدانەوەی ئەلتەرناتیڤەکان جیاوازبێ. ئەو هۆکارە جوداکەرەوانەی خودی تیۆرەکە وای لێکردووە توانای پراکتیزەکردنی هەبێ لە لێکۆڵینەوەکەدا، کە خەڵکی چۆن فێردەبن و نموونەی نوێ بۆ رەوشت لەخۆ دەگرن وەکو ئەنجامێکی رووبەڕووبوونەوەیان لەگەڵ هۆکارەکانی راگەیاندنی جەماوەریدا.

تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتی، وەکو لێکدانەوە دەروونییەکانی دیکە وای دادەنێ خەڵکی پێك بەستی نوێ لە نێوان ئەو بارودۆخە کاریگەرە تایبەتەی لە ژینگەکەی خۆیاندا رووبەڕووی دەبنەوە و لە نێوان نموونە جێگرەکانی هەڵسوکەوتدا (تا توانای ئەداکردنیان هەبێ) ئەوەش وەکو وەڵامدانەوەیەکی ئەو بارودۆخە. ئەو پێك بەستانە دەروونناسان پێیان دەڵێن (دابەکان)، ئەوەی مەیلی ئەوە دەکا تا رادەیەك جێگیربێ، دووبارە دەربکەوێتەوە کاتێك بە شێوەیەك لە شێوەکان پاڵپشتی دەکرێتەوە. گەڕانەوەی پاڵپشتی لێرەدا عادەتەن وەکو ئەنجامێکی ئەو خەڵاتەیە کە تاك بە دەستی دەهێنێ، بۆ ئەوەی بۆ نموونە تاقیکردنەوەیەك بێ ببێتە هۆی هەستکردن بەخۆشی، ئەوەش وەکو ئەنجامێکی ئەو رەوشتە، تاك وەك وەڵامدانەوەی کاریگەرەکە ئەنجام دەدا. هەروەك رەهەندە لەناوچووەکانی هەندێك لەو هەڵوێستانەی تاك تووڕە دەکەن یان سزادانی رادەگرن، رەنگە ببێتە هۆی دووبارە پاڵپشتی کردنەوەی ئەو پێکبەستانە. بەو شێوەیە شیمانەی زیاد دەکا، کە بەتایبەتی ئەو هەڵسوکەوتە ببێتە رێگای خوو پێوەگیراو، ئەوەی کە تاك هەڵسوکەوت دەکات (عادەتەن یان خووی پێوەدەگرێ) وەکو وەڵامدانەوەیەك بۆ ئەو بارودۆخەی کاریگەریەکی تێدا روودەدا. زۆربەی کات، دەروونناسان

مەیلیان بەلای ئەوەوەیە خودی کرداری فێرکردن پێناسە بکەن، کە زیادبوونێکە لە شیمانەی خوو پێوەگرتنی کەسێك بە نەریتی دیاریکراو.

بەکورتی، زیادبوونی پاڵپشت یان بەهێزکردنی پەیوەندی لە نێوان (S کارتێکەر و R وەڵامدەرەوە) عادەتەن کاتێك تەواو دەبێ، کە لە خۆگرتنی نموونەیەك لە هەڵسوکەوت لەلایەن تاکێکەوە هەستکردن بەچێژ وەدەستدێ، لەناویدا هەستکردن بە ئاسوودەیی دوای رزگاربوون لە هەڵوێستێك کە دوو دڵی یان دڵەڕاوکێ دروست دەکات. تیۆرەکانی فێرکاری هاوچەرخ وایدەدەنێن، کە ئەو کردارەی دووبارەبوونەوەی پاڵپشتی دەکرێ بە کۆمەڵێك رێگا یان هەتا بەرێگەی رێکەوتیش ئەنجامبدرێ. پێویستیش نییە لەسەر شێوەی خەڵات بێ، کە بەمەبەستەوە لە رێگەی جێناوێکەوە پێشکەش بکرێ بۆ پێشخستنی کۆمەڵایەتی وەکو دایك یان باوك یان مامۆستا .

چەمکێکی دیکەی گرنگ هەیە لە تیۆری فێربووندا ئەویش ئەو گونجانەیە، کە کارەکە ئەنجام دەدا. ئەوەش ئاماژە بە راکێشانی نموونە دەکا بۆ وەڵامدانەوە لە رێگای لە ئەستۆ گرتنی کردارەکانی گەڕانەوەی پاڵپشتی بۆ پەیوەندی بەخشراو لە نێون کارتێکەر و وەڵامدەرەوەدا (S-R) پاڵپشتی کراو ببێتە جۆرە نەریتێك. ئەگەر تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتی زیاتر لە لێکدانەوەیەکی هەیە بۆ وەرگرتنی ئەو رەوشتەی لە گونجانی رەگەزە کاریگەرەکاندا گەشەی کردووە، ئەوە بەڕاستی دان بەوە دادەنێ، کە دووبارە گەڕانەوەی پاڵپشتی و ئەوەی لە فێربووندا لەسەر، رێکدەخرێ رەنگە لەبەر چاوان رووبدا.

لە دوور تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتیدا، کردارێك هەیە زۆر نزیکە لە بیرۆکە کۆنەکە لەبارەی (لاساییکردنەوە) ی رەوشت، بەڵام تیۆرەکە دیاردەی گەڕاندنەوەی پاڵپشتی بۆ زیاد دەکا هەروەك پێشتر شیمانکردەوە. بۆ نموونە، ئەگەر کەسێك کەسێکی دیکەی دیت بەسەرکەوتوویی شێوازێکی دیاریکراو بەکاردەهێنێ بۆ رووبەڕووبوونەوەی کێشەیەك، و ئەگەر تێبینەرەکە ناوە ناوە تووشی هەمان شێوە ببێتەوە، ئەوا ئەویش هەوڵدەدات هەمان نموونەی ئەوەش بەکاربهێنێ وەکو چارەسەرێکی کەسی شیمانە بۆ کراوە ئەگەر ئەو چارەسەرە سەرکەوتووبوو، ئەوە ئەو تاقیکردنەوەیە، توانای پێدابوو بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەو کێشەیە بەرێگەیەکی پتر چالاك، ئەگەر جارێکی دیکە سەریهەڵدایەوە ئەوە بە بەرهەم دادەنرێ. بەم شێوەیە، پێکبەستی نێوان کێشە و ئەو رەوشتەی کار بۆ چارەسەرکردنی دەکا زیاد دەکا.

بۆ نموونە، گەشەکردنی ئەو ریزبەندییە لە کەسێکدا شێوەیەکی دیاریکراو بەشێوەکانی رەوشتی کۆمەڵایەتی وەردەگری، ئەوە کاتێك روودەدا، کە مرۆڤ فێری خواردنەوەی ئارەق دەبێ: مێرمنداڵ عادەتەن سەرقاڵن بەوەی بیر لەوە بکەنەوە کە بوونەتە (پیاو). بۆیە، تەماشای نموونەی پیاوان دەکەن بۆ ئەوەی ببنە ئەوەی، کە بە هەڵسوکەوتی (پیاوانەی) دادەنێن. عادەتەن لە ماڵدا بوارێکی دەوڵەمەند هەیە بۆ فێربوونی کۆمەڵایەتی، کە باوکان پێوەری لەو جۆرەی وەکو پیاوەتی و شتی دیکەشی دادەنێن. لەوەدا برا گەورەکان و هاورێ پیاوەکانیشیان بەشداری دەکەن. ئەگەر لەو ماڵەدا بەهۆی پیاوەکانەوە خواردنەوە بە ئازادی بخورێتەوە، و ئەگەر توانای لە بەشداریکردن لە خواردنەوەی ئارەق بەزۆری سەرنجراکێش بێ و ببێتە هۆی دەرکەوتن لە کۆمەڵەی لەو جۆرەدا، ئەوە شیمانەیەکی بەهێز هەیە، کە یەکێك لە منداڵەکانی ئەو خانەوادەیە دەست بەخواردنەوەی کحولییەکان دەکا هەر کە بارودۆخی بۆ رەخسا. ئەگەر دوای ئەوەش خشتەیەکی دیاریکراو هات بۆ دووبارەکردنەوەی ئەو رەوشتە، کاتێك، کە منداڵێك یان کەسێك کە تازە فێری خواردنەوە دەبێ پاداشت دەکرێ بەوەی لەو رێگایەوە قۆناغی گواستنەوەی بڕیوە و (قۆناغی پیاوەتی)، ئەوە شیمانەی ئەوە ناکرێ، کە ئەو گەنجە ببێتە کەسێك کە ناخواتەوە، لە راستیدا شیمانەی دەرەکی ئەوەیە، کە ئەو گەنجە دەبێتە خوو پێوەگرتووی ئارەق .

بەواتایەکی دیکە، ئەگەر نموونەیەکی دیاریکراو هەبێ و نموونەیەکی دیکەی بەدوادابێ، و ئەگەر وا تەماشای ئەو نموونەیە بکرێ کە چارەسەری کێشەکەیە، یان دەبێتە هۆی پاداشت کردن، یان بەشێوەیەك لە شێوەکان حەزی لێبکرێ، لەوەی کە رووداوەکانی لەسەر رێکدەخرێ، ئەوا بەهێزترین شیمانەی ئەوەیە ئەو کەسەی چاودێری ئەو رەوشتە دەکا نموونەکە لە خۆی بگرێ. ئەگەر بەڕاستیش ئەوە روویدا لەسەر لەخۆگرتنی ئەو رەوشتە بە تایبەتە ئەنجامی ئەرێنی لێ بەرهەم بێ، ئەوا ئەو رەوشتە ببێتە دابێك لای کەسەکە و تا رادەیەك وەکو بەشێك لە هەڵسوکەوتەکانی تاك پێویستی پێ بێ.

زۆرینەی تیۆرەکانی وەڵامدانەوەی نموونە، بەتایبەتی ئەوانەی توێژەران لە گیانداران وەدەستی دێنن نابێ وا دابنرێ، کە ئەو دانانەی ژینگە بە ئەندامانی دەدا بەمەبەست بێ، یان ئەوە وەردەگیرێ و تاکەکەش ئەوە دەزانێ. رەنگە ئەمە هەمان بارودۆخ بێ لەگەڵ تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتیشدا، چونکە ئەو نموونەیەی کە رەوشت پێشکەشی دەکا رەنگە بە تەواوی دەرك بەوە نەکا، کە تاکەکەی دیکە (تێبینەرەکە) ئەوەی، کە رەنگە ئەو رەوشتە وەربگرێ

تێبینی یان چاودێری دەکا. بۆیە ئەو ئەندامە( چاودێریکراو) ئەو پەیوەندییە نازانێ یان لە بیریکردووە، کە لە نێوان ئەدای نموونەکە و لە نێوان وەرگرتنی هەڵسوکەوتی رووبەڕووبوونەوەی کێشەکەدا هەیە. ئەو فێربوونە رەنگە بەشێوەیەك رووبدا، کە ئەندامەکە هەستی پێ نەکا، بەبێ هۆ و بێ پلان یان قۆستنەوە (استغلال) بێ. بەڵگەی تێروپڕ هەن، دەیسەلمێنن کە کاریگەری لەم جۆرە بە راستی روودەدەن.

سەرەڕای ئەوەی تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتی حاڵەتی لەمجۆرەی وەکو وەرگرتنی رەوشت، کە بەرێگەی رێکەوت ئەنجامدەدرێ، لەخۆدەگرێ، بەڵام ئەو (تیۆرەکە) هەڵوێست وەردەگرێ و دەڵێ وەڵامدانەوەی مرۆڤ و وەرگرتنی رەوشتێك بە فێربوون عادەتەن جودایە. خەڵکی عادەتەن زۆربەی کات توانای ناسینی رەوشتی نموونە و تێگەیشتنی بیرهاتنەوەی هەیە. بەزۆریش بە تەواوی دەرك بەوە دەکەن، کە ئەوان نموونەی رەوشتێك لەخۆدەگرن، کە پێشتر تێبینیان کردووە. ئەوەش مانای ئەوەنییە بڵێین ئەوان دەرك بە هەموو ئەوانە دەکەن، کە پاڵیان پێوە دەنێن بۆ کردنی ئەم کارە، بەڵام عادەتەن ئەوەی وەکو نموونە لەبەرامبەریان بوو دەیزانن و دەرکیش بەوە دەکەن، کە ئەوان لاسایی ئەو نموونەیە دەکەنەوە.

یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکان ئەوەیە، کە پشتەوانانی تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتی خۆبەستنەوەیانە بەوەی، کە لەخۆگرتنی ئەو رەوشتەی نموونەیەك پێشکەش دەکا بەزۆری بەمەبەستەوە هەڵدەبژێردرێ، ئەوەیە ئەوان بەڕوونی دان بەوە دادەنێن، کە مرۆڤ (زمان) بەکاردێنێ. تیۆرەکە وای دادەنێ، کە رەوشتی هێمایی بەهۆکارێکی گرنگ دادەنرێ لە رەوشتی گشتی خەڵکدا، زۆر گرنگیشە بۆ تێگەیشتن لەوەی چۆن خەڵکی نەریتی نوێ وەدەستدێنن.

باندۆرای زانا (خاوەنی تیۆرەکە) ئەوە روون دەکاتەوەو دەڵێ:

توانا‌داری.. تاکەکان لە بەکارهێنانی هێماکاندا هۆکاری بەهێزیان پێ دەبەخشێ بۆ خوگونجاندنیان لەگەڵ کۆمەڵگاکەیان یان ئەو ژینگەیەی کە تێیدان. لە رێی هێما کوتراوەکان یان خەیاڵییەکاندا، خەڵکی تاقیکردنەوەکان لە شێوەی نواندنییەکاندا جودادەکەنەوە و لەبەریان دەکەن، کە وەکو رێپیشاندەرێکە بۆ خۆیان و بۆ رەوشتەکانیان لە داهاتوودا. توانا‌داری لەسەر هەڵسوکەوتێکی بەئەنقەست لە چالاکییەکی هێماییدا دەشاردرێتەوە ... بەبێ توانا‌داری لەسەر وەرگرتنی هێماکان، مرۆڤ توانای بیرکردنەوەی قووڵی نابێ، بۆیە تیۆرێك، کە لەبارەی رەوشتی مرۆڤەوەیە ناتوانێ چالاکی هێمایی فەرامۆش بکا [٦].

به واتایەکی دیکە خەڵکی زمان بەکاردێنن. کاتێکیش ئەوە دەکەن، بیردەکەنەوە و بیرخۆیان دێننەوە و پلان بۆ داهاتوو دادەنێن. ئەوەش بۆ خۆی بەزانیارییەکی قووڵ و نوێ لەبارەی مرۆڤەوە دانانرێ، بەڵام وەرچەرخانێکی تێبینی کراوە بۆ ئەوانەی تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتی لەخۆ دەگرن.

سەیرە، دەردەکەوێ، کە ئەو دەروونناسانەی لە ژێر کاریگەری پاڵپشتانی تیۆری فێربووندا بوون لەسەرووی هەمووشیانەوە باندۆرا، لە کۆتاییدا (لەم ساڵانەی دواییدا) دانیان بەکردارە عەقڵییەکانی دانا وەکو بەکارهێنانی زمان ئەوەش لە کاتی لێکدانەوەیان بۆ رەوشتەمرۆییەکان. پێشتر گفتوگۆمان لەسەر ئەوەکرد، کە چۆن دەروونناس گەڕایەوە بۆ تیۆری رەوشت، هیچ شتێك بێجگە لە رەوشت یان تیۆری رەوشتی ئەوەی کە لە سەرەتاکانی ئەم سەدەیەدا دەستی پێ کرد نەبوو. هەروەك تێبینی پەسندکردنی ئەنجامدانی تاقیکردنەوەمان کرد لەسەر گیانداران لەلایەن دەروونناسانەوە. هەردوو ئاراستەکە بەشێك بوون لە ستراتیژێکی گشتی بۆ گەیشتن بە (یاساکانی فێربوون)، ئەوەی گیانداران رەتدەداو لەسەر هەموو زیندەوەرەکان جێبەجێ دەکرێ. کاتێك مرۆڤ بە تەنیا زمان بەکاردەهێنێ ژیانێکی ناوەوەیی کە پشت بە رەوشتی رەمزی دەبەستێ، ئیدی پێویست بوو فەرامۆشی هەموو ئەوانە فەرامۆش بکرێن. لەگەڵ دەرکەوتنی تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتیدا، شێوەکانی دیکە کە سەر بە ئەون، بنەما کۆنەکان ئەوانەی قسەکردنیان لەسەر ئەوەی مرۆڤ بە ژیانێکی خودی جودادەکرێتەوە بە حەرام دەزانی دەتوانەوە و ون دەبوون.

روویێکی دیکەی گرنگی تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتی هەیە، ئەویش ئەوەیە، کە ئەو بەشداری لە لێکدانەوەی دیکەی دەروونی دەکا بەوەی مەودایەکی دوورتر لە چەمك دەڕوانێ. زۆربەی تیۆرە فێرکارییەکان لەسەر ئەوەن، کە بوونەوەرەکان لە تاکە تاقیکردنەوەیەك فێرنابن، بەڵام لە رێگەی ژمارەیەك تاقیکردنەوە بەو هۆیەوە پاڵپشتی پێکبەستە کە لە نێوان کارتێکەر (S) و وەڵامدەرەوە (R) زیاد دەکا، ئەوەی کە تاك بەپێی جۆرێك لە خشتە فێردەبێ. تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتی هەندێك جەخت لەسەر تواناداری وەرگرتنی رەوشتی نوێ لەلایەن تاکەوە دادەنێ کاتێك کە یەکەمجار دەکەوێتە بەر کارتێکەرێك، بەڵام فێربوون بە دوور ناگرێ لە ئەنجامی دووبارەبوونەوە (S) لە کارتێکەردا.

دەربڕینی (تیۆری نموونەیی) لە وەسفی پراکتیزەکردنی تیۆری گشتی بۆ فێربوونی کۆمەڵایەتی بەسوودە، ئەوەش بۆ وەرگرتنی نموونەی نوێ لە رەوشت وەکو ئەنجامێك لەوەی کە

هۆكارەكانی راگەیاندن پێشكەشی دەكەن. هەروەك هۆكارەكانی راگەیاندن بە سەرچاوەیەكی ئامادە و رەخساو و سەرنجڕاكێش دادەنرێن بۆ ئەو نموونانەی تا رادەیەك ئەو نموونەی هێما بۆ هەموو شێوەكانی رەوشت پێشكەش دەكا. لێكۆڵینەوەی زۆر هەن ئەوە دەسەلمێنن، كە گەورە و بچووك هەڵوێستی نوێ، و وەڵامی سۆزداری و رێگای نوێی رەوشت لە هەموو هۆكارەكانی راگەیاندن بە تایبەتی لە فلیمەكان و لە تەلەفزیۆن وەردەگرن[٧].

لە كاتی پراكتیزەكردنی ئەو تیۆرە بۆ شیكردنەوەی چۆنیەتی وەدەستهێنانی شێوەی نوێی رەوشت وەكو ئەنجامێكی لە رووبەڕووبوونەوەیان لەگەڵ هۆكارەكانی راگەیاندندا، ئەوا كرۆكی بابەتەكە (كرداری نموونە) یە. بەكورتی ئەو كردارە لە زۆر قۆناغ پێكدێ، دەكرێ لەو دەربڕینانەی خوارەوە چڕ بكرێتەوە:

١- تێبینی دەكرێ یەكێك لە تاكەكانی جەماوەری گوێگر یان بینەر یان خوێنەراندا (یان لە بارەیەوە دەخوێنییەوە) كە كەسێك (نموونەیەك) لە نموونەیەكی هەڵسوكەوتدا لە ناوەڕۆكێكی راگەیاندندا بەشداری دەكا.

٢- تێبینەرەكە نموونەكە دەناسێ و سەودای لەگەڵدا دەكا، واتە باوەڕی وایە ئەو لە نموونەكە دەچێ، یان دەیەوێ وەكو نموونەكەبێ، یان وای دەبینێ نموونەكە سەرنجڕاكێشە، ئەویش توانای هەیە لاسایی بكاتەوە.

٣- تێبینەرەكە هۆشمەندبێ دەرك دەكا، یان بەبێ ئاگایی دەگاتە ئەنجامێك كە ئەو كەسەی ئەو تێبینی دەكا، یان رەوشتە وەسفكراوەكە بۆ ئەو سوودیان دەبێ، واتە ئەو كەسە باوەڕی وایە كە ئەو هەڵسوكەوتە دەبێتە هۆی كۆمەڵە ئەنجامێكی پەسند، ئەگەر هاتوو لە هەڵوێستێكی دیاریكراودا لاسایی ئەو رەوشتەی كردەوە.

٤- كەسەكە هەڵسوكەوتەكانی نموونەكەی كاتێك بیردەكەوێتەوە، كە رووبەڕووی ئەو بارودۆخە دەبێتەوە كە لەبارەیەوە دواین (بارودۆخی كاریگەری)، ئەو رەوشتەی وەكو هۆكارێك بۆ وەڵامدانەوەی ئەو هەڵوێستە قەناعەتی پێ هێناوە وەریدەگرێ.

٥- كاتی وەرگرتنی ئەو رەوشتە بۆ رووبەڕووبوونەوەی هەڵوێستی كاریگەری، ئەوە دەبێتە هۆی ئەوەی تاك هەست بە كەمێك دڵنەوایی، یان پاداشت، یان پەسندی بكا. بەم شێوەیە پێكبەستی لە نێوان كاریگەرەكان و ئەو وەڵامانەی كە لە نموونەكەوە وەرگیراون پێكدێ و پاڵپشتی زیاتر دەبێ.

٦- گەڕاندنەوەی پاڵپشتی ئەرێنی لە شیمانەی بەکارهێنانی ئەو چالاکییە رەوشتییەوە لەلایەن تاکەوە بەردەوام وەکو هۆکارێك بۆ وەڵامدانەوەی هەڵوێستی لەو جۆرە زیاد دەکا.

ئەمەش پێکهاتەیەکی سادە نییە. ئەوەش بەچەمکی ئالۆزی وەکو (کارلێك) و (دەرککردن) دەستی بە بابەتێکی عەقلانی و شتێك دادەنرێ، کە لە ناخی چاودێرەکەدایە. تائێستاش ئەو دیاردانە سەرسامیان لەلایەن ژمارەیەکی زۆری دەروونناسان دروستکردووە ئەوانەی کە پێشکەشکردنی لێکدانەوەی تیۆری پەسند دەکەن، کە پشت بە فیکرەی (خودی) نابەستن. هەر چۆنێك بێ، ئەو دانپێدانانە کەمێك درەنگە لە رۆڵی زمان لە کاروبارەکانی مرۆڤدا، کە بووە هۆی زیاتر پەسندکردنی لەلایەن توێژەرە ئاگادارەکان بەوەی خەڵکی ژیانی تایبەتییان هەیە و کاریگەرییەکی بەهێزی لەسەر رەوشتیاندا هەیە.

لەو شتانەی تیۆری نموونە کردی، گرنگیدانی بە کرداری شیکاری ناوەڕۆکی راگەیاندن بۆ ئاستێکی مەزن بەرزکردەوە. شیکاری ناوەڕۆکی راگەیاندن بۆ هۆکارەکانی راگەیاندن رەنگە نموونەی رەوشتی وا، ئەوانەی کە لەبەردەم تاکدا هەن بۆ ئەوەی لە رەوشتیدا لە خۆیان بگرێ، بدۆزێتەوە، کە لە ژمارە نەیەن. بەم شێوەیە، لایەنی کاریگەری لە دەربڕیندا (کاریگەری و وەڵامدانەوە S-R) بابەتی سەدان و بگرە هەزاران توێژینەوەی وەسفی بوون. هەروەك تا رادەیەك هەموو شێوەیەك لە شێوەکانی ناوەڕۆکی راگەیاندن و بەچاودێرییەکی توند چوارچێوەی بەندکران و پێوەریان بۆ داندرا. وەسفێکی وردی چالاکییە سێکسییەکانیشی لە شریتە ڤیدیۆییەکاندا ئەوانەی بە رووت دادەنرێن، لە خۆدەگرت. هەروەها جۆر و رێژەی توندوتیژی لە بەرنامەی تۆڕە تەلەفزیۆنییەکاندا و چۆنیەتی پیشاندانی رۆڵی سێکسییەکان، و جۆرەکانی خواردن، کە رێکلامیان بۆ دەکرێت، و بەرنامەی کەمینەکان چۆن وێنەی دەگیرێ، لەگەڵ کۆمەڵە بابەتێکی دیکە کە کۆتاییان نایێ.

فراوانبوونی چوارچێوەی کرداری لێکۆڵینەوەی شیکاری ناواخنی راگەیاندن، ئەوەی کە (تیۆری نموونە) بووە هۆی داهێنانی، واپێدەچێ هاوشێوەی ئەوەبێ کە روویدا کاتێك بووە یەکێك لە هۆکارە یەکەمینەکان بۆ پێدانی هەڵوێستە رەخساوەکان لە کۆتایی بیستەکان (١٩٢٠) و سەرەتای سییەکان(١٩٣٠). هەر زوو روون بووەوە، کە دەبێ هەڵوێستی هەموو کەسێك بپێورێ، و هەزاران توێژینەوە لەو بوارەدا بڵاوکرایەوە. ئەوەش گرنگ نەبوو، کە هەڵوێستەکان نەیان چەسپاندووە، کە ئەوە پێوەرێکی باشە بۆ رەوشت (لە راستیدا دواتر ئەو چەسپێندرا، کە ئەوە پێوەرێکی زۆر خراپە بۆ رەوشت). لەو کاتەدا لێکۆڵەران وایان دادەنا، کە

ئەگەر خەڵکی هەڵوێستی دیاریکراویان هەبێ، ئەوا بەو رێگەیەی، کە لەگەڵ بۆچوونەکانیان یان هەڵوێستەکانیان یان تێڕوانینیان دەگونجێ هەڵسوکەوت دەکەن. ئێستا ئێمە دەزانین ئەوان وا ناکەن، و پەیوەندییەکی بەهێزیش لە نێوان هەڵویستە پێوەرییەکانی کەسەکان و لە نێوان هەڵسوکەوتەکانیاندا نییە(٨).

وا دەردەکەوێ هەڵوێستێکی هاوشێوە گەشەی کردووە لەوەی پەیوەندی بەو هەموو لێکۆڵینەوانە هەیە، کە بۆ شیکاری ناوەڕۆکی پەیامی راگەیاندن کراون، کە ئێستا وەکو مۆدەی لێهاتووە. لەبەر ئەوەی ناوەڕۆکی راگەیاندن شێوەی جیاوازی رەوشتی نیشاندەدا، ئەوا ناتوانین وای دابنێین، کە ئەو نموونە رەوشتیانە خەڵك لە چوارچێوەیەکی فراواندا لە خۆیان دەگرێ. بیردۆزەی لەم جۆرە هیچ بنچینەیەکی نییە، و زۆر لەو بیردۆزانە نزیك دەبێتەوە، کە هاوڕێیەتی تیۆری هاوێژەری جادوویی دەکرد. ئەگەر کرداری وەسفکردنی رێبازیی بۆ ناوەڕۆکی راگەیاندن بێ کێشەبێ، ئەوا رێگەیەکی قەدبڕنییە بۆ پێشبینیکردنی ئەوەی چۆن بە کارەکی پێکبەستی لە نێوان ورد و هۆکاری کارگەری (S)و وەڵامدانەوە (R) دروست دەبێ. شیکاری ناوەڕۆك هیچ شتێك ناڵێ لەبارەی وەدەستهێنانی نموونەی نوێ و جێگیری رەوشت لە نێوان ئەو خەڵکەی رووبەڕووی هەڵسوکەوتی دیاریکراو دەبنەوە، کە هۆکارەکانی راگەیاندن نیشانیدەدا یان وەسفی دەکا.

تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتی وەسفێکی چاك بۆ ئەو بارودۆخەی، کە دەکرێ تاك تێبینی یان لە خۆگرتنی هۆی وەڵامدانەوەی دیارکراو بکا، دەرەخسێنێ. هەروەها نموونەی جیاوازی دیکەی رەوشتیش لە چوارچێوەی کۆمەڵەدا دەرەخسێنێ. هەروەك پراکتیزەکردنی ئەو تیۆرە لەسەر هۆکارەکانی راگەیاندن بەشێوەی (تیۆری نموونە) بەڕوونی ئەوە دەچەسپێنێ، کە دەکرێ هۆکارەکانی راگەیاندن وەکو پێناوێك لە کرداری گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی تاك بەکاربهێنرێن.

ڕەنگە ئەوانەی کە وێنەکێشن، بەرهەم دێنن، و بەرنامەی راگەیاندن دابەش دەکەن، پشت بەوە نەبەستن، کە شێوەکانی رەوشتی مرۆیی کە وەکو نموونە پێشکەش دەکەن ئەوانی دیکە لەخۆی بگرن (ئەگەر تاکە جارێکیش بیریان لەوە کردبێتەوە، ئەوا خوازیاری ئەوەن کە هەرگیز ئەوەیان نەکردبا). هەروەك ئەوانەی کە لەخۆدەگرن یان لاسایی شێوەکانی رەوشت دەکەنەوە ئەوەی کە لە هۆکارەکانی راگەیاندن نیشاندەدرێ یان وەسف دەکرێ، رەنگە بە ئەنقەست وایاننەکردبێ رووبەڕووی ئەو نموونانە لە رەوشت ببنەوە تا لە (نموونە) دا لاسایی بکەنەوە، بەڵام بەهەر حاڵ ئەوان ئەوە دەکەن جا بە ئاگاییەوە بێ یان بێ ئاگایی.

سەرەڕای ئەو ڕاستییەی دەڵێ دەروونناسان زۆر و بەشێوەیەکی گشتی تاقیکردنەوەیان دێتەرێ ئەو (تاقیکردنەوەیە) وەکو بنچینەیەکە بۆ تاقیکردنەوە و گەشەپێکردنی تیۆرەکە، بەڵام هەندێك شێوەی ڕەوشت هەن، کە لاساییان ناکرێتەوە، یان وەکو ئەوان دیارناکەون، یان نیشاندانی نەرێی لێکۆڵینەوەی ماوە کورت، ئەوەی لە کارگەدا ئەنجامدەدرێ. هەندێك لە کاریگەرییەکانی (نموونەکە) توانرا لە تاقیکردنەوەکاندا نیشانبدرێن، بەڵام خۆگرتنی ڕەوشتێکی نموونەکە بۆ ماوەیەکی درێژ، ئەوەی کە لەبەردەوامی و دووبارەبوونەوەی ڕووبەڕووبوونەوە لێ هۆکارەکانی ڕاگەیاندن بەرهەم دێ، ئاسان نییە بەو ڕێگایە لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێ ئەوەش کەموکوڕی نییە لە تیۆری نموونەدا، بەڵکو کەم و کورتییە لە هۆکارەکانی ئەنجامدانی تاقیکردنەوەدا.

دەرککردنی تاك بە ئەرك و سروشتی ئەو ڕەوشتەی لە نموونەکەدا لەخۆی گرتووە ڕەنگە لەسەر بنچینەی ڕووبەڕووبوونەوەی جارێکی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن دەربکەوێ، یان دوای بەرکەوتنی چەند جارێکی بەهەمان ناوەڕۆکی ڕاگەیاندن، هاوشێوە هەروەك نموونەی هەڵسوکەوتێکی دیاریکراو ڕەنگە دوای یەکەم تاقیکردنەوە لە خۆ بگیرێ، یان دوای چەند تاقیکردنەوەیەك بۆ زیادبوونی پاڵپشتی هەڵسوکەوتەکە، ئەم تیۆرە بەڵگەی ڕوونی بۆ ئەو جۆرە بابەتانە لەبەردەستدا نییە، بۆیە لە بەرایی ئەو بابەتانە دەهێنێتەوە، کە توێژینەوەیان لەسەر دەکرێ و لێیان دەکۆڵرێتەوە.

ئەو شتەی ڕوونە ئەوەیە تیۆری نموونە بەشێوازێکی پەیماندەر دادەنرێ بۆ لێکۆڵینەوە لە هۆکارەکانی ڕاگەیاندن. مادامەکی ئێمە وا دانانێین، کە جەماوەر بە دڵنیاییەوە ئەو ڕەوشتانەی نموونە لە هۆکارەکانی ڕاگەیاندندا نیشانیدەدا، لەخۆدەگرێ. ئەوا تیۆرەکە بەهێز و بە توانا دەبێ، لایەنی کەم لە لێکدانەوەی هەندێك کاریگەری ڕاستەوخۆ و دەمودەست، و هەروەها کاریگەری ناڕاستەوخۆ و ماوەدرێژ بۆ ئەو تاکانەی ڕووبەڕووی ناوەڕۆکی ڕاگەیاندنییەکان دەبنەوە.

لە هەمانکاتەدا کاریگەری گەورەی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن هەن، کە ناکرێ تیۆری نموونە وەکو ڕێپیشاندەرێك بۆ لێکۆڵینەوەکانی بەکاربێ، چونکە ئەو وەکو تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتی زۆر گشتگیرە، ئاراستەی هەڵسوکەوتی تاك دەکرێ نەك هەڵسوکەوتی هاوبەش، بەواتایەکی دیکە، ئەو تیۆرە دەتوانێ ئەوەمان بۆ شی بکاتەوە، کە بۆچی کەسێك جێ و هەڵسوکەوتێکی دیاریکراوی لەخۆگرتووە، بینیویەتی یان لە بارەی خوێندۆتەوە لە ساتێکی

دیاریکراو لە ناوەڕۆکی ڕاگەیاندندا، بەڵام ناتوانێ یان هیچ شتێکی نییە بیڵێ لەبارەی پێکهێنانی سیستەمی کۆمەڵایەتی بۆ کۆمەڵەیەك یان کۆمەڵگایەك، یان بۆ کۆششی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن لە ڕۆشنبیریدا. ئەوانەش بە دوو کاریگەری زۆر بەهێز دادەنرێن لەسەر هەڵبژاردنی ڕەوشت لەلایەن ئەو تاکانەی لەگەڵ خەڵکی تێکەڵ دەبن. بۆیە، ئێمە پێویستمان بە ڕێگەی جودا هەیە بۆ شیکردنەوە و لێکدانەوەی کاریگەرییە ماوە درێژەکان و ناڕاستەوخۆکانی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن بۆ پێکهێنانی چەمکی هاوبەش بۆ خەڵکی رووە و بنەماکانی ڕەوشت و هەروەها چەمکەکانی چەسپاندنی چالاکی کۆمەڵە کە شێوەی نموونەکەی بۆ بگەڕێتەوە.

## تیۆری پێشبینییە کۆمەڵایەتییەکان:

دەروونناسان ڕەوشتی مرۆیی بەپێوەری کردارە ناوخۆییەکان دەبینن، ئەوەی کە هەڵسوکەوت و هەڵبژاردنەکانی ڕەوشتی تاك پێکدێنێ. ئەرکی توێژینەوەیە ئەو هێزە یان هۆکارانە بدۆزێتەوە کە کارلە عەقڵیان دەکا، و ئەوە کە لێکدەداتەوە خەڵکی چ هەڵدەبژێرن بۆ ئەوەی ئەنجامی بدەن لەکاتی وەڵامدانەوەیان. بۆ نموونە ئەو کارتێکەرانەی پێیدا تێدەپەڕن لە ڕێگەی ئەو ئەرکانەی کە پشت بە هەستەکان دەبەستن. ئەو چالاکییە ناوخۆییانە دەکرێ وەکو کردارێك ببینرێن، کە بە ئاگاییەوە یان بێ ئاگایی یان بە فێربوون یان بە بۆماوە تەواو دەبن، ئەوە دەوەستێتە سەر قەناعەت هێنانی بە جۆری ئەو تیۆرەی دەروونناسێکی دیاریکراو ئارەزووی لێیەتی. هەموو ئەو گۆڕانکارانە بە گۆڕانکاریی سەربەخۆ یان ئەوەی بە ڕێکەوت ڕوودەدا، دادەنرێ، لە کاتێکدا گۆڕانکاری کاریگەر یان پاشکۆ ڕەوشتی ڕاگەیەندراوی کەسێکە کە دەکرێ لە ڕێی تیۆری دەروونناسییەوە لێکبدرێتەوە.

کۆمەڵناسان (هەروەها هەندێك لەوانەی لە مرۆڤ دەکۆڵنەوە (ئەنسرۆپۆلۆژی) ڕەوشتی مرۆیی لە گۆشەنیگایەکی دیکە دەخوێننەوە. ئەوان بەبێ دوو دڵی دان بە پێویستی ئاستی شیکاری دەروونی و تاکی دادەنێن لەیەك کاتەدا، بەڵام باوەڕیان وایە ئەوە دەبێتە هۆی وێنەیەکی ناتەواو بۆ بارودۆخی مرۆیی. ڕەنگە ڕوونترین حەقیقەت لەبارەی مرۆڤەوە سروشتە کۆمەڵایەتییەکەی بێ تا ئەوپەڕی: ئەو لە چوارچێوەی کردارێکی کۆمەڵایەتیدا لە دایك دەبێ، و لەناو کۆمەڵگایەك گەورە دەبێ بە پێکبەستی باوەڕپێکراو و ئاڵوگۆڕ لە نێوان تاکەکانیدا وەسف دەکرێ، کە لە تیۆرێك لە کارلێکی کۆمەڵایەتی ئاڵۆزدا دەژین، لە کۆتاییشدا لە

کۆبوونەوەیەکی کۆمەڵایەتیدا لەگۆڕدەنرێ. بە واتایەکی دیکە، مرۆڤ زۆر لەوە دوورترە بوونەوەرێکی تاکی سەربەخۆبێ تەنیا وەڵامی کارتێکەرەکان بداتەوە.

بۆیە، دەروونناسان لە کرداری کارلێکی کۆمەڵایەتی ورد دەبنەوە-واتە ئەو رووداوانەی دەکرێ تێبینیان بکرێ، لە نێوان تاکەکان بە ئەنجام دەگا، نەك لە نێو ئامارە دەمارییەکانیان یان ئەو پێکهاتانەی کە لەسەر مەعریفە دروست بوون .

## تیۆری رێکخستنی کۆمەڵایەتی:

شیکاری کۆمەڵایەتی بۆ رەوشتی مرۆیی بە لێکۆڵینەوە و تێگەیشتن لە سروشتی کۆمەڵە مرۆییەکان دەست پێ دەکا. بیردۆزی بنچینەیی لە لێکدانەوە کۆمەڵایەتییەکاندا ئەوەیە، کە کرداری نموونەی دووەم بۆ کارلێکی مرۆییە کە رەوشتی مرۆیی ئاراستە دەکا. لە زۆرینەی بارودۆخەکانی ژیاندا، کاتێك کە خەڵکی هەر هەڵسوکەوتێك دەکەن دوای دەکەون، بایەخی یەکەمیان ئاراستەی ئەو پێشبینیانەیە کە لە ئەوانی دیکە چاوەڕێی دەکەن، لەگەڵ وەڵامدانەوەی شیمانە بۆ کراویان بۆ ئەو هەڵسوکەوتە. بەکورتی، خەڵکی لەبارەی ئەوەی (ئەوانی دیکە لەبارەی هەڵسوکەوتەکانیان چی دەڵێن) دوو دڵ دەبن، لەبارەی بە چاك زانین وەرزبوون و پاداشت کردنیان و سزادانیش دوو دڵ دەبن، یان دانپێدانانیان یان ئەو شەرمەزارییەی کە رەنگە بەهۆی هەڵسوکەوتەکانیان تووشی بن. هەروەکو کۆمەڵناسی سەر ئامەد چارلز هۆلتۆن کولی دەڵێ: ئەو وێنایانەی خەڵکی لەبارەی یەکتریەوە هەیانە حەقیقەتی باوی کۆمەڵگایە(٩) .

لێرەدا کۆی ئاماژە بەڕاستییەك دەکا، کە خەڵکی لە کۆمەڵەکاندا هەڵسوکەوتی ئاڵوگۆڕ لە چوارچێوەی بنەمایەك کە هەردوولا لێی تێدەگەن لە هەر هەڵسوکەوتێکدا لە نێوانیاندا رێکدەخەن. ئەو بنەمایانە رەوشتی پەسند دیاردەکەن، دەتوانرێ پێشبینی ئەوە بکرێ کە هەرلایەنێك چ لە لایەنەکەی دیکە چاوەڕوان دەکا. بەبێ ئەو سەلماندنە لەسەودادا لە نێوان تاکەکاندا ئەو ژیانەی کە ئێستا ئێمە پێی ئاشنایین مەحاڵ بووە، چونکە هەموو یەکەی دیتنێکی مرۆیی لە نوێوە و لەسەر بنچینەی تاقیکردنەوە و هەڵە چارەسەر دەکرا.

بەم شێوەیە رەنگ بوو بەڕاستی ژیانێکی رێکخراو نەبێ بۆ کۆمەڵە، و کۆمەڵگا، ژیاریش. ڕەنگبووبوونی مرۆڤ ببێتە ئەو دێوەزمەیەی کە فەیلەسووفی ئینگلیزی تۆماس هۆبز وەسفی دەکا، کە باوەڕی بە پێویستی بوونی مەلیکێکی رەها هەبوو، بۆ ئەوەی دەسەڵاتی بەسەر

بەرهەڵستی و بەیەکدادانی بایەخەکانی مرۆڤ هەبێ. هەروەها ڕەنگ و ژیانی مرۆڤ بگۆڕێ بۆ شێوەیەکی بەردەوام. نەدەکرا پێشبینی ئەوە بکرێ، کە ڕوو دەدا ژیان هەرەسی دەهێناو پڕ دەبوو لە دڵەڕاوکێ و بایەخ هەروەها کورتیش دەبووەوە، بەڵام ئەو نموونانەی، کە وەکو ئەنجامی جێگیری بنەماکانی کارلێك کردن لە نێوان کەسەکاندا گەشە دەکەن لە کۆمەڵەکەی خۆیدا ناوی نراوە ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی ئەوەش دەربڕینێکە ئاماژە بە چەندین پۆلینکردن دەدا بۆ ڕێکخستنی تەقلیدی بۆ زامنکردنی جێگیری و هەڵسوکەوتی پێشبینی کراو لە نێوان تاکەکاندا لە هەر جۆرێك لە جۆرەکانی کۆمەڵە مرۆییەکاندا. ئەو تاکانەی مرۆڤیش، کە بەئەندام لە کۆمەڵەکان دادەنرێن، یان مامەڵەیان لەگەڵ کۆمەڵەکان هەیە، بێگومان پێویستە تێگەیشتنیان هەبێ، بۆ نموونەی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی هەموو کۆمەڵێك. ئەو جۆرە پێشبینییە لە هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتییە شیمانە بۆ کراوە، ئەوەی کە بەڵگەمان بۆ دەرەخسێنێ لەوەی لێیان پێشبینی دەکرێ لە نموونەی کردار و پەرچە کرداردا لە دوروبەری ئەو هەڵسوکەوتەدا.

ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی لە ناو کۆمەڵەکاندا لە نێوان تا ڕادەیەك سادە تا زۆر ئاڵۆزدایە. هەروەك کۆمەڵەکان لە قەوارەیاندا جیاوازی لە دوو ئەندامەوە (بۆ نموونە ژن و مێرد) بۆ سەدان هەزار ئەندام، و لە هەندێك باریشدا ملیۆنان ئەندام، و هەرچەندە قەوارەی کۆمەڵەکە زیاتر بێ ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی پتر ئاڵۆزدەبێ. لە کۆمەڵە گەورەکانی وەکو کۆمپانیاو کارگێڕی حکوومەتدا، یان هێزی سەربازی، ئەوە بەراستی نموونەی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی زۆر ئاڵۆزدەبێ، و هەتا تەواوی کۆمەڵگاکانیش دەتوانرێ لەڕووی کۆمەڵایەتیدا. چالاکییە ئابووری و سیاسی و فێرکاری و ئایینییەکان و چالاکییەکانی دیکەش لە چوارچێوەی بنەماو نەریتی هاوبەش و ئەو یاسایانەی ئەوە دیاردەکەن، کە خەڵکی چۆن هەڵسوکەوت بکەن، بە ئەنجام دەگا. لە حاڵەتی کۆمەڵگاکانیشدا بەگشتی، لێکۆڵەران دەربڕینی (پێکهاتەی کۆمەڵایەتی) بەکاردێنن بۆ ئاماژەکردن بە دابەشکارییە گەورەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی ئەو کۆمەڵگایانە بۆ دامەزراوەی کۆمەڵایەتی (وەکو خێزان، و ئابووری، و حکوومەت....و بەمشێوەیە)، یان بۆ چینی کۆمەڵایەتی –ئابووری، یان پشتگوێخەر یان هەر دابەشکارییەکی دیکەی گشتگیر.

قەوارەی کۆمەڵە هەرچەند بێ و پلەی ئاڵۆزی تێدا هەر چەند بێ، ئەوا دەکرێ لەرەگەزە سەرەکییەکانی ڕێکخستنە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر چوار چەمکی سەرەکی تێبگەین:

پێوەرەکان، و رۆڵەکان، و پلە، و سزاکان. ئەمانە دابەشکاری لقی بنچینەیی ئەو رێکخستنە کۆمەڵایەتییەن پێشبینی و مەزندە دەتوانن بۆمانی برەخسێنن لەو چالاکیانەی کە لە نێوان تاکەکاندا روودەدا. پێویستە لەو چوار چەمکە بڕوانین بۆ ئەوەی لە بیرۆکەی نەخشەی کۆمەڵایەتی تێبگەین.

لە ۱۹۷۰ دا، زانا دی فلۆر تیۆرێکی تا رادەیەك سادەی داهێنا بەناوی (تیۆری پێوەرە رۆشنبیرییەکان) ئەو تیۆرە بنچینەی بۆ تیۆرێکی دیکەی پتر گشتگیر رەخساند ئەویش (تیۆری پێشبینی کۆمەڵایەتی) بوو. بەکورتی (تیۆرەکەی یەکەم ئەو فیکرییەی لە خۆگرتبوو).

هۆکارەکانی راگەیاندن، لە رێگای پێشنیازە هەڵبژێردراوەکاندا، و لە رێگەی وردبوونەوە لە بابەتی دیاریکراو، دەتوانێ ئینتباعێك لای جەماوەرەکەی دروست بکا بەوەی کە پێوەرە رۆشنبیرییە(نموونەکان) هاوبەشە پەیوەندیدارەکان بەبابەتە هەڵبژێردراوەکان بە رێگەیەکی دیاریکراو پێکدەهێنرێن یان دیاردەکرێن. کاتێك رەوشتی تاك عادەتەن لەلایەن ئەو پێوەرە رۆشنبیرییانەوە ئاراستە دەکرێ (یان ئینتباعاتەکانی نوێنەر لە بارەی پێوەریان نموونەی پەسند) بۆ بابەتێکی دیاریکراو یان ئیعتبارێکی سنووردار، ئەوا هۆکارەکانی راگەیاندن بە رێگەیەکی ناڕاستەوخۆ تێدەکۆشێ بۆ کار لە رەوشت کردن [١٠].

لە کاتێکدا تیۆرەکە پەرەی پێدەدرا، ئەوا لە باشترین بیردۆزەیدا، تەنیا هەنگاوی یەکەم بوو رووەو تێگەیشتنێکی پتر گشتگیر بۆ هەندێك کاریگەری ناڕاستەوخۆی هۆکارەکانی راگەیاندن لەسەر هەڵسوکەوت. بە واتایەکی دیکە، تیۆرەکە ئەوەندەی پێویست بوو ئەوەندە دوور نەرۆیشتبوو. بۆیە، لەم چاپە فراوانکراوەدا بۆ ئەوەی هەموو رەگەزەکانی رێکخستنی کۆمەڵایەتی لە خۆبگرێ: رۆڵەکان، وپلە، و سزاکان لەگەڵ پێوەرەکاندا. دوای باسکردنی ئەو رەگەزانە بەکورتی، ئەوا ئەو رێگەیەی، کە هۆکارەکانی راگەیاندن دەتوانن بە هۆیەوە کار لە گەشەکردنی کۆمەڵایەتی تاکدا بکەن، روون دەبێتەوە.

پێوەرەکان (یان نموونەکان) ئەو بنەما گشتیانەن، کە دەکرێ لێیان تێبگەین و بەدوادا چوونیان بۆ بکرێ بە هۆی هەموو تاکەکانی کۆمەڵەوە. ئەو مەودایەکی فراوان لە چالاکییەکان دادەپۆشێ، لە سروتە سادەکانەوە بگرە (بۆ نموونە: تاك پێویستە لە کاتی وەڵامدانەوەی تەلەفۆن چی بکا) تا دەگاتە بارنجییە گرنگە سۆزدارییەکان (بۆ نموونە: کێ رێی پێدراوە بۆ سێکس کردن و لەگەڵ کێشدا). هەندێك لەو پێوەرانە تەنیا گرنگییەکی کەمیان هەیە، و زۆر شتی لەسەر ناچەسپێ، ئەگەر خەڵکی لە پێشەواکانیان هەڵگەڕانەوە (بۆ نموونە: دەنگی

بەئاشکرا) هەندێ پێوەری دیکە هەن لە سروشتی خۆیاندا مەترسیدارن بە جۆرێك، کە خەڵك بێ پێچوپەنا پێشبینی بەدوا کەوتنی دەکەن (بۆ نموونە: تۆ پێویستە کەس نەکوژی). هەندێك پێوەریش بە نافەرمی دادەنرێ و لە ئەنجامی ئاڵوگۆڕی رۆژ دوای رۆژی خەڵکی لە خۆوە گەشە دەکەن (بۆ نموونە: ئەو ئامێرانەی کە دەخوازرێن، پێویستە بۆ خاوەنەکانیان بگەڕێندرێنەوە). پێوەری دیکەش دەچنە ناو کرداری یاسادانان و دەگۆڕێن بۆ یاسای فەرمی نووسراو و هێزی دەوڵەت پاڵپشتی دەکا، (بۆ نموونە ئەو یاسایانەی پەیوەندییان بە بەڵێننامەکانەوە هەیە) بەم شێوەیە، پێوەرەکان جا پەیوەندیان بە شتی پوچ هەبێ یان بەشتی ترسناك، و ئەگەر پێوەرەکان فەرمی بن یان نافەرمی، ئەوا بە بنەمای گشتی دادەنرێن و لە سەر هەموو ئەندامەکانی دەستەیەکی دیاریکراو یان هۆزێك یان کۆمەڵگایەك جێبەجێ دەبێ. هەروەك هەڵسوکەوت لە چوارچێوەی کۆمەڵەدا پێویستی بە نەخشە ناوخۆیی بە مانای نەخشەی (وەرگیراو) هەیە بۆ ئەو پێوەرانە. ئەو نەخشە وەرگیراوانەی پێوەرەکان رەنگە باو و ئاڵۆزبن ئەگەر بۆ ئەو تاکانە وادانرابوو بە ئاسانی تێکەڵ بن و لەگەڵ ئەوانی دیکە لە چوارچێوەی رەوشێکی پەسنددا رێ بکەن.

هەرچی ئەرك یان رۆڵەکانیشە، ئەوا ئەوانیش بنەمای رەوشتن، بەڵام لەسەر هەڵوێستی دیاریکراو جێبەجێ دەبن لە چالاکی رێکخستنی کۆمەڵەدا. ئەویش ئەو رۆڵە دیاریکراوانە دیاردەکا، کە خەڵکی لە چالاکییەکانی کۆمەڵەدا دەیگێڕن، زۆربەیان رێنوێنی گشتین بۆ هەڵسوکەوت کردن، ئەوەی کە هەموو ئەندامەکانی کۆمەڵەکە پەیڕەوی دەکەن. وەکو نموونەیەکی روونیشن بۆ رۆڵ، ئەوا مێرد و ژن و منداڵەکانی رۆڵی دیاریکراو لە خێزاندا دەگێڕن. کۆمەڵە گەورەکانیش وەکو کۆمپانیاکانی کار کردن و کۆلیژەکان و یەکە سەربازییەکان، ئەوانەش لە زۆربەی بارەکاندا رۆڵی دیاریکراویان هەیە. لە هۆز و کۆمەڵگاکانیشدا پێکهاتەی رۆڵی تایبەتمەن بۆ هەریەکەیان پتر روون دەبێ.

ڕۆڵەکان بۆ ئەو خەڵکانە رێکدەکەون ئەوانەی بەکۆمەڵە هەڵسوکەوت دەکەن و بە رێگەیەکی گونجاو ئامانج وەدەستدێنن، کە ئەگەر هەر تاکێك لە جێی خۆی هەڵسوکەوتی بکردبا وەدەستنەدەهاتن. هۆکارە سەرەکییەکان لێرەدا پسپۆریەتین لە چالاکییەکاندا، و پشت بەستنی تاکەکانە بە یەکتری. ئەو خەڵکانەی لە چوارچێوەی رۆڵی دیاریکراو هەڵسوکەوت دەکەن و هەریەکەیان پشت بە ئەوی دیکە دەبەستێ وەکو بەشەکانی ئامێرێك یان ئامێرێکی ئەندامییان لێدێ، هەموو ئەرکێکی دیاریکراو لە دابەشکردنی چالاکییەکان کۆششی خۆی

پێشکەش دەکا، لە کۆتاییدا ئەنجامەکە وەدەستهێنانی ئەنجامێکی گەشەسەندوو (وەدەست هێنانی ئامانج) زیاتر لە کۆکردنەوەی پاژەکان.

بەهۆی ئەو هۆکارانەی پێشتر باسمان کردن، هەندێکجار کۆمەڵە وەکو ئەوە ئاماژەی بۆ دەکرێ کە (ئامێرێکی کۆمەڵایەتی)یە، تێیدا پاژی تێکچڕژاو و پەیوەست بەیەك هەن بەجۆرێك تێدەکۆشن بۆ جێگیری و بەردەوامی گشتگیر بۆ هەموو کۆمەڵەکە. نموونەیەك هەیە بۆ روونکردنەوەی ئەو خاڵە زۆر بەکاردێ، ئەویش تیمی یاری بیسبۆلە، کە تێیدا هەر یاریزانێك رۆڵێکی دیاریکراو دەگێڕێ، کە لەگەڵ چالاکی ئەوانی دیکەدا دەگونجێ. ئەگەر هەر یاریزانێك بە سادەیی بڕیاریدا ئەوە بکا، کە دەیەوێ و بە سەربەخۆیی هەڵسوکەوت بکا، ئەوا تیپەکە تەنیا چەند یارییەکی کەم دەباتەوە یان هەر ناباتەوە.

لە کاتێکدا، کە هەر رۆڵێك بە نموونەیەك دادەنرێ بۆ چالاکییەکی تایبەتمەند، ئەوا هەموو سیستەمە پەیوەستەکە لە ناو کۆمەڵەدا پێویستی بەوە هەیە هەموو ئەندامانی کۆمەڵەکە تێیبگەن. ئەگەر کۆمەڵەکەش گەورەبوو یان ئاڵۆزبوو، ئەوا هەر ئەندامێك بەلایەنی کەم پێویستە لەو رۆلانە تێبگا، کە بەشێوەیەك لە شێوەکان پەیوەندییان بە رۆڵەکەی ئەو هەیە. ئەوەش مانای وایە سیستەمی دیاریکردنی رۆل لەناو کۆمەڵەدا پێویستە بەهۆی هەموو ئەندامێك بە پلەیەکی مەعقول فێری بن، ئەوەش بۆ ئەوەی بتوانرێ رۆڵی تایبەتمەندی ئەندامێك لەگەڵ ئەو رۆلانەی، کە ئەوانی دیکە دەیگێڕن و پەیوەندی بە رۆلەکەی ئەوەوە هەیە گونجان هەبێ، جارێکی دیکە، دەتوانرێ ئەو خاڵە بە نموونەکەی تیمی بۆیسبۆل روونبکرێتەوە. تیپێك بێنە پێش چاوت، کە هەموو یاریزانەکانی شارەزای رۆڵی خۆیانن، بەڵام هەریەکەیان نازانێ ئەوانی دیکە چی دەکەن. ئەگەر یاریزانێك دوایین تۆپی بە قاشۆیەکەی بۆیسبۆل لێدا، ئەوا بەڕاستی کارەکە دەبێتە میهرەجانێکی کۆمیدی لە هەڵە بەم شێوەیە چالاکی کرداری کۆمەڵە داوا لە هەر ئەندامێك دەکا، کە پێویستە رۆلێکی هەبێ یان (نەخشەی رۆل) لە مێشکیدا، بۆ ئەوەی بتوانێ پێشبینی پەرچەکرداری ئەوانی دیکە لە ژێر بارودۆخی جیاوازدا بکا.

ڕەگەزی سێیەم لە رێکخستنی کۆمەلایەتیدا پلە و پایە. هەندێ لە ئەندامانی کۆمەڵەکان نفوزیان زیاترە، و دەسەلات و هەیبەت یان پێگەیەکی گەورەتریان هەیە لە ئەوانی دیکە. زۆربەی کات ئەمە دەبێتە هۆی جیاوازی گەورە لە ئیمتیازات و پاداشت و خەڵات و سەرمووچەکان.

له راستیدا جیاوازبوونی دەسەڵات مانای وایە هەندێك دەتوانن وا لە ئەوانی دیکە بکەن فەرمانەکانیان جێبەجێ بکەن. عادەتەن دەسەڵات ئەوە دەڵێ، کە هەڤاڵەکانی بە پاڵپشتی کردنی کۆمەڵە بەگشتی لە کاتی مومارەسەکردنی ئەو دەسەڵاتەیاندا وەدەستیانهێناوە، بەڵام هەیبەت یان پێگەیان (پلەی کۆمەڵایەتی) مانای وایە هەندێك لە ئەندامانی کۆمەڵەکە و لەلایەن ئەوانی دیکەوە بە هۆیەك لەهۆیەکان بە رێزەوە یان بە گەورەیی سەیر دەکرێن . لە راستیدا هەموو تاکێك لە کۆمەڵەدا بنکەیەك یان بارێك لە دەستە وەدەستدێنێ یان بۆی دیاری دەکرێ، کە دەسەڵاتی لە دەستە و دابەشکراوە بۆ چەند پلەیەك بەپێی ئەو کۆمەڵە هۆکارەی پێشوو.

بۆ ئەوەی کۆمەڵە ئەرکەکەی خۆی بە ئاسانی و خۆشی رایی بکا، ئەوا داننان بە پێگەی کۆمەڵایەتی تاکەکان کارێکی پێویستە، و هەموو تاکەکان پێویستە دان بەو رێکخستنە دابنێن بەشێوەیەك، کە هەڵسوکەوتی لە بەرانبەر ئەوانی دیکە بە ئەنقەست بێ بۆ ئەوەی پێگەی ئەو کەسەی لەبەر چاوبێ کە مامەڵەی لەگەڵدا دەکا. ئەگەر کەسەکە پێگەکەی بە دڵ بێ یان نا، ئەوا ئەوە سیستەمێکە نە دەتوانێ دەستبەرداری بێ و نەدەتوانێ لێی رابکا، و پێویستیشە بۆ رێکخستنە کۆمەڵایەتییەکان هەتا لەو کۆمەڵانەشدا کە وادەردەکەوێ بە پرەنسیپی یەکسانییەوە پەیوەستن.

**لە کۆتاییدا رۆلی سزاکان دێ**. ئەوە لە کۆمەڵەکاندا هەیە بەمەبەستی پاراستنی دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی. لە کاتێکدا سروشتی مرۆڤ ئەوەبوو وەك شارەزاین، ئەوا هەمووکات ئاراستەیەك هەیە رووەو رەوشێکی لادەر. هەندێکجار خەڵکی نموونە و پێوەرەکانی رەوشتی دەبەزێنن، لە بە جێگەیاندنی رۆڵەکانیان شکست دێنن هەروەك لێیان چاوەڕوان دەکرێ، و لە فەرمان وئارەزووی بەهێزەکان یەکدەگرن، یان دان بە بارودۆخی ناوازە دانانێن، کە هەیبەت یان شەرەفێکی کۆمەڵایەتییان هەیە، ئەو لادانانە کاری کۆمەڵەیەك دەخەن وەکو سیستەمێك بۆ هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی، کە دەکرێ پێشبینی یان مەزندە بکرێ، بەم شێوەیە ئەوە بە تواناداری وەدەستهێنانی ئەنجامەکان دادەنرێ، و ژیان ناخۆش دەکا، کە پڕی دەکا لە دڵەڕاوکێ لای زۆربەی خەڵکی. لەبەر ئەم هۆیە سزای لادەرکان دەدرێ، و بۆ رێلێگرتنی ئەو کەسانەشە، کە بیر لە ئەنجامدانی ئەو جۆرە پێشێلیانە دەکەنەوە، بەڵام پاداشتە ئەرێنییەکان بەکاردێن بۆ پاداشت کردنی ئەوانەی بە رێگەیەکی روون پابەندن بە بنەماکان و یارمەتی کۆمەڵە دەدەن بۆ وەدەستهێنانی ئامانجەکانی. ئەوە روونە زۆر گرنگە کە مومارەسەکان ئەنجامی

چاوەڕوانکراویان هەبێ لە زاڵبوونە کۆمەڵایەتییەکانیاندا بۆ ئەوەی پشتیان پێ ببەسترێ بۆ ئەوەی خۆمان لە سزادانە نەرێنییەکان بە دووربگرێن.

بەشێوەیەکی گشتی کەواتە تیۆری رێکخستنی کۆمەڵایەتی تەرکیز دەکاتە سەر ئەو رووداوانەی لە نێوان خەڵکیدا روودەدەن، زیاتر لەوەی لەناو مێشکی خۆیاندا روودەدا. رونیشە کە خەڵکی پێویستە فێری پێوەر و نموونە و رۆل و هەموو ئەو شتانەی، کە تیۆرەکە بانگەوازی بۆ دەکا ببن، بەلاّم ئەو گۆڕانە ناوخۆییانەی دەروون هەموو چیرۆکەکە ناگێڕنەوە. هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی زیاترە لەوەی تەنیا کۆمەڵەیەك پاژی تیۆری بێ. کۆمەڵەکان لەسەر ئەوەبوونەی خۆیان رادێن، کە بەسەربەخۆ دادەنرێن لە ئەندامەکانی ئێستایاندا. لەکاتێکدا خەڵکی کۆمەڵە دروست دەکەن، و لەگەڵ یەك بەدوای ئامانجەکاندا دەگەڕێن لە رێگەی کارلێکی کۆمەڵایەتی بەپێی نموونە باوەکان، ئەوا پێشبینییە هاوبەشەکانیان دەگۆڕێ بۆ سیستەمی کۆمەڵایەتی جێگیریی تایبەت بە خۆیان.کولی لەسەر حەق بوو لە (ئەو وێنەیەی کە هەریەك لە ئێمە لەسەر ئەوی تر هەمانە)، بەوەی بە (ڕاستی نەگۆڕ) بۆ کۆمەڵگا وەسفی دەکردن. بەم شێوەیە، تیۆری رێکخستنی کۆمەڵایەتی بۆمان روون دەکاتەوە چۆن پێشبینییە نەگۆڕەکان ئەوەی کە سیستەمی کۆمەڵایەتی پێ دەناسرێتەوە دەتوانی نفوزێکی بەهێزی لەسەر رەوشتی تاکەکان هەبێ.

**ئەو شتانەی کە هۆکارەکانی راگەیاندن نیشانی دەدەن وەکو سەرچاوەیەك بۆ پێشبینییە کۆمەڵایەتییەکان** .هۆکارە راگەیاندنە جەماوەرییەکانی بە سەرچاوەیەکی مەزنی پێشبینییە کۆمەڵایەتییە نموونەییەکان دادەنرێن لەبارەی رێکخستنی کۆمەڵایەتی کۆمەڵەی دیاریکراو لە کۆمەڵگای نوێدا. بەواتایەکی دیکە، ئەو لە ناوەڕۆکدا نموونە و پێوەرەکان و رۆڵەکان و پێگەکان و سزاکان بەنزیکەیی بۆ هەموو کۆمەڵە ناسراوەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی هاوچەرخ وەسف دەکا یان وێنایان دەکا.

گەنجە مێرمنداڵەکان کاتێك کتێبێك دەخوێننەوە، یان تەماشای تەلەفزیۆن دەکەن، یان دەچن تەماشای فیلمێکی سینەمایی بکەن، یان هەر جۆرە چالاکییەکی دیکە، کە هاوشێوەی ئەوانەیە، دەتوانێ پێوەری دەیان کۆمەڵە ببینێ هەرچەندە ئەو گەنجە مێرمنداڵە هێشتا ماڵی خۆیان بەجێنەهێشتووە و ژیانی سەربەخۆیان نییە، ئەوان لەبارەی چەتە تاوانکەرەکان، و لەبارەی چێشتخانە نوێکان، چەند دەستەیەك لە نەشتەگەران و لەبارەی پۆلیس و، لەبارەی خانەوادە دەوڵەمەندەکان و لەبارەی تیپە مۆسیقییە رۆکەکان دەبینن یان لەبارەیانەوە

دەخوێننەوە لەبارەی زۆرشتی دیکەش لە لیستەکەدا کە نموونەکانی کۆتاییان نایێ. لەهەمان ئەو سەرچاوانەدا بچووکەکان دەتوانن فێری ئەو رەوشتە یان ئەو رۆلە بن، کە لێیان داوا دەکرێ ئەگەر بن بە هەوالنێری تایبەت، یان مامۆستای زانکۆ، یان سەماکەری بالێ، یان ئەوانەی پیشەگەرن لە چوونە ژێر ئاو یان راهێنەری یاری تێنس. بۆ نموونە، ئەوان دەتوانن نموونەی شەرەفی کۆمەڵایەتی یان سەرشۆڕی کۆمەڵایەتی، و ئەو هەڵسوکەوتانەی بەڵگەی بۆ رێزگرتن یان لەسەر رك لێبوونەوە ببینن، ئەوەی کە لەلایەن ئەو خەڵکەوە دەگوترێ، کە پێگەی جیاوازیان لەناو کۆمەڵەکاندا هەیە. لە کۆتاییدا، ئەوان دەتوانن مومارەسەی یاری پاداشتەکان بکەن، کە عادەتەن لەگەڵ رەزامەندی رەوشتدا دێ یان ئەو سزایانەی کە لە ئەنجامی نارازیی بوونە لەسەر لادان لە رەوشەکە بەرهەم دێ و هەمان ئەو جەستەیان هەبێ، کە ئەوانی دیکە هەیانە.

ئەم وانانە بەهێز و ئالۆزن: رونیشە ئەوە روونادا، کە هەموو منداڵەکان بچنە ناو هەموو کۆمەڵەکان و بەشداری لە چالاکییەکاندا بکەن. مەبەستیشمان لەو کۆمەڵانەیە، کە هۆکارەکانی راگەیاندن نموونەی رێکخستنی کۆمەڵایەتی تێدا وێنا دەکا، بەڵام بەلایەنی کەمەوە ئەوان دەچنە ناو هەندێك و کۆمەڵەکان و ئەو وێنەیەی، کە هۆکارەکانی راگەیاندن لەسەر رەوشتی کۆمەڵایەتی پێشکەشی کردوون، ئەوە تاکە شێوەیە کە پێی دەچنە ناو ئەو کۆمەڵگایانە و بەشداری تێدا دەکەن. هەتا لێکۆڵینەوە یەکەمینەکان لەبارەی کاریگەری هۆکارەکانی راگەیاندن لەسەر منداڵ، کە ئەو لێکۆڵینەوانەی کە دەزگای بین پارەی پێداون کە لە بیستەکانی ئەم سەدەیەدا ئەنجامدرا دەریخستن منداڵان نموونە و پێوەرەکان و دیاریکردنی رۆلەکان و چەمکەکانی دیکە بۆ رێکخستنی کۆمەڵایەتی ئەوەی کە لەسەر شاشەدا دەیبینن وەردەگرێ.

لەسەر ئەم بنچینەیە، تیۆری پێشبینی کۆمەڵایەتی پەیوەستە بە هۆکارەکانی گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی هۆکارەکانی راگەیاندن، و ئەوەی لە وێناکردنیدا نموونەی نەگۆڕی ژیانی کۆمەڵایەتی وەبەردێن. ئەو نموونە نەگۆڕانە ئەوە دیاری دەکەن، کە چ لە خەڵکی داوا دەکرێ ئەنجامی بدەن کاتێك، کە لە خانەوادەیەکدا لەگەڵ یەك دەبن، و لەو کاتەی لە کاردا مامەڵە لەگەڵ هاوڕێکانیاندا دەکەن، یان کاتێك دەچنە شوێنی خواپەرستی، یان دەخوێنن، یان کالایەك دەکڕن، یان بەشداری لە ژیانی کۆمەڵە دەکەن بەشێوەیەك لە شێوەکان. کاتێك بە تایبەتی هۆکارەکانی راگەیاندن هەڵدەستن بە وێنەگرتنی هەموو شتێك لە پەیوەندی منداڵەوە

بگرە بە دایکییەوە تا لەبەر چاوگرتنی رەوشتی کۆمەڵایەتی لە کاتی مردندا، ئەمە بەوە یارمەتیدەر دەبێ بۆ دیاریکردنی ئەو پێشبینیانەی، کە ئەندامە شیمانە بۆ کراوەکانی کۆمەڵە وەریدەگرن بەرلەوەی بە تەواوی لە چالاکییەکانی رێکخستنی کۆمەڵایەتیدا دەست بەهەوڵدان بکەن. هەروەها ئەو هۆکارانەی راگەیاندیش بە سەرچاوەیەك بۆ ئەو پێشبینیانە دادەنرێ لە بارەی چۆنیەتی هەڵسوکەوتی خەڵکی لە جۆری دیکەی کۆمەڵەکە، کۆمەڵگەیان لێ پێکدێ.

دەتوانرێ فیکری بنچینەیی ئەو شیکردنەوانە لەو پێشنیازانەی خوارەوەدا چڕبکرێنەوە:

١- ئەو نموونانەی رێکخستنی کۆمەڵایەتی، کە لەسەر شێوەی پێوەر و رۆڵ و پێگە، یان پاداشت و سزا، دەردەکەون، پەیوەندی بە جۆری دیاریکراوی کۆمەڵەکان هەیە، کە بەزۆری لە ناوەڕۆکی راگەیاندندا وێنەی دەگیرێ.

٢- ڕەنگە ئەو وێنەگرتنە بۆ هەر کۆمەڵەیەکی دیاریکراو راستەقینەبێ، و رەنگە واش نەبێ .. رەنگە باوەڕ پێ کراوبێ یان گومڕاکەر بێ، ورد یان شێواوبێ.

٣- پەیوەندی ئەو وێنانە لەگەڵ واقعیدا هەر چۆنێك بێ، ئەوا جەماوەری بینەر ئەو دیاریکردنانە هەرس دەکەن کە وەردەگرن، ئەو وێنانە دەبنە کۆمەڵە پێشبینییەکی کۆمەڵایەتی، کە فێربوون لە بارەی ئەو چۆنیەتییەی کەوا چاوەڕوان دەکرێ ئەو کۆمەڵانە لە هەڵسوکەوتەکانیاندا پەیڕەوی بکەن.

٤- ئەو پێشبینیانە بە پاژێکی گرنگ دادەنرێ بۆ تێگەیشتنی خەڵکی پێشوو لە رەوشتی داواکراوە بەشداربووەکان لەو کۆمەڵانەی، کە تێیاندا دەبنە ئەندام، پەیڕەوی دەکەن.

٥-ئەو نموونانە بۆ پێشبینی کردنی رەوشتی لەلایەنی ئەندامانی کۆمەڵە جۆراوجۆرەکانی دیکە، ئەوەی کە هۆزیان کۆمەڵگەی لێ پێکدێ بە پاژێکی گرنگ دادەنرێ لە زانیارییە گشتییەکانیاندا لەبارەی سیستەمی کۆمەڵایەتیان.

٦- هەروەك ئەو دیاریکردن و پێناسانەی ئەو پێشبینیانە رەخساندوویانە وەکو بەڵگەی کار سوودیان هەیە، واتە ئەوە بۆ تاکەکان دیاری دەکا چۆن وەکو خۆیان هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەوانەدا بکەن، کە رۆلیان لە کۆمەڵەی دیاریکراوەکاندا هەیە، و ئەوانی دیکەش چۆن بەرانبەر ئەوان هەڵسوکەوت دەکەن لە بارودۆخە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکاندا.

ئەو جۆرە جەختکردنەوانە دوو ناوچە لە لێکۆڵینەوەی بەرز لە بارەی زانستی رەوشتی نوێ لە یەکدی نزیك دەکەنەوە، ئەوانیش: فێربوون لە سەر شێوەی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی، و وەرچەرخاندنی چالاکی مرۆیی، بۆ نموونە لەسەر شێوەی رێکخستنی کۆمەڵایەتیدا. لە

پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیدا. فێربوون و ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی دوو چەمکی سەرەکی (یان ناوەندی)ین بۆ هەریەك لە دەروونناسی و کۆمەڵناس. ئاسان نییە وێنای تیۆرێکی دروستبکەی لە بارەی کاریگەرییە ماوە درێژەکانی هۆکارەکانی راگەیاندن، کە ئەو دوو چەمکەی وەلانابێ. بێجگە لەوەش، تیۆری پێشبینی کۆمەڵایەتی لێکدانەوەیەکی هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتیمان پێشکەش دەکا گەیشتن بە هێزە زەمینی و ئەو هۆکارانەی هەڵسوکەوتی مرۆیی پێکدێنن و دەسەڵاتیان بەسەریدا دەبێ نابەستێ. لە بیرۆکە کۆنەکەدا هۆکارەکانی راگەیاندن(١) زانیاری دەگوازێتەوە (٢) تاك بە رێگەیەك بیری دەکەوێتەوە، کە هێزی ناوخۆیی وەکو هەڵوێست و بۆ چوونەکانی لا پێکدێنێ (٣) کە تا رادەیەکی زۆر لەگەڵ یەك تەباو وگونجان و (٤) هەریەکەیان لەسەر بزواندن و ئاراستەکردنی رەوشتی ئاشکرادەکەن..

ئەو بیرۆکە کۆنە دەبێتە بیرۆکەیەکی نا پێویست. تیۆری پێشبینییە کۆمەڵایەتییەکان لە تێگەیشتنندا دارشتنەکەی ئاسانترە: لەسەر ئەو بیرۆکەیە دامەزراوە کە ١- هۆکارەکانی راگەیاندن ئەو زانیارییانە دەگوازنەوە، کە پەیوەندیان بە بنەماکانی رەوشتی کۆمەڵایەتییەوە هەیە، کە ئەندامی کۆمەڵە باسی دەکا ٢- ئەو کردارە راستەوخۆ کاریگەری لەسەر رەوشتی ئاشکراو روونە، کە دەبێ و پێکیدێنێ. لەوەشەوە، ئامێرە ئاڵۆزەکە بۆ پێکهێنانی یان گۆڕینی هەڵوێستەکان، و ئەو بیردۆزانەی پەیوەندییان بە نێرەرەکانەوە هەیە لە نێوان هەڵوێست و هەڵسوکەوتەکاندا و بە سادەیی هەموو بیردۆزە قورسەکانی دیکەی لێکدانەوەی عەقلی نا پێویست دەبن. ئەگەر بارەکە بەجۆرەبێ، ئەوا تیۆرەکە پتر رەزیل و قرچۆکی دەبێ —ئەویش ئیعتیبارێکی گرنگە لە گەشەسەندنی لێکدانەوەکاندا.

بەکورتی، تیۆری پێشبینییە کۆمەڵایەتییەکان بە لێکدانەوەیەك یان وەسفێکی کارتێکەر ماوە درێژ و ناراستەوخۆکان دادەنرێ، کە هۆکارەکانی راگەیاندن دروست دەکەن.

وەکو زۆرێك لە تیۆرەکانی دیکە وادەدەنێ، کە زیاتر لە ئیعتیباراتە بنچینییەییەکان وەرگیراوە. دەرمانخست ئەوە پراکتیزەکردنێکە بۆ ئەو تیۆرانەی، کە زیاتر گشتگیرن لە کرداری گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی و رێکخستنی کۆمەڵایەتیدا. ئەو وەکو کارایەکی یاریدەدەری فێربوون (پشت پێ نەبەستراو و پێشتر پلان بۆ دانەرێژراو) وێنە دەکا، کە هەردووکیان بەیەکەوە دەبەستێتەوە.

بەم چەمکەوە، تیۆری پێشبینییە کۆمەڵایەتییەکان زۆر لە تیۆری نموونە دەچێ، کە بۆ خۆی لێکدانەوە بۆ کاریگەرییە ماوە درێژەکان پێشکەش دەکا. هەروەها ئەویش لە سەرچاوەی

پتر گشتی وەرگیراوە، کە گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی و تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتی زیاتر گشتگیرن. هەردوو تیۆرەکە هەوڵدەدەن ئەوە بسەلمێنن، کە خەڵکی دەتوانن هۆکارەکانی راگەیاندنی جەماوەری وەکو سەرچاوە بەکاربێنن بۆ دەسکەوتنی رێنوێنی رەوشتی گونجاو، کە یارمەتیان دەدا بۆ گونجانیان لەگەڵ ئەو جیهانە ئالۆزەی تێیدا دەژین —جا ئەوە چ بە ئەنقەست رووبدا یان بەبێ ئاگایی.

نەتیۆری نموونە و نە تیۆری پێشبینییەکانیش بە تایبەتی سوودیان نییە وەکو رێنمایی کەرێك بۆ گەڕان، ئەگەر هاتوو ستراتیژییەکان لە تاقیکردنەوە یان تاقیکردنەوەدا چڕکرابنەوە، هەردووکیان یارمەتیدەر دەبن لە شیکردنەوەی ئەوەی چۆن جۆرە دیاریکراوەکانی ناوەڕۆك و ئەوەی کە هۆکارەکانی راگەیاندن پێشکەشی دەکا دەتوانێ رۆڵ بگێڕێ لە گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی بۆ ماوەیەکی دوور بۆ کەسەکان لە کۆمەڵگەیەك، کە هۆکارەکانی راگەیاندنی جەماوەری بەرفراوانی تێدا رەخساوە، بەڵام رێکوپێککردنی تاقیکردنەوەیەك، کە لێیەوە حوکمبدەین کارێکی قورسە، دەتوانین لە لیستێکدا هەموو ئەو هەڵسوکەوتانەی تاکێك لە ناوەڕۆکێکی راگەیاندنیدا وەریگرتووە لە ماوەیەکی زەمەنی درێژدا پلەبەند بکەین. هەروەها بۆ نموونە، کارێکی زەحمەتە وێنای ئەوە بکەین، کە لێکۆڵینەوەیەکی کۆمەڵایەتی دەتوانێ لە یەك مەزەندەدا، یان هەتا لە چەند مەزەندەیەکیشدا جۆری پێوەر و رۆڵ و پێگە و پاداشت و سزاکانمان بۆ دیاری بکا ئەوە، کە کەمینەیەك لە خەڵکی ماوەیەکی تا رادەیەك درێژتر لە هۆکارەکانی راگەیاندن پێیانگەیشتووە.

ئەوەش مانای ئەوەیە، کە هەریەك لە تیۆرەکانی دیکە کە لە نموونەی زەینی یان عەقڵی وەرگیراون. دوو تیۆرەکە بریتی نین لە کۆمەڵێك پێشنیاز، کە بەچاکی بەیەکەوە بەسترابن، و پەیوەندی رێبازی رێکخراومان پێشکەش دەکا لە نێوان ئەو ئاڵۆگۆڕانەی لە نزیکیان سەربەخۆن و ئەوانی دیکەش پاشکۆی، ئەوەش بە هەمان شێوەی زانستە سروشتییەکان. بەڵکو ئەوانە لە تێڕوانین و چەمکیشدا چوارچێوەکەیان تا رادەیەك فراوانترە، کە یارمەتیدەرە بۆ رێکخستن و لێکدانەوەی پەیوەندییەکان لە نێوان دەستە جیاوازەکانی ناوەڕۆکی هۆکارەکانی راگەیاندن و ئەو کاریگەرییە ماوە درێژانەی لەسەر کەسەکان و لەسەر کۆمەڵگەدا هەیە. هەردوو تیۆرەکە، لە وێنەیەکی بچووککراوەدا، پرەنسیپێکی لێکدراو پێشکەش دەکەن، کە بە تێکەڵەیەك لە پەیوەندی و کاریگەرییەکان دادەنرێ. هەردووکیشیان هەمان ئەو مانایە پێشکەش دەکەنەوە، کە داروین لە چوارچێوەی فیکری گەشەسەندن ئەوەی، کە وایکرد پەیوەندی لە نێوان گونجانی

ژینگە و لە نێوان دەرکەوتنی وەچە نوێکانی بوونەوەرەکاندا پێشکەشی کرد. کارێکی شووم دەبێ ئەگەر پێشنیازی ئەوە بکرێ کە هەرکام لە تیۆری نموونە یان تیۆری پێشبینییە کۆمەڵایەتییەکان هەمان پێگەیان هەبێ، یان هەمان ئەو پێگەیەیان هەبێ، کە تیۆرە بەناوبانگەکەی داروین هەیەتی، بەڵام ئەوە مەبەستی ئێمە نییە، گرنگەکە ئەوەیە کە پێکهاتە فکرییەکەی هەردووکیان لە چوارچێوەیەکی زۆر بچووکدا هەمان شتە.

لە راستیدا تا ئێستا، بەرەهایی هیچ لێکۆڵەرێك تاقیکردنەوەیەك یان کرداری تاقیکردنەوە یان ئەنجامنەداوە، کە پشت بە عەینی دیاردە بایۆلۆژییەکان ببەستێ، بە جۆرێك تیۆرە بە ناوبانگەکەی داروین و ئەو بنەمایەی گەشە و پێشکەوتنی لە سەر دادەمەزرێ بسەلمێنێ یان رەت بکاتەوە، رەنگ نییە، یان هەر پێویست نییە، لێکۆڵەران بەهەمان واتا بێن ئەو کارە بکەن. هەروەها ئەمە شیمانە بۆ کراویش نییە بۆ هەردوو تیۆر، کە کاریگەری ناڕاستەوخۆ، کە لێرەدا گفتوگۆمان لەسەرکردن، بەڵام رەنگ بوو ببنە هۆی برێکی گەورە لە تێبینیکردنی رێکخراو و رێبازیی لەبارەی ناوەڕۆکی (ناواخنی) هۆکارەکانی راگەیاندن و کاریگەرییەکانی بۆ هەر هەڵسوکەوتێکی کە لەسەر نموونە و وێنەگرتنی پێشبینییە کۆمەڵایەتییەکان دروستبووبێ. هەروەها هەردوو تیۆرەکە هانی تێبینیکردن دەدەن بۆ ماوەیەکی درێژ لای خەڵکی بۆ ئەوەی دوای کاریگەری کارەکانیان بکەون لە هەڵسوکەوتی رۆژانەی هاوولاتیاندا لە کۆمەڵگاکەماندا، کە بایەخی هۆکارەکانی راگەیاندن تێدا زیاد دەکا.

# پەراوێزەکانی بەشی هەشتەم


1. *The Republic of Plato*, trans. Frances MacDonald Cornfield (London: Oxford University Press, 1941), pp. 66--92.
2. For a classic statement of the significance of the process, see John A Clausen, ed., *Socialization and Society* (Boston: Little, Brown, 1968).
3. Robert A. Levine, *Culture, Behavior, and Personality* (Chicago: Aldine Publishing Company, 1973). See especially pp. 61–68.
4. Sigmund Freud, *An Outline of Psychoanalysis* (New York: W. W. Norton and Company, 1949.
5. Albert Bandura, *Social Learning Theory* (Englewood Cliffs, N.J.: Prentice-Hall, 1977).
6. *Ibid*. p. 13.
7. The earliest accounts of extensive modeling of behavior shown in films were part of the Payne Fund studies. In particular, the large-scale qualitative studies of Herbert Blumer showed the enormous extent to which youngsters of the time took on the mannerisms, speech styles, overt behaviors, and even clothing fads of the stars. See Herbert Blumer, *The Movies and Conduct* (New York: The Macmillan Company, 1933). For other well-known accounts, see: Albert Bandura, *Aggression: A Social Learning Analysis* (Englewood Cliffs, N.J.: Prentice-Hall, 1973); and R. M. Liebert, J. M. Niele, and E. S. Davidson, *The Early Window: The Effects of Television on Children and Youth* (New York: Pergamon Press, 1973).
8. Allen Liska, *The Consistency Controversy: Readings on the Impact of Attitudes on Behavior*: (New York: John Wiley and Sons, 1975).
9. Charles Horton Cooley, *Human Nature and the Social Order* (New York Schocken Books, 1964), p. 184. First published in 1908.
10. Melvin L. DeFleur, *Theories of Mass Communication*, 2nd ed. (New York David McKay, 1970), p. 129; see also pp. 129–39.

# بەشی نۆیەم

## هۆکارەکانی راگەیاندن و بنیاتی واتا

لێکۆڵینەوە لە گەیاندن — لە تێڕوانینێکی هەمەکیدا- مێژوویەکی دێرینی هەیە، بەڵام هەرگیز هەمان ناوەندی باو و ئەنجامی بەرجەستەی نەبووە، کە زۆرێك لە سیستەمی زانستییە تەقلیدییەکان پێشکەشیان کردووە. ئەم حاڵەش بە بێگومان بەهۆی کۆمەڵێك هۆکارەوە بووە، لە نێوانیاندا قورسی بابەتی لێکۆڵینەوە، لە راستیدا ئەوەی لەو بوارەدا پێیگەیشتووین تا رادەیەکی زۆر لە جەماوەر بزرە، بەڵام لەو لێکۆڵینەوانەدا هەیە، کە بۆ کەسێکی ئاسایی قورسە لێیان تێبگا، ئەوانەی فەیلەسووفەکان، کۆمەڵناسان و لێکۆڵەری دیکە ئەنجامیان داوە.

هەروەك لێکۆڵینەوە لە هۆکارەکانی راگەیاندن وەکو سیستەمێکی جیاکراوە، تازە دەستی پێکردووە. لە کاتێکدا جەماوەر تامەزرۆی زانینی ئەوەیە، کە شێوەیەکی دیاریکراو لە شێوەکانی ناوەڕۆکی راگەیاندن چیان پێدەکا، بەڵام ئەو لێکۆڵینەوانەی پەیوەندییان بە هۆکارەکانی راگەیاندنی جەماوەرییەوە هەیە هێشتا بەبەرییەوە ماوە ئینتیباعێکی باش لای جەماوەری لێکۆڵەرەوە پێشکەش بکا. بەهۆی چەند هۆیەکی تەواو روون. هەوڵدانەکانی گەشەسەندنی لێکۆڵینەوەکان لە هۆکارەکانی راگەیاندن وەکو دامەزراوەیەکی زانستی تەنیا بەر لە چەند دەیەیەك (دەیان ساڵ) بەوپەڕی توانایەوە کاری دەکرد. ئێستا ئەو هەوڵانە بۆیان رێککەوتووە سەربکەون، بەڵام لە سەرەتادا تووشی هەمان ئەو کێشانە بوون، کە جۆرە کۆنەکانی لێکۆڵینەوەی گەیاندن تووشی ببوون. ئەوەش بۆ ئەو دەیانە زیاد دەکرێ، کە زۆرینەی ناواخن و ناوەڕۆکەکانی راگەیاندن بە ئاستێکی رۆشنبیری نزم وەسف دەکرێن، لە نێوان رێکلامە بازرگانییەکان و فیلمە کارتۆنییەکان، تا بەرنامەی زنجیرەکان و بەرنامەی وەرزشی، ئەوەی کە جەماوەر وەریدەگرت دەهاتوو دەچوو. ئەوەش ئاماژە بەوە دەکات، کە لە

کاتێکدا زۆرینەی ناواخنی هۆکارەکانی راگەیاندن رووکاری بوون، ئەوا وا شیمانە دەکرێ، کە کاریگەرییەکانی گرنگ نەبوون، و لە هەمانکاتدا، ئەوانەی کە لێکۆڵینەوەیان لەسەر ئەو جۆرە شتانە کردووە بێگومان کەسانێکی عەقڵ سنوورداربوونە و خۆیان بە لێکۆڵینەوەیەك خەریککردووە، کە لە کۆتاییدا هیچ بایەخێکی نەبووە. هەروەك تێبینەرانیش لەبارەی ئەو خاڵەوە گوتوویانە:

لێکۆڵینەوە لە کرداری گەیاندندا مێژوویەکی دێرینی هەیە، بەڵام عادەتەن وەکو شتێکی پوچ سەودای لەگەڵدا کراوە. بەبۆچوونی ئێمە شێوە جیاوازەکانی گەیاندن زۆربەی کات جێی بایەخی یەکەم بووە لای ئەوانەی خاوەنی عەقڵی زانستی پلە دوون.[1]

وەکو بەرگرییەك لەو جۆرە باوەڕانە، پیاو وا هەست دەکا، کە پێویستە لە وشەکانی نووسەری ئەمریکایی مارك توین ئەوە وەربگرێ کە کاتێك ئەوەی بیست، کە بەئاشکرا هێرشی کراوەتە سەری، چونکە زەین کوێرییە، و زۆربەی کات، کە دەگەڕایەوە ماڵەوە بەسەرخۆشی و زۆر خراپ لە ژنی خۆی دەدا، توینی بە سادەیی گوتی: (( وێدەچوو نیوەی ئەو قسانە راستبن!)).

رەنگە بەرپەرچدانەوەی راستەقینە بۆ ئەو نموونەیە لەبارەی لێکۆڵینەوەی کاریگەری هۆکارەکانی راگەیاندن ئەو راستییە گوترابێ، کە زۆربەی کات هەر سیستەمێکی نوێی لێکۆڵینەوە کاتێکی درێژی دەوێ بۆ ئەوەی دەست بە ئەنجامدانی بکرێ. بەر لەوەی ئەو سیستەمەش لەلایەن ئەوانی دیکەوە پەسند بکرێ، ئەوا لەسەری پێویستە بەروونی سنوورەکە دیاری بکا، و ئەو بەڵگانەی  پشتیان پێ دەبەستێ بەرێگەی جۆراوجۆر دەیانەزرێنێ، و چۆنیەتی فێربوونی رێکبخاو زانایانیش لەسەر هۆکارەکانی یەك دەنگ بن و پێوەرەکانی بناسن بۆ ئەو زانیارییەی،  کە رەنگە پێی قایل بن و ئەوانەی کە مومارەسەی ئەو لێکۆڵینەوانە دەکەن پشتییان پێ ببەسترێ. لە کۆتاییدا، هەنگاوێکی زۆر گرنگ هەیە ئەویش ناسینی رەگەزە فیکرییەکانی ئەو سیستەمە و رێزگرتنیەتی.

بنچینەی فیکری هەر سیستەمێکی زانستی، زۆربەی کات لە بەرهەمی بیرمەندانی پێشوودا هەیە، ئەوانەی رووبەڕووی هەمان ئەو بابەتانە بوونەتەوە، کە رووبەڕووی لێکۆڵەرە نوێکان بۆتەوە. روونە کە چارەسەری پێشینەکان بۆ ئەو بابەتانە لە سنووری کۆتە سەپاوەکانی سەریان و ئەو توانایەی لەبەردەستییان بوو لەو کاتەدا، دابوو.

کاتێك سیستەمێکی زانستی نوێ قۆناغەکانی بنیاتنانی دەست پێ دەکا، عادەتەن زۆر روون دەرناکەوێ، کە بەرهەمە کۆنەکان لەو بابەتانە وردبوونەتەوە وای دەبینین بابەتی هاوچەرخی ئێستامانن، بەڵام کاتێك دەگەینە خاڵێك دەرك بەوە دەکەین، کە لێکۆڵەرانی پێشوو بەڕاستی چەمکی دیاریکراویان داناوە، و گەیشتوونەتە ئەنجام لە مەیدانی رۆشنبیری فیکری گشتیدا، ئەوەش بووەتە بەشێك لە پرەنسیپی سیستەمی زانستی نوێ، کە دەربازبوونی نییە. بۆیە لێی، بێگومان لە وردی بیرۆکەی پێشینەکان بکۆڵینەوە، و ببێتە بەشێك لە میراتی فیکری زانستی نوێ.

بەڵام لێکۆڵەر بەفیکری فەیلەسووفێك کاریگەر بێ کە خەڵکی تەنیا ناویشیان نازانێ، بۆ تەنیا جارێکیش بەرهەمەکانی نەخوێندوونەتەوە، بەکردارێك دادەنرێ کە پێویستی بەوردی و لێهاتوویی و زیرەکی هەیە. کاریگەرییە کۆنە غەرەزدارەکان لە میراتی مرۆڤ لە زماندا، ئەوە لە حەقیقەتە روونەکانە کە خۆی ئاشکرا دەکا، بەڵام ناسینی زۆر زەحمەتە. هەتا ئەگەر دووبارەش بدۆزرێتەوە، ئەوا ئەو ئەنجامانەی لەبارەی کاریگەرییەوە پێی دەگەین بەمایەی کێشمەکێش دەمێنێتەوە.

سەرەڕای ئەوە، هەر سیستەمێکی زانستی پێویستە بەدوای پێشینەکانی لە بیرمەنداندا بگەڕێ و (بیانناسێ).

هەر کاتێکیش بنچینەی مەیدانی لێکۆڵینەوەی زانستی ناسرا، ئەوا پێگەیشتنێك دروست دەبێ کە زۆر پێویستمانە. سیستەمەکەش دەبێتە وەرگێڕانێکی هاوچەرخی لێکۆڵینەوە لەبارەی مەعریفەوە کە زۆر پێش ئێستا دەستی پێکردووە، لێرەدا لێکۆڵەرە هاوچەرخەکان لەسەر شانی گەورەکان وەستاون ئەوانەی پێشتر هەوڵیاندا پرەنسیپەکانیان بدۆزنەوە. خاڵێکی دیکە هەیە ئەویش ئەوەیە ئەو کرداری پێگەیشتنە یارمەتیدەرە بۆ چەسپاندنی شەرعییەتی زانستی نوێ لە نێو دەستەی زانایاندا. لەوەش گرنگتر ئەوەیە پێگەیشتن وەکو پاداشتێك بۆ گەڕان بەدوای مەعریفە لە دایك دەبێ. هەروەك لێکۆڵەرانیش لەسەریان نووسراوە، کە پرەنسیپە بنچینەییەکانی زانستی نوێ بگەڕێننەوە. لەبری ئەوەی بەسادەیی ئەو چەمك و لێکدانەوانەی بەر لە سەدەی پێشوو زانرابوون- وەکو دووبارە دۆزینەوەی تایە کە باش ناسرابوو- ئەوا لێکۆڵینەوەی نوێ دەتوانێ بەدواداچوون بکا بۆ ئەو ئەنجامانەی لەسەر چەمك و لێکدانەوەی پێویست بۆ بایەخپێدانەکانی ئێستامان رێکخراون.

لێکۆڵینەوە زانستیش هەن رووبەڕووی کرداری پێگەیشتن بوونەتەوە. یەکەمینیان زانستە سروشتییەکانە ئەوەی کە رەگەکانی لەکتێبی لێکۆڵەرە پێشینەکان دۆزراوەتەوە، ئەوانەی کە دەستیان بەلێکۆڵینەوەی زانستی بیرکاری، و ئاسمانەکان، و مادده، و جەستەی مرۆڤ کرد. لە ماوەی سەدەی نۆزدەیەمدا زانایانی کۆمەڵناسی رەگەکانیان گەڕاندەوە بۆ فەیلەسووفە پێشینەکان ئەوانەی کە تیۆری ژیانی پەسند و پێکهاتەی ئەو حکوومەتەی کە دەتوانێ سیستەمێکی کۆمەڵایەتی یەکسان بڕەخسێنێ، گفتوگۆ کرد. لە هەمان ماوەدا زانایانی دەروونناسی مێژووی خۆیان گەڕاندەوە بۆ ئەو لێکۆڵەرە پێشینانەی کە هەوڵیاندا لە جیاوازی جەستەی مرۆڤ و عەقڵی تێبگەن.

هەمان شت ئێستا پێویستە لە لێکۆڵینەوەی هۆکارەکانی راگەیاندا رووبدا. زۆرینەی ئەو فیکرانەی ئەمڕۆ لێکۆڵینەوەیان لەسەر دەکرێ خاوەنی سەرەتایەکن، کە زۆر لە مێژە روویداوە. بێگومان رۆژنامە و ئامێری تەلەفزیۆن لە سەدەکانی پێشوودا نەبووون، لە هەمانکاتیشدا، دژە تەنەکان و کەشتییە ئاسمانییەکانیش نەبوون، بەڵام ئەمە خاڵی گرنگ نییە، چونکە بەدواداچوونی گەشەسەندنی تەکنەلۆژی بۆ هۆکارەکانی راگەیاندن بەو رێگەیە پێویست نییە، لەوەش گرنگتر ئەوەیە، کە لایەنی دیاریکراو لە کرداری گەیاندنی مرۆییدا، بەتایبەتی ئەو کردارانەی گەیاندن، کە ئێستا بەهۆی هۆکارەکانی راگەیاندن ئەنجامدەدرێن، پێویستی بە لێکۆڵینەوە و پشکنین هەیە لە تێڕوانینی تیۆری فیکریدا. ناسینی بنەماکانی حاڵەتە مرۆییەکە دەتوانێ یارمەتی لێکۆڵەران بدا لە بواری هۆکارەکانی راگەیاندندا بۆ تێگەیشتن لەوەی چۆن ئەو پەیوەندییەی ئێستا لەسەر هۆکارەکانی راگەیاندن بنیاتنراوە کردارێکی هاوشێوە، هەروەها جودایە لەو پەیوەندییەی لە نێوان خەڵکی لە کۆمەڵگە مرۆییە بەراییەکاندا دروستدەبوو. بەبێ ئەو خۆماندووکردنە، ئەوا مەیدانی لێکۆڵینەوە بەسەرقاڵی دەمێنێتەوە بەدووبارە دۆزینەوەی رەورەوەی فیکری کە پێشتر ئاماژەمان پێ کرد.

گەڕان بەدووای بنەما لە چەرخی وەرچەرخاندا

گەڕان بەدوای بنەمای هەمیشەیی بۆ گەیاندن رەنگە لەسەر ئەوەی ئێستا روودەدا جێبەجێ ببێ- لە سەردەمی تەلەفزیۆنی کابڵ و پەخش لە رێگەی مانگی دەسکرد و رێکخستنی رۆژنامەکان، کە بە کۆمپیوتەر کاردەکەن- دەبێ ئەنجامبدرێ. لەگەڵ دەرککردنی تەواو بەو پێشکەوتنە مەزنەی مرۆڤ پێی گەیشتووە لە دەمی هەوڵدانی یەکەمیدا لەگەڵ سەرەتای دەستپێکردنی ژیان لەسەر زەوی بۆ ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری. لە پەڕەکانی بەرایی ئەم

کتێبەدا، تیۆری گواستنەوە یان وەرچەرخانمان پێشکەش کرد. ئەوەش لەسەر ئەو تێبینییە بنیاتنراوە کە گۆڕانەکان زۆر سنووردارن و زۆریش گرنگن لە سیستەمی گەیاندندا، کە بەهۆی مرۆڤەوە لە سەردەمە جیاوازەکانی سەردەمی بەر لە مێژوو و سەردەمی مێژووی مرۆڤیش پەرەی پێدراوە. یەکەمینی ئەو وەرچەرخانانە ئەو گۆڕانە بوو، کە کاتێکی زۆری خایاند لە سەردەمی هێما و ئاماژەکان بۆ سەردەمی وشە و زمان. دوای ئەوە سەردەمی پەیدابوونی نووسین دێ. دواتر بەشێوەیەکی زۆر لە پڕ گۆڕا بۆ چاپ، دواتر و لە کۆتاییدا سەردەمی ئێستای ئێمەی لێ دروستبوو، کە بەخێراییەکی سەرسوڕهێن لە بواری هۆکارەکانی گەیاندنی جەماوەریدا دەگۆڕێ.

بەڵام گرنگترین ناسەرەوەکانی ئەو وەرچەرخانانە هۆکاری تەکنیکی (تەکنەلۆژی) تایبەت بەخۆی و ئەو ژوانانەی تێیدا دەرکەوتن نین. گرنگ لێرەدا بنەمای گەیاندن و ئەوەی لە ژیانی مرۆڤدا ئەنجامەکانی لەسەر ریز دەکرێن.

لە راستیدا هەموو قۆناغێك لەو گۆڕانکارییانە بەپلەیەکی مەزن توانای کۆمەڵگای مرۆیی لە ئەمبارکردن گەڕاندنەوە و لە گواستنەوەی زانیاریدا زیادی کرد. هەروەك هەموو قۆناغێك بە رادەیەکی زۆر یارمەتی مرۆڤیدا بۆ ئەوەی پێش رەگەزەکانی دیکەی بوونەوەران بکەوێ. هەموو قۆناغێکیش بەرفراوانییەکی گەورەی لە تواناداری بیٚ وێنەی مرۆڤی بەدواداهات لە نوێکردنەوە و کۆکردنەوەی چارەسەر بۆ کێشەکانی رووبەڕووبونەوە و گونجان لەگەڵ ژینگەی کۆمەڵایەتی و ماددیدا. هەندێك لەو وەرچەرخانانە ماوەیەکی یەکجار زۆریان پێچوو، بەڵام هەندێکی دیکەیان بەخێراییەکی زیاتر دەرکەوتن. خێرایی هەنگاوی وەرچەرخانەکان هەرچۆنێك بووبیٚ، ئەوا ئەو ئەنجامانەی لەسەریدا ریزکراون کاریگەری زۆریان هەبووە لەسەر رێکخستنی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا و زیادبوونی پێشکەوتنی رۆشنبیری و بەرزبوونەوەی و دەستهاتی دیکە لە توانای مرۆڤ لەسەر بیرکردنەوە.

ئەو گەشەسەندنانە پەیوەندییەکی زۆر گرنگیان بە گەشەسەندنی زانیاری لە مەیدانی لێکۆڵینەوەکانی هۆکارەکانی راگەیاندنی جەماوەریدا هەیە. سەرەڕای ئەو دەسهاتە سەرسوڕهێنانە لە بواری جووڵاندنی وێنەی بینراو و پەخشکردنی راستەوخۆ، ئەوا هۆکارەکانی پەیوەندیکردنی جەماوەری تا ئێستا بەتەواوی و لە بنچینەدا پشت بە بەکارهێنانی زمان دەبەستیٚ- ئەویش یەکەمین داهێنانی مەزنی مرۆڤە، کە مرۆڤ دایهێناوە و بیٚ وێنەیە. لەسەر ئەم بنچینەیەدا، تێگەیشتن لەو بنچینانەی زمانیان لەسەر دروستبووە دەکەوێتە دڵی

بایەخەکانی لێکۆڵینەوەی زانستی بۆ هۆکارەکانی راگەیاندن. ئەو رێگایەی، کە خەڵکی لەگەڵ یەکتری بەشداری پێدەکەن بۆ تێگەیشتن لە واتاکان، یان شکست هێنان لە تێگەیشتنیدا لە رێی بەکارهێنانی زمان، زۆر بەگرنگ دادەنرێ بۆ تێگەیشتن لەوەی خەڵکی چۆن پەیوەندی بەیەکدی دەکەن، و ئەو ئەنجامانەی جەماوەر کە لەسەر ئەو رێکدەخرێن. بەم شێوەیە، لێکۆڵەری رشتی هۆکارەکانی راگەیاندن بێگومان دەبێ لە سروشتی وشەکان و هێمای دیکە و نەریتەکانی بەکارهێنانی زمان و سروشتی واتاکان، و کاریگەری بەشداریکردنی واتاکان لەسەر چەمکەکان و ئەو پەیوەندییەی لە نێوان مەعریفەی دامەزراو لەسەر زمان و لە نێوان رەوشتدا هەیە، تێ بگا.

دووەمین وەرچەرخانی مەزن داهێنانی نووسین و بڵاوبوونەوەی بوو. بنەماکانی گەیاندنی نووسراو تا ئەمرۆشی لەگەڵدا بێ زۆر گرنگە بۆ کۆمەڵگاکەمان هەروەك ئەو کاتەی، کە بەرهەمە بەراییەکانی فەلسەفە تۆمارکران. لە کاتێکدا جەماوەر و ناوبانگی هۆکارەکانی دیکەی راگەیاندن زیادییان دەکرد، ئەوا نووسین بە بەرێزترین سیستەمی مرۆڤ دەمێنێتەوە لە کاتی بەکارهێنانیدا لە ئەمبارکردنی زانیاری و گەڕاندنەوەی و ئاڵوگۆڕ پێکردنی. سەرەڕای ئەوەی ژمارەیەکی مەزن لە هاوڵاتییان لە کۆمەڵگا هاوچەرخەکاندا بە پلەیەکی بەرز خوێندنەوە و نووسین نازانن، ئەوا نووسین ئەو هۆکارەی پەیوەندیکردنە کە شارستانییەتی هاوچەرخ پشتی پێ دەبەستێ، بۆیە، بۆ لێکۆڵینەوەکانی هۆکارەکانی راگەیاندن گرنگە لەسەر ئەو لێکۆڵینەوەیە بەردەوام بێ کە چۆن بنەماکانی گەیاندن کاریگەرییان لەسەر ژیانی تایبەتی و کۆمەڵایەتیشییان دەبێ.

لەو چەند سەدە کەمەی رابردوو، وەرچەرخانێکی دیکە لە کاتی داهێنانی چاپدا روویدا. ئەو زۆر یارمەتیدەربوو لەسەر فراوان بەکارهێنانی نووسین، و بووە بنچینەیەك بۆ گەشەسەندنی نوێی زانست، و هونەر، و رۆشنبیری، و زانکۆکان، و لێکۆڵینەوەی زانستی، و بەشێوەیەکی گشتی زانینی، ئەوەی لە جیهاندا روودەدا. لە ماوەیەکی کورتدا کە باوەڕ ناکرێ، کتێبە چاپکراوەکان ئەو هۆکارەیان رەخساند کە فەیلەسووف و لێکۆڵەران، و دۆزەرەوەکان، و شاعیران، و زانایانی ئەو سەردەمە، فیکرەکانیان تۆمار و ئاڵوگۆڕی پێ بکەن و بڵاوبکەنەوە. لەو کاتەی کە چاپخانە بڵاو دەبووەوە، وایلێهات چاپکراوەکان بەهەموو شێوەکانیان بوونە ئەو رێگەیەی کە لە کۆمەڵگای رۆژئاوادا فیکرەی نوێی پێ بڵاو بکرێتەوە. بۆ هەتا هەتایەش سروشتی ئایین، و حکوومەت، و زانست و هونەر، و بازرگانی، شانۆ، و رۆشنبیری، و هەتا

ڕۆشنبیری میللیشی گۆڕی. ئەمڕۆش ئەو بنەمایانەی کە گەیاندنە چاپکراوەکان بەڕێوەدەبات لە ڕۆژنامە، و گۆڤار، و کتێب مەیلی ئەوەی هەیە پلەی دووەم وەربگرێ دوای ئەو بایەخە زۆرەی بە تەلەفزیۆن درا. لەگەڵ ئەوەشدا لێکۆڵینەوەی بەردەوامی ئەو بنەمایانە هێشتا گرنگن بۆ زانستی گەیاندنی گەشەسەندن هەروەکو لە سەردەمەکانی پێشوودا وابوو.

لە ڕاستیدا کورت بینییە ئەگەر وادابنێین، کە قۆناخی ئێستای گەشەسەندنمان کاریگەری لەسەر کۆمەڵگە و ڕۆشنبیری و لەسەر هەموو تاکێك لەو کاریگەریانەی پێشتر ڕوویانداوە کەمتر دەبێ. لە هەمانکاتیشدا تێگەیشتن لەو گۆڕانانەی ڕوودەدن کارێکی قورسە. هەرچەندە ئێمە ڕووچووینە ناو قووڵایی ئەو گۆڕانانە، بەڵام ئەو ئاراستانەی کە خاوەنی مەودای درێژن و سروشتێکی هەیە تێگەیشتنی قورسە و بەهۆی ئاڵۆزییەکەشی ڕەنگە ئەستەم بێ بیناسین و تێی بگەین و هەڵیبسەنگێنین. نموونە چاکەکانی ئەو کێشەیە لە هەڵێنجانەکانی زانا تۆماس هۆبز لەبارەی بایەخی چاپ لە ساڵی ١٦٥١ دەبینینەوە. دوای سەدەیەك لە بڵاوبوونەوەی چاپخانە لە ئەوروپا، و سەرەڕای زیادەی جوداکردنەوە لە کتێبە بەردەستەکان، هۆبز ڕێگەی نوێی گەیاندنی ڕەتکردەوە، چونکە زۆری لێ وەرگیراوە، بەڵام زۆر بەئاگا بوو لە قۆناخەکانی پێشوو لە وەرچەرخانە مەزنەکانی سەدەکانی ئەم دواییە کاتێك گوتی:

هەرچەندە داهێنانی چاپ کارێکە لەو پەڕی داهێناندا، بەڵام بایەخەکەی بەبەراوردکردن لەگەڵ داهێنانی تیپە هیجاییەکان زۆر مەزن نییە...بەڵام نووسین بەداهێنانێکی بەسوود دادەنرێ بۆ بەردەوام بوونی بیرەوەری سەردەمی ڕابردوو.. بەڵام چاکترین و بەسوودترین داهێنان توانای قسەکردن و گفتوگۆ و دەربڕینی ناوەکان و بەیەکەوە بەستنەوەیانە. بەدەربڕین و قسە، پیاوان توانیان فیکرەکانیان تۆمار بکەن، و بیگەڕێننەوە دوای ئەوەی ڕابورد، و یەك لە دوای یەك بۆ سوودی ئاڵوگۆڕ و بۆ قسەکردن و گفتوگۆکردن لەگەڵ یەك ڕای بگەیەنن.(٢)

وا دەردەکەوێ کە ڕەنگە ئەو گۆڕانانەی لە ماوەی وەرچەرخانی ئێستادا لە هۆکارەکانی گەیاندنماندا ڕوویانداوە ناتوانین بەتەواوی تێیان بگەین تەنیا دوای ئەوەی لێکۆڵەران لەنەوەکانی داهاتوودا لێی دەڕوانن و دوای ئەوەی سەردەمەکەی ئێمە دەپشکنن و دەبینن چۆن هۆکارەکانی گەیاندنی جەماوەری لە ڕۆژگاری ئێمەدا سروشتی ژیانی مرۆییان گۆڕیوە. ئەوەی یارمەتیمان دەدا ئەو تێڕوانینە بە ڕوانین لە ڕابردوو وەربگرین، لەگەڵ پشکنینی گەشەسەندنی لەسەرخۆی بنەما دیاریکراوەکان لە هۆکارەکانی گەیاندندا، ئەوەی لەچاخە کۆنەکاندا دیاربوون. ڕەنگە ئێستا نەتوانین ئاوڕ لە هۆکارەکانی گەیاندنی هاوچەرخمان بدەینەوە و بەوردی

ببینین کە چۆن کاردەکا، یان چۆن ژیانی ئێمە دەگۆڕێ. هەرچەندە ئێمە دەتوانین ئەو بنەمایانەی گەیاندن، کە هیچ پەیوەندییەکیان بەکاتەوە نییە و لە رابردوو دۆزراونەتەوە دەریانبێنین، بۆ ئەوەی ببینین ئاخۆ ئەو بنەمایانە کەڵکیان هەیە لە تێگەیشتنی ئەو ئەنجامانەی لەسەر گەیاندن لە سەردەمی هۆکارەکانی راگەیاندن وەرگیراون.

یەکێك لەو ناوچانەی، کە رەنگە یارمەتیمان بدا بۆ گەڕان تێیدا بەو رێگەیە ئەو تێڕوانینەیە بۆ ئەو رێگەیەی، کە مرۆڤ بەهۆیەوە لە جیهانی ماددی و کۆمەڵایەتی دەوروبەری گەشە بە تێگەیشتنی خۆی دەدا. بەر لە سەردەمی زمان رەنگە ئەوە تا رادەیەکی زۆر وەکو ئەنجامی تاقیکردنەوەی کەسی روویدابێ، وەکو فێربوون لە رێگەی تاقیکردنەوە و هەڵە، لەگەڵ وەدەستهێنانی هەندێك رەگەزی تێگەیشتن لە نیشانە و ئاماژەی تایبەت بە ئەوانی دیکە. ئەو رێگایە زۆر جیاواز نییە لەو رێیانەی گیانلەبەرانی دیکە دەستییان پێ بەسەر ژینگەی دەوروبەریان داگرتووە.

زمان هۆکارێکی چالاکتر بۆ تێگەیشتن دەرەخسێنێ، روونیشە توانایەکی زیاتریش دەرەخسێنێ بۆ وەرگرتنی زانیاری لەوانی دیکە، بەڵام وەدەستهێنانی مەعریفە لەلایەن تاکەوە بە هەزاران ساڵ مایەوە بەبێ ئەوەی پشت بە گەیاندن ببەستێ لە رێی ئەو هۆکارە راگەیاندنانەی، کە ئێستا لە بەردەستی ئێمەدان. کۆمەڵگا قسەکەرەکان تەنیا کەسێکیان لەبەردەمدا بوو، وەکو زمان و دەنگی مرۆیی، بۆ ئەوەی کەلێن لە نێوان راستیی سروشتی بابەتی و لە نێوان جیهانی خودایی واتاکان لە ناخی تاکدا دەربڕێ.

بەڵام، خەڵك چۆن توانیان جیهانی دەوروپشتیان بناسن، لە بارەیەوە لەگەڵ یەك قسە بکەن، و لەسەر لێکدانەوەکانیان جیاوازبن. بێگومان ئەوە یەکەمینی ئەو کێشانە بووە، کە بیریان لێ کراوەتەوە، هەتا لەبارەی ئاگری چێشت لێنان لە چاخەکانی بەر لە مێژوو، کاتێك مرۆڤ توانای لەسەر کورتکردنەوە، و کێشمەکێش، و شیکار زانیاری پەیدابکا، بۆیە جیاوازی لە نێوان مرۆڤ و گیانلەبەران گرنگترین بابەتێك بوو، کە فەیلەسووفە رۆژئاواییە بەراییەکان بە رێگەیەکی تا رادەیەك ورد لە فێرکاری و فەلسەفە بەراییەکانیان لێیان کۆڵیوەتەوە. لەو کاتەی کە توانرا نووسین بەکاربهێنرێ (لەمەوە کرا ئەو فێرکاری و فەلسەفانە تۆمار بکرێن)، ئەو کێشەیەی، کە خەڵکی چۆن توانیان لە جیهانی دەوروبەری خۆیان بگەن بووە شتێکی کۆن.

کاتێك هۆکارەکانی گەیاندن ئەو کردارە ناوەندییە بوون، کە خەڵکی لە رێگایانەوە تێگەیشتنی خودی بۆ حەقیقەت و بابەتی بوونیان وەدەستدهێنا، ئەوا ئەو کردارە وەك

بابەتێکی لێکۆڵینەوە دەمێنێتەوە، کە بە کاتێکی دیاریکراو سنووردار نەکراوە، هێشتا زۆرمان لە پێشە بۆ ئەوەی بنەماکانی بە تەواوی بدۆزینەوە. ئەو رۆڵەی هۆکارەکانی پەیوەندیکردنی راگەیاندن لەو کردارەدا دەیگێڕن زۆر گرنگ دەبێ لە کاتێکدا ژمارەیەکی زۆرتری خەڵکی هاوچەرخ هۆکارەکانی راگەیاندن زیاتر بەکاردێنن. بەم هۆیەوە، ئێمە ئەوەندەی لەو بەشە ماوە بۆ ئەو رێگایە دیاری دەکەین، کە بەهۆیەوە تێگەیشتن لەو پەیوەندییەی کە لە نێوان واقیعی دەرەوە و پێکهاتەکانی ناوەوەی ئەو واقیعەدا ئەنجامدەدرێ، کە مرۆڤ بە چەند سەدەیەك دایهێناوە. ئامانج لەو شیکارە ئەوە نییە دەریبخەین، کە ئەو کێشەیە کۆنە، بەڵکو دەمانەوێ ئەوە دەربخەین، کە چۆن هەندێك بنەمای تێگەیشتنی مرۆیی، کە لە سەدەکانی رابردوودا دۆزرانەوە پەیوەندییان بەو بابەتە سەرەکییانەوە دەبێ ئەمڕۆ لە دەوری کاریگەری هۆکارەکانی گەیاندنی جەماوەری دەسووڕێنەوە. دەرککردنمان بە ژمارەیەکی زۆر لە کاریگەری ناڕاستەوخۆی هۆکارەکانی راگەیاندنی هاوچەرخ بێگومان پشت بەو بنچینە و فیکرەیە دەبەستێ، کە بۆ زەمەنێکی دێرین دەگەڕێتەوە.

## پرسیارێکی کۆن: چۆن حەقیقەت و واقیع بناسین؟

پێشتر گوتمان، رەنگە، هەتا لە چەرخەکانی بەر لە مێژوودا، پرسیاری گرنگ هەبوونە لەبارەی ناسەرەوەی مەزن بۆ جیهانی ماددی و لەبارەی رەچەڵەکی مرۆڤ و سروشتی بنچینەیی ئادەمیزاد، و رێگەیەك بۆ گەیشتن بە سیستەمێکی کۆمەڵایەتی دادوەر. بەداخەوە هیچ تۆمارێکمان لەبەردەستدا نییە بۆ ئەو دەسهاتانەی لەبارەی ئەو بابەتانەوە پێی گەیشتوون. بەر لە سەرهەڵدانی فەلسەفەش، خودی دەربڕینی ((فەلسەفە)) لە دوو وشەی گریکی هاتووە ئەوانیش ((خۆشەویستی)) و ((حیکمەت)) ن.

بەر لە ئەفلاتوون، فەیلەسووفەکان پاشماوەیەکیان لە بەرهەمی نووسراو جێنەهێشتووە، هەرچەندە ئێمە هەندێك لە زانیارییەکانی فەیلەسووفە بەراییەکان دەزانین لە رێی ئەو فیکرانەی لەلایەن نووسەرانی پاش خۆیان بۆ ئەوان گەرێندراوەتەوە. روونە ئەوان گرنگیان بە لێکۆڵینەوەی ئەو بنەمایانە داوە، کە سروشتی بوون بەڕێوە دەبا، واتە بوون لە واقیع و مەعریفەدا، یان بەرانبەریی خودی بۆ ئەو واقیعە.

لێکۆڵینەوەی ((بوون)) بنچینە بەراییەکانی پێشکەشی زانستی سروشتی کرد، چونکە ئەو بایەخی بە خودی سروشتی واقیع داوە. لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو توخمانە کراوە، کە شتەکانیان لێ پێکدێ و ئەوەی کە رۆژ و مانگ و هەسارەکان ئەنجامیدەدەن و سروشتی گیانلەبەران، و بەم شێوەیە کێشەی ((مەعریفە)) بوو، بووە هۆی پەیدابوونی ئەوەی ئێستا ئێمە ناوی دەنێین دەروونناسی، و هەموو زانستە کۆمەڵایەتییە هاوچەرخەکانی دیکەش، چونکە ئەو گرنگی بەو پەیوەندییە دەدا، کە خودی واقیع (واتاکان) نوێنەرایەتیان دەکرد، لە نێوان کاریگەریی ئەو مەعریفەیە لەسەر رەوشتی مرۆڤ. بەم شێوەیە، پەیوەندی نێوان مەعریفە و هەڵسوکەوت گرنگترین و هەستیارترین بابەت بوو لای بیرمەندە گریکەکان، چونکە بنچیینە بوو بۆ گەیشتن بە تێڕوانینی چاکەکاری دادوەری. ئەو فەیلەسووفانە دەرکیان بەوە کرد، کە کاتێك کەسێك مەعریفەیەکی ناوخۆیی سروشتی شتەکان وەردەگرێ، ئەوا ئەو مەعریفەیە لە بنچینەدا بۆ دیاریکردنی نموونەی گونجاوی رەوشت لە بەرامبەر ئەو شتانە داندراوە. ئەوەش بەتایبەتی بۆ پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان راستە. ئەگەر توانرا سروشتی کۆمەڵایەتی بنچینەیی مرۆڤ بناسرێ، ئەوا دەتوانین وایان لێ بکەین بە فەزیلەتەوە لەگەڵ یەکتری بجووڵێنەوە. ئەگەر ئەوەش روویدا، ئەوا دەتوانین کۆمەڵێك پلان بۆ کۆمەڵگا دابنێین تا دادوەری لە ژیانی مرۆڤدا بەرقەرار بێ. ئەم پرسیارە بنەڕەتییە لەبارەی سروشت و سروشتی مرۆڤ، ئاماژەی بایەخپێدانی سەرەکی بوو بەر لە هەزاران ساڵ. خاڵە سەرەتاییەکان بۆ دەسپێکی زانست و دەروونناسی و لێکۆڵینەوەی سیاسی، بابەتی سنووردار نەبوون بە زەمەن و تائێستا هەوڵدەدەین بۆ ئەوەی زانیاری لەبارەوە بەدەست بێنین و تا ئەمڕۆش لە پێناو ئەو وەڵامانە تێدەکۆشین.

لە زۆر لایەنەوە، فەلسەفەی رێکخراو لە ئەفلاتوونەوە دەست پێ دەکا. ((کۆماری ئەفلاتون)) یەکەمین کتێبی تەواوی شیکاری فەلسەفییە تا ئێستا مابێتەوە. ئەفلاتوون قوتابی سوکرات بوو، ئەوەی کە فێرکارییەکانی وەکو بنچینەیەك بوون بۆ زۆرێك لە فیکرە گرنگەکانی ئەفلاتوون. ئەفلاتوون لە مامۆستاکەیەوە رێگای سوکراتیی وەکو هۆکارێك بۆ شیکردنەوەی فیکرەکان وەرگرت: پرسیارێکی گرنگی دادەنا، دواتر هەوڵیدەدا بگاتە کۆمەڵێك وەڵام بۆ پرسیارەکەی لە گفتوگۆکردنی لەگەڵ قوتابییەکانیدا. ئێستاش دواتر لێکۆڵەران لە خوێندنی باڵای هاوچەرخدا ئەو رێگەیە بەکاردێنن.

سوکرات قەناعەتی بەئەفلاتوونی قوتابی خۆی هێنا بەوەی هەندێك بنەمای دیاریکراو هەن پێویستە بۆ گەشەپێدانی مەعریفە بەکاربهێنرێن. بۆ نموونە، سوکرات تەرکیزی لەسەر گرنگی

پێناسەکان بوو یان بە واتایەکی دیکە وای دانا، بۆ ئەوەی مرۆڤ شتێك بزانێ، ئەوا تەنیا پێویستی بەوە نییە ناوی لێ بنێ، بەڵکو دەبێ پێناسەیەکی بۆ دابنێ کە دەربڕینی دیاریکراوی هەبێ، و ئەو مانایە بەردەوام لە گفتوگۆکاندا بەکاربهێنرێ. سۆکرات ئەوەی دەخاتە سەر کە تەنیا کاتێك دەست بە پێناسەی روون و کورت دەکەین و دواتر بەدوای ئەو بنەمایانەدا دەچین، کە ماناکانیان بە رێگەی جیاواز دیاریکراون، ئەوا دەتوانین بە لۆجیك گفتوگۆ بکەین لە سەرەتاکانەوە بۆ ئەنجامەکان هەتا بە حەقیقەت بگەین[٣]. تا رۆژی ئەمڕۆمان، هێشتا پابەندین بەهێزی ئەو بنەمایانە لەبارەی چەمك و واتاو داب و نەریت وەکو بنچینەیەك بۆ شیکاری لۆژیکی.

بەڵام چۆن دەگەینە ئەو واتایانە، کە خەڵکی لەسەری هاوڕابن؟ ئەم پرسیارە لای ئەفلاتوون بایەخێکی تایبەتی وەرگرت. لە راستیدا، ئەو بابەتە، چۆن مرۆڤ لێکدانەوەی ناوخۆیی خودی بۆ واقیعی بابەتی لەبارەی جیهانەوە دەست دەکەوێ، هەزاران ساڵ بوو گرنگترین بابەتی فەلسەفە بوو. تا ئێستاش ئەو بابەتە بایەخێکی مەزنی هەیە، چونکە گفتوگۆکردن یان لێکۆڵینەوە لەبارەی گەورەترین بابەتی بنچینەیی لە گەیاندنی مرۆییدا دەکا. نەگەینە واتای خودی بۆ لایەنە جیاوازەکانی واقیعی بابەتی و ناوی بنێین، و لەسەر ماناکان رێکبکەوین، ئەوا ناتوانین لە بارەیەوە پەیوەندی بەیەکەوە بکەین هەروەکو ئێستا دەیکەین، و ناتوانین لەسەر ئاستی مرۆییدا کاربکەین. بابەتی عەقڵ لە رووبەڕووبوونەوەی واقیعدا، و چۆن یەکێکیان ئەوەی دیکە دەناسێ، دەچێتە قووڵایی بوونی مرۆیی. فەیلەسووفە گریکییەکانیش بە تەواوی لەو فیکرەیە تێگەیشتن.

لە بنچینەدا سێ بابەتی بەرجەستە لە کێشەی کۆندا هەبوون ((چۆن بزانین)). یەکێکیان کێشەی دابەشکردنی ئەو جیهانە بوو، کە بە هەستەکانمان پێی دەگەین بۆ چەند بەشێك، کە رەنگە لە رێی عەقڵەوە دەرکی پێ بکەین و ناوێك یان هێمایەك بە هەریەکەیان ببەخشین.

لەگەڵ ئەو کێشەیەشدا کێشەیەکی دیکە هەیە، لێی جودانابێتەوە، ئەویش ئەوەیە چۆن لە بیرەوەری خۆماندا کۆمەڵەی دیاریکراو لە تاقیکردنەوەی ناوخۆیی پۆلین بکەین، کە دەتوانین ناویان لێ بنێین و بیانناسینەوە بە دووبارەبوونەوەیان وەکو ئەوەی واتایەك بێ بە ناوەکەوە نووسابێ. لە راستیدا پۆلینکردن و ناسینی واتاکان، پێناسەکانی خۆمان بۆ دەرەخسێنێ، کە لەگەڵ شتێکی دیاریکراو یان لەگەڵ بارودۆخێکی دیاریکراو یان حاڵەتێك لە حاڵەتەکانی

ژینگەی ماددی یان کۆمەڵایەتی کە ناوێکی دیاریکراومان لێنا، ڕێکدەکەوێ. وشەی ((چەمك)) یان ئەو فیکرەیەی لە زەینەکانماندا هەیە ئاماژە بەو دوو ڕەگەزەی مەعریفە دەکا.

پاژێك هەیە، کە لە گەشەسەندنی پرسەکان جودانابێتەوە، ئەویش ئەو ڕێککەوتنەیە لەسەر ئەو بنەمایانەی کە ناوێکی دیاریکراو لە خۆی دەگرێ لەگەڵ پێناسەیەکی دیاریکراو، کە واتای ئەو چەمکە بەرجەستە دەکا، بەڵام ئەمە تەنیا هەڵسوکەوتی مرۆیی نییە، بەڵکو جۆرە ڕێککەوتنێکی کۆمەڵایەتییە. ئەم جۆرە بنەمایانە ڕێککەوتنمان لەسەر مانا و پێناسە بۆ دەرەخسێنن و بنچینەی یەکگریش دادەنێ بۆ پێکبەستی ئەو وشانەی لەلایەنی جیاوازی ئەو ژینگەیەی دەورەی داوین و ئەو تاقیکردنەوە خودیانەی ئەنجامیان دەدەین، واتە نەوەی کە ئەو وشانە ئاماژەی بۆ دەکەن، بەکاردێنین.

لە کۆتاییدا، ئەو زانیارییەی لەبارەی هەندێك لایەنی ژینگەی دەوروبەرمان هەمانە ئەو بنچینەیەمان بۆ دەرەخسێنێ، کە چۆن هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکەین، بۆیە، بابەتی ((ئەنجامە دەستهاتووەکان)) لە بابەتێکی کۆنی پەیوەندی نێوان عەقڵ و واقیعدا بەرجەستە دەبێ. ئەمەش بابەتێکی یەکجار ئاڵۆزە، ئەم بابەتەش شایەنی لێکۆڵینەوە و تاقیکردنەوەیە، بەڵام مەعریفەی تێگەیشتنمان بۆ هەریەك لە جیهانی ماددی و جیهانی کۆمەڵایەتی ئەوەمان بۆ دەرەخسێنێ، کە ئەو بەڵگەیەمان دەستکەوێ، کە ڕێنوێنیمان دەکا پێویستە چۆن بژین. ئەم بابەتە بوو کە وای لە فەیلەسووفە گریکەکان، و لیستێکی درێژی فەیلەسووفانی دوای ئەوان کرد کە پێشنیازی سیستەمێکی جیاواز بۆ دەسەڵات و کۆمەڵگا بکەن، هەتا بتوانرێ تا دەکرێ ژیان بۆ تاکەکانی کۆمەڵگا دادوەرانەبێ.

ئەم سێ بابەتە: گەیشتن بە چەمك، و دواتر ڕێککەوتن لەسەری، و لە کۆتاییشدا ئەو ڕەوشتەی ئەوەی دەبێتە ئەنجامی ئەوە، بۆ ماوەیەکی درێژ بابەتی تەوەرەیی بوون لە کرداری شیکاری مەعریفەدا لای مرۆڤ و شیکاری حاڵەتی کۆمەڵایەتی مرۆڤ. هەروەها ئەویش بنچینەی پەیوەندییە لە نێوان زمان و ڕەوشتدا. لەبەر ئەم هۆیە، ئەو ڕێگایانەی بەهۆیەوە شیکراونەتەوە و تێگەیەنراوە بەهۆی ژمارەیەك لە مەزنترین بیرمەندان لە ڕابردوودا، پێویستە بە کورتی پێیاندا بچینەوە.

## چەمکەکان: بنچینەکانی مەعریفە

ئەفلاتوون لە تیۆرەکەی لەبارەی شێوەکانەوە شیکارێکی وردی (واتا)ی پێشکەشکردین. ئەگەر بۆمان دەستی بدابا ئەمڕۆ دووبارە ناوی بنێینەوە، ئەوا ناوی تیۆری (واتا)مان لێ دەنا. ئەفلاتوون لە گرنگترین کێشەی مەعریفەی دەکۆڵییەوە-چۆن ئەو شتانەی دەکەونە دەرەوەی تاقیکردنەوەی خودیمان دیاریان بکەین و لێیان تێبگەین. ئەوەش بابەتی یەکەم بوو، کە پێویست بوو لە هەوڵدانەکەماندا بۆ چارەسەکردنی کێشەی چۆن واقیع بناسین، چارەسەری بکەین. ئەفلاتوون بەوە قەناعەتی هێنا، کە مەعریفەی مرۆیی لەسەر بنچینەی ((جیهانەکان)) یان بۆچوونە گشتییەکان لەبارەی خەسڵەتە سەرەکییەکانی هەر کۆمەڵە شتێك، کە مرۆڤ بیری لێدەکاتەوە، گەشە دەکا. ناویشی لەو بۆچوونە گشتییانە نا ((شێوەکان ))[٤]. ئەفلاتوون باوەڕی وابوو خودی واقیع لەو شێوانە پێکدێ. پێویستیش نەبوو ئەو شتانە بوونی ماددی بەرجەستەی وەکو بەرد یان دار یان گیانلەبەریان هەبێ، بەڵام دەکرا شتی تەجریدی وەکو سێگۆشە، یان دادوەری، یان جوانی بێ.

ئەفلاتوون دەڵێ، ئێمە ئەگەر پەرەمان بەتێگەیشتنندا بۆ سیفەتە سەرەکییەکانی هەندێ شتی دیاریکراو، ئەگەر هاتوو راستەقینەبن یان ، خەیاڵی دەتوانین هەر نموونەیەکی ئەو دەستەیە بناسینەوە و تێبگەین و گفتوگۆی لەسەر بکەین. بەم شێوەیەن ئەگەر ئەو رەگەزە سەرەکیانەمان زانی کە پشیلە و تیمساح، یان بازنە و چوارگۆشە، لە یەك جودادەکەنەوە، ئەوا دەتوانین نموونە موجەرەدەکانی هەردووکیان ببینینەوە بە چاوپۆشین لە گۆڕانی رەنگ و شێوە، یان هەر سیفەتێکی دیکەی نا بنچینەیی بۆ ئەو نموونە دیاریکراوە. بەم شێوەیە، واتای شت لە شێوەکەی پێبکرێ و ریزکردنی ئەو سیفەتە بنچینەییانە رێکبخرێن، کە جیاوازی دەکا لە نێوان کۆمەڵە شتێك و کۆمەڵە شتێکی دیکەدا.

دواتر، فەلسەفە و لێکۆڵەرانی دیکە ئاستەنگیان لە تیۆری ئەفلاتوون لەسەر شێوەکان هاتەڕێ. بەتایبەتی لە سەردەمی ئێستادا، لێکۆڵینەوە لە پێناسەکردن و واتاو بەتایبەتی لە مەیدانەکانی زانستەوە رێگەی زۆری دیکەی گرتنەبەر[٥]. سەرەڕای ئەوە، کاتێك پلانێك بۆ دابەشکارییەکان دادەنرێ، هەتا لە لێکۆڵینەوە زانستییەکاندا، ئەوا ئەو سیفەتە گرنگانەی کە کۆمەڵەیەك لەوەی دیکە جودادەکەنەوە گرنگی خۆیان لە لێکۆڵینەوەدا هەبووە. هەروەها کاتێك کەسێکی ئاسایی ناچار دەبێ واتای چەمکەکان شیبکاتەوە، کە باوەڕی وایە ئەوانە سیفەتی بنەڕەتی ئەو واتایانەن ئەوەش ئەو فیکرە تەوەرەییەیە، کە ئەفلاتوون لەبارەی پێکبەستی نێوان عەقڵ و واقیع باسیکردووە.

ئەگەر مرۆڤ حەزی لە شیکارەکەی ئەفلاتوون بێ یان نا، ئەوا گرنگە لەوە تێبگەین لە ساڵی ٤٠٠ ی پێش زایین، بنچینەکانی تیۆری مەعریفەی مرۆیی بنەماکانی چەسپێندران ئەو بنچینەیە لەسەر ئەو بیرۆکەیە داندراوە، کە چەمکەکان کۆمەڵێك سیفەتی خاوەن واتان بۆ هەندێك لایەنی ئەو واقیعەی، کە دەکرێ لە ڕێی ناوێك یان هێمایەك، کە بە بەشێك لە زمان دادەنرێ بناسرێنەوە. ئەم بنەمایە ئەفلاتوون داینەهێنابوو. رەنگە لە مێژووی کۆندا بگەڕێتەوە بۆ گەشەکردنی خودی زمان، بەڵام گرنگی کارەکانی ئەفلاتوون لەوەدایە ئەو بناغەی بۆ شیکاری رێکخراو داناوە بە بەکارهێنانی شێوەی ئەلف و بێی نووسین، ئەوەی کە بە پێوەری لای گریکەکان یەکخرا. هەروەك کارەکانی ئەفلاتوون هێشتا سەرچاوەیەکی مەزنن بۆ زانینی ئاستی وردی، ئەوەی کە بەهۆیەوە لەو قۆناغە گرنگەی قۆناغەکانی گەشەسەندنی مرۆیی لە بابەتی مەعریفە دەکۆڵینەوە، کەواتە چەمکەکان بنچینەی مەعریفەن، و خاڵی سەرەتان بۆ تیۆری گەیاندنی مرۆیی. ئەو نوێنەرایەتی رێگای گەڕانەوەمان بۆ واقیع دەکا بەوەی بایەخ بە تاقیکردنەوە ناوخۆییە خودییەکان لەبارەی شتەکان و بارودۆخ و پەیوەندییەکان لە ژینگە ماددی و مەعنەوییەکەمان بدەین.

### داب و نەریتەکان: بناغەی گەیاندن

ئەو سیستەمەی بۆ گەیشتن بە پێناسەکردنی شتێك حاڵەتێك یان بارودۆخێك بەکاری دێنین بەهەر جۆرێك بێ، ئەوا کێشەی بەکارهێنانی ئەو واتایە بە جێگری لەبەردەماندا بەلاری دەمێنێتەوە. ئەو بابەتەش پتر کۆمەڵایەتییە لەوەی دەروونی بێ. کێشەیەکە پەیوەستە بە رێککەوتنی کۆمەڵایەتی لەبارەی ئەو بنەمایانەی چەمك و واتاکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە. ئەوەش بابەتێکی یەکجار گرنگ بوو بۆ ئەفلاتون. رێگای سوکراتی بەکارهێنا -کە گفتوگۆی رێکخراو و جەدەلی بوو- تا بتوانرێ بگەینە دیاریکردنێك بۆ پێناسەکردنی شتێك. دوای پشکنینی هەموو لایەنەکان و تایبەتمەندییەکانی فیکرەکە، ئەوا ئەوان گەیشتنە رێککەوتنێك لەبارەی واتاکەی وەدەستیدێنن. لەو رێگەیەوە، توانرا ئەوە دەربخرێ، کە لە رەوشتی مرۆییدا دەبێتە ئەنجام، وەکو رێکخستنی ژیانی کۆمەڵایەتی. بۆ نموونە ((کۆماری ئەفلاتوون)) وەکو کردنەوەی پرسیارێك وابوو، کە دەڵێ:((واتای دادوەری چییە؟))[٦]. شیکرنەوەکە لێرەدا بە

نیشاندانی گفتوگۆی وەهمی لە نێوان سوکرات و چەند قوتابییەکی و هەردوو یاریدەدەرەکەی شیدەکرێتەوە. ئەوەش دەبێتە هۆی وەسفکردنێکی تەواوی هەموو لایەنەکانی چەمکی دادوەری، و بەو واتایانەی کە لە زەینی دان، ئەفلاتوون بەردەوامی بە بابەتەکە دەدا بە وەسفکردنی سیستەمێکی کۆمەڵایەتی نموونەیی، کە دەتوانێ گەورەترین بڕی دادوەری بۆ هاوڵاتیان دابین بکا.

بەڕوونی دەردەکەوێ، کە گرنگی رێککەوتن لەسەر واتاکان-بەتایبەتی لێکدانەوەی خودی بۆ واقیع بابەتێکی کۆمەڵایەتی و هەروەها کاتیشە- لە سەردەمی ئەفلاتووندا بووە بە چەمکێکی تەواو. مەعریفە و ئەو جیهانەی کە تێیدا دەژین، هەروەك ئەفلاتوون دەڵێ، تەنیا پشت بەوە نابەستێ، کە بە هەستەکانمان هەستی پێدەکەین، بەڵکو بەوەی کە لەگەڵ هاوڕێکانمان لەسەر واتای هاوبەش لەبارەی جیهانی دەرەکی دەوروبەرمان رێککەوتووین. لێکۆڵەران لە چاخی نوێدا ئاماژە بەو فیکرەیە دەکەن، کە ((پێکهاتەی کۆمەڵایەتی حەقیقەت))ە، بەڵام وا چاکترە ناوی بنێین ((رێککەوتنی کۆمەڵایەتی لەسەر واتاکان)). دواتر تێڕوانینی ئەفلاتوون لەبارەی رۆڵی رێککەوتن لە پێکهێنانی واتادا لە ((چیرۆکە هێماییەکانی لەبارەی ئەشکەفتەکە)) کە زۆر ناسراوە، روون بۆوە.

ئەفلاتوون دەڵێ: ((حاڵەتی ئەو کەسانە بێنە بەرچاوت، کە بە بەردەوامی لە قووڵایی ژوورێك)) ئەشکەفتێکی ژێر زەویدا دانراون، هیچ دەروازەیەکی نییە تەنیا ئەوە نەبێ کە لە دەرەوە رووناکی لێوەدێ، و راڕەوێکی درێژ دێتە ناو ئەشکەفتەکە. دواتر ئەفلاتوون داوای لە خوێنەران کرد ئەوەش بێننە بەرچاویان ئەو پیاوانە لە منداڵیانەوە بە زنجیر بەستراونەتەوە و تەنیا پێش خۆیان دەبینن و پشتەوەشیان دیوارە و بەدرێژاییەکەشی بەربەستێك یان پردێك دروستکراوە و پیاوەکان ناتوانن ببینن، چونکە ئەوان بەرامبەر رووەکەی دیکەن. راستەوخۆ لە پێش ئەو بەربەستە رێگایەکی هاوسەنگ هەیە خەڵکی پێیدا دەڕۆن و شتی جۆراوجۆری وەکو پەیکەری گیانلەبەران و پیاوانیان هەڵگرتووە، کە تەنیا دەبێ ئەوەندەی ئاستی بەربەستەکە بەرزبکرێنەوە. لە پشت ئەوەش ئاگرێکی بە بڵێسە هەیە، بە رووناکییەکەی بەهێزەو رووەو دیواری بەرامبەر ئەشکەفتەکە ئاراستەکراوە. ئەو رێزکردنە وا لە سێبەری ئەو شتانە دەکا، کە هەڵیانگرتوون و بە رێدا دەڕۆن لە دیوارەکە بدا. ئەوەشی دەبێتە متوی دروستکردنی جۆرێك لە وێنەی خەیاڵی وەك ئەوەی لە فیلمەکاندا دەیبینین. ئەوەش شتێکی چوێنراوە بە شانۆی بووکەکان کە ئەو پیاوانەی بە کۆت و بەند بەستراونەتەوە ببینن. ئەوان

دەتوانن لەبارەی سێبەرەوە قسە بکەن، بەڵام ناتوانن نە پەیکەرە راستەقینەکان ببینن نە ئەو پیاوانەی بەرپرسن لە جووڵاندنیان.

ئەفلاتوون رەگەزی دەنگیشی بۆ نمایشی سێبەر زیادکردووە و گوتی: (ئەگەر وامان دانا ئەو پیاوانەی پەیکەرەکانیان هەڵگرتووە بە ئازادی قسەیان کردووە)، ئەوا زیندانەکە دەنگدانەوەی ئەو دیوارەی هەیە، کە سێبەرەکەی لەسەر دەردەکەوێ بەجۆرێك ئەو پیاوانەی بە کۆت و بەند کراون وایدادەنێن ئەو دەنگانەی، کە بیستوویانە تەنیا راستەوخۆ لە وێنەی سێبەرەکانەوە دێ.

ئەو وانەیەی ئەفلاتوون لێرەدا داویەتی ئەوەیە: ئەو پیاوانە چۆن دەتوانن واتا بۆ ئەو سێبەرە بنیات بنێن، کە بە هەستەوەرەکانیانەوە هەستیان پێکردووە؟ لە هەموو بارەکاندا- هەروەك ئەفلاتوون دەڵێ- ئەوا ئەو زیندانیانە باوەڕیان وادەبێ، کە سێبەر هەم حەقیقەتە و هەم واقیع. ئەفلاتوون باوەڕی وابوو، کە ئەو پیاوانە ژیانی خۆیان لە دەوری ئەو بنەما هاوبەشانە بنیات دەنێن بۆ لێکدانەوەی ئەو واتایانە و لەسەر ناونان لە هەموو جۆرە جیاوازەکانی سێبەر رێکدەکەون. ئەو پیاوەی خاوەنی چاوی وردبین و ئەوەی پتر ئەو سێبەرە دەبینێ، کە بەسەر دیوارەکەدا تێدەپەڕێ و پاکترین بیرەوەری هەیە لەبارەی ئەو ئەنجامانەی سێبەرکە پێیدا تێپەڕیوە، رێزی دەگرن و مەزنی دەکەن. رەنگە خەڵاتیش پێشکەشی ئەوانە بکەن، کە دەتوانن چاکتر لە ئەوانی دیکە لێکدانەوە بکەن بۆ ئەو سێبەرەی پاش ئەوە لەسەر دیوارەکە دەردەکەوێ.

ئەفلاتوون کەرەستە زیاد دەکا: ئێستا وادابنێین کە یەکێك لەو بەندییانە بەرەڵڵا کراوە و رێگەمان پێدا دیوارەکە و راڕەوەکە و جلك و ئەو شتانەی کە هەڵیدەگرن و ئاگرەکە ببینێ-بە واتایەکی دیکە رێگەمان پێدا هەموو لایەنەکانی ئەو حەقیقەتە پاژییە ببینێ، کە بەندییەکان چیرۆکی ئەو سێبەرانەیان لێ دروستکردووە. رەنگە بەو پیاوە بگوترێ ئەوەی پێشتر بینیویەتی وەهم بوو، ئەوەی کە ئێستا دەیبینێ و هەستی پێدەکا. واتای راستەقینەی ئەو جیهانەیە، کە پێشتر تێیدا دەژیا. بە تێپەڕینی کاتیش دەتوانرێ دووبارە مەشقی پێبکرێتەوە و دەرك دەکاو تێدەگا، کە ئەو جیهانە نوێیەی ئێستا تێیدا دەژی بەڕاستی سروشتی بابەتی حەقیقەت یان واقیعە.

بەڵام هەوڵدە پێشبینی ئەوە بکەی، کە روودەدا ئەگەر پیاوەکە بۆ ئەشکەفتەکە گەڕێنرایەوە و دووبارە لە شوێنەکەی پێشووی کۆت و بەندکرایەوە. ئەفلاتوون پرسیاری ئەوە دەکا: هەروەها هەوڵبدە ئەوە تێبگەی چی روودەدا کاتێك ئەو پیاوە بۆ هاوڕێ کۆنەکانی

شیبکاتەوە، ئەوەی کە دەیبینن بەرەهایی نە حەقیقەتە و نە واقیع، بەڵکو تەنیا سێبەری جیهانی راستەقینەیە، پەرچەکرداری ئەوانی دیکە بەرامبەر هاوڕێکەیان چۆن دەبێ؟ ئەفلاتوون قەناعەتی بەوە هەبوو ئەوان ئەو شیکارە رەتدەکەنەوە، کە هاوڕێکەیان دەیکاو بە پیاوێکی شێتی خەڵەفاوی دادەنێن. رەنگە گاڵتەشی پێبکەن، ئەگەر هەوڵیشیدا بەرەڵایان بکا بۆ ئەوەی بەخۆیان بەو واقیعە نوێیە بکەین، کە دۆزیویەتییەوە، رەنگە بیکوژن.

ئەگەر هاتینەوە جیهانی ئەمڕۆ، ئایا خۆمان بە رووەکەی دیکەی ئەو پیاوانە دابنێین، کە لە ئەشکەفتەکەدا بەند کرابوون؟ ئایا ئەو زانیاریانەی لەسەر ئامێری تەلەفزیۆندا یان لە شانۆدا یان لە سینەمادا دەیبینین، کە سێبەر لەسەر شاشە دەبینین (یان هەتا ئەو سێبەرانەی لە رۆژنامە و بڵاوکراوەکاندا بە نووسراوی وەریدەگرین) رووەو پێکهێنانی واتای هاوبەشمان دەبا لەسەر جیهانی واقیع کە بەڕاستی لەم جیهانەدا هاوشێوەی نییە؟ ئەوە فیکرەیەکی زۆر کۆنە و پراکتیزەکردنێکی روونی سەرنجڕاکێشی هەیە لە پڕاکتیزەکردنیدا لە سەردەمی ئێستاماندا. سەرەڕای ئەوەش، هۆی وا هەن، کە بەسن بۆ ئەوەی پێشبینی بکەین، کە ئێمە بەڕاستی هەڵدەستین بە پێکهێنانی ئەو واتایەی بۆ واقیع لەسەری رێککەوتووین لەسەر ئەو بنچینەیەی کە هۆکارەکانی راگەیاندن پێشکەشی ئێمەی دەکەن.

گفتوگۆ نوێکان لەبارەی سروشتی هۆکارەکانی گەیاندن هێشتا تەرکیز دەکاتە سەر گرنگی پێکبەستی نێوان ناولێنراوەکان و واتاکانیان لە رێگەی کرداری رێککەوتنی کۆمەڵایەتیدا. رێزمانی زمانیش ئاماژە بەو بنەمایانە دەکا بۆ لێکدانەوەی واتاکان، کە لە کۆمەڵگایەکی قسەکەردا تاکەکانی بەشداری لە زمانێکی دیاریکراودا دەکەن. رێککەوتنەکە لێرە (یان نەریتەکە) وشەیەکی دیاریکراو دەبەستێتەوە (واتە کۆمەڵەیەکی دیاریکراوی دەنگەکان کە لە دەمەوە دێنە دەرەوە بۆ تاقیکردنەوەی خودی ناوخۆیی (کە بە پەیوەندیکردن لەگەڵ واقیع دەردەکەون)، ئەوەی کە ئەندامانی کۆمەڵەی قسەکەر لە نێوانیاندا رێککەوتن کە ئەوە لەگەڵ ئەو وشەیەدا دەگونجێ. تا پەیوەندیکردنیش شیمانە بۆ کراوبێ، ئەوا ئەو واتایانە پێویستە یەك بن، یان بەلایەنی کەمەوە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە، ئەوەی کە بەشداری دەکا لەو رێککەوتنەدا لەبارەی واتای وشەکان لە یەك بچن. بە دەربڕینێکی سادەتر، ئەو وشانەی واتایان هەیە دەکرێ بەشداری تێدا بکرێ، چونکە رێزمان یان رێککەوتن و نەریتەکان پەیوەندی لە نێوان وشە و واتاکان دروستدەکەن.

له زەمەنە هاوچەرخەکانیشدا، زانایان فیکرەی ئەو چەمکەی، کە لەسەر ناولێنراو و نەریتەکان بنیاتنراوە فراوان کرد، بە تێبینیکردنی ئەوەی ئێمە بۆ واتاکان گەشە بە نەریتەکان دەدەین، نەك تەنیا ئەو وشانەی کە گۆیان دەکەین، بەڵکو بۆ گەلێك جۆری دیکەی هێما. بەم شێوەیە، زمان بۆ دوای دەربڕینە گۆکراوەکان بەدەم درێژ دەبێتەوە، چونکە ئاماژە گۆ نەکراوەکان بە زۆری وەکو وشەکان بەکاردەهێنرێن و هەمان شتەکانی شتە ماددییەکانی رۆڵیان لە کرداری گەیاندندا هەیە دەکەن. نموونەشی بۆ ئەمە شەپۆلدان بەمستەکۆڵەی دەستێکی داخراو، یان دانانی پەنجەی شادەنوێژ لەسەر کەپوو بە ئاراستەکراوی بۆ کەسێکی دیکە. هەروەك ئێمە هەزاران شت بەکاردێنین کە تایبەتمەندی گواستنەوەی واتای هەیە، بە هەمان ئەو رێگەی کە زمان ئەنجامی دەدا. بەم شێوەیە، دوو قۆچپەی زیو لەسەر یاخەی ئەفسەرێکی سوپای ئەمەریکی مانای وایە ئەو پیاوە پلەی کاپتنی هەیە. هەروەك ئەو چاکەتە فەروەی، کە ژنێك بە شێوەیەکی روون دەیپۆشێ، مانای ئەوەیە ئەو ژنە هەژار نییە لە کۆمەڵگەدا. نموونەی گۆنەکراوی دیکەش هەن وەکو هێماکانی هاتوچۆ، و ئەو کەللە سەرو شێوەی هەمیشە لەسەر بوتڵی مادده ژەهراوییەکاندا هەیە، و نیشانەکانی جوداکردنەوەی بەرهەمی کۆمپانیاکان. وشەکان -بێگومان- وەکو گەورەترین و گرنگترین هێما دەمێننەوە، کە بەشداری لەو واتایانە دەکەن کە هێمایان بۆ دەکرێ.

هەرچەندە ئێمە زۆر قەرزداری ئەفلاتوون و هاوڕێکانین، بەڵام ئێمە لە سەردەمە نوێکاندا پرەنسیپێکی مەعریفەمان دۆزییەوە، کە رەنگە تەنگی بۆ فەیلەسووفەکانی گریك دروست بکا. واتە ئێمە ئەوەمان دۆزییەوە، کە واتا و نەریتەکان زۆر گرنگ نییە پەیوەندییان بە ((حەقیقەت))ەوە هەبێ. حەقیقەت ئەوەیە عادەتەن وشەیەکی دیاریکراو (یان هێمایەکی دیکە) لەگەڵ واتایەك، کە لەسەری رێککەوتووین دەبەستینەوە و هیچ شتێکیش لەو بارەیەوە ناگوترێ ئایا ئەو ((راست))ە یان ((ورد))ە. خەڵکیش تا رادەیەك توانای ئەوەیان هەیە بە رێکوپێکی پەیوەندی لە نێوان هەر وشەیەك و هەر واتایەك دروست بکەن بۆ تەواوکردنی واتا، جا ئەوە نوێنەرایەتییەکی وردی جیهانی واقیعی بکا یان نەیکا. بۆیە، ئێمە وشەمان هەن بۆ چەمکی وەکو تارمایی و چینەکانی فرۆکە و سێگۆشەی بەرمۆدا. خەڵکیش واتای ناوخۆییان هەیە بۆ ئەو جۆرە فیکرانە بە چاوپۆشین لەوەی داخۆ ئەو شتانە راستەقینەن و لەگەڵ ئەو واتایانە دەگونجێن.

پێشتر تێبینی ئەوەمان کرد لە نەریتەکانی ئەو زمانەی، کە هێماو واتاکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە بنچینەیەك بۆ گەیاندنی مرۆیی دەڕەخسێنێ. روونیشە کاتێك ئێمە لەگەڵ یەکتری قسە دەکەین، یان رۆژنامەیەك دەخوێنینەوە، یان گوێ لە رادیۆ دەگرین، یان تەماشای تەلەفزیۆن دەکەین، لایەنە هاوبەشەکانی ئەو چالاکییە هێماو بنەمای لێکدانەوەی بەکاردێنن بۆ دەستپێکردن یان دەرکەوتنی واتای خودی ناوخۆیی بۆ ئەوانەی پەیامەکە وەردەگرن. لە راستیدا ئەوە بە پێناسەیەك بۆ ژیاندنی ئادەمیزادی دادەنرێ (پێویستیش نییە بۆ گەیاندنی گیانداری): واتە وروژاندن یان دەرکەوتنی واتا لای ئەوانی دیکە. لەم کردارەدا دوو بنەمای گرنگ هەن، کە ماوەیەکی یەکجار زۆرە توانراوە تێبگەین، هەرچەندە رێگاکانی لێکۆڵینەوەی ئەو بابەتانە زۆر جیاواز بوون. یەکەمین بنەما ئەمەیە: چەمکەکان (ناو و واتاکانیان) بناغەی مەعریفەی کەسی ئێمەن لەبارەی واقیع (و هەندێکجاریش لەبارەی نا واقیعەوە). دووەمیشیان ئەمەیە: ئێمە پەیوەندی بە یەکەوە دەکەین، چونکە ئێمە دەگەینە بنەمای کۆمەڵایەتی یان ئەوەی ناوی دەنێین نەریتەکانی زمان، ئەوەش پێکبەستییەکی رێکوپێکی پێویستە لە نێوان زمان یان هێماکان و واتاکانیان.

## رەوشت: ئەنجامی وەبەرهاتوو لە ناسینی واقیع

پرەنسیپێکی دیکەی مەزن هەیە، کە توانراوە لە سەردەمە بەراییەکاندا دابندرێ ئەویش ئەوەیە، کە زانیاری هەڵسوکەوت دروست دەکا. بە واتایەکی دیکە، گرنگترین ئەنجامەکانی مەعریفە هەڵبژاردنە لە نێوان کۆمەڵێك ئەلتەرناتیڤی رەوشتدا. لە رێگەی لێکۆڵینەوە، ئەوەی کە چۆن مەعریفە رەوشت دروست دەکا، فەیلەسووفەکانیان دەستیان بە بایەخدان بە سروشتی ژیانی پەسندی و دادوەری لە پەیوەندییەکانی خەڵکیدا کرد. ئەو بایەخپێدانەش بووە هۆی کێشەی دۆزینەوەی ئەو سیستەمە کۆمەڵایەتییەی کە بڕی هەرە زۆری ئەو دوو سیفەتە (پەسندی و دادوەری) دەرەخسێنێ بۆ زۆرینەی هەرە زۆری هاوڵاتیان. هەندێك، کە وەکو جستنیان و حامورابی و ئەوانی دیکەش هەوڵیاندا وا لەو بنەمایانە بکەن دیاریکراوبن.

دوای ئەوە، کاتێك مەسیحییەت دەسەڵاتی بەسەر بیری رۆژئاواییدا کێشا، فەیلەسووفە رەوشت خوازەکان و پیاوانی ئایینی هەوڵیاندا لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو بابەتانە بکەن بەوەی سروشتی ((ئیرادەی ئازادی))ن. هەڵبژاردن لە نێوان رێگەی چاك و خراپدا بابەتێك بوو، کە یەکجار گرنگ بوو لەلایان. هەموو کتێبە ئایینییەکان، کە تایبەت بوون بە ئایینە مەزنەکان

حوكمی بەهێزیان کۆکردەوە و ئەو فەرمانانەیان ئەنجامدا، کە وەکو ڕێپیشاندەر دادەنرێن بۆ هەڵبژاردن لە نێوان چاکە و خراپە و پەسەندکردنی یەکێکیان و وەلانانی ئەوی دیکەیان.

هەتا لەو تیۆرانەی زۆر سکۆلارین لەبارەی حکوومەت و دەسەڵاتدا، کێشەکە لەوەدایە مرۆڤ چۆن ڕەوشتێکی خراپ هەڵدەبژێرێ، لە بری ئەو ڕەوشتەی کە لەگەڵ کۆمەڵگەدا دەگونجێ، ڕەنگە بۆ ماوەی چەند سەدەیەك بە کێشەیەکی کۆنەوە بەسترابێتەوە کە: مەعریفەیە. هەروەك سیستەمی یاسایی لە وڵاتە ڕۆژئاواییەکاندا پێش ماوەیەکی زۆر وای داناوە، کە مرۆڤ ئەو ڕەوشتەی کەسێتی داوا دەکەن لە ڕێگەی کۆمەڵگەوە دەیزانێ، ئەگەریش لەو ڕەوشتە لایدا، ئەوا بە ئەنقەست و بە ڕێگەیەکی خۆویستانە و دوژمنانە ئەو کارە دەکا. دەربڕینی ((نەزانینی یاسا پاساو نییە) یەکێکە لەو شێوانەی دەکرێ نادیاربێ، و ڕەوشتیش دەکرێ بە هۆکاری دەرەوەی چوارچێوەی دەسەڵاتداری کەسیی کاریگەربێ، وامان دانا کە تاوانکار ((پاداشتەکەی دەزانی و ئەوەی هەڵبژارد، کە هەر یەك ئەنجامبدا)).

هێشتا بابەتی پەیوەندی لە نێوان مەعریفە و ڕەوشت زۆر گرنگە بۆ تێگەیشتن لە ژیانی هاوچەرخدا. دەرککردنی چاکیش پێمان دەڵێ ئەوەی ئێمە لەبارەی سروشتی واقیعەوە باوەڕمان پێی هەیە شانۆ خۆش دەکا بۆ ئەو بڕیارانەی کە پەیوەندییان بە هەڵسوکەوتەوە هەیە. بۆ نموونە، ئەگەر خۆمان ئامادە کرد بۆ گەشتێك کەمپێك لە دەشت بکەینەوە، ئەوا ئێمە زۆر گرنگی بە ئەفسانەی تارمایی خاوەن قاچی درێژ و سیفەتەکانی دیکەی ئەو بوونەوەرە دەدەین. دەتوانین ئەو کێشەیەش لەگەڵ ئەوانی دیکە تاوتوێ بکەین ئەگەر هاتوو لەو واتایەدا بەشداریان لەگەڵدا کردین، دواتر شیمانەی هێرشکردنە سەر کۆمەڵەکەمان باس بکەین. هەروەها دەتوانین چیرۆکی ((سێگۆشەی بەرمۆدا))ی ترسناك بەڕاست بزانین و خۆمان لە چوونە ناو ئەو ئاوە ترسناکە بە دوور بگرین ئەگەر هاتوو ئێمە و ئەوانی دیکە هەموومان باوەڕمان بەوە هەبوو، کە ئەمە مەترسییەکی ڕاستەقینەیە.

بنەمایەکە لێرەدا ئەوەیە، لە کاتی پێکهاتنی ڕەوشتی ئاشکراو فیکرەکانماندا، ئەوا ئەو باوەڕانەی لەگەڵ ئەوانی دیکەدا هاوبەشن گرنگن-ئەویش مەعریفەی خودی خۆمانە کە نەریتە بۆچوونەکانی ئێمە لەبارەی واتاوە پێکدێنێ کە لەگەڵ ئەوانی دیکەدا هاوبەشی پێدەکەین، بەڵام سروشتی واقیع و خودی حەقیقەت گرنگ نین. ئەگەر هەندێك وشە لە دونیای واقیعدا بەرامبەریان نەبوو، لەگەڵ ئەوەی ئێمە باوەڕمان بەوە هەیە، کە بەرامبەریان هەیە، ئەوا دەتوانین ئەو وشانە لە فیکرەکانماندا بەکاربێنین و بەهۆیانەوە پەیوەندی بە ئەوانی دیکەوە

بکەین. ئەو بیروباوەڕانە بەراست واتای کاریگەر دروست دەکەن کاتێك دەزانین ئەوانی دیکەش وەکو ئێمە باوەڕیان پێیان هەیە (بۆ نموونە: خاوەنی قاچە گەورەکان هەیە، یان سێگۆشەی بەرمۆدا ناوچەیەکی ترسناکە). کاتێك ئەو بیروباوەڕانە پاڵپشتی لێکدانەوەیەکی دیاریکراوی واقیع دەکەن، ئەوا هەموو ئەوانەی لە سیستەمەکەدا بەشدارن لەوکاتەدا لەو واقیع یان ئەو حەقیقەتە تێدەگەن بەپێی ئەو پێناسانەی لەبارەی واتاوە لەسەری کۆکن.

## لێکۆڵینەوەیەکی درێژ لەبارەی بنەماکانی مەعریفە:

بۆ جارێکیش رێگەی تێگەیشتن ئاسان یان جێگیر نەبووە، بۆ نموونە لە ماوەی نێوان سەدەی سێزدەم و سەدەی نۆزدەمدا، زانستی فەلسەفە گەشەی سەند و گەشەی کرد بۆ لێکۆڵینەوە لەبارەی ئەو راستیانەی بە تەواوی جیاوازن لەبارەی ئەو بابەتانەی جێگای بایەخپێدان بوون و لە سەدەکانی پێشوودا باوبوون. سەرەڕای ئەوە، هەروەك دەیبینین، لێکۆڵینەوە هێشتا لە کێشە کۆنەکە، واتە مەعریفە و سروشتی کۆتایی واقیع چۆنە و چۆن ئەوە بزانین، و ئەو ئەنجامانەی کە لەسەر ئەو مەعریفەیە دادەنرێن روون دەبۆوە.

ئەوەش کاتی پەیوەست بوو بە ئایینی گریکی و ئەویش تەنیا بیرەوەرییەکی لاواز بوو. رۆماش بەر لە چەند سەدەیەك دارِمابوو و مەسیحییەت ببوو بە کلێسای باو لە رۆژئاوادا. هەوڵدانەکانیش بۆ لێکۆڵینەوە لە ژینگەی پارێزراوی دێرو ئەو قوتابخانانەی کە شارلمان دروستیکردبوون (زانکۆ مەزنەکانی سەدەکانی ناوەڕاست لەو قوتابخانانەوە دروستبوون، ئەنجامدەدران. بۆ بەستنەوەی فەیلەسووفەکان بەو ناوەندانەی لێکۆڵینەوە لەو سەردەمەدا ناویان نابوون ((لێکۆڵەرەکان))، نووسینەکانیان تایبەت بوون بە لێکدانی زانستی ئایین و فەلسەفە. گرنگترین مەعریفە، کە کۆششیان بۆی دەکرد گەڕانی بوو بەدوای خواو سروشتی پلانە کۆمەڵایەتییەکەی. ئەگەر توانرا پلانی خوا بۆ ژیانی نموونەیی بدۆزرێتەوە، ئەوا دەتوانرێ رێگای راستەقینەش بۆ پاکی رەوشتی بدۆزرێتەوە.

ئەو لێکۆڵەرانە تایبەتمەندییەکیان هەبوو، ئەوان پێشتر دەیانزانی خودا هەیە. بیروباوەڕە ئایینییە بەهێزەکانیان ناکرا بەرەو هیچ هەڵوێستێکی دیکەیان ببا. بەم شێوەیە، ئەوان پێشتر لێکۆڵینەوەکانیان بکەن، بەڵام حەقیقەتی دیکەیان لە بەردەمدا بوون بۆ ئەوەی بە دوایدا

بگەڕێن. لەو کاتەدا، سێ ڕێگا هەبوون بۆ گەیشتن بە مەعریفە. یەکێکیان لە ڕێگەی دونیابینی و باوەڕەوە بوو ئەوە لایەنگری زۆر بوو. ڕێگای دووەمیان بەهۆی دانانی بوو لە دەسەڵات و زانستێك نەبوو سروشت و ڕێگای کارکردنی ماددی گەردوون بدۆزێتەوە. ڕێگەی سێیەمیش لە ڕێگەی پراکتیزەکردنی جەدەلی میتافیزیکی (ئەودیوی سروشت) بوو، ئەوەش لۆجیکییە، کە نە پشت بە بنچینەیەکی ماددی دەبەستێ و نە بە ئیعتبارات و کۆتی ماددی. جەدەلە میتافیزیکەکە یان ئەودیوی سروشت، ئەو ئەنجامانەی لەو ڕێیەوە پێگەیشتوون، لەگەڵ ئەو ڕاستییانەی پێشتر لە ڕێگەی باوەڕەکەیانەوە بۆیان ڕوون ببۆوە، هەموو ئەمانە بە تێڕوانینی ئەوان ڕێگەیەك بوو بۆ مەعریفەی دروست.

ئەو لێکۆڵەرانە لۆجیکی میتافیزیکیان پێ پەسند بوو لە تێبینی کردنی جیهانی ماددی سروشتی وەکو هۆکارێك بۆ وەدەستهێنانی کۆمەڵێك ئەنجامی باوەڕپێکراو. ئەو هەڵوێستەش بەهۆی دوو هۆکارەوە بوو، ئەوانیش: یەکەمیان، ئەوان زۆر گرنگیان بەلایەنە دونیاییەکان نەدەدا و بابەتە گرنگەکان ئایینی بوون. بێجگە لەوەش ئەو شتانەی، کە لە سروشت بەدەرن بەهەر حاڵ تێبینیکردنیان ئاسان نەبوو. هۆکاری دووەم ئەوە بوو ئەوان وایان هەست دەکرد لە هەموو شتێك تێدەگەن، کە مرۆڤ پێویستییەتی لە جیهانی ماددیدا، چونکە ئەوان فێرکاری دەسەڵاتی مەزن (خودا) یان پێیە. لێکۆڵەران گەڕانەوە سەر لێکۆڵینەوە لە کتێبەکانی ئەرستۆ، کە زانایانی ڕۆژئاوا دوای ئەوەی عەرەبەکان لە مەغریب (مەڕاکیشی ئەو سەردەم) سەرنجی ئەورووپییەکانیان بەرەو ئەو گرینگییە و کارەکانی ڕاکێشا دوای ئەوەی ئیسپانیایان داگیرکرد. بۆچوونەکانی ئەرستۆ چەندین سەدە بە نەناسراوی مانەوە لە کۆمەڵگای ڕۆژئاواییدا، بەڵام زانایانی عەرەب بە زیندوویی لای خۆیان هێشتەوە. لە ڕاستیدا ٩٥ لە سەدی کتێبەکانی ئەرستۆ لەسەر جیهانی سروشتی بوون، وای سەیر دەکرا کە ئەوە سەرچاوەی کۆتاییە لەبارەی مەعریفەوە لەو لایەنەوە. عەرەبەکانیش ناوی ((فەیلەسووف)) یان ((مامۆستا))یان لێنابوو، وا دادەنرا ئەوە سەرچاوەی دوایی و کۆتاییە لە هەموو ئەو بابەتانەی پەیوەندیان بە جیهانی سروشتەوە هەیە. بایەخی سەرەکیی ئەوان بۆ بابەتە لە سروشت بەدەرەکان بوو.

لە ئەرستۆوە، لێکۆڵەران سیستەمێکی وردیان بۆ کێشمەکێش گواستەوە یان بۆیان مایەوە، کە لەسەر ((کێشمەکێشی وەدەستهاتوو)) بنیاتنراوە. ئەو سیستەمە، لە شێوە کلاسیکییەکەیدا دوو بابەت یان کێشەی ئاڵۆز لەخۆ دەگرێ، کە ناوی زەمینە یان شوێنیان

لێنراوە، ئەوەش دەربڕینێکی دیکەی باوبوو لە ناوەنددا، دواتر بێگومان لەم دوو کێشە بەراییەدا دەبێ ئەنجامێك هەڵبهێنجرێ. شێوە کلاسیکییەکەی ئەو کێشمەکێشە بەو شێوەیە بوو:

هەموو گیانلەبەرەکان گرنگن

هەموو مرۆڤێك گیانلەبەرە

کەواتە هەموو مرۆڤەکان گرنگن

نموونەی ئاڵۆزی ئەو سیستەمە جەدەلییە رەنگە خزمەت بەو لێکۆڵەرانە بکا بۆ سەلماندنی بوونی خودا لە رێگەی لۆجیکێکی رووت (ئەوە لە کاتێکدا ئەگەر یەکێك هەبوو ئەوە لە رێگەی لۆجیکی باوەڕەوە پەسەند نەکا). دوای ئەوەی، کە ئەوە وەدەستهات ئەوەیان بۆ رەخسا لە کتێبە پیرۆزەکان و لە جەدەلی میتافیزیکی پلانی خودایی بۆ ژیانی نموونەیی بدۆزنەوە. بەمەش لە توانایاندا بوو جەخت لەسەر ئامانجەکانیان بکەنەوە لەبارەی کۆمەڵگەیەکی نموونەیی یان بنەماکانی ژیان هەروەك کڵێسا پڕی دەکاتەوە.

بەم شێوەی، ئەو حەقیقەتانەی کتێبی پیرۆز لە وەسفەکەیدا دۆزیتیەوە، لەگەڵ ئەو سیستەمەی ئەرستۆ بۆ برادلی داناوە، لێکۆڵەران توانیان گەشە بە دەستەیەکی هەمەلایەنی مەعریفە بدەن، کە لە لێکدانەوەی ئایینی و رێنوێنی رەوشتی مرۆیی پێکدێن. ئەنجامی گرنگ، کە پێیگەیشتن ئەوەبوو فێرکارییەکانی کڵێسەکەی ئەوان بەدەرە لە هەڵەو پێویستە بکەونە دوای. ئەوانەی کە ناشکەونە دوای ئەو فێرکارییانەوە بە کافر دادەنرێن و پێویستە رەگەکانیان بەهێز لە کۆمەڵگەدا هەڵبکەنرێن. پیاوانی ئایینی زۆر بەگەرمییەوە دوای ئەو چالاکییە کەوتن لە دژی کافران.

لەگەڵ تێپەڕینی سەدەکان، فەیلەسووفەکانی دیکە هەوڵی گەڕانیاندا بەدوای جۆرەکانی دیکی مەعریفە، و رێگەی دیکەیان پێشنیازکرد بۆ گەیشتن بە حەقیقەت، و ئەنجامی دیکەیان سەلماند، کە لەسەر لێکۆڵینەوەکانیان وەدەسهاتبوون بینیان، کە کاریگەری لەسەر ژیانی مرۆییدا هەر بابەتی کۆمەڵگای دادوەریشی لە بەرایی ئەو لێکۆڵینەوانەدا مایەوە. هەرچەندە تێگەیشتنی نوێ بۆ سروشت و رۆڵی زمان بەشێکی گرنگ بوون لە میراتی رۆشنبیری. ئەو گەشەسەندنانەش گرنگ بوون لە گەشەکردنی تێگەیشتنی قووڵی سروشتی مرۆیی. ئەگەر توانرا لە سروشتی راستەقینەی مرۆڤ تێبگەین، ئەوا ئەو زانیارییە رێگایەك بۆ گەشەسەندنی سیستەمی سیاسی دەدۆزێتەوە، کە دەتوانێ چاکترین خزمەت پێشکەشی مرۆڤ بکا.

له نێوان کەسایەتییە مەزنەکان لە سەدەکانی شازدەیەم و حەڤدەیەم فەیلەسووفی بیرمەندی وەکو تۆماس هۆبز و جۆن لۆك هەبوون، هەردووکیان بایەخێکی زۆریان بە سروشتی زمان و چۆنیەتی گەڕانەوەی بۆ ژیانی عەقڵیی مرۆڤ دەدا. هۆبز وای دەبینی-بۆ نموونە- لە لێکۆڵینەوەکەی لەسەر قسە، ئێمە تواناکانمان لەسەر بیرکردنەوە و بیرهاتنەوە لە ڕێگەی وشەکان و زمانەوە پەرەپێدەدەین. هۆبز دەڵێ:

بەکارهێنانی گشتی قسە یان دوان ئامانجەکەی ئەوەیە، کە ئەوەی لە مێشکماندا ڕوودەدا بیگوازینەوە بۆ شێوەی تاکی کراو، واتە فیکرەکانمان بگۆڕین بۆ وشە. ئەمەش لەبەر دوو هۆ ڕوودەدا، یەکێکیان تۆمارکردنی ئەو ئەنجامانەیە بەهۆی بیرۆکەکانمانەوە وەدەستهاتوون، چونکە لە ترکزەن بۆ خزین لە مێشکماندا، و وامان لێدەکا خۆمان لە کۆششێکی نوێدا ماندوو بکەین، بەڵام بیرهاتنەوەیان لە ڕێی ئەو وشانەی ناومان پێیانەوە لێناون ئاسانە.. بەکارهێنانە تایبەتییەکانی زمان ئەمانەن: یەکەمیان بۆ تۆمارکردنی ئەوەی کە هۆی هەموو شتێکە و دوای بیرکردنەوەیەکی قووڵ پێی گەیشتووین، با ئەمە لە ئێستادا بێ یان لە ڕابردوو، و ئەو شتانەی ڕەنگە ببنە هۆی دروستبوونی چ لە ئێستاو چ لە ڕابردوودا لەگەڵ کاریگەرییەکەی. بە کورتی، ئەوەیە کە ناوی دەنرێ وەدەستهێنانی توانا لەسەر هونەر. بەکارهێنانی دووەم بۆ بەکارهێنانی قسە ئەوەیە بۆ ئەوانی دیکەی بسەلمێنین ئەو زانیارییانەی دەستمان کەوتوون ئامانجەکەی ئەوەیە ئامۆژگاری یەکدی پێ بکەین و یەکێکمان ئەوەی دیکەمان فێر بکا. سێیەمیشیان ئەوەیە کەوا لە ئەوانی دیکە بکەین دەرك بە ویست و ئامانجەکانمان بکەن بۆ ئەوەی بتوانین یارمەتی یەکدی بدەین. چوارەمیشیان بۆ ئەوەی ڕازی بین و خۆشی و شادی بخەینە دڵی خۆمان و ئەوانی دیکە لە ڕێکەی گەمەکردن بە وشەکان لە پێناو خۆشی یان جوانی بە ڕێگەیەکی پاك(٨).

روونە، لە ناوەڕاستی سەدەی حەڤدەیەمدا، ئەو پرەنسیپەی کە دەڵێ بیرکردنەوە پشت بە بەکارهێنانی ئاراستەکراوی زمان دەبەستێ بەهۆی ئێمەوە بە تەواوی لێی تێگەیشتن. هەروەها ڕۆڵی وشەکانیش لە مێشکدا روون بووەوە، لەگەڵ تەواوی ئەو فیکرانەی کە دەڵێن مەعریفە جیهانێکی بابەتییە، لەگەڵیشدا هۆکارەکان و پاداشتەکانی لە قسەکردنی زماندا بە مەبەستەوە هەن.

جۆن لۆك ئەو پرەنسیپانەی هەنگاوێکی دیکە بەرەو پێشەوەبرد، هەروەها زمانیشی کردە بنچینەی سیستەمی کۆمەڵایەتی. پەیوەندی نێوان وشە و واتا ناوخۆییەکانی و ڕۆڵی زمانیشی وەکو بنچینەیەك بۆ هەریەك لە عەقڵ و کۆمەڵگا وەسف کرد. لۆك دەڵێ:

خودا مرۆڤی خەڵق کرد بۆ ئەوەی ببێتە بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی، دواتر وای لێکرد ئارەزووی لەو رەگەزە بێ، کە خۆی بۆی دەگەڕێتەوە و لە ژێر پێداگرتنی هاوڕێیەتیکردنی. هەروەك زمانیشی بۆ زیاد کرد، کە هێزێکی مەزن و پێکگەیشتنێکی هاوبەش بوو، بۆ کۆمەڵگا. بۆیە، مرۆڤ بە سروشتی خۆی و بە پێکهاتەی ئەندامەکانی دروستکرا بەجۆرێك بتوانێ ئامادەبێ بۆ گرکردنی دەنگی مانادار کە ناویان دەنێین وشەکان، بەڵام ئەوە بەس نەبوو بۆ ئەوەی زمان لە دایك بێ، چونکە بەبەغا و زۆر پەلەوەری دیکە دەکرێ فێر بکرێن تا ئەو دەنگە بەیەکەوە لکاوانە دەربکەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا توانای ئەوەی نەبوو بگاتە زمان.

لەگەڵ دەنگە بەیەکەوە لکاوەکاندا، وای لێهات پێویست بوو مرۆڤ ئەو دەنگانە وەکو هێما بەکاربێنێ هەتا ئەوانی دیکە تێیبگەن. بەم شێوەیە، دەکرێ بیرۆکەکان لە مێشکی پیاوەکان بگوازرێنەوە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە یان بۆ کەسانی دیکە[٩].

ئەو فیکرەیەی دەڵێ کۆمەڵگە کۆمەڵێك چەمکە، کە لەسەر بنچینەی ئالوگۆڕی هێمایی بنیاتنراوە، پەیوەندی دروست دەکا لە نێوان بنەما کۆنەکەی مەعریفە وەکو چەمك لە عەقڵەکانماندا، (زمان پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی ئەو شتانەیە، کە لەسەری ڕێککەوتووین لەگەڵ مانای وشەکان)، لەگەڵ ئەو فیکرەیەی دەڵێ گەیاندن بناغەی سیستەمی کۆمەڵایەتییە، و گەیاندن ئامێری گەورە و پێکبەستی هاوبەشی کۆمەڵگایە. هەموو ئەو فیکرانە بە وردییەوە لە چوارچێوەی زانستە کۆمەڵایەتییەکان لە سەدەکانی کۆتاییدا شیدەکرێنەوە.

لە نێوان ئەو گفتوگۆ مەزنانەی لە نێوان سەدەکانی شازدە و هەژدەیەمدا روویاندا، گفتوگۆیەك بوو لەسەر بایەخی ئەو مەعریفەیەی لەسەر لۆجیك دامەزراوە بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەو مەعریفەیەی لەسەر تاقیکاری بنیاتنراوە. بە دەربڕینێکی دیکە: ئایا تەنیا لە ڕێی عەقڵ و لۆجیکەوە دەکرێ بگەینە چەمکێکی راست بۆ واقیعی بابەتی، یان دەشکرێ لە ڕێگەی پەیوەندیکردنی هەستییەوە بە واقیعی بابەتی بگەین. هەندێك خۆیان بەوە هەڵپەسارد، کە هەستەکان بەڵگە نین بۆ ئەوەی بۆ گەیشتن بە مەعریفە پشتیان پێ ببەسترێ، و ئەو ئینتیباعاتانەی وەکو ئەنجامی ئەو رستانە بەسەر عەقڵدا دێن پشتیان پێ نابەسترێ،

هەروەها گومڕاکەریشن. ئەو گفتوگۆیە زۆر گرنگ بوو لەو کاتەدا، کە جیهان بە ئەرك و چالاکی گەورە پەرەی پێدەدرا. پرسیارەکە ئەوە بوو: ئەوە چ جۆرە مەعریفەیەکە فەیلەسووفە نوێیەکان دەیانەوێ وەدەستی بێنن؟ ئەوانە موکڕبوون لەسەر پرەنسیپی تێبینیکردن و تاقیکردنەوە تا تێبینییەکان پتر رێکخراو بن.


گرنگترین نموونە بۆ مەعریفە لە رێگەی عەقڵ و لۆجیك زانستی بیرکارییە، چونکە راستییە بیرکارییەکان تەنیا دەتوانرێ لە رێگەی لۆجیکەوە پێی بگەین. ئەو جۆرەی مەعریفەش سەرنجڕاکێش بوو بەهۆی وردی و رێکوپێکییەکەیەوە. سەرەڕای ئەوە، زانایانی دیکە موکڕبوون لەسەر ئەوەی کە عەقڵ و لۆجیك بەس نین، و پێویستە بە رێگەیەکی زۆر بابەتی سەیری دونیا بکرێ، تابتوانرێ دیاریبکرێ و بپێورێ و تاقیکردنەوەی تێدا ئەنجامبدرێ. هەروەها ئەوانە مکوڕبوون لەسەر، ئەوەی کە تەنیا لێکۆڵینەوەی تاقیکاری دەتوانێ مەعریفەی راستەقینە بدۆزێتەوە. لە کاتێکدا کێشمەکێش لە نێوان خاوەنانی قوتابخانەی عەقلانی و خاوەنانی قوتابخانەی تاقیکاری بەردەوام بوو، فەیلەسووفەکانی دیکەی وەکو دیکارت و هیوم و بێرکلی و کانت تیۆری جیاوازییان پێشکەش کرد، کە ئەوە شیدەکاتەوە و لێکدەداتەوە، کە چۆن مرۆڤ پێکهاتەی عەقڵی بۆ واقیع وەدەستدێنێ، بەڵام قوتابخانەیەکی فیکری دیکە کە خاوەنەکانی ناونراون ((خۆ بە فیکر بەستووەکان)) هەردوو ئاینزای عەقلانی و تاقیکاری رەتدەکەنەوەو دەڵێن، ئێمە هەرگیز ناتوانین لە سروشتی راستەقینەی دونیای دەرەوە تێبگەین-هەموو ئەوەی دەیزانین تەنیا ئەو فیکرانەن، کە لە مێشکماندا دەسووڕێنەوە.

بە لەسەرخۆیی لێکدانەوەی تاقیکارییەکان توانی دەست بەسەرفەلسەفەدا بگرێ. ئەوانە گوتیان: دەتوانرێ جیهان لە رێی هەستەکانەوە دەرکی پێبکرێ، هەروەك دەکرێ پەرە بە وێنەی ناوخۆیی و تێگەیشتن بدرێ لە عەقڵی ئادەمیزادی. ئەوانە باوەڕیان بەوە هێنا کە ئەو عەقڵە مرۆییە بە رێگەیەکی روون دابڕابوو لە جیهانی بابەتی دەرەکی، بەڵام دەتوانێ ئەوە بنیاتبنێ، کە نوێنەرایەتی واقیع دەکا. پێویستە وادەبنێین ئەو واتایانەی، کە تاکە کەسێك پێیان دەگا تا رادەیەك هاوشێوەی ئەو واتایانە بێ کە ئەوانی دیکە پێی دەگەن. بە واتایەکی دیکە، راستییە خودییە ناوخۆییەکان لە کەسێکە بۆ کەسێکی دیکە لە یەك دەچن. بەمەش دەکرێ لە رێگەی زمانەوە واتاکان لە نێوان تاکەکان ئاڵوگۆڕ بکرێن. ئەوەش رێککەوتنێکی زۆر گرنگ بوو، بە هاوڕایی لە نێوان زانایاندا.

دواتر، هەمان پرسیار لەبارەی چۆنیەتی مەعریفەی ئادەمیزاد بۆ سروشتی ڕاستەقینەی جیهانی بابەتی و دەرەکی، بووە بابەتێکی تەوەریی لە فەلسەفەی زانستدا. ئەوەش شتێکی گرنگ بوو، بۆ گەشەپێدانی دەروازەیەکی نوێ بۆ تێگەیشتن، کە لەسەر هەریەك لە عەقڵ و تێبینیکردن بنیاتنراوە. ئەرکی ئەو زانا سەر ئامەدانەی دەستیان بە بەکارهێنانی ڕێگای زانستی کرد وەکو بیکۆن و گالیلۆ و کۆپەرنیکۆس و کبلر، ئەوەبوو، کە جیهانی ماددی بدۆزنەوە. دوای ئەوەی ماوەیەکی درێژ بەسەر سەردەمەکەیان تێپەڕی لە کۆتاییدا زانست توانی بۆ دۆزینەوەی جیهانە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان بەرفراوان بێ.

پرسیار ئەمەبوو: لەسەر بنچینەی چ پێوەرێك دەتوانین ئەو وەڵامانەی بە ڕێگەی زانستی دۆزیومانەتەوە پەسندیان بکەین، یان ڕەتیان بکەینەوە؟ ئەوە پێویستی بە تیۆرێك هەبوو، بۆ مەعریفە کە لێکۆڵەران لە ڕێگەیەوە بڕیاری ئەوە بدەن، کە ئەم بڕیارانەی لە ڕێگەی تاقیکردنەوە و تێبینیکردنەوە پێگەیشتوون ڕاستین یان قەڵب. ئەو تیۆرەشی ناونرا ((مەعریفەناسی Epestmology)) ئەوەش لقێکە لە فەلسەفە لە سروشت و سنوور و پێوەرەکان، هەروەها لە ڕاستی مەعریفەی مرۆڤیش دەکۆڵێتەوە. لە سەدەی نۆزدەیەمدا، یەکێك لە وەڵامە مەزنەکانی ئەم پرسیارە تیۆری شیمانەکان (احتمالات) بوو. ئەگەر حاڵەتێك لە حاڵەتەکان بکرێ لە ڕێی ڕێککەوتەوە بێتە ئارا، هەتا ئەگەر ئەو کارەش دانسقە بێ، ئەوا ناتوانرێ ئەوە وەدەستبهێنرێ، کە ئەوە لە ڕێگەی هۆکارێك کە بە ڕێکەوت لە ژێر لێکۆڵینەوەدا بوو هاتە ئارا. ئەمەش وەڵامێکی نوێ و نائاسایی بوو، بۆ پرسیارە کۆنەکە: چۆن لە حەقیقەت و واقیع بگەین، بەڵام ئەو وەڵامە ئەنجامی زۆر بە بایەخی لەسەر داندراون.

ئەگەر توانیمان ئەو بیرکردنەوە ئاڵۆزانەی لە بەشەکانی پێشوودا گفتوگۆمان لەسەر کردن لە شێوەیەکی سادەدا دایانبنێین، ئەوا ئەمە دەکرێ لە شێوە ژمارە ٩-١ دا ڕوون بکرێتەوە. بە درێژایی سەدەکان بە لێکدانەوە و گفتوگۆی فەلسەفی، لێکۆڵینەوە لە ٥ بنەمای بنچینەیی مەزن لەبارەی بوونی مرۆیی جێبەجێکرا.



**شێوەی (٩-١) ئەو وەڵامانەی دەگەڕێتەوە بۆ چەند سەدەیەك لەمەوبەر لە پەیوەندی لەنێوان واقیع و سروشت و سیستەمی کۆمەڵایەتی**

تا ئێستا لەسەر ئەو پێنج بنەمایە بەردەوامە، بەڵام دەتوانرێ ئاوا کورت بکرێتەوە: (١) واقیعێك هەیە، کە تێیدا دەژین (ئەو واقیعە جیهانێکی بابەتییە لە سروشتدا و جیهانێکی دیکەی سروشت بەزێن لەخۆ دەگرێ، ئەوەش ئەوەیە، کە تا ئێستا زانایان لەسەری رێکنەکەوتوون). (٢) بوونەوەرە مرۆییەکان دەگەنە جۆرێك لە وێنە لە زەینماندا، کە وەکو هی واقیع وان، و دەتوانێ مانا بۆ واقیع دەستەبەر بکا. (٣) لەم ناوەندەدا کردارێك هەیە، کە هاتۆتە ناوەوەو مرۆڤ دەتوانێ واتای خودی بۆ واقیع بنیاتبنێ. (٤) ئەو واتا خودیانەی هەمانە و لێکدانەوەکانیان رەوشتی کەسیمان دیاری دەکەن. لە کۆتاییدا (٥) ئەو نموونانەی لە رەوشتی مرۆییدا هەن بە رێگەیەك داوای بوونی سیستەمێکی کۆمەڵایەتی دەسەڵاتدار دەکا، چاودێری بکا. ئەو سیستەمەش لەسەر بنەمای دیاریکراو و داواکراو بنیاتنراوە و ئەو سیستەمە بۆ خۆی کاریگەری لەسەر رەوشت دەبێ.

بابەتی سەرەکی بۆ لێکدانەوەی ئێستا ئەو کردارەیە، کە لە رێگەیەوە دەزانین-چوارگۆشەی دووەم لەلای راست لە وێنەی ٩-١دا. ئەو کردارە کامەیە، کە لە رێگەیەوە ماناکانی ئەم پرسیارە وەڵامی زۆریان پێشکەش کرد. هەندێك لەو لێکۆڵەرانەی، کە بە تێپەڕینی نەوەکان بەم کێشەیەوە سەرقاڵ بوون، دەڵێن گرنگترین مەعریفە بەرەهایی ئەوەیە، کە چۆن خوداو پلانەکەی بۆ رەوشتی کەسیمان و سیستەمی کۆمەڵایەتی بناسین. ئەوەش دەکرێ بە جێبەجێکردنی لۆجیك بە توندی وەدەست بهێنرێ. هەروەها مەعریفەیەکی دیکەش هەیە لەبارەی جیهانی سروشت، ئەویش لە سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوەوە ئامادە و لەبەردەستە، ئەویش ئەفلاتوونە، کە بەناوی ((فەیلەسووف)) ئاماژەیان بۆ دەکرد، ئەوەی کە زۆر بەر لە ئێستا گەیشتە هەموو ئەو شتانەی پێویستمانە بیانزانین. ئەو شرۆڤەکارانەی دوای ئەوە هاتن مکوڕبوون لەسەر ئەوەی کە ئێمە لە رێی پراکتیزەکردنی کرداری بیرکردنەوەی لۆجیکی لێکدانەوەی خودی و واتاکان وەدەستدێنین. هیچ پێویستیش بە دڵەڕاوکێ و بایەخی ئێمە ناکا بۆ لایەنە بابەتییەکانی حەقیقەت و واقیع هەروەك لەبەردەسماندایە، چونکە ئەو وێنانەی ئەو واقیعە، کە لە ناوەوەماندان ئەوان گرنگن، هەندێك تا ئەو رادەیە رۆیشتن، کە بانگەشەی

ئەوەیان کرد،کە هیچ شتێك نییە ناوی واقیعی دەرەکی بێ، هەموو ئەو شتانەی کە هەن تەنیا لە عەقڵی ئێمەدا هەن.

لە کۆتاییدا، دەستهاتێکی نوێتر هات، کە دەڵێ: مەعریفە لەسەر بنەمای پەیوەندیکردنی تاقیکاری بە حەقیقەت و بابەتی بوون بنیاتنراوە. ئەو پەیوەندییە هەستیارەی لە نێوان عەقڵی مرۆیی و ئەو واتایانەدا هەیە، کە لەو پەیوەندیکردنەدا کورتی دەکەنەوە هەستەکانمانن. لەسەر ئەم بنچینەیە، ئەوا ئەو وێنانەی لە مێشکماندا هەن و بیرەکانمان و لێکدانەوەکانمان-یان ئەو واتایانەی هەمانن- هەموویان لە خۆیانەوە لە ئینتیباعاتە هەستییەکانمانەوە گەشە دەکەن. ئەم بیرۆکەیە، یان تێڕوانینە، گرنگ بوو بەتایبەتی بۆ ئەو کەسانەی ویستیان مەعریفەیەکی تایبەت بە سروشتی جیهانی ماددیان دەستبکەوێ، ئەوەش لە ڕێی ئەو تاقیکردنەوە یان تێبینیکردنەی، کە زاڵین بەسەریدا و چاودێری دەکەین. لە کاتێکدا کە جیهان گەشەی دەکرد و پێدەگەیشت، توانی پێوەری بنیاتنراو لەسەر وادانانی شیمانە بۆ کراو، بۆ هەر راپۆرتێکدا بهێنێ بۆ ئەوەی بزانرێ ئەو مەعریفەیەی، کە لەو ڕێیەوە دەسکەوتووە دەتوانرێ پشتی پێ ببەسترێ.

سەرەڕای ئەو کەڵەکەبوونە سەرنجڕاکێشەی مەعریفە، کە مرۆڤ لە رۆژگاری ئەفلاتوونەوە تا سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەیەم وەدەستی هێنابوون، بەڵام تەنیا یەکەمی نەبێ نەدەتوانرا ئەوە بزانین کە خەڵکی ئاسایی چۆن مەعریفە وەدەستدێنن و لێی دەکۆڵنەوە. دانیشتووانی جیهان لە خەڵکێك پێکدێن، کە ڕەچەڵەکێکی فرۆتەنیان هەیە نارەخسێ ئاشنایی لەگەڵ سیستەمەکەی ئەرستۆ پەیدا بکەن، کە لەسەر لۆژیك بنیاتنراوە، هەروەها ئەوانەی زۆر کەم یان هیچ شتێك نازانن لەبارەی زانست و لەبارەی تیۆرە فەلسەفییەکانیشەوە لە بارەی سروشتی مەعریفە لای مرۆڤ و سنوورەکەی و راستییەکەی، کە ئەوە ناوی نراوە مەعریفەناسی (Epistemology). سەرەڕای ئەوە، خەڵکی لە کێڵگە و کارگە و لە شارەکاندا و لە هەموو لایەنەکانی ژیان، هێشتا لەسەریانە کێشەی ژیان چارەسەر بکەن. کەواتە چۆن ماناکان بەو چەمکانەوە دەبەستنەوە، کە ناو لەلایەنە جیاوازەکانی واقیع دەنێن؟ لەوەش زیاتر، ئەو ئەنجامانە چی بوون کە لە رەوشتدا وەدەستهاتن لەسەر ئەو چەمکە بێ وێنانە و ئەو واتایانەی لە سیستەمە تایبەتییەکەیدا هەبوون؟ وەڵامی ئەم پرسیارە بە لەسەرخۆیی و بە رێگەیەکی نەگونجاو لە لقێکی نوێی فەلسەفەوە دێ، کە لە سەدەی نۆزدەیەمدا گەشەی کردووە و ناوی کۆمەڵناسیان لێناوە.

## وەڵامە هاوچەرخەکان: تیۆرەکانی پێکهێنانی کۆمەڵایەتی

هەموو زانستێك لە زانستە کۆمەڵایەتییەکان لە سەدەی نۆزدەیەمدا لە جەستەی سەرەکیی یان ناوەندیی فەلسەفە جودابوونەوە. ئەو زانستانەش ئەم پرسیارە کۆنەیان لەگەڵ خۆیاندا هەڵگرت: مرۆڤ چۆن مەعریفەی دەست دەکەوێ و پەرەی پێدەدا؟ مەبەستیش لێرە مەعریفەی واقیع و لۆژیکە لە رێکخستنی تایبەتیاندا. هەموو زانستێك لە زانستە کۆمەڵایەتییەکان پەرەیان بە چەمکە تایبەتییەکان و بیردۆزەکان و تیۆرەکان و رێگاکانی لێکۆڵینەوەی تایبەت بە خۆیان دا.

لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا، بنەماکانی زانستی زمان داندران[١٠]. ئێستا زمانەوانان دەتوانن لە پێکهاتە و واتای زمان بکۆڵنەوە. لە ماوەی نیوەی کۆتایی سەدەدا زانستی مرۆڤ یان ئەنترۆپۆلۆژیا (Anbhropology) دەرکەوت، زانستێکی بەرفراوانە هەموو شتێك لەبارەی مرۆڤەوە دەگرێتەوە لە هێسك و پروسکی کۆنەوە بگرە بۆ شوێنەواری شارستانییەتە مەزنەکان تا رۆشنبیری بەراییەکان ئەوانەی تا ئەمرۆش لە ژیاندان. یەکێك لە لقەکانی ئەنترۆپۆلۆژیا خرایە خزمەت ئەوەی زمانەکان چۆن لە نەتەوە جیاوازەکاندا تاقیکردنەوەی خودییان لەبارەی ژینگەی ماددی و ژینگەی کۆمەڵایەتی بۆ مرۆڤ پێکدێنن[١١]. پاش ئەوەی لە سەرەتادا دەروونناسان بەرهەڵستی ئەو جۆرە بابەتانەیان کرد، دواتر قەناعەتیان بەوەکرد، کە چۆن خەڵکی واتا وەدەستدێنن و زمان چۆن کاریگەری لەسەر چەمك و بیر و رەوشتی کۆمەڵایەتی دەبێ. کۆمەڵناسی لە سەرەتای سەدەدا بۆیە لە فەلسەفە جودا بووەوە بۆ ئەوەی لە نموونەی هەمەکی تر و گۆڕانەکانی کۆمەڵگە وردبێتەوە. لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا، لقەکانی کۆمەڵناسی دەستیان بە لێکۆڵینەوەی ئەوەکرد، کە چۆن لە ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتیدا (یان ئاڵوگۆڕی کارلێکی کۆمەڵایەتی) کە لەسەر زمان بنیاتنراوە واتاو مەعریفە دەردەکەون و ئەو کردارە چۆن ژیانی کەسیی و کۆمەڵایەتی بۆ تاك پێکدێنێ[١٢].

تا رادەیەك هەموو ئەو لقانە بە شێوەیەکی سەربەخۆ لە لقەکانی دیکە دروستبوون، بەڵام هەموویان بە روونی لە چەند کێشەیەکی هاوبەش وردبوونەوە. بەشێوەیەکی دیاریکراو، هەموو لقێك لە کۆمەڵناسی لەوەی کۆڵییەوە، کە یەکەکان چۆن واتا خودییە ناوخۆییەکانیان لە بارەی شتەکان و لەبارەی رووداوەکانی واقیع بنیاتدەنێن، و ئەو زانیارییەی ئادەمیزادەکان چۆن توانی

ببێتە هۆی پەیوەندیکردنیان بەیەکەوە بە ڕێگەیەك کە جیاواز لەوەی بوونەوەرەکانی دیکە پەیوەندی بەیەکەوە دەکەن، و حەقیقەت چۆن ڕەوشتی تاکیی و کۆمەڵایەتی پێکدێنیٚ؟ بەکورتی، لێکۆڵەران لەو لقانەدا بەردەوام بوون لە لێکۆڵینەوە لە کێشە کۆنەکان. لێرەدا پێداچوونەوەیەکی کورتی هەندێك چەمکی مەزن بۆ هەریەك لەو لقانەی کۆمەڵناسی دەکەین، تا ئاشنای ئەو ڕێگایە بین، کە لێکۆڵەران بنەمای گشتییان پیٚ چارەسەر کردووە، کە دەڵیٚ ئەو واتایانەی خەڵکی بەکاری دێنن پێکهاتەیەکن لە رووی کۆمەڵایەتییەوە وەرگیراون.

## زانستی زمان: زانینی حەقیقەت و واقیع لە ڕێی زمانەوە

لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمدا، روون بووەوە، کە پەیوەندییەکی تۆکمە لە نێوان پێکهاتەی زمان و ئەو ڕێگایەی خەڵکی زمانەکەی پیٚ بەکاردەهێنن بۆ وروژاندنی واتا لە ناو خۆیاندا هەیە. لەو کاتەدا دەرکەوت پێویستە لێکۆڵینەوەی تایبەت بۆ زمانە لە یەك جیاوازەکان بکریٚ، تا بتوانریٚ لە پرەنسیپە گشتییەکانی چۆنییەتی گواستنەوەی واتا لە ڕێی دەنگەکان و وشەکان و نموونەی وشەکان تێبگەین. زمانەوانی بە لێکۆڵینەوەی بەراوردکردنی زمانەکان دەستی پیٚ کرد. ئەوەش بەخێرایی بووە هۆی دووبارە پێکهێنانەوەی زمانە دێرینەکان. دواتر زمانەوانی بووە سیستەمێکی ئالۆز، کە تەنیا گرنگی بە ڕەچەڵەکی زمانە هاوچەرخەکان نەدەدا لە هەموو جیهاندا، بەڵکو گرنگی بە ڕێکخستن و نموونەی گۆڕان تێیدا لەگەڵ سیفەتە بەراوردکارییەکانی دەدا.

لێکۆڵینەوە لە زمانە بەراییەکانی مرۆڤ بووە هۆی وەدەستهێنانی ئەنجامی گرنگ. هەر زوو ئەو زمانەوانانەی پسپۆریەتیان لە لێکۆڵینەوە بەراوردکارییەکاندا هەبوو سیفەتی هاوبەشی و جیاوازی گرنگیان لەناو زمانە هاوچەرخەکان، هەروەها لە نێوانیشیاندا دۆزییەوە. هەرچەندە لقی دیاریکراو لە زمانەکاندا هەن، کە لە زۆر رووەوە لە یەك دەچن. زمانەوانان لێکۆڵینەوەکانیان بردەوە بۆ رابردوویەکی دوور، و شیکارێکیان ئەنجامدا کە کات و ماندووبوونێکی زۆری ویست بۆ ئەو شتانەی کە ناوەکانیان لێنراوە و بۆ بنەمای ڕێکخستنی وشەکان لە زمانە هەرە کۆنەکاندا و هەتا ئەوانەش کە کەسێکی زۆرکەم نەبیٚ لە تۆمارە نووسراوەکانیاندا نەماوەتەوە. بەو ڕێگەیە، زمانەوانان توانیان هەندێك لە دژەکانی کۆنترین

زمان لە جیهاندا یان دایکی زمانەکان دووبارە دارێژنەوە، ئەوەی وادەردەکەوێ، کە زمانە ناسراوەکانی جیهانی کۆنی لێبوونەتەوە. بۆ نموونە، زمانی دایك زمانی رووەك و ئاژەڵانی لەخۆ دەگرت، لەگەڵ رەوشی سەقا، کە ژیانی لە ژینگە دژەکە باکووردا وەسف دەکرد. ئەو جۆرە ئاوهەوا دژەش لە ماوەی چەرخی بەستەڵەکدا هەبوو لەو ناوچانەی ئێستا پێیان دەگوترێ ئەوروپای باکوور، درێژ دەبۆوە بۆ بەشی رۆژئاوا لە یەکێتی سۆڤیەتدا. لە هەمان ئەو ناوچەیەشدا گەلی کرۆمانیۆن (Gromagnon) یەکەمین ماوەی مەزنی خۆیان لە نوێکردنەوەی رۆشنبیریدا دەستی پێ کرد، کە بەسەردەمی قسەکردن و زمانەوە بەستمانەوە.

رەچەڵەکی زمان هەرچییەك بێ، ئەوا بەکارهێنانەکەی زۆر پێش ئێستا بەناو هەموو گەلانی دونیادا بڵاوبووەتەوە. هەموو میللەتێك لە میللەتەکان سیستەمێکی ئاڵۆزی قسەکردنی هەبوو ئەمەش بۆ وەسفکردنی شتەکان و تێگەیشتن و گونجان لەگەڵ ژینگەدا. زمانەوانان بۆ فراوانکردنی لێکۆڵینەوەکانیان بایەخیان بەو سیستەمانە دا. لە بنچینەدا زمانەوانی ئەمڕۆ لە لێکۆڵینەوەی رێکخراوی سێ لایەنی زمان پێکدێ، کە یارمەتیدەرە بۆ تێگەیشتنی ئەوەی گەلان چۆن بۆ پەیوەندیکردن و گواستنەوەی واتا بەکاری دێنن. یەکەمین مەیدانی ئەم لێکۆڵینەوەیە دەنگسازییە Phonology، واتە ئەو دەنگانەی بۆ پێکهێنانی وشە بەکاردێن. ئەو رستانەی، کە مرۆڤ بۆ گواستنەوەی کۆمەڵێك واتا بەکاریان دەهێنێ زۆر زیاترن لەو واتایەی وشەکە بە تەنیا هەیەتی.

لە کۆتاییدا، مەیدانی لێکۆڵینەوە لە زمان و گەشەپێدانی دەلالەتەکان بەدرێژایی مێژوو Semantics (زانستی گەشەپێدانی واتای وشەکان) یان پێکبەستنەوەی وشەکان یان هەر هێمایەکی دیکە و هەر واتایەك کە دەیگەیەنێ هەیە، واتە لایەنە جیاوازەکانی ژیان کە ئەو وشانە جێیان دەگرنەوە و ئەو هۆکارانەی دەورووژێنن ئەگەر لێکۆڵەر پابەندی ئەو هۆکارانە بوو، کە بۆ گواستنەوەی ئەو مانایانە لەسەریدا رێککەوتوون لەناو ئەو کۆمەڵەیەی کە تێیدا دەژی.

ئەو سێ ناوچەیەی لێکۆڵینەوە لە زمانەوانیدا بەشێوەیەکی مەزن کاری کرد بۆ گەشەپێکردن و پێشخستنی تێگەیشتن لەو رێگایانەی، کە خەڵکی پەنای بۆ دەبەن بۆ پێکبەستنەوەی جۆرە جیاوازەکانی هێماو ئەوەی ئاماژەی بۆ دەکا ئەو مانایەی کە لەسەری رێککەوتوون بورووژێنێ، کە وەکو هۆکارێکی پەیوەندیکردن بەکاردێ. شتێك هەیە پێویستە لێرەدا بگوترێ، ئەویش ئەوەیە روونە، کە هەڵبژاردنی هێمایەکی دیاریکراو بۆ بەکارهێنانی

وەکو ناوێك یان ناونیشانی شتێك کە ئەو هێمایە ئاماژەی بۆ دەکا-جا لایەنێك بێ لە واقیعی کۆمەڵایەتی یان ماددیدا- ئەوا ئەو هەڵبژاردنە بەشێوەیەکی لەخۆوە ئەنجامدەدرێ. پەیوەندییەکی سروشتی لە نێوان وشەیەکی دیاریکراو یان دەنگێك یان نیشانەیەکی نووسراو یان لە نێوان شتێك و ئەوەی هێمای بۆ دەکا لە جیهانی تاقیکردنەوەی ئێمەدا نییە. ئەو نەریتانەی، کە خەڵکی بۆ ورووژاندنی واتاکان لەگەڵ ئاماژەی دیاریکراو یان وشەکان یان شتی دیاریکراو لە خۆی دەگرێ، جگە لە بنیاتنانی واتا شتێکی دیکە نییە.

ئەو ئەنجامانەی، کە جێی بایەخ پێدانە لەو ئیعتبارەدا ئەوەیە بەچاوپۆشین لە سەرنجڕاکێشی بەکارهێنانی زماندا بۆ بەرزبوونەوە لای هەندێك کەس، ئەوا شتێك نییە بەناوی زمانی ((دروست))ی بۆ ماوەیی. واتای ((دروست))ی وشەکان و بەکارهێنانی ڕێزمانی زمانی ((گونجاو)) بابەتێکە پەیوەندی هەیە بەو ڕێککەوتنەی کە قسەکەرەکان بەشداری تێدا دەکەن کە چ هێمایەك یان نموونەیەك پێویستە بەکاربیێنن. ئەگەر ئەو ڕێککەوتنە بە کۆمەڵە لەبارەی واتای وشەکان و ئەوەی هێمای بۆ دەکا نەما، ئەوا سروشتییە پەیوەندیکردن مەحاڵ بێ. بۆیە، هۆکاری ئاڕاستەی مرۆڤ بۆ پاراستنی ئەو ڕێککەوتنانەی بە درێژایی مێژوو لەبارەی واتای وشەکانەوە پێگەیشتوون، کە شێوە فەرهەنگ و کتێبی ڕێزمان روون بووەوە. سەرەڕای ئەوە زمان وەکو پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی دەمێنێتەوە، بەردەوام لە گۆڕاندایە. پێکهاتەکە لە هێماو ئاماژە و نیشانەکان و پێکهێنانی قسە یان ڕێزمان و شیکردنەوە و واتا پێکدێ.

لە کاتێکدا تایبەتییەکانی زانستی واتای وشەکان گەشەی دەکرد، هەندێك لەسەر گەرمەکان باوەڕیان بەوەکرد، کە زۆرینەی خراپییەکانی جیهان هۆکارەکەی ورووژاندنی جۆرێکی هەڵەی واتاکانە لای ئەوانی دیکە بەهۆی کەسانێکەوە، کە هەوڵی چەواشەکردن یان قۆستنەوەی دەنگی دەنگدەران، یان جەماوەری بەکاربەر، یان هەتا چەواشەکردنی لایەنگرانیان دەدەن. مەیدانی زانستی گەشەپێدانی زمانی گشتی General Semantics لەسەردەستی چاککاران گەشەی کرد، کە پەیمانیاندا سنوورێك بۆ ئەو جۆرە بەکارهێنانە هەڵانەدا بنێن. زانستی گەشەپێدانی زمانی گشتی مەیدانێکە زیاتر رووەو چاککاری دەڕوا لەوەی تەنیا مەیدانێك بێ بۆ گەشەکردنی زمان. ئەوەی دووەمیان تائێستاش لێکۆڵینەوەیەکی هونەرییە بۆ ناوەکان و ئاماژەکان و واتاکان و ڕێککەوتنەکان یان ئەو نەریتانەی بەیەکەوەیان دەبەستێتەوە.

هەرچۆنێك بێ، ئەوا لێکۆڵینەوەی واتاکان ناکامڵ دەبێ بەبێ ئەوەی زمانەوانان بۆی تێدەکۆشن. لە زۆر رووەوە، ئەو لقەی زانست تەرکیز دەکاتەوە سەر هەمان ئەو رەوشتانەی، کە

زانستە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە لێی دەکۆڵنەوە. هەموویان درێژکراوەی ئەو ماندووبوونەی فەیلەسووفەکانن ئەوانەی کە هەوڵیاندا ئەوە بزانن چۆن دەزانین و کاریگەری ئەوە لەسەر بەڕێوەچوونی کارەکانی مرۆڤ چۆنە.

## زانستی لێکۆڵینەوە لە مرۆڤ: ڕێژەیی بوونی ڕۆشنبیری لە پێکهێنانی واتادا

بەزۆری زانایانی لێکۆڵینەوە لە مرۆڤ مەیدانی لێکۆڵینەوەکەیان بەوە دیاردەکەن، کە لێکۆڵینەوەی بوونەوەری ئادەمیزادییە لەگەڵ بنەمای کۆمەڵگا مرۆییەکان و ڕۆشنبیرییەکەی لە رابردوو و ئێستادا. ئەگەر ئەوەش راست بێ، ئەوا مەیدانێکی فراوانی لێکۆڵینەوەیە، و بایەخی وای هەیە، کە لەگەڵ بایەخی زانستە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە بە ڕێژەیەکی زۆر بەیەك دەگەن و دەچنە ناو یەك یان لێك دەئاڵێن. یەکێك لە لقە بەراییەکانی ئەو زانستە زانستی زمان بوو. لە کاتێکیشدا زمان پاژێکی گرنگ بوو لە ڕۆشنبیری مرۆڤ، ئەوا کارێکی سروشتی بوو، کە زانایانی لێکۆڵینەوە لە مرۆڤ لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەن. بۆیە، هەندێکجار جیاوازیکردن لە نێوان زمانەوانی وەکو پسپۆرییەکی هونەری جیاکراوە، و لە نێوان لێکۆڵینەوە لە زمان و ڕۆشنبیریی لە چوارچێوەی زانستی لێکۆڵینەوە لە مرۆڤ Anthropology کارێکی قورسە. لە راستیدا ئەو جۆرە جوداکردنەوەیە گرنگ نییە. بابەتی گرنگ لێرەدا ئەوەیە کە دۆزراوەتەوە، نەك ئەو پسوولە ناساندنەی کە دۆزەرەوە وەدەستی دێنێ .

ئێدوارد ساپیر بە یەکێك لە زانا سەر ئامەدەکانی لێکۆڵینەوەی زمان و ڕۆشنبیری دادەنرێ. لە سەرەتاکانی ئەم سەدەیەدا چەند لێکۆڵینەوەیەکی لەبارەی زمانەکان ئەنجامدا، کە لەلایەن هۆزە جیاوازەکانی هیندییە سوورەکان بەکاردەهات. دواتر، ساپیر لێکۆڵینەوەکانی پەرەپێدا بۆ ئەوەی زمانی هەموو کونجەکانی جیهان بگرێتەوە، جا زمانەکان کۆن بن یان هاوچەرخ، هەروەها زمانە بەراییەکان و زمانە نوێکان. بەهاتنی ساڵی ١٩٢٠، لێکۆڵینەوەکانی ساپیر بوونە هۆی دەرککردن بەوەی کۆمەڵەکان تەنیا زمانیان لە یەك جیاواز نییە، بەڵکو تێگەیشتنی کۆمەڵەکە بۆ هۆکارە ماددی و کۆمەڵایەتییەکانی دەوروبەریان لە کۆمەڵەیەکی دیکە جیاوازە. بە واتایەکی دیکە، ئەوە مانای ئەوە نییە، کە هەموو کۆمەڵەیەك زمانێکی هەیە ناوی جیاواز بەکاردێنێ بۆ هەمان ئەو شت و هەڵوێستانەی زمانێکی دیکە بەکاری دێنێ، بەڵام ئەوەی بە روونی دەرکەوتووە ئەوەیە ئەو نزیکانە یان ئەو میللەتانەی زمانی جیاواز بەکاردێنن بەڕاستی هەستیان بە واقیعێکی جیاواز دەکرد، و

بەڵگەی خودیی دیاریان لەبارەی ئەو تایبەتمەندییەی، کە تێیدا دەژین پێشکەشی سەر کۆمەڵەیەکیان دەکرد.

تیۆرەکەی ساپیر دەکرێ بە روونی لەو کۆپلەیەی کە هەمیشە بەکاردێ و فیکرە بنچینەییەکان دەردەبڕێ لەگەڵ ئەوەی کەلێی وەردەگیرێ چڕ بکرێتەوە، بەم شێوەیە:

زمان بەڵگەیە بۆ ((واقیعی کۆمەڵایەتی)). زمان هەموو بیرکردنەوەمان لەبارەی کێشە و چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان دەگونجێنێ. ئادەمیزادەکان تەنیا نە لە جیهانی بابەتیدا دەژین و نە لە جیهانی چالاکی کۆمەڵایەتیدا هەروەك تێیدەگەین، بەڵکو لە ژێر سۆزی زمانی تایبەت بە خۆیاندان، کە بووە بە پێناوێك بۆ تەعبیرکردن لە کۆمەڵگاکەیاندا. وەهمە ئەگەر وای بۆ بچین، کە مرۆڤ بەبێ بەکارهێنانی زمان دەتوانێ لەگەڵ واقیعدا بگونجێ، یان زمان تەنیا هۆکارێکی پێشکەشکردنە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی پەیوەندییان بە پەیوەندیکردن و بیرکردنەوەوە هەیە. راستی بابەتەکە ئەوەیە، کە ((جیهانی راستەقینە)) تا رادەیەکی زۆر بە شێوەیەکی نائاگایی لەسەر بنچینەی نەریتی کۆمەڵەکان بۆ بەکارهێنانی زمان بنیات نراوە. هەرگیز دوو زمان نابینینەوە، کە بە پلەیەك هاوبەش بن وایان دابنێین، کە نوێنەرایەتی یەك واقیعی کۆمەڵایەتی دەکەن. ئەو جیهانانەی، کە کۆمەڵگە جیاوازەکان تێیدا دەژین جیهانی لە یەك جیاوازن، ئەو هەمان ئەو جیهانە نییە لەگەڵ هێمایەکی دیکە کە پێمانەوە نووساندووە[١٣].

دۆزینەوەکانی ساپیر، و دواتریش دەستهاتەکانی بنجامین هۆرف، کە بازنەی چەمکەکانی بۆ لێکۆڵینەوەی دەرککردن و فیکر فراوان کردن، هۆیەك بوون، بۆ ناولێنانی ((بیردۆزی ساپیر و هۆرف، یان ((بنەمای رێژەیی زمانیی)).

کاریگەری ئەو کۆمەڵە بیروڕایە بۆ تێگەیشتن لە سروشت و سەرچاوەکانی واتا مرۆییەکان رەهەندی مەزنی هەن. ئەو نوێنەرایەتی درێژبوونەوەیەکی راستەقینە دەکا بۆ ئەو گشتگیرییە کۆنەی کە لە فەلسەفەدا هەبوو، ئەوەی دەڵێ ئێمە لە رێی هەستەکانمانەوە واقیع دەناسین، و ئەو تاقیکردنەوە کارەکییە بنچینەیەك بۆ گەشەپێکردنی واتاکان لە ژینگەی دەرەکیدا دەرەخسێنی. ئەو چەمکەش بێگومان بەڕاستی دەمێنێتەوە، بەڵام کردارە گەیاندنە دانسقەکان ئەوەی کە تاك بەشداری تێدا دەکا ئێستا بە کۆمەڵەیەکی ئاڵۆز لە هۆکاری زیادکراو دادەنرێ، کە ئەو رێگایەی تاقیکردنەوەکانی لەبارەی راستییەکانی ژیان تێدا ئەنجامدەدەین، پێکدەهێنێ و کاری تێدەکا.

## کۆمەڵناسی: کارلێکی هێمایی و چەمکەکانی واقیع

پێشتر زانیمان ئەفلاتوون لێکدانەوەیەکی ئاڵۆزی لەبارەی پەیوەندی نێوان وشە و واتای واقیعی پێشکەش کرد. روونە ئەو لێکدانەوەیە هیچ پەیوەندی بە هۆکارەکانی گەیاندنی جەماوەرییەوە نییە، بەڵام وێناکردنێکە بە تێپەڕینی کات ناسرێتەوە لەوەی بنەماکانی نەریتی زمان، کە واتاکان بە وشەکانەوە دەبەستێتەوە کاریگەرییەکی بەهێز لەسەر رەوشتی خەڵکیدا هەیە. ئەو بنەمایە لە کۆمەڵناسیدا وەکو رێگەیەکی مەزنی شیکردنەوە ئەوەی دەرخست، کە چۆن خەڵکی دیاریکردنی هاوبەش بۆ واتای شتەکان وەدەستدێنن، لەگەڵیشیاندا بنەماکانی ژیانی کۆمەڵایەتی، هەروەها هەتا سروشتی تایبەتی خۆشیان ملکەچی ئەو شیکارە دەبێ، ئەوەشی بەکارلێکردن لەگەڵ ئەوانی دیکەدا لە رێی زمانەوە، یان هەروەك کۆمەڵناسان ئارەزووی ئەوە دەکەن بڵێین لە رێی ((ئاڵوگۆڕی کارلێکردنی هێمایی))یە.

دوو هێڵی تا رادەیەك لە یەك جیاواز لەبارەی بیرۆکەی ئاڵوگۆڕی کارلێکردنی کۆمەڵایەتی و واتای هاوبەش وەکو بنچینەیەك بۆ لێکدانەوەی تاکیی بۆ جیهانی بابەتی گەشەیان کردووە. یەکێکیان لە سەرەتاکانی دەروونناسی کۆمەڵایەتی لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا هات.

زانا چارلز هۆرتۆن کۆلی قەناعەتی بەوەهێنا، کە خەڵکی دەتوانن بۆیەکتری بگەڕێنەوە نەك لەسەر بنچینەی سیفەتە بابەتییەکانیاندا هەروەك لە واقیعدا هەیە، بەڵکو لە رێی ئەو ((ئینتباعاتانەی)) کە هەر یەکێکیان لای ئەوانی دیکە لە رێگەی کرداری کارلێکردنی نێوانیان دروستی دەکا. کولی ئەو ئینتیباعاتەنەی بەناوی ((فیکرە کەسییەکان)) وەسفکردووە. ئێمە ((فیکرەی کەسیی)) لەسەر هەموو ئەو کەسانەی دەیانناسین پێکدێنین، بە واتایەکی هەمەکی دیکە ئێمە ((فیکرەی کەسیی)) لەسەر ئەو کەسانەش دروست دەکەین، کە لە جیاوازەکاندان ئەگەر بەشێوەی کۆمەڵە لە هەموویانمان روانی کەواتە، ((فیکرەی کەسیی)) دەبێتە بنیاتێك بۆ واتا، واتە کۆمەڵێك لەو خەسڵەتانە بە خەیاڵماندا دێن و دەیخەینە سەر هاوڕێ و ناسیاوانمان وەکو لێکدانەوەیەك بۆ جیهانی واقیعیان.

کولی باوەڕی بەوە هەبوو ئێمە لەگەڵ ئەوانی دیکە بەشداری لە کارلێکی کۆمەڵایەتیدا دەکەین، چونکە ئێمە دەتوانین ((تێڕوانینی هاوشێوە)) بۆ کەسە راستەقینەکان لە مێشکماندا پێکبێنین. ئێمە ئەو ((فیکرەی کەسیی))یەی کە هەڵیدەگرین لەبارەی هەر یەکێکیانەوە وەکو بنەمایەك بۆ پێشبینی کردنی هەڵسووکەوتەکانیان بەکاریدێنین. هەروەك ئێمە ئەو

ئینتباعاتانه بەکاردێنین بۆ پێشبینیکردنی هەڵسوکەوت ئەوانەی دیکەش، کە وەکو هاوشێوەی ئەوان دەردەکەون. پێویستیش ناکا بڵێین ئەوانی دیکەش هەمان شت لەگەڵ ئێمەدا دەکەن. کولی دەڵێ:

بە گوێرەی لێکۆڵینەوەی پەیوەندی کۆمەڵایەتی دەم و دەست، ((فیکرەی کەسیی)) دەربڕی کەسێکی راستەقینەیە. بەدەربڕینێکی دیکە، تەنیا لەم وێناکردنەدایە ئەوە دەبینینەوە، کە کەسێك ئەلتەرناتیڤێك بۆ ئەوەی دیکە دەبینێتەوە و راستەوخۆ کار لە عەقڵی دەکا. واقیعی کۆمەڵایەتی دەم و دەستیش ((فیکرەی کەسیی))یە و هیچ شتێکی دیکەی لەمە روونتر نییە.

کۆمەڵگاش لەلایەنی دەمودەستیدا عیبارەتە لە ((پەیوەندی نێوان فیکرەکانی کەسێتی)). تا کۆمەڵگایەك هەبێ، ئەوا روونە، کە دەبێ کەسەکان لە شوێنێکدا بەسی بکەن و ئەوان تەنیا وەکو فیکرەی کەسیی لە عەقڵیاندا کۆدەبنەوە(١٤).

لە کۆپلەی پێشوودا، رەگەزێکی زیادکراومان باس نەکرد، کە کولی وەکو رەگەزێکی بنچینەیی کارلێکی کۆمەڵایەتی گفتوگۆی لەسەر کرد ئەویش ئەوەیە، کە پێویستە ئێمەش ((فیکرەی کەسیی)) دوور و درێژمان لەبارەی خۆمانەوە هەبێ. ئەوەش زانیارییەکی گرنگمان پێشکەش دەکا لەسەر دیاریکردنی ئەوەی چۆن لەگەڵ ئەوانی دیکەدا هەڵسوکەوت بکەین. زانینی ئەوەی ئایە ئێمە نێرین یان مێ، درێژ یان قەڵە و گێل یان زیرەك، جوان یان ناشیرین، گەنج یان پیر، هەموو ئەو سیفەتانە گرنگن لە پێکهێنانی وەڵامدانەوەکانمان بۆ ئەوانی دیکە کە ((فیکرەی کەسیی))مان لەبارەیانەوە هەیە. هەروەك ناسینی خۆمان دەکرێ لە کرداری کارلێکردنی کۆمەڵایەتی، کە بنچینەیەکی زمانییە هەر وەدەستبێنین.

کولی ناوێکی سەرنجڕاکێشی لەو زانیارییانە ناوە، کە ئێمە لەبارەی خۆمانەوە دەیزانین ((روانین لە نەینۆکی خۆمان))، چونکە ئەو باوەڕی بەوە هێنا ئێمە ئەو ئینتباعەی کە وەکو ئادەمیزاد هەمانە بەچاودێرکردنی هەڵسوکەوتی ئەوانی دیکە لە بەرامبەرمان وەدەستی دێنین. جۆرێك لە ئاوێنەی کۆمەڵایەتی هەیە، کە خەڵکی تێدا دەبینین پەسندمان دەکەن یان رەتمان دەکەنەوە، خۆشیان دەوێین یان رکیان لێمان دەبێتەوە، هەڵسوکەوتەکانمان پەسەند دەکەن یان رەتی دەکەنەوە. لەو زانیارییانەوە ئێمە دەگەینە ئەنجام لەبارەی سروشتی خۆمان:

هەریەکێك لە ئێمە وەکو نەینۆك وایە بۆ ئەوەی دیکە
وێنەی ئەوەی دیکە نیشاندەدا کاتێك بەپێشیدا تێدەپەڕێ(١٥).

بەم شێوەیە تیۆری ((بنیاتی کۆمەڵایەتی)) کۆڵی جۆرێك بوو لە ((ئەندامیەتی عەقڵی)) کە کۆمەڵەکانی کۆمەڵگای مرۆیی وەکو سیستەمێك لە فیکرەی کەسیی دەبینێ بە زیادکردنی فیکرەی کەسی لەبارەی خودەوە بۆی کە هەموو کەسێك وەکو پێکهاتەی ناوەوەیی و خودیی واتاکان دەیهێنێتە بوون.

لێکدانەوەی تیۆری ((ئەنجامی کەسیی و کۆمەڵایەتییەکان بۆ کارلێکردنە هێماییەکان)) بە رێگەیەکی گەورەتر ئەنجامدرا، هەروەکو لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا بەهۆی جۆرج هیربرت میدی زاناوە رێکخرا[١٦]. سەرەڕای ئەوەی ئەو فەیلەسووف بوو، بەڵام کاریگەرییەکی بەهێزی لەسەر ئەو کۆمەڵناسانە هەبوو ئەوانەی کە هەوڵیاندەدا لە پەیوەندی نێوان بیرکردنەوەی مرۆڤ و هەڵسوکەوتی کەسیی و سیستەمی کۆمەڵایەتی تێبگەن. میدی زانا وشەی ((عەقڵ))ی بەکارهێنا بۆ ئاماژە دان بە توانای مرۆڤ بۆ فێربوون و بەکارهێنانی ئەو هێمایانەی ماناکانیان لەگەڵ ئەوانی دیکەدا هاوبەشی پێدەکا نەك وەك کاریگەری بێ هێز. مید خۆی بەوەوە بەستەوە، کە بەهۆی ئەو وزە عەقڵییە بۆ فێربوون و بەکارهێنانی هێماکان، خەڵکی دەتوانن پەیوەندی بەیەکەوە بکەن لە رێگەی ئەو زمانەی، کە لەسەر ئەو واتایانەی کە پێشتر لەسەری رێککەوتوون بنیاتنراوە.

هەروەها تواناداریش لەسەر پەیوەندیکردن بە ئەوانی دیکە لە کلیلێك بۆ بیرۆکەکان تاك دادەنرا. مید کرداری بیرکردنەوە بە وەڵامدانەوەی ناوەوە بۆ هێما فەردییەکان یان ئەوانەی لە خودەوە ئاراستە دەکرێت دانا، لەبەر ئەوەی مرۆڤ ئەو توانایەی هەیە، ئەوا دەتوانێ چەمك لەسەر خودی خۆی بنیاتبنێ بەو رێگایەی کولی پێشنیازی کرد. هەروەك مرۆڤ دەتوانێ  فێری ئەوە ببێ، کە چۆن پێشبینی هەڵسوکەوتی ئەوانی دیکە و ئەو بکا کە، بە هەڵسوکەوتێکی پەسندی دەزانن لە رووی کۆمەڵایەتییەوە.

مید ئاماژە بەوەکرد، بۆ ئەوەی بگەڕێینەوە بۆ ئەوانی دیکە، ئەوا پێویستە لەسەرمان ((رۆڵەکانیان بگێڕین))، بەو واتایەی ئێمە پێویستە فێری هەموو داواکارییەکان ببین بۆ گێڕانی هەموو رۆڵە دیاریکراوەکان لە کۆمەڵدا، دواتر ئەو چەمکانە بۆ پێشبینی ئەوە بەکاربێنین، کە وەڵامی ئەوانی دیکە چۆن دەبێ لە رۆڵی دیاریکراودا لە هەڵسوکەوتەکانمان لە سەرەتادا، ئێمە وەك منداڵ ئەمە لە وادەکەی خۆمان دەکەین. دواتر، چەمکەکانمان فراوانتر دەکەین (مید) ناوی لەو پێکهاتەیە نا ((دواییینی گشتگیر)). بەم شێوەیە لە عەقڵ و خود و کۆمەڵگا، هەموویان هەڵسەنگاندنی کەسیی، و دیاریکردنی رۆڵەکان پێکهاتن، کە لە رێگە کارلێکی

هێمایی، کە کۆمەڵناسەکان ناویان ناوە ((تیۆری ناونان))، یان ((تیۆری پسوولە یان واژوو یان نیشانە)). ئەو تیۆرە لە لێکۆڵینەوەی لادانەوە و شتەکاندا زۆر گرنگە. بیرۆکە سەرەکییەکە ئەوەیە ئەو کەسەی کە یاسا پێشێل دەکا یان هەر رەوشتێکی سروشتی دەبەزێنێ بە فەرمی بەهۆی یەکێك لە وەکالەتەکانی کۆمەڵگا لەبەین دەبرێ.

ئەو ((هێما)) یان ناوەی کە بەو کەسە دەگوترێ کە کارە نایاساییەکە ئەنجامدەدا، لەو کاتەدا بۆ کەسەکە دەبێتە ((سیفەتی مەزن)) یان ((واتای گشتی)) و ئەوە دیاری دەکا، کە ئەوانی دیکە چۆن هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکەن. ئەوەش لە کۆتاییدا دەبێتە هۆی روودانی گۆڕانکاری لە چەمکی کەسەکەوە لەبارەی خۆی. بۆ نموونە، هێما یان ناوی وەکو ((نەخۆشی عەقڵ (شێت))) یان ((رووداوێکی لادەر)) یان ((لەش فرۆش))، هەموویان واتای بەهێز دەورووژێنن و وامان لێدەکەن مامەڵەی نەرێنی لەگەڵ ئەو کەسانەدا بکەین، کە ئەو ناوانە هەڵدەگرن. هەڵاتن لەو پۆلینانە کارێکی قورسە هەتا ئەگەر ئەو رووداوانەی، کە بوونەتە هۆی ئەوەی ئەوەمان بەسەربێ پاژێکی زۆر سادەبن لە ژیانی مرۆڤ بە گشتی. سەرەڕای ئەوەش، ئەو سیفەتانە (نەخۆشی عەقڵی، رووداوێکی لادەر، و لەشفرۆش) رەنگە زۆردارانەبێ. بۆ نموونە رەنگە خەڵکی لە نەخۆشی عەقڵ چاك ببنەوە، یان رووداوی رەوشتە لادەرەکانیان چاکبکەنەوە، یان واز لەو رەوشتە سێکسییە بێنن، کە کۆمەڵگا پێی قایل نییە، بەڵام هەر کاتێك تاکێك بووە نەخۆشێکی عەقڵی، ئەوا لە تێڕوانینی کۆمەڵگادا بە نەخۆشی عەقڵی دەمێنێتەوە هەتا ئەگەر بە تەواویش چاك بووبێتەوە. بەم شێوەیە، ئەو واتایانەی، کە خەڵکی جێی ئەوانی دیکەی پێ دەگرنەوە بە رێپیشاندەرێك بۆ رەوشتیان دەمێنێتەوە رووەو ئەو کەسانەی، کە ئەو خەسڵەت یان نیشانانەیان هەیە. لەو نموونە درامیانەی دەیانڵێین روو دەدەن کاتێك، کە خەڵکی بزانن کەسێك تووشی نەخۆشی ((ئایدز)) بووە.

تیۆرێکی سەربەخۆ هەیە بۆ پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کە لە کۆمەڵناسیدا گەشەی کردووە و بەشێوەیەکی گشتی چارەسەرێکی فراوانتری کێشەی مەعریفە دەکا. یەکێك لە لقەکانی ئەو تیۆرە ناوی ((کۆمەڵناسی مەعریفە))یە، ئەوەش تەعبیرێکە ماکس شیلەری فەیلەسووف لە بیستەکانی ئەم سەدەیەدا دایڕشت، بەڵام رەگەکانی ئەو زانستە بەناو رابردوودا شۆڕدەبنەوە و دەتوانرێ بە هەمان رەچەڵکی فەلسەفیی کلاسیکی، ئەوەی کە پێشتر گفتوگۆمان لەسەر کرد بەدوایدا بچین. بیرۆکەی بنچینەیی لەم تیۆرەدا ئەوەیە ((زانیاری هەر شتێك))، کە کۆمەڵگا

وەدەستی دێنیٚ لەو رۆشنبیرییە پێکدیٚ وەردەگیریٚ، کە لەو سەردەمدا باوبووە. ئەم فیکرەیەش گرنگە بۆ هەڵسەنگاندنی بیروباوەڕەکانی لەبارەی حەقیقەتەوە لە ئێستا و لە رابردوودا.

بە شێوەیەکی تایبەتی، کۆمەڵناسان گرنگی شێوازی بەمەعریفە دەدەن، کە سروشتی کۆمەڵگا پێکدێنن. ئەمەش لەسەر شێوە ئایدیۆلۆژیاکان یان ئایینەکان یان لێکدانەوەی زانستی هەروەها بێگومان لەسەر شێوەی جادوو بیروباوەڕی پڕوپوچیش دەردەکەون. هەموو ئەمانە لە کاتێك لە کاتەکاندا کەرتی گەورە لە کۆمەڵگادا باوەڕیان پێی هەبوو، و بە تاکە حەقیقەتیشی دادەنێن، کە سروشتی زانای کۆمەڵناسیان بۆ لێکدەداتەوە. هەروەك مامەڵەکردن لەگەڵ مرۆڤدا لە رێکخستنە کۆمەڵایەتییەکاندا بەپێی ئەو جۆرە زانیارییانە پێکدێن، و رەنگە کاریگەرییەکی قووڵیشی لەسەر جۆری ئەو ژیانە هەبیٚ، کە مرۆڤی تێیدا دەژییٚ[١٨].

## دەروونناسی کۆمەڵایەتی: پلانێك بۆ واتاکانی واقیع

لە سەردەمە نوێکاندا، کۆمەڵناسان بایەخدان بەکێشەی پێکهێنانی واتا لای مرۆڤ و ئەوە چۆن کاریگەری دەبیٚ لەسەر رەوشتەکەی لە بەراییەکانی خۆیانیان دانا. ئەو دەربڕینانەی بەکاریان دەهێنا بۆ پۆلینکردنی بابەتە جیاوازەکان لەوانەی، کە لە زانستەکانی دیکەدا هەن، هەرچەندە بایەخدانە سەرەکییەکان زۆر بەیەکدەچوون. لەم جۆرە لێکۆڵینەوانەدا، ئارەزووی دەروونناسان بۆ تاقیکاری هەرمایەوەو، هەروەك هەست کردنە گشتییەکەیان بە ئاسوودە نەبوون بە لێکدانەوەی عەقلی بۆ رەوشتی مرۆڤ هەرمایەوە. ئەوان ئارەزوویان هەیە وشەکانی وەکو ((عەقڵ)) و ((بیرکردنەوە)) وەلابنێن و وشەی وەکو ((مەعریفە)) و ((پێکهێنانی ئینتیباعات)) و ((لێککردنەوەی زانیاری))، کە تا رادەیەك پتر ئارام دەردەکەون، بەکاربێنن.

لە کۆتاییدا کۆنفرانسێکی گرنگ لەبارەی ئەم بابەتانەوە بەسترا، نزیکەی یازدە لێکۆڵینەوە لەبارەی ((مەعریفەی کۆمەڵایەتی)) پێشکەشکران. لەو کۆنفرانسەدا، کە نزیکەی هەموو ئەو لێکۆڵینەوانەی دەروونناسە کۆمەڵایەتییەکان لەبارەی بابەتی ((مەعریفەی کۆمەڵایەتی)) تا ساڵی ١٩٨١، ئەنجامدابوو، کورتکرابوونەوە، ئەو زانایانە نزیکەی هەزار نیشانەی لێکۆڵینەوەکانی دیکەیان (زۆرینەیان هی دەروونناسانی دیکەبوون) بەکارهێنابوو. زۆرینەی جۆرەکان بەزۆری لەم سی ساڵەی دواییدا بڵاوکرانەوە، کە ئاماژەیە بۆ گەڕانەوەیەکی لەپڕ لە بایەخدان بە بابەتی واتاو هەڵسوکەوت[١٩]. لە کاتێکدا زاناکان لەو کۆنفرانسەدا زۆر گرنگیان

بەباوەڕی هۆکارەکانی گەیاندن نەدا، بەڵام بە کورتەیەکی نایاب دادەنرێ بۆ ئەو بەڵگانەی لە نوێوە کەڵەکە بوون، ئەوەی کە تاقیکردنەوە دەروونییەکان لەبارەی کێشە کۆنەکەی سروشتی مەعریفە لای مرۆڤ کاریگەری لەسەر رەوشت بوونە هۆی دروستبوونی. هەروەك پێشتر ئاماژەمان پێدا، ئەو ئاریشەیە هەستیار دەمێنێتەوە بۆ تێگەیشتنی گرنگیی هۆکارەکانی راگەیاندن لە کۆمەڵگای نوێدا.

((مەعریفەی کۆمەڵایەتی)) وەکو سێبەرێك دادەنرێ، کە ((پێکهاتەکانی مەعریفە)) و ((کردارە بنەڕەتییەکانی حوکمی کۆمەڵایەتی لەسەر شتەکان و هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی))[٢٠] پێکەوە دەبەستێتەوە. هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی ئەو کردارەی گەیاندن لەخۆ دەگرێ، کە لەسەر شێوەیەك چارەسەرکراوە، کە ناوی ((گەمەی گەیاندن))ی لێنراوە. تیۆرە زانستییەکانی دیکەش بەناوێکی تەقلیدی ((پەیوەندیکردن لە نێوان خەڵکی)) ئاماژەیان بەو کردارە کردووە. بابەتی دیکە لە لێکۆڵینەوەی دیکەدا دەردەکەون، کە پەیوەندیان بەم بابەتەوە هەیە وەکو ئەوەی جۆرج هربرت مید ناوی نابوو ((رۆڵ گێڕان))، کە ئێستا پێی دەگوترێ ((بنکەی گەیاندنی ژمارە ١))، و ئەوەی کولی ناوی نابوو ((فیکرە کەسییەکان)) کە ئێستا پێی دەگوترێ ((نوێنەرایەتی کردنی زەینیی کەسەکان)). تەنیا یەك ئاماژە هەبوو بۆ فەیلەسووفێکی گریکی (ئەرستۆ)، کە لەناو هەموو لێکۆڵینەوەکاندا، هەروەك ناوەکەی (ئەرستۆش) لە لێکۆڵینەوەکاندا بە شێوەیەکی هەڵە نووسرابوو.

سەرەڕای ئەو ئاراستە جیاوازانە لە ستراتیژییەتی لێکۆڵینەوەدا، وەکو ناونانی چەمکەکان، و رێزگرتن لە کاری بیرمەندە پێشینەکان، ژمارەیەك هێڵی لێکۆڵینەوەی گرنگ بە دواداچوونیان بۆ کرا، کە ئەو بەدواداچوونە لە تیۆرە کۆمەڵایەتییەکان و تیۆرەکانی دیکەی گەیاندن هاوسەنگ دەکا. ئەو لێکۆڵینەوانە لەوەش گرنگتربوون، دەروونناسان دووبارە زمان و رۆڵی زمانیان لە کارلێکی کۆمەڵایەتیدا دۆزییەوە. ئەو بیرۆکە بنەڕەتییەی زۆرینەی لێکۆڵینەوەکانی دەروونناسی کۆمەڵایەتی لەبارەی مەعریفەی کۆمەڵایەتی لە دەوریدا دەسووڕێنەوە، چەمکی پلانە. ئەو چەمکە لە ساڵی ١٩٣٤ بەهۆی دەروونناسی بەریتانی فریدریك بارتلیت پێشکەشکرا[٢١]. لێکۆڵینەوەی لەسەر پەیوەندیکردن لە حیکایەتە میللییەکان لە نێوان کۆمەڵە جیاوازەکانی ئەفریقادا ئەنجامدا وەکو هەوڵێك بۆ گەیشتن بە ئەرك و سنووری بیرەوەری لای مرۆڤ.

بەداخەوە، ئەمڕۆ ئەم دەربڕینە دەیان پێناسەی هەیە، بەڵام بەگشتی لەو ڕێگەیەوە ئاماژە دەکا، کە بیرەوەری مرۆڤ لە رووی دەروونییەوە پێکدێنێ، و ئەم پێکهاتەیەش چۆن دەتوانێ بگاتە چەمك و گەیاندن و رەوشتی کۆمەڵایەتی.

پلان Schema پێکهاتەیەکی مەعریفەیە بەشێوەیەکی پاژی لە نوێنەرایەتی بەشێك لە ناوچەی کاریگەری هۆکاری کارتێکەری دیاریکراو پێکدێ. پلان زانیاری گشتی لەبارەی ناوچەی کاریگەری تێدایە. بەم شێوەیە، یەکێك لە ئەرکە سەرەکییەکانی پلان ئەوەیە وەڵامی پرسیاری ((چییە؟)) بداتەوە. پلان بیردۆزە لەبارەی ئەو کارتێکەریانە پێشکەش دەکا، کە دێن کە پلان بۆ لێکدانەوە و کۆکردنەوەی زانیاری پەیوەست بە پلانەکە لەخۆ دەگرێ. هەروەها بنچینەیەکیشی بۆ چالاکردنی ڕێزبەندییەکانی هەڵسوکەوتی کارەکی رەخساندووە، کە لەسەر پێشبینی ریزبەندی دیاریکراوی رەوشت داندراو، .. یان بە واتایەکی دیکە تێست دەرەخسێنێ بۆ چۆنیەتی هەڵسوکەوتی تاك لە هەڵوێستێکی کۆمەڵایەتیدا[٢٢].

ئەگەر ئەفلاتوون بیتوانیبایە ئەو زاراوانەی تایبەتن بە دەروونناسی لێیان تێبپەڕێ، ئەوا بە چاکی لە بیرۆکەی پلان Schemata تێدەگەیشت، کە لە بنەڕەتدا ((ڕێکخستنی کەسیی بوو، بۆ واتا خودییەکان))ی شتەکان، و ئەو هەڵوێست و رووداوانەی مرۆڤ لە ڕێی هەستەکانییەوە هەستیان پێدەکا. ئەوەش ڕێگای زانای دەروونناسییە بۆ قسەکردن لەسەر مەعریفەی ئەمبارکراوی مرۆڤ-یان ئەو وەڵامدانەوە ناوخۆییانەی لەکاتی دەرککردنی راستەوخۆی شتێکدا، یان لەکاتی بەکارهێنانی وشەکانی پەیوەندیکردن لەگەڵ ئەوانی دیکەدا لەبارەی ئەو بابەتەوە دەورووژێنرێ. نموونەیەکی سادە هەیە، کە بیرۆکەی ((ماڵ))ە. ئەمە لە چوارچێوەی تیشکی بیرەوەری مرۆڤدا عیبارەتە لە خەسڵەتەکان و ئەوەی ئەو شتە نوێنەرایەتی دەکا، لەگەڵ ئەوەدا ئەوە بۆ کەسە کە دەڕەخسێنی کاتێك بەڕاستی بۆ ئەوەی رووبەڕووی ماڵێك دەبێتەوە دەیەوێ کارتێکەرە هەستییە هاوشێوە ناوخۆییەکانی بناسێنی، کە چوونەتە ناو عەقڵ داخۆ لەگەڵ ئەو تاقیکردنەوانە دەگونجێ، کە پێشتر لەبارەی ئەم ((ساڵە))وە ئەمباری کردوون. ڕێکخستنی ئەو تاقیکردنەوانە لە مێشکدا بیرەوەری ئەو شتەیە کە زانایان ناویان ناوە ((پلان)) Schema، بەڵام ئەو پلانە تەنیا لە کاتی بینینی ماڵێکی راستەقینەی دەرکپێکراودا کارناکا، بەڵکو بە بنچینەیەك دادەنرێ بۆ هۆشەکی واتاکان کاتێك یەکێك و کاتی پەیوەندیکردنی نێوان تاکەکان وشەی ((ماڵ)) دەدرکێنێ. هەروەها واپێویستە، کە فیکرەکە ئەو کاتەش کار بکا کاتێك یەکێکیان دەیەوێ تەعبیر لە فیکرەی کەسێکی دیکە

بکا، و وشەی ((ماڵ)) بەکاربێنێ بۆ ئەوەی ئەو فیکرەیە دەربڕێ. سەرباری ئەوەش، پلانەکە کەسەکە ئامادە دەکا بۆ بەشداریکردن لە هێنانە پێشچاوی ئەو شتانەی لە ماڵەکاندا واتای بیرکردنەوەیان هەیە، و پاژێکی گرنگیش لە پێکهێنانی رەوشتی کەسیی و کۆمەڵایەتی رووەو ماڵەکان یان لەو هەڵوێستانەی پەیوەندییان بە ماڵەکانەوە هەیە دەرەخسێنێ.

بەم شێوەیە، لێکۆڵینەوەی دەروونی کۆمەڵایەتی هاوچەرخ جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە زۆر پێشتر بەهۆی فەیلەسووفەکان و ئەنترۆپۆلۆژییەکان و کۆمەڵناسان و ئەوانی دیکەش باسکرابوو. پەیوەندییەکی گرنگ هەیە لە نێوان ئەو مەعریفەیەی لە فێربوون لە کۆمەڵگادا وەدەستی دێنین لەگەڵ ئەو رێگەیەی لە بەرامبەر جیهانی ماددی و کۆمەڵایەتی چاردەورمان هەڵسوکەوتی پێدەکەین. پلانەکە Schemata ئەوەی کە وێکچوونێکی زۆری هەیە لەگەڵ فیکرەی ئەفلاتوون لەبارەی ((شێوەکان))ەوە، لێکدانەوەیەکمان بۆ ئەرکی سایکۆلۆژی بیرەوەری و دەرککردن و بیرکردنەوە و پەیوەندیکردن پێشکەش دەکا.

تا رادەیەکی زۆر لەگەڵ بیرکردنەوەکەی پێشوو لەبارەی سروشتی واتاکان و رەوشتدا دەگونجێ، کە بیرۆکەی پلان Schemata پێکهاتەیەکە لە کرداری فێربوونی کۆمەڵایەتیدا وەدەستدێ. روونیشە، کاتێك کەسەکان لە دایك دەبن ئەو پێکهاتە ناوخۆییانەیان نییە بۆ جیاکردنەوەی واتاکان، بەڵکو وەکو ئەنجامی ئەوەی زانایان ناوی دەنێن گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی بۆ تاك، دێ. ئەوەش لە ناو کۆمەڵگایەکی دیاریکراو دەبێ، کە بنەمای دانسقەی هەیە بۆ پێکهێنانی واتاکان. بەکورتی، تاقیکردنەوەکانی دەروونناسی کۆمەڵایەتی جەختکردنەوەی زیادی بۆ بنەما باوەکان، بە قووڵییەوە دەریخست، کە دەڵێ ئەو واتایانەی مرۆڤ باسیان دەکا بنەمای مەعریفەن و ئەو واتایانەش لەگەڵ پۆلینکردنیان و رێککەوتن لەسەریان، بنچینەی گەیاندنن، و گەیاندنیش بنچینەی سیستەمی کۆمەڵایەتییە.

ئەوەی لەو وەسفە خێرایەی هەندێك بایەخی ناوەندیی بۆ چوار لێکۆڵینەوەی هاوچەرخ جێی سەرسوورمانە ئەوەیە، کە لە زۆر لایەنەوە بەدواداچوونیان بۆ هەمان بابەتە سەرەکییەکان کردووە، بەڵام بە رێگای جیاواز. یەکێکیان وشەی جیاواز بەکاردێنێ، هەروەها تاقیکردنەوەی جیاوازیش. کۆمەڵناس ئارەزووی ئەوەیان هەیە ببنە پاژی لە یەکدابڕاو لە رووی فیکرەوە، کە خەڵکی دەژین و کاردەکەن و لەوەش دابڕاون، کە لە جێیەکانی دیکە وەکو گەڕەکە هەژارە، ghrettos دابڕاوەکان چ روودەدا. هەروەها ئەوەش جێی داخە، کە لێکۆڵەرە هاوچەرخەکان وادەردەکەوێ دەرکیان بەو مەعریفە قووڵە نەکردووە، کە لە حاڵەتی مرۆییدا وەدەستهاتووەو،

چەندین سەدەیە لەبارەی فیکری کۆمەڵایەتییەوە کەڵەکە بووە، لە هەمانکاتیشدا پەیوەندییەکی بەهێزی بەو بابەتانەوە هەیە، کە ئێستا لێی دەکۆڵنەوە. ڕەنگە، بەهۆی ئەو هۆیانەوەبێ، ڕێژەیەکی زۆر لە دووبارەکردنەوەی داهێنانی تیۆر و چەمکەکان لە لێکۆڵینەوەکانیاندا دەبینرێ. لەکاتێکدا ئەو لێکۆڵەرانە نوقمی تاقیکردنەوە لێکۆڵینەوەییە تەسکەکانیان بوونە، و خۆشحاڵیشن بە نەفامیان بەرامبەر میراتی ڕۆشنبیریان، ئەوا زۆرێك لەو لێکۆڵەرە نوێیانە ناویان لێدەنرێ ((کۆلۆمبسی نوێ)). ئەوەش ئەو دەربڕینەیە زانای کۆمەڵناس بتریم سوروکین دایهێناوە. ئەوان دووبارە ئەوەی، کە ماوەیەکی یەکجار زۆرە زانراوە دووبارە دەیدۆزنەوەو ناوی لێدەنێنەوە. سەرەڕای ئەوەش تێکۆشانی ئەو جۆرە لێکۆڵینەوانە دەکرێ گرنگ بن و ئەوەی گومانیشی تێدا نییە ئەوەیە ئەوانە ڕووەو لایەنی مەعریفە بەرەو پێشەووە پاڵ دەنێن.

## هۆکارەکانی ڕاگەیاندن و کاریگەری ئەو واقیعەی لێوە وەرگیراوە:

ئەو لێکۆڵەر و توێژەرانەی لە هۆکارەکانی ڕاگەیاندن و کاریگەرییەکانی دەکۆڵنەوە ژمارەیەك تیۆریان پەرەپێدا، کە لە بنەڕەتدا لەسەر ئەو بنەمایە گوتراوەی، کە دەڵێ واتاکان و لێکدانەوەکانیان بۆ واقیع پێکهاتەی کۆمەڵایەتین، بنیاتنراوە. ئێستاش وردە وردە زیاتر ڕوون دەبێتەوە، کە ئێمە -وەکو پیاوەکانی ئەشکەفتی ئەفلاتوونین- وامان لێهاتووە بەزۆری ئەو جیهانە دەبینین، کە جیهانی ڕاگەیاندن داپۆشیوە زیاتر لەوەی خودی حەقیقەت ببینین بەپێچەوانەی ئەفلاتوون و نمایشکردنی سێبەرەکە لەسەر دیوارەکە، ئەوا هۆکارە ڕاگەیاندنە نوێکانمان ئەوەی کە دەگاتە چاو و گوێمان فراوانترە. لەوەی بەرتەسکی بکەنەوە، بەڵام ئێمە هێشتا نواندنی واقیع دەبینین نەك خودی واقیع ئەو حەقیقەتەش بێگومان دەبێ کاریگەری لەسەرمان هەبێ. لە ڕاستیدا یەکێك لە نیشانە مەزنەکانمان بۆ گوێزانەوەمان لە ئێستادا بۆ چەرخی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن ئەوەیە، ئێمە پەیوەندیمان بەوەوە هەیە، نوێنەرایەتی پێگەی واقیعی لە ڕووی ڕاگەیاندنەوە دەکا یان پێی هەڵدەستێ. ئەو وێناکردنەی واقیعیش جیهانی ماددی و کۆمەڵایەتی ئاڵۆز دەردەبڕێ پتر لەوەی خەسڵەتە بابەتییەکانی جیهانی کەسیی بەرتەسکمان بۆ دەربڕێ.

پسپۆرانی ڕاگەیاندن و تیۆرداڕێژەکان هەوڵیاندا ڕێگەی نوێ بۆ لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە دابهێنن، کە شۆڕدەبێتەوە ناو ئەنجامەکانی گوێزانەوەمان بۆ کۆمەڵگای هۆکارەکانی

راگەیاندن. هەندێکجار، تیۆر و لێکدانەوەکانیان لەسەر بنچینەی ئەو میراتە رۆشنبیرییە دامەزرابوو، کە لەم بەشەدا شیمانکردەوە. هەندێکجاری دیکەش، تیۆرەکانی گەیاندن هاوسەنگ بوون لەگەڵ تیۆری زانستە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە، هەروەك ئەو بنەمایانەی، کە لە سەردەمی سەرەتادا دۆزرابوونەوە وەلای نان. هەرچۆنێك بێ، زانایانی گەیاندن گەشەیان بە چوار تیۆردا، کە تا رادەیەك لە یەك دەچن یان لەوە وەرگیراون کە ناومانناوە ((نموونەی واتای گشتی)) . ئەم ((نموونەیە)) لەسەر بنەماکانی رەگەزی ئادەمیزادی بۆ یەکەمجار دەستیان بە جەنگی زەینی کرد بۆ تێگەیشتن لە سروشتەکەیان، هەروەها چۆن لە بوونەوەرەکانی دیکەی دەوروبەریان جودادەبنەوە. کەواتە ((نموونە)) بە پاژێك لە میراتی رۆشنبیری دادەنرێ، کە پشکنینەکەی و دووبارە پشکنینەوەی بە درێژایی سەدەکان لە شیکاری فەلسەفی و گفتوگۆدا ئەنجامدرا. ئەوەش لە بەشێکیدا دەگەڕێتەوە بۆ هەوڵەکانی زانستە کۆمەڵایەتییە هاوچەرخەکان.

تێگەیشتن لەو جۆرە بیرۆکە جۆراوجۆرانە لە هەر لیستێکی سادەشدا، کە ئەو بابەتانە لەخۆ بگرێ کارێکی ئاسان نییە، بەڵام ((نموونەی واتا)) لە بنچینەدا ئەو پێشنیازە چووە ناو یەکانەی خوارەوە لەخۆ دەگرێ:

(١) بیرەوەری لای مرۆڤ گەشەسەندنی مەعریفە دەرەخسێنێ.

(٢) مەعریفە لەسەر شێوەی چەمکەکان لە ئارادایە، کە پێکهاتەیەکە ناوی هەیە یان پۆلینکردنێکە بۆ ئەو واتایانەی کەسەکان باسی دەکەن.

(٣) مانای چەمکەکان کەس دەتوانێ یان لە رێگەی پەیوەندیکردنی هەستی راستەوخۆ لەلایەنە جیاوازەکانی واقیع وەدەستبێنێ یان لە رێگەی کارلێکی هێمایی لەو کۆمەڵانەی زمان بەکاردێنن.

(٤) زمان بنچینەی کۆمەڵێك هێمایە (گۆکراو و گۆنەکراو) بەکاردێ لە جوداکردنەوە و ناولێنان و پۆلینکردنی ئەو واتایانەی کە رێککەوتنیان لەسەر هەیە.

(٥) نەریتەکان یان رێککەوتنەکان، کە پێکبەست لە نێوان هێما و واتادا هەیە، بەمەش ئەو کردارەی پەیوەندیکردن لە نێوان ئەوانەی پابەندن بە بنەماکان دەرەخسێنێ.

(٦) هێما زمانییەکان، کە رێککەوتنیان لەسەر هەیە و گەلێکی دیاریکراو بەکاری دێنێ، تێگەیشتنیان یان لێکدانەوەیان یان هەڵسوکەوتیان لەبارەی جیهانی ماددی و کۆمەڵایەتیان پێکدێنێ.

بەم ڕێگەیە یان بەوەی دیکەیان، ئەوەی کە پێشتر باسمان کرد (شەش خاڵەکە) بەو بنەمایانە دادەنرێن، کە پێویستە لە کاتی داهێنانی تیۆری هۆکارەکانی ڕاگەیاندندا لەبەرچاو بگیرێن، کە یارمەتیدەرن بۆ تێگەیشتن لەوەی ناوەڕۆکی ڕاگەیاندن یان ناواخنی ڕاگەیاندن چۆن ڕۆڵێکی گرنگ لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی واتادا دەگێڕێ. لە ڕاستیدا ئەو تێگەیشتنە تەنیا چەند هەنگاوێکی سادە نەبێ، کە لەو تیۆرە بەراییانە تێنەدەپەڕی، کە لەسەر لایەنێکی دیاریکراوی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن دانرابوون. سەرەڕای ئەوە، دەتوانین چوار لەو تیۆرانە بناسین، کە چارەسەری ئەوە دەکەن، کە هۆکارەکانی ڕاگەیاندن چۆن واتای ئەو کاریگەریانە دروست دەکەن کە پێکیدێنن بەگوێرەی ڕەوشتی تاك. ئەو تیۆرانەش بریتین لە:

(١) ئەرکی ڕۆژنامەکار لە پێکهێنانی واتا هەروەك والتەر سیبمان لە بیستەکاندا دیاری کرد.

(٢) تیۆری ڕۆشنبیرکردن، کە دوای شیکارەکەی جۆرج جرنبر دەرکەوت وەکو کاریگەری تەلەفزیۆن لەسەر مەترسییەکانی جەماوەر لە توندوتیژی.

(٣) ئەرکی ڕۆژنامەگەری لە ڕێکخستنی خشتەی کارەکان، کە دونالدل شو و ماکسویل ماکۆبز پێگەیشتن وەکو هۆکارێك بۆ تێگەیشتنی ئەوەی جەماوەر چۆن بایەخی هۆکارە سیاسییەکان، ئەوانەی هەواڵ دایدەپۆشێ، پێکیان دێنێ.

(٤) کاریگەری هۆکارەکانی ڕاگەیاندن بۆ پێکهێنانی زمان، کە لە سەرەتادا ملفین دو فلورو تیمۆسی هەوڵی واتاو پێکهێنانیدا.

## ئەرکی ڕۆژنامەگەری لە بنیاتنانی واتا و پێکهێنانیدا:

بەرهەمی کلاسیکی ((ڕای گشتی))، کە وۆڵتەر لیمان نووسیبووی و بۆ یەکەمجار لەساڵی ١٩٢٢ بلاویکردەوە، نموونەی زۆری نمایشکردنن بۆ ئەوەی چۆن سیفەتە ڕاستەقینەکانی جیهان بەزۆری پەیوەندییان بەو بیروباوەڕانەوە نییە، کە خەڵکی باوەڕیان پێی نییە لەبارەی ئەو جیهانەی کە دەورەی داوین[٢٣]. هەروەها کتێبەکە گفتوگۆی لەسەر ئەوەش کردووە، کە چۆن ئەو لێکدانەوانەی ڕۆژنامەکان پێشکەشی دەکەن لەبارەی ڕووداوەکانەوە دەتوانێ بەشێوەیەکی مەزن لێکدانەوەی خەڵکی لە بارەی واقیع بگۆڕێ، هەروەها دواتر نموونەی هەڵسوکەوتەکانیشیان لەبارەی ئەو واقیعەوە دەگۆڕێ. لیبمان بۆ ئەمە نموونەیەکی پێشکەش کرد، ئەورووپای ساڵی ١٩١٤ و ڕاستەوخۆ دوای هەڵگیرسانی شەڕی دووەمی جیهان. بەو

ڕێژەیی چەند رۆژێك خەڵکێکی زۆر هەبوون، کە گوێیان لەوە نەببوو کە شەڕ هەڵگیرساوە (لەو کاتەدا هەواڵەکان بە ڕێگەیەکی هێواشتر دەگوازرانەوە). لە هەموو جیهاندا، خەڵکی بەردەوام بوون لە بەرهەمهێنانی کاڵا کە دەرفەتیان بۆ نەدەڕەخسا لە ڕێی کەشتییەکانەوە هەناردەی بکەن، و کڕینی کاڵا لە دەرەوە کە هەرگیز نەیاندەتوانی هاوردەی بکەن. هەروەك بەردەوام بوون لە دانانی پلان بۆ دواڕۆژیان و بیرکردنەوە لە کۆمەڵێك پرۆژە کە هەرگیز نەدەتوانرا وەدەستبهێنرێن. بەم شێوەیە، ئەوان لە جیهانێکدا دەژین، کە وێنەکەی بە شێوەیەکی بنەڕەتی دەگۆڕێ هەرکاتێ کە هەواڵی جەنگیان پێگەیشت.

خاڵی گرنگ کە لیبمان لێرەدا هەوڵی روونکردنەوەی دەدا ئەوەیە، کە ڕێگەی وێنەگرتنی رۆژنامەگەری لەو کاتەدا بۆ جیهان بەزۆری بە قەڵپ دادەنرا، چونکە زۆر لە خشتەبەر بوو، و وێنەی شێواو و هەندێکجاریش ((وێنەی تەواو قەڵپی لە مێشکماندا)) لە بارەی ((جیهانی دەرەکی)) دروست دەکرد. بۆ نموونە، کاتێك کە رۆژنامەکان لە ٦ نۆڤێمبەری ١٩١٨دا هەواڵی ڕێککەوتنی ئاگربەستیان بڵاوکردەوە (ئەویش هەواڵێکی قەڵپ بوو، چونکە ئاگر بەس تا دوای پێنج رۆژ نەهاتە دی) خەڵکی بەهۆی وێنەیەکی قەڵبی واقیع ئاهەنگیان دەگێڕاو دڵشاد بوون. لە هەمانکاتیشدا، هەزاران گەنج لە مەیدانەکانی جەنگدا ژیانیان دەسپارد.

لیبمان لەوەدا ئەوەی وەدەسهێنا، کە خەڵکی لەسەر ئەوە هەڵسوکەوت ناکەن، کە روودەدا یان بەڕاستی روویداوە، بەڵکو لەسەر ئەوە دەیکەن، کە باوەڕیان وایە هەڵوێستێکی راستەقینەیە. ئەو هەڵوێستانەشیان لەو وێنەیە دەستکەوت، کە رۆژنامەگەری پێشکەشیکردن، ئەوانەش ماناو لێکدانەوەیەك بوون، کە ڕێژەیەکی یەکجار کەمی لەو رووداوە تێدابوو، کە بە راستی روویدابوو. ئەمەش رەنگە ببێتە هۆی هەڵسوکەوتی ناشایستە و رەوشتێك هیچ پەیوەندییەکی نییە بەو حەقیقەتەی لە جیهانی دەرەوەماندا روودەدا.

لیبمان هیچ ناوێکی لە تیۆرەکەی نەنا، بەڵام روونە ئەمە تیۆرێکە بۆ پێکهێنانی واتایەك، کە تەرکیز لەسەر کاریگەری ئەو حەقیقەتە دەکا، کە هۆکارەکانی راگەیاندن پێشکەشی دەکەن. ئەوەش بە تەواوی لەگەڵ ((نموونەی واتا)) دەگونجێ، کە پێشتر گفتوگۆمان لەسەر کرد. بایەخەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە یەکێك لە زانیارییە بەراییەکان لەسەر رۆڵی هۆکارەکانی گەیاندنی جەماوەری بۆ پێکهێنانی واتاکان، کە بە بنچینەیەك دادەنرێن بۆ هەڵسوکەوتی مرۆڤەکان. بایەخە مەزنەکەشی روون بوو لەبارەی شێوازی ئەو هەواڵانەی، کە لە سەردەمی (لیبمان)دا هەبوون. واتە دەتوانین بڵێین ئەمە تیۆرێکە تایبەتە بە ((رۆژنامە)) کە

له سەردەمی لیبماندا هەبوو. بەم شێوەیە راپۆرتەکەی لیبمان لەسەر چۆنیەتی وەدەستهێنانی زانیاری لەلایەن خەڵکییەوە لە هۆکارەکانی راگەیاندندا ئاماژە بە ((ئەرکی رۆژنامەگەری دەکات لە پێکهێنانی واتادا)).

هۆکارەکانی راگەیاندن بە ئەنقەست نایانەوێ وێنەی قەڵپ، یان وەهمی دروست بکەن، یان یەکێك فریو بدەن، ئەمەش بەلایەنی کەم لە زۆرینەی کۆمەڵگا رۆژئاواییەکاندا، بەڵکو بە پێچەوانەی ئەمەوە، بنەما رەوشتییەکانی رۆژنامەگەری جەخت لەسەر ((بابەتی بوون)) و ((دادوەری)) و ((وردی)) و ((گەڕان بەدوای حەقیقەت)) دەکەنەوە. بەڵام ئەم یارییە بەر لەوەی کە یاریزانەکان دەستپێبکەن دۆڕێندراوە. هەڵبژاردنی ئەوەی بڵاودەکرێتەوە یان بڵاوناکرێتەوە و شێواندنی هەواڵیش ئەمانە کۆمەڵە ئەنجامێکن لە دەرەوەی دەسەڵاتی نوێنەرەکان، سەرنووسەرەکان و بەرهەمهێنەر یان بڵاوکراوەکاندان. وێنەگرتنی ((جیهانی دەرەوەمان)) هەروەك رۆژنامەگەری پێشکەشی دەکا کۆمەڵە ئەنجامێکن لەسەر ئەو بارودۆخانەی پێشتر لەسەر بڵاوکردنەوەدا هەبوون، پێکهێنراون، وەکو بابەتی دیاریکراو و بەردەست لای رۆژنامەنووسەکان بۆ راستەوخۆ لێکدانەوەیان لە کاتی رووداني رووداوێکی دیاریکراو. هەروەها ئەوەش ئەنجامی ئەو کۆتانەیە کە لەسەر کرداری ئامادەکردنی هەواڵدا هەن بەجۆرێك، کە گونجاوبێ لەگەڵ داواکاریی هۆکارێکی پەیوەندیدار بە راگەیاندن. هەروەها زیانێك هەیە، کە لێی دەرباز نابین لە درێژەدانی هەر راپۆرتێك کە هەوڵی وردبوونەوە دەدا لە حەقیقەتە ناوەندییەکاندا و حەقیقەتەکانی دیکە وەلادەنێ. سەرباری ئەوەش کێشەی دەستبەسەرداگرتن هەیە لەسەر ئاگاداری خوێنەر یان بینەر یان گوێگر و پاراستنی ئەو ئاگادارییە لە پیشەسازی ئەو راگەیاندنە، کە وەکو سەرچاوەیەکی سەرەکی داهات پێشتر بۆ راکێشانی سەرنج بۆ رێکلامەکان و دواتریش دەبێتە هۆی قازانج، بێگومان لە کۆتاییدا دەبێ پشکێکی گەورەتری لە رووبەری رۆژنامەکەدا یان کاتێکی زیاتری لە رادیۆ و تەلەفزیۆندا هەبێ، ئەوانەش رووبەڕوو کاتی دیاریکراون.

بەم شێوەیە، ئەو پەنجەرانەی حەقیقەت، کە رۆژنامەگەری ئێمە بۆمانی دەڕەخسێنێ بەشێوەیەکی پاژی و بەپێتی سروشتی سەرمایەرداری بۆ خودی پیشەسازی هەواڵ پێکدێ. رۆژنامەگەری لە کۆمەڵگەیەکی سۆسیالیستی یان کۆمۆنیستیدا جۆری دیکە لە هۆکارە ئابووری و سیاسییەکان پێکی دێنن، بەڵام لە پێناو هەمان مەبەست یان زۆرینەی مەبەستەکان ئەویش ((وێنەکان لە مێشکی-١١٥- بینەراندا)) دەشێوێنێ.

ئەوەی کە لیبمان لە ١٩٢٢دا پێشبینی نەدەکرد ئەوەیە، کە تیۆرەکەی زۆر چاك لەسەر هۆکارە راگەیاندنە نوێکاندا جێبەجێ دەبێ، کە لە نیوەی کۆتایی سەدەی بیستەمدا هەواڵ پێشکەش دەکا. کاتێك، کە ((رادیۆ)) و دوای ئەویش ((تەلەفزیۆن)) بوون بە بەشێك لە ((رۆژنامەگەری)) ئەوانیش ((کۆمەڵێك وێنەیان لە مێشکی ئەو خەڵکە) دروست کرد، کە تەماشای ئەو هەواڵانە دەکەن، کە ئەوان پێشکەشی دەکەن. بە پێویستی و لە بەرهەمان ئەو هۆکارانەی پێشتر گوتمان ئەوانەی کە لە ماوەی جەنگی یەکەمی جیهانی کاریگەری هەبوو لەسەر رۆژنامەگەری، ئەوا ئەو وێنانە زیاتر پێکهاتەی شێوێندراوی حەقیقەت بوون (لە رادیۆ و تەلەفزیۆندا) نەك نواندنێکی وردی واقیع و حەقیقەت.

لێکۆڵینەوەیەکی کلاسیکی هەیە ئەوە دەردەخا، چۆن تەلەفزیۆن لێکدانەوە بۆ رووداوێك لە رووداوەکان دەکا، کە زۆر جیاوازە لە حەقیقەتە راستەقینەکان. لێکۆڵینەوەیەك لە کاتی رۆژە بەراییەکانی دەرکەوتنی تەلەفزیۆندا ئەنجامدرا، هەریەك لە کیرت و گلادیس لانج بەراوردێکی دوور و درێژیان ئامادەکرد لە نێوان وێنەگرتنی رووداو لە تەلەفزیۆن و راستی رووداوەکە وەکو چۆن روویداوە[٢٤]. ئەو بابەتەی، کە بەدواداچوونیان بۆی کرد نمایشکردنی ((رۆژی ماك ئارسەر)) بوو لە شیکاگۆ لە ساڵی ١٩٥٢دا. زانراوە کە جەنەڕاڵ دوگلاس ماك ئارسەر مەزنترین پاڵەوانی ئەمەریکایی بوو لە جەنگی دووەمی جیهانیدا. لە کۆتاییدا لە رێگەی گەڕانەوەیاندا بوو بۆ وڵات دوای ئەوەی سەرکردایەتی هێزی زەمینی دەکرد لە جەنگی دژی ژاپۆن، دواتریش لەوێ مایەوە بۆ ئەوەی بەڕێوەبردنی داگیرکاری ئەمەریکی و ژاپۆن لە ئەستۆ بگرێ، کاتێکیش شەڕی کۆریا دەستی پێ کرد سەرکردایەتی چالاکییە جەنگییەکانی گرتە دەست. لە کۆتاییدا کاتی گەڕانەوەی هاتبوو بۆ ئەمەریکا. دوای خزمەتە نائاساییەکەی بۆ ئەمەریکا، شایەنی ئەوە بوو رێزی لێبگیرێ. بەڕاستیش کۆمەڵگایەکی زۆر رێزیان لە ماك ئارسەر گرت. لە نێوانیشیاندا شیکاگۆ، کە لە نمایشێکی مەزندا ئاهەنگی دەگێڕا بۆ رێزلێنان لە گەڕانەوەی ((ماك ئارسەر))ی جەنەڕاڵ بۆ وڵاتەکەی.

لە کاتێکدا بە هەزاران ئەمەریکی چووبوون بۆ ئەوەی خۆیان نمایشەکە ببینن، هەزارانیشیان لە ماڵ مابوونەوە بۆ ئەوەی لە تەلەفزیۆندا ببیینن. کەواتە، لێرەدا دوو چیرۆك هەن بۆ یەك رووداوی راستەقینە وەك چۆن روویداوە: نمایشەکە وەك چۆن لە شەقامەکانی شیکاگۆدا روویداو نمایشەکە وەك ئەوەی لە شاشەی تەلەفزیۆنی بینەراندا دەرکەوت. هەردوو لێکۆڵەر کیرت و گلادیس لانج تیمێکیان لە چاودێر نارد بۆ ئەوەی خۆیان نمایشەکە ببینن و

راپۆرتی دوور و درێژ لەسەر ئەو رووداوانەی دەبینن تۆمار بکەن، بەڵام تیمێکی لە چاودێران راسپێردرابوون، کە سەیری تەلەفزیۆن بکەن. ئەو تیمەش راپۆرتی خۆیان ئامادەکرد لەسەر ئەوەی کە بینیویانە. وەکو پیاوانی ئەشکەفت لە چیرۆکەکەی ئەفلاتووندا، ئەوانەی کە تەنیا سێبەریان بینیبوو، لە بەرامبەر ئەو پیاوەی کە ئەو حەقیقەتەی زانی کە لە دەرەوەی ئەشکەفتەکەدا هەیە، ئەوە دەبینینەوە، کە هەردوو تیمەکەی ئێمەش لەو لێکۆڵینەوەیەماندا رووبەڕووی دوو جیهانی جودابوونەتەوە. نمایشەکە لە تەلەفزیۆندا بە جۆش و خرۆش و پڕ سەرنجڕاکێشی بوو. لای بینەرانیش ئینتباعی ئەوە دروستبوو، کە جەماوەرێکی زۆر و زۆر گەرم و گوڕ لە شەقامەکاندا هەیە. جەنەڕاڵ ماك ئارسەریش بەردەوام لەسەر شاشە دەردەکەوت، کە بەو جەماوەرە دەورەدرابوو، کە خۆشیان دەویست. تاقیکردنەوەکە بەڕاستی سەرنجڕاکێش بوو بە پێچەوانەی ئەوەش، ئەوانەی کە لە نمایشەکەدا ئامادەبوون بینیان، کە بەڕاستی بێزارکەرە. لەسەر شەقامەکە لەگەڵ هەندێك خەڵکی دیکە چاوەڕێیان دەکرد و رێژەی جەماوەرەکەش زۆر نەبوو، و جەماوەرێکی یەکجار زۆریشیان لە شەقامەکاندا نەدیت. جەنەڕاڵ بە خێراییەوە لەناو ئۆتۆمبێلێکدا بە پێشیاندا تێپەڕی. سلاوێکی لێکردن و دواتر رێی خۆی گرت؟ ئەوە هەموو ئەو شتە بوو کە روویدا. لێکۆڵەران لەوەوە ئەوەیان وەدەستهێنا، کە تەلەفزیۆن ((تێڕوانینێکی بێ هاوتا)) پێشکەش دەکا. ئەو دیمەن و گۆشەکانی کامیرا بەچاودێری و بەجۆرێك هەڵدەبژێرێ کە کاریگەرییەکە لای بینەران دوو هێند بکا.

لێکۆڵینەوەکانی دیکە جەختیان لەسەر ئەوە کردەوە، کە جیهانی راستەقینە و ئەو جیهانەی هۆکارەکانی راگەیاندن پێشکەشی دەکەن رەنگە تا رادەیەکی زۆر لە یەکدی جیاوازبن، خەڵکی وڵاتانی دیکە بە زۆری وێنەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکایان لەسەر بنچینەی فیلمی تاوان و فیلمی پۆلیسییەکان و زنجیرەکان و جۆرە جیاوازەکانی دراما لاپێکدێ، کە هۆکارەکانی راگەیاندنی ئەمەریکایی لە پشت دەریاکانەوە بلاویدەکەنەوە. ئێمەش (ئەمەریکاییەکان) بە هەمان شێوە ئینتباعاتەکانمان لەبارەی کۆمەڵگاکانی دیکە و هەروەها کۆمەڵگای ئەمەریکیش پێکدێنین. بەم شێوەیە، ئەو رایەی لیبمان، کە گوتی رۆژنامەگەری وێنە-یان وەهم- لە مێشکماندا دروست دەکا و ئەو وێنانەش مەعریفەی ئەو واقیعەمان پێشکەش دەکەن، کە هەڵسوکەوتەکانمان پێکدێنن، ئەو تیۆرەی کە لیبمان پێشکەشی کرد لەگەڵ ئەوەشدا دەگونجی کە ئێمە ئەمڕۆ لەبارەی هۆکارەکانی راگەیاندنەوە دەیزانین.

## تیۆری ڕۆشنبیرکردن:

تیۆرێکی نوێی دیکە هەیە بۆ پێکهێنانی واتاو لە کاریگەری واقیع دەکۆڵێتەوە بەو شێوەیەی، کە هۆکارەکانی ڕاگەیاندن پێشکەشی دەکەن، جۆرج جیربز و هاوڕێکانی پێشکەشیان کرد. ئەم تیۆرە لە سەرنجڕاکێشی جەماوەری ئەمەریکی لەسەر ئاستی نەتەوەیی سەرچاوەی گرت لەبەر کاریگەری ئەو توندوتیژییەی کە شەستەکان و حەفتاکانی پێ دەناسرایەوە.

لێکۆڵینەوە لە توندوتیژی لە تەلەفزیۆندا نقومببوو لە بیرکردنەوەی ئەمەریکاییەکاندا، ئەمەش ئەنجامی دوو هەوڵی فیدراڵی بوو، بۆ تێگەیشتن لە ئاریشەکان. سەرۆکی کۆچکردوو جۆنسۆن بڕیارێکیدا بۆ دامەزراندنی لیژنەیەك بۆ لێکۆڵینەوە لە هۆیەکانی توندوتیژی و کارکردن بۆ قەدەغەکردنی[٢٥]. بڕیاری دووەمیش کۆنگرێس دای بۆ سەربەست بوون لە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەیەکی هەمەلایەن، کە دواتر بەناوی ڕاپۆرتی نەشتەرگەری گشتیی بەناوبانگ ناسرا[٢٦]. ڕاپۆرتی هەردوو لیژنەکە سەرژمێرییەکی هەمەلایەن و دوورودرێژی بۆ چەندیەتی و شێوەکانی توندوتیژی لەخۆگرت کە تەلەفزیۆن لەو ماوەیەدا وێنەی گرتبوون. ئامانجەکە ئەوە نەبوو ئەو شیکارەی کە جۆرج جربنر[٢٧] ئەنجامی داوە ببێتە شتێکی تیۆری. شیکاری ناواخنەکە بریتی بوو لە ڕاپۆرتێك کە بە ژمارەی شێوەکانی توندوتیژی تەلەفزیۆن نمایشیان دەکا دیاریکردبوو. ئەنجامەکەش ئەوەبوو، کە تەلەفزیۆن ڕێژەیەکی زۆر لە توندوتیژی نمایش دەکا. بایەخی ڕای گشتی لە چوارچێوەیەکی فراواندا بۆ کێشەی توندوتیژی لە تەلەفزیۆندا بەردەوام بوو. بۆیە جبنرو هاوکارەکانی هەڵسەنگاندێکی ساڵانەیان بۆ بابەتی شەستەکان و حەفتاکان ئەنجامدا، تێیدا ڕێژەی توندوتیژی نیشاندراویان لە تەلەفزیۆن لەسەر شێوەی ((وێنەی ساڵانەی توندوتیژی))[٢٨] باس کرد.

لەو ساڵانەی دواییدا، جربنر و ئەوانی دیکە پەرەیان بە پەیکەرێکی تیۆری و ستراتیژییەتێکی تاقیکاریدا بۆ لێکۆڵینەوە لە کاریگەری توندوتیژی لەسەر بیروباوەڕی خەڵکی. چوارچێوەی بایەخەکانیان فراوانتر کرد، بۆ ئەوەی لەپاڵ لایەنی توندوتیژی شێوەی دیکەی هەڵسوکەوتیش، کە تەلەفزیۆن نمایشی دەکا بگرێتەوە. دەسهاتەکانیان ئێجگار گرنگ بوون بەتایبەتی ئەوەیان، کە دەیگوت ئەو شێوانەی تەلەفزیۆن دەیاننوێنێ لە ڕێگەی پێکهاتنی بیروباوەڕی خەڵکی کار لە هەڵسوکەوتی تاك دەکا.

کۆمەڵەکەی جربنر دەربڕینی نوێیان داڕشت-زۆریش نویٚ نەبوون- ئاماژە بەو فیکرەیە دەکا، کە واقیع لە هۆکارەکانی راگەیاندندا لەوانەیە کار لە بیروباوەڕەکان بکا و دواتریش لە هەڵسوکەوتەکانیدا. ناویشیان لەمە ناوە ((تیۆری ئاراستەی باو)). بۆ تەلەفزیۆنیش ئەوان پێشنیازی ئەوە دەکەن، کە ناوەڕۆکی بەرنامەکانی تەلەفزیۆن کار لەسەر ((رۆشنبیرکردن))ی بیروباوەڕەکانی خەڵکی دەکا. روونیش نییە، کە ئەو دەربڕینانەی لە نوێوە هاتوونەتە ناوەوە زۆریان زیادکردبیٚ. ئەم تیۆرانە بە تەواوی دەکەونە ناو چوارچێوەی نەریتە کۆنەکان کە قسە لەبارەی ((نموونەی واتا)) و تیۆرەکانی ((پێکهاتەی کۆمەڵایەتی)) کە پێشتر باسمانکردن دەکەن.

هەرچۆنێك بیٚ، جربندر و هاوڕێکانی لە لێکۆڵینەوەکانیاندا ((بۆ کاریگەرییە رۆشنبیرییەکان)) بایەخیان بەو بابەتەدا، کە چۆن ئەو توندوتیژییەی لە تەلەفزیۆندا پێشاندەدریٚ ترسی خەڵکی لە تاوان لە ئاوەدانییەکانیاندا گەورە دەکا. بۆ ئەوەی بەڵگەیەکی تاقیکاری لەسەر ئەوە پێشکەش بکەن، رێگەیەکیان بۆ پێوانی ناوەکەی ((رۆشنبیرکردنی جودا)) داهێنا. ئەمەش لە بنەڕەتدا هۆکارێکە بۆ هەڵبژاردنی زۆرەملیٚ بۆ پێکهێنان و بەکارهێنانی لیستێك لە پرسیاری دیاریکراو. بۆ نموونە، ئەم پرسیارە لە کەسێك دەکریٚ: شیمانەی ئەوە چەندە، کە لەم هەفتەیەدا لە جۆرێك لە جۆرەکانی توندوتیژ (لەو گەڕەکەی کەلێی نیشتەجێی ئەنجامبدریٚ؟). سروشتییە، کە ئەمە دەرفەتێکی زۆرکەم بیٚ، بە دڵنیایشەوە لە سەدەیەك کەمترە، هەتا لە گەڕەکێکیشدا کە توندوتیژی تا رادەیەك لیٚ زیاد بکا، بەڵام ئەگەر کەسەکە زۆر بەرنامە تەلەفزیۆنی بینیبیٚ، و ئەو تاقیکردنەوەیە کاری لێکردبیٚ، و وەکو ئەوانی دیکە باوەڕی بەوە هێنابیٚ، کە ئاستی توندوتیژی بەڕاستی زیادیکردووە، ئەوا ئەو دەرفەتەی دووچاری تاوانی دەکا بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکە زیاد دەکاو رەنگە بۆ نموونە ببێتە (لە سەدا دە). بەم شێوەیە، لەسەدا دە دەبێتە وەڵامێکی تەلەفزیۆنی بۆ ئەو پرسیارەی لە لیستەکەدا هەیە، لە کاتێکدا واقیع دەڵیٚ رێژەی تێوەگلانی ئەو کەسە لە تاوان لە سەدا یەك تێناپەڕیٚ. تیۆرەکە پێشبینی ئەوە دەکا، کە ئەگەر بیروباوەڕی بینەران بەو توندوتیژییەی، کە لە تەلەفزیۆندا نمایش دەکریٚ ((رۆشنبیر بکریٚ))، ئەوا ئەو کەسەی وەڵامی پرسیارەکە دەداتەوە وەڵامی تەلەفزیۆنی هەڵدەبژێریٚ. لە راستیدا ئەمە ستراتیژیەتێکە بەڕاستی شایەنی گرنگی پێدانە. لە کاتێکدا هەموو ئەو کۆتانە بەجێدێڵی، کە ئازادی لێکۆڵینەوەی ئەو تاقیکردنەوەیە، کە لە بەشی حەفتەمدا گفتوگۆمان لەسەر کرد، دیاری دەکا، ئەو سەرنج

دەداتە شێوە جۆراوجۆرەکانی رەوشت و بەو شێوەی جۆراوجۆری ناواخنی راگەیاندنیشی دەبەستێتەوە.

وادەردەکەوێ ئەو زانیارییانەی بە رێگەی جیاوازی (رۆشنبیری) دەستمان کەتوون، لێی دەردەکەوێ هەندێك لەو خەڵکانەی کە زۆر تەماشای تەلەفزیۆن دەکەن ترسێکی لە رادەبەدەریان هەیە لەبارەی ئاستی ئەو توندوتیژییەی، کە پێشبینی دەکەن لە ئاوەدانییەکانیاندا رووبەڕووی ببنەوە. ئەوەی جێگەی داخە ئەو جۆرە لێکۆڵینەوانە تا ئێستا جۆرێك لە پرسیارکردنیان لە بارەی ئەو ((رێبازی لێکۆڵینەوە))یەی کە پەیڕەوی دەکەن ورووژاندووە. کاتێك کە لێکۆڵەران هەوڵیاندا بگەنە ئەنجامی هاوشێوە ئەوەی، کە جربرد هاوڕێکانی پێیگەیشتبوون، ئەوەیان نەدۆزییەوە، کە ئەو زانیارییانەی دەستیان کەوتبوو پشتگیری بکا یان لەگەڵ ئەو بیردۆزەدا هاوڕابێ کە دەڵێ تەلەفزیۆن ترسی خەڵکی لەناو ئاوەدانییەکانیاندا دروستکردووە. لەبری ئەوە، ئاستی راستەقینەی تاوان لە ناوچەکەدا وادەردەکەوت، کە هۆکارێکی گرنگترە لەوەیان[٢٩].

سەرەڕای ئەو کێشمەکێشەی کە لە بارەی ئەو بابەتەوە دروستبوو، و بەچاوپۆشین لەوەی کە زیاتر لە داهێنانێکی پێشوو دووبارە لە ژێر پسوولەیەکی نوێ فەرمانی دراوە یان نا، ئەوا شیکاری رۆشنبیرکردن بە ماندووبوونێکی پەیماندراو دادەنرێ بۆ بەدواداچوونی پرسیارە کۆنەکە لەبارەی چۆنیەتی وەدەستهێنانی مەعریفە و ئەو مەعریفەیە چۆن تێدەکۆشێ بۆ رێنوێنی کردنمان بۆ ئەو رەوشتەی کە بەدوایدا دەچین. خوازیارە کە کرداری هەڵسەنگاندنی بیروباوەڕەکانی خەڵکی یارمەتیدەربن بۆ سەلماندنی ئەوەی حەقیقەت لە هۆکارەکانی راگەیاندندا کار لەو واتایانە دەکا، کە لە جیهانی بابەتیدا پێکیان دێنین.

## ئەرکی رۆژنامەگەری بۆ رێکخستنی خشتەی کارەکان:

خۆماندووکردنێکی زۆر هەیە بۆ تێگەیشتن لە کاریگەری حەقیقەت لە هۆکارەکانی راگەیاندندا لەسەر رەوشتی خەڵك. ئەو تیۆرەش پێی دەگوترێ ((ئەرکی رۆژنامەگەری بۆ رێکخستنی خشتەی کارەکان)). بیرۆکەی بنچینەیی لەم تیۆرەدا ئەوەیە، کە پەیوەندییەکی تۆکمە لە نێوان ئەو رێگەیەی هۆکارەکانی راگەیاندنی هەواڵیی (یان رۆژنامەگەری بەگشتی، واتە ئەوەی کە رۆژنامە و رادیۆ و تەلەفزیۆن لەخۆدەگرێ) بابەتەکان لە کاتی هەڵمەتی هەڵبژاردندا پیشان دەداو لەگەڵ رێکخستنی بایەخی ئەو بابەتانە وەك ئەوەی ئەوانەی سەیری

هەواڵەکان دەکەن دەیبینن. ئەو تیۆرە کە لەبارەی پێکهێنانی واتایە، لە هەواڵە سیاسییەکان ورد دەبێتەوە بۆ رووبەڕووبوونەوەی هەمەکیترین ناوەڕۆکی هۆکارەکانی راگەیاندن. سەرباری ئەوەش، تیۆرەکە لە یەك شێوەی واتای ناوخۆیی ورد دەبێتەوە، یان لە کۆمەڵە بیروباوەڕێك کە لە وێنەگرتنی هۆکارەکانی راگەیاندن بۆیان بەرهەم دێ-واتە سیستەمی ریزکردن بەپێی گرنگی بەپێی ئەو سیفەتانەی بۆ کۆمەڵێك لە بابەتی سیاسی دەگەڕێنەوە، کە رۆژنامەگەری لە خۆی دەگرێ. سەرەڕای ئەوە، تیۆرەکە لەگەڵ واتایەکی هەمەکی دیکە بۆ ((نموونە)) کە رێکدەکەوێ، هەروەك بابەتێکە بۆ پێکهاتەی کۆمەڵایەتی پەیوەستە بەو واقیعەی هۆکارەکانی راگەیاندن چۆن وێنەی دەگرن لەگەڵ گەشەکردنی مانا خودییەکانی و کاریگەرییەکانی لەسەر رەوشت.

ماکسویل ك. ماکومبز، و دۆناڵد ئیل. شو لە کۆتایی شەستەکاندا بیردۆزی بنچینەییەیان بۆ تیۆرەکە بەشێوەیەك دانا کە بتوانرێ لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێ. وایلێهات ئەو تیۆرە بووە تیۆری سەرەکی بۆ لێکۆڵینەوە لە چوارچێوەیەکی تەسکدا بۆ هەواڵی بانگەشەی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی لە ١٩٦٨دا، و خەڵکی چۆن لەبایەخی ئەو بابەتانەیان دەڕوانی، کە ورووژێندرا بوون[٣٠]. ئامادەکاری بۆ شیکاری ناواخن ئەنجامدرابوو، کە تەلەفزیۆن و رۆژنامەو گۆڤارەکان چۆن هەواڵی سیاسی لەبارەی پاڵێوراوان و ئەو بابەتانەی کە بە درێژایی ماوەکە گفتوگۆیان لەسەر دەکرا پێشکەشبکەن. تاقیکردنەوەیەکی بچووکیش ئەنجامدرا بۆ هەڵسەنگاندنی ((بیروباوەڕی ئەوانەی وەڵامی لێکۆڵینەوەکەیان دابۆوە لەبارەی گرنگی بابەتە ورووژێنەراوەکان ئەوانەی کە هۆکارەکانی راگەیاندن پەخشیاندەکرد.

ئەوە دۆزرایەوە، کە رێککەوتنێکی گەورە هەیە لە نێوان بڕی ئاگاداربوون لە بابەتێکی دیاریکراوی رۆژنامەگەریدا، لەگەڵ ئاستی ئەو بایەخەی، کە خەڵکی بەو بابەتەی دەدەن لە کۆمەڵگاکەیاندا دوای ئەوەی رووبەڕووی هۆکارەکانی راگەیاندن دەبنەوە. ئەمەش مانای ئەوە نییە کە رۆژنامەگەری لەراکێشانی جەماوەر سەرکەوتوو بووە بۆ گۆڕینی بۆچوونەکە و لە خۆگرتنی هەر تێڕوانینێکی دیکەی نوێ، بەڵام لەوە سەرکەوتوو بوو قەناعەت بە خەڵکی بکا هەندێك بابەت لە هەندێك بابەتی دیکە بە گرنگتر بزانن. بەمشێوەیە، ((خشتەی کارەکانی رۆژنامەگەری)) (یان رێکخستنی بابەتەکان و هەواڵ لای) هەمان ((خشتەی کارەکانی جەماوەر)) خۆیەتی. بەم واتایە دەتوانین بڵێین رێککەوتنێکی پتەو لە نێوان جیهانی دەرەکی و ئەو وێنانەی کە لە مێشکی ئەوانەدا هەن، کە لێکۆڵینەوەیان لەسەر کراوە، هەیە.

سەرکەوتنی لێکۆڵینەوەی یەکەم بۆ بەرقەرارکردنی ئەو پەیوەندییە بووە هۆی ئەوەی لێکۆڵەران لێکۆڵینەوەیەکی گەورەتر لەبارەی هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکەی ساڵی ١٩٧٢دا ئەنجامبدەن[٣١]. ئەو لێکۆڵینەوەیەش بەشێوەیەکی گشتی ئەوەی سەلماند، کە لە لێکۆڵینەوەکەی یەکەمدا دۆزرابووەوە. مەودای لێکۆڵینەوەی دووەم فراوانتر بوو، هەروەك ئەو بابەتانەی لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکەدا ورووژێنرابوون هەمان بابەتی لێکۆڵینەوەی یەکەم نەبوون، بێجگەلەوەش شوێنی لێکۆڵینەوەکەش ئەم جارەیان جیاواز بوو. سەرەڕای ئەوەش تیۆرەکە بە شێوەیەکی گشتی جەختی لێکرایەوە. خشتەی کارەکانیش (لێرەدا ماناکەی ئاستی ئەو بایەخەیە، کە خەڵکی بەبابەتەکانی دەدەن) ئەوەی کە هۆکارەکانی راگەیاندن دیاریدەکەن، بە پلەیەکی نزیك پەیوەندی بەو پلەی ئەو بایەخانەوە هەبوو کە جەماوەر بە کێشە و بابەتەکان دەدا. سەرەڕای ئەوەش، لێکۆڵەران لێکۆڵینەوەیان لەسەر ژمارەیەکی زۆر لە گۆڕانکارییە ناوخۆییەکاندا کرد بۆ تێگەیشتن لە جیاوازی نێوان هۆکارەکانی راگەیاندن و رۆڵی جیاوازییە تاکییەکان و کاریگەری چینە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر کرداری ئامادەکاری خشتەی کارەکان.

ئێستا لێکۆڵینەوەی ئامادەکردنی خشتەی کارەکان بووە بە لێکۆڵینەوەیەکی تەقلیدی جێگر. خاڵێکی گرنگ لەو تیۆرە و لێکۆڵینەوەکانیدا هەیە ئەویش ئەوەیە نوێنەرایەتی جۆرێك لە ((گەڕانەوە بۆ بنچینەکان)) دەکا بۆ لێکۆڵەرانی هۆکارەکانی راگەیاندن. ئەو بەدوای نەریتە باوەکان دەکەوێ لە بارەی رۆڵی راگەیاندن لە هەڵبژاردنەکاندا، هەروەك ئەو ((دەسەڵاتەی رۆژنامەگەری)) لە یارمەتیدانی بۆ پێکهێنانی بیرکردنەوەی گشتی لەبارەی چالاکی پێشدەکەوێ، ئەوا ئەنجامەکانی ((ئامادەکاری خشتەی کارەکان)) دەکرێ لە هەموو لایەنەکانەوە لێی بکۆڵدرێتەوەو بایەخەکەشی لە کردارێکی دیموکراتی گشتگیردا بە رێگەیەکی روونتر دەربکەوێ. بۆ نموونە، ئەگەر خەڵکی هەندێك بابەت بایەخێکی زیاتر یان کەمتر وەربگرن، ئایا ئەوە کاریگەری دەبێ لەسەر ئەو رێگایەی کە دەنگی پێ بە چەند پاڵێوراوێکی دیاریکراو دەدەن؟ ئایا ئەو ((ئەجندا گشتییە)) دەبێتە هۆی ئەوەی سیاسییەکان بایەخ بەو بابەتانە بدەن، کە لە ترۆپکی لیستەکەدان (لیستی خشتەی کارەکان یان ئەجندا) و ئەوانەش وەلابنێن کە لە کۆتایی لیستەکەدان؟. تا ئێستا وەڵامی روونی ئەم پۆسیارە نەدراوەتەوە، بەڵام بایەخی تیۆرەکە ((ئامادەکردنی خشتەی کارەکان)) پتر دەکا لە تیۆرێکی وەسفی بۆ تیۆرێك کە خاوەنی مەژگەیەکی بەهێز و بەبایەخە لە پەیوەندی دینامیکی نێوان رۆژنامەگەری و جەماوەرو سیاسییەکاندا.

**ئەرکەکانی ئاخاوتن و زمان لە هۆکارەکانی راگەیاندندا:**

لەو کاتەی گواستنەوە بۆ کۆمەڵگەی هۆکارەکانی راگەیاندن بەردەوام دەبێ، ئەوا لایەنێکی گەورەی چالاکی گەیاندنی رۆژانەی هاوڵاتییەکی ئاساییە، کە لەگەڵ هۆکارەکانی راگەیاندنی جەماوەریدا بەسەری دەبا. هێشتاش قسەکردنی رووبەڕوو هۆکاری بنەڕەتی و سەرەکیمانە بۆ پەیوەندیکردن، رەنگیشە بۆ هەمیشە وابمێنێتەوە. هەرچەندە بیری ئەوکاتەی کە خەڵکی لەگەڵ هۆکارەکانی راگەیاندندا بەسەری دەبەن لە دەیەکانی دوایی ئەم سەدەیەدا بە پلەیەکی زۆر زیادیکردووە. لە ساڵی ١٩٨٥دا، لێکۆڵەران ئەوەیان دۆزییەوە کە ئامێری تەلەفزیۆن لە هەر ماڵێکی ئەمەریکاییدا بۆ ماوەی حەفت کاتژمێرو دە دەقیقە کاردەکا. ئەم ژمارەیەش بەڵگەیە لەسەر زیادبوونێکی زۆری سەیرکردنی تەلەفزیۆن.

ژمارەی پێشوو کە هی ساڵی ١٩٥٥ە چوار کاتژمێر و پەنجا و یەك دەقیقە بوو. هەروەك ژمارەی ئەو ئامێرانەی کە ئەمەریکاییەکان هەیانە لە هەمان ماوەدا زیادیکردووە لەناوەنجییەوە سێ ئامێر بۆ یەك ماڵ بۆ نزیکەی شەش ئامێر. هەروەك دەرچوونی گۆڤارو کتێب و رۆژنامەی نوێ زۆر زیادی کردووە[٣٢].

لەکاتێکدا رێژەی چالاکی گەیاندنی گشتیمان، کە بۆ بایەخدان بە هۆکارەکانی راگەیاندن تەرخانکراوە زیاد دەکا، ئەوا ئەو ناواخنەی ئەو هۆکارانە پێشکەشمانی دەکەن کاریگەری پتر دەبێ لەو رێگەیەی کە ئەمەریکاییەکان قسەی پێدەکەن و لەو وشانەش کە بەکاری دێنن و ئەو واتایانەی بەشێوەیەکی تەقلیدی بە هێماکانیانەوە دەبەسترێنەوە. بە دەربڕینی ((کاریگەری هۆکارەکانی راگەیاندن لە زمان و قسەدا)) ئاماژە بەو کاریگەریانە دەکەین.

دوو رێگا هەن، کە هۆکارەکانی راگەیاندن لە وێنانەوە کاردەکەن بۆ گۆڕینی تەواوی چوارچێوەی چالاکییە گەیاندنییەکانمان. یەکەمیان کاریگەری لە رێی ئەو رێگەیە قسەی پێدەکەین بۆ نموونە: گۆکردن، رێزمانی و دروستکردنی رستە. رێگەی دووەم کار لە زمان کردنە بەشێوەیەکی گشتی لە رێگەی فراوانکردن و چاککردنی بڕی ئەو وشانەی بەکاری دێنین. لەو رێگەیەوە، هۆکارەکانی راگەیاندن وەکو جۆرێك لە بازاڕ کاردەکەن، کە تێیدا بە شێوەی جیاواز رکابەری دەکەن بۆ دروستکردنی کاریگەری لە رێگای پەیوەندیکردنمان. ئەو کاریگەریانەش ئارەزووی گۆڕین و جێگیرکردنی قسە و زمان و واتاکان دەکەن.

کتێبەکان لەوەتەی پەیدابوونەوە تاڕادەیەك ئەو کارەیان کردووە بۆ زمانی نووسراو. هەروەك ڕۆژنامەکانیش هەمان ئەرکیان ئەنجامدا دوای ئەوەی لەناو خەڵکیدا باوبوون. تا ئێستاش ڕۆژنامەکان ئەو کارە دەکەن کاتێك ڕۆژانە نموونەی چاپکراوی وشەکانی ئەو زمانەی بەکاری دێنین پێکەشماندەکا، هەروەها شێوازی نوێی دەربڕینی نووسراویشمان پێشکەشدەکا، کە بەکاردەهێنرێ. هەرچی تەلەفزیۆنە، ئەوا ئەرکێکی هاوشێوە و هاوسەنگ لە چیرۆکە تاوانییەکان و هەواڵگری، یان ئەکتەری بەرنامە کۆمیدییە بەناوبانگەکان هەموویان وشەکان بەهەمان ڕێگا دەردەبڕن، هەروەها هەمان ڕێزمانی گشتیش بۆ وشەسازی و واتاسازی بەرکاردێنن. هەمان شتیش بەسەر ئەوانە دادێ، کە بەرنامەی بەیانیان یان هەواڵی ئێواران پێشکەشدەکەن. ئەوان ئەم کارە بە شێوەزاری ئەمەریکی گشتی دەکەن کتومت بەو ڕێگایە دادەنرێ کە ئەمەریکاییە تاڕادەیەك ڕۆشنبیر و دەوڵەمەندەکان لە ویلایەتەکانی ڕۆژئاوای ناوەڕاستدا قسەی پێدەکەن. نامۆ نییە کە گوێمان لە بەرنامەیەك بێ خەڵکێك پیشانیبدەن کە شێوەزار یان ڕێگەیەکی قسەکردن بەکاردێنن کە چینە هەژارەکان یان خەڵکی کەمتر ڕۆشنبیر لە کۆمەڵگای ئەمەریکاییدا بەکاریدێنن. سەرەڕای ئەوەش، هۆکارەکانی ڕاگەیاندن و ئەو ڕێگایانەی کە ئەکتەرەکان قسەی پێدەکەن یان ڕۆژنامەنووسەکان پێی دەنووسن هەرگیز شوێنی، زارەکان و ڕێزمان، یان چۆنییەتی پێکهێنانی ڕستە لە سەرتاپای ئەمەریکادا و لە نێوان کۆمەڵە ڕەگەزییە جیاوازەکاندا، یان لە نێوان ئەو کەسانەی کە لە ئاستێکی ماددی نزم دان، نەگرتۆتەوە. بەڵام ڕەنگە هۆکارەکانی ڕاگەیاندن لە کۆتاییدا ببنە هۆی نەرم و نیانکردنی ڕەقی توندوتیژی جیاوازییەکانی لە زمان و شێوازی گفتوگۆکردن و زار و قسەکردندا بکەن.

لەکاتێکدا کە هۆکارەکانی گەیاندنی جەماوەری ڕێژەی هەرەزۆری هەموو کرداری گەیاندن وەدەستدێنن، ئەوا ئاساییە پێشبینی ئەوە بکەین کە کاریگەرییەکەی لەسەر وشەکانی زمانمان زیاد دەکا ئەوانیش ئەو هێمایانەن، کە لە قسەکردندا بەکاریان دێنین و لەگەڵ ئەو واتایانەی پەیوەندی لە نێوانیان و ئەو هێمایەنەدا دروستدەکەین و لەو نەریتانەی کە بۆ بەیەکەوە بەستنەوەی هەردووکیان (هێماو واتاکان) لەسەریان ڕوونبۆتەوە کە هۆکارەکانی ڕاگەیاندن ڕێکدەکەوین.

وشەکانی ئەو زمانەی کە بەکاری دێنین زۆری زیادکردووە. سەدان وشەی نوێی زیادکردووە، کە ڕێچکەی خۆی وەرنەگرت ڕووە و زمان بەبێ ئەوەی بەخێرایی لە ڕێگای هۆکارەکانی ڕاگەیاندنەوە پێشکەشبکرێ و بڵاوبکرێتەوە. بۆ نموونە: کێ پێشتر وشەی ((کراك))ی گوێ

لێبووە کە مەترسیدارترین جۆری ماددەی هۆشبەرە، بەر لەوەی هۆکارەکانی راگەیاندن لە ساڵی ١٩٨٥دا بەکاری بێنن؟. بەر لە ١٩٨٥ ئەم وشەیە وەکو دەربڕینێکی بڵاوبووەوە لە هەندێك ناوچەی شارستانی شارەکان لای بەکارهێنەرانی ماددەی هۆشبەر بەکاردەهات بۆ ئاماژەدان بە جۆرێکی دیاریکراو لە جۆرەکانی کۆکایین. بەگوێرەی ئەمەریکاییەکانی دیکەش، وشەی ((کراك)) مانا تەقلیدییەکەی خۆی دەگەیاند کە Grack. لەپڕ وشەکە بە واتا نوێیەکەیەوە لە هەواڵەکاندا و لە هەموو ئەمەریکادا دەرکەوت. ئێستا، کاتێك ئەمەریکاییەکان گوێیان لە وشەی ((کراك)) دەبێ هەست بە واتایەکی نوێ و ترسناك دەکەن. ئێستا هەموویان دەزانن جۆرێکە لە کۆکایینی گیراوە و ئێجگار مەترسیدارە، و بۆ ئەو گەنجانەی لە ئەمەریکاشن لواوە، بۆیە بەرکاهێنانی بە ناویاندا پەرەی سەند، کە بووە هۆی هەڕەشەیەکی نوێ بۆ کۆمەڵگا، کە پێشتر بەدەست کێشەی ماددە هۆشبەرەکان گرفتار بوو.

بەڵام کێشەی ئەو واتایانەی هۆکارەکانی راگەیاندن دەیگوازنەوە لە لایەنی واقیعییەوە راست نییە. چونکە پەتایەکی زوڵمکەر لەو ((کراك))ەدا نییە گەنجانی ئەمەریکای گرتبێتەوە. هەرچەندە ئێمە لەم حاڵەتەدا دەزانین کە ئەم لێکدانەوە ترسناکە بۆ واقیع چۆن دروستکراوە و چۆن بڵاوبۆتەوە. جێمس ئینکیاردی، کە یەکێکە لە گەورەترین بەرپرسەکانی ماددەی بێ هۆشکەری قەدەغەکراو، لە وتارێکدا کە لە نیۆیۆرك تایمز لە ١٧ نۆڤێمبەری ١٩٨٥ دەرکەوتووە، بەدواداچوونی بۆ ئەو دیاردەیە کردووە. رۆژنامەکە بۆ یەکەمجار لەم راپۆرتە هەواڵەدا وەکو دەربڕینێك بەکاریهێناوە بۆ وەسفکردنی ئەوەی دەیانگوت جۆرێکی نوێی کۆکایینە، کە کاریگەری زۆر ترسناك و مەترسیداری هەیە. لێرەشەوە دەربڕینەکە، بۆ رۆژنامەکانی دیکە گواسترایەوە لەبارەی خراپی بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان دەیانووسی. دوای چەند مانگێکی دیکە تۆڕی تەلەفزیۆنی ((سی. بی. ئێس)) بەرنامەیەکی لە ترۆپکی کاتی بەکارهێنانی تەلەفزیۆندا لەبارەی مەترسی ئەو ((کراك))ە ئەنجامدا. نزیکەی ١٥ ملیۆن بینەر گوێیان لەم بەرنامەیە گرت. دوای ئەوە تۆڕی ((ئێن. بی. سی)) بەرنامەیەکی هاوشێوەیان پێکەش کرد. بەمشێوەیە وای لێهات دەربڕینی ((کراك)) زۆر باوبوو لە زمانی ئینگلیزیدا لە ئەمەریکا بەڵگە بوو، بۆ ئەوەی ئەمجارەیان واتایەکی نوێ و ترسناك هەڵدەگرێ. وەرگرتنی رایەکان ئەوەیان دەرخست، کە دڵە راوکێی ئەمەریکییەکان لەبارەی ((کراك))ەوە، بووە کێشەی ژمارە یەك لە ئەمەریکا لەو کاتەی راستەوخۆ دەکەوتە دوای ئەو بەرنامەیە(٣٣).

کەواتە، هۆکارەکانی راگەیاندن کاریگەری گرنگیان لەسەر زمان و واتاکانمان دەبێ، ئەمەش بە چەند رێگایەك دەکا. ئەو گەشە بە وشەی نوێ دەدا، کە واتای نوێیان هەیە و پێیانەوە دەلکێ، واتای ئەو دەربڕینانەش فراوانتر دەکا، کە پێشتر لامان هەبوون، و واتا کۆنەکان بە واتای نوێ دەگۆڕێتەوە، ئەوەش لە رێی وەلانانی مانا کۆنەکان بۆ لایەك سەرباری هەموو ئەمانە، کار دەکا بۆ جێگیربوونی نەریتی واتاکان بۆ ئەو وشانەی بەکاریان دێنین[٢٤].

زۆر بەئاسانی دەکرێ کرداری داڕشتنی وشەی نوێ بەهۆی هۆکارەکانی راگەیاندنەوە روونبکرێتەوە لە رێگەی هەڵقوڵانی بەردەوامی وشەی نوێ و ئەو واتایانەی، کە هۆکارەکانی راگەیاندن پێشکەوتنەکانیان پێدەگەیەننە جەماوەرەکەیان. تەنیا بەر لە دە ساڵ، رێژەیەکی زۆر کەمی ئەمەریکاییەکان نەبێ کەسیان لە مانای وشەی وەکو ((ویمپ)) Wimp یان ((کاوچ پوتێتۆ)) Couch Potato یان ((جازر سایز)) Jazzer cise یان نەدەزانی، بەڵام ئەمڕۆ، زۆر کە من ئەو ئەمەریکاییانەی ماندوو دەبن لەوەی بزانن کە Wimp بە کەسێکی زۆر فرۆتەنی دەگوترێ Couch patato، واتە ئەو تەمبەڵەی زۆر تەماشای تەلەفزیۆن دەکا، یان Jazzer cise جۆرێکە لە وەرزشی توندوتیژ، کە لەگەڵ دەنگی ئەو مۆسیقایەی لەگەڵێدایە ئەنجامدەدرێ، ئەمەش مانای ئەوە نییە، کە ئەوانەی لە هۆکارەکانی راگەیاندن کاردەکەن بە بەردەوام دەربڕینی نوێ دادەهێنن و دواتر بە ئەنقەست پێشکەشی جەماوەرەکەیان دەکەن. بەڵام بەخێرایی و بە لێهاتووییەوە لەسەر ئاستی هەموو ئەمەریکادا بڵاودەبێتەوە، چونکە هۆکارەکانی راگەیاندن جەماوەرێکی زۆر فراوانیان هەیە.

هەرچەندە کرداری فراوانکردنی وشەکانی زمان لە کرداری داڕشتنی وشە نوێکان جیاوازە، و زۆر وشە هەن لە پێشدا واتای دیاریکراو و جێگیریان هەیە، بەڵام هۆکارەکانی راگەیاندن واتای نوێیان بۆ زیاد دەکا لە رێی ئەو وێنانەی پێشانیان دەدا. بۆ نموونە، دەربڕینی ((ئیکۆلۆژی)) ecology لەکاتێك لە کاتەکاندا ئاماژە بوو بۆ دەربڕینێکی هونەری دەستەیەکی دیاریکراو لە زانایان بەکاریان دەهێنا بۆ ئاماژەدان بە سیستەمێك لە پەیوەندی هاوسەنگ لە نێوان بوونەوەرەکان لە ژینگەیەکی ناوچەییدا. هەرچەند بڵاوبوونەوەی بەکارهێنانی لە رێگای هۆکارەکانی راگەیاندندا بووە هۆی ئەوەی کە واتایەکی پتر گشتگیری کەمتر هونەری هەبێ، ئەو ئێستا بە لێڵییەوە ئاماژە بەو دڵەڕاوکێیە دەکات، کە لەبارەی پاراستنی ژینگە لە پیسبوون هەیە.

پێشتر -لە حاڵەتی وشەی ((کراك))- تێبینی ئەوەمان کرد، کە هۆکارەکانی راگەیاندن چۆن وشەکەیان بەواتایەکی نوێ گۆڕییەوە لە بری واتا تەقلیدییەکەی. وشەکە سادەبوو و واتاکەشی تا رادەیەك روون بوو. بەکارهێنانە فراوانەکەی بە شێتی بووە هۆی دانانی واتایەکی نوێ بۆ وشەکە لە جێی واتا کۆنەکەیدا. بەم شێوەیە هۆکارەکانی راگەیاندن لێکدانەوەیەکی نوێیان بۆ وشەکە دروست کرد، کە بەتەواوی جیاوازە. ئەو جۆرە کردارانەی واتاگۆڕینەوە بەردەوام روو دەدەن. نموونەیەکی دیکە هەیە پەیوەندی بە دەربڕینی ((گێیت)) Gateەوە هەیە. ئەگەر ئەمڕۆ لەبارەی وشەی Watergateەوە پرسیارمان کرد، ئەوا زۆرینەی ئەمەریکاییەکان ئاماژە بە ئابڕوچوونی سیاسی دەکەن (ئەگەر وادابنێین، کە کەسێکی ئەمەریکایی تا رادەیەك شارەزای مێژووی نوێییە)، بەڵام لە کاتێك لە کاتەکان وشەی ((وۆتەرگێیت)) ئاماژە بوو، بۆ هۆتێلێکی راقی و کۆمەڵگایەکی نیشتەجێبوون لەسەر رۆخی رووباری ((وتوماك)) لە واشنتۆنی پایتەختدا، بەڵام ئەو پڕوپاگەندە فراوانانەی هاوڕێیەتی ئەو کارە خراپانەیان دەکرد کە لە سەردەمی کابینەی نیکسۆندا روویاندا ئەو واتایە گۆڕا بۆ ئاماژەدان بە رووداوی ئابڕوبەر. ئێستا دەتوانرێ وشەی ((گێیت)) gate بە هەر وشەیەکی دیکەوە بلکێنرێ بۆ ئەوەی ببێتە ئاماژە بۆ هەر جۆرە ئابڕوچوونێك. بۆ نموونە، گوێمان لە ((ئێران گێت)) Irangate بووە، وەکو ئاماژەدان بە کرداری ئاڵوگۆڕی چەك لە بەرامبەر ئازادکردنی بارمتەکان.

لە کۆتاییدا دەگەینە کرداری ئارامگرتنی واتاکان، کە یەکێك لە ئەرکەکانی هۆکارەکانی راگەیاندنە. ماناکەشی پاڵپشتی بەکارهێنانی ئێستاییە بۆ وتە و واتاکان. سەرەڕای ئەو گۆڕانانەی، کە پێشتر تێبینیمان کرد، ئەوا زۆربەی واتاکان لە زمانەکەماندا (ئەمەریکی) تا رادەیەك بە جێگری دەمێننەوە. بێجگە لەوەش هەروەك پێشتر تێبینیمان کرد، هۆکارەکانی راگەیاندن کار لەسەر بەردەوام بوونی جیاوازی ناوچەیی و چینایەتی ناکەن، بەڵکو بە پێچەوانەوە، هۆکارەکانی راگەیاندن بەشێوەی نووسراو، گوتراو رۆژانە واتای یەکگرتوو، هاوبەشی وشەکانمان بیر دەهێننەوە. کاتێك خەڵکی رۆژنامەکانیان دەخوێننەوە، یان گوێ لە رادیۆ دەگرن، یان تەماشای تەلەفزیۆن دەکەن، ئەوا رۆژانە وانەی زمان وەردەگرن هەروەك لە کۆمەڵگاکەمان لێی راهاتووین.

بەشێوەیەکی گشتی، رۆڵی هۆکارەکانی راگەیاندن لە سیستەمێك لە واتای هاوبەش بە کارێکی ئاڵۆز و قووڵیش دادەنرێ. بەم واتایە، ئەرکی هۆکارەکانی راگەیاندن لە

دەستکاریکردنی ڕەوشتی جەماوەرەکەی مەودایەکی درێژی هەیە، هەروەك ورد و بزر و کەڵەکە بووشە. جگە لەمەش، هۆکارەکانی ڕاگەیاندن لەگەڵ هەموو شێوەکانی دیکەی پەیوەندیکردن لە کۆمەڵگەکەماندا بە پلەیەکی وا چوونەتە ناویەك و تێکەڵ بوونە ناتوانرێ کاریگەرییەکانیان لە یەك دابڕێنرێن و بپشکنرێن.

تێڕوانینمان بۆ ((نموونەی واتا)) لەم بەشەدا ڕەگە دێرینەکانی خۆی بۆ دەرخستین لە ڕۆژە بەراییەکانی تۆمارکردنی بیرکردنەوەی کۆمەڵایەتی مرۆڤ، و ڕەنگە بەر لەوەش بێ، خەڵکی زۆر گرنگیان بەبابەتی مەعریفە دەدا، واتە ئەو واتایەی ئێمە خۆمان پێکی دەهێنین لەبارەی جیهانی دەرەوەمان. ڕەنگە دوو دڵیەکی قووڵ لەبارەی ئەم بابەتەوە لە دایك بێ، چونکە سەرچاوەی بڕیارەکانی تاکە لە بارەی ئەو هەڵسوکەوتانەی هەڵیاندەبژێرێ. بە واتایەکی دیکە، ئەو واتایانەی خەڵکی لەبارەی جیهانی ماددی و کۆمەڵایەتی هەڵیدەگرن هەڵسوکەوتەکانیان پێکدەهێنێ، پیاوە ئایینییەکانیش بینیان، کە ئەم بابەتە (مەعریفە) پێویستی بە تێگەیشتنی گەمارۆدانی هەڵسوکەوتی مرۆیی هەیە-واتە گەیشتن بە سیستەمێکی کۆمەڵایەتی نموونەیی کە دەبێتە هۆی دادپەروەری و سەرکەوتنی چاکە بەسەر خراپەدا. سەرەڕای ئەوەی لێکۆڵەران ڕێگەی جیاوازیان تاقیکردەوە، و گەیشتنە کۆمەڵێك ئەنجام وەك هەوڵدانێك بۆ تێگەیشتن لەسەر چییەتی مەعریفە و چۆنیەتی وەدەستهێنانی، ئەوا ڕێککەوتنێکی بەبێ دەنگ لەبارەی چەند بنەمایەکی دیاریکراو بە لەسەر خۆیی هاتەدی. هەروەك تێ ئالان لە تێگەیشتن لە مەعریفە و پەیوەندی بە هەڵسوکەوتەوە لە ماوەی چەند سەدەیەك لێکۆڵینەوە لەسەری کەڵەکە بوون. کاتێك کە زانستە کۆمەڵایەتییە تایبەتمەندەکان لە زانستی فەلسەفە جودا بوونەوە، ئەوا بەردەوام بوون لە لێکۆڵینەوە بۆ تێگەیشتن و لێکۆڵینەوە لە کرداری پێکهێنانی واتا لە زمان و ڕۆشنبیری و ئالوگۆڕی هێمایی، هەروەك لە پلانی بیرهاتنەوەشدا memory schemata. ئەمڕۆ، لێکۆڵینەوە لە هۆکارەکانی گەیاندنی جەماوەری دەخرێنە سەر ئەو ماندووبوونانە بۆ گەڕان بەدوای ئەو ڕێگایانەی حەقیقەتی ڕاگەیاندن بنچینەیەك بۆ کرداری دروستکردنی واتا دەرەخسێنێ.

# پەراوێزەکانی بەشی نۆیەم

1. W. Barnett Pearce and Vernon E. Cronen, *Communication, Action, and Meaning: The Creation of Social Realities* (New York: Praeger, 1980), pp. 13–14.
2. Thomas Hobbes, *Leviathan* (New York: E. P. Dutton and Company, 1950), pp. 21–22. First published in 1651.
3. A. E. Taylor, *Socrates* (New York: Anchor Books, 1960).
4. J. A. Stewart, *The Philosophy of Plato* (New York: Oxford University Press, 1909).
5. Among these were *pragmatism*, which holds that both the meaning and truth of an idea are a function of its practical outcome; and *operationism*, which specifies that the meaning of a concept consists of the steps that one must take to observe or measure it.
6. Stewart, *The Philosophy of Plato*, p. 1.
7. *The Republic of Plato*, trans. Frances MacDonald Cornfield (New York: Oxford University Press, 1958). See pp. 227–35.
8. Hobbes, *Leviathan*, p. 23.
9. John Locke, *An Essay Concerning Human Understanding* (Oxford: Clarendon Press, 1975), p. 402. First published in 1690.
10. An outstanding summary of the issues and concepts addressed by modern linguistics can be found in Stephen W. Littlejohn, "Theories of Language and Nonverbal Coding," in *Theories of Human Communication* (Belmont, CA: Wadsworth Publishing Company, 1983) pp. 77–86.
11. The most important founders of anthropological linguistics were: Edward Sapir, *An Introduction to the Study of Speech* (New York: Harcourt Brace, 1921): and Benjamin Whorf, *Language, Thought, and Reality* (New York: John Wiley and Sons, 1956).
12. Pioneers in these efforts were: Charles Horton Cooley, *Human Nature and the Social Order* (New York: Schocken Books, 1964) first published in 1908; and George Herbert Mead, *Mind, Self, and Society* (Chicago: University of Chicago Press, 1934).
13. Edward Sapir, "The Status of Linguistics as a Science," *Language* 5 (1929), 209.
14. Charles Horton Cooley, *Human Nature and the Social Order* (New York: Charles Scribner's Sons, 1902), pp. 118–19.
15. Ibid. p. 184.
16. George Herbert Mead, *Mind, Self, and Society: From the Standpoint of a Social Behaviorist*, ed. Charles W. Morris (Chicago: University of Chicago Press, 1934).
17. Max Scheler, *Die Wissenssoziologie und die Gesellschaft* (Bern: Franke, 1960) First published in 1925.
18. Peter L. Berger and Thomas Luckman, *The Social Construction of Reality: A Treatise in the Sociology of Knowledge* (New York: Doubleday, 1963). For essays that combine the perspectives of the sociology of knowledge and symbolic interaction, see Aaron V. Cicourel, *Cognitive Sociology: Language and Meaning in Social Interaction* (New York: The Free Press, 1974).
19. E. Tory Higgins, C. Peter Herman, and Mark P. Zanne, eds., *Social Cognition: The Ontario Symposium* (Hillsdale, N. J.: Lawrence Erlbaum Associates, 1981).
20. Ibid. p. ix.
21. Frederick C. Bartlett, *Remembering* (Cambridge: Cambridge University Press, 1934)

22. Shelley E. Taylor and Jennifer Crocker, "Schematic Basis of Social Information Processing," in Higgins, Herman, and Zahne, *Social Cognition*, p. 91.
23. Walter Lippmann. *Public Opinion* (New York: Macmillan, 1922).
24. Kurt Lang and Gladys Engel Lang, "The Unique Perspective of Television and Its Effect: A Pilot Study," *American Sociological Review* XVII, pp. 3–12.
25. See *To Establish Justice, to Insure Domestic Tranquility*, Final Report of the National Commission on the Causes and Prevention of Violence (New York: Award Books, 1969).
26. Surgeon General's Scientific Advisory Committee on Television and Social Behavior, *Television and Growing Up: The Impact of Televised Violence* (Washington, D.C.: U. S. Government Printing Office, 1971).
27. George Gerbner, "Violence in Television Drama: Trends and Symbolic Functions," in G. A. Comstock and E. A. Rubinstein, eds., *Television and Social Behavior, Vol. I, Media Content and Control* (Washington, D.C.: U.S. Government Printing Office, 1971).
28. George Gerbner and Larry Gross, "Living with Television: The Violence Profile," *Journal of Communication* 26 (Spring 1976), 173–99.
29. Anthony N. Doob and Alen E. MacDonald, "Television Viewing and Fear of Victimization: Is the Relationship Causal?" *Journal of Personality and Social Psychology* 37, no. 2 (1979), 170–179.
30. Maxwell E. McCombs and Donald L. Shaw, "The Agenda-Setting Function of the Mass Media," *Public Opinion Quarterly* 1972, pp. 176–87.
31. Donald L. Shaw and Maxwell E. McCombs, *The Emergence of American Political Issues: The Agenda-Setting Function of the Press* (St. Paul, Minn.: West Publishing Company, 1977).
32. Melvin L. DeFleur and Everette E. Dennis, *Understanding Mass Communication* (Boston: Houghton Mifflin, 1988). See especially Chapters 1 and 2, pp. 4–86.
33. James A. Inciardi, "Beyond Cocaine: Basuco, Crack, and Other Coca Products," paper presented at the 1987 Annual Meeting of the Academy of Criminal Justice Sciences, St. Louis, Missouri.
34. These functions of the media were first developed in Melvin L. DeFleur and Timothy G. Plax, "Human Communication as a Bio-Social Process," paper presented to the International Communication Association, Acapulco, Mexico, 1980.

# بەشی دەیەم

## ستراتیژییەکانی تیۆری قەناعەت پێکردن

لە هەردوو بەشی ٨ — ٩دا ژمارەیەکمان لە تیۆری هۆکارەکانی گەیاندنی جەماوەری پیشاندا، کە یان لە نموونەی، نموونەیی بنەڕەتی زانستە کۆمەڵایەتییەکان وەرگیرابوون یان لە شیکاری کۆنتر، کە سەرنجی بایەخەکانی فەیلەسووفانی بۆ ماوەیەکی درێژ راکێشاو گونجاو بوو بۆ ئەو تیۆرانەی ئەوە لێکدەنەوە، کە خەڵکی چۆن بەشێوەیەکی لە خۆوە بایەخ بەهۆکارەکانی راگەیاندن دەدەن بۆ تێگەیشتن لە واتاکانی و وەدەستهێنانی زانیاری لەو ناوەڕۆکانەی، کە رووبەڕوویان دەبنەوە و بەکارهێنانی ئەم مەعریفەیە بۆ وەڵامدانەوەی ژینگە کۆمەڵایەتی و سروشتییەکەیان، هەرگیز یەکێك بابەتی بەکارهێنانی بە ئەنقەستی ناوەڕۆکی هۆکارەکانی راگەیاندنی نەورووژاندووە لە پێناو پێکهێنانی ئەو وەڵامانەو دەسەڵات هەبوون بەسەریدا. ئەم بابەتە، بەدیاریکراوی ئەوەیە کە ئەم بەشە لەسەری دەوەستێ.

ئەوە دەردەخەین چۆن هەمان ئەو شێوازانەی بەکارهێنراون وەکو بنچینەیەك بۆ تێگەیشتنی بابەتی وەدەستهێنانی لە خۆوە و ماوەدرێژی کاریگەرییەکانی هۆکارەکانی گەیاندنی جەماوەری لەسەر رەوشت، بەشێوەیەك، کە ئەم شێوازانە ببنە بنچینەیەك بۆ دانانی لێکدانەوە لەبارەی چۆنیەتی کاریگەری پشت پێ بەستراو، واتە ئێمە ستراتیژیی جێگرەوە پێشاندەدەین بۆ هێلکاری کردنی ئەو پەیامانەی بە هۆکارە جەماوەرییەکان دەگەیەنرێن، یان ناواخنی هۆکارەکانی راگەیاندن بە بەشداری کردنی جۆری دیکەی زانیاری بە مەبەستی قەناعەت پێ کردن.

بیرۆکەی قەناعەت پێ کردنی بنچینەیی رەگی کۆنی هەیە، ماوەیەکی درێژبەر لە چەرخی هۆکارەکانی گەیاندنی جەماوەری زاراوەی ((رەوانبێژی یان رونبێژی)) بۆ ئاماژەکردن بۆ هونەری بەکارهێنانی زمان، بۆ کارتێکردن لە بڕیاری هەڵسوکەوتی ئەوانی دیکە بەکار دەهات، لە ماوەی ئەو زەمەنەی، کە دەنگی مرۆیی تاکە هۆکاری گەیاندن بوو، ئەوەی کە دەکرێ بەکاربهێنرێ بۆ قەناعەتپێکردنی خەڵکی بۆ گۆڕینی بیروباوەڕ و کارەکانیان، ئەمە

بەڕاستی لێهاتووییەکی گرنگ بوو. لەو کاتەی کە کۆمەڵگاکان پتر گەشەیان دەکرد، هونەری قەناعەتپێکردنی سەر زاری بە قسەکردنی پاراو سەریهەڵدا. بۆ نموونە، لە گریکدا، و دواتریش لە رۆمادا، ئەو هونەرە نوێنەرایەتی لێهاتووییەکی پڕ بایەخی دەکرد بۆ سەرکەوتن لە دادگاکانی یاسادا، و لە پێشکەشکردنی کۆبوونەوە سیاسییەکاندا.

هەتا ئەمڕۆش ئەو جۆرە قەناعەتپێهێنانە گرنگە. زۆرجار لێکۆڵەرە هاوچەرخەکان لە دەرەوەی چوارچێوەی هۆکارەکانی گەیاندن بەماوەیی لە بنەماکانی قەناعەتپێکردن دەکۆڵنەوە[1]. هەرچەندە ئێمە شیکارەکەمان ورد دەکەینەوە لەسەر بەکارهێنانی بە ئەنقەستی لە پێشینەی پەیامی هۆکارەکانی راگەیاندن بۆ دروستکردنی کاریگەری لەسەر کردارەکانی تاك و دواتریش قەناعەتپێکردن لە شێوەی شێن تایدا، کە بەشێوەیەکی بنچینەیی ئاماژە بە بەکارهێنانی هۆکارەکانی راگەیاندنی جەماوەری دەکا بۆ پێشکەشکردنی پەیامی پلان بۆ دارێژراو بە ئەنقەست بۆ داهێنانی شێوەی دیاریکراوی کار لە تەنیشت جەماوەری گوێگران یان بینەران یان خوێنەران. لە نموونەی ئەم کارانە: دەنگدان بۆ پاڵێوراوێکی سیاسی، یان کڕینی بەرهەمە بەکاربراوەکان، یان بەخشین بۆ کێشەیەکی پڕ بایەخ، یان شتی دیکە، کە وەڵامی داواکارییەکانی کاردەداتەوە، کە پیاوی راگەیاندن دەیەوێ دایببڕێ. روونە، کە شێوەی جۆراوجۆری هەڵسوکەوت هەن، کە دەکرێ لە رێگای پەیامی قەناعەتپێکەرەوە کاریان لێبکرێ، بەڵام لێرەدا لە بری گۆڕانکاری دەروونی ناوخۆیی ئاماژە بە هەڵسوکەوتێکی ئاشکرا دەکەین، کە دەکرێ تێبینی بکرێ.

رەنگە هەندێك لە خاوەن تیۆرەکان، کە پەیوەندییان بە هۆکارەکانی گەیاندنەوە هەیە ئەوە بدۆزنەوە، کە ئەو پێداگیرییە لەسەر رەوشتی ئاشکرا بەوەی کە شتێکی پاشکۆیە و دەکرێ بگۆڕدرێ و بەشێوەیەکی روون تۆکمەیە، لەگەڵ ئەوەشدا هۆکاری دیکە هەن بۆ پێناسەکردنی قەناعەت پێ کردن. بۆ نموونە هەندێك لە پێناسەکان پێ لەسەر گۆڕانکاری لە بیروباوەڕەکان دادەگرن لەگەڵ بیروبۆچوونی خودی تاك یان هەڵوێستەکانی، بەو پێیەی، کە پێوەرێکە بەسە بۆ دەلالەتکردن لەسەرکەوتوویی قەناعەت پێ کردندا[2]. ئەم جۆرە پێناسانە عادەتەن لەسەر بنچینەی بیردۆزەدا دادەنرێن، بەوەی ئەگەر هۆکارە خودییەکانی ئەو بابەتە گۆڕان، ئەوا بێگومان چاکسازیی کاری بەدوادادێ و لە پێناو هەندێ بەربەستدا، ئەوا قەناعەت پێکردن لەسەر ئەم چەمك یان بیرۆکانە بەو رێگەیە گرنگ دەبێ. لەگەڵ ئەوەشدا، ئێمە لەم بەشەدا دەستکاری واقیعی هەڵسوکەوت بەو ئامانجەدا دەنێین، کە پێویستە بێتە دی، بەوەی شتێکی

پاشکۆیە و توانای گۆڕانی هەیە لە داڕشتنە تیۆرییەکاندا، کە ئامانجی لێکدانەوەیەتی و بەو ئیعتیبارەی کە پێوەرە بۆ راپۆرتێك داخۆ کردارەکە سەرکەوتوو بووە یان نا.

دوو هۆکار هەن بۆ قەناعەتپێکردن لەبارەی چەمکەکانەوە بەو ڕێگە تا رادەیەك کارەکییە: یەکێکیان ئەوەیە ئەو بەراوردکاری دەخاتە ناو کرداری دانانی تیۆرەکان و هەڵیاندەسەنگێنێ. واتە، بۆ ئەوەی لێکدانەوەی رکابەرەکان لەسەر هەمان شت بێ، دەبێ کۆمەڵێك ئەلتەرناتیڤ دیاری بکرێن لە گۆڕانکاری سەربەخۆ و وەسفکردنیان و بەرهەمهێنانیان لە دانانی ئەو بیردۆزانەی، کە بە هەندێك گۆڕانکاریی پاشکۆیی دیکە بەستراونەتەوە. روونیشە هەریەکەیان دەکرێ کۆمەڵە زۆر لە یەکجاوازیان لە گۆڕانکاری سەربەخۆ هەبن، کە تەرکیز دەکاتە سەر هەمان گۆڕانکارە پاشکۆکە، ئەگەرنا دەبێتە هاوسەنگکارێکی تیۆری لە هەوڵدان بۆ بەراوردی نێوان سێو و پرتەقاڵ.

هۆی دووەم هەیە بۆ جەختکردنەوە لەسەر هەڵسوکەوتی ئاشکرا بەوەی، کە پێوەرێکی سەرکەوتووە بۆ قەناعەتپێکردن، ئەویش ئەوەیە کە کار هۆکارێکی گرنگە لە دونیای رێکلامی کارەکی و بانگەشە سیاسییەکان و لە خشتە بردنی ماڵی و بانگەوازی رازیکردنی تایبەت بە تەندروستی گشتی و هی دیکەش. رەنگە گۆڕانی فیکری خەڵکی هەستەکانیان شتێکی چاك بێ کە لەگەڵ وازلێهێنانی دەسبەرداری دەبێ، بەڵام ئەنجامی لەمجۆرە بایەخەکەیان کەم دەبێتەوە ئەگەر لەگەڵ هەڵسوکەوتی ئاشکرادا بەراوردکاران لە هەوڵدان بۆ چالاککردن و کڕین و هەڵبژاردن و بەخشین، یان بە هۆکاری دیکە. دواتر، پرسیارەکە ئەوەیە: ئایا بۆ هیچ یەك لەو شیکارە تیۆرییانەی لە بەشەکانی پێشوودا باسکران بوار دەرەخسێ بۆ ئەوەی بەکاربێ بەوەی کە ستراتیژێکی بنچینەییە لە پلاندانانی بانگەشەی قەناعەت پێ هێنانی سەرکەوتوودا، کە ئامانجەکە هاندانێکی دیاریکراوی هەڵسوکەوت بێ؟

ئێمە لەم خاڵەدا دان بەوە دادەنێین، کە بە دروستی نازانین بۆچی زۆرینەی هەوڵە رێکلامییەکان و بانگەشەکانی هەڵبژاردن یان کاری دیکەی برەوپێدان سەرکەوتن بەدەستدێنن یان شکست دێنن، هەندێکجاریش ئەوە بە شێوەیەکی زۆر جوان ئەنجامدەدا. پاشان هەندێکجار، جارێکی دیکە ئەوە دووبارە ناکاتەوەو دەبێتە هۆی حاڵەتی شکستهێنانێکی خراپ. پێشبینیکردنی ئەوەی چ کاتێك ستراتیژیی قەناعەتپێکردن سەرکەوتووە و لە کاتێکیش چۆنیەتی شیمانەی بە ئەنجامگەیاندنی قەناعەتپێهێنان بەشێوەیەکی بەردەوام کردارێکە بە لەسەرخۆیی دێ. ئەوەی ئەمڕۆ ئێمە دەیزانین کەمێك زیاترە لەوەی بەر لە بیست

ساڵ دەمانزانی. کارلینز وابلسۆن هەڵوێستەکەیان بەر لە دوو دەیە چۆن بوو ئاوایان کورتکردەوە:

قەناعەتپێکردن وەکو هونەرێك چەندین سەدەیە ئەنجامدەدرێ، ئەو زانستەی قەناعەتهێنانیش کە وەرگیراوە بەرهەمی سەدەی بیستەمە و هێشتا لە لانکێیە.. دواتر، ئەو گوتەیە -لەسەر بنچینەی زانیارییەکانی ئێستادا- دەڵێ هێشتا کاتی نەهاتووە بۆ ئەوەی حوکمی لەسەر بدەین، وادەردەکەوێ کە باشترین وەڵام بێ بۆ پرسیاری: ((ئایا زانست لە خشتەبردنی قەناعەتپێکەری هێناوەتە ئارا، کە دەتوانێ بەسەر هەڵسوکەوتی مرۆییدا زاڵبێ؟)) هەتا ئەگەر کارەکەش بەمجۆرە بێ، ئاساییە وادابنێین ئەوکاتەی کە شێوازەکانی قەناعەت پێکردن گەشە دەکەن لە هونەرەوە بۆ زانست، ئەوا چالاکییەکانی زاڵبوونیان بەسەر هەڵسوکەوت زیاد دەکا. بەڵام بۆ مەودای ئەو چالاکییانە هێشتا دەبێ وردبینەوە(٣).

ئەمڕۆش هەڵوێستەکە تا رادەیەکی زۆر وەکو جارانە، هێشتا زووە بۆ ئەوەی لەوە دڵنیابین ئایا دەکرێ تیۆر دابهێنرێن و بە لێکۆڵینەوەی زانستی پاڵپشتی بکرێن و تا ئەو رادەیەی لەگەڵیدا بتوانرێ لێکدانەوەی کرداری قەناعەتپێکردن بە شێوەیەکی تەسەل برەخسێنرێ، چ جای ئەوەی بەو شێوەیە بەکاری بێنین، کە خۆمان دەمانەوێ بۆ ئەوەی بەهۆیەوە کار لە خەڵکی بکەین. زانا هاوچەرخەکان بەردەوام دەبن لەسەر جەختکردنەوە لە هەبوونی کەموکوڕی تیۆری بۆ تێگەیشتن لە قەناعەتپێکردن و رەنگە هەندێکیان تووشی رەشبینیش بووبن. کارلینز وابلسۆن دەڵێ:

سەرەڕای ژمارەی مەزنی ئەو پەڕانەی نووسراون و ئەو لێکۆڵینەوە بێ ژمارانەی لەبارەی قەناعەتپێکردنەوە ئەنجامدراون، زۆربەی ئەوانەی لە هۆکارەکانی گەیاندنیان کۆڵیوەتەوە ئەوەیان دۆزیوەتەوە، کە بزواندنی هەستکردن بە نائاکامی کارێکی مەحاڵە، چونکە ئەو زانیارییەی ئێمە هەمانە نرخێکە ئەو کەسەی، کە پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی لەو بارەیەوە هەبێ باوەڕی پێدەکا ئەو ئاخوکۆڤانەی، کە پەیوەندی لە نەزانی بە کۆمەڵمان هەیە لەبارەی قەناعەتپێکردنەوە کارێکی باوە. گوێمان لە زیاتر لە لێکۆڵەرێك بووە، ئەوانەی لە هۆکارەکانی گەیاندن دەکۆڵنەوە، لێکۆڵینەوەکانی قەناعەتپێکردن بە رێگەیەکی داخراو لەبەردەم لێکۆڵەران دادەنێن(٤).

هەتا لەم هەڵسەنگاندنە کە شایەنی پێکهاتنەوەیە، ئەوا هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لەو چالاکییە ئاڵۆزە زۆربەی کات داتەپێنەرە کارێکی گرنگە. هۆکارێك هەیە بۆ ئەوەی هەنگاوی

پێ باوێین، ئەویش دانانی ئەو دارشتنانەیە، کە بە رێژەیی لێکۆڵینەوەیان بۆ لێکدانەوەی قەناعەت پێکردن لەسەر نەکراوە. ئەو جۆرە ((هەڵبژێردراوانە)) دەبنە ناوەندی چالاکی بۆ ئەو لێکۆڵینەوانەی لە کۆتاییدا دەبنە هۆی زانینی ئەوەی کامەیان سەردەکەوێ و تا چ رادەیەك و لەژێر چ بارودۆخێکدا و لەگەڵ چ جۆرە کەسانێك و هی دیکەش.

پاشان، ئێمە لە تەوەرەکانی داهاتوودا، وەسفی سێ ستراتیژی تیۆریی جیاوازی قەناعەتپێکردن دەکەین، کە هەریەکەیان رووەو هەمان هۆکاری پاشکۆیی-کە کارێکی ئاشکرایە- ئاراستەکراون. ناچارین خۆمان بەدەستەوە بدەین لەوەی کە ئەو ستراتیژانە بۆ خۆیان بەراستی تیۆری دوورودرێژ و چاودێری کراو یان راگەیاندراو نین لەو بیردۆزەی کە پەیوەندییان بەگرەنتییەوە هەیە یان لە بابەتە فەرمییەکاندا، ئەو لە چاکترین حاڵێدا هێلکارییەکی ئاراستەکردنە ئاماژە دەکا بە چەندین جۆرە هۆکار و گۆرانکاری کە پێویستە لە لێکدانەوەی دوورودرێژتری قەناعەتپێکردندا دابنرێن. هەرچۆنێك بێ، ئێمە هەوڵدەدەین ئەوە دەربخەین، کە چۆن ئەو سێ ستراتیژە پەیوەندی بە نموونە نموونەییە بنچینەییەکان و دەستهاتە فەلسەفییەکان و تیۆرەکانی هۆکارەکانی گەیاندنی جەماوەری، کە لە بەشەکانی پێشەوە بنیاتنران، دەکەن. بەتایبەت ئەو ستراتیژییەی قەناعەتپێکردن، کە لە نموونەی دەرکپێکردنەوە وەرگیراوە و هەمووشیان پێشتر بە کەمێك وردەکارییەوە گفتوگۆیان لەسەر کرا.

## ستراتیژیی دینامیکی- دەروونی:

بیردۆزە بنچینەییەکانی دەروونناسی لەگەڵ دەربرینی ((کارتێکەر و وەڵامدانەوە لای تاك)) یان تیۆری S-O-R کە لە بەشی ٨دا باسمانکرد، لێکدرا. ئەم دەربرینە ئاماژە بە ئەنجامی گشتیی رووداوە دەروونییەکان دەکا، کەوا دادەنرێ بەشداری دەکا لە دیاریکردنی ئاراستەکان لە هەڵسوکەوتدا. یەکەمیان: کارتێکەرەکان بەهۆی هەستەکان لە ژینگەی دەرەوەدا پێشوازی دەکرێن و دەدۆزرێنەوە. دووەمیان: تایبەتمەندی بوونەوەرە ئەندامییەکان بۆ ئەو وەڵامدانەوەیە پێکدێنی کە روو دەدا و لە کۆتاییشدا هەندێك شێوەی هەڵسوکەوتی بەدوادادێن. لەبەر ئەوەی ئێمە بەگشتی گرنگی بە بوونەوەرە ئەندامییەکان نادەین، بەڵکو تەنیا بایەخ بە بوونەوەرە مرۆییەکان دەدەین، ئەوا دەتوانین ئەو هەنگاوە باوێین بۆ ئەو بیردۆزەی، کە هۆکارە لە پرەکان ئەمانە دەگرنەوە:

١- کۆمەڵێك لە تایبەتمەندی بایۆلۆژی ئادەمیزادی یان کرداری بۆ ماوەیی.

٢- کۆمەڵە هۆکارێکی دیکە، کە ڕەنگە لە بنچینەدا بەشێکی لەسەر بایۆلۆژیاو بەشەکەی دیکەی لەسەر فێربوون دامەزرابێ وەکو حاڵەت و بارودۆخی هەڵچوون.

٣- کۆمەڵێك هۆکاری وەرگیراو یان فێری بووین بۆ ڕێکخستنی پێکهاتەی دەرککردنی تاك. دواتر، بوونەوەرە مرۆییەکان، کە هۆکاری دەمودەستە S یان تاك لە دەربڕیندا، پێکهاتەیەکی ئاڵۆزە لە پێکهێنەرە بایۆلۆژی و هەست و سۆزی و دەرککردنەکاندا لەوەی، کە ئاراستەیەك دەداتە وەڵامدانەوەی R یان هەڵسوکەوت.

لە نێوان ئەم سێ جۆرەدا، ستراتیژەکانی قەناعەتپێکردن دەبێ لە هۆکارە سۆزدارییەکان یان هۆکارەکانی دەرککردن وردبێتەوە، کە روونە دەستکاریکردنی هۆکاری بایۆلۆژی بۆ ماوە (درێژی، کێش، توخم، رەگەز...هتد) بەهۆی پەیامێك کە بۆ جەماوەر دەگوازرێتەوە کارێکی مەحاڵە. دەکرێ پەیامی گەیاندنی جەماوەری بۆ وروژاندنی حاڵەتێکی هەڵچوونی وەك توورەبوون و قەڵسبوون، کە دەکرێ ئەو کات بۆ پێکهێنانی وەڵامدانەوە گرنگ بێ، بەکاربهێنرێن. بەڕاستیش ستراتیژی قەناعەتپێکردن هەوڵی بەیەکەوە بەستنەوەی وروژاندنی هەڵچوون دەدات لەگەڵ هەندێك شێوەی دیاریکراوی هەڵسوکەوتدا.

لە کاتێکدا هەست و سۆزەکان نوێنەرایەتی بنچینەیەکی روونی ستراتیژی قەناعەتپێکردن دەکەن، ئەوا تەنیا لە ژمارەیەکی دیاریکراوی هەڵسوکەوتدا نەبێ بەکارنایێ. پڕۆژەی یارییەکی باوتر هەیە تا رادەیەکی دوورە لە پلانی بانگەشەکانی قەناعەتپێکردندا، کە هەوڵێکە بۆ کارتێکردن لە هۆکارەکانی دەرککردن، بیردۆزە بۆ دانانیشی تا رادەیەکی باش لۆژیکییە، بە جۆرێك لە کاتێکدا کە هۆکارەکانی دەرککردن لە کرداری ئاسایی کردنەوەی کۆمەڵایەتیدا وەدەست هاتن، ئەوا ئامانجی یەکەمین بۆ ئەو بانگەشانەی هەوڵی برەودان بە فێربوونی نوێ دەدەن، بە هۆکارگەلێك دەستکاری دەکرێ راگەیاندنکار حەزی لێ دەکا.

بیردۆزەی دووەم ئەوەیە، کە هۆکارەکانی دەرککردن کار لە هەڵسوکەوتی مرۆڤ دەکەن. دواتر، ئەگەر کرا هۆکارەکانی دەرککردن بگۆڕدرێن، ئەوا ئەوکات بە دڵنیاییەوە گۆڕانی هەڵسوکەوت دەرەخسێ. ئەو بیردۆزە شیمانەیەکی بێ ئومێدکەر دەخاتەڕوو، ئەویش ئەمەیە ئەو زانیارییانە، کە بە لێهاتووییەوە پلانیان بۆ دادەڕێژرێ و هۆکارەکانی گەیاندنی جەماوەری پێشکەشی دەکەن، دەکرێ چالاکانە بەکاربهێنرێن بۆ وەدەستهێنانی زاڵبوون بەسەر هەڵسوکەوتی مرۆیی، ئەو زاڵبوونەش ماوەیەکی زۆرە ترسی رەخنەگرانی هۆکارەکانی راگەیاندنی وروژاندووە، هەروەك ئامانجێکی پێویستیش بووە، بۆ ئەوانەی دەیانەوێ

هۆکارەکانی گەیاندنی جەماوەری بۆ ئەم مەبەستە بەکاربێنن. ئەمە وەکو ئەو بیرکردنەوە کۆنە وایە لەبارەی بەردی ئەو فەیلەسووفەی، کە لەوانەیە بیتوانیبا کانزای ئاسایی بکاتە زێڕ. ئەگەر توانرا نهێنی زاڵبوون لەسەر خەڵکی بەهۆی پەیامە لێهاتووەکان بدۆزرێتەوە، ئەوا دەسەڵات و سامان و پێگە لەبەردەستدا دەبن. ئەم وێناکردنە بە درێژایی چەندین دەیە پاڵنەربوو بۆ گەڕان بەدوای ناواخن و پێکهاتەی پەیامی جادوویی، کە ئەو ئەرکەی بەشێوەیەکی باوەڕپێکرا و ئەنجامدەدا. لەگەڵ ئەوەشدا، پرسیارێکی دیکە دەمێنێتەوە.. ئەویش: ئایا زاڵبوون بەسەر هەڵسوکەوتەکان لە بنچینەدا بەهۆی هۆکارەکانی دەرککردنەوە دەدرێ؟ زۆربەی ئەوانەی لێکۆڵینەوەیان لەسەر هەڵسوکەوتی مرۆیی کردووە باوەڕیان وایە ئەمە راستە.

## هۆکارەکانی دەرککردن و هەڵسوکەوت:

باوەڕبوون بەوەی کرداری مرۆیی ئاراستەیەکی دیاریکراو بەهۆی کرداری ناوخۆیی خودی لەناو تاکدا وەردەگرێ تا رادەیەکی زۆر بیروباوەڕێکی رەخساوە، هەتا فیکرە کە بەڕاستی بابەتی گرەنتییەکە ناهێڵێ. مرۆڤ پێویستی بەوە نییە تەماشای لەوە دوورتر بکا-هەروەك لە چوارچێوە فراوانەکەدا پێویستە- بۆ ئەوەی لە هێزی پاڵنەری هەڵسوکەوت تێبگا. لە نێوان ئەو کردارە ناوخۆییانەی دەڵێن ئەوانە هۆکاری دیاریکراوی هەڵسوکەوتن، کۆمەڵەیەك چەمکی بەهێزهەن: پێداویستیی، و پاڵنەر، و بیروباوەڕ، و بەرژەوەندیی، و هۆکارەکانی دڵەڕاوکێ، و ترس و بۆچوون، و هەڵوێستەکان، دەکرێ یان چەمکی دیکە زیاد بکرێن لەوانەی کە مرۆڤ لە نووسراوی دەروونناسە دیاریکراوەکان پەسندیان دەکا.

لەگەڵ ئەوەشدا، تیۆرەکان هەرچییەك بن مێژوو مەزنەکان ریز دەکا بە هەندێك لەو کردار یان هێزانە دەگوترێ، کە بۆ ماوەن، وەکو پێداویستییە سەرەکییەکان. یان ئەنجامی فێربوونن، وەکو هەڵسوکەوت یان حاڵەتەکانی دوو دڵی، وادەردەکەوێ ئەو هێزانەی بەفێربوونەوە وەدەستهاتوون بەختی گرنگی پێدانیان زۆر زیاترە.

نموونەیەکی چاك هەیە بۆ حاڵەتی دەروونی ناوەخۆیی وەدەستهاتوو، کە دەڵێن کار لە هەڵسوکەوت دەکا، ئەویش دژبوون یان جیاوازی دەرککردنە، بەپێی ئەوەی لیۆن فیتینجر دەڵێ، کە ئەو فیکرەیەی لە ساڵی ١٩٥٧دا خستەڕوو، ئەوا پێویستی بۆ تاقیکردنەوەی

جیهانێکی جێگیر، هۆکاری هێزی پاڵنەرەکە هەڵسوکەوتەکانمان پێکدێنێ[٥]. ئەگەر تێبینی سەرنخونبوونی بیروباوەڕ و هەڵسوکەوت و رەوشتمان بکەین، ئەوا هەستێکی بەهێزی دوو دڵی (جیاوازی دەرککردن)مان تووش دەبێ، ئەمە وەکو پاڵنەرێك بۆ گۆڕینی ئەوەی ئێمە دەیکەین کاردەکا تا سەلماندنەکە بگێڕینەوە. بۆ نموونە ئەگەر یەکێك لە هاوڕێکانمان داوای لێکردین لە تاقیکردنەوەدا پێی بڵێین، ئەگەر باوەڕیشمان بەوە کرد، کە ئەم جۆرە پێگرتنە هەڵەیە، ئەوکاتە ئێمە دەکەوینە حاڵەتی جیاوازی دەرککردن، بۆ ئەوەی ئەو دوو دڵییە کەم بکەینەوە پێویستە شتێك بکەین.

لەم حاڵەتەشدا سێ هەڵبژاردن دەبن: یان داوای هاوڕێکەمان رەتدەکەینەوە، یان قەناعەتی پێ دەکەین بۆ ئەوەی واز لە پلانی قۆپیەکردن بێنێ، یان چاککاری لە پەیوەستبوونەکەمان دەکەین بەوەی قۆپیەکردن هەڵەیە، لە راستیدا هەریەکێك لەم گۆڕانکارییانە جیاوازی دەرککردن کەم دەکاتەوە و ئەو گۆڕانەش دەگۆڕدرێ، کە بەڕاستی لەسەر مەودای مەزندە بۆ هاوڕێیەتی یان مەودای توانای هەستمان لەبارەی قۆپیەکردن هەڵیدەبژێرین. هەرچۆنێك بێ، جیاوازی کە حاڵەتێکی دەروونی ناوخۆییە وەکو پاڵنەر کار دەکا، پاڵمان پێوەدەنێ بۆ ئەوەی شتێك بگۆڕین: یان رەوشتمان، یان بیروباروەڕمان.

هۆ و پاڵنەرەکان بە چەمکی گرنگ دادەنرێن بۆ تێگەیشتن لە قەناعەتپێکردن، هەردوو دەربڕینی ((پێویستی)) و ((پاڵنەر)) زۆر لە مێژە شتی خۆشویستراو بوونە لە رووی دەروونییەوە لە لێکدانەوەی کاریگەرییەکان لەسەر رەوشت، ئەمانە پێویستییان بە لێکدانەوەیەکی کورت هەیە، پێویستییەکە لە بنچینەدا حاڵەتێکە لە بێ بەری کردن، ((بوونەوەری زیندوو)) لە هەندێك کەرەستەی پێویست بێ بەری دەکرێ، وەکو خواردن و ئاو، کە پێویستن بۆ کارکردن بەشێوەیەکی تەسەل، یان رەنگە چالاکییەك بێ وەکو سێکس یان وەرزش کە رەنگە لەش داوای بکا بۆ بەردەوامی دان بە چالاکی ئاسایی خۆی. حاڵەتی بێ بەریکردن دەبێتە هۆی وروژاندنی توانا بۆ وەدەستهێنانی ئەوەی پێویستییەکان تێر دەکا. حاڵەتی وروژاندن پاڵنەرەکەیە و هەندێك لە پێویستییەکان بەرهەمی سروشتی بایۆلۆژیانن و هەندێکی دیکەش ئەنجامی فێربوونن لە چواردەورە کۆمەڵایەتییەکەماندا. دەروونناسان لیستێکی درێژیان لە پێداویستییە وەدەستهێنراوەکانمان تاوتوێ کرد، ئەویش پێداویستییەکانی وەدەستهێنا، گەڕانەوە بۆ خانەوادە یان کۆمەڵەیەك و ئەگەر هاتوو مرۆڤ پاشکۆ بوو، یان دەسەڵاتی لە دەست بێ، یان مرۆڤەکە رێکوپێك بێ، یان تەماع بێ، یان گوێڕایەڵ بێ،

دەگرێتەوە. هەموو ئەو پێداویستییانە پاڵێوراون بۆ ستراتیژەکانی قەناعەتپێکردن ئەگەر وای دابنێین، کە دەکرێ دەستکاری بکرێن.

لە کاتێکدا ئەو چەمکانەی پێشتر ئاماژەیان پێکرا بە گرنگ دابندرێن، ئەوا ئەو هۆکارە دەروونییە ناوخۆییەی، کە زۆربەی کات تاوتوێ دەکرێ، لەوەی کە پەیوەندی بە پێکهێنانی رەوشتێکی ئاڵۆز هەیە لە رێی قەناعەتپێکردنەوە، ئەوا ئەو هەڵوێستە یان ئەو تێڕوانینەیە، کە تاك لە خۆی دەگرێ. لە کاتێکدا یەکەمجار فیکرەکە لە سەرەتای سەدە خرایەڕوو، بەتایبەتی دوای ئەوەی پێوەری پێشکەوتوو بۆ هەڵوێستەکان بەکاردەهات، ئەوا قەناعەتکردنێکی قووڵ هەبوو، بەوەی کە جۆری جیاوازی رەوشتی هەن راستەوخۆ بە هەڵوێستەکانی تاك بەستراونەتەوە. واپێویست بوو ئەگەر یەکێك هەڵوێستی کەسێکی لەبارەی بابەتێکی دیاریکراو، یان کۆمەڵە خەڵکێك، یان بابەتێك، زانیبا، ئەوا دەتوانرا پێشبینی هەڵسوکەوتی دیاری ئەو تاکە بکرێ لەبارەی ئەو هەڵوێستەوە. لە بەشی پێشوودا تێبینی ئەوەمان کرد ئەم بیردۆزە کۆمەڵەیەکی سەرەکیی کتێب کە دابەزیوی ئەو بابەتەیان تاقیکردووەتەوە پشتگیری ناکەن. لەگەڵ ئەوەشدا، بیردۆزەکان بۆخۆیان ژیانێکی تایبەت وەردەگرن. زۆرێك لەو نووسەرانەی تاوتوێی بابەتی قەناعەتپێکردنی ئەو باسەیان کردووە پشت گوێیان خستووە و بەردەوامبوون لە پێشکەشکردنی ئەو بیردۆزەی، کە هەڵوێستەکان یان تێڕوانینەکان و رەوشت پەیوەندییەکی تۆکمەیان لە نێواندا هەیە.

دواتر، بەشێوەیەکی گشتی بۆچوونی دینامیکی دەروونی بۆ رەوشت کاریگەری هێزەکان لەسەر ئەو رێیەی کە هۆکارەکان و بارودۆخ و حاڵەتەکان دەیدەن دووپات دەکاتەوە. هێزە ناوخۆییەکانی تاك، ئەوەی کە رەوشت و رێبازی دەرککردن پێکدێنێ بەو پێیەی ستراتیژی قەناعەتپێکردنە ئەوە دووپات دەکاتەوە، کە پێکهاتەی ناوخۆیی دەروونی مرۆیی بەرهەمی فێربوونە. ئەو دووپاتکردنەوەیەشە وادەکا بەکارهێنانی هۆکارەکانی گەیاندنی جەماوەری بۆ دەسکاریکردنی ئەو پێکهاتەیە بەجۆرێك رەوشتی بگۆڕێ کردەنی بێ.

دەستکاریکردنی هۆکارەکانی دەرککردن بۆ کار لە رەوشت کردن کرۆکی ستراتیژی دینامیکی دەروونی، ئەوەیە کە پەیامی چالاك خاوەنی تایبەتمەندییەکە توانای گۆڕینی ئەرکە دەروونییەکانی تاکی هەیە، بەشێوەیەك ئەوان بەشێوەیەکی ئاشکرا (رووەو ئەو شتەی، کە ئامانجی قەناعەتپێکردنە) لەگەڵ شێوازەکانی رەوشتدا (ئەمەش پەیامێکی خوازراو یان پێشنیازکراوە بەهۆی راگەیاندنکارەوە). بە واتایەکی دیکە، وادانراوە، کە کلیلی


قەناعەتپێکردنێکی چالاك لە فێربوونێکی نوێدا تەواو دەبێ، لەسەر بنچینەی ئەو زانیارییانەی کە ئەو کەسە پێشکەشیان دەکا، کە هەوڵی قەناعەت پێکردن دەدا، وادادەنرێ ئەوە پێکهاتەی دەروونی ناوخۆیی تاك بگۆڕێ، (پێداویستییەکان، ئەمبارەکان، هەڵسوکەوتەکان...هتد) کە دەبێتە هۆی رەوشتێکی ئاشکرای خوازراو.

شێوە و گۆڕانکاری زۆر هەبوون بۆ ئەو رێبازە گشتییەی قەناعەتپێکردن، کە لەسەر بنچینەی هۆکاری دەروونی دیاریکراو، کە کاریگەریەکەی نوێیە لەگەڵ ئەو پەیوەندییە دینامیکییەی وادانراوە، کە باوەڕوایە لە نێوان کرداری دەروونی و شێوازی رەوشتی ئاشکرادا هەبێ، کە پێویستە چالاکی بکاتەوە، دروست دەبێ. پێشتر تێبینی ئەوەمان کرد بەکارهێنانێکی فراوان لە هۆکارەکانی قەناعەتپێکردن روویانداوە، کە هەڵسوکەوتەکانی تاك دەکاتە ئامانج بەپێویستی وادانانی ئەوەی کە پەیوەندییەکی تۆکمە هەیە لە نێوان باری رەوشتی تاك-بە ئەرێنی یان نەرێنی- و ئەو رێگایەی ئەو جۆرە کەسە لە هەڵوێستێکی کۆمەڵایەتیدا هەڵسوکەوتی پێدەکا- بە پەسەندکردن یان رەتکردنەوە. نموونەی ئاشنا بانگەشەی گەیاندنی جەماوەرییەکە کەمکردنەوەی جوداکاری رەگەزی و رەگەزی (روون لە رەوشتی ئاشکرادا) دەکاتە ئامانج بە هەوڵدانی کەمکردنەوەی هەڵگرتنی سەودای رەگەزی (کە هەڵوێستێکی نەرێنینەوە رەنگە واتاکەی ببێتە هۆی لێکدابڕان.

ترس هۆکارێکە لە بازنەیەکی فراوانی رێکلامکردن و هەوڵدانی قەناعەتپێکردنی دیکەدا بەکارهاتووە. لەو نموونانەی زۆر دەبیندرێن، برەودان بۆ کڕینی دەرمانێکی تۆمارکراو (کارێکی ئاشکرا) بە بانگەشەی ئەوەی مەترسییەك لە ئارادایە ئەگەر ئەو ماددەیە بەکارنەهێنرێ مەترسییە بۆ تەندروستی. هەروەك بابەتێکی باوە، کە بەکارهێنانی بەرهەمێك بۆ کەمکردنەوەی ترس لە رووی کۆمەڵایەتییەوە پەسند نییە.

لیستێك کە وایلێهاتووە نەبووبێ لەبارەی هۆکارە دەروونییەکان پێشکەشکراوە بەوەی بنچینەیەکە بۆ ستراتیژی قەناعەتپێکردن، بەو پێیەی ئەگەر دەسکاریکردنەکەی تەواوبێ، ئەوا هەندێك لەو کارانەی کە خوازراون رەنگە بەدوایدا بێن. بە دەربڕینی روونکاری سادە دەکرێ وێنەیەکی بەیانی ستراتیژی قەناعەتپێکردنی دینامیکی دەروونی وەکو شێوە ١٠-١ ئامادە بکرێ.

لە کێشە بێزارکەرەکان سەبارەت بەو ستراتیژییە ئەوەیە بە راستی وادەرناکەوێ، کە بەشێوەیەکی جێگیر کار دەکا، کەسیش نازانێ بۆ، ئەگەرچی بێ ئەندازە لۆژیکییە.




**شێوەی ١٠-١ ستراتیژی قەناعەتپێکردنی دینامیکی دەروونی**

دەرککردنی دروست وای دادەنیٚ، کە ئەمە ئەو ڕێگەیەیە پێویستە هۆکارەکانی ڕاگەیاندن بۆ بە ئەنجام گەیاندنی قەناعەتپێکردن بە کاری بێنن، سەرەڕای کەموکوڕی ئەو بەڵگانەی پاڵپشتی دەکەن. بۆ نموونە، جۆن فیلیپ جۆنز-ئەوەی کە بیست و پێنج ساڵی وەکو بەڕێوەبەری ڕێکلام بەسەر برد، بەر لەوەی ببێتە یەکێك لە لێکۆڵەرانی هۆکارەکانی گەیاندن-بەم گوتەیەی بەدوای ئەو خاڵەدا چووە: فێربوون و هەڵوێستەکان و ڕەوشتی هەموویان بە شێوەیەك لە شێوەکان بە ڕێکلام کاریگەر دەبن، بەڵام بۆ ئەوەی تێبگەین، کە ڕێکلام چۆن کار دەکا، ئەوا پێویستیمان بە زانیاری وەرگرتنی زانیارییەکان دەبیٚ. کۆنترین تیۆرەکان لەسەر بنچینەی زنجیرەیەك ڕووداوی سادە دروست دەبوون، کە چارلز ریمۆند بە ((فێربە، هەستکە، کاربکە)) وەسفیکردوون، لەم تیۆرەشدا خەڵکی زانیاری واقیعیان لە بارەی نیشانە بازرگانییەکانی پۆلێك

پێدەگا. لە ئەنجامی ئەوەشدا، هەڵوێستەکانیان لەبارەی ئەو پۆلە دەگۆڕێ و پەسندی دەکەن و دواتر دەیکڕن[٦].

جۆنز بەردەوامی دەداتە روونکردنەوەکەی و دەڵێ: ((تەنیا چەند هەوڵێکی سنووردار هەبوون بۆ بڕیاردان لەسەر دروستی ئەو تیۆرەو ئەنجامەکانیش بەس نەبوون بۆ ئەوەی یەکلاکەرەوەبن))[٧]. لەکاتێکدا رێکلامکەرەکان چاودێری تیۆری دیکەی موژدەهێنەریان دەکرد، ئەوا رێبازی ((فێربە، هەستکە، کاربکە)) لەسەر شانۆی سەرەکیدا دەمێنێتەوە.

ئیڤەرت رۆجەرز و گ. دۆگلاس ستۆری ستراتیژییەکانی قەناعەتپێکردنیان خستەڕوو بۆ بانگەشەی ئەو زانیارییانەی ئامانجیانە گۆڕان لە هەندێك شێوەی خاوەن مەژگەی کۆمەڵایەتیی رەوشت بەئەنجام بگەیەنن، پاڵپشتی کەری کۆمەڵگان و کۆمەڵەیەکی فراوان لە کردارە تاکی و بە کۆمەڵەکان دەگرێتەوە، لە رێکخستنی وەچەوە درێژ دەبێتەوە بۆ لەخۆگرتنی تەکنەلۆژیایەکی کشتوکاڵی پتر لێهاتوو. هەروەك حاڵەتی رێکلامەکان، هەندێك بانگەشە ئامانجەکانیان پێکاو هەندێکی دیکەش نەیانپێکا، هیچ کەسیش بە تەواوی هۆیەکەی نازانێ، ئەم دوو نووسەرە بەوگووتەیەیان ئەوە دەردەبڕن:

تەماشاکردنێکی گشتی چاپکراوی هەڵمەتەکان کۆمەڵەیەکی گەورە لەو لێکۆڵینەوانەی، کە بەشێوەیەکی شێلو بە هەندێك بنەمای کەمیی گشتی دەبەسترێنەوە دەدۆزێتەوە، بەڵام بە بەگشتیکردنێکی کەم یان ئەو بیردۆزەی کۆیان دەکاتەوە[٨].

ئەو هەنجەتە بێهێزەی کە شێواز ((جگە لە هەڵسوکەوت-بۆ گۆڕینی رەوشت)) پابەندی دەبێ، بەم دواییانە بەهۆی جیرال میللەرەوە تێبینی کرا، ئەوەی ئەو لێکۆڵینەوانەی خستنەڕوو، کە لە ماوەی چەندین دەیەدا لەبارەی قەناعەتپێکردنەوە کەڵەکە ببوون- جا لە هۆکارەکانی گەیاندنی جەماوەری بێ یان لایەنی دیکە. هەروەك ئەو تێبینییی وەدەستهێنراوە تیۆرییە سنووردارەکانیش دەکا بۆ لێکۆڵەرانی ئەم بوارە و پابەندبوونی بەردەوامیان لەبارەی هەڵوێست و تێڕوانینەکان بەو پێیەی هۆکارێکی سەرەکییە. بەوە کۆتایی هات، کە سەرەڕای جەماوەری بوونی هەمیشەیی بۆ ستراتیژیی دەرککردن، ئەوا بەڵگەکان پپشتی ناگرن بەوەی رێبازێکی باوەڕپێکراوە بۆ بە ئەنجامگەیاندنی گۆڕانی رەوشتی لە ڕێی قەناعەتپێکردنەوە، بەتایبەتی بەو ئیعتبارەی کە هەڵوێست گۆڕانکاری سەرەکییە. میللەر دەڵێ:

چەند ئیعتباراتێکی روون هەن، کە ئەم پابەندبوونە بەردەوامە لە چوارچێوەیەکی فراواندا لێکدەدەنەوە. بەشێوەیەکی سەرەتایی، پێکهێنانی قەناعەتپێکردن وەکو کردارێك

کارتێکەرێکی هێمایی (پەیامێکی قەناعەتپێکەر) تێیدا ململانێی ناوخۆیی هەڵسەنگێنەر (هەڵوێست یان تێڕوانین) دروست دەکا، کە ئەویش هەڵسوکەوتە ئاشکراو ویستراوەکان (وەڵامدانەوەی ئامانجە قەناعەتپێکەرەکان) دەبزوێنێ، دەبێتە کارێك، کە لێی تێدەگەین. هەنجەتەکە بەم گوتەیە بەردەوام دەبێ: لەگەڵ ئەوەدا، ناتوانرێ پێشبینی ئەوە بکەین، کە خەڵکی بەو رێگەیەی لە (رەوشتی) راگەیاندندا بۆیان وەسفکراوە بەو شێوەیە هەڵسوکەوت بکەن، ئەگەر هاتوو بەشێوەیەکی گونجاو مەیلیان وەلای ئەو رەوشتە نەبێ؟(٩).

پاشان، سەرەڕای کەموکورتی لە بەڵگەی زانستیدا و بێ دوو دڵی سەرەڕای هەبوونی بەڵگەی دژ لە هەندێك حاڵەتدا، ئەوانە و ستراتیژە قەناعەتپێکەرەکەی بەشێوەیەکی پلان بۆ دانراو لە شێوەی ١٠-١دا دەردەکەوێ، بووەتە شتێکی بنیاتنەر وەکو پاژێك لە زانیاری گشتیماندا، وادەردەکەوێ کە هیچ گومانێك نەماوە لای هەندێك لە پراکتیزەکەرەکان لەوەی ،کە ئەو پەیامە قەناعەتپێکەرانەی بۆ جەماوەر دەگوازرێنەوە دەکرێ دڵەکان و مێشکەکان دیل بکەن، دواتر (هەروەك ئومێدیان وایە) دۆلارەکانی ئەوانەی زانیارییەکانیان پێدەگا گۆڕانی هەست و سۆزەکان دەکاتە ئامانج و دواتریش گۆڕانی رەوشت. تاکە شتێك مابێتەوە و پێویست بێ بکرێ-وەك نموونەی ئەو جۆرە خەڵکانە باوەڕیان پێی هەیە- ئەوەیە ئەوە وەکو خۆی بدۆزرێتەوە، کە چۆن زانیارییەکان کاری خۆیان بە ئەنجام دەگەیەنن.

لە بەخت رەشیان، دوای چەند دەیەیەك لە لێکۆڵینەوەی چڕدا، تایبەتمەندییەکانی پەیامی جادوویی هێشتا نەدۆزراونەتەوە، دواتر، پێویستیمان بە بەڵگەی دیکە هەیە بۆ پشتگیریکردنی دروستیی ستراتیژی دینامیکی دەروونی. تا ئەرکی ئەو لێکۆڵینەوانە بە ئەنجام دەگا، پێویستە ئەم لێکدانەوەیەی قەناعەتپێکردن بە هەوڵێکی تاقیکاری دابندرێ.

## ستراتیژی رۆشنبیری – کۆمەڵایەتی:

لە کاتێکدا بیردۆزە بنچینەییەکانی دەروونناسی لەسەر ئەو فیکرەیە بنیاتدەنران بەوەی دەتوانرێ لە ناوەوە بەسەر رەوشتدا زاڵبین، زانستە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە وای دادەنێن، کە بڕێکی زۆری رەوشتی مرۆیی هێزی دەرەوەی تاك پێکی دێنن.

زانستی لێکۆڵینەوەی کۆمەڵگا ئادەمیزادییەکان دووپاتی کاریگەری بەهێزی رۆشنبیری دەکەنەوە لەسەر رەوشت، و ئابووریناسانیش ئاماژە بە هەڵسوکەوتی بابەتیی کە خودی نین بۆ سیاسەت و ئاراستە رەخنەییەکان دەکەن. لە کاتێکدا زانستی سیاسەت جەخت لەسەر

پەیکەری حوکم و مومارەسەی دەسەڵات دەکاتەوە. هەرچی کۆمەڵناسییە، ئەوا لە کاریگەری ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی لەسەر ڕەوشتی کۆمەڵە دەکۆڵێتەوە. ئەم شێوازانە هەموویان تایبەتمەندییان هەیە، و هەمووشیان بنچینەیەکی شەرعی بە ڕێگەیەك لە ڕێگەکان بۆ پێشبینی سروشتی کاری مرۆیی پێشکەش دەکەن.

لێکدانەوەکانی ڕەوشتی مرۆیی ئەوانەی، کە لە هۆکارەکانی دەرەوەی تاکیان کۆڵییەوە ڕۆڵێکی زۆر بچووکتریان لەبارەی ستراتیژی دووهێندپێکردندا بینی لەچاو ئەوەی ستراتیژیی دەرککردن ئەوەی، کە لە ناوەوە دەڕوانێ ئەنجامیدا. لەگەڵ ئەوەشدا، بنچینەیەکی پتەو پێشکەش دەکا، کە تیۆرە ئەلتەرناتیڤەکانی لەسەر دروست دەبن، هەرچەندە بۆ دانانی تیۆری لەمجۆرە، مرۆڤ پێویستی بەوەیە تێگەیشتنێکی روونی لەبارەی چۆنیەتی شیمانەی ئاراستەکردنی ڕەوشتی مرۆیی هەبێ بەهۆی ئیعتباراتی دیکەی بێجگە لە هۆکاری بایۆلۆژی و سۆزداری و دەرککردنی ناوخۆیی کە دەروونناسان بایەخی پێدەدەن.

## پێشبینییە کۆمەڵایەتییەکان و ڕەوشت:

دەرکەوتنی توانایەکی بەهێزی ڕۆشنبیری بۆ زاڵبوون بەسەر هەڵسوکەوتی مرۆیی زۆر دژوار نییە، کە مرۆڤ دەتوانێ بە ئاسانی ئاماژە بە کۆمەڵە نموونەیەکی سەرنجڕاکێش بکا، کە لێکدانەوەیان ئەستەمە بە دەربڕینی دیکە، یاسای بۆشیدۆ، ئەوەی کە لە ناسنامەی سەربازە ژاپۆنییەکان لە ماوەی جەنگی جیهانی دووەمدا ڕووابوو، بووە هۆی ئەوەی هەندێك لە تاکەکانیان کاری وا ئەنجامبدەن، هێزی ئەمەریکایی کە بەرەنگاریان دەبوونەوە نەیاندەتوانی لە هەموویان تێبگەن. بەرپرسی فڕۆکە خۆکوژییەکان-کامیکازی- باری گرانی بۆمبیان هەڵدەگرت و دەفڕین و ئارەزووی فڕینیان دەکرد و تەنیا ئەوەندە سووتەمەنییەیان پێ بوو پێی بگەنە ئامانجەکانیان. بە ئەنقەست لەسەر کەشتییە جەنگییە ئەمەریکاییەکاندا خۆیان دەخستە خوارەوە، لەکاتێکدا ژێر ئاوییە ژاپۆنییەکان بە ڕێکوپێکی تۆرپیدی گەورەیان دەهاوێشت و فڕۆکەوانەکان ئاراستەیان دەکردن و بە ئەنقەست خۆیان بەختدەکرد و ڕووەو کەشتیی هاوپەیمانان دەیانهاژوا.

ئەو کەسانە شێت نەبوون، بەڵکو بەشێوەیەکی زۆر سروشتی لە چوارچێوەی داواکارییە ڕۆشنبیرییەکانی خۆیاندا هەڵسوکەوتیان دەکرد. هەتا سەربازە کێوییەکان خۆیان لەسەر بەردی بەرز دەهاوێشت یان خۆیان بە بۆمبی دەستی بۆمبڕێژ دەکرد یان بە چەقۆ سکی خۆیان دەدڕی، بۆ ئەوەی دیل نەکرێن، ئەمەش لەبەر ئەوە نا ئەوان لە سەودای دیلانە دەترسێن،

بەڵكو خۆبەدەست دوژمن دان شەرمەزارییە، ئەوەش هەستێك بوو بە قووڵی رووابوو بەهۆی ئاساییكردنەوەی كۆمەڵگا بە پێی بیروبۆچوونەكانی بۆ شیدر كەوا لە دیلی یان خۆبەدەستەوەدان دەكا شتێك بن لە سەرووی ئەوەی ئەوان بتوانن بیكەن، و مەرگ بەدەستی خۆیان لایان چارەسەرێكی رێزدار و ئەلتەرناتیڤێكی پەسند بوو.

دەتوانرێ لیستێكی بێ كۆتا لە نموونەی ئەو هەڵسوكەوتانە كۆبكرێتەوە، كە بە تەواوی دژە لەگەڵ ئەوەی ئێمە بەڕاستی دەزانین، ئەمە نەریتی ((ساتی)) لە هیندی سوننەتی دەگرێتەوە- ئەویش ئەركی ژنی پاكە كە خۆی بخاتە سەر ئاگری تەرمی مێردە مردووەكەی، هەروەها سروتی پەڕینەوە لای هیندییە سوورەكان، ئەوەی تێیدا ئەو تاكانە ئازار دەدرێن، كە دەیانەوێ پیاوەتی بسەلمێنن، هەروەها نەریتی ئەسكیمۆی سوونەتیش كەوا لە باوانە پەككەوتەكانیان دەكەن دوای ئەوەی لە بەرهەمهێنان دەكەون لە پێناو كۆمەڵەدا دەچنە جێگایەكی (ئاوی) لەسەر بەفر دەیانبەستێ هەتا دەمرن. هەموو ئەو نەریتانە ئاسایی و بەڕێز بوون لەناو ئەو كۆمەڵانەی تێیاندا روویان دەدا.

هەتا لەناو كۆمەڵگای ئەمەریكاییماندا هەندێك شێوەی هەڵسوكەوت هەن، كە رەنگە لای ئەوانی دیكە نامۆ یان نالۆژیكی یان مەترسیدار بۆ تەندروستی دەربكەون. لەپێكردنی پێڵاوێكی پاژنە بەرز دەكرێ بخرێتە ناو ئەم سیستەمە و خواردنەوەی ئارەق (تا سەرخۆش دەبی و لە بەیانیدا تووشی سەر ئێشە دەبی) دەكرێ بۆ لیستەكە زیاد بكرێ، هەروەك گوێگرتن لە مۆسیقا ((رۆك)) بە دەنگی بەرز تا ئەو رادەیەی ببێتە هۆی كەڕبوون بە پاڵێوراوێكی دیكەی سیستمەكە دادەنرێ. لەگەڵ ئەوەشدا، راستییەكەی ئەوەیە ئەو شێوانەی هەڵسوكەوتی ئاسایی لە رێگەی دەستەی دیاركراوەوە لەناو كۆمەڵگەكەماندا لە رووی رۆشنبیرییەوە باوبووە.

لە كاتی پێداچوونەوەی تیۆری پێشبینی كۆمەڵایەتی لە بەشی هەشتەمدا، دەبینین، كە پێكهێنەرەكان رێكخستنی كۆمەڵایەتی نوێنەرایەتی دەستەیەكی دیكەی كاریگەری بەهێز دەكا لەسەر رەوشتی تاكدا. خەڵكی وەكو ئەنجامێك بۆ ئەو كاریگەریانە دەتوانن چەندین كۆمەڵە لە كردار هەڵبژێرن، كە بە ئەلتەرناتیڤی هەستەكانیان و داواكارییە ناوخۆییەكانیان دەژمێردرێن.

با بۆ نموونە، بەهیوای ئەوەبین، قوتابییەك لە دوایین ساڵدا دەیەوێ نمرەیەكی بەرز لە هۆكارەكانی گەیاندن یان یەكێك لە زانستە كۆمەڵایەتییەكان وەدەستبێنێ. بۆ ئەوەی ئەمە بكا، ئەوا بەزۆری پێویستی بەوە هەیە، كە سەلمێندراوەكانی لێكۆڵینەوە لە زانستی ئاماردا

وەربگریّ. ئەگەر لە گۆڕانکارەکانی دەرککردنی وەکو هەڵوێستەکانمان روانی، ئەوا ئێمە بۆ ئەوەی لەوە بگەین، کە قوتابییەکی نموونەیی لەبارەی ئەم بابەتەوە چۆن هەست دەکا، ئەوا تا رادەیەك وێنەیەکی نەرێنی دەبینین و وادەردەکەویّ، کە قوتابی زۆر کەم هەن هەڵوێستی بەهێزیان هەیە ئامادەیان بکا لەسەر لێکۆڵینەوەی ئامارەکان، هەرچەندە ساڵ دوای ساڵ قوتابی لەمجۆرە چیرە بەددانیان دەکەن و هێور دەبنەوەو لەسەر داواکاری ئەم سەلمێندراوانە واژوو دەکەن. زۆر بەروونی، کردارەکانیان لەگەڵ دارشتنی ((فێربە-هەستکە- کاربکە))دا دەگونجێن.

لە راستیدا، نموونەی ئەم جۆرە هەڵبژاردنە رەوشتیانە، بەشێوەیەکی ئاسایی پەیوەندییەکی گەورەی بە هەڵوێست و چاکتربوونەکانەوە نییە، کە لێکدانەوەکان لە شوێنی دیکەدا تەواودەبن. پێشبینییە کۆمەڵایەتییەکان بۆ ئەو ئەندامانەی پلەی بەرزیان هەیە لە کۆمەڵگاکەیاندا-مامۆستاکانیان لە ساڵی کۆتاییدا- شێوەی داواکراوی هەڵسوکەوت دەسەپێنن. بنەماکان روون و دیاریکراون و رۆڵی قوتابی لە ساڵی کۆتاییدا ترسی هەیە لەمجۆرە بریارانە، بەڵام گواستنەوە بەسەرکەوتووییەوە لە پلەدا بۆ سەرەوە لە پاڵێوراو بۆ پلەیەك و پلەیەکی دیکە وەدەستبێنی، دەوەستێتە سەر تەواوکردنی کار، ئەگەر قوتابییەکە گوێڕایەڵ نەبوو، ئەوا لە کۆمەڵەکە دوور دەخرێتەوە، ئەم جۆرە دوورخستنەوەیەش ماوەیەکی دوورودرێژە بەشێوەیەکی گرنگ دادەنریّ لە زاڵبوونی کۆمەڵایەتیدا. پاشان، ئەنجامە راستەقینەکە ((فێربە-هەستکە-کاربکە)) نییە، بەڵکو ((فێربە-گوێڕایەڵ بە-یان سزادەدریّ))یە!.

دەتوانریّ بابەتێك بورووژێنریّ، ئەویش ئەوەیە، کە زۆرێك لە هەڵسوکەوتەکانمان ئەو پێشبینییە کۆمەڵایەتییانە زاڵن بەسەریدا، کە لە ناو رێکخستنە کۆمەڵایەتییەکاندا هەن، کە تێیدا لەگەڵ ئەوانی دیکە کارلێك دەکەن نەك لەگەڵ ئامادەییە ناوخۆییەکانمان و هەموو ئەو کۆمەڵانەی بۆیان دەگەرێینەوە (خێزان، یان قوتابخانە، یان ئەو کۆمەڵەیەی کاری تێدا دەکەین، یان یانە، یان تەنیا چەند هاورێیەك) کۆمەڵەیەکی بەهێزی پابەندبوونمان لەسەر مومارەسە دەکەن. رەنگە لە هەندێك کۆمەڵەدا بەو قەدە ئەو رۆڵەی بۆمان دیاریکراوە ئەنجامی بدەین و گوێڕایەڵی سیستەمی پلەکان بین و لەسەر سیستەمی زاڵبوونی کۆمەڵایەتی رازی بین، ئەمانەش هۆکارە دەرەکییەکانن، کە هەڵسوکەوت و هەڵوێستەکانمان پێکدێنن-پێشبینییە

کۆمەڵایەتییەکان داواکاری ئەوانی دیکەن- نەك تەنیا هەست و سۆزە ناوخۆییەکان، یان بە چاك زانینەکان یان هەڵوێستەکان.

بەم شێوەیە گومانێکی گەورە هەیە، لەوەی هەریەك لە هۆکارە کۆمەڵایەتی و رۆشنبیرییەکان پلانی ئاراستەکراو بریکاردەکەن، کە رەوشتی مرۆیی پێکدێنێ. حاڵەتەکانی تێگەیشتنی تاك و رازی بوون بە شێوەی رۆشنبیری کە رەوشت پەسندی بکا و پێشبینییە رەوشتییەکان لەوانی دیکە ئەوانەن، کە ئەوە دیاریدەکەن تاك چۆن لە دەوروبەری کۆمەڵایەتی خۆیدا هەڵسوکەوت دەکا. بەم هۆیەوە، رەنگە هۆکاری دەرەکی لەجۆرە بنچینەیەك بۆ قەناعەت پێکردن بڕەخسێنن، لەگەڵ ئەو بیردۆزەی، کە رەنگە تاك دیاری بکا یان زاڵبێ بەسەریدا.

## دەستکاریکردنی پێشبینی کۆمەڵایەتیی بۆ کار لە رەوشت کردن:

لە کاتێکدا لێکۆڵینەوەی ستراتیژی دینامیکی دەروونی چەند ساڵێکە بەڕێوەدەچێ، لێکۆڵینەوەی زۆر کەم بۆ رێبازی رۆشنبیری کۆمەڵایەتی قەناعەتپێکردن تایبەتکراون. لە راستیدا، ئەو تیۆرانەی بۆ قەناعەتپێکردن لە ئارادان، و ئەو مەبەستەیان خرایەڕوو کە رۆشنبیری و رێکخستنی کۆمەڵایەتی ئەنجامی دەدا، تەرکیزی کردۆتە سەر ئەو هۆکارانەی رەنگە هۆکاری لەجۆرەی تێدا بن بەست بن  لە وەدەستهێنانی گۆڕینی رەوشتیدا. بۆ نموونە، کتێبە تایبەتەکان بە لەخۆگرتنی نوێکردنەوە وەکو ئەنجامێك بۆ نەریتە رۆشنبیرییەکان بووە بە دابێك پێچەوانەی بەکارهێنانی گۆڕانی پێشنیازکراو.

ئەوەی ستراتیژی رۆشنبیری کۆمەڵایەتی چالاك داوای دەکا، ئەوەیە کە پەیامەکانی قەناعەتپێکردن بنەماکانی هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی بۆ تاك دیاری بکەن، یان ئەو داواکارییە رۆشنبیریانەی کار، کە ئەو چالاکییەی راگەیاندن کار دەیەوێ نوێیی بکاتەوە بەڕێوەی دەبا، یان ئەگەر بە راستی دیاریکردن هەبێ، ئەوا ئەرکەکە خۆی دەبێتە کرداری دووبارە دیاریکردنەوەی ئەو داواکاریانە.

ئەم ستراتیژییە بەدرێژایی چەندین دەیە لە زانستی رێکلامکردندا بەکارهات بۆ گێڕانەوەی پێکهێنانی فیکرەکان لەبارەی بەرهەمهێنەرێکەوە. لە وێنە کلاسیکییەکاندا، رێکلامکردن بۆ جگەرە راستەوخۆ دوای جەنگی یەکەمی جیهانی، کاتێك جگەرەکێشان بۆ ژنان لە رووی

کۆمەڵایەتییەوە پەسند نەبوو، و پلاندانانی بانگەشەی ڕێکلامکردن بۆ ئەوەی وا لە ژنان بکا جگەرە بکێشن ئەرکێکی قورس بوو، کە لە چوارچێوەیەکی فراواندا لە ناوچە ماوەو ئەو وێنەیە باوبوو ئەو ژنانەی، کە جگەرە دەکێشن بایەخی رەوشتی خۆیان لەدەست دەدەن. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەوانەی ڕێکلامیان بۆ جگەرە دەکرد درکیان بەوە کرد، کە نیوەی دانیشتووان جگەرە ناکێشن و ئەگەر توانیان دووبارە پێناسەی بنەماکانی رەوشت بکەنەوە بۆ ئەوەی وا لە ژنان بکەن جگەرە بکێشن، ئەوا فرۆشتنی فرۆشراوەکانیان زۆر بەرزدەبێتەوە.

لەگەڵ ئەوەی کارەکە هەندێك کاتی پێویستە، بەڵام بە روونی ئەوان سەرکەوتن، یەکێك لە ڕێکلامە بەناوبانگەکانی ئەو کات دیمەنی پیاوێکی ڕێك پۆش و ژنێکی جوان بوو لە رۆخی رووبار دانیشتبوون، کە بە گژوگیا دەورەدرابوون، پیاوەکە بە لە خۆرازییەوە دوکەڵی جگەرەکەی بۆ دوور فڕەدەدایەوە، لەوکاتەدا ژنەکە بە شەوقەوە سەیری دەکرد و دەیگوت: ((کەمێکی بۆ لای من بابێ))، تەنیا دوای ماوەیەکی کورت، ڕێکلام دەرکەوتن کە ژنی ((جوان))یان تێدا بوو لە ناو جەماوەردا جگەرەیان دەکێشا و گۆڕانەکە ڕێی خۆی گرت.

پەیامێکی قەناعەت پێکراو

↓

داواکارییە رۆشنبیرییەکان یان بنەماکانی رەوشتی کۆمەڵە، یان رۆڵەکان یان پلەکان یان کۆمپانیاکان، دیاری دەکرێن یان (دووبارە دیاری دەکرێنەوە)

↓

دارِشتن ، یان دەستکاریکردنی رەوشتی کۆمەڵایەتی، کە ئەندامەکانی کۆمەڵە کۆکن لەسەری

↓

| |
|---|
| گۆڕان لە ئاراستە یان رەوشتی<br>ئاشکرا وەدەست دێ |

**شێوەی ١٠-٢ ستراتیژی رۆشنبیری کۆمەڵایەتی بۆ قەناعەتپێکردن**

هەڵمەتە پشتگیریکردنەی کۆمەڵەی جۆراوجۆر لە هەوڵدانەکان لەخۆدەگرن بۆ ئەوەی ئامانجەکان وەدەست بێنن، بەڵام بەزۆری ستراتیژیی رۆشنبیریی کۆمەڵایەتی بۆ هەوڵەکانە بۆ ئەوەی دژبوونە، کە لەگەڵ رێبازی T.B هەموو دینامیکی دەروونی روون بکەینەوە، کۆمەڵەیەکی بیردۆزەیی لەو هاولاتیانەی ئەو پەسند دەکەن، کە بە خششەکانیان بەم شێوەیە پێشکەش نەکەن، وەردەگرین، دامەزراوەی خێرخوازی چاکتریان هەیە، هەموو ساڵێك ئەوەی دەیبەخشن پێیانی دەدەن، ئەوان حەزدەکەن ئەوە رووبدا بەبێ ئەوەی ناویان بێ. دواتر، یەکێك لە ستراتیژە رەخساوەکان، وێناکردنی پێشبینی کۆمەڵایەتییە بۆ ئەو کۆمەڵەیەی کە کاری تێدا روو دەدا، لەگەڵ پێشکەشکردنی پێناسەی رۆشنبیرییەکان لەبارەی کامە هەڵسوکەوت گونجاو دەبێ. کلیلەکە ئەوەیە، کە پەیامەکە پێویستە کەفیلی دەرکەوتنی رێککەوتنی کۆمەڵایەتی بێ لە بۆچووندا، واتە دەبێ ئەوە دەربخرێ، کە ئەو پێناسانەی پێشکەشکراون پشتگریان لە کۆمەڵەیەکی گونجاوەوە بۆ دێ، شکستهێنان لەوەی ئاگاداربوونەکەیان رەوشتێکی ناوازەی ناپەسند پێکدێنێ. ئەو ستراتیژییەی تیۆری قەناعەتپێکردن کاتێك بە رێگەیەکی پلان بۆ دارێژراو دەخرێتەڕوو وەکو شێوەی ١٠-٢ دەبێ.

بەزۆری ئەو ستراتیژییە رۆشنبیرییە کۆمەڵایەتییە بە بەشداری لەگەڵ پاڵەپەستۆی نێوان کەسەکان بۆ رەزامەندی و لە نێوان گفتوگۆکانی تاکدا بەکاردەهێنرێ، ئەمەش مانای تێکەڵەیەك لە پەیامی راگەیاندن دەگەیەنێ. دەکرێ ئەم ستراتیژە خاوەن ئاستە جۆراوجۆرە بە دەربڕینی دیاریکراو روون بکرێتەوە، ئەگەر بە رادەیەکی زۆر بەدوای تاکتیکی هەڵمەتێکی سەرکەوتوودا گەڕاین، ئەوا تەقریبەن لای هەموو کەسێك ئاشنا دەبێ.

هەڵمەتێکی خێرخوازی ساڵانەی کۆمەڵگا ناوچەییەکان هەیە بە شێوەیەکی گشتی پێی دەگوترێ: بانگەوازی یەکگرتوو، یان سندوقی کۆمەڵە، یان شتێك کە لەوە بچێ.

بەم شێوەیە، دەتوانین بە هەڵسوکەوتێکی نەرێنی رووەو رەوشت دەست پێ بکەین، راگەیاندنکارانیش هەوڵدەدەن لە پاڵ پەسندکردنی ناونەهێنانی لە بەخشین بۆ هەر کێشەیەك کورت بکەنەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، وەك دەیبینین شیمانەی زۆری هەیە، ئەوەی دەیبەخشن بەشێوەیەکی دیار بیدەنە (بانگەوازی یەکگرتوو) سەرەڕای هەست و سۆزە دژەکانیان بۆ ئەوە.

هەنگاوی یەکەم بۆ لەخشتەبردنی نموونەیی بۆ بەخشین بە بانگەوازی یەکگرتوو رێکلامکردنە (لە رێگەی هۆکارە راگەیاندنە جەماوەرییەکان)دا، کۆمەڵەیەکی ناوچەیی هەڵمەتێکیان رێکخست بڕێکی دیاریکراوی دۆلاریان دیاری کرد، کە دەبێ (ئەم ساڵ) وەدەست بهێنرێ، بەم شێوەیە ئامانجی کۆمەڵە. ناوچەییەکە دیاریکرا بەو بانگەوازە کە ئەو بابەتە رەزامەندییەکی فراوان وەردەگرێ لە نێوان ئەو ئەندامانەی، کە کەسەکە لایەنگیریانە. لە راستیدا دارشتنی ئەو ئامانجە بەشێوەی زوڵمکردن لەلایەن رێکخەرانی هەڵمەتەکەوە داندرابوو، چونکە ئەم ئامانجە لە پێویستی بوونی هەستی بنەما ئاساییەکان لەلایەن ئەندامانی کۆمەڵە ناوچەییەکەوە بەشێوەیەکی گشتگیر گەشەی نەکردبوو لەگەڵ ئەوەشدا، شیمانەی زۆر هەیە، کە بەبێ دیاریکردن بمێنێتەوە. ئامانجەکانیش بۆ خۆیان تایبەتمەندییەکی تا رادەیەك قەناعەت پێکەریان هەیە، ئەگەر باوەڕوابوو وەرگرتنێکی فراوان و (کۆدەنگی) یان لەسەر دەبێ، رێکخەرانیش دەتوانن ئەو جۆرە ئینتیباعە دروست بکەن وا لە کەمایەتی دیار لە رووی کۆمەڵایەتییەوە (ئەوانەی پلەی بەرزیان هەیە) لە کۆمەڵە ناوچەییەکەدا بکەن، کە بەشداری لە رێکلامی ئەو بڕەی کە بڕیاردراوە کۆبکرێتەوە بکەن. خەڵکی زۆر هەن بەشەوقەوەن بۆ جەختکردنەوەی باری بەرزی کۆمەڵایەتیان بەئاشکرا بە بەشداریکردنیان لەمجۆرە بۆنانەدا. بەشێوەیەکی ئاسایی، هەمیشە هۆکارەکانی راگەیاندن لە چاکی خۆیان هەڵدەستن بە گواستنەوەی تەواوی رووداوەکەو، ئەمەش بە گرنگی وەردەگرێ.

هەنگاوێکی دیکەی گرنگ هەیە، ئەویش ئەوەیە بە دانیشتووانی ناوچەکە بگوترێ، کە ((پشکی یەکسان)) بۆ هاولاتیان رێژەیەکی لە سەدی دیاریکراوە بە گوێرەی ویستیان، ئەم فیکرەیە گواستنەوەیەکی زۆر لەلایەن هۆکارەکانی راگەیاندنەوە وەدەست دەخا. بیرۆکەی ((پشکی یەکسان)) مەژگەیەکی کۆمەڵایەتی تێدا دەکەن، بەمشێوەیە ئەوەی دەیەوێ وای دابنێ کە ((نایەکسانە)).. بەمشێوەیە لەو پێناسە کۆمەڵایەتیانەی لەسەری رێککەوتوون دەردەچێ؟ ئەگەر توانرا پاڵ بە تاکەکانەوە بنرێ بۆ ئەو باوەڕەی، کە ئەوانی دیکە بە راستی بەپێی ئەم بنەمایە دەبەخشن، ئەوا هەست بەپاڵەپەستۆ دەکەن رووەو رێککەوتن لەگەڵیاندا.

له کرۆکی هەڵمەتی قەناعەتپێکردندا، رێکخستن هەیە بۆ رۆڵەکان پەیوەستە بە هەڵمەتی سندووق لەناو کاری کۆمەڵەیەکی ناوچەیی و کۆمەڵەی ناوچەکانی دەوروبەر. له فرۆشگاکان و کارگەکان، و قوتابخانەکان، و زۆرترین رێژەی رێکخراوی دیکە، کەسێك وەکو سەرۆکی هەڵمەتەکە دادەمەزرێ، کە ئەمەش بە ئاشکرایە. گەورە بەرپرسە جێبەجێکارەکان لە رێکخراوی کارە گەورەکان بە شێوەیەکی تایبەت واهەست دەکەن، کە ئەوان ناچارن یارمەتی ئەمجۆرە هەوڵانە بدەن، بەهۆی پێویستی پاراستنی وێنەی پەیوەندییە گشتییەکان کە رێکخراوەکە بۆ بەرژەوەندی کۆمەڵە ناوچەییەکە بەرێوەی دەبا.

عادەتەن سەرۆکی هەڵمەتەکە ((کۆکەرەوە))ی بەشە جیاوازەکانی رێکخراوەکە دادەمەزرێنێ ئەگەر هات و گەورەبوو، دەبێ یەکێك لە ئەندامانی کۆمەڵە ئاساییەکە ئەوە بژمێرێ کە (کۆکەرەوە)کان کۆی دەکەنەوە، کاتێکیش بەهۆی هۆکارێکی دیکەوە راستەوخۆ داوای هاوکاری لە کەسێك دەکرێ، ئەوا رەتکردنەوە کارێکی شەرمەزارییە.

تەکتیکێك هەیە هەندێکجار لەو ستراتیژە رۆشنبیرییە کۆمەڵایەتییەدا بەکاردێ، ئەویش دابەشکردنی پسوولەیە بەسەر ئەندامان ناوەکانیان لەسەری چاپکراوە و شوێنێکی تێدایە بۆ ئەوەی ئەو برەی تێدا بنووسن، کە ((پەیمانی دانی دەدەن)) (بۆ ئەوەی دواتر کۆبکرێتەوە) ئەو ئاماژەیەی کە ئەوان لەژێر چاودێریدان، ئەوەی رەنگە سەرکردە بەهێزەکان ئەنجامی بدەن و ئەو کەسانەی ئەوە هەڵدەبژێرن، کە هیچ پەیمانێك نەدەن، دەبێ دەرچوونیان لە کۆمەڵەکە بە واژووکردنی پسوولەیەك وەکو هێمایەك بۆ رەتکردنەوە روون بکەنەوە، لە دەستی زیاتر رەنگە ناچاربن خۆیان کۆکەرەوەی  کۆمەڵەکە ئاگادار بکەنەوە، کە ئەوان هیچ بەخشراوێك نابەخشن (بەمەش بەدەرچوو لە چالاکی کۆمەڵایەتی دادەنرێن).

ئەگەر تاکەکانمان بەختیان رەش بێ، ئەوانەی دەیانەوێ پارەکانیان ببەخشن بۆ کێشەی دیکە  باوەڕیان بەو ستراتیژییانە نەبوو، ئەوا ئەوان رووبەرووی هەڵوێستی دیکە دەبنەوە، کە بەرەنگاری ناکرێ، لە کاتی گەرانەوەیان بۆ ماڵەوە، کە رێکخەرانی هەڵمەتەکە ((کۆکەرەوەی خۆبەخش)) دادەمەزرێنن بۆ چوونە لای دانیشتووانی هەموو ئاواییەکان تاداوای هاوکارییان لێ بکەن. لێرەدا رۆڵی هاوسێی چاك و رۆڵی هاوڵاتی چاکمان لادەردەکەوێ لە هەردووکیان پێشکەشکردنی یارمەتی بۆ کەم بەختەکان لە خۆ دەگرن) ئەو رۆڵە تێکچرژاون لە سیستەمی چاودێری کۆمەڵایەتیی ئاڵوگۆڕی بە شێوەیەکی بچووککراوە، مایەی شەرمەزارییە داواکارییەك لەجێی هاوسێکەت رەت بکەیەوە،  و رەزامەندی کۆمەڵگە وەدەست بێنێ بۆ

بەخشینی بڕێکی کەم و سزای نەرێنی شیمانە بۆ کراویش لە پشت ئەو ڕەتکردنەوەیە پێکدێن، سەرەڕای دانانی ڕێزی پێگەی کۆمەڵایەتی، چ کەسێکە دەیەوێ لەناو هاوسێکانی بەرەزیل بناسرێ، بەخشینێك ڕەتدەکاتەوە، کە بڕێکی کەمە بۆ بابەتێکی چاکەکاری، کە کۆمەڵەیەکی ناوچەیەك پشتیوانی لێ دەکا.

بەمشێوەیە، هاوڕێکانمان، سەرەڕای هەڵوێستە نەرێنییەکانیان، و پەسندییان لە جیاوازیدا، دەستیان دەکەنە گیرفانیان بۆ ئەوەی هەندێك پارە دەربێنن، ڕەنگە کەمێکیش زۆر لە خۆیان بکەن، بۆ ئەوەی زەردەخەنە بنوێنن، لەگەڵ ئەوەشدا، ئەوان پادداشتێك وەردەگرن لەسەر ڕەوشتە چاکەکەیان، کە ئامانجی پێشکەشکردنی پاڵپشتێکی نەرێنییە بۆیان.. دووگمەیەکی بچووکیان دەستدەکەوێ دەیخەنە ناو بەرکی چاکەتەکەیان، یان لایەنی کەم پلیتێکیان دەست دەکەوێ دەیخەنەبەر پەنجەرە تا بۆ ئەوانی دیکە دەربکەوێ، کە چەند هاولاتییەکی چاکبوونە.

ستراتیژییەتی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی بەکارهاتووە، بۆ برەودان بە بەرهەمی بازرگانی بە هۆکاری هاوشێوە بۆ دانانیان لە هەڵمەتی پشت پێبەستندا. دوو نموونە هەن ئەوە روون دەکەنەوە، کە چۆن پێناسە ڕۆشنبیرییەکان و پێشبینییە کۆمەڵایەتییەکان و تەواوی پێکهاتەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی بنەڕەتێکی وەستاوی لەسەر چەمکەکان بەسە بۆ دانانی پلانی ستراتیژییەتێکی چالاك بۆ فرۆشتنی کالاکان، یەکێکیان پۆلی قاپی ناندینە، کە لە پلاستیکێك دروستکراوە ناشکێ، ئەوی دیکەیان پۆلی ئامرازەکانی جوانکارییە، ئەوەی لە ڕێی فرۆشی ماڵەکان دابەش دەکرێن.

دروستکەری جۆری بەناوبانگی قاپی ناندین لە پلاستیکی پتە و هەندێك ڕێکلامی هۆکارەکان ڕاگەیاندن بەکاردەهێنێ، بەلام هۆکاری سەرەکی بۆ برەوپێدان لە ڕێگەی بەکارهێنانی دانانی خوانە لە خانووە تایبەتەکاندا، ئەوەش شێوەیەکی دیکەی گۆڕاوە لە ستراتیژییەتی ڕۆشنبیری کۆمەڵایەتی، لەگەڵ پتر جەختکردنەوە لە پەیوەندی نێوان کەسەکان، لە بیری پەیامەکان لە ڕێی هۆکارە گوێزراوەکانی ڕاگەیاندنی جەماوەری، لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو دەرفەتێکی بەسوود دەڕەخسێنێ بۆ دینامیکییەتی ئەو ستراتیژییەتە بۆ قەناعەت پێکهێنان، ئەوەش ئەو ڕێگەیەی کە کاری پێ دەکا.

یەکێك لە نوێنەرانی کۆمپانیا لە یەکێك لە ئاوەدانییەکان ئافرەتێکی ماڵەوە هەڵدەبژێرێ پێشنیازی دیارییەکی ((بێ بەرانبەری)) لە ئامرازەکانی ناندین بۆ دەکا، ئەگەر قایل بوو بەوەی ببێتە خانەخۆ لە ((خوانێك)) کە ئامرازەکان لە ڕێیەوە بکرێ پێشانبدرێن. زۆر هەن،

که بەمە قایل دەبن، و هاوڕێکانیان بۆ ئەو بۆنە کۆمەڵایەتییە بانگ دەکەن. لە کاتی فێربوونیاندا، نوێنەرەکە بەرهەمەکان پیشان دەدا و ئەو دیارییە جوانە شرۆڤە دەکا، کە خانە خۆکە وەدەستی دێنێ لەبەرامبەر چاودێرکردنی ئاهەنگەکە. پۆلی قاپەکان بە هۆکاری جۆراوجۆر دەردەکەوێ، لە کاتێکدا خانەخۆکە خواردنی سووك و خواردنەوە پێشکەش دەکا و بە راستی ڕووداوەکە باری ((خوانی)) دەبێ و میوانەکان درك بە سروشتی ئەو خڕبوونەوەیە دەکەن، بەڵام چێژ لەو قسانە وەردەگرن، کە بۆیان دەرەخسێ. تایبەتمەندی سەرەکی ئەوەیە دوای ئەوەی ئەو ((دەرکەوتنە)) تەواو دەبێ ئەوەیان بۆ دەرەخسێ چاکی کاڵاکان میوانەکان داوایان لێ دەکرێ لە پۆلی قاپەکان بکڕن. لە کاتێکدا هەموویان کاتێکی خۆشیان بەسەر بردووە، ئەوا کڕینی کاڵاکان کەمترین شتە مرۆڤ بتوانێ بۆ خانەخۆکەی بکا، و شتی جۆراوجۆر لە چاکی خۆیان دەکڕن.

ئەو شانۆگەرییە کۆمەڵایەتییە بچووکە پشت بە پێناسەی کۆمەڵایەتی و بنەماکانی رەوشت و داواکارییەکانی رۆڵ و ڕێکخستن لە سانسۆری کۆمەڵایەتی دەبەستێ، بە تەواوی وەك ئەوەی سیستەمی کۆکردنەوەی پارە دەیکا، کە پێشتر باسمان کرد. رۆشنبیریمان نرخێکی دیکە بۆ لێهاتوویی ئافرەتی ماڵدار زیاد دەکا لە هەڵسوڕاندنی کارەکانی ناندینی بە لێهاتووییەوە، ئەو کاڵایانەی، کە لە خڕبوونەکەدا دەفرۆشرێن، یارمەتیدەرێکی گرنگ دەبن بۆ ئەم کارە، بیرۆکەی ((خوان))یش پێناسەی رۆشنبیری تایبەتی خۆی هەیە، کە لەگەڵ خۆیدا رەگەزی ئەرێنی زۆر هەڵدەگرێ، بنەماکانی رەوشتیش ئەوەن کاتێك بانگدەکرێ بۆ سەر خوانێك، ئەوا واچاوەڕوان دەکرێ، کە مرۆڤ پەسندی بکا، بنەمایەکی دیکەش هەیە، ئەویش هەڵسوکەوت نەکردنە بە خراپی لە کاتێکدا کە لە وێی، سەرەڕای ئەوەی بوونت لە ماڵی کەسێکی دیکە لەم بارودۆخەدا، پەیوەندییەکی خاوەن مەژگە لە نێوان میوان و خانەخۆ لەخۆ دەگرێ، ئەو رەوشتەی ئەم داواکاریانە پێشێل دەکا زۆر لە خراپ بە خراپتر دادەنرێ.

هەموو ئەوە دەکرێتە پابەندبوونێکی تەواو بە فرۆشتنی ئەو شتەی نوێنەر دەیفرۆشێ، دەبێتە شەرمەزاری بۆ خانەخۆکە ئەگەر مرۆڤ ئەوەنەکا، بەڵکو ئەگەر هاتوو هاوڕێکانی رەتیان کردەوە یارمەتی بدەن، ئەوا پێگە کۆمەڵایەتییەکەی زۆر بەهێز دێتە خوارەوە، ئەو کەسانەی خاوەنی هەستیارییەکی ناجێگیرن ئەوە لەگەڵ هاوڕێکانیاندا ناکەن. دواتر، خوانەکە ئامادە دەکرێ و خواردنی بەچێژ دەخورێ و لەبارەی هەمووانەوە قسە دەکرێ، لەگەڵ ئاراستەکردنێکی بە ئەدەبانە بۆ ئەو شوێنەی بۆ کاڵاکان ئامادەکراوە (لە سەرووی هەمووشییەوە) کاڵاکان

دەکرن. هیچ ئەنجامێکی دیکەی واقیعی مومکین نییە. ئەگەر یەکێك لە ((میوانەکان)) لەپڕ بازبدا و لە بەرامبەر خانەخۆکەدا بە خراپی هەڵسوکەوت بکا، کاڵاکان سووك بکاو سەرزەنشتی نوێنەرەکە بکاو دواتر بچێتە دەرەوە بە کۆمەڵێك تووڕەییەوە، چونکە فشاریان خستۆتەسەر بۆ کڕین، ئەوە کارێك دەبێ، کە عەقڵ قبووڵی ناکا. رەنگە ئەوە بە تەواوی ئەوەبێ، کە زۆرینەی چاکییەکان و هەڵوێستە ناوخۆییەکان داوای دەکەن، بەڵام ئەو جۆرە داوا پێویستە نادیارانە لە ژێر دەسەڵاتدا دەمێننەوە بەهۆی داواکارییە کۆمەڵایەتییەکانی پارەکە.

هەندێك لە خاوەن کارگەکان وێنەیەك لە ستراتیژیی رۆشنبیری کۆمەڵایەتی بەکاردێنن ئەوەی دەکرێ ناوی بنرێ (رەنگە بەمەبەستی گاڵتەپێکردن) گۆڕانکاری پەتایی، ئەوەش زیاتر دەوەستێتە سەر پەیوەندی نێوان کەسەکان زیاتر لە هۆکارەکانی پەیوەندیکردنی جەماوەری، بەڵام ئەوانەی کە بەکاری دێنن، پشت بە هۆکاری پەیوەندیکردنی جەماوەری یارمەتیدەر دەبەستن وەك پاڵپشتێکی راگەیاندن. نموونەیەکی باش لەسەر ئەمە، پۆلی ئامرازەکانی جوانکاری ئەوەی کە بازرگانێك کە نوێنەری راستەوخۆی دروستکەرەکەیە لە دەرەوەی ماڵان دەیفرۆشێ.

ستراتیژییەکە دەستپێدەکا کاتێك یەکێك لە هاوسێکان یان ناسیاوەکان داوەت دەکرێن بۆ ماڵی بازرگانەکە، لەگەڵ پەیمان پێدانی بەوەی ((جوانکاری دەم و چاو))ی بۆ دەکرێ بێ بەرامبەر. زاراوەکە ئاماژە دەکا بە کارێکی تا رادەیەك ئاڵۆز بۆ خاوێنکردنەوەی دەم و چاو و بەکارهێنانی ئامرازی جوانکاری هەمەجۆر بۆ جوانکردنی سیمای دەم و چاو. راستییەکەی پێناسە رۆشنبیرییە بەهێزەکان، ئەوەی کە بیرۆکەی جوانی مێ و بایەخی لە کۆمەڵگای ئێمە لە خۆ دەگرێ، وادەکا کرداری جوانکاری دەم و چاو بێ بەرامبەر پاداشتێکی چاك بێ.

کاتێك ئەو ئافرەتەی بۆ جەرباندن داندراوە دەگا، پۆلی ئامرازەکانی رازاندنەوە دەردەهێندرێن، لەسەر مێزەکە پەڕۆیەکی رەنگ رۆشن دادەنرێت، و گفتوگۆ لەبارەی هەموو شووشە و پاکەت و سندووق و لوولەیەك دەکرێ و رێگە بە خانمەکە دەدرێ بۆ ئەوەی هەموو ماددەکان ببینێ و بۆنیان بکا و هەستیان پێ بکا. پاشان کرداری جوانکاری دەم و چاو دەستپێدەکا، ماددەکانی جوانکاری پێشوو بە ماددەیەکی خاوێنکەرەوە لادەبردرێن، دواتر شلەیەکی ژیێنەرەوە لەسەردەم و چاو دەبرژێنرێ بۆ ئامادەکردنی، دواتر، چینی ((بنچینە)) دادەنرێ و دواتر چینی جیاوازی بۆ زیاد دەکرێن وەکو ((رەنگی پەمبە)) و بۆدرەو لە کۆتایشدا ((رەشی)) خۆجوانکردن بۆ رەشکردنی پرژانگەکان بەکاردەهێندرێ بۆ دەرخستنی

شێوەی چاوەکان و کردارەکە بە لێوسوورکردن کۆتایی پێ دێ، لەو خاڵەدا، و پاش کاتژمێرێك لە کارلێك، خانمەکە هیچ ڕێگایەکی لەبەردەمدا نییە تەنیا کڕینی هەندێك لە کاڵاکان نەبێ.

بەڵام ئەمە دەبێتە ڕێگەیەکی ناچالاك بۆ فرۆشتنی ئامرازەکانی جوانکاری، ئەگەر هەنگاوی دیکە نەبن، کە دواتر باسی دەکەین. کرداری ڕازاندنەوەی دەم و چاو پاڵپشتی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و هی دی دەکا لە نێوان نوێنەر و بریکار و خانمی بەرکاربەردا، ناوی دەخرێتە لیستەوە و سەردانی ڕێکخراو ئەنجامدەدرێ بۆ پێشنیازکردنی کاڵای نوێ و سەرنجڕاکێشان رووە و ماددەی ڕازاندنەوەی نوێ، پەیوەندیش بە مێردەوە دەکرێ لە ماوەیەکی گونجاو بەر لە کاتی پێشکەشکردنی دیاری (ڕۆژی لە دایکبوون، یادی هاوسەرگیری، ڕۆژی دایك، جەژنی سەری ساڵی (کریسماس)...هتد) هەروەها داواش لەو جۆرە کڕیارانە دەکرێ، کە پەیوەندی بە هاوڕێکانیانەوە بکەن بۆ دەسکەوتنی کرداری ڕازاندنەوەی دەموچاو، و فراوانکردنی بنکەی چالاکییەکە، بەڵکو لەوەش گرنگتر، وروژاندنی هەستی خانمەکەیە بۆچوونە ناو ((لیستێك)) (هەندێکجار بە ((خێزان)) ئاماژەی بۆ دەکرێ) و ببێتە بەکارهێنەرێکی بەردەوامی ئامرازەکانی ڕازاندنەوە لە بارەکانییەتی خۆی. ئەو بریکارەی، کە بەڵێننامە لەگەڵ ئەو بازرگانە نوێیانەدا مۆر دەکا یادداشتی تایبەت دەردەگرێ، لەگەڵ بڕوانامەی ڕێزلێنان لە کۆمپانیاکە. بەم شێوەیە شێوازی کرداری بڵاوبوونەوەی ئەو کەسانەی ئامرازەکانی ڕازاندنەوە دەفرۆشن پەیڕەوکاریان دەبێ و وەك پەتا بڵاودەبێتەوە.

ئەوە ڕێگەیەکی چالاکە بۆ فرۆشتنی کاڵا، ڕەنگە لەگەڵ هەموو بەرهەمێکدا سەرکەوتوو نەبێ، بەڵام بەشێوەیەکی تایبەت لەگەڵ ئامرازەکانی ڕازاندنەوە سەرکەوتوو بوو، ستراتیژییەکان بە شێوەیەك لە شێوەکان لە فرۆشتنی گۆڤارەکان و بەرهەمەکانی خاوێنکردنەوەی ساڵ و فەرمانگەکانی مەعاریف و گێسکی کارەبایی بەکارهات.

لە کاتێکدا ئەو نموونە ڕوونکارییە تا ڕادەیەك ئاڵۆزانە بەتەنیا لەسەر ستراتیژیی ڕۆشنبیریی کۆمەڵایەتی لەسەر بنچینەی هۆکارەکانی پەیوەندیکردنی جەماوەری پێك نایێن، ئەوا شوێنێکی سەرەکی لە چالاکی ئەوانەی بە قەناعەتەوە کاردەکەن داگیر دەکا، هەرچەندە هەندێکجار کۆششی گشتی قەناعەتپێکردن بەتەنیا بە هۆکارەکانی ڕاگەیاندن بەکاردەهێنرێ. ئەگەر هەر گومانێك هەبێ لەوەی، کە ستراتیژیی ڕۆشنبیری کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەیەکی فراواندا لە ڕێگەی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن بەکاردەهێندرێ، ئەوا خوێنەر بانگهێشتکراوە بۆ بەسەربردنی شەو لەبەرامبەر ئامێری تەلەفزیۆن بۆ بینینی ڕێکلامی بازرگانی لەناو تێڕوانینی

ئەو ستراتیژەدا، کە هەندێك کەسی بە زەردەخەنە و کەیف خۆشییەوە نواندنی بچووك لەبارەی بیرەوە ئەنجام دەدەن، لەگەڵ ئەو دەرمانانەی پەڵە ناهێڵن لەگەڵ لابەری بۆنی ناخۆش و مەعجونی ددان. ئەوان بنەمای پەسند و ناپەسند و رۆڵی رەوشتی پەسند و چۆنیەتی وەدەستهێنانی پێگەیەکی کۆمەڵایەتی یان پاراستنی ئەو پێگەیە، و کامە کۆتی کۆمەڵایەتی وا لە مرۆڤ دەکا پێگەی خۆی لەدەست بدا ئەگەر هاتوو تاکەکە لە سیستەم دەرچوو، بۆ بینەرانیان دیاری دەکەن. ئەوەش نواندنێکن بەچڕی ئەوە روون دەکەنەوە، کە ئەگەر مرۆڤێك بیرەیەکی هەڵە دەخواتەوە، یان بۆنی لەش، کە هەستی پێبکرێ، یان شتی ناوەوەی ناچالاك، یان لە دەستدانی تامی ددان، ئەوا وا لە مرۆڤ دەکا لە بارێکی پشتگوێخراو دابێ لە پەسندکردنی کۆمەڵایەتیدا.

## ستراتیژیی پێکهێنانی واتا:

رێبازی سێیەمی قەناعەتپێکردن هەیە، کە کاریگەری لە واتادا دەبێتە بریکاری. لە بەشی ٩یەمدا بینیمان، کە پێکبەستی نێوان مەعریفە و رەوشت ماوەیەکی زۆرە ناسراوە، کە دەکرێ مێژووی تۆمارکراو بۆمان بگەڕێنێتەوە. چەندین سەدە لە بوونی مرۆیی، مەعریفە یان ماناکان بە گوێرەی جیهان لە واقیعی بابەتی تاکەکان لە رێگەی کردارەکانی ئاساییکردنەوەی کۆمەڵایەتیدا، کە تەنیا لەسەر بنچینەی گواستنەوەی زارەکی بوو پێکیان دەهێنا، خەڵکی فێری واتا پەسندەکانی هێماکان و رووداوە سروشتییەکان و ئالۆزی سیستەمی کۆمەڵایەتیان دەبوون، و چاپیش ئەو واتایانەی تا رادەیەکی یەکجار زۆر فراوان کرد. ئێستا، لە چاخی هۆکارەکانی راگەیاندنی جەماوەریدا، هۆکارەکانی راگەیاندن کەناڵی ئامادە بۆ کۆمەڵەیەکی مەزنی دانیشتووان پێشکەش دەکا بە مەبەستی پێکهێنانی بە ئەنقەستی واتاکان. ئەو کەناڵانەش، وەك روونە، بەهۆی ژمارەیەکی یەکجار زۆری سەرچاوەی زانیاری رکابەر بەکاردەهێنرێن، ئەوەی کە دەیەوێ کە دایبڕێژێ و رێکی بخا، یان دەستکاری ئەو واتایانە بکا کە خەڵکی لەبارەی هەموو شتێکەوە پێی گوتوون، لە بەرهەمە بازرگانییەکانەوە تا لایەنی سیاسی.

## پێکهێنانی واتا و رەوشت:

ئەو بیردۆزەی دەڵێ مەعریفە کردار دروست دەکا، یەکەمین بنەمای سەرەکی گەورەبوو ئەوەی ئێستا پێی دەڵێین رەوشتناسی، کە زۆر لە مێژە داندراوەو رەنگە بەر لە سەرەتای

فەلسەفەی تۆمارکراویش بێ، بەدڵنیاییەوە پەیوەندی نێوان واتا خودییەکان و ڕەوشت لایەنێکی بنەڕەتی پەسندکراو بوو بۆ شیکردنەوەی سروشتی مرۆیی لە ڕێی سەردەمی ئەفلاتوون و ئەرستۆدا.

لە بەشی ٩یەمدا تێبینی ئەوەمان کرد، کە پێکبەستی نێوان مەعریفە و ڕەوشت بە بەردەوام بنەمایەکی سەرەکی ڕەوشتی مرۆیی بووە لە ماوەی سەردەمی لایەنگرانی ئاینزای قوتابخانەیی و، بەدرێژایی چاخی بووژانەوەو تا چاخە نوێیەکان کە زانایانی هەموو سەدەکان تێکۆشاون بۆ سەلماندنی ئەوەی چۆن دەکرێ ڕەوشت بەهۆی مەعریفەوە پێکبهێنرێ، یان بۆ باوەڕی ئایینی، یان بۆ سیستەمێکی سکۆلاریزم بۆ حوکم کردن.

لە ماوەیەکی پتر نوێدا، لە کاتێکدا هەموو زانستەکان لە زانستە کۆمەڵایەتییەکان لە فەلسەفە جودادەبوونەوە، دۆزینەوەی ئەو بنەمایە بەهۆی کتێبی هاوچەرخەکان گەڕێندرایەوە، زانایانی وەچەی مرۆیی ئەوەیان دۆزییەوە کە واتاکان بە زمانەوە بەستراونەتەوەو هەریەکەیان هۆکارێکی زبر ئامادە دەکا بۆ تێگەیشتن و هەڵسوکەوت کردن لە بەرامبەر جیهانی دەرەکیدا. کۆمەڵناسان ئەوەیان دۆزییەوە، کە چەمکە ناوخۆییەکانمان (واتە مەعریفە) لەبارەی سیستەمی کۆمەڵایەتی ((پێناسەی هەڵوێستەکانمان)) بۆ پتر دەکەن، ئەگەر باوەڕمان وابوو، کە هەڵوێستێك ڕاستەقینەیە، ئەوا هەڵسوکەوت دەکەین کە ڕاستەقینەیە. هەروەها دەروونناسان دۆزینەوەی بنەما کۆنەکەیان گەڕاندنەوە بە تێگەیشتن لە هێلکاری، بەو پێیەی واتای واقیعە و لەگەڵ کاریگەری بەهێزی ئەو جۆرە پێکهاتانە واتا لەسەر ڕەوشتی مرۆییدا کاردەکا.

هەتا لە کاتێکی زۆر زووتریشدا، زانایانی گەیاندن ئەو بنەما کۆنەیان لە شێوازەکانیان لە یەکدا بۆ لێکدانەوەی ئەو چۆنیەتییەی، کە ناوەڕۆکی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن ((پەرە)) بە باوەڕەکانمان دەدا لەبارەی جیهانی ڕاستەقینە، و کاریگەری لەسەر ڕەوشتمان دەبێ. ڕۆژنامەکان کاریگەریان لەسەر ڕێکخستنی واتا ناوخۆییەکانمان دەبێ لە شێوەی ((خشتەی کار))ی ئەو بابەتانەی بیریان لێدەکەینەوە، و دانانی ڕێزبەندی هەرەمی لەسەر بیری مەودای بایەخەکەی. لە کۆتاییدا، پەیامەکان ڕاگەیاندنی جەماوەری لە زمانەکەماندا پەرە بە واتای وشەکان دەدا و فراوان دەکا، و ئاڵوگۆڕ دەکا، و دەچەسپێنێ. ئەو دەستکاریکردنانەی واتاکان کاریگەری دەبێ لەسەر وەڵامدانەوەمان بۆ شتەکان و ئەو هۆکارانەی ناویان لێ دەنرێ.

بەم شێوەیە، گومانێکی گەورە نییە لەوەی کە پەیوەندی نێوان مەعریفە و رەوشت وەکو بنەمایەکی سەرەکی رەوشتی مرۆیی دەمێنێتەوەو بە راستی واتاکان کارەکانمان پێکدەهێنن، و دروستی ئەو بیردۆزەش هەزاران ساڵ ماوەتەوە.

## دەستکاریکردنی واتا بۆ کاریگەری لەسەر رەوشت:

تیۆرەکانی دارشتنی واتا ئەوانەی لە بەشی ٩دا گفتوگۆیان لەسەر کرا هێلی دیاریکراوی بۆ ئەو هۆکارانە کێشا، کە دەکرێ رەوشتی جەماوەری هۆکارەکانی راگەیاندن پێی کاریگەربن بەبێ مەبەستێکی بە ئەنقەست. واتە ئەوانەی هەواڵ کۆدەکەنەوەو چاپی دەکەن و بلاوی دەکەنەوە، ئەوە بە پلان لەناو زەینیاندا ناکەن بۆ خولقاندنی وێنە لە مێشکماندا یان هەتا دانانی خشتەی کاری کەسیمان، ئەوانەی کە لە سیناریۆکانیاندا توندوتیژی دەنووسن و بۆ شاشەی تەلەفزیۆنی دەگوازنەوە هەوڵی جووڵاندنی ترسی خەڵکی نادەن لە دراوسێکانیان. بە هەمان شێوە، رومالکردنی بەرفراوانی تەلەفزیۆن بۆ بابەتێکی وەکو ماددەی هۆشبەری ((کراك)) پەخش ناکرێ بۆ دۆزینەوەی واتای نوێ لە زمانەکەماندا، ئەو کاریگەریانە بە مەبەست نین، رەنگە بەزۆری ئەوانەی هۆکارەکانی راگەیاندن بەرێوەدەبەن لێی تێنەگەن یان نەیانەوێ.

بەلام ئەگەر هۆکاری گەیاندنی جەماوەری توانای دەستکاری واتا بکاو بەبێ مەبەست کار لە رەوشت بکا، ئەوا بنەمای تەسەل هەن بۆ پشتبەستن بە ستراتیژیی دارشتنی واتا بەمەبەستی گۆرانیی رەوشت بە مەبەستەوە، ئەو زانیاریانەی بۆ خەڵك دەگوێزرێنەوە پێویستە چالاك بن، وەکو هەر جۆرێکی دیکە بۆ گۆرینی ئەو واتایانەی خەڵکی لە شتەکانی دەنێن، وەکو بەرهەمهێنراوەکان یان بابەتەکان یان پالێوراوەکان یان مەسەلەکان. ئەگەر توانرا ئەو گۆرانکاریانە بە دەست بێن، ئەوا دەسکاری رەوشت رووەو ئەو ئامانجەی قەناعەتپێکردن پێویستە لە کۆتایی دابێ.

ئەو بیرۆکەیەش تا رادەیەك رێژەییە: مەعریفە کار لە رەوشت دەکا، و شتە بزربووەکەش بیردۆزەیە لەبارەی ململانێکان، و کردارە ناوخۆییەکانی وەکو گۆرینی رەوشت، و جیاوازی دەرککردن، یان هەتا پێشبینیکردنی کۆمەلایەتی یان رۆشنبیری ئالۆز. بە دەربرینێکی سادە، دەکرێ ئەو ستراتیژییە واوەسف بکرێ کە: فێربە و کار بکە، بە بەراورد لەگەل رێبازی- هەستبکە-کاربکە، و رێبازی فێربە- قایل بە، ئەوانەی کە پێشتر قسەمان لەسەر کردن.

له كاتێكدا دەربڕینی ((ستراتیژیی داڕشتنی واتا)) رەنگە نوێ بێ، ئەوا خودی رێبازەكە لەوانەیە بە نوێ دانەنرێ. لەو نموونە چاكانەی لەسەر بایەخی ئەو ستراتیژییەدا لە رابردوو هەبوون، دەكرێ لەو گۆڕانە گەورەیەدا بدۆزرێنەوە، كە لە رێكلام لەبارەی ئۆتۆمبێلەوە لە ناوەڕاستی بیستەكاندا روویدا، خاوەنی كارگەی ئۆتۆمبێلەكان وەكو هێنری فۆرد، و ولیەم دیورانت، و برایانی دۆدج، و والتر كرایزلر و دەیانی دیكە تا ئەو كات شێوازێكی تا رادەیەكی مەعقولیان بەكاردەهێنا. وێنەی رێكلامەكانیان جەخت لەسەر تایبەتمەندی میكانیكی پشت پێبەستراو، و سەلامەتی، و تێچوو، و چاكی بەرهەمەكانیان دەكردەوە، جگە لەوەی ئەو گۆڕانە لە شەو و رۆژێكدا گۆڕا، كاتێك یەكێك لە خاوەنە بەراییەكانی كارگەی ئۆتۆمبێلەكان ستراتیژیی داڕشتنی واتای دۆزییەوە.

چیرۆكەكە پەیوەندی بە ئێدوارد س. جۆردانی دامەزرێنەری كۆمپانیای ئۆتۆمبێلەكانی جۆردانەوە هەیە، كارگەكەی مۆدیلێكی بەرهەم دەهێنا ناوی ((پلەی بۆی)) بوو ئۆتۆمبێلێكی كراوە بوو سەرنجڕاكێش نەبوو بە سیفەتە میكانیكییە تا رادەیەك خراپ بوو و فرۆشیشی زۆرباش نەبوو. جۆردان دركی بەوە كرد، كە دەبێ كارێك بكا. لە هاوینی ساڵی **١٩٢٣**دا، كە ئەو لە كوپە تایبەتییەكەی بە هێڵی ئاسنینی دیترۆین دەچێ بۆمان فرانسیسكۆ، لە كاتێكدا شەمەندەفەرەكە لە یەكێك لە شارەكانی رۆژئاوادا خێراییەكەی كەمدەكردەوە، تەماشای دەرەوەی كرد، دیمەنێكی بینی تا رادەیەكی زۆر سەرنجڕاكێشا.. ئافرەتێكی جوان لەسەر ئەسپەكەی لە تەنیشت شەمەندەفەرەكە غاردەدا، دەموچاوێكی ئەسمەری هەبوو رۆژ سووتاندبووی، و قاچەكانیشی وەرزشی بوون، وادەردەكەوت ئازادە، لە كاتێكدا پرچی لە پشتییەوە بەرزدەبۆوە بەهۆی شەماڵەوە. جۆردان نەیدەتوانی چاوی لەسەر هەڵگرێ، بەڵام رووی وەرگێڕاو لەبارەی ئەو شوێنەی كە پێشیدا تێدەپەڕن پرسیاری لە یەكێك لە هاوەڵانی كرد، وەڵامەكە وابوو: ((شوێنێكە لە رۆژئاوای مالارامی)).

جۆردان بە تەواوی رووداوەكە كاریگەربوو بەتایبەتی بەو دەربڕینەی هاوەڵەكەی لەبارەی پرسیارەكەیەوە وەڵامی دایەوە، هەتا فەرمانی بەسەر پیاوانی رێكلامكەری كۆمپانیاكەیدا دەست بەبرەودان بە ئۆتۆمبێلەكەی بكەن بە رێگەیەكی نوێ.. هەر زوو لە رۆژنامە و گۆڤارەكاندا لە تەواوی وڵات رێكلام دەركەوتن، ئۆتۆمبێلێك دەردەكەوێ لەناو وێنەیەكی گەورەی دیمەن رۆمانسیدا، ئافرەتێكی جوانی تێدایە لەسەر پشتی ئەسپێكی بەهێز رم داوێ و پرچی لە پشتییەوە دەفرێ.. لە رێكلامەكەدا هاتبوو:

لە شوێنێك لە رۆژئاوی لارامی، ئافرەتێك لەسەر ئەسپێكی چەموش هەیە و رێشمەی گرتووە، دەزانی لەبارەی چییەوە قسە دەكەم.. ئۆتۆمبێلی پلەی بۆی لە پێناو ئەودا دروستكراوە.

لە پێناو كیژۆڵەیەك دروستكراوە رۆژ ئادگارەكانی ئەسمەر كردووە، كاتێك كە رۆژ گونجاوە بۆ هەستكردن بە چێژێكی زۆر، و ئافرەتێكی جوان بەخێرایی دەردەچێ وەكو ئەوەی لە پێشبڕكێدا بێ...

تایبەتمەندییەكی دیار لە پێكبەست هەیە لە دەوری ئەو ئۆتۆمبێلەدا -لە پێكەنین و سووكی و رووناكی- تیلە چاوێك لە چیرۆكە ئاشقانییە كۆنەكان-و زین و قامچی...

سواری پلەی بۆی بە، كە كات بێزاركەر و خەمۆكە.

دواتر بڕۆ بۆ زەوی ژیانی راستەقینە بە رۆحی كیژۆڵەیەكی قەشەنگ، ئەوەی كە ئەسپە سەركەوتوو و كەحێلەكەی لێدەخوڕێ ... بۆ ئاسۆی سووری لواید منج[10].


ئەوە روویدا! هیچ زانیارییەك لەبارەی هێزی ئەسپی ئۆتۆمبێلەكان، یان ژمارەی جێگاكانی یان سلندەرەكانی، یان توانای هەڵگرتنی بار، یان هەتا ژمارەی تایەكانیشی نەبوو، بەڵام ئەو ((واتایە))ی كە جۆردان و سیتی ئەوەی كە دەیەویست بەشێوەیەكی بەرزو روون وەدەستیهێنا، لە پێگەی یەكەمیندا سەرنجڕاكێش بوو.. كڕینی ئۆتۆمبێلی پلەی بۆی پەیوەندیدارە بە واتاكانی پێكەنین، و ئازادی، و سەركێشی، و رەنگە تیلە چاوێكیشی لە سێكس تێدابێ بەبێ بەسەرخۆ داشكانەوە. فرۆشی ئۆتۆمبێلەكانی جۆردان یەكجار زۆر زیادی كرد، ماوەیەكی دوور بەردەوام بوو پاش ئەوەی دیزاینەكەی بووە شتێك دەكرا بگۆڕدرێ بۆ سیكراب. هەروەك تێڕوانینی سەرپێیی بۆ رێكلامی بازرگانی لە تەلەفزیۆنی هاوچەرخدا دۆزرایەوە، ئەوا رێكلامكردنی بۆ ئۆتۆمبێلەكان لەوكاتەوە بەشێوەیەكی قووڵ پشتی بەو ستراتیژییە بەست.

هێشتا بەكارهێنانی ((واتا)) لە هەڵمەتەكان، و رێكلامەكان، و هەوڵەكان بۆ قەناعەتپێكردنی ئەوەی دیكە بەهەموو هێزێكەوە بەردەوامە، لەم ساڵانەی دواییدا پیرەژنێكی قەبارە بچووكمان بینی پرسیار دەكا: ((گۆشتی بەرخ لە كوێیە)) بۆ ئەوەی رێگا بۆ واتای بابۆڵەیەكی دیاریكراو لە خواردنی خێرا ئامادە بكا، هەروەك ئێستا دەگوترێ ئەو فڕۆكانەی لە ئاسمانن ((هاوڕێن)) و بەرهەمی دیاری ئاسانی هەیە، بۆ چارەسەری ترشی گەدەش ((مانای بە

تەنگەوە هاتن))ە، پاڵێوراوە سیاسییەکانیش بەخێرایی بەدوای دەربڕینی کورت دادەگەڕێن، کە لە هوتاف دەچن و دەتوانن واتای ئەرێنی بۆ ئەو وێنانە لەخۆ بگرن، کە هۆکارەکانی راگەیاندنی جەماوەری دەیگوازنەوە (سیستەمی نوێ، سیستەمی خاوێن، جەنگ لە دژی هەژاری، کۆمەڵگای مەزن، سەرەتای نوێ بیرۆکەی نوێ، شتی لەم شێوەیە).

وادەردەکەوێ پێشکەشکردنی خشتەیەکی بەیانی روونکاری بۆ ستراتیژیی دارشتنی واتا پێویست نەبێ، چونکە بیردۆزەکانی زۆر سادەترن لەوەی کە پێشتر گفتوگۆی لەسەر کرا. لەگەڵ ئەوەشدا، وێنەی لەم شێوەیە ئەو پێکهاتانەی بۆ پێکدێن، کە لە شێوەی ١٠-٣ دا دەردەکەون.

ئایا شێوازی ((فێر بە — کار بکە)) سەردەگرێ؟ واپێدەچێ جیهانی رێکلامکردنی کرداری وای بۆ بچێ.




**شێوەی ١٠-٣ ستراتیژییەتی دارشتنی واتا بۆ قەناعەتپێکردن**

لەلایەکی دیکەدا، گۆڤارە هونەرییەکانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان و توێژینەوەکانی هۆکارەکانی گەیاندن وەڵامی کەم پێشکەش دەکەن، سەرەڕای شێوازە کۆنەکانیان ئەوا ئەو توێژینەوانەی لەسەر ستراتیژییەتی دارشتنی واتا بۆ قەناعەتپێکردن ئەنجام دراون تا رادەیەك کەمن.

ئەم بەشە دەریخست، کە ستراتیژییەتی دینامیکی دەروونی بۆ قەناعەتپێکردن پێگەی سەرەکی لە رێکلام و راگەیاندن و هەڵمەتەکان و شێوەکانی دیکەش لە قەناعەتپێکردن بە درێژایی چەند دەیەیەك داگیرکردووە، هەرچەندە بەم دواییانە پرسیاری رشتی رووبەڕووکرانەوە داخۆ دەتوانێ پشت بە ئەنجامەکانی ببەسترێ یان نا. هەندێك جار وادەردەکەوێ کە سەردەکەوێ، بەڵام زۆربەی کاتەکان ئەمە ناکا، بە دروستیش هیچ کەس هۆکاری ئەمە نازانێ،

هەروەك ستراتیژییەتی رۆشنبیری كۆمەڵایەتی لەلایەكی دیكەوە، هەرگیز ئەو جۆرە جەماوەرەی نەبووە، چ لە زاراوە توێژینەوەكانی چالاككردن، یان وەكو بنچینەیەك بۆ — رێكلامكردنی واقیعی، یان هەر شێوەیەكی دیكە لە هۆكارەكانی راگەیاندن بۆ قەناعەتپێكردن، هەندێك بەڵگە هەن رەنگە زۆر كاریگەر بن، بەڵام سەركەوتنیان لەوانەیە داوای بەكارهێنانی هۆكارەكانی راگەیاندن بكا لە پاڵ ئەو قەناعەتپێكردنەی هەیە لە پەیوەندی نێوان كەسەكان، وا دەردەكەوێ، كە ئەو ستراتیژییەتە لە رێكلامە هاوچەرخەكاندا زۆربێ، بەڵام هێشتا نازانرێ داخۆ بەشێوەیەكی پشت پێ بەستراو لە رووداوی ئەو وەڵامانەی ئارەزوویان دەكرێ سەردەكەوێ.

تاكە شتێك زۆر بووە، ئەویش ئەوەیە كارێكی زۆر زەحمەتە نەگونجان و پراكتیزەكردنی ئەو بنەمایانەی وادەردەكەوێ توانای ناواخنی هۆكارەكانی گەیاندنی جەماوەری جودادەكاتەوە لە كاریگەری لەسەر رەوشت بە رێگەیەكی نائەنقەست بۆ ئەركێكی كارەكی، وەكو زۆر شت و كالاّ، و پالێوراوان، یان رەوشتێك كە كاردەكا بۆ بەرژەوەندی كۆمەڵگا. سەرەڕای هەوڵێكی چڕ كە بۆ دانانی بنچینەیەكی تیۆری بۆ ستراتیژییەتی قەناعەتپێكردنی چالاك دراوە، ئەوا تائێستاش كارێكی سەرسووڕهێنەرە.

# پەراوێزەکانی بەشی دەیەم


1. See Gerald R. Miller, "Persuasion," in Charles R. Berger and Steven H. Chaffee, eds., *Handbook of Communication Science* (Newbury Park, Cal.: Sage Publications, 1987), pp. 446–83.
2. Victoria O'Donnell and June Kable, *Persuasion: An Interactive-Dependency Approach* (New York: Random House, 1982), p. 9. See also Charles U. Larsen, *Persuasion, Reception and Responsibility* (Belmont, Cal.: Wadsworth Publishing Company, 1986), p. 8
3. Marvin Karlins and Herbert I. Abelson, *Persuasion: How Opinions and Attitudes Are Changed* (New York: Springer Publishing Co., 1970), p. 2.
4. Miller, "Persuasion," pp. 447–48.
5. Leon Festinger, *A Theory of Cognitive Dissonance* (Stanford, Cal.: Stanford University Press, 1957).
6. John Phillip Jones, *What's in a Name? Advertising and the Concept of Brands* (Lexington, Mass.: D. Heath and Company, 1986), p. 141.
7. Jones, *What's in a Name?* p. 142.
8. Everett M. Rogers and J. Douglas Storey, "Communication Campaigns," in Berger and Chaffee, *Handbook*, p. 841.
9. Miller, "Persuasion," p. 453.
10. The incident and the significance of this change in advertising strategy are described at length in Robert Lacey, *Ford: The Man and the Machine* (New York: Ballantine Books, 1986), pp. 297–99.

# پاژی سێیەم

# هۆکارەکانی ڕاگەیاندن لە کۆمەڵگای هاوچەرخدا

## بەشی یازدەیەم
## تیۆری پاشکۆیی سیستەمی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن

لە بەشەکانی پێشوودا، گفتوگۆمان لەسەر کۆمەڵێکی گەورە و جۆراوجۆری تیۆرەکان کرد. روونە، کە لێکۆڵینەوە لە هۆکارەکانی گەیاندنی جەماوەری بەدەست زۆری تیۆرەکان دەناڵێنێ، نەك بەدەست نەبوونی بڕێکی چاك لە شێوازی لێکدانەوە. لە کاتێکدا گۆڕەپانەکە لە گەشەکردندا بوو، ئەو بڕە زۆرەی تیۆرەکان پەك خەر و ئاریشە ئامێزبوون. هەموو ئەو تیۆرانەی باسمانکردن بەکارهاتن بۆ ئاراستەکردنی لێکۆڵینەوەی گرنگ لە کاتی خۆیدا، بوونە هۆی پتر تێگەیشتن لە کاریگەرییەکانی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن، هەرچەندە بە تەواوی ئەوەی روون نەکردەوە، کە کامە لە تیۆرە رکابەرەکان بە شێوەیەکی چاکتر ئەو پەیوەندییە بە شێوەیەکی کامڵ روون دەکاتەوە، هەروەك هەندێك لە تیۆرەکان بێ ئەملا و ئەولا دژی یەك بوون، یەکێکیان دەیگوت ئەگەر جەماوەر رووبەڕووی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن ببێتەوە ئەوا کاریگەرییەکان دەمودەست و گشتی راستەوخۆ بە هێز دەبن، لە کاتێکدا ئەوەی دیکە دەیگوت ئەو جۆرە کاریگەریانە ماوە درێژ و ناڕاستەوخۆ و هەڵبژێردراو و سنووردار دەبن.

لە یەکچوون لە نێوان تیۆرە هاوچەرخەکانی هۆکارەکانی گەیاندنی جەماوەریدا نییە، بەجۆرێك هەریەکەیان تەرکیز دەکاتە سەر وێنەیەکی جیاواز لە بیردۆزە سەربەخۆکان و گۆڕانی بێ وێنە بەکاردێنێ بۆ دانانی پێشبینی لەسەر شوێنەوارەکان لەسەر کەسایەتییەکان و کۆمەڵگادا. بۆ نموونە یەکێکیان تەرکیز دەکاتە سەر کاریگەری باوەڕو هەڵوێست و لاساییە هاوبەشەکان لە واتاو کاریگەری لەسەر سیستەمی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵگە و رۆشنبیری لێکدەداتەوە.

لەبەر ئەم هۆیە، کارێکی نالۆجیکی و زۆر زوو دەبێ ئەگەر وادەبنێین، کە یەکێك لە تیۆرەکان ((راستە)) یان هەتا ((تەواو))یشە، لە کاتێکدا ئەوەی دیکە بە تەواوی ((هەڵە))یەیان دەبێ دەستبەرداری بین، بەجۆرێك بنکەیەکی لێکۆڵینەوەی فراوان، پێویست بۆ

ناسینی ((چاکترین)) تیۆر هێشتا دەبێ کۆبکرێتەوە. راستییەکەی کاتەکە هێشتا دوورە، بەر لەوەی تیۆرێکی گشتی و تاقانە لە هۆکارەکانی گەیاندنی جەماوەریدا دەربکەوێ، دەکرێ لەناو کۆمەڵەیەکی گەورەتر یان پرەنسیپێکی گشتی تر پۆلێن بکرێ، یان لێکدانی هەموو تیۆرە رکابەرەکان، هەروەك تیۆری ئەنشتاین لەبارەی رێژەگەراییەوە لە بواری زانستی سروشتیدا ئەنجامیدا.

لە هەمانکاتدا، هەموو شێوازە تیۆرییەکان، کە لێرەدا باسکران وەکو لێکدانەوەی شیمانە بۆ کراو و شیاو بۆ جێبەجێکردن لایەنی کەم لەسەر هەندێك جۆری کاریگەریی هۆکارەکانی راگەیاندن دەمێننەوە، لە هەمانکاتدا ناتوانین ئەوە رەتبکەینەوە، کە هەندێك لە تیۆرەکانی پێشوو ئێستا تا رادەیەکی زۆر کەمتر سەرنجڕاکێش دەردەکەون وەك لەوەوپێش، ئەمڕۆ بڕێکی کەم لە زانایان دەستیان بەوە وەگرتووە، کە تیۆری ((هاوێژەری جادوویی)) لێکدانەوەی تەواوی لەبارەی چۆنیەتی کاریگەری هۆکارەکانی راگەیاندن لەسەر خەڵکی پێشکەشکردووە، هەموو بەڵگەی لێکۆڵینەوەکان، ئەوانەی کە بۆ پاڵپشتی لێکردنی کۆکرابوونەوە، شکستیان هێنا. شێوازەکانی پێشووش، کە وەك ئەوبوون دەبنە جێی گومان. لەگەڵ ئەوەشدا، زۆرینەی تیۆرەکان هێشتا بەسەرچاوە دادەنرێن بۆ بیردۆزەی توێژینەوە گرنگەکان، تا بەیاناتی بە تەواوی قەناعەتپێکەر کۆدەکرێنەوە، ئەوا هێشتا پێویستمان بە زیاترە. وەك پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد، ئەوا هەریەك لەو تیۆرانەی هەن وادەرنەکەوتوون، کە لێکدانەوەیەکی تەواویان بۆ هەموو کاریگەرییەکانی هۆکارەکانی گەیاندنی جەماوەری پێشکەشکردبێ. لە راستیدا تائێستا ئێمە باوەڕمان بەوە نییە، کە بە راستی کاریگەری بوونی هەیە؟ هەر بۆچوونێکی تیۆری نوێ هۆکاری نوێی دۆزیوونەتەوە، تیۆرەکانی پێشوو، بۆ نموونە، جیاوازییە تاکییەکان، و کۆمەڵایەتییەکان، ئەو کاریگەرییە هەڵبژێردراوەی دروستی کردووە پشتگوێ دەخست، هەروەك ئەو تیۆرانەی جەخت لەسەر کاریگەری هەڵبژێردراو دەکەنەوە بۆ ماوەیەکی درێژ گفتوگۆیان لەسەر ئاساییکردنەوەی کۆمەڵگا نەکردۆتەوە. ئەو تیۆرانەی لەسەر کاریگەری ئاساییکردنەوەی کۆمەڵگە دروست بوونە هەوڵیان داوە رۆڵی هۆکارەکانی راگەیاندن لە داڕشتنی واتاداو ئەو رۆڵەی، کە ئەو کردارە دەیگێڕێ لە پێکهێنانی رەوشتدا لێکبدەنەوە. دواتر، هەموو تێڕوانینێکی تیۆری نوێ ئاسۆیەکی نوێی کردۆتەوە بە ئاراستەکردنی توێژینەوەکان بۆ جۆری نوێ لە ئاڵوگۆڕە سەربەخۆ و بەردەوامەکان.

ئەم کردارەی دۆزینەوە هێشتا تەواو نەبووە. ناماقوولێش نییە ئەگەر وادابنێین، کە هێشتا کاریگەری هەن لێیەوەو لەسەر هۆکاری راگەیاندنی جەماوەری لە کۆمەڵگاکەماندا هێشتا نەزانراوە. لەبەر ئەم هۆیە، گەشەسەندنی تیۆری پێویستە پشکنینەکەی بۆ شتە شاراوەکانی پشت سنووری تێگەیشتنی ئێستامان بۆ کردار و کاریگەرییەکانی هۆکارەکانی گەیاندنی جەماوەری بەردەوامی پێبدرێ.

لەگەڵ ئەو هەڵوێستەشدا، شێوەیەکی تیۆری دیکە هەیە دەتوانرێ لەم خاڵەدا پێشنیاز بکرێ، ئەویش تیۆری سیستەمی پاشکۆیی یان پشتبەستن بە هۆکارەکانی راگەیاندنە، تیۆرێکی ئاڵۆزە، هەوڵدەدا لە یەك شێوەدا چەند بۆچوونێك کۆبکاتەوە، کە لە بەشەکانی پێشووماندا لێکۆڵینەوەی بەراییمان لەبارەیانەوە پێشکەش کرد[1]. ئەمە پشت بەزۆر نموونەی تیۆری کورتکراوە بۆ پشتەوە دەبەستێ لەسەر خەسڵەتی دیاریکراوی نموونەی گشتی، کە پشتگیری رەگی رۆشنبیری تیۆری هۆکارەکانی گەیاندنی جەماوەری دەکا، چونکە ئەو خەسڵەتانە پشتگیری لە تیۆری پاشکۆ یان پشت پێبەستن لەسەر سیستەمی هۆکارەکانی راگەیاندن دەکەن.

## رەگی تیۆرەکانی کاریگەرییەکانی هۆکارەکانی راگەیاندن:

ئەو تیۆرانەی پرسیار لەبارەی کاریگەرییە گشتی و بەهێزەکانی هۆکارەکانی راگەیاندنی جەماوەری دەکەن مەیلیان وەلای ئەوەیە لەسەر بنچینەی سێ وێنەی نموونە دروست بن، کە لە بەشی (١)دا گفتوگۆیان لەسەرکرا، ئەوانیش: بنیاتی ئەرکی، و جیاوازی، و تێڕوانینی گەشەسەندوویی (کۆمەڵایەتی). ئەو شێوازانەش هەروەك روونمانکردە و کورت نەکراونەتەوە لە لێکۆڵینەوە لە هۆکارەکانی گەیاندنی جەماوەری، بەڵکو کۆمەڵناسان بە شێوەیەکی گشتی ئەو سێ وێنە نموونەییە بەکاردێنن بەوەی پەیکەری تیۆرین بۆ شیکاری گەورەتر، واتە بۆ لێکۆڵینەوەی سیستەمی کۆمەڵایەتی بەرفراوان، وەکو کۆمەڵەی فەرمی یان بیرۆکراتی ئاڵۆز، و تەواوی کۆمەڵگاکان، یان لە پێناو هەڵسەنگاندنی کرداری کۆمەڵایەتی زۆر گشتی، وەکو جێگیری و ململانێ و گۆڕان. بۆ نموونە، لە گفتوگۆی هەوڵەکانی پێشوودا بۆ دانانی لێکدانەوەی تیۆری بۆ کاریگەرییەکانی گەیاندنی جەماوەری (بەشی ٦) لێکدانەوەیەکی مەزن لەبارەی سروشت و رەچەڵەکی کۆمەڵگای ((جەماوەری)) ئەنجام دراو شیکارەکە پشتی بە چەند چەمکێکی گەورەی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، و کرداری گۆڕانی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و

پێشخستنی ((وێنەی مەزن))ی بارودۆخی ژیانی کۆمەڵایەتی، ئەوەی کە باوەڕی وایە هۆکارەکانی ڕاگەیاندنی جەماوەری نویٚ تێیدا لە بەهێزترین حاڵەتی خۆیدا دەبیٚ، بەستووە. بۆ نموونە دۆرکهایم نموونەی بنیاتی ئەرکی لە شیکردنەوە (گەورەکە)ی لەبارەی ئەنجامی ئاڵۆزیی کۆمەڵایەتی پەرەسەندوو بەکارهێناوە و ئەوەی روونکردۆتەوە، کە چۆن پسپۆری پەرەسەند و ئەوەی کە دەبێتە هۆی دابەشکردنی جیاکاری تا رادەیەکی گەورە لەکاردا، دەبێتە هۆی کەمی هاودەنگی بۆچوونی بە کۆمەڵ، ئەوەشە کەموکوڕی لە پەیوەندی چالاکی نێوان کەسەکان و زیادبوونی ئاڵۆزی ئەوەی کە پەیوەندی بە بنکەی ئاراستەکراو هەیە بۆ کۆمەڵگە، دروست دەکا. ناو لەم حاڵەتەنراوە ((هەژاریی ناسنامە))، کە ئەویش ئەو تاکانەی، کە ئەندامی ئەو جۆرە کۆبوونەوانەن، کە حاڵەتی پشێوی دەروونی (هەژاریی لە ناسنامەی کەسی) بەجێدەهێڵی، چونکە چەمکە خودییەکانی بۆ بنکە کۆمەڵایەتییەکانیش شێلوە. بارودۆخی لەمجۆرە پەیوەندی پشت پیٚ بەستوو و نزیك لە نێوان خەڵکیدا کەم دەکاتەوە، و شوێنەوارە گرنگەکانی گەیاندن لە نێوان کلاسەکاندا کۆت دەکا، و تاکی لەمجۆرەش بەشێوەیەکی پەرەسەند و بەجێدێڵیٚ بۆ کاریگەرییان لە سەرچاوەی دیکەوە.

تیۆرەکانی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن لە دارشتنی ئەو رایەی، کە دەیگوت تێکەڵییەك لە ئاڵۆزی کۆمەڵایەتی و رێککەوتنی بۆچوونی سنووردار، نەبوونی بنچینە، و پشێوی کەسی، و دوورکەوتنەوەی دەروونی و دوورەپەرێزی ئەو هۆکارانەن، کە رەنگە هۆکاری ڕاگەیاندنی جەماوەری بەهێز دروست بکەن، لەمەشدا هۆکارە ڕاگەیاندنە بەراییەکان، کە پشتیان بەلۆجیکی دۆرکهایم بەستووە، لەسەر ئەوداندران. باوەڕوایە لە بارودۆخی لەو جۆرەدا، یان ((کۆبوونەوەی کشانەوە)) دەتوانریٚ بە ئاسانی قەناعەت بە کەسەکان بکریٚ و هەڵوێستەکانیان بەهۆی هۆکارەکانی ڕاگەیاندنەوە بگۆڕێن. بەم شێوەیە، نموونەی بنیاتی ئەرکی، کە وەکو ئاستێکی گەورەی شیکارەکان بەکاردیٚ بووە هۆی سەرنجامی دیاریکراو لەبارەی سروشتی کۆمەڵگە، ئەمەش بۆ خۆی کۆمەڵێك بەڵگەی پێشکەش کرد، کە پەیوەستە بە لێکدانەوەی کاریگەری هۆکارەکانی ڕاگەیاندن.

بەپێچەوانەوە، ئاستێکی بچووك لە شیکارەکان بایەخ بە یەکەی زۆر دیاریکراو دەدا، ئەمەش عادەتەن لە زانستە کۆمەڵایەتییەکان مانای تاك دەگەیەنیٚ. لە کاتێکدا کۆمەڵناسەکان لە کۆمەڵە و کۆمەڵگاکان ورد دەبنەوە، ئەوا تیۆرە دەروونییەکان لەسەر کاریگەری هۆکارەکانی ڕاگەیاندن لەسەر ئاستێکی بچووك دادەڕێژرێن، لەگەڵ وردبوونەوە لە

ئاڵوگۆڕ و کرداری دیاریکراو، کە کار لە تاکەکان دەکا. زۆرینەی تیۆرە بچووکە باوەکان، لە نموونەی درککراودا کە لە هەردوو بەشی ١ و ٧ دا قسەیان لەسەر کرا، وەرگیراون.

بەم شێوەیە، تیۆرە دەروونییەکان کاریگەری هۆکارەکانی راگەیاندن ((وێنە گەورە)) کۆمەڵایەتیەکە، و ئەو رێگەیەی هێزێکی کۆمەڵایەتی ماوە درێژ یان بەرفراوان فەرامۆش دەکا، کە بەهۆی هۆکارەکانی گەیاندنی جەماوەری کار لە تاکەکان بکا، ئەویش چڕکراوەتەوە لەسەر تاقیکاری ئەنجامە تا رادەیەك راستەوخۆکانی رووبەڕووبوونەوەی ماوە کورتی ناوەخنی هۆکارەکانی گەیاندنی جەماوەری. بە سروشتی بارەکە، هۆکاری سەرنجڕاکێشی رێبازی لەمجۆرە، رێ بە دانەری تیۆرەکان و لێکۆڵینەوەکان دەدا لە ئاڵوگۆڕکارە زۆر سادەکان وردەبنەوە و دەسەڵاتی پتر بەکاربێنن، و بێ ئەندازە سنوورداربن. پێویستی تاکەکان و هەڵوێستەکان و داب و بەرژەوەندییەکان کاریگەریان هەبوو لەسەر ئەو چۆنیەتییەی خۆیان بەشێوەیەکی دەستنیشانکراو دەدەنە بەر هۆکارەکانی راگەیاندن، و تێگەیشتنی ناواخنی پەیامەکە، و پاراستنی زانیاری بەشێوەیەکی دەستنیشانکراو، دەتوانرێ لێی بکۆڵدرێتەوە بێ ئەوەی مرۆڤ ناچار بکرێ لێکۆڵینەوە لە کاریگەرییەکانی سیستەمی کۆمەڵایەتی بکا، ئەوەی کە کەسەکانی (بەشی ٧) بە نموونە تێیدا دەژین. تیۆرە دینامیکییە دەروونییەکان، بۆ قەناعەت پێکردن بایەخ بە کردارە دەروونییە ناوخۆییەکان دەدەن، هەروەك وادادەنرێ، دەتوانێ چالاکی خۆی بە پەیامی هۆکارەکانی راگەیاندن ئەنجامبدا بۆ ئەوەی وا لە خەڵکی بکا بەرهەمی دیاریکراو بکڕن، یان بە رێگەیەکی دیکەی ئارەزوومەند هەڵسوکەوت بکەن.

تیۆری کاریگەرییەکانی هۆکارەکانی راگەیاندن ئەوانەی لە دەروونناسی کۆمەڵایەتی وەرگیراون تا رادەیەك گشتیترن، بەلایەنی کەم ئەو هەندێك پەیوەندی کۆمەڵایەتی، کە کار لە خەڵك دەکەن، وەکو تیۆرەکانی ئەنجامی دەستنیشانکردن (بەشی ٧) تیۆرەکانی کاریگەرییە ناڕاستەوخۆکانی هۆکارەکانی راگەیاندن (بەشی ١٠) دەخاتە ئەستۆی خۆی. رێبازی لەمجۆرە، مەیلی کۆکردنەوە دەکا لە نێوان کرداری رووبەڕووبوونەوە دەستنیشانکراوەکان و دەرککردنی هەستی و مانەوە، لەگەڵ جەختکردنەوەی بنیاتی ئەرکی، کە لەسەر جێگیری سیستەم کۆدەبێتەوە. لەو بارانەدا وادادەنرێ کە تاکەکان لە ناوەندی پەیوەندی جێگیر لە نێوان تاکەکان دەژێین، نەك لە ناوەندێکی کۆمەڵایەتی ناجێگیر لە کۆمەڵگای جەماوەری. دەگوترێ تۆڕە کەسییەکانی تاکەکان و پێکبەستی کۆمەڵەکان بنەچەکانی رەوشت و باوەڕە جێگیرەکانیان پێدەدا، بە بەراوردکردن لەگەڵ بارودۆخی نەبوونی ناسنامە، کە دوورەپەرێزیان دەکا لە دژی

کاریگەری بەخشراوەکانی هۆکارەکانی راگەیاندن. لێکۆڵینەوەی هەڵوێست و شێوەی دیاریکراو لە رەوشت ئەنجامدەدرێ وەکو هەوڵ بۆ دەرخستنی ئەوەی کە ئەو ئەنجامی کاریگەرییە لە نێوان کەسەکاندایە، نەك کاریگەری هۆکارەکانی راگەیاندن. نموونەی نموونەیی رۆشنبیری کۆمەڵایەتی قەناعەت پێکردن (بەشی ١٠) لەسەر بنچینەی هزری هاوشێوە دروست دەبێ، بڕیارەکانی تاك بۆ بەخشین بە رێکخراوێك، یان کڕینی یەکێك لە بەرهەمەکان، یان دەنگ بە پاڵێوراوێك دان، وادادەنرێ، کە ئەوە سەرئەنجامی هەموو تایبەتمەندییەکانی کەسێتییەکەیەتی (پێویستییەکان، هەڵوێستەکان...هتد) و پاڵەپەستۆ کۆمەڵایەتییەکان، بۆ رێککەوتن لەگەڵ کۆمەڵەیەکی دیارو بنکەی کۆمەڵەی ناوچەیی.

تیۆرەکانی بنیاتی واتا ئەوانەی لە بەشی ٩ باسمانکردن پەیوەندییەکی پتەویان بە وێنەی نموونەیی کارلێکردنی ئاڵوگۆڕی هێماییەوە هەیە. هەروەك تێبینیمان کرد، شێوازی لەمجۆرە بەشێوەیەکی زیاد باوبووە لە لێکۆڵینەوەی کاریگەرییەکانی هۆکارەکانی راگەیاندن. تیۆری لەمجۆرە لە بارەی بنیاتی واتاوە پتر دەگەڕێنەوە بۆ هۆکارەکانی راگەیاندن زیاتر لەوگەڕانەوەیەی کە تیۆرەکانی کاریگەری دەستنیشانکردن هەیانە، هەرچەندە دەڵێن ئەم گەڕانەوەیە ماوەدرێژو ناڕاستەوخۆشە.

ئەو راستییە لە نێو نەچووە، کە تیۆرەکانی بنیاتی واتا بەگەورەییەوە پاڵپشتی هۆکارەکانی راگەیاندن دەکەن لە بایەخی دەستەیەك لە لێکۆڵەرانی هۆکارەکانی راگەیاندن، ئەوانەی هەندێکجار پێیان دەگوترێ ((تیۆرداڕێژ)) یان ((رەخنەگر))، ئەوان ئاماژە بەوە دەکەن کە بەکارهێنانی هۆکارەکانی پەیوەندیکردن بۆ پێکهێنانی واتا ئەوەی کە خەڵك بەشداری تێدا دەکەن، ئەوە ستراتیژێکی یەکجار چالاکە لە پێناو وەدەستهێنانی زاڵبوونی کۆمەڵایەتی، یان سیاسی، یان ئابووری و پاراستنی. ئەم بیرۆکەیە وەکو بیرۆکەیەکی نوێ خۆی دەنوێنێ. ئەو پەندە کۆنەی دەڵێ قەڵەم لە شمشێر بەهێزترە، لەبارەی ئەو باوەڕەوە دەدوێ، کە هەر کەسێك فیکرەکان وەدەست بێنێ-واتە بەرهەمهێنانی مەعریفە- توانای زاڵبوونی بەسەر رەوشتی خەڵکی دادەبێ، بەبێ ئەوەی پێویستی بە بەکارهێنانی هێز هەبێ. ئەگەر کارل مارکس ئەمڕۆ زیندووبا ئەوا بێگومان بایەخێکی زیاتری بەو حەقیقەتە دەدا، کە هۆکارەکانی راگەیاندنی جەماوەری پاڵپشتی لافاوێکی بەردەوامی ئەو زانیارییانە دەکا کە واتا پێکدێنن، بێگومان مارکس ئەوەی وەدەست دەهێنا، کە ئەوانەی خاوەنی هۆکارەکانی بەرهەمهێنانی ئابوورین یان دەسەڵاتیان بەسەریدا هەیە بەهێزەوە پاڵدەنرێن بۆ دەسەڵات شکان بەسەر سروشت و

بڵاوکردنەوەی هۆکارەکانی گەیاندنی جەماوەری وەکو هۆکارێك بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان و مانەوە لە شوێنە باڵادەستەکان. دواتر، زاڵبوون بەسەر هۆکارە ئابوورییەکان بۆ بەرهەمهێنانی داوای زاڵبوون دەکا بەسەر هۆکارەکانی بەرهەمهێنانی عەقڵ لە پێناو رەخساندنی واتای گونجاو بۆ بەردەوامبوونیان لە دەسەڵات بە دەستەوەگرتن.

کارێکی سەیر نابێ ئەگەر مارکس ئەوەی دۆزییەوە، کە هۆکارە راگەیاندنە هاوچەرخەکان رۆژنامە، گۆڤار، کتێب، رادیۆ، فیلمی سینەمایی، و تەلەفزیۆن هەموویان هەمان شێوەی خاوەنداریەتیان هەیە ئەوانیش زنجیری گەورە، و سەندیکاکان، و کۆمەڵەکان، و کۆمپانیا گەورەکان کە خاوەنی هۆکارەکانی راگەیاندنی ئەمەریکایین. سەردەمی سەرنووسەر و خاوەنی رۆژنامەی ناوچەیی پووچ، یان دامەزراوەی ئەو کتێبانەی کە خانەوادە خاوەنیانە، زۆر لە مێژە بوون بەمێژوو. لە هەمانکاتیشدا بەڕاستی زەحمەتە لە کۆمەڵگایەکی بازاڕ ئاڵۆز، کە بە خەسڵەتی دانیشتووانی و دەروونی هەمەجۆر دەناسرێتەوە، ئەوە دەربکەوێ، کە خاوەنداریەتی چڕ دەبێتە هۆی دەسەڵاتی چاك لەسەر بیروباوەڕ و هەڵوێستەکان، و بۆچوونەکان، یان واتای هاوبەش بەشێوەیەکی فراوان لە کۆمەڵگاکەماندا.

مرۆڤ ئەگەر بەکێشکەر بێ یان لێکدانەوەکانی مارکس رەتبکاتەوە، ئەو دەستبەسەر راگەیاندن داگرتن کارێکی گرنگە. وادەردەکەوێ هیچ گومانێك نییە لەوەی ئەو راگەیاندنەی دەتوانێ واتا پێکبێنێ لە کۆمەڵگای ئەمڕۆدا سەرچاوەیەکی ترسناکە لە زۆر مەبەستی دیاریکراودا. لە بەشی ١٠دا دەرمانخست چۆن هەوڵی پێکهێنانی بیروباوەڕو رەوشتیان داوە، نەك بەس تەنیا لە بازاڕ، بەڵکو لە رێی کۆمەڵێکی جیاواز لە دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان. پشت بەستن بە زاڵبوونی راگەیاندن لە خوێندن و ژیانی خێزانی، و ئایین، و سیاسەت بەتایبەتی هەیە، پاڵێوراوان بۆ پێگەیەکی سیاسی بەردەوام کۆشش دەکەن بۆ قەناعەتپێکردنی خەڵکی بەوەی بۆچوونەکانیان، کە پێویستە بکرێن، لێکدانەوەی خودی راستەقینەن بۆ واقیع کە باشترین ئەنجام بەدەستەوە دەدەن. پێکبەستی پاشکۆیی دیکەش هەن دەکرێ بۆ دامەزراوەی کۆمەڵایەتی دیکە بکرێنە بیرۆدزە. روونە کە پێویستمان بە تیۆریەك هەیە بۆ ئەوەی ئەو پەیوەندییانە بگرێتەخۆ.

تیۆرەکانی هۆکارەکانی گەیاندنی هاوچەرخ رووەو ئەوە دەچن، کە لە ئاستی بچووکدا بن، و تەرکیز ناکەنە سەر پاشکۆکان لە ئاستێکی گەورەدا، هەریەکەیان بە بیردۆزی جیاواز، لە شێوە تایبەتییەکەی، یان وادانانە کاکڵییەکەی، دەستپێدەکەن، و شێوازێکی دیاریکراو لە

ئاڵوگۆڕکارە سەربەخۆکان، بەخۆدەگرێ، بەڵام بە دڵنیاییەوە ئەوەی تێدا نییە، کە ئاماژە بەو ڕێگەیە دەکا، کە پێکهاتە جیاوازەکان بۆ بنیاتی کۆمەڵایەتی گشتی بەیەکەوە دەبەستێتەوە، بە بوونی سیستەمێکی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن بە قووڵی دامەزرا و لەناو کۆمەڵگەدا. پاشان، هەروەك پێشتر تێبینیمان کرد، دیاریکردنێکی ترسناك هەیە لە لێکۆڵینەوەی هاوچەرخدا بۆ هۆکارەکانی گەیاندنی جەماوەری، بەجۆرێك هەوڵی زۆرکەم دراون بۆ کۆکردنەوەی تیۆرەکان بەیەکەوە لە شێوەیەکی پتر کاملّدا. تیۆری پشت بەستن بە هۆکارەکانی ڕاگەیاندن، کە لەوەی لەم بەشەدا ماوە گفتوگۆی لەسەرکراوە نموونەیەکی ئەو هەوڵانەیە.

شێوازی وێناکردنی پەیوەندییەکانی پشت بەستن بە هۆکارەکانی ڕاگەیاندن لە ئامانجە سەرەکییەکانی تیۆری پشت بەستن بە هۆکارەکانی ڕاگەیاندن لێکدانەوەی ئەوەیە بۆچی هۆکارەکانی گەیاندن جەماوەری هەندێك جار کاریگەری بەهێز و ڕاستەوخۆیان دەبێ و هەندێك جاریش کارگەرییەکانیان ناڕاستەوخۆ و تا ڕادەیەکیش بێ هێزن. تیۆرەکە پشت بەوە دەبەستێ بۆ ئەوەی ئەمە بکا بۆ هەموو بابەتە سەرەکییەکان لە وێنە نموونەییە گشتییەکان کە لە بەشی یەکەمدا روونکرانەوە، لێیان: بایەخدانی بنیاتی ئەرکی بەجێگیربوونی کۆمەڵایەتی، وردبوونەوەی گۆڕاو لە نموونەی تایبەت بە ململانێ، و جەختکردنەوە لە گونجانی کۆمەڵایەتی بۆ نموونەی گەشەسەندوویی و وردبوونەوە لە داڕشتنی واتاکان لە تێڕوانینی ئاڵوگۆڕ بۆ کارلێکی هێمایی، و لێکدانەوەی هۆکاری تاکیی (هۆکارەکان)، داب، هەڵوێست، هەلکەوت لە نموونەی دەرککردندا.

ڕێگەیەك هەیە بۆ وەسفکردنی تیۆری پشت بەستن بە سیستەمی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن، ئەویش ئەو گوتەیەیە، کە تیۆرێکی ((ژینگەییە)) (لە مانا ڕەسەنەکەی دەربڕیندا) ئەو لە پەیوەندی نێوان دانراوە سیستەمییە بچووکەکان، و ناوەنجییەکان، و گەورەکان و پێکهاتەکانی ورد دەبێتەوە، تیۆری ژینگەیی وەکو پێکهاتەیەکی ئەندامیی لە کۆمەڵگە دەڕوانێ، لەوە دەکۆڵێتەوە، کە چۆن پاژ لە سیستەمی کۆمەڵایەتی بچووك و گەورە هەریەکەیان بەوی دیکەوە دەبەسترێتەوە. دواتر هەوڵی لێکدانەوەی ڕەوشتی پاژەکان دەدا، ئەوەی کە پەیوەستە بەو پەیوەندییانەوە. پێویستە سیستەمی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن پاژێکی گرنگ بێ لە چینی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی نوێدا، و وادانراوە، کە پەیوەندی بە تاکەکان، و کۆمەڵەکان، و ڕێکخراوەکان، و سیستەمە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەش هەیە. ڕەنگە پەیوەندی لەمجۆرە ململانێکان بەسەریدا زاڵبن، یان هاریکاربێ، لەوانەشە دینامیکی و گۆڕاو بێ، یان جێنشین و

ڕێکخراو بێ، هەروەك دێ و دەچێ لە نێوان ئەوەی ڕاستەوخۆ و بەهێز بێ لەگەڵ ئەوەی ناڕاستەوخۆ و لاواز بێ، هەرچۆنێك وردەکارییەکان چاك بن بۆ ئەم پەیوەندییە، ئەوا ئەو پەیوەندییەیە کەموکوڕی لێکدانەوەکە هەڵدەگرێ.

هەروەك ناوی تیۆرەکە پێمان دەڵێ، پەیوەندی سەرەکیی، ئەوەی کە لۆجیکی ئەو ڕێبازەی لەسەر دروست دەبێ، پەیوەندی پاشکۆییە. ڕەنگە ئەو پەیوەندییانە بەشێوەیەکی گشتی لەگەڵ سیستەمی هۆکارەکانی ڕاگەیاندندا بن، یان لەگەڵ یەکێك لە پاژەکانی، وەك پیشەسازی تەلەفزیۆن، یان ڕادیۆ، یان ڕۆژنامە و گۆڤارەکان.

پەیوەندی پشت بەستن بە هۆکارەکانی ڕاگەیاندن لەلایەك لەسەر ئامانجەکان دروست دەبێ و لەلایەکی دیکەشەوە لەسەر سەرچاوەکان. لە ڕاستیدا لایەنێك لەوەی، کە لە کۆمەڵگەدا بژی ئەوە دەگەیەنێ، لە پێناو ئەوەی تاکەکان و کۆمەڵەکان و ڕێکخراوە گەورەکان ئامانجە کەسیی و کۆمەڵایەتییەکان وەدەستبێنن، ئەوا پێویستیان بەوەیە، کە پشت بەو (کەرستانە ببەستن کە کەسێ یان کۆمەڵە یان سیستەمی دیکە بەسەریدا زاڵن، بە پێچەوانەشەوە. سیستەمی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن بە سیستەمی زانیاری دادەنرێ، کە دەسەڵاتی هەیە لەسەر سێ جۆر ((پاشکۆیی- هێنانەئارا))ی سەرچاوەی زانیارییەکان، پێویستە ئەوانی دیکە وەدەستیبێنن بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان. سەرچاوەی یەکەم کۆکردنەوە یان هێنانە ئارای زانیارییەکانە، بۆ نموونە هەواڵنێرە ڕۆژنامەنووسەکان ئەو زانیاری و ڕووداوانە کۆدەکەنەوە کە پێویستمانە بیانزانین، یان تەنیا بایەخ بە زانینیان دەدەین، سیناریۆنووسەکانیش زانیاری لەبارەی ڕووداوی ڕاستەقینە و خەیاڵی دەدۆزنەوە، ئامانجی تێربوونمان لە یاری یان خۆشیمان لەگەڵ کەسانی دیکە بە چوونمان بۆ سینەما بۆ دەرەخسێنێ. سەرچاوەی دووەم گونجاندنی زانیارییە، و ئاماژە بە گوێزانەوەی زانیاری پێدانەچووەوە دەکا، کە کۆکراوەتەوە یان هێنراوەتە ئارا. بۆ نموونە سەرنووسەر زانیارییە بێ ڕەونەقەکانی پەیامنێر دەگونجێنێ بە جۆرێك بتوانرێ گونجاوبێ بۆ چیرۆکی ڕۆژنامەیی، دەرهێنەریش ئەو زانیارییانە ڕێکدەخا، کە نووسەری سینەمایی هێناونییەتییە ئاراو دەیکاتە فیلم. سەرچاوەی سێیەم، کە سیستەمی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن دەسەڵاتی بەسەردا هەیە، بڵاوکردنەوەی زانیاری یان تواناداری لەسەر دەرهێنانی زانیاری بۆ جەماوەرێکی زۆرە. بۆ نموونە ئەرکی سەرەکی ڕێکخەری هەواڵەکانی تەلەفزیۆن، پەخشکردنی ئەو زانیارییانەیە، کە پەیامنێر کۆی کردوونەتەوەو سەرنووسەریش گونجاندوونی، کاری

دابەشکاری فیلمەکانیش پێشکەشکردنی ئەو فیلمەیە، کە نووسەری سینەمایی بۆ ئەو جەماوەرەی دەچێتە دیار فیلمە سینەماییەکان دایهێناوە.

زاراوەی ((زانیارییەکان)) لێرەدا بەشێوەیەکی گشتی بەکاردێ بۆ ئاماژەکردن بە بەرهەمهێنان و دابەشکردنی هەموو جۆرە پەیامەکان، و بۆ ئەو جیاوازییە لاسایکەرەوانەی کە ئاماژە دەدەن بەوەی ((هەواڵەکان)) شتێکن پەیوەستن بە زانیارییەوە، لەکاتێکدا ((رابواردن)) بەو جۆرە نییە، و جیاوازی لێڵە. ئەم جۆرە جیاوازانە ئەوە دەچەسپێنن، کە خەڵکی وردە وردە ئەو زانیاریانە کۆدەکەنەوە، کە ئاراستەی دارشتنی واتاو کارەکانیان بە سیفەتێکی سەرەکی لە هەواڵدا دەکا. لایەنی کەم دوو کۆت بۆ ئەمجۆرە شێوازەی بیرکردنەوە لە ئارادان: یەکەمینیان ئەو رێگایانە پشتگوێ دەخا، کە خەڵکی ناواخنی رابواردن بۆ تێگەیشتنی خۆیان و کارەکانیان، یان بۆ جیهانە گەورەکان کە تاقیکردنەوە راستەوخۆکانیان دەبەزێنێ بەکاردێنن، هەروەها بۆ ئاراستەکردنی کارەکانیان و کارلێکە ئاڵوگۆرەکانیان لەگەڵ ئەوانی دیکەدا. بۆ نموونە بەرتەسك کردنەوەی بیرۆکەی زانیاری لەسەر هەواڵ، ئاماژە بەوە دەدا، کە ئەوەی خەڵك لە رابواردن فێری دەبن هیچ ئەنجامێکی گرنگی نییە نە لەسەر ئەو واتایانەی دایدەرێژن یان بەپێی ئەوەی کاردەکەن، نە لەسەر ئاساییکردنەوە یان بۆ کۆمەڵگە.

دووەمینیان: بە دوورخستنەوەی رابواردن لە دونیای زانیارییەکان، ئێمە لە رۆڵی یاری لە ژیانی کەسیی و کۆمەڵایەتی کەمدەکەینەوە. سەرەرای حیکمەی دەروونی و مرۆیی دژ بەمە، ئەوا یاری بەشێوەیەکی گشتی، بەشێوەیەکی هەڵە سەودای لەگەڵدا دەکرێ وەك ئەوەی ئیدی بۆ پاڵنەرە مرۆییەکان گرنگ نەبێ. لەگەڵ ئەوەشدا، رابواردن دەبێتە کارێکی رشت لە زۆرێك لەلایەنە گرنگەکان، بۆ نموونە لە پەروەردەکردنی منداڵدا شتێکی رشتە (بۆ نموونە لە: وەدەستهێنانی زمان، و کامڵکردنی ناسنامەدا) و لە شێوەی سروت، و بەریکانێ، و ئەو ئاهەنگانەی رۆڵیان هەیە لە گونجانی کۆمەڵایەتیدا. لەبەر ئەم هۆیانە، ئێمە تێگەیشتنێکی فراوانتر بۆ زانیارییەکانی پەسند دەکەین، ئەوەی کە وادادەنرێ هەموو پەیامێك توانای کاریگەری هەیە لەسەر ئەو چۆنیەتییەی، کە خەڵکی پێی بیردەکەنەوە و هەستدەکەن هەڵسوکەوتی پێدەکەن.

**سروشتی خاوەن دوو ئاراستە بۆ پەیوەندییەکانی**
**پشت بەستن بە هۆکارەکانی راگەیاندن:**

هێزی سیستەمی هۆکارەکانی راگەیاندن لەدەست بەسەرداگرتنی سەرچاوەی دانسقەوە شاردراوەتەوە، کە تاکەکان، هەروەها کۆمەڵەکان و رێکخراوەکان و سیستەمی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەکانی بۆ وەدەستهێنانی ئامانجەکانیان پشتی پێ دەبەستن. پەیوەندی پاشکۆیی ئامانج لە سەرچاوەکان، بڕی گونجاو لە دەسەڵاتی هۆکارەکانی راگەیاندن لە هەر هەڵوێستێکی دیاریکراو دیاری دەکا، ئەو ئاڵوگۆڕکارە سەرەکییە لەوەی داخۆ ئەو پرسیارەی دەبێ ئاراستە بکرێ لەبارەی یەکەی کۆمەڵایەتی (گەورە) دەبێ یان یەکەی (بچووك).

ئەم پەیوەندییە پاشکۆییەش تەنیا یەك ئاراستەی نییە، کە هێزی یەکسانی ئەوە لەخۆ ناگرێ کە ئەوانی دیکە چۆن پشت بە سەرچاوەکانی راگەیاندن دەبەستن نەك تەنیا بۆ وەدەستهێنانی ئامانجەکانیان، بەڵکو بۆ چۆنیەتی پشت بەستنی سیستەمی هۆکارەکانی راگەیاندنیش بەو سەرچاوەیەی کە ئەوانی دیکە دەسەڵاتیان بەسەریدا هەیە. هەروەك سیستەمی هۆکارەکانی راگەیاندنیش ئامانجی هەن، بۆ گەیشتن بەو ئامانجانەش پێویستی بەوە هەیە بگاتە سەرچاوەی زیاتر لەوانەی لەژێر دەسەڵاتی خۆیدان. دەتوانرێ لە سیستەمی هۆکارەکانی راگەیاندن بگەین لەوەی کە پەیوەندی بە پاژە زۆرەکانییەوە هەیە لەناویشیاندا شێوە چاپکراوەکانی (وەك رۆژنامەکان) و ئەلکترۆنی (وەك تەلەفزیۆن). هەموو رێکخراوەکانی هۆکارەکانی راگەیاندن، ئەوانەی کە بەشداری لە هێنانە ئاراو گونجاندن و بڵاوکردنەوەی زانیاری دەکەن (وەکو: ئاژانسی ئەسۆشێتدپرێس، و رێکلامکارەکان، یان کۆمپانیا بەرهەمهێنەکان، و یەکێتییە پیشەسازییەکان، و سەندیکاکانی کرێکاران و هی دیکەش لەو رێکخراوانەی بەشدارن لە دروستکردنی بەرهەمی گەیاندنی جەماوەری دا.

بۆ روونکردنەوەی پەیوەندییەکانی پشت بەستن بە سیستەمی هۆکارەکانی راگەیاندنی خاوەن دوو ئاراستە، دەتوانین تەماشای پەیوەندییەکانی نێوان سیستەمی هۆکارەکانی راگەیاندن و سیستەمی سیاسی بکەین. بەشێوازێك وێنەیەکی نموونەیی بنیاتی ئەرکیمان بیردەخاتەوە، ئێمە ناو لەو پەیوەندییە دەنێین، کە لە نێوان هۆکارەکانی راگەیاندن و سیستەمی سیاسی (یان هەر سیستەمێکی دیکە) و سیستەمی کۆمەڵایەتیدا هەیە زاراوەی ((پەیوەندی پاشکۆیی بنیاتی) بەکاردێنین، چونکە پەیوەندی بە شێوازی دووبارە هەیە بۆ پشت پێ

بەستنی ئاڵوگۆڕ لە نێوان یەکە شیکارییە گەورەکان-و لەم حاڵەتەشدا سیستەمێکی کۆمەڵایەتییە.

هەندێك سەرچاوە، ئەوانەی لەژێر دەسەڵاتی سیستەمی سیاسیدان، پێویستن بۆ بەئەنجام گەیاندنی ئامانجەکانی هۆکارەکانی راگەیاندن. راستییەکەی ئامانجی یەکەمی سیستەمی هۆکارەکانی راگەیاندن لە کۆمەڵگا سەرمایەدارە نوێیەکاندا وەدەست خستنی قازانجە (بەشی ٥). ئامانجێکی گرنگی دیکەش هەیە، ئەویش شەرعییەت، یان ئامادەکردنی ئەوانی دیکەیە بۆ ئەوەی ئازادیی دیاریکراو ببەخشنە هۆکارەکانی راگەیاندن وەك ئازادیی رۆژنامەوانی، و هەبوونی ماف بۆ ئەوەی رۆڵی کۆمەڵایەتی دیاریکراو ئەنجامبدا، وەکو رۆڵی چاودێریکردن و رۆڵی لێپێچەرەوە. رۆڵەکانی دیکەش فراوانی ئابووری و جێگیری دەگرنەوە. سیستەمی سیاسی دەسەڵاتی هەیە لەسەر تەشریع و ئاژانسە رێکخراوەییەکان و سیاسەتی فەرمانە گومرگییەکان و ئەو بازرگانییەی کاریگەری لەسەر قازانجەکاندا هەیە، لەگەڵ فراوانکردنی هەل و جێگیری ئابووری بۆ سیستەمی هۆکارەکانی راگەیاندن، هەروەها دەسەڵاتی بەسەر سەرچاوەیەکی یاسایی پتر ورد دا هەیە. سیستەمی سیاسی یارمەتی سیستەمی هۆکارەکانی راگەیاندن دەدات و مافی دەستووری و یاسایی پێ دەبەخشێ بۆ کارکردن وەك سیستەمێکی زانیاری، بەو پێیەی هۆکارەکانی راگەیاندن پێویستن بۆ رێڕۆنی کۆمەڵگەی دیموکراتی، و بارنجی کردنی سیستەمی هۆکارەکانی راگەیاندن لە گەیشتنیان بەو سەرچاوانەی وای لێدەکەن جێگیری و بەرژەوەندییە ئابوورییە زۆر بەهێزەکان دووچاری مەترسی ببنەوە.

پەیوەندی پشت پێبەستنی بنیاتی لە نێوان هۆکارەکانی راگەیاندن و سیستەمێکی سیاسی لە بەشەکانی داهاتوودا بەفراوانی باسی لێ دەکرێ، لەکاتی گفتوگۆکردنی کۆششەکانی بنیاتی ئەرکی، و ململانێ، و نموونەی گەشەسەندوویی تیۆری پشت بەستن بە هۆکارەکانی راگەیاندن دا. بەشێوەیەکی گشتی وپێویستە بیری رێژەی لە هێزی سیستەمی هۆکارەکانی راگەیاندن رووەو هەر سیستەمێکی کۆمەڵایەتی دیکە، جا سیاسی بێ یان ئابووری یان ئایینی یان خێزانی یان فێرکاری یان سەربازی یان خۆشرابواردن یان یاسایی، بەرهەمی دابەشکردنی سەرچاوەکان و پشت بەستنی هەر سیستەمێکە بەوەی دیکە (واتە پەیوەندی پاشکۆیی بنیات). لە سوودەکانی تیۆری پشت بەستن بە سیستەمی هۆکارەکانی راگەیاندن، ئێمە دەتوانین هەمان ئەو چەمکە سەرەکییانە بەکاربێنینەوە، کە لەسەر پەیوەندییە گەورە

دابڕاوەکانی نێوان سیستەمی گەڕانی پەیوەندی پتر سنووردار (و بچووك)ی نێوان تاکەکان و هۆکارەکانی ڕاگەیاندنی جەماوەری جێبەجێ دەبێ.

| ناسینی خود- | ئاراستەکردنی کار | رابواردنی دابڕاو |
|---|---|---|
| نموونە: فێربوون لەبارەی خودی مرۆڤ و گەشەکردن وەکو کەس | نموونە: بڕیاریدەری، کەچی دەکڕی و جلەکانت چۆن لەبەر دەکەی یان چۆن رێکی لەشت دەپارێزی | نموونە: ئاسوودەبوون، کاتێك تەنیای یان شتێکت هەیە خۆت دەیکەی. |
| تێگەیشتنی کۆمەڵایەتی<br>نموونە: زانینی شت لەبارەی جیهان یان کۆمەڵەیەکی ناوچەیی و لێکدانەوەی | ئاراستەکردنی کارلێکی ئاڵوگۆڕ<br>نموونە: وەدەستهێنانی ئاماژە لەبارەی چۆنیەتی سەوداکردن لەگەڵ هەڵوێستی نوێ یان قورسدا. | رابواردنی کۆمەڵایەتی<br>نموونە: چوونە سینەما یان گوێگرتن لە مۆسیقا لەگەڵ خانەوادە یان هاوڕێیانی تاکییەکان |

**شێوە ١١-١ لێکۆڵینەوەی شێوازیی بۆ پەیوەندی پشت بەستن بە سیستەمی هۆکارە راگەیاندنە کەسییەکان**

پشت پێ بەستنی ئاڵوگۆڕ لە نێوان سیستەم و هۆکارەکانی راگەیاندنی تاکەکان دا، وەکو سیستەمە کۆمەڵایەتییەکان، پەیوەندی پشت بەستن بە هۆکارەکانی راگەیاندن بنیاتدەنێن، چونکە تاکەکان ئامانجەکانیان ئاراستە دەکرێ، و هەندێك لە ئامانجەکانیان پێویستی بە گەیشتن بە کۆمەڵێك سەرچاوە هەیە، کە هۆکارەکانی راگەیاندنی جەماوەری بەسەریدا زاڵن.

لە شێوەی ١١-١ دا زۆر جۆری پشت بەستنمان پێشکەش کرد، کە تاکەکان لەگەڵ هۆکارەکانی راگەیاندن بنیاتی دەنێن و ئێمەش وای دادەنێین مانەوە یان گەشەکردنی پاڵنەرە مرۆییە سەرەکییەکان، پاڵ بە تاکەکانەوە دەنێ بۆ وەدەستهێنانی سێ ئامانجی گرنگ: تێگەیشتن، ئاراستەکردن، رابواردن. لە راستیدا بوونەوەرە مرۆییەکان خۆیان ژینگە کۆمەڵایەتییەکەیان پێداون، ئەویش ئەو چەمکە بۆ ئاراستەکردنی کار و چالاکییە ئاڵوگۆڕەکان لەگەڵ ئەوانی دیکەدا بەکاردێنێ. رابواردنیش بەهەمان ئاست بە ئامانجێکی کرۆکی دادەنرێ،

چونکە لە هەموو کۆمەڵگاکاندا هەیە، و لەوەش زیاترە هۆکارێك بێ بۆ هەڵاتن یان خۆ ڕزگارکردن لە دوو دڵی، هەروەك هۆکارێکیشە بۆ ئەوەی ببینە ((کۆمەڵایەتی)) و ڕۆڵ و بنەماو دابەکان فێر ببین بە ڕابواردن لەگەڵ ئەوانی دیکەدا، سەرەڕای ئەوەی ئێمە لە خۆشڕابواردنمان دەبینە دەربڕی خۆمان و ڕۆشنبیریمان، هەروەك ئەمە لە سەماو وەرزش و سروت و ئاهەنگەکان دا ڕوودەدا.

بەدواداچوونی تێگەیشتنی کۆمەڵایەتی گەشە دەکا کاتێك  تاکەکان سەرچاوەی زانیاری هۆکارەکانی ڕاگەیاندن بەکاردێنن بۆ تێگەیشتن و لێکدانەوەی کەسی و ڕۆشنبیرییەکان و ڕووداوەکانی ڕابردوو و ئێستاو داهاتوو. مەعریفەی خودی ئاماژە بە پەیوەندی ئەو هۆکارە ڕاگەیاندنانەوە دەکا، کە توانای خودیی فراوان دەکا یان دەیپارێزێ بۆ لێکدانەوەی بیروباوەڕو ڕەوشت و چەمکە خودییەکان یان کەسایەتییەکانیان. هەردوو بابەتی واتاکان و مەعریفە بە بنچینە دادەنرێن و بۆ بەدواداچوونی تێگەیشتن، بەجۆرێك ئامانجی تێگەیشتن بۆ تاك لە حاڵەتی تێگەیشتندا دەبێتە دەرەکی، و لە حاڵەتی مەعریفە خودیشدا دەبێتە ناوخۆیی. لە بابەتە سەرەکییەکانی سروشتی ئاراستەکردنی ((بابەتەکانی ڕەوشت))ە. ئاراستەی کار ئاماژە بە ژمارەیەکی بەرچاو لە ڕێگە دەکا، کە تاکەکان پەیوەندی پشت بەستنی هۆکارەکانی ڕاگەیاندنی لێ ئەنجامدەدەن لە پێناو وەدەستهێنانی ئاراستەکردن بۆ هەڵسوکەوتی دیاریکراوی خۆیان. هەندێك لە هەڵسوکەوتە دونیاییەکان پەیوەندیان بە ڕووداوەکانی ژیانی ڕۆژانەوە هەیە، لە هەڵستان لە بەیانییەوە، و ئەنجامدانی کاری دیاریکراو بە درێژایی ڕۆژ، و نووستن لە شەودا. کاریگەری دیکەی پتر گرنگیش هەنە وەکو (هەڵبژاردن) سیاسی، و ئابووری (کڕینی خانوو) و ئایینی (پشتگیری کردن یان بەرهەڵستی کردنی چالاکی ئایینی لە دوورەوە) یان یاسایی ((چوونە دادگاکانی داواکارییە بچووکەکان) یان پزیشکی (ڕاهێنانە وەرزشییەکان یان واز لە جگەرەهێنان) یان ڕەوشتەکان بۆ چارەسەرکردنی ئاریشەی بەسەرهاتەکان (ڕووبەڕووبوونەوەی کارەساتێکی سروشتی).

بەدواداچوونی ئاراستەکردنی چالاکی ئاڵوگۆڕکار داوای ئەوە دەکا، کە ئامانجی کار کەسێك یان زیاتر بێ. کاتێکیش تاکەکان بەرەبەرە لە هۆکارەکانی ڕاگەیاندن زانیاریان دەستدەکەوێ لەبارەی جۆرەکانی ڕەوشت (ڕەوشتی دوانیش دەگرێتەوە)ی گونجاو یان چالاکەکان لە پەیوەندییە کەسییەکانیاندا (خۆشەویستان، ڕەسەنەکان، یان باران یان لەبارەی کارپێکەرانی پێگە کۆمەڵایەتی یان پیشەییەکان (خاوەنی کار، یان پیاوی جێبەجێکردنی یاسا، یان پیاوانی

ئایینی)، ئەوان کارلێکێکی ئاڵوگۆڕ دەردەخەن، کە لەسەر ئاراستە و ئەنجامی پشت بەستنیان بە هۆکارەکانی راگەیاندن دروستبووە. نموونەیەکی دیکەی ئاشنای لەمجۆرە هەیە لە بەدواداچووندا ئەویش کاتێك روودەدا، کە تاکەکان رووەو راگەیاندن دەچن بۆ وەدەستهێنانی ئاماژە لەبارەی چۆنیەتی هەڵسوکەوت کردن یان پەیوەندی کردن ((کۆمەڵە دەرەکییەکان)) وەکو کۆمەڵەی رەگەزی یان کۆمەلایەتی یان ئابووری یان خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان ئەوانەی لێزانییەکی زۆریان نییە. لە کۆتاییدا، هەمان جودایی لە نێوان رەوشتی کەسی لەبارەی رەوشتی کۆمەلایەتی لەگەڵ هەموو جۆرەکانی رابواردندا روودەدا، بەدواداچوونی رابواردنی دابڕاو بۆ کۆمەڵێك بار کە تێیدا ناواخنی راگەیاندن لە چێژی جوانی چێژ وەرگرتن، و چالاکبوون، یان تایبەتمەندییەکانی ئاسوودەبوون، خۆیان توخمی سەرنجڕاکێشن. لەوانەشە کەسی دیکە ئامادە بن، بەلأم بوونیان بۆ ئێمە لاوەکییە. بۆ نموونە، کاتێك مرۆڤ گوێ لە سەمفۆنیایەك دەگرێ یان تەماشای فیلمێك دەکا. بەپێچەوانەی ئەوەش، پەیوەندی بەدواداچوون لە رابواردنی کۆمەلایەتی لەسەر بنچینەی توانای هۆکارەکانی راگەیاندن دروست دەبێ تا ناواخنی واپێشکەشی هەست بە رابواردن بکا لە نێوان کەسەکاندا. لەم بارەشدا ناواخنەکان لاوەکی دەبن بۆ هاوڕێیان، یان بنەماڵە، یان خەڵکی دیکە لەوانەی بەیەکەوە کۆبوونەتەوە وەکو هاوبەشی بەشداربوو لە رەوشتی راگەیاندندا. بۆ نموونە، ئەو دوو کەسەی یەکتریان خۆشدەوێ رەنگە لە سەرەتادا بچنە سینەما، کە جۆری جوانیی هونەری لە فیلمەکەدا زۆر کەمترە لەوەی کە بەیەکەوە چوون.

لە راستییەکانی ژیانی ((کۆمەلایەتی))دا تێگەیشتن و ئاراستەکردن و گەمەکردن ناتوانرێ بە ئاسانی وەدەست بهێنرێن بەبێ گەیشتن بەسەرچاوەی ئەوانی دیکە، راگەیاندن لێرەدا یەکێکە لە سەرچاوە پتر کرۆکییەکان. لە بەشی ١دا بینیمان ئەوانەی دەسەلاتیان هەیە ئارەزوویانە دەست بەسەر دەروازەکانی گەیشتن بە سەرچاوە سەرەکییەکانی وەکو زمانی نووسراو و کتێبەکاندا بگرن، یان پێ گەیشتنیان کۆت بکەن، یان وا لەو سەرچاوانە بکەن، کە کەم بن و دواتریش نرخەکەیان بەرزدەبێتەوە. لە کۆمەڵگاکانی پێشوودا لە چاو کۆمەڵگاکانی ئێستادا، کە هیچ سیستەمێك نەبوو. بۆ هۆکارەکانی راگەیاندن، ئەوا سەرچاوە زانیارییە پڕ بایەخەکان و لە هەمانکاتیشدا دانسقە، عادەتەن لەژێر دەسەلاتی بالأدەستەکاندا بوو لە بواری سیاسی و سەربازی (دەسەلاتدارانی هۆز و پاشاکان-بۆ نموونە) لە بواری ئایینی/پزیشکی (ئەو کاهینەی نەخۆشەکان بەچاو و چارەسەر دەکا، لەگەڵ پزیشکی هۆز) یان رێکخستنی گۆزەی

شەراب. لە کۆمەڵگا نوێیەکانی دیکەدا، هۆکارەکانی راگەیاندن دەسەڵاتیان هەیە بەسەر هەندێك زانیاری دانسقە، ئەویش ئەو زانیاریانە دەگرێتەوە، کە تاکەکان داوای دەکەن بۆ وەدەستهێنانی تێگەیشتنە سەرەکییەکەیان و ئاراستەکانیان و ئامانجی یارییەکەیان. لەبەر ئەم هۆیە، ئێمە تا رادەیەك هۆکارەکانی راگەیاندن بە سیستەمێکی زانیاری دادەنێین، هەروەك ئێمە وای دادەنێین هێزی هۆکارەکانی راگەیاندن هەر چەندێك بێ لە کاریگەری لەسەر بیروباوەڕ و دەرککردنە هەستی و رەوشتی تاکەکان، ئەوا لە شیکردنەوەی کۆتاییدا، ئەنجامێك بۆ زاڵبوون بەسەر زانیاری کەم و پڕ بایەخ، وەکو بابەتێکی کرداری بۆ تاکەکان کارێکی زۆر زەحمەتتر دەبێ بۆ ئەوەی تێگەیشتنیان و ئاراستەکانیان ئامانجی رابواردنەکانیان بەبێ گەیشتن بە زانیاری هۆکارەکانی راگەیاندن وەدەستبهێنن.

لەگەڵ ئەوەشدا، پێویستە زێدەڕۆیی نەکەین لە گرنگی هۆکارە راگەیاندنە جەماوەرییەکان، چونکە بەڕاستی وەدەستهێنانی تێگەیشتن و ئاراستەکردن و ئامانجەکانی رابواردن زۆر ئاسانتر دەکا، بەڵام تاکە هۆکار نییە بۆ گەیشتن بەو ئامانجانە، لە کۆتاییدا تاکەکان پەیوەندی بە تۆڕە ناوخۆییەکان لە هاوڕێ و بنەماڵە، هەروەها بە سیستەمی پەروەردەیی و ئایینی و سیاسی و هی دیکەشەوە دەکەن، کە ئەوانیش یارمەتی خەڵکی دەدەن بۆ وەدەستهێنانی ئامانجەکانیان. تیۆری پشت بەستن بە هۆکارەکانی راگەیاندن بەشداری لە بیرۆکەی کۆمەڵگای جەماوەریدا ناکا بەوەی هۆکارەکانی راگەیاندن بەهێزن، چونکە تاکەکان دابڕاون بەبێ پێکبەستییەکی کۆمەڵایەتی. راستییەکەی ئەوەیە ئەو وای بۆ دەچێ، کە هێزی هۆکارەکانی راگەیاندن باڵادەست بوون بەسەر سەرچاوەی زانیاری دیارکرا و پێکدێ کە تاکەکان ناچاردەکا بۆ گەیشتن بە ئامانجە کەسییەکانیان. سەرەڕای ئەوەش، هەرچەندە کۆمەڵگە ئاڵۆزتربێ، فراوانی بواری ئامانجە کەسییەکان، ئەوانەی کە داوای گەیشتن بە سەرچاوەی زانیاری هۆکارەکانی راگەیاندن دەکەن، زیاتر دەبێ.

لێکۆڵینەوە شێوازییەکەی لە شێوەی ١١-١دا پێشکەشکرا، ئامانجی راکێشانی مەرجەکانە رووەو بواری پەیوەندی سەرەکی بۆ ئەو پشت پێ بەستنەی تاك بە تەنیا یان بە کۆمەڵ لە نێوان جەماوەردا بنیاتی دەنێ، هەروەك پێویستیشە بۆ پراکتیزەکردن بشێ لەسەر دەستە کۆمەڵایەتییەکانی تاکەکان. (بۆ نموونە) ژن و پیاو دەتوانن هەوڵبدەن بۆ گەیشتن بە جۆری جیاواز لە ئامانجەکان لە رێی پەیوەندییان بە هۆکارەکانی راگەیاندنەوە، ئەو کەسانەی کەمێك بە تەمەنیشن دەتوانن زیاتر پشت بەرابواردنی دابڕاو ببەستن لەوەی کە پشت بە

رابواردنی کۆمەڵایەتی ببەستن، ئەوەی کە ڕەنگە کاریگەری هەبێ لەسەر پەیوەندی کەسەکان، ئەوانەی کە لە تەمەنی خۆشەویستیدان لەگەڵ هۆکارەکانی راگەیاندندا. هەروەها دەتوانین پێشبینی دۆزینەوەی جۆرێك لەو جیاوازییە تاکیە بکەین، ئەوەی کە کاری دەروونناسان و هەندێك لەو تاکانەیە، کە بەشێوەیەکی سەرەتایی بۆ هۆکارەکانی راگەیاندن دەگەڕێنەوە، ئەمەش لە پێناو رابواردن یان تێگەیشتن یان لە پێناو ئاراستەکردنە. هەرچۆنێك بێ، ئێمە دەتوانین هەمان لێکۆڵینەوەی شێوازی و هەمان چەمکی پشت بەستن بە هۆکارەکانی راگەیاندن بەکاربێنین بۆ وەسفکردن و لێکدانەوەی تەواوی جەماوەر و دەستە کۆمەڵایەتییەکان و تاکەکان.

هەروەها دەتوانین ئەم لێکۆڵینەوە شێوازییە بەکاربێنین بۆ وەسفکردنی بەدواداچوونی پەیوەندی تاکەکان بە پێناوێکی (وسیط) دیاریکراو. بۆ نموونە جەماوەر بە توندی پشت بە کتێب و گۆڤارەکان دەبەستێ بۆ تێگەیشتنی کۆمەڵایەتی (وەکو چیرۆکە راستەقینەکان) یان بۆ ناسینی خود (کتێبەکانی دەروونناسی میللی). ڕەنگە بشگەنە پشت بەستنی زیاتر بە رادیۆ بۆچوونە سەرکار (بڵاوکراوەکانی هاتوچۆ و ڕەوشی ئاووهەوا) یان بۆ چالاکی ناوخۆیی (نمایشی نوێ لەبارەی خۆشەویستی و سێکس، هەرچەندە ئێمە پێشبینی ئەوە ناکەین، کە تاکە جۆرێك لە هۆکارە جەماوەرییەکان ببێتە هۆی هاتنە ئارای تاکە جۆرێك لە پەیوەندی پشت پێ بەستن. لە راستیدا، پۆل روکیتچ، و روکیتچ، رگروب(٢)، ئەوەیان دۆزییەوە، کە تەلەفزیۆن بەشدارە لە هەموو ئەو جۆرانەی پشت پێ بەستن، کە لە شێوەی ١١-١دا هاتوون و کارێکی سەرسوڕهێنەریش نەبوو ئەوەیان دۆزییەوە، کە مەعریفەی خود شتێکی دیکەی زۆر گرنگە. ئەو ئەنجامانە ڕێنماییمان دەکەن بۆ کارێکی گرنگ لەبارەی پەیوەندی جەماوەری تاکەکان لەگەڵ تەلەفزیۆندا، کەسەکان هەوڵدەدەن لە کاتی بەکارهێنانی تەلەفزیۆندا نەك تەنیا رابواردن، بەڵکو شتێکی زیاتر وەدەستبێنن. هۆکارەکانی راگەیاندنی تەلەفزیۆنیش سەرچاوەی زانیاری وایان هەیە، کە تاکەکان وای دەبینن پێویستن بۆ تێگەیشتن و ئاراستەکردن و ئامانجەکانی رابواردنیش.

لەگەڵ بەکارهێنانی لێکۆڵینەوەی شێوازی بۆ پشت پێ بەستن لە وەسفکردنی پەیوەندی تاکەکان بە سیستەمی هۆکارەکانی راگەیاندن بەشێوەیەکی گشتی، یان لەگەڵ پێناوێکی دیاریکراو، ئێمە دەتوانین لێکۆڵینەوەی شێوازی بۆ وەسفکردنی پەیوەندی پشت پێبەستنیش بەکاربێنین کە لەگەڵ بەرهەمهێنراوە راگەیاندنە دیاریکراوەکانی وەك جۆرێك لە بەرنامەی

تەلەفزیۆنی، یان هەتا بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی تایبەت، یان فیلمێك یان گۆڤارێکدا هەیەتی. بۆ نموونە، توێژەران هەوڵی دیاریکردنی جۆرەکانی پشت پێ بەستن دەدەن، ئەوەی کە بینەرانی بەرنامەی کڕیارانی ماڵ[٣] بنیاتی دەنێن، بە جۆرێك دۆزینەوەی پەیوەندی پشت پێ بەستنی لەمجۆرە رەنگە کەفیلی دەرککردنی چۆنیەتی هێنانە ناوەوەی شێوەی نوێ بێ لە ژیانی تاکەکان.

خەڵکی سیستەمی تایبەت بۆ هۆکارەکانی راگەیاندنیان دادەنێن، خەڵکی پێکهاتە دیاریکراوەکانیان لە نێوان جێگرەوە جۆراوجۆرەکان، کە بۆیان رەخساون-رۆژنامەکان، رادیۆ، و تەلەفزیۆن، و فیلمە ڤیدیۆییەکان فیلمەکانی سینەما، و ئەلبوومەکان و ئامێری ستریۆ، و کتێب و گۆڤارەکان، و بڵاوکراوە هەواڵییە تایبەتەکان، و بڵاوکراوەکان و شتی لەمجۆرە کۆدەکەنەوە، و پەیوەندی تایبەتی لەگەڵ ئەم هۆکارە راگەیاندنانە بنیاتدەنێن[٤]. خەڵك تەنیا لە پێکهاتەی هۆکارەکانی راگەیاندن، ئەوەی کە سیستەمی هۆکارە راگەیاندنەکانیان پێکدێنی جیاواز نابن، بەڵکو لە سروشتی پەیوەندی ئەو پشت پێ بەستنەش جیاواز دەبن، کە لەگەڵ هەر پێناوێك دروستی دەکەن. بۆ نموونە، رادیۆ، رەنگە بۆ هەندێك کەس پاژێك بێ بۆ رێکخستنی هۆکارەکانی راگەیاندن و بۆ هەندێکی دیکەش نا، لەوانەشە بەدواداچوونی تێگەیشتنی کۆمەڵایەتی بەشێوەیەکی سەرەکی بۆ هەندەکان بەکاربێ و هەندێکی دیکەش پشت بە رابواردن ببەستن. لێرەدا گۆڕانکاری لە هەڵوێستەکاندا هەیە و پێویستیشە پێشبینی بکرێن، ئەو سیستەمە راگەیاندنەی بۆ خۆمان پێکی دەهێنین دەگۆڕێ وەکو گۆڕانی ئەو هەڵوێستەی خۆمانی تێدا دەبینینەوە. بۆ نموونە لە کاتی یەکێك لە بەسەرهاتەکان، جۆرە سیستەمێکی هۆکارەکانی راگەیاندن پێکدێنین، کە خزمەتی ئامانجە کەسیەکان دەکا بەشێوەیەکی چاکتر و لە کاتی خۆشیدا بایەخی زیاترە. کاتێکیش بەسەرهاتەکە تەواو دەبێ، ئەوا دەگەڕێینەوە بۆ سیستەمی هۆکارەکانی راگەیاندنی رۆژانەمان، و بنیاتی پەیوەندی پشت بەستنمان بە هۆکارەکانی راگەیاندن دادەڕێژینەوە بەجۆرێك ئەو پەیوەندییانە گەیشتن بە ئامانجە رۆژانەییەکانمان بۆ برەخسێنن.

واپێویستە زێدەڕۆیی لە ئازادی تاکدا نەکەین لە بنیاتنانی سیستەمی هۆکارەکانی راگەیاندن، چونکە کۆت هەن لەسەر ئەو پێشنیازانەی دەکرێ دابندرێن، و کۆتە هاوبەشەکانیش باری هاوشێوەیی لە نێوان سیستەمەکانی هۆکارە راگەیاندنە تاکییەکان لێکدەداتەوە، هەروەك جیاوازییە تەکنەلۆژی و رێکخراوەییەکان لە نێوان هۆکارەکانی

راگەیاندندا وا لە هەندێك هۆکاری راگەیاندن دەکەن چاکتر بگونجێن لە پێناو رابواردن یان تێگەیشتن یان ئاراستەکردن. بۆ نموونە، سروشتی پیشەسازی فیلمە سینەماییەکان و بڵاوکردنەوەی کتێب وایە کە فیلم و کتێبەکان کەمتر بە تەلەفزیۆن و رادیۆ لەگەڵ سەردەمدا دەڕۆن، ئەم جیاوازییەش کۆتی گرنگ دەخاتە سەر سوودی فیلم و کتێبەکان بۆ وەدەستهێنانی ئامانجە رۆژانەییەکان، یان ئامانجی بەسەرهاتەکان، کە داوای زانیاری دەم و دەست دەکا. کۆتێکی دیکەی گرنگ هەیە سنوورێکی گشتی دابڕ بۆ سیستەمی هۆکارە راگەیاندنە تاکییەکان دادەنێ، ئەویش ئاراستەی هۆکارەکانی راگەیاندنە بۆ پسپۆربوون لە ناواخنەکاندا، ئەوە پسپۆریەکانن، کە کار بە جۆری ئەو ئامانجانە دەکەن، کە رەنگە خزمەتی بکەن. پێکهاتەی تایبەتی مۆسیقا و هەواڵەکان، و راپۆرتی هاتوچۆ و ئاووهەوا، بەرنامەی قسەکردن، شیمانەی ئەوەی لێدەکرێ رادیۆ پێشنیاز بکا، لە کاتێکدا رێکلامی کەرەستەکانی سەوزە و میوە فرۆشی، و ئۆتۆمبێل، و جلوبەرگ، و ئامێرەکانی ناوماڵ، ئەگەر لەگەڵ هەواڵەکاندا کۆبوونەوە ئەوا شیمانەی ئەوەی لێدەکرێ پێشنیازی ((رۆژنامەکان)) بکەن. هەروەها هۆکارەکانی راگەیاندن بەپێی ئەو ناواخنەی بەرهەمی دەهێنن لە یەك جیاوازن، تۆمارکردنی ڤیدۆکاسێتەکان تا رادەیەکی زۆر لە ناواخنەکاندا پسپۆریان هەیە، لە کاتێکدا تەلەفزیۆن، کتێبەکان یەکجار زۆر بە هەمەجۆر دادەنرێن.

بەم شێوەیە تاکەکان جیاواز دەبن لە سیستەمی ئەو هۆکارە راگەیاندنانەی بەکاریدێنن، چونکە ئامانج و بەرژەوەندی جیاوازیان هەیە، بەڵام تایبەتمەندییە رێکخراوەییەکان و تەکنەلۆژیا و ناواخنەکان لە هۆکارەکانی راگەیاندندا جیاوازن و لە هەمانکاتدا هەڵبژاردنی تاك کۆت دەکەن. ئەو کۆتانەش دەبنە هۆی هاوشێوەیی لە سیستەمی هۆکارەکانی راگەیاندنیان دا، سەرەڕای ئەوەش، لە کاتێکدا کە دەکرێ تاکەکان لە ئامانجە تایبەتییەکانیاندا جیاوازبن، ئەوا مەیلی ئەوەش دەکەن هاوبەش بن لە هەندێك ئامانجی تایبەت. پاشان گومان لە حەقیقەتی بارە لە یەکچووەکان لە نێوان سیستەمی هۆکارەکانی راگەیاندنیاندا دەکەن، بۆ نموونە هەندێك کەس ((خویان بە هەواڵەکان گرتووە)) ئەوان تەنیا دەیانەوێ ئەوە بزانن، کە هەموو کاتەکان چ روودەدا، لە کاتێکدا زۆرینە قەناعەت بەوە دەکەن کاتێك لە خەوهەڵستان یان لە کارگەڕانەوە هەواڵەکان بزانن. لەگەڵ ئەوەشدا، هەردوو جۆری تاکەکان بەشدارن لە زانینی ئامانجی ژینگەکەیان. دواتر، لەسەریان پێویستە یەکێك لە کۆمەڵە دیاریکراوەکەی هۆکارەکانی راگەیاندنی جەماوەری-رۆژنامەکان، تەلەفزیۆن، یان

رادیۆ- بە بەراورد کردن لەگەڵ فیلمی سینەمایی یان تۆمارکردنی ڤیدیۆ، و شریت، یان ئامێری ستریۆ، بەکاربێنن. راستییەکەی ٧٠٪ خەڵکی ئەمەریکا دەڵێن ئێمە زۆرینەی هەواڵە نەتەوەییەکانمان لە تەلەفزیۆن وەردەگرین، ئەوەش ئاماژەیە بۆ هاوشێوەیەکی گەورە لایەنی کەم لەم تایبەتییەدا لەو سیستەمەی کەسەکان لە هۆکارەکانی راگەیاندندا پەسندی دەکەن.

نموونە سەرەکییەکان و تیۆری پشت پێ بەستنی سیستەمی هۆکارەکانی راگەیاندن وەك پێشتر تێبینی کرا، ژمارەیەك نموونەی سەرەکی هەن بۆ دانانی چەمك لەبارەی رەوشتی مرۆیی و پەیوەندیی کۆمەڵایەتی کە لە (بەشی ١)دا روونکرانەوە، بناغەیەکی گرنگی پێشکەشی تیۆری پشت بەستن بە سیستەمی هۆکارەکانی راگەیاندن کرد. تەوەرەکانی داهاتوو لەبارەی هەندێك لەو رێگایانەی، کە بایەخی سەرەکی بۆ نموونە دەرککییەکان و کارلێکی ئاڵوگۆڕی هێمایی و ململانێ پێشکەشکردووە تەرخانکراوە. راستییەکەی نموونەی بنیاتی ئەرکی کەفیلی لێکدانەوە شێوازییەکانە لە پشت بەستنی ئاڵوگۆڕ لە نێوان تاکەکان و هۆکارەکانی راگەیاندن و کۆمەڵگە.

## هەوڵەکانی نموونەی دەرککردن:

ئێمە بایەخ بە زیاتر لە تەنیا ئەو وەسفە دەدەین، کە تاکەکان پشتی پێ دەبەستن، ئێمە گرنگیش بە روونکردنەوەی ئەوە دەدەین، کە چۆن پەیوەندییەکانی پشت پێ بەستن یارمەتیمان دەدەن لە لێکدانەوەی کاریگەرییەکانی بەرکەوتن بە یارمەتی هۆکارەکانی راگەیاندنی تایبەت بە بیروباوەڕ و رەوشتی تاك، ئەمەش بایەخێکی ناوەندییە بۆ ئەوانەی رێبازێکی دەرککردن بۆ لێکدانەوەی کاریگەری هۆکارەکانی گەیاندنی جەماوەری لەسەر جەماوەرەکەی لە تیۆری پشت بەستن بە هۆکارەکانی راگەیاندن دادەنێن، کلیلەکە دەگەڕێندرێتەوە بۆ لێکدانەوەی ئەوەی بۆچی تاکەکان خۆیان دەدەنەبەر هۆکارەکانی راگەیاندن، و کاریگەری ئەو خۆدانەبەرە لەسەر بیروباوەڕ و رەوشتیان چۆنە، لێکدانەوەیە بۆ ئەو رێگایانە، کە خەڵکی هۆکارەکانی راگەیاندن بەکاردەهێنن بۆ وەدەستهێنانی ئامانجە کەسییەکانیان.

ئەو کەسانەی پەیوەندی پشت پێ بەستنیان لەسەر تەلەفزیۆن داناوە، بۆ وەدەستهێنانی تێگەیشتنی کۆمەڵایەتی بۆ نموونە، لەسەریان پێویستە بەرنامەی جیاوازی تەلەفزیۆنی هەڵبژێرن، ئەوەش بە جیاوازی لەگەڵ ئەو کەسانەی تەنیا بۆ رابواردن پشت بە تەلەفزیۆن دەبەستن. ئەگەرهاتوو دوو کەس هەبوون تەماشای هەمان بەرنامەی تەلەفزیۆنیان دەکرد،

یەکەمیان بۆ ئەوەی ئامانجەکانی تێگەیشتن بە شێوەیەکی سەرەکی تێبگاو، دووەمیشیان وەدەستهێنانی ئامانجی رابواردن، ئەوان لەسەریان پێویستە لە بەرنامەکەدا شتی جیاواز وەدەستبێنن و لە هەمانکاتیشدا بە رێگەی جیاوازەوە پێی کاریگەربن. لە لێکۆڵینەوەیان بۆ کاریگەرییەکانی بەرکەوتنی تەلەفزیۆنی کاریگەری لەسەر بیروباوەڕ و سیاسی و رەوشتییەکان دەکاتە ئامانج، وۆل رۆکیتچ و هاوڕێکانی[٥] بەڵگەیەکیان پێشکەشکردووە پشتەوانی لەو رێگەیەی بیرکردنەوە دەکا لە بەرکەوتنی دەستنیشانکردن و کاریگەری هۆکارەکانی راگەیاندن، کە دیتیان بە راستی تاکەکان بەرکەوتنی خۆیان لەسەر بنەمای پەیوەندی پشت بەستنی رەخساویان لەسەر تەلەفزیۆن هەڵدەبژێرن و ئەو بینەرانەی جۆری دیاریکراویان لە پەیوەندی پشت پێ بەستراو هەیە، بەشێوەیەك کاریگەردەبوون جیاواز بوو لەوانەی ئەو جۆرانەیان نەبوو.

تیۆری پشت بەستن بە سیستەمی هۆکارەکانی راگەیاندن وای بۆدەچێ کرداری دەروونی دەرکپێکردن ئەو شیمانانە زیاتر دەکا، کە مرۆڤ بە ناواخنی و دیاریکراوی هۆکارەکانی راگەیاندن کاریگەربێ، وەکو بەرنامە یان چیرۆك، یان جۆرێك لە بەرنامە یان چیرۆك. کردارەکە بەشێوەی هێلکاری لە شێوە ١١-٢ روونکراوەتە، یان بە تاکێك دەستپێدەکا بەوردی هۆکارەکانی راگەیاندن دەپشکنێ بۆ ئەوەی بە چالاکییەوە بڕیار لەسەر ئەوە بدا، کە دەیەوێ گوێی لێ بگرێ یان بیبینێ یان بیخوێنێتەوە، یان بە کەسێك بە شێوەیەکی روکاری پەیوەندی بە ناواخنی هۆکارەکانی راگەیاندنەوە دەکا.

لە هەنگاوی یەکەمدا، ئەوانەی ئەوانە هەڵدەبژێرن چالاکن، خۆیان دەدەنەبەر ناواخنی هۆکارەکانی راگەیاندن ئەوەی کە وایان لێدەکا پێشبینی ئەوە بکەن، کە یارمەتیان بدا بۆ ئامانجێك یان زیاتر لە تێگەیشتن، یان ئاراستەکردن یان رابواردن، پێشبینییەکانیشیان لەسەر ئەمانە دەبن[١]: تاقیکردنەوەکانی پێشوویان[٢] قسەکردن لەگەڵ هاوڕێ گیانییەکان (هاوڕێ یان ئەوانەی بەیەکەوە کاردەکەن) یان[٣] ئاماژە، کە لە سەرچاوەکانی هۆکارەکانی راگەیاندن (رێکلامەکان یان گۆڤارە ئەدەبییەکان) دەستیان دەکەوێ. چاودێرە رووکارییەکانی ناواخنی هۆکارەکانی راگەیاندن بە رێککەوت و بەبێ هیچ پێشبینییەکی دانراوی لە پێشینە دەبینین (وەکو: چوونە ناو شوێنێکی شوشتنی ئامێری کە ئامێرێکی تەلەفزیۆنی پێکراوی تێدایە) رەنگە هەندێك لەکاتی بەرکەوتن ئەوە بدۆزنەوە، کە پەیوەندی پشت پێ بەستن یان زیاتر رەنگە جووڵابێ و بەردەوام ئامادەیان دەکا بۆ بەرکەوتن. هەندێکی دیکە هەن جووڵانی بەدواداچوون تاقی ناکەنەوە، رەنگیشە کۆتایی بە بەرکەوتنەکە بهێنن کاتێك هەڵوێستەکە رێ بەمەدەدا.

لەو بارانەی کە ناواخنەکان پەیوەست نابن بە کۆششی تاکەکان، ئەوا بەردەوامی بەرکەوتن دەگەڕێتەوە بۆ ئەو داواکارییانەی پەیوەندییان بە هەڵوێستەکەوە هەیە، وەکو نەریتی ئەدەب، یان دەستەوەستان بوون لە هەڵاتن لە شوێنی بەرکەوتنەکە، هەروەك ئەمە لە یانە گشتییەکاندا هەیە، کە شاشەیەکی ڤیدیۆیی یان رادیۆی تێدایە و دەنگی بڵاودەکاتەوە لە باخچەیەکی گشتی یان لە میترۆ یان لە کەنار دەریادا. زۆرینەی خەڵك بە چاپووکی ئەوە هەڵدەبژێرن، کە دەیانەوێ زۆربەی کات ببیبینن، بەڵام هەندێکجار چاودێری رووکاریی هۆکارەکانی راگەیاندنن.

لە هەنگاوی دووەمدا، لایەنی دیکە لە کرداری پشت پێ بەستن بایەخ وەردەگرن، چونکە هەموو ئەو کەسانەی بە رێگەیەکی هەڵبژێردراو خۆیان دەدەنە بەر ناواخنێکی دیاریکراوی هۆکارەکانی راگەیاندن، هەموویان بەهەمان رێژەی پشت بەو کارە نابەستن، هەروەك هەموو ئەو کەسانەی هەوڵی بایەخەکانیان لە ماوەی ئەو کاتەی نمایشەکە دەکرێ ناجوولێن، و گۆڕانەکانیش بە توندی پشت بەستنی تاکەکانەوە دەبێ بە هۆکارەکانی راگەیاندنەوە لە رووداوە جیاوازەکان لە: (١) ئامانجە کەسییەکانیان (٢) ناوەندە کەسیی و کۆمەڵایەتییەکانیان (٣) ئەو پێشبینیانەی پەیوەندییان بە سوودی شیمانە بۆ کراوی ناواخنی دیاریکراوی هۆکارەکانی راگەیاندنەوە هەیە ئەوانەی بۆ توێژینەوە خراونەتەڕوو (٤) ئاسانی گەیشتن بە ناواخنەکانە. گۆڕان لە ئامانجی تاکەکان بەزۆری رەنگدانەوەی گۆڕان لە ژینگە دەبێ (٦) لەکاتێکدا ئەو ژینگانە بە لێڵی یان بۆ نموونە ترساندن تەندراون، پشت بەستنی تاکەکان بە سیستەمی هۆکارەکانی راگەیاندن پێویستە بە تەواوی بەهێزبێ، بە زۆری گەیشتن بە سەرچاوەی زانیاری هۆکارەکانی راگەیاندن گرنگن بۆ چارەسەرکردنی لێڵییەکەی و کەمکردنەوەی چاو سوورکردنەوە راستەقینە و شیمانە بۆ کراوەکەی.

نموونەیەکی دیکە هەیە لەبارەی: چۆن گۆڕانکارەکان کار لە ژینگەی کەسی و کۆمەڵایەتی کەسەکان دەکەن لەسەر هێزی بایەخپێدانی بەدواداچوون بە کێشە تەندروستییە ترسناکەکان. ئەو کەسانەی خۆیان یان خۆشەویستانیان تووشی نەخۆشییەکی ترسناك بوونە، بە زۆری پەیوەندی پشت بەستن بە هێز لەگەڵ هۆکارەکانی راگەیاندندا بنیات دەنێن، لە پێناو ئەوەی بگەنە زانیاری گونجاو کە رەنگە یارمەتیان بدا لە گەیشتنیان بە چاکترین خزمەتی پزیشکی و یارمەتیدەر، بۆ نموونە ئەوان پێویستە بە پیر بانگەوازە تەندروستییە گونجاوەکاندا بچن کە لە


بەرنامەکانی تەندروستی، و نواندن، و ستوونی هەواڵی تەندروستی و شتی لەمجۆرە پێشکەش دەکرێن.

بێگومان دەبێ پێشبینی کەسەکان لەبارەی سوودی نمایشێکی دیاریکراو جیاوازبێ: چیرۆك یان جۆرێکی دیکە لە ناواخنی هۆکارەکانی راگەیاندن، ئەو کەسەی بە چالاکییەوە هەڵدەبژێرێ، روونە کە پێشبینی بەرزتری هەیە لە چاودێرێکی رووکاری، هەروەها چالاکەکانیش لە هەڵبژاردن بەپێی واقیعەکە جیاواز دەبن: ئایا تاقیکردنەوەکانی پێشوویان لەگەڵ هۆکارەکانی راگەیاندندا بۆوەتە هۆی ئەوەی ئامانجەکانیان وەدەستی بهێنرێن، رەنگە ئەوانی دیکە تیلە چاو لە هاورێکانیان یان لە رێکلامەکانی هۆکارەکانی راگەیاندن وەربگرن، کە کار لە پێشبینییەکەیان دەکا. بۆ خۆی، هەرچەندە پێشبینی کەسەکان بۆ وەرگرتنی زانیاری بە سوود زیاتر بێ، هێزی پشت بەستیان زیاتر دەبێ-مادام بێ ئومێد نەبوون. لە کۆتاییدا، هەندێك لەو هۆکارانەی راگەیاندن کە بەشێوەیەکی فراوان بۆمان رەخساون بەشێوەیەکی یەکسان بۆ هەمووان نەرەخساون، ئەمەش هۆکارە راگەیاندنە نرخ گرانەکان دەگرێتەوە، ئەوەی کە رەنگە توانای دەست پێ گەیشتنی سنووردار بێ، وەکو ئەمانەی تەنیا لە تەلەفزیۆنە کۆدکراوەکان پیشان دەدەرێن، یان لە هەموو وڵات ناگوازرێنەوە.

لەوانەیە سەرچاوەی گۆڕان لە هێزی پشت پێ بەستن ئەوەبێ کە ئێمە دەتوانین وای دابنێین کە هەرچەندە هێزی پشت بەستن بە هۆکارەکانی راگەیاندن پەیوەندی بە بابەتێکی گەورەترەوە هەبێ نمرەکە گەورەتر دەبێ لە: (١) ورووژاندنی دەرکی (سەرنجڕاکێشانی خەڵکی و واهێشتنەوە). (٢) ورووژاندنی کاریگەر (ورووژاندنی هەست-سۆزیان- تەماشای شێوەی ١١-٢ بکە. بۆ نموونە، لەو لێکۆڵینەوەیەی کە پۆل روکیتچ، و روکیتچ، و گردب ئەنجامیانداوە، ئەو بینەرانەی کە خاوەنی پلەی پشت پێ بەستنی بەرزن، کە لە ماوەی بینینی بەرنامە تەلەفزیۆنییەکەدا زۆر ئاگادار بوونە، و ئەوان بەرنامە و ئەو کەسانەی کە بەشدارییان لەکاری بانگهێشتەکە کردووە خۆشیان ویستووە. کاتێك پشت بەستنی کەسەکان بە بەرنامەی تەلەفزیۆنی دادەتەپێ یان نامێنی، ئەوا ئێمە پێشبینی ئەوە دەکەین بیانبینن قسە دەکەن یان شت دەکەن لە کاتی ئیشکردنی تەلەفزیۆندا. پاشان، شیمانە بۆ نەکراوە هەستیان بەهێز بێ بەرامبەر بەرنامەکە (بە ئەرێنی و نەرێنی).

درێژخایەنی هۆکارەکانی راگەیاندن لەسەر رەوشتە (وەکو ئەو لێکۆڵینەوەیەی لە ((هەڵوێستی سروشتی کەوتنەبەر هۆکارەکانی راگەیاندن))[٩]ە، نەك لەکاردا، ئەنجامدەدرێ).

سەرەڕای ئەوە، لە تاقیکردنەوەی تاقیکاری گشتی گرنگی تیۆری پشت بەستن بە هۆکارەکانی راگەیاندن، پۆل روکیچ و هاوڕێکانی توانیان ئەوە دەربخەن، کە پشت پێ بەستنی بەهێز بە هۆکارەکانی راگەیاندن شیمانەی هەریەك لە کاریگەری دەرەکی و رەوشتی درێژخایەن زیاتر کردووە. توێژینەوەش کراون بۆ ئەوەی پارێزگاری لە ((هەڵوێستی سروشتی




**شێوەی ١١-٢ کرداری کاریگەریی ناواخنی ئەو هۆکارە راگەیاندنانەی لەسەر تاکەکان دیاری کراون**

له هەنگاوی سێیەمدا، بەشداریکردن بە چەمکێکی بنەڕەتی دادەندرێ. ئەو سیاسییەی دەڵێ: ((یان خۆشتان بویێم یان رکتان لێم بێ، بەڵام پشت گوێم مەخەن)) لەبارەی گرنگی بەشداریکردنی جەماوەر قسە دەکا. بەشداریکردن لە چەمکی ئێستای کرداری کاریگەرییەکان، ئاماژە بە شتێکی زیاتر لە وروژاندن دەکا... ئەو ئاماژە بە بەشداریکردنی چالاك دەکا لە گونجاندنی زانیاری دا. بیردۆزەکەمان ئەمەیە ئەو کەسانەی لە رووی دەرکیی یان هەست و سۆزەوە وروژاون دوای بەرکەوتن بەشداری لە جۆری گونجاندنی وردی زانیارییەکان دەکەن. توێژینەوەکان ئاماژە (توحی) بەوە دەدەن، کە بەشداریکردنی بەهێز وادانانێکی گرنگە بەتایبەتی لە هەڵمەتی هۆکارەکانی راگەیاندن بۆ تەندروستی گشتی سەرکەوتوو ئەوەی کەوا لە جەماوەر دەکا بیروباوەڕی یان رەوشتی بگۆڕێ، وەکو واز لە جگەرەکێشان هێنان، یان دەستکردن بە راهێنانی وەرزشی، یان ئەنجامدانی کرداری پشکنینی پزیشکی[٧].

هەنگاوی چوارەم و کۆتایی لە کرداری کاریگەرییەکانی سیستەمی هۆکارەکانی راگەیاندن، بێگومان دەبێ ئێستا روون بووبێتەوە. ئەو تاکانەی بەشێوەیەکی چڕ بەشداری لە گونجاندنی زانیاری دەکەن زیاتر شیمانەیان لێ دەکرێ کاریگەر بن بە کەوتنەبەر ناواخنی هۆکارەکانی راگەیاندن. زۆرینەی توێژینەوەکانی کاریگەری هۆکارەکانی راگەیاندن پەیوەستن بە کاریگەری دەرککردن، یان کارتێکردن لە دەرککردنی هەستی، و هەڵوێست، و مەعریفە یان بەها. هەرچی کاریگەرییە سۆزدارییەکانی وەکو هەستی ترس یان بەختەوەری یان هەستکردن یان رك لێ بوونەوە، ئەوا بایەخێکی زۆر کەمتریان پێ دەدرێ[٨]. راستییەکەی ئاسان نییە بزانین چۆن دەتوانین رەهەندە دەرکی و سۆز دارییەکان لە یەکدی جیابکەینەوە، بۆ نموونە زۆرینەی گۆڕان هەڵوێستەکان شتێك یان هەڵوێستێك لە خۆشوشتن یان رك لێبوونەوە لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرێ. پێکبەستی نێوان رەهەندەکانی کاریگەری دەرکی و رەوشتی زۆر روون نییە. ئاراستەیەك هەبوو بۆ دەست بەردان لە هەوڵدانی روونکردنەوەی کاریگەری هۆکارەکانی راگەیاندن لەسەر رەوشت، ئەمەش بەرێژەیەکی زۆر دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەو هەولانەی بۆ رەخساندنی ئەوە درابوون، کە گۆڕانی هەڵوێست گۆڕان لە رەوشت بەرهەم دێنێ بێ ئومێدکەر بوو. هۆیەکی دیکەش هەیە، ئەویش دیزاینی بەهێز و داواکراو بۆ لێکۆڵینەوەی داواکراو بۆ دەرخستنی کاریگەری قەناعەتپێکەری کەوتنەبەر هۆکارەکانی راگەیاندن)) بکرێ، لەوەی پەیوەندی بە قیەمی سیاسی و هەڵوێست و هەڵسوکەوتەکانەوە هەیە.

بەم شێوەیە، بیردۆزەکانی پشت بەستن بە هۆکارەکانی ڕاگەیاندن لەبارەی بەرکەوتنی ناواخنی دیاریکراو و کاریگەری بەرکەوتنەکە لەسەر بیروباوەڕ و هەست و ڕەوشتی تاکەکان- هەروەك لە شێوەی ١١-٢دا کورتکرابۆوەوە هەندێك لێکۆڵینەوەی یارمەتیدەری بۆ پەیدابوون. ئەوەی جێی داخە ئەوە هەموو کاریگەرییەکانی هۆکارەکانی ڕاگەیاندنی جەماوەری کاریگەری ناواخنی هۆکاری ڕاگەیاندنی دیاریکراو نین یان کار لە تاك ناکەن. لە پێناو لێکدانەوەی ئاڵۆزتردا، وەکو کاریگەری بەرکەوتنی کۆڵەکە بوو، بۆ زۆرجۆری ناواخنی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن، یان کاریگەری لەسەر ڕێکخستنەکان یان دانراوەکان یان تەواوی کۆمەڵگا، ئەوا لەسەرمان پێویستە نموونەی دەروونی تێپەڕێنین رووەو نموونەی دیکە لە هزری کۆمەڵایەتیدا.

## هەوڵدانەکانی نموونەی کارلێکی ئاڵوگۆڕی هێمایی:

بنیاتی واتاکە بایەخی یەکەمە لە کارلێکردنی ئاڵوگۆڕی هێمایی، هەروەها جێی بایەخی سەرەکیشە لە تیۆری پشت بەستن بە هۆکارەکانی ڕاگەیاندن، هەروەها بایەخێکی گرنگیشی هەیە بۆ دیاردەی ئەو جیهانەی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن دروستیان کردووە چۆن کاریگەری دەبێ لەسەر ئەو ڕێگایانەی تاکەکان یان کۆمەڵەکان جیهانی کەسی یان کۆمەڵایەتی خۆیان پێ لێکدەدەنەوە؟ ئێمە ئەوانەی لە کۆمەڵگە نوێیە ئاڵۆزەکاندا دەژین پشت بە سەرچاوەی زانیاری سیستەمی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن دەبەستین تا کۆمەڵە ڕووداوێکی جۆراوجۆر، و شوێنەکان، و ئەو کەسانەی  هەرگیز بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ نەمانبینیون، پێمان بڵێن.

تۆڕە کەسییەکانمان لە هاوڕێ و خێزان و هاوڕێیانی کار پشت بە سەرچاوەی زانیاری هۆکارەکانی ڕاگەیاندن دەبەستن. بۆ نموونە، ئەو کەسانەی وەکو ((دەمڕاستەکان))ن لامان، زۆرکات خیبرەیەکی ڕاستەوخۆی زیاتریان لە ئێمە لەسەر ڕووداوە گرنگەکان نییە. دەمڕاستەکان پەیوەندی پشت بەستن بە هۆکارەکانی ڕاگەیاندنمان لا بنیات دەنێن، بە جۆرێك دەکرێ لەوە تێبگەن کە لە جیهان و وڵات و هەتا ئەو لایەنانەی پەیوەندییان بە کۆمەڵە ناوخۆییەکانەوە هەیە ئەوەی کە لە تاقیکردنەوە ڕاستەوخۆکانی ئەوانە تێدەپەڕێنێ، تێبگەن. زۆر شت هەن کە ئێمە و هاوڕێکانمان پێویستە لێیان تێبگەین تا بزانین لەم جیهانە ئاڵۆز و لێڵە چۆن هەڵسوکەوت بکەین. کێشەکانی زانیاری ئێمە لە زۆر بابەتی سنووردارردا جیاوازدەبن وەکو ئاووهەوا، و بارودۆخی هاتوچۆ، و بابەتەکانی تەندروستی و سەلامەتی، یان دوایین مۆدەی جلك، و وەرزش و هونەر، تا بایەخی پتر گشتیتری وەك جیهانە گۆڕاوەکانی سیاسەت،

و دەسەڵات، و ئابووری و پەیوەندیی ژینگەیی لە نێوان مرۆڤ و کۆمەڵگا نامرۆییەکان و ژینگە سروشتی و کیمیاییەکانیان، یان گۆڕانی قییەمەکانیان، و شێوازی ژیانیان کە لە پشت ململانێی نێوان نەوەکان یان ململانێ ئایینییەکان پێکدێن.

**لێڵی، و هەڕەشە، و گۆڕانی کۆمەڵایەتی.** تێڕوانینی کارلێکردن ئاڵوگۆڕی هێمایی رەنگدەداتەوە بەوەی جیهانی کۆمەڵایەتی بەیەکەوە بەستراوەتەوە بەهۆی تێگەیشتنی خودی ناجێگیر لە واقیع، لەو بایەخەی کە بە لێڵی و هەڕەشە و گۆڕانی کۆمەڵایەتی دەدرێ لە تیۆری پشت بەستن بە هۆکارەکانی راگەیاندن. ئێمە وای دادەنێین، کە پەیوەندییە تاکی و کۆمەڵێییەکانی پشت بەستن بە هۆکارەکانی راگەیاندن پتر بەهێز دەبێ کاتێك ژینگەی کۆمەڵایەتی لێڵ یان هەڕەشە ئامێز، یان بەخێرایی دەگۆڕێ[١٠].

لێڵی ئەوەیە یان دەستەوەستانە لە دیاریکردنی هەڵوێست، یان هەڵبژاردن لە نێوان سنووردارییە بەرهەڵستییەکانی هەڵوێستێك[١١]. بەپێی بارودۆخی لەمجۆرە، مەعریفە دەبێتە بابەتێکی گومان لێکراو، چونکە لێڵی لە بنەڕەتدا کێشەی زانیارییە، کەسەکان زانیاری پێویستیان نییە بۆ ئەفراندنی واتای جێگیر بۆ رووداوەکان، لەو جۆرە حاڵەتانەدا، کە نە ئێمە و نە دەمڕاستەکانمان ناتوانین نەچاودێری ئەو رووداوانە بکەین، کە دەمانەوێ بەشێوەیەکی راستەوخۆ لێیان تێبگەین یان تاقییان بکەینەوە، ئەوا هۆکارە راگەیاندنییە جەماوەرییەکان دەبنە سیستەمی زانیاری سەرەکی، کە سەرچاوەی هەیە بۆ ئەفراندنی واتا. هەندێك کات هەن لێڵی هاوڕێیەتییان دەکا بە هەڕەشەیەکی روون. ئەو جۆرە کاتانەش ئارێشەی ئابووری، و کارەساتی سروشتی، و پشێوی سیاسی و ململانێی ئاشکرا لە نێوان خەڵکەکان بۆ دەستە ناوخۆییەکانمان دەگرێتەوە. کاتێك رووداوی لەم جۆرە روودەدەن ئەوا تاکەکان و دەمڕاستەکانیان بەیەکەوە بەشێوەیەکی نموونەیی روو دەکەنە هۆکارەکانی راگەیاندن بۆ پێشکەشکردنی زانیاری داواکراو، تابزانن چ هەیە و چ روودەدا، و خەڵکی دەتوانن چی بکەن بۆ کەمکردنەوەی هەڕەشەکان لەسەر بەرژەوەندییە کەسییە بەکۆمەڵەکانمان.

بەهەمان شێوە، ئەو رێگایانەی کە کەمتر روونن، ئەوانەی کە تاك و کۆمەڵەکان پشتی پێ بە سەرچاوەکانی زانیاری هۆکارەکانی راگەیاندن دەبەستن بۆ وەدەستهێنانی تێگەیشتنی رۆژانە، بە هەند وەردەگیرێ ئەگەر زۆر بە گرنگ دانەندرێ. لە کۆمەڵگەی وەکو کۆمەڵگەکەی ئێمە کە گۆڕان تێیدا باوە و ژیانی کۆمەڵایەتی برێك لە هەڵچوونی تێدایە، لێڵییەکی بەردەوام هەیە پاڵ بە خەڵکییەوە دەنێ تا پەیوەندی پشت بەستنی گەشەسەندوو لەگەڵ هۆکارەکانی

راگەیاندن بنیاتبنێن، ئەمەش حاڵەتێکە زۆر جیاوازە، لەوەی کە تایبەتە بە زۆرێك لە کۆمەڵگەکانی پێشوو، کە خەڵکی دەیانتوانی پشت بە کۆمەڵێك شت ببەستن، کە بۆ رۆژی دوایی، یان لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە وەك خۆیان دەمانەوە، لەکاتێکدا سروشتی گۆڕاوی کۆمەڵگە و جیهانی ماددی ئێمە حاڵەتێکی بەردەوامی ماندوو لە لێڵی دێنێتە ئاراوە. لە کاتێکدا کە سیستەمی هۆکارەکانی راگەیاندن بۆ زۆربەی خەڵکی بڕەخسێ و هەروەها سیستەمێکی راگەیاندنی چاکتر گونجاو بۆ کۆکردنەوە و هێنانە ئاراو گونجاندن و بڵاوکردنەوەی زانیاری گونجاو، ئەوا ئێمە بە ئاسایی پەیوەندی پشت پێ بەستنی لەگەڵدا دەبەستین-بەتاك بە کۆمەڵ- بۆ ئەوەی یارمەتیمان بداو باری ئاڵۆزی خوو پێوەگرتووی ژیانی رۆژانەمان بۆ چارەسەر بکا.

**کاریگەری مەعریفە و واتاکان:** ئەو پەیوەندییە گەشەسەندووە لەگەڵ هۆکارەکانی راگەیاندن رێگا دەکاتەوە بۆ کاریگەری هۆکارەکانی راگەیاندن لەسەر بیروباروەڕ و رەوشتماندا. هەرچەندە ئێمە بەهۆی حوکم یان عادەت یان پێویستییەوە بێ، سیستەمی هۆکارەکانی راگەیاندنمان کردووە بەیەك بەو پێیەی هۆکارێکی دەبێ بۆ کارتێکردن لەسەر چۆنیەتی بیرکردنەوە یان هەستکردن یان هەڵسوکەوتمان. لەم حاڵەتەدا، ئەم دەسەڵاتە لە دەسەڵاتی باوانمان دەچێ کە لەسەر زانیاری لەبارەی منداڵی بچووك دروستبووە، یان دەسەڵاتی مامۆستایان لەسەر قوتابیان، لە کۆتاییدا ئەو بابەتەی، کە بەرەو رووی دەبینەوە هێنانە ئارای مەعریفە و زاڵبوونە بەسەریدا. تیۆری پەروەردە (بەشی ٩) کە بۆ ئەوە دەچێ جیهان رۆشنبیری دروست دەکا، و بیرۆکەی کاریگەری ناڕاستەوخۆ (بەشی ٨) تایبەت بەوەی، کە راگەیاندن جەماوەر ئامادە دەکا، لەسەر ئەو بیرۆکە سەرەکییە تایبەتییە دامەزراون، کە سیستەمی هۆکارەکانی راگەیاندن بە چاپووکییەوە بەشدارە لە هێنانە ئارای مەعریفەیەکی هاوبەش. خاوەنانی تیۆرەکانی تایبەت بە کاریگەری ناڕاستەوخۆ و ئەوانەی جەخت لەسەر نموونەی کارلێکی ئاڵوگۆڕی هێماییش دەکەنەوە ئەوە دیاردەکەن کەی بنەچەی دەسەڵاتی لەمجۆرە لە کرداری زمانی و دەرککردندا چالاکییەکەی بەهۆی ((دەق))ی راگەیاندن یان پەیام ئەنجامدەدرێ، بەڵام خاوەنانی تیۆرەکانی پەروەردە، و بەشێوەیەکی پتر گشتگیر ((خاوەنانی تیۆرە رەخنەییەکان))، ئەوا بنەچەی ئەو دەسەڵاتە لە زاڵبوونی بژاردەکان بەسەر ((هۆکارەکانی بەرهەمهێنانی عەقڵی)) دیاری دەکەن، بەجۆرێك هۆکارەکانی راگەیاندن ئەو مەعریفەیە دێننە ئارا کە خزمەتی بەرژەوەندییەکانی بژاردەکان دەکا.

تیۆری پشت بەستن بە هۆکارەکانی راگەیاندن وای دەبینێ کە بنەچەی دەسەڵاتی بنیاتنانی زانیاری ئەو بۆچوونانە دەگرێتەوە، بەڵام لێیان تیدەپەڕێ. خاوەنانی تیۆرەکانی پشت بەستن بە هۆکارەکانی راگەیاندن وا سەیری ئەنجامی پەیوەندییەکانی ئەو پشت پێ بەستنە دەکەن کە بەهۆی سیستەمی هۆکارەکانی راگەیاندن لەسەر سەرچاوەی زانیاری دانسقە و پڕ بایەخ لە دایك بوونە، و پەیوەندی پشت پێ بەستنی بچووکی تاکەکان و تۆڕە بچووکەکانی نێوان کەسەکانیش دەگرێتەوە، و چۆن بەهۆی پەیوەندی پشت پێ بەستنی هۆکارەکانی راگەیاندن لەگەڵ پاژی گەورەتر لە چینی کۆمەڵایەتی (وەکو پەیوەندی پشت بەستنی بنیاتی رووەکی) پێکدێ.

**کاریگەری راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی مەعریفە:** لە بیردۆزە ((ژینگەییە)) سەرەکییەکانی تیۆری پشت بەستن بە هۆکارەکانی راگەیاندن، ئەوەیە کە پەیوەندی پشت پێ بەستنی گەورە بۆ تاکەکان و کۆمەڵگا ناتوانرێ لێیان تێبگەین بێ تێگەیشتن لە پەیوەندی پشت پێ بەستنی بنیاتی (گەورە)، تاکەکان و کۆمەڵگاش تەنیا بۆ ئەوە بڕیاردەدەن پشت بە هۆکارەکانی راگەیاندن ببەستن بۆ ئەوەی زانیاری لەسەر خۆیان و جیهانییەکانیان هەبێ. پاژێکی گرنگ لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا هەیە کە دەڵێ: بۆچی بنیاتی تاك و کۆمەڵەکانی پشت بەستوو بە هۆکارەکانی راگەیاندن پەیوەستە بە رۆڵ و ئەرکەکانی سیستەمی هۆکارەکانی راگەیاندن لە کۆمەڵگایەکی گەورەتردا. دەتوانرێ ئەم بۆچوونە روونتر بکرێتەوە ئەگەر لە سیستەمی سیاسیمان کۆڵییەوە و تەرکیزمان لەسەر بڕیارەکانی هاوڵاتیان کرد بۆ ئەوەی دەنگ بدەن.

لەگەڵ ئەوەی خەڵکێکی زۆر حەز لەوە دەکەن بڕیاری خۆیان بدەن بە پێدانی دەنگەکەیان بە پاڵێوراوێکی نەتەوەیی یان لە هەرێمێکدا، یان پێگەیەکی ناوچەیی لەسەر بنەمای پەیوەندیکردنی راستەوخۆی کەسی، ئەوا زۆربەی هاوڵاتیان دەرفەتیان نییە راستەوخۆ لەگەڵ پاڵێوراوێك بدوێن. کرداری هەڵبژاردن بە جۆرێك بنیاتنراوە کە پاڵێوراوان-پێیان خۆش بێ یان نا- پشت بە هۆکارەکانی راگەیاندن ببەستن بەوەی هۆکارێکی پەیوەندیکردنی سەرەکییە لەگەڵ هاوڵاتیاندا، سیستەمی هۆکارەکانی راگەیاندن زیاترە لەوەی کەناڵێکی گەیاندنی بێلایەن بێ، ئەو سەرچاوەی زانیارییەکانی بۆ کۆکردنەوە و گونجاندن و بڵاوکردنەوەی هەڵمەتێك لە زانیاری بەکاردێنێ، بەڵام ناواخنی ئەو زانیارییانە، یان مەعریفە سیاسییەکان لەژێر دەسەڵاتی تەواوی پاڵێوراوەکاندا نییە، بۆ هاوڵاتییان ئەمە کەمتریشە.

دەتوانرێ کاریگەری راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی هۆکارەکانی راگەیاندن لەو روونکردنەوەیەدا ببینرێ، کاریگەرییە ناڕاستەوخۆکان لە ((سنووری مەعریفە))دا-ئەو شتانە دەگرێتەوە، کە هاوڵاتیان دەتوانن بیزانن- کاریگەرییە ناڕاستەوخۆکانیش لەو هەڵبژاردنەدایە کە خەڵکی بڕیاری لەسەر دەدەن بۆ دەنگدان بە پاڵێوراوانی دیاریکراو کرداری دەمڕاستی دەردەکەوێ کە بە دوو قۆناغ بەپێی بڕیاری دیاریکراو لە دەنگداندا دەبێ. لەگەڵ ئەوەشدا، لە هەمانکاتدا دەمڕاستەکان هیچ دەسەڵاتێکیان بەسەر سنووری ئەو زانیارییەدا نییە، کە لای پاڵێوراوەکانیان پێکهاتووە زیاتر لەوانەی دیکە، کە لە تۆڕەکانیاندان. لە راستیدا، ئێمە وای دادەنێین کارێکی گرنگە، کە قسە لەسەر تۆڕی نێوان کەسەکان بکەین بەو پێیەی پەیوەندی پشت بەستنی بە هۆکارەکانی راگەیاندنەوە هەیە، ئەو تۆڕانەی لە نێوان کەسەکان دان، وەکو هاوڕێ و هەڤاڵانی کار و ئەندامانی خێزان، کۆمەڵەی جێگیرن و دەتوانرێ بەدەربڕینی ئاماژەدار وەسف بکرێن، لەوەی کە پەیوەندی بە پشت بەستن بە هۆکارەکانی راگەیاندنەوە هەیە.

لە کۆتاییدا، سێ شێوەی کاریگەری هۆکارەکانی راگەیاندن هەن کە دەکرێ لەمجۆرە کۆمەڵانە رووبدەن:

١- کاریگەری ناڕاستەوخۆ، وەکو ئاساییکردنەوەی کۆمەڵایەتی سیاسی، ئەوەی کە وەکو ئەنجامێکی ئەندامە کەڵەکەبووەکان لە ماوەیەکی دوور و درێژدا بەسەر هۆکارەکانی راگەیاندندا دێ.

٢- کاریگەری ناڕاستەوخۆ لە رێگەی کرداری پاڵنان، کە دوو هەنگاوی هەرە گرنگن، ئەوەی کە دەمڕاستەکان پێیەوە بە هۆکارەکانی راگەیاندنە جەماوەری کاریگەر دەبن، دواتر لێکدانەوەکانیان لەسەر پەیامەکانی راگەیاندن دەگوازنەوە بۆ ئەندامانی کۆمەڵەی دیکە.

٣- کاریگەری راستەوخۆی هۆکارەکانی راگەیاندنی جەماوەری لەسەر ئەندامانی کۆمەڵە. شێوەی کۆتایی کاریگەرییەکە لە هەمووان پتر شیمانەی روودانی هەیە، کاتێك کە دەمڕاستان و ئەندامانی کۆمەڵەی گشتی کرێکاران سیاسەتێکیان نییە لەسەر تاقیکردنەوەی راستەوخۆ هاتبێتە ئارا.

زۆر بواری دیکە لە ژیاندا هەن، ئابووری یان تەندروستی یان خۆشڕابواردن یان یاسایی یان پەروەردەیی یان سەربازی یان خێزانی یان ئایینی، دەتوانرێ هەمان جۆری شیکاریی لەسەر

ئەنجامبدرێ لەبارەی کاریگەرییە راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆکانی هۆکارەکانی راگەیاندنی جەماوەری.

لەگەڵ ئەوەشدا، هیچ تیۆرێك نییە کۆتی نموونەی دەروونی دیاری بکا، یان نموونەیەکی کارلێکی ئاڵوگۆڕی هێمایی بتوانێ مەودای فراوانی کاریگەرییەکانی هۆکارەکانی راگەیاندن لەسەر کاری رێکخراو و سیستەمی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و کۆمەڵگەییەکان لێکبداتەوە. بۆ لێکدانەوەی ئەو جۆرە کاریگەرییە گەورانە، پێویستە لەسەرمان بەدوای لایەنی تیۆری پشت بەستن بە هۆکاری راگەیاندنی رەخساودا بگەڕێین لە ململانێ و بنیاتی ئەرکی و نموونەی گەشەسەندوو لە بیرکردنەوەی کۆمەڵایەتیدا.

## هەوڵەکانی ململانێ و نموونەی بنیاتی ئەرکی:

پەیوەندی پشت بەستنی ئامانجەکان بەو سەرچاوەیەی، کە بە تەوەرەیی دادەندرێ لە چوارچێوە لێکدانەوەی تیۆری پشت بەستن بە هۆکارەکانی راگەیاندن، تا رادەیەکی زۆر بە شمشێرێکی دووسەر دادەندرێ. ئەو لەلایەك، پەیوەندی ململانێیە، و لەلایەکەی دیکەش پەیوەندی پشت پێ بەستنی ئەرکی ئاڵوگۆڕە. دواتر، پەیوەندی بە پشکۆی پشت بە هەریەك لە تیۆری ململانێ و شیکاری بنیاتی ئەرکی دەبەستێ. بۆ نموونە، هەریەك لە جەختکردنەوەی گۆڕاو لەسەر تیۆری ململانێ و جەختکردنەوە لەسەر جێگیری شیکردنەوەی بنیاتی ئەرکی هەردووکیان لە تیۆری پشت بەستن بە هۆکارەکانی راگەیاندن کۆدەبنەوە. هەرچەندە ئەو کامڵییەی دوو نموونەکە لەخۆگرتنێکی تەواو بۆ بیردۆزەکانی هەردوو نموونەکە پێکناهێنێ. رەنگە ئاسانترین رێگە بۆ روونکردنەوەی هەوڵەکانی هەریەکەیان، دیاریکردنی بیردۆزەکانی پشت بەستن بە هۆکارەکانی راگەیاندن بێ، کە دەتوانرێ بە دوای بنەچەکەیدا بچین بۆ نموونەی ململانێ، و ئەوەی کە دەکرێ بەدوایدا بچین بۆ نموونەی بنیاتی ئەرکی.

بەپێی شیکردنەوەکانی بنیاتی ئەرکی وادادەنرێ، کە کۆمەڵگە پێکهاتەیەکی ((ئەندامی)) هەیە، دەتوانرێ چاکتر لێی تێبگەین لە رێی پشت پێبەستنی ئاڵوگۆڕی پاژەکانی سیستەمی هۆکارەکانی راگەیاندن بەشێکی پێویستی پێکهاتووی کۆمەڵگە نوێیە ئاڵۆزەکانە. هەروەك هۆکارەکانی گەیاندنی جەماوەری پێویستن بۆ رێکخستنی کۆمەڵایەتی ئەو کۆمەڵانەی، کە لە ئاڵۆزیدا گەیشتوونەتە پلەیەك کە بەڕێوەبەرایەتی چالاکی سیاسی، وەکو بەرهەمهێنان و کامڵی، وایلێهاتووە رێکخستنی بەتەنیا لەسەر بنەمای پەیوەندی کەسی کارێکی نەکردەیە.

راستییەکەی پەیوەندی پشت بەستن بە هۆکارەکانی راگەیاندن، بەتەواوی پەیوەندی پشت پێ بەستنی ئاڵوگۆڕە. هۆکارەکانی راگەیاندن و سیستەمە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەش، کۆمەڵێك پاژن، کە هەریەکەیان لە پێناو مانەوەو گەشەکردن پشت بە ئەوی دیکەیان دەبەستێ و هەریەکەیان بەشێوەیەکی تایبەت پێویستی بە سەرچاوەکانی ئەوی دیکە هەیە لە پێناو وەدەستهێنانی ئامانجی تایبەت بە هەریەکەیان.

هەروەك پشت پێ بەستنی ئاڵوگۆڕ، دەبێتە هۆی هاریکاری و ململانێ بەیەکەوە جەختکردنەوە لە شیکاری بنیاتی ئەرکی لەسەر پێویستی هاریکاری نێوان پاژەکان، لەسەر بنەمای بەدەستەوەدانی هاوبەش، بەوەی مانەوەو خۆشگوزەرانی پاژێك دەوەستێتە سەرمانەوەو خۆشگوزەرانی پاژەکانی دیکە. دەگوترێ ئەمجۆرە لە ((چوونە پاڵ یەکی ئەندامی)) لە نێوان پاژەکاندا (بەشی ٦) هاوبەشی لە بەرژەوەندییەکان دێنێـتە ئاراو جێگیری بۆ کۆمەڵگایەکی گەورەتر دابین دەکا، هیچ پاژێك نییە بیەوێ کۆمەڵگا تێکبدا، چونکە ئەگەر ئەوەی کرد، ئەوا مانای وایە خۆی لەناوبرد. بە پێچەوانەشەوە، تیۆری ململانێ جەخت لەسەر ئەنجامی پشت پێ بەستنی ئاڵوگۆڕ دەکاتەوە، ئەوەی کە پاڵەپەستۆ و دوو دڵی لە نێوان پاژەکان بەرهەمدێنێ.

هەردوو بۆچوونەکە نوێنەرن لە چوارچێوەی پشت بەستن بە هۆکارەکانی راگەیاندن. بۆ نموونە باسی یارمەتی جێگری نێوان هۆکارەکانی راگەیاندن و سیستەمی سیاسیمان کرد لە پشت بەستنی هەریەکەیان بەوەی دیکە، هەرچەندە ئەو حەقیقەتەش راستە، کە سیستەمی هۆکارەکانی راگەیاندن دەسەڵاتــی بەسەر سەرچاوەی دانسقە و بە نرخ هەیە، کە ئەوانی دیکە هەوڵی دەستبەسەر داگرتنی دەدەن، بەجۆرێك پشت بەستنیان بە هۆکارەکانی راگەیاندن یان کەم دەکا یان زیاد. لەو کاتەی، کە دەکرێ پشت پێ بەستنی ئاڵوگۆڕ پەسند بکرێ، ئەو هاریکاری بەرهەم دێنێ، بەڵام ئەو ململانێیەکی شاردراوەش بەرهەمدێنێ. ئەو ململانێیەی بەرژەوەندییەکان، یان ((ململانێ لەسەر کەرەستە دانسقەکان)) رەنگە بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ بە شاردراوەیی بمێنێتەوە و لە کاتە گونجاوەکاندا نەبێ دەرنەکەوێ. بە دەربڕینێکی دیکە، وادادەنرێ، کە سیستەمی هۆکارەکانی راگەیاندن، سیاسی یان هی دیکە، هەوڵدەدا بۆ وەدەستهێنانی دەسەڵات لەسەر سەرچاوەکانی دیکە کاتێك بارودۆخ رێی ئەمەی پێدەدا، بێ ئەوەی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی بخاتە مەترسییەوە. ئەگەر نموونەی لەمجۆرە هەوڵانە رووبدەن، ئەوا پێشبینییەکە لەسەر بنەمای وادانانی دیکەی وەرگیراو لە تیۆری ململانێ

روودەدا: هەموو کۆمەڵەکان (لە نێوانیشیاندا تۆڕی نێوان کەسەکان، و رێکخراوەکان، و سیستەمەکان پاڵی پێوەنراوە نەك تەنیا بۆ ئەوەی پارێزگاری لە خۆی بکا، بەڵکو پاڵی پێوەنراوە بۆ ئەوەی خودی خۆی بەهێز بکا، چونکە ئەوان بە دەربڕینێکی دیکە کۆمەڵەی بەرژەوەندییەکانن.

ئەوانەی کەوای دادەنێن هۆکارەکانی راگەیاندن دەسەڵاتی چوارەمە، دان بە ململانێی یەکەمی نێوان کۆمەڵە بەرژەوەندییەکان دادەنێن، ئەمە لە کاتێکدا کە پێشبینی ئەوە دەکەن دەسەڵاتەکانی دیکە یاسادانان، جێبەجێکردن، دادوەری-دەستگرتن بەسەر دەسەڵاتی یەکدی، ئەمەش نەك تەنیا بۆ وەدەستهێنانی سەرچاوەکانی هەریەکەیان، بەڵکو هەوڵی ئەوەش دەدا دەست بەسەر سەرچاوەکانی هۆکارەکانی راگەیاندندا بگرێ. بیرۆکەی شۆڕشگێڕی لەبارەی هۆکارە راگەیاندنە سەربەخۆکان، ئەوانەی دەبنە کەفیلی دەستووری سەرچاوەکانیان، رەتکردنەوەی پشت پێ بەستنی ئاڵوگۆڕی نێوان هۆکارەکانی راگەیاندن و سیستەمە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە نەبوو، بەڵکو لەسەر ئەو بیردۆزە داندرابوو، کە ئەو ململانێیە هەیە، هەرکاتێك هۆکارەکانی راگەیاندن دەسەڵاتیان بەسەر سەرچاوە داگرت پێویستە سیستەمی سیاسی هەوڵی پێگەیشتنی بدا لە پێناو مانەوە و بەپێچەوانەشەوە؟

پشکنینەکە دوو بیردۆزە دەدۆزێتەوە، لەو بیردۆزانەی پەیوەندییان بە بابەتی بوارەکانی جیاوازی نێوان تیۆری پشت بەستن بە هۆکارەکانی راگەیاندن و نموونەی ئەرکی رووت هەیە، یان نموونەی رووتی تایبەت بە ململانێ، پەیوەندی پشت بەستن بە هۆکارەکانی راگەیاندنی بێ وێنە شیمانەی زیاتریان هەیە، چونکە هاریکاری بەرهەمدێنێ. لێرەدا، نەبوونی هاوشێوە، یان بوونی هاوشێوە ئاماژە بە دەسەڵاتی رێژەیی هۆکارەکانی راگەیاندن و پەیوەندی بە سیستەمە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە دەکەن. نەبوونی هاوشێوە واتا تێکچوونی هاوسەنگی دەسەڵات، هەروەك هاوشێوەیی واتە هاوسەنگی لە دەسەڵاتدا. لە وەسفەکەی پێشوومان‌دا بۆ پەیوەندی نێوان هۆکارەکانی راگەیاندن و سیستەمی سیاسی، تا رادەیەك بە پەیوەندییەکی پشت پێ بەستنی هاوشێوەمان وەسف کرد. هەریەك لە سیستەمەکان، بە نزیکەیی، بەهەمان رادە سوود لەسەر چاوەکانی یەکدی وەردەگرن، بەجۆرێك هیچ یەکیان زۆر بەهێزتر نییە لەوەی دیکەیان. لەم بارەدا، هاوسەنگی رێژەیی بەکاردێ لە سەرچاوە و پشت پێ بەستن بۆ زیادبوونی شیمانەی هاریکاری لە نێوانیاندا. لەگەڵ ئەوەشدا، کاتێك یەکێك لە سیستەمەکان بڕێکی کەم زیاتر لەو سەرچاوانە بەدەستدێنێ، کە ئەوەی دیکە پێویستییەتی، نەبوونی هاوشێوەیی

دروست دەبێ، یەکێکیان زیاتر پشت پێ بەستووەو (هێزی کەمترە) و ئەوەی دیکەیان کەمتر پشت پێ بەستووە و (هێزی زیاترە). لەم هەڵوێستەدا، شیمانەی ململانێ زیاترە لە شیمانەی هاریکاری و پێویستە ئەو ململانێیە لە هەردوولایەنی پەیوەندییەکەدا دەربکەون، یەکێکیان هەوڵی زیاترکردنی دەسەڵاتی دەدا و ئەوەی دیکەیان هەوڵی گەڕاندنەوەی پێگەکەی دەدا.

زۆرێك لە خاوەنانی تیۆرەکانی ململانێ تا رادەیەکی زۆر لەگەڵ ئەو رێگایەی شیکردنەوە جیاوازدەبن، و هەمان بیرۆکە لە سیستەمی هۆکارەکانی راگەیاندنی سەربەخۆ یەکدەخەن، کە دەسەڵاتی هەیە بەسەر کەرەستەی دانسقە و گران بەها، ئەوان هۆکارەکانی راگەیاندن بە سیستەمێکی کۆمەڵایەتی تایبەت بە خۆی دانانێن، بەڵکو بە ئامرازێکی دادەنێن، کە بژاردەی دەسەڵاتدار بۆ زیادکردنی بەرژەوەندییەکانی بەکاری دێنێ. لەم تێڕوانینەدا، هیچ مانایەك تەنانەت بۆ گفتوگۆکردن لەسەر پەیوەندی هۆکارەکانی راگەیاندنیش نامێنێتەوە، چونکە هۆکارەکانی راگەیاندن، لە تێڕوانینی ئەوانەدا، تەنیا کۆمەڵێك سەرچاوەن، کە سەرمایەدارەکان ((دامەزراوەی پیشەسازی-سەربازی))، یان هەندێك بژاردەی ئابووری دیکە دەستیان بەسەرداگرتووە.

لە لایەکی دیکەوە، شرۆڤەکارە کلاسیکییەکانی بنیاتی ئەرکی شێوازی پشت بەستن بە هۆکارەکانی راگەیاندن وەکو بیرۆکەیەك رەتدەکەنەوە لەبەر چەند هۆیەکی زۆر جیاواز، ئەوان ئەو بیرۆدزە رەتدەکەنەوە، کە هەموو کات ململانێ هەیە لە نێوان پەیوەندی هۆکارەکانی راگەیاندن لەگەڵ سیستەمە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەدا، چونکە لایەنگرانی بنیاتی ئەرکی بەشداری لەو بیرۆکەیە ناکەن، کە ململانێ ئەنجامێکی سروشتییە و دەرکەوتنی مەحاڵە بۆ پشت بەستنی ئاڵوگۆڕ. ئەوان مەیلیان یان بەرەو پشتگوێ خشتنی توێژینەوەکانی ململانێیە، یان دانانی ململانێ بە لادانێك، کە هەڕەشە لە سیستەمی کۆمەڵایەتی دەکا. هەرچەندە، لە تیۆری پشت بەستن بە هۆکارەکانی راگەیاندندا، ململانێ نەك تەنیا بە بارێکی ئاسایی بابەتەکان دادەنرێ، بەڵکو بەهێزێکی سەرەکیش دادەنرێ بۆ هێنانە ئارای گۆڕانی کۆمەڵایەتی،بەتایبەتی گۆڕان لەسروشتی پەیوەندییەکانی پشتبەستن بەهۆکارەکانی راگەیاندن.

بەم شێوەیە، تیۆری پشت بەستن بە هۆکارەکانی راگەیاندن پشت بەیەك دەبەستن، بەڵام نەك هەموو بایەخ و بیردۆزە سەرەکییەکانی ململانێ، یان وێنەی نموونەیی بنیاتی ئەرکی. بەکورتی دەتوانین بڵێین دەکرێ چاکتر لە هۆکارەکانی راگەیاندن تێبگەین، بەو پێیەی سیستەمێکە لە باڵادەست بوون بەسەر سەرچاوەی زانیاری کەم و گرانبەها. پەیوەندی پشت بەستنی ئاڵوگۆڕ

لەگەڵ ڕێکخستنەکانی دیکەدا، پەیوەندی هاریکاری بەرهەم دەهێنێت و بەرژەوەندی ئاڵوگۆڕ و ئەو ململانێیەی بەرژەوەندییە خودییەکان دەیبزوێنن، چالاکی دەکەن، گۆڕانیش ڕووە و هاوشێوە بوون یان هاوشێوە نەبوونێکی گەورەتر لە پشت پێ بەستن ڕوودەدات.

## لێکدانەوەی گۆڕان لە پەیوەندی پشت بەستن بە هۆکارەکانی ڕاگەیاندندا:

ئێمە وای دادەنێین دوو سەرچاوەی سەرەکی گۆڕان هەن لە سروشتی پشت بەستن بە هۆکارەکانی ڕاگەیاندن، یەکێکیان ململانێیە و ئەوەی دیکەشیان گونجان. هەروەك پێشتر وامان دانا، تەواوی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن، وەکو ڕێکخستنەکانی دیکە، بەدوای دەرفەتتدا دەگەڕێن بۆ زیاتر زاڵبوون بەسەر سەرچاوەکان تا ئەوپەڕی و کەمکردنەوەی پاشکۆیی کەمترین بڕ، واتە هێنانە ئارای پەیوەندی نەبوونی هاوشێوەیی، کە هێزێکی زۆرتری تێدابێ. بەشێوەیەکی ئاسایی، سیستەمەکانی دیکەش هەوڵدەدەن هەمان شت بکەن، بە کەمکردنەوەی پشت بەستن بە هۆکارەکانی ڕاگەیاندن و زیادبوونی پشت بەستنی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن بە سەرچاوەکانی. ئەو تێکۆشانە، وەکو تێکۆشانی ئەو منداڵانە وایە، کە هەوڵدەدەن لە پشت بەستن بەو سەرچاوانەی باوانیان دەسەڵاتیان بەسەریاندا هەیە کەم بکەنەوە، بە دۆزینەوەی سەرچاوەی دارایی تایبەتی، یان ململانێی ئەو کەسانەی هەوڵی وەدەستهێنانی سەربەخۆیی خودی دەدەن لە کارەکانیان، کردنەوەی دەسەڵاتێك لە ڕێکخراودا، کە دەسەڵاتیان بەسەر سەرچاوەی زیاتردا هەیە، کە ئەوانی دیکە پشتی پێ دەبەستن. هەروەك منداڵان و بەکارهێنەرانیش دەزانن، ترسێك هەیە بۆچوونە ناو ئەو ململانێیانە، بۆ نموونە ڕەنگە لە ماڵ دەربکرێن، یان پیشەکەیان لە دەست بدەن. پاشان، ئارەزووی کەمکردنەوەی پاشکۆیی (زیادکردنی هێز) شتێکە و تواناداری بۆ ئەنجامدانی ئەو کارەو مانەوە لە حاڵەتی پەسندی شتێکی دیکەیە. ئەو ڕاستییە بۆ کۆت کردنی گەلێك هەوڵی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن بەکاردێ بۆ زیادکردنی بنکەی سەرچاوەکانی.

## هەوڵەکانی نموونەی پەرەسەندوو:

سەرچاوەی دووەمی گۆڕان، گونجانە، پێگەی بایەخی سەرەکی نموونەی گەشەسەندنی (کۆمەڵایەتی)یە. لە ڕاستیدا، خاوەنانی تیۆری پەرەسەندن باوەڕیان بەوە هەیە، کە سیستەمی کۆمەڵایەتی هەرگیز وەکو خۆی نامێنێتەوە، بەڵکو بەردەوام پەرەدەستێنێ بۆ شێوەی پتر

ئالۆز. ئێمە وادادەنێین، وەکو خاوەنانی تیۆرەکانی پەرەسەندن، پەیوەندی پشت پێ بەستنی ئالوگۆڕ لە نێوان هۆکارەکانی راگەیاندن و پاژەکانی دیکەی گیانی کۆمەلآیەتی پێویستە بە گۆڕاندا تێبپەڕێ، ئەوەی کۆمەڵگاکان لە ژینگەی گۆڕاودا دەهێڵێتەوە. گۆڕانی گونجاوی لەمجۆرەش عادەتەن لەسەرخۆن و بەزۆریش پلان دانەڕێژراون، دواتریش تێگەیشتنی زۆر زەحمەتە لەو کاتەی کە دەکەوێتە ناوی.

دەتوانین نموونە بۆ ئەو گۆڕانانە لە پەیوەندی سیاسەت بە سیستەمی هۆکارەکانی راگەیاندن بیبنینەوە، گۆڕانێکی ژینگەیی گرنگ روودا نوێنەرایەتی کەمبوونی دەسەلآتی حیزبە سیاسییەکانی دەکرد، لە دەرکەوتنی هەڵبژاردنە ئامادەکارییەکان وەکو ئامرازێك بۆ هەڵبژاردنی پالێوراوان بۆ پێگە نەتەوەییەکان و پێگەی ویلایەت و ناوچەکان. لە هەمان ئەوکاتەی ئەو گۆڕانانەی تێدا روودا، سیستەمی هۆکارەکانی راگەیاندن گەشەی دەسەند، بەهاتنە سەری شێوەی نوێ لە هۆکارەکانی گەیاندنی جەماوەری وەکو بەکارهێنانی کێبڵ و مانگی دەستکرد بۆ ناردنە تەلەفزیۆنییەکان نەك تەنیا ئالۆزتر نەبوو، بەڵکو داهێنانەکانی دیکە هۆکاری نوێیان بۆ کۆکردنەوەی زانیاری و گونجاندنی و بلآوکردنەوەی بەخێراییەکی زیاتر واقیعیتر هێنا ئارا، لە بەشی داهاتوودا بەدرێژی گفتوگۆ لەسەر ئەم گەشەسەندنانە دەکەین.

ئەو گۆڕانانە لە دەوروبەری سیاسی و لە سیستەمی هۆکارەکانی راگەیاندن روویاندا، گۆڕانێکی پلە بە پلە بوو لەپەیوەندی پشت بەستن بە هۆکارەکانی راگەیاندن، لایەنی کەم ئەم پەیوەندییە بەهێزتر بووە هەروەك لەو پشێوییەی سەردانە کورتەکان بۆ گوندەکان یان ((بینینی نافەرمی بۆ خواردنەوەی قاوەیەك)) لەگەڵ پالێوراوێك، و زیادبوونی کاریگەری رێژەی پارەی تەرخانکراوی هەڵمەتەکان، کە بۆ رێکلامکردن لە هۆکارەکانی راگەیاندن تەرخان دەکرێ، دەردەکەوێ، ئەوا ئەمڕۆ ئەستەمە بتوانرێ هیچ هەڵبژاردنێك بەبێ ئەوەی هۆکاری راگەیاندنی بۆ تەرخانبکرێ، دەربکەوێ، ئەوا ئەمڕۆ ئەستەمە بتوانرێ هیچ هەڵبژاردنێك بەبێ هۆکاری راگەیاندنی جەماوەری ئەنجامبدرێ، سیستەمی سیاسیش بە هەمان شێوەیە لەوکاتەی، کە حیزبە سیاسییەکان بە هێزبوون و هۆکارەکانی گەیاندنی جەماوەریش لاوەکی بوون. تووڕەیی لەبارەی ئەوەی ئەم حاڵەتە لای پالێوراوەکان دروستیکردووە هەرچەندێك بێ، یان چۆن هاوڵاتیان بێ ئومێد کردووە، بەڵام ئەو ناتوانێ هەموو ئەمە بکات تا بیگۆڕێ، چونکە ئەمە حەقیقەتێکی بنیاتییە و کرداری هەڵبژاردن پێکدێنێ.

## کاریگەری شەپۆلدار بۆ گۆڕان:

ئەو گۆڕانە کاریگەری لەسەر پەیوەندی گەورەی سیاسی سیستەمی هۆکارەکانی راگەیاندن هەبوو لە شەپۆلْ دەچوو بەسەر یەکەی سیاسی بچووکتری وەك رێکخستنە سیاسییەکان. دەرکەوت، کە پالێوراوان و رێکخەرانی هەڵمەتەکانیان دەسەلاتێکی زۆریان نییە لەسەر دیاریکردنی هەموو ئەوەی هەڵبژاردن لە دەوری دەسووڕێتەوە[١٢]. ئەوان دەتوانن پەڕی هەڵبژاردن بۆ پلەکە پێشکەش بکەن و ئەو کارەش دەکەن، بەلام پێویستە پشت بە هۆکارەکانی راگەیاندن ببەستن بۆ دانانی ئەو بابەت و زانیارییانەی لە خشتەی کاری جەماوەردا هەن. هەندێك لە رێکخەرانی هەڵمەتەکان چاکترن لە هەندێکیان لە وەدەستهێنانی ئەو ئامانجانە، بەلام راستییە بنیاتیەکەی وەکو خۆی دەمێنێتەوە بە پشت بەستنی سەرەکی لەسەر سەرچاوەکانی زانیاری هۆکارەکانی راگەیاندن.

لەلایەکی دیکەوە، سیستەمی هۆکارەکانی راگەیاندن نەگەیشتۆتە ئەو هێزەی وای لێبکا بتوانێ بەشێوەیەکی زالْ تواناداد بێ بەرامبەر سیستەمی سیاسی و رێکخستنەکانی، هەروەك پشت بەستنی هۆکارەکانی راگەیاندن بەو سەرچاوانەی، کە سیستەمی سیاسی دەسەلاتی بەسەریاندا هەیە، ئەویش راستییەکی بنیاتییە، ئەم راستییەش کاریگەری شەپۆڵی هاوشێوەی لەسەر رێکخستنەکانی هۆکارەکانی راگەیاندن هەیە و کاریگەری هاوسەنگی دەبێ لەسەر، ئەوەی کە دەیکا یان نایکا بەشێوەیەکی گرنگ. بۆ نموونە شیمانە بۆکراو نییە رێکخستنی لەمجۆرە هێرش بکەنە سەر شەرعییەتی هەڵبژاردن، یان کرداری سیاسی گشتگیرتر، چونکە بۆ ئەوەی ئەمە بکەن، ئەوا سیستەمی سیاسی بە هەموو قورسییەکییەوە دادەبەزێ بۆ ئەوەی سنوورێك بۆ دەسەلاتی سیستەمی هۆکارەکانی راگەیاندن لەسەر سەرچاوەکانی زانیاری دابنێ. مێژووی هاوچەرخیش پڕە لەو هەوڵە سیاسییانەی تیۆرەکان بۆ سەپاندنی کۆت بەسەر رۆژنامەوانیدا، یان بەکارهێنانی وەکالاتی رێکخراوەیی لە کۆنگرێسدا بۆ لەناوبردنی بەرژەوەندی ئابووری کۆمپانیاکانی هۆکارەکانی راگەیاندن ئەوانەی توڕەیان دەکەن. پاشان، پشت پێ بەستنی زۆری هۆکارەکانی راگەیاندن بە سیستەمی سیاسی شیمانەی ململانێیەکی راستەقینە لەگەلْ خۆیدا هەڵدەگرێ، کە رەنگە رێکخستنەکانی هۆکارەکانی راگەیاندن و بگرە پیاوانی راگەیاندنی جەماوەری هەوڵی دوورخستنەوەی بدەن تا سنووری دیاریکراو نەبەزێنێ.

شێوە ١١-٣ وێنەی ئەوەیە، کە چۆن گۆڕانەکان لە پەیوەندی پشت بەستنی ئالۆگۆڕ بە هۆکارەکانی راگەیاندن ئەوەی کە لە کاریگەری شەپۆڵەکانی لە لوتکەی هەرەمدا بەدانانی


سیستەمی هۆکارەکانی راگەیاندن لە کۆمەڵگەدا دەست پێدەکا و بەشێوەی لولپێچ لە ڕێی پەیوەندی پشت بەستن لەگەڵ سیستەمی کۆمەڵایەتی دیکەداو لەگەڵ ڕێکخراو و تۆڕە کەسییەکان و لە کۆتاییشدا لەگەڵ تاکەکان. ئەو گۆڕانانەی کە رووش دەدەن لە ئاستە بەرزەکاندا کاریگەرییان لەسەر پەیوەندی پشت پێ بەستنی هەموو ئاستە نزمەکان دەبێ. دواتر، گۆڕانەکان رۆڵی کۆمەڵایەتی سیستەمی هۆکارەکانی راگەیاندن، وەکو بایەخێکی زێدەبوو بۆ جێگیری و یەکێتی کۆمەڵگای ئەمەریکایی لە رۆژانی ((رۆژنامەوانی پێش))دا، ئەنجامی هەیە لەسەر هەموو ئاستەکانی دیکەی کاری هەرەوەزی. ئەم گۆڕانەش لە رۆڵی کاریگەری لە پتر بوونی پشت بەستنی هۆکارەکانی راگەیاندن لەسەر دامەزراوی کۆمەڵایەتی و ڕێکخستنەکان و تۆڕی نێوان کەسەکان، و تاکەکان هەبوو.

هەرچەندە گۆڕانەکان لە سیستەمەکاندا تەنیا لە لوتکەوە بۆ بنکە یان لە گەورەوە بۆ بچووك روونادەن. سەرەڕای ئەو گۆڕانانەی لە لوتکەوە بۆ خوارەوە (لە گەورەوە بۆ بچووك) روودەدەن رەنگە زۆر بەخێرایی رووە و خوارەوە شەپۆڵ بدەن، ئەوا گۆڕانەکان رەنگە لە پەیوەندی پشت پێ بەستنی بچووکیشدا رووبدەن، رەنگە بە تێپەڕینی کات (لە بچووکەوە بۆ گەورەش) شەپۆڵ بدا. ئەگەر کارەکە وا کۆتایی پێهات-هەروەك هەندێك لەو چاودێرانەی بە توندی بایەخ بە رووداوەکانی ئەمەریکا دەدەن، لێی دەترسن- کە تاکەکان پێشبینی ئەوە بکەن هۆکارەکانی راگەیاندن زانیاریی وا بەرهەم دێنن خزمەتی لێکتێگەیشتنی کۆمەڵایەتی بکاتە ئامانج، بە جۆرێك ئەویش ببێتە خۆشڕابواردن یان خزمەتی ئامانجەکانی خۆشڕابواردن بکا. ئەوان لە هەموو زانیارییەکی ((رشت)) لادەدەن ئەگەر ئاسوودەکەر نەبێ. سزای گۆڕێنی تاکەکان پەیوەندی پشت بەستیان بە هۆکارەکانی راگەیاندن لەو کاتەی تێگەیشتنی کۆمەڵایەتی تێیدا ئامانجێك بوو، بەس بوو بۆ خۆی، کاتێك لێکدانی ئەمجۆرە ئامانجانە بە دوورخستنەوەی خۆشڕابواردن دەبێتە کارێکی پێویست و هەستپێکراودەبێ لەسەر ئاستی ڕێکخراوەکان، و لە کۆتاییشدا لەسەر ئاستی کۆمەڵگە. ئەودامەزراوە  و ڕێکخراوانەی پشت بە هۆکارەکانی راگەیاندن دەبەستن بۆ دوان لەگەڵ بەکرێگیراوەکانیان، ئەوا لەسەریان پێویست دەبێ بۆ نموونە هۆکاری راگەیاندنی نوێ بنیاتبنێن، یان ببنە لێهاتوویی بۆ پەیوەندی گشتی و بەڕێوەبردنی داهێنانی پەیامی راگەیاندنی خۆشڕابواردن. بە تێپەڕینی کات، زیاتر پشت بە سیستەمی هۆکارەکانی راگەیاندن دەبەستن کاتێکیش مرۆڤ بواری سیاسی یان ئایینی و بواری

دیکەی ژیانی هاوچەرخمان دەپشکنێ، ئەوا پرسیاری ئەوە دەکا داخۆ ئەو کاریگەرییە بەڕاستی هەر رووینەدابێ.

## هۆکارەکانی راگەیاندن و کۆمەڵگە:

لە بەشی یەکەمدا نەخشەی چەرخەکانی گەیاندنمان کێشا و بینیمان چۆن هەر سەردەمێکی نوێ لەگەڵ خۆیدا توانای مرۆڤی هێناوە لەسەر دەوڵەمەندتر کردنی کرداری هزرو رێکخستنی خۆیان لە کۆمەڵگا زیاتر و زیاتر ئاڵۆزەکان. هەروەك دەرکەوتنی زمان دەرگای نوێی بۆ خەڵکی کردەوە بۆ دەرچوون لە کۆتەکانی گەیاندن، کە کات و شوێن دیاری دەکا، چونکە گۆڕانی بۆ سیستەمی ئاڵۆزی گەیاندن رێ بە مرۆڤی ئەمڕۆ دەدا لە چوارچێوەیەکی جیهانی تردا خۆیان رێکبخەنەوە.




**شێوەی ۱۱-۳ کاریگەریی شەپۆلدار بۆ گۆڕان لە پەیوەندی پیشت پی بەستنی ئاڵوگۆڕ لە هۆکارەکانی راگەیاندندا**

لە رێی تۆڕی ئاڵۆزی پەیوەندییەکانی پشت بەستنی ئاڵوگۆڕ لەگەڵ تاکەکان، و تۆڕە کەسییەکان و رێکخراوەکان و دانراوە کۆمەڵایەتییەکان، سیستەمی هۆکارەکانی راگەیاندن لە سییەکانی سەدەی رابردوودا پەرەی بەباری خۆی دا، بەو پێیەی شتێکی تاقیکاری نوێیە و سەرنجڕادەکێشێ، بۆ باری هاوچەرخی، بەو پێیەی سیستەمێکی زانیاری پێویستە بۆ بەردەوامی کۆمەڵگەیەکی هاوچەرخ هەروەك ئەمڕۆ رێکخراوە. ئەو رۆڵە کۆمەڵایەتییە

سنووردارانەی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن پێی هەڵدەستن لە کۆمەڵگەیەك بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکە جیاوازە. لە کۆمەڵگای ئەمەریکاییدا، دەتوانرێ نەخشەیەك بکێشرێ بۆ گەشەکردنی مێژوویی بۆ گرنگی سیستەمی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن بە گوێرەی کاری کۆمەڵایەتی، بەپێی زیادبوونی ژمارەو هێزی پەیوەندی پشت بەستن بە ڕاگەیاندن. ئەو جۆرە زیادانە ئەوەمان بۆ دەرەخسێنن، کە ئاشنای ڕۆڵە کۆمەڵایەتییە فراوانەکانی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن بین لە بواری دامەزراوەی سەرەکی لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا. بۆ نموونە پەیوەندی پشت پێ بەستنە بەراییەکان لە سییەکانی سەدەی ڕابردوو گونجاو بوو لەگەڵ سیستەمی ئابووری و سیاسی و لەگەڵ تواناکانی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن و لەسەر ڕێکلامکردن یان دروستکردنی هەواڵ بەو پێیەی سەرچاوەی سەرەکی بوو، بۆ زانیاری، ئەو سەرچاوانەش لە سەرەتادا نە دانسقەبوون و نە نایاب بوون، ئەو هەواڵانەی لەودەمدا دەیانگواستنەوە هێشتا بە چاکترین کەناڵ دادەنرێ، کە خەسڵەتی گەشە و ژیان لەخۆ دەگرێ و لە ڕێگایەوە زانیاری ئابووری و سیاسی بڵاو دەکرێنەوە. هەتا کۆمەڵگای ئەمەریکایی ئاڵۆزتر بێ گۆڕانی ئەو شتانە زیاتر دەبێ، گرنگترینیان بایەخی کۆتی سیستەمی گەیاندنی کەسییە ئەوەی کەوای لەو هەواڵانە کردووە، کە دەمەکان دەیانگوازنەوە بتوانن لە کاتێك لە کاتەکان بمێننەوە. داواکارییە ڕێکخراوەییەکانی کۆمەڵگەی ئاڵۆز کەمتر تواناداربوو بەوەی تەنیا بە گەیاندنە کەسییەکان بگاتە ئەنجام. بە تێپەڕینی کات، سیستەمی گەیاندنی جەماوەری بەربەستی دانا، وای لێهات پێویست بوونەکە هەڵکشانی بەخۆیەوە دەدی بۆ وەدەستهێنانی هاوڕایی لە کۆمەڵگەکاندا و گونجاندنی چالاکییە جەماوەرییەکان و کۆکردنەوەی هاوڵاتیان لە کاتی مەترسی و کێشەکان و شتی دیکەش لە ئامانجە کۆمەڵایەتییەکان. بە واتایەکی دیکە، سەرچاوەکانی زانیاری هۆکارەکانی ڕاگەیاندن گرنگ بوون و نرخیان پتر بوو.بە تێپەڕینی کات، ڕێزبەندی سەرچاوەی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن دەرکەوتن بۆ هەوڵدانی وەدەستهێنانی ئامانجی دامەزراوەکانی دیکە و بەردەوام بەهێزتر دەبوو. سەرچاوەی زانیاری هۆکارەکانی ڕاگەیاندن لە دامەزراوە خۆشڕابواردنەکان، یان بۆ نموونە بۆ بەسەربردنی کاتی دەست بەتاڵی، بووە پێویستییەك بۆ چالاکی، کە وای لێهاتبوو وەرزشی ئەمەریکی دیاریدەکرد وەکو زنجیرەی گەمە زانستییەکان یان یاری بۆلینگی نایاب. ئێستا دەتوانین پشت پێ بەستنی هێزی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن لەسەر سیستەمی خۆشڕابواردن زۆر بەئاسانتر ببینین لە دیاری کردنی قیەم و بنەما ڕەوشتییەکانی ڕۆشنبیری وەرزشی[١٣] و دووبارە دانانەوەی بنەمای یاری تێنس و تۆپی باسکە و هەموو وەرزشەکان هەوڵی گەشانەوە

دەدەن لە ڕێی گەیشتن بە سەرچاوەکانی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن. لە هەموو بوارەکانی دیکەشدا، جا سیستەمەکە سەربازی بێ یان پەروەردەیی یان خێزانی یان ئایینی یان زانستی یان تەندروستی، دەتوانین زیادەکان بە پشت بەستن بە هۆکارەکانی ڕاگەیاندن ببینین، بەهەمان شێوە سیستەمی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن بۆ شێوەیەکی پتر ئاڵۆز پەرەی بەخۆیدا، ئەگەر پێویست بوو پەیوەندی جۆراوجۆر بنیاتبنێ ئەوا بووەتە هۆکاری پێویستی کەمتر یان زیاتر بۆ ئاسوودەیی و مانەوەی.

لە پێناو هەڵسەنگاندنی مەودای ئەو گرنگییەی سیستەمی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن هەیەتی، ئەوا وێناکردنی ئەوەی چ بەسەر ڕێکخستنی ژیانی کەسی کۆمەڵایەتی دادێ کارێکی بە سوودە، ئەگەر هاتوو هەموو شێوەکانی گەیاندنی جەماوەری، ئەوەی کە ئێستا هەمانن لەپڕ بەهۆی هۆکارێکەوە، کە ناکرێ لێکی بدەینەوە، بزر بن. خەڵکی چۆن دەتوانن لەو جیهانە تێبگەن کە تێیدا دەژین و کاردەکەن و یاری تێدادەکەن، ئەگەر هاتوو هەموو هۆکارەکانی ڕاگەیاندن ون بوون؟ کۆمەڵە و ڕێکخراوەکان چۆن دەتوانن ئامانجەکانی تێگەیشتن و کار و خۆشڕابواردن وەدەست بێنن؟ چۆن دەکرێ پارێزگاری لە سیستەم و جێگیری و ڕووداوی گۆڕانی کۆمەڵایەتی بکرێ و خەڵکی کو دەچنە ناو ململانێی نەتەوەیی یان ناوچەیی یان چۆن چارەسەری دەکەن؟ کو گونجان لەگەڵ ژینگەی ئاڵوگۆڕ دروست دەبێ؟ چۆن بەردەوامی بەو مانا هاوبەشانە بدەین کەوا لە کۆمەڵگا ئاڵۆزەکەمان دەکەن کردەنی بن؟ بە دەربڕینێکی کورت: کۆمەڵگاکەمان چۆن وادەمێنێتەوە کە دەیناسین؟.

## بەشی یازدەم


1. For a review of media system dependency theory, see: S. J. Ball-Rokeach, "The Information Perspective," paper presented at the Annual Meeting of the American Sociological Association, Montreal, 1974; S. J. Ball-Rokeach and M. L. DeFleur, "A Dependency Model of Mass Media Effects," *Communication Research* 3 (1976): 3–21; S. J. Ball-Rokeach, M. Rokeach, and J. W. Grube, *The Great American Values Test: Influencing Behavior and Belief Through Television* (New York: Free Press, 1984); S. J. Ball-Rokeach, "The Origins of Individual Media System Dependency: Sociological Framework," *Communication Research* 12 (1985); 485–510; S. J. Ball-Rokeach and M. G. Cantor, eds., *Media, Audience and Social Structure* (Beverly Hills, Cal.: Sage, 1986).
2. Ball-Rokeach, Rokeach, and Grube, *The Great American Values Test.*
3. K. Guthrie, A. Grant, and S. J. Ball-Rokeach, "Media Dependency, Television Shopping and Television Shoppers: Theoretical Significance and Empirical Test," ICA paper, 1988.
4. This is a dimension of the "active audience" that deserves more attention.
5. Ball-Rokeach, Rokeach, and Grube, *The Great American Values Test.*
6. See Ball-Rokeach, "Origins of Individual Media System Dependency," for a fuller discussion.
7. D. S. Solomon, "Health campaigns on television." In D. Pearl, L. Bouthilet, J. Lazar (Eds.), *Television and Behavior: Ten Years of Scientific Progress and Implications for the Eighties*, Vol. 2, pp. 308–21 (Rockville, MD: NIMH (1982).
8. P. Tannenbaum, ed., *The Entertainment Functions of Television* (Hillsdale, N.J.: Erlbaum, 1980).
9. For a discussion of the characteristics of a "natural media exposure situation," see Ball-Rokeach, Rokeach, and Grube, *The Great American Values*

## بەشی دوازدەیەم

## سیستەمی ئەو هۆکارە راگەیاندنانەی دەرکەوتوون

ئەو دەیانەی دوای دەرکەوتنی تەلەفزیۆن هاتن، ژمارەیەکی دڵخۆشکەری تەکنەلۆژیای گەیاندنمان بینی، کە خەیاڵی ئەو کەسانەی وروژاند، کە هەواڵی بەکارهێنانی دەدەن بۆ هێنانە ئارای سیستەمێکی نوێی هۆکارەکانی راگەیاندن. ئێمە بۆ ئەوە تەنیا هەندێك شێوەی سیستەمی هۆکارەکانی راگەیاندنی نوێ دەخەینەڕوو کە پەرەدەستێنن بۆ ئەوەی ببنە هۆکاری راگەیاندنی نوێمان لە دوارۆژێکی زۆر دوورنا.

ئێمە بە گفتوگۆکردن لەسەر تەکنەلۆژیای زانیاری پتر شیمانە بۆ کراو بۆچوونە پاڵ سیستەمی هۆکاری راگەیاندنی نوێ دەست بەم بەشە دەکەین، هەندێك لەو تەکنەلۆژیانەی وەکو کۆمپیوتەری کەسی و سەرەکی، بووەتە خەسڵەتێکی ئاسایی سروشتەکەمان، بەڵام هێشتا بە سەرکەوتوویی نەگۆڕاوە بۆ سیستەمی هۆکاری راگەیاندنی نەتەوەیی، هی دیکەش وەکو تەلەفزیۆنی کابل، کە بە مانگی دەستکرد دەگوازرێتەوە، دۆزراوەتەوە و لە دوارۆژدا دوارۆژێکی چاکی دەبێ، چونکە رەنگە خۆی بگونجێنێ بۆ خزمەتکردنی بەکارهێنانی نوێ لە دامەزراوەی هۆکاری راگەیاندنی نوێدا. شتێکی زیاتریش لەوە هەیە، وەکو تەلەفزیۆنی دوولایەن، و ڤیدیۆتکێس کە هۆکارێکی گەیاندنە نوێنەرایەتی جۆرێکی پتر نوێ دەکا لەو تەکنەلۆژیا گەیاندنانەی کارلێکی ئاڵوگۆڕیان هەیە، کە بە سەرکەوتوویی یان دەگۆڕێ یان ناگۆڕی بۆ هۆکاری راگەیاندن، کە نەك تەنیا رێکخراوە دەوڵەمەند و بەهێزەکان بەکاریدێنن، بەڵکو خەڵکی ئاساییش لە ژیانی رۆژانەیاندا بەکاریدێنن(١).

هەروەك سیستەمی راگەیاندنی جەماوەری هاوچەرخەمان ئەنجامێکی لایەنە کۆمەڵایەتییەکانە و ئەو بڕیار دەدا کام تەکنەلۆژیا دەمێنێتەوە و چۆن پێش دەخرێ بۆ سیستەمی هۆکارەکانی راگەیاندن، چونکە هۆکارەکانی راگەیاندنی داهاتووشمان دەبنە بەرهەمی لایەنە سیاسی، و یاسایی، و کۆمەڵایەتییەکانی دیکە. راستییەکەی نەناسینی هەموو لایەنە کۆمەڵایەتییەکانی ئەوانەی، کە رەنگە هەمووشتیان لەدەست بێ دەمانخاتە

بارودۆخێکی نادڵنیایی. ئێمە باوەڕمان وایە دەزانین کام تەکنەلۆژیا خزمەت دەکا، بەڵام نازانین کام بڕ لە ملیۆنان کۆبوونەوە و جێگۆڕکێ کردنی وەکو هۆکارێکی راگەیاندنی جەماوەری دەردەکەوێ. پاشان، ئێمە ئەو بەشە بەم شێوەیە کۆتایی پێ دێنین کە ئەم کتێبەمان پێی دەستپێکرد: پشکنینی وێنەی نموونەیی هزری کۆمەڵایەتی، چۆن دەتوانێ زانیاریمان پێبدا لە هەوڵەکانی سبەینێماندا بۆ پێشبینیمان لە دامەزراوەی هۆکارەکانی راگەیاندندا.

## کاریگەری کۆمپیوتەر:

بەردەوامی زیابوونی نووسراو بۆ گەشەسەندنی تەکنەلۆژیی بۆ سیستەمی گەیاندنی نوێ بە توانایەکی نوێی سەردەمەکەماندا دادەنرێ، لە کاتێکدا دوای داهێنانی ئامێری چاپ سێ سەدەی پێچوو تا رۆژنامەکان وەکو پێناوێکی گرنگی گەیاندن دەرکەوتن، ئەوا تەنیا **٣٣** ساڵ (لە ١٨٨٨ تا ١٩٢١) بەسەر دۆزینەوەی شەپۆڵەکانی بێتەل لەلایەن هێرتز و دەستپێکی رادیۆی رێکخراو لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا تێنەپەڕی. بە هەمان شێوە هەرچەندە یەکەمین کۆمپیوتەر لە ساڵی ١٩٤٦ (لەسەر بنچینەی تەکنەلۆژیای — تیوب) دروستکرا، ((میکرۆچیبس)) کە پاژی سەرەکییە لەو ئامێرە کۆمپیوتەرە بەهێزەی ئەمڕۆ هەیە، تا ساڵی ١٩٧١ نەدەتوانرا وەدەستبهێنرێ (کاتێك ئارشیان سۆفی بچووك دایهێنا)، ئەوە ئەو کۆمپیوتەرە بچووکەیە کە ئەمڕۆ لە ئۆفیسدا هەیە، یان ئەو کۆمپیوتەرە کەسیەی کە رەنگە ببێتە پاژێکی سەرەکی لایەنی کەم لە هەندێك لە سیستەمە گەیاندنییەکانی دوارۆژدا. دەکرێ جەخت لەسەر ئەو بڕە بکەینەوە، کە هێڵی پەرەپێدان جارێکی دیکە زیادی کردووە، کە تێبینیمان کرد کڕینی کۆمپیوتەر لەلایەن جەماوەرەوە تا **١٩٧٥** دەستی پێنەکرد!

تەنیا کۆمپانیا و حکوومەتەکان، یان ئەو دەستانەی کە پارە و شوێنیان هەبوو لە توانایاندا بوو ئامێری کۆمپیوتەری گەورە ((کۆمپیوتەری سەرەکی)) کە لەسەر بنچینەی تەکنەلۆژیای (تیوب) دروستکراوە بەکاربێنن. لەوکاتەدا، ئەو ئامێرانە شتێکی سەیر و مەزن بوون، توانای ئەمبارکردنیان هەبوو، توانای گونجاندنیشی هەبوو، کە ئەو کات بەڕاستی بە بڕێکی سەرنجڕاکێش دادەندرا لە زانیاری و بەخێراییەکی زۆریش کاری کرد، کە ئەویش سەیر بوو. بۆ نموونە، ئەو زانایانەی فێرببوون چەندین هەفتە یان مانگ بۆ دەرهێنانی هاوکێشەیەك، یان ئەنجامدانی شیکاری ئاماری بەسەر ببەن، لە پڕ ئەوەیان دۆزییەوە، کە دەبێ رێگا و خێراییان لەکارکردن بگۆڕن، بۆ ئەوەی لە چەند خولەکێکدا ئەوە بکەن، کە عادەتەن چەند

هەفتەیەکی دەویّ و بۆ ئەوەی کێبڕکیّ لەگەڵ زاناکانی دیکەدا بکەن، ئەوا پێویست بوو لەسەریان فێری ئەوە بن چۆن ئەو ئامێرەی زانیارییەکان بەکاربێنن کەوا دەردەکەوت لە یەکێك لە فیلمەکانی خەیاڵی زانستی هاتۆتە دەرەوە.

## ئامێری کۆمپیوتەری کەسی:

سەردەمی ئامێری کۆمپیوتەری سەرەکی گەورەی خاوەن (تیوب) کورتخایەن بوو، پێشکەوتنی خێرا لە بچووککردنەوە پاژە پێکهێنەرەکان، و بەرهەمی زۆر، بوونە هۆی کەمکردنەوەیەکی باوەڕپێنەکراو لە رووبەری شوێن و پارەی پێویست بۆ هەبوونی ئامێرێکی کۆمپیوتەر، هەروەك پێشکەوتنی خێرا لە پرۆگرامدا، وای کرد ئامێری کۆمپیوتەر زیاتر ((خۆشەویست بیّ بۆ ئەوەی بەکاری دێنیّ)) و نزیکەی لە نیوەی هەشتاکاندا، ١٥٪ی ماڵە ئەمەریکییەکان کۆمپیوتەری زۆر بچووکیان هەبوو.

لەپاڵ بڵاوبوونەوەی خێرای ئامێری کۆمپیوتەری بچووك-لە سفر بۆ ١٥٪ لە ماڵە ئەمەریکاییەکاندا لە نزیکەی دە ساڵدا- خێراییەکی زۆرمان بینی لە توانا‌داری لەسەر بیرهاتنەوە و ئەمبارکردن، توانا‌داری لە ئەمبارکردنی ژمارەو پەیام، یان هێمای دیکە لە هەزار ((بایت)) یان هێمای تاکی بۆ زانیاری (١ك لە زمانی کۆمپیوتەردا) لە شێوە بنەماییەکانی دیکە بەرزبۆوە بۆ چەند ملیۆن تیپ و هێما (چەند میگا بایتێك) لە کۆتایی هەشتاکاندا، بەم شێوەی ئێستا خاوەن ماڵ یان بەڕێوەبەری کاری بچووك دەتوانن ئامێرێکیان لەسەر مێز بیّ، کە تواناکەی و خێراییەکەی زیاترە لەو کۆمپیوتەرە سەرەکییە گەورانەی بەر لە دوو دەیە بەکاری سەرسووڕهێنەری تەکنەلۆژیای بەرز دادەنرا.

بێگومان ئەم ئاراستەیە بەردەوام دەبیّ، بەزوویی ئامێری کۆمپیوتەری کەسی میمۆرییەکی وای دەبیّ سەودا لەگەڵ بڕێك زانیاری دەکا، کە دەکریّ لای خاوەنەکە هەبیّ، لەگەڵ ئەوەشدا، زیادبوونی لەمجۆرە گرنگن، بەتایبەتی ئەگەر ئەو ئامێرانە بەکارهاتن کە لە سیستەمدا خاوەنی کارلێکی ئاڵوگۆڕی پێشکەوتوو بوون بۆ گۆڕینەوەی زانیاری. بەشێوەیەکی گشتی، هەرچەندە میمۆری کۆمپیوتەرەکە زیاتربا، ئەوا ژمارەی پەیوەند و ئەرکی راگەیاندنیان، کە دەیتوانی جێبەجێیان بکا، زیاتر دەبوو، هەرچەندە ژمارەی ئەو ئەرکانەی کە دەیتوانی لە یەککاتەدا ئەنجامیانبدا زیاتربا، بەکارهێنانەکان زیاتر دەبوون. پاشان، سوودی ئامێرەکە زیاتر دەبوو هەتا ئەرك و خێرایی میمۆرییەکەی و تواناکەی تا رادەیەکی دیاریکراو زیاتر با.

بەڵگە هەیە لەسەر ئەوەی تەنیا بە هەبوونی هەڵبژاردنی ئامێرێکی کۆمپیوتەر، هەتا ئەگەر یەك میمۆری هەبێ، ئەوا پاڵەپەستۆ بەخێرایی زیاد دەبێ بۆ کڕینی ئامێرێك یان زیاتر لە ئامێرە زیادەکان. لە زۆر حاڵەتدا، ئەوانەی لەگەڵ خانەوادەکەیاندا دەژین دەیانەوێ ئەو کارانە ئەنجامبدەن، کە لەسەر کارەوە هێناویەتیانەوە بۆ ماڵ، یان دەیانەوێ ژمێریاری ماڵەوە، یان پەیام، یان ئەرکی کڕین، یان کاری بانکی ئەنجامبدەن، هەروەك منداڵانیش کۆمپیوتەریان دەوێ بۆ جێبەجێکردنی پێویستییەکانی قوتابخانە یان بۆ رابواردن. یەك تاکە ئامێری کۆمپیوتەر، بەچاوپۆشین لە خێراییەکەی یان توانای راکێشانی ناتوانێ سەودا لەگەڵ هەموو ئەو داواکاریانەدا بکا. دواتر، ئەو خێزانانەی زیاتر لە کۆمپیوتەرێکیان هەبوو بەشێوەیەکی بەرچاو دەبینران.

سەرەڕای ئەو واقیعەی، کە دەردەکەوت لەبارەی ئەو بازاڕە بەرفراوانەی ئامێری کۆمپیوتەری کەسی، کە نرخی یەکە لە میمۆری ئامێرەکەدا دابەزی. لەگەڵ ئەوەی ئێستا نرخی ئەو ئامێرە کۆمپیوتەرەی توانایەکی بەرزی هەیە بۆ وەرگرتن کەم نییە، بەڵام دابەزینی بەردەوام لە نرخدا ئاماژەیە بۆ ئەوەی لە داوڕۆژێکی نزیکدا نرخەکەی بۆ زۆر کەسی ئاسایی دەبێ. هۆکارێکی دیکەش هەیە ئەویش ئەو کۆمپیوتەرەیە کە بە رێگەی ((لاساییکردنەوەی کوێرانە)) دروستدەکرێ و بەرهەمهێنانی زیاد دەکا، کە دوای ئەو سیستەمە نوێیەی کۆمپانیاکانی ئامێرەکانی کاری نێودەوڵەتی، یان بەرهەمهێنەرە سەرەکییە ئەمەریکییەکان و ئەوانی دیکەش دایاننا، دەیان جۆری لێ پەیدا بوو. زۆرینەی ئەم جۆرانەش لە وڵاتانی جیهانی سێیەمدان، کە دەتوانێ بە نرخێکی زۆر هەرزان بەرهەمبهێنێ نەك لەبەر ئەوەی کرێی کرێکارەکان کەمێك زیاترە، بەڵکو لەبەر ئەوەی لەسەری نییە بەرهەمهێنانی بنەمایی لە توێژینەوەو پەرەسەندندا پێشکەش بکا، دەستهاتی کۆتاییش بەپێی تێڕوانینی مرۆڤ بۆی یان چاك دەبێ یان خراپ. خاوەنی کارگە گەورەکان بەدەست ئەمەوە دەناڵێنن، بەڵام ئامێری کۆمپیوتەر تا رادەیەك بە رێگا زۆربوونێکی بەهێز دەرکەوت بۆ ئەوەی بۆ خێزانەکان یان سەرکار رەخساوبێ، کە ئەگەر ئەمە نەبووایە بەرگەی نرخەکەی نەدەگیرا.

هەموو ئەو پێشکەوتنانە ئاماژە بەوە دەکەن سەرەنجامی بڵاوبوونەوەی خێرای ئامێری کۆمپیوتەری بچووك بەردەوام دەبێ، ئەو شیمانە پتر بووە لەگەڵ بەردەوام بوونی، کە لە داوڕۆژدا دەبێتە بەردەسیلەی گەیاندنی جەماوەری. دواتر، رێککەوتنێکی گشتی هەیە تەکنەلۆژیای تایبەت بە هۆکارەکانی راگەیاندنی جەماوەری سەرکەوتوو لایەنی کەم لە

دوارۆژدا لەسەر بنەمای ئامێری کۆمپیوتەری کەسی ئەنجامدەدرێ، کە خەڵکی ئاسایی هەیانەو کاری لەسەر دەکەن نەك پسپۆرانی کۆمپیوتەر. هێشتا ڕێژەی ئەو ١٥٪یەی ئێستای ماڵە ئەمەریکییەکان، کە ئامێری کۆمپیوتەریان هەیە، کەمە ئەگەر بەراورد بکرێ بەوانەی ئامێری تەلەفزیۆن و ئامێری رادیۆیان هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا، لادەری هێڵی بەیانی رووە و سەرەوە دەڕوا و وادەردەکەوێ مەزندەکانی شیمانەی دوارۆژ واقیعین، ئەویش ئەوەیە زۆرینەی ماڵە ئەمەریکییەکان لە ماوەی دەیەیەکدا ئەو ئامێری کۆمپیوتەریان دەبێ.

هەروەك لەسەر کەسی ئاسایی سەدەی نۆزدە پێویست بوو پەرە بە توانای خوێندنەوەی خۆی بدا بۆ ئەوەی رۆژنامەی رۆژانە بەکاربێنێ، ئەوا لەسەر خەڵکی ئەمڕۆ پێویستە توانای ((زانیاری خوێندنەوە و نووسینیان لەسەر کۆمپیوتەر)) هەبێ بەر لەوەی هۆکارە راگەیاندنە جەماوەرییەکانی خاوەن بنکەی ئەلکترۆنی دەربکەوێ و سەربکەوێ. هەروەك دەرکەوتنی سیستەمی خوێندنی گشتی پێویستە بۆ پەرەپێدانی خوێندنەوە و نووسین لەسەر کۆمپیوتەر لە نێوان جەماوەردا. لە راستیدا، ئاستی لێهاتوویی داواکراو بۆ بەکارهێنانی ئەو هۆکارە راگەیاندنانەی لەسەر کۆمپیوتەر دروستبوون، لە کەمترین باردا ئاستی توانای خوێندنەوە و نووسینی پێویستە بۆ خوێندنەوەی رۆژنامەکان، خەڵکی پێویستیان بەوە نییە ببنە دانەری پرۆگرامی کۆمپیوتەر زیاتر لەوەی خوێنەری رۆژنامەکان ببنە نووسەری رۆژنامە.

سەرەڕای ئەو جۆرە داواکارییە ئاست نزمانە لە رووی لێهاتووییەوە، ئەوا بۆ خەڵکی بەتایبەتی گەورەکان کارێکی ترسناکە ناچاربن فێری هۆکاری نوێ ببن بۆ ئەنجامدانی کار، لەبەر ئەوەی زۆرێك لە منداڵان بە ئاسایی فێری بەکارهێنانی کۆمپیوتەری بچووك دەبن لە ماوەی خوێندنی ناوەندی و ئامادەیی، ئەوا رەنگدانەوەی رۆڵی تەمەن لە نێوان گەورەکان و منداڵەکانیاندا لەبەرچاو دەگیرێ. ئەو بارە تەقلیدییە هەیە، کە باوکان لێهاتووییان زیاترە لە منداڵەکانیان لە تەکنەلۆژیای راگەیاندنی یەکلاکەرەوە لە کار و یاریکردن و مانەوەدا، زۆربەی کات پێچەوانە دەبێتەوە، بەوەی منداڵان تەنیا ئاسوودەیی دەروونی وەرناگرن لەوەی کە بەر لە باوانیان کۆمپیوتەر بەکاردێنن، بەڵکو لەبەر ئەوەیە منداڵە بچووکەکان ئەو کارە بەر لە براو خوشکە گەورەکانیشیان دەکەن. داتەپین لەو پەیوەندیانەدا دەردەکەوێت، کە ((یەکگری تێدەپەڕێنێ)) لە دەموچاوی زۆر لە قوتابیانی کۆلیژ ئەوانەی لەکاتی پشوودا دەگەڕێنەوە ماڵەوە و بەدەست هەستکردن بە سەرزەنشت کردنەوە دەناڵێنن، چونکە لای تاکەکانی خێزان و براو خوشکە بچووکەکانیان و ئەوانەی لەسەر کۆمپیوتەر دەخوێننەوە و دەنووسن. وەکو

دەینەسوور مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێ. ئەم جۆرە جودابوونەوانە لە نێوان خێزان و ژیانی بنەماڵەییدا کارێکی باوە، بەڵام کاتییە، و لە تایبەتمەندیی شۆڕشەکانی گەیاندنە.

## کۆمپیوتەر لە ئابووری خزمەتکردناندا:

لەگەڵ ئەوەی خاوەنداریەتی ئامێرێکی کۆمپیوتەری کەسی هێشتا نەگەیشتۆتە دوایین خاڵی لادانی هێڵی بەیانی بۆ بڵاوبوونەوە، ئەوا بەکارهێنانی کۆمپیوتەر بەم شێوەیە یان بەوەی دیکەیان بە راستی بووەتە پاژێك و ژیانی رۆژانەی هەموو ئەندامانی کۆمەڵگای نوێ. بەشێوەیەکی گشتیش کۆمەڵگا نوێیەکان بە ((کۆمەڵگای راگەیاندن)) ناویان دێ، ئەوەش نازناوێکە گۆڕانێکی گەورە لە ئابووری چڕ دەکاتەوە، بەگوێرەی کۆمەڵگا پیشەسازییەکان کە بە بەرهەمهێنانی گەورەی کاڵای ماددی وەکو ئۆتۆمبێل یان ماددە رەقەکان دەناسرێنەوە و چوونە ناو کۆمەڵگایەکە ئابوورییەکەی لەسەر بەرهەمهێنان و دابەشکردنی خزمەتگوزاری یاسایی، و حکوومی، و گەشتوگوزار، و خۆش رابواردن، و پزیشکی، و بەڕێوەبردن، و دارایی، و زانستی و سروشتی دەگرێتەوە.

رۆژانە رێژەیەکی زۆر لە دانیشتووانمان پەیوەندی بە کۆمپیوتەرە سەرەکییەکانەوە دەکەن جا ئەمانەن یان نا. ئەو پەیوەندیکردنانەش بە سیستەمی هۆکارەکانی گەیاندنی جەماوەری بۆ گواستنەوەی هەواڵ و رابواردن و شتی لەمجۆرە نییە بە مانا تەقلیدییەکەی لە یەك لایەندا وەکو ژمارەیەکی یەکجار زۆر لەو کەسانە لەخۆ دەگرێ، کە جۆری جیاواز لەو زانیارییانە دەنێرن یان وەردەگرن، کە پەیوەندییان بە کار و خزمەتگوزارییەوە هەیە لە دەوروبەری کۆمەڵگاو دامەزراوە بازرگانییەکان، و شوێنە پیشەسازییەکان، و وەکالەتە حکومییەکان و دامەزراوە پەروەردەییەکان و رێکخراوی دیکەش، جا چ دامەزراوەی تایبەتی خۆی بە کۆمپیوتەری سەرەکی بەڕێوەببا، یان بەشداری لە سیستەمدا بکا بۆ بەشداریکردن لە کات.

بەشداریکردن لە کات رێکخستنی بەکارهێنانی کۆمپیوتەری سەرەکییە لەگەڵ هاوبەشە زۆرەکانی دیکەدا، ئەوەش ناوێکە لە زۆر لایەنەوە کۆن بووە. لە کاتێکدا میمۆری کۆمپیوتەرو سیستەمی پێکردنی کۆمپیوتەر زیاتر پەرەی سەندووە، ئەوا کۆمپانیا دەتوانێ پاژێکی دیاریکراو لە میمۆری تایبەت بکا بە (فایلەکان)، (بنکەی زانیارییەکان) هەروەك دەتوانێ کارەکانی بکا بێ ئەوەی خۆی ناچارکا بە ئەنجامدانیان لە ماوەیەکی کەمدا. لەگەڵ بەکارهێنانی ئامێری ((مۆدیم)) کە ئامێرێکە بەکارهێنانی هێڵی تەلەفۆن یان کێبڵەکانی

(ریشاڵی بینراو) دەڕەخسێنێ بۆ پەیام ناردن، ئێستا تەنیا ئەوەندە لەسەر سوودمەندەکانی ئەو بوارەیە، کە کۆتایی لای ناردن و وەرگرتن پێکبێنن یان بە کرێی بگرن و بە شوێنی دیاریکراوی کۆمپیوتەری ناوەندی بیبەستنەوە.

لە پێناو وەرگرتن و ناردن ((لە رێی کۆمپیوتەری سەرەکی))، بەشداربووەکان نامە بۆ کۆمپیوتەری سەرەکی دەنێرن بە نووسینی لەسەر تەختەی تیپەکانی کۆتایی شاشەکە. لە هەمان کاتەدا، ئەو زانیاریانە لە کۆمپیوتەری سەرەکییەوە پێشوازیان لێدەکرێ، کە لە دووری چەند میلێکە، یان لە شارێك یان وڵاتێکی دیکەیە. هەروەها زانیاری لەسەر شاشەی ڤیدیۆی بەشداربووەکە نیشاندەدرێ، بۆ نموونە گەشتیاران راهاتوون لەگەڵ سەوداکردن لەگەڵ وەکیلەکانی جێگرتنی هێڵە ئاسمانییەکان، کە پەیوەندی بە کۆمپیوتەری سەرەکییەوە دەکەن لە شارێکی دیکەدا. وەکیلەکانی پلیت بڕینیش زانیارییەکان لەسەر ئامێری نووسینی کۆتایی شاشەکە دەنووسن، کە بە سیستەمی مایکرۆییڤ بە هێڵی تەلەفۆنی بەستراوەتەوە، یان هەتا ناردنی لە رێی مانگی دەستکردەوە بۆ ئەو کۆمپیوتەرەی دواتر هەڵدەستێ بە کرداری جوداکردنەوە لە رێی هەموو زانیارییە تایبەت بە ژوانەکان کە ئەمباریان دەکا، بۆ ئەوەی بزانێ داخۆ شوێن ماوە لەو گەشتەی  داوا کراوە، ئەگەر هاتوو وەکیلەکە داواکارییەکەی وەك پێویست ناردبوو، ئەوا کۆمپیوتەر وەڵامێکی خێرا دەداتەوە، کە بەشێوەیەکی بینراو لەسەر شاشەی وەکیلەکە نیشاندەدرێ. لە کاتێك گەیشتنی گەشتیاریش بۆ شوێنی ئارەزوومەند، بە دڵنیاییەوە پەیوەندیکردن بە ئامێری کۆمپیوتەر بەردەوام دەبێ. دەتوانرێ لە رێی تەلەفۆنەوە پەیوەندی بە ماڵەوە یان شوێنی کار بکرێ بە بەکارهێنانی پسوولەی دڵنیایی، بەڵکو رەنگە لە میترۆوە بۆ ئوتێل بە کۆمپیوتەر بەڕێوەببرێ. لەو کاتەی  گەشتیار لە ژووری ئوتێلەکەیدا ئاسوودەیە، دەتوانێ پلیتی سینەما وەدەستبێنێ یان داوای وەخەبەرهێنان بکا لە رێی تەلەفۆنەوە ئەمەش بە قسەکردنی لەگەڵ ئامێری کۆمپیوتەر.

ئەوە تەنیا گەشتیاران نین، کە پەیوەندی بەردەوام ئەنجامدەدەن لەگەڵ فەرمانبەرە خزمەتگوزارییەکان، ئەوانەی کە زانیارییەکان لە رێی ئامێری کۆمپیوتەر لە رێکخراوەکان یان لە سیستەمی هاوبەش رێکدەخەن، بەڵکو ژمارەیەك، کە بەردەوام لە زیادبووندایە لەلایەنە رۆشنەکانی ژیانی رۆژانە ئەمجۆرە پەیوەندیانەی چالاکییە جۆراوجۆرەکان لەخۆ دەگرێ، وەکو: چوون بۆ کۆمەڵگەیەکی بازرگانی ((سۆپەرمارکێت))، یان کارکردن بە پسوولەیەکی دڵنیایی بۆ کڕینی شت لە یەکێك لە فرۆشگاکان، یان وەرگرتنی کارتێکی هاتوچۆ ((سەرپێچی

هاتووچۆ))، یان داهێنان، یان وەدەستهێنانی ڕێپێدان بۆ گیانلەبەرێکی ماڵی، یان گێڕانەوەی بەهای چەکێك، یان هەر کارێکی بانکی دیکە، یان تۆمارکردن بۆ خوێندن لە یەکێك لە کۆلیژەکان.

ئەو بڵاوبوونەوە خێرایەی ئەو جۆرە پەیوەندییە ناڕاستەوخۆیانە لە کۆمپیوتەری بچووك و ناوەنجی و گەورە نوێنەرایەتی کۆمەڵێکی جۆراوجۆر لە گۆڕانێکی گرنگی کرداری گەیاندن دەکەن کە ژیانی رۆژانەی کارەکانی پێ بەڕێوە دەبردرێ، بەر لە دەیەیەك کەمتر خەڵکیشیان بە خەڵکی دیکە دەبەستەوە بۆ راییکردنی مامەڵەکانیان کە لە رێی نووسراو لەناو رێکخراوەکان یان لە رێی پۆستەوە دەناردران، بەڵام ئێستا تاکەکان و رێکخراوەکان و تەواوی کۆمەڵگاکانیش پێویستە بەرێژەیەکی زۆر پشت بە کەسانی دیکە ببەستن لە پیشەی راگەیاندنی نوێدا، ئەوانەی کە پشت بە تۆڕەکانیان دەبەستن لە کۆتایی شاشەکەیان و ئامێری کۆمپیوتەریاندا، ئەو پشت پێبەستنە زیادەی زیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی بە خزمەتگوزارییەکانی راگەیاندن کە لەسەر بنچینەی کۆمپیوتەر ئەنجامدەدرێ، بەشێوەیەکی بێزارکەر روون دەبێتەوە، کاتێك چالاکییەکان دەوەستن، چونکە ئامێری کۆمپیوتەر کەموکوڕی تێکەوتووە.

ئەو گەشەسەندنانە سەرنجراکێشن لە گەشەکردنی ئەو تۆڕانەی بە کۆمپیوتەر کاردەکەن بۆ ناردن و وەرگرتن و ئەمبارکردنی زانیاری، نوێنەرایەتی هۆکاری گەیاندنی جەماوەری ناکا بە مانا تەقلیدییەکەی، چونکە لە زۆر لایەنەوە تەنیا ئاڵوگۆڕی ئەلیکترۆنییە لە شێوەی دیکە بۆ ناردنی زانیاری و ئەمبارکردنی و دووبارە گەڕاندنەوەی، ئەوەی لەسەر مامەڵەی پەڕ و شێوە، و دۆسیە، و دەستکاریکردنی ناوخۆیی تۆمارە نووسراوەکان، یان بەکارهێنانی پۆستەدا دەردەکەوێ. لەگەڵ ئەوەشدا، تۆڕە نوێکان بەشێکن لە سیستەمی هۆکارەکانی گەیاندنی کۆمەڵگاکەمان، و شایەنی وردترین بایەخپێدانن لەلایەن لێکۆڵەران و توێژەران، ئەو گۆڕانەش لە سیستەمی گەیاندنی کۆمەڵایەتی بەشێوەیەکی گشتی کاریگەری لەسەر هەریەك لە تاکەکان و کۆمەڵگەش هەیە، ئەگەرچی بەو شێوەیەش نەبێ، کە لێکۆڵەرانی هۆکارەکانی راگەیاندن عادەتەن لە ((کاریگەرییەکانی)) گەیاندن دەیخوازن.

کاریگەری ئەو گۆڕانکارییە گرنگانە لە گونجاندنی زانیاری لە کۆمەڵگاکەماندا روونە، ئەویش خێراییە زۆرەکەی و وردەکارییە گەورەکەی و تێچووە کەمەکەیەتی. ئەمەش گۆڕانێکی گەورەیە لە پێکهاتەی هێزی کاردا. هەرچەندە ئەمە وەکو ((کاریگەرییەکی)) راستەوخۆی

گەیاندن دەردەکەوێ، ئەوا ئەنجامێکی روونی ئەو گۆڕانکاریانەیە کە روودەدەن. لە راستیدا یەکێك لەو کاریگەریانە بێ کاری پێکهاتەییە (واتە لە پێکهاتەی کاریدا)، یان ئەو بێ کارییەی هەمیشە زیانهێنە بۆ پیشەسازی و پیشەکان. لەم حاڵەتەدا، بەشێوەیەکی کاتی دەست بەرنادرێ لە کرێکارەکان هەتا ئەو کاتەی ئابوورییەکە چاك دەبێتەوە، بەڵکو کار یان پیشەکەیان بە تەواوی ون دەبێ و هەرگیز ناگەڕێنەوە.

بۆ نموونە، رێژەیەکی کەم لە نووسەرەکان داواکراو بوون بۆ ئامادەکردن و گونجاندنی تۆمارەکان، رێژەیەکی زۆر لە کرداری نووسینی ئاست نزم دیارنەمان و نموونەی دیکەی زۆرهەن، کە کەمتر روونن یان کەمتر دەرکەوتوون. تەنگ و چەڵەمەی زۆر هەبوو بۆ ئەو فەرمانبەرانەی نووسەربوون و هێزی کاربوون لەو پیشەسازیانەدا، کە رەنگە هیچ پەیوەندییەکی پێیانەوە نەبێ وەکو فرۆشتنی پارچەکردن، (کە ئێستا دەبێ بەپێی دابەشکردنی نوێی هاتنە ناوەوە بگونجێ، و دروستکردن (کە رەنگە ناچاربێ بەرهەمهێنانی کالای بەکاربەر کەم بکاتەوە کە پێشتر ئەوانە دەیانکڕی، کە لە کارەکانیان دابڕابوون) و خۆشڕابواردن (ئەوەی رەنگە ئێستا بووبێتە شتێکی ناپێویست بۆ ئەوانەی داهاتە داراییەکانیان کەم بۆتەوە) و شتی دیکەش... ئاڵوگۆڕی ئابووری لەمجۆرە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر گەلێك بەشی سیستەمی کۆمەڵایەتی دەبێ، لەناویشیاندا پیشەسازی جلك وبەرگ و بەرهەمهاتووی جیاواز لە جلوبەرگی هەرزانتر و کالای بەکاربراوی دروستکراوی بێگانە، هەروەها پەیمانگا فێرکارییە خێرا وەلامدەرەوەکانی دابەشکردنی هاتنە ناوەوەی گۆڕاو لە کۆمەڵگەدا.

ئاراستەکانی بێ کاری پێکهاتەیی، ئەوەی کە لایەنی کەم گەشەی تۆڕەکانی کۆمپیوتەر بەشێوەیەکی پاژی دۆزینییەوە، بەشێکە لە قۆناغی گواستنەوە بۆ ئابووری خزمەتگوزاری زانیاری. کرێکارە زەحمەتکێشەکان ئەوانەی کرێیان زۆرە یەکەمجار هەستیان بە ئاسانی کاریگەرییەکە کردبوو کاتێك کارەکانیان لە کارگەکانی پۆلای کۆنی پیشەسازی ئۆتۆمبێل لە دەستدا، ئەوان ئێستا ئەوە دەبینن، کە هەلی کار زۆر کەم دەبێتەوە، چونکە پیشەکانیان ئەگەر دەربڕینەکە راست بێ هەناردەکراوە یان بۆ کرێکاری کرێ کەمتر لە وڵاتانی جیهانی سێیەمی پیشەسازی تازە، یان بۆ وڵاتانی پەرەسەندووتر لە بەکارهێنانی کارایی تەکنەلۆژیای لەسەر کۆمپیوتەر وەستاوە. لە دەستدانی ئەو دەسهاتەی کە دەکرا ببەخشرێ تەنیا نەبووە هۆی هێنانە ئارای ئەو چینە بێکارەی کە لە ناوەڕاستی تەم و تومانی ئاڵوگۆڕی

بەجێهێڵدراون، بەڵکو بووە هۆی هێنانە ئارای ئەستەنگ بۆ هەموو ئەو کارانەی کە راهاتبوون لە خزمەتکردنی پێویستی و چێژەکانیان.

لە دیوەکەی دیکەی دراوەکەدا، پسپۆری نوێی دیکە لەبارەی ئەو بەڕێوەبردنەی کۆمپیوتەر بەکاردێنیّ و کارەکان رێکدەخا، و سەودای پیشەسازی و بازرگانی، و بنەمای زانیارییەکان سەریانهەڵدا. کەسەکان لەو پسپۆریانە وای دەبینن، کە پێشبینییەکانیان روونترن و دەسهاتەکانیان زیاتر دەبن، ئەم گەشەکردنەش بۆ خۆی کاریگەری ناڕاستەوخۆی لەسەر کارەکان هەیە، و ئەو هۆکارە راگەیاندنانەش دەگرێتەوە، کە کاڵای خزمەتگوزاری پێشکەشی کرێکاری پلە بەرزتر دەکەن. بەمشێوەیە، لەکاتێکدا کرێکاران جۆرێك لە کار لەدەست دەدەن، ئەوا جۆرێکی دیکە دەبەنەوە.

لە کاتێکدا بەدواداچوونی ئەو هەموو کاریگەریانە زۆر قورسە، بەڵام لە ئەنجامەکانیانیدا زۆر راستەقینەیە. لەسەر ئاستی تاکەکەسی، بەبیّ گومان کەسەکە هەست بە کاریگەری دەکا: تووڕە بوون، داتەپین، لە دەستدانی رێزگرتنی خود، ئەمەش لەوکاتەی لە کارەکەی دەردەکریّ، چونکە ئێستا کۆمپیوتەر ئەم کارە دەکا. لەلایەکی دیکەوە، کاریگەرییەك هەیە، کە دەتوانریّ بە تەواوی ببیندریّ بۆ تاکێك کە پلەی پێشکەوتووی لە لێکدانەوەی زانیاری کۆمپیوتەردا وەدەستهێناوە، و کارێکی کرێی زۆریشی بەهۆی زیادبوونی بەکارهێنانی کۆمپیوتەر دەستکەوتووە.

کاریگەری لەمجۆرە لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتیدا کەمتر دەردەکەون، بۆ ئەوەی لێکۆڵەرەوەی گەیاندن تێیان بگا، ئەوا پێویستە وا تەماشای کۆمەڵگا بکا، کە سیستەمێکی کۆمەڵایەتییە لە قۆناغی گوێزانەوە دایە. لە پێناو ئەمەشدا، ئەوا تێڕوانینی بنیاتی ئەرکی یارمەتیدەر دەبیّ، واتە پێکهاتەی کۆمەڵگە (هێزی کار، سیستەمی پێکهاتنی چینەکان) بە کۆمەڵێك گۆڕاندا تێدەپەڕی، کە سیستەمی راگەیاندن لە راگەیاندنە نوێکاندا شوێنی شێوە کۆنەکان دەگرنەوە. ئەرك و چالاکییە شێوازییەکانی سیستەمی نویّ، لایەنی کەم هەندێك حاڵەتی تێکچوونی هاوسەنگی یان نەبوونی جێگری کۆمەڵایەتی لە کاتی ماوەی گۆڕاندا دروست دەکا (بیّ کاری، زۆربوون یان کەمبوونی کارەکان، ئاژانسەکانی خزمەتگوزاری جۆراوجۆر، زیادبوونی نەبوونی هەست و سۆزی کەسی لە پەیوەندییە مرۆییەکاندا، و گۆڕان لە نیشاندەرە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکان). لەگەڵ ئەوەشدا، لە هەندێك حاڵەتدا، هاوسەنگییەکە دەگەڕێتەوە کاتێك کۆمەڵگە لەگەڵ گۆڕانەکان دەگونجیّ و تاکەکان شوێنێکی شایستە لە سیستەمی نوێدا دەبیننەوە.

به واتایەکی دیکە، دەکرێ شیکاری ئەم جۆرە کاریگەرییە ناڕاستەوخۆیانە لە چوارچێوەی بنیاتی ئەرکی دابندرێن، لە پێناو دۆزینەوەی سروشتی ئەو پاژانەی لە سیستەمی گۆڕاودا دیارکەوتوون، کە تێکچوونی ئەرکی رووددا و چۆنیەتی چارەسەرکردنیشی، یان هەر هەولێك کە بەهۆی هۆکارەکانی گەیاندن و راگەیاندنی نوێ بەگشتی پێشکەشی کۆمەڵگە دەکرێ.

لە شیکاری لەمجۆرەدا، هەتا رەوشتی لادەریش پێویستی بە هەڵسەنگاندن هەیە، کە گۆڕانەکان لە سیستەمی گەیاندمان بۆ گونجاندنی بنەڕەتی زانیارییەکان هاوشێوە و وەك رەوشتی تەقلیدی روویان نەداوە. دۆرکهایم و لێکۆڵەرانی کلاسیکی دیکەش ئەوە پێشبینی دەکەن، کە هەڵاتن لە بڕە دیاریکراوەکەی لادان نییە. لە راستیدا مرۆڤ زۆر پێویستی بەوە نییە دوور بڕوانێ بۆ ئەوەی ئەمە بدۆزێتەوە، ((کەسە دیارەکان)) لێهاتووەکان توانیان بە تێگەیشتنێکی پێشکەوتوو لە ئامێری کۆمپیوتەر دۆسییە ئەلکترۆنییەکان ببەزێنن لە پێناو کۆمەڵە ئەمرازێکی جۆراوجۆر. ئەم چالاکییەش داواکاری پێویستی چەند یاسایەکی نوێی هێنایە ئارا، کە دەرفەتی بۆ پارێزەرەکان رەخساند ئەو شتانەیان زیاتر بێ کە لەسەری رکابەرایەتی یەکتر دەکەن. هەرچەندە، لە پاڵ ئەم جۆرە نموونانەدا، کەمێکی زۆر کەم نەبێ نەتوانراوە لەو چۆنیەتییە بگەین، کە تۆڕەکانی کۆمپیوتەر ئێمەی پێ دەگۆڕن. هێشتا کۆمەڵە لێکۆڵەرەکانی گەیاندنمان سەر قاڵن بە بابەتی زۆر تەقلیدی پەیوەندی بەو ئامێرانەی هۆکارەکانی راگەیاندن هەیە، کە لەناوچوون.

## کۆمپیوتەر و هۆکارە راگەیاندنە جەماوەرییەکان:

ئایا بەکارهێنانی پەرەسەندووی ئامێری کۆمپیوتەری کەسی بەهۆی تاکەکان لە ماڵەوە و بەکارهێنانی فراوانی سیستەمی راگەیاندن، کە لە کۆمەڵگەدا لەسەر کۆمپیوتەر دروستبووە، بەسە بۆ هێنانە ئارای هۆکاری راگەیاندنی جەماوەریی نوێ؟ ئەمە وەکو کارێکی شیمانە بۆ کراو دەرناکەوێ، چونکە بۆ ئەوەی سیستەمێکی نوێمان لە هۆکارەکانی گەیاندنی جەماوەری هەبێ، ئەوا لەسەر کەسەی ئاساییە پێویستە ئامێری کۆمپیوتەر و لێهاتوویی هەبێ بۆ ئەوەی بتوانێ لە ژیانی رۆژانەدا کۆمپیوتەر بەکاربێنێ، هەروەك ئێستا هۆکارەکانی راگەیاندنی دیکە بەکاردێنێ. هەتا ئەگەر خوێندنەوە و نووسینی بە کۆمپیوتەر باوبێ و هەتا ئەگەر لە هەموو ماڵێکدا کۆمپیوتەری کەسیی هەبن ئامێری ناردنی ئاماژەکانی بۆ هێما کۆمپیوتەرییەکان

لەسەر بێ بە شێوەیەك بتوانێ بگاتە تۆڕە فراوانەکان، ئەوا قورسە بتوانێ ئەوە ببیندرێ، کە سیستەمێکی نوێی گەیاندنی جەماوەری بە تەنیا لەو بنکەیەدا چۆن گەشە دەکا.

کرۆکی گەیاندنە جەماوەرییەکان وەك ئێستا پێیان ئاشناین، ئەوەیە پیاوانی کاری پیشەگەر لە پێناو قازانجدا هۆکارەکانی راگەیاندن بەڕێوەدەبەن، بە بڵاوکردنەوەی زانیاری بۆ جەماوەرێکی گەورەو رەگەز جیاواز، نزیکەی لەسەر بنچینەی بەردەوام، بەڵام تۆڕی کۆمپیوتەر کە هەموو خەڵکی لە رێیەوە پەیام بۆ یەکتری دەنێرن، ئەوا جۆرێکی دیکەی تەواو جیاوازە لە کردارەکان. زۆر قورسە وێنای ئەوە بکرێ، کە چۆن بەهۆی زۆرینەی هاوڵاتیانمان بەکارهێنانی ئەو سیستەمە بەردەوام دەبێ و چۆن دەتوانرێ پاڵپشتی دارایی پیشکەش بکرێ، یان ئەو خزمەتگوزاریانە چین، کە پێشکەشی جەماوەرێکی زۆری پەرشوبڵاوی دەکەن. بوونی ئەو خەڵکانەی لە رێی ئامێری کۆمپیوتەری ماڵەوە نامە بۆ یەکتری دەنێرن، لە زۆر رووەوە سوودی کەمی لەسەر ئەو تۆڕە تەلەفۆنە دەبێ، کە ئێمە هەمانە. هەرچەندە لە ناوەندەکانی بەڕێوەبەرایەتی کاردا کە تۆماری یادداشتەکان و پەیامەکان و مامەڵە گرنگەکانی لێیە، سوودی دەبێ. لە راستیدا رێکخراوێکی خاوەن رێکخستنێکی ناوخۆیی لەمجۆرە (وەکو پۆستەی ئەلکترۆنی بە کۆمپیوتەر) بەڕاستی بەکاردەهێندرێ، بەڵام بۆ ئەو بەکارهێنەرە دەرخەرەی کە نامە دەنێرێ بۆ سلاوکردن لە کەسوکاری، یان قسە دەکا، یان داوای ژوان دەکا، یان پرسیار لەبارەی نرخی ((راوند)) دەکا ((جۆرە رووەکێکە دەخورێ))، وادەردەکەوێ تۆڕە فراوانەکە سوودەکانی کەمێك زیاتر دەبن لە تەلەفۆنی ئێستا.

پێشبینییەکی پتر شیمانە بۆ کراو هەیە، ئەویش ئەوەیە هۆکارە راگەیاندنە جەماوەرییە نوێکان، پێشدەکەون بە وا لێکردنی کۆمپیوتەرەکان کە لە شێوەی گۆڕاوی نوێی تەلەفۆنی کێبڵ نزیك ببنەوە. لە راستیدا ئەو بەکارهێنانەی هۆکارەکانی راگەیاندنی تاقیکاری کە ئەو تەکنەلۆژیاییە بەکاردێنێ، بە راستی دەستی پێکردووە.

## تەلەفزیۆنی کێبڵی سەرەکی:

لە بەشی ٤دا بینیمان تەلەفزیۆنی هەوایی لای کۆمەڵە ناوخۆییەکان، کە بەناوی (سی. ئەی. تی. ڤی) یان تەلەفزیۆنی کێبڵ ناسراوە، لە ساڵی ١٩٥٠دا وەکو هۆکارێکی وەرگرتن لە کۆمەڵگا دەشتەکییەکاندا دەرکەوت، بۆ ئەو مەبەستانەی پەیوەندییان هەیە بە بەرز و نزمی سروشتی (وەکو زنجیرە چیا) یان رەهەندە جوگرافییەکان و توانای سنوورداری هەبوو لە

وەرگرتنی تەلەفزیۆن لە هەوادا، تەلەفزیۆنی کێبڵی تا رادەیەك هەرزان و سادە لە رووی هونەرییەوە پەیدابوو. تاوەری وەرگرتن لە ناوچە چیاییەکان داندران بۆ زیاتر بوونی مەودای وەرگرتن. توانای کەناڵەکە و وردی لە وەرگرتنی وێنەکە چاکتربوون، چونکە ناردنی کێبڵ بە رێژەیی وەکو هەوا و گرفتەکانی وەرنەگرتن لە تەلەفزیۆنی تەقلیدی، کە بە هەوادا دەکرا، ئەو گرفتانە کاریگەریان لەسەر نەبوو. تێچووی بنەمایی بۆ گەیاندنی هەوایی تەلەفزیۆنی کێبڵ تا رادەیەك هەرزان بوو، بەهۆی یەك هێڵی کێبڵی، کە چەند لاییەکی هەبوو دەخرایە سەر ستوونەکانی تەلەفۆن کە لە رێگاکاندا هەبوون و بەکارهێنانی ئامێری تەلەفزیۆنی ماڵ وەکو ئامێری وەرگرتن.

سەرەڕای سوودەکانی تەلەفزیۆنی کێبڵ، ئەوا نرخی بەشداریکردن زۆر بەرز نەبووەوە. لەساڵی ۱۹۷٥دا-دوای چارێکە سەدەیەك لە داهێنانی- ۱۲٪ی ماڵە ئەمەریکییەکان بەشدارییان لە یەکێك لە دانراوەکانی سیستەمی تەلەفزیۆن دەکرد، کە ژمارەیان ۳٥٥۰ سیستەم بوو، هەروەکو ژمارەیەکی زۆری ئەو کۆمپانیایانەی سیستەمی کیبڵ بەڕێوەدەبەن ئاماژەیان پێکردووە، زۆرێك لە لێکدەرەوەکان پێشبینی ئەوە دەکەن، کە تەلەفزیۆنی کێبڵ بەخێراییەکی زۆر زیاتر لەوەی کە روویدا بڵاوببێتەوە. لە بەشی ٤دا تێبینی ئەوەمان کرد، کە خەڵکێکی زۆر هەست بەبێ ئومێدی دەکەن لەبەرنامەکانی تەلەفزیۆنی کێبڵ.

وێنە نموونەییەکانی ململانێ یارمەتیمان دەدەن لە تێگەیشتنی هۆیەکی پتر کرۆکی لە لەسەرخۆیی بڵاوبوونەوەکە لەوەی پێشبینی دەکرا، ئەو کۆمەڵانەی دەرکەوتنی کێبڵ هەڕەشەی لە بەرژەوەندییەکانیان کرد، توانیان کۆسپی یاسایی و رێکخراوەیی لە رێگەی گەشەکردنی دابنێن، بۆ نموونە، تەلەفزیۆنی تۆڕە بازرگانییە سەرەکییەکان ((ئێن. بی. سی)) و ((سی. بی. ئێس)) و ((ئەی. بی. سی)) ژمارەیەك خەڵکیش هەوڵیاندەدا تەلەفزیۆنی کێبڵ بکەنە ئامرازێك بۆ گواستنەوەی پرۆگرامی ناوخۆیی بۆ کۆمەڵە ناوخۆییەکان لە رێی نمایشکردنی گەیشتنی بێ بەرامبەر بۆ هاوتای بەرهەمهێنانی کێبڵ بۆ کۆمەڵە لەکاتی ناردنی بەهەوادا، بەڵام ئەو تۆڕە بازرگانییانەی ترسان لە پاڵەپەستۆ بۆ ئەوەی بەرنامە تایبەتییەکانیان پێشکەش بکەن، کە لەسەر بنچینەی کۆمەڵە ئەنجامدەدرا و زیادبوونی کێبڕکێ لەسەر بینەران بووە هۆی کەمکردنی تەلەفزیۆنی کێبڵ، ئەو هەوڵانە و هۆکاری کۆمەڵایەتی دیکە بوونە هۆی لەسەرخۆیی بڵاوبوونەوەی تەلەفزیۆنی کێبڵ بەشێوەیەکی چالاك، لە ساڵانی دواییشدا بەهۆی گەشەسەندنی دیکەوە بەسەریدا زاڵبوون، ئەوانیش: ((داهێنانی کۆمەڵایەتی)) بۆ وێنەی زیادە

یان کرێی بەکارهێنانی کێبڵ لە ١٩٧٢دا و لێکدانی تەکنەلۆژیای مانگەکانی گەیاندن لەگەڵ تەکنەلۆژیای کێبڵەکان لە ١٩٧٥دا. ئەو دوو رووداوە لە توێی گەشەسەندنە دیاریکراوەکان روودەدەن، لە داهاتوودا کاریگەریان لەسەر هۆکارەکانی راگەیاندنمان دەبێ و شایەنی گفتوگۆیەکی کورتە.

## تەلەفزیۆنی کێبڵ، کە بە مانگی دەستکرد دەنێردرێ:

بەباوەڕبوون بەوەی تەلەفزیۆنی کێبڵ رەنگە جەماوەرێکی یەکجار بەرفراوان وەدەستبێنێ ئەگەرهاتوو کەناڵێکی زۆرتر هەبن ناواخنی گرنگ و دانسقە بگوازنەوە و بەشداربووان بتوانن وەدەستی بێنن، کۆمپانیای ((تایم)) دەستی بەناردنی کەناڵی کێبڵ کرد لە بەرامبەر کرێیەکدا، کە بەناوی ((ئۆفیسی ماڵ بۆ پەنجەرەی پسوولە)) (هـ. ب. و) ماناکەشی ئەوەیە تۆ پسوولەی بینینی فیلم لە ماڵەکەی خۆت دەدەی لە بری پەنجەرەی پسوولەی تەقلیدی لە سینەمادا و شرۆڤەکارانی کۆمپانیا باوەڕی خۆیان لە جەماوەری بوونی فیلمی گێڕانەوەییدا دانا لە ناواخنی (هـ. ب. و). ماڵەکانی سەرەتا بۆ کۆمپانیا بێ ئومێدکەربوون، کە دەستکەوتنی سەرنجڕاکێشترین فیلمەکان زەحمەت بوو، هەروەك ئەو کێشانەی پەیوەندییان بە باشی ناردنەوە هەبوو پێشوازییەکی بەپیزی لە ماڵەکان لێکرا. ئەنجامی ئەوە نرخی هاوبەشی دابەزی لەباتی ئەوەی بۆ بڕی داواکراو بەرز ببێتەوە. ئەو شتەی کە وەرچەرخانی لە هەڵوێستەکە دروستکرد، ئەو بڕیارە بوو، کە بە سەرەڕۆییەکی توند دەناسرێتەوە ئەویش بە بەکارهێنانی مانگەکانی گەیاندن بۆ گواستنەوەی بەرنامەکانی تەلەفزیۆن ((ئۆفیسی ماڵەوە بۆ پەنجەرەی پسوولە)) بۆ بەشدارانی سیستەمی تەلەفزیۆنی کێبڵ.

لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا سەردەمی مانگە گەیاندنییە بازرگانییەکان لە ساڵی ١٩٧٤ دەستی پێ کرد بە هەڵدانی مانگی ((وستار-١)) لە ماوەی یەك دەیەدا وای لێهات مانگە دەستکردەکان بوونە شتی بنەڕەتی بۆ هەموو پیشەسازییە گەیاندنییە جەماوەرییەکان، لە ناویشیاندا رۆژنامەکان، و تەلەفزیۆن، و هۆکارەکانی راگەیاندنی ئەلیکترۆنی. هەڵدانی مانگی گەیاندنی ملیۆنان دۆلار (ئێستا ٧٥ ملیۆن دۆلار)ی تێدەچێ، هەرچەندە ئەو وەبەرهێنانە پرەنسیپە بەزوویی بەرهەمی دەبێ، چونکە مانگی دەستکرد نزیکەی ٢٤ ئامێری بێتەل هەڵدەگرێ بۆ وەرگرتن و ناردن، کە بەناوی ((ترانسبوندر)) ناسراوە، دەکرێ بدرێ بە بەشداران لە نموونەی (هـ. ب. و) لە بەرامبەر ملیۆنێك دۆلار لە ساڵێکدا (ترانسبوندر ئامێرێکی

ئەلیکترۆنییە هێماکانی ناردن وەردەگرێ لە شوێنێك لەسەر رووی گۆی زەوی و دەمودەست دەیگۆڕێ بۆ لەرەلەری گونجاو و گەورەیان دەکا، دواتر وەکو هێمای تەلەفزیۆنی کوالێتی بەرز دەیانگەڕێنێتەوە شوێنێکی دیاریکراو) ئاریەلێك هەیە، کە هێماکانی ئەو ئامێرە لە مانگی دەستکردەوە لەسەر شێوە ((سێڵ)) گەورە وەردەگرێ، دەتوانرێ هاوشێوەکەی لە زۆربەی شوێنەکانی گەیاندنی هاوچەرخدا ببینرێن. بەبەکارهێنانی مانگی دەستکرد و ئامێری ((ترانسبوندر)) و ئاریەلی ((سێڵ)) دەتوانرێ دەمودەست بەرنامە تەلەفزیۆنییەکان بە هێمای کوالێتی بەرز لە هەر شوێنێك لە نیوەی گۆی زەوی بۆ نێوەکەی تری بنێردرێ، بە بەکارهێنانی سیستەمی مانگی تایبەتمەند، دەتوانرێ کرداری ناردن بەسەر زەریاکان درێژبێتەوە یان هەتا بە دەوری زەویدا.

لە راستیدا گرنگی مانگەکانی گەیاندن لە پێشکەوتنی گەیاندنی بێتەلی نوێ وەکو گرنگی بروسکەکانە لە پێشکەوتنی رۆژنامەدا، هەریەك لە تەلەگراف و مانگە دەستکردەکان بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش بەسەر دوورییەکاندا زاڵبوون، بەمەش رێدرا بە فراوانبوونی زیاتر بۆ کۆکردنەوە بڵاوکردنەوەی زانیاری بەیەکەوە. لەو کاتەی کارکردنی سیستەمی مانگە دەستکردەکان دەستپێکردووە، ئەو پەندە ((جیهانێکی بچووکە)) مانایەکی دیکەی سەرنجڕاکێشی وەرگرتووە. هەواڵنێران ئێستا دەتوانن رومالکردنی رووداوە رۆژنامەوانییەکان بنێرن، جگە لە کاسێتی ڤیدیۆی وێنەگیراو بە شێوەیەکی راستەوخۆ لە شوێنی رووداوەکاندا، دەتوانرێ لە هەر پنتێکی سەر زەوی بگوازرێتەوە بۆ مانگی دەستکرد و دواتر دەمودەست ناردنەوەی بۆ بەڕێوەبەرایەتییە ناوەندییەکان، کە دەکرێ دووبارە بگوازرێنەوە(رەنگە جارێکی دیکە لە رێی مانگی دەستکردەوە) بۆ جەماوەری بینەرانی هۆکارەکانی راگەیاندن بە قەوارەو بڵاوکردنەوەیەکە وە بگوازرێنەوە، کە پێشتر نموونەیان نەبووە.

وەکو نموونەیەك لەسەر پەرەسەندنی سیستەمی هۆکارەکانی راگەیاندن، مانگە دەستکردەکان گۆڕانیان لە پیشەسازی رۆژنامە گرنگەکان دروستکرد لە ململانێ بەردەوامەکەیدا لەگەڵ رکابەرەکانی بۆ ئەوەی لە ژینگەیەکی گۆڕاودا رکابەری بکا. بۆ نموونە مانگە دەستکردەکان وایان لە پێشکەوتنی رۆژنامە نەتەوەییەکانی وەکو ((دیو. ئێس. ی ئەمرۆ)) کرد بەشێوەیەکی گەورەتر ببنە کرداری. رۆژنامەکان پێشتر دەیانتوانی دیزاینەکان و ناواخن بۆ زاڵبوون بەسەر مەودا دوورەکان دابنێن، وایان لە بابەتی رۆژنامە نەتەوەییەکان کرد

لە ئەمەریکا ببێتە کارێکی نەکردە لەلایەنی ئابوورییەوە، مانگە دەستکردەکانی ناردن هەموو ئەمانەیان گۆڕی.

گۆڕانێکی دیکە هەیە لە پیشەسازی رۆژنامەکاندا بەڵگەیەکی دیکە پێشکەش دەکا لەبارەی گۆڕانی گەشەسەندووی گونجاو، ئەویش: بەکارهێنانی پەیامی ئاژانسەکانی هەواڵگەیاندنە، کە بۆ مانگە دەستکردەکان دەنێردرێن. نموونە لە لۆس ئەنجلۆسدا، ئێستا ئاژانسێکی هەواڵی ڤیدیۆ کاردەکا، جگە لە هەردوو ئاژانسی هەواڵی یونایتد پرێس و ئەسۆشیێتد پرێس و هەواڵنێرە رۆژنامەنووسەکان لە رۆژنامە هاوبەشەکان تەماشای هەواڵەکان دەکەن لەو شاشە ڤیدیۆییەی کە ئاژانسەکە بەڕێوەی دەبا، بەتەواوی وەك ئەوەی تلکس دەخوێننەوە لە هەردوو ئاژانسی (ی. ب) یان (ا. ب) بۆ کۆکردنەوەی چیرۆکە رۆژنامەییەکان، هێشتا زووە تابزانین ئەم داهێنانە سەردەکەوێ، یان ئەنجامەکانی چین، کە لە کوالێتی و قووڵایی رووماڵکردنی رۆژنامەگەریدا روودەدەن. لەگەڵ ئەوەشدا، نموونەیەکی باشە بۆ پیشەسازییەکی نوێ، لە ئەنجامی مانگەکانی گەیاندن گەشەی کردووە، هەروەك ئەوەمان بۆ روون دەکاتەوە چۆن کۆنترین هۆکارەکانی گەیاندنی جەماوەریمان رێگایان دۆزیوەتەوە بۆ بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای نوێ بۆ ئەوەی لە جیهانێکدا بژی، کە نوێترین هۆکاری راگەیاندنی ئەلکترۆنی بەسەریدا زاڵە.

لەو کاتەی تەکنەلۆژیا نوێکان تێیدا دەردەکەون، ئەوا بابەتەکە پێویستی خەیاڵ و ئامادەبوون هەیە بۆ ئەنجامدانی سەرەڕۆیی،  بۆ ئەوەی بگۆڕێ بۆ سیستەمی هۆکاری راگەیاندنی چاکتر یان گونجاوتر. وەك پێشتر تێبینیمان کرد، کۆمپانیای ((تایم)) نمایشێکی تۆمارکرد بۆ پەرەپێدانی تەلەفزیۆنی کێبڵ، ئەمەش لە مانگی دەستکرددا، ئەو خەیاڵەشی هەبوو کە وای لێکرد ببینێ ئەو تەکنەلۆژیایە دەکرێ چۆن بەکاربهێندرێ. ئەو هەنگاوەش بەشێوەیەکی تایبەت بوێرانە بوو، کاتێك دەزانین کۆمپانیای (هـ. ب. و) لەو کاتەدا پارەی لەدەست دەدا، کە مانگی ناردن بە راستی چاککاری لە کوالێتی ناردندا کرد بەشێوەیەك لەسەرووی رێگاکانی ناردنی پێشوو بوو بەهۆی شەپۆڵە وردەکان ((میکرۆیڤ)) رەنگە کۆکردنەوەی لە نێوان فیلمە نایاب و نوێکان لەگەڵ ناردنی کوالێتی چاکتر زیادبوونی سەرکەوتنی کۆمپانیای (هـ. ب. و) لە ساڵی ١٩٧٥وە لێکدەدەنەوە. تێرنەریش دەرکەوت، کە داهێنەرێکی دیکەی بوێرە، کەناڵێکی تەلەفزیۆنی هەیە لە ئەتلانتا لە ویلایەتی جۆرجیای ئەمەریکی. کێبڵ نەك تەنیا سەرکەوتووەکەی ((کێبڵ نیوز نێتوێرك)) یان ((سی. ئێن. ئێن))


هەروەك ئێستا ناسراوە، بەم شێوەیە گومان دەستی پێکرد لەبارەی سەرکەوتنی تەلەفزیۆنی کێبڵی بە پارە، لە بازاڕدا فێری وەرگرتنی بەرنامەکانی تەلەفزیۆن بوون ((بێ بەرامبەر)).

سەرکەوتنی تەلەفزیۆنی کێبڵی خاوەن فەرمانەی زیاد پاڵپشتی سەرەنجامی بڵاوبوونەوەی کێبڵی بەشداربووە سەرەکییەکان کرد، وادەردەکەوێ دوو هۆکار کاریگەرییەکی ئەرێنیان لە خزمەتگوزاری خاوەن فەرمانەی زیاد هەیە، یەکێکیان سەرنجڕاکێشی کۆمەڵەیەکی جۆراوجۆر لە بەرنامەی کوالێتی بەرز، کە ڕێکلامی بازرگانی لەناونەبێ، هەروەك ئارەزووی گەیشتن بەو جۆرە بەرنامانە تێکۆشا بۆ زیادبوونی ژمارەی دانیشتووانی دەشت و شارەکان ئەوانەی ئارەزووی وەدەستهێنانی پەخشی هاوبەشی کێبڵی سەرەکییان دەکرد و بوونە هاوبەشی خزمەتگوزاری فەرمانەی زیاد. هۆکارەکەی دیکە زیادبوونی نرخی تەلەفزیۆنی کێبڵە بەشێوەیەکی گشتی. ئەمەش سەرمایەی پێویستی بۆ کۆمپانیاکانی کێبڵ هێنایەدی بۆ ڕاکێشانی زیاتر و زیاتری کێبڵەکان، بەمەش قەوارەی هاوبەشە چاوەڕێکراوەکانیان زیادی کرد، سەرەنجامی ئەوەش ئەوەبوو، کە خێزانی زیاتر ئامادەبوون و لە توانایاندا بوو ئەو گۆڕانە ئەنجامبدەن لە وەرگرتنی سادە لە هەوادا بۆ کێبڵ.

وەك پێشتر تێبینیمان کرد، کارەکە نزیکەی ٢٥ساڵی خایاند بۆ ئەوەی ١٢٪ ماڵە ئەمەریکاییەکان سیستەمی کێبڵی سەرەکیان هەبێ، دوای داهێنانی کۆمەڵایەتی کێبڵی خاوەن فەرمانەی زیاد، کە بە مانگە دەستکردەکان دەناردرا تەنیا پێویستی بە دە ساڵ هەبوو (١٩٧٥-١٩٨٥) بۆ ئەوەی ئەو ڕێژە سەدییە سێ هەند ببێ. وێنەی بەیانی لە شێوە ١٢-١دا ئەو بەرزبوونەوە سەرنجڕاکێشەی سەرەنجامی بڵاوبوونەوەی تەلەفزیۆنی کێبڵ دەردەخا. لە ساڵی ١٩٨٦دا، نزیکەی ٥٠٪ی ماڵە ئەمەریکییەکان بەشداربوون لە کێبڵ و نزیکەی چل خزمەتگوزاری کێبڵیش هەبوون بە پارەی زیاتر، کە مرۆڤ دەیتوانی بیکڕێ، هەروەك لە نێوان ٧٠ تا ١٠٠ کەناڵی کێبڵ لە هەندێك ناوچە لەبەر دەستدا بوون، (بەڵام نەك هەموویان). پاشان، ئەو پاڵنانەی چاوەڕوانییەکی درێژەی کێشا بە شێوەیەکی گشتی ڕووەو تەلەفزیۆنی کێبڵ دەرفەتی هەڵبژاردنی زیادی بۆ جەماوەری بینەران هێنا، ژمارەیەکی زیاتریش دەروازەی بۆ کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی فیلمەکان و هی دیکەش لەو ناواخنانەی، کە دەکرێ لە تەلەفزیۆن دەربکەون، ڕەخساند.

## سیستەمی پەخشی ڕاستەوخۆی مانگە دەستکردەکان:

سەرەڕای سوودەکانی مانگەکانی گەیاندن بۆ تەلەفزیۆن و کێبڵەکان، ئەوا سوودەمەندەکان (زۆرێك لە پیاوانی کاری تێدایە) سوودیان لەوە وەرگرت، کە ناوی نراوە سیستەمی مانگە دەستکردەکان بۆ پەخشی راستەوخۆ. خاکی ئەمەریکا بەشێوەیەکی زیادبوو پڕ بوو لە سێڵی مانگە دەستکردەکان لەسەر ماڵەکان و لەسەربانەکان (نزیکەی ملیۆنێك لە ساڵی **١٩٨٥**)دا. جیاکەرەوەی یەکەم بۆ وەدەستهێنانی کردارەکانی ناردنی مانگی دەستکردی راستەوخۆ ئەوەیە مرۆڤ دەتوانێ ژمارەیەکی مەزن لە کەناڵەکان (١٢٠ لە دوایین ئامارردا) وەربگرێ، بێ ئەوەی ناچار بێ پارە بداتە کۆمپانیای کێبڵ یان هەر کەسێکی دیکە لە بەرامبەر خزمەتگوزاری ناردن.




**شێوەی ١٢-١ خانووی ئەو خێزانانەی لە کێبڵ هاوبەشن: ڕێژەی سەدەی ئەو ماڵە ئەمریکییانەی تەلەفزیۆنی کێبڵیان هەبوو**

Cabletelevision Advertising Bureauluc, as adapted from the :سەرچاوە
well street journal

قەوارە و تێچووی سێڵەکانی سەربان (نزیکەی ٢٥٠٠ دۆلار بوو لە ساڵی ١٩٨٥) و لە دابەزینە، کەوا دەکا شیمانەی ژمارەی ئەو ماڵانەی کەناڵەکانی مانگی دەستکردی راستەوخۆ وەردەگرن زیاتر بێ. هەرچەندە ئەو خزمەتگوزارییە بێ بەرامبەرە رەنگە درێژە نەکێشێ، چونکە بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی خاوەنانی کەناڵەکان، ئەوانەی کە لەسەریانە پارە بدەن لە بەرامبەر بەکرێگرتنی خزمەتگوزاری مانگە دەستکردەکان هەڕەشە لێکراو دەبێ کاتێك خاوەنی سێڵەکان رادیۆکان بێ بەرامبەر وەردەگرن.

نموونەی ململانێ دووبارە دەگەڕێتەوە سەر شانۆ وەکو رێگایەك بۆ شیکردنەوەی ململانێ لە نێوان خاوەنی کەناڵەکان، و بەڕێوەبەری سیستەمی کەناڵی مانگە دەستکردە سەرنەکەوتووەکان بۆ قەدەغەکردنی خەڵکی بەشێوەیەکی یاسایی لە وەرگرتنی کرداری ناردنی تەلەفزیۆنی مانگە دەستکردەکان، و دوای ئەوەی ئەو شەڕەیان لە دادگاکاندا دۆڕاند، خاوەنی کەناڵەکان بەپێچەوانەی بڵاوبوونەوەی سێڵەکانی مانگە دەستکردەکان هەوڵدەدەن تەشویش بخەنە سەر ناردراوەکانیان تا ئەوانەی سێڵیان هەیە نەتوانن بەبێ کڕینی یان بە کرێگرتنی ئامێری قەدەغەکردنی تەشویش وەریبگرن، بەڵام تا چ رادەیەك ئەو تەشویشە کاریگەری دەبێ لەسەر سەرەنجامی بڵاوبوونەوەی سێڵی مانگە دەستکردەکان لە ماڵەکاندا، ئەوە دواتر دەیزانین، بەڵام تیۆری ململانێی سەرەکی پێشبینی ئەوە دەکا، کە هەندێك دەستکاری لە پیشەسازی کەناڵەکان ئەو ململانێیانە زیاتر دەردەخا.

دەرکەوتنی مانگە کێبڵییەکان و سیستەمی مانگەکانی ناردنی راستەوخۆ نوێنەرایەتی کێشەی زۆر بەیەکداچوو دەکەن لە کەرتە رێکخراوەییەکانی ئابووریی پیشەسازی هۆکارەکانی راگەیاندن، ئەمەش لە زۆر رووەوە سەرەتاکانی پەخشکردنمان بیردەخاتەوە. لێرەدا پرسیاری بنەڕەتی دەورووژێندرێن، وەکو: کێ خاوەنی کرداری ناردنە لە مانگە دەستکردەکاندا؟ ئەکتەران و ئەوانی دیکەش لە ئەندامانی پیشەسازی هۆکارەکانی راگەیاندن چۆن دەتوانن پاداشتی یەکسان لە کارەکانیان و داهێنانەکانیان وەربگرن لە شێوە بڕی ماوە وەکو ئەنجامێکی ناردن بۆ دەرەوە، یان هەر تایبەتمەندییەکی ئابووری دیکە؟ ئایا باڵادەستی تەقلیدی سێ تۆڕە بازرگانییەکە دەوەستێ؟ ئایا تا رادەیەك خاوەنداریەتی سیستەمی هۆکارەکانی راگەیاندن لە دوارۆژدا دەبێتە ناوەندیی؟ تا سیستەمی

کێبڵەکان و مانگە دەستکردەکان لەگەڵ یەکدا بەردەوام بن و گۆڕان، ئەوا ئەو پرسیارانە و زۆری دیکەش شیمانە بۆ نەکراوە لە داهاتوویەکی نزیکدا وەڵامیان بەشێوەیەکی چەسپاو دەستبکەون.

## سیستەمی گەیاندنی خاوەن کارلێکی ئاڵوگۆڕ:

پێشکەوتنێکی دیکە هەیە ڕەنگە یارمەتیدەر بێ لە پێکهێنانی هۆکاری ڕاگەیاندنی داهاتوودا، ئەویش گەشەسەندنی تەکنەلۆژیای گەیاندنی کارلێکی ئاڵوگۆڕە[٢]. کارلێکی ئاڵوگۆڕی بەشێوەیەکی گشتی ئاماژە بەو کردارەی گەیاندن دەکا، کە تایبەتمەندی گەیاندن لە نێوان کەسەکان وەردەگرێ. لە گەیاندنە کەسییەکاندا نێرەر و وەرگر بە نۆرە بەشداری لە ئەدای پیاوی ڕاگەیاندندا دەکەن، و هەموو هاوبەشێك پێدانێکی بەهێز ((feedback)) دەمودەست و بەشێوەیەکی کامڵ لەسەر شێوەی پەیامی زارەکی یان نازارەکی وەردەگرێ. لە ڕاستیدا، هۆکارەکانی گەیاندنی جەماوەری تەقلیدی کارلێکی ئاڵوگۆڕیان نییە، چونکە زیادبوونی گەیاندنی خاوەن یەك ئاراستە ڕێگە بە بینەران نادا پێشکەشی بکەن، یان ڕێگە بە پیاوانی کاری جەماوەری نادا پێدانی بەهێز و کامڵ و دەمودەست وەربگرن، چونکە پیاوانی کاری جەماوەری نازانن بینەران چ دەکەن، یان بیر لە چی دەکەنەوە یان هەست بە چ دەکەن، و ئەندامی بینەریش ناتوانێ دوو دڵی یان خەفەت، یان تووڕەیی یان وورووژاندن یان هەر پەرچەکردارێکی دیکە، کە بۆ سەرچاوە دەگەڕێتەوە دەرببڕێ، ئەمەش نوێنەرایەتی یەکێك لە تایبەتمەندییە سەرەکییە تەقلیدییەکانی هۆکارەکانی گەیاندنی جەماوەری دەکرد.

هەروەها کارلێکی ئاڵوگۆڕی مانای زاڵبوونی ئاڵوگۆڕیشە لەسەر زیادبوونی ناواخنی هۆکارەکانی گەیاندن. بۆ نموونە لە پەیوەندیکردنی نێوان کەسەکان، هاوبەشەکان دەتوانن بە گۆڕینی بابەتەکە یان ڕەزامەندی دەرنەبڕین لەسەر ئەوەی هاوبەشەکەیان دەیڵێ. کاریگەریان هەبێ لەسەر سروشتی گفتوگۆ، هیچ تەکنەلۆژیایەکی نوێی نێوان کەسەکان گەیاندنی جەماوەری هەتا نەیتوانیوە لەم کارلێکە ئاڵوگۆڕە دەوڵەمەندەی پەیوەندیکردنی نێوان کەسەکان نزیکیش ببێتەوە، بەڵکو ئەو جوداکارییە وایلێهاتووە تا ڕادەیەك لێڵی دەوری داوە.

## ئەو سیستەمەی لەسەر بنچینەی تەلەفۆن ئەنجامدەدرێ:

چەند تەکنەلۆژیایەك هەن لەسەر بنچینەی تەلەفۆن ئەنجامدەدرێن، ئێستا بەهۆی کۆمپانیا گەورەکان و زانکۆکان، و کۆمەڵەی نیشتەجێبوون و پیشەییەکان بەکاردێ، ئامانجی ڕێگەدانە بە هاوڵاتیان گفتوگۆ بکەن رابگۆڕنەوە هەریەکەشیان وێنەی ئەوەی دیکە ببینێ، ڕێگەیەکی دیکەش هەیە بۆ بەیەکەوە بەستنەوەی کەسەکان بەهۆی نامەکە دەتوانرێ بنێردرێ و بشهێ، بەهۆی شاشەکان کە نامەکانیان لە کۆتایی شاشەی کۆمپیوتەر دەنووسن. زۆرێك ئەم تەکنەلۆژیایە بە چاکسازی تەلەفۆنی تەقلیدی دادەنێن، چونکە ڕێگە بە زیاتر لە دوو کەس و زیاتر لە دوو شوێن دەدا بۆ ئەوەی قسە لەگەڵ یەکتر بکەن، و ئەو کۆنگرە بینراوانەی لە دوورەوە ئەنجام دەدرێن (ئەمەش نوێ نییە) لە تواناداپە لە هەمانکاتەدا پەیوەندی بە هەموو لایەکەوە بکەی. هەرچەندە لەو کۆنگرانەی بەهۆی کۆمپیوتەرەوە لە دوورەوە دەبەسترێن، دەتوانرێ پەیامەکان بنێردرێن و وەربگیرین بەبێ بوونی هاوبەشەکانی گەیاندن لە شوێنی هەموویان و لە هەمانکاتەدا، ئەو کۆنگرانەی لە دوورەوە و لە رێی ڤیدیۆوە ئەنجامدەدرێن بۆ لایەنێك یان زیاتر بە بەشداریکردن لە گەیاندنەکاندا بەجۆرێك هەریەکەیان لە یەککاتەدا یەکتری دەبینن و گوێشیان لە یەکدی دەبێ.

هەریەك لەو سستمانە بەشێوەیەك لە شێوەکان تەکنەلۆژیای جیاواز بەکاردێنن، هێلەکانی تەلەفۆن خەڵکی لە کۆنگرە بینراوە دوورەکان بەیەکەوە دەبەستنەوە، ئەم جۆرە هێڵانە بە ئامێری کۆمپیوتەر دەبەسترێنەوەو بەکارهێنەرانی لە دوورەوە بە کۆمپیوتەر بەیەکەوە دەبەستێتەوە، و ئەو کۆنگرانەی لە دوورەوە بەهۆی ڤیدیۆوە ئەنجامدەدرێن ئاڵۆزترن: هۆڵی پێویستە، کە وەکو ستۆدیۆ وابێ بە کێبلەکان دەبەسترێتەوە و بە شاشەی تەلەفزیۆنی و ئامێری وێنەگرتن ئامادەکراوە، ئەمانەش داواکارییەکن، کە وا لەبری تێچوو دەکەن یەکجار زۆر بێ. هەروەك ئەمجۆرەی گەیاندنە-دەتوانرێ لێی تێبگەین-بەشێوەیەکی بەرفراوان لە نێوان دانیشتووان بەشێوەیەکی گشتی بڵاونەبۆتەوە، سەرەڕای ئەوەی بەڵگە هەیە لەسەر ئەوەی خەڵکێکی زۆر لە دژی هەر تەکنەلۆژیایەك (وەکو ڤیدیۆفۆن) دەوەستنەوە کە ڕێگە بەوانی دیکە دەدا بیبینن، بەتایبەتی لەوکاتەی، کە هەموو جلکەکانیان نەپۆشیوە یان بەشێوەیەکی خراپ پۆشیویانە، واتە لە بارێکی ((ناشایستەدا))ن، بەم شێوەیە واشیمانە دەکرێ، کە تەلەفۆنی ئاسایی لە داهاتوویەکی نزیکدا لەگەڵماندا بمێنێتەوە.

## هۆکاری ڕاگەیاندنی کارلێکی ئاڵوگۆڕی وەستاو لەسەر تەلەفزیۆن:

لە نێو هۆکارەکانی ڕاگەیاندنی کارلێکی ئاڵوگۆڕی ئامادەکراو بۆ بەکارهێنان بەهۆی کۆمەڵەی گەورە و جۆراوجۆر، کە نوێنەرایەتی جەماوەری هۆکارەکانی ڕاگەیاندنی جەماوەری تەقلیدی دەکەن، کابلفیزیۆنی دوو سەرە لە هەموویان زیاتر دەرکەوتبوو. کابلیفزیۆنی دووسەرە درێژەپێدەری سیستەمی تەلەفزیۆنی کێبڵی ئاسایی بوو کە یەك سەرەبوو، یان کێبڵی مۆنۆلۆگی کە پێشتر لەم بەشەدا قسەی لەسەر کرا، ئەو تەنیا ئومێدی لێکۆڵەرە کۆمەڵایەتییەکانی زیاد نەکرد، بەڵکو لە ژمارەیەك لە شارەکان لە تەواوی جیهاندا تاقیکرایەوە.

دەرکەوتنی کابلفزیۆنی دووسەرە وەکو پەیدابوونی ئەوەی پێشووی، کە یەك سەرە بوو لەسەرخۆ بوو. تەکنەلۆژیاکەشی سادەبوو، بەڵام بڕی تێچووی تا ڕادەیەك زۆر بوو، دوو هێڵ لە کێبڵیماڵەکان پێکدەهێندرێن، یەکێکیان بۆ وەرگرتنی پەیامەکە (هەروەك لە یەك سەرەکەدا بەم شێوەیە بوو) ئەوەی دیکەشیان بۆ ناردن. سیستەمی کابلفیزیۆنی یەکسەرە ((کیوب)) ویلایەتە یەکگرتووەکاندا بەهۆی کۆمپانیای وارنر-ئامیکس پەیدابوو، لە شاری کۆلۆمبسی لەویلایەتی ئۆهایۆ داندرا، وا پێشکەشکرا بەوەی کە هەڵبژاردنێکە لە تەنیشت تەلەفزیۆنی کێبڵی سەرەکی، بەڕاستی زۆر پێشکەوتوو نەبوو، هەر ماڵێك تەختە کلیلێکی ئەلیکترۆنی هەبوو. دوای داواکارییەکی تایبەت لە پێناو وەدەستهێنانی دەروازەیەك بۆ بینەر (بۆ نموونە بۆ ئاماژەکردن بە بڕی سەرسووڕمان یان بێزاربوون لە پەخشەکەی پێشوو) دەتوانرێ لە نێو چەند هەڵبژاردنێکی دیاریکراودا، کە دەتوانرێ لەسەر شاشە ببینرێن یەکیان هەڵبژێری (تا ڕادەیەك لە لیستی هەڵبژاردن دەچێ لە نێوان ڕێکەوتنە جۆراو جۆرەکاندا)، بەپێی ئەمە نامەیەك دەنێرێ کە دەگەڕێتەوە بۆ کۆمپیوتەری ناوەندی. ئەو نامانەی، کە هاتوون بەخێرایی ڕێکدەخرێن تا بینەران ئەنجامەکە بزانن. لەباری نموونەیی کارکردندا، بینەران لە چۆنیەتی تۆمارکردنی بۆچوونەکانیان یان ئەو شتانەی پەسندی دەکەن ئاگادار دەکرێنەوە بە پەنجەدانان لەسەر ژمارەکان لە سفرەوە تا ٩ دوای ئەوەی کۆمپیوتەر بە هەژمارکردنەکانی هەڵدەستێ، ئەوا وەڵامەکان لە ماڵی خانەوادە بەشداربووەکە لە سیستەمی (کیوب)دا دەردەکەون یان دەکرێ وەکو ڕاوەرگرتن لە بارەی بەرنامە پەسندەکان بۆ جۆری بەرنامەکانی داهاتوو بەکاربهێنردرێ.

تایبەتمەندییەکی پتر گاڵتەجاڕی هەیە لەم شێوەیە نوێیەی پەیوەندیکردنی دووسەرە، ئەویش ئەوەیە ئامێری چاودێری تێدایە و دەتوانێ ئەو بەرنامەیە دیاری بکا، کە لە ماڵی هاوبەشەکاندا (کیوب) دەکرێتەوە لە کاتی پێکردنی ئامێرەکە، ئەم تایبەتمەندییە وەدەستهێنانی زانیاری ڕاستەوخۆی لەسەر حیسابی مەزندەکانی بەرنامەکان ڕەخساند (واتە: لە هەموو ماڵە بەشداربووەکان لە (کیوب) و

ڕێژەی سەدی بینینی بەرنامەکان) و بەشی بەرنامە (واتە: لە هەموو ماڵێکی کیوبدا، کە لەو کاتەدا سەیری تەلەفزیۆنی دەکرد لەگەڵ ڕێژەی سەدی بینینی بەرنامەکە).

بێگومان چاودێریکردنی ئەوجۆرە پێشکەوتنانەی زانیاری لە ڕووی داراییەوە بۆ کۆمپانیای وارنر-ئامیکس بەسوود بوو، بەڵام لایەنی تاریکیشی هەیە، چونکە خەڵکی تووشی دڵەڕاوکێیەکی ڕاستەقینەکرد لەبارەی نهێنی چالاکییەکانی خەڵکی لە ماڵی خۆیاندا، شرۆڤەکارە بایەخدارەکان بە پاداشت یان سزا سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی تەکنەلۆژیای نوێ بە هەنگاوی یەکەمیان دانا لە ڕێگەی تەکنەلۆژیای گەیاندن، و بەکاردێ بۆ کۆکردنەوەی ئەو زانیاریانەی ڕەنگە هاوبەشەکە ئارەزووی بە نهێنی هێشتنەوەی بکا. هاوبەشەکان نەیاندەتوانی چاودێرییەکە وەلا بنێن تەنیا بە کوژاندنەوەی تەلەفزیۆن نەبێ. کۆمپانیای وارنر-ئاسێکس پەیمانی بە هاوبەشەکانی ((کیوب))دا، کە هیچ کەسێکی دیکە هەتا لێکۆڵەرانی هۆکارەکانی گەیاندنی جەماوەریش نەتوانن زانیارییە کەسییەکان وەدەست بێنن، وا دەردەکەوێ کە پەیمانەکەی نەشکاندووە، هەرچەندە بەهای ڕەوشتی دەکرێ لە بەرامبەر هەر دەرفەتێك بۆ وەدەستهێنانی قازانج وەلابنرێ. کارەکە پێویستی بە خەیاڵکردنی زۆر نییە بۆ ئەوەی بزانین هەتا ئەو جۆرە زانیاریانەش دەکرێ بەخێرایی بەکاربهێنرێن، بۆ نموونە بۆ زانینی ئەو بینەرانەی ((فیلمی ڕووت)) دەبینن یان بۆ کۆکردنەوە و فرۆشتنی ئەو لیستانە بە پۆستە دەنێردرێن لەسەر بنەمای پەسندکردنی بەرنامە لەبارەی بیرکاری، یان جلوبەرگ، یان ئایین، یان لایەنگیری سیاسی.

تاقیکردنەوەی سیستەمی ((کیوب)) لە ڕووی داراییەوە سەرکەوتوو نەبوو، کۆمپانیای وانر-ئامیکس نزیکەی ٣٠ ملیۆن دۆلاری لە دەستدا لە نێوان ساڵانی **١٩٧٧** و **١٩٨٤**. لە هۆیەکانی زیان لێکەوتنیشی زۆرینەی ماڵە بەشداربووەکان لە ((کیوب))دا بەشدارییان لە هیچ دەرفەتێکی کارلێکی ئاڵوگۆڕی نەدەکرد، کە لە ماوەی هەفتەیەکی ئاساییدا نیشان دەدران. یەکێك لە لێکدانەوەکان بۆ بەشداری نەکردنیان، بەوەی کە بە دەرفەتێکی باش دادەندرا ((بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ ئەو ئامێرە تەلەفزیۆنانەی هەیانبوو)) ئەو سروشتە زۆر سنوورداربوو، کە دەیانتوانی بیڵێن، هەروەك تۆمارکردنی بۆچوون و پەسندییەکان بە داگرتنی ژمارەی سەر تەختەی کلیلەکان بوو، لە کاتێکدا ئەوانی دیکە دەسەڵاتیان هەبوو بەسەر هەڵبژاردنی پرسیار و وەڵام، لە وەڵامدانەوەی ڕاوەرگرتن دەچوو، کە هەرگیز کۆتایی نەدەهات و (ڕەنگە زیرەکانەبێ)، ڕووەو تۆمارکردنی بۆ ئاراستەکردنی پرسیار لەلایەن هەندێکەوە بۆ ئاڵوگۆڕکردنی ڕاکان لە تەلەفزیۆن، و ڕەنگە بە قسەکردن بە تەلەفۆن کۆتایی پێ بهاتبا، بابەتێك بوو بێزارکردنی زۆری تێدا بوو، و شێوەیەکی زۆر نەرمی لە گەیاندن بەرهەم نەدەهێنا، سەرەڕای دواکەوتن لە دەربڕینی ئارەزووکردن لە ئەنجامدانی گفتوگۆ و بەشداریکردنی ڕاستەقینە

تێیدا، هەروەك سنووره هەستییەکانی تەکنەلۆژیا دەیسەپێنێ (بۆ نموونە دەتوانرێ تەنیا دەنگی بەشداربووان ببینرێ، بەڵام دەکرێ بەرپرسەکان ببیندرێن و گوێشیان لێ بگیرێ) یارمەتیدەرن بۆ لێکدانەوەی کەموکوڕی راکێشانی فراوان بۆ ئەو شێوە گفتوگۆ ناڕاستەوخۆیانە، لە کۆتاییدا کۆمپیانیای وارنر-ئامیکس بە شێوەیەکی زۆر بڕی بەرنامەکانی کارلێکی ئاڵوگۆڕی، کە لەسەر سیستەمی ((کیوب)) پێشکەش دەکران کەمکردەوە.

دامەزراوەی لەمجۆرە هەمان چارەنووسیان نەبوو، کابلفیزیۆنی دووسەرە بەو پێیەی، کە پاژێکی سەرەکییە لە سیستەمی زانیاری لە گەیاندنی زۆر پێشکەوتوو کارلێکی ئاڵوگۆڕی لە ژاپۆن (١٩٧٨) و ئینگلتەرا (١٩٨٢) فەڕەنسا (١٩٨٤) داندران و زۆر پێشکەوتووتر و ئاڵۆزتربوون، ئەوەی کە وەزارەتی پۆستە و گەیاندن لە فەڕەنسا بەڕێوەی دەبرد، کە کێبڵێکی لە ریشاڵی بینراو لە بری تەلی مسی بەکارهێنراو لە کاری گەیاندنی کێبلاتی تەقلیدی بەکارهێنا.

ریشاڵە بینراوەکان لە کۆمەڵێك لولەی شووشەی نەرم (وەکو پرچی مرۆڤ) پێکدێ، کە لێدانی روناکی دەگوازنەوە، کە تیشکی لێزەر یان دایۆد بەرهەمی دەهێنێ و لێیەوە رووناکی و پەیامی ناردراو لە رێگەی ئەو جۆرە هۆکارانەوە دەنێردرێ، کە تەشویش ناخاتە سەر پەیامە ئەلیکترۆنییەکان ئەوانەی لە تەلەفزیۆن، و رادیۆ، و تەلەفۆنی گوازراوەی ناو ماڵان یان هی ناو ئۆتۆمبێل و هی دیکەش لە ئامێری گەیاندنی ئەلیکترۆنی دا هەن. لەبەر ئەوەی لە داوی چنراو پێکدێ لەبری تەلی تاك، ئەوا کێبڵی ریشاڵە بینراوەکان دەتوانێ قەوارەیەکی گەورەتر لە پەیام بگوازێتەوە لەوەی کێبڵی ئاسایی دەیگوازێتەوە.

ماڵەکان لە شاری بیارتیزی فەڕەنسی، و شاری دیکەش کە تەلیان تێدایە، بە سیستەمێك ئامادەکراون تەلەفزیۆنی رەنگا و رەنگ و کۆمپیوتەری قەوارە ورد و تەلەفۆنی بەیەکەوە کۆ دەکاتەوە. ئەندامانی خێزان دەتوانن سیستەمەکە بەهۆی کۆمەڵەیەکی جۆراوجۆر لە پەیام بەکاربێنن: کابلفیزیۆنی دووسەر، یان ڤیدیۆفۆن، یان ڤیدیۆتکس (ئەمە دواتر وەسف دەکرێ) یان بۆ کڕین لە دوورەوە، بەرهەمهێنانی حکومی گەورە و پێویست پێکهاتەی ئەو سیستەمەی پێشکەش کرد بە ئومێدی کەفالەتی ئەرکەکان و لێهاتوویی نیشتیمانی بۆ ئابوورییەکانی کۆمەڵگای نوێ کە لەسەر زانیارییەکان وەستاوە.

هەروەك ماڵی سیستەمی ((کیوب))، هەر زوو رەخنەگرانی دوودڵ کرد لەبارەی یادداشت و سزای سیاسی شیمانە کراو، ئەوان دەترسان هەندێك لە حکوومەتەکان ئەوجۆرە تەکنەلۆژیایانە بۆ چاودێری هاوڵاتیان بەکاربێنن، و رێگەکەش ناسراو بوو، بۆ پیاوانی ئاسایش بۆ چاودێریکردنی کڕیاران لە

سوپەرمارکێتەکاندا، یان گەشتیارانی مۆزەخانەکان یان شوێنی گشتی دیکە، دەکرێ رووەو ماڵەکانیش درێژ ببێتەوە. بۆ نموونە ڤیدیۆفۆن رەنگە بەو جۆرە بەکاربێ کە ((ئەو شاشەیەی لە دوورەوە کاردەکا)) لە رۆمانی رۆماننووسی ئینگلیزی جۆرج ئوروێل، کە ((برای گەورە)) جەخت لەوە دەکاتەوە، کە شاشە تەلەفزیۆنە کراوەکان هەموو کاتێك بۆ چاودێریکردنی خەڵکی داندراون تا بزانن لە کاتی ((خەڵوەتی کەسیاندا)) لە ماڵەکانیان چی دەکەن.

چاودێری هەڵبژاردنی پرۆگرام لە سیستەمی ((کیوب))دا بۆ زۆر دوورتر لەمە دەڕوا، بە تواناداری شاشەی ڤیدیۆی ناومالْ ئەوەی ناتوانرێ کۆنترۆڵ بکرێ یان هەتا لەلایەن یەکێك لە ئەندامانی خێزان بکوژێندرێتەوە. ئەو توانا داراییە تەکنەلۆژییە هێشتا نەبووەتە حەقیقەتێکی واقیعی-بەپێی زانیاریمان- بەهۆی ئەو لایەنە کۆمەڵایەتی و سیاسی و یاساییانەی لە دژی کاردەکەن. ئەوەی هەندێکی تووشی دڵەڕاوکێ کردوون ئەوەیە، کە ئەمە هێزە کۆمەڵایەتییەکان لاواز بکا، بەوەی ئەمجۆرە تەکنەلۆژیایانە پۆلیس یان ئاژانسە حکومییەکان یان ئەوانی دیکە بەکاری دێنن بۆ وەدەستهێنانی زانیاری لەبارەی تاکەکان و خێزانەکان، بەڵکو دەتوانرێ بۆ زاڵبوون بەسەر رەوشتیشیان بەکاربهێندرێ. سەرەڕای ئەو لایەنە سەرنجڕاکێشانە بۆ دڵەڕاوکێ، وادەردەکەوێ، کە بە دڵنیاییی شێوەیەك لە دەوروبەری گەیاندنی ماڵیی، کە ((تەلەکانی تێدایە)) دەردەکەوێ، هەرچەندە شێوە دیاریکراوەکەی هێشتا روون نەبووەتەوە.

## ڤیدیۆتکس:

سیستەمێك هەیە تا رادەیەك لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا پەسندکراوە ئەویش ((ڤیدیۆتکس))ە، لە راستیدا ئەوە تەکنەلۆژیایەکی نوێ نییە، ڤیدیۆتکس تەنیا کۆکردنەوەی نوێی هەندێك لەو تەکنەلۆژیایانەیە کە پێشتر گفتوگۆمان لەسەرکردن. مایر (١٩٨٦) وا پێناسەی ڤیدیۆتکس کردووە کە: ((هەر سیستەمێکی ئەلیکترۆنی کارلێکی ئاڵوگۆڕی تێدابێ رێ بەو کەسانە بدا، کە بەکاری دێنن زانیاری بنێرن و وەری بگرن لە ئامێری کۆمپیوتەر یان لە بەکارهێنەرانی دیکەی ڤیدیۆتکس بەهۆی شاشەکە توانای نیشاندانی دەق و وێنەی هەیە))[٣]. ئامێر و پێویستییەکان، کە هاوبەشانی ڤیدیۆتکس پێویستیانە ئامێرێکی تەلەفزیۆنە لەگەڵ تەختە کلیل، کە لەگەڵی دایە (یان کۆمپیوتەری کەسی لەگەڵ شاشەی ڤیدیۆ) بە هێڵی تەلەفۆنی (یان کێبڵ) دەگەیەنرێتە کۆمپیوتەری سەرەکی. ڤیدیۆتکس دەتوانێ لە دوولاوە زانیاری بێنێ، بەجۆرێك سوودمەند دەتوانێ زانیاری وەربگرێ و بینێرێ لە لیستی خزمەتگوزاری زانیاری، کە کۆمپانیای ڤیدیۆتکس پێشکەشی دەکا. لە راستیدا بەشداربووان دەتوانن لە کۆمپیوتەر سوودوەربگرن بە بەشداریکردن لە کات، و لە کاتی داواکردنی

وەرگرتن وەڵامی دەمودەست وەردەگرێتەوە لەوەی لە خزمەتگوزاری زانیاری داوای دەکا. ئەو زانیاریانەی هاوبەشان دەتوانن بە شێوەیەکی نموونەیی هەڵیانبژێرن بریتین لە: هەواڵەکان، و ئەنجامی یارییە وەرزشییەکان، و تۆمارە بانکییەکان، و راپۆرتی بۆرسە، و باری کەش و هەوا، و کەتەلۆکی بازاڕەکان. بە تەنیا دەستلێدان لە داواکارییەکە، داوای زانیاری گونجاوی ئەمبارکراو لە کۆمپیوتەری ناوەندی دەکرێ، بۆ ئەوەی لەسەر شاشەی ڤیدیۆی کۆمپیوتەری کەسیی بەکاربەر یان لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنی ماڵەوە دەربکەوێ.

سوودەکانی ڤیدیۆتکس (بە هەمەجۆری خزمەتگوزارییە راگەیاندنەکانی، و خەسڵەتی کارلێکی ئاڵوگۆڕی دووسەرە) وای لە زۆران کرد، کە پێشبینی خێرا بڵاوبوونەوەی بکەن، هەندێك لە خاوەن کارەکان یارمەتی وەڕاستگەڕانی ئەو پێشبینیانەیاندا بە پێشکەشکردنی وەبەرهێنانی مەزنی پێویست بۆ دەستپێکردن بە خزمەتگوزارییەکانی ڤیدیۆتکس (وەکو نایت رایدر، و تایمز-میرور). هۆکارە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان جارێکی دیکە ئەوەیان سەلماند، کە خاوەنی پێشبینییەکان هەڵەبوون. بەهۆی شێوەی دیزاینکردنی سیستەمی ڤیدیۆتکس بۆ بازاڕی ئەمەریکا، ئەوا خەسڵەتەکانی تواناداری سوودمەند بۆ زانینی کات و ناواخنی ئەو زانیاریانەی وەریدەگرێ، بۆ کەموکوڕی بەشداریکردن لە ڤیدیۆتێکس دەگەڕایەوە.

عەیبێکی روون کۆسپ لە رێگەی بەپێرەوەچوونی ڤیدیۆتێکس هەبوو ئەویش نرخی هاوبەشیکردن بوو، بۆ نموونە لە سیستەمی ڤیدیۆتێکسی ئەمریکیدا هاوبەشەکان دەبووایە ئامێرێکی تایبەت بە وەرگرتن بکڕن، کە سەدان دۆلاری تێدەچوو. توانرا لە رێگەی هەندێك کۆمپانیای ڤیدیۆتێکس (وەکو کۆمپانیای ئۆفیسی پەنجەرەی پلیت بڕ)، و (مایکرۆسۆفت) بەسەر ئەم کۆسپەدا زاڵ بن، کە خزمەتی کۆمپیوتەری کەسی دەکرد لە ماڵەکاندا وەکو ئامێری وەرگرتن. لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ ئەوە بیربخەینەوە، کە تەنیا ١٥٪، خەڵکی ئەمریکا لە کاتی ئێستادا ئامێری کۆمپیوتەری کەسییان هەیە. زۆریان ئامێری ((مودیم)) یان تێدا نییە بۆ بەیەکگەیاندنی کۆمپیوتەرە تایبەتەکان لە رێگەی ئامێری تەلەفۆن بە سیستەمی ڤیدیۆتێکس.

هۆکارێکی دیك هەیە بۆ زاڵبوون بەسەر ئاریشەی تێچووەکان، ئەویش پێدانی ئامێری وەرگرتنە بەخەڵکی بێ بەرانبەر، ئەوەش شێوازێك بوو حکوومەتی فەرەنسی بەسەرکەوتوویی بەکاریهێنا، و سیستەمی ڤیدیۆتێکسی فەرەنسی —تلیتل- کە حکوومەت خاوەنی بوو تا رادەیەکی زۆر دەگەڕێتەوە بۆ چاودێری حکوومەت بە پارە، کە ساڵانە بڕەکەی لە نێوان دوو تا سێ ملیۆن دۆلار بوو. حکوومەت تەنیا بەوە نەوەستا کەرستەکان بەخۆڕایی دابەش بکا، بەڵکو وەبەرهێنانی لە پارە و کرێی

ماندووبووندا کرد بۆ پێکەوە بەستنەوەی سیستەمی ڤیدیۆتێکس بە سیستەمی تەلەفۆنی، کە خۆی خاوەنی بوو. فەڕەنسییەکان بەگۆڕینی ڕێنوێنی تەلەفۆنی بۆ خزمەتگوزاری ڤیدیۆتێکس جەماوەری بەکارهێنەریان زیاتربوو، وا چاوەڕوان دەکرا ترسی چاوەڕوانکراوی خەڵکی کەم ببێتەوە لە بەکارهێنانی ئامێری کۆمپیوتەر دوای وەدەستهێنانی ئاستێکی دابەزیو لە لێهاتوویی بۆ دیاریکردنی شوێنی هەر ژمارەیەکی تەلەفۆنی لە ڕێی ڕێنوێنی ڤیدیۆتێکس. بەسەرکەوتن بەسەر ئەو کۆسپە، شیمانەی بەکارهێنانی خزمەتگوزارییەکانی ڤیدیۆتێکس لای جەماوەر زیاتربوو. دەکرێ بەکارهێنانی فراوانی ئەو خزمەتگوزارییە زیادانە ببنە هۆی بەکاربردن و دانەوەی تێچووی وەبەرهێنانی بنەڕەتی و وەدەستهێنانی قازانج بۆ حکوومەتی فەڕەنسی بۆ ماوەییەکی درێژ.

لە کاتێکدا حکومدان لەسەر ئەوە هێشتا بە شێوەیەکی تەواو نەزاندراوە، وا دەردەکەوێ کە قۆمارکردنەکەی حکوومەتی فەڕەنسی قازانج وەدەست دەهێنێ. تەنیا دوای چوارساڵ لە دەستپێکردنی پرۆگرامەکە، ئەوا دەستهاتی سەرەکی، کە یارمەتییەکانی ڕێنوێنی خزمەتگوزاری ڤیدیۆتێکس بوو بە کەفیلی، لەگەڵ ویست لە بەکارهێنانی سێ خزمەتگوزاری زیادی ڤیدیۆتێکس، بووە هۆی ئەوەی بەرپرسەکان پێشبینی گەڕانەوە تەواوی تێچووەکانی نزیکەی دوو ملیۆنی کۆتایی ڤیدیۆتێکس بکەن، کە بێ بەرانبەر بەخەڵکی بەخشرابوون. شکستی دەرکەوتنی ڤیدیۆتێکس لە ویلایەتە یەکگرتووەکان و لە ناوەندەکانی دیکەدا لەسەر ئاستی نەتەوەیی (بۆ نموونە: ئینگلتەرا، کە بۆ یەکەمین جار ڤیدیۆتێکسی تێدا تاقیکرایەوە) دەگەڕێتەوە بۆ کەمی جۆری یارمەتییە ئابوورییەکان کە فەڕەنسییەکان پێشکەشییان کردبوو. بەدەربڕینێکی دیکە یەکێك لە هۆکارە کۆمەڵایەتییە سەرەکییەکانی بڵاوبوونەوەی ڤیدیۆتێکس، مەودای بەپیرەوەچوونی حکوومەتەکانە بۆ سیستەمی ڕاگەیاندنی نوێ.

بەڵام ڤیدیۆتێکس وەکو شێوەیەك لە شێوەکانی گەیاندن، ئەویش هەندێك کەموکورتی دارایی هەبوون، کە ڕەنگە ببێتە هۆی زوو پێ ڕازینەبوونی خەڵکی، هەتا ئەگەر ناچارنەبن بڕی پارە زۆر بدەن بۆ وەدەستکەوتنی کەرستەی پێویست. بۆ نموونە لەسەر هاوبەشەکان پێویست بوو لە دیار ئامێری وەرگرتن دابنیشن بۆ ئەوەی تەلەفۆن بکەن تا زانیارییان دەست بکەوێ. سەرەڕای ئیعتیباراتە ئابوورییەکان، ئەوا ئەگەر هەمان زانیاری بتوانرێ لە ناوەندی دیکەی پتر توانادار بۆ گواستنەوە، وەکو ڕۆژنامە یان ئامێری ڕادیۆ، وەدەستبێ، ئەوا خەڵکی ڕەنگە بەکارهێنانی ڤیدیۆتێکس ڕەتبکەنەوە سەرەڕای کارلێکە ئاڵوگۆڕەکەی و ڕەنگە هۆکاری ڕاگەیاندنی وا بەکاربێنن، کە دەکرێ لە هەموو شوێنێکدا، لەناو ماڵ و لە دەرەوەدا، بەکاربهێندرێ.

ئاریشەیەکی دیکە هەیە پەیوەستە بەزەحمەتی، پێویستە بەر لەوەی شیمانەی ئەوە بکرێ کە پێی قایلن لەسەر ئاستی جەماوەری لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا چارەسەر بکرێ، ئەویش پەیوەندی بەهێلە وردەکان هەیە لە نێوان زانیارییە یەکجار گشتییەکان و ئەوانەی کە زۆر دیاریکراون. ڤیدیۆتێکس تایبەتمەندی خزمەتگوزاری راگەیاندنی خاوەن خەسڵەتی کەسیی پێشکەش دەکا، بەو واتایەی بەشداربووەکان تەنیا دەتوانن داوای ئەوە بکەن، کە دەیانەوێ لە نێوان کۆمەڵەیەکی فراوان لەبنەکەکانی زانیاری، رەنگە توانای زاڵبوونیان زۆر زیاتر بێ بەسەر ئەو ناواخنانەی دەیگوازنەوە لە چاو زاڵبوونیان بەسەر گەیاندنی جەماوەری خاوەن یەك ئاراستە، هەرچەندە زۆرینەی زانیارییەکانی بەردەستمان رەنگە هەرگیز بایەخیان بۆ هاوبەشێك نەبێ (بۆ نموونە: راپۆرتەکانی بۆرسە، و راپۆرت لەبارەی پێکانی یاریزانێکی تۆپی پێ، یان دوایین نوکتە)، واتە ئەو زانیارییانەی گرنگن رەنگە بەو قووڵییەوە پێشکەش نەکرێن، کە پێویست بن بۆ تێرکردنی پێویستییەکان، ئەمەش لە بواری ناواخنی رەخساو و لە قووڵاییدا بەیەکەوە.

کێشە لێرەدا ئەوەیە خزمەتگوزاری زانیاری تایبەت ناکرێ بەبێ بوونی ژمارەیەکی زۆری تا رادەی پێویست لە کەس هەبن، کە ئامادەی پارە دانن لە پێناویدا. ژمارەیەکی زۆر کەم هەن پێویستییان بەجۆرێکی دیاریکراوی زانیاری هەیە، بەجۆرێك پاراستنی بنکەی زانیارییەکان لێی لە لایەنی ئابوورییەوە کارێکی نەکردەیە، وەکو بنکەی پێشکەشکردنی نوێترین زانیاری بۆ راوکردنی ماسی سەلمون، یان دەرفەتی سەرکەوتن لە ناوچەی جودای وڵاتدا، ئەمانە ئەو زانیاریانەن، کە بەکارهێنانی گەرم و گوڕ لە نێوان ئەوانەی ئارەزووی ئەو وەرزشە دەکەن دەدۆزێتەوە، بەڵام ژمارەی گشتی سوودمەندەکان لە تەواوی وڵاتدا رەنگە چەند هەزارێك بێ، لە کاتێکدا تێچووەکانی وەدەستهێنانی زانیاری و نوێکردنەوەیان بە شێوەیەکی بەردەوام رەنگە زۆر گران بێ.

وەڵامێکی روون بۆ ئەو کێشەیە نییە، تەنیا بە هەندێك رێگای جێگرەوە نەبێ بۆ پارەدارکردنی بنکەی زانیاری زانیارییە تایبەتکراوەکان. گەورەترین خزمەتگوزاری ڤیدیۆتێکس ئێستا لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا کە ((کۆمپیۆسیرڤ))ە، هێشتا تەنیا نزیکەی **٢٧٥** هەزار هاوبەشی هەیە و زۆرێك لەوانە لەسەر کارن نەك لە ماڵەکاندا.

وەرچەرخانی تەکنەلۆژیای کارلێکی ئاڵوگۆڕی بۆ سیستەمی هۆکارەکانی راگەیاندن لە قورسترین کێشەکان بۆ هەوڵدان لە هەڵسەنگاندنی گرنگی تەکنەلۆژیای نوێ، پێشکەشکردنی پێشبینی وردە لەوەی بگۆڕێ بۆ سیستەمی گەیاندنی جەماوەری، چونکە داهێنانی تەکنەلۆژی بۆ خۆی زەمانی ئەوە ناکا هیچ سیستەمێکی گەیاندن لە دەوری هەبێ. هەندێك لەوانەی وا دەردەکەوتن قەدەریان وایە

ببنە هۆی بوونی سیستەمێکی گەیاندنی بێ کەموکوڕی کە جەماوەر راست وەریدەگرێ، هیچ جەماوەرێکی وەدەستنەهێناوە. بۆ نموونە تواناداری تەکنەلۆژی بووەتە هۆی ئەوەی چاودێران پێشبینی بڵاوبوونەوەی سیستەمی کابلفزیۆنی دوولا و ڤیدیۆتێکس بکەن زۆر لەوە خێراتر، کە تائێستا لەویلایەتە یەکگرتووەکاندا روویداوە.

هەریەك لە پیاوانی کار و لێکۆڵەرانی گەیاندن هەوڵی زانینی ئەوە دەدەن، بۆچی هەندێك تەکنەلۆژیا بە سەرکەوتوویی گەشەیان کردووە بۆ سیستەمی گەیاندنی جەماوەری، بەڵام هەندێکی دیکە هەرگیز برەویان نەبووە. بۆ نموونە رۆژنامە و تەلەفۆن کاتێکی زۆریان پێچوو تا بڵاوبوونەوە، لە کاتێکدا فیلم و رادیۆ و تەلەفزیۆن بەخێرایی بڵاوبوونەوە... بە دروستی چ بەسەر ئەم هۆکارانەی راگەیاندندا هاتووە، بارودۆخی کۆمەڵگا لەو کاتەدا چۆن بووە، کە بووەتە هۆی ئەو هاوکێشە جیاوازانە لە بەپێرەوەچوون؟

بەمشێوەیە، بە شێوەیەکی گشتی روون دەبێتەوە، کە نوێترین تەکنەلۆژیاکان دەگۆڕێن یان نا، بۆیە سیستەمەکە بەکارهێنانێکی فراوان وەردەگرێ بەهۆی کاریگەری خێزان، یان سیستەمی سیاسی، یان ئیعتباراتە ئابوورییەکان، یان قوتابخانەکان، یان داواکاری سەربازەکان، بارودۆخی دیکەش کە رێکخستنی سیستەمی جەماوەری راگەیاندنی ئێستای ئێمەیان پێکهێناوە. ئەم ئەنجامە جارێکی دیکە ئاماژە بە یەکێك لە پرسیارە یەکلاکەرەوەکان دەکا لە لێکۆڵینەوەی هۆکارەکانی گەیاندنی جەماوەری کە لە (بەشی ١) دا خرایەڕوو، ئەویش: ئایا کاریگەری کۆمەڵگە لەسەر هۆکارە جەماوەرییەکەی چییە بۆ راگەیاندن؟ پێشبینیکردنی تەکنەلۆژیایەك کە شیمانەی ئەوەی هەبێت ببێتە سیستەمی گەیاندنی جەماوەری تەواو گەشەکردوو کارێکی نەکردەیە تەنیا لە رێگەی لێکۆڵینەوەی فراوانی ناوەندی کۆمەڵایەتی و ئەو رێگەیەی هۆکارەکانی راگەیاندنی پێ پێکدێ.

وەکو هەوڵێك بۆ پێشبینی کردنی سیستەمێکی هۆکارەکانی راگەیاندن شیمانەی ئەوەی هەبێ لە داهاتوودا جێبەجێبکرێ و چۆنیەتی لە خۆگرتنی هەندێك گەشەسەندنی تەکنەلۆژی کە بەم دواییانە خرانەڕوو، ئەوا ئێمە دەتوانین تا رادەیەك باوەڕ بە بڕێکی دیاریکراوی سەرەنجامەکان بکەین، یەکێکیان ئەوەیە کۆمپیوتەری کەسی وادەردەکەوێ بە رۆڵێکی زیاتر هەڵدەستێ لە هەر سیستەمێك بۆ کارێکی ئاڵوگۆڕ، کە لە داهاتوودا دەردەکەوێ، سەرەنجامی دووەمیش ئەوەیە: تا ئەوە دەرەخسێ، کە ناوەڕۆکی ئەو سیستەمە بە شێوەیەکی پتر نزیکبووەوە لەگەڵ بەرژەوەندی و پێویستی و ئامانجەکانی کەسیی بگونجێ بۆ ژمارەیەکی زۆری هاوڵاتیانی ئاسایی و لە هەمانکاتیشدا بتوانێ لە رووی داراییەوە بمێنێتەوەو گەشە بکا، ئەوا ڤیدیۆتێکس یان هاوشێوەکانی، پێشبینی ناکرێ بەخێرایی گەشە

بکەن. بێجگە لەوە، مانگە دەستکردەکان بەکارهێنانی زیاتریان دەبێ کاتێك بەکێبڵ بەراورد دەکرێ ئەوا موژدە هێنەر دەبێ بۆ فراوانکردنی کەناڵە بەردەستەکان بۆ خێزانە ئاساییەکان، کێشە لێرەدا ناواخنە نەك تێچوو. ئەگەر سەد کەناڵ هەبێ، کە هەر ئامێرێکی تەلەفزیۆنی بتوانێ وەریبگرێ، ئەو کات چی پیشان دەدرێ؟ کێبڵ لە کاتی ئێستادا - لەگەڵ هەڵاوێرکردنێکی کەم- تێکەڵێیەکە لە کۆمەڵێك بەرنامە لە نێوان کوالێتی جوانی دابەزیو و چاکی پتر دابەزیودا دێ و دەچێ، ئەمەش کارێکە دوودڵی لای زۆرێك لەو چاودێرانە دروست دەکا، کە بایەخ بە سیستەمی ئەمریکی دەدەن بۆ هۆکارەکانی گەیاندنی جەماوەری، بەتایبەتی کاتێك درك بەوە دەکەن، کە ئەو تەکنەلۆژیا نوێیە دەرکەوتووانەی هێشتا پێشدەکەون وا دەردەکەوێ بۆ دوو هێندکردنی بەرنامەی زۆرانبازی و پێشبڕکێی پرسیارەکان، و ڤیدیۆرۆك، و نواندنی بانگەشەیی بۆ ڕێکلامکردنی بازرگانی بەکاردەهێندرێ، کە دەکرێ خێزانی ئاسایی دوو هێند یان سێ هێند وەدەستییان بهێنێ.

هەیە باوەڕی بەوە هەیە، کە هۆکارە راگەیاندنە سەرکەوتووەکانی داهاتوو بنکە تەکنەلۆژیەکەیان هەرچییەك بێ لەسەر هەمان ئەو بنەمایانە بەڕێوەدەبرێن، کە هۆکارەکانی راگەیاندن لە رابردوودا پێیانەوە بەڕێوەدەبران. لە کۆمەڵگەیەکدا کە پاڵنەری قازانج بڕێکی بەرزی هەیە و سیستەمی ئابووری بنەڕەتی سەرمایەدارییە، وا دەردەکەوێ هەر گۆڕانێکی بنەڕەتی لەو بنکەیەدا شیمانە بۆ نەکراوە. هەروەك بەلایەنی زۆرەوە هۆکارەکانی راگەیاندن یان بە ڕێکلامەکان (وەك لە رۆژنامە و رادیۆ و تەلەفزیۆنەکانی ئەمڕۆدا دەیبینین) یان فەرمانەی راستەوخۆی ناواخنەکان (وەك ئەوەی ئێستا لە تەلەفزیۆنی کێبڵ، و خزمەتگوزاری فەرمانەی زیادە، و کتێب، و فیلمی سینەمایی) پاڵپشتی لێدەکرێ. ئەوەش مانای ئەوەیە ناواخنەکانی یان دەبێ پێشکەشی ملیۆنان لەو جەماوەرە بکرێ، کە ڕێکلامکەرەکان بۆ گەیشتن پێیان پارە دەدەن، یان بۆ جەماوەرێکی بچووکتر لەو کەسانەی وا دادەنێن ناواخنەکان بۆ ئامانجە کەسییەکانیان زۆر گرنگن تا ئامادەبن بۆ پارەدان.

هەموو ئەو ئیعتیباراتانە بە شێوەیەکی راستەوخۆ ئاماژە بەتیۆری پشت پێ بەستنی ئاڵوگۆڕی هۆکارە راگەیاندنییە تاکییەکان دەکەن، کە لە بەشی حەفتەمدا گفتوگۆی لەسەر کرا. لە راستیدا ئەو رکابەرییەی داهێنەر و تەکنەلۆژیا نوێکان ڕووبەڕووی دەبنەوە، ئەوەیە کە پلان بۆ سیستەمی هۆکارەکانی راگەیاندن دابنێن نەك تەنیا بۆ تێگەیشتن و ئاراستەکردن و خۆشرابواردنی تاك، بەڵکو ئەمە پێویستە بەرێگەیەکی پتر سەرکەوتوو لە جێگرەوە راگەیاندنییە پتر تەقلیدییەکان ئەنجام بدا، ((دروستکردنی تەڵەیەکی باشتر بۆ مشك)) کارێکی ئاسان نییە، کە سیستەمی هۆکارەکانی راگەیاندنی سەرکەوتوو لە داهاتوودا لەسەری پێویست دەبێ، کە کۆمەڵەیەکی چاکتر لە ناواخنی

گونجاو، و تێچوو، و ئاسانی دەست پێگەیشتن پێشکەش بکا، زیاتر لەوەی ئێستا خەڵکی لە ئامێری تەلەفزیۆن، و رادیۆ، و فیلمەکان، و ئامێری دەنگی بەرجەستە ((ستریۆ))، و رۆژنامەکان، و کتێب و گۆڤارەکان وەدەستی دێنن. هەروەك پێویستە لەسەر پلاندانەرانی هۆکارەکانی راگەیاندنی نوێ کۆتی بنەما و دامەزراوەکان بخەنە ئەستۆیان و پلان بۆ سیستەمێك دابنێن، کە لەگەڵ سیستەمی ئابووری و سیاسی و ئەوانی دیکە لە دامەزراوەکان بڕوا.

بۆ نموونە ئەو هۆکارە راگەیاندنانەی حکوومەت یارمەتییان دەدا، دەتوانێ کار لە هەندێك کۆمەڵگەدا بکا (وەکو ڤیدیۆتێکس لە فەڕەنسا)، بەڵام ناتوانێ ئەمە لە هی دیکەدا بکا، بنکەو دامەزراوە ئەمریکییەکان رێگری دەکەن لە بەشداریکردنی حکوومەت لە بەڕێوەبردن و خاوەندارێتی سیستەمی هۆکارەکانی راگەیاندن، بەجۆرێك کارەکە لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا وا دەردەکەوێ کە هیچ چارەسەرێکی نییە. پاشان، هەرچەندە ئایندە کەرستەی نوێ بێنێ، ئەوا ئەو سیستەمەی هۆکارەکانی راگەیاندن کە دەردەکەوێ بێگومان زۆرترین تایبەتمەندییەکانی هۆکارەکانی راگەیاندنی جەماوەری راگەیاندنی پێشوومان پێشکەش دەکا. بەواتایەکی دیکە، بەراستی کۆمەڵگە هۆکارەکانی راگەیاندنی خۆی دروست دەکا، سەرەڕای پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا، کە دەکرێ لە هەر قۆناغێکی دیاریکراودا وەدەست بهێندرێ.

لە ئاستی تیۆریی رووتدا، ئەو نموونانەی، کە لە بەشی یەکەمدا گەنگەشەیان لەسەر کرا، یارمەتیدەرمان دەبن بۆ تێگەیشتن لەوەی بۆچی هەندێك سیستەمی جەماوەری شیمانە بۆکراوی گەیاندن دەبنە حەقیقەتێکی هەڵکەوت، هەندێکی دیکەش نابنێ، هەروەك ئەمە هەستیاربێ بەگوێرەی جۆری جیاوازی هێزی کۆمەڵایەتی ئەوەی کە شیمانەی لێدەکرێ کاریگەری هەبێ لە دەرفەتی گۆڕانی تەکنەلۆژیا بۆ سیستەمێکی هۆکارەکانی راگەیاندن.

لە تێڕوانینی شێوەی بنیاتی ئەرکیدا، ئەو تەکنەلۆژیایانەی پێویستە بمێننەوە و گەشە بکەن، وەکو سیستەمی هۆکارەکانی راگەیاندن، ئەوانەن کە خزمەتی پێویستییەکانی کۆمەڵگە دەکەن بۆ جێگیری و کامڵی و بەرهەمی پێویست. دواتر ئەو تەکنەلۆژیایانە کار ئاسانی دەکەن بۆ هاوکاری نێوان پاژە جیاوازەکانی کۆمەڵگەکەمان، و ئەوەی کە یارمەتیدەرە بۆ زاڵبوون بەسەر هەڕەشەکردن لە دژی جێگیری یان هاوسەنگی (وەکو ململانێ یان لادان) ئەوە تەکنەلۆژیایەکی ئەرکییە، بۆیە پێویستە لە سیستەمی گەیاندنی جەماوەریدا دەربکەوێ.

نموونەیەکی تایبەت بە ململانێ بۆچوونێکی تەواو جیاواز پێشکەش دەکا، ئەویش ئەوەیە ئەو تەکنەلۆژیایانەی لە سیستەمی گەیاندنی جەماوەریدا دەردەکەون، ئەوانەن کە لەبەریەککەوتنی

کۆمەڵە بەهێزەکان بەرهەم دێن. بەدەربڕینێکی دیکە، ئەو ڕێگایەی، کە هاوشێوەی ئەو تەکنەلۆژیایەی پێ دەگۆڕێ بۆ سیستەمی گەیاندن، لە ڕێی کردارێکی دینامیکییەوە کێشمەکێشی لەململانێ کۆمەڵایەتییەکانەوە دەبێ، هەریەکەیان پاڵپشتە لەو سیستەمە دەکا، کە بە شێوەیەکی چاکتر خزمەتی بەرژەوەندییە ئابووری و سیاسییەکانی دەکا. ئەو کردارەش لەململانێی مێژوویی نێوان برەو پێدەرانی تۆڕی کێبڵ و تەلەفزیۆن، یان هەتا لەململانێکانی ئێستادا لە نێوان خاوەنانی سێڵی پەخشی مانگە دەستکردەکان و خاوەنی ئێزگەی تەلەفزیۆنی کێبڵدا، روون دەردەکەوێ. لە تێڕوانینی نموونەیی گەشەسەندندا، ئەو تەکنەلۆژیایانەی چاکتر خزمەتی پێویستییەکانی گونجان دەکەن لە کۆمەڵگاکەماندا لە سیستەمی هۆکارە راگەیاندنە نوێکاندا دەردەکەون. بۆ نموونە، لەوکاتەی کۆمەڵگەکەمان ئاڵۆزتر دەبێ، ئەوا بە شێوەیەکی زیادبوو و قورستر دەبێ، کە هۆکارەکانی راگەیاندنی کەسی و جەماوەری دەست بە هۆکارە تەقلیدییەکانەوە بگرن. پاشان، لەسەر هۆکارە راگەیاندنە نوێکە پێویست دەبێ پێش بکەوێ بۆ ئەوەی ئەو بۆشاییە پڕ بکاتەوە و مانەوەی بچەسپێنێ. رەنگە هۆکارە راگەیاندنە نوێکان سەرکەوتووبن، بۆ نموونە لە هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی لە گوێزانەوەی سەرەکی بۆ ئابووری خزمەتگوزاری زانیاری دروستی کردوون، یان گۆڕانکاری هاوشێوە لە سیستەمی ئابووری جیهانیدا. ئێستا پرسیار ئەمەیە: کام هۆکاری راگەیاندنی نوێ بە شێوەیەکی چاکتر ئاسانکاری لە هێزماندا کردووە بۆ گونجانمان لەگەڵ ژینگەی ناوچەیی و جیهانی گۆڕاو و کامیان کە فیلی جۆری گەیاندنی نێودەوڵەتییە. لە راستیدا، سیستەمی ئاڵوگۆڕی پێویست بۆ خۆشڕابواردن جیهانێکە تا دێ ئاڵۆزتر دەبێ...جیهانێك مانەوەی جۆرەکان تێیدا بابەتێکی گومانلێکراوە، ئەمەش بەهۆی چەکی ئەتۆمی، و کەمی کەرستە سروشتییەکان، و گەیاندنی خراپ لەناو میللەتەکاندا.

کاتێك هۆکارە راگەیاندنە نوێکان بەهێزەوە دەبنە سیستەمێك بۆ گەیاندنی رەخساو، ئەوا هۆکار راگەیاندنە کۆنەکان بەتایبەت رووبەڕووی کێشەی گونجان دەبنەوە. هەروەك لە گەشەسەندنی مێژوویی رۆژنامە و فیلم و رادیۆ و تەلەفزیۆنەکاندا بینیمان، ئەوا بەتەنیا بەوەی هۆکارێکی راگەیاندنی ((نوێ)) ببێتە هۆکارێکی راگەیاندنی ((کۆن))، ئەوا مانەوەی دەوەستێتە سەر تواناداری لە دۆزینەوەی ڕێگای نوێ بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانی ئەو جەماوەرەی دەیکرن یان ئەو حکوومەتانەی یارمەتی دەدەن.

هەروەها نموونەی کارلێکی ئاڵوگۆڕی هێمایی وامان لێدەکا بەرانبەر بابەتەکانی گۆڕانیش هەستیار بین، بەڵام بایەخی زیاتری بۆ تاکە بەگوێرەی بایەخدانی کۆمەڵگا یان جیهان بۆ خاوەنانی

تیۆرەکانی گەشەسەندن لە ئیعتیبارە گرنگەکانی کارلێکی ئاڵوگۆڕی هێمایی، ئەو چۆنیەتییەی، کە یارمەتی سیستەمی هۆکارە راگەیاندنە نوێکانی تاکی پێدەدا تا رادەیەکی زۆر لە هەوڵ بە کۆمەڵەکانیاندا بۆ خولقاندنی واتا لە جیهانی لێڵ و گۆڕاودا.

لە بەشی پێشوودا گەشەسەندنی پەیوەندی پشت پێ بەستنی تاکی ئاڵوگۆڕمان باس کرد لەگەڵ هۆکارە راگەیاندنە جەماوەرییەکاندا. بۆ کارلێکی ئاڵوگۆڕی هێماییش، ئەوا گرنگترین پەیوەندی پشت پێ بەستنێکی خووگرتوو بە هۆکارەکانی راگەیاندن بۆ ئەوەی راستییە خودیەکانمان وا لێبکەین لەگەڵ سەردەمدا بڕۆن، بەوجۆرەی، کە جیهانی گۆڕاوی دەوروبەرمان دەڕوا. بەم شێوەیە وا پێشبینی دەکرێ تاك بەهێزتر پەیوەندی پشت پێ بەستنی ئاڵوگۆڕ لەگەڵ سیستەمی هۆکارە راگەیاندنە نوێکان بنیات بنێ، کە بەباشترین کار هەڵدەستێ بۆ یارمەتیدانیان لە بەدواداچوونی ئەوەی روو دەدا، لەوەش گرنگتر- ئەوە مانای چییە؟

بەدەربڕینێکی دیکە، دانەرانی تەکنەلۆژیای نوێ ئەوانەی پلان بۆ سیستەمێکی نوێ دادەنێن بۆ گەیاندن، کە خزمەتی پشتبەستنی تاکەکان دەکا بە هۆکارەکانی راگەیاندن بۆ تێگەیشتن، ئەوا دەرفەتێکی چاکییان دەبێ بۆ سەرکەوتن.

ئیعتیبارێکی پەیوەندیداری بەهێزیش هەیە بەبابەتەکە، ئەویش تواناداری هۆکارەکانی راگەیاندنی نوێیە لەسەر هێنانە ئارای واتای هاوبەش و رۆشنبیری هێمایی هاوبەشی پێویست بۆ گەیاندنی چالاك لە نێوان میللەت و نەتەوە جۆراوجۆرەکان. ئەو راستییەی دەڵێ ئابوورییە نیشتیمانییەکان رووە و خۆبەدەستەوەدان دەچن بۆ ئابووری جیهان، مانای ئەوەیە کۆمەڵە و نەتەوە بەهێزەکان بەدوای هۆکاری پەیوەندیکردنی راگەیاندنی نوێدا دەگەڕێن: ((سیستەمی راگەیاندنی جیهانی)) نوێ. زۆرێك لە خاوەنانی تیۆرەکانی ململانێ، ئەوانەی کە ئارەزووی ئەو جۆرە گەشەسەندنانەیان دەکرد، بایەخی کارلێکی ئاڵوگۆڕی هێمایی بەرجەستە دەکەن، کاتێك کە ئاماژە بە رۆشنبیرییە رەمزییەکان یان حەقیقەتە کۆمەڵایەتییەکان دەکەن لە هەموو ئەو جیهانەی، کە دەکرێ بنیاتبنرێ و بڵاوبکرێتەوە بەو جۆرە سیستەمانەی گەیاندن، کە دەکرێ لە هێزی سەربازیش گرنگتربێ.

ئەو پەندە کۆنەی دەڵێ: ((قەڵەم لە شمشێر بەهێزترە)) وادانانێکی کلاسیکی کارلێکی ئاڵوگۆڕی هێماییە، ئەوەیە کە ئەوانەی زاڵن بەسەر هۆکارەکانی گەیاندنی راگەیاندنماندا ئەوەی کە بۆ بنیاتی راستییە خودییەکانمان پشتی پێ دەبەستین، دەتوانن بەسەر رەوشتیشماندا زاڵبن. ئەوە ماوەتەوە ئەوە ببینین، کە ئەوانەی زاڵن بەسەر هۆکارە گەیاندنە نوێکان دەتوانن ئەمە بکەن، یان بەکاری دێنن بۆ هێنانە ئارای گونجانێکی جیهانی یان زاڵبوونێکی جیهانی یان هەردووکیان بەیەکەوە.

لە كۆتایدا، نموونەی درككردن سەرنجمان رادەكێشێ بۆ كاریگەرییەكانی دامەزراوەی هۆكارە راگەیاندنە نوێكان لەسەر بیروباوەڕ و هەست و سۆز و رەوشتی تاكەكاندا. پێویستە ئەو تەكنەلۆژیایانەی كاریگەریی ((ئارەزوومەندییان هەیە)) - وەك ئەوەی تاكەكان و ئەوانەی دەسەڵاتیان بەسەرخۆیاندا هەیە رێزی دەگرن — شیمانەیان پتر بۆ ئەوەی گەشە بكەن بۆ سیستەمی گەیاندن. بۆ نموونە، لەو كۆمەڵگەیانەی، كە هۆكارەكانی راگەیاندن پشت بە رێكلام دەبەستن وەك سەرچاوەكی داهاتیان، تێیدا تەكنەلۆژیا پتر شیمانە بۆ كراو دەبێ بۆ ئەوەی بگۆڕێ بۆ سیستەمێكی هۆكارەكانی راگەیاندن، ئەگەر توانرا بەهۆی ئامادەكارییەكی گەورەی تاكەكان بەكاربهێندرێ بۆ وەدەستهێنانی ئامانجە كەسییەكان. لەو كۆمەڵگایانەی هۆكارەكانی راگەیاندن خاوەنیان هەیە و بەهۆی حكوومەتەوە بەڕێوەدەبرێن، ئەوا گرنگترین هۆكار ئەو كاریگەریانە دەبن، كە رەنگە سیستەمی هۆكارە راگەیاندنە شیمانە بۆ كراوەكان هەیانبێ لەسەر پێكهێنانی بیروباوەڕ و هەست و سۆز و رەوشتی تاك لەبەرانبەر وڵاتدا، ئەمە بە شێوەیەكی تایبەت لە سیستەمی سیاسیانەدا راستە كە زاڵبوون بەسەریدا پتەوە.

پاشان ئەوجۆرە نموونە كۆمەڵایەتیانە و رەوشتییە كلاسیكیانە، لایەنی كەم هەندێك ئامۆژگاریمان لەسەر ئەو هۆیانە پێشكەش دەكەن، كە پێویستییان بە پشكنین هەیە لە پێناو دانانی پێشبینی لەسەر هەر جۆرێكی تەكنەلۆژیای نوێ، كە لە ئایندەدا دەبێتە سیستەمی هۆكارەكانی راگەیاندن. ئەو مەودایەی، كە ئەو تەكنەلۆژیایەی تێدا بڵاودەكرێتەوە یان پێی قایل دەبن، بایەخێكی زۆر لەلایەن لێكۆڵەرانی گەیاندن دەوروژێنێ.

ئەو رووبەڕووبوونەوەیەی لە پێشماندا پێكهاتووە ئەوەیە جۆرێك لێكۆڵینەوە ئەنجام بدەین، كە لەسەر تیۆری داواكراو راوەستاوە بۆ پێشبینیكردن بەوردی لەبارەی هەر تەكنەلۆژیایەك كە دەردەكەوێ یان نا، وەكو شێوەیەكی نوێ لە هۆكارەكانی گەیاندنی جەماوەریدا، بەڵكو كێشەیەكی پتر سەرەڕۆ هەیە، ئەویش دیاریكردنی ئەوەیە كام نموونەی گشتی كاریگەری زیاتری دەبێ لە مەعریفەی ورد بۆ هۆكارە كۆمەڵایەتییەكان، كە كار لە شیمانەی گەشەسەندنی هەر تەكنەلۆژیایەك دەكا بۆ سیستەمی هۆكارە راگەیاندنە جەماوەرییەكان.

## بەشی سێزدەم

1. For a detailed description of the new technologies and their contemporary uses in American society, see Melvin L. DeFleur and Everette E. Dennis, "The Continuing Revolution in Technology," in *Understanding Mass Communication* (Boston: Houghton Mifflin, 1988), pp. 245–267.
2. For an extensive analysis of the significance of these "new" forms of communication, what these authors call *telelogic* communication forms in contrast to the dialogic form of interpersonal communication and the monologic form of traditional mass communication see S. J. Ball-Rokeach and K. K. Reardon. 1988. "Telelogic, dialogic, and monologic communication: A comparison of forms." In R. P. Hawkins, S. Pingree, and J. M. Wiemann (Eds.), *Rethinking Communication Research*. Beverly Hills, CA: Sage.
3. Mayer, R. M. 1986. The French videotex system: Success story of "Edsel" of the eighties? Unpublished paper. Family and Consumer Studies, University of Utah.

# Table of Contents

**Preface**

**PART I: THE ORIGINS OF MASS COMMUNICATION**

**Chapter 1 Stages in the Development of Human Communication**

The Beginnings

A Theory of Transitions

*The Age of Signs and Signals*

*The Age of Speech and Language*

*The Age of Writing*

*The Age of Print*

*The Age of Mass Communication*

Assessing the Nature and Influence of Mass Communication

*The Central Questions*

*Social Paradigms: The Organization of Society*

*Psychological Paradigms: The Human Individual*

Notes

**Chapter 2 The Emergence of the Mass Press**

Recurrent Patterns in Media Development

The Mass Press
*Forerunners of the Newspaper*
*Newspapers in the American Colonies*
*Newspapers for Everyone*
The Period of Rapid Diffusion
*The Evolution of Social and Mechanical Technology*
*The Peak of Newspaper Popularity*
Conflict and the Changing Newspaper
*Yellow Journalism*
*Emerging Systems of Social Control*
The Future of the Mass Press
Notes

**Chapter 3 The Development of Motion Pictures**

The Evolution of Technology
*Projection and the Camera Obscura*
*The Illusion of Continuous Motion*
*Capturing the Image of the Camera Obscura*
*Motion Pictures Become a Reality*
Social Evolution: The Movies as a Mass Medium
*The Content and Audiences of the First Films*
*The Nickelodeon Era*
*The Movies Mature*
Quantitative Patterns
Notes

**Chapter 4 The Establishment of the Broadcast Media**

The Evolution of Telecommunication
*Expanding Communication Needs*
*Scientific Progress in Understanding Electricity*
*The Telegraph*
*The Wireless Telegraph*
From Wireless Telegraph to Radiotelephone
*Transmitting the Human Voice*
*Private Ownership and the Profit Motive*
The Radio Music Box
*The Issue of Control*
*Scheduled Broadcasting Begins*
*The Problems of Interference and Finance*
*Radio Goes Commercial*
*The Golden Age of Radio*

Development of the Television Industry
*The TV Set as Status Symbol*
*Impediments to Growth*
*The Rapid Adoption of Television*
*The Arrival of Cable TV*
*The Video Cassette Recorder*
An Overview
Notes

**Chapter 5 The Mass Media as Social Systems**
The Stability of Media in American Society
The Long History of the Problem
The Basics of Functional Analysis
Structure and Function in Media Systems
*Low-Taste Content as a Repetitive Phenomenon*
*The Components and Boundaries of the System*
*The External Conditions*
Maintaining System Stability
Notes

**PART II: THE EFFECTS OF MASS COMMUNICATION**

**Chapter 6 Mass Society and the Magic Bullet Theory**
The Evolutionary Paradigm and the Concept of Mass Society
*Comte's Conception of the Collective Organism*
*Spencer's Organic Analogy*
*Tönnies' Theory of Social Bonds*
*Durkheim's Analysis of the Division of Labor*
The Emergence of the Theory of Mass Society
Mass Society and the Magic Bullet Theory
*Wartime Propaganda and Beliefs of Media Power*
*Magic Bullet Theory as a Corollary of Underlying Postulates*
Notes

**Chapter 7 Theories of Selective Influence**
The Individual Differenc s Theory
*Learning versus Inh itance as a Source of Individual Differences*
*Psychographics and Market Segmentation*

The Social Differentiation Theory
*The Significance of Social Change*
*Social Differentiation in Modern Society*
*The Rise of Empirical Research in Sociology*
*Subcultures*
*The Uses and Gratifications Perspective*
*"Demographics" as a Basis of Market Segmentation*
*The Link between Basic and Applied Research*
*Selective Influences in the Mass Communication Process*

The Social Relationships Theory
*The Two-Step Flow of Communication and Influence*
*The Adoption of Innovation*

The Contemporary Significance of the Selective Influence Theories

Notes

**Chapter 8 Socialization and Theories of Indirect Influence**

Short-Term Versus Long-Term Perspective
*The Constraints of Paradigm*
*The Constraints of Method*

The Media as Agents of Socialization
*The Nature of Socialization*
*Socialization and the Individual*
*Socialization and Society*

Modeling Theory
*Social or Observational Learning Theory*
*The Modeling Process*

Social Expectations Theory
*Social Organization Theory*
*Media Portrayals as Sources of Social Expectations*

Notes

**Chapter 9 Mass Communication and the Construction of Meaning**

The Search for Principles in an Age of Transition

The Ancient Question: How Do We Know Reality?
*Concepts: The Fou idations of Knowledge*
*Conventions: The I asis of Communication*
*Conduct: The Con. quences of Knowing Reality*
*The Lengthy Searc : for the Principles of Knowledge*

Contemporary Answers: Social Construction Theories
*Linguistics: Knowing Reality Through Language*
*Anthropology: Cultural Relativity in Constructing Meanings*
*Sociology: Symbolic Interaction and Conceptions of Reality*
*Social Psychology: Schemata as Meanings for Reality*

Mass Communications and the Influence of Mediated Reality
*The Meaning Construction Function of the Press*
*Cultivation Theory*
*The Agenda-Setting Function of the Press*
*The Speech and Language Functions of the Media*

Notes

**Chapter 10 Theoretical Strategies for Persuasion**

The Psychodynamic Strategy
*Cognitive Factors and Behavior*
*Modifying Cognitive Factors to Influence Behavior*

The Sociocultural Strategy
*Social Expectations and Behavior*
*Modifying Social Expectations to Influence Behavior*

The Meaning Construction Strategy
*Constructions of Meanings and Behavior*
*Modifying Meanings to Influence Behavior*

Notes

**PART III: THE MEDIA IN CONTEMPORARY SOCIETY**

**Chapter 11 Media System Dependency Theory**

The Roots of Media Effects Theories

Conceptualizing Media Dependency Relationships
*The Two-Way Nature of Media Dependency Relationships*
*Dependencies between Individuals and Media Systems*

Basic Paradigms and Media System Dependency Theory
*Contributions of the Cognitive Paradigm*
*Contributions of the Symbolic Interactionist Paradigm*
*Contributions of the Conflict and Structural Functional Paradigms*

Accounting for Change in Media Dependency Relations
*Contributions of the Evolutionary Paradigm*
*The Ripple Effect of Change*
Media and Society
Notes

**Chapter 12 Emerging Media Systems**
The Influence of Computers
*Personal Computers*
*Computers in the Service Economy*
*Computers and the Mass Media*
Basic Cable Television
*Satellite-Delivered Cable TV*
*Direct Broadcast Satellite Systems*
Interactive Communication Systems
*Telephone-Based Systems*
*Television-Based Interactive Media*
*Videotex*
*Transforming Interactive Technologies to Media Systems*
Notes